New Testament

Kurdish, Central Language

Kurdish, Central - Bible - New Testament

پەسنییەکان	3
مەتتەی	123
مەرقوس	171
لۆقا	202
یوخەننەن	253
کردار	293
ڕۆما	342
یەکەم قۆرنتێ	363
دووەم قۆرنتێ	384
گەڵاتیە	397
ئەپیسۆس	405
پیلیۆس	412
قولسێ	417
یەکەم تسلۆنیقێ	422
دووەم تسلۆنیقێ	427
یەکەم تیماتیئوس	430
دووەم تیماتیئوس	436
تتوس	440
فلیمۆن	444
عیبرانییەکان	445
یاقوو	460
یەکەم پەترۆس	466
دووەم پەترۆس	472
یەکەم یوخەننەن	476
دووەم یوخەننەن	482
سێیەم یوخەننەن	483
پەیامی پارسا ئیهوودا	484
بینین	486

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

Kurdish, Central - Bible - New Testament

پەسنییەکان

پەسنییەکان 1

١ بەختەوەری بۆ ئەو پیاوەی بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لە ڕێگای گوناهباران
ڕاناوەستێت و لە نیشتنگەی گاڵتەجاڕان دانانیشێت.
٢ بەڵکو بە تەوراتی پەروەردگار دڵی شادە، شەو و ڕۆژ لە تەورات ورد دەبێتەوە.
٣ وەک درەختێکە کە لەدەم جۆگەی ئاو چێندرابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و
گەڵاکانی نەسیسێن، لە هەموو کارەکانی سەرکەوتوو دەبێت.
٤ بەڵام بەدکاران وانین، بەڵکو وەک کا وان کە با پەرشوبڵاوی دەکاتەوە.
٥ بۆیە نە بەدکاران لە دادوەری دەوەستن، نە گوناهبارانیش لە کۆڕی خوداناسان.
٦ چونکە پەروەردگار ڕێگای خوداناسان دەپارێزێت، بەڵام ڕێگای بەدکاران
لەناودەچێت.

پەسنییەکان 2

١ بۆچی نەتەوەکان وروژان و گەلان بیری ناڕەوایان کردەوە؟
٢ پاشایانی زەوی هەستان و سەرۆکەکانیان پێکەوە پیلانیان دژی پەروەردگار و
مەسیحەکەی گێڕا و وتیان:
٣ "با کۆتەکانیان ببڕینەوە و زنجیرەکانیان لە خۆمان فرێ بدەین".
٤ دانیشتووی ئاسمانان پێدەکەنێت، پەروەردگار گاڵتەیان پێدەکات.
٥ ئینجا بە تووڕەیی خۆی قسەیان پێدەکات، بە قینی خۆی دەیانهەژێنێت:
٦ "بەڵام من پاشای خۆم لەسەر سیهیۆنی کێوی پارسای خۆم چەورکردووە".
٧ من فەرمانی پەروەردگارتان پێ ڕادەگەیەنم: پێی وتم: "تۆ ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ
بوومە باوکت.
٨ داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ.
٩ بە گۆچانێکی ئاسنین دەیانڕوخێنێت و وەک گۆزەیەکی گڵین دەیانشکێنیت".
١٠ جا ئەی پاشایان، ئاقڵ بن. فەرمانڕەوایانی زەوی، ڕێزدار بن.
١١ بە ترسەوە پەروەردگار بپەرستن، بە لەرزەوە دەنگ هەڵبڕن.
١٢ ڕۆڵەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان تەفروتونا بن، چونکە
تووڕەییەکەی زوو دێتە جۆش. بەختەوەری بۆ هەموو ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 3

پەسنیەکی داویدە کاتێ لە ڕووی ئەبشالۆمی کوڕی هەڵات.

١ ئەی پەروەردگار، دوژمنانم چەند زۆرن! چەند زۆرن لە دژم هەستاون.

٢ زۆر کەس لەبارەی منەوە دەڵێن: "خودا ڕزگاری ناکات". سیلاە.

٣ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگار، قەڵغانی منیت، شکۆمەندیی منیت و سەرم بەرز دەکەیتەوە.

٤ بە دەنگم هاوار بۆ پەروەردگار دەکەم، ئەویش لە کێوی پارسای خۆیەوە وەڵامم دەداتەوە. سیلاە.

٥ ڕاکشام و خەوتم، بەئاگاهاتمەوە چونکە پەروەردگار پشتوپەنامە.

٦ لە دەیان هەزاری ئەو گەلە ناترسم ئەوانەی دەوریان گرتووم.

٧ ڕاپەڕە ئەی پەروەردگار! ڕزگارم بکە خودایە! چونکە تۆ لە بناگوێی دوژمنەکانی منت دا و کەڵبەی بەدکارانت وردوخاش کرد.

٨ ڕزگاری لە پەروەردگارەوەیە، با داڕشتت لەسەر گەلەکەت بێت. سیلاە.

پەسنییەکان 4

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ژێدارەکان. پەسنیەکی داویدە

١ کاتی نزاکەم وەڵامم بدەرەوە ئەی خوداوەندی چاکخوازم. لە تەنگانەدا بە هانامەوە هاتی، میهرەبان بە لەگەڵم و گوێ لە نوێژەکەم بگرە.

٢ ئەی ئادەمیزادان، تا کەی شکۆی من بە شورەیی دەزانن؟ تا کەی حەز لە ناڕەوا دەکەن و بەدوای درۆدا دەگەڕێن؟ سیلاە.

٣ بزانن کە پەروەردگار خوداناسەکەی بۆ خۆی جیا کردۆتەوە. پەروەردگار گوێم لێ دەگرێت کاتی بانگی دەکەم.

٤ تووڕە بن بەڵام گوناە مەکەن. لەسەر نوێنەکانتان لە دڵی خۆتاندا لێکی بدەنەوە و بێدەنگ بن. سیلاە.

٥ قوربانیی بێتاوانی بکەن و پشت بە پەروەردگار ببەستن.

٦ زۆر کەس دەڵێن: "کێ چاکەمان نیشان دەدات؟". ڕووناکیی ڕووخسارت بەسەرماندا هەڵبێنە ئەی پەروەردگار.

٧ خۆشییەکت خستووەتە دڵمەوە لە خۆشیی ئەوان مەزنترە کاتێ دانەوێڵە و مەییان زۆر دەبێت.

٨ ئەی پەروەردگار، بە ئاشتی پاڵ دەدەمەوە، بەڵکو دەشخەوم، چونکە تەنها تۆ لە ئاسوودەیی نیشتەجێم دەکەیت.

پەسنییەکان 5

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە بە شمشاڵ. پەسنیەکی داویدە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ ئەی پەروەردگار، گوێ لە وشەکانم بگرە، لە هاوارم وردبەرەوە.

٢ گوێ لە دەنگی نزام بگرە، ئەی پاشا و خوداوەندەکەم، چونکە بۆ تۆ نوێژ دەکەم.

٣ ئەی پەروەردگار، بەیانیان دەنگم دەبیستیت، بەیانیان نوێژەکەم ئاڕاستەی تۆ دەکەم و چاوەڕێ دەکەم.

٤ چونکە تۆ خوداوەندێک نیت خراپەت پێ خۆش بێت، بەدکار لەگەڵت نیشتەجێ نابێت.

٥ لووتبەرزەکان لەبەر چاوت ناوەستن، ڕقت لە هەموو بەدکارێک دەبێتەوە،

٦ ئەوانەی بە درۆ دەدوێن، لەنێویان دەبەیت. پەروەردگار قێزی لە مرۆڤی خوێنڕێژ و فێڵباز دەبێتەوە.

٧ بەڵام من، بەزۆریی مێهرەبانیت، دێمە نێو ماڵەکەت، بە ترسی تۆوە لە پەرستگای پارسات کڕنۆش دەبەم.

٨ ئەی پەروەردگار، لەبەر دوژمنەکانم بۆ چاکخوازیی خۆت ڕێنماییم بکە. ڕێگای خۆت تەخت بکە لە پێشم.

٩ چونکە لەزاریاندا ڕاست نییە، ناوەڕۆکیان لەناوچوونە، قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە، زمانیان لووس کردووە.

١٠ خودایە، تاوانباریان بکە! با بکەونە نێو پیلانی خۆیانەوە، بە زۆریی گوناهەکانیان دەریان بکە، چونکە لێت یاخی بوون.

١١ هەموو ئەوانەی پشتت پێ دەبەستن دڵخۆش دەبن. تاهەتایە دەنگ هەڵدەبڕن. دەیانخەیتە ژێر سێبەری خۆتەوە. جا ئەوانەی ناوی تۆیان خۆشدەوێت بە تۆ شاد بن.

١٢ چونکە ئەی پەروەردگار، تۆ خوداناسان داڕشت دەکەیت، بە ڕەزامەندی خۆت وەک قەڵغان دەوریان دەدەیت.

پەسنییەکان 6

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە بە ژێدارەکان بە شێوەی شیمینیت. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، بە تووڕەییت سەرزەنشتم مەکە، بە ڕق هەستانت تەمێم مەکە.

٢ بەزەییت پێم بێتەوە ئەی پەروەردگار، چونکە لاوازم. چاکم بکەوە ئەی پەروەردگار، چونکە ئێسقانەکانم دەلەرزن.

٣ دەروونم زۆر پەرێشانە، تۆش ئەی پەروەردگار، تا کەی؟

٤ بگەڕێوە ئەی پەروەردگار. ژیانم ڕزگار بکە، بە میهرەبانیت ڕزگارم بکە.

٥ چونکە یادکردنەوەی تۆ لە مەرگدا نییە. لە بیری بێبن کێ ستایشت دەکات؟

٦ شەکەت بووم لە ئاخ هەڵکێشانم! هەموو شەوێک نوێنەکەم نوقومی فرمێسک دەکەم، جێگاکەم تەڕ دەکەم.

٧ چاوەکانم لە خەفەتان کز بوون، بەهۆی دوژمنەکانمەوە پیر بوون.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ ئەی هەموو بەدکاران، لێم دوور بکەونەوە، چونکە پەروەردگار گوێی لە دەنگی گریانم بووە،

٩ پەروەردگار گوێی لە پاڕانەوەم بووە، پەروەردگار نوێژم وەردەگرێت.

١٠ هەموو دوژمنەکانم زۆر شەرمەزار و پەرێشان دەبن، لەناکاو سەرشۆڕی دایان دەگرێت.

پەسنییەکان 7

پاڕانەوەیەکی داویدە، لەبەر وتەکانی کوشی بنیامینی بۆ پەروەردگار چڕییەتی.

١ ئەی پەروەردگار، خودایە، پشت بە تۆم بەست. لە هەموو ئەوانەی ڕاوم دەنێن ڕزگارم بکە و دەربازم بکە.

٢ ئەگینا وەک شێر پەلامارم دەدەن، پارچەپارچەم دەکەن و کەسیش نییە دەربازم بکات.

٣ ئەی پەروەردگار، خودایە، ئەگەر من وام کردووە، ئەگەر دەستەکانم نەڕاوەییان کردووە،

٤ ئەگەر خراپەم کرد بۆ ئەوەی بە ئاشتی لەگەڵمدا دەژیێت، یان بەبێ هۆ دوژمنەکەمم تاڵان کردووە،

٥ با دوژمن ڕاوم بنێت و پێشم لێبگرێت، با ژیانم پێشێل بکات لەسەر زەوی و شکۆمەندیم بکەوێتە نێو گڵ. سیلاە.

٦ ئەی پەروەردگار، بە تووڕەیی خۆت ڕاپەڕە. دژی قینی دوژمنەکانم ڕاستبەرەوە. ڕاسپاردەت ڕەوایە.

٧ کۆڕی گەلان لە دەوری خۆت ببەستە و لە بەرزاییەوە فەرمانڕەواییان بەسەردا بکە.

٨ پەروەردگار دادوەریی گەلان دەکات. ئەی پەروەردگار، بەپێی مافی خۆم دادگاییم بکە، بەگوێرەی تەواویی گیانم.

٩ ئەی پەروەردگاری چاکخواز، کە مێشک و دڵەکان دەپشکنی، خراپەی بەدکاران نابود بکە و خوداناسان پایەدار بکە.

١٠ خودا قەڵغانی منە، ئەوەی دڵڕاستەکان ڕزگار دەکات.

١١ خودا دادوەرێکی دادپەروەرە، هەموو ڕۆژێکیش تووڕە دەبێت.

١٢ ئەگەر کەسێک نەگەڕێتەوە، خودا شمشێرەکەی خۆی تیژ دەکات، کەوانەکەی دەچەمێنێتەوە و ژێیەکەی توند دەکات.

١٣ چەکی مەرگ ئاڕاستەی دەکات. تیرەکانی گڕدار دەکات.

١٤ ئەوەتا بەدکار بە خراپەوە ژانی گرتووە. بە ماندووبوون سکی پڕ بووە و درۆی دەبێت.

١٥ چاڵێک هەڵدەکەنێت و قووڵی دەکات، بەڵام خۆی دەکەوێتە ئەو چاڵەی کە دروستی کردووە.

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ ماندووبوونەکەی بەسەر سەری خۆیدا دەگەڕێتەوە و تاریکییەکەشی بە باڵای خۆیدا دەبارێت.

١٧ سوپاسی پەروەردگار دەکەم بۆ چاکخوازیەکەی، پەسنی بۆ ناوی پەروەردگاری هەرەبەرز دەڵێم.

پەسنییەکان 8

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە لەسەر گتیت. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لە سەراپای زەویدا چەند شکۆدارە! تۆ شکۆمەندیی خۆت خستۆتە سەرووی ئاسمانان.

٢ لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە ستایشت داڕشتووە بەهۆی ناحەزەکانتەوە، بۆ دەمکوتکردنی دوژمنە تۆڵەسێنەرەکان.

٣ کاتێ تەماشای ئاسمانەکانت دەکەم، کە پەنجەکانی تۆ دروستی کردوون، مانگ و ئەستێرەکان، کە دروستت کردوون،

٤ مرۆڤ کێیە تاکو لە بیرت بێت؟ یان ئادەمیزاد تاکو بایەخی پێ بدەیت؟

٥ کەمێک لە فریشتەکان کەمتری دابنێیت، تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری.

٦ دەسەڵاتت داوەتێ بەسەر هەموو دەستکردی خۆتدا، هەموو شتێکت خستووەتە ژێر پێی:

٧ هەموو مانگا و مەڕەکان، هەروەها ئاژەڵانی کێویش،

٨ باڵندەی ئاسمان و ماسیی دەریا و هەرچی لە ڕێگای دەریا دەڕوات.

٩ ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لەسەراپای زەویدا چەند شکۆدارە!

پەسنییەکان 9

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی "مەرگی ڕۆڵەکە". پەسنیەکی داویدە.

١ بە هەموو دڵەوە سوپاسی پەروەردگار دەکەم. باسی هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەم.

٢ بە تۆوە شاد و دڵخۆش دەبم. پەسنی بۆ ناوت دەڵێم ئەی هەرەبەرز.

٣ کاتێ دوژمنەکانم بەرەو پاش هەڵدێن، لە بەر ڕووی تۆ دا دەکەون و لەناودەچن،

٤ چونکە تۆ دادپەروەرانە دادوەریت بۆ کردووم، تۆ لەسەر تەختی خۆت دانیشتووی، دادوەرێکی دادپەروەریت.

٥ نەتەوەکانت سەرزەنشت کردووە. بەدکارانت لەناوبردووە. تاهەتایە و تا جاویدانی ناویانت سڕیوەتەوە.

٦ دوژمنان تاهەتایە ڕووخان. شارانت وێران کرد. خودی یادیشیان لەناودەچێت.

٧ بەڵام پەروەردگار تاهەتایە دادەنیشێت. تەختی خۆی بۆ دادوەری جێگیر کردووە،

٨ بە دادپەروەری دادوەریی جیهان دەکات. بە ڕەوا فەرمانڕەوایی گەلان دەکات.

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ پەروەردگار پەناگای ستەملێکراوە. پەناگایە لە کاتی تەنگانە.

١٠ ئەوانەی ناوی تۆ دەناسن پشتت پێدەبەستن، چونکە ئەی پەروەردگار، واز لەوانەت نەهێنا کە دوای تۆ دەگەڕێن.

١١ پەسنی بڵێن بۆ پەروەردگار کە لە سیهیۆن نیشتەجێیە، لەنێو گەلان کردەوەکانی ڕابگەێنن.

١٢ چونکە ئەوەی تۆڵەی خوێن دەکاتەوە یاد دەبێتەوە، هاواری هەژاران لەبیرناکات.

١٣ ئەی پەروەردگار بەزەییت پێم بێتەوە. ببینە چ ئازارێک بەدەست دوژمنەکانمەوە دەکێشم! لە دەروازەکانی مەرگ بەرزم بکەوە،

١٤ تاکو هەموو ستایشت ڕابگەیێنم لەبەر دەروازەکانی کچی سیهیۆن، بە ڕزگاری تۆوە شادمان بم.

١٥ نەتەوەکان کەوتوونەتە ئەو چاڵەی کە خۆیان هەڵیانکەندبوو، پێیان بەو تۆڕەوە بووە کە نابوویانەوە.

١٦ پەروەردگار بە دادپەروەری ناسراوە، بەدکارەکان تووشی کردەوەی دەستی خۆیان دەبن. هیگایۆن. سیلاە.

١٧ بەدکارەکان بەرەو دۆڵی بێبن دەڕۆن، هەموو ئەو نەتەوانەی کە خودا لەبیردەکەن.

١٨ بەڵام نەداران تا سەر لەبیر ناکرێن، ئومێدی هەژاران تاهەتایە لەناو ناچێت.

١٩ ڕاپەڕە ئەی پەروەردگار، مەهێڵە مرۆڤ سەربکەوێت. با نەتەوەکان لە پێش تۆ دادگایی بکرێن.

٢٠ ئەی پەروەردگار ترس بخەرە دڵیانەوە، تاکو نەتەوەکان بزانن کە تەنها مرۆڤن. سیلاە.

پەسنییەکان 10

١ ئەی پەروەردگار، بۆچی لە دوورەوە وەستاویت؟ بۆچی لە کاتی تەنگانە خۆت دەشاریتەوە؟

٢ بەدکاران لە لووتبەرزییان ڕاوی هەژار دەکەن. گرفتاری ئەو پیلانەیان دەکەن کە بۆیان دادەنێن.

٣ چونکە بەدکار شانازی بە هەوەسەکانی دڵییەوە دەکات، مرۆڤی چاوبرسی کفر دەکات و سووکایەتی بە پەروەردگار دەکات.

٤ بەدکار لە لووتبەرزی خۆی دەڵێ: "خودا سزام نادات". هەموو بیر کردنەوەی ئەوەیە کە: "خودا نییە".

٥ هەمیشە ڕێگاکانی سەرکەوتووە. لە حوکمەکانی خودا ناگات. دوژمنەکانی خۆی بە هیچ دەزانێت.

٦ لە دڵی خۆیدا وتی: "ناهەژێم. سەردەم بە سەردەم بێ گرفتم".

٧ دەمی پڕە لە نەفرەت و فێڵ و ستەم. بەڵا و گوناه لەبن زمانیەتی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ لە نزیکی گوندەکان بۆسە دادەنێت، لە شاراوەدا بێتاوان دەکوژێت.

٩ وەک شێر خۆی مات دەکات، خۆی مات دەکا بۆ ڕفاندنی بەستەزمان. بە ڕاکێشانی بۆ نێو داوەکانی بەستەزمان دەڕفێنێت.

١٠ بەستەزمانەکان وردوخاش دەکات، دەڕوخێن، دەکەونە ژێر هێزی ئەوەوە.

١١ لە دڵی خۆیدا وتی: "خودا ئاگای لێ نییە. چاوی خۆی نوقاندوە و هەرگیز نامبینێت".

١٢ ڕاپەڕە ئەی پەروەردگار! خودایە دەستت بەرز بکەوە، بەستەزمانەکان لەبیر مەکە.

١٣ چۆن دەبێت مرۆڤی بەدکار سووکایەتی بە خودا بکات؟ بۆچی لە دڵی خۆیدا بڵێت: "خودا سزام نادات؟"

١٤ بەڵام تۆ خودایە، ئازار و تەنگانە دەبینیت و لێت دیارە و کاردانەوەت هەیە. بەستەزمانەکان خۆیان داوەتە دەستی تۆ. تۆش یارمەتیدەری هەتیویت.

١٥ بازووی بەدکار و خراپەکار بشکێنە. تەنانەت لەسەر خراپە شاراوەکانیش لێی بپێچەوە.

١٦ پەروەردگار پاشایە تاهەتایە. نەتەوەکان لە زەویەکەی لەناوچوون.

١٧ ئەی پەروەردگار. تۆ گوێ لە ئاهی دڵنەرمەکان دەگریت. دڵیان جێگیر دەکەیت و گوێ لێیان دەگریت.

١٨ بۆ مافی هەتیو و زۆرلێکراو، تاکو مرۆڤ کە لەسەر زەوییە لەمەولا نەیانترسێنێت.

پەسنییەکان 11

هی پێشەواوی گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ پشت بە پەروەردگار دەبەستم، ئیتر چۆن پێم دەڵێن: "وەک چۆلەکە بفڕن بۆ چیاکانتان؟

٢ چونکە ئا ئەوەتا بەدکاران کەوان ڕادەکێشن و تیر دەخەنە بەر کەوان، تا لە تاریکییەوە دڵڕاستان بپێکن.

٣ کاتێ بنچینەکان بڕوخێن، خوداناس چی پێدەکرێت؟"

٤ پەروەردگار لە پەرستگای پارسای خۆیەتی. تەختی پەروەردگار لە ئاسمانە. چاوەکانی تەماشا دەکەن و پێڵوەکانی ئادەمیزادان تاقیدەکەنەوە.

٥ پەروەردگار خوداناس تاقیدەکاتەوە، بەڵام ڕقی دێتەوە لە بەدکار و ئەوەی حەزی لە ستەمکاریە.

٦ بۆسە و ئاگر و گۆگرد بەسەر بەدکارەکاندا دەبارێنێت، گڕەی بای سووتێنەر بەشیانە.

٧ چونکە پەروەردگار دادپەروەرە و حەزی لە دادپەروەرییە، مرۆڤی سەرڕاست ڕووی دەبینێت.

پەسنییەکان 12

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

هی پێشەوای گۆرانییێژانە بە شیمینیت. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار ڕزگارمان بکە، چونکە مرۆڤی خوداناس نەماوە، چونکە لەنێو ئادەمیزادا سەرڕاست نەماوە.

٢ هەموو درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، بە لێوی ڕیایی و دوو دڵی قسە دەکەن.

٣ پەروەردگار هەموو لێوە ڕیاییکەرەکان دەبڕێت، هەموو ئەو زمانانەی بە فیزەوە دەدوێن.

٤ ئەوانەی دەڵێن: "بە زمانی خۆمان زاڵ دەبین، لێوی خۆمان لەگەڵ خۆمانە، کێ هەیە ببێت بە گەورەمان؟".

٥ پەروەردگار دەفەرمووێت: "لەبەر زۆرلێکرانی هەژاران و ناڵەی کڵۆڵان، ئێستا ڕادەپەڕم، ئەو ئاسوودەییەیان دەدەمێ لەوانەی پەستیان دەکەن".

٦ فەرموودەکانی پەروەردگار بێگەردن، وەک ئەو زیوەیە لە بۆتەی گڵین پاڵێوراو بێت، حەوت جار پاڵێوراوە.

٧ تۆ ئەی پەروەردگار دەیانپارێزیت. تاهەتایە لەم جۆرە مرۆڤانە پاسیان دەکەیت.

٨ بەدکارەکان بە هەموو لایەکدا بە ئازادی دەگەڕێن، کاتێ خەڵکی بە شان و باڵی خراپەدا هەڵدەدەن.

پەسنییەکان 13

هێ پێشەوای گۆرانییێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار تاکەی بە تەواوی لەبیرم دەکەیت؟ تا کەی ڕووی خۆتم لێ دەشاریتەوە؟

٢ تا کەی ڕۆژانە دەروونم پڕ خەم بێت و خەفەت لەنێو دڵم کۆبکەمەوە؟ تا کەی دوژمنم بەسەرمدا زاڵ بێت؟

٣ ئەی پەروەردگار خودایە، سەیرم بکە و بە دەنگمەوە وەرە. چاوم ڕۆشن بکەوە نەوەک خەوی مەرگم لێبکەوێت.

٤ نەوەک دوژمنم بڵێت: "بەسەریدا زاڵ بووم". نەوەک ناحەزەکانم بە پەرێشانی من شادمان بن.

٥ بەڵام من پشتم بە میهربانیەکەت بەستووە، دڵم بە ڕزگاری تۆوە خۆشە.

٦ سرووود بۆ پەروەردگار دەڵێم، چونکە چاکەی لەگەڵ کردووم.

پەسنییەکان 14

هی پێشەوای گۆرانییێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ نەزان لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خودا نییە" ئەوانە گەندەڵن و کردەوەکانیان گڵاوە، کەس نییە چاکە بکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ پەروەردگار لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزادان دەکات، تا بزانێت: ئایا کەس هەیە
تێگەیشتوو بێت و بەدوای خودا بگەڕێت؟
٣ هەموو پێکەوە ڕوویان وەرگێڕا، هەموو گەندەڵ بوون. کەس نییە چاکە بکات،
تەنانەت یەکێکیش نییە.
٤ ئایا گوناهباران نازانن، ئەوانەی وەک نان گەلەکەی من دەخۆن و لە پەروەردگار
ناپاڕانەوە؟
٥ لەوێ ترسێکی گەورەیان لێ نیشت، چونکە خودا لەنێو کۆڕی خوداناسان ئامادەیە.
٦ سووکایەتی بە بۆچوونی هەژار دەکەن، چونکە پەروەردگار پەناگای ئەوە.
٧ با ڕزگاریی ئیسرائیل لە سیهیۆنەوە دەربکەوێت. کاتێ پەروەردگار گەلەکەی خۆی
لە ڕاپێچکراوی دەگێڕێتەوە، یاقوو شاد و ئیسرائیل دڵخۆش دەبێت.

پەسنییەکان 15

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، کێ لە پارساگای تۆ نیشتەجێ دەبێت؟ کێ لەسەر کێوی پارسای تۆ
دەژیێت؟
٢ ئەو کەسەی ڕێگای تەواو دەگرێت و ڕەوا بە ئەنجام دەگەیەنێت، لە دڵەوە بە
ڕاستگۆیی قسە دەکات و
٣ بە زمانی بوختان ناکات، کە خراپە لەگەڵ هاوڕێیەکەی ناکات و نزیکەکەی
شەرمەزار ناکات،
٤ کە بە سووکییەوە دەڕوانێتە خراپەکاران و ڕێز لەوانە دەنێت کە ترسی
پەروەردگاریان لە دڵدایە. سوێندی خۆی بەجێ دەهێنێت، ئەگەر ببێتە مایەی زیانیش
بۆی.
٥ زیوەکەی بە سوود نادات و بەرتیل لە بێتاوان وەرناگرێ. ئەوەی ئەمانە بکات،
تاهەتایە جێلەق نابێت.

پەسنییەکان 16

پاڕانەوەیەکی داویدە.

١ خودایە بمپارێزە چونکە من پشتم بە تۆ بەستوە.
٢ بە پەروەردگارم وت: "تۆ گەورەی منی. بێجگە لە تۆ هیچ شتێکی چاکم نییە".
٣ هەموو خۆشییەکم بە پارساکراوانی سەر زەوی و بە شکۆدارەکانە.
٤ ئەوانەی دوای خودای دیکە بکەون، دەردیان زۆر دەبێت. خوێنی قوربانییان بۆ
ناڕێژم و ناویشیان لەسەر لێوم نابێت.
٥ ئەی پەروەردگار تۆ بەشە میرات و کاسەی منی، میراتم بە دەستی تۆیە.
٦ گوریس کەوتە سەر چاکترین زەوی بۆ بەشی من، میراتێکی دڵخۆشکەرم هەیە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ ستایشی پەروەردگار دەکەم کە ئامۆژگاریی کردم، تەنانەت بە شەویش دڵم ئاگادارم دەکاتەوە.

٨ هەمیشە پەروەردگارم لەبەرچاو داناوە، چونکە لەلای ڕاستمەوەیە، ناهەژێم.

٩ بۆیە دڵشادم و گیانم لە شادمانە. جەستەشم بە ئاسوودەیی ئۆقرە دەگرێت.

١٠ چونکە تۆ گیانم لە دۆڵی بێبن دا بەجێ ناهێڵیت. ڕێ نادەیت پارساکەت بۆگەنی ببینێت.

١١ ڕێگای ژیانت پێ ناساندم، تێربوون لە شادی لە بەردەمتدایە. شادیی جاویدانی لەلای ڕاستی تۆ دایە.

پەسنییەکان 17

نوێژێکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، ڕەوا ببیستە. گوێ لە هاوارم بگرە. گوێ شل بکە بۆ نوێژەکەم، کە لە لێوی بێ فێڵ دێتە دەرەوە.

٢ دادوەریی من لەبەردەمی تۆوە دێت، چاوەکانت ڕاستوڕێکی دەبینێت.

٣ دڵت پشکاندم و بە شەو تاقیت کردەوە، لێم ورد بوویتەوە. خراپەم تیادا نابینیت. دەمم سنوور نابەزێنێت.

٤ دەرهەق کاری خەڵک بە وشەی سەر لێوی تۆ، خۆم لە ڕێگای توندوتیژی پاراستووە.

٥ هەنگاوم بە ڕێڕەوی تۆوە جێگیر بوو، پێم نەخلیسکاوە.

٦ خودایە، لێت دەپاڕێمەوە چونکە تۆ بە دەنگمەوە دێیت. گوێم بۆ شل بکە و گوێ لە وتەکەم بگرە.

٧ میهەربانیەکانت دەربخە، ئەی ئەوەی بە دەستە ڕاستت ئەوانە ڕزگار دەکەیت کە لە دوژمنەکانیان پەنات بۆ دەهێنن.

٨ وەک گلێنەی چاو بمپارێزە. لە ژێر سێبەری باڵەکانت بمشارەوە،

٩ لەو بەدکارانەی هێرشم دەکەنە سەر، لەو دوژمنە بکوژانەی دەوریان داوم.

١٠ دڵە بەردینەکانیان داخستووە. بە دەمیش بە لووتبەرزی دەدوێن.

١١ شوێن پێمان دەکەون، وا دەوریان داوین، چاویان لەوەیە بە زەویمان دا بدەن.

١٢ وەک شێرێکن کە برسیی پەلاماردانە، وەک بەچکە شێرێک خۆی لە بۆسە نابێت.

١٣ ڕاپەڕە ئەی پەروەردگار. لەڕوویان ڕاوەستە، بیانکەوێنە. بە شمشێرەکەت گیانم لە بەدکار دەرباز بکە،

١٤ ئەی پەروەردگار بە دەستی خۆت لەم مرۆڤانە ڕزگارم بکە، لە خەڵکی ئەم جیهانە کە بەشیان لەم ژیانەیە. ورگیانت پڕ کردووە لەو شتەی هەڵتگرتووە بۆیان، کوڕەکانیان تێر دەخۆن، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ منداڵەکانیان جێی دەهێڵن.

١٥ بەڵام من بە بێتاوانی ڕووی تۆ دەبینم. کە بەئاگادێم تێر دەبم لە بینینی شێوەت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 18

هی پێشەوای گۆرانییێژانە. داویدی بەندەی پەروەردگار. ئەم سرووەی بۆ پەروەردگار وت لەو ڕۆژەی کە پەروەردگار لە دەستی هەموو دوژمنەکانی و لە دەستی شاول ڕزگاری کرد. وتی:

١ خۆشمدەوێی پەروەردگار، ئەی هێزی من.

٢ پەروەردگار تاشەبەردی منە، قەڵامە و دەربازگەرمە. خوداوەندم تاشەبەردی منە کە پەنای بۆ دەبەم. قەڵغانمە، قۆچی ڕزگاریمە، پەناگامە.

٣ لە پەروەردگاری ستایشکراو دەپاڕێمەوە، لە دوژمنەکانم ڕزگارم دەکات.

٤ پەتەکانی مەرگ شەتەکیان داوم، لێشاوەکانی لەناوچوون زەندەقیان بردم.

٥ پەتەکانی دۆڵی بێبن بە دەورمدا تەنیوە. بۆسەکانی مەرگ پێمەوە لکاون.

٦ لە تەنگانەمدا لە پەروەردگار پاڕامەوە، هاوارم بۆ خوداوەندم کرد، لە پەرستگاکەی گوێی لەدەنگم بوو، هاوارم گەیشتە بەر گوێی.

٧ ئینجا زەوی لەرزی و هەژا، بناغەی چیاکانیش ڕاژەنین و لەرزین چونکە تووڕە بوو.

٨ دووکەڵ لە لووتی بەرزبووەوە، ئاگر لە دەمی هەستا. پشکۆی داگیرساوی لێوە دەرچوو.

٩ ئاسمانانی لێککردەوە و دابەزییە خوارەوە، تەم لەژێر پێی بوون.

١٠ سواری کەروب بوو و فڕی، بەسەر باڵی بادا بەرز بووەوە.

١١ تاریکی کردە پەردە لە دەوری خۆیدا، تەمی پڕ ئاو و تاریکی هەوری کردە بە چەتری خۆی.

١٢ لە تیشکی بەردەمی هەورەکان شەقبوون. تەرزە و پشکۆی ئاگر.

١٣ پەروەردگار لە ئاسماناندا گرمەی هات، هەرەبەرز دەنگی هات، تەرزە و پشکۆی ئاگر.

١٤ تیرەکانی هاویشت و بڵاوەی پێ کردن، بە بروسکەی زۆر پەرێشانی کردن.

١٥ بنی دەریاکان دەرکەوتن، بناغەکانی زەوی دەرکەوتن، لە سەرزەنشتی تۆ ئەی پەروەردگار، لە هەناسەی لووتی تۆ.

١٦ لە بەرزاییەوە دەستی درێژ کرد و منی گرت، لەنێو ئاوە قووڵەکان دەری کردم.

١٧ لە دوژمنە بەهێزەکەم دەربازی کردم، لە ناحەزەکانم کە زۆر لە من بەهێزترن.

١٨ لە ڕۆژی لێقەومانم هاتنە سەرم، بەڵام پەروەردگار پشت و پەنام بوو.

١٩ هێنامیە جێگایەکی بەرین، ڕزگاری کردم، چونکە دڵخۆشە پێم.

٢٠ پەروەردگار بەگوێرەی بێتاوانیم پاداشتی دامەوە، بەگوێرەی پاکی دەستم پێی دامەوە.

٢١ چونکە ڕێگاکانی پەروەردگارم پاراست، لە خوداوەندی خۆم یاخی نەبووم.

٢٢ هەموو حوکمەکانی لە بەردەمم بووە، سەرپێچی فەرزەکانیم نەکردووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ لەگەڵیدا تەواو بووم و خۆم لە خراپە پاراستووە.

٢٤ پەروەردگار بەگوێرەی بێتاوانیم، بەگوێرەی دەست پاکیم لە بەردەمیدا پاداشتی داومەتەوە.

٢٥ لەگەڵ بەزەییدار بەبەزەییت. لەگەڵ پیاوی تەواو تەواویت،

٢٦ لەگەڵ بێگەرد بێگەردیت، لەگەڵ چەوەتەکانیشدا پێچاوپێچی دەبیت.

٢٧ چونکە تۆ گەلی بەدبەخت ڕزگار دەکەیت، لووتی لووتبەرزانیش دەشکێنیت.

٢٨ چونکە تۆ ئەی پەروەردگار چراکەم دادەگیرسێنیت، خودام تاریکیم بۆ ڕووناکی دەکەیتەوە.

٢٩ چونکە بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێک تێکبشکێنم، لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شوورەکاندا سەربکەوم.

٣٠ ڕێگای خودا تەواوە. فەرموودەی پەروەردگار خاوێنە. ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.

٣١ چونکە لە پەروەردگار زیاتر کێ خوداوەندە؟ لە خودا زیاتر کێ تاشەبەردەکەیە؟

٣٢ خوداوەندە، کە کەمەرمی بە هێز بەستووە، ڕێگای من تەواو دەکات.

٣٣ پێیەکانم وەک پێی ئاسک لێدەکات، لەسەر بەرزاییەکانم ڕامدەگرێت.

٣٤ دەستەکانم فێری جەنگ دەکات، تا بتوانم بە بازووم کەوانی مس بچەمێنمەوە.

٣٥ قەڵغانی ڕزگاری خۆت پێ بەخشیوم، بە دەستی ڕاستت پشتم دەگریت، بە نیانیی خۆت گەورەم دەکەیت.

٣٦ جێی هەنگاوەکانم بەرین دەکەیت، تا پاژنەم نەخلیسکێت.

٣٧ دوژمنەکانم ڕاونا و پێشم لێ گرتن، تا لەناوم نەبردن نەگەڕامەوە.

٣٨ وردوخاشیان دەکەم کە نەتوانن هەستنەوە، لە ژێر پێم دەکەون.

٣٩ کەمەرم بە هێز دەبەستیت بۆ جەنگ، وا لە دوژمنەکانم دەکەی لەبەر پێم بکەون.

٤٠ دوژمنەکانم پشتم تێدەکەن، ناحەزانم لەناودەبەم.

٤١ هاواریان کرد، بەڵام کەس بە هاواریانەوە نەچوو. هاواری پەروەردگاریان کرد بەڵام بە دەنگیانەوە نەچوو.

٤٢ وەک تۆزی بەر با وردیان دەکەم. وەک قوڕی سەر ڕێگا فڕێیان دەدەم.

٤٣ لە هێرشی گەل ڕزگارت کردم، منت کرد بە سەرۆکی نەتەوەکان، گەلێک کە نەمدەناسین ڕاژەم دەکەن.

٤٤ هەر کە دەنگم دەبیستن یەکسەر گوێڕایەڵم دەبن. بێگانەکان لێم دەپاڕێنەوە.

٤٥ بێگانەکان ورەیان بەردا و بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان هاتنە دەرەوە.

٤٦ پەروەردگار زیندووە، تاشەبەردەکەم پیرۆزە، خودای ڕزگاریدەرم بەرزە،

٤٧ خوداوەندێک کە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە، گەلانی ملکەچی من کرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٨ لە دوژمنەکانم دەربازی کردم. بەرزی کردمەوە بەسەر ناحەزانم. لە دەست پیاوی ستەمکار دەربازت کردم.

٤٩ بۆیە ئەی پەروەردگار لەنێو نەتەوەکان سوپاست دەکەم، پەسنی بۆ ناوت دەڵێم.

٥٠ سەرکەوتنێکی گەورە بە پاشای خۆی دەبەخشێت، میهرەبانی بۆ مەسیحەکەی دروست دەکات، بۆ داوید و نەوەکانی تاهەتایە.

پەسنییەکان 19

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئاسمانان باسی شکۆی خودا دەکەن، گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت.

٢ ڕۆژ بە ڕۆژ فەرموودە پەخش دەکەن، شەو بە شەو زانین دەردەخەن.

٣ هیچ وتە و قسەیەکیان نییە، دەنگیان نابیسترێت.

٤ بەڵام پەیامیان دەگاتە هەموو زەوی، وشەکانیان دەگاتە ئەوپەڕی جیهان. لە ئاسماندا چادری بۆ خۆر هەڵداوە،

٥ کە وەک زاوایە لەنێو پەردەکەی بێتە دەرەوە. وەک پاڵەوانێک کە شادە بە پێشبڕکێ لە گۆڕەپان.

٦ لەو سەری ئاسمانانەوە هەڵدێت و دەسووڕێتەوە تا ئەو سەری، هیچ شتێ لەبەر گەرماییەکەی ناشاردرێتەوە.

٧ فێرکردنی پەروەردگار تەواوە، دەروون دەبووژێنێتەوە. گەواهییەکانی پەروەردگار ڕاستن، نەزان دەکەن بە دانا.

٨ ڕاسپاردەکانی پەروەردگار دروستن، دڵ خۆش دەکەن. فەرمانی پەروەردگار بێگەردە، چاو ڕۆشن دەکاتەوە.

٩ ترسی پەروەردگار خاوێنە، تاهەتایە جێگیرە. حوکمەکانی پەروەردگار ڕەوان، هەمووی دادپەروەرانەن.

١٠ لە زێڕ دڵگیرترن، لە زێڕی سافی زۆر، لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین.

١١ بەندەکەت بەوانە ئاگادارکراوتەوە، پەیڕەوکردنیان پاداشتی مەزنە.

١٢ کێ هەست بە هەڵەکانی خۆی دەکات؟ گوناهە شاراوەکانم ببەخشە.

١٣ بەندەکەت لە یاخیبووان بپارێزە، وامەکە بەسەرمدا زاڵ بن. ئەوسا بێ گلەیی دەبم، لە گوناهێکی مەزن بێبەری دەبم.

١٤ با قسەی زارم و بیرکردنەوەی دڵم جێی ڕەزامەندی تۆ بێت، ئەی پەروەردگار، تاشەبەردی من و ڕزگاریدەرم.

پەسنییەکان 20

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ با پەروەردگار لە ڕۆژی تەنگانەدا بە دەنگتەوە بێت. با ناوی خودای یاقوو بەرزت بکاتەوە.

٢ با لە پارساگاکەیەوە یارمەتیت بۆ بنێرێت، لە سیهیۆنەوە پشتگیریت بکات.

٣ با هەموو قوربانییەکانی تۆی لەبیربێت و هەموو قوربانیی سووتاندنەکانی تۆ پەسەند بکات. سیلاه.

٤ با بەگوێرەی دڵت پێت ببەخشێت و هەموو مەبەستەکانت بە ئەنجام بگەیەنێت.

٥ پەسنی دەڵێین بۆ ڕزگاربوونت و بە ناوی خوداوەندمانەوە ئاڵامان بەرز دەکەینەوە. با پەروەردگار هەموو داواکارییەکانت بەجێ بهێنێت.

٦ ئێستا زانیم کە پەروەردگار مەسیحەکەی ڕزگار دەکات، لە ئاسمانی پارسای خۆیەوە بە دەنگییەوە دێت، بە توانای ڕزگاریی دەستە ڕاستی.

٧ ئەمانە بە گالیسکە و ئەوانە بە ئەسپ، بەڵام ئێمە شانازی بە ناوی پەروەردگاری خوداوەندمانەوە دەکەین.

٨ ئەوان چەمانەوە و کەوتن، بەڵام ئێمە هەستاین و ڕاست بووینەوە.

٩ ئەی پەروەردگار پاشا ڕزگار بکە! لە ڕۆژی نزامان بەدەنگمانەوە وەرە!

پەسنییەکان 21

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، پاشا بە هێزی تۆ دڵشاد دەبێت. چۆن بەو ڕزگارییەی پێت بەخشیوە دڵخۆش نابێت!

٢ ئارەزووی دڵیت پێ بەخشیوە و لە داواکارییەکانی زمانی ڕانەگرتووە. سیلاه.

٣ بە داڕشتێکی زۆرەوە پێشوازیت لێکرد و تاجێکی زێڕی سافت لەسەر سەری دانا.

٤ داوای ژیانی لێکردیت، پێت بەخشی، ڕۆژگاری درێژی تاهەتایە و جاویدانیە.

٥ بەو ڕزگارییە کە پێت داوە، شکۆمەندییەکەی مەزنە، شکۆمەندی و پایەبەرزیت بەسەردا خستووە.

٦ چونکە داڕشتێکی بێ کۆتاییت داوەتێ. بە خۆشی دیداری خۆت شادمانی دەکەیت.

٧ چونکە پاشا پشت بە پەروەردگار دەبەستێت، بە بەخششی خودای هەرەبەرز ناهەژێت.

٨ دەستت بەسەر هەموو دوژمنەکانتدا دەڕوات. دەستی ڕاستت بەسەر ناحەزانت.

٩ کە دەردەکەویت وەک تەنوورێکی بڵێسە داریان لێدەکەیت. لە تووڕەییدا پەروەردگار قووتیان دەدات و ئاگریش دەیانخوات.

١٠ ڕەچەڵەکیان لەسەر زەوی و نەوەیان لەنێو ئادەمیزادان دەبڕێتەوە.

١١ هەرچەندە پیلانیان دژت دانا و بیریان لە فێڵ کردەوە، سەرناکەون.

١٢ چونکە تۆ وایان لێدەکەیت هەڵبێن، کاتێ تیروکەوان بەرەو ڕوویان دەکەیت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ بە هێزی خۆت پایەبەرز بە ئەی پەروەردگار. پەسنی و ئاواز بۆ توانای تۆ دەڵێین.

پەسنییەکان 22

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بەگوێرەی ئاسکی بەرەبەیان. پەسنیەکی داویدە.

١ خودایە، خودایە، بۆ بەجێت هێشتم، بۆ وا دووری لە ڕزگارکردنم، لە قسەکانی ئاهم؟

٢ خودایە، بە ڕۆژ دەپاڕێمەوە، وەڵامم نادەیتەوە، بە شەویش دەپاڕێمەوە و ئۆقرەم ناگرێت.

٣ تۆش پارسایت، لەنێوان ستایشی ئیسرائیل دانیشتوویت.

٤ باوباپیرانمان پشتیان بە تۆ بەست. پشتیان بە تۆ بەست و تۆش دەربازت کردن.

٥ هاواریان بۆ تۆ کرد و دەرباز بوون. پشتیان بە تۆ بەست و شەرمەزار نەبوون.

٦ بەڵام من کرمێکم نەک مرۆڤ. مایەی ڕیسوای ئادەمیزادان و سووکایەتی خەڵک.

٧ هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێدەکەن. توانجم لێدەگرن و سەر بادەدەن و دەڵێن:

٨ "پشتی بە پەروەردگار بەست، دەبا دەربازی بکات. با ئازادی بکات، ئەگەر دڵخۆشە پێی؟"

٩ چونکە تۆ لەنێو سکی دایکم دەرت هێنام. کاتێ لەبەر مەمکی دایکم بووم، دڵنیات کردم.

١٠ لە کاتی لەدایکبوونمەوە بە تۆ سپێردراوم، لە سکی دایکمەوە تۆ خوداوەندی منی.

١١ لێم دوورمەکەوە، چونکە تەنگانە نزیک بووەتەوە و یارمەتیدەر نییە.

١٢ گای زۆر دەوریان داوم. بەهێزەکانی باشان ئابڵوقەیان داوم.

١٣ وەک شێری درندەی نەرەنەرکەر، دانیان لێ تیژکردووم.

١٤ وەک ئاو ڕژام. هەموو ئێسقانەکانم لێک جیابوونەتەوە. دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕاستی ڕێخۆڵەمدا توواوەتەوە.

١٥ هێزم وەک پارچە گۆزە وشک بووە، زمانم بە مەڵاشوومەوە لکاوە، شۆڕت کردمەوە نێو زەویی مەرگ.

١٦ چونکە سەگ دەوریان داوم. کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم. دەست و پێیان کون کردم.

١٧ هەموو ئێسقانەکانم ژمێردرا، ئەوانیش تەماشام دەکەن تێمدەڕوانن.

١٨ جلوبەرگەکەم لەنێو خۆیان دابەش دەکەن، تیروپشک لەسەر کراسەکەم دەکەن.

١٩ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگار، دوور مەکەوە. ئەی هێزی من، زوو بگە فریام.

٢٠ گیانم لە شمشێر دەرباز بکە. تاقە ژیانم لە چنگی سەگ.

٢١ لە دەمی شێر ڕزگارم بکە، لە قۆچی گای کێوی، دەربازم بکە.

٢٢ ناوی تۆ بە براکانم ڕادەگەیەنم. لەنێو کۆمەڵدا ستایشت دەکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ ئەی لەخواترسان ستایشی بکەن! ئەی هەموو نەوەکانی یاقوو شکۆدرای بکەن، ئەی هەموو نەوەکانی ئیسرائیل، لێی بترسن!

٢٤ چونکە بە سووکیەوە نەڕوانیە بەدبەختیی هەژار و ڕووی لێ وەرنەگێڕا، بەڵکو گوێ لە هاواری دەگرێت.

٢٥ لەنێو کۆمەڵێکی مەزندا، لەبەر تۆ ستایشت دەکەم. نەزرەکانم بەجێ دەهێنم لە پێش ئەوانەی ترسی تۆیان لایە.

٢٦ دڵنەرمەکان خواردن دەخۆن و تێر دەبن. ئەوانەی بەدوای پەروەردگار دەگەڕێن ستایشی دەکەن. تاهەتایە گیانتان هەر زیندوو بێت.

٢٧ سەرانسەری زەوی پەروەردگاریان بەبیر دێتەوەو دەگەڕێنەوە لای. هەموو هۆزی نەتەوەکان لەبەردەمی کڕنۆش دەبەن.

٢٨ چونکە پاشایەتی بۆ پەروەردگارە و ئەو فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەکات.

٢٩ هەموو توانادارانی سەر زەوی دەخۆن و کڕنۆشی بۆ دەبەن. هەموو ئەوانەی بەرەو زەوی شۆڕ دەبنەوە لەبەردەمی چۆک دادەدەن، ئەوانەی ناتوانن خۆیان بە زیندووی بهێڵنەوە.

٣٠ نەوەکان دەیپەرستن. باسی پەروەردگار بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکەن.

٣١ چاکخوازییەکەی بەو گەلانە ڕادەگەیەنن کە هێشتا لەدایک نەبوونە، چونکە ئەم کارەی کردووە.

پەسنییەکان 23

پەسنیەکی داویدە.

١ پەروەردگار شوانی منە ئیتر پێویستم بە هیچ نیە.

٢ لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی حەسانەوە.

٣ گیانم دەبووژێنێتەوە. ڕێنمای ڕێبازەکانی خوداناسیم دەکات لەپێناوی ناوی خۆی.

٤ ئەگەر بەنێو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، چونکە تۆ لەگەڵمدای. گۆچان و داردەستەکەت دڵنەواییم دەکەن.

٥ سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لە بەردەم ناحەزانم. سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت. جامەکەم تا لێو پڕ دەکەیت.

٦ چاکە و میهرەبانی لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، تاهەتایە لە ماڵی پەروەردگار دەژیم.

پەسنییەکان 24

پەسنیەکی داویدە.

١ زەوی و هەرچی تێدایە هی پەروەردگارە. جیهان و هەموو دانیشتوانی.

٢ چونکە لەسەر دەریاکان بناغەی داناوە و لەسەر ڕووبارەکان جێگیری کردووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ کێ سەردەکەوێتە سەر کێوی پەروەردگار؟ کێ لە شوێنە پارساکەی دەوەستێت؟

٤ ئەوەی دەستپاک و دڵپاک بێت، ئەوەی مەیلی ناڕوا نەکات و بە درۆ سوێند نەخوات.

٥ لە پەروەردگارەوە دارشتی پێدەگات، لە خودای ڕزگاریدەریشی بێتاوانکردن.

٦ ئەمەیە ئەو نەوەیەی بەدوای پەروەردگار دەگەڕێت، ئەوەی بەدوای ڕووی تۆ دەگەڕێت ئەی خودای یاقوو. سیلاە.

٧ ئەی دەروازەکان سەر هەڵبڕن، ئەی دەرگا جاویدانیەکان بەرزببنەوە، تا پاشای شکۆمەندی بێتە ژوورەوە.

٨ ئەم پاشای شکۆمەندییە کێیە؟ پەروەردگاری بەهێز و دەسەڵاتدارە، پەروەردگاری قارەمان لە جەنگ.

٩ ئەی دەروازەکان سەر هەڵبڕن، ئەی دەرگا جاویدانیەکان بەرزبنەوە، تا پاشای شکۆمەندی بێتە ژوورەوە.

١٠ ئەم پاشای شکۆمەندییە کێیە؟ پەروەردگاری سوپاسالار پاشای شکۆمەندییە. سیلاە.

پەسنییەکان 25

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە.

٢ پشتم بە تۆ بەستووە خودایە، شەرمەزارم مەکە. دوژمنانم پێ خۆش مەکە.

٣ هەموو ئەوانەی ئومێدیان بە تۆ بێت، شەرمەزار نابن. بەڵکو ئەوانە شەرمەزار دەبن کە بەبێ هۆ ناپاکی دەکەن.

٤ ئەی پەروەردگار ڕێگاکانی خۆتم پێ بناسێنە. ڕێبازەکانی خۆتم فێر بکە.

٥ لە ڕەوای خۆت ڕامبهێنە و فێرم بکە، چونکە تۆ خودای ڕزگاریدەری منی. بە درێژایی ڕۆژ ئومێدم بە تۆیە.

٦ ئەی پەروەردگار میهرەبانی و چاکەی خۆت لە بیر بێت، چونکە لە ئەزەلەوە هەبوونە.

٧ گوناهەکانی گەنجێتیم و یاخیبوونەکانم بە بیری خۆت مەهێنەوە. بەڵکو بەگوێرەی میهرەبانیەکەت بیرم لێ بکەوە لەپێناوی چاکی خۆت ئەی پەروەردگار.

٨ پەروەردگار چاک و سەرڕاستە، بۆیە گوناهباران فێری ڕاستەڕێ دەکات.

٩ ڕاهێنانی دڵنەرمەکان دەکات بۆ ڕەوا، دڵنەرمەکان فێری ڕێگای خۆی دەکات.

١٠ هەموو ڕێبازەکانی پەروەردگار میهرەبانی و ڕەوان بۆ ئەوانەی کە پەیمان و گەواهیەکانی دەپارێزن.

١١ ئەی پەروەردگار لەپێناوی ناوی خۆت لە تاوانم خۆش بە، چونکە مەزنە.

١٢ کێیە ئەو مرۆڤەی لە پەروەردگار دەترسێت؟ خودا فێری ئەو ڕێگایەی دەکات کە بۆی هەڵبژاردووە.

١٣ گیانی لە خۆشیدا دەبێت و زەوی بە میراث بۆ نەوەکانی دەمێنێتەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ نهێنیی پەروەردگار بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن، پەیمانەکەشی بۆ فێرکردنیانە.
١٥ من هەمیشە چاوم ڕووەو پەروەردگارە، چونکە خۆی پێم لە تەڵە دەکاتەوە.
١٦ ئاوڕم لێ بدەوە و لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە تەنیا و بەدبەختم.
١٧ دڵتەنگیم مەهێڵە. لە تەنگانەکانم دەربازم بکە.
١٨ بڕوانە داماوی و ڕەنجکێشانم و لە هەموو گوناهەکانم خۆش بە.
١٩ بڕوانە دوژمنەکانم چەند زۆر بوون و چەند بە کینەوە ڕقیان لێمە.
٢٠ ژیانم بپارێزە و دەربازم بکە، شەرمەزار نابم چونکە پشتم بە تۆ بەستووە.
٢١ تەواوی و سەرڕاستیم دەمپارێزێت، چونکە ئومێدم بە تۆیە.
٢٢ خودایە، ئیسرائیل بکڕەوە، لە هەموو تەنگانەکانی.

پەسنییەکان 26

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار دادم بدە، چونکە بە تەواوی ڕەفتارم کردووە و بەبێ دوودڵی پشتم بە پەروەردگار بەستووە.
٢ ئەی پەروەردگار تاقیم بکەوە، بمخە نێو ئەزموون،. مێشک و دڵم بپشکنە.
٣ چونکە میهرەبانیی تۆم لەبەر چاوە. بە ڕەوای تۆ ڕەفتار دەکەم.
٤ لەگەڵ خەڵکی خراپ دانانیشم، تێکەڵی فێڵبازان نابم.
٥ ڕقم لە کۆمەڵی بەدکاران دەبێتەوە و لەگەڵ خراپەکار دانانیشم.
٦ دەستەکانم بە بێگەردی دەشۆم و بە دەوری قوربانگاکەتدا دەسووڕێمەوە ئەی پەروەردگار،
٧ بە دەنگی بەرز سوپاست دەکەم و باسی هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەم.
٨ ئەی پەروەردگار، ئەو ماڵەم خۆشدەوێت کە تۆ تیادایت، ئەو شوێنەی کە شکۆمەندی تۆی تێدا نیشتەجێیە.
٩ گیانم لەگەڵ گوناهباران کۆمەکەوە، ژیانم لەگەڵ خوێن ڕێژان.
١٠ ئەوانەی کە دەستیان بە خراپە پیس بووە و دەستی ڕاستیان پڕ لە بەرتیلە.
١١ بەڵام من بە تەواوی ڕەفتارم کردووە. بمکڕەوە و لەگەڵم میهرەبان بە.
١٢ پێم لەسەر زەوییەکی تەختە. لەنێو کۆمەڵەکاندا ستایشی پەروەردگار دەکەم.

پەسنییەکان 27

پەسنیەکی داویدە.

١ پەروەردگار ڕووناکی و ڕزگاری منە، لە کێ بترسم؟ پەروەردگار قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ کاتێ بەدکاران لێم نزیک ببنەوە بۆ ئەوەی گۆشتم بخۆن، کاتێ دوژمنان و ناحەزانم پەلامارم بدەن، ساتمە دەکەن و دەکەون.

٣ ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات، دڵم ناترسێت. ئەگەر جەنگ بەرپا بکەن دژم، ئەو کاتەش هەر ئاسوودە دەبم.

٤ یەک شتم لە پەروەردگار دەوێت، ئەوەی لێ داوا دەکەم: کە هەموو ڕۆژانی ژیانم لە ماڵی پەروەردگار نیشتەجێبم، تا تەماشای جوانی پەروەردگار بکەم و لە پەرستگاکەی ورد ببمەوە.

٥ چونکە لە ڕۆژی بەڵا، لە ژێر سێبەری خۆی دەمشارێتەوە. بە پەردەی نشینگەکەی دامدەپۆشێت. بۆ سەر تاشەبەردێک بڵندم دەکاتەوە.

٦ ئێستاش سەرفرازم بەسەر دوژمنانی دەوروبەرم، لەنێو نشینگەکەیدا بە دەنگ هەڵبڕین و خۆشییەوە قوربانی پێشکەش دەکەم، گۆرانی و پەسنی بۆ پەروەردگار دەڵێم.

٧ گوێت لە دەنگم بێ ئەی پەروەردگار کاتێ بانگت دەکەم. لەگەڵم میهرەبان بە و وەڵامم بدەرەوە.

٨ دڵم پێت دەڵێت: "خۆت فەرمووتە: ڕووی من داوا بکەن". داوای ڕووی تۆ دەکەم ئەی پەروەردگار.

٩ ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە. بەندەی خۆت بە تووڕەییت مەگەڕێنەوە. یارمەتیدەری من بوویت ئەی خودای ڕزگاریدەرم، ڕەتم مەکەوە و جێم مەهێڵە.

١٠ باوک و دایکم وازم لێبهێنن، پەروەردگار دەمگرێتە خۆی.

١١ ئەی پەروەردگار ڕێگای خۆتم فێر بکە، بۆ ڕێبازێکی ڕاست ڕێنماییم بکە، لەبەر دوژمنەکانم.

١٢ بە ویستی ناحەزەکانم مەمسپێرە، چونکە گەواهیدەرانی درۆ لێم ڕاست بوونەتەوە، هەناسەی زۆرداریان لێ دەردەچێ.

١٣ من هێشتا باوەڕم هەیە کە لە زەویی زیندووواندا چاکەی پەروەردگار دەبینم.

١٤ چاوەڕێی پەروەردگار بە. با دڵت توند و بەهێز بێت، چاوەڕێی پەروەردگار بە.

پەسنییەکان 28

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار من بۆ تۆ هاوار دەکەم. ئەی تاشەبەردەکەم، گوێی خۆتم لێ کەڕ مەکە، چونکە ئەگەر خۆتم لێ بێدەنگ بکەیت، وەک ئەوانەم لێ دێت کە شۆڕ دەبنەوە نێو گۆڕ.

٢ گوێ لە دەنگی پاڕانەوەم بگرە، کاتێ کە هاوارت بۆ دەکەم و دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بەرەو شوێنی هەرەپارسای تۆ.

٣ لەگەڵ بەدکارەکان ڕاممەکێشە، ئەوانەی ئیشی خراپە دەکەن، بە ئاشتی قسە لەگەڵ دراوسێیەکانیان دەکەن، بەڵام دڵیان پڕ لە بەدکاریە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ بەگوێرەی کردەوە خراپەکانیان سزایان بدە، بەگوێرەی کردەوەکانی دەستیان سزایان بدە و ڕەفتارەکانی خۆیان بگێڕەوە سەر خۆیان.

٥ چونکە گوێ نادەن بە کارەکانی پەروەردگار و بە کردەوەکانی دەستی، دەیانڕوخێنێت و جارێکی دیکە دروستیان ناکاتەوە.

٦ پیرۆز بێت پەروەردگار، چونکە گوێی لە دەنگی پاڕانەوەم بوو.

٧ پەروەردگار سەربەرزی و قەڵغانی منە، دڵم متمانەی بەو کرد و سەرکەوتوو بووم. دڵم شاد دەبێت و بە گۆرانی خۆم سوپاسی دەکەم.

٨ پەروەردگار سەربەرزیی گەلەکەیەتی، قەڵای ڕزگاریی مەسیحەکەیەتی.

٩ گەلەکەت ڕزگار بکە، میراتەکەت داڕشت بکە، ببە بە شوانیان و تاهەتایە هەڵیان بگرە.

پەسنییەکان 29

پەسنیەکی داوید "لە جەژنی کەپرەشینە".

١ ئەی ڕۆڵەکانی خودا پێشکەشی پەروەردگاری بکەن، شکۆمەندی و هێز پێشکەش بە پەروەردگار بکەن.

٢ شکۆمەندی ناوەکەی پێشکەش بە پەروەردگار بکەن. لە شکۆی پارساییدا کڕنۆش بۆ پەروەردگار ببەن.

٣ دەنگی پەروەردگار لەسەر ئاوەکانە. خوداوەندی شکۆمەندی تریشقە دەدات. پەروەردگار لەسەر ئاوە زۆرەکاندایە.

٤ دەنگی پەروەردگار بە هێزە. دەنگی پەروەردگار بە شکۆیە.

٥ دەنگی پەروەردگار درەختی ئورز دەشکێنێت، پەروەردگار

پەسنییەکان 30

پەسنیەکی داویدە. گۆرانییەکە بۆ تەرخانکردنی پەرستگا.

١ ئەی پەروەردگار بە مەزنت دەزانم، چونکە هەڵت کێشام و نەتهێشت دوژمنەکانم شانازیم بەسەردا بکەن.

٢ ئەی پەروەردگار خودایە، هانام بۆ تۆ برد تۆش چاکت کردمەوە.

٣ ئەی پەروەردگار، تۆ گیانی منت لەنێو دۆڵی بێبن هێنایە دەرەوە. زیندووت کردمەوە تا شۆڕنەبمەوە نێو گۆڕ.

٤ ئەی خۆشەویستانی پەروەردگار پەسنیی بۆ بڵێن، سوپاسی یادی پارساییەکەی بکەن.

٥ چونکە تووڕە بوونی تەنها چرکەیەکە. بەڵام ڕەزامەندی بە درێژایی ژیانە. ڕەنگە گریان بۆ شەوێ بمێنێت، بەڵام بۆ بەیانییەکەی پەسنی دەووترێت.

٦ لەکاتی دڵنیاییم دا وتم: "تاهەتایە نالەقێم".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ ئەی پەروەردگار، بە ڕەزامەندی خۆت منت وەک چیایەکی سەربەرز چەسپاند.
بەڵام کە ڕووی خۆت لە من شاردەوە، پەرێشان بووم.

٨ ئەی پەروەردگار هاوارم بۆ تۆ کرد، من لە پەروەردگار پاڕامەوە:

٩ "مەرگی من سوودی چی تێدایە، ئەگەر من شۆڕببمەوە نێو گۆڕ؟ ئایا گڵ سوپاست دەکات؟ ئایا ڕەوای تۆ ڕادەگەیەنێت؟

١٠ ئەی پەروەردگار گوێ بگرە و لەگەڵم میهرەبان بە. ئەی پەروەردگار، ببە بە یارمەتیدەرم".

١١ تۆ شیوەنی منت گۆڕی بۆ سەما، گووشت لەبەر داماڵیم و بەرگی شادیت لەبەر کردم،

١٢ بۆ ئەوەی ڕووحم پەسنیت بۆ بڵێت و بێ دەنگ نەبێت. ئەی پەروەردگار خودایە، تاهەتایە هەر سوپاست دەکەم.

پەسنییەکان 31

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار من پەنام بردە بەر تۆ، با تاهەتایە شەرمەزار نەبم. بە دادپەروەریی خۆت دەربازم بکە.

٢ گوێت بۆم شل بکە. خێرا فریام بکەوە. ببە بەو تاشەبەردەی پەنای بۆ دەبەم، بەو قەڵا سەختە بۆ ڕزگار کردنم.

٣ چونکە تاشەبەرد و قەڵای منی. لەپێناوی ناوی خۆت ڕابەرایەتی و ڕێنماییم بکە.

٤ لەو تەڵەیەی بۆم نراوەتەوە ئازادم بکە، چونکە تۆ پەناگای منی.

٥ ڕووحم بە دەستی تۆ دەسپێرم. ئەی پەروەردگار خوداوەندی ڕەوا، تۆ منت کڕییەوە.

٦ ڕقم لەوانە دەبێتەوە کە دەست بە بتی ناڕەوا دەگرن. بەڵام من پشتم بە پەروەردگار بەستووە.

٧ بە میهرەبانیی تۆ شاد و دڵخۆش دەبم، چونکە نەهامەتیی منت دیووە و لە تەنگانەدا گیانی منت ناسیوە،

٨ نەتخستوومەتە بەر دەستی دوژمنان، بەڵکو لەسەر شوێنێکی فراوان ڕاتگرتووم.

٩ ئەی پەروەردگار لەگەڵم میهرەبان بە چونکە لە تەنگانەدام. چاوەکانم کزبوون لە خەفەتان. ڕووح و لەشم لە خەمان.

١٠ ژیانم بە خەم و خەفەت فەوتاوە، ساڵانی تەمەنم بە ئاخ هەڵکێشان. لەبەر دەرد و بەڵا هێزم لێ بڕاوە و ئێسقانەکانم پووکاونەتەوە.

١١ لەلای دوژمنەکانم بوومەتە شوورەیی و بە تەواوی بوومەتە شەرمەزاری لای هاوسێکانم، بوومەتە مایەی ترس بۆ ئاشناکانم. ئەوانەی لە دەرەوە دەمبینن، لێم هەڵدێن.

١٢ لە بیر کراوم وەک ئەوەی مردبم. وەک قاپێکی شکاوم بەسەر هاتووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ چونکە گوێم لە چپەچپی زۆرکەس بووە. ترس لە هەموو لایەکەوە دەوری داوم، هەموو پێکەوە پیلان لە دژم دەگێڕن، بیر لەوە دەکەنەوە ژیانم لەناو ببەن.

١٤ بەڵام ئەی پەروەردگار من پشتم بە تۆ بەستووە. دەڵێم: "تۆ خوداوەندی منیت".

١٥ ڕۆژگارم لەنێو دەستی تۆدایە. لە دەستی دوژمنانم و ئەوانەی قاوم دەدەن دەربازم بکە.

١٦ با ڕوخسارت بەسەر بەندەکەتدا بدرەوشێتەوە. بە میهرەبانیی خۆت ڕزگارم بکە.

١٧ با شەرمەزار نەبم ئەی پەروەردگار، چونکە هاوار بۆ تۆ دەکەم، با بەدکاران شەرمەزار بن. لەنێو دۆڵی بێبن خامۆش بن.

١٨ با زمانە درۆزنەکانیان لاڵ بێت، کە بە فیز و وشەی ناشرینەوە، سووکایەتی بە لەخواترسان دەکەن.

١٩ چاکەت چەند مەزنە، کە هەڵتگرتووە بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان لە دڵ دایە، ئەوەی بە بەرچاوی ئادەمیزادانەوە، بەوانەی دەبەخشیت کە پەنات بۆ دەهێنن.

٢٠ لەنێو پەردەی ڕووی خۆت دەیانشاریتەوە، لە پیلانەکانی خەڵکی، لە ژێر سێبەری خۆت دەیانپارێزیت، لە زمانی سکاڵاکاران.

٢١ پیرۆزە پەروەردگار، چونکە میهرەبانیە سەر سووڕهێنەرەکەی خۆی نیشاندام، کاتێ لە شارێکی ئابڵوقەدار بووم.

٢٢ لە کاتی سەرەرگەردانیم وتم: "لە بەر چاوت نەماوم" بەڵام تۆ گوێت لە دەنگی پاڕانەوەم گرت، کە هاوارم بۆت هێنا.

٢٣ پەروەردگارتان خۆشبووێت ئەی هەموو خۆشەویستانی. پەروەردگار سەرڕاستەکان دەپارێزێت، بەڵام بە تەواوی سزای لووتبەرزەکان دەدات.

٢٤ ئازابن و دڵتان بە هێز بکەن، ئەی هەموو ئەوانەی چاوەڕوانی پەروەردگارن.

پەسنییەکان 32

هۆنراوەیەکی داویدە.

١ بەختەوەری بۆ ئەوەی تاوانەکانی بەخشراون و گوناهەکانی داپۆشراون.

٢ بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی کە پەروەردگار گوناهی لەسەر ناژمێرێت و لە ڕووحەکەی بێ فێڵە.

٣ کاتێ خۆم بێدەنگ کرد، ئێسقانەکانم پووکانەوە، لە ناڵینم بە درێژایی ڕۆژ.

٤ چونکە شەو و ڕۆژ، دەستت بەسەر سەرمەوە قورس بوو، تەرێتیم گۆڕا بۆ وشکیی هاوین. سیلاە.

٥ ئینجا لەلای تۆدا داندەنێم بە گوناهم و تاوانم ناشارمەوە. وتم: "لای پەروەردگار داندەنێم بە تاوانەکانم" تۆش لە تاوانی گوناهەکانم خۆشبوویت. سیلاە.

٦ بۆیە با هەموو خوداناسێک نوێژت بۆ بکات لە کاتی خۆی بتدۆزێتەوە. کە لافاو هەستا، نایگاتێ.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ تۆ حەشارگەی منیت، لە تەنگانە دەمپارێزی و بە پەسنیی دەربازبوون دەورم دەدەیت. سیلاە.

٨ ‘‘فێرت دەکەم و ئەو ڕێگایەت نیشان دەدەم کە دەبێت پێیدا بڕۆیت. ئامۆژگاریت دەکەم. چاوم لەسەرتە.

٩ وەک ئەسپ و هێستر مەبن کە هیچ تێناگەن. بەڵکو دەبێت لغاوی لەدەم بکرێت و جڵەوی ڕابکێشرێت، بۆ ئەوەی لێت نزیک ببێتەوە’’.

١٠ بەدکارەکان نەهامەتییان زۆرە، بەڵام ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت، بە میهرەبانی دەوری دەدات.

١١ شادبن بە پەروەردگار و دڵخۆشبن ئەی سەرڕاستەکان، دەنگ هەڵببڕن ئەی هەموو دڵڕاستەکان.

پەسنییەکان 33

١ ئەی سەرڕاستان دەنگ هەڵببڕن بۆ پەروەردگار. ستایشکردن لە دڵڕاستان دەوەشێتەوە.

٢ بە عوود سوپاسی پەروەردگار بکەن. بە ڕەبابەی دەژێیی پەسنیی بۆ بڵێن.

٣ گۆرانیەکی نوێی بۆ بڵێن. بە جوانی مۆسیقا بژەنن بە دەنگ هەڵبڕین.

٤ چونکە وشەی پەروەردگار ڕاستە، لە هەموو کردەوەکانی سەرڕاستە.

٥ خوداناسی و دادپەروەریی خۆش دەوێت. زەوی پڕ بووە لە میهرەبانی پەروەردگار.

٦ بە وشەی پەروەردگار ئاسمانان دروست کران، بە هەناسەی دەمی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان.

٧ ئاوی دەریا وەک گرد کۆدەکاتەوە و بنی دەریاکان دەخاتە نێو ئەمبارەوە.

٨ با هەموو زەوی لە پەروەردگار بترسێت، با هەموو خەڵکی دونیا سام دایانگرێت.

٩ چونکە کە فەرمووی، پەیدا بوو. فەرمانی دا، بوو.

١٠ پەروەردگار پیلانی نەتەوەکانی پووچ کردەوە. بیرکردنەوەی گەلانی هەڵوەشاندەوە.

١١ بەڵام پلانی پەروەردگار تاهەتایە جێگیر دەبێت، بیرکردنەوەی دڵی بۆ هەموو نەوەکانە.

١٢ بەختەوەری بۆ ئەو نەتەوەیەی کە پەروەردگار خوداوەندیانە، بەو گەلەی هەڵیبژاردووە بۆ میراتی خۆی.

١٣ پەروەردگار لە ئاسمانانەوە ڕوانی. هەموو ئادەمیزادانی بینی.

١٤ لەسەر شوێنی نیشتەجێی خۆیەوە چاودێری هەموو دانیشتووانی زەویی کرد.

١٥ ئەو کە شێوەی دڵی هەمووانی دروست کردووە، ئاگاداری هەموو کردەوەکانیانە.

١٦ هیچ پاشایەک بە زۆریی سوپاکەی ڕزگاری نابێت. هیچ پاڵەوانێک بە هێزی بازووی دەرباز نابێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەسپ ئومێدێکی دۆڕاوە بۆ ڕزگار بوون، بە توندی هێزی ناتوانێت کەس دەرباز بکات.

١٨ بەڵام پەروەردگار چاوی لەوانەیە کە ترسی ئەویان لە دڵدایە، ئەوانەی ئومێدیان بە میهرەبانیی ئەوە.

١٩ بۆ ئەوەی لە مەرگدا فریایان بکەوێت و لە برسێتیدا ژیانیان دابین بکات.

٢٠ ئێمە بە ئومێدی چاوەڕوانی پەروەردگارین، کە یارمەتیدەر و قەڵغانمانە.

٢١ دڵمان بەو خۆشە، چونکە پشت بە ناوی پارسای ئەو دەبەستین.

٢٢ ئەی پەروەردگار با میهرەبانیت بەسەرمانەوە بێت، بەگوێرەی هیوامان بە تۆ.

پەسنییەکان 34

پەسنیەکی داویدە، کاتێ لە بەردەم ئەبیمەلەخ خۆی کرد بە شێت ئەویش قاوی دا.

١ هەموو کاتێ ستایشی پەروەردگار دەکەم. هەمیشە ستایشی ئەو لەسەر لێوەکانمە.

٢ گیانم شانازی بە پەروەردگارەوە دەکات. با دڵنەرمەکان گوێیان لێبێت و شاد بن.

٣ لەگەڵمدا پەروەردگار بە مەزن بزانن، با بەیەکەوە ناوی بەرز بکەینەوە.

٤ بەدوای پەروەردگار گەڕام، بە دەنگمەوە هات، لە هەموو ترسەکانمدا فریام کەوت.

٥ ئەوانەی کە سەیریان کرد، درەوشانەوە و ڕوویان شەرمەزای پێوە نابێت.

٦ ئەم هەژارە هاواری بۆ کرد، پەروەردگار گوێی لێ بوو، لە هەموو تەنگانەکانی ڕزگاری کرد.

٧ فریشتەی پەروەردگار لە دەوری ئەو کەسانە دەگرێت کە لێی دەترسن، دەربازیان دەکات.

٨ تامی بکەن و ببینن کە پەروەردگار چاکە، بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی پەنای بۆ دەبات.

٩ لە پەروەردگار بترسن ئەی پارساکراوانی، چونکە ئەوانەی لێی دەترسن پێویستیان بە هیچ نابێت.

١٠ بەچکەشێرەکان پێویستیان بوو برسییان بوو، بەڵام ئەوانەی بەدوای پەروەردگار دەگەڕێن پێویستیان بە شتی چاک نابێت.

١١ کوڕینە وەرن گوێ لە من بگرن، ترسی پەروەردگارتان فێر دەکەم.

١٢ چ کەسێکە ژیانی خۆشدەوێت و ئارەزوو دەکات زۆر ڕۆژگاری خۆشی ببینێت؟

١٣ زمانت لە خراپە بپارێزە و لێوەکانت لە فێڵ.

١٤ لە خراپە دوور بە و چاکە بکە، بەدوای ئاشتیدا بگەڕێ و کۆششی بۆ بکە.

١٥ چاوی پەروەردگار ڕووەو خوداناسانە و گوێی لە هاوارەکانیان ڕاگرتووە.

١٦ ڕووی پەروەردگار دژی خراپەکارانە، تا یادیان لەسەر زەوی بسڕێتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەوان هاوار دەکەن و پەروەردگار گوێی لێیان دەبێت، لە هەموو تەنگانەکانیان دەربازیان دەکات.

١٨ پەروەردگار لە دڵشکاوان نزیکە و ئەوانە ڕزگار دەکات کە ڕووحیان وردوخاش بووە.

١٩ خوداناس گرفتی زۆر دەبێت، بەڵام پەروەردگار لە هەمووی دەربازی دەکات،

٢٠ هەموو ئێسقانەکانی دەپارێزێت، هیچیان ناشکێت.

٢١ بەدکاریی بەدکاران لە ناو دەبات، ئەوانەی ڕقیان لە خوداناسانە، سزا دەدرێن.

٢٢ پەروەردگار گیانی بەندەکانی خۆی دەکڕێتەوە و ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن سزا نادرێن.

پەسنییەکان 35

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار ململانێی ئەوانە بکە کە ململانێم لەگەڵ دەکەن. دژی ئەوانە بجەنگە کە لەدژی من دەجەنگن.

٢ سپەر بپۆشە و قەڵغان هەڵبگرە، ڕاپەڕە و بگە فریام.

٣ ڕم ئاڕاستە بکە و تەور هەڵبگرە، لە ڕووی ئەوانەی ڕاوم دەنێن. بە گیانم بڵێ: "من ڕزگاری تۆم".

٤ با ڕیسوا و شەرمەزار بن ئەوانەی هەوڵی کوشتنم دەدەن، با بەرەو پاش ببنەوە و ڕیسوا بن ئەوانەی پیلان دادەنێن بۆ ڕاوکردنم.

٥ با وەک کای بەر بایان لێ بێت، فریشتەی پەروەردگار ڕایان بماڵێت.

٦ با ڕێگایان تاریک و خلیسک بێت، فریشتەی پەروەردگار ڕاویان بنێت.

٧ چونکە بەبێ هۆ داویان بۆ نامەوە، بەبێ هۆ چاڵیان بۆ هەڵکەندم.

٨ با ماڵ وێرانی لەناکاو بەسەریاندا بدات، با بەو داوەوە بن کە خۆیان ناویانەتەوە، با بکەونە ئەو ماڵوێرانیە.

٩ ئەوسا گیانم بە پەروەردگار شاد دەبێت، بە ڕزگارییەکەی دڵخۆش دەبێت.

١٠ هەموو ئێسقانەکانم دەڵێن: "ئەی پەروەردگار، کێ وەک تۆیە؟ تۆ داماو دەرباز دەکەیت لە دەست ئەوانەی کە لەو بە هێزترن، هەژار و نەبوون لە دەست ئەوانەی دەیانڕووتێننەوە".

١١ گەواهیدەری درۆزن ڕاست دەبنەوە، پرسیاری شتی وا دەکەن کە ئاگام لێی نییە.

١٢ بەرامبەر بە چاکە خراپەم دەدەنەوە، گیانم بە بێکەسی جێدەهێڵن.

١٣ بەڵام کە ئەوان نەخۆش دەکەوتن، گوشم دەپۆشی. خۆم دەڕەنجاند بە ڕۆژوگرتن، کاتێ نوێژەکانم بەبێ وەڵام دەگەڕانەوە.

١٤ وەک ئەوەی دۆست و برام بێت، پرسەدار بووم بۆی. وەک ئەوەی بۆ دایکم بلاوێنمەوە، لە خەفەتان سەرم دانەواندبوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ بەڵام کە کەوتم، ئەوان بە خۆشییەوە لە دژی من کۆبوونەوە، کەسانێک بێ ئەوەی بیانناسم هێرشیان هێنایە سەرم و بەبێ وەستان ئابڕوویان بردم.

١٦ وەک خوانەناسانی گاڵتەجاڕ لە دەورەی نان کۆببنەوە، ددانیان لێ جێردەکردمەوە.

١٧ ئەی پەروەردگار، تا کەی تەماشا دەکەیت؟ گیانم دەرباز بکە لە دەست تێکدەرییان، ژیانم لەو بەچکە شێرانە.

١٨ لەنێو کۆڕی گەورە سوپاست دەکەم. لەنێو گەلێکی مەزن ستایشت دەکەم.

١٩ مەهێڵە ئەوانە شادبن پێم، کە بەبێ هۆ بوونەتە دوژمنم. مەهێڵە ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە، بە مەکرەوە چاو لە یەک دابگرن.

٢٠ ئەوانە قسە بۆ ئاشتی ناکەن، بەڵکو تاوانی درۆ دادەڕێژن، دژ بەوانەی بە ئارامی دەژین لەسەر زەوی.

٢١ دەمیان لێم دەکەنەوە و دەڵێن: "ئەها! ئەها! بە چاوی خۆمان بینیمان".

٢٢ ئەی پەروەردگار تۆ ئەمەت بینی، بێدەنگ مەبە. ئەی پەروەردگار دوور مەبە لێم.

٢٣ هەستە و ڕاپەڕە بۆ دادم، بۆ مافم خودایە و پەروەردگاری من.

٢٤ بەپێی دادپەروەریی خۆت بێ تاوانم بکە، ئەی پەروەردگار خودام، مەهێڵە ئەوانە پێم شادبن.

٢٥ مەهێڵە لە دڵی خۆیان بڵێن: "ئەها، ئەمە مرازی ئێمەیە"، یان بڵێن: "قووتمان دایەوە".

٢٦ با هەموو ئەوانەی بە گرفتی من شاد دەبن، ڕیسوا و شەرمەزار بن. با هەموو ئەوانەی پۆز بەسەر مندا لێدەدەن، بەرگی ڕیسوایی و شەرمەزاری بپۆشن.

٢٧ با ئەوانەی داوای دادی من دەکەن، دەنگی خۆشی و شادی هەڵببڕن، با هەمیشە بڵێن: "پەروەردگار مەزن بێت، کە دڵخۆش دەبێت بە خۆشحاڵی بەندەکەی".

٢٨ زمانم باسی دادپەروەریی تۆ دەکات و بە درێژایی ڕۆژ سوپاست دەکات.

پەسنییەکان 36

بۆ پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدی بەندەی پەروەردگار.

١ جاڕنامەیەک لە ناخی دڵمەوە دەربارەی یاخیبوونی بەدکار: ترسی خودا لەبەرچاوی نییە.

٢ چونکە بە بەرچاوی خۆیەوە خۆی دەڕازێنێتەوە، تا گوناهی خۆی هەستی پێ بکات و ڕقی لێ بێتەوە.

٣ قسەی دەمی تاوان و فێڵە. دەستبەرداری وریای و چاکی بووە.

٤ لەنێو نوێنیش بیر لە پیلانی خراپە دەکاتەوە. خۆی دەخاتە سەر ڕێگایەک کە باش نییە، هەڵە ڕەت ناکاتەوە.

٥ ئەی پەروەردگار میهرەبانیەکەت دەگاتە ئاسمان، سەرڕاستیت دەگاتە هەورەکان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ دادپەروەریت وەک چیاکانی خودایە، حوکمەکانت وەک دەریای قووڵە. ئەی پەروەردگار تۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش ڕزگاردەکەیت.

٧ خودایە میهرەبانیەکەت چەند بەنرخە! ئادەمیزادان لە سێبەری باڵەکانتدا پەنا دەگرن.

٨ بە چەوریی ماڵەکەت تێر دەبن، لە ڕووباری بەخشت پێیان دەدەیت بنۆشن.

٩ چونکە کانیی ژیان لەلای تۆیە. بە ڕووناکی تۆ ئێمە ڕووناکی دەبینین.

١٠ بەردەوامی بدە بە میهرەبانیەکەت بۆ ئەوانەی دەتناسن، بە دادپەروریەکەت بۆ ئەوانەی دڵڕاستن.

١١ با نەکەومە ژێر پێی پیاوی لووتبەرز، دەستی بەدکاران نەملەقێنێت.

١٢ لەوێ بەدکاران کەوتن. بەزان و نەیانتوانی هەستنەوە.

پەسنییەکان 37

پەسنیەکی داویدە.

١ ئارەزووی خراپەکاران مەکە و ئیرەیی بە بەدکاران مەبە.

٢ چونکە وەک گیان، زوو دەبڕێنەوە، وەک گژو گیای سەوز سیس دەبن.

٣ پشت بە پەروەردگار ببەستە و چاکە بکە، لەسەر زەویەکە نیشتەجێ بە و چاودێریی سەرڕاستی بکە.

٤ چێژ لە پەروەردگار وەرگرە، ئارەزووەکانی دڵت پێدەبەخشێت.

٥ ڕێگای خۆت بە پەروەردگار بسپێرە و پشتی پێ ببەستە، ئەو بە ئەنجامی دەگەیەنێت.

٦ پێتاوانیت وەک ڕووناکی دەردەخات، مافت وەک خۆری نیوەڕۆ.

٧ لە بەردەم پەروەردگار بێ دەنگ بە و بە ئارامیەوە چاوەڕێی بکە، مەشڵەژێ کاتێ ئەوانە لە ڕێگاکانیان سەردەکەون، کاتێ فێڵەکانیان جێبەجێ دەکەن.

٨ لە تووڕەیی خۆت بپارێزە و لە کینە خۆت لادە، مەشڵەژێ دەنا بەرەو خراپەت دەبات.

٩ چونکە بەدکاران دوایان دەبڕدرێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئومێدیان بە پەروەردگارە، دەبن بە میراتگری زەویەکە.

١٠ پاش ماوەیەکی کەم بەدکار نامێنێت، دەڕوانیتە شوێنەکەی، لەوێ نەماوە.

١١ بەڵام دڵنەرمەکان دەبن بە میراتگری زەویەکە و چێژ لە زۆریی ئاشتی وەردەگرن.

١٢ بەدکار پیلان دژی خوداناس دەنێتەوە و ددانی لێ جیڕدەکاتەوە،

١٣ بەڵام پەروەردگار پێی پێدەکەنێت، چونکە دەزانێ ڕۆژی هاتووە!

١٤ بەدکاران شمشێر هەڵدەکێشن و کەوانەکانیان دەچەمێننەوە، بۆ ئەوەی هەژار و نەدارەکان بپێکن، بۆ کوشتنی ئەوانەی ڕێگایان ڕاستە.

١٥ بەڵام شمشێرەکانیان دەچێتە نێو دڵێ خۆیان، کەوانەکانیان دەشکێت.

١٦ ئەو کەمەی کە خوداناس هەیەتی، لە سامانی بەدکاران زۆر باشترە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ چونکە بەدکارەکان بازوویان دەشکێت، بەڵام پەروەردگار پشتی خوداناسان دەگرێت.

١٨ پەروەردگار ڕۆژانی بێتاوانەکان دەزانێت، میراتیان تاهەتایە دەمێنێت.

١٩ لە ڕۆژگاری خراپ شەرمەزار نابن، لە ڕۆژگاری برسێتیدا تێر دەبن.

٢٠ چونکە بەدکاران دەفەوتێن، دوژمنەکانی پەروەردگاریش وەک جوانی لەوەڕگا لەناوچوون، وەک دووکەڵ لەناوچوون.

٢١ بەدکار قەرز دەکات و پێی نادرێتەوە، بەڵام خوداناس بە دڵفراوانییەوە دەبەخشێت.

٢٢ چونکە دارشتکراوانی دەبن بە میراتگری زەویەکە، بەڵام نەفرەتلێکراوان دوایان دەبڕدرێتەوە.

٢٣ پەروەردگار هەنگاوەکانی مرۆڤ جێگیر دەکات و بەڕێگاکەی دڵخۆش دەبێت.

٢٤ ئەگەر ساتمە بکات، ناکەوێت، چونکە پەروەردگار بە دەستی خۆی پشتی دەگرێت.

٢٥ من گەنج بووم و ئێستا پیرم، نەمدی خوداناس وازی لێبهێنرێت، یان نەوەکانی سواڵی نان بکەن.

٢٦ هەردەم دڵفراوانە و قەرز دەدات، نەوەکانیشی دارشت دار دەبن.

٢٧ لە بەدکاری لابدە و چاکە بکە، ئینجا تاهەتایە لە زەویەکە نیشتەجێ دەبیت.

٢٨ چونکە پەروەردگار حەز لە ڕەوا دەکات، واز لە خۆشەویستانی ناهێنێت. تاهەتایە دەپارێزرێن، بەڵام نەوەی بەدکاران دوایان دەبڕدرێتەوە،

٢٩ خوداناسان دەبن بە میراتگری زەویەکە و تاهەتایە لە سەری نیشتەجێ دەبن.

٣٠ دەمی خوداناس بە دانایی دەدەوێت، زمانیشی باسی ڕوا دەکات.

٣١ تەوراتی خودای لەنێو دڵدایە، بۆیە پێی ناخلیسکێت.

٣٢ بەدکار خۆی مات دەکات بۆ خوداناس، هەوڵدەدات بیکوژێت.

٣٣ بەڵام پەروەردگار لەبەردەستی بەجێی ناهێڵێت، ناهێڵێ لە دادگاش تاوانبار بکرێت.

٣٤ چاوەڕێی پەروەردگار بکە و ڕێگای ئەو بگرە. ئەویش بەرزت دەکاتەوە و دەتکات بە میراتگری زەویەکە، کاتێ بەدکاران دوایان دەبڕێتەوە، دەیان بینیت.

٣٥ بەدکارم دی زۆرداربوو، وەک دار ئورزێکی سەوز لە زەوییێکی بەپیت گەشەی دەکرد.

٣٦ بەڵام زوو تێپەڕی و نەما، بۆی گەڕام دیاری نەبوو.

٣٧ بڕوانە مرۆڤی تەواو، سەیری مرۆڤی ڕاست بکە، مرۆڤی ئاشتیخواز دوا ڕۆژی هەیە.

٣٨ بەڵام هەموو بەدکارەکان لەناودەچن. دوا ڕۆژی بەدکاران دەبڕێتەوە.

٣٩ ڕزگاری خوداناسان لەلای پەروەردگارەوە دێت، ئەو قەڵایانە لە کاتی تەنگانە.

٤٠ پەروەردگار یارمەتیان دەدات و دەربازیان دەکات، لە بەدکاران دەربازیان دەکات و ڕزگاریان دەکات. چونکە پەنای بۆ دەبەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 38

پەسنیەکی داویدە. بۆ یادکردنەوە.

١ ئەی پەروەردگار بە تووڕەیی خۆت سەرزەنشتم مەکە، بە ڕقی خۆت تەمبێم مەکە.

٢ چونکە تیرەکانت منیان پێکا، دەستت بەسەر من کەوت.

٣ بەهۆی تووڕەیی تۆوە تەندروستی لە لەشمدا نەماوە. بەهۆی گوناهمەوە ساغی لە ئێسقانەکانمدا نەماوە.

٤ تاوانەکانم بەسەر سەرم کەوتوون. وەک بارێکی گران کە توانام نییە هەڵیبگرم.

٥ برینەکانم بۆگەن بوون و چڵکیان کردووە، بەهۆی گێلایەتی خۆم.

٦ پشتم چەماوەتەوە و کوور بوومەتەوە. بە درێژایی ڕۆژ خەمبارم.

٧ کەلەکەم پڕ بووە لە ژانێکی سووتێنەر، تەندروستی لە لەشم نەماوە.

٨ بە تەواوی تێکشکاوم و بێ هێز بووم. لەبەر نەهامەتی دڵم هەر دەناڵێنم.

٩ ئەی پەروەردگار، هەموو ئارەزووەکانم لە پێش چاوتە، ئاخ هەڵکێشانم لە تۆ شاردراوە نین.

١٠ دڵەکوتێمە و هێزم لەبەر بڕاوە، تەنانەت ڕووناکیش لە چاوانم بڕاوە.

١١ دۆست و برادەرەکانم خۆیان لێم دەپارێزن لەبەر برینەکانم. خزمانم لێم دوور دەکەونەوە.

١٢ ئەوانەی دەیانەوێت بمکوژن تەڵە دەنێنەوە، ئەوانەی دەیانەوێت ئازارم بدەن باسی تێکشکانم دەکەن، بە درێژایی ڕۆژ بیر لە فێڵ دەکەنەوە.

١٣ بەڵام من وەک کەڕێک نابیستم. وەک لاڵێک ناتوانم دەمم بکەمەوە.

١٤ وەک کەسێکم کە نەتوانێت ببیستێت، هیچ بەهانەیەکیش لە دەمیدا نەبێت.

١٥ ئەی پەروەردگار چاوەڕێی تۆم کرد، ئەی پەروەردگار خودایە، تۆ وەڵام دەدەیتەوە.

١٦ چونکە وتم: "مەهێڵە پێم خۆش بن یان خۆیان بە گەورە بزانن لە سەرم کاتێ پێم خلیسکا".

١٧ چونکە خەریکە بکەوم، هەمیشە ئازارەکانم لەگەڵمە.

١٨ دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم، بە گوناهی خۆم غەمبار دەبم.

١٩ دوژمن چالاک و زیندوون. ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە زۆرن.

٢٠ ئەوانەی بەرامبەری چاکە خراپەم دەدەنەوە، دژایەتیم دەکەن چونکە دوای چاکە کەوتووم.

٢١ ئەی پەروەردگار پشتگوێم مەخە، خودایە، لێم دوور مەکەوە.

٢٢ ئەی پەروەردگاری ڕزگاریدەرم، خێرا بگە فریام.

پەسنییەکان 39

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

هی پێشەوا گۆرانیبێژانە، بۆ یەدیتون. پەسنیەکی داویدە.

١ وتم: "چاودێری ڕێگای خۆم دەکەم و زمانی خۆم لە گوناه دەپارێزم. ئەوەندەی بەدکار لەبەردەممە، دەمم بە لغاو دەبەستم".

٢ بەڵام کاتێ کپ و بێدەنگ بووم، شتی چاکم نەدەووت، ئازارم زیاد بوو.

٣ دڵم لە ناخمدا قوڵپی دەدا. کە نوقومی بیرکردنەوە دەبووم، گڕم دەگرت. ئەوسا بە زمانم هاتمە قسەکردن:

٤ "ئەی پەروەردگار کۆتایی ژیانی خۆم پیشان بدە، هەروەها ڕۆژەکانی ژیانم چەندە، تا بزانم من چ فەوتاوێکم.

٥ ئەوەتا ڕۆژگاری منت کردووە بە چەند بستێک، تەمەنم لەبەر چاوت وەک هیچە. ژیانی هەموو مرۆڤێک تەنها یەک هەناسەیە. سیلاه.

٦ مرۆڤ وەک سێبەر دێت و دەچێت. بێ هوودە ڕەنج دەدات. سامان کۆدەکاتەوە و نازانێت دوای خۆی بۆ کێ دەبێت.

٧ ئێستاش ئەی پەروەردگار، من چاوەڕێی چی بکەم؟ هیوای من بە تۆیە.

٨ لە هەموو سەرپێچییەکانم دەربازم بکە، مەمکە گاڵتەجاڕی گێلەکان.

٩ بێدەنگ بووم، دەمم ناکەمەوە، چونکە تۆ ئەوەی کە ئەمەت کردووە.

١٠ بەڵای خۆت لەسەرم لابدە. بە زەبرەکانی دەستی تۆ فەوتام.

١١ مرۆڤ بە سەرزەنشتکردنی لەبەر گوناهەکانی تەمبێ دەکەیت، وەک مۆرانە سامانی لەناودەبەیت، هەر مرۆڤێک تەنها هەناسەیەکە. سیلاه.

١٢ ئەی پەروەردگار گوێ لە نوێژم بگرە، گوێ لە هاوارم بگرە. لە ئاست گریانم بێدەنگ مەبە. چونکە لەلای تۆ وەک نامۆیەکم، میوانم وەک هەموو باوباپیرانم.

١٣ ڕووی گرژت لە من وەرگێرە، تا شادمان ببمەوە پێش ئەوەی بڕۆم و نەمێنم".

پەسنییەکان 40

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ بە پشوودرێژیەوە چاوەڕێی پەروەردگارم کرد، ئاوڕی لێ دامەوە و گوێی لە هاوارم بوو.

٢ لەنێو چاڵی لەناوچوون هەڵیکێشامە دەرەوە، لە نێو قوڕ و زەلکاو دەری هێنام. پێیەکانمی لەسەر تاشەبەرد دانا. هەنگاوەکانمی جێگیر کرد.

٣ پەسنییەکی نوێی خستە نێو دەمم، ستایشێک بۆ خوداوەندمان. زۆر کەس ئەمە دەبینن و دەترسن، پشت بە پەروەردگار دەبەستن.

٤ بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی پشت بە پەروەردگار دەبەستێت، ڕوو لە لووتبەرزان ناکات، لەوانەی ڕوویان وەرگێڕاوە بەرەو درۆ.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئەی پەروەردگار خودایە، زۆرن ئەو کارە سەرسوڕهێنانەی کە کردووتە. ئەو شتانەی بۆ ئێمە نەخشەت کێشاوە کەس ناتوانێت بیانژمێرێت. ئەگەر باسیان بکەم و بیانگێڕمەوە، ئەوەندە زۆرن نایەنە ژماردن.

٦ بە قوربانی و پێشکەشکراو ڕازی نەبوویت. بەڵکو گوێی منت کردەوە. داوای قوربانیی سووتاندن و قوربانیی گوناهت نەکرد.

٧ ئینجا وتم: ‘‘ئەوەتا هاتم وەک لەو سیپارەی پێچراو لەسەرم نووسراوە:

٨ خودایە، شادومانیم لەوەدایە کە خواستی تۆ جێبەجێ بکەم، تەوراتەکەت لە ناخی دڵی مندایە’’.

٩ لەنێو کۆمەڵێکی مەزن موژدەی بێتاوانیم دا. ئەی پەروەردگار تۆ خۆت دەزانیت، دەمی خۆم ناگرم.

١٠ دادپەروەریت لەنێو دڵم کپ ناکەمەوە، باسی سەرڕاستی و ڕزگاریت دەکەم. میهرەبانی و ڕەوای تۆ لەنێو کۆمەڵی مەزن دا ناشارمەوە.

١١ ئەی پەروەردگار بەزەیی خۆتم لەسەر لامەبە. با میهرەبانی و ڕەوای تۆ هەمیشە بمپارێزێت.

١٢ چونکە بێژمارە بەڵا دەوری داوم. تاوانەکانم گرفتاریان کردووم و ناتوانم ببینم. لە مووی سەرم زیاترن، ورەم بەرداوە.

١٣ پەروەردگار ڕازی بە، دەربازم بکە. پەروەردگار بۆ یارمەتی دانم خێرا بە.

١٤ با هەموو شەرمەزار و سووک بن، ئەوانەی گیانی منیان دەوێ بۆ لەناوبردنی. بەرەو دواوە بن و ڕیسوا بن ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت.

١٥ با لە شەرمەزارییان بپەشۆکێن، ئەوانەی پێم دەڵێن: ‘‘هۆی ها! هۆی ها!’’

١٦ با ئەوانەی تۆیان دەوێت، شاد و دڵخۆش بن. با هەمیشە بڵێن: ‘‘مەزن بێت پەروەردگار’’ ئەوانەی حەز لە ڕزگاریی تۆ دەکەن.

١٧ لەگەڵ ئەوەی من هەژار و بەدبەختم، پەروەردگارم بایەخم پێدەدات. یارمەتی و دەربازکەرم تۆی، خودایە دوا مەکەوە.

پەسنییەکان 41

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ بەختەوەری بۆ ئەوەی ئاوڕ لە هەژار دەداتەوە، پەروەردگار لە ڕۆژی خراپەدا دەربازی دەکات.

٢ پەروەردگار دەیپارێزێت و ژیانی دەبووژێنێتەوە، لەسەر زەویدا خۆشحاڵی دەکات و نایداتەدەست حەزی دوژمنەکانی.

٣ پەروەردگار لەکاتی لاوازی پاڵپشتی دەکات لە کاتی نەخۆشی و دەیبوژێنێتەوە.

٤ وتم: ‘‘ئەی پەروەردگار لەگەڵم میهرەبان بە. چارەسەرم بکە، چونکە گوناهم بەرامبەر تۆ کردووە’’.

٥ دوژمنەکانم دەربارەی من قسەی خراپ دەکەن: ‘‘کەی دەمرێ و ناوی دەسڕێتەوە؟’’

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ کاتێ یەکێکیان بۆ دیدەنم بێت، قسەی درۆ دەکات. بوختان لە دڵیدا کۆدەکاتەوە. کە دەچێتە دەرەوەش بڵاوی دەکاتەوە.

٧ هەموو دوژمنەکانم پێکەوە چرپە چرپ دەکەن، پیلان دژم دەگێڕن. دەڵێن:

٨ ‘‘دەردێکی کوشندە تەنگی پێ هەڵچنیوە، لە کوێ بکەوێ هەستانەوەی نییە’’.

٩ تەنانەت ئەو برادەرە نزیکەشم کە متمانەم پێی هەبوو، ئەوەی نانم دەخوات، ناپاکیی لەگەڵم کرد.

١٠ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگار لەگەڵم میهرەبان بە، هەڵمسێنەوە تا سزایان بدەم.

١١ بەمە دەزانم تۆ دڵت پێم خۆشە، چونکە دەنگی سەرکەوتن هەڵنەبڕی بەسەرم.

١٢ لە تەواویمدا پاڵپشتیم دەکەیت و لە پێش خۆتدا ڕامدەگریت تاهەتایە.

١٣ پیرۆزە پەروەردگار خوداوەندی ئیسرائیل، لە ئەزەلەوە تا جاویدانی. ئامین و ئامین.

پەسنییەکان 42

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. هۆنراوەیەکی کوڕانی قۆرەحە

١ چۆن ئاسک بە پەرۆشە بۆ ئاوی ڕووبار، گیانی منیش بە پەرۆشە بۆ تۆ، خودایە.

٢ گیانم تینووی خودایە، خوداوەندی زیندوو. کەی بێم و ڕووبەڕووی خودا ببم؟

٣ شەو و ڕۆژ فرمێسکەکانم بوون بە خۆراکم، لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک پێم ووترا: ‘‘کوا خوداکەت؟’’.

٤ هەناوم دەتوێتەوە ئەو کاتەی دێتەوە یادم: چۆن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا دەڕۆیشتین، بەرەو ماڵی خودا پێشڕەوییانم دەکرد، بە دەنگی پەسنی و سوپاسەوە، لەنێو کۆمەڵی جەژنگێڕان.

٥ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا دەناڵێنێت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە هەر سوپاسی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگاریدەر و خوداوەندمە.

٦ خودایە، گیانم غەمبارە لە ناخم، بۆیە یادت دەکەمەوە لە زەویی یوردنەنەوە، لە چیاکانی حەرمۆنەوە، لە کێوی میچعارەوە.

٧ قووڵایی بانگی قووڵایی دەکات، بە دەم خوڕەی تاقگەکانتەوە، هەموو شەپۆلەکانت و تەوژمەکانت بەسەرمدا کەوتوون.

٨ بە ڕۆژ پەروەردگار میهرەبانیەکەی ئاراستە دەکات، بە شەویش ستایشی ئەو لە لای منە، نوێژێکە بۆ خودای ژیانم.

٩ خودا، کە تاشەبەری منە، پێی دەڵێم: ‘‘بۆچی لە یادت کردم؟ بۆچی بە خەمەوە بچەوسێمەوە بە دەست دوژمنانم؟’’

١٠ بە تێکشکانی ئێسقانەکانم ناحەزانم توانجم تێدەگرن، بە درێژایی ڕۆژ پێم دەڵێن: ‘‘کوا خوداکەت؟’’

١١ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا دەناڵێنیت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە من هەر ستایشی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگاریدەر و خوداوەندمە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 43

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ خودایە دادوەریم بۆ بکە، پارێزگاریم لێ بکە لە نەتەوەیەکی بێ بەزەیی، لە کەسی فێڵباز و ستەمکار دەربازم بکە.

٢ چونکە تۆ خودا و قەڵای منی. بۆ ڕەتت کردمەوە؟ بۆچی بە خەمباریەوە ڕێ بکەم بەدەست چەوساندنەوەی دوژمنانم؟

٣ ڕووناکی و ڕەوای خۆت بنێرە، ئەوان ڕابەرایەتیم دەکەن و دەمهێنن بۆ کێوی پارسات، بۆ نشینگەکەت.

٤ ئەوسا دێم بۆ قوربانگای خودا، خودای خۆشی و دڵشادیم، بە عوودەوە سوپاست دەکەم خودایە، خوداوەندی من.

٥ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا دەناڵێنێت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە هەر سوپاسی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگاریدەر و خوداوەندمە.

پەسنییەکان 44

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. هۆنراوەیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە.

١ خودایە بە گوێی خۆمان بیستمان. باوباپیرانمان پێیان ڕاگەیاندین تۆ لە ڕۆژگاری ئەوان، لە ڕۆژگاری کۆندا چیت کردووە.

٢ بە دەستی خۆت نەتەوەکانت ڕیشەکێش کرد و باوباپیرانی ئێمەت چاند. گەلانت وردوخاش کرد و گەشەت بە باوباپیرانمان دا.

٣ ئەوان بە شمشێری خۆیان دەستیان بەسەر زەویدا نەگرت، بە بازووی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. بەڵکو دەستە ڕاست و بازوو و ڕووناکی ڕوخساری تۆ بوو، چونکە لێیان ڕازی بوویت.

٤ تۆ پاشای منیت خودایە، تۆی فەرمانی ڕزگاری دەدەیت بۆ یاقوو.

٥ بەهۆی تۆوە دوژمنەکانمان دەبەزێنین. بە ناوی تۆوە ناحەزەکانمان پێشێل دەکەین.

٦ من پشت بە کەوانەکەم نابەستم، شمشێرەکەم ڕزگارم ناکات.

٧ چونکە تۆ لەدوژمنەکانمان ڕزگارت کردین، ناحەزەکانمانت ڕیسوا کرد.

٨ بە درێژایی ڕۆژ شانازی بە خوداوە دەکەین، تاهەتایە ستایشی ناوت دەکەین. سیلاە.

٩ بەڵام ئێستا ڕەتت کردینەوە و شەرمەزارت کردین، لەگەڵ سەربازەکانمان دەرناچیت.

١٠ وات لێکردین لەبەر دوژمنەکانمان ڕابکەین، دوژمنەکانمان تاڵانیان کردین.

١١ وەک کاوڕ بۆ خواردن بەدەستەوەت داین، پەرش و بڵاوی نێو نەتەوەکانت کردینەوە.

١٢ گەلی خۆتت بەخۆڕایی فرۆشت، قازانجت لە فرۆشتنەکەیان نەکردووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ ئێمەت کردووە بە مایەی ڕیسوایی لای هاوسێکانمان، بە مایەی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن لای ئەوانەی دەوروبەرمان.

١٤ ئێمەت کردووە بە پەندی نەتەوەکان، خەڵکی سەریان دەلەقێنن لە ئاستمان.

١٥ شەرمەزاریم بە درێژایی ڕۆژ لە پێشمە، ڕیسواییم ڕووی داپۆشیوم.

١٦ لەبەر دەنگی توانج لێدەر و جنێو پێدەرم، لە ڕووی دوژمن و تۆڵەسێنەر.

١٧ ئەمانەمان هەمووی بەسەر هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆمان لەبیر نەکردووە، پەیمانی تۆمان نەشکاندووە.

١٨ دڵمان پاشگەز نەبووەتەوە، پێیەکانمان ڕێگای تۆیان بەرنەداوە.

١٩ بەڵام تۆ وردوخاشت کردین و ئێمەت کرد بە جێگای چەقەڵ، بە سێبەری مەرگ داتپۆشین.

٢٠ ئەگەر ناوی خودای خۆمان لەبیرکردایە، یان دەستمان لەبەر خودایەکی بیانی پان بکردایەوە،

٢١ ئایا لای خودا ئاشکرا نەدەبوو؟ چونکە هەموو نهێنیەکانی دڵ دەزانی.

٢٢ چونکە ئێمە لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مەرگ دەبینەوە. وەک مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.

٢٣ ئەی پەروەردگار بە ئاگابە! بۆ خەواڵوو بوویت؟ هەستە! تاهەتایە وازمان لێ مەهێنە.

٢٤ بۆچی ڕووی خۆتمان لێ دەشاریتەوە و تەنگانە و چەوسانەوەمان لەبیردەکەیت؟

٢٥ گیانمان بەرەو زەوی شۆڕ بووەتەوە. سکمان بە زەوییەوە لکاوە.

٢٦ ڕاپەڕە، بگە فریامان، لەبەر میهرەبانیەکەت بمانکڕەوە.

پەسنییەکان 45

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئاوازی سەوسەن. هۆنراوەیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە. پەسنیەکی خۆشویستنە.

١ دڵم قسەی باشی لێ هەڵقوڵایەوە کە هۆنراوەکانم بۆ پاشا دەخوێنمەوە، زمانم پێنووسی نووسەرێکی کارامەیە.

٢ تۆ جوانترینی لەنێو ئادەمیزادان. بەخشش بەسەر لێوتدا دەڕژێت، بۆیە خودا تاهەتایە داڕشتت کردووە.

٣ ئەی توانادار، شمشێرەکەت بەلای ڕانتەوە بکە، شکۆمەندی و پایەبەرزی لەبەر بکە.

٤ بە شکۆمەندی خۆت سەرکەوتووانە سواربە. لەپێناوی ڕەوا و دڵنەرمی و چاکخوازی، با دەستی ڕاستت شتی سامناک بخاتە پێش چاو.

٥ با تیرە تیژەکانت دڵی دوژمنانی پاشا کون بکەن، با گەلان لەبەر پێت بکەون.

٦ خودایە، تەختی تۆ تاهەتاییە، گۆچانی پاشایەتییت گۆچانی ڕاستەڕێیە.

٧ تۆ حەزت لە بێتاوانیە و ڕقت لە خراپەیە، بۆیە خودای خۆت، لە سەرووی هاوەڵەکانتەوە داینای، بە ڕۆنی شادی دەستنیشانی کردیت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ هەموو جلوبەرگەکانت بە بۆنی موڕ و ئەلوا و کاسیا بۆندار بووە. لە کۆشکی بە عاج ڕازاوەوە دەنگی ژێیەکان دڵخۆشت دەکات.

٩ لەنێو ژنە خانەدانەکانت شازادە هەن، شاژنیش بە بەرگی زێڕی ئۆفیرەوە لە لای دەستە ڕاستتە.

١٠ ئەی کچ، گوێ بگرە و لەبەر چاوتی بگرە و گوێ شل بکە، گەلەکەت و بنەماڵەکەت لە بیر بکە.

١١ پاشا تامەزرۆی جوانی تۆیە، کڕنۆشی بۆ ببە، چونکە گەورەی تۆیە.

١٢ کچی شاری سور بە دیارییەوە دێت، خاوەن سامانەکان ڕەزامەندی تۆیان دەوێت.

١٣ کچی پاشا لە ماڵی خۆیدا بە تەواوی شکۆدارە، جلوبەرگەکەی بە زێڕ چنراوە.

١٤ بە کراسێکی نەخشێنراوەوە بۆ لای پاشای دەبەن. یاوەرە پاکیزەکانی بەدوایەوە بۆ لای تۆ دێنن.

١٥ بە شادی و خۆشییەوە دەیانهێنن. دێنە نێو کۆشکی پاشاوە.

١٦ کوڕەکانت جێی باوکانیان دەگرنەوە، دەیانکەیتە میری سەرانسەری زەوی.

١٧ یادی ناوت دەکەمەوە نەوە دوای نەوە. بۆیە نەتەوەکان تاهەتایە و تا جاویدانی سوپاست دەکەن.

پەسنییەکان 46

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بۆ ڕۆڵەکانی قۆرەحە. بە شێوەی عەلامۆت. پەسنییەکە.

١ خودا پەناگا و هێزمانە. لە تەنگانەدا بەهاناوە دێت، هەمیشە بەهێزە.

٢ بۆیە ترسمان نییە ئەگەر زەویش بلەرزێت، ئەگەر چیاکانیش بکەونە نێو قووڵایی دەریاکانەوە.

٣ ئەگەر ئاوەکەشی بجۆشێت و کەف بکات، چیاکانیش لە سەرکێشی ئەو بلەرزن. سیلاە.

٤ ڕووبارێک هەیە جۆگەکانی شاری خودا شاد دەکات، نیشینگەکانی پارساکەی هەرەبەرزە.

٥ خودا لە ناوەڕاستدایە، بۆیە هەرگیز ناکەوێت. لەگەڵ بەرەبەیاندا خودا یارمەتی دەدا.

٦ نەتەوەکان هەڵدەچن و شانشینەکان دەکەون. خودا دەنگی بەرزدەکاتەوە و زەوی دەتوێتەوە.

٧ پەروەردگاری سوپاسالار لەگەڵمانە، خودای یاقوو پەناگامانە. سیلاە.

٨ وەرن سەیری کردەوەکانی خودا بکەن، چۆن وێرانەکانی بەسەر زەویدا هێناوە.

٩ جەنگەکان ڕادەگرێت تا ئەوپەڕی زەوی. کەوانەکان دەشکێنێت و ڕمەکان پارچە پارچە دەکات. گالیسکەکان بە ئاگر دەسووتێنێت.

١٠ بوەستن، بزانن کە من خودام. لەنێو نەتەوەکاندا پایەم بەرز دەبێتەوە، لەسەر زەوی بەرزدەبمەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ پەروەردگاری سوپاسالار لەگەڵمانە، خودای یاقوو پەناگامانە. سیلاە.

پەسنییەکان 47

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە.

١ ئەی هەموو نەتەوەکان، چەپڵە لێبدەن. دەنگی شادی بۆ خودا هەڵببڕن.

٢ چونکە پەروەردگار هەرەبەرز و بە سامە، پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو زەوییەوە.

٣ گەلانی خستە ژێر دەستمان، نەتەوەکانی خستە ژێر پێمان.

٤ میراتی بۆ هەڵبژاردین، کە شانازی یاقووە، ئەوانەی خۆشویست. سیلاە.

٥ لەنێو دەنگ هەڵبڕینی شادیدا خودا بەرز بووەوە، پەروەردگار بەرز بووەوە لەگەڵ دەنگی کەڕەنا.

٦ پەسنی بۆ خودا بڵێن، پەسنی بڵێن. پەسنی بۆ پاشامان بڵێن، پەسنی بڵێن.

٧ چونکە خودا پاشای هەموو زەوییە، پەسنیی هۆنراوە بڵێن.

٨ خودا فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەکات. خودا لەسەر تەختی پارسای خۆی دادەنیشێت.

٩ سەروەرانی گەلان وەک گەلی خوداوەندی ئەوڕاهەم کۆبوونەوە. چونکە قەڵغانەکانی زەوی هی خودان. ئەو پایەی زۆر بەرز بووەوە.

پەسنییەکان 48

ستایشە. پەسنیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە.

١ پەروەردگار مەزنە و شایانی سوپاسی زۆرە، لە شاری خوداوەندمان، لە کێوی پارسای خۆی.

٢ کێوی سیهێون جوانە لە بەرزییدا، خۆشیی هەموو زەوییە، وەک لوتکەی باکوور، شاری پاشای گەورەیە.

٣ خودا لەنێو قەڵاکانی وەک پەناگەیەک ناسراوە.

٤ ئەوەتا پاشاکان کۆبوونەوە، ئەوەتا هەموویان هاتنە پێشەوە.

٥ کە بینییان تاسان، بە ترسەوە هەڵاتن.

٦ لەوێ لەرزیان لێهات، ژانیان گرت وەک ژن لە کاتی منداڵبوون.

٧ وەک کەشتییەکانی تەرشیش تێکت شکاندن، بە بای خۆرهەڵات تەفروتونات کردن.

٨ هەر وەک بیستمان، ئاواش بینیمان لە شاری پەروەردگاری سوپاسالار، لە شاری خوداوەندمان. خودا تاهەتایە دەیچەسپێنێت. سیلاە.

٩ خودایە، لە ناوەندی پەرستگاکەتدا بیر لە میهرەبانیەکەت دەکەینەوە.

١٠ خودایە، وەک ناوت ستایشت دەگاتە ئەوپەڕی زەوی. دەستە ڕاستت پڕە لە چاکخوازی.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ کێوی سیهیۆن شادمان دەبێت، گوندەکانی ئیهوود دڵخۆش دەبن بەهۆی حوکمەکانت.

١٢ بە دەوروپشتی سیهیۆندا بگەڕێن، بە دەوریدا بسووڕێنەوە، قوللـەکانی بژمێرن،

١٣ لە شووراکانی وردبنەوە، بڕوانە قەڵاکانی، تا بۆ نەوەی داهاتووی باس بکەن:

١٤ ئەم خودایە خوداوەندمانە تاهەتایە و تا جاویدانی، تاکو مردنیش ئەو ڕابەرمانە.

پەسنییەکان 49

هی پێشەواوی گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە.

١ ئەی هەموو گەلان ئەمە ببیستن. ئەی هەموو دانیشتووانی زەوی گوێ بگرن،

٢ پایەبەرز و پایەنزم، هەژار و دەوڵەمەند پێکەوە.

٣ دەمم باسی دانایی دەکات، لێکدانەوەی دڵم تێگەیشتنە.

٤ گوێ بۆ پەند شل دەکەم، بە عوود مەتەڵەکەم ڕوون دەکەمەوە.

٥ بۆ لە ڕۆژانی تەنگانە بترسم، کاتێ تاوانی خراپەکارەکان دەورم دەگرن؟

٦ ئەوانەی کە پشت بە سامانیان دەبەستن، شانازی بە زۆریی دەوڵەمەندییەکەیان دەکەن؟

٧ کەس ناتوانێت ژیانی براکەی بکڕێتەوە، یان کەفارەتی ئەو بداتە خودا.

٨ چونکە کڕینەوەی ژیان زۆر گران دەکەوێت، هەرگیز ناتوانرێت نرخی تەواوی بدرێت

٩ تاکو تاهەتایە بە زیندوویی بمێنێتەوە و گۆڕ نەبینێت.

١٠ چونکە هەموو دەبینن کە تەنانەت مرۆڤە داناکانیش دەمرن. هەروەها نەزانەکان و گێلەکان وەک یەک لەناودەچن و سامانیان بۆ ئەوانی دیکە جێ دەهێڵن.

١١ گۆڕیان ماڵی تاهەتاییانە، شوێنی نیشتەجێبوونیانە نەوە دوای نەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زەویشیان بە ناوی خۆیانەوە ناودەنا.

١٢ مرۆڤ هەرچەندە دەوڵەمەند بێت نامێنێت، وەک ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.

١٣ ئەمە ئەوانەیە کە پشت بە خۆیان دەبەستن، ئەوانەش کە دوایان دەکەون بە قسەکانیان پەسەندی دەکەن. سیلاە.

١٤ وەک مەڕ بەرەو دۆڵی بێبن ڕادەدرێن. مەرگ دەبێت بە شوانیان. لە بەیانیدا سەرڕاستەکان فەرمانڕەواییان دەکەن. شێوەیان دادەڕزێت. دۆڵی بێبن جێنشینیانە.

١٥ بەڵام خودا گیانم لە چنگی دۆڵی بێبن دەکڕێتەوە، چونکە بۆ لای خۆی دەمبات. سیلاە.

١٦ مەترسە ئەگەر یەکێک دەوڵەمەند بوو، شکۆمەندی ماڵەکەی زیاد بوو.

١٧ چونکە کاتێ مرد هیچ لەگەڵ خۆی نابات. شکۆدارێکەی بەدوایەوە نابێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ لەگەڵ ئەوەی کاتێ کە زیندووە خۆی بە بەختەوەر دەزانێت ستایش دەکرێیت کاتێ سەرکەوتوو بێت

١٩ بەڵام ئەویش بۆ نەوەی باوباپیرانی دەڕوات، ئەوانەی تاهەتایە چاویان بە ڕووناکی ناکەوێتەوە.

٢٠ مرۆڤ دەوڵەمەندیش بێت ئەگەر تێ نەگات، وەک ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.

پەسنییەکان 50

پەسنیەکی ئاسافە.

١ خوداوەندی خوداوەندەکان، پەروەردگار دەفەرمووێت، لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا زەوی بانگ دەکات.

٢ لە سیهیۆنەوە کە لە جوانیدا تەواوە، خودا پرشنگ دەدات.

٣ خوداوەندمان دێت و بێدەنگ نابێت. ئاگر لە پێشیەوە هەڵدەلووشێت، گەردەلوولێکی لە دەوردایە هەڵچووە.

٤ لە بەرزاییەوە بانگی ئاسمان دەکات، هەروەها زەوی، بۆ دادگایی کردنی گەلەکەی:

٥ "خوداناسەکانم بۆ کۆبکەنەوە، کە بە قوربانی پەیمانیان لەگەڵ بەستووم".

٦ ئاسمان دادپەوەرییەکەی ڕادەگەیەنێت، چونکە خودا خۆی دادوەرە. سیلاە.

٧ ئەی گەلی من، گوێ بگرن تا قسە بکەم. ئەی ئیسرائیل، تا گەواهیت لەسەر بدەم: من خودام، خودای تۆم.

٨ سەرزەنشتت ناکەم لەسەر قوربانییەکانت، چونکە قوربانییە سووتاوەکانت هەمیشە لەبەردەمم دایە.

٩ من پێویستیم بە گای ماڵەکەت نییە، پێویستیم بە گیسکی مێگەلەکەت نییە.

١٠ چونکە هەموو گیانەوەرانی دارستان و مێگەلەکانی سەر هەزارەها گرد هی منن.

١١ هەموو باڵندەی چیاکان دەناسم، هەموو زیندەوەرانی دەشت ودەر هی منن.

١٢ ئەگەر برسی بم، بە تۆ ناڵێم، چونکە جیهان و هەرچی تێیدایە هی منە.

١٣ ئایا من گۆشتی گا دەخۆم، یان خوێنی گیسک دەخۆمەوە؟

١٤ قوربانیی سوپاسگوزاری بۆ خودا بکە، نەزرەکانت بەرامبەر هەرەبەرز بهێنە دی،

١٥ لە ڕۆژی تەنگانەدا داوام لێ بکە، دەربازت دەکەم و شکۆدارم دەکەیت.

١٦ بەڵام خودا بە بەدکار دەفەرمووێ: "تۆ کێیت باسی فەرزەکانم من دەکەیت و پەیمانی منت بەسەر زماندا دێت؟

١٧ تۆ کە ڕقت لە تەمبێکردنە و قسەی منت پشتگوێ خستووە.

١٨ کاتێ دزێک ببینیت، پەسەندی دەکەیت، بەشت لەگەڵ داوێنپیسانە.

١٩ دەمت بە خراپە دەکەیتەوە، زمانت فێڵبازی دادەهێنێت.

٢٠ دادەنیشیت و دژی براکەت قسەدەکەیت. بوختان بۆ کوڕی دایکت هەڵدەبەستیت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ ئەمانەت کردووە و من بێدەنگ بووم. وات زانی منیش وەک تۆم. بەڵام من سەرزەنشتت دەکەم و ڕووبەڕوو تاوانبارت دەکەم.

٢٢ ئەی ئەوانەی خوداتان لەبیرکردووە، ئەمە لەبەرچاو بگرن، دەنا ڕاوتان دەکەم، کەسیش نایەتە فریاتان.

٢٣ ئەوەی قوربانیی سوپاسگوزاری پێشکەش بکات، شکۆدارم دەکات، ئەوەی ڕێگای خۆی ڕێک بکات ڕزگاریی خودای نیشان دەدەم".

پەسنییەکان 51

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە. کاتێ ناتانی پێغەمبەر هاتە لای دوای ئەوەی داوید لەگەڵ بەتشەبەع جووت بوو.

١ خودایە، بەگوێرەی میهرەبانیەکەت لەگەڵم میهرەبان بە. بەپێی زۆری بەزەیی خۆت یاخیبوونم بسڕەوە.

٢ زۆر لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم بێگەردم بکەوە.

٣ چونکە من یاخیبوونم دەزانم، هەمیشە گوناهم لە بەردەممدایە.

٤ تەنها دژ بە تۆ گوناهم کرد، لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد، تاکو لە قسەکانتدا ڕاست بیت، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت.

٥ ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە.

٦ ئەوەتا لە ناوەڕۆکەوە بە ڕەوا دڵشاد دەبیت، لە وێژدانەوە فێری داناییم دەکەیت.

٧ بە زوفا بێگەردم بکەوە و بێگەرد دەبم، بمشۆرەوە و لە بەفر سپیتر دەبم.

٨ با گوێم لە شادی و خۆشی بێت، با ئەو ئێسقانانەی وردوخاشت کردوە شاد بن.

٩ چاو لە گوناهەکانم بپۆشە و هەموو خراپەکانم بسڕەوە.

١٠ خودایە، دڵێکی پاکم تێدا ئافریدە بکە و ڕووحێکی ڕاست لە ناخمدا نوێ بکەوە.

١١ لە بەرچاوی خۆت دەرم مەکە، ڕووحی پارسای خۆتم لێ مەسێنەوە.

١٢ شادیی ڕزگاری خۆتم پێ بدەرەوە، بە ڕووحێکی خۆویستانە پشتگیریم بکە.

١٣ ئینجا یاخیبووان فێری ڕێگای تۆ دەکەم، گوناهباران دەگەڕێنەوە لات.

١٤ خودایە، خودای ڕزگاریم، لە سزای خوێن ڕشتن دەربازم بکە، تا زمانم ستایشی چاکخوازیت بکات.

١٥ ئەی پەروەردگار، لێوەکانم بکەرەوە و دەمم ستایشت ڕابگەیێنێت.

١٦ چونکە تۆ بە قوربانی دڵشاد نابیت، ئەگینا پێشکەشی دەکەم، بە قوربانیی سووتاندن ڕازی نابیت.

١٧ قوربانییەکان بۆ خودا ڕووحی شکاوەیە، خودایە، تۆ بە سووکییەوە تەماشای دڵی شکاو و وردوخاشکراو ناکەیت.

١٨ بە ڕەزامەندی خۆت چاکە لەگەڵ سیهیۆن بکە. شورەکانی یروشلایم بنیاد بنێوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ ئەوسا بە قوربانیی بێتاوانی و بە قوربانیی سووتاندنی تەواو دڵشاد دەبیت، ئەوسا گایان لەسەر قوربانگاکەت پێشکەش دەکرێت.

پەسنییەکان 52

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە، هۆنراوەیەکی داویدە. کاتێ دۆئێگی ئەدۆمی چوو بۆ لای شاول و پێی وت: "داوید هاتە ماڵی ئەحیمەلەخ".

١ ئەی پاڵەوان بۆچی شانازی بە خراپەوە دەکەیت؟ ئەی شەرمەزاری لە بەر چاوی خودا، بۆچی بەدرێژایی رۆژ شانازی دەکەیت.

٢ زمانت پیلانی کاولکاری دادەڕێژێت، وەک گوێزانێکی تیژ وایە، خەریکی فێڵبازییە.

٣ زیاتر حەزت لە خراپەیە نەک لە چاکە، لە درۆ نەک لە ڕاستگۆیی. سیلاە.

٤ حەزت لە هەموو وشەیەکی زیانبەخشە، ئەی زمانی فێڵباز.

٥ خودا تاهەتایە وێرانت دەکات. دەتڕفێنێت و لە ماڵەکەت دەرتدەهێنێت، ڕیشەکێشت دەکات لە زەویی زیندووان. سیلاە.

٦ خوداناسان ئەمە دەبینن و دەترسن، پێی پێدەکەنن و دەڵێن:

٧ "ئا ئەوەتا ئەو کەسەی کە خودا ناکات بە پەناگای خۆی، بەڵکو پشتی بە زۆریی سامانەکەی بەستبوو، لە ئارەزووە خراپەکانی هێزی وەرگرتبوو".

٨ بەڵام من لە ماڵی خودا وەک دار زەیتوونێکی سەوزم. تاهەتایە و تا جاویدانی پشت بە میهرەبانیی خودا دەبەستم.

٩ تاهەتایە لەبەردەم خوداناسانت ستایشت دەکەم بۆ کردەوەکانت، ئومێدم بە ناوی تۆیە، چونکە چاکە.

پەسنییەکان 53

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە بە عوود. هۆنراوەیەکی داویدە.

١ نەزان لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خودا نییە". ئەوانە گەندەڵن و خراپەکانیان گڵاوە، کەس نییە چاکە بکات.

٢ خودا لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزادان دەکات: ئایا کەس هەیە تێگەیشتوو بێت، کەس هەیە بەدوای خودا بگەڕێت.

٣ هەموو پێکەوە هەڵگەڕانەوە، هەموو گەندەڵ بوون، کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.

٤ ئایا تاوانباران فێر نەبوون ئەوانەی وەک نان گەلەکەی من دەخۆن و ئەوانەی لە خودا ناپاڕانەوە؟

٥ لەوێ ترسێکی گەورەیان لێ نیشت، کە هیچ ترسی لێ نەبوو. چونکە خودا ئێسقانی ئەوان پەرشوبڵاو دەکاتەوە کە گەمارۆیان داویت. ڕیسوایان دەکەیت، چونکە خودا ڕەتی کردنەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ خۆزگە ڕزگاری ئیسرائیل لە سیهیۆنەوە دەربکەوێت. کاتێ پەروەردگار گەلەکەی
خۆی لە ڕاپێچکراوی دەگێڕێتەوە، با یاقوو شاد و ئیسرائیل دڵخۆش بێت.

پەسنییەکان 54

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئامێرە ژێدارەکان. هۆنراوەیەکی داویدە کاتێ زیفییەکان هاتن و بە شاولیان وت: "داوید لەلای ئێمە خۆی شاردۆتەوە".

١ خودایە، بە ناوی خۆت ڕزگارم بکە، بە هێزی خۆت ئەستۆپاکیم بسەلمێنە.

٢ خودایە، گوێ لە نوێژم بگرە، قسەکانی دەمم ببیستە.

٣ چونکە بێگانە لێم هەستاون، دڵڕەقەکان دەیانەوێ بمکوژن، ئەوانەی ڕوویان لە خودا
نەکردووە. سیلاە.

٤ ئەوەتا خودا یارمەتیدەری منە، پەروەردگار پشتگیری گیانم دەکات.

٥ با خراپە بگەڕێتەوە سەر دوژمنەکانم. بە ڕەوای خۆت لە ناویان ببە.

٦ ئەی پەروەردگار، بەخشینی ئازادت پێشکەش دەکەم، سوپاسی ناوت دەکەم، چونکە
چاکە.

٧ چونکە لە هەموو تەنگانەکان دەربازی کردووم، سەرکەواتوانە چاوم بڕیوەتە
دوژمنەکانم.

پەسنییەکان 55

هی گەورەی گۆرانیبێژانە. بە ئامێرە ژێدارەکان. هۆنراوەیەکی داویدە.

١ خودایە، گوێ لە نوێژم بگرە، پاڕانەوەم پشتگوێ مەخە.

٢ گوێم لێ بگرە و وەڵامم بدەرەوە. سەرگەردانم لە نەگبەتی خۆم و شڵەژاوم

٣ لە بیستنی دەنگی دوژمن، لە ستەمی بەدکاران. چونکە تووشی تاوانم دەکەن و بە
تووڕەییەوە دەمچەوسێننەوە.

٤ دڵم لە ناخمدا ژان دەگرێ، تۆقاندنی مەرگ هاتۆتە سەرم.

٥ ترس و لەرز دایگرتووم، تۆقین باڵی بەسەرمدا کێشاوە.

٦ دەڵێم: "خۆزگە وەک کۆتر باڵم هەبووایە، جا دەفڕیم دەحەسامەوە!

٧ دووردەکەوتمەوە و لە چۆڵەوانی دەمامەوە. سیلاە.

٨ پەلەم دەکرد بۆ شوێنی پەناگای خۆم، دوور لە ڕەشەبا و لە گەردەلوول".

٩ ئەی پەروەردگار، لەناویان بەرە، سەریان لێ بشێوێنە، زمانیان تێک بئاڵێنە، چونکە
ستەم و دووبەرەکی لە شاردا دەبینم.

١٠ شەو و ڕۆژ بەسەر شووراکانی دەسووڕێنەوە و خراپە و زەحمەتی لە ناوەڕاستی
دایە.

١١ وێرانکاری لە ناوەڕاستی دایە، ستەم و ساختەکاری هەرگیز شەقامەکانی بەرنادەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ ئەگەر دوژمن سووکایەتیم پێ بکردایە، بەرگەم دەگرت. ئەگەر ناحەز بەسەرمدا زاڵ بووایە، دەمتوانی خۆمی لێ بشارمەوە.

١٣ بەڵام ئەوە تۆی، ئەی مرۆڤی هاوشێوەم، هاوڕێ و برادەرمیت،

١٤ کە بەیەکەوە پەیوەندییەکی شیرینمان هەبوو، بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بەرەو ماڵی خودا دەچووین.

١٥ با توشی مەرگی لەناکاو بن، با بە زیندوویی دابەزنە نێو دۆڵی بێبنەوە، چونکە خراپە شوێنی خۆی کردۆتەوە لەنێویاندا.

١٦ بەڵام هاواری من بۆ خودایە، پەروەردگاریش ڕزگارم دەکات.

١٧ ئێواران و بەیانیان و نێوەڕوان گلەیی دەکەم و دەناڵێنم، ئەویش گوێم لێدەگرێت.

١٨ گیانمی بە تەواوی کڕییەوە لەو جەنگەی دژم هەڵگیرساوە، چونکە زۆرن گەمارۆدەر و بەرهەڵستکارانم.

١٩ خودا، ئەوەی لە سەرەتاوە لەسەر تەخت دانیشتووە، گوێی لێ دەبێت و ڕیسوایان دەکات، سیلاە. ئەوانەی ناگۆڕێن و ترسی خودایان لە دڵدا نییە.

٢٠ ئەوەی دەستدرێژی کردە سەر دۆستەکانی، پەیمانی خۆی شکاند.

٢١ زمانی لە کەرە لووسترە، بەڵام دڵی پڕ لە شەڕە. قسەی لە ڕۆن نەرمترە، بەڵام شمشێری هەڵکێشراوە.

٢٢ خەمەکانت بخەرە سەر پەروەردگار، ئەو پشتگیریت دەکات، هەرگیز ناهێڵێت خوداناسان بهەژێن.

٢٣ بەڵام تۆ خودایە، فڕێیان بدە نێو بیری لەناوچوون. خوێن ڕێژ و فێڵبازەکان، ڕۆژگاریان ناگاتە نیوە. بەڵام من پشت بە تۆ دەبەستم.

پەسنییەکان 56

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی گۆرانی: "کۆتری لاڵ نێوان بێگانەکان". پاڕانەوەیەکی داویدە کاتێ فەلەستییەکان لە گەت گرتیان.

١ خودایە، لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە مرۆڤ ڕاوم دەنێن، بە درێژایی ڕۆژ لە دژی من دەجەنگن.

٢ دوژمنانم بە درێژایی ڕۆژ ڕاوم دەنێن، چونکە زۆرن ئەوانەی بە لووتبەرزییەوە دەمچەوسێننەوە.

٣ کاتێ ترسم لێدەنیشێت، من پشت بە تۆ دەبەستم.

٤ بە خودا، کە شانازی بە فەرموودەکەی دەکەم. بە خودا پشت دەبەستم، من ناترسم، مرۆڤ چیم لێ دەکات؟

٥ بە درێژایی ڕۆژ دەستکاریی قسەکانم دەکەن، هەمیشە پیلان بۆ خراپەم دەگێڕن.

٦ گیروگرفت دەنێنەوە، خۆیان مات دەکەن، چاویان لە هەنگاوەکانمە، بۆ ئەوەی لەدەرفەتێکدا بمکوژن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ لە پێناوی تاوانیان سزایان بدە، خودایە، بە تووڕەیی خۆت گەلان ژێر بخە.

٨ خۆت ئاگاداری سەرگەردانی منی، فرمێسکەکانم بخەرە مەشکەی خۆتەوە. ئایا ئەوان لە سیپاری تۆدا نین؟

٩ لەو ڕۆژەی هاوار بۆ تۆ دەکەم، دوژمنەکانم بەرەو پاش دەکشێنەوە. بەمە دەزانم کە خودا لەگەڵمە.

١٠ بە خودا، کە شانازی بە فەرمودەکەی دەکەم. بە پەروەردگار، کە شانازی بە فەرمودەکەی دەکەم.

١١ بە خودا پشت دەبەستم، من ناترسم. مرۆڤ چیم لێ دەکات؟

١٢ خودایە، نەزرەکانی خۆم بۆ تۆ بەجێ دەهێنم، قوربانیی سوپاسگوزاری پێشکەش دەکەم،

١٣ چونکە تۆ لە مەرگ فریای گیانم کەوتی، پێیەکانم لە خلیسکان، تا لە بەردەم خودا ڕێ بکەم، لە ڕووناکی ژیان.

پەسنییەکان 57

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی: "مەفەوتێنە". پاڕانەوەیەکی داویدە کاتێ لە بەردەم شاول هەڵات لە ئەشکەوتەکە.

١ لەگەڵم میهرەبان بە خودایە، لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە گیانم پەنا دەهێنێتە بەر تۆ، پەنا دەهێنمە بەر سێبەری باڵەکانی تۆ، تا ئەم بەڵایە بەسەر دەچێت.

٢ بۆ خودای هەرەبەرز هاوار دەکەم، بۆ ئەو خودایەی کە مافەکانم دەپارێزێت.

٣ لە ئاسمانەوە دەنێرێت و ڕزگارم دەکات. ئەوانە ڕیسوا دەکات کە ڕاوم دەنێن. سیلاە. خودا میهرەبانیەکەی و ڕەواکەی دەنێرێت.

٤ گیانم لەنێو شێرانە، لەنێو ئەوانە ڕادەکشێم کە ئادەمیزاد قووت دەدەن، ددانەکانیان ڕم و تیرن، زمانیشیان شمشێری تیژە.

٥ خودایە، بەسەر ئاسماندا بەرزببەوە، با شکۆی تۆ بەسەر هەموو زەوییەوە بێت.

٦ تۆڕیان ناوەتەوە بۆ پێیەکانم، گیانم پەرێشانە. چاڵێکیان لە پێشم هەڵکەند، بەڵام خۆیان تێی کەوتن. سیلاە.

٧ دڵم جێگیرە خودایە، دڵم جێگیرە، گۆرانی و پەسنی دەڵێم.

٨ ئەی شکۆی من هەستە! ئەی ڕەبابە و ئەی عوود هەستن! من بەرەبەیانان هەڵدەستم.

٩ ئەی پەروەردگار من لەنێو گەلان ستایشت دەکەم، لەنێو نەتەوەکان پەسنیت بۆ دەڵێم.

١٠ چونکە میهرەبانیەکەت دەگاتە ئاسمانان، ڕەواکەت دەگاتە هەورەکان.

١١ خودایە، بەسەر ئاسماناندا بەرزببەوە، با شکۆی تۆ بەسەر هەموو زەوییەوە بێت.

پەسنییەکان 58

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی: "مەفەوتێنە". پەسنیەکی داویدە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ ئەی فەرمانڕەوایان، ئایا لە ڕاستیدا بە ڕەوا بڕیار دەدەن؟ ئایا بەڕاستی حوکمی ئادەمیزادان دەکەن؟

٢ بەڵکو لە دڵەوە کار بە خراپە دەکەن، دەستتان توندوتیژی لەسەر زەوی ئەنجام دەدات.

٣ بەدکاران لە نێو منداڵدانەوە گومڕان، لە سکی دایکیانەوە وێڵن و درۆ دەکەن.

٤ ژەهریان وەک ژەهری مارە. وەک کۆرەماری کەڕ کە گوێی خۆی داخستووە،

٥ کە ئاوازی ئەفسونگەران نابیستێت، هەرچەندە بە شارەزایش ئەفسون بکەن.

٦ خودایە ددانیان لە دەمیان بشکێنە، ئەی پەروەردگار کەڵبەی شێران وردوخاش بکە.

٧ با بتوێنەوە و وەک ئاو بڕۆن. با تیرەکانیان بشکێت کاتێ کەوان ڕادەکێشن.

٨ وەک لولپێچ کە دەتوێتەوە کاتێ دەڕوات، وەک منداڵی لەبارچوو، با خۆر نەبینن.

٩ پێش ئەوەی مەنجەڵەکانتان هەست بە ئاگری دڕکەکان بکەن، تووڕەیی خودا، چ تەڕبن چ وشک ڕایاندەماڵێت.

١٠ خوداناس کە تۆڵە دەبینێت شاد دەبێت، پێی خۆی بە خوێنی بەدکار دەشوا.

١١ ئینجا خەڵکی دەڵێن: "خوداناس بەرهەمی هەیە. خودایەک هەیە کە دادگایی زەوی دەکات".

پەسنییەکان 59

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە لەسەر ئاوازی: "مەفەوتێنە". پەسنیەکی داویدە، کاتێ شاول پیاوی نارد بۆ ئەوەی چاودێری ماڵی داوید بکەن تا بیکوژن.

١ خودایە، فریام بکەوە لە دەست دوژمنەکانم. بمپارێزە لە بەرهەڵستکارانم.

٢ دەربازم بکە لە دەست خراپەکاران، ڕزگارم بکە لە دەست خوێن ڕێژ.

٣ چونکە خۆیان مات داوە بۆم. ئەی پەروەردگار، بەهێزەکان گەمارۆیان داوم، بەبێ ئەوەی تاوانم کردبێ.

٤ لەگەڵ ئەوەی هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، خۆیان ئامادەکردووە بۆ پەلاماردانم. ڕاپەڕە بۆ فریاکەوتنم، بڕوانە گرفتەکەم!

٥ تۆ ئەی پەروەردگار، خودای سوپاسالار، خوداوەندی ئیسرائیل، هەستە بۆ سزادانی هەموو نەتەوەکان. لەگەڵ خیانەتکارە بەدکارەکان میهرەبان مەبە. سیلاە.

٦ دەمەو ئێوران دەگەڕێنەوە، وەک سەگ دەمڕێنن و بەنێو شاردا دەسووڕێنەوە.

٧ ئەوەتا تاڵاو لەدەمیانە و شمشێر لە لێویانە، دەڵێن: "کێ دەمانبیستێت؟"

٨ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگار، پێیان پێدەکەنیت، گاڵتە بە هەموو نەتەوەکان دەکەیت.

٩ ئەی هێزی من، چاوەڕێی تۆ دەکەم، خودایە، تۆ قەڵای منیت.

١٠ خودا بە میهرەبانیەکەی دێتە لام، خودا سەرکەوتنم نیشان دەدات بەسەر دوژمنەکانم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ ئەی پەروەردگار، قەڵغانی ئێمە، مەیانکوژە، ئەگینا گەلی من لەبیریان دەچێت. بە
هێزی خۆت وێڵ و سەرگەردیان بکە و بیانکەوێنە.
١٢ لەبەر گوناهەکانی دەمیان، لەبەر وتەکانی لێویان، با گرفتاری لووت بەرزی
خۆیان بن، لەبەر ئەو درۆ و نەفرەتانەی کە باسی دەکەن.
١٣ لە تووڕەییدا بیانفەوتێنە، بیانفەوتێنە تا نامێنن. ئەوسا دەزانن کە خودا فەرمانڕەوایی
یاقوو دەکات، تا ئەوپەڕی زەوی. سیلاە.
١٤ دەمەو ئێواران دەگەڕێنەوە، وەک سەگ دەمڕێنن و بەنێو شاردا دەسووڕێنەوە.
١٥ بەدوای خواردندا وێڵ دەبن، دەوەڕن ئەگەر تێر نەبن.
١٦ بەڵام من گۆرانی بۆ هێزی تۆ دەڵێم، بەیانیان پەسنی بۆ میهرەبانیەکەت دەڵێم،
چونکە تۆ قەڵای منیت، لە ڕۆژی تەنگانەدا پەناگای منیت.
١٧ ئەی هێزی من، پەسنیت بۆ دەڵێم، تۆ خودایە، قەڵای منیت، خوداوەندی میهرەبانیت
بۆ من.

پەسنییەکان 60

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر "سەوسەنی پەیمان". پاڕانەوەیەکی داویدە بۆ فێرکردن. کاتی شەڕکردنی لەگەڵ ئارامییەکانی دوو ڕووبار و ئارامییەکانی چۆڤا، جا یۆئاب گەڕایەوە و لە دۆڵی خوێ دوازدە هەزاری لە ئەدۆمییەکان کوشت.

١ خودایە، ئێمەت ڕەت کردەوە و ئێمەت شکاندەوە، تۆ تووڕە بووی، ئێستا
بمانگەڕێنەوە.
٢ تۆ زەویت لەرزاندەوە و شەقت کرد، شکاوییەکانی چاک بکەوە، چونکە دەلەرزێتەوە.
٣ تەنگانەت نیشانی گەلەکەت دا. مەیی سەرگەردانیت پێمان نۆشی.
٤ بەڵام بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان لە دڵ دایە، ئاڵات هەڵکرد، تا بۆ ڕەوا بشەکێتەوە.
سیلاە.
٥ بە دەستە ڕاستت دەربازمان بکە و یارمەتیمان بدە، تا خۆشەویستانت دەرباز بن.
٦ خودا لە پارساگاکەی خۆیەوە فەرموویەتی: "بە هاواری خۆشییەوە شەخەم دابەش
دەکەم و دۆڵی سوکۆت دەپێوم.
٧ گلعاد هی منە، مەنەشێش هی منە. ئەپڕایم کڵاوی منە، ئیهوود داری دەسەڵاتی منە.
٨ مۆئاب دەستشۆرمە، سۆڵەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم، لەسەر فەلەستیە هاواری
سەرکەوتن دەکەم".
٩ کێیە دەمباتە شاری شوورابەند؟ کێیە پێشڕەویم دەکات بۆ ئەدۆم؟
١٠ مەگەر تۆ نیت خودایە، کە ئێمەت ڕەت کردۆتەوە و ئیتر لەگەڵ لەشکرەکانمان
دەرناچیت؟
١١ یارمەتیمان بدە بە تەنگانەدا، چونکە ڕزگاری لە مرۆڤەوە ناڕەوایە.
١٢ لەگەڵ خودا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین، ئەو دوژمنەکانمان پێشێل دەکات.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 61

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئامێرە ژێدارەکان. پەسنیەکی داویدە.

١ خودایە گوێت لە هاوارم بێت، گوێ لە نوێژەکەم بگرە.

٢ لەوپەڕی زەوییەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم، کە دڵم لاواز دەبێت. ڕێبەریم بکە بۆ سەر تاشەبەردێکی لە خۆم بڵندتر.

٣ چونکە تۆ پەناگای منی، قوللـەیەکی سەختی لە ڕووی دوژمن.

٤ با تاهەتایە لە پارساگای تۆدا نیشتەجێ بم و پەنا بهێنمە ژێر سێبەری باڵەکانت. سیلاە.

٥ چونکە تۆ خودایە گوێت لە نەزرەکانم گرت. کردمت بە میراتگر لەگەڵ ئەوانەی ترسی ناوی تۆ لە دڵیانە.

٦ درێژە بدە بە ڕۆژانی تەمەنی پاشا. بە ساڵانی تەمەنی بۆ نەوە دوای نەوە.

٧ با تاهەتایە لە ئامادەبوونی خودا دانیشێت. میهرەبانی و ڕەواکەت بیپارێزن.

٨ ئەوسا تاهەتایە پەسنی بۆ ناوی تۆ دەڵێم، ڕۆژ بە ڕۆژیش نەزرەکانم بەجێ دەهێنم.

پەسنییەکان 62

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر "یەدیتۆن". پەسنیەکی داویدە.

١ گیانم تەنها بە خودا ئارام دەبێتەوە. ڕزگاریشم لە لای ئەوەوە دێت.

٢ تەنها ئەو تاشەبەرد و ڕزگاریمە، پەناگای منە، هەرگیز نالەقێم.

٣ تا کەی هێرش دەبەنە سەر مرۆڤێک؟ ئایا هەمووتان وەک دیوارێکی لار دەیڕوخێنن، وەک دیوارێکی داڕووخاو!

٤ تەنها پیلان بۆ ئەوە دەگێڕن کە ئەو لەو پایەیە بخەن. خۆشییان بە درۆ دێت. بە دەم داوای داڕشت دەکەن، بەڵام لە دڵەوە نەفرەت. سیلاە.

٥ ئەی گیانی من، تەنها بە خودا ئارام بە، چونکە ئومێدی من لە لای ئەوەوە دێت.

٦ تەنها ئەو تاشەبەرد و ڕزگاریمە، پەناگای منە، نالەقێم.

٧ ڕزگاری و شکۆمەندی من بە خوداوە بەندە، تاشەبەردی بەهێزمە، پەنای من لە خودایە.

٨ هۆ خەڵکینە، هەموو کاتێ پشت بەو ببەستن. دڵی خۆتانی لە بەردەم هەڵڕێژن، چونکە خودا پەناگای ئێمەیە. سیلاە.

٩ ئادەمیزاد تەنها هەناسەیەکە، مرۆڤ تەنها درۆیەکە، ئەگەر بخرێنە تای تەرازوو هیچ نین، هەموو پێکەوە تەنها هەناسەیەکن.

١٠ پشت بە ستەمکاری مەبەستن، پۆز بە ماڵی دزراوەوە لێمەدەن. ئەگەر سامانتان زیادی کرد، دڵی خۆتانی پێوە مەبەستن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ جارێک پەروەردگار فەرموویەتی، دوو جار بیستوومە: کە سەربەرزی بۆ خودایە،

١٢ هەروەها میهرەبانیش هی تۆیە، ئەی پەروەردگار. هەر کەسێک بەپێی کردەوەی خۆی پاداشتی دەدەیتەوە.

پەسنییەکان 63

پەسنیەکی داویدە کاتێ لە دەشتی ئیهوود بوو.

١ خودایە، تۆ خوداوەندی منی، بە پەرۆشم بۆت، گیانم تینووی تۆیە، جەستەم شەیدای تۆیە، لە زەویێکی وشک و ڕەق و بێ ئاو.

٢ لە پارساگاکەدا سەیرم کردوویت و هێز و شکۆمەندی تۆم بینیوە.

٣ چونکە میهرەبانیەکەت لە ژیان باشترە، لێوەکانم ستایشت دەکەن.

٤ بە درێژایی ژیانم پیرۆزت دەکەم. بە ناوی تۆوە دەستم بەرز دەکەمەوە.

٥ گیانم تێر دەبێت وەک ئەوەی بە دونگ و چەوری، بە لێوی شادمانەوە دەمم ستایشت دەکات.

٦ لەنێو نوێنەکەم یادی تۆ دەکەم، بە درێژایی شەو بیر لە تۆ دەکەمەوە.

٧ چونکە تۆ هاریکارم بوویت، لەژێر سێبەری باڵەکانت شادمان دەبم.

٨ گیانم بە تۆوە لکاوە، دەستە ڕاستی تۆ پشتم دەگرێت.

٩ بەڵام ئەوانەی بۆ کوشتنی من دەگەڕێن لەناودەچن، بەرەو ناخی زەوی شۆڕ دەبنەوە.

١٠ ئەوانە بە دەمی شمشێر دەسپێردرێن و دەبن بە خۆراکی چەقەڵ.

١١ بەڵام پاشا بە خودا دڵخۆش دەبێت. هەموو ئەوانەی سوێندی پێ دەخۆن شانازی دەکەن، چونکە دەمی درۆزنان دەداخرێت.

پەسنییەکان 64

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ خودایە گوێ لە دەنگی سکاڵام بگرە. ژیانم لە مەترسی دوژمنانم بپارێزە.

٢ لە پیلانی بەدکاران بمشارەوە، لە کۆمەڵی تاوانباران.

٣ کە زمانیان وەک شمشێر تیژ کردووە. وشە تاڵەکانیان وەک تیری هاوێژراوە.

٤ تا لە بۆسەکانیانەوە کەسی بێتاوانی پێ بپێکن، لەناکاو دەیپێکن و ناترسن.

٥ بۆ کاری خراپە هانی یەکتر دەدەن. دەربارەی شاردنەوەی داوەکانیان دەدوێن، دەڵێن: ”کێ دەمانبینێت؟“

٦ تەگبیر بۆ تاوان دەکەن، پیلانێکی تەواویان داناوە. دڵ و دەروونی مرۆڤ قووڵە.

٧ بەڵام خودا تیریان تێدەگرێت، لەناکاو لێیان دەدات.

٨ زمان درێژییان دەبێتە هۆی کەوتنیان، هەر کەسێ کە دەیانبینێت سەری بادەدات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ هەموو مرۆڤ دەترسن، کاری خودا ڕادەگەیەنن و بیردەکەنەوە لەوەی کە کردی.

١٠ خوداناسان بە پەروەردگار دڵخۆشن و پەنا دەبەنە بەر ئەو، هەموو دڵڕاستان شادمانن.

پەسنییەکان 65

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی ستاشیە هی داوید.

١ خودایە، ستایشکردن لە سیهیۆن شایانی تۆیە، نەزرەکانمان بۆ تۆ بەجێ دەهێنین.

٢ ئەی ئەوەی گوێت لە نوێژ دەبێت، هەموو ئادەمیزادێک بۆ لای تۆ دێت.

٣ کاتێ گوناه بەسەرماندا زاڵ دەبێت، تۆ کەفارەتی یاخیبوونەکانمان دەکەیت.

٤ بەختەوەری بۆ ئەوانەی هەڵیاندەبژێریت و نزیکیان دەکەیتەوە بۆ ئەوەی لە ماڵەکەت بژین. تێر بووین لە چاکیی ماڵەکەت، لە پەرستگای پارسای تۆ.

٥ بە سامناکیی دادپەروەری وەڵاممان دەدەیتەوە، ئەی خودای ڕزگاریدەرمان، ئەی ئەو کەسەی دانیشتووانی سەراپای زەوی و دەریا دوورەکان پشتت پێدەبەستن.

٦ کە بە هێزی خۆت چیاکانت جێگیر کردووە، بە توانا چەکدارت کردووە.

٧ کە هەڵچوونی دەریاکان هێمن دەکەیتەوە، هەڵچوونی شەپۆلەکانیان و ئاژاوەی گەلان.

٨ دانیشتوانی ئەوپەڕی جیهان لە نیشانەکانت دەترسن. شوێنی بەدەرکەوتنی بەرەبەیان و ئاوابوونی ئێواران، شادمان دەبن.

٩ بایەخ بە زەوی دەدەیت و ئاوی دەدەیت. زۆر دەوڵەمەندی دەکەیت. جۆگەکانی خودا پڕ ئاون. خۆراکیان ئامادە دەکەیت، چونکە بەم شێوەیە ڕێکتخستووە.

١٠ هێڵە جووتەکانی تێر ئاو دەکەیت و تەخت و ڕێکیان دەکەیت. بە لێزمەی باران پاراوی دەکەیت و بەروبوومیان داڕشت دەکەیت.

١١ بە دڵتێریی خۆت تاج دەخەیتە سەر ساڵ و ڕێڕەوەکانت چەوری لێ دەچۆڕێت.

١٢ لەوەڕگاکانی دەشتودەر پڕ دەبن، ناوقەدی گردەکان بە شادی دەبەستییەوە.

١٣ مێرگەکان بە ڕان و مێگەل دادەپۆشرێن، دۆڵەکان دەغلودان لەبەردەکەن، لە شادومانیدا دەنگ هەڵدەبڕن و گۆرانیش دەڵێن.

پەسنییەکان 66

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە، ستایش و پەسنی.

١ ئەی سەراپای زەوی بە شادومانییەوە بۆ خودا دەنگ هەڵببڕن!

٢ بە شکۆمەندی ناوی پەسنی بڵێن. ستایشی شکۆدار بکەن.

٣ بە خودا بڵێن: "کردەوەکانت چەند سامناکن! هێزت ئەوەندە مەزنە، دوژمنانت ملکەچیت بۆ دەنوێنن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ سەراپای زەوی کڕنۆشت بۆ دەبەن، پەسنیت بۆ دەڵێن. پەسنی بۆ ناوت دەڵێن”. سیلاه.

٥ وەرن کردەوەکانی خودا ببینن. کردەوە سامناکەکەی لەپێناوی ئادەمیزادان!

٦ دەریای گۆڕی بۆ وشکایی، ئەوان بە پێیان لە ڕووبار پەڕینەوە. لەوێ بە ئەو شادمان بووین.

٧ بە توانای خۆی تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات. چاوەکانی چاودێری نەتەوەکان دەکەن. یاخییەکان خۆیان بەرامبەری هەڵناکێشن. سیلاه.

٨ ئەی گەلان خوداوەندمان پیرۆز بکەن، با دەنگی ستایشکردنی ببیسترێت.

٩ کە گیانی ئێمەی لە زیندووان پاراستووە و نەیهێشتووە پێمان بخلیسکێت.

١٠ چونکە تۆ خودایە، ئێمەت تاقی کردۆتەوە. وەک زیو ئێمەت پاڵاوتووە.

١١ ئێمەت خستۆتە داوەوە و باری گرانت خستۆتە سەر شانمان.

١٢ تۆ هێشتت خەڵکی سواری سەرمان بن. بە نێو ئاگر و ئاودا ڕۆیشتین، بەڵام دواتر بۆ شوێنێکی بەپیت دەریکردین.

١٣ بە پێشکەشکردنی قوربانیی سووتاندنەوە دێمە ماڵت، نەزرەکانم بەجێ دەهێنم

١٤ ئەو نەزرانەی کە لە کاتی تەنگانەدا، لێوەکانم بەڵێنی پێدابوون و بە دەممدا هاتبوون.

١٥ ئاژەڵی قەڵەو دەکەم بە قوربانی، لەگەڵ بۆنی دووکەڵی قۆچی قوربانی، تەگە و گات بۆ دەکەمە قوربانی. سیلاه.

١٦ وەرن گوێ بگرن ئەی هەموو لەخواترسەکان، با پێتان بڵێم چی بۆ من کردووە.

١٧ بە دەمی خۆم هاوارم بۆی کرد، ستایش کردنی لەسەر زمانم بوو.

١٨ ئەگەر دڵم بە خراپەوە بەند بووایە، پەروەردگار گوێی لێ نەدەگرتم.

١٩ بەڵام خودا گوێی لێگرتم. گوێی لە دەنگم بوو لە کاتی نوێژکردنم.

٢٠ پیرۆزە خودا، کە نە نوێژەکەمی لە خۆی دوور خستەوە و نە میهرەبانیەکەی خۆی لە من.

پەسنییەکان 67

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە بە ئامێرە ژێدارەکان، پەسنی و ستایش.

١ با خودا لەگەڵمان بەسۆز بێت و داڕشتمان بکات. ڕوخساری خۆیمان بەسەردا بدرەوشێنێتەوە. سیلاه.

٢ تاکو ڕێگات لەسەر زەوی زانراو بێت و ڕزگاریت لەنێو هەموو نەتەوەکان.

٣ خودایە با گەلان سوپاست بکەن. با هەموو گەلان سوپاست بکەن.

٤ با نەتەوەکان دڵخۆش بن و شادمان بن چونکە بە ڕێکی حوکمی گەلان دەکەیت و ڕێنمایی نەتەوەکانی سەر زەوی دەکەیت. سیلاه.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ خودایە، با گەلان سوپاست بکەن. با هەموو گەلان سوپاست بکەن.

٦ ئینجا زەوی بەروبوومی دەدات. خودا، خوداوەندمان، داڕشتمان دەکات.

٧ خودا داڕشتمان دەکات، سەرتاسەری زەوی لێی دەترسن.

پەسنییەکان 68

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە، هی داویدە، پەسنی و ستایش.

١ با خودا هەستێت. با دوژمنانی پەرشوبڵاو ببنەوە و ناحەزانی لە ڕووی هەڵبێن.

٢ وەک بەباکردنی دووکەڵ بەبایان بکەیت. وەک توانەوەی مۆم لە بەردەم ئاگر، با بەدکارانیش لە بەردەم خودا لەناوبچن.

٣ با خوداناسانیش لە بەردەم خودا شاد و دڵخۆش بن، لەخۆشیان هەڵپەڕن.

٤ گۆرانی بۆ خودا بڵێن، پەسنی بۆ ناوی بڵێن. ئەوەی سواری گالیسکەیە بەسەر هەورەکان بەرز بکەنەوە، ناوی پەروەردگارە، لە بەردەمی دەنگ هەڵببڕن.

٥ باوکی هەتیوان و پارێزەری بێوەژنان، خودایە لە نیشینگەی پارسای خۆی.

٦ خودا ماڵ بۆ لانەوازان دابین دەکات، بەندکراوەکان ئازاد دەکات، بەڵام یاخییەکان لە زەوێیکی سووتاو نیشتەجێ دەبن.

٧ خودایە، کاتێ تۆ لە بەردەم گەلەکەت دەرچوویت، کاتێ لە چۆڵەوانی دەرچوویت سیلاە.

٨ زەوی لەرزی. ئاسمان دڵۆپەی کرد لە بەردەم خودا. خودای سینایە، لە بەردەم خودا، خودای ئیسرائیل.

٩ خودایە، بارانێکی زۆرت باراند. میراتەکەت لاواز بوو، تۆ بەهێزت کرد.

١٠ مێگەلەکەت تیایدا نیشتەجێ دەبن. خودایە بە چاکەی خۆت، بۆ هەژارانت دابین کرد.

١١ پەروەردگار فەرمانی دا. سوپای موژدەگاران زۆرن:

١٢ "پاشای لەشکران هەڵدێن و هەڵدێن، ئەوەی لەماڵدا ماوەتەوە تاڵان بەش دەکات.

١٣ ئەوانەش کە لەنێو تەوێڵەدان، باڵی کۆتری لەزیو هەڵکێشراو و پەڕەمووچەی بە زێڕی سافیان بەردەکەوێ".

١٤ کە خودای بە توانا پاشاکانی بڵاوە پێکرد، وەک بارینی بەفر بوو لەسەر کێوی چەلمۆن.

١٥ چیای باشان چیای خودایە. چیای باشان چیای فرە لووتکەیە.

١٦ ئەی چیا فرەلووتکەکان، بۆچی چاو دەبڕنە ئەو چیایە، کە خودا ئارەزوو دەکات تیایدا نیشتەجێ بێت؟ بەڵکو پەروەردگار تاهەتایە تیایدا نیشتەجێ دەبێت.

١٧ گالیسکەکانی خودا هەزاران هەزارانە. پەروەردگار لە سیناوە هاتە پارساگا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ ئەی پەروەردگاری خوداوەند، کاتێ بەرزبوویتەوە بۆ بەرزایی. ڕاپێچکراوانت ڕاپێچکرد، دیاریت لە خەڵک وەرگرت، تەنانەت لە یاخییەکانیش، بۆ نیشتەجێبوونت لەوێ.

١٩ پیرۆزە پەروەردگار، خوداوەندی ڕزگاریمان ڕۆژ بە ڕۆژ بارمان هەڵدەگرێت. سیلاە.

٢٠ خودا بۆ ئێمە خوداوەندی ڕزگارییە. لە مەرگ دەربازبوونیش لە پەروەردگاری باڵادەستە.

٢١ بەڵام خودا سەری ناحەزانی پان دەکاتەوە، تەوقی سەری ئەوانەی بە ڕێگای تاواندا دەڕۆن.

٢٢ پەروەردگارمان فەرمووی: "لە باشانەوە دوژمنانت دەهێنمەوە، لە قووڵایی دەریاکانەوە دەیانهێنمەوە.

٢٣ تا پێت بە خوێنیان سوور بێت، زمانی سەگەکانت بەشیان هەبێت لێیان".

٢٤ خودایە، کەژاوەی تۆیان بینی، کەژاوەی خودا و پاشای من، بەرەو پارساگا.

٢٥ گۆرانی بێژەکان لە پێشەوەن و ژێ ژەنەکان لە دواوە، کچە دەف لێدەرەکان لەناوەندیان.

٢٦ لە کۆڕی گەورەدا ستایشی خودای پەروەردگار بکەن. ئەی ڕەچڵەکی ئیسرائیل.

٢٧ ئەوەتا بنیامینی بچکۆڵە پێشەوایانە، حەشاماتێک لە سەرانی ئیهوود، سەرانی زووەولۆن، سەرانی نەپتالیم.

٢٨ خودا فەرمانی سەربەرزیت دا. خودایە پاڵپشتی ئەمە بە کە بۆ ئێمەت کرد.

٢٩ لە پەرستگاکەتەوە لە سەرووی یروشلایم، پاشاکان دیاریت پێشکەش دەکەن.

٣٠ سەرزەنشتی گیانداری نێو قامیشەڵان بکە، ڕەوە گا و گوێرەکەی گەلان، تاکو بە ملکەچییەوە پارچە زیو پێشکەش بکات، ئەو گەلانەی حەزیان لە شەڕە، پەرتیان بکە.

٣١ گەورەپیاوان لە میسڕەوە دێن، کووش دەستی خۆی بۆ خودا درێژ دەکات.

٣٢ ئەی شانشینەکانی زەوی گۆرانی بۆ خودا بڵێن. پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێن. سیلاە.

٣٣ بۆ سواری ئاسمانی ئاسمانانی دێرین. ئەوەتا دەنگی بەرزدەکاتەوە، بە دەنگێکی بەهێزەوە.

٣٤ با سەربەرزیی خودا ڕابگەیەنرێت. ئەوەی شکۆمەندییەکەی بەسەر ئیسرائیلەوەیە، ئەوەی هێزی لەنێو هەورەکاندایە.

٣٥ خودایە لە پارساگاکەت سامدارتریت. خودای ئیسرائیل هێز و توانا دەدات بە گەلەکەی. پیرۆزە خودا!

پەسنییەکان 69

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئاوازی سەوسەن. هی داویدە.

١ خودایە ڕزگارم بکە، چونکە ئاو تا لووتم هاتووە،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ لە زەلکاوێکی قووڵ نوقوم دەبم، جێی پێی تێدا نییە. چوومەتە نێو قووڵایی ئاو، لافاو ڕایماڵیوم.

٣ ماندووبووم لە هاوارکردن، گەرووم وشک بوو، چاوەکانم کز بوون هێندە چاوەڕوانی خوداوەندم کرد.

٤ ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە لە مووی سەرم زۆرترن، زیاد بوون ئەوانەی دەیانەوێت تێکم بشکێنن، ئەوانەی بە ستەم دژی منن. ئەوەی نەمدزیوە، ئێستا دەبێت بیدەمەوە.

٥ خودایە تۆ دەبەنگی من دەزانیت، تاوانەکانم لە تۆ شاراوە نین.

٦ ئەی باڵادەست، پەروەردگاری سوپاسالار، با ئەوانەی هیوایان بە تۆیە، بەهۆی منەوە ڕیسوا نەبن. ئەی خودای ئیسرائیل. با ئەوانەی تۆیان دەوێت، بەهۆی منەوە شەرمەزار نەبن.

٧ لە پێناوی تۆ بەرگەی سەرشۆڕیم گرت. شەرمەزاری ڕووی داپۆشیم.

٨ لەلای براکانم بووم بە بیانی، لای کوڕانی دایکم بووم بە بێگانە.

٩ دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمخوات، جنێوی ئەوانەی جنێوت پێدەدەن کەوتە سەر من.

١٠ بە ڕۆژووگرتن گیانی خۆم هێنایە گریان، بوو بە سووکایەتی بۆم.

١١ گووشم پۆشی، بووم بە پەند لایان.

١٢ بووم بە جێی سەرنجی ئەوانەی لەبەر دەروازە دادەنیشن، مەستەکانیش دەربارەی من گۆرانی گاڵتەئامێز هەڵدەبەستن.

١٣ بەڵام من نوێژەکانم بۆ تۆیە، ئەی پەروەردگار، لە کاتی ڕەزامەندیت، خودایە، بە زۆریی میهرەبانیەکەت، بە ڕزگاریە دڵسۆزانەکەت وەڵامم بدەرەوە.

١٤ دەربازم بکە لە زەلکاو، با نوقم نەبم. لە دوژمنەکانم و لە قووڵایی ئاو دەرباز دەبم.

١٥ با لافاو ڕام نەماڵێت، قووڵایی ئاو قووتم نەدات، دۆڵی بێبن لەسەرم دانەخرێت.

١٦ ئەی پەروەردگار بەدەنگمەوە وەرە، چونکە میهرەبانیەکەت چاکە. وەک زۆری بەزەییەکەت ئاوڕم لێ بدەرەوە،

١٧ ڕووت لە بەندەی خۆت مەپۆشە، چونکە لە تەنگانەدام. زوو وەڵامم بدەرەوە.

١٨ لێم نزیک بەرەوە و گیانم دەرباز بکە، لە دوژمنانم بمکڕەوە.

١٩ تۆ بە سووکایەتی و شەرمەزاری و ڕیسوای من دەزانیت. هەموو دوژمنانم لە بەردەمتن.

٢٠ ڕیسوایی دڵی شکاندووم، نەخۆش کەوتووم. چاوەڕێی سۆز بووم، نەبوو، چاوم لە دڵنەوایی گێڕا، دەستم نەکەوت.

٢١ ژەهری تاڵیان دەرخواردم دا، لە تینوویەتیم سرکەیان دەرخوارد دام.

٢٢ با خوانەکەی بەردەمیان ببێتە داویان، ببێتە سزا و تەڵەیان.

٢٣ با بەرچاویان تاریک بێت تاکو نەبینن، هەمیشە پشتیان چەماوەبێت.

٢٤ قینی خۆتیان بەسەردا بڕێژە، با ئاگری تووڕەییت بیانگاتێ.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ با ماڵیان کاول ببێت، کەس لە ڕەشماڵیان نیشتەجێ نەبێت.

٢٦ ئەوەی تۆ لێت داوە، ئەوان دەیچەوسێننەوە و ئەوەی تۆ بریندارت کردووە، باسی ئازارەکانی دەکەن.

٢٧ تاوان بخەرە سەر تاوانەکانیان، بێبەشیان بکە لە بێتاوانیت.

٢٨ لە سیپارەی ژیاندا بیانسڕەوە، لەگەڵ بێتاوانان ناویان مەنووسە.

٢٩ بەڵام من هەژار و دڵتەنگم. با ڕزگاریت بەرزم بکاتەوە خودایە.

٣٠ ستایشی ناوی خودا دەکەم بە گۆرانی، بە سوپاسەوە مەزنی دەکەم.

٣١ ئەمە لای پەروەردگار لە گا چاکترە، لە گوێرەکەی قۆچ و سم.

٣٢ دڵنەرمەکان دەبینن و شاد دەبن، ئەی ئەوانەی بەدوای خودا دەگەڕێن، با دڵتان ببووژێتەوە.

٣٣ چونکە پەروەردگار بە دەنگ نەدارانەوە دەچێت، بە سووکیەوە تەماشای دیلەکانی ناکات.

٣٤ ئاسمانان و زەوی، دەریاکان و هەرچی تیایاندا دەجوڵێت ستایشی دەکەن.

٣٥ چونکە خودا سیهێون ڕزگار دەکات و شارەکانی ئیهوود بنیاد دەنێتەوە، لەوێ نیشتەجێ دەبن و دەبێتە موڵکیان.

٣٦ دەبێت بە میرات بۆ منداڵی ڕاژەکارەکانی، ئەوانەی ناوی ئەویان خۆشدەوێت تیایدا دەژین.

پەسنییەکان 70

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. هی داویدە. بۆ یادکردنەوە.

١ خودایە خێرا بە بۆ دەربازکردنم، ئەی پەروەردگار بۆ یارمەتیدانم.

٢ با ڕیسوا و شەرمەزا بن ئەوانەی گیانی منیان دەوێت. با ببەزێن و ڕیسوا بن ئەوانەی حەز بە خراپەی من دەکەن.

٣ با هەڵبێن لە شەرمان ئەوانەی پێم دەڵێن: "هۆی ها! هۆی ها!".

٤ با هەموو ئەوانەی تۆیان دەوێت، دڵخۆش و شادمان بن. با هەمیشە بڵێن: "مەزن بێت پەروەردگار" ئەوانەی حەز لە ڕزگاریی تۆ دەکەن.

٥ منیش هەژار و نەدارم. خودایە خێرابە بۆ لام. یارمەتیدەر و ڕزگاریدەرم تۆی، ئەی پەروەردگار دوامەکەوە.

پەسنییەکان 71

١ ئەی پەروەردگار، پەنام بە تۆ برد، هەرگیز شەرمەزار نابم.

٢ بە دادپەروەریت فریام بکەوە و دەربازم بکە. گوێم بۆ ڕاگرە و ڕزگارم بکە.

٣ بۆم ببە بە تاشەبەردی پەنا، هەمیشە پەنای بۆ ببەم. فەرمانی ڕزگاریم بدە، چونکە تۆ تاشەبەردی منیت، تۆ قەڵای منیت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ خودایە لە دەستی بەدکاران، لە چەپۆکی بەدکاران و ستەمکاران دەربازم بکە.

٥ چونکە تۆ هیوای منیت ئەی پەروەردگاری باڵادەستم، لە گەنجییەوە پشتوپەنای منیت.

٦ لە سکی دایکمەوە پشتم بە تۆ بەستووە، تۆ بووی لە هەناوی دایکمەوە دەرتهێنام، ستایشم هەمیشە بۆ تۆیە.

٧ بووم بە پەند لەلای زۆر کەس، بەڵام تۆ پەناگای بەهێزی منیت.

٨ دەمم پڕە لە ستایشی تۆ، لە شکۆدارکردنت بە درێژایی ڕۆژ.

٩ لە کاتی پیری فڕێم مەدە. کە هێزم لەبەر نەما وازم لێ مەهێنە.

١٠ چونکە دوژمنەکانم قسەم لەسەر دەکەن، ئەوانەی چاوەڕێی کوشتنم دەکەن، پێکەوە پیلان دەگێڕن.

١١ دەڵێن: "خودا وازی لێ هێناوە. ڕاوی بنێن و بیگرن، چونکە دەربازکەری نییە".

١٢ خودایە لێم دوور مەکەوە. خودایە زوو بگە فریام.

١٣ با شەرمەزار بن و لەناوبچن ئەوانەی سکاڵام لێدەکەن، با بە ڕیسوایی و سووکایەتی بپۆشرێن ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت.

١٤ بەڵام من هەمیشە هەر بە هیوام، تا دێت زیاتر ستایشت دەکەم.

١٥ دەمم باسی دادپەروەریت دەکات، بە درێژایی ڕۆژ باسی ڕزگاریت دەکات، چونکە نازانم چەندن.

١٦ دان بە پاڵەوانێتی پەروەردگاری باڵادەستم دەنێم. تەنها چاکخوازیی تۆ دەهێنمەوە یاد.

١٧ خودایە لە سەردەمی گەنجییەوە فێرت کردووم، تا ئێستا کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانت ڕادەگەیەنم.

١٨ خودایە لە پیری و ڕیش سپێتیم، وازم لێ مەهێنە، تا توانات ڕابگەێنم بۆ نەوەی داهاتوو، هێزت بۆ هەموو ئەوانەی دێن.

١٩ خودایە چاکخوازیت تا بەرزاییە، ئەوەی تۆ کردت زۆر مەزنە، خودایە کێ وەک تۆیە؟

٢٠ تۆ بووی تەنگانەی زۆر و تاڵت پیشاندایین، دەگەڕێیتەوە و زیندوومان دەکەیتەوە، لە ناخی زەوییەوە دووبارە بەرزمان دەکەیتەوە.

٢١ مەزنیم زیاتر دەکەیت، دەگەڕێیتەوە و دڵنەواییم دەکەیت.

٢٢ منیش بە ڕەبابە سوپاسی ڕەوای تۆی دەکەم، خودایە. بە عوودەوە پەسنیت بۆ دەڵێم، ئەی پارسای ئیسرائیل.

٢٣ لێوەکانم شادمان دەبن، کە پەسنیت بۆ دەڵێم، هەروەها گیانم، ئەوەی کە کڕیتەوە،

٢٤ زمانیشم بە درێژایی ڕۆژ باسی چاکخوازیت دەکات، چونکە شەرمەزار و سووک بوون، ئەوانەی گیانی منیان دەوێت.

پەسنییەکان 72

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

هی شلیمونە.

١ خودایە، دادپەروەری خۆت بدە بە پاشا، چاکخوازیت بە کوڕی پاشا.

٢ با بە دادپەروەری حوکمی گەلەکەت بکات، هەژارەکانتیشت بە ڕەوا.

٣ با چیاکان ئاشتی بۆ گەل دابین بکەن، گردەکانیش بێتاوانی.

٤ با دادوەری کڵۆڵانی گەل بکات. ڕۆڵەی نەداران ڕزگار بکات، ستەمکارانیش وردوخاش بکات.

٥ نەوە دوای نەوە لێت بترسن، تاکو خۆر و مانگ مابێت.

٦ وەک باران بەسەر گیادا ببارێت، وەک هەور زەوی ئاو بدات.

٧ خوداناسان لە ڕۆژانی ئەو شکۆفە دەکەن، ئاشتییەکی زۆر دەبێت تا فەوتانی مانگ.

٨ لە دەریاوە تا دەریا و لە ڕووبارەوە تا ئەو پەڕی زەوی حوکم دەکات.

٩ بیابانشینەکان چۆکی بۆ دادەدەن و دوژمنانی تۆز دەلێسنەوە.

١٠ پاشاکانی تەرشیش و دوورگە دوورەکان بەخشین دەنێرن، پاشاکانی شەبا و سەبا دیاری بۆ دێنن.

١١ هەموو پاشاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن. هەموو نەتەوەکان دەیپەرستن.

١٢ چونکە نەدار کە هاواری بۆ بکات، دەربازی دەکات، هەژاریش کە یارمەتیدەری نییە.

١٣ بەزەیی بە لاواز و نەداردا دێتەوە، گیانی هەژارەکان ڕزگار دەکات،

١٤ گیانیان لە چەوساندنەوە و توندوتیژی دەکڕێتەوە، خوێنی ئەوان لەلای بەنرخە.

١٥ دەژێیت و لە زێڕی شەبای پێدەدرێت. با هەمیشە لە پێناوی نوێژ بکرێت. با بە درێژایی ڕۆژ داوای داڕشتی بۆ بکرێت.

١٦ با دانەوێڵەیەکی زۆر لەسەر زەوی بێت، لەسەر لووتکەی چیاکان. بەرهەمی وەک لوبنان بشەکێتەوە، با ئەوانەی لەشارەکانن وەک گیای کێڵگە چڕۆ بکەن.

١٧ با تاهەتایە ناوی بمێنێت، تا خۆی مابێت ناوی بەردەوام بێت. هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لەوەوە داڕشت بن. هەمووان خۆزگەی پێ بخوازن.

١٨ پیرۆزە پەروەردگار خودا، خوداوەندی ئیسرائیل، بە تەنیا ئەوە کاری سەرسوڕهێنەر دەکات.

١٩ پیرۆزە ناوی شکۆداری تاهەتایە، با شکۆمەندیەکەی هەموو زەوی پڕ بکات. ئامین و ئامین.

نوێژەکانی داویدی کوڕی ئیشەی تەواو بوون.

پەسنییەکان 73

پەسنیەکی ئاسافە.

١ خودا چاکە بۆ ئیسرائیل، بۆ دڵپاکەکان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ بەڵام من خەریک بوو پێم بخزێت و زۆری نەمابوو هەنگاوم بخلیسکێت.
٣ چونکە ئیرەییم بە لووتبەرزەکان برد، کە ئاسوودەیی بەدکارانم دی.
٤ چونکە مەرگیان سەخت نییە، لەشیان قەڵەوە.
٥ لە ڕەنجکێشانی مرۆڤ بەدەرن، وەک خەڵکی تێناکەون.
٦ بۆیە ملوانکەی شانازییان کردۆتە مل و بەرگی ستەمکارییان پۆشیوە.
٧ چاویان بە چەوری پەڵماوە. لێکدانەوەی دڵیان بێ سنوورە.
٨ گاڵتەجاڕی دەکەن و بە خراپە دەدوێن، بە لووتبەرزییەوە باسی ستەم دەکەن.
٩ ڕووی دەمیان لە ئاسمان کردووە و زمانیشیان بەسەر زەویدا دەگێڕن.
١٠ بۆیە خەڵکی خۆیان دێنە لایان و ئاو بە زۆری دەخۆنەوە.
١١ دەڵێن: "چۆن خودا دەزانێت؟ ئایا لای هەرەبەرز زانیاری هەیە؟"
١٢ ئەوەتا ئەمانە بەدکارن، هەمیشە لە خۆشیدان و سامانیان لە زیادبووندایە.
١٣ بەڕاستی بە ناڕەوا دڵی خۆم بە پاکی ڕاگرتووە، دەستی خۆم بە بێگەردی شوشتووە.
١٤ بە درێژایی ڕۆژ لێم قەومابوو، هەموو بەیانیانێک تەمبێ کرابووم.
١٥ ئەگەر بموتایە وەک ئەوان قسە دەکەم، ئەوا لەگەڵ نەوەی ڕۆڵەکانت ناپاک دەبووم.
١٦ کاتێ ویستم لەمە تێبگەم، بە ئەرکێکی سەختم بینی،
١٧ تا چوومە نێو پارساگای خودا، ئەوسا لە چارەنووسیان گەیشتم.
١٨ بەڕاستی لە جێگایەکی خلیسک داتناون، تووشی وێرانیت کردوون.
١٩ چۆن بە چاوتروکانێک وێران بوون، لە ترسان بە تەواوی لەناوچوون.
٢٠ ئەی پەروەردگار، وەک خەون کاتی بەئاگا هاتنەوە، لە کاتی بەئاگایی سێبەریان ڕیسوا دەکەیت.
٢١ چونکە دڵم تاڵ بوو، گورچیلەی کون کردم
٢٢ گێل و نەزان بووم. لەلای تۆ وەک ئاژەڵم لێهات.
٢٣ بەڵام من هەمیشە لەلای تۆم، دەستە ڕاستت گرتم.
٢٤ بە ئامۆژگاریت ڕێنماییم دەکەیت، پاشان بۆ شکۆمەندیم دەبەیت.
٢٥ کێم هەیە لە ئاسمان؟ کە لەگەڵ تۆم، لەسەر زەویش هیچم ناوێ.
٢٦ لەش و دڵم لەناوچوون. هێزی دڵ و بەشی من خودایە تاهەتایە.
٢٧ چونکە ئەوەتا ئەوانەی لە تۆ دوورن بنەبڕ دەکرێن. ئەوانەی ناپاکیت لەگەڵ بکەن دوایان دەبڕیتەوە.
٢٨ بەڵام بۆ من نزیک بوونەوە لە خودا باشە. پەروەردگاری باڵادەستم کرد بە پەناگام، تا باسی هەموو کردەوەکانت بکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 74

هۆنراوەیەکی ئاسافە.

١ خودایە بۆچی تاهەتایە ڕەتمان دەکەیتەوە؟ بۆچی تووڕەییت دووکەڵ دەکات بەسەر مەڕی لەوەڕگاکەت.

٢ کۆمەڵی خۆت لە بیر بێت، کە لە کۆنەوە هەڵتبژارد، هۆزی میراتی خۆت کڕییەوە، ئەم کێوی سیهیۆنە کە تیایدا نیشتەجێ بوویت.

٣ هەنگاو هەڵبڕە بەرەو وێرانگای جاویدانی. هەموو ئەو وێرانکاریەی کە دوژمن بە پیرۆزگای کرد.

٤ ناحەزەکانت لەناوەندی شوێنی چاوپێکەوتنی تۆدا نەڕاندیان، ئاڵاکانیان وەک نیشانە چەقاند.

٥ لەوانە دەچوون کە تەورەکانیان بەرزکردۆتەوە، لەسەر درەختی دارستانەکان.

٦ بە تەور و چەکوش تێکیان شکاند. هەموو نەخشێنراوەکان.

٧ ئاگریان لە پارساگاکەت بەردا، خانەی ناوی تۆیان گڵاو کرد.

٨ لە دڵی خۆیاندا وتیان: "هەموویان لەناودەبەین!". هەموو دیدارگەیەکی خودایان لەسەر زەویدا سووتاند.

٩ پەرجوەکانمان نابینین. هیچ پێغەمبەرێک نەماوە، کەسیشمان نازانێت تا کەی؟

١٠ خودایە تا کەی ناحەزان جنێو بدەن؟ دوژمن تاهەتایە بێزیان لە ناوی تۆ بێت؟

١١ بۆچی دەستت دەگێڕیتەوە؟ دەستە ڕاستت لە باخەڵت دەربێنە و لەناویان ببە.

١٢ بەڵام خودایە تۆ هەر لە کۆنەوە پاشای منی، دروستکاری ڕزگاریت لەناوەڕاستی زەوی.

١٣ تۆ بە هێزی خۆت دەریات لەت کرد. سەری ئەژدیهاکانی دەریات لەسەر ئاو پانکردەوە،

١٤ تۆ سەری لیڤیاتانت وردوخاش کرد. کردت بە خۆراکی گەلی بیابان.

١٥ تۆ کانی و جۆگەکانت تەقاندەوە، تۆ ڕووبارە هەمیشە ڕۆیشتووەکانت وشککرد،

١٦ ڕۆژ هی تۆیە و شەویش هی تۆیە. تۆ ڕووناکی و خۆرت ئامادەکرد.

١٧ هەموو سنوورەکانی زەوی تۆ دیارت کردوون. تۆ هاوین و زستانت ئافراندووە.

١٨ ئەمەت لە بیر بێت: دوژمنان جنێویان بە پەروەردگار دا، گەلێکی نەزان سووکایەتییان بە ناوی تۆ کردووە.

١٩ گیانی کوکوختیەکانت مەدە زیندەوەرەکان، هەرگیز ژیانی هەژارەکانی خۆت لەبیر مەکە.

٢٠ پەیمانی خۆت بەجێ بهێنە، چونکە شوێنە تاریکەکانی زەوی بوونە لانەی ستەمکاری.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ ڕێ مەدە کەسی تێکشکاو بە شەرمەزاری بگەڕێتەوە، با هەژار و کۆڵان ستایشی ناوت بکەن.

٢٢ خودایە ڕاپەڕە. بەرگری لە مافی خۆت بکە. لەبیرت بێت چۆن نەزانەکان بە درێژایی ڕۆژ گاڵتەیان پێت دەگرد.

٢٣ قسەی دژەکانت لەبیر مەکە، ژاوەژاوی نەیارانت کە بەردەوام لە زیادبوونە.

پەسنییەکان 75

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی: "وێران مەکە". پەسنیەکی ستایشە هی ئاسافە.

١ سوپاست دەکەین، سوپاست دەکەین خودایە و ناوت نزیکە. باسی کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەین.

٢ "چونکە کات دیار دەکەم. بەڕاستی دادوەری دەکەم.

٣ کە زەوی و هەموو دانیشتووانەکەی تووانده‌وه. منم کۆڵەگەکانی دەپێوم. سیلاه.

٤ بە لووتبەرزان دەڵێم: شانازی مەکەن. بە خراپەکاران: شاختان بەرز مەکەنەوە.

٥ شاختان بەرەو ئاسمان بەرز مەکەنەوە و بە کەللـە ڕەقی مەدوێن".

٦ چونکە نە لە خۆرهەڵات و نە لە خۆرئاوا، نە لە دەشتی چیاکان شانازی نییە،

٧ بەڵکو خودا دادپەروەرە. ئەم نزم دەکات و ئەو بەرزدەکاتەوە.

٨ چونکە جام بەدەست پەروەردگارەوەیە، پڕە لە مەیەکی ترشاو و تێکەڵاو، لەمە تێدەکات. هەموو بەدکارانی سەر زەوی تا خڵتەکەی دەیمژن و لێی دەخۆنەوە.

٩ بەڵام من تاهەتایە ئەمە ڕادەگەیەنم. پەسنی بۆ خوداوەندی یاقوو دەڵێم.

١٠ هێزی هەموو بەدکارەکان دەڕووخێنم، هێزی خوداناسانیش زیاد دەکەم.

پەسنییەکان 76

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئامێرە ژێدارەکان. پەسنیەکی ستایشە. هی ئاسافە

١ لە ئیهوود دا خودا ناسراوە. لە ئیسرائیلدا ناوی مەزنە.

٢ کەپری لە شالیمە، هەواری لە سیهیۆنە.

٣ لەوێ تیرە گڕدارەکان و قەڵغان و شمشێر و جەنگەکانی تێکشکاند. سیلاه.

٤ تۆ ڕەوشەنی، لە چیای جەردەکان بەهێزتری.

٥ دڵپتەوەکان ماڵیان بە تاڵان چوو. خەوی خۆیان خەوتن، هیچ جەنگاوەرێک نەیتوانی دەست بکاتەوە.

٦ ئەی خودای یاقوو بە سەرزەنشتی تۆ، ئەسپ و سوار پێکەوە کەوتنە خەوێکی قووڵەوە.

٧ تۆ خۆت بەسامیت. کێ لە بەردەمت ڕادەوەستێت، لە کاتی تووڕەییت؟

٨ لە ئاسمانەوە حوکمت بیسترا. زەوی ترسا و کپ بوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ بە هەستانی خودا بۆ دادوەری، بۆ ڕزگارکردنی هەموو دڵنەرمەکانی زەوی. سیلاە.

١٠ چونکە تووڕەیی مرۆڤ سوپاست دەکات. پاشماوەی ڕقەکە بە ناوقەدتەوە دەبەستیت.

١١ نەزر بۆ پەروەردگار خوداوەندتان بکەن و بەجێی بهێنن، ئەی هەموو ئەوانەی لە دەوری دان. دیاری پێشکەش بە سامناک بکەن.

١٢ ئەوەی ڕووحی سەرۆکەکان هەڵدەکەنێت. سامناکە بۆ پاشاکانی سەر زەوی.

پەسنییەکان 77

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. ئاوازی یەدیتون. پەسنیەکی ئاسافە.

١ دەنگم بۆ خودا بەرز دەکەمەوە و هاوار دەکەم. دەنگم بۆ خودا بەرز دەکەمەوە، گوێم لێ دەگرێت.

٢ لە ڕۆژی تەنگانەم بەدوای پەروەردگاردا دەگەڕێم. بە درێژایی شەو دەست پان دەکەمەوە، بێ ئەوەی سڕبێت. گیانم نەوازش ڕەت ناکاتەوە.

٣ بیر لە خودا دەکەمەوە و دەناڵێنم. ورد دەبمەوە و ڕووحم دەبوورێتەوە. سیلاە.

٤ پێڵووی چاوەکانمت گرت. شپرزە بووم. قسەم پێ نەکرا.

٥ بیر لە ڕۆژگاری دێرین دەکەمەوە. ساڵانی ڕابردوو.

٦ شەوانە لە دڵی خۆم بیر لە پەسنیەکانم دەکەمەوە. ورد دەبمەوە و ڕووحی خۆم دەگەڕێت:

٧ "ئایا پەروەردگار تاهەتایە ڕەت دەکاتەوە. چیتر لێمان ڕازی نابێت؟

٨ ئایا میهرەبانیەکەی تاهەتایە نەماوە؟ ئایا بەڵێنەکانی بۆ نەوە دوای نەوە دواییان هاتووە؟

٩ ئایا خودا سۆزی لەبیر کردووە؟ یان لە تووڕەیی بەزەیی خۆی داخستووە؟" سیلاە.

١٠ دەڵێم: "ئەمە دەردی منە: دەستە ڕاستی هەرەبەرز گۆڕاوە".

١١ کردەوەکانی پەروەردگار دێنمەوە یادم. پەرجوەکانی تۆم لەبیرە کە لە کۆنەوەیە.

١٢ لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە و بیر لەکردەوە مەزنەکانت دەکەمەوە.

١٣ خودایە ڕێگات پارسایە. چ خوداوەندێک وەک خودا مەزنە؟

١٤ تۆ ئەو خوداوەندەیت کە پەرجوت کردووە و هێزی خۆت لەنێو گەلان دەرخستووە.

١٥ بە بازووی خۆت گەلی خۆت کڕییەوە. ڕۆڵەکانی یاقوو و یۆسپ. سیلاە.

١٦ خودایە کە ئاوەکان تۆیان بینی، کە ئاوەکان تۆیان بینی ترسان. قووڵاییەکانیش هەژان.

١٧ هەورەکان ئاویان ڕشت و هەورەتریشقەکان دەنگیان دایەوە. هەروەها تیرەکانت بریسکانەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ گرمەی هەورەتریشقەی تۆ لە گەردەلوول. بروسکەکان دونیای ڕووناک کردەوە.
زەوی لەرزی و هەژا.
١٩ ڕێگات بە نێو دەریادایە. ڕێچکەکانت بە نێو ئاوە زۆرەکانە، شوێن پێیەکانت
نەزانران.
٢٠ لەسەر دەستی موشێ و هارون. وەک مێگەلە مەڕ ڕێنمایی گەلی خۆت کرد.

پەسنییەکان 78

هۆنراوەیەکی ئاسافە.

١ ئەی گەلی من گوێ بدەنە فێرکردنم. گوێ شل کەن بۆ قسەکانی دەمم.
٢ بە پەند دەمم دەکەمەوە. مەتەڵی ڕۆژگاری کۆن دەردەبڕم.
٣ ئەوەی کە بیستوومانە و زانیومانە. ئەوەی باوباپیرانمان پێیان وتووین.
٤ ئەو شتانە لە ڕۆڵەکانیان ناشارینەوە، بەڵکو بە نەوەی داهاتوو، ستایشی پەروەردگار
ڕادەگەیێنین. هێزی و پەرجوەکانی کە کردوویەتی.
٥ لەنێو یاقوو گەواهیی دامەزراند. لەنێو ئیسرائیل تەورات. باوباپیرانی ئێمەی ڕاسپارد
کە فێری ڕۆڵەکانی خۆیانی بکەن.
٦ تاکو نەوەی داهاتوو بیانزانێت. ئەو منداڵانەی لەدایک دەبن. ئەوانیش هەستن و بۆ
ڕۆڵەکانی خۆیانی باس بکەن،
٧ تا هیوایان بە خودا بێت، کردەوەکانی خودایان لە یاد نەچێ. بەڵکو ڕاسپاردەکانی
بپارێزن.
٨ تا وەک باوباپیرانیان نەبن، نەوەیەکی یاخی و کەللەڕەق. نەوەیەک دڵیان جێگیر
نەبوو. ڕووحیشیان دڵسۆزی خودا نەبوو.
٩ ئەفرایمییەکان کە چەکیان تیروکەوان بوو، لە ڕۆژی جەنگدا کەڕانەوە.
١٠ پەیمانی خودایان شکاند، بەپێی فێرکردنی ڕەفتاریان نەکرد،
١١ کردەوەکانی خودایان لەبیرکرد. ئەو پەرجوانەی کە پیشانی دابوون.
١٢ لەبەرچاو باوباپیرانیان پەرجوی کرد. لە زەویی میسڕ. لە وڵاتی چۆعەن.
١٣ دەریای شەق کرد و پەڕاندنیەوە، وەک بەربەست ئاوی ڕاگرت.
١٤ بە ڕۆژ بە هەورەوە ڕێبەریی کردن. بە درێژایی شەویش بە ڕووناکی ئاگر.
١٥ لە بیابان تاشەبەردی لەتکرد و ئاوی پێدان. ئەوەندە زۆر وەک لە دەریاوە بێت.
١٦ جۆگەی لەنێو تاشەبەرد هەڵقوڵاند، وەک ڕووبار ئاوی بەردایەوە.
١٧ بەڵام بەردەوام بوون لە گوناهەکردن دژی، بۆ یاخیبوون دژی هەرەبەرز لە بیابان.
١٨ لە دڵی خۆیاندا خودایان تاقی کردەوە، بە داواکردنی ئەو خواردنەی دڵیان پێوەی
بوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ لە دژی خودا دووان. وتیان: "ئایا خودا دەتوانێت لە چۆڵەوانی مێزێک بڕازێنێتەوە؟

٢٠ ئەوەتا لە تاشەبەردەکەی دا و ئاوی لێ هێنا. دۆڵەکان ئاویان لێڕژا. ئایا دەتوانێت نانیش بدات و گۆشت بۆ گەلەکەی دابین بکات؟"

٢١ کە پەروەردگار ئەمەی بیست تووڕە بوو، ئاگری داگیرسا دژ بە یاقوو. هەروەها تووڕەیی هەستا لە ئیسرائیل.

٢٢ چونکە باوەڕیان بە خودا نەهێنا و پشتیان بە ڕزگاریەکەی نەبەست.

٢٣ جا فەرمانی دا بە هەورەکان لە بەرزایی، دەرگای ئاسمانانی کردەوە.

٢٤ مەنی بەسەریاندا باراند بۆ خواردن و دانەوێڵەی ئاسمانی پێدان.

٢٥ مرۆڤ نانی فریشتەکانیان خوارد. ئازووقەی بۆ ناردن تا تێربوون.

٢٦ لە ئاسمانەوە بای خۆرهەڵاتی هەڵکرد، بە هێزیشی بای باشووری بەرەو پێش برد.

٢٧ وەک گڵ گۆشتی بەسەریاندا باراند، وەک لمی دەریاکان پەلەوەری باڵدار.

٢٨ باراندیە نێو ئۆردوگاکەیان. لە دەوروبەری چادرەکانیان.

٢٩ خواردیان و زۆر تێر بوون، ئەوەی دڵیان پێوەی بوو بۆی هێنان.

٣٠ لایان نەدا لە حەزەکانیان. هێشتا خواردنەکەیان لەنێو دەم بوو،

٣١ ڕقی خودا لێیان هەستا. هەرە بەهێزەکانی کوشتن وباشترین گەنجەکانی ئیسرائیلی خست.

٣٢ لەگەڵ هەموو ئەمەشدا گوناهەیان کردەوە، باوەڕیان بە پەرجوەکانی نەهێنا.

٣٣ بە فوویەک ڕۆژگاری لەناوبردن، بە تۆقین ساڵانیان.

٣٤ ئەگەر بیانکوژێ بەدوایدا دەگەڕێن، بە زوویی دەگەڕێنەوە لای خودا،

٣٥ بەبیریان دێتەوە کە خودا تاشەبەردیانە، خودای هەرەبەرزیشە کە دەیانکڕێتەوە.

٣٦ بەڵام بە دەم فێڵ دەکەن. بە زمان درۆی لەگەڵ دەکەن.

٣٧ دڵیان لای ناچەسپێت. دڵسۆز نین لەگەڵ پەیمانەکەی.

٣٨ ئەویش بەزەییدارە و لە گوناه خۆشدەبێت. نافەوتێنێت. زۆرجار تووڕەیی خۆی دەگێڕێتەوە. هەموو قینی خۆی ناجۆشێنێت.

٣٩ بەبیری دێتەوە ئەمانە مرۆڤن. بایەکن هەڵدەکات و ناگەڕێتەوە.

٤٠ چەند جار لە چۆڵەوانی لێی یاخیبوون. لە بیاباندا دڵتەنگیان کرد.

٤١ گەڕانەوە و خودایان تاقی کردەوە. پارسای ئیسرائیلیان ئازار دا.

٤٢ دەستی ئەویان لەبیرچوو، ئەو ڕۆژەی ئەوانی لە دوژمن کڕییەوە.

٤٣ ئەو ڕۆژەی لە میسڕ نیشانەی پیشاندا، لە وڵاتی چۆعەن پەرجوی کرد.

٤٤ کەنداو و جۆگەکانیانی گۆڕی بۆ خوێن، بۆ ئەوەی نەخۆنەوە.

٤٥ مێشی نارد پێوەیان دان، بۆقی نارد بۆگەنیان کردن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٦ بەروبوومیانی ڕادەستی کوللـەحاجیی کرد، ماندووبوونیان بە کوللـە.

٤٧ بە تەرزە ڕەزەمێوەکانی لەناوبرد، بە زوقم دار هەنجیرەکانی وشککردن.

٤٨ گاوگۆتاڵیانی خستنە بەر تەرزە، ئاژەڵی ماڵی دانە بەر بروسکە.

٤٩ گڕی تووڕەیی خۆی ڕژاندە سەریان، ڕق و تۆڵە و بەڵا. بە فریشتەی لەناوبەر ناردی.

٥٠ ڕێگای بۆ تووڕەیی خۆی خۆشکرد. مەرگی لێ نەگێڕانەوە. بەڵکو ژیانیانی تووشی دەرد کرد.

٥١ لە هەموو نۆبەرەکانی میسڕی دا. لە یەکەم دەرکەوتنی هێزی دا لە وڵاتی حام.

٥٢ ئینجا وەک مەڕ گەلەکەی بەپێشدا، وەک ڕان لە چۆڵەوانی ڕابەرێتی کردن.

٥٣ ڕێنماییکردن بۆ دڵنیایی و نەترسان، ترسیان نەما. دەریا بەسەر دوژمنەکانیاندا هاتەوەیەک.

٥٤ بردنی بۆ سنووری پارسای. ئەو چیایەی بە دەستی ڕاستی بەدەستی هێنا.

٥٥ نەتەوەکانی لە بەردەم دەرکردن، میراتی بە گوریس بۆ دابەشکردن. هۆزەکانی ئیسڕائیلی لە خێوەتەکانیان نیشتەجێکرد.

٥٦ بەڵام خودای هەرەبەرزیان تاقی کردەوە و یاخی بوون. ئامۆژگارییەکانیان نەپاراست.

٥٧ بەڵکو هەڵگەڕانەوە و فێڵبازییان کرد. وەک باپیرانیان لە ڕێ لایاندا. وەک کەوانێکی چەوت.

٥٨ بە بەرزاییەکانیان پەستیان کرد، بە بتەکانیان قینیان جۆشاند.

٥٩ خودا ئەمەی بیست، پڕ تووڕەیی بوو. بە تەواوی ئیسڕائیلی ڕەتکردەوە.

٦٠ نشینگەی شیلۆی جێهێشت، ئەو چادرەی لەنێو خەڵک هەڵیدابوو.

٦١ سەربەرزیی خۆی دایە دەست. شکۆمەندی خۆی دایە دەست ناحەزەکانی.

٦٢ گەلی خۆی خستە بەردەمی شمشێر، لە میراتەکەی تووڕە بوو.

٦٣ لاوەکانیان ئاگر قووتی دان، کچەکانیان هەڵهەڵەیان لێ نەدا.

٦٤ کاهینەکانیان بە شمشێر کەوتن، بێوەژنەکانیان شیوەنیان نەگێڕا.

٦٥ ئەوسا پەروەردگار وەک خەوتوویەک هەستا، وەک پاڵەوانێک لە سەرخۆشی مەی هاوار بکات.

٦٦ لە دوژمنەکانی دا بۆ دواوە. کردنی بە ڕیسوایی هەمیشەیی.

٦٧ خێوەتی یۆسپی ڕەتکردەوە، هۆزی ئەفڕایمی هەڵنەبژارد.

٦٨ بەڵکو هۆزی ئیهوودی هەڵبژارد، کێوی سیهیۆن کە خۆشی دەوێت.

٦٩ وەک بەرزاییەکان پارساگای خۆی بنیاد نا. وەک زەوی تاهەتایە چەسپاندی.

٧٠ داویدی بەندەی خۆی هەڵبژارد، لەنێو مێگەلی مەڕ دەریهێنا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧١ لەدوای مەڕە شێردەرەکانەوە هێنای، بۆ ئەوەی ببێ بە شوانی یاقووی گەلی خۆی، ئیسرائیلی میراتگری خۆی.

٧٢ ئەویش بە تەواویی دڵ بەخێوی کردن. بە دەستێکی کارامە ئاراستەی کردن.

پەسنییەکان 79

پەسنیەکی ئاسافە.

١ خودایە. نەتەوەکان هاتوونەتە نێو میراتی تۆ. پەرستگای پارسای تۆیان گڵاو کردووە. یروشلایمیان کردووە بە کەلاوە.

٢ تەرمی بەندەکانی تۆیان کردووە بە خۆراکی باڵندەی ئاسمان و گۆشتی خوداناسانت بۆ دڕندەی زەوی.

٣ لە دەوروبەری یروشلایم وەک ئاو خوێنیان ڕشتن. کەس نەبوو بیانێژێت.

٤ بووین بە پەندی دراوسێیەکانمان. بووین بە سووکایەتی و گاڵتەجاڕیی دەوروبەرمان.

٥ ئەی پەروەردگار تاکەی، ئایا تا سەر هەر تووڕە دەبیت؟ تا کەی ئیرەییت وەک ئاگر دەسووتێت؟

٦ تووڕەی خۆت بەسەر ئەو نەتەوانەدا بڕێژە کە ناتناسن، بەسەر شانشینەکاندا بیڕێژە کە بە ناوت ناپاڕێنەوە.

٧ چونکە ئەوانە یاقوویان خواردووە. نیشتیمانیان خاپوور کردووە.

٨ گوناهی باپیرانی پێش خۆمان لەسەر مەژمێرە. با بەزەییت زوو پێشمان بکەوێت، چونکە ئێمە زۆر زەلیل بووین.

٩ ئەی خودای ڕزگاریدەرمان. یارمەتیمان بدە. لەبەر شکۆی ناوی خۆت، دەربازمان بکە و لە گوناهمان خۆش بە، لەپێناوی ناوی خۆت.

١٠ بۆچی نەتەوەکان بڵێن: "کوا خوداکەیان؟". با هەموو نەتەوەکان بزانن کە تۆ لەبەرچاوی هەموومان، تۆڵەی خوێنی ڕژاوی بەندەکانی خۆت کردۆتەوە.

١١ با ناڵەی دیلەکانت پێ بگات. بە مەزنیی بازووی خۆت بیانهێڵەوە. ئەوانەی بۆ مەرگن.

١٢ ئەی پەروەردگار. حەوت ئەوەندەی ئەو سووکایەتییەی دراوسێیەکانمان پێیان کردی. سووکایەتییان پێ بکە.

١٣ ئینجا ئێمەی گەلی تۆ. مەڕی لەوەڕگای تۆ. تاهەتایە سوپاست دەکەین. نەوە بە نەوە باسی ستایشی تۆ دەکەین.

پەسنییەکان 80

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. بە ئاوازی سەوسەن. گەواهیدانێکی ئاسافە. پەسنی.

١ ئەی شوانی ئیسرائیل گوێ ڕادێرە. ئەی ڕابەری یۆسپ وەک مێگەل. ئەی دانیشتووی سەر کەڕوبەکان بدرەوشێوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ لە بەردەم ئەفرایم و بنیامین و مەنەشێ پاڵەوانێتی خۆت بەدەرخە. بۆ ڕزگاریی ئێمە وەرە.

٣ خودایە بمانگێڕەوە. ڕووی خۆتمان لێ بدرەوشێنەوە تا ڕزگارمان بێت.

٤ ئەی پەروەردگار. خوداوەندی سوپاسالار، تا کەی لەسەر نوێژی گەلەکەت دووکەڵ دەکەیت؟

٥ تۆ نانی فرمێسکت دەرخوارد داون، فرمێسکت پڕ بە پێوانە پێ نۆشیون.

٦ دەمانکەیتە مایەی ناکۆکی لای دراوسێیەکانمان. ناحەزانمان لەنێو خۆیان پێمان پێدەکەنن.

٧ ئەی خوداوەندی سوپاسالار بمانگێڕەوە. ڕووی خۆتمان بۆ بدرەوشێنەوە تا ڕزگارمان بێت.

٨ دارمێوێکت لە میسڕەوە گواستەوە. نەتەوەکانت قاو دا و چاندت.

٩ بەرڕوویت ئامادە کرد، ڕەگ و ڕیشەیت داکوتا. زەوی پڕکرد.

١٠ سێبەرەکەی چیاکانی داپۆشی، چڵەکانی ئورزەکانی خودا.

١١ لقەکانی تا دەریا هاوێشت، پۆپەکانی بۆ دەم ڕووبار.

١٢ بۆچی شوورەکانیت ڕووخاند؟ تاکو هەر ڕێبوارێک لێی بکاتەوە.

١٣ بەرازی دارستان وێرانی دەکات، دڕندەکانی چۆڵەوانی لەسەری دەلەوەڕێن.

١٤ ئەی خودای سوپاسالار بمانگێڕەوە. لە ئاسمانەوە سەیر بکە و ببینە، ئەم دارمێوە بەسەربکەوە.

١٥ ئەو قەدەی دەستە ڕاستت چاندوویەتی. ئەو ڕۆڵەی بۆ خۆت هەڵتبژاردووە.

١٦ سووتاوە و بە ئاگر بڕاوەتەوە. بە سەرزەنشتی ڕووی تۆ لەناودەچن.

١٧ با دەستت لەسەر مرۆڤی دەستە ڕاستت بێت، لەسەر ئەو ڕۆڵەی مرۆڤە کە بۆ خۆت هەڵتبژارد.

١٨ ئیتر لێت هەڵناگەڕێینەوە. بمانژێنەوە و بە ناوی تۆوە دەپاڕێینەوە.

١٩ ئەی پەروەردگار، خوداوەندی سوپاسالار بمانگێڕەوە. ڕووی خۆتمان بۆ بدرەوشێنەوە با ڕزگارمان بێت.

پەسنییەکان 81

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی گتیت. هی ئاسافە.

١ پەسنی بڵێن بۆ خودای هێزمان. دەنگ هەڵببڕن بۆ خوداوەندی یاقوو.

٢ ئاوازێک بەرز بکەنەوە و دەف بهێنن. عوودێکی جوان لەگەڵ ڕەبابە.

٣ لە سەری مانگ کەڕەنا لێ بدەن، لە دەرکەوتنی مانگ، بۆ ڕۆژی جەژنەکانمان.

٤ چونکە ئەمە فەرزە لەسەر ئیسڕائیل، حوکمی خوداوەندی یاقووە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ لە یۆسپ دا کردی بە گەواهی. کە لە زەویی میسڕدا دەریهێنا. گوێم لە زمانێکە کە تێنەگەیشتین:

٦ "بارم لەسەر شانەکانی لادا. دەستەکانی لە سەبەتە بەربوون.

٧ لە تەنگانەدا هاوارت کرد. دەربازم کردیت. لەژێر سێبەری هەورەتریشقە وەڵامم دایتەوە. لە ئاوی مەریبا تاقیم کردیتەوە. سیلاە.

٨ ئەی گەلی من گوێ بگرە. ئاگادارت دەکەمەوە. ئەی ئیسڕائیل ئەگەر گوێ لە من بگریت!

٩ خوداوەندێکی نامۆت تێدا نەبێت. کڕنۆش بۆ خوداوەندێکی بیانی نەبەیت.

١٠ منم پەروەردگار، خودات، کە لە زەویی میسڕ دەرمهێنای. دەمت بکەوە پڕی دەکەم.

١١ بەڵام گەلەکەم گوێی لە قسەم نەگرت. ئیسڕائیل منی نەویست.

١٢ منیش ئەوانم دایە دەست دڵڕەقیی خۆیان، بە ڕاوێژی خۆیان ڕەفتار بکەن.

١٣ ئەگەر گەلەکەم بە قسەی منیان بکردایە. ئیسڕائیل ڕێگای منیان بگرتایە.

١٤ هەر زوو دوژمنەکانم بۆ ملکەچ دەکردن. دەستم درێژ دەکردە سەر ناحەزانیان.

١٥ ئەوانەی ڕقیان لە پەروەردگارە. لە ملکەچی دەبن. ڕۆژگاریان وادەبێت تاهەتایە.

١٦ باشترین گەنمم دەرخوارد دەدایت، لە تاشەبەردەوە تێر هەنگوینم دەکردیت".

پەسنییەکان 82

پەسنیەکی ئاسافە.

١ خودا لە کۆڕی هێزەکان ڕاوەستاوە. لەنێو خوداوەندەکان دادوەری دەکات.

٢ "تا کەی بە ستەم دادوەری دەکەن، لایەنگری بەدکاران دەکەن؟ سیلاە.

٣ بەرگری لە لاواز و هەتیوان بکەن. دادی هەژار و کڵۆڵان بدەن.

٤ فریای لاواز و نەداران بکەون. لە دەست بەدکاران دەربازیان بکەن.

٥ نازانن و تێناگەن. لە تاریکیدا دەڕۆن. هەموو بنچینەکانی زەوی دەشڵەژێن.

٦ من وتم ئێوە خوداوەندەکانن. هەمووتان ڕۆڵەی خودای بەرزن.

٧ بەڵام وەک ئادەمیزاد دەمرن، وەک یەکێک لە سەرۆکەکان دەکەون".

٨ خودایە هەستە. دادوەریی زەوی بکە. چونکە هەموو نەتەوەکان میراتی تۆن.

پەسنییەکان 83

ستایش. پەسنیەکی ئاسافە.

١ خودایە بێدەنگ مەبە. کپ مەبە. هێدی مەبە خودایە.

٢ ئەوەتا دوژمنانت هەرایانە. ناحەزانت سەریان بەرز کردۆتەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ دژ بە گەلەکەت پیلان دەگێڕن و ڕاوێژ دەکەن دژ بەوانەی تۆ پەنات داون.
٤ وتیان. "با لەنێو نەتەوەکان بیانسڕینەوە. لەمەودوا ناوی ئیسڕائیل باس ناکرێت".
٥ چونکە بە هاوبیری پێکەوە پیلان دەگێڕن. دژی تۆ پەیمانیان بەستووە.
٦ ڕەشماڵەکانی ئەدۆم و ئیسماعیلییەکان. مۆئاب و هاجەرییەکان.
٧ جبیل و عەمون و عەمالێق. فەلەستیە لەگەڵ دانیشتووی سوور.
٨ ئاشووریش چووەتە پاڵیان. بوونە بازووی بەهێزی نەوەی لۆت. سیلاە.
٩ هەر وەک چیت لە میدیان کرد، ئاوایان لێ بکە. هەروەک چیت لە سیسڕا و یاڤین کرد لە ڕووباری قیشۆن.
١٠ کە لە عێیندۆر فەوتان. بوون بە پەین بۆ زەوی.
١١ گەورەکانیان وەک عۆرێڤ و زئێڤ لێ بکە. وەک زەڤەح و چەلموناع و هەموو میرەکانیان.
١٢ ئەوانەی وتیان: "لەوەڕگاکانی خودا دەکەین بە موڵکی خۆمان".
١٣ خودایە بیانکە بە تەپوتۆز. وەک کای دەم بایان لێ بکە.
١٤ ئاگر چۆن دارستان دەسووتێنێت. وەک گڕ چیا دەسووتێنێت.
١٥ ئاوا بە ڕەشەبای خۆت قاویان بدە، بە گەردەلوولی خۆت بیانتۆقێنە.
١٦ ڕوویان بە ڕیسوایی بپۆشە، تاکو بەدوای ناوت بگەڕێن ئەی پەروەردگار.
١٧ تاهەتایە شەرمەزار و شپرزە بن. با ڕیسوا بن و بفەوتێن.
١٨ با بزانن کە تۆ ناوت یەهوەیە. لەسەر زەوی تەنها تۆ هەرەبەرزیت.

پەسنییەکان 84

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. لەسەر ئاوازی گتیت. پەسنیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەح.

١ ئەی پەروەردگاری سوپاسالار. ماڵەکەت چەند خۆشە!
٢ گیانم شەیدایە. بەڵکو تامەزرۆی چوونە نێو ماڵی پەروەردگارە. دڵ و لەشم دەنگ هەڵدەبڕن بۆ خوداوەندی زیندوو.
٣ چۆلەکە ماڵی دەست دەکەوێت و پەڕەسێلکەش هێلانە تا بێچووەکانی تێدا دابنێت. ئەی پەروەردگاری سوپاسالار، پاشا و خوداوەندم.
٤ بەختەوەری بۆ ئەوانەی لە ماڵی تۆدا نیشتەجێن. هەمیشە ستایشی تۆ دەکەن. سیلاە.
٥ بەختەوەری بۆ ئەوانەی سەربەرزییان لە تۆوەیە. ڕێگاکانی ماڵەکەت لەنێو دڵیاندایە.
٦ کە بە دۆڵی گریان تێدەپەڕن، دەیکەنە کانیاو. پاییزە بارانیش پڕ داڕشتی دەکات.
٧ لە هێزێکەوە دەچنە هێزێکی دیکە. تاکو هەریەک لەبەردەم خودا لە سیهیۆن دەربکەوێت.
٨ ئەی پەروەردگار، خوداوەندی سوپاسالار، گوێت لە نوێژم بێت. خودای یاقوو، گوێ شل بکە. سیلاە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ خودایە بڕوانە قەڵغانەکەمان. سەیری ڕوخساری مەسیحەکەت بکە.

١٠ چونکە یەک ڕۆژ لە حەوشەی ماڵی تۆ لە هەزار ڕۆژ لە شوێنێکی دیکە باشترە. ڕاوەستان لەبەردەرگای ماڵی خودای خۆمم هەڵبژارد. نەک نیشتەجێ لەنێو ڕەشماڵی بەدکاران.

١١ چونکە پەروەردگار، خودا، خۆر و قەڵغانە. پەروەردگار میهرەبانی و شکۆ دەبەخشێت. ڕێ لە چاکە ناگرێت بۆ ئەوانەی ڕێگایان تەواوە.

١٢ ئەی پەروەردگاری سوپاسالار، بەختەوەری بۆ ئەوەی پشت بە تۆ دەبەستێت.

پەسنییەکان 85

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی کوڕانی قۆرەحە.

١ ئەی پەروەردگار تۆ لە زەویی خۆت ڕازیت. دیلەکانی یاقووت گێڕاوەتەوە.

٢ لە تاوانەکانی گەلەکەت خۆش بوویت. هەموو گوناهەکانیت داپۆشیوە. سیلاە.

٣ هەموو تووڕەیی خۆت گرتەوە. لە جۆشەکانی تووڕەییت گەڕایتەوە.

٤ ئەی خودای ڕزگاریمان بمانگێڕەوە، ڕقی خۆتمان لەسەر لابدە.

٥ ئایا تاهەتایە لێمان تووڕە دەبیت؟ نەوە دوای نەوە درێژە بە تووڕەییت دەدەیت؟

٦ ئایا تۆ ناگەڕێیتەوە تا زیندوومان بکەیتەوە؟ تا گەلەکەت پێت شاد بێت.

٧ ئەی پەروەردگار. میهرەبانیەکەتمان پیشان بدە، ڕزگاریی خۆتمان پێ ببەخشە.

٨ ئەوەی خودا خودای پەروەردگار دەیفەرموێت. گوێی لێدەگرم. چونکە باسی ئاشتی دەکات بۆ گەلەکەی و بۆ خوداناسانی، تا نەگەڕێنەوە سەر گێلایەتی.

٩ چونکە ڕزگاریەکەی لەو کەسانە نزیکە کە لێی دەترسن، تا شکۆمەندیەکەی لە زەویی ئێمەدا نیشتەجێ بێت.

١٠ میهرەبانی و ڕەوا بە یەک گەیشتوون. بێتاوانی و ئاشتی یەکتری ماچ دەکەن.

١١ ڕەوا لە زەوییەوە دەڕوێت و بێتاوانی لە ئاسمانەوە سەر دەردێنێت.

١٢ هەروەها پەروەردگار چاکە دەبەخشێت و زەویی ئێمەش دەغڵودان دەدات.

١٣ باشخوازیش لە پێشی دەڕوات، ڕێگای بۆ خۆش دەکات.

پەسنییەکان 86

نوێژێکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار گوێ ڕادێرە و بەدەنگمەوە وەرە، چونکە من هەژار و نەدارم.

٢ ژیانم بپارێزە. چونکە من خوداناسم. خودایە بەندەکەی خۆت ڕزگار بکە کە پشتی پێت بەستووە.

٣ ئەی پەروەردگار لەگەڵم میهرەبان بە. چونکە من بە درێژایی ڕۆژ هاوارت بۆ دەکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ گیانی بەندەی خۆت شاد بکە، ئەی پەروەردگار چونکە گیانی خۆم بۆ تۆ بەرزدەکەمەوە.

٥ ئەی پەروەردگار، تۆ چاک و لێبووردوویت. پڕ لە میهرەبانیت بۆ ئەوانەی هاوارت بۆ دەهێنن.

٦ ئەی پەروەردگار گوێ لە نوێژم بگرە. گوێ لە پاڕانەوەم بگرە.

٧ لە ڕۆژی تەنگانەدا هاوار بۆ تۆ دەهێنم. چونکە بە هاوارمەوە دێیت.

٨ ئەی پەروەردگار، کوا هاوشێوەی تۆ لەنێو خوداوەندکان؟ کوا هاوشێوەی کردەوەکانت؟

٩ ئەی پەروەردگار، هەموو ئەو نەتەوانەی دروستت کردوون. دێن و لە بەردەم تۆدا کڕنۆش دەبەن و ناوت شکۆدار دەکەن.

١٠ چونکە تۆ مەزنیت و کاری سەرسوڕهێنەرت کردووە. هەر تەنیا تۆ خودایت.

١١ ئەی پەروەردگار، ڕێگای خۆتم فێر بکە. تا بە ڕەوای تۆ بڕۆم. دڵم یەک بخە بۆ ترسی ناوەکەت.

١٢ خودایە، پەروەردگارم، بە هەموو دڵەوە سوپاست دەکەم. تاهەتایە ناوت شکۆدار دەکەم.

١٣ چونکە میهرەبانیەکەت مەزنە بۆ من، گیانی منت لە دۆڵی بێبنی ژێرەوە دەربازکرد.

١٤ خودایە. لووتبەرزەکان لێم هەستاون، تاقمە زۆردارەکان دەیانەوێت لەناوم ببەن، تۆ لەبەرچاو ناگرن.

١٥ بەڵام ئەی پەروەردگار، تۆ خوداوەندێکی میهرەبان و بەزەییداریت، پشوودرێژیت و پڕیت لە میهرەبانی و ڕەوا.

١٦ ئاوڕم لێبدەوە و لەگەڵم میهرەبان بە. هێزی خۆت بە بەندەکەت ببەخشە و ڕۆڵەی کارەکەرەکەت ڕزگار بکە.

١٧ نیشانەی چاکەی خۆتم لەگەڵ بکە. بۆ ئەوەی ناحەزانم ببینن و شەرمەزار بن، چونکە تۆ ئەی پەروەردگار. یارمەتیت داوم و دڵنەواییت کردووم.

پەسنییەکان 87

پەسنیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە. ستایش.

١ بناغەکانی لە کێوی پارسایە.

٢ پەروەردگار دەروازەکانی سیهێونی لە هەموو ماڵی یاقوو خۆشتر دەوێت.

٣ ئەی شاری خودا. بە شکۆمەندی باست کراوە: سیلاە.

٤ "ڕاهەب و باڤل دێنمەوە یادم، لەوانەی دەمناسن. ئەوەتا فەلەستیە و سوور و خەڵکی کوش. ئەمە لە سیهێون لەدایکبووە".

٥ دەربارەی سیهێون دەووترێ: "ئەمە و ئەوەی تێدا لەدایکبووە و هەرەبەرز خۆی جێکیری دەکات".

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ پەروەردگار لە پەرتووکی گەلاندا تۆماری دەکات: "چونکە ئەمە لە سیهیۆن لەدایکبووە". سیلاە.

٧ ژەنیارەکان گۆرانی دەڵێن: "هەموو سەرچاوەکانمان لە تۆوەیە".

پەسنییەکان 88

ستایشە. پەسنییەکی ڕۆڵەکانی قۆرەحە. هی پێشەوای گۆرانییێژانە. گۆرانیەکە لەسەر "عوود". هۆنراوەیەکی هێمانی ئەزراحیە.

١ ئەی پەروەردگار، خوداوەندی ڕزگاریم، شەو و ڕۆژ بەرامبەر بە تۆ هاوارم کرد.

٢ با نوێژەکانم بگاتە بەردەمت. گوێ شل بکە بۆ هاوارم،

٣ چونکە گیانم لە نەهامەتی تێر بووە و ژیانم لە دۆڵی بێبن نزیک بووەتەوە.

٤ وەک ئەوانە دانراوم کە شۆڕبوونەتەوە نێو چاڵاو. وەک پیاوێکم لێهاتووە هێزی لێ بەربڕابێت.

٥ لەنێو مردووان وازلێهێنراو، وەک کوژراوەکانی نێو گۆڕ ڕاکشاو، ئەوانەی ئیتر یادیان ناکەیتەوە، ئەوانەی دەستت لێیان شۆردووە.

٦ لەنێو قووڵترین گۆڕ داتناوم. لەنێو جەرگەی تاریکی. لە قووڵایی.

٧ تووڕەییت بەسەرمەوە جێگیر بووە، شەپۆلەکانت ڕامدەماڵن. سیلاە.

٨ ناسیاوەکانمت لێ دوورخستمەوە. قێزم لێدەکەنەوە. گیراوم و دەرچوونم بۆ نییە.

٩ بەهۆی ژێردەستەیی چاوم کز بووە. ئەی پەروەردگار، بە درێژایی ڕۆژ هاوار بۆ تۆ دەکەم. دەستم لە تۆ پان دەکەمەوە.

١٠ ئایا کاری سەرسوڕهێنەر بۆ مردووان دەکەیت؟ یان خێوەکان هەڵدەستنەوە ستایشت بکەن؟ سیلاە.

١١ ئایا لەنێو گۆڕ باسی میهرەبانیەکەت دەکرێت. یان لە لەناوچوون باسی ڕەوای تۆ؟

١٢ ئایا لە تاریکایی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەناسرێت. یان لە زەویی لەبیرچوون باشخوازیت؟

١٣ بەڵام من ئەی پەروەردگار هاوار بۆ تۆ دەکەم، بەیانیان نوێژم بەرەو ڕووت دێت.

١٤ ئەی پەروەردگار، بۆچی گیانم ڕەتدەکەیتەوە؟ بۆچی ڕووی خۆتم لێ دەشاریتەوە؟

١٥ لە منداڵییەوە من کڵۆڵم و نزیکە مەرگم. بەرگەی ترسەکانی تۆم گرت و سەرگەردان بووم.

١٦ تووڕەییت بەسەرمدا تێپەڕی. ترسی بەڵاکانت وێرانی کردم.

١٧ وەک لافاو بە درێژایی ڕۆژ دەوری داوم. لە هەموو لایەکەوە دەوری گرتووم.

١٨ دۆست و خۆشەویستەکانت لێ دوورخستمەوە. تاریکی بووە بە ناسیاوم.

پەسنییەکان 89

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

هۆنراوەیەکی ئێیتانی ئەزراحیە.

١ تاهەتایە گۆرانی بەسەر میهرەبانیی پەروەردگار دەڵێم. نەوە دوای نەوە بە دەمم ڕەوات ڕادەگەیەنم.

٢ هەروەک وتم: "تاهەتایە میهرەبانی بنیاد دەنرێت. لەنێو ئاسمانان ڕەوات جێگیر دەبێت".

٣ فەرمووت: "پەیمانم لەگەڵ هەڵبژاردەی خۆم بەستووە. سوێندم بۆ داویدی بەندەم خواردووە:

٤ تاهەتایە وەچەت دەچەسپێنم. نەوە دوای نەوە تەختت بنیاد دەنێم". سیلاە.

٥ ئەی پەروەردگار ئاسمانان ستایشی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکات. هەروەها لەنێو کۆمەڵی پارسایانیش ڕەواکەت.

٦ چونکە کێ لە ئاسمان دا هاوتای پەروەردگارە. کام لە ڕۆڵەکانی پەروەردگار لە خودا دەکات؟

٧ خوداوەندێکی زۆر سامناکە لەنێو کۆمەڵی پارسایان. لای هەموو ئەوانەی دەوروبەری ترسناکە.

٨ پەروەردگار، ئەی خوداوەندی سوپاسالار کێ وەک تۆیە؟ بەهێزیت، پەروەردگاریت، ڕەوات دەوری داویت.

٩ دەسەڵاتت بەسەر هەڵچوونی دەریادا هەیە. کە شەپۆلەکانی بەرزدەبنەوە، هێمنیان دەکەیتەوە.

١٠ وەک بریندارێکی سەخت ڕاهەبت پان کردەوە. بە هێزی بازووت دوژمنەکانت پەرت کرد.

١١ ئاسمانان هی تۆیە هەروەها زەویش. گەردوون و هەرچی تێیدایە تۆ داتمەزراندوە.

١٢ باکوور و باشوور تۆ ئافریدەت کردوون. تابۆر و حەرمۆن بۆ ناوی تۆ دەنگ هەڵدەبڕن.

١٣ بازوی بەتوانات هەیە. دەستت بەهێزە. دەستە ڕاستت بەرزە.

١٤ دادپەروەری و ڕەوا بناغەی تەختی تۆن. میهرەبانی و سەرڕاستی لە بەردەمی تۆن.

١٥ بەختەوەری بۆ ئەو گەلەی دەزانن دەنگ هەڵببڕن. ئەی پەروەردگار، بە ڕووناکی ڕوخسارت ڕێ دەکەن.

١٦ بە ناوی تۆوە بە درێژایی ڕۆژ شادمان دەبن. بە دادپەروەریی تۆ بەرز دەبنەوە.

١٧ چونکە تۆ شانازیی هێزی ئەوانیت، ئێمە بە ڕەزامەندیی تۆ قۆچمان بەرز دەبێتەوە.

١٨ چونکە قەڵغانمان هی پەروەردگارە. پاشامان هی پارساکەی ئیسرائیلە.

١٩ جارێک لە بینیندا قسەت بۆ خوداناسەکەی خۆت کرد و فەرمووت: "هێزم بە پاڵەوان بەخشی. لەنێو گەل هەڵبژاردەم بەرزکردەوە.

٢٠ داویدی بەندەی خۆم دۆزییەوە. بە ڕۆنی پارسام دەستنیشانم کرد.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ ئەوەی دەستم پێوەی دەچەسپێت. هەروەها بازووم بەهێزی دەکات.
٢٢ دوژمن بەسەریدا زاڵ نابێت. نابێتە ژێر دەستەی ڕۆڵەی زۆردار.
٢٣ لە بەردەمی خۆی دوژمنانی تێکدەشکێنم. ناحەزانی تووشی بەڵا دەکەم.
٢٤ سەرڕاستی و میهرەبانیی منی لەگەڵدایە. بە ناوی منەوە قۆچی بەرز دەبێتەوە.
٢٥ وادەکەم دەستی بەسەر دەریاوە بێت. دەستە ڕاستی بەسەر ڕووبارەکان.
٢٦ بۆم هاوار دەکات: تۆ باوکمی. خوداوەندی منی. تاشەبەردی ڕزگاری منی.
٢٧ منیش دەیکەم بە نۆبەرەی خۆم. بەرزترین لە پاشایانی زەوی.
٢٨ تاهەتایە میهرەبانیی خۆمی بۆ دەپارێزم. پەیمانی من بۆ ئەو دەچەسپێت.
٢٩ وادەکەم تاهەتایە نەوەی هەبێت. تەختیشی وەک ڕۆژگاری ئاسمانان بێت.
٣٠ ئەگەر ڕۆڵەکانی واز لە فێرکردنم بهێنن. ڕێگای یاساکانی من نەگرنەبەر،
٣١ ئەگەر سەرپێچی فەرزەکانم بکەن، ڕاسپاردەکانم بەجێ نەگەیەنن.
٣٢ بە دار ڕاوی یاخیبوونەکانیان دەنێم. بە لێدان گوناهەکانیان.
٣٣ بەڵام میهرەبانیی خۆمی لێناکەمەوە، درۆ ناکەم دەربارەی سەرڕاستییەکەم.
٣٤ پەیمانی خۆم ناشکێنم و ئەوەی لە زارم دەرچووە نایگۆڕم.
٣٥ جارێک سوێندم بە پارسایی خۆم خوارد. درۆ لەگەڵ داوید ناکەم:
٣٦ تاهەتایە نەوەی دەمێنێت و تەختی وەک خۆر لە بەردەممدایە.
٣٧ هەمیشە وەک مانگ دەچەسپێت. ئەو گەواهیدەرەی لە ئاسمانیشە سەرڕاستە". سیلاە.
٣٨ بەڵام تۆ ڕەتت کردەوە و وازت لێی هێنا. تووڕەییت بەسەر مەسیحەکەتە.
٣٩ پەیمانی خۆت لەگەڵ بەندەکەت شکاند و تاجەکەی ئەوت لە گڵ وەردا و گڵاوت کرد.
٤٠ هەموو شووراکانیت ڕووخاند. قەڵاکانیت کردە کاولگە.
٤١ هەموو ئەوانەی تێدەپەڕن تاڵانیان کردی. بوو بە ڕیسوایی لەنێو دراوسێیەکان.
٤٢ دەستی ڕاستی دوژمنەکانیت بەرزکردەوە، هەموو ناحەزەکانیت دڵشاد کرد.
٤٣ دەمی شمشێرەکەیت هەڵگێڕایەوە و لە جەنگدا سەرتنەخست.
٤٤ شکۆمەندیەکەیت پووچەڵ کردەوە. تەختی ئەوت فڕێدایە سەر زەوی.
٤٥ ڕۆژگاری گەنجیت کورت کردەوە و بەرگی شەرمەزاریت کردە بەری. سیلاە.
٤٦ ئەی پەروەردگار تا کەی؟ ئایا بە تەواوی خۆت دەشاریتەوە؟ تا کەی قینت وەک ئاگر دادەگیرسێت؟
٤٧ لەبیرت بێت چەند تەمەنم کورتە. بۆ چ مەبەستێک ئادەمیزادت ئافراندووە!
٤٨ مرۆڤ هەیە بژێت و مەرگ نەبینێت؟ گیانی خۆی لە دەست دۆڵی بێبن دەرباز بکات؟ سیلاە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٩ ئەی پەروەردگار، کوا میهرەبانیەکەی جارانت، کە بە سەرڕاستیی خۆت سوێندت بۆ داوید خوارد؟

٥٠ پەروەردگار، شوورەیی بەندەی خۆت لە بیر بێت. چۆن هی هەموو گەلانم لە باوەشی خۆم گرتووە.

٥١ ئەو سووکایەتییەی دوژمنەکانت ئەی پەروەردگار، ئەوەی بە نەوەکانی مەسیحەکەت کرا.

٥٢ پیرۆزە پەروەردگار تاهەتایە. ئامین و ئامین.

پەسنییەکان 90

نوێژێکی موشێی پیاوی خودا.

١ ئەی پەروەردگار، نەوە دوای نەوە تۆ داڵدەمان بوویت.

٢ پێش ئەوەی چیاکان پەیدا ببن، یان زەوی و جیهان دروست ببن، لە ئەزەلەوە تا جاویدانی، تۆ خودایت.

٣ تۆ مرۆڤ دەکەیتەوە بە تۆز. دەفەرموویت: "ئادەمیزادینە. بگەڕێنەوە بۆ تۆز".

٤ چونکە لە لای تۆ. هەزار ساڵ وەک دۆینێ وایە کە تێپەڕیوە، وەک بەتڵی شەو وایە.

٥ مرۆڤ وەک خەون ڕادەماڵیت. وەک ئەو گیایەی سەرلەبەیانی دەبێتەوە.

٦ سەرلەبەیانی دەبووژێتەوە و نوێ دەبێتەوە. بۆ ئێوارە سیس دەبێت و وشک دەبێتەوە.

٧ چونکە بە تووڕەیی تۆ لەناوچووین و بە ڕقی تۆ تۆقین.

٨ گوناهەکانی ئێمەت لە بەردەمی خۆت داناوە. شتە شاراوەکانمان لەبەر ڕووناکی ڕوخسارت.

٩ چونکە هەموو ڕۆژگارمان بە ڕقی تۆ بەسەرچوو. ساڵانی تەمەنمان وەک هەناسەیەک بەسەر برد.

١٠ ساڵانی تەمەنمان حەفتا ساڵە یان هەشتا ساڵ ئەگەر بە هێزەوە بێت، ئەوەی مایەی شانازیش بێت ڕەنج و نەهامەتیە. چونکە بە پەلە دەڕەوێتەوە و ئێمە باڵدەگرێن.

١١ کێ هێزی تووڕەیی تۆ دەزانێت؟ چونکە تووڕەیی تۆ ترسێکی زۆر دەهێنێ.

١٢ ئیتر فێرمان بکە ڕۆژانمان بژمێرین، بۆ ئەوەی دڵێکی پڕ داناییمان هەبێت.

١٣ ئەی پەروەردگار، بگەڕێوە. تا کەی؟ لەگەڵ بەندەکانت میهرەبان بە.

١٤ سەرلەبەیانی لە میهرەبانیەکەت تێرمان بکە. تا هەموو ڕۆژانی ژیانمان دڵشاد و شادمان بین.

١٥ دڵشادمان بکە ئەوەندەی ئەو ڕۆژانەی تووشی ناخۆشیت کردین، ئەو ساڵانەی کە خراپەمان بینی.

١٦ کردەوە مەزنەکانت بۆ بەندەکانت دەربخە. شکۆمەندیت بەسەر ڕۆڵەکانیان.

١٧ با نیعمەتی پەروەردگار خوداوەندمان بەسەرمانەوە بێت، کردەوەکانی دەستمان بۆ بچەسپێنە، کردەوەکانی دەستمان بچەسپێنە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 91

١ ئەوەی لە پەناگای هەرەبەرز نیشتەجێیە، لە سێبەری خودای توانادار دەمێنێتەوە.
٢ بە پەروەردگار دەڵێم: "تۆ پەناگامی، قەڵامی، خوداوەندی منی پشتت پێدەبەستم".
٣ چونکە لە تۆڕی ڕاوچی دەربازت دەکات. لە دەردی مەترسیدار.
٤ بە باڵی خۆی داتدەپۆشێت. لەژێر باڵەکانی پەنا دەگریت و ڕەواکەی قەڵغان و شوورایە.
٥ نە لە تۆقانی شەو دەترسیت و نە لەو تیرەی بە ڕۆژ دەهاوێژرێت.
٦ نە لەو دەردەی کە لە تاریکیدا ڕێدەکات، نە لەو ئافاتەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ زیان دەبەخشێت.
٧ هەزار کەس لە تەنیشتت دەکەون. دە هەزار لەلای ڕاستت. بەڵام لە تۆ نزیک ناکەوێتەوە.
٨ بەڵکو بە چاوی خۆت سەیر دەکەیت و سزای بەدکاران دەبینیت.
٩ چونکە وتت "ئەی پەروەردگار تۆ پەناگای منیت". هەرەبەرزت کرد بە لانەی خۆت.
١٠ هیچ خراپەت بەسەر نایەت و هیچ بەڵایەک لە ماڵت نزیک ناکەوێتەوە.
١١ چونکە فریشتەکانی ڕادەسپێرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕێگاکانت بتپارێزن.
١٢ لەسەر دەستیان هەڵتبگرن، نەوەک پێت بەر بەردێک بکەوێت.
١٣ پێ بە شێر و مار دا دەنێیت. بەچکە شێر و ئەژدیها پێشێل دەکەیت.
١٤ پەروەردگار دەفەرموێت: "لەبەر ئەوەی دڵی بە منەوە بەندە، ڕزگاری دەکەم. بەرزی دەکەمەوە چونکە ناوی من دەناسێت.
١٥ هاوارم بۆ دەکات، وەڵامی دەدەمەوە، لەگەڵیدام لە تەنگانە، دربازی دەکەم و شکۆدرای دەکەم.
١٦ بە ڕۆژگاری درێژ تێری دەکەم. ڕزگاریی خۆمی نیشان دەدەم".

پەسنییەکان 92

پەسنی و ستایش بۆ ڕۆژی شەممە.

١ سوپاسکردنی پەروەردگار و پەسنی وتن بۆ ناوت چاکە ئەی هەرەبەرز.
٢ بەیانیان میهرەبانیت ڕابگەیەنرێت و سەرڕاستیت هەموو شەوێک.
٣ بە دە ژێیی و بە ڕەبابە. بە ئاوازی عوود.
٤ چونکە ئەی پەروەردگار، بە کردەوەکانت دڵخۆشت کردووم. بە کردەوەکانی دەستت شادمان دەبم.
٥ ئەی پەروەردگار، کردەوەکانت چەند مەزنە! بیرکردنەوەی تۆ چەند قووڵە!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ مرۆڤی گێل ئەمە نازانێت، نەزانیش ئەمە تێناگات.

٧ هەرچەندە خراپەکاران وەک گیا بگەشێنەوە و هەموو بەدکاران چرۆ بکەن، بۆ تاهەتاییە لەناودەچن.

٨ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگار، هەمیشە بەرزیت.

٩ چونکە ئەی پەروەردگار، ئەوەتا دوژمنەکانت، ئەوەتا دوژمنەکانت دەفەوتێن و هەموو بەدکاران پەرت و بڵاودەبنەوە.

١٠ بەڵام وەک گای کێویت قۆچم بەرز کرد. بە ڕۆنی گرانبەهات چەورم کرد.

١١ چاوم تەماشای شکاندنی دوژمنانم دەکات. گوێم لە هاواری ئەوانە دەبێت کە بە خراپە دژم هەستاون.

١٢ خوداناس وەک دارخورما گەشەدەکات. وەک ئورزی لوبنان گەشە دەکات.

١٣ لە ماڵی پەروەردگار ڕواون، لە بارەگای خوداوەندمان گەشە دەکەن.

١٤ بە پیریش هەر بەریان هەیە. هەمیشە تەڕ و سەوزن.

١٥ تا ڕابگەێنن کە پەروەردگار ڕاستە. تاشەبەردمە و ستەم لە ئەودا نییە.

پەسنییەکان 93

١ پەروەردگار حوکمڕانی دەکات. شکۆ دەپۆشێت، پەروەردگار توانا دەپۆشێت و لەخۆیی بەستووە. هەروەها جیهان جێگیرە و ناهەژێت.

٢ لە دێرزەمانەوە تەختت جێگیرە. تۆ لە ئەزەلەوە هەیت.

٣ ئەی پەروەردگار، ڕووبارەکان بەرزیان کردەوە، ڕووبارەکان دەنگیان بەرزکردەوە. ڕووبارەکان شەپۆلەکانیان بەرزدەکەنەوە.

٤ لە دەنگی ئاوی زۆر، لە توانای شەپۆلەکانی دەریا، پەروەردگار لە بەرزایی توانادارترە.

٥ ئەی پەروەردگار، گەواهییەکانت زۆر جێگیرن. پارسایی لە ماڵی تۆ دەوەشێتەوە بە درێژایی ڕۆژگار.

پەسنییەکان 94

١ ئەی خوداوەندی تۆڵە، ئەی پەروەردگار، ئەی خودای تۆڵە. بدرەوشێوە.

٢ ئەی دادوەری زەوی ڕاپەڕە. سزای لووتبەرزەکان بدەوە.

٣ ئەی پەروەردگار، تا کەی بەدکاران، تا کەی بەدکاران دڵشاد دەبن؟

٤ وتەکانی لووتبەرزی دەڕشێنەوە، هەموو بەدکاران شانازی بە خۆیانەوە دەکەن.

٥ ئەی پەروەردگار، گەلەکەت وردوخاش دەکەن. میراتت ژێردەستە دەکەن.

٦ بێوەژن و نامۆ دەکوژن، هەتیو سەردەبڕن.

٧ دەڵێن: ‘‘پەروەردگار نابینێت. خوداوەندی یاقوو ئاگای لێ نییە’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ ئەی گێلەکان لەنێو گەل، تێبگەن. ئەی نەزانەکان، کەی تێدەگەن؟

٩ ئایا ئەوەی گوێی چاندووە. نابیستێت؟ ئایا ئەوەی چاوی دروستکردووە. نابینێت؟

١٠ ئایا ئەوەی نەتەوەکان تەمبێ دەکات، سەرزەنشت ناکات؟ ئایا ئەوەی فێری مرۆڤ دەکات. زانینی نیە؟

١١ پەروەردگار بیرکردنەوەی مرۆڤ دەزانێت کە پووچە.

١٢ ئەی پەروەردگار، بەختەوەری بۆ ئەو مرۆڤەی تۆ تەمبێی دەکەیت. لە تەوراتی خۆت فێری دەکەیت.

١٣ لە ڕۆژی بەد ئارامی بکەیتەوە. تا گۆڕ بۆ بەردکار هەڵبکەندرێت.

١٤ چونکە پەروەردگار واز لە گەلی خۆی ناهێنێت. میراتی خۆی ڕەت ناکاتەوە.

١٥ چونکە دادپەروەری بۆ داد دەگێڕێتەوە. هەموو دڵڕاستەکان شوێنی دەکەون.

١٦ کێ بۆم لە دژی بەدکاران هەڵدەستێت؟ کێ بۆم لە دژی خراپەکاران بوەستێتەوە؟

١٧ ئەگەر پەروەردگار هاریکارم نەبووایە. گیانم لە نێو بێدەنگی مردووان نیشتەجێ دەبوو.

١٨ کاتێ وتم: "پێم دەخلیسکێت". ئەی پەروەردگار میهرەبانیەکەت پشتی گرتم.

١٩ کە خەم لە ناخم زۆر بێت. دڵنەوایی تۆ گیانی منی شاد کرد.

٢٠ ئایا تەختی گەندەڵی هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ دەبەستێت. ئەوانەی بەگوێرەی زۆرداری خۆیان، شێوەی یاسا دادەڕێژن؟

٢١ دژ بە گیانی خوداناس کۆدەبنەوە، خوێنێکی بێگەرد تاوانبار دەکەن.

٢٢ بەڵام پەروەردگار بۆم دەبێتە قەڵا. خوداوەندم بۆم بووە بە تاشەبەردی پەناگام.

٢٣ ئەو خراپەیەی دەیکەن بەسەر خۆیانیدا دەداتەوە و لە سزای بەدکاریی خۆیان لەناویان دەبات. پەروەردگاری خوداوەندمان لەناویان دەبات.

پەسنییەکان 95

١ وەرن پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێین، دەنگ هەڵببڕین بۆ تاشەبەردی ڕزگاریمان.

٢ بە سوپاسەوە بچینە بەردەمی، بە پەسنیەوە دەنگی بۆ هەڵببڕین.

٣ چونکە پەروەردگار خوداوەندێکی مەزنە، پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو خوداوەندکان.

٤ قوڵاییەکانی زەوی بە دەستە و ترۆپکی شاخەکان هی ئەون.

٥ دەریا هی ئەوە و ئەو دروستی کردووە. بە دەستی خۆی وێنەی وشکایی کێشاوە.

٦ وەرن، کڕنۆشی بۆ ببەین و لە بەردەم پەروەردگاری ئافرێنەرمان چۆک دابدەین.

٧ چونکە ئەو خوداوەندمانە و ئێمە گەلی لەوەڕگای ئەوین و مەڕی دەستی ئەوین. ئەمڕۆ ئەگەر گوێتان لە دەنگی بوو.

٨ دڵتان ڕەق مەکەن وەک لە مەریبا، وەک ئەو ڕۆژەی مەسا لە بیاباندا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ لەوێ باوباپیرانتان تاقییان کردمەوە. هەرچەندە کارەکانی منیشیان دیبوو.

١٠ چل ساڵ لەو نەوەیە تووڕە بووم و وتم: ‘‘ئەمانە گەلێکن دڵیان گومڕا بووە و ڕێگای منیان نەناسی’’.

١١ لە کاتی تووڕەییمدا سوێندم خوارد: ‘‘نایەنە نێو حەسانەوەی من’’.

پەسنییەکان 96

١ پەسنیەکی نوێ بۆ پەروەردگار بڵێن. پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێن ئەی هەموو زەوی.

٢ پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێن، ناوی پیرۆز بکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ موژدەی ڕزگاری ئەو ڕابگەیەنن.

٣ لەنێو نەتەوەکان شکۆمەندی ئەو ڕابگەیەنن، لەنێو هەموو گەلان کارە سەرسوڕهێنەرەکانی.

٤ چونکە پەروەردگار مەزنە و شایانی سوپاسی زۆرە. سامناکە بەسەر هەموو خوداوەندەکانەوە.

٥ چونکە هەموو خوداوەندەکانی گەلان بتن، بەڵام پەروەردگار ئاسمانانی دروست کردووە.

٦ شکۆ و سەربەرزی لە بەردەمیدان. هێز و جوانی لە پارساگاکەیدان.

٧ پێشکەشی بکەن بە پەروەردگار ئەی هەموو خێڵی گەلان، پێشکەشی بکەن بە پەروەردگار هێز و شکۆمەندی.

٨ پێشکەشی بکەن بە پەروەردگار شکۆمەندی ناوی خۆی. دیاری بهێنن و وەرنە نێو بارەگاکەی.

٩ بە پارساییەکی ڕازاوەوە کڕنۆش بۆ پەروەردگار ببەن. ئەی هەموو خەڵکی زەوی لە بەردەمی بلەرزن.

١٠ لەنێو نەتەوەکاندا بڵێن: ‘‘پەروەردگار پاشایەتی دەکات. جیهان جێگیرە و نالەقێت. بە دادپەروەری حوکم بەسەر گەلاندا دەدات’’.

١١ با ئاسمانان شادبێت و زەوی دڵخۆش بێت، با دەریا و هەرچی تیایەتی بجۆشێت.

١٢ با کێڵگە و هەرچی تیایەتی شاگەشکە بن. ئینجا هەموو درەختەکانی دارستان پەسنی بڵێن.

١٣ لە بەردەم پەروەردگار. چونکە هات. هات تا دادوەریی زەوی بکات. دادوەریی جیهان دەکات بە دادپەروەری. گەلانیش بە سەرڕاستی.

پەسنییەکان 97

١ پەروەردگار حوکم دەکات، با زەوی دڵخۆش بێت. دوورگە زۆرەکانیش شادمان بن.

٢ هەور و تەم لە دەوروپشتی ئەوە. دادپەروەری و ڕەوا بنچینەی تەختی ئەوە.

٣ ئاگر لە پێشیەوەیە، دوژمنەکانی دەوروبەری دەسووتێنێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ بروسکەکانی جیهان ڕووناک دەکەنەوە. زەوی چاوی پێکەوت و لەرزی.

٥ چیاکان وەک مۆم لە بەردەم پەروەردگار تووانەوە. لە بەردەم پەروەردگاری هەموو زەوی.

٦ ئاسمانان دادپەروەرییەکەی ڕادەگەیەنێت، هەموو گەلان شکۆمەندی ئەویان بینی.

٧ بت پەرستان شەرمەزار دەبن، ئەوانەی شانازی بە بت دەکەن. ئەی هەموو خوداوەندەکان کڕنۆشی بۆ ببەن.

٨ سیهیۆن بیستی و شادمان بوو. کچانی ئیهوود دڵخۆش بوون بە حوکمەکانت، ئەی پەروەردگار.

٩ چونکە تۆ ئەی پەروەردگار هەرەبەرزی لەسەر هەموو زەوی. لەسەر هەموو خوداوەندەکان زۆر بەرزبوویتەوە.

١٠ دۆستانی پەروەردگار ڕقیان لە بەدکاری دەبێتەوە. گیانی خوداناسەکانی دەپارێزێت. لە دەست خراپەکاران دەربازیان دەکات.

١١ ڕووناکی بۆ خوداناسان چێنراوە. شادی بۆ دڵڕاستەکان.

١٢ ئەی خوداناسان بە پەروەردگار شادبن. سوپاسی ناوە پارساکەی بکەن.

پەسنییەکان 98

پەسنیەك

١ پەسنیەکی نوێ بۆ پەروەردگار بڵێن، چونکە کاری سەرسوڕهێنەری کردووە. دەستە ڕاست و بازووی پارسای. سەرکەوتنیان بۆ بەدەستهێناوە.

٢ پەروەردگار ڕزگاری خۆیی ڕاگەیاند. باشخوازیەکەی بۆ نەتەوەکان دەرخست.

٣ میهرەبانییەکەی و سەرڕاستییەکەی بەیادهێنایەوە بۆ ماڵی ئیسرائیل. ئەوپەڕی زەوی ڕزگاریی خودای ئێمەیان بینی.

٤ ئەی سەراپای زەوی دەنگ هەڵببڕن بۆ پەروەردگار. دەنگ هەڵببڕن و پەسنی و گۆرانی بڵێن.

٥ بە عوود پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێن. بە عوود و دەنگی سروود.

٦ بە زوڕنا و دەنگی کەڕەنا. بەرامبەر بە پەروەردگاری پاشا دەنگ هەڵببڕن!

٧ با دەریا و هەرچی تیایەتی، با جیهان و دانیشتووانی بگرمێنن.

٨ با ڕووبارەکان چەپڵە لێ بدەن و چیاکان پێکەوە پەسنی بڵێن

٩ لە بەردەم پەروەردگار، چونکە دێت تا دادوەریی زەوی بکات. دادوەریی جیهان دەکات بە دادپەروەری. گەلانیش بە سەرڕاستی.

پەسنییەکان 99

١ پەروەردگار پاشایەتی دەکات. با گەلان بلەرزن. لەسەر کەڕوبەکان دانیشتووە. با زەوی بهەژێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ پەروەردگار مەزنە لە سیهیۆن، بەرزە و بەسەر هەموو گەلانەوەیە.

٣ با سوپاسی ناوی مەزن و سامناکەت بکەن، پارسایە ئەو.

٤ پاشا بەهێزە. حەز لە دادپەروەری دەکات. تۆ ڕاستوڕێکیت چەسپاند. ڕەوا و دادپەروەری لەنێو یاقوو تۆ دروستت کردووە.

٥ پەروەردگار خوداوەندمان بەرز بکەنەوە، لە تەختەپێی کڕنۆش ببەن. پارسایە ئەو.

٦ موشێ و هارون لەنێو کاهینەکانی ئەون. ساموئێل لەنێو ئەو کەسانەیە کە بەناوی ئەو دەپاڕێنەوە. لە پەروەردگار پاڕانەوە، ئەویش وەڵامی دانەوە.

٧ بە ستوونی هەور قسەی لەگەڵ کردن. گەواهیەکانیان پاراست. هەروەها ئەو فەرزەی پێی دان.

٨ ئەی پەروەردگار خوداوەندمان، تۆ وەڵامت دانەوە. خوداوەندێکی لێبووردە بوویت و تۆڵە سێنەر بوویت لەسەر کردەوەکانیان.

٩ پەروەردگار خوداوەندمان بەرز بکەنەوە. کڕنۆش بۆ چیای پارسای ببەن، چونکە پەروەردگار خوداوەندمان پارسایە.

پەسنییەکان 100

پەسنیەکی سوپاسکردن.

١ ئەی هەموو زەوی دەنگ بۆ پەروەردگار هەڵببڕن.

٢ بە شادمانی پەروەردگار بپەرستن. بە پەسنیەوە وەرنە بەردەمی.

٣ بزانن کە پەروەردگار خودایە. ئەو ئێمەی دروستکردووە و ئێمەش هی ئەوین، ئێمە گەل و مەڕی لەوەڕگای ئەوین.

٤ بە سوپاسەوە بڕۆنە نێو دەروازەکانی. بە ستایشەوە بڕۆنە نێو بارەگاکەی. سوپاسی بکەن و ناوی ستایش بکەن.

٥ چونکە پەروەردگار چاکە و میهرەبانیەکەی جاویدانیە. سەرڕاستیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە.

پەسنییەکان 101

پەسنیەکی داویدە.

١ گۆرانی لەسەر میهرەبانیەکەت و دادپەروەریت دەڵێم، ئەی پەروەردگار. پەسنی بۆ تۆ دەڵێم.

٢ لە ڕێگای تەواوی وریا دەبمەوە، کەی دێیت بۆ لام؟ بە دڵێکی تەواوەوە ڕەفتار دەکەم. لەنێو ماڵی خۆم.

٣ شتی خراپ لەبەر چاوم دانانێم. ڕقم لە کاری یاخیبووانە. بە منەوە نانووسێت.

٤ دڵی چەوت و چێڵ لە من دوور دەبێت. پەیوەندیم بە بەدکارییەوە نابێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئەوەی بەدزییەوە غەیبەتی نزیکەکەی بکات. دەمکوتی دەکەم. لەگەڵ لووتبەرز و دڵ
پڕ لە فیز بەرگە ناگرم.
٦ چاوم لە سەرڕاستانی زەوییە. تا لەگەڵ خۆم دایاننیشێنم. ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان
گرتووە و خزمەتم دەکەن.
٧ ئەوەی بە فێڵ ئیش بکات، لە ماڵی من دانانیشێت. ئەوەی درۆ بکات، لەبەرچاوی من
ناوەستێت.
٨ بەیانیان زوو هەموو بەدکارەکانی زەوی دەمکوت دەکەم. لە شاری پەروەردگاردا
دوایان دەبڕێتەوە. هەموو تاوانباران.

پەسنییەکان 102

نوێژی هەژارێک. کە هاواری دەباتە بەردەم خودا.

١ ئەی پەروەردگار. گوێ لە نوێژم بگرە، با هاوارم بگاتە لات.
٢ لە ڕۆژی تەنگانەدا ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە. لەو ڕۆژەی کە هاوارت بۆ دەکەم
گوێم بۆ شل بکە. زوو وەڵامم بدەرەوە.
٣ ڕۆژگارم وەک دووکەڵ ڕەوییەوە، ئێسکم وەک پشکۆ گڕیگرتووە.
٤ دڵم هەڵپرووکاوە وەک گیا و وشک بووەتەوە. نانخواردنم لەبیر نەماوە.
٥ لە دەنگی ناڵەم ئێسکم بە پێستمەوە نووساوە.
٦ وەک کوندەپەپووی بیابانی چۆڵەوانیم لێ هاتووە. وەک کوندەبەبووی کەلاوەم لێ
هاتووە.
٧ ڕادەکشێم و وەک چۆلەکەیەکی تەنیای سەربانم لێ هاتووە.
٨ بە درێژایی ڕۆژ دوژمنەکانم سووکایەتیم پێدەکەن. ئەوانەی دژی منن وەک شێتیان
لێ هاتووە. نەفرەتم لێدەکەن.
٩ بۆیە خۆڵەمێش دەخۆم وەک نان. فرمێسکم تێکەڵ بە خواردنەوەم بووە،
١٠ لەبەر تووڕەیی و قینی تۆ. چونکە هەڵتگرتم و فڕێتدام.
١١ ڕۆژگارم وەک سێبەری چەوتە. خۆشم وەک گیا وشک دەبمەوە.
١٢ تۆش ئەی پەروەردگار تاهەتایە لەسەر تەختی. نەوە دوای نەوە یادت دەکەنەوە.
١٣ تۆ هەڵدەستیت و بەزەییت بە سیهێون دێتەوە، چونکە ماوەی میهرەبانییە، چونکە
کاتی هاتووە.
١٤ چونکە بەندەکانت بە تاسەوەن بۆ بەردەکانی. دڵیان دەسووتێ بۆ گڵەکەی.
١٥ نەتەوەکان لە ناوی پەروەردگار دەترسن، هەموو پاشاکانی زەویش لە شکۆمەندیت.
١٦ چونکە کە پەروەردگار سیهێونی بنیاد نا، بە شکۆمەندیی خۆی دەبینرێت.
١٧ ئاوڕ لە نوێژی ناچارەکان دەداتەوە، نوێژەکانیان بە کەم نازانێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ ئەمە بۆ نەوەی داهاتوو دەنووسرێت، گەلێک ئافریدە دەکرێت کە ستایشی پەروەردگار دەکات.

١٩ چونکە پەروەردگار لە بەرزایی پارساگای خۆیەوە دەڕوانێتە خوارەوە. لە ئاسمانەوە سەیری زەوی دەکات،

٢٠ تا هەنیسکی دیلەکان ببیستێت، ڕادەستکراوانی مەرگ ئازاد دەکات.

٢١ تا لە سیهیۆن باسی ناوی پەروەردگار بکرێت، لە یروشلایم ستایشی.

٢٢ کاتێ گەلان و پاشایەتییەکان پێکەوە بۆ پەرستنی پەروەردگار کۆدەبنەوە.

٢٣ لە ناوەڕاستی تەمەنم هێزی کزکردم. ڕۆژگاری کورتکردم.

٢٤ دەڵێم: "خودایە، لە ناوەڕاستی ڕۆژگارم لام مەدە. ساڵانی تۆ بۆ نەوە دوای نەوەیە.

٢٥ لە سەرەتاوە زەویت دامەزراندووە. ئاسمانانیش دەستکردی تۆن.

٢٦ ئەوان لەناودەچن، بەڵام تۆ دەمێنیت. هەموو وەک کراس کۆن دەبن، وەک پۆشاک دەیانگۆڕیت و دەگۆڕێن.

٢٧ بەڵام تۆ هەر وەک خۆتی. ساڵانی تۆ کۆتایی نایەت.

٢٨ ڕۆڵەکانی بەندەکانت نیشتەجێ دەبن و نەوەکانیان لە بەردەمت جێگیر دەبن".

پەسنییەکان 103

گۆرانییەکی داویدە.

١ ئەی گیانی من. ستایشی پەروەردگار بکە، هەموو ناخیشم با ستایشی ناوی پارسای بکات.

٢ ئەی گیانی من. ستایشی پەروەردگار بکە. هەموو چاکەکانی لە بیر مەکە.

٣ ئەوەی لە هەموو گوناهێکت خۆشدەبێت. لە هەموو نەخۆشییەک چاکت دەکاتەوە.

٤ ئەوەی ژیانت لە گۆڕ دەکڕێتەوە. ئەوەی میهرەبانی و بەزەیی دەکاتە تاجی سەرت.

٥ ئەوەی تەمەنت تێر دەکات بە چاکە، تاکو گەنجێتیت وەک هەڵۆ نوێ ببێتەوە.

٦ پەروەردگار دادپەروەری ئەنجام دەدات. دادوەری دەکات بۆ هەموو چەوساوەکان.

٧ ڕێگای خۆی بە موشێ ناساند، کردەوەکانی بە نەوەکانی ئیسرائیل.

٨ پەروەردگار میهرەبان و بە بەزەییە، پشوودرێژە و میهرەبانیی زۆرە.

٩ تاوانبارکردنی تا سەر نییە، کینەی جاویدانی نییە.

١٠ بە گوناهەکانمان لەگەڵ ناکات و بەگوێرەی تاوانەکانمان سزامان ناداتەوە.

١١ چونکە وەک بەرزی ئاسمانان لەسەر زەوییەوە، میهرەبانییەکەی هەڵداوە بەسەر ئەوانەی لێی دەترسن.

١٢ وەک دووری خۆرهەڵات لە خۆرئاواوە، یاخیبوونەکانمانی لێ دوور خستووینەتەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ وەک باوک چۆن بەزەیی بە ڕۆڵەکانیدا دێتەوە، پەروەردگاریش ئاوا بەزەیی بەوانە دێتەوە کە لێی دەترسن.

١٤ چونکە دەزانێت چۆن پێکهێنراوین، لەبیریەتی کە ئێمە گڵین.

١٥ مرۆڤ ڕۆژگاری ژیانی وەک گیا وایە. وەک گوڵی نێو کێڵگە گوڵ دەکات.

١٦ چونکە بایەک بەسەریدا هەڵبکات، نامێنێت. ئاسەواریشی دیار نابێت.

١٧ بەڵام میهرەبانیی پەروەردگار تاهەتایە و جاویدانیە بەسەر ئەوانەیە کە لێی دەترسن، دادپەروەرییەکەشی بۆ ڕۆڵەی ڕۆڵەکانە،

١٨ بۆ ئەوانەی پەیمانی دەپارێزن. ئەوانەی ڕاسپاردەکانی ئەویان لەبیرە تا پەیڕەوی بکەن.

١٩ پەروەردگار تەختی خۆی لە ئاسمانان چەسپاندوە و پاشایەتییەکەشی بەسەر هەمووانە و فەرمانڕەوایەتی دەکات.

٢٠ ئەی فریشتەکانی، ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی ئەو بەهێزانەی وتەی بەجێدەهێنن. ئەی ئەوانەی گوێڕایەڵی وتەی دەبن.

٢١ ئەی هەموو سوپاکانی، ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی ڕاژەکارانی کە بە ڕەزامەندی ئەو دەکەن.

٢٢ ئەی هەموو کردەوەکانی، ستایشی پەروەردگار بکەن لە هەموو شوێنێکی ژێر دەسەڵاتی. ئەی گیانی من، ستایشی پەروەردگار بکە.

پەسنییەکان 104

١ ئەی گیانی من. ستایشی پەروەردگار بکە. ئەی پەروەردگاری خودام، تۆ زۆر مەزنیت. شکۆمەندی و پایەبەرزیت پۆشیوە.

٢ وەک بەرگ ڕووناکیت پۆشیوە. وەک خێوەت ئاسمانانت هەڵداوە.

٣ وەک کاریتە بەرزاییەکەت لەسەر ئاو داناوە. هەوری ئاسمان بووەتە گالیسکەت. بەسەر باڵی باوە دەڕۆیت.

٤ باکانت کردۆتە فریشتەکانت. بڵێسەی ئاگر بەندەکانت.

٥ زەویت لەسەر بناغەی خۆی دامەزراندووە. تاهەتایە و تا جاویدانی نالەقێت.

٦ تۆ وەک کراس زەویت بە دەریای قووڵ داپۆشی. لەسەر چیاکان ئاو ڕادەوەستێت.

٧ بەڵام لە سەرزەنشتی تۆ هەڵدێن. لە گرمەی گەوارەی تۆ ڕادەکەن.

٨ بەسەر چیاکان کەوتن و شۆڕ دەبنەوە نێو دۆڵەکان، بۆ ئەو شوێنەی تۆ بۆت دامەزراندووە.

٩ سنوورێکت دانا لێی تێنەپەڕن. نەگەڕێنەوە تا زەوی داپۆشن.

١٠ کانیاو دەتەقێنیەوە لەنێو دۆڵەکان. تا لە نێوان چیاکاندا ڕێ بکەن.

١١ هەموو زیندەوەرێکی دەشتودەر ئاودەدەن. کەرەکێوییەکان تینوویەتی خۆیانی پێ دەشکێنن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ باڵندەی ئاسمان دڵنیا دەبێت پێیان و هێلانە دەکات. لەنێو چڵەکان دەخوێنێت.

١٣ لە بەرازایی خۆتەوە چیاکان ئاو دەدەیت. زەوی لە بەروبوومی کردەوەکانت تێر دەبێت.

١٤ گیا بۆ ئاژەڵی ماڵی دەڕوێنیت، سەوزە بۆ خزمەتی مرۆڤ، بۆ دەرهێنانی نان لە زەوییەوە.

١٥ مەییش دڵی مرۆڤ خۆش دەکات. ڕۆن بۆ درەوشانەوەی زیاتری ڕووی. نانێکە بۆ پتەوکردنی دڵی مرۆڤ.

١٦ درەختەکانی پەروەردگار تێر دەبن، ئەو ئورزەی لوبنان کە چاندی.

١٧ ئەوەی چۆلەکە هێلانەی تێدا دەکات. لەقلەقیش سنەوبەر ماڵیەتی.

١٨ چیای بەرزیش بۆ بزنە کێوی. تاشەبەردەکانیش پەناگای گۆرهەڵکەنە.

١٩ مانگی دروستکرد بۆ کاتەکان. خۆریش ئاوابوونی خۆی دەزانێت.

٢٠ تاریکی دادێنێت دەبێت بە شەو. هەموو زیندەوەری دارستان تیای دەکەونە جموجۆڵ.

٢١ بەچکە شێر بۆ نێچیر دەنەڕێنن، بۆ داواکردنی خواردنیان لە خودا.

٢٢ کە خۆر هەڵدێت دەکشێنەوە. لەنێو لانەکانیان خۆیان مات دەکەن.

٢٣ مرۆڤ دەردەچێت بۆ ئیش و کاری، بۆ ڕەنجکێشیەکەی تاکو ئێوارە.

٢٤ ئەی پەروەردگار، کردەوەکانت چەند مەزنن! هەموویت بە دانایی دروستکردووە. زەوی پڕە لە دەستکردی تۆ.

٢٥ ئەم دەریا گەورە و فراوانە. کە بێشومار گیانداری گەورە و بچووکی تێدا جمەی دێت.

٢٦ لەوێ کەشتییەکان ڕێ دەکەن. لیڤیاتان. ئەمەت ئافراندووە تا یاری تێدا بکات.

٢٧ ئەمانە هەمووی چاویان لە تۆیە. تا لە کاتی خۆی خواردنیان بدەیتێ.

٢٨ پێیان دەدەیت و دەیقۆزنەوە. دەستت دەکەیتەوە تێر چاکە دەبن.

٢٩ ڕوو وەردەگێڕیت، دەتۆقن. هەناسەیان لێدەبڕیت و دەمرن، دەگەڕێنەوە بۆ گڵی خۆیان.

٣٠ کاتێ ڕووحی خۆت دەنێریت، ئافریدە دەبن. ڕووی زەوی نوێ دەکەیتەوە.

٣١ با شکۆی پەروەردگار تاهەتایە بەردەوام دەبێت. با پەروەردگار بە کارەکانی خۆی دڵخۆش بێت.

٣٢ ئەوەی سەیری زەوی دەکات، لەرز دەیگرێت. دەستت دەداتە چیاکان. دووکەڵ دەکەن.

٣٣ بە درێژایی ژیانم گۆرانی بۆ پەروەردگار دەڵێم. تاکو ماوم پەسنی بۆ خوداوەندم دەڵێم.

٣٤ با سروودم شیرین بێت لە لای. منیش بە پەروەردگار دڵخۆش دەبم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ با گوناهباران لەسەر زەوی دواییان ببڕێتەوە. با بەدکاران ئیتر نەمێنن. ئەی گیانی من. ستایشی پەروەردگار بکە. هەلیلویا.

پەسنییەکان 105

١ سوپاسی پەروەردگار بکەن و بە ناوی ئەوەوە نوێژ بکەن. کردەوەکانی بە نەتەوەکان بناسێنن.

٢ گۆرانیی بۆ بڵێن. پەسنیی بۆ بڵێن. سروود بۆ هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بڵێن.

٣ شانازی بە ناوی پارسایەوە بکەن. با دڵی ئەوانە خۆش بێت کە بە دوای پەروەردگاردا دەگەڕێن.

٤ داوای پەروەردگار و هێزەکەی بکەن. هەمیشە بەدوای ڕوخساریدا بگەڕێن.

٥ باسی ئەو نیشانانەی بکەن کە پیشانی داوە، پەرجو و حوکمەکانی زاری.

٦ ئەی نەوەی ئەوڕاهیمی بەندەی خۆی، ئەی ڕۆڵەکانی یاقوو، هەڵبژاردەکانی.

٧ ئەو پەروەردگاری خوداوەندمانە. حوکمەکانی لە سەراپای زەوییە.

٨ تاهەتایە پەیمانەکەی لە یادە، ئەو فەرموودەیەی ڕایسپارد بۆ هەزار پشتە.

٩ ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئەوڕاهیم بەستی. ئەو سوێندەی بۆ ئسخەقی خوارد.

١٠ وەک فەرز بۆ یاقوو چەسپاندی. پەیمانێکی هەمیشەییە بۆ ئیسرائیل.

١١ فەرموویەتی: ‘‘زەویی کەنعان بە تۆ دەدەم. بەشە میراتی خۆتانە’’.

١٢ ئەو کاتەی ژمارەیان کەم بوو. کەم و نامۆ بوون لەو زەویەدا.

١٣ لە نەتەوەیەکەوە دەچوونە نەتەوەیەکی دیکە. لە پاشایەتییەکەوە بۆ گەلێکی دیکە.

١٤ لێ نەگەڕا کەس ستەمیان لێ بکات، بەڵکو لەپێناویان پاشایانی سەرزەنشت کرد،

١٥ دەیفەرموو: ‘‘دەست لە دەست نیشانکراوەکانم مەدەن، خراپە لەگەڵ پێغەمبەرەکانم مەکەن’’.

١٦ جاڕی برسیێتی دا لەسەر زەوی. هەموو نانێکی لە زەوی بڕی.

١٧ کەسێکی لە پێشیانەوە نارد. یۆسپ بە کۆیلایەتی فرۆشرا.

١٨ بە کۆت ئازاری پێیەکانیان دا. ئاسنیان لە ملی کرد،

١٩ تا کاتی هاتنەدیی قسەکەی. فەرموودەی پەروەردگار تاقیی کردەوە.

٢٠ پاشا ناردی و کردیانەوە. فەرمانڕەوای گەلان ئازادی کرد.

٢١ کردی بە گەورەی ماڵی خۆی، کردی بە دەسەڵاتداری هەموو موڵکی خۆی.

٢٢ تا بە دڵی خۆی میرەکانی بەند بکات. ڕیش سپێکانی فێری دانایی بکات.

٢٣ جا ئیسرائیل هاتە میسڕ. یاقوو لە زەویی حام بوو بە لانەواز.

٢٤ وای کرد گەلەکەی زۆر بە بەروبووم بن، لە هەموو دوژمنەکانی سەربەرزتری کردن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ دڵی گۆڕین تا ڕقیان لە گەلەکەی بێتەوە. تا فێڵ لە بەندەکانی بکەن.
٢٦ موشێی بەندەی خۆی نارد و هاڕون ئەوەی هەڵبژارد.
٢٧ لەنێوانیان وشەی نیشانەکانی ئەویان هێنایە دی. پەرجوەکانی لە زەویی حام.
٢٨ تاریکی نارد و تاریک داهات، دژ بە فەرموودەکەی نەوەستان.
٢٩ ئاوەکانی گۆڕین بۆ خوێن. ماسییەکانیانی کوشت.
٣٠ زەوی پڕبوو لە بۆق، تەنانەت لەنێو نوێنی پاشاکانیان.
٣١ فەرمانی دا و مێش و مەگەز هاتە نێو هەموو سنوورەکانیان.
٣٢ بارانی کردن بە تەرزە. ئاگری بە گڕ لە زەوییەکانیان.
٣٣ لە دارمێو و هەنجیرەکانی دان، درەختی سنوورەکانیانی شکاند.
٣٤ بە فەرمانی ئەو کوللـە و کوللـەحاجی بە بێشومار هات.
٣٥ هەموو سەوزایی وڵاتەکەیانی خوارد، بەروبوومی زەویەکەیانی خوارد.
٣٦ هەموو نۆبەرەیەکی زەویەکەیانی کوشت. سەرەتای هەموو هێزیان.
٣٧ بە زێڕو زیوەوە دەریکردن. لە خێڵەکەی کەسی پەککەوتە نەبوو.
٣٨ میسڕ بە دەرچوونیان دڵخۆش بوو. چونکە ترسی ئەوان چووبووە دڵیانەوە.
٣٩ هەورێکی کشان بۆ داپۆشین. ئاگرێک بۆ ڕووناککردنەوەی شەو.
٤٠ داوایان کرد. سوێسکەی هێنا. نانی ئاسمانی تێری کردن.
٤١ بەردی شەقکرد و ئاوی لێ هەڵقوڵا. وەک ڕووبار بەنێو بیاباندا ڕۆیی.
٤٢ چونکە بەڵێنی پارسای خۆی یادکردەوە بۆ ئەوڕاهەمی بەندەکەی،
٤٣ گەلەکەی بە شادییەوە هێنایە دەرەوە. هەڵبژاردەکانی بە شادمانی.
٤٤ زەویی نەتەوەکانی پێ بەخشین، بەری ماندووبوونی گەلانیان بە میرات بۆ مایەوە.
٤٥ تا فەرزەکانی بەجێ بهێنن. فێرکردنی جێبەجێ بکەن. هەلیلویا.

پەسنییەکان 106

هەلیلویا.

١ سوپاسی پەروەردگار بکەن چونکە چاکە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢ کێ باسی پاڵەوانێتی پەروەردگار دەکات؟ کێ هەموو ستایشەکانی ڕادەگەیەنێت؟
٣ بەختەوەری بۆ پارێزەرانی ڕەوا، بۆ ئەوانەی هەموو کاتێ دروستکارن.
٤ ئەی پەروەردگار، لە کاتی ڕەزامەندیت لە گەلەکەت یادم بکەوە. لە ڕزگاریەکەت بەسەرم بکەوە.
٥ تا خۆشگوزەرانی هەڵبژێردراوانت ببینم. تا بە دڵخۆشی نەتەوەکەت دڵخۆشبم. تا لەگەڵ میراتەکەت شانازی بکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ئێمە وەک باوکانمان گوناهمان کرد. خراپە و تاوانمان کرد.

٧ کاتێ باوکانمان لە میسڕ بوون. لە پەرجوەکانی تۆ تێنەگەیشتن. یادی زۆریی میهرەبانیەکەی تۆیان نەکردەوە، بەڵکو یاخیبوون لەلای دەریا. لەلای دەریای سووف.

٨ جا لەپێناوی ناوی خۆی ڕزگاری کردن. تا پاڵەوانێتیی بزانرێت.

٩ لە دەریای سووفی ڕاخوری، وشک بوو. بە نێو قووڵاییەکەیدا بردنی. وەک لە بیابان.

١٠ لە دەست ناحەز ڕزگاری کردن. لە دەست دوژمن کڕینیەوە.

١١ ئاو دوژمنانی ئەوانەی داپۆشی. یەکیان دەرباز نەبوو.

١٢ ئەوسا باوەڕیان بە فەرموودەی هێنا. گورانییان بۆ ستایشی وت.

١٣ بەڵام هەر زوو کردەوەکانییان لەیادچوو. چاوەڕێی ڕاوێژی ئەویان نەکرد.

١٤ بەڵکو لە چۆڵەوانی نەوسیان هەستا و لە بیاباندا خودایان تاقیکردەوە.

١٥ ئەوەی داوایان کرد، پێیدان. بەڵام نەخۆشی لەڕی بۆ ناردن.

١٦ لە ئۆردوگا ئیرەییان برد بە موشێ و بە هارونی پارسای پەروەردگار.

١٧ زەوی لێک بووەوە و داتانی قووت دا. بەسەر تاقمەکەی ئەبیرامدا هاتەوەیەک.

١٨ ئاگر بەربووە تاقمەکەیان. گڕ بەدکارانی سووتاند.

١٩ لە حۆرێڤ گوێرەکەیەکیان دروست کرد، کڕنۆشیان بۆ پەیکەرێکی داڕژاو برد.

٢٠ شکۆیان گۆڕییەوە بە پەیکەری گای گیا خۆر.

٢١ خودای ڕزگاریدەریان لەبیرکرد. کە لە میسڕ کاری مەزنی کردبوو.

٢٢ پەرجوەکان لە وڵاتی حام. کارە سامناکەکان لەلای دەریای سووف.

٢٣ ئینجا فەرمووی لەناودەچن. ئەگەر موشێی هەڵبژاردەی خۆی، لە کەلێنەکە لە بەردەمی نەوەستایە، تا نەهێڵێ تووڕەیی ئەو دایانڕزێنێ.

٢٤ زەویی پەسەندیان بە سووک زانی. باوەڕیان بە فەرموودەی ئەو نەکرد.

٢٥ بەڵکو لەنێو خێوەتەکانیاندا کەوتنە بۆڵەبۆڵ. گوێیان لە قسەی پەروەردگار نەگرت.

٢٦ ئەویش سوێندی بۆ خواردن. کە لە بیابان بیانخات.

٢٧ نەوەکانیان لەنێو نەتەوەکاندا بخات و لە زەویەکاندا پەرتیان بکات.

٢٨ دەستیان بە بەعلی پەعۆرەوە گرت. قوربانیی مردووانیان خوارد.

٢٩ بە کردەوەکانیان پەستیان کرد، دەرد بەنێویاندا بڵاوبووەوە.

٣٠ ئەوسا فینحاس هەستا و کەوتە بەینەوە. دەرد ڕاگیرا.

٣١ بە بێتاوانی بۆی دانرا. نەوە دوای نەوە تا جاویدانی.

٣٢ لە لای ئاوی مەریبا تووڕەیان کرد، موشێ بەهۆی ئەوانەوە بوو کەوتە ناخۆشی.

٣٣ چونکە ڕووحیان تاڵ کرد. زاری خۆی لێیان نەگرت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ نەتەوەکانیان لەناونەبرد، وەک پەروەردگار فەرمانی پێکردبوون.

٣٥ بەڵکو تێکەڵی نەتەوەکان بوون و فێری کردەوەکانیان بوون.

٣٦ بتەکانی ئەوانیان پەرست و بوو بە داو بۆیان.

٣٧ ڕۆڵەکانی خۆیان سەربڕی بۆ بتەکان.

٣٨ خوێنێکی بێگەردیان ڕشت. خوێنی کوڕ و کچەکانیان. ئەوانەی بۆ بتەکانی کەنعان سەریان بڕین، زەوی گڵاو بوو بە خوێن.

٣٩ گڵاو بوون بە کردەوەکانیان. داوێنپیس بوون بە کارەکانیان.

٤٠ تووڕەیی پەروەردگار لە گەلەکەی جۆشا. ڕقی لە میراتەکەی بووەوە.

٤١ ژێردەستی نەتەوەکانی کردن. ناحەزانیان بەسەریاندا زاڵبوون.

٤٢ دوژمنەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنین. زەلیلی ژێر دەستیان بوون.

٤٣ زۆر جار دەربازی کردن، بەڵام یاخیبوون بە ڕاوێژەکانیان. داڕووخان بە گوناهەکانیان.

٤٤ لە تەنگانەیان ئاوڕی لێدانەوە. کە گوێی لە دەنگی هاواریان بوو.

٤٥ پەیمانی خۆی بۆیان هێنایەوە یاد. بەگوێرەی گەورەیی میهرەبانیەکەی پاشگەز بووەوە.

٤٦ وایکرد ئەوانەی بە دیل گرتوویانن. دڵیان پێیان بسووتێت.

٤٧ ئەی پەروەردگاری خوداوەندمان، ڕزگارمان بکە. لەنێو نەتەوەکان کۆمان بکەوە، تاکو دانبنێین بە ناوی پارسای تۆ، شانازی بە ستایشکردنی تۆ بکەین.

٤٨ پیرۆزە پەروەردگار، خوداوەندی ئیسرائیل، لە ئەزەلەوە تا جاویدانی. با هەموو گەل بڵێن: "ئامین". هەلیلویا.

پەسنییەکان 107

١ سوپاسی پەروەردگار بکەن چونکە چاکە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٢ با ئەوانەی پەروەردگار کڕینیەوە ئەمە بڵێن، ئەوانەی لە دەستی دوژمن کڕییانیەوە.

٣ لە وڵاتانەوە کۆی کردنەوە، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە باکوور و لە دەریاوە.

٤ وێڵ بوون لە چۆڵەوانی، لە بیابانی بێ ڕێگا. شاری نیشتەجێبوونیان نەدۆزییەوە.

٥ برسی و تینوو بوون. گیانیان داهێزرا.

٦ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ پەروەردگار کرد. ئەویش لە ناخۆشییەکانیان دەربازی کردن.

٧ ڕێبەرێتی کردن بۆ ڕێگای ڕاست، تا بڕۆن بۆ شاری نیشتەجێبوون.

٨ سوپاسی پەروەردگار بکەن بۆ میهرەبانیەکەی، بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان.

٩ چونکە گیانێکی تینووی تێرکرد. گیانێکی برسی پڕ کرد بە نان،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ دانیشووانی تاریکی و سێبەری مەرگ، دیلێتیی زەلیلی و ئاسن.

١١ چونکە لە فەرموودەکانی خودا یاخی بوون، سووکایەتییان بە ڕاوێژی هەرەبەرزکرد.

١٢ پشتیان لە ژێر باردا چەمایەوە. ساتمەیان کرد و کەس نەبوو یارمەتیان بدات.

١٣ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ پەروەردگار کرد، ئەویش لە ناخۆشییەکانیان ڕزگاری کردن.

١٤ لە تاریکی و سێبەری مەرگ دەریهێنان، کۆتەکانی پارچە پارچە کردن.

١٥ ستایشی پەروەردگار بکەن بۆ میهرەبانیەکەی، بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان.

١٦ چونکە دەروازەی مسی تێکشکاند. شیشە ئاسنەکانی پساند.

١٧ گێلەکان لە ڕێگای یاخیبوونیان و لە گوناهەکانیان تووشی ناخۆشی دەبن.

١٨ قێزیان لە هەموو خواردنێک بووەوە. لە دەروازەکانی مەرگ نزیک بوونەوە.

١٩ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان کرد بۆ پەروەردگار. ئەویش لە ناخۆشییەکانیان ڕزگاری کردن.

٢٠ وشەی خۆی نارد و چاکی کردنەوە. لە فەوتان دەربازی کردن.

٢١ ستایشی پەروەردگار بکەن بۆ میهرەبانیەکەی، بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان.

٢٢ با قوربانیی سوپاسگوزاری پێشکەش بکەن. بە پەسنیەوە کردەوەکانی بژمێرن.

٢٣ دادەبەزنە نێو دەریا بە کەشتی، ئەوانەی لە ئاوە زۆرەکان کاردەکەن.

٢٤ ئەوان کارەکانی پەروەردگاریان بینی، کارە سەرسوڕهێنەرەکانی لە قووڵایی.

٢٥ فەرمانی کرد و ڕەشەبا هەستا، شەپۆلەکانی بەرزکردەوە.

٢٦ بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمانەکان. دادەبەزنە نێو قووڵاییەکان. گیانیان لە مەترسی دەتوێتەوە.

٢٧ شەپۆل دەدەن و وەک سەرخۆش بە لادادێن، هەموو دانایيان قووتدرا.

٢٨ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ پەروەردگار کرد. ئەویش لە ناخۆشییەکانیان دەربازی کردن.

٢٩ ڕەشەبا هێدی دەکاتەوە بۆ ئارامی، شەپۆلەکانی بێدەنگ دەبێت.

٣٠ دڵخۆش بوون، چونکە شەپۆلەکان هێمن بوونەوە، گەیاندیانی بەو بەندەرەی دەیانویست.

٣١ سوپاسی پەروەردگار بکەن بۆ میهرەبانیەکەی. بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان.

٣٢ لەنێو کۆڕی خەڵک بەرزی بکەنەوە. لە ئەنجومەنی پیرەکان ستایشی بکەن.

٣٣ ڕووبار دەکات بە بیابان و سەرچاوەی ئاوەکان بە زەویی تینوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ زەویی بە پیت دەکات بە زەویی بێ کەڵک. لەبەر خراپەی ئەوانەی تیایدا دانیشتوون.

٣٥ بیابان دەکات بە گومەڵاو و زەویی وشک بە کانیاو.

٣٦ برسییەکان لەوێ نیشتەجێ دەکات، شاری نیشتەجێبوون دادەمەزرێنن.

٣٧ کێڵگە دەچێنن و ڕەزەمێو دەڕوێنن، دەغڵیان بە بەروبووم دەبێت.

٣٨ دارشتیان دەکات و زۆر زیاد دەبن، ئاژەڵیان کەم ناکاتەوە.

٣٩ ئینجا کەم دەبنەوە و دەچەمێنەوە، لەژێر باری خراپەکاری و خەم.

٤٠ ڕیسوایی بەسەر سەرۆکەکاندا دەڕێژێت، لە چۆڵەوانییەکی بێ ڕێگادا وێڵیان دەکات.

٤١ بەڵام هەژار لە زەلیلی بەرز دەکاتەوە. بنەماڵەیان وەک ڕانە مەڕ لێ دەکات.

٤٢ دروستەکان ئەمە دەبینن و دڵخۆش دەبن، هەموو خراپەیەک دەمی دەگیرێت.

٤٣ کێ دانایە با بڕوانێتە ئەمە و میهرەبانیەکەی پەروەردگار تێبگات.

پەسنییەکان 108

ستایش. پەسنییەکی داویدە.

١ خودایە، دڵم جێگیرە. گۆرانی و پەسنی دەڵێم. ئەمە شکۆی منە.

٢ هەستن ئەی ڕەبابە و عوود. من بەرەبەیانان هەڵدەستم.

٣ ئەی پەروەردگار، لەنێو گەلاندا سوپاست دەکەم. لەنێو نەتەوەکان پەسنیت بۆ دەڵێم.

٤ چونکە میهرەبانیەکەت لەسەرووی ئاسمانان مەزنترە، ڕەواشت لە هەورەکان.

٥ خودایە، بەرزببەوە بەسەر ئاسمانان، شکۆمەندیشت بەسەر هەموو زەوییەوە.

٦ تا خۆشەویستانت دەرباز بن. بە دەستی ڕاستت ڕزگارم بکە و بە دەنگمەوە وەرە.

٧ خودا لە پارساگای خۆیەوە فەرمووی: "بە خۆشییەوە شەکەم دابەش دەکەم. دۆڵی سوکۆت دەپێوم.

٨ گلعاد هی منە. مەنەشێش هی منە. ئەفرایم کڵاوی سەرمە و ئیهوود داردەستمە.

٩ مۆئاب دەستشۆرمە. سۆڵەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم. لەسەر فەلەستیە هاواری سەرکەوتن دەکەم".

١٠ کێیە دەمباتە شاری قەڵابەند؟ کێیە پێشڕەویم دەکات بۆ ئەدۆم؟

١١ مەگەر تۆ نیت خودایە. کە ئێمەت ڕەت کردۆتەوە و ئیتر لەگەڵ لەشکرەکانمان دەرناچیت؟

١٢ یارمەتیمان بدە لە تەنگانە، چونکە ڕزگاری لە مرۆڤەوە ناڕەوایە.

١٣ لەگەڵ خودا سەرکەوتن بە دەست دەهێنین، ئەو دوژمنەکانمان پێشێل دەکات.

پەسنییەکان 109

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی خودای ستایشم، بێدەنگ مەبە.

٢ چونکە دەمی بەدکار و دەمی فریودەر لێم کراونەتەوە. بە زمانی درۆ قسەم لەگەڵ دەکەن.

٣ بە قسەی ڕقەوە دەوریان گرتووم، بەبێ هۆ دژم دەجەنگن.

٤ لە جیاتی خۆشویستنەکەم دژایەتیم دەکەن. بەڵام من نوێژم.

٥ لە پاداشتی چاکە خراپەم لەگەڵ دەکەن. ڕقیش لە پاداشتی خۆشویستنم.

٦ بەدکارێکی بەسەردا زاڵ بکە. با سکاڵاکار لە لای دەستە ڕاستی ڕاوەستێت.

٧ با لە دادگایی تاوانبار دەربچێت، نوێژکردنی ببێت بە گوناه بۆی.

٨ با ڕۆژگاری کەم بێت، یەکێکی دیکە ئەرکەکەی ئەو وەربگرێت.

٩ با کوڕەکانی هەتیو بن، ژنی بێوەژن بێت.

١٠ با کوڕەکانی سەرگەردان بن و سواڵ بکەن، لە نێو کەلاوەکانیان بۆ نان بگەڕێن.

١١ با هەرچی هەیەتی خاوەن قەرز بیبات. بێگانەش بەری ڕەنجی تاڵان بکەن.

١٢ با کەس نەبێت دەستی بەزەیی بۆ درێژ بکات، کەس نەبێت دڵی بە هەتیوەکانی بسووتێت.

١٣ با دوای ببڕێتەوە. ناوی لە نەوەی داهاتوو بسڕێتەوە.

١٤ با تاوانەکانی باوباپیرانی بخرێنە بەردەم پەروەردگار، با گوناهەکانی دایکی نەسڕێنەوە.

١٥ هەمیشە لە بەردەم پەروەردگار بن، با یادیان لەسەر زەوی ببڕێتەوە.

١٦ لەبەر ئەوەی بیری نەکردەوە میهرەبانی بنوێنێت، بەڵکو کەسی هەژار و نەدار و دڵشکاوی ڕاوناوە و کوشتووە.

١٧ حەزی لە نەفرەت بوو، بۆی هات، دڵشاد نەبوو بە داڕشت، لێی دوورکەوتەوە.

١٨ وەک کراسی بەری، نەفرەتی کردبووە بەر، وەک ئاو چووە نێو لەشی. وەک ڕۆن چووە نێو ئێسقانەکانی.

١٩ با وەک بەرگێک بێ لە خۆی بپێچێتەوە. هەمیشە وەک پشتێنێک بێ لە خۆی ببەستێت.

٢٠ با ئەمە پاداشتی سکاڵاکارانم بێت لە لای پەروەردگارمەوە. ئەوانەی بە خراپە دژ بە گیانم دەدوێن.

٢١ بەڵام تۆ ئەی پەروەردگاری باڵادەست، لە پێناوی ناوی خۆت چاکەم لەگەڵ بکە. چونکە میهرەبانیەکەت چاکە، دەربازم بکە.

٢٢ چونکە من هەژار و نەدارم، دڵم لە ناخمدا بریندارە.

٢٣ وەک سێبەری ئێوارە دەڕۆم. وەک کوللـە هەڵدەوەرێم.

٢٤ ئەژنۆم دەلەرزێ لەبەر ڕۆژووگرتن، لەشم لاواز بووە لە کەمی چەوری.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ بووم بە شوورەیی بۆیان، دەمبینن سەر بادەدەن.

٢٦ ئەی پەروەردگاری خوداوەندم یارمەتیم بدە. بەگوێرەی میهرەبانیەکەت ڕزگارم بکە.

٢٧ با بزانن کە ئەمە دەستی تۆیە. تۆ ئەمەت کردووە ئەی پەروەردگار.

٢٨ ئەوان نەفرەت دەکەن، بەڵام تۆ داڕشت دەکەیت. هەستان و شەرمەزار بوون. بەڵام بەندەی تۆ دڵخۆش بوو.

٢٩ با سکاڵاکارانم بەرگی شەرم بپۆشن، با شەرمەزاری وەک کەوا لە خۆیان بپێچن.

٣٠ بە دەمی خۆم زۆر سوپاسی پەروەردگار دەکەم. لەنێو خەڵکێکی زۆر ستایشی دەکەم.

٣١ چونکە لە لای ڕاستی نەدار ڕادەوەستێت. بۆ ڕزگارکردنی لەوانەی حوکمی بەسەر دەدەن.

پەسنییەکان 110

پەسنیەکی داویدە.

١ پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: "لە دەستەڕاستم دانیشە. تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت".

٢ پەروەردگار داردەستی توانات لە سیهیۆنەوە دەنێرێت. لەنێو دوژمنەکانت فەرمانڕەوایی دەکەیت.

٣ گەلەکەت لە ڕۆژی هێزت خۆیان پێشکەش دەکەن، بە ئارایشتێکی پارساوە لە منداڵدانی بەرەبەیانەوە، تۆ شەونم لە گەنجییەتیت وەردەگرێت.

٤ پەروەردگار سوێندی خواردووە و پاشگەز نابێتەوە: "تاهەتایە تۆ کاهینیت لە پلەی مەلکزدەق".

٥ پەروەردگارم لەلای ڕاستتە، لە ڕۆژی تووڕەیی پاشایان وردوخاش دەکات.

٦ لەنێو نەتەوەکاندا حوکم دەدات. خاکی بەرینیان پڕ لە تەرم دەکات. سەرۆکەکان وردوخاش دەکات.

٧ لە ڕووباری دەم ڕێگا دەخواتەوە. بۆیە سەری بەرز ڕادەگرێت.

پەسنییەکان 111

١ هەلیلویا. بە هەموو دڵەوە سوپاسی پەروەردگار دەکەم، لە کۆڕی سەرڕاستان و لە کۆبوونەوەکان.

٢ کردەوەکانی پەروەردگار مەزنن. هەموو ئەوانەی لێی ورد دەبنەوە خۆشی لێ دەبینن.

٣ بەرز و شکۆمەندە کردەوەکانی، دادپەروەرییەکەشی تاهەتایە دەمێنێت.

٤ وایکردووە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی یاد بکرێنەوە. پەروەردگار بەسۆز ومیهرەبانە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ خواردن دەداتە ئەوانەی لێی دەترسن. هەمیشە پەیمانی خۆیی لەبیرە.

٦ هێزی کردەوەکانی خۆی نیشانی گەلەکەی داوە، بەوەی کە میراتی نەتەوەکانی پێداون.

٧ کردەوەکانی دەستی سەرڕاستی و ڕەوایە. هەموو ڕاسپاردەکانی جێی متمانەن.

٨ تاهەتایە جێگیرن، بە ڕەوا و ڕاستەڕێ دروست کراون.

٩ کڕینەوەی بۆ گەلی خۆی نارد. فەرمانی تاهەتایی بۆ پەیمانەکەی داوە. پارسا و سامناکە ناوی.

١٠ سەری دانایی ترسی پەروەردگارە. تێگەیشتنێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی کاری پێدەکەن. ستایشەکەی تاهەتایە ماوە.

پەسنییەکان 112

١ هەلیلویا. بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی لە پەروەردگار دەترسێت، بە ڕاسپاردەکانی زۆر دڵخۆشە.

٢ وەچەی لەسەر زەوی بەهێز دەبن. نەوەی سەرڕاستان داڕشت دەبن.

٣ سامان و دەوڵەمەندی لە ماڵیەتی. خوداناسییەکەی تاهەتایە جێگیرە.

٤ لە تاریکیدا ڕووناکی بۆ سەرڕاستان درەوشایەوە. ئەو بەسۆز و میهرەبان و ڕاستگۆیە.

٥ بەختەوەرە ئەو کەسە کە دڵفراوانە و قەرز دەدات. بە ڕەوا ئیش وکاری خۆی ڕادەپەڕێنێت.

٦ چونکە تاهەتایە نالەقێت. خوداناس تاهەتایە یادی دەکرێتەوە.

٧ لە هەواڵی خراپ ناترسێت. دڵی جێگیرە. پشتی بە پەروەردگار بەستووە.

٨ دڵی پتەوە و ناترسێت، تا سەرکەوتووانە دەڕوانێتە دوژمنەکانی.

٩ بە دڵفراوانییەوە بە هەژارانی بەخشیوە. خوداناسینەکەی تاهەتایە دەمێنێتەوە. بە شکۆوە قۆچی بەرز دەبێت.

١٠ بەدکار ئەمە دەبینێت و تووڕە دەبێت. ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و دەتوێتەوە. ئارەزووی بەدکاران لەناودەچێت.

پەسنییەکان 113

١ هەلیلویا. ئەی بەندەکانی پەروەردگار، ستایشی بکەن. ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن.

٢ با ناوی پەروەردگار پیرۆز بێت. لە ئێستاوە و تاهەتایە.

٣ لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوا بوون، با ناوی پەروەردگار ستایش بکرێت.

٤ پەروەردگار لەسەر هەموو نەتەوەکان بەرزە. شکۆمەندیی بەسەر ئاسمانانەوەیە.

٥ کێ وەک پەروەردگاری خوداوەندمانە. ئەوەی لە بەرزایی دانیشتووە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ئەوەی دەچەمێتەوە تا بڕوانێتە ئاسمانان و زەوی؟
٧ ئەو هەژار لەنێو گڵ ڕاست دەکاتەوە، بەدبەخت لەنێو خۆڵ بەرز دەکاتەوە.
٨ تا داینیشێنێت لەگەڵ میرانی گەڵی خۆی.
٩ ئافرەتی نەزۆک دەکات بە خاوەن ماڵ، دەیکاتە دایکی شادمان لەنێو منداڵانی. هەلیلویا.

پەسنییەکان 114

١ بە دەرچوونی ئیسرائیل لە میسڕ، ماڵی یاقوو لەنێو گەلێکی نامۆ زمان،
٢ ئیهوود بووە پارساگای خودا، ئیسرائیل بووە جێی فەرمانڕەوایی.
٣ دەریا بینی و هەڵات. ڕووباری یوردنەن بەرەو پاش کشایەوە.
٤ چیاکان وەک بەران بازیان دا. گردەکان وەک بەرخ.
٥ چیتە ئەی دەریا، بۆ وا هەڵدێی؟ ئەی یوردنەن، بۆ بەرەو پاش دەکشێیتەوە؟
٦ ئەی چیاکان، بۆ وەک بەران بازدەدەن؟ ئەی گردەکان، بۆ وەک بەرخ بازدەدەن؟
٧ ئەی زەوی لە بەردەم پەروەردگار بلەرزە، لە بەردەم خوداوەندی یاقوو!
٨ ئەوەی تاشەبەردی کرد بە گۆمی ئاو، بەردەئەستێی کرد بە کانیاو.

پەسنییەکان 115

١ بۆ ئێمە نا، ئەی پەروەردگار، بۆ ئێمە نا، بەڵکو بۆ ناوی خۆت شکۆ ببەخشە. لەبەر میهرەبانیەکەت. لەبەر سەرڕاستییەکەت.
٢ بۆچی نەتەوەکان بڵێن: "کوا خوداوەندیان لەکوێیە؟"
٣ خوداوەندمان لە ئاسمانە. هەرچی حەز بکات، دەیکات.
٤ بتەکانیان زیو و زێڕە. دەستکردی مرۆڤە.
٥ دەمیان هەیە و قسە ناکەن. چاویان هەیە و نابینن.
٦ گوێیان هەیە و نابیستن. لووتیان هەیە و بۆن ناکەن.
٧ دەستیان هەیە بەڵام دەست لە هیچ نادەن. پێیان هەیە و ڕێ ناکەن. دەنگ لە گەرۆویان نایەتەدەر.
٨ دروستکەرەکانیان وەک ئەوانن، بەڵکو هەموو ئەوانەش کە پشتیان پێ دەبەستن.
٩ ئەی نەوەی ئیسرائیل، پشت بە پەروەردگار ببەستن. ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١٠ ئەی بنەماڵەی هارون. پشت بە پەروەردگار ببەستن. ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١١ ئەی ئەوانەی ترسی پەروەردگارتان لە دڵدایە. پشت بە پەروەردگار ببەستن. ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١٢ پەروەردگار ئێمەی لەبیرە و دارشتمان دەکات. دارشت بە بنەماڵەی ئیسرائیل دەبەخشێت. دارشت بە بنەماڵەی هارون دەبەخشێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ داڕشت بەوانە دەبەخشێت کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵدایە. بچووک و گەورەش.

١٤ با پەروەردگار هەر زیادتان بکات. ئێوە و ڕۆڵەکانتان.

١٥ با ئێوە بە پەروەردگار داڕشت بن، دروستکاری ئاسمانان و زەوی.

١٦ ئاسمانان ئاسمانانی پەروەردگارە، بەڵام زەویی بە ئادەمیزاد بەخشیوە.

١٧ نە مردووان ستایشی پەروەردگار دەکەن. نە ئەوانەی شۆڕدەبنەوە نێو خاکی بێدەنگی.

١٨ بەڵام ئێمە ستایشی پەروەردگار دەکەین، لە ئێستاوە و تاهەتایە. هەلیلویا.

پەسنییەکان 116

١ پەروەردگارم خۆش دەوێت، چونکە دەنگ و پاڕانەوەم دەبیستێت.

٢ چونکە گوێی خۆیی بۆ شل کردم، تا ژیانم مابێت هەر لێی دەپاڕێمەوە.

٣ تۆڕی مەرگ دەوری دام. ناخۆشیی دۆڵی بێبن کەوتە سەرم. دەرد و تەنگانەم چێژت.

٤ بە ناوی پەروەردگارەوە پاڕامەوە: "ئای پەروەردگار، گیانم دەرباز بکە!".

٥ پەروەردگار بەسۆز و ڕاستگۆیە. خوداوەندمان بە بەزەییە.

٦ پەروەردگار چاودێری ساکارەکان دەکات. زەلیل بووم ئەو ڕزگاری کردم.

٧ ئەی گیانی من، بگەڕێوە بۆ ئارامیی خۆت، چونکە پەروەردگار چاکەی لەگەڵت کردووە.

٨ تۆ گیانی منت لە مەرگ ڕزگار کرد، چاوەکانم لە فرمێسک، پێیەکانم لە خزان.

٩ تاکو لە بەردەم پەروەردگاردا بڕۆم لە زەویی زیندووان.

١٠ باوەڕم هێنا بۆیە قسەم کرد: "من زۆر دەردەدارم!".

١١ من لە کاتی سەرگەردانیمدا. وتم: "مرۆڤ هەموو درۆزنن".

١٢ چی بدەمەوە پەروەردگار، بەرامبەر هەموو چاکەکانی بۆ من.

١٣ جامی ڕزگاری بەرز دەکەمەوە و بە ناوی پەروەردگارەوە دەپاڕێمەوە.

١٤ نەزرەکانم بۆ پەروەردگار بەجێ دەهێنم. بەرامبەر بە هەموو گەلەکەی.

١٥ پەروەردگار مەرگی خۆشەویستانی لەبەرچاو سەنگینە.

١٦ ئای پەروەردگار، من بەندەی تۆم! من بەندە کوڕی کارەکەری تۆم. تۆ کۆتەکانی منت کردەوە.

١٧ قوربانیی سوپاسگوزاری بۆ تۆ سەردەبڕم، بە ناوی پەروەردگارەوە دەپاڕێمەوە.

١٨ نەزرەکانم بۆ پەروەردگار بەجێ دەهێنم. بەرامبەر بە هەموو گەلەکەی،

١٩ لە بارەگاکانی ماڵی پەروەردگاردا، لە ناوەندی تۆدا، ئەی یروشلایم. هەلیلویا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 117

١ ئەی هەموو نەتەوەکان، ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی هەموو گەلان، سوپاسی بکەن.

٢ چونکە میهرەبانیەکەی بەسەرمانەوە گەورەیە، سەرڕاستیی پەروەردگاریش تاهەتایە. هەلیلویا.

پەسنییەکان 118

١ سوپاسی پەروەردگار بکەن، چونکە چاکە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٢ با ئیسرائیل بڵێ: ‘‘چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە’’.

٣ با بنەماڵەی هارون بڵێن: ‘‘چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە’’.

٤ با ئەوانەی ترسی پەروەردگاریان لە دڵدایە بڵێن: ‘‘چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە’’.

٥ لە تەنگانەدا هاواری پەروەردگارم کرد، دەریهێنام بۆ فراوانی.

٦ پەروەردگارم هەیە، ئیتر ناترسم. مرۆڤ چیم لێ دەکات؟

٧ پەروەردگارم هەیە نێوان یارمەتیدەرانم، سەرکەوتووانە سەیری دوژمنانم دەکەم.

٨ پەنابردنە بەر پەروەردگار باشترە لە پشتبەستن بە مرۆڤ.

٩ پەنابردنە بەر پەروەردگار باشترە لە پشتبەستن بە سەرۆکەکان.

١٠ هەموو نەتەوەکان گەمارۆیان داوم. بە ناوی پەروەردگار دوایان دەبڕمەوە.

١١ گەمارۆیان داوم و دەوریان گرتووم. بەناوی پەروەردگار دوایان دەبڕمەوە.

١٢ وەک کوورە هەنگ تێم ئاڵاون. وەک ئاگری دڕک کوژانەوە. بە ناوی پەروەردگار دوایان دەبڕمەوە.

١٣ توند پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی بکەوم. بەڵام پەروەردگار یارمەتیداوم.

١٤ پەروەردگار هێز و پەسنیی منە و بووەتە ڕزگاریی من.

١٥ دەنگی پەسنی و ڕزگاری دێت لە خێوەتی خوداناسان: ‘‘دەستە ڕاستی پەروەردگار کاری ئازایانە دەکات.

١٦ دەستە ڕاستی پەروەردگار بەرز بووەتەوە. دەستە ڕاستی پەروەردگار کاری ئازایانە دەکات’’.

١٧ نامرم، بەڵکو دەژیم و باسی کردەوەکانی پەروەردگار دەکەم.

١٨ پەروەردگار بە توندی تەمبێی کردم. بەڵام نەیدامە دەست مەرگ.

١٩ دەرگای خوداناسیم لێ بکەنەوە. پێیدا دەچمە ژوورەوە و ستایشی پەروەردگار دەکەم.

٢٠ ئەم دەرگایە هی پەروەردگارە. خوداناسان پێیدا دەچنە ژوورەوە.

٢١ سوپاست دەکەم کە فریام کەوتی، بۆم بووی بە ڕزگاری.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ ئەو بەردەی بیناسازەکان ڕەتیان کردەوە بووە بەردی قولینچک.
٢٣ ئەمە لەلایەن پەروەردگارەوە بوو. لەبەرچاومان سەیرە.
٢٤ ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پەروەردگار دروستی کردووە، با تیایدا شاد و دڵخۆش بین.
٢٥ ئای پەروەردگار ڕزگارمان بکە! ئای پەروەردگار دەربازمان بکە!
٢٦ پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت. لە ماڵی پەروەردگارەوە داڕشتمان کردن.
٢٧ پەروەردگار خودایە و ڕووناکی پێ بەخشیوین. قوربانیی جەژن بە گوریس ببەستنەوە. بە قۆچەکانی قوربانگا.
٢٨ تۆ خوداوەندی منیت و منیش سوپاست دەکەم، تۆ خودای منیت بە گەورەت دەزانم.
٢٩ سوپاسی پەروەردگار بکەن، چونکە چاکە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

پەسنییەکان 119

א
ئەلف

١ بەختەوەری بۆ ئەوانەی ڕێگایان تەواوە، ئەوانەی بەپێی فێرکردنی پەروەردگار دەڕۆن.
٢ بەختەوەری بۆ ئەوانەی گەواهییەکانی دەپارێزن. بە هەموو دڵەوە بەدوایدا دەگەڕێن.
٣ هەروەها تاوان ناکەن و بە ڕێگای ئەودا دەڕۆن.
٤ تۆ ڕاسپاردەکانت داوە. تا بە تەواوی بپارێزرێن.
٥ خۆزگە ڕێگاکانم دەچەسپان لە بەجێگەیاندنی فەرزەکانت.
٦ ئەو کاتە شەرمەزار نەدەبووم. کە دەمڕوانییە هەموو ڕاسپاردەکانت.
٧ بە دڵڕاستییەوە سوپاست دەکەم، کاتێ فێری حوکمە دادپەروەرەکانت دەبم.
٨ فەرزەکانت دەپارێزم. بە تەواوی وازم لێ مەهێنە.

ב
بێت

٩ گەنج بە چی ڕەفتاری خۆی بێگەرد دەکات؟ بە پاراستنی وشەکەت.
١٠ بە هەموو دڵەوە داوام کردی. مەهێڵە لە ڕاسپاردەکانت گومڕا بم.
١١ وشەکانتم لەنێو دڵمدا شاردۆتەوە، تاکو گوناه بەرامبەر بە تۆ نەکەم.
١٢ ئەی پەروەردگار، تۆ پیرۆزیت. فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٣ بە لێوەکانم، باسی هەموو حوکمەکانی زاری تۆ دەکەم.
١٤ بە ڕێگای گەواهییەکانت شاد دەبم، وەک کەسێک سامانێکی زۆر دەبینێتەوە.
١٥ لە ڕاسپاردەکانت ورد دەبمەوە. چاو دەبڕمە ڕێگاکانت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بە فەرزەکانت دڵخۆش دەبم. فەرموودەی تۆم لە یاد ناچێت.

٨
گیمەل

١٧ چاکە لەگەڵ بەندەی خۆت بکە، تاکو بژیم و فەرمانەکانت بپارێزم.

١٨چاوم بکەرەوە تاکو شتە سەیرەکانی فێرکردنەکانت ببینم.

١٩ من نامۆم لە زەوی. ڕاسپاردەکانتم لێ مەشارەوە.

٢٠ گیانم هەموو کاتێ وردوخاش بوو لە تامەزرۆبوون بۆ حوکمەکانت.

٢١ سەرزەنشتی لووت بەرزە نەفرەت لێکراوەکانت کرد. کە لە فەرمانەکانی تۆ گومڕا بوون.

٢٢ شوورەیی و سووکایەتیم لەسەر لابە. چونکە گەواهییەکانی تۆم پاراستووە.

٢٣ هەرچەندە سەرۆکەکان دادەنیشن، لەدژم پیلان دەگێڕن. بەڵام بەندەکەت لە فەرزەکانت ورد دەبێتەوە.

٢٤ هەروەها گەواهییەکانت شادمانیی منن. ئەوانە ڕاوێژکارەکانی منن.

٩
دالێت

٢٥ گیانم بە گڵەوە لکاوە، بەگوێرەی وشەی خۆت بمژێنەوە.

٢٦ باسی ڕێگاکانی خۆمم کرد. تۆ بەدەنگمەوە هاتیت. فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.

٢٧ ڕێگای ڕاسپاردەکانی خۆتم تێ بگەیەنە، لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ورد دەبمەوە.

٢٨ گیانم لە خەفەتان تووایەوە. بەگوێرەی فەرموودەکەت بەهێزم بکە.

٢٩ ڕێگای درۆم لێ دووربخەرەوە. بە فێرکردنەکانت لەگەڵم میهرەبان بە.

٣٠ ڕێگای ڕەوام هەڵبژاردووە. حوکمەکانی تۆم خستووەتە بەرچاوم.

٣١ بە گەواهییەکانی تۆوە لکاوم. ئەی پەروەردگار، شەرمەزارم مەکە.

٣٢ بە ڕێگای ڕاسپاردەکانت ڕادەکەم، چونکە دڵم فراوان دەکەیتەوە.

١٠
هێی

٣٣ ئەی پەروەردگار. فێری ڕێگای فەرزەکانی خۆتم بکە، تا کۆتایی دەیانپارێزم.

٣٤ تێم بگەیەنە و فێرکردنەکانت پەیڕەو دەکەم، بە هەموو دڵەوە دەیانپارێزم.

٣٥ بمخە سەر ڕێگای ڕاسپاردەکانت. چونکە دڵخۆشم دەکەن.

٣٦ دڵم بخە سەر گەواهییەکانت. نەک سەر قازانج.

٣٧ چاوم وەرگێڕە لە تەماشاکردنی ناڕەوا. لە ڕێگای خۆتدا بمژێنەوە.

٣٨ فەرموودەی خۆت بۆ بەندەکەت بچەسپێنە. ئەوەی بەوانەت داوە کە لێت دەترسن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٩ ئەو شوورەییەم لەسەر لابە کە لێی دەترسم. چونکە حوکمەکانت چاکن.
٤٠ ئەوەتا پەرۆشی ڕاسپاردەکانی تۆم. بە دادپەروەریی خۆت بمژێنەوە.

ز
ڤاڤ

٤١ ئەی پەروەردگار. با میهرەبانیەکەتم بۆ بێت، ڕزگاریەکەت بەگوێرەی فەرموودەی خۆت.
٤٢ جا وەڵامی ئەوە دەدەمەوە کە گاڵتەم پێ دەکات، چونکە پشتم بە فەرموودەی تۆ بەستووە.
٤٣ وتەی ڕەوا هەرگیز لە دەمم دوور مەخەرەوە. چونکە ئومێدم بە حوکمەکانی تۆ هەیە.
٤٤ بە بەردەوامی چاوم لە فێرکردنەکانتە. تاهەتایە و تا جاویدانی.
٤٥ بە ئازادی ڕێ دەکەم، چونکە داواکاری ڕاسپاردەکانی تۆم.
٤٦ لە بەردەم پاشاکانیش باسی گەواهییەکانی تۆ دەکەم، شەرمەزاریش نابم،
٤٧ خۆشی لە ڕاسپاردەکانت دەبینم. چونکە حەزم لێیانە.
٤٨ دەست بۆ ڕاسپاردەکانت بەرز دەکەمەوە ئەوەی خۆشم دەوێت. سەرنج دەدەمە فەرزەکانت.

ح
زایین

٤٩ فەرموودەکەت لەبیر بێت بۆ بەندەکەت، چونکە هیوات پێم داوە.
٥٠ لەکاتی تەنگانەمدا دڵنەوایی من ئەمەیە، چونکە فەرموودەکەت منی ژیانەوە.
٥١ لووتبەرزەکان زۆر گاڵتەم پێ دەکەن. بەڵام من لە فێرکردنەکانی تۆ لام نەداوە.
٥٢ ئەی پەروەردگار، حوکمە لەمێژینەکانی تۆم هاتەوە یاد. دڵنەواییم هاتەوە.
٥٣ قینم جۆشا لە بەدکاران، ئەوانەی وازیان لە فێرکردنەکانی تۆ هێناوە.
٥٤ فەرزەکانت بوون بە پەسنی بۆم. لە ماڵی ئاوارەییم.
٥٥ ئەی پەروەردگار، بە شەو یادی ناوی تۆ دەکەم و فێرکردنەکانت دەپارێزم.
٥٦ ئەمە بۆ من بوو. چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم پاراست.

ط
خێت

٥٧ پەروەردگار بەشی منە. بەڵێنم داوە فەرموودەکانت بپارێزم.
٥٨ بە هەموو دڵەوە داوای ڕووی تۆم کرد. بەپێی فەرموودەی خۆت لەگەڵم میهرەبان بە.
٥٩ بیرم لە ڕێگاکانیی خۆم کردەوە، پێم بەرەو گەواهییەکانت وەرگێڕایەوە.
٦٠ خێرا بووم و دوا نەکەوتم لە پاراستنی ڕاسپاردەکانت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦١ داوی بەدکارەکان دەوری داوم. بەڵام فێرکردنەکانت لەبیر ناکەم.

٦٢ لە نیوەشەودا هەڵدەستم تا سوپاست بکەم لەسەر باشخوازیی حوکمەکانت.

٦٣ من هاوڕێی هەموو ئەوانەم کە لە تۆ دەترسن. لەوانەی ڕاسپاردەکانت دەپارێزن.

٦٤ ئەی پەروەردگار، میهرەبانیەکەت زەویی پڕ کردووە. فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.

ط
تێت

٦٥ ئەی پەروەردگار، چاکەت کرد لەگەڵ بەندەکەت، بەپێی فەرموودەی خۆت.

٦٦ هەستی باش و زانینم فێر بکە. چونکە باوەڕم بە ڕاسپاردەکانت هەیە.

٦٧ بەر لەوەی زەلیل بم گومڕا بووم. بەڵام ئێستا فەرموودەکەت دەپارێزم.

٦٨ تۆ چاکیت و چاکەکاری. فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.

٦٩ لووتبەرزان درۆم بۆ هەڵدەبەستن. بەڵام من بە هەموو دڵەوە ڕاسپاردەکانت دەپارێزم.

٧٠ دڵیان وەک پیو بێ هەستە، بەڵام فێرکردنەکانت شادییە بۆ من.

٧١ چاک بوو بۆ من کە زەلیل بووم. بۆ ئەوەی فێری فەرزەکانت بم.

٧٢ فێرکردنەکانی زاری تۆ. لە هەزار زێڕ و زیو باشترە بۆ من.

ى
یۆد

٧٣ دەستی تۆ دروستی کردم و دایڕشتم. تێمبگەیەنە تا فێری ڕاسپاردەکانت بم.

٧٤ ئەوانەی لێت دەترسن شادمان دەبن کاتێک دەمبینن. چونکە من هیوام بە فەرموودەی تۆ هەیە.

٧٥ ئەی پەروەردگار، زانیم کە حوکمەکانت دادپەروەرن. بە ڕەوا زەلیلت کردم.

٧٦ با میهرەبانیەکەت بۆ دڵنەواییم بێت. بەپێی فەرموودەکەت بۆ بەندەکەت.

٧٧ با بەزەییت بێت بۆ لام، تا بژیم، چونکە فێرکردنەکانی تۆ شادمانییە بۆ من.

٧٨ با لووتبەرزان شەرمەزار بن. چونکە بە درۆ بوختانیان پێ کردم. بەڵام من سەرنج دەدەمە ڕاسپاردەکانت.

٧٩ با ئەوانەی لێت دەترسن بگەڕێنەوە لای من، ئەوانەی گەواهییەکانی تۆ دەزانن.

٨٠ با دڵم تەواو بێت لە فەرزەکانت، بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبم.

ك
کاف

٨١ گیانم پەرۆشی ڕزگاریی تۆیە. من ئومێدم بە فەرموودەی تۆیە.

٨٢ چاوم کز بوو لە چاوەڕوانی گفتەکەت. دەڵێم: "کەی دڵنەواییم دەکەیت؟"

٨٣ چونکە وەک مەشکەیەکی پڕ دووکەڵم، فەرزەکانی تۆم لە یادنەکردووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨٤ چەندە ڕۆژگاری بەندەکەت؟ کەی حوکم دەدەیت بەسەر ئەوانەی دەمچەوسێننەوە؟
٨٥ لووتبەرزان چاڵیان بۆم هەڵکەندوە. ئەمەش بەگوێرەی فێرکردنەکانی تۆ نییە.
٨٦ هەموو ڕاسپاردەکانت جێی متمانەن. بە ناڕەوا دەمچەوسێننەوە.
٨٧ وەختە لەسەر زەوی کۆتاییم پێ بهێنن. بەڵام من دەستبەرداری ڕاسپاردەکانت نەبووم.
٨٨ بەپێی میهرەبانیەکەت بمژیێنەوە. گەواهییەکانی زارت دەپارێزم.

ל
لامێد

٨٩ ئەی پەروەردگار، وشەکەت تاهەتایە لە ئاسمانان جێگیرە.
٩٠ سەرڕاستیت نەوە دوای نەوەیە. زەویت دامەزراند و دەمێنێت.
٩١ ئەوان بە حوکمەکانی تۆ تا ئەمڕۆ ماون. چونکە هەموو بەندەی تۆن.
٩٢ ئەگەر فێرکردنەکانی تۆ سەرچاوەی شادیم نەبووایە. لە زەلیلیی خۆم لەناودەچووم.
٩٣ هەرگیز ڕاسپاردەکانت لەبیرناکەم. چونکە بەوان منت ژیاندەوە.
٩٤ من هی تۆم، ڕزگارم بکە. چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم ویستووە.
٩٥ بەدکارەکان خۆیان ماتداوە بۆم تا لەناوم بدەن. بەڵام من هەوڵی تێگەیشتنی گەواهییەکانی تۆ دەدەم.
٩٦ بۆ هەموو تەواوییەک سنوورم بینی، بەڵام ڕاسپاردەی تۆ زۆر فراوانە.

מ
میم

٩٧ چەند حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە! بە درێژایی ڕۆژ لێی ورد دەبمەوە.
٩٨ ڕاسپاردەکانت لە دوژمنەکانم داناتری کردووم، چونکە تاهەتایە بۆ منە.
٩٩ لە هەموو فێرکارانم هۆشمەندتر بووم، چونکە لە گەواهییەکانت ورد دەبمەوە.
١٠٠ لە پیرەکان زیاتر تێدەگەم. چونکە ڕاسپاردەکانت دەپارێزم.
١٠١ پێی خۆم قەدەغەکردووە لە هەموو ڕێگایەکی خراپ، تا فەرموودەی تۆ بپارێزم.
١٠٢ لە حوکمەکانی تۆ لام نەداوە. چونکە تۆ خۆت فێرت کردووم.
١٠٣ فەرموودەکەت چەند شیرینە بۆ گەرووم! لە هەنگوین شیرینترن بۆ دەمم.
١٠٤ لە ڕاسپاردەکانی تۆ تێدەگەم. بۆیە ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی چەوتە.

נ
نون

١٠٥ وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام.
١٠٦ سوێندم خواردووە و بەجێی دەهێنم. کە باشخوازیی حوکمەکانت بپارێزم.
١٠٧ ئەی پەروەردگار، زۆر ئازارم چێژتووە. جا بەپێی فەرموودەکەت بمژیێنەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠٨ ئەی پەروەردگار، بە ستایشە خۆویستەکانی دەمم ڕازی بە، حوکمەکانی خۆتم فێر بکە.

١٠٩ هەمیشە گیانم لەنێو دەستمدایە. بەڵام فێرکردنەکانی تۆ لەبیرناکەم.

١١٠ بەدکاران تەڵەیان بۆم ناوەتەوە. بەڵام من لە ڕاسپاردەی تۆ گومڕا نەبووم.

١١١ گەواهییەکانت تاهەتایە میراتن بۆ من. چونکە ئەوان شادیی دڵمن.

١١٢ دڵم بۆ بەجێهێنانی فەرزەکانت تەرخان دەکەم. تاهەتایە و تا کۆتایی.

ס
سامێخ

١١٣ ڕقم لە کەسانی دوودڵە، حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە.

١١٤ تۆ پەناگا و قەڵغانی منیت. هیوام بە فەرموودەی تۆیە.

١١٥ ئەی بەدکارەکان لێم دوورکەونەوە. تاکو ڕاسپاردەکانی خودای خۆم بپارێزم.

١١٦ بەپێی فەرموودکەی خۆت پشتم بگرە تا بژیم. لە ئومێدی خۆم شەرمەزارم مەکە.

١١٧ پشتم بگرە و ڕزگاردەبم. هەمیشە چاوم لە فەرزەکانت دەبێت.

١١٨ هەموو ئەوانەی لە فەرزەکانت گومڕا بوون ڕەتیان دەکەیتەوە، چونکە فێڵەکانیان پووچە.

١١٩ هەموو بەدکارانی زەوی وەک خڵت جیا دەکەیتەوە، بۆیە حەزم لە گەواهیەکانتە.

١٢٠ لەشم لە تۆقینی تۆ دەلەرزێت و لە حوکمەکانت دەترسم.

ע
عایێن

١٢١ حوکم و دادپەروەریم کردووە. ڕادەستی ستەمکارم مەکە.

١٢٢ بەڵێن بدە چاکە لەگەڵ بەندەی خۆت بکەیت، با لووتبەرزەکان نەمچەوسێننەوە.

١٢٣ چاوم کز بوو لە پەرۆشیم بۆ ڕزگارییەکەت. بۆ وشەی باشخوازیت.

١٢٤ بەپێی میهرەبانیەکەت لەگەڵ بەندەکەت ڕەفتار بکە. فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.

١٢٥ من بەندەی تۆم. تێم بگەیێنە. تا گەواهییەکانت بزانم.

١٢٦ کاتی کارکردنە بۆ پەروەردگار. چونکە فێرکردنەکانت شکێنراون.

١٢٧ بۆیە حەزم لە ڕاسپاردەکانتە، زیاتر لە ئاڵتوون و لە زێڕی پوختەکراو.

١٢٨ بۆیە هەموو ڕاسپاردەکانت لە هەموو شتێک بە ڕاست دەزانم. ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی چەوتە.

פ
پێ

١٢٩ گەواهییەکانت سەرسوڕهێنەرن، بۆیە گیانم دەیانپارێزێت.

١٣٠ دەرکەوتنی فەرموودەکانت ڕووناکی دەبەخشێت، تێگەیشتنیش بە نەزانەکان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣١ دەمم کردەوە و هەناسەبڕکێمە. چونکە پەرۆشی ڕاسپاردەکانتم.

١٣٢ ئاوڕم لێ بدەرەوە و لەگەڵم میهرەبان بە، وەک ڕەوا بۆ ئەوانەی ناوی تۆیان خۆش دەوێت.

١٣٣ هەنگاوەکانم لە وشەکەت جێگیر بکە. مەهێڵە هیچ تاوانێک بەسەرمدا زاڵ بێت.

١٣٤ لە ستەمی مرۆڤ بمکڕەوە. تا ڕاسپاردەکانت بپارێزم.

١٣٥ ڕووت بەسەر بەندەی خۆتدا بدرەوشێنەوە، فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.

١٣٦ جۆگەی ئاو لە چاوەکانم دادەڕژێت. چونکە فێرکردنەکانی تۆیان پەیڕەو نەکردووە.

لا
تسادێ

١٣٧ ئەی پەروەردگار تۆ باشخوازیت، حوکمەکانت ڕاستن.

١٣٨ ئەو گەواهیانەی فەرمانت پێ داوە ڕەوان و جێی متمانەن.

١٣٩ دڵگەرمیم سووتاندمی، چونکە دوژمنانم فەرموودەکانی تۆیان لەبیرکردووە.

١٤٠ وشەی تۆ زۆر بێگەردە، بەندەکەت حەزی لێیەتی.

١٤١ من بچووک و ڕەتکراوەم، بەڵام ڕاسپاردەکانت لە یادناکەم.

١٤٢ دادپەروەریت تاهەتایە دادپەروەریە، فێرکردنەکانت ڕەوان.

١٤٣ تەنگانە و ناخۆشیم تووش بووە. بەڵام فەرمانەکانت شادیی منن.

١٤٤ گەواهییەکانت تاهەتایە دادپەروەرن. تێم بگەیەنە تا بژیم.

ق
قووف

١٤٥ پڕ بە دڵ هاوار دەکەم. ئەی پەروەردگار، وەڵامم بدەرەوە. فەرزەکانت دەپارێزم.

١٤٦ هاوار بۆ تۆ دەکەم. ڕزگارم بکە، گەواهییەکانت دەپارێزم.

١٤٧ هەڵدەستم پێش بەربەیان هاوارت بۆ دەهێنم. چاوەڕێی فەرموودەکانی تۆ دەکەم.

١٤٨ بەدرێژایی شەو بەئاگام، تا لە فەرموودەکانت وردببمەوە.

١٤٩ بەگوێرەی میهرەبانیەکەت گوێ لە دەنگم بگرە. ئەی پەروەردگار، بەگوێرەی حوکمەکانت بمژیێنەوە.

١٥٠ پیلانگێڕان نزیک بوونەوە. لە فێرکردنەکانت دوور کەوتوونەتەوە.

١٥١ بەڵام ئەی پەروەردگار تۆ زۆر نزیکیت، هەموو ڕاسپاردەکانت ڕەوان.

١٥٢ لە مێژەوە لە گەواهییەکانت دەزانم، کە بۆ تاهەتایە داتناون.

ر
ڕێش

١٥٣ سەیری زەلیلیم بکە و دەربازم بکە. چونکە فێرکردنەکانی تۆ لەبیر ناکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥٤ پارێزەری لە گرفتەکەم بکە و بمکڕەوە. بەگوێرەی وشەکەت بمژێنەوە.

١٥٥ ڕزگاری لە بەدکاران دوورە. چونکە فەرزەکانی تۆیان نەویست.

١٥٦ بەزەییت زۆرە ئەی پەروەردگار. بەگوێرەی حوکمەکانت بمژێنەوە.

١٥٧ دوژمنانم و ئەوانەی دوام دەمچەوسێننەوە زۆرن. بەڵام لە گەواهییەکانی تۆ لام نەداوە.

١٥٨ ناپاکانم بینی بێزم هاتەوە. ئەوانەی وشەی تۆیان لەبەرچاو نەگرتووە.

١٥٩ ببینە کە حەز لە ڕاسپاردەکانت دەکەم. ئەی پەروەردگار، بەگوێرەی میهرەبانیەکەت بمژێنەوە.

١٦٠ سەراپای وشەکانت ڕەوایە. هەموو حوکمە دادپەروەرییەکانت تاهەتایین.

ש
شین

١٦١ سەرۆکەکان بەبێ هۆ دەمچەوسێننەوە. بەڵام دڵم لە فەرموودەکەی تۆ دەلەرزێت.

١٦٢ بە فەرموودەکانت دڵشاد دەبم، وەک یەکێک دەستکەوتێکی زۆری چنگ کەوتبێت.

١٦٣ ڕق و قینم لە درۆیە، حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە.

١٦٤ ڕۆژی حەوت جار ستایشت دەکەم، بۆ دادپەروەریی حوکمەکانت.

١٦٥ ئەوانەی حەز لە فێرکردنەکانت دەکەن لەوپەڕی ئاشتیدان. ساتمە لە هیچ شتێ ناکەن.

١٦٦ هیوام بە ڕزگاریی تۆیە ئەی پەروەردگار. بە ڕاسپاردەکانی تۆم کرد.

١٦٧ گیانم گەواهییەکانی تۆی پاراست. زۆر حەزم لێیانە.

١٦٨ ڕاسپاردە و گەواهیەکانی تۆ دەپارێزم، چونکە هەموو ڕێگاکانم لە بەردەمتدان.

ת
تاڤ

١٦٩ ئەی پەروەردگار با هاوارم بگاتە لات. بەگوێرەی فەرموودەکەت تێم بگەیەنە.

١٧٠ با پاڕانەوەم بچێتە ئامادەگیت. بەگوێرەی وشەکەت دەربازم بکە.

١٧١ با لێوم ستایشی لێ بڕژێت، چونکە فێری فەرزەکانی خۆتم دەکەیت.

١٧٢ با زمانم گۆرانی بەسەر فەرموودەکانت بڵێ، چونکە هەموو ڕاسپاردەکانت دادپەروەرین.

١٧٣ با دەستت ئامادەبێت بۆ یارمەتیم. چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم هەڵبژاردووە.

١٧٤ ئەی پەروەردگار، من بە پەرۆشم بۆ ڕزگاریی تۆ، فێرکردنەکانت شادیی منن.

١٧٥ با گیانم بژێتەوە تا ستایشت بکەم، حوکمەکانت یارمەتیم بدات.

١٧٦ وەک بەرخی وێڵ گومڕا بووم. بە دوای بەندەکەتدا بگەڕێ، چونکە ڕاسپاردەکانتم لەبیر نەکردووە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 120

پەسنیی کەژاوەکان.

١ لە تەنگانەمدا هاوارم بۆ پەروەردگار هێنا، بە دەنگمەوە هات.
٢ ئەی پەروەردگار گیانم دەرباز بکە. لە لێوی درۆزن و لە زمانی فێلباز.
٣ چیت پێدەدرێت، چیت بۆ زیاد دەکرێت، ئەی زمانی فێڵباز؟
٤ تیری تیژکراوی پاڵەوان، لەگەڵ پشکۆی خەڵووزی دارگەز.
٥ وەی بەحاڵم چونکە ئاوارەی مەشەکم. لە خێوەتەکانی قێدار نیشتەجێم.
٦ نیشتەجێبوونم درێژەی کێشا، لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لە ئاشتییە.
٧ من ئاشتیم، بەڵام کاتێ قسە دەکەم، ئەوان شەڕخوازن.

پەسنییەکان 121

پەسنیی کەژاوەکان.

١ چاو بەرەو چیاکان هەڵدەبڕم، کە یارمەتیم لەوێوە دێت!
٢ یارمەتی من لە لای پەروەردگارەوەیە، دروستکاری ئاسمانان و زەوی.
٣ لێ ناگەڕێت پێت بخزێت. ئەوەی دەتپارێزێت خەواڵوو نابێت.
٤ ئەوەی ئیسرائیل دەپارێزێت، خەواڵوو نابێت و نانوێت.
٥ پەروەردگار پارێزگاری تۆیە، پەروەردگار سێبەری تۆیە، لە دەستە ڕاستت.
٦ نە خۆر بە ڕۆژ لێت دەدات، نە مانگ بە شەو.
٧ پەروەردگار لە هەموو خراپەیەک دەتپارێزێت. گیانت دەپارێزێت.
٨ پەروەردگار پارێزگاری هاتووچۆت دەکات، لە ئێستاوە و تاهەتایە.

پەسنییەکان 122

بەسنیی کەژاوەکان. هی داویدە.

١ شادمان بووم بە وانەی پێیان وتم: "با بچینە ماڵی پەروەردگار".
٢ ئەی یروشلایم، پێیەکانمان لە دەروازەکانت ڕادەوەستن.
٣ یروشلایم بنیادنراوە وەک شارێکی یەکگرتوو.
٤ لەوێ خێڵەکان سەردەکەون، هۆزەکانی پەروەردگار، وەک گەواهی بۆ ئیسرائیل، تا ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن.
٥ چونکە تەختەکان لەوێ بۆ دادوەری دادەنرێت. تەختەکانی بنەماڵەی داوید.
٦ داوای ئاشتی بکەن بۆ یروشلایم: "با ئەوانەی تۆیان خۆش دەوێت ئاسوودە بن.
٧ با ئاشتی لە قوللـەکانت بێت و حەسانەوە لە کۆشکەکانت".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ لە پێناوی برا و هاوڕێکانم دەڵێم: ‘‘ئاشتیت تێدابێت’’.

٩ لە پێناوی ماڵی پەروەردگاری خوداوەندمان، بەدوای چاکەی تۆدا دەگەڕێم.

پەسنییەکان 123

بەسنیی کەژاوەکان.

١ چاوم بۆ تۆ هەڵبڕی. تۆ ئەی دانیشتوو لە ئاسمانان.

٢ ئەوەتا وەک چۆن بەندەکان چاویان لە دەست گەورەکەیانە، وەک چۆن کەنیزە چاوی لە دەست خاتوونەکەیەتی، ئاواش ئێمە چاومان لە دەستی پەروەردگاری خوداوەندمانە. تا لەگەڵمان میهرەبان بێت.

٣ لەگەڵمان میهرەبان بە پەروەردگار، لەگەڵمان میهرەبان بە، چونکە لەڕادەبەدەر لە سووکایەتی تێربووین.

٤ گیانمان زۆر تێر بووە، لە گاڵتەی بێ خەمەکان، لە سووکایەتیی لووتبەرزەکان.

پەسنییەکان 124

بەسنیی کەژاوەکان. هی داویدە.

١ ‘‘ئەگەر پەروەردگار لایەنگرمان نەبووایە’’. با ئێستا ئیسرائیل بڵێت:

٢ ‘‘ئەگەر پەروەردگار لایەنگرمان نەبووایە. کاتێ خەڵک لێمان هەستان،

٣ ئەوا بە زیندوویی قووتیان دەداین، کاتێ قینیان لە دژمان جۆشا.

٤ ئەوا لافاو ڕایدەماڵین. لێشاو بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی.

٥ ئەوا ئاوی هەڵچوو بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی’’.

٦ پیرۆزە پەروەردگار. کە ئێمەی نەکردە نێچیری بەر کەڵبەیان.

٧ گیانمان وەک چۆلەکە لە داوی ڕاوچیەکان دەرباز بوو. داوەکە پسا و ئێمە دەربازبووین.

٨ هانامان بە ناوی پەروەردگارەوەیە. دروستکاری ئاسمانان و زەوی.

پەسنییەکان 125

پەسنیی کەژاوەکان.

١ ئەوانەی پشتیان بە پەروەردگار بەستووە وەک کێوی سیهیۆن وان. کە نالەقێت، بەڵکو تاهەتایە هەر نیشتەجێیە.

٢ وەک چۆن چیاکان دەوری یروشلایمیان داوە، پەروەردگاریش دەوری گەلی خۆی داوە لە ئێستاوە و تاهەتایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ چونکە گۆچانی خراپەکاران لەسەر میراتی خوداناسان جێگیر نابێت، بۆ ئەوەی
خوداناسان دەستیان درێژ نەکەن بۆ خراپەکاری.
٤ ئەی پەروەردگار، چاکە بکە لەگەڵ پیاوچاکان، لەگەڵ دڵڕاستەکان.
٥ بەڵام ئەوانەی بادەدەنەوە و ڕێگای چەوت دەگرن. پەروەردگار لەگەڵ بەدکاران
دەیانبات. ئاشتی بۆ ئیسرائیل.

پەسنییەکان 126

پەسنیی کەژاوەکان.

١ کە پەروەردگار ڕاپێچی سیهێونی گێڕایەوە، وەک خەون دیتوومان لێهات.
٢ ئەو کاتە دەممان پڕ پێکەنین و زمانمان پڕ پەسنی بوو. ئەوسا لەنێو نەتەوەکان وتیان:
"پەروەردگار کارێکی مەزنی لەگەڵ ئەوان کرد".
٣ پەروەردگار کارێکی مەزنی لەگەڵ کردین. شادمانی کردین.
٤ ئەی پەروەردگار، ڕاپێچەکەمان بگێڕەوە. وەک جۆگەکانی باشوور.
٥ ئەوانەی بە فرمێسک دەچێنن، بە شادمانیەوە دروێنە دەکەن.
٦ ئەوەی بە گریانەوە دەڕوات و تۆوی بۆ چاندن بارکردووە. بە پەسنیەوە دێتەوە و
چەپکی بەرهەمەکەی بارکردووە.

پەسنییەکان 127

پەسنیی کەژاوەکان. هی شلیمونە.

١ ئەگەر پەروەردگار خانووەکە دروست نەکات. بیناسازەکان بێ هوودە خۆیان ماندوو
دەکەن. ئەگەر پەروەردگار شارەکە چاودێری نەکات. پاسەوان بێ هوودە ئێشک
دەگرێت.
٢ بێ هوودەیە زوو هەستان و درەنگ دانیشتن، خواردنی نانی ڕەنجکێشی. چونکە
خەو بە خۆشەویستانی خۆی دەبەخشێت.
٣ ئەوەتا ڕۆڵەکان میراتن لە پەروەردگارەوە. پاداشتی بەری سکن.
٤ وەک تیری دەستی پاڵەوان، ئاوان کوڕانی مرۆڤی گەنج.
٥ بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی تیردانی خۆی لەوان پڕ کردووە. شەرمەزار نابێت کە لە
دەروازەدا لەگەڵ دوژمنان دەکەوێتە دەمەقاڵێ.

پەسنییەکان 128

پەسنیی کەژاوەکان.

١ بەختەوەری بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە پەروەردگار دەترسن. ڕێگای ئەو دەگرنە
بەر.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ کە بەری ڕەنجی دەستی خۆت دەخۆیت، بەختەوەری بۆ تۆ و چاکیشە بۆت.
٣ ژنەکەت وەک دارمێوێکی بەردار دەبێت لەنێو ماڵەکەت. ڕۆڵەکانت وەک شتڵە زەیتوون دەبن لە دەوری خوانەکەت.
٤ ئەو کەسەی لە پەروەردگار بترسێت ئاوا داڕشت دەبێت.
٥ پەروەردگار لە سیهیۆن داڕشتت بکات و هەموو ڕۆژانی ژیانت چاکەی یروشلایم ببینیت،
٦ منداڵی منداڵەکانت ببینیت. ئاشتی بۆ ئیسرائیل.

پەسنییەکان 129

پەسنیی کەژاوەکان.

١ "چەند زۆر لە گەنجییەتیم هەراسانیان کردم". با ئیسرائیل بڵێت:
٢ "چەند زۆر لە گەنجییەتیم هەراسانیان کردم. بەڵام بەسەرمدا زاڵ نەبوون.
٣ جوتیارەکان جووتیان لەسەر پشتم کرد و هێڵە جووتەکانیان درێژکردەوە".
٤ پەروەردگار ڕاستگۆیە. پەتی بەدکارانی پچڕاند.
٥ ڕیسوا بن و بەرەو دواوە بن هەموو ئەوانەی ڕقیان لە سیهیۆنە.
٦ بە دەردی گیای سەربان بچن. پێش ئەوەی گەشە بکات وشک دەبێت.
٧ ئەوەی نە دەستی درووێنەکەر پڕ دەکات و نە باوەشی گیشەکەر.
٨ ئەوانەی بەلایانەوە تێدەپەڕن پێیان نەڵێن: "داڕشتی پەروەردگارتان لێ بێت. بە ناوی پەروەردگار داوای داڕشتتان بۆ دەکەین".

پەسنییەکان 130

پەسنیی کەژاوەکان.

١ لە قووڵاییەکانەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم ئەی پەروەردگار.
٢ ئەی پەروەردگار، گوێ لە دەنگم بگرە. با گوێیەکانت سووک بن بۆ دەنگی پاڕانەوەم.
٣ ئەی پەروەردگار، ئەگەر چاو بە تاوانەکان بخشێنیت، ئەی باڵادەست، کێ دەوەستێت؟
٤ چونکە لێخۆشبوون لە لای تۆیە. بۆ ئەوەی لێت بترسین.
٥ چاوەڕێی پەروەردگار دەکەم. گیانم چاوەڕێی دەکات، هیوام بە فەرموودەکانیەتی.
٦ گیانم چاوەڕێی پەروەردگار دەکات. زیاتر لە ئێشکگر بۆ بەرەبەیان. زیاتر لە ئێشکگر بۆ بەرەبەیان.
٧ ئەی ئیسرائیل، هیوات بە پەروەردگار هەبێت، چونکە میهرەبانی لە لای پەروەردگارە، توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ کڕینەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ هەر ئەوە ئیسرائیل لە هەموو گوناهەکانی دەکڕێتەوە.

پەسنییەکان 131

پەسنیی کەژاوەکان. هی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، نە دڵم بەفیزە و نە چاوەکانم بە لووتبەرزییەوە دەڕوانن، خۆم بە شتی لە خۆم گەورەتر و گرنگترەوە خەریک ناکەم.

٢ بەڵکو گیانم ئارام و کپ کردووە. وەک منداڵێکی لەشیربڕاوە وایە لە باوەشی دایکی. گیانم وەک منداڵێکی لەشیربڕاوە وایە.

٣ ئەی ئیسرائیل، هیوات بە پەروەردگار هەبێت. لە ئێستاوە و تاهەتایە.

پەسنییەکان 132

پەسنیی کەژاوەکان.

١ ئەی پەروەردگار، داوید و هەموو ئازارەکانی بەبیر خۆت بهێنەوە.

٢ ئەو سوێندەی بۆ پەروەردگاری خوارد. نەزرەکەی بۆ خودای تواناداری یاقوو.

٣ "شەرت بێت نەچمەوە نێو خێوەتی ماڵەکم. نەچمە نێو نوێنەکەم.

٤ خەو نەدەم بە چاوەکانم، پشوو نەدەم بە پێڵوەکانم.

٥ تاکو شوێنێک بۆ پەروەردگار پەیدا نەکەم. جێنشینێک بۆ خودای تواناداری یاقوو".

٦ ئەوەتا لە ئەفراتە هەواڵیمان بیست. لەنێو کێڵگەکانی یاعەر دۆزیمانەوە.

٧ "با بچینە نشینگەکانی. با لە تەختەپێی کڕنۆش ببەین".

٨ "ئەی پەروەردگار ڕاپەڕە بۆ ئارامگات، خۆت و چەمەدانی سەربەرزیت.

٩ کاهینەکانت بێتاوانی دەپۆشن، خۆداناسانت دەنگ هەڵدەبڕن".

١٠ لەپێناوی داویدی بەندەت. مەسیحەکەت ڕەت مەکەوە.

١١ پەروەردگار بە ڕەوا سوێندی بۆ داوید خوارد و لێی پاشگەز نابێتەوە: "لەبەری پشتی خۆت لەسەر تەختەکەت دادەنێم.

١٢ ئەگەر ڕۆڵەکانت پەیمانەکەم بپارێزن، هەروەها ئەو گەواهیانەی کە فێریان دەکەم. ئەوسا خۆیان و نەوەکانیان تاهەتایە لەسەر تەختەکەت دادەنیشن".

١٣ چونکە پەروەردگار سیهیۆنی هەڵبژارد. حەزی کرد بیکات بە نشینگەی خۆی.

١٤ "تاهەتایە ئەمە ئارامگامە. لێرە نیشتەجێ دەبم، چونکە پێم خۆشە.

١٥ دارشت بەسەر ئازووقەکەیدا دەبارێنم. هەژارەکانی تێر نان دەکەم.

١٦ ڕزگاری دەکەمە بەر کاهینەکانی، خوداناسانی دەنگ هەڵدەبڕن.

١٧ لەوێ قۆچ بۆ داوید دەڕوێنم. چرایەک بۆ مەسیحەکەم ئامادە دەکەم.

١٨ شەرمەزاری دەکەمە بەر دوژمنەکانی، بەڵام تاجەکەی سەر ئەو شکۆفە دەکات".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 133

پەسنیی کەژاوەکان. هی داویدە.

١ ئەوەتا چەند باشە و چەند جوانە، برایان پێکەوە نیشتەجێ بن!

٢ وەک ڕۆنی بۆنخۆشە بەسەر سەرەوە، کە بەسەر ڕیشدا دێتە خوارەوە، ڕیشی هارون، کە بەسەر دامێنی کراسەکەیدا دێتە خوارەوە.

٣ وەک شەونمی حەرمۆن کە دێتە خوارەوە بەسەر کێوی سیهیۆن. چونکە لەوێدا پەروەردگار فەرمانی بە دارشت دا. ژیانێکی جاویدانی.

پەسنییەکان 134

پەسنیی کەژاوەکان.

١ ئەوەتا پیرۆزی پەروەردگار بکەن، ئەی هەموو بەندەکانی پەروەردگار، ئەی ئەوانەی بە شەوان لە ماڵی پەروەردگار ڕادەوەستن.

٢ لە پارساگاکەدا دەست بەرز بکەنەوە و ستایشی پەروەردگار بکەن.

٣ پەروەردگار، دروستکاری زەوی و ئاسمانان. لە سیهیۆنەوە دارشتت بکات.

پەسنییەکان 135

١ هەلیلویا. ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن. ستایشی بکەن ئەی بەندەکانی پەروەردگار،

٢ ئەی ئەوانەی لە ماڵی پەروەردگار ڕاوەستاون. لە حەوشەی ماڵی خوداوەندمان.

٣ ستایشی پەروەردگار بکەن. چونکە پەروەردگار چاکە. پەسنی بۆ ناوی بڵێن. چونکە ئاوا جوانە.

٤ چونکە پەروەردگار یاقووی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و ئیسرائیل بۆ موڵکی تایبەتی خۆی.

٥ چونکە من دەزانم پەروەردگار مەزنە، پەروەردگارمان لە سەرووی هەموو خوداوەندەکانە.

٦ پەروەردگار هەرچی بە خواستی بێت دەیکات، لە ئاسمانان و لەسەر زەوی، لە دەریا و لە هەموو قووڵاییەکان.

٧ لەوپەڕی زەویەوە هەورەکان بەرز دەکاتەوە. بروسکە بۆ باران دروست دەکات. لە گەنجینەی خۆی با دەردێنێت.

٨ ئەو بوو نۆبەرەکانی میسڕی لەناوبرد، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ.

٩ ئەی میسڕیەکان، لەنێو ئێوە نیشانە و پەرجوی نارد، دژ بە فیرعەون و هەموو کۆیلەکانی.

١٠ ئەو زۆر نەتەوەی لەناوبرد، پاشا بە تواناکانی کوشت.

١١ سیحۆنی پاشای ئەموریەکان، عۆگی پاشای باشان و هەموو شانشینەکانی کەنعان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ زەوییەکەیانی کرد بە میرات. بە میرات بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆی.

١٣ ئەی پەروەردگار، ناوت تاهەتایە. ئەی پەروەردگار، یادت بۆ نەوە دوای نەوەیە.

١٤ چونکە پەروەردگار ئەستۆپاکیی گەلی خۆی دەسەلمێنێت. میهرەبان دەبێت لەگەڵ بەندەکانی.

١٥ بتەکانی نەتەوەکان زێڕ و زیوە. دەستکردی مرۆڤن.

١٦ دەمیان هەیە و قسە ناکەن. چاویان هەیە و نابینن.

١٧ گوێیان هەیە و نابیستن. هەروەها هەناسە لە دەمیان نیە؟

١٨ ئەوانەی دروستیان کردوون وەک بتەکان دەبن. هەموو ئەوانەش کە پشتیان پێ دەبەستن.

١٩ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی بنەماڵەی هارون ستایشی پەروەردگار بکەن.

٢٠ ئەی ماڵی لێوی ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی ئەوانەی ترسی پەروەردگارتان لە دڵدایە ستایشی پەروەردگار بکەن.

٢١ ستایش بۆ پەروەردگار لە سیهێون. ئەوەی لە یروشلایم نیشتەجێیە. هەلیلویا

پەسنییەکان 135

١ هەلیلویا. ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن. ستایشی بکەن ئەی بەندەکانی پەروەردگار،

٢ ئەی ئەوانەی لە ماڵی پەروەردگار ڕاوەستاون. لە حەوشەی ماڵی خوداوەندمان.

٣ ستایشی پەروەردگار بکەن. چونکە پەروەردگار چاکە. پەسنی بۆ ناوی بڵێن. چونکە ئاوا جوانە.

٤ چونکە پەروەردگار یاقووی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و ئیسرائیل بۆ موڵکی تایبەتی خۆی.

٥ چونکە من دەزانم پەروەردگار مەزنە، پەروەردگارمان لە سەرووی هەموو خوداوەندەکانە.

٦ پەروەردگار هەرچی بە خواستی بێت دەیکات، لە ئاسمانان و لەسەر زەوی، لە دەریا و لە هەموو قووڵاییەکان.

٧ لەوپەڕی زەویەوە هەورەکان بەرز دەکاتەوە. بروسکە بۆ باران دروست دەکات. لە گەنجینەی خۆی با دەردێنێت.

٨ ئەو بوو نۆبەرەکانی میسڕی لەناوبرد، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ.

٩ ئەی میسڕیەکان، لەنێو ئێوە نیشانە و پەرجوی نارد، دژ بە فیرعەون و هەموو کۆیلەکانی.

١٠ ئەو زۆر نەتەوەی لەناوبرد، پاشا بە تواناکانی کوشت.

١١ سیحۆنی پاشای ئەموریەکان، عۆگی پاشای باشان و هەموو شانشینەکانی کەنعان.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ زەوییەکەیانی کرد بە میرات. بە میرات بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆی.

١٣ ئەی پەروەردگار، ناوت تاهەتایە. ئەی پەروەردگار، یادت بۆ نەوە دوای نەوەیە.

١٤ چونکە پەروەردگار ئەستۆپاکیی گەلی خۆی دەسەلمێنێت. میهرەبان دەبێت لەگەڵ بەندەکانی.

١٥ بتەکانی نەتەوەکان زێڕ و زیوە. دەستکردی مرۆڤن.

١٦ دەمیان هەیە و قسە ناکەن. چاویان هەیە و نابینن.

١٧ گوێیان هەیە و نابیستن. هەروەها هەناسە لە دەمیان نیە؟

١٨ ئەوانەی دروستیان کردوون وەک بتەکان دەبن. هەموو ئەوانەش کە پشتیان پێ دەبەستن.

١٩ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی بنەماڵەی هارون ستایشی پەروەردگار بکەن.

٢٠ ئەی ماڵی لێوی ستایشی پەروەردگار بکەن. ئەی ئەوانەی ترسی پەروەردگارتان لە دڵدایە ستایشی پەروەردگار بکەن.

٢١ ستایش بۆ پەروەردگار لە سیهیۆن. ئەوەی لە یروشلایم نیشتەجێیە. هەلیلویا

پەسنییەکان 136

١ سوپاسی پەروەردگار بکەن، چونکە چاکە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٢ سوپاسی خوداوەندی خوداوەندان بکەن، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٣ سوپاسی پەروەردگاری پەروەردگاران بکەن، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٤ ئەوەی بە تەنها نیشانەی مەزن دەکات، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٥ ئەوەی بەتێگەیشتنەوە ئاسمانانی دروستکردووە. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٦ ئەوەی زەوی لەسەر ئاوەکان ڕاخستووە. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٧ ئەوەی ڕووناکییە مەزنەکانی دروست کردووە. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٨ خۆر بۆ حوکمگێڕی ڕۆژ. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

٩ مانگ و هەسارەکان بۆ حوکمگێڕی شەو، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٠ بۆ ئەوەی لە میسڕ و نۆبەرەکانی دا، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١١ ئیسرائیلی لە ناوەندیان دەرهێنا، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٢ بە دەستێکی بەهێز و بازوویەکی درێژکراوەوە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٣ ئەوەی دەریای سووفی کرد بە دوو بەشەوە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٤ ئیسرائیلی بە نێویدا پەڕاندەوە، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٥ فیرعەون و هێزەکەی فڕێدایە دەریای سووف، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

١٦ بۆ ئەوەی لە بیابان ڕابەری گەلی خۆی کرد، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەوەی پاشا مەزنەکانی لەناوبرد، چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
١٨ ئەوەی پاشا ناودارەکانی کوشت. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
١٩ سیحۆنی پاشای ئەموریيەکان. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٠ عۆگی پاشای باشان. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢١ زەویەکەیانی کرد بە میرات. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٢ بە میرات بۆ ئیسرائیلی بەندەی خۆی. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٣ ئەوەی ئێمەی بەبیرهاتەوە کاتێ زەلیل بووین. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٤ ئەوەی دەریهێنایین لەنێو دوژمنمان. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٥ ئەوەی نان دەداتە هەموو ئادەمیزادێک. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.
٢٦ سوپاسی خوداوەندی ئاسمانان بکەن. چونکە میهرەبانیەکەی جاویدانیە.

پەسنییەکان 137

١ لەدەم ڕووبارەکانی باڤل، لەوێ دانیشتین، هەروەها گریاین کە سیهیۆنمان بیر کەوتەوە.
٢ بە داربییەکانی ناوەندی عوودەکانی خۆمان هەڵواسی.
٣ چونکە لەوێ ڕاپێچکەرانمان داوای پەسنییان لێ کردین، چەوسێنەرانمان داوایان کرد دڵخۆشیان بکەین: "پەسنییەکمان لە پەسنیەکانی سیهیۆنمان بۆ بڵێن".
٤ چۆن پەسنیی پەروەردگار بڵێن لە خاکێکی بێگانە؟
٥ ئەی یوشلایم، ئەگەر لەبیرت بکەم، با دەستە ڕاستم بەهرەکەی لەبیر بکات!
٦ با زمانم بە مەڵاشوومەوە بنووسێت، ئەگەر یادت نەکەم، ئەگەر یروشلایم لە سەرووی هەموو خۆشییەکم دانەنێم!
٧ ئەی پەروەردگار، ئەو ڕۆژەی یروشلایم کەوت، نەوەکانی ئەدۆمت لە بیر بێت. کاتێ وتیان: "تەختی بکەن. تا بناغە تەختی بکەن".
٨ ئەی کچی باڤلی تێکدەر، دەستی خۆش بێت ئەو کەسەی تۆڵەت لێ دەسێنێتەوە، وەک ئەو خراپەی هی ئێمەت دایەوە!
٩ دەستی خۆش بێت ئەو کەسەی منداڵەکانت دەگرێت و بە تاشەبەردیان دەدات!

پەسنییەکان 138

هی داویدە.

١ بە هەموو دڵەوە سوپاست دەکەم. لە بەردەم خوداوەندکان پەسنیت بۆ دەڵێم.
٢ بەرامبەر پەرستگای پارسات کڕنۆش دەبەم، سوپاسی ناوت دەکەم، بۆ میهرەبانی و ڕەوات. چونکە وشە و ناوی خۆت بەسەر هەموو شتێکدا بەرز کردووەتەوە.
٣ ئەو ڕۆژەی هاوارم بۆ تۆ کرد بەدەنگمەوە هاتیت. ئازا و بوێرت کردم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ ئەی پەروەردگار، هەموو پاشاکانی سەر زەوی سوپاست دەکەن، چونکە وشەی زاری تۆیان بیست.

٥ پەسنی بەسەر ڕێگاکانی پەروەردگاردا دەڵێن، چونکە شکۆی پەروەردگار مەزنە.

٦ چونکە پەروەردگار بەرزە و دەڕوانێتە کەسی بێ فیز، بەڵام لووتبەرزان لە دوورەوە دەناسێت.

٧ ئەگەر بەنێو تەنگانەشدا بڕۆم دەمژێنیت. دەست درێژ دەکەیت بەسەر تووڕەیی دوژمنانم، بە دەستی ڕاستت ڕزگارم دەکەیت.

٨ پەروەردگار بەرگریم لێ دەکات. ئەی پەروەردگار، میهرەبانیەکەت جاویدانیە. واز لەکارەکانی دەستت مەهێنە.

پەسنییەکان 139

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، تۆ منت پشکنی و منت ناسی.

٢ هەستان و دانیشتنی منت زانیوە. لە دوورەوە لە بیرەکانم گەیشتووی.

٣ ڕێڕەو و جێی ڕاکشانی منت پێواوە، شارەزای هەموو ڕێگاکانی منیت.

٤ ئەی پەروەردگار. هیچ وشەیەک لەسەر زمانم نییە کە تۆ بە تەواوی نەیزانیت.

٥ لە پێش و لە پشتەوە دەورت داوم، دەست دەخەیتە سەرم.

٦ ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە. لە سەرووی منەوەیە، دەستم پێی ناگات.

٧ بۆ کوێ بڕۆم لە ڕووحی تۆ؟ بۆ کوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت؟

٨ ئەگەر سەربکەوم بۆ ئاسمانان، تۆ لەوێیت. ئەگەر لەنێو دۆڵی بێبن ڕاکشێم. ئەوەتای لەوێ.

٩ ئەگەر دەست بە باڵی بەرەبەیانەوە بگرم، ئەگەر لەوپەڕی دەریا نیشتەجێبم.

١٠ لەوێش دەستی تۆ ڕێنماییم دەکات و دەستی ڕاستت بە خۆیەوە دەمگرێت.

١١ وتم: "تاریکی دامدەپۆشێت". شەویش دەبێت بە ڕووناکی دەورم!

١٢ تاریکیش لای تۆ تاریکدا نایەت، شەو وەک ڕۆژ ڕووناکی دەبەخشێت. تاریکیش وەک ڕووناکی وایە.

١٣ چونکە تۆ دڵی منت دروست کردووە. لەنێو سکی دایکم منت چنیوە.

١٤ سوپاست دەکەم، چونکە بە ترسەوە سامناکی دروست کراوم. کارەکانت سەرسوڕهێنەرن، لە ناخمەوە ئەمە باش دەزانم.

١٥ ئێسقانم لە تۆ شاراوە نەبوو، کاتێ لە پەنهانی دروست کرام، لەنێو سکی زەوی نەخشێنرام.

١٦ هێشتا لە سکی دایکم بووم، ئەندامەکانی لەشمت بینی. هەموو ئەو ڕۆژانە کە بۆ من شێوەیان کێشرا، لە سیپارەکەتدا نووسراون، پێش ئەوەی هیچ کامیان هەبن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ خودایە، بیرۆکەکانت بەلای منەوە چەند گران بەهایە! کۆی ژمارەیان چەند زۆرە!
١٨ ئەگەر بیانژمێرم، لە لم زیاترن. کە بەئاگادێم هێشتا لەگەڵ تۆدام.
١٩ خودایە، خۆزگە بەدکارەکانت بکوشتایە. ئەی خوێنڕێژەکان، لێم دووربکەونەوە.
٢٠ ئەوانەی بە خراپە باست دەکەن، سکاڵاکاران بەبێ هۆ لێت هەستاون.
٢١ ئەی پەروەردگار، ئایا ڕقم لەوانە نەبێت کە ڕقیان لەتۆیە؟ ئایا قێزم لەوانە نەبێتەوە کە دژی تۆ دەوەستن؟
٢٢ بە تەواوی ڕقم لێیانە. بوون بە دوژمنم.
٢٣ خودایە بمپشکنە و بزانە دڵم چی تێدایە. ئەزموونم بکە و بزانە خولیای چیم.
٢٤ سەیر بکە ئاخۆ هیچ ڕێگایەکی ناڕەوام تێدایە، ڕێنماییم بکە بۆ ڕێگای جاویدانی.

پەسنییەکان 140

هی پێشەوای گۆرانیبێژانە. پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، لە کەسی بەدکار دەربازم بکە. لە پیاوی ستەمکار بمپارێزە.
٢ ئەوانەی لە دڵەوە بیر لە خراپە دەکەنەوە و بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی شەڕانگێزین.
٣ زمانیان وەک زمانی مار تیژکردووە. کیسی ژەهری تیرەمار لەژێر لێویانە. سیلاە.
٤ ئەی پەروەردگار لە دەست بەدکار ئاگادارم بە. لە پیاوی ستەمکار بمپارێزە. ئەوانەی پیلانیان داناوە تا قاچم بخلیسکێنن.
٥ لووتبەرزان تەڵەیان بۆم ناوەتەوە. پەت و تۆڕیان بڵاو کردۆتەوە. لە دەم ڕێگا داویان بۆم ناوەتەوە. سیلاە.
٦ بە پەروەردگارم وت: "تۆ خوداوەندی منی". ئەی پەروەردگار، گوێ لە دەنگی پاڕانەوەم بگرە.
٧ ئەی پەروەردگاری باڵادەست، هێزی ڕزگاریم، لە ڕۆژی شەڕدا سەری منت داپۆشی.
٨ ئەی پەروەردگار، ئارەزووەکانی بەدکار مەهێنە دی. لێمەگەڕێ پیلانەکانی سەربگرێت. تا لووتبەرز نەبن. سیلاە.
٩ با سەری ئەوانەی دەوریان داوم بە خراپەی لێویان بپۆشرێن.
١٠ با پشکۆیان بەسەردا ببارێت. بکەونە نێو ئاگرەوە، بکەونە نێو چاڵەوە، ڕاست نەبنەوە.
١١ با مرۆڤی بوختانکەر لەسەر زەوی جێگیر نەبێت. با خراپە پیاوی ستەمکار ڕاو بکات.
١٢ دەزانم پەروەردگار دادوەری دەکات بۆ هەژاران. ماف دەدات بە نەداران.
١٣ خوداناسانیش سوپاسی ناوت دەکەن. سەرڕاستان لە ئامادەگیت دادەنیشن.

پەسنییەکان 141

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، هاوارم بۆ تۆ کرد. خێرابە بۆ لام. گوێ لە دەنگم بگرە کە هاوارت بۆ دەکەم.

٢ با نوێژم وەک بخوور لە بەردەمت ڕاوەستێت. دەست بەرزکردنەوەم وەک قوربانیی ئێوارە بێت.

٣ ئەی پەروەردگار، پاسەوانێک دانێ بۆ دەمم. دەرگای لێوەکانم بپارێزە.

٤ دڵم بە لای خراپەدا مەبە، نەوەک خۆم بە کردەوەی بەد خەریک بکەم، لەگەڵ ئەوانەی بەدکاری دەکەن. لە شتە خۆشەکانی ئەوان ناخۆم.

٥ با خوداناسێک لێم بدات، ئەوە میهرەبانیە، با سەرزەنشتم بکات، ئەوە وەک ڕۆنی بۆنخۆشی سەرە. سەرم لاریی نییە. چونکە هێشتا نوێژەکانم دژی خراپەکانیانە.

٦ کە دادوەرانیان لە تاشەبەردەوە فڕێدەدرێنە خوارەوە، ئەوسا گوێ لە قسەم دەگرن چونکە شیرینە.

٧ وەک کێڵان و شەقکردنی زەوی، ئاوا ئێسقانەکانیان لە دەم دۆڵی بێبن پەرت دەکرێن.

٨ چونکە چاوەکانم ئاراستەی تۆن ئەی پەروەردگاری باڵادەست. پەنا دێنمە بەر تۆ. با گیانم نەفەوتێت.

٩ بمپارێزە لەو داوەی بۆیان ناومەتەوە. لە تەڵەی بەدکاران.

١٠ با بەدکاران بکەونە تۆڕی خۆیانەوە. تەنیا من بپەڕمەوە.

پەسنییەکان 142

سرووداێکی داویدە کە لە ئەشکەوت بوو. نوێژ.

١ پڕ بە دەنگم هاوار بۆ پەروەردگار دەکەم. بە دەنگی خۆم لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە.

٢ سکاڵای خۆمی لە بەردەم هەڵدەڕێژم. لە بەردەمی باسی تەنگانەکانی خۆم دەکەم.

٣ لە کاتی ورە بەردانی ڕووحی خۆم. تۆ شارەزای ڕێڕەومی. لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆم. تەڵەیان بۆم ناوەتەوە.

٤ ئاوڕ بەلای ڕاستدا بدەوە و ببینە. کوا ناسیاوی من؟ پەناگا بۆ من قڕی تێکەوتووە. کوا پرسیارکەر لە ئەحواڵی من؟

٥ هاوارم بۆ تۆ کرد ئەی پەروەردگار. وتم: "تۆ پەناگامی. لە زەویی زیندووان تۆ بەشی منی".

٦ بە وردی گوێ لە لاوانەوەم بگرە. چونکە زۆر زەلیلم. دەربازم بکە لە دەست ڕاونەرانم. چونکە لە من ڕەقترن.

٧ گیانم لە بەندیخانە دەربهێنە. بۆ ستایشی ناوت. ئینجا خوداناسان دەورم دەگرن. چونکە چاکەم لەگەڵ دەکەیت.

پەسنییەکان 143

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنیەکی داویدە.

١ ئەی پەروەردگار، نوێژم ببیستە، گوێ لە پاڕانەوەم بگرە. بە سەرڕاستی و دادپەروەریی خۆت وەڵامم بدەرەوە.

٢ لەگەڵ بەندەی خۆت مەکەوە دادگایی، چونکە کەس نییە لە بەردەم تۆ بێتاوان دەربچێت.

٣ چونکە دوژمن ڕاوی گیانم دەنێت. ژیانمی بەرەو زەوی پێپەست کردووە. لەنێو تاریکی داینیشاندووم وەک ئەوانەی دەمێکە مردوون.

٤ ڕووحم بێ وورە دەبێت. لە ناخمدا دڵم دەبەسترێت.

٥ ڕۆژگاری کۆن دێتەوە یادم. لە هەموو کردەوەکانت ورد دەبمەوە. سەرنج دەدەمە کردەوەکانی دەستت.

٦ دەستم بۆ تۆ پان دەکەمەوە، گیانم بۆ تۆ وەک زەوێکی تینووە. سیلاە.

٧ ئەی پەروەردگار، زوو وەڵامم بدەرەوە. ڕووحم لەناودەچێت. ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە، ئەگینا لەوانە دەچم کە شۆڕدەبنەوە نێو گۆڕ.

٨ با بەیانیان گوێم لە میهرەبانیەکەت بێت، چونکە من پشت بە تۆ دەبەستم. ئەو ڕێگایەم پێ بناسێنە کە دەیگرمەبەر، چونکە گیانم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە.

٩ ئەی پەروەردگار، لە دوژمنەکانم دەربازم بکە. هانا بۆ تۆ دەهێنم.

١٠ فێرم بکە بە ڕەزامەندیت بکەم، چونکە تۆ خوداوەندی منی. ڕووحە چاکەکەت ڕێنماییم دەکات لە زەوییەکی ڕاست.

١١ ئەی پەروەردگار، لەبەر ناوی خۆت بمژێنەوە. بە دادپەروەریی خۆت گیانم لە تەنگانە دەربهێنە،

١٢ بە میهرەبانیەکەت دوژمنانم ڕیشەکێش بکە. هەموو ئەوانە لەناوببە کە تەنگم پێ هەڵدەچنن، چونکە من بەندەی تۆم.

پەسنییەکان 144

پەسنیەکی داویدە.

١ پەروەردگار پیرۆزە، تاشەبەردی منە، ئەوەی مەشق بە دەستم دەکات بۆ شەڕ، پەنجەکانم بۆ جەنگ.

٢ ئەو میهرەبانی و پەناگامە. تاشەبەرد و دەربازکارە بۆم، قەڵغانمە و پشتم بەو بەستووە، گەلەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفم.

٣ ئەی پەروەردگار، مرۆڤ چییە تا بیناسی. کوڕی مرۆڤ چییە تا بیری لێ بکەیتەوە؟

٤ مرۆڤ لە هەناسەیەک دەکات. ڕۆژگاریشی وەک سێبەرێکی تێپەڕیوە.

٥ ئەی پەروەردگار، ئاسمانەکەت لێکبکەروە و وەرە خوارەوە. دەست بدە چیاکان و دووکەڵ دەکەن.

٦ چەخماخە بدە و دوژمنەکان پەرت بکە. تیرت تێگرە و بیانبەزێنە.

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ لە بەرزاییەوە دەستت درێژ بکە. فریام بکەوە و دەربازم بکە، لە ئاوی زۆر و لە دەستی بێگانە.

٨ ئەوانەی بە دەم قسەی ناڕەوا دەکەن، سوێندخواردنیان ساختەیە.

٩ خودایە، پەسنییەکی نوێت بۆ دەڵێم. بە ڕەبابەی دە ژێیی پەسنیت بۆ دەڵێم.

١٠ بۆ ئەوەی ڕزگاری دەدات بە پاشایان. ئەوەی داویدی بەندەی خۆی لە شمشێری بەدکار دەرباز دەکات.

١١ دەربازم بکە و لە دەست بێگانە فریام بکەوە، ئەوانەی بە دەم قسەی ناڕەوا دەکەن، سوێندخواردنیشیان ساختەیە.

١٢ بۆ ئەوەی کوڕەکانمان لە سەردەمی لاوییان وەک نەمامی گەشەکردوو بن. کچەکانمان وەک ستونی داتاشراوی گۆشەی کۆشک بن.

١٣ عەمبارەکانمان پڕ بن لە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەک. مەڕەکانمان یەکەو هەزار و بە دەیان هەزار بن لەنێو کێڵگەکانمان.

١٤ مانگامان ئاوس بێت. بێ هەڵکووتانە سەر و بێ هێرشکردن. شەقامەکانمان هاواری تەنگانەیان لێ نەبێت.

١٥ بەختەوەری بۆ ئەو گەلەی ئاوای بۆ ببێت. بەختەوەری بۆ ئەو گەلەی پەروەردگار خوداوەندی بێت.

پەسنییەکان 145

ستایشێکی داویدە.

١ بەرزت دەکەمەوە خودایە، ئەی پاشا. تاهەتایە ناوت پیرۆز دەکەم.

٢ هەموو ڕۆژێ پیرۆزت دەکەم. تاهەتایە ستایشی ناوت دەکەم.

٣ پەروەردگار مەزنە و شایانی سوپاسێکی زۆرە، مەزنایەتی لە سەرووی تێگەیشتنە.

٤ نەوە بە نەوە ستایشی کردەوەکانت دەکەن، پاڵەوانێتیت ڕادەگەیەنن.

٥ دەربارەی پایەبەرزی شکۆی پاشایەتیت دەدوێن، منیش لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ورد دەبمەوە.

٦ دەربارەی هێزی کردەوە سامناکەکانت دەدوێن، منیش مەزنیت ڕادەگەیەنم.

٧ یادی زۆریی چاکەی تۆ هەڵدەڕێژن، پەسنی بۆ دادپەروەریت دەڵێن.

٨ پەروەردگار بەسۆز و میهرەبانە، پشوودرێژە و پڕ لە میهرەبانیە.

٩ پەروەردگار بۆ هەمووان چاکە، بەزەییەکەی بەسەر هەموو کردەوەکانیەتی.

١٠ ئەی پەروەردگار، هەموو کردەوەکانت سوپاس دەکەن، خوداناسانت پیرۆزت دەکەن.

١١ دەربارەی شکۆمەندی پاشایەتیەکەت دەدوێن، باسی پاڵەوانێتیی تۆ دەکەن،

١٢ تاکو پاڵەوانێتیت زانراو بێت لای ئادەمیزاد، هەروەها پایەبەرزیی شکۆی پاشایەتیەکەت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ پاشایەتیەکەت پاشایەتی هەموو سەردەمێکە، فەرمانڕەواییشت بەسەر هەموو نەوەکانە.

١٤ پەروەردگار پشتگیرە بۆ هەموو کەوتووەکان. ڕاستکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی چەماونەتەوە.

١٥ چاوی هەمووان هیوای بە تۆیە، تۆش لە کاتی خۆیدا خواردنیان دەدەیتێ.

١٦ دەستت دەکەیتەوە و ئارەزووی هەموو زیندوویەک تێر دەکەیت.

١٧ پەروەردگار لە هەموو ڕێگاکانی باشخوازە، لە هەموو کردەوەوکانی میهرەبانە.

١٨ پەروەردگار نزیکە لە هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە، لە هەموو ئەوانەی بە ڕەوا لێی دەپاڕێنەوە.

١٩ ئارەزووی هەموو ئەوانە بەجێ دەهێنێت کە لێیدەترسن. گوێی لە هاواریان دەبێت و ڕزگاریان دەکات.

٢٠ پەروەردگار هەموو ئەوانە دەپارێزێت کە خۆشیان دەوێت، بەڵام هەموو بەدکاران تەفروتونا دەکات.

٢١ دەمم بە ستایشی پەروەردگار دەدەوێ، با هەموو کەس ستایشی ناوی پارسای بکات تاهەتایە.

پەسنییەکان 146

١ هەلیلویا. ئەی گیانی من ستایشی پەروەردگار بکە.

٢ تا لە ژیاندام ستایشی پەروەردگار دەکەم، تا ماوم پەسنی بۆ خودای خۆم دەڵێم.

٣ پشت بە سەرۆکەکان مەبەستن، بە ئادەمیزاد کە ڕزگاری لە لای نییە.

٤ کە ڕووحی دەرچوو، بۆ گڵەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. لە هەمان ڕۆژدا نەخشەکانی دەسڕێتەوە.

٥ بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی کە خوداوەندی یاقوو یارمەتیدەری بێت و هیوای بە پەروەردگاری خوداوەندی خۆی بێت،

٦ دروستکاری ئاسمانان و زەوی و دەریا و هەموو شتێک کە تیایاندایە. ئەوەی سەرڕاست دەمێنێتەوە.

٧ دادپەروەری بۆ ستەملێکراوان بەڕێوە دەبات، نان دەداتە برسییەکان. پەروەردگار دیلەکان ئازاد دەکات.

٨ پەروەردگار چاوی نابیناکان دەکاتەوە. پەروەردگار کەسە چەماوەکان ڕاست دەکاتەوە. پەروەردگار خوداناسانی خۆش دەوێت.

٩ پەروەردگار نامۆکان دەپارێزێت. یارمەتی هەتیو و بێوەژنان دەدات، بەڵام ڕێگای بەدکاران چەوت دەکات.

١٠ پەروەردگار تاهەتایە پاشایەتی دەکات. ئەی سیهێون، ئەو خوداوەندی تۆیە نەوە دوای نەوەیە. هەلیلویا.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەسنییەکان 147

١ ستایشی پەروەردگار بکەن، چونکە پەسنی بۆ خوداوەندمان چاکە. چونکە چەند خۆشە. ستایشکردن شیاوە.

٢ پەروەردگار یروشلایم بنیاد دەنێتەوە. ڕاپێچکراوانی ئیسرائیل کۆدەکاتەوە.

٣ دڵشکاوان چاک دەکاتەوە و برینیان ساڕێژ دەکات.

٤ ژمارەی هەسارەکان دیار دەکات. هەریەکەیان بە ناوێک بانگ دەکات.

٥ پەروەردگارمان مەزنە و هێزی مەزنە. تێگەیشتنی بێ سنوورە.

٦ پەروەردگار یارمەتیی دڵنەرمەکان دەدات و بەدکاران بۆ زەوی نزم دەکاتەوە.

٧ بە سوپاسەوە وەڵامی پەروەردگار بدەنەوە. بە عوود پەسنی بۆ خوداوەندمان بڵێن.

٨ ئەوەی ئاسمانان بە هەور دادەپۆشێت، باران بۆ زەوی ئامادە دەکات، گیا لەسەر چیاکان دەڕوێنێت،

٩ خۆراکی ئاژەڵ و بێچووە قەلەڕەشی دەم بە قیرە دەدات.

١٠ بە هێزی ئەسپ خۆشحاڵ نایێت. بە قاچی مرۆڤ دڵشاد نییە.

١١ پەروەردگار بەوانە دڵشادە کە ترسی ئەویان لە دڵە. ئەوانەی هیوایان بە میهرەبانیەکەی هەیە.

١٢ ئەی یروشلایم، ستایشی پەروەردگار بکە. ئەی سیهێون، ستایشی خوداوەندت بکە.

١٣ چونکە سورگیی دەروازەکانت بەهێز دەکات. ڕۆڵەکانت لەنێو خۆت داڕشت دەکات.

١٤ لە سنوورەکانت ئاشتی بەرقەرار دەکات. لە باشترین گەنم تێرت دەکات.

١٥ وشەکەی بۆ سەرزەوی دەنێرێت. فەرموودەی خۆی زوو دەهێنێتەجێ.

١٦ بەفر وەک خوری دەبارێنێت، زوقم وەک خۆڵەمێش بڵاو دەکاتەوە.

١٧ تەرزە وەک نانەڕەق فرێدەدات. کێ لە ڕووی سەرمای ئەو خۆی ڕادەگرێت؟

١٨ وشەی خۆی دەنێرێت و دەیانتوێنێتەوە. بای خۆی هەڵدەکات و ئاو بەڕێ دەکەوێت.

١٩ وشەی خۆی بە یاقوو ڕادەگەیەنێت، فەرز و حوکمەکانی بە ئیسرائیل.

٢٠ لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی دیکە ئەمەی نەکردووە، حوکمەکانی ئەویان نەزانیووە. هەلیلویا.

پەسنییەکان 148

١ هەلیلویا. ستایشی پەروەردگار بکەن لە ئاسمانان. لە بەرزاییەکان ستایشی بکەن.

٢ ئەی هەموو فریشتەکانی، ستایشی بکەن. ئەی هەموو سوپاکەی، ستایشی بکەن.

٣ ئەی خۆر و مانگ، ستایشی بکەن. ئەی هەموو هەسارەکانی ڕووناکی، ستایشی بکەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ ئەی ئاسمانی ئاسمانان، ستایشی بکەن. ئەی ئەو ئاوانەی لە سەرووی ئاسمانانن.
٥ با ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن، چونکە فەرمانی دا و ئافرێندران،
٦ تاهەتایە و تا ماون جێگیر دەبن، سنووریی بۆ داناون لێی تێناپەڕن.
٧ لە زەوییەوە ستایشی پەروەردگار بکەن، ئەی ئەژدیهاکان و قووڵایی دەریاکان.
٨ ئاگر و تەرزە، بەفر و تەم، ڕەشەبا کە وشەی ئەو جێبەجێ دەکەن.
٩ چیاکان و هەموو گردەکان، درەختی بەردار و هەموو ئورزەکان.
١٠ گیانلەبەر و هەموو ئاژەڵ، خشۆک و باڵدار.
١١ پاشاکانی زەوی و هەموو گەلان، سەرۆکەکان و هەموو دادوەرانی زەوی،
١٢ گەنجان و کچانیش، پیران و منداڵان،
١٣ با هەموو ستایشی ناوی پەروەردگار بکەن. چونکە تەنها ناوی ئەو بەرزە. شکۆمەندیی ئەو لە سەرووی زەوی و ئاسمانانە.
١٤ قۆچی بۆ گەلی خۆی بەرز کردووە، شانازی بۆ هەموو خوداناسانی. بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەو گەلەی کە لێیەوە نزیکن. هەلیلویا.

پەسنییەکان 149

١ هەلیلویا. پەسنییەکی نوێ بۆ پەروەردگار بڵێن، ستایشی لەنێو کۆڕی خۆشەویستانیەتی.
٢ با ئیسرائیل بە ئافرێنەری دڵخۆش بێت. با ڕۆڵەکانی سیهێون بە پاشاکەیان شاد بن.
٣ با بە سەما ستایشی ناوی بکەن. بە دەف و عوود پەسنیی بۆ بڵێن.
٤ چونکە پەروەردگار ڕازییە لە گەلەکەی. دڵنەرمەکان بە ڕزگاری دەڕازێنێتەوە.
٥ با خوداناسان بەم شکۆمەندیە شادبن. با لەنێو نوێنەکانیان پەسنی بڵێن.
٦ با ستایشکردن بۆ خودا لە سەر زاریان بێت. شمشێری دوودەمیان بەدەستەوە بێت.
٧ تا تۆڵە لە نەتەوەکان بکەنەوە، گەلان سزا بدەن.
٨ تا پاشاکانیان بە زنجیر ببەستنەوە، کۆت بکەنە دەستی میرانیان.
٩ تا حوکمی نووسراویان بەسەردا جێبەجێ بکەن. ئەمەش شکۆمەندییە بۆ هەموو خوداناسانی. هەلیلویا.

پەسنییەکان 150

١ هەلیلویا. ستایشی خودا بکەن لە پارساگاکەی. ستایشی بکەن لە گەردوونی هێزی.
٢ ستایشی بکەن بۆ پاڵەوانێتیی. ستایشی بکەن بەپێی زۆری مەزنایەتی.
٣ بە دەم دەنگی کەڕەناوە ستایشی بکەن.
بە دەم ڕەبابە و عوودەوە ستایشی بکەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ بە دەف و سەما ستایشی بکەن.
بە ئامێری ژێدار و شمشاڵ ستایشی بکەن.
٥ بە سەنجی بیستراو ستایشی بکەن.
بە سەنجی دەنگ هەڵبرین ستایشی بکەن.
٦ با هەموو ئەوەی هەناسە دەدات
ستایشی پەروەردگار بکات.
هەلیلویا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

مەتتەی

مەتتەی 1

١ ئەمە پەرتووکی ڕەچەڵەکی ئیشۆعی مەسیح، ڕۆڵەی داوید، ڕۆڵەی ئەوڕاهەمە:

٢ ئەوڕاهەم باوکی ئسخەق بوو، ئسخەق باوکی یاقوو بوو، یاقوو باوکی ئیهوودا و برایانی بوو،

٣ ئیهوودا باوکی پەرەس و زەرەخ بوو لە تامەر، پەرەس باوکی خسرون بوو، خسرون باوکی ئارەم
بوو،٤ ئارەم باوکی عەمینادەو بوو، عەمینادەو باوکی نخشون بوو، نخشون باوکی سەلمون بوو،

٥سەلمون باوکی باعەز بوو لە ڕاخەو، باعەز باوکی عوبید بوو لە ڕعووت، عوبید باوکی ئیشەی بوو،

٦ئیشەی باوکی داویدی پاشا بوو. داوید باوکی شلیمون بوو لەو ژنەی هی ئووریا بوو،

٧شلیمون باوکی ڕخێوعەم بوو، ڕخێوعەم باوکی ئەویا بوو، ئەویا باوکی ئاسا بوو،

٨ ئاسا باوکی یەهوشاپەت بوو، یەهوشاپەت باوکی یووڕەم بوو، یووڕەم باوکی عوزیا بوو،

٩ عوزیا باوکی یووتەم بوو، یووتەم باوکی ئاخەز بوو، ئاخەز باوکی خیزەقیا بوو،

١٠ خیزەقیا باوکی مینەشێ بوو، مینەشێ باوکی ئامون بوو، ئامون باوکی یووشیا بوو،

١١ یووشیا باوکی یوکەنیا و براکانی بوو، لە کاتی ڕاپێچانەکەدا بۆ باڤل.

١٢ دوای ڕاپێچانەکە بۆ باڤل، یوکەنیا باوکی شلتئیل بوو، شلتئیل باوکی زوربابل بوو،

١٣ زوربابل باوکی ئەوییود بوو، ئەوییود باوکی ئیلیاقیم بوو، ئیلیاقیم باوکی عازوڕ بوو،

١٤ عازوڕ باوکی زادوق بوو، زادوق باوکی ئاخین بوو، ئاخین باوکی ئیلییود بوو،

١٥ ئیلییود باوکی ئیلیعازەر بوو، ئیلیعازەر باوکی ماتەن بوو، ماتەن باوکی یاقوو بوو،

١٦ یاقوو باوکی یۆسپی مێردی مەریەمە، وا ئیشۆعی لێبوو، کە بە مەسیح ناودەبردرێت.

١٧ هەموو نەوەکان لە ئەوڕاهەمەوە تا داوید چواردە نەوەن، لە داویدەوە تا ڕاپێچانەکە بۆ باڤل چواردە
نەوەن، لە ڕاپێچانەکەشەوە بۆ باڤل تا مەسیح چواردە نەوەن.

١٨ لەدایکبوونی ئیشۆعی مەسیحیش بەم شێوەیە بوو: کاتێ مەریەمی دایکی بۆ یۆسپ مارەبڕاو بوو، پێش
ئەوەی یەک بگرن، بینرا لە ڕووحی پارساوە سکی هەیە.

١٩ یۆسپی دەزگیرانیشی پیاوێکی خوداناس بوو، نەیویست ئاشکرای بکات، ویستی بە نهێنی وازی
لێبهێنێت.

٢٠ کاتێ بیری لەمە دەکردەوە، فریشتەی پەروەردگار لە خەوندا بۆی دەرکەوت و پێی فەرموو: "ئەی
یۆسپی ڕۆڵەی داوید، مەترسە لەوەی مەریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕووحی
پارساوەیە.

٢١ وا کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێیت ئیشۆع، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات".

٢٢ ئەمانە هەمووی ڕوویدا، تا ئەوەی پەروەردگار بەهۆی پێغەمبەرێک فەرموویەتی بێتە دی:

٢٣ *{ئەوەتا پاکیزەکە دووگیان دەبێت و کوڕێکی دەبێت، بە عیممانوئێل ناو دەبرێت}*. واتا: خودا
لەگەڵماندایە.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ کاتێ یۆسپ لە خەو هەستا، ئەوەی فریشتەکەی پەروەردگار فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا و ژنەکەی هێنا.

٢٥ لەگەڵی جووت نەبوو تا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، ئینجا ناوی لێنا ئیشۆع.

مەتتەی 2

١ دوای لەدایکبوونی ئیشۆع لە بێتلخمی ئیهوود، لە سەردەمی هێرۆودسی پاشا، هەندێک مۆغ لە خۆرهەڵاتەوە هاتنە یروشلایم،

٢ وتیان: "کوا ئەو لەدایکبووەی پاشای جووەکان؟ ئێمە لە خۆرهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینیوە، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین".

٣ کاتێ هێرۆودس پاشا ئەمەی بیست، شڵەژا و هەموو یروشلایم لەگەڵی شڵەژان.

٤ هەموو کاهینانی باڵا و تەوراتزانانی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: "مەسیح لەکوێ لەدایک دەبێت؟"

٥ پێیان وت: "لە بێتلخمی ئیهوود، چونکە پێغەمبەرێک ئاوای نووسیوە:

٦ *{تۆش ئەی بێتلخمی زەویی ئیهوودا بچووکترینی نێوان سەرۆکەکانی ئیهوودا نیت، چونکە تیاتدا دادوەرێک دەردەکەوێت، شوانایەتیی گەلی ئیسرائیلم دەکات}*".

٧ جا هێرۆودس بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێی زانین.

٨ ئینجا بۆ بێتلخمی ناردن و وتی: "بڕۆن و بە وردی بەدوای کوڕەکەدا بگەڕێن. کاتێ دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تا منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم".

٩ کاتێ گوێیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە خۆرهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت تاکو لەسەر ئەو شوێنەی کوڕەکەی لێبوو ڕاوەستا.

١٠ کاتێ ئەستێرەکەیان بینی خۆشیەکی زۆر مەزنیان کرد،

١١ هاتن بۆ ماڵەکە، کوڕەکەیان لەگەڵ مەریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد، ئینجا گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد.

١٢ ئینجا کە لە خەوندا سرووشیان بۆ هات کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆودس، بە ڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

١٣دوای ئەوەی ڕۆیشتن، فریشتەی پەروەردگار لە خەوندا بۆ یۆسپ دەرکەوت و فەرمووی: "هەستە کوڕەکە و دایکی ببە و هەڵبێ بۆ میسڕ. لەوێ بە تاکو پێت دەڵێم، چونکە وا هێرۆودس بە شوێن کوڕەکەدا دەگەڕێت، تا لەناوی ببات".

١٤ ئەویش هەستا و لە شەودا کوڕەکە و دایکی برد و بەرەو میسڕ ڕۆیشت.

١٥ تاکو مردنی هێرۆودس لەوێ مایەوە، تا ئەوەی پەروەردگار بەهۆی پێغەمبەرێک فەرموویەتی بێتە دی، کە دەفەرمووێ: *{ڕۆڵەی خۆم لە میسڕەوە بانگ کرد}*.

١٦ کاتێ هێرۆودس زانی مۆغەکان گاڵتەیان پێ کردووە، زۆر تووڕە بوو. ناردی و هەموو کوڕەکانی بێتلخم و دەوروبەری کوشت، لە دوو ساڵەوە بەرەو خوار، بەپێی ئەو کاتەی لە مۆغەکانەوە زانیبوو.

١٧ بەمەش ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر ئێرمیا وترابوو هاتە دی:

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ *{لە ڕەمتا دا دەنگێک بیسترا، گریان و ناڵە و شیوەنێکی زۆر، ڕاخێل بۆ ڕۆڵەکانی دەگرێیت و نایەوێ دڵنەوایی بکرێت، چونکە نەماون}* .

١٩ کاتێ هیڕوودس مرد، فریشتەی پەروەردگار لە میسڕ لە خەونێکدا بۆ یۆسپ دەرکەوت و ٢٠ فەرمووی: ‘‘هەستە، کوڕەکە و دایکی ببە و بڕۆ بۆ زەویی ئیسڕائیل، چونکە ئەوانەی کە گیانی کوڕەکەیان دەویست مەرگیان هات’’.

٢١ ئەویش هەستا، کوڕەکە و دایکی برد و هات بۆ زەویی ئیسڕائیل.

٢٢ بەڵام کاتێ بیستی ئەرخێلاوس لە ئیهوود لەجێی هیڕوودسی باوکی پاشایە، ترسا بڕواتە ئەوێ. ئینجا کە لە خەوندا سرووشی بۆ هات، بۆ دەڤەری گلیلا ڕۆیشت.

٢٣ جا هات و لە شارێک نیشتەجێ بوو بە ناوی ناسڕەت، تا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەرانەوە وترابوو بێتە دی: *{بە ناسڕەتی ناودەبردرێت}* .

مەتتەی 3

١ لەو ڕۆژانەدا، یوخەننەنی عەمادکار لە دەشتی ئیهوود هات و موژدەی دەدا و،

٢دەیفەرموو: ‘‘تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمانان نزیک بۆتەوە’’.

٣ ئەمەش ئەوەیە کە بەهۆی پێغەمبەر ئێشەعیا دەربارەی وتراوە: *{دەنگی هاوارگەرێک لە دەشتودەرەوە دێ: ‘‘ڕێگای پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێیازەکانی ڕاست بکەن’’}* .

٤ ئەم یوخەننەنە پۆشاکی لە مووی وشتر بوو، کەمەری بە پشتێنێکی چەرم دەبەست، خواردنیشی کوللە و هەنگوینی کێوی بوو.

٥ لەو کاتەدا یروشلایم و هەموو ئیهوود و تەواوی دەڤەرەکانی یوردنەن دەرچوون بۆ لای و

٦ لەسەر دەستی لە ڕووباری یوردنەن عەماد دەکران و دانیان بە گوناهەکانیان دەنا.

٧ کە بینی زۆر لە پەریشی و زادوقی بۆ عەمادەکەی دێن، پێی فەرموون: ‘‘ئەی بێچوی ماران، کێ ڕێگای پیشانداون لەدەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟

٨ بەرهەمێک بدەن لە تۆبەکردن بوەشێتەوە.

٩ بیرمەکەنەوە بەخۆتان بڵێن: ئەوڕاهەم باوکمانە. چونکە پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە ڕۆڵە بۆ ئەوڕاهەم پەیدا بکات.

١٠ ئێستاش تەور خراوەتە سەر ڕەگی درەختەکان، هەر درەختێک بەرهەمی باش دروست نەکات، دەبڕدرێتەوە و فڕێ دەدرێتە نێو ئاگر.

١١ من بۆ تۆبەکردن بە ئاو عەمادتان دەکەم، بەڵام ئەوەی دوای من دێت، لە من بەهێزترە، شایستەی ئەوە نیم پێڵاوەکانیشی هەڵگرم. ئەو بە ڕووحی پارسا و بە ئاگر عەمادتان دەکات.

١٢ ئەوەی کە شەنەکەی بەدەستەوەیە، خەرمانەکەی شەنەبا دەکات، گەنمەکەی لە عەمباردا کۆدەکاتەوە، بەڵام کایەکە بە ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێ’’.

١٣ ئینجا ئیشۆع لە گلیلاوە بۆ یوردنەن هات بۆ لای یوخەننەن، تا لەسەر دەستی عەماد بکرێت.

١٤ بەڵام یوخەننەن نەیهێشت و فەرمووی: ‘‘من پێویستیمە لەسەر دەستی تۆ عەماد بکرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من؟’’

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘ئێستا ڕێگا بدە، چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە هەموو خوداناسییەک تەواو بکەین’’. ئینجا ڕێی پێ دا.

١٦کاتێ ئیشۆع عەماد کرا، یەکسەر لە نێو ئاوەکە هەستایەوە. ئاسمانانی بۆ کرایەوە و بینی ڕووحی خودا وەک کۆترێک هاتە خوارەوە و هاتە سەری.

١٧ دەنگێکیش لە ئاسمانانەوە فەرمووی: ‘‘ئەمەیە ڕۆڵەی خۆشەویستم، کە پێی دڵشادم’’.

مەتتەی 4

١ پاشان ئیشۆع بە ڕووحەوە بردرایە سەروو بۆ دەشتودەر، تا لەلایەن ئیبلیسەوە تاقی بکرێتەوە.

٢ دوای ئەوەی کە چل ڕۆژ و چل شەو بەڕۆژووبوو، برسی بوو.

٣ تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش، پێی وت: ‘‘ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، بڵێ با ئەم بەردانە ببنە نان’’.

٤ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘نووسراوە: *{مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە زاری خوداوە دەردەچێت}* ’’.

٥ ئینجا ئیبلیس بردییە شاری پارسا و لەسەر سواندەی پەرستگا ڕایگرت و

٦ پێی وت: ‘‘ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، خۆت هەڵدە خوارەوە. چونکە نووسراوە: *{فریشتەکانی ڕادەسپێرێت، تا لەسەر دەستیان هەڵتبگرن، نەوەک پێت لە بەردێک بدات}* ’’.

٧ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘هەروەهاش نووسراوە: *{پەروەردگار، خوداوەندت تاقی مەکەوە}* ’’.

٨ دیسان ئیبلیس بۆ سەر شاخێکی زۆر بڵندی برد و هەموو پاشایەتیەکان و شکۆی جیهانی پیشان دا و

٩ پێی وت: ‘‘هەموو ئەمانەت دەدەمێ ئەگەر دانەوێیت و کڕنۆشم بۆ ببەیت’’.

١٠ لەو کاتەدا ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘شەیتان لێم دووربکەوە! چونکە نووسراوە: *{کڕنۆش بۆ پەروەردگار خوداوەندت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت}* ’’.

١١ ئینجا ئیبلیس وازی لێهێنا و فریشتە هاتن و ڕاژەیان کرد.

١٢ کاتێ ئیشۆع بیستی یوحەننەن گیراوە، بەرەو گلیلا ڕۆیشت.

١٣ ناسرەتی بەجێهێشت و هات لە کپەرناخوم نیشتەجێ بوو، کە لەسەر دەریاکەیە، لە سنووری زوەولوون و نەپتالیم،

١٤تاکو ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر ئێشەعیا وتراوە بێتە دی:

١٥ *{زەویی زوەولوون و زەویی نەپتالیم، ڕێگای دەریا، ئەوبەری یوردنەن، گلیلای نەتەوەکان،*

١٦ *ئەو گەلەی لە تاریکیدا دانیشتووە، ڕووناکییەکی مەزنی بینی، دانیشتووان لە زەویی سێبەری مەرگ، ڕووناکییان لێ هەڵهات}* .

١٧ لەو کاتەوە ئیشۆع دەستیکرد بە موژدەدان و دەیفەرموو: ‘‘تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمانان نزیک بۆتەوە’’.

١٨ کاتێ ئیشۆع لە کەناری دەریای گلیلادا دەڕۆیشت، دوو برای بینی، شیمعون کە پێی دەووترێ پەترۆس لەگەڵ ئەندراوسی برای، تۆڕیان فڕێدەدایە دەریاوە، چونکە ماسیگر بوون.١٩ پێی فەرموون: ‘‘وەرن بەدوام، دەتانکەمە ڕاوچیی مرۆڤ’’.

٢٠ یەکسەر تۆڕەکانیان بەجێهێشت و دوای کەوتن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ کە لەوێ تێپەڕی، دوو برای دیکەی بینی، یاقووی کوڕی زەبدی و یوخەننەنی برای، لە کەشتیەکدا لەگەڵ زەبدی باوکیان تۆڕەکانیان چاکدەکردەوە، ئەوانیشی بانگهێشتکرد.

٢٢ یەکسەر کەشتیەکە و باوکیان بەجێهێشت و دوای کەوتن.

٢٣ ئینجا ئیشۆع بە هەموو گلیلادا دەگەڕا، لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و موژدەی پاشایەتیی دەدا، هەموو نەخۆشی و هەموو لاوازیەکی نێو خەڵکی چارەسەر دەکرد.

٢٤ هەواڵی هەموو سوریای گرتەوە، هەرچی نەخۆش هەبوو بە دەرد و جۆرەها ئازارەوە، شێت و خوودار و ئیفلیجەکان، هەموویان بۆ لای هێنا، ئەویش چارەسەریکردنەوە.

٢٥ جا خەڵکێکی زۆر لە گلیلا و دە شارەکە و یروشلایم و ئیهوود و ئەوبەری یوردنەن دوای کەوتن.

مەتتەی 5

١ کاتێ کۆمەڵانەکەی بینی، چووە سەر چیاکە، کە دانیشت، قوتابییەکانی لێی هاتنە پێشەوە،

٢زاری کردەوە، فێری کردن و فەرمووی:

٣ "بەختەوەری بۆ هەژاران لەڕووح، چونکە پاشایەتیی ئاسمانان هی ئەوانە.

٤ بەختەوەری بۆ پەژارەداران، چونکە دڵنەوایی دەکرێن.

٥بەختەوەری بۆ دڵنەرمەکان، چونکە دەبن بە میراتگری زەویەکە.

٦ بەختەوەری بۆ برسی و تینووەکان بۆ خوداناسی، چونکە تێر دەکرێن.

٧ بەختەوەری بۆ بەزەییداران، چونکە بەر بەزەیی دەکەون.

٨ بەختەوەری بۆ دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.

٩ بەختەوەری بۆ دروستگەرانی ئاشتی، چونکە بە ڕۆڵەکانی خودا ناودەبرێن.

١٠ بەختەوەری بۆ قاودراوان لە پێناوی خوداناسی، چونکە پاشایەتیی ئاسمان هی ئەوانە.

١١ بەختەوەری بۆ ئێوە، ئەگەر سووکایەتیتان پێبکەن و قاوتان بدەن، لەپێناوی من بە درۆ هەر قسەیەکی بەدتان پێ بڵێن.

١٢ دڵخۆش و شادمان بن، چونکە پاداشتتان گەورەیە لە ئاسمانان. چونکە هەر وەهاش پێغەمبەرانیان پێش ئێوە قاوداوە.

١٣ ئێوەن خوێی زەوی، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟ ئیتر بەکەڵکی هیچ نایەت، تەنها فڕێبدرێتە دەرەوە و خەڵکی پێشێلی بکەن.

١٤ ئێوەن ڕووناکیی جیهان، شارێک لەسەر شاخ دامەزرابێت ناشاردرێتەوە.

١٥ چراش هەڵناکرێت تا بیخەنە ژێر تەشتەوە، بەڵکو لەسەر چرادان دایدەنێن تا ڕووناکی بداتە هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان.

١٦ با ئێوەش ئاوا ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردەوە باشەکانتان ببینن و شکۆمەندیی باوکتان بکەن وا لە ئاسمانانداید.

١٧ وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە، نەهاتووم بۆ پووچەڵکردنەوە، بەڵکو بۆ تەواوکردن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ ڕەواتان پێ دەڵێم: تا زەوی و ئاسمان لەناودەچن، پێتێک یان خاڵێکی تەورات لەناوناچێت، تاکو هەمووی دێتە دی.

١٩ بۆیە هەرکەسێک بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و ئاواش فێر بکات، لە پاشایەتیی ئاسمانداندا بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام هەرکەسێک پەیڕەوی بکات و فێر بکات، لە پاشایەتیی ئاسمانداندا بە مەزن ناودەبردرێت.

٢٠ من پێتان دەڵێم: ئەگەر خوداناسیتان لە تەوراتزانان و پەڕیشییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە نێو پاشایەتیی ئاسمانانەوە.

٢١ بیستووتانە بە پێشینان وتراوە: *{مەکوژە}* ، ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردانە.

٢٢بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرکەسێ بەبێ هۆ لە براکەی تووڕە بێت، شایانی حوکم بەسەردانە. ئەوەی بە براکەی دەڵێ ''بێ مێشک''، شایانی سەنهەدریمە، ئەوەش دەڵێت ''گێلە''، شایانی ئاگری دۆزەخە.

٢٣ بۆیە ئەگەر قوربانیت بۆ سەربڕگە هێنا و لەوێ بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی لەسەرتەوە هەیە،

٢٤ لەوێ لەبەردەم سەربڕگەدا قوربانییەکەت بەجێ بهێڵە و بڕۆ یەکەمجار براکەت ئاشت بکەوە، ئینجا وەرە و قوربانییەکەت بکە.

٢٥ خێرا لەگەڵ نەیارەکەت ئاشتبەوە لەو کاتەی لەگەڵتە و بەڕێگاوەن، نەوەک نەیارەکەت بتداتە دەست دادوەر و دادوەریش بتداتە دەست پۆلیس و فڕێ بدرێیتە زیندان.

٢٦ ڕەوات پێ دەڵێم: لەوێ دەرناچیت تا دوایین فلس نەدەیتەوە.

٢٧ بیستووتانە بە پێشینان وتراوە: *{داوێنپیسی مەکە}* .

٢٨ بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسەوە بڕوانێتە ژنێک، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسیی لەگەڵ کردووە.

٢٩ ئەگەر چاوی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێی بدە. چونکە باشترە بۆت ئەندامێکت لەناوبچێت، لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە.

٣٠ ئەگەر دەستی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و فڕێی بدە، چونکە باشترە بۆت ئەندامێکت لەناوبچێت، لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە.

٣١ دیسان وتراوە: *{ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات، با تەڵاقنامەیی بداتە دەست}* .

٣٢ بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێک بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات.

٣٣ دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان وتراوە: *{سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ پەروەردگار بەرەسەر}* ،

٣٤ بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، چونکە تەختی خودایە،

٣٥ نە بە زەوی، چونکە پێدانانیەتی، نە بە یروشلایم، چونکە شاری پاشا مەزنەکەیە.

٣٦ سوێند بەسەری خۆت مەخۆ، چونکە ناتوانیت تاڵێکی سپی یان ڕەش بکەیت.

٣٧ با قسەتان: بەڵێ بۆ بەڵێ و نەخێر بۆ نەخێر بێت، لەوە زیاتر لە بەدکارەوەیە.

٣٨ بیستووتانە وتراوە: *{چاو بە چاو، ددان بە ددان}* .

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٩ بەڵام من پێتان دەڵێم: بەرەنگاریی بەدکار مەکەن، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ ڕاگرە،

٤٠ ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، پۆشاکەکەشتی بدەرێ.

٤١ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ.

٤٢ ئەوەی داوای لێ کردیت بیدەرێ. ئەوەی شتێکی لێت خواست مەیگەڕێنەوە.

٤٣ بیستووتانە وتراوە: *{نزیکەکەت خۆشبووێ، ڕقت لە دوژمنت بێتەوە}* .

٤٤ بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبووێ، نەفرەتکارانتان دارشت بکەن، چاکە بکەن بۆ ناحەزانتان، نوێژ بکەن لەپێناوی ئەوانەی خراپەتان بۆ دەکەن و قاوتان دەدەن،

٤٥ تا ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانانداید، ئەو خۆری بەسەر بەدکاران و پیاوچاکاندا هەڵدێنێ و باران بەسەر خوداناسان و سەتەمکاراندا دەبارێنێت.

٤٦ چونکە ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبووێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش وا ناکەن؟

٤٧ ئەگەر سڵاوتان تەنها لەبرایانتان کرد، چ چاکەیەکتان کردووە؟ ئایا باجگرانیش وا ناکەن؟

٤٨ بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک ئەو باوکەتان وا لەئاسمانانداید تەواوە".

مەتتەی 6

١ ئاگاداربن لەوەی بەخشینەکانتان لەبەرچاوی خەڵک بکەن، تا بتانبینن. ئەگینا پاداشتتان نییە لەلای ئەو باوکەتان وا لە ئاسمانانداید.

٢ هەر کاتێ بەخشینێکت کرد، لەپێش خۆت کەڕەنا لێمەدە وەک ڕووپاماکان کە لە کەنیشت و کۆڵانەکان دەیکەن، تا خەڵک شکۆمەندیان بکەن. ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرت!.

٣ بەڵام تۆ کە بەخشینێک دەکەیت، با دەستی چەپت نەزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات،

٤ تا بەخشینەکەت شاراوە بێت. باوکت وا لە شەراوەدا دەبینێت، ئەو بە ئاشکرا پاداشتت دەداتەوە.

٥ کاتێ نوێژ دەکەیت وەک ڕووپاماکان مەبە، ئەوان حەزدەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکاندا نوێژ بکەن، تا بۆ خەڵک دیار بن. ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرت!.

٦ بەڵام تۆ کە نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکت وا لە شاراوەدایە. باوکت کە لە شاراوەدا دەبینێت، بە ئاشکرا پاداشتت دەداتەوە.

٧کاتێ نوێژ دەکەن، وەک نەتەوەکان قسەی نارەوا دووبارە مەکەنەوە، ئەوان وادەزانن بە زۆر وتنیان وەڵامیان دەدرێتەوە.

٨ وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێت پێویستیتان بە چییە، پێش ئەوەی داوای لێبکەن.

٩ ئێوەش ئاوا نوێژ بکەن: *(بابمان وا لە ئاسمانانی، ناوت پارسا بێت،*

١٠*پاشایەتییەکەت بێ، خواستت لەسەر زەوی بێت وەک لە ئاسمان.*

١١ *نانی بەسکردنی ڕۆژانەمان بدەرێ.*

١٢ *گوناهەکانمان ببەخشە، ئێمەش لەقەرزارەکانمان خۆشدەبین.*

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ *مەمانخەرە نێو تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمان بکە لە بەدکار. چونکە پاشایەتی و هێز و شکۆ هی تۆیە تا جاویدانی. ئامین)* ١٤ چونکە ئەگەر هەڵەکانی خەڵک ببەخشن، ئەوا باوکی ئاسمانیشتان دەتانبەخشێت.

١٥ بەڵام ئەگەر هەڵەکانی خەڵک نەبەخشن، ئەوا باوکیشتان هەڵەکانتان نابەخشێت.

١٦ کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک ڕووپاماکان، کە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرت!.

١٧ بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و ڕوخسارت بشۆ،

١٨ تا بۆ خەڵک دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، بەڵکو بۆ باوکی شاراوەت، باوکت وا لە شاراوە دەبینێت، بە ئاشکرا پاداشتت دەداتەوە.

١٩ لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆ مەکەنەوە، کە مۆرانە و ژەنگ خراپی دەکەن، دزیش دەیبڕێت و دەیدزێت.

٢٠ بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسماندا کۆبکەنەوە، کە نە مۆرانە و نە ژەنگ خراپی دەکەن، نە دزیش دەیبڕێت و دەیدزێت.

٢١ چونکە گەنجینەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

٢٢ چاو چرای لەشە، ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکە،

٢٣ بەڵام ئەگەر چاوت بەدکار بێت، ئەوا هەموو لەشت تاریک دەبێت، ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ چ تاریکییەک بێت!

٢٤ کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.

٢٥ بۆیە پێتان دەڵێم: خەمی ژیانی خۆتان نەبێت. چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، یان بۆ لەشتان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن باشتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟٢٦ بڕواننە باڵندەی ئاسمان، نە دەڕوێنن و نە دروێنە دەکەن و نە لە ئەمباردا کۆدەکەنەوە، کەچی باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان باشتر نین؟

٢٧ کامتان ئەگەر خەمی خوارد، دەتوانێت یەک کاژێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٢٨ بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ بڕواننە گوڵەکانی کێڵگە چۆن گەشە دەکەن، نە ماندوو دەبن و نە دەڕێسێن،

٢٩ بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت شلیمونیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە.

٣٠ ئەگەر خودا گیای کێڵگە ئاوا بپۆشێت کە ئەمڕۆ هەیە و سبەینێ فڕێدەدرێتە تەنوورەوە، ئاخۆ دەبێ ئێوە چەند باشتر پۆشتەتان بکات، ئەی کەم باوەڕینە؟

٣١ جا خەم مەخۆن بڵێن چی بخۆین؟ یان چی بخۆینەوە؟ یان چی بپۆشین؟

٣٢ چونکە هەموو ئەمانە نەتەوەکان هەوڵی بۆ دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەمانە هەیە.

٣٣ بەڵکو یەکەمجار داوای پاشایەتی و بێتاوانیی خودا بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.

٣٤ بۆیە خەمی سبەینێ مەخۆن، چونکە سبەینێ خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپیی خۆی بەسە.

مەتتەی 7

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ ‘‘حوکم مەدەن تاکو حوکم نەدرێن.

٢ چونکە بەو حوکمەی دەیدەن حوکم دەدرێنەوە، بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە.

٣ بۆچی پووشی نێو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام سەرنجی کاریتەکەی نێو چاوی خۆت نادەیت؟

٤ یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: با پووشەکەی نێو چاوت دەربهێنم، کەچی کاریتە لەنێو چاوی خۆتدایە؟

٥ ئەی ڕووپاما، یەکەمجار کاریتەکەی نێو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشی نێو چاوی براکەت!

٦ پارسا مەدەنە سەگ، مرواریشتان فڕێ مەدەنە بەردەمی بەراز، نەوەک پێشێلیان بکەن و ڕوو وەرگێڕن و پارچە پارچەتان بکەن.

٧ داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لەدەرگابدەن، لێتان دەکرێتەوە.

٨ چونکە هەر کەسێک داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لەدەرگابدات، لێی دەکرێتەوە.

٩ ئەگینا کێ لە ئێوە ئەگەر ڕۆڵەکەی داوای نانی لێبکات، بەردی دەداتێ؟

١٠ یان داوای ماسیی لێبکات، ماری دەداتێ؟

١١ جا کە ئێوەی بەدکار دەزانن دیاریی باش بە ڕۆڵەکانتان بدەن، ئایا باوکتان کە لە ئاسمانانداید چەند شتی باشتر دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن!

١٢ کەواتە لە هەر شتێکدا ئاوا بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە تەورات و پێغەمبەران.

١٣ لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەبات، زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە.

١٤ چەند تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەبات، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.

١٥ ئاگادار بن لە پێغەمبەرانی درۆزن، کە لە پێستی بەرخدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەنێوەوە گورگی درندەن!

١٦ بە بەرهەمیان دەیانناسن. ئایا ترێ لە دڕک دەڕنن؟ یان هەنجیر لە چقڵ؟١٧ بەم شێوەیە هەر درەختێکی باش بەرهەمی باش دروست دەکات، درەختی خراپیش بەرهەمی خراپ دروست دەکات.

١٨ درەختی چاک ناتوانێت بەرهەمی خراپ دروست بکات و درەختی خراپیش ناتوانێت بەرهەمی باش دروست بکات.

١٩ هەر درەختێک بەرهەمی باش دروست نەکات دەبڕدرێتەوە و فڕێ دەدرێتە نێو ئاگر.

٢٠ کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسن.

٢١ نەک هەر کەسێک پێم بڵێت: پەروەردگار، پەروەردگار! دەچێتە نێو پاشایەتیی ئاسمانانەوە، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانانداید.

٢٢ زۆر کەس لەو ڕۆژەدا پێم دەڵێن: پەروەردگار، پەروەردگار، ئایا بە ناوی تۆوە پێشبینیمان نەکرد؟ بە ناوی تۆوە ڕووحی گڵاومان دەرنەکرد؟ بە ناوی تۆوە پەرجوی زۆرمان نەکرد؟

٢٣ ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: هەرگیز ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی خراپەکاران!

٢٤ جا هەر کەسێک گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد بنیاد نابێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو.

٢٦ هەر کەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەک پیاوێکی نەزان وایە خانووەکەی لەسەر لم بنیاد نابێت.

٢٧باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی مەزن بوو".

٢٨ کاتێ ئیشۆع ئەم فەرموودانەی تەواو کرد، کۆمەڵانەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون،٢٩ چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەکو تەوراتزانان.

مەتتەی 8

١ کاتێ ئیشۆع لە چیاکە هاتە خوارەوە، کۆمەڵانێکی زۆر دوای کەوتن.

٢ گوڵێک هات و کڕنۆشی بۆ برد و وتی: "گەورەم، ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پێگەردم بکەیتەوە".

٣ ئیشۆعیش دەستی درێژ کرد و دەستی لێی دا، فەرمووی: "دەمەوێ، بێگەرد ببەوە!" یەکسەر لە گولیەکەی بێگەرد بووەوە.

٤ ئینجا ئیشۆع پێی فەرموو: "ئاگادار بە، بە کەس مەڵێ، بەڵکو بڕۆ خۆت پیشانی کاهینەکە بدە و ئەو قوربانییەی مووشێ فەرمانی کردووە پێشکەشی بکە، وەک گەواهییەک بۆیان".

٥ کاتێ ئیشۆع چووە کپەرناخوم، سەرپەڵێک هاتە لای، لێی پاڕایەوە

٦ و وتی: "گەورەم، ڕاژەوانەکەم بە ئیفلیجی لە ماڵەوە کەوتووە و ئازارێکی زۆری هەیە".

٧ ئیشۆع پێی فەرموو: "من دێم و چاکی دەکەمەوە".

٨ سەرپەڵەکەش وەڵامی دایەوە و وتی: "گەورەم شایانی ئەوە نیم بێیتە ماڵەکەم، بەڵکو تەنها وشەیەک بفەرموو ڕاژەوانەکەم چاک دەبێتەوە.

٩ چونکە منیش مرۆڤێکم ژێر دەسەڵاتم، سەربازیش لە ژێر دەستم هەیە، بەمە دەڵێم: بڕۆ! دەڕوات، بەوی دیکەش: وەرە! دێت، بە کۆیلەکەشم: ئەمە بکە! دەیکات".

١٠ کاتێ ئیشۆع گوێی لەمە بوو، سەرسام بوو، بەوانەی فەرموو کە دوای دەکەوتن: "ڕەواتان پێ دەڵێم: لە ئیسرائیلدا باوەڕێکی ئەوەندەی ئەمەم نەدیوە!

١١ پێتان دەڵێم: زۆر کەس لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە دێن و لەگەڵ ئەوڕاهەم و ئسخەق و یاقوو لە پاشایەتیی ئاسمانداندا پاڵدەدەنەوە.

١٢ بەڵام ڕۆڵەکانی پاشایەتی فڕێ دەدرێنە تاریکی دەرەوە، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێیە".

١٣ ئینجا ئیشۆع بە سەرپەڵەکەی فەرموو: "بڕۆ! با هەروەک باوەڕت هێنا، بۆت ببێت". جا لەو کاتەدا ڕاژەوانەکەی چاک بووەوە.

١٤ ئیشۆع هاتە ماڵی پەترۆس، خەسووی پەترۆسی بینی کەوتووە و تای لێ هاتووە.

١٥ئیشۆع دەستی لە دەستی دا و تاکە بەری دا. ئەویش هەستا وڕاژەی کردن.

١٦ کاتێ ئێوارە داهات، شێتی زۆریان بۆ هێنا، ئەویش بە وشەیەک ڕووحەکانی دەرکرد و هەموو نەخۆشەکانی چاککردەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ تاکو ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر ئێشەعیا وتراوە بێتە دی: *{ئەو دەردەکانمانی برد ونەخۆشییەکانمانی هەڵگرت}*.

١٨ کاتێ ئیشۆع کۆمەڵێکی زۆری لە دەوری خۆی بینی، فەرمانی دا بپەڕنەوە بۆ ئەوبەر.

١٩تەوراتزانێک هاتە لای، پێی وت: "ڕابی، بۆ کوێ بڕۆیت دوات دەکەوم".

٢٠ ئیشۆعیش پێی فەرموو: "ڕێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام ڕۆڵەی مرۆڤ جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت".

٢١ یەکێکی دیکە لە قوتابییەکانی پێی وت: "گەورەم، ڕێگام بدە یەکەمجار بڕۆم باوکم بنێژم".

٢٢ ئیشۆع پێی فەرموو: "دوام بکەوە، واز لە مردووان بهێنە با مردووەکانیان بنێژن".

٢٣ کاتێ سواری کەشتیەکە بوو، قوتابییەکانی دوای کەوتن.

٢٤ لەناکاو ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکردە سەر دەریاکە، خەریک بوو شەپۆلەکان کەشتیەکە داپۆشن، کەچی ئیشۆع نووستبوو.٢٥ ئینجا قوتابییەکانی هاتن و هەڵیانستاند، وتیان: "گەورەم، ڕزگارمان بکە! وا لەناودەچین!"٢٦ ئەویش پێی فەرموون: "چیتانە دەترسن ئەی کەم باوەڕینە؟" ئینجا هەستا، لە ڕەشەبا و دەریاکەی ڕاخوڕی، ئیتر بووە هێمنییەکی تەواو.

٢٧ خەڵکیش سەرسام بوون و وتیان: "ئەمە چ مرۆڤێکە؟ تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن!".

٢٨ کاتێ گەیشتە ئەوبەر، لە هەرێمی گەدەرین، دوو شێتی زۆر دڕندەی تووش بوو، لە گۆڕستانەوە هاتبوونە دەرەوە. تەنانەت کەس نەیدەوێرا بەو ڕێگایەدا تێپەڕێت.

٢٩ هاواریان کرد و وتیان: "چیت لێمان دەوێ، ئیشۆعی ڕۆڵەی خودا؟ ئایا پێشوەخت بۆ ئێرە هاتوویت، تاکو ئەشکەنجەمان بدەیت؟"

٣٠ لە دووری ئەوانەوە ڕانە بەرازێکی گەورە دەلەوەڕان.

٣١شەیتانەکانیش لێی پاڕانەوە و وتیان: "ئەگەر دەرمان دەکەیت، بمانێرە نێو ڕانە بەرازەکە".

٣٢ئەویش پێی فەرموون: "بڕۆن". ئەوانیش دەرچوون و چوونە نێو بەرازەکانەوە، جا هەموو ڕانەکە لە قەدپاڵی گردەکەوە بەرەو دەریاکە هەڵدێران و لەنێو ئاوەکەدا مردن.

٣٣بەرازەوانەکانیش بۆ نێو شار هەڵاتن و هەموو شتێکیان گێڕایەوە، ئەوەی بەسەر دوو شێتەکە هاتبوو.

٣٤ ئەوەبوو شارەکە هەمووی بۆ بینینی ئیشۆع هاتنە دەرەوە، کە بینییان، لێی پاڕانەوە لە سنوورەکەیان دەربچێت.

مەتتەی 9

١ ئینجا سواری کەشتیەکە بوو، پەڕییەوە و هاتە شارەکەی خۆی.

٢ ئیفلیجێکیان هێنایە لای لەنێو نوێن کەوتبوو، کاتێ ئیشۆع باوەڕیانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: "ڕۆڵە دڵنیابە، گوناهەکانت بەخشراون".

٣ جا هەندێک لە تەوراتزانەکان لە دڵی خۆیاندا وتیان: "ئەمە کفر دەکات!"

٤ ئیشۆعیش بە بیرکردنەویانی زانی و فەرمووی: "بۆچی لە دڵتاندا بیر لە خراپە دەکەنەوە؟

٥ کامیان ئاسانترە بووترێت، گوناهەکانت بەخشراون، یان بووترێت، هەستە و ڕێ بکە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ بەڵام تا بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی گوناه بەخشینی هەیە”. ئینجا بە ئیفلیجەکەی فەرموو: “هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆوە ماڵ”.

٧ ئەویش هەستا و گەڕایەوە ماڵی خۆی.

٨ کاتێ خەڵکەکە ئەمەیان بینی، سام دایگرتن و شکۆمەندیی خودایان کرد، کە ئەم جۆرە دەسەڵاتەی بە مرۆڤ داوە.

٩ کە ئیشۆع لەوێ تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، ناوی مەتتەی بوو. پێی فەرموو: “دوام بکەوە”. ئەویش هەستا و دوای کەوت.

١٠ لە کاتێکدا لە ماڵ پاڵیدابووەوە، زۆر باجگر و گوناهبار هاتن و لەگەڵ ئیشۆع و قوتابییەکانی پاڵیاندایەوە.

١١ کە پەڕیشییەکان ئەمەیان بینی، بە قوتابییەکانیان وت: “بۆچی ڕابیتان لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟”١٢ جا کاتێ ئیشۆع گوێی لێبوو، فەرمووی: “لەشساغان پێویستییان بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆشان.

١٣ بڕۆن و واتای ئەمە فێربن: *{میهرەبانیم دەوێ نەک قوربانی}* . چونکە نەهاتووم بێگوناهەکان بانگ بکەم بۆ تۆبەکردن، بەڵکو گوناهباران”.

١٤ ئینجا قوتابییەکانی یوحەننەن هاتنە لای و وتیان: “بۆچی ئێمە و پەڕیشییەکان زۆر بەڕۆژوو دەبین، بەڵام قوتابییەکانت بەڕۆژوو نابن؟”

١٥ ئیشۆع پێی فەرموون: “ئایا دەکرێت کەسانی زاوا شیوەن بکەن، لەو کاتەی زاوا لەگەڵیاندایە؟ بەڵام ڕۆژانێک دێت زاوا لەنێوانیان بەرز دەکرێتەوە، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن.

١٦ هیچ کەس کراسی کۆن بە پەڕۆی نوێ پینە ناکات، چونکە پینە نوێیەکە دەچێتە ئاو و کراسە دڕاوەکە خراپتر دەکات.

١٧ مەیی نوێش لەنێو مەشکەی کۆن ناکەن، ئەگینا مەشکەکە دەتەقێت، جا مەیەکە دەڕژێت و مەشکەکەش لەناودەچێت. بەڵکو مەیی نوێ لەنێو مەشکەی نوێ دەکرێت جا هەردووکیان پارێزراو دەبن”.

١٨ کاتێ ئەمانەی دەفەرموو، سەرۆکێک هات و کڕنۆشی بۆ برد و وتی: “هەر ئێستا کچەکەم مرد، بەڵام وەرە دەستی لەسەر دابنێ، زیندوو دەبێتەوە”.

١٩ ئیشۆعیش هەستا و لەگەڵ قوتابییەکانی دوای کەوت.

٢٠ ئەوەبوو ژنێک کە دوازدە ساڵ بوو خوێن بەربوونی هەبوو، لە دواوە لێی نزیک بووەوە و دەستی لە چمکی جلەکەی دا،

٢١ چونکە لە دڵی خۆیدا وتی: “ئەگەر تەنها دەست لە جلەکانیشی بدەم، چاک دەبمەوە”.

٢٢ ئیشۆع ئاوڕی دایەوە، بینی و فەرمووی: “کچم دڵنیابە، باوەڕت چاکیکردیتەوە”. ژنەکە دەستبەجێ چاکبووەوە.

٢٣ کاتێ ئیشۆع چووە ماڵی سەرۆکەکە، زوڕنا ژەنان و خەڵکێکی پەشێوی بینی،

٢٤ فەرمووی: “لاچن، کچەکە نەمردووە، بەڵکو خەوتووە”. ئەوانیش پێی پێکەنین.

٢٥ کاتێ خەڵکەکەی دەرکرد، هاتە ژوورەوە و دەستی گرت، کچەش هەستایەوە.

٢٦ ئەم هەواڵەش بە هەموو ئەو ناوچەیەدا بڵاوبووەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٧ كە ئیشۆع بەوێدا دەڕۆیشت، دوو نابینا دوای كەوتن، هاواریان دەكرد و دەیانووت: ‘‘بەزەییت پێماندا بێتەوە ڕۆڵەی داوید!’’.

٢٨ كاتێ هاتە ماڵەوە، دوو نابیناكە هاتنە لای. ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘لەو باوەڕەدان من بتوانم ئەمە بكەم؟’’ پێیان وت: ‘‘بەڵێ گەورەم!’’.٢٩ ئینجا دەستی لە چاویان دا و فەرمووی: ‘‘با بەگوێرەی باوەڕتان بۆتان ببێت’’.

٣٠ ئیتر چاویان كرایەوە. ئیشۆعیش بە توندی ئاگاداری كردنەوە: ‘‘ئاگاداربن با كەس نەزانێت!’’.

٣١بەڵام ئەوان ڕۆیشتن و هەموو ناوچەكەیان لێی تێگەیاند.

٣٢ كاتێ دەردەچوون، لاڵێكی شێتان هێنایە لای.

٣٣ كاتێ شەیتانەكە دەركرا، لاڵەكە قسەی كرد. كۆمەڵەكەش سەرسام بوون، وتیان: ‘‘هەرگیز لە ئیسرائیلدا شتی وا دەرنەكەوتووە!’’.

٣٤بەڵام پەرِیشییەكان وتیان: ‘‘بە سەرۆكی شەیتانان شەیتانەكان دەردەكات!’’.

٣٥ ئیشۆع بە هەموو شار و گوندەكاندا دەگەڕا، لە كەنیشتەكانیان فێری دەكردن و موژدەی پاشایەتییەكەی ڕادەگەیاند، هەموو نەخۆشی و لاوازیەكی نێو گەلی چاك دەكردەوە.

٣٦ كاتێ كۆمەڵانەكەی بینی دڵی پێیان سووتا، چونكە وەك مەڕی بێ شوان پەرێشان و هەراسان بوون.٣٧ جا بە قوتابییەكانی فەرموو: ‘‘دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان كەمە.

٣٨ جا داوا لە پەروەردگاری دروێنە بكەن تاكو سەپان بۆ دروێنەكەی بنێرێت’’.

مەتتەی 10

١ ئینجا دوازدە قوتابییەكەی بانگكرد، دەسەڵاتی پێدان تاكو ڕووحی گڵاو دەربكەن و هەموو نەخۆشی و لاوازییەك چاكبكەنەوە.

٢ ئەمانەش ناوی دوازدە پەیامبەرەكەیە: یەكەمین، شیمعون كە بە پەترۆس ناودەبرا و ئەندراوسی برای، یاقووی كوڕی زەبدی و یوخەننەی برای،

٣پیلیپوس و بەرتولمەی، تۆما و مەتتەیی باجگر، یاقووی كوڕی خەلپەی و لەباوس ناسراو بە تەددەی،

٤ شیمعونی قنانیا و ئیهوودای ئەسخەریوتی كە ئیشۆعی بەدەستەوەدا.

٥ ئیشۆع ئەم دوازدەیەی نارد، پێیان ڕاسپارد، فەرمووی: ‘‘بە ڕێگای نەتەوەكاندا مەڕۆن، مەچنە شاری شمرنیەكان.

٦ بەڵكو لەجیاتی ئەوە بڕۆنە لای كاوڕە ونبووەكانی ماڵی ئیسرائیل.٧ كاتێ دەچن، موژدە بدەن و بڵێن: پاشایەتی ئاسمانان نزیك بووەتەوە.

٨ نەخۆشان چاكبكەنەوە، گوڵەكان پێگەردبكەنەوە، مردووان زیندووبكەنەوە، شەیتانەكان دەربكەن. بەخۆڕایی وەرتانگرتووە، بەخۆڕاییش بیدەن.

٩ زێڕ و زیو و مس لە پشتێنتان هەڵمەگرن،

١٠ نە تورەگە بۆ ڕێگا، نە دوو جل و نە پێڵاو و نە گۆچانیش، چونكە كارگەر شایانی خۆراكی خۆیەتی.

١١ چوونە هەر شار و گوندێك، بە شوێن كەسێكی شایستەدا بگەڕێن، لەوێ بمێننەوە تا دەڕۆن.

١٢ كە چوونە ماڵێك ئاشتیی لێ بكەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ ئەگەر ماڵەکە شایستە بوون، با ئاشتیتان بۆی بێت، بەڵام ئەگەر شایستە نەبوون، با ئاشتیتان بۆ خۆتان بگەڕێتەوە.

١٤ ئەوەی پەسەندی نەکردن و گوێی لە قسەتان نەگرت، لەو ماڵە یان لەو شارە بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەکێنن.

١٥ڕواتان پێ دەڵێم: لە ڕۆژی حوکمداندا، دۆخی زەویی سەدوم و عامووڕە لەو شارە سوکتر دەبێت.

١٦ ئەوەتا من وەک کاوڕ بە نێو گورگاندا دەتانێرم. جا دانا بن وەک مار و ساکار بن وەک کۆتر.

١٧ بەڵام لە خەڵکی بەئاگابن، چونکە ڕادەستی ئەنجومەنتان دەکەن و لە کەنیشتەکانیان بە قامچی لێتان دەدەن،

١٨ لەپێناوی من دەبردرێنە بەردەم فەرمانڕەوایان و پاشایان، وەک گەواهییەک بۆ ئەوان و بۆ نەتەوەکانیش.

١٩ کاتێکیش ڕادەستتان دەکەن، گوێ مەدەنە ئەوەی چۆن یان چی بڵێن، لەو کاتەدا پێتان دەدرێت چی بڵێن،

٢٠ چونکە ئێوە قسەکەر نین، بەڵکو ڕووحی باوکتانە لە ئێوەدا قسەدەکات.

٢١ برا برای خۆی ڕادەستی مەرگ دەکات، باوک ڕۆڵەی خۆی. ڕۆڵەکان لە دایبابیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن!

٢٢ هەمووان لەپێناوی ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاپایان دانبەخۆدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت.

٢٣ کە لەم شارە قاوتان دەدەن، هەڵبێن بۆ یەکێکی دیکە. ڕەواتان پێ دەڵێم: شارەکانی ئیسڕائیل تەواو ناکەن پێش هاتنی ڕۆڵەی مرۆڤ.

٢٤ قوتابی لە ڕابیەکەی باشتر نییە و کۆیلەش لە گەورەکەی باشتر نییە.

٢٥ بەسە قوتابی وەک ڕابیەکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە بەعلەزبول ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟

٢٦ بۆیە لێیان مەترسن، چونکە شاراوە نییە دەرنەکەوێت و نهێنی نییە ئاشکرا نەبێت.

٢٧ ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکی بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، لە سەربانان بانگەوازی بکەن.

٢٨ لەوانە مەترسن کە لەش دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ گیان و لەش هەردوکیان لە دۆزەخدا لەناوبەرێت.٢٩ ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی.

٣٠ بەڵام ئێوە تەنانەت هەموو مووی سەرتان ژمێردراوە.

٣١ کەواتە مەترسن! ئێوە لە زۆر چۆلەکە باشترن!.

٣٢ هەرکەسێک لەپێش خەڵک دانم پیابنێت، منیش لەپێش باوکم کە لە ئاسمانانداید، دانی پیادەنێم.

٣٣ بەڵام ئەوەی لەپێش خەڵک نکۆڵیم لێبکات، منیش لەپێش باوکم کە لە ئاسمانانداید، نکۆڵی لێدەکەم.

٣٤ وا مەزانن کە هاتووم تاکو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی. نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵکو شمشێر!

٣٥ چونکە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ لە باوکی وکچ لە دایکی وبووک لە خەسووی.

٣٦ دوژمنی مرۆڤیش خانەوادەکەیەتی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧ ئەوەی باوک یان دایکی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە.

٣٨ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت شایانی من نییە.

٣٩ ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت، ئەوەش کە ژیانی خۆی لەپێناوی من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە.

٤٠ ئەوەی پەسەندتان بکات، پەسەندم دەکات، ئەوەش پەسەندم بکات، پەسەندی ئەوە دەکات کە منی ناردووە. ٤١ ئەوەی پێغەمبەرێک پەسەند بکات بە ناوی پێغەمبەر، ئەوا پاداشتی پێغەمبەرێک وەردەگرێت. ئەوەش خوداناسێک پەسەند بکات بە ناوی خوداناس، ئەوا پاداشتی خوداناسێک وەردەگرێت.

٤٢ئەوەی تەنها جامە ئاوێکی سارد بداتە یەکێک لەم بچووکانە، بەناوی قوتابییەک، ڕەواتان پێ دەڵێم: پاداشتی ون نابێت".

مەتتەی 11

١ پاش ئەوەی ئیشۆع لە ڕێنمایی دوازدە قوتابییەکەی تەواو بوو، لەوێ ڕۆیشت و چوو بۆ فێرکردن و موژدەدان لە شارەکانیان.

٢ کاتێ یوحەننەن لە زیندانەکەدا کارەکانی مەسیحی بیست، دوو لە قوتابییەکانی خۆی نارد و

٣ پێی وت: "تۆی ئەوەی دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟"

٤ ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: "بڕۆن، ئەوەی دەیبیستن و دەیبینن بە یوحەننەنی ڕابگەیەنن:

٥ کوێرەکان دەبینن، شەلەکان ڕێ دەکەن، گولەکان بێگەرد دەبنەوە، کەڕەکان دەبیستن، مردووان هەڵدەستنەوە و هەژاران موژدەیان پێ دەدرێت".

٦ بەختەوەریش بەوەی ساتمەم لێ ناکات.

٧ کاتێ دەڕۆیشتن، ئیشۆع سەبارەت بە یوحەننەن بۆ کۆمەڵانەکە دەستیکرد بە قسەکردن و فەرمووی: "بۆ بینینی چی دەرچوونە دەشتودەر؟ قامیشێک کە با دەیجووڵێنێ؟

٨ ئەی بۆ بینینی چی دەرچوون؟ مرۆڤێک کە بەرگی نەرمی پۆشیوە؟ ئەوەتا ئەوانەی بەرگی نەرم دەپۆشن لە ماڵی پاشایاندان.

٩ بۆ بینینی چی دەرچوون؟ پێغەمبەرێک؟ بەڵێ، پێتان دەڵێم، لە پێغەمبەریش باشتر.

١٠ ئەمە ئەوەیە کە دەربارەی نووسراوە: *{ئەوەتا فریشتەکەم لەپێشتەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات}*.

١١ ڕەواتان پێ دەڵێم: لەنێو لەژنبووواندا، کەس لە یوحەننەنی عەمادکار مەزنتر نەبووە، بەڵام بچووکترینی ئەوەی لە پاشایەتیی ئاسمانانداید لەو مەزنترە.

١٢ لە ڕۆژانی یوحەننەنی عەمادکارەوە تا ئێستا پاشایەتیی ئاسمانان بە هێز تێدەکۆشێت، تێکۆشەرانیش دەیڕفێنن.

١٣ چونکە هەموو پێغەمبەران و تەورات، تاکو هاتنی یوحەننەن پێشبینییان کردووە.

١٤ ئەگەر دەتانەوێ پەسەندی بکەن، ئەمە ئیلیایە کە خەریکبوو بێت.

١٥ ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ بیستن با ببیستێت!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ ئەم نەوەیە لە چی بچووێنم؟ لەو کوڕانە دەچن کە لە بازاڕەکاندا دانیشتوون و بانگی هاوڕێکانیان دەکەن و

١٧ دەڵێن: زوڕنامان بۆ لێدان سەماتان نەکرد! شیوەنمان بۆ گێڕان و لە خۆتان نەدا!

١٨ چونکە یوخەننەن هات نە دەخوات و نە دەخواتەوە، دەڵێن: شەیتانی تێدایە.

١٩ڕۆڵەی مرۆڤ هات، دەخوات و دەخواتەوە، دەڵێن: ئەمە کابرایەکی بخۆر و مەیخۆرە، هاوڕێی باجگران و گوناهبارانە. بەڵام دانایی بە کردەوەکانی سەلمێندرا".

٢٠ ئینجا دەستی بە سەرزەنشتکردنی ئەو شارانەی کرد کە زۆربەی پەرجوەکانی تیایاندا نواندبوو، چونکە تۆبەیان نەکردبوو.

٢١ "وەی بەحاڵت ئەی کورازین! وەی بەحاڵت ئەی بەیتسەیدەن! چونکە ئەو پەرجوانەی لەنێو ئێوەدا کران، ئەگەر لە سوور و سەیدەن بکرایەن، هەر زوو بە پەڵاس و خۆڵەمێشەوە تۆبەیان دەکرد.

٢٢ بەڵام پێتان دەڵێم: لە ڕۆژی حوکمداندا باری سووڕ و سەیدەن لە هی ئێوە سوکتر دەبێت.

٢٣ تۆش ئەی کپەرناخوم، بۆ ئاسمان بەرز دەکرێیتەوە؟! بۆ قووڵایی دەچیتە خوارەوە، چونکە ئەگەر لە سەدوومدا ئەو پەرجوانە بکرایەن کە لەنێو تۆدا کرا، ئەوا تاکو ئەمڕۆ دەمایەوە.

٢٤ بەڵام پێتان دەڵێم: لە ڕۆژی حوکمداندا باری زەویی سەدوم لە هی تۆ سوکتر دەبێت".

٢٥ لەو کاتەدا ئیشۆع فەرمووی: "ئەی باوک، سوپاست دەکەم، پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، چونکە ئەمانەت لە دانا و تێگەیشتووان شاردۆتەوە و بۆ منداڵان ئاشکرات کردووە.

٢٦بەڵێ ئەی باوک، چونکە ئەمەت لەبەرچاو خۆش بوو.

٢٧ لە باوکمەوە هەموو شتێکم دراوەتێ، کەس ڕۆڵە ناناسێت باوک نەبێت، کەسیش باوک ناناسێت تەنها ڕۆڵە و ئەوە نەبێ کە ڕۆڵە دەیەوێ بۆی ئاشکرای بکات.

٢٨ وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە.

٢٩ نیری من بخەنە سەر خۆتان و لە منەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و خاکسارم، جا حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە.

٣٠ چونکە نیرەکەم ئاسانە و بارەکەم سووکە".

مەتتەی 12

١ لەو کاتە، لە شەممەدا ئیشۆع بەنێو دەغڵاندا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی برسییان بوو، دەستیانکرد بە گوڵەگەنم پڕواندن و خواردنی.

٢ کە پەریشییەکان بینییان، پێیان وت: "ئەوەتا، قوتابییەکانت ئەوە دەکەن کە دروست نییە لە شەممەدا بکرێت!".

٣ ئەویش پێی فەرموون: "ئەی نەتانخوێندۆتەوە داوید چی کرد، کاتێ خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون برسییان بوو؟

٤ چۆن چووە نێو ماڵی خودا و نانی قوربانیی خوارد، کە بۆ خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون دروست نەبوو بیخۆن، تەنها بۆ کاهینان نەبێ؟

٥ یان لە تەوراتدا نەتانخوێندۆتەوە کە کاهینان، شەممان لە پەرستگادا، شەممە گڵاو دەکەن و بێتاوانیشن؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ بەڵام پێتان دەڵێم، مەزنتر لە پەرستگا لێرەیە!

٧ئەگەر واتای ئەوەتان بزانایە: من میهرەبانیم دەوێ نەک قوربانی، ئەوا بێتاوانانتان تاوانبار نەدەکرد!

٨ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ، پەروەردگاری ڕۆژی شەممەیە".

٩ لەوێ ڕۆیشت و هاتە کەنیشتەکەیان،

١٠ ئەوەبوو پیاوێک دەستێکی وشکبوو، لێیان پرسی: "ئایا لە شەممەاندا چاککردنەوە دروستە؟" تاکو سکاڵای لێبکەن.

١١ پێی فەرموون: "کێ لە ئێوە ئەگەر کاوڕێکی هەبێت و لە شەممەدا بکەوێتە چاڵێک، ئایا نایگرێت و دەریبهێنێت؟

١٢ مرۆڤ چەند لە کاوڕ نرخدارترە! کەواتە لە شەممەاندا چاکەکردن دروستە!"

١٣ ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو: "دەستت درێژ بکە". ئەویش درێژی کرد و چاکبووەوە، وەکو ئەوەی دیکە.

١٤ پەرِیشییەکانیش کە دەرچوون، ڕاوێژیان کرد چۆن لەناوی ببەن.

١٥ ئیشۆعیش بەمەی زانی و لەوێ ڕۆیشت. جا کۆمەڵانێکی زۆر دوای کەوتن، ئەویش هەموویانی چاککردەوە و

١٦ڕایسپاردن کە ئاشکرای نەکەن،

١٧ تا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر ئێشەعیا وترابوو بێتە دی کە دەڵێت:

١٨ *{ئەوەتا ڕۆڵەکەم کە هەڵمبژاردووە، خۆشەویستم کە پێی دڵشادم، ڕووحی خۆمی دەخەمە سەر، جا هەواڵی ڕەوا بە نەتەوەکان دەگەیەنێت.*

١٩*شەڕ ناکات و هاوار ناکات، کەسیش لە شەقامەکاندا دەنگی نابیستێت.*

٢٠*قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت، پڵیتەیەکی دووکەڵکردە ناکوژێنێتەوە، تاکو ڕەوا بە سەرکەوتن دەگەیێنێت.*

٢١ *نەتەوەکان هیوایان بە ناوی ئەو دەبێت}* .

٢٢ ئینجا شێتێکی کوێر و لاڵیان بۆ هێنا، چاکیکردەوە تا ئەوەی لاڵەکە قسەی کرد و بینی.

٢٣کۆمەڵانەکە هەموو سەرسام بوون و وتیان: "دەبێ ئەمە ڕۆڵەی داوید بێت؟"

٢٤ بەڵام پەرِیشییەکان کە ئەمەیان بیست، وتیان: "ئەمە شەیتانەکان دەرناکات، مەگەر بە بەعلەزبولی سەرۆکی شەیتانەکان نەبێت".

٢٥ بەڵام ئیشۆع ئەندێشەیانی زانی و پێی فەرموون: "هەر پاشایەتیەک دووبەرەکیی تێدا بێت، وێران دەبێت، هەر شارێک یان ماڵێک دووبەرەکیی تێدا بێت، خۆی ڕاناگرێت.

٢٦ ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، ئیتر چۆن پاشایەتییەکەی خۆی ڕادەگرێت؟

٢٧ ئەگەر من بە بەعلەزبول شەیتان دەربکەم، ئەی ڕۆڵەکانتان بە کێ دەریان دەکەن؟ بۆیە ئەوان دەبنە دادوەرتان!

٢٨ بەڵام ئەگەر من بە ڕووحی خودا شەیتانەکان دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتۆتە سەرتان!

٢٩ یان چۆن یەکێک دەتوانێ بچێتە ماڵی بەهێزێک و شتەکانی تاڵان بکات، ئەگەر یەکەمجار بەهێزەکە نەبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٠ ئەوەی لەگەڵ من نییە دژمە، ئەوەی لەگەڵ من کۆ ناکاتەوە، بڵاوی دەکاتەوە.٣١ بۆیە پێتان دەڵێم:
هەموو گوناه و کفرێک دەبەخشرێت، بەڵام کفر دژ بە ڕووح نابەخشرێت.٣٢ ئەوەی قسە بە ڕۆڵەی مرۆڤ
بڵێت، دەبەخشرێت، بەڵام ئەوەی قسە بە ڕووحی پارسا بڵێت، نابەخشرێت، نە لەم جیهانە و نە لەوەی دێت.

٣٣ وابکەن درەخت باش بێت، بەرهەمی باش دەبێت. یان وابکەن درەخت خراپ بێت، بەرهەمی خراپ
دەبێت، چونکە بە بەرهەم درەخت دەناسرێت.

٣٤ ئەی بێچوی ماران! کە ئێوە خراپ بن، چۆن دەتوانن بە چاکە بدوێن؟ دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵ
دەڕژێتەوە.

٣٥ مرۆڤی چاک لە گەنجینەی چاک شتی چاک دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش، لە گەنجینەی خراپ، شتی
خراپ دەردەهێنێت.

٣٦ بەڵام پێتان دەڵێم: هەر وشەیەکی ناڕەوا کە خەڵک پێی دەدوێ، لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا هەژماردی خۆی
هەیە.

٣٧ چونکە بە قسەکانی خۆت بێتاوان دەکرێیت، بە قسەکانی خۆشت تاوانبار دەکرێیت”.

٣٨ ئینجا هەندێک تەوراتزان و پەڕیشی وەڵامیان دایەوە و وتیان: “ڕابی، دەمانەوێ پەرجوێکت لێ
ببینین”.

٣٩ وەڵامی دانەوە و پێی فەرمون: “نەوەیەکی بەدکار و بەدڕەوشت داوای پەرجو دەکات، پەرجوی
نادرێتێ، جگە لە پەرجوی یۆنەنی پێغەمبەر.

٤٠ جا چۆن یۆنەن سێ ڕۆژ و سێ شەو لەنێو سکی نەهەنگەکەدا بوو، ئاواش ڕۆڵەی مرۆڤ سێ ڕۆژ و
سێ شەو لە ناخی زەویدا دەمێنێتەوە.

٤١ لە حوکمداندا خەڵکی نەینەوا، لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستن و تاوانباری دەکەن، چونکە بە
بانگەوازەکەی یۆنەن تۆبەیان کرد. ئەوەتا لە یۆنەن مەزنتر لێرەیە!٤٢ لە حوکمداندا شاژنی باشوور لەگەڵ
ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی شلیمون.
ئەوەتا لە شلیمون مەزنتر لێرەیە!

٤٣کاتێ ڕووحی گڵاو لە مرۆڤ دەردەچێت، لە بیاباندا بەدوای حەوانەوە دەگەڕێت بەڵام نایدۆزێتەوە.

٤٤ ئینجا دەڵێت: دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم کە لێی دەرچووم. کاتێ دەگەڕێتەوە دەبینێت چۆڵە و
گسکدراوە و ڕێکخراوە.

٤٥ ئەوسا دەچێت و حەوت ڕووحی لە خۆی بەدتر لەگەڵ خۆی دەهێنێت و دەچن و لەوێدا نیشتەجێ دەبن.
ئینجا پایانی ئەو مرۆڤە لە جاران خراپتر دەبێت! بۆ ئەم نەوە بەدکارەش، ئاوا دەبێت”.

٤٦ لە کاتێک کە قسەی بۆ کۆمەڵانەکە دەکرد، دایک و برایانی لە دەرەوە ڕاوەستابوون، داوایان دەکرد
لەگەڵی بدوێن.

٤٧ یەکێک پێی وت: “ئەوە دایکت و براکانتە لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ لەگەڵت بدوێن”.

٤٨ ئەویش وەڵامی قسەکەری دایەوە و فەرموو: “دایکم کێیە و براکانم کێن؟”

٤٩ ئینجا دەستی بۆ قوتابییەکانی ڕاکێشا و فەرمووی: “ئەوەتا دایک و براکانم،

٥٠ چونکە ئەوەی بە خواستی باوکم بکات کە لە ئاسمانانداید، ئەوا برا وخوشک و دایکمە”.

مەتتەی 13

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ هەر لەو ڕۆژدا ئیشۆع لە ماڵ دەرچوو و لە کەناری دەریاکە دانیشت.

٢ کۆمەڵانێکی زۆر لێی کۆبووەوە، وابوو چووە نێو کەشتیێک دانیشت، کۆمەڵانەکەش هەموو لە کەنارەکە ڕاوەستان.٣ بە پەند باسی زۆر شتی بۆ کردن و فەرمووی: "تۆودەر چوو تۆو بکات.

٤ کە تۆوی دەکرد، هەندێکی کەوتە سەر ڕێگا، باڵندە هاتن و خواردیانن.

٥ هەندێکیش کەوتە سەر زەوییەکی بەردەڵان کە گڵی زۆر نەبوو، خێرا سەری دەرکرد، قووڵیی گڵیشی نەبوو.

٦ بەڵام کە خۆر هەڵهات سووتا، لەبەرئەوەی ڕەگی نەبوو، وشک بوو.

٧ هەندێکیشیان کەوتە نێو دڕکان، دڕکەکان گەورە بوون و خنکاندیانن.

٨ بەڵام هەندێکیان کەوتە سەر زەوییەکی باش و بەرهەمیان دا، هەندێک سەد و هەندێک شەست و هەندێکیش سی.

٩ ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت!"

١٠ قوتابییەکان هاتنە پێشەوە و پێیان وت: "بۆچی بە پەند فەرموودەیان بۆ دەکەیت؟"

١١وەڵامی دانەوە و فەرمووی: "چونکە بە ئێوە دراوە نهێنیەکانی پاشایەتیی ئاسمانان بزانن، بەڵام بەوان نەدراوە.

١٢ وە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و بۆی زیاد دەکرێت، بەڵام ئەوەی نییەتی، ئەوەش کە هەیەتی لێی دەسەنرێتەوە.

١٣ بۆیە بە پەند قسەیان بۆ دەکەم چونکە سەیر دەکەن، بەڵام نابینن، گوێ دەگرن، بەڵام نابیستن و تێناگەن.

١٤ پێشبینییەکەی ئێشەعیا لەواندا هاتە دی، کە دەفەرمووێ: *{بیستن دەبیستن، بەڵام تێناگەن، سەیرکردن سەیر دەکەن، بەڵام نابینن،*

١٥ *چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە، گوێیان گران بووە، چاویان نوقاندووە، نەوەک بە چاویان ببینن وبە گوێیان ببیستن، بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە، منیش چاکیان بکەمەوە}* .

١٦ بەڵام ئێوە، بەختەوەری بۆ چاوتان، چونکە دەبینێت، بە گوێتان، چونکە دەبیستێت.

١٧ ڕەواتان پێ دەڵێم: زۆر پێغەمبەر و خوداناس بە ئاواتەوە بوون ئەوەی ئێوە دەیبینن ببینن و نەیانبینی، ئەوەی ئێوەش دەیبیستن، ببیستن، بەڵام نەیانبیست.

١٨ کەواتە گوێ لە پەندی تۆودەرەکە بگرن:

١٩ هەر کەسێک وشەی پاشایەتی ببیستێت و تێینەگات، بەدکار دێت و ئەوەی لە دڵیدا تۆوکراوە دەیڕفێنێت. ئەمە ئەوەیە کە لەسەر ڕێگاکە تۆوکرا.

٢٠ ئەوەی لە زەوییە بەردەڵانەکە تۆوکرا، ئەوەیە کە وشەکە دەبیستێ و یەکسەر بە خۆشییەوە پەسەندی دەکات،

٢١ بەڵام لە خۆیدا بێ ڕەگە و کاتییە، کاتێ لە پێناوی وشەکە تەنگانە و چەوسانەوە ڕوودەدات، یەکسەر تەگەرە دەکات.

٢٢ ئەوەی لەنێو دڕکاندا تۆوکرا، ئەوەیە کە گوێ لە وشەکە دەگرێت، بەڵام خەمی جیهان و فریوی سامان، وشەکە دەخنکێنن و بێ بەرهەم دەبێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ بەڵام ئەوەی لەسەر زەوییە چاکەکە تۆوکرا، ئەوەیە کە وشەکە دەبیستێت و تێدەگات، ئەوەیە کە بەرهەم دەدات، سەد و شەست و سی".

٢٤ پەندێکی دیکەی بۆ هێنانەوە فەرمووی: "پاشایەتیی ئاسمانان لە مرۆڤێک دەچێت، تۆوی چاک لە کێڵگەکەی بچێنێت.

٢٥ بەڵام کاتێ خەڵک نووستبوون، دوژمنەکەی هات و لەنێو گەنمەکەدا زیوانی چاند و ڕۆیشت.

٢٦ کاتێ ڕوەکەکە ڕوا و بەری گرت، زیوانەکەش دەرکەوت.

٢٧ کۆیلەی خاوەن ماڵ هاتن و پێیان وت: گەورەم، ئایا لە کێڵگەکەتدا تۆوی چاکت تۆو نەکرد؟ ئیتر ئەم زیوانە لەکوێوە هات؟

٢٨ ئەویش پێی وتن: دوژمن ئەمەی کردووە. کۆیلەکانیش پێیان وت: دەتەوێ بچین کۆیان بکەینەوە؟

٢٩ وتی: نەخێر! نەوەک لەگەڵ کۆکردنەوەی زیوان، گەنمیش هەڵبکێشن.

٣٠ تاکو کاتی دروێنە لێگەڕێن با بەیەکەوە پێبگەن، جا لە کاتی دروێنەدا بە سەپانەکان دەڵێم، یەکەمجار زیوانەکە کۆبکەنەوە و بەکۆمەڵ بیانبەستنەوە تاکو بسووتێندرێن، بەڵام گەنمەکە لە عەمبارەکەم کۆبکەنەوە".

٣١ پەندێکی دیکەی بۆ هێنانەوە و فەرمووی: "پاشایەتیی ئاسمانان وەک دەنکە خەرتەلە وایە، کە یەکێک بیبات و لە کێڵگەکەیدا بیچێنێ،

٣٢ کە بچووکترین تۆوە، بەڵام کاتێ گەشە دەکات، گەورەترین ڕووەکە و دەبێتە درەخت، تەنانەت باڵندەی ئاسمانیش دێن و لەسەر لقەکانیدا هێلانە دەکەن".

٣٣ پەندێکی دیکەی بۆ فەرموون: "پاشایەتیی ئاسمانان لە هەوێنێک دەچێت، ژنێک بردی و خستییە نێو سێ پێوانە ئاردەوە، تاکو هەمووی هەڵهات".

٣٤ ئیشۆع هەموو ئەمانەی بە پەند بۆ کۆمەڵەکە فەرموو، بەبێ پەند فەرموودەی بۆ نەدەکردن،

٣٥ تا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەرێک وتراوە بێتە دی، کە دەفەرموێ: "*{بە پەند زارم دەکەمەوە، ئەوەی لە دامەزراندنی جیهانەوە شاراوەیە دەریدەبڕم}*".

٣٦ ئینجا کۆمەڵانەکەی بەڕێکرد و هات بۆ ماڵ. قوتابییەکانی لێ هاتنە پێش و وتیان: "پەندی زیوانی نێو کێڵگەکەمان بۆ ڕاڤە بکە".

٣٧ وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "تۆودەری تۆوە چاکەکە، ڕۆڵەی مرۆڤە.

٣٨ کێڵگەکەش جیهانە، تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی پاشایەتین، زیوانەکەش ڕۆڵەکانی بەدکارەکەن،

٣٩ دوژمنەکەش کە تۆوی کردن ئیبلیسە، دروێنەکەش پایانی جیهانە، سەپانەکانیش فریشتەکانن.

٤٠ وەک زیوانەکە کۆ دەکرێتەوە و بە ئاگر دەسووتێندرێ، لە پایانی جیهانیشدا وا دەبێت.

٤١ ڕۆڵەی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، هەموو کۆسپەکان و بەدکاران لە پاشایەتییەکەی کۆدەکەنەوە و

٤٢ فڕێیان دەدەنە نێو کوورەی ئاگرەوە، جا لەوێ دەبێتە گریان و جێرەی ددان.

٤٣ ئەوسا خوداناسان لە پاشایەتیی باوکیاندا وەک خۆر دەدرەوشێنەوە. ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت!

٤٤ پاشایەتیی ئاسمانان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. یەکێک دۆزییەوە و شاردییەوە، لە خۆشیان دەڕوات و چیی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت.

٤٥ هەروەها پاشایەتیی ئاسمانان لە بازرگانێک دەچێت بە شوێن مرواریی نایابدا دەگەڕا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٦ کاتێ مرواریيەکی گرانبەهای بینی، چوو هەرچی هەیبوو فرۆشتی و مرواریيەکەی کڕی.

٤٧ هەروەها پاشایەتیی ئاسمانان لە تۆڕێک دەچێت فڕێ درابێتە دەریاوە، لە هەموو جۆرێک کۆدەکاتەوە.

٤٨ کاتێ پڕبوو، ڕایانکێشایە کەنار، دانیشتن باشەکانیان لە سەبەتەدا کۆکردەوە و خراپەکانیشیان فڕێ دا دەرەوە.

٤٩ پایانی جیهانیش ئاوا دەبێت: فریشتەکان دەردەچن و بەدکاران لە خوداناساندا جیا دەکەنەوە و

٥٠ فڕێیاندەدەنە نێو کوورەی ئاگرەوە. جا لەوێ دەبێتە گریان و جێرەی ددان".

٥١ ئیشۆع پێی فەرموون: "ئایا هەموو ئەمانە تێگەیشتن؟" وتیان: "بەڵێ گەورەم".

٥٢ جا پێی فەرموون: "بۆیە هەر تەوراتزانێکی ڕاهێنراو لە پاشایەتیی ئاسمانان، لە خاوەن ماڵێک دەچێ لە گەنجینەکەیدا نوێ و کۆن دەربهێنێت".

٥٣ کاتێ ئیشۆع ئەم پەندانەی تەواو کرد لەوێ ڕۆیشت.

٥٤ کە هاتەوە شارەکەی خۆی، لە کەنیشتەکەیان فێری دەکردن، تا ئەوەی سەرسام بوون و وتیان: "ئەمە ئەم دانایی و پەرجوانەی لەکوێ بوو؟

٥٥ ئەمە کوڕی دارتاشەکە نییە؟ ئەی دایکی ناوی مەریەم نییە؟ یاقوو و یۆسپ و شیمعون و ئیهوودا برای نین؟

٥٦ ئەوە نییە خوشکەکانی هەموویان لەلامانن؟ ئەی ئەمە هەموو ئەمانەی لەکوێ بوو؟"

٥٧ جا ساتمەیان لێی دەکرد. بەڵام ئیشۆع پێی فەرموون: "پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، تەنها لە نیشتمان و ماڵی خۆیدا نەبێت".

٥٨لەوێدا پەرجوی زۆری نەکرد، لەبەر بێباوەڕییان.

مەتتەی 14

١ لەو کاتەدا هیڕوودسی تیترارک ناوبانگی ئیشۆعی بیست،

٢ بە پیاوەکانی وت: "ئەمە یوخەننەنی عەمادکارە لەنێو مردووواندا هەستاوەتەوە! بۆیە هێزی پەرجو لەسەر دەستی دەکرێت".

٣ چونکە هیڕوودس، لەبەر هیڕوودییای ژنی پیلیپوسی برای، یوخەننەنی گرتبوو و پەلبەستی کردبوو و خستبوویە زیندانەوە.

٤ چونکە یوخەننەن پێی دەفەرموو: دروست نییە تۆ بیخوازیت.٥ ئەویش دەیویست بیکوژێت، بەڵام لە خەڵکەکە دەترسا، چونکە بە پێغەمبەریان دادەنا.

٦ جا لە جەژنی لەدایکبوونی هیڕوودس، کچی هیڕوودییا لە ناوەڕاستدا سەمای کرد و هیڕوودسی دڵخۆش کرد،

٧ ئەوەبوو بە سوێندەوە بەڵێنی پێی دا، چی داوا بکات بیداتێ.

٨ کچەش بە فیتی دایکی، وتی: "لێرە لەسەر سینییەک سەری یوخەننەنی عەمادکارم بدەرێ".

٩ پاشاش دڵگران بوو، بەڵام لەبەر سوێندەکان و میوانەکان، فەرمانی دا بیدەنێ.

١٠ ئینجا ناردی و لە زیندان سەری یوخەننەن بڕا و

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ سەرەکەی لەسەر سینییەک هێنرا و درایە کچەکە، ئەویش بردییە لای دایکی.

١٢ قوتابییەکانی هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و ناشتییان. ئینجا هاتن هەواڵیان دایە ئیشۆع.

١٣ کە ئیشۆع ئەمەی بیست، بە تەنها بەرەو شوێنێکی چۆڵ، بە کەشتیەک ئەوێی بەجێهێشت. کاتێ کۆمەڵانەکان بیستیان، لە شارەکانەوە بە پیادە دوای کەوتن.

١٤ کاتێ دەرچوو، کۆمەڵانێکی زۆری بینی، دڵی پێیان سووتا و نەخۆشەکانیانی چاککردەوە.١٥ کاتێ ئێوارە داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای و وتیان: ‘‘شوێنەکە چۆڵە و کاتیش درەنگە. خەڵکەکە بەڕێکە با بڕۆنە گوندەکان، خواردن بۆ خۆیان بکڕن’’.

١٦ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘پێویست ناکات بڕۆن. خۆتان شتێکیان بدەنێ با بیخۆن’’.

١٧ ئەوانیش پێیان وت: ‘‘لێرە لە پێنج نان و دوو ماسی زیاترمان نییە’’.

١٨ ئەویش فەرمووی: ‘‘بۆمی بهێننە ئێرە’’.

١٩ فەرمانی بە کۆمەڵانەکە دا لەسەر گیاکە دانیشن. ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و چاوی هەڵبڕیە ئاسمان، داڕشتی کرد و لەتی کردن، ئینجا نانەکانی دایە قوتابییەکان، قوتابیەکانیش دایانە کۆمەڵانەکە.

٢٠ هەموو خواردیان و تێر بوون. پاشان لەو لەتەنانەی مایەوە دوازدە سەبەتەی پڕیان هەڵگرتەوە.

٢١ نانخۆران نزیکەی پێنج هەزار پیاو بوون، بێجگە لە ژن و منداڵ.

٢٢ یەکسەر قوتابییەکانی ناچار کرد سواری کەشتییەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، تاکو کۆمەڵانەکە بەڕێ دەکات.

٢٣ کاتێ کۆمەڵانەکەی بەڕێکرد، بە تەنها چووە سەر شاخەکە تاکو نوێژ بکات. کە ئێوارە داهات لەوێ بە تەنها بوو،

٢٤ کەشتیەکەش گەیشتبووە ناوەڕاستی دەریاکەوە، شەپۆلەکانیش پێایاندا دەکێشا، چونکە باکە پێچەوانە بوو.

٢٥ لە چوارەم بەتڵی شەودا ئیشۆع بۆ لایان چوو و بەسەر دەریاکەدا دەڕۆیشت.

٢٦ کاتێ قوتابییەکان بینییان لەسەر دەریاکە دەڕوات، شڵەژان و وتیان: ‘‘ئەمە دێوەزمەیە’’! لە ترسانیش هاواریان کرد!

٢٧ یەکسەر ئیشۆع قسەی لەگەڵ کردن و فەرمووی: ‘‘دڵنیابن! ئەوە منم. مەترسن’’.

٢٨ پەترۆس وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘گەورەم، ئەگەر تۆی، فەرمانم پێ بدە بەسەر ئاوەکەدا بێمە لات’’.

٢٩ فەرمووی: ‘‘وەرە’’. پەترۆس لە کەشتیەکە دابەزی و بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت تاکو بۆ لای ئیشۆع بێت.

٣٠بەڵام کاتێ بینی باکە توندە، ترسا و خەریک بوو نوقوم بێت، بەهاوارەوە وتی: ‘‘پەروەردگار، قوتارم بکە!’’

٣١ ئیشۆعیش یەکسەر دەستی درێژکرد و گرتییەوە و پێی فەرموو: ‘‘کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟’’

٣٢ کە سەرکەوتنە نێو کەشتییەکە، باکە هێمن بووەوە.

٣٣ ئەوانەی لەنێو کەشتییەکە بوون، هاتن و کڕنۆشیان بۆ برد و وتیان: ‘‘بە ڕاستی تۆ ڕۆڵەی خودای’’.

٣٤ کاتێ پەڕینەوە، هاتنە زەویی گینیسەڕ.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ پیاوانی ئەو شوێنە ناسیانەوە. هەواڵیان نارد بۆ هەموو ناوچەکانی دەوروبەر و هەموو نەخۆشەکانیان بۆی هێنا.

٣٦ داوایان لێکرد تەنها دەست لە چمکی جلەکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێیدا چاکبوونەوە.

مەتتەی 15

١ ئینجا پەرِیشی و تەوراتزانەکان لە یروشلایمەوە هاتنە لای ئیشۆع و وتیان:

٢ "بۆچی قوتابییەکانت نەریتی پیران دەشکێنن؟ پێش نانخواردن دەستیان ناشۆن؟"

٣ ئەویش وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: "بۆچی ئێوەش لەبەر نەریتی خۆتان ڕاسپاردەی خودا دەشکێنن؟

٤ چونکە خودا ڕایسپاردووە و فەرموویەتی: *{ڕێز لە باوک و دایکت بگرە، ئەوەی جنێو بە باوکی یان دایکی بدات، دەبێ بکوژرێت}* .

٥ بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەوەی بە باوکی یان دایکی بڵێت، ئەوەی لە منی وەردەگرن، قوربانییە،

٦ با ڕێز لە باوکی یان دایکی نەگرێت. جا لەبەر نەریتی خۆتان وشەی خودا پووچەڵ دەکەنەوە!

٧ ئەی ڕووپامایان! سەبارەت بە ئێوە ئێشەعیا پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت:

٨ *{ئەم گەلە بە دەم لێم نزیک دەبێتەوە، بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵیان لێم دوورە.*

٩ *بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە}* ".

١٠ ئینجا کۆمەڵانەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: "گوێ بگرن و تێبگەن.

١١ ئەوەی دەچێتە نێو دەم، مرۆڤ گڵاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات".

١٢ئینجا قوتابییەکان هاتنە پێش و پێیان وت: "دەزانی کاتێ پەرِیشییەکان فەرموودەکەیان بیست پێیان ناخۆش بوو؟"

١٣ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: "هەر ڕووەکێک باوکی ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەندرێت.

١٤ لێیانگەڕێن، ئەوانە کوێرن ڕابەرایەتی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕابەرایەتی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە".

١٥ پەترۆس وەڵامی دایەوە وپێی وت: "ئەم پەندەمان بۆ ڕاڤە بکە".

١٦ ئیشۆع فەرمووی: "ئێوەش هێشتا تێناگەن؟

١٧ نازانن هەرچی دەچێتە نێو دەم دەڕواتە نێو سک، دوایی فڕێ دەدرێتە دەرەوە؟

١٨ بەڵام ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، لە دڵەوە دەردەچێت، ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات.

١٩ چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت: کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، گەواهیدانی درۆ، کفرکردن.

٢٠ ئەمانە مرۆڤ گڵاو دەکەن. بەڵام خواردن بەبێ دەست شوشتن مرۆڤ گڵاو ناکات".

٢١ ئیشۆع لەوێ دەرچوو و چووە دەڤەری سوڕ و سەیدەن.

٢٢ ژنێکی کەنعانی خەڵکی ئەو دەڤەرە، دەرچوو و هاواری بۆ کرد و دەیووت: "گەورەم، ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێمدا بێتەوە! کچەکەم زۆر بەخراپی شێت بووە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ بەڵام ئەو بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە. قوتابییەکانی هاتنە پێشی و تکایان لێیکرد و وتیان: ‘‘بەڕێی بکە، چونکە بەدوامانەوە هاوار دەکات!’’

٢٤وەڵامی دایەوە و فەرموی: ‘‘من تەنها بۆ کاوڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل نێردراوم’’.

٢٥ جا ژنەکە هات، کڕنۆشی بۆ برد و وتی: ‘‘گەورەم، یارمەتیم بدە!’’

٢٦ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ناشێت نانی ڕۆڵەکان ببڕدرێت و فڕێ بدرێت بۆ سەگ’’.

٢٧ ژنەکە وتی: ‘‘ڕاستە گەورەم! بەڵام سەگیش ئەو لەتەنانە دەخوات کە لە خوانی گەورەکانی دەکەوێت!’’.

٢٨ ئینجا ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘خانم، باوەڕی تۆ مەزنە! ئەوەی داوای دەکەیت با بۆت ببێت’’. لەو کاتەوە کچەکەی چاکبووەوە.

٢٩ ئینجا ئیشۆع لەوێ ڕۆیشت و هاتە لای دەریای گلیلا، چووە سەر شاخێک و لەوێ دانیشت.

٣٠ ئەوەبوو کۆمەڵانێکی زۆر هاتنە لای، شەل و کوێر و لاڵ ئیفلیج و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوو، لەبەرپێی دایاننان، ئەویش چاکیکردنەوە.

٣١ تەنانەت کۆمەڵانەکە سەرسام بوون کە بینییان لاڵ قسەدەکات و ئیفلیج چاکدەبێتەوە و شەل ڕێدەکات و کوێر دەبینێت، جا ستایشی خوداوەندی ئیسرائیلیان کرد.

٣٢ بەڵام ئیشۆع قوتابییەکانی بانگکرد و فەرمووی: ‘‘دڵم بەو کۆمەڵە دەسووتێت، چونکە ئەوە سێ ڕۆژە لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن. ناشمەوێت بە برسێتی بیاننێرمەوە، نەوەک لە ڕێگا بڕ نەکەن’’

٣٣ قوتابییەکانی پێیان وت: ‘‘لەم چۆڵەوانییە ئەو نانە زۆرەمان لەکوێ بوو بۆ ناندانی ئەم کۆمەڵانە؟’’

٣٤ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘چەند نانتان پێیە؟’’ وتیان: ‘‘حەوت، لەگەڵ چەند ماسییەکی بچکۆڵە’’.

٣٥ جا فەرمانی دا کۆمەڵانەکە لەسەر زەوی دانیشن.

٣٦ حەوت نان و ماسییەکانی برد، سوپاسی کرد و لەتیکردن و دایە قوتابییەکان، قوتابییەکانیش دایانە کۆمەڵەکە.٣٧ هەموو خواردیان و تێربوون، دوایی حەوت سەبەتەی پڕ لەتەنانیان کۆکردەوە.

٣٨ نانخۆران چوار هەزار پیاو بوون، بێجگە لە ژن و منداڵ.

٣٩ ئینجا کۆمەڵانەکەی بەڕێکرد و سواری کەشتی بوو و هاتە سنووری مەگەدان.

مەتتەی 16

١ پەڕیشی و زادوقییەکان هاتنە لای بۆ ئەوەی تاقیی بکەنەوە، داوایان لێکرد لە ئاسمانەوە پەرجوێکیان پیشان بدات.

٢ وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘کە ئێوارە داهات، دەڵێن ساماڵە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە.

٣ لە بەیانیش، ئەمڕۆ هەورە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە و گرژە. ئەی ڕووپاماکان! دەزانن ڕووی ئاسمان لێکبدەنەوە، بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێکبدەنەوە!

٤ نەوەیەکی بەدکار و نابێگەرد داوای پەرجو دەکات، پەرجوی نادرێتێ، جگە لە پەرجوی پێغەمبەر یۆنەن’’. ئینجا بەجێیهێشتن و ڕۆیشت.

٥ کە قوتابییەکان گەیشتنە ئەوبەر، لەبیریان چووبوو نان ببەن.

٦ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘وریابن، ئاگاداربن لە هەوێنی پەڕیشی و زادوقییەکان’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ لەدڵی خۆیاندا بیریان کردەوە و وتیان: ‘‘نانمان نەهێناوە’’.

٨ ئیشۆع زانی و پێی فەرموون: ‘‘ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی لەدڵی خۆتان دەڵێن نانمان نەهێناوە؟

٩ ئایا هێشتا تێنەگەیشتوون؟ نایەتە بیرتان پێنج نانەکەی پێنج هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟

١٠ یان حەوت نانەکەی چوار هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟

١١ چۆن تێناگەن من باسی نانم بۆ نەکردن؟ لە هەوێنی پەڕیشی و زادوقییەکان ئاگاداربن!’’

١٢ ئینجا تێگەیشتن کە ئەو لە هەوێنی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە فێرکردنی پەڕیشی و زادوقییەکان.

١٣ کە ئیشۆع هاتە ناوچەی قەیسەرییەی پیلیپوس، لە قوتابییەکانی پرسی و فەرمووی: ‘‘ئایا خەڵک دەڵێن منی ڕۆڵەی مرۆڤ کێیم؟’’

١٤ وتیان: ‘‘هەندێک دەڵێن یوحەننەی عەمادکارە، هەندێک ئیلیا، هەندێکیش ئێرمیا یان یەکێک لە پێغەمبەران’’.

١٥ پێی فەرموون: ‘‘ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟’’

١٦ شیمعون پەترۆس وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘تۆ مەسیحەکەیت، ڕۆڵەی خودای زیندووی!’’.

١٧ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘بەختەوەری بۆ تۆ، شیمعونی کوڕی یۆنا، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانانداید.١٨ منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسیت و لەسەر ئەم بەردە وارگەی خۆم بنیاد دەنێم و دەروازەکانی دۆزەخیش پێی ناوێرێت.

١٩ کلیلەکانی پاشایەتیی ئاسمانانت دەدەمێ، ئەوەی لەسەر زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسمانانداد گرێدراو دەبێت، ئەوەی لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسمانانداد کراوە دەبێت’’.

٢٠ ئینجا بە قوتابییەکانی ڕاسپارد بە کەس نەڵێن کە ئەو مەسیحەکەیە.

٢١ لەو کاتەوە ئیشۆع دەستیکرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بۆ یروشلایم بڕوات، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەمدا هەستێتەوە.

٢٢ پەترۆس هێنایە لای خۆی و لێی ڕاخوڕی و وتی: ‘‘دوور لەتۆ پەروەردگار! ئەمەت بەسەر نەیەت!’’

٢٣ ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو: ‘‘لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! تۆ کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خودایییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە’’.

٢٤ ئینجا ئیشۆع بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘ئەگەر یەکێک ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت.

٢٥ چونکە ئەوەی بیەوێت خۆی ڕزگار بکات، لەناویدەدات، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من خۆی لەناوبدات، دەیدۆزێتەوە.

٢٦ چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ بۆ کڕینەوەی خۆی چی دەدات؟

٢٧ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ بە شکۆی باوکییەوە لەگەڵ فریشتەکانی دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەر کەسێک بەپێی کرداری دەداتەوە.

٢٨ ڕەواتان پێ دەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مەرگ ناچێژن تاکو ڕۆڵەی مرۆڤ نەبینن بە پاشایەتییەکەیەوە دێتەوە’’.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

مەتتەی 17

١ دوای شەش ڕۆژ ئیشۆع پەترۆس و یاقوو و یوحەننەی برای یاقووی برد و بە تەنیا بۆ سەر چیایەکی بەرز.

٢ لەپێشیان شێوەی گۆڕا، ڕووی وەک خۆر درەوشایەوە و جلەکانی وەک ڕووناکی سپی هەڵگەڕان.

٣ مووشێ و ئیلیایان بۆ دەرکەوت و قسەیان لەگەڵ کرد.

٤ ئینجا پەترۆس بە ئیشۆعی وت: ''پەروەردگار، پێمان باشە لێرە بین! ئەگەر دەتەوێ لێرە سێ کەپرتان بۆ هەڵدەدین، یەکێک بۆ تۆ و یەکێک بۆ مووشێ و یەکێکیش بۆ ئیلیا''.

٥ کاتێ قسەی دەکرد، هەورێکی ڕۆشن بوو بە سێبەریان و دەنگێک لە هەورەکەوە فەرمووی: ''ئەمەیە ڕۆڵەی خۆشەویستم، کە پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!''

٦ کاتێ قوتابییەکان گوێیان لێبوو، بەدەمدا کەوتن، زۆر ترسان.

٧ ئیشۆعیش هات، دەستی لێدان و فەرمووی: ''هەستن، مەترسن!''

٨ئینجا چاویان هەڵبڕی، لە ئیشۆع زیاتر کەسیان نەبینی.

٩ کە لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، ئیشۆع ڕایسپاردن و فەرمووی: ''ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، تاکو ڕۆڵەی مرۆڤ لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە''.

١٠ قوتابییەکانی لێیان پرسی و وتیان: ''ئەی بۆچی تەوراتزانەکان دەڵێن دەبێت یەکەمجار ئیلیا بێت؟''

١١ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ''یەکەمجار ئیلیا دێت و هەموو شتێک ڕێک دەخاتەوە.

١٢ بەڵام پێتان دەڵێم: ئیلیا هات و نەیانناسی، چییان ویست پێیان کرد. هەروەها ڕۆڵەی مرۆڤیش بە دەستیانەوە ئازار دەچێژێت''.

١٣ ئەوسا قوتابییەکان تێگەیشتن کە باسی یوحەننەی عەمادکاری بۆ کردن.

١٤ کاتێ گەیشتنە لای کۆمەڵەکە، پیاوێک هات و لەبەردەمی چۆکی دادا و

١٥ وتی: ''گەورەم، بەزەییت بە کوڕەکەمدا بێتەوە، پەرکەمی هەیە و ئازارێکی زۆر دەچێژێت. زۆر جار دەکەوێتە نێو ئاگر و زۆر جاریش نێو ئاوەوە.

١٦ هێنامە لای قوتابییەکانت، بەڵام نەیانتوانی چاکی بکەنەوە''.

١٧ جا ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ''ئەی نەوەی بێباوەڕ و چەوت، تا کەی لەگەڵتان بم؟ تا کەی بەرگەتان بگرم؟ بیهێننە ئێرە بۆ لام!''.

١٨ ئیشۆعیش لێی ڕاخوڕی و شەیتانەکە لێی هاتە دەرەوە، لەو کاتەوە کوڕەکە چاکبووەوە.

١٩ پاشان قوتابییەکان بە تەنیا هاتنە لای ئیشۆع و وتیان: ''بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەریبکەین؟''

٢٠ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ''لەبەر بێ باوەڕیتان. ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەگەر ئەوەندەی دەنکە خەرتەلەیەک باوەڕتان هەبێ، بەم کێوە دەڵێن لێرە بڕۆ بۆ ئەوێ، دەڕوات و شتێک بۆتان ئەستەم نابێت.

٢١ بەڵام ئەم جۆرە دەرناچێت، بە نوێژ و ڕۆژوو نەبێت''.

٢٢ کاتێ لە گلیلادا بوون، ئیشۆع پێی فەرموون: ''ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی خەڵک دەکرێت و٢٣ دەیکوژن، لە ڕۆژی سێیەم هەڵدەستێتەوە''. ئەوانیش زۆر دڵگران بوون.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ کاتێ هاتنە کپەڕناخوم، باجگرانی دوو درهەمەکە هاتنە لای پەترۆس و وتیان: ‘‘ئەرێ ڕابیتان دوو درهەمەکە نادات؟’’

٢٥ وتی: ‘‘بەڵێ’’. کاتێ پەترۆس هاتە ماڵەوە، ئیشۆع پێشی کەوت و فەرمووی: ‘‘ڕات چییە شیمعون؟ پاشایانی زەوی باج و سەرانە لە کێ وەردەگرن؟ لە ڕۆڵەکانی خۆیان یان بیانی؟’’

٢٦ پەترۆس پێی وت: ‘‘لە بیانی’’. ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘کەواتە ڕۆڵەکان ئازادن.

٢٧ بەڵام تاکو بۆیان نەبینە کۆسپ، بڕۆ دەریاکە و قولابێک هەڵدە، یەکەم ماسی دەردەچێت بیگرە، کە دەمی دەکەیتەوە، ستاتیرێک دەبینیتەوە، بیبە و لە جیاتی خۆم و خۆت بیاندەرێ’’.

مەتتەی 18

١ لەو کاتەدا قوتابییەکان هاتنە لای ئیشۆع و وتیان: ‘‘کێ لە پاشایەتیی ئاسمانداندا مەزنترینە؟’’٢ ئەویش منداڵێکی بانگکرد و لە ناوەراستیاندا ڕایگرت،

٣ فەرمووی: ‘‘ڕەواتان پێ بڵێم: ئەگەر نەگەڕێنەوە و وەک ئەم منداڵەتان لێ نەیەت، هەرگیز ناچنە پاشایەتیی ئاسمانان.

٤ بۆیە ئەوەی وەک ئەم منداڵە خۆی نزم بکاتەوە، ئەوا لە پاشایەتیی ئاسمانداندا مەزنترینە.

٥ ئەوەی بە ناوی منداڵێکی وەک ئەمە پەسەند بکات، ئەوا منی پەسەند کردووە.

٦ ئەوەش ساتمە بە یەکێک لەم بچووکانە بکات کە باوەڕیان بە من هەیە، باشترە بۆی بەرداشێک بە ملیەوە هەڵبواسرێت و لە بنی دەریا بخنکێنرێت.

٧ وەی بەحاڵی جیهان لەبەر کۆسپەکان! چونکە کۆسپەکان هەر دەبێ هەبن، بەڵام وەی بەحاڵی ئەوەی دەبێتە هۆی کۆسپەکان!

٨ ئەگەر دەستت یان قاچت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و فڕێیبدە. باشترە بە شەلی یان بە دەستبڕاوی بچیتە نێو ژیانەوە، لەوەی بە دوو دەست یان دوو قاچەوە بخرێیتە نێو ئاگری جاویدانی.

٩ ئەگەر چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. باشترە بە یەک چاو بچیتە نێو ژیانەوە، لەوەی بە دوو چاوەوە بخرێیتە ئاگری دۆزەخەوە.

١٠ ئاگاداربن! بە سووکی مەڕوانن یەکێک لەم بچووکانە، چونکە پێتان دەڵێم فریشتەکانیان لە ئاسمانداندا هەمیشە ڕووی باوکم دەبینن کە لە ئاسماناندایە.

١١ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ هاتووە لەناوچووان ڕزگار بکات.

١٢ ڕاتان چییە؟ ئەگەر یەکێک سەد کاوڕی هەبێت و دانەیەکی لێ ونبێت، ئایا نەوەد و نۆکە لە دەشتودەر بەجێ ناهێڵێت تاکو بچێت بەدوای ونبووەکەدا بگەڕێت؟

١٣ ڕەواتان پێ بڵێم: ئەگەر دۆزییەوە، لە نەوەد و نۆکەی دیکە کە بزر نەببوون زیاتر پێی دڵخۆش دەبێت!

١٤ بە هەمان شێوە باوکتان لە ئاسمانان نایەوێت یەکێک لەم بچووکانە لەناوبچێت.

١٥ ئەگەر براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێ گرتی، ئەوا براکەت بەدەست دەهێنیتەوە.

١٦ ئەگەر گوێی نەگرت، یەک یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو هەر وشەیەک لەسەر زاری دوو یان سێ گەواهیدەر بسەلمێنرێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەگەر بە گوێی نەکردن، بە وارگە بڵێ، ئەگەر بە گوێی وارگەشی نەکرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ.

١٨ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی لەسەر زەوی گرێی بدەن، لە ئاسمانیش گرێدراو دەبێت، ئەوەی لەسەر زەوی بیکەنەوە، لە ئاسمانیش کراوە دەبێت.

١٩ دیسان پێتان دەڵێم: ئەگەر دووان لە ئێوە لەسەر زەوی لەسەر هەر شتێک ڕێک بکەون، هەرچی داوا بکەن، لەلایەن باوکم کە لە ئاسمانانداية، بۆتان دەبێت.

٢٠ چونکە لە هەر کوێیەک دوو یان سێیان بە ناوی منەوە کۆببنەوە، من لەوێ لەناوەڕاستیاندا دەبم".

٢١ ئینجا پەترۆس هاتە لای و پێی وت: "پەروەردگار، دەبێ چەند جار لەبراکەم خۆشبم کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟"

٢٢ ئیشۆع پێی فەرموو: "پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا جاران حەوت جار!

٢٣ بۆیە پاشایەتی ئاسمانان لە پاشایەک دەچێت ویستی هەژمارد لەگەڵ کۆیلەکانی بکات.

٢٤ کاتێ دەستیپێکرد، یەکێکیان بۆ هێنا دە هەزار تالنت قەرزار بوو.

٢٥کە هیچی نەبوو بیداتەوە، گەورەکەی فەرمانی دا، خۆی و ژن و منداڵ و هەرچی هەیەتی بفرۆشرێت و قەرزەکە بداتەوە.

٢٦ جا کۆیلەکە چۆکی دادا و وتی: گەورەم، لەسەرم ڕاوەستە، هەمووت دەدەمەوە.

٢٧ گەورەی ئەو کۆیلەیە دڵی پێی سووتا، ئازادی کرد و لە قەرزەکەش خۆش بوو.

٢٨ کە کۆیلەکە لەوێ دەرچوو، کۆیلەیەکی هاوکاری خۆی بینی کە سەد دینار قەرزاری بوو، ملی گرت و وتی: ئەوەی بەسەرتەوەیە بمدەرەوە!

٢٩ کۆیلەکەی هاوکاری لەبەرپێی کەوت، داوای لێکرد و وتی: لەسەرم ڕاوەستە، هەمووت دەدەمەوە.

٣٠ بەڵام ڕازی نەبوو، چوو فڕێیدایە زیندانەوە، تاکو قەرزەکە دەداتەوە.

٣١ کاتێ کۆیلەکانی هاوکاریان ڕووداوەکەیان بینی، زۆر خەمناک بوون، هاتن و هەموو ئەوەی ڕوویدابوو بۆ گەورەکەیان گێڕایەوە.

٣٢ ئەوسا گەورەکەی بانگیکرد و پێی وت: کۆیلەی بەدکار، لە هەموو ئەو قەرزە خۆشبووم، چونکە لێم پاڕایتەوە.

٣٣ ئایا نەدەبوو تۆش بەزەییت بە کۆیلەی هاوکارەکەتدا بێتەوە، وەک بەزەییم پێتدا هاتەوە؟

٣٤ جا گەورەکەی تووڕە بوو و ڕادەستی جەلادەکانی کرد، تاکو هەر شتێکی بەسەرەوەیە بیداتەوە.

٣٥ باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر هەریەکەتان لە دڵەوە لە براکەی خۆشنەبێت.

مەتتەی 19

١ کاتێ ئیشۆع لەم قسانە بووەوە، گلیلای بەجێهێشت و هاتە دەڤەری ئیهوود، لە پشت ڕووباری یوردنەن.

٢ کۆمەڵانێکی زۆر دوای کەوت، ئەویش لەوێ چاکیکردنەوە.

٣ هەندێک پەریشی هاتنە لای بۆ ئەوەی تاقیی بکەنەوە، وتیان: "ئایا دروستە مێرد لەبەر هەر هۆیەک بێت ژنەکەی تەڵاق بدات؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘ئەی نەتانخوێندۆتەوە، ئەوەی *{لە سەرەتاوە ئافراندووە بە نێر و مێ ئافراندن؟}* ’’

٥ هەروەها فەرمووی: ‘‘بۆیە پیاو باوک و دایکی بەجێ دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەلکێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە.

٦ کەواتە چیتر دوو نین بەڵکو یەک جەستەن. بۆیە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە’’.

٧ پێیان وت: ‘‘ئەی بۆچی مووشێ ڕایسپاردووە تەڵاقنامە بدرێت و تەڵاق بکەوێت؟’’

٨ پێی فەرموون: ‘‘لەبەر دڵڕەقیتان مووشێ ڕێی دان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو.

٩ بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی ژنەکەی بێ هۆی داوێنپیسی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات’’.

١٠ قوتابییەکانی پێیان وت: ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!’’

١١ پێی فەرموون: ‘‘هەمووان ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، بەڵکو ئەوانەی کە پێیان دراوە.

١٢ چونکە خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن مرۆڤ خەساندویانن، خەساویش هەن لە پێناوی پاشایەتیی ئاسمان خۆیان خەساندوە. کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات’’.

١٣ ئینجا منداڵیان بۆی هێنا تاکو دەستیان لەسەر دابنێت و نوێژ بکات، کەچی قوتابییەکان لێیان ڕاخوڕین.

١٤ بەڵام ئیشۆع فەرمووی: ‘‘لێگەڕێن با منداڵان بێنە لام، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە پاشایەتیی ئاسمانان هی وەک ئەمانەیە’’.

١٥ جا دەستی لەسەر دانان و لەوێ ڕۆیشت.

١٦ ئینجا یەکێک هاتە لای و وتی: ‘‘ڕابیی چاک، چ چاکەیەک بکەم تاکو ژیانی جاویدانیم هەبێت؟’’

١٧ پێی فەرموو: ‘‘بۆچی بە چاک ناوم دەبەیت؟ تەنها یەکێک چاکە، ئەویش خودایە. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بچیتە نێو ژیانەوە، ڕاسپاردەکان بپارێزە’’.

١٨ پێی وت: ‘‘چ ڕاسپاردەیەک؟’’ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘مەکوژە، داوێنپیسی مەکە، مەدزە، گەواهیی درۆ مەدە،

١٩ڕێزی باوک و دایکت بگرە و نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ’’.

٢٠ گەنجەکەش پێی وت: ‘‘لە منداڵیمەوە ئەمانەم هەمووی پاراستووە، ئیتر چیم کەمە؟’’

٢١ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ئەگەر دەتەوێت تەواو بیت، بڕۆ سامانەکانت بفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت و وەرە دوام بکەوە’’.

٢٢ کاتێ گەنجەکە ئەم وشەیەی بیست، بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو.

٢٣ جا ئیشۆع بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘ڕەواتان پێ دەڵێم: دەوڵەمەند بە سەختی دەچێتە نێو پاشایەتیی ئاسمانانەوە.

٢٤ هەروەها پێتان دەڵێم: ئاسانترە گوریسێک لە کونی دەرزیەکەوە بچێتە ژوورەوە لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە نێو پاشایەتیی خودا!’’.

٢٥ قوتابییەکان کە ئەمەیان بیست زۆر سەرسام بوون، وتیان: ‘‘کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟’’

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٦ ئیشۆع سەیری کردن و پێی فەرموون: ‘‘ئەمە لای مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا هەموو شتێک دەبێت’’.

٢٧ ئینجا پەترۆس وەڵامی دایەوە و پێی وت: ‘‘ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێک هێناوە و دوات کەوتووین، ئێمە چیمان بۆ دەبێت؟’’

٢٨ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ڕەواتان پێ دەڵێم: لە نوێبوونەوەدا، کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادەنیشێت، ئێوە کە دوام کەوتوون لەسەر دوازدە تەخت دادەنیشن و دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل حوکم دەدەن.

٢٩ هەر کەسێکیش لەپێناوی ناوی من، ماڵ یان برا یان خوشک یان باوک یان دایک یان ژن یان منداڵ یان کێڵگەی بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە وەردەگرێتەوە و ژیانی جاویدانییش بە میراث وەردەگرێت.

٣٠ بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، دواهەمینەکانیش یەکەمین.

مەتتەی 20

١ چونکە پاشایەتیی ئاسمانان لە گەورەی ماڵێک دەچێت، بەیانی زوو دەردەچێت تاکو کرێکار بۆ ڕەزەکەی بگرێت.

٢ لەگەڵ کرێکارەکان ڕۆژی بە دینارێک ڕێککەوت، ئینجا ناردنی بۆ ڕەزەکەی.

٣ نزیکی کاژێری نۆ دەرچوو، لە بازاڕدا هەندێکی دیکەی بینی بێکار ڕاوەستابوون،٤ پێی وتن: ئێوەش بڕۆنە ڕەزەکە، چەندتان بکەوێ دەتاندەمێ. ئەوانیش ڕۆیشتن.

٥ ئینجا کاژێری دوازدە و کاژێری سێ دەرچوو و هەمان شتی کردەوە.

٦ نزیکی کاژێری پێنجیش دەرچوو، کرێکاری بێکاری دیکەی بینی ڕاوەستاون، پێی وتن: بۆچی بە درێژایی ڕۆژ لێرە بێکار ڕاوەستاون؟

٧ پێیان وت: چونکە کەس بە کرێی نەگرتووین. پێی وتن: ئێوەش بڕۆنە ڕەزەکە چەندتان بکەوێ دەتاندەمێ.

٨ کاتێ ئێوارە داهات خاوەن ڕەزەکە بە سەرکارەکەی خۆی وت: کرێکاران بانگ بکە و کرێیەکەیان بدەرێ، لەوانەی کۆتاییەوە دەستپێبکە تاکو یەکەم.

٩ جا ئەوانەی کاژێری پێنج هاتن، هەریەکە دینارێکیان وەرگرت.

١٠ کاتێ یەکەمینەکانیش هاتن وایانزانی زیاتر وەردەگرن، بەڵام ئەوانیش هەریەکە دینارێکیان وەرگرت.

١١ کە وەریاندەگرت بۆڵەبۆڵیان لەگەڵ خاوەن ماڵ دەکرد و

١٢ دەیانووت: دواهەمینەکان کاژێرێک ئیشیان کرد. تۆش لەگەڵ ئێمە یەکسانت کردن، کە گرانی و گەرمای ڕۆژمان کێشاوە!

١٣ وەڵامی یەکێکیانی دایەوە: کاکە، من ستەمم لێ نەکردوویت. ئایا لەگەڵ من بە دینارێک ڕێک نەکەوتوویت؟

١٤ هی خۆت ببە و بڕۆ. من دەمەوێت بەوەی دواهەمینیش وەک تۆی بدەمێ.

١٥ ئایا بۆم نییە ئەوەی دەمەوێت بە ماڵی خۆمی بکەم؟ یان چاوت بەرای نادات کە من چاکم؟

١٦ بەم شێوەیە دواهەمینەکان دەبنە یەکەمین و یەکەمینەکانیش دواهەمین’’.

١٧ کاتێ ئیشۆع بۆ یروشلایم سەردەکەوت، دوازدە قوتابییەکەی دابڕی و لەڕێگادا پێی فەرموون:

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ ‘‘ئەوا بۆ یروشلایم سەردەکەوین، ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان دەکرێت وحوکمی مەرگی دەدەن،

١٩ بۆ گاڵتە پێکردن و بە قامچی لێدان و لەخاچدان ڕادەستی نەتەوەکانی دەکەن، لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە’’.

٢٠ ئینجا دایکی دوو کوڕەکانی زەبدی لەگەڵ دوو کوڕەکەی هاتە لای و کڕنۆشی برد و داوای شتێکی لێکرد.

٢١ ئەویش پێی فەرموو: ‘‘چیت دەوێت؟’’ وتی: ‘‘بفەرموو با ئەم دوو کوڕمە لە پاشایەتییەکەتدا یەکێکیان لەلای ڕاستت و ئەوی دیکەیان لەلای چەپت دانیشن’’.

٢٢ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ئێوە نازانن داوای چی دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە؟ یان بەو ڕەنگە ڕەنگ بکرێن کە پێی ڕەنگ دەکرێم؟’’ پێیان وت: ‘‘دەتوانین’’.٢٣ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘جامی من دەخۆنەوە و وەکو من ڕەنگ دەکرێن، بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە، بۆ من نییە بیدەم، بەوانە نەبێت کە باوکم بۆی ئامادە کردوون’’.

٢٤ کاتێ دە قوتابیەکە بیستیان، لە دوو براکە تووڕە بوون.

٢٥ بەڵام ئیشۆع بانگیکردن و فەرمووی: ‘‘دەزانن سەرۆک نەتەوەکان زاڵن بەسەریانەوە و گەورەکانیان دەسەڵاتدارن بەسەریانەوە.

٢٦ جا لەنێو ئێوەدا با ئاوا نەبێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا مەزن بێت، با ببێتە ڕاژەوانتان و

٢٧ئەوەش کە دەیەوێ لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەتان،

٢٨ هەروەک ڕۆڵەی مرۆڤ کە نەهاتووە تاکو ڕاژە بکرێت، بەڵکو ڕاژە بکات و ژیانی خۆی لەجیاتی زۆر کەس بەخت بکات’’.

٢٩ کاتێ لە ئەریخو دەردەچوون، کۆمەڵانێکی زۆر دوای کەوت.

٣٠ ئەوەبوو دوو نابینا لە قەراغ ڕێگاکەدا دانیشتبوون، کاتێ گوێیان لێبوو ئیشۆع وا بەوێدا تێدەپەڕێت، هاواریان کرد و وتیان: ‘‘گەورەم، ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێماندا بێتەوە!’’

٣١ جا خەڵکەکە لێیان ڕاخوڕین تاکو بێدەنگ بن، بەڵام ئەوان زیاتر هاواریان کرد و وتیان: ‘‘گەورەم، ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێماندا بێتەوە!’’

٣٢ ئیشۆع ڕاوەستا، بانگیکردن و فەرمووی: ‘‘چیتان دەوێت بۆتان بکەم؟’’

٣٣ پێیان وت: ‘‘چاومان بکەیتەوە، گەورەم’’.

٣٤ ئیشۆعیش دڵی پێیان سووتا و دەستی لە چاویان دا، یەکسەر چاویان بینی و دوای کەوتن.

مەتتەی 21

١ کاتێ لە یروشلایم نزیک بوونەوە، گەیشتنە بێتفاجی لای کێوی زەیتوون، ئیشۆع دووان لە قوتابییەکانی نارد

٢ پێی فەرموون: ‘‘بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، یەکسەر ماکەرێک دەبینن بەستراوەتەوە، جاشەکەی لەگەڵە. بیکەنەوە و بۆمیان بهێنن.

٣ ئەگەر یەکێک شتێکی پێ وتن، بڵێن: پەروەردگار پێویستی پێیانە، ئەویش یەکسەر دەیاننێرێت’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی بەهۆی پێغەمبەرەکە وتراوە بێتەدی کە دەفەرمووێ:

٥ *{بە کچەکەی سهیۆن بڵێن، ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات، دڵنەرمە و سواری ماکەرێک و جاشی ماکەرێک بووە}*.

٦ دوو قوتابییەکە ڕۆیشتن، وەک ئیشۆع فەرمانی پێدابوون، کردیان.

٧ ماکەر و جاشەکەیان هێنا، جلوبەرگەکانیان لەسەر پشتیان ڕاخست و ئیشۆع سواربوو.

٨ کۆمەڵانێکی زۆرتر جلوبەرگەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست. خەڵکی دیکە لقیان لە دار بڕییەوە و لەسەر ڕێگاکە ڕایانخست.

٩ ئەو کۆمەڵانەی وا لە پێشی دەڕۆیشتن و ئەوانەش کە دوای کەوتبوون، هاواریان دەکرد: "هۆشانا بۆ ڕۆڵەی داوید! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت! هۆشانا لە بەرزایی!"

١٠ کاتێ چووە نێو یروشلایم، هەموو شارەکە خرۆشا و وتیان: "ئەمە کێیە؟"

١١کۆمەڵانەکەش وتیان: "ئەمە پێغەمبەر ئیشۆعە، خەڵکی ناسرەتی گلیلایە".

١٢ ئیشۆع چووە نێو پەرستگای خودا، هەموو ئەوانەی دەرکرد کە کڕین و فرۆشتنیان لە پەرستگادا دەکرد، مێزی پارەگۆڕەوان و تەختی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا.

١٣ پێی فەرموون: "نووسراوە، *{ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت}*، بەڵام ئێوە کردووتانە بە*{ئەشکەوتی دزان!}*

١٤ نابینا و شەلەکان لە پەرستگا هاتنە لای و ئەویش چاکیکردنەوە.١٥ بەڵام کاتێ کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان بینی کە ئەو کردی و منداڵانیش لە پەرستگا هاواریان دەکرد: "هۆشانا بۆ ڕۆڵەی داوید"، ڕقیان هەستا و

١٦ پێیان وت: "گوێت لێیە ئەوانە چی دەڵێن؟" ئیشۆعیش پێی فەرموون: "بەڵێ! ئەی قەت نەتانخوێندۆتەوە: *{لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە ستایشت بۆ خۆت دارشتووە؟}*"

١٧ ئەوسا بەجێیهێشتن و بەرەو بتعەنیا چووە دەرەوەی شار، شەو لەوێ مایەوە.

١٨ بەیانی کە دەگەڕایەوە شار، برسیی بوو.

١٩ دارهەنجیرێکی لەسەر ڕێگاکە بینی و هاتە لای، لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، ئینجا پێی فەرموو: "ئیتر تاهەتایە بەر نەگریت!". یەکسەر دارهەنجیرەکە وشک بوو.

٢٠ کاتێ قوتابییەکان ئەوەیان بینی، سەرسام بوون و وتیان: "چۆن یەکسەر دارهەنجیرەکە وشک بوو؟"

٢١ ئیشۆع وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: "ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەگەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، نەک هەر ئەمەی دارهەنجیرەکە دەکەن، بەڵکو ئەگەر بەم کێوەش بڵێن، هەڵبکەندرێ و بکەوە نێو دەریاوە، وا دەبێت.

٢٢ جا هەرچی لە نوێژدا بە باوەڕەوە داوای بکەن، وەریدەگرن".

٢٣ کە هاتە پەرستگا و خەڵکەکەی فێردەکرد، کاهینانی باڵا و پیرانی گەل هاتنە لای و وتیان: "ئەمانە بە چ دەسەڵاتێک دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی پێت داوە؟"

٢٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "منیش پرسێکتان لێ دەکەم، ئەگەر وەڵامتان دامەوە، منیش پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ عەمادکردنی یوخەننەن، لەکوێوە بوو؟ لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟" ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا بیریان کردەوە، وتیان: "ئەگەر بڵێین لە ئاسمانەوە بوو، پێمان دەڵێت بۆچی باوەڕتان پێی نەهێنا؟

٢٦ ئەگەریش بڵێین لە مرۆڤەوە بوو، لە خەڵکەکە دەترسین، چونکە هەموو یوخەننەن بە پێغەمبەر دادەنێن".

٢٧ ئینجا وەڵامی ئیشۆعیان دایەوە و وتیان: "نازانین". ئەویش پێی فەرموون: "منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم".

٢٨ "ڕاتان چییە؟ پیاوێک دوو کوڕی هەبوو. هاتە لای یەکەمیان و وتی: ڕۆڵە، ئەمڕۆ بڕۆ لە ڕەزەکەمدا کار بکە.

٢٩ وەڵامی دایەوە و وتی: ناڕۆم. پاشان پەشیمان بووەوە و ڕۆیشت.

٣٠هاتە لای دووەم و هەمان قسەی کرد. وەڵامی دایەوە: بەسەرچاو، گەورەم! بەڵام نەڕۆیشت.

٣١ئایا کام لەم دووانە بە خواستی باوکیان کرد؟" وتیان: "یەکەمیان". ئیشۆع پێی فەرموون: "ڕەواتان پێ دەڵێم: باجگران و داوێنپیسان لە چوونە نێو پاشایەتیی خودا پێشتان دەکەون.

٣٢چونکە یوخەننەن بە ڕێگای ڕەوا بۆ لاتان هات و باوەڕتان پێی نەهێنا، بەڵام باجگران و داوێنپیسان باوەڕیان پێی هێنا. دواتر کە بینیشتان، هەر تۆبەتان نەکرد و باوەڕتان پێی نەهێنا".

٣٣ "گوێ لە پەندێکی دیکە بگرن: گەورەی ماڵێک هەبوو ڕەزێکی چاند، دەوروبەرەکەی پەرژین کرد، گوشێنەرێکی ترێی تێدا هەڵکۆڵی و قوللـەیەکی بنیاد نا. بە ڕەزەوانانی سپارد و گەشتی کرد.

٣٤ کاتێ وەرزی بەرهەم نزیک بووەوە، کۆیلەکانی نارد لای ڕەزەوانەکان تاکو بەرهەمەکەی وەربگرن.

٣٥ ڕەزەوانەکان کۆیلەکانیان گرت، لە هەندێکیان دا و هەندێکیان کوشت و هەندێکیشیان بەردباران کرد.

٣٦ دیسان کۆیلەی زیاتری لەوانەی پێشوو نارد، هەمان شتیان لەوانیش کرد.

٣٧ لە کۆتاییدا کوڕەکەی بۆ لایان نارد، وتی: ڕێزی کوڕەکەم دەگرن!

٣٨بەڵام ڕەزەوانەکان کە کوڕەکەیان بینی لەنێو خۆیاندا وتیان: ئەمەتا میراتگر!، با بیکوژین، تاکو میراتەکەی ببەین!

٣٩ ئینجا گرتییان و بردیانە دەرەوەی ڕەزەکە و کوشتیان.

٤٠ کاتێ خاوەن ڕەزەکە دێت، چی لەو ڕەزەوانانە دەکات؟"

٤١ پێیان وت: "ئەو بەدکارانە بە خراپی لەناودەبات و ڕەزەکەش دەداتە دەست ڕەزەوانانی دیکە، ئەوانەی لە وەرزی خۆی بەرهەمی دەدەنێ".

٤٢ئیشۆع پێی فەرموون: "قەت لە پەرتووکەکاندا نەتانخوێندۆتەوە: *{ئەو بەردەی بنیادنەران ڕەتیان کردەوە بووە بەردی قولینچک؟ ئەمە لەلایەن پەروەردگارەوە بوو، لەبەرچاومان سەیرە؟}*

٤٣ بۆیە پێتان دەڵێم: پاشایەتیی خودا لێتان دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم دەدات.

٤٤ ئەوەی بەسەر ئەم بەردەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەریدا بکەوێت پانی دەکاتەوە!".

٤٥ کاتێ کاهینانی باڵا و پەڕیشییەکان پەندەکانیان بیست، زانییان باسی ئەوان دەکات.

٤٦ بۆیە دەیانویست بیگرن، بەڵام لە کۆمەڵانەکە ترسان، چونکە بە پێغەمبەریان دادەنا.

مەتتەی 22

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ ئیشۆع دیسان بە پەند قسەی لەگەڵ کردن و فەرمووی:

٢ ‘‘پاشایەتی ئاسمانان لە پاشایەک دەچێت کە زەماوەندی بۆ کوڕەکەی گێڕا.

٣ کۆیلەکانی نارد تاکو بانگکراوان بۆ زەماوەندەکە بانگهێشت بکەن، بەڵام نەیانویست بێن.

٤ دیسان کۆیلەی دیکەی نارد و وتی: بە بانگکراوان بڵێن، ئەوەتا شێوم ئامادە کردووە، گا و دابەستییەکانیشم سەربڕیوە و هەموو شتێک ئامادەیە. وەرنە زەماوەندەکە!

٥ بەڵام گوێیان پێ نەدا و ڕۆیشتن، یەکێک بۆ کێڵگەکەی و ئەوی دیکە بۆ بازرگانییەکەی.

٦ ئەوانی دیکە کۆیلەکانیان گرت و جنێویان پێ دان و کوشتیانن.

٧ کاتێ پاشا ئەوەی بیست تووڕە بوو، سەربازەکانی نارد و ئەو بکوژانەی لەناوبرد و شارەکەی سووتاندن.

٨ئینجا بە کۆیلەکانی وت: زەماوەند ئامادەیە، بەڵام بانگکراوەکان شایستە نەبوون،

٩ کەواتە بڕۆنە سەر ڕێگاکان و ئەوەی بینیتان بۆ زەماوەندەکە بانگی بکەن.

١٠ ئەو کۆیلانەش دەرچوونە سەر ڕێگاکان و هەموو ئەوانەی لە چاک و ناچاک بینییان کۆیان کردنەوە، تاکو زەماوەندەکە پڕ بوو لە میوان.

١١ کاتێ پاشا هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی میوانەکان ببینێت، لەوێ یەکێکی بینی جلی زەماوەندی نەپۆشابوو.

١٢ پێی وت: کاکە، چۆن بێ جلی زەماوەند هاتیتە ژوورەوە؟ ئەو بێدەنگ بوو.

١٣ ئینجا پاشا بە ڕاژەوانانی وت: دەست و قاچی ببەستنەوە و بیبەن، فڕێیبدەنە تاریکی دەرەوە، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت.

١٤ چونکە بانگکراو زۆرن، بەڵام بژاردە کەمن’’.

١٥ ئینجا پەڕیشییەکان ڕۆیشتن و ڕاوێژیانکرد تاکو بە وشەیەک تووشی بکەن.

١٦قوتابییەکانی خۆیان و هیڕوودسییەکانیان نارد لای و وتیان: ‘‘ڕابی، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگای خودا بە ڕەوا فێردەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەماشای ڕواڵەتی خەڵک ناکەیت.

١٧ کەواتە پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەڕ یان نا؟’’

١٨ئیشۆع بە نیازی خراپیانی زانی و فەرمووی: ‘‘ئەی ڕووپاماکان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟

١٩پارەی سەرانەم پیشان بدەن’’. ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا.

٢٠ پێی فەرموون: ‘‘ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟’’

٢١ پێیان وت: ‘‘قەیسەڕ’’. ئینجا پێی فەرموون: ‘‘هی قەیسەڕ بدەنە قەیسەڕ، هی خوداش بدەنە خودا’’.

٢٢ کە گوێیان لێبوو سەرسام بوون و بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن.

٢٣ لە هەمان ڕۆژدا زادوقییەکان هاتنە لای، کە دەڵێن هەستانەوە نییە، پرسیان لێکرد:

٢٤وتیان: ‘‘ڕابی، مووشێ فەرمووی، ئەگەر پیاوێکی وجاخکوێر مرد، ئەوا براکەی براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە.

٢٥ جا لەلای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وجاخکوێری مرد و ژنەکەی بۆ براکەی بەجێهێشت،

٢٦ بە هەمان شێوە دووەم و سێیەم تاکو حەوتەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٧ لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد.

٢٨ ئایا لە هەستانەوەدا دەبێتە ژنی کام لەو حەوتە؟ چونکە هی هەموویان بووە!”

٢٩ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: “ئێوە گومڕا دەبن کە نە لە پەرتووکەکان دەزانن و نە هێزی خودا.

٣٠ چونکە لە هەستانەوەدا خەڵکی نە ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو لە ئاسماندا وەک فریشتەی خودا دەبن.

٣١ دەربارەی هەستانەوەی مردووانیش، ئایا ئەوەتان نەخوێندۆتەوە کە لە خوداوە بە ئێوە وتراوە و دەفەرموێ:٣٢ *{منم خوداوەندی ئەوڕاهەم و خوداوەندی ئسخەق و خوداوەندی یاقوو؟}* خودا خوداوەندی مردووان نییە، بەڵکو خوداوەندی زیندووانە”.

٣٣ کاتێ کۆمەڵانەکە گوێیان لێیبوو، لە ئامۆژگارییەکەی سەرسام بوون.

٣٤ بەڵام پەڕیشییەکان بیستیان کە زادوقییەکانی بێدەنگ کردووە، پێکەوە کۆبوونەوە.

٣٥یەکێکیان تەوراتناس بوو، پرسی لێکرد تاکو تاقیی بکاتەوە وتی:

٣٦ “ڕابی، چ ڕاسپاردەیەک مەزنترینی تەوراتە؟”

٣٧ ئیشۆع پێی فەرموو: “پەروەردگاری خوداوەندت بە هەموو دڵ و هەموو دەروون و هەموو بیرتەوە خۆشبووێ.

٣٨ ئەمە مەزنترین و یەکەم ڕاسپاردەیە.

٣٩دووەمیشیان وەک ئەو وایە: نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ.

٤٠ هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن”.

٤١ کاتێ پەڕیشییەکان کۆببوونەوە، ئیشۆع لێی پرسین:

٤٢ فەرمووی: “دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، ڕۆڵەی کێیە؟” پێیان وت: “ڕۆڵەی داویدە”.

٤٣ ئەویش پێی فەرموون: “کەواتە، چۆن داوید لە ڕووحدا پێی دەڵێ پەروەردگار؟ کە دەڵێ:

٤٤ *{پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لەلای ڕاستم دانیشە تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێت}* .

٤٥ ئەگەر داوید پێی بڵێ پەروەردگار، ئیتر چۆن ڕۆڵەی ئەوە؟”

٤٦ جا کەسیان نەیتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بداتەوە، لەو ڕۆژەشەوە هەرگیز کەس نەیوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسێت.

مەتتەی 23

١ ئینجا ئیشۆع بە کۆمەڵانەکە و قوتابییەکانی خۆی

٢ فەرموو: تەوراتزان و پەڕیشییەکان لەسەر تەختی مووشێ دانیشتن.

٣ بۆیە هەرچییەکتان پێ دەڵێن بیکەن و ڕاییگرن، بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان دەڵێن و نایکەن.

٤ باری قورس کە هەڵناگیرێت، دەیپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە پەنجەش بیجووڵێنن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگی ڕیشاڵەکانیان.

٦ حەزدەکەن لە میوانداری لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش ڕیزی پێشەوە دابنیشن،

٧ لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵک بە ڕابی بانگیان بکەن!

٨ بەڵام با ئێوە بە ڕابی بانگ نەکرێن، چونکە تەنها یەک ڕابیتان هەیە کە مەسیحە و ئێوەش هەموو براون.٩ کەسیش لەسەر زەوی بە باوک بانگ مەکەن، چونکە یەک باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسماناندایە.

١٠ بە ڕابی بانگ نەکرێن، چونکە یەک ڕابیتان هەیە، ئەویش مەسیحە.

١١ با گەورەترینتان ڕاژەوانتان بێت.

١٢ ئەوەی خۆی بەرز بکات نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکات بەرز دەکرێتەوە.

١٣ بەڵام وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! چونکە پاشایەتیی ئاسمانان لەڕووی خەڵک دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی دەچنە ژوورەوە بچنە ژوورەوە.

١٤ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! ماڵی بێوەژن دەخۆن، بۆ دەرخستنیش نوێژ درێژ دەکەنەوە، بۆیە سزاتان مەزنترە.

١٥ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! دەریا و وشکایی دەگەڕێن تاکو یەکێک بکەنە جوو، کە بوو، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە ڕۆڵەی دۆزەخ.

١٦ وەی بەحاڵتان ئەی ڕابەرە کوێرەکان! دەڵێن: ئەوەی سوێند بە پەرستگا بخوات، هیچ نییە. بەڵام ئەوەی سوێند بە زێڕی پەرستگا بخوات، ئەوا پابەندە.١٧ ئەی نەزان و کوێرینە! کامیان مەزنترە، زێڕەکە! یان پەرستگا کە زێڕەکە پارسا دەکات؟

١٨هەروەها ئەوەی سوێند بە قوربانگا بخوات، هیچ نییە، بەڵام ئەوەی سوێند بە قوربانییەکەی سەری بخوات، ئەوا پابەندە.

١٩ ئەی نەزان و کوێرینە! کامیان مەزنترە، قوربانی! یان قوربانگا کە قوربانییەکە پارسا دەکات؟

٢٠ بۆیە ئەوەی سوێند بە قوربانگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە هەموو ئەوەش کە لەسەریەتی!

٢١ ئەوەی سوێند بە پەرستگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە ئەوەش کە تیایدا نیشتەجێیە.

٢٢ ئەوەی سوێند بە ئاسمان دەخوات، ئەوا سوێند بە تەختی خودا دەخوات و بەوەش کە لەسەری دانیشتووە.

٢٣ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! چونکە دەیەکی پونگ و شبیت و زیرە دەدەن و گرنگترینی تەوراتتان پشتگوێ خستووە: ڕەوا و بەزەیی و باوەڕ، پێویست بوو ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن.

٢٤ ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووت دەدەن.

٢٥ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاک دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چڵێسی و بەڕەڵایی.

٢٦ ئەی پەرِیشیی کوێر! یەکەمجار نێو جام پاک بکەوە، تاکو دەرەوەشی پاک بێتەوە.

٢٧ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەرِیشییانی ڕووپاما! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو گڵاوییەک.

٢٨ ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵک خوداناسن، بەڵام ناوەوەتان پڕە لە ڕووپامایی و تاوان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزان و پەریشییانی ڕووپاما! چونکە ئێوە گۆڕی پێغەمبەران هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە و

٣٠ دەڵێن: ئەگەر لە سەردەمی باوباپیراندا بژیایناید، لە خوێنی پێغەمبەران بەشداریان نەدەبووین.

٣١ ئێوە گەواهی لەسەر خۆتان دەدەن کە ڕۆڵەی پێغەمبەر کوژانن.

٣٢ جا ئێوە پێوانەی باوباپیرانتان پڕ بکەن.

٣٣ ئەی مارینە! بێچوی کۆرەماران! چۆن لە حوکمی دۆزەخ هەڵدێن؟

٣٤ بۆیە ئەوەتا پێغەمبەر و دانا و تەوراتزانتان بۆ دەنێرم. لێیان دەکوژن و لەخاچیان دەدەن، لە کەنیشتەکانتان بەر قامچییان دەدەن و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە قاویان دەدەن.

٣٥ بۆیە هەموو خوێنێکی پێگەرد کە لەسەر ئەم زەوییەدا ڕژاوە دەکەوێتە ئەستۆتان، لە خوێنی هاویلی بێتاوانەوە تاکو خوێنی زخەریای کوڕی بڕخیا، کە لەنێوان قوربانگا و پەرستگادا کوشتتان.

٣٦ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئۆباڵی هەموو ئەمانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم نەوەیە!

٣٧ یروشلایم، یروشلایم! بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکاری پەیامبەرانت، چەند جار ویستم ڕۆڵەکانت کۆبکەمەوە، وەک مریشک جوجەڵەکانی لە ژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست!٣٨ ئەوەتا ماڵەکەتان بە وێرانی بۆ دەمێنێت!

٣٩ چونکە پێتان دەڵێم، ئەوەتا نامبیننەوە، تا دەڵێن:*{پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت}* !".

مەتتەی 24

١ ئیشۆع لە پەرستگا دەرچوو و ڕۆیشت، قوتابییەکانی هاتنە لای تاکو تەلارەکانی پەرستگای پیشان بدەن.

٢ ئیشۆع پێی فەرموون: "هەموو ئەمانە دەبینن؟ ڕەواتان پێ دەڵێم: لێرە بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕوخێت!".

٣ کاتێ لەسەر کێوی زەیتوون دانیشتبوو، قوتابییەکان بەتەنها هاتنە لای و وتیان: "پێمان بفەرموو کەی ئەمانە دەبێت؟ نیشانەی هاتنەوەت و بەسەرچوونی ڕۆژگار چییە؟"

٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "ئاگاداربن! کەس گومڕاتان نەکات.

٥ چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن: من مەسیحم! زۆر کەسیش گومڕا دەکەن.

٦ جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن، وریابن، مەتۆقن. چونکە دەبێت هەموو ئەمانە ڕووبدەن، بەڵام هێشتا پایان نییە.

٧ چونکە نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و پاشایەتی لە پاشایەتی، برسێتی و بوومەلەرزەش لە شوێنی جیاجیا دەبێت.

٨ بەڵام ئەمانە هەمووی سەرەتای ژانەکانن.

٩ ئینجا بۆ چەوسانەوە ڕادەستتان دەکەن و دەتانکوژن، هەموو نەتەوەکان لەپێناوی ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە.

١٠ ئەو کاتە زۆرکەس ساتمەدەکەن و یەکتری ڕادەست دەکەن و ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوە.

١١ زۆر پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، زۆرکەس گومڕا دەکەن.

١٢ لەبەر زۆربوونی تاوان، خۆشویستنی زۆرکەس سارد دەبێتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ بەڵام ئەوەی تا پایان دانبەخۆیدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت.

١٤ ئەم ئینجیلی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک گەواهییەک بۆ هەموو نەتەوەکان، ئینجا پایانەکە دێت.

١٥ بۆیە کاتێ دەبینن گڵاویی وێرانی لە شوێنی پارسادا ڕاوەستاوە، ئەوەی پێغەمبەر دانیئیل باسی کردووە ـ با خوێنەر تێبگات ـ

١٦ ئینجا با ئەوانەی لە ئیهوودان بۆ چیاکان هەڵبێن،

١٧ئەوەی لە سەربانە با نەیەتە خوارەوە بۆ ئەوەی شتێک لە ماڵەوە ببات.

١٨ ئەوەش لە کێڵگەدایە با نەگەڕێتەوە دواوە بۆئەوەی جلەکەی ببات.

١٩ لەو ڕۆژانەدا وەی بەحاڵی دووگیان و شیردەران!

٢٠ نوێژ بکەن با هەڵاتنتان لە زستان یان لە شەممەدا نەبێت.

٢١ چونکە لەوکاتدا تەنگانەیەکی مەزن ڕوودەدات، کە لە سەرەتای جیهانەوە تا ئێستا ئاوا نەبووە و نابێت.

٢٢ ئەگەر ئەو ڕۆژانە کورت نەکرابوونایەوە، کەس ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی بژاردەکان، ئەو ڕۆژانە کورت دەکرێنەوە.

٢٣ ئەوسا ئەگەر یەکێک پێی وتن: ئەوەتا مەسیح لێرەیە! یان: ئەوەتا لەوێیە! باوەڕ مەکەن.

٢٤ چونکە مەسیحانی درۆزن و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانەی مەزن و پەرجو دەکەن، تا ئەگەر بکرێ تەنانەت بژاردەکانیش گومڕا دەکەن.

٢٥ ئەوەتا پێشوەخت پێم وتن.

٢٦ بۆیە ئەگەر پێیان وتن: ئەوەتا لە چۆڵەوانییە! دەرنەچن، ئەوەتا لە ژوورەکانی ناوەوەیە! باوەڕ مەکەن.

٢٧ چونکە چۆن بروسکە لە خۆرهەڵاتەوە دەردەچێت و تاکو خۆرئاوا دەدرەوشێتەوە، هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.

٢٨ لاک لەکوێ بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە.

٢٩ یەکسەر دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە، خۆر تاریک دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات، ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون، هێزەکانی ئاسمانان دەهەژێن.

٣٠ لەو کاتە نیشانەی ڕۆڵەی مرۆڤ لە ئاسماندا دەردەکەوێت، ئەوسا هەموو هۆزەکانی زەوی شیوەن دەگێڕن، ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن بەسەر هەوری ئاسماندا بە هێز و شکۆیەکی مەزنەوە دێت.

٣١ فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی مەزنەوە دەنێرێ، بژاردەکانی لە چوار باکە کۆدەکەنەوە، لەمسەری ئاسمانانەوە تا ئەوسەری.

٣٢ لە دارهەنجیرەوە پەند وەرگرن: کاتێ لقەکانی نەرم بوون و گەڵایان کرد، دەزانن هاوین نزیکە.

٣٣ بە هەمان شێوە، ئێوەش کە هەموو ئەم شتانەتان بینی، بزانن نزیکە و لەبەردەرگایە.

٣٤ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەرناچێت تاکو ئەمانە هەمووی دەبێت.

٣٥ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم بەسەرناچن.

٣٦ ئەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمانانیش، تەنها باوکم نەبێ.

٣٧ڕۆژانی نووخ چۆن بوو، هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٨ چونکە وەک لە ڕۆژانی پێش لافاوەکە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا و مێردیان دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی نووخ چووە نێو کەشتییەکە،

٣٩ نەیانزانی تاکو لافاوەکە هات و هەمووی برد. هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.

٤٠ لەو کاتەدا دوو کەس لە کێڵگە دەبن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێ دەهێڵدرێ.

٤١ دوو ژن دەستاڕ دەگێڕن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێ دەهێڵدرێ.

٤٢ کەواتە بێدار بن، چونکە نازانن لە چ کاتێکدا پەروەردگارتان دێتەوە.

٤٣ ئەمەش بزانن: ئەگەر خاوەن ماڵ بزانێت لە چ بەتڵێکدا دز دێتە سەری، بێدار دەبێت و نایەڵێت ماڵەکەی ببڕدرێت.

٤٤ بۆیە ئێوەش ئامادە بن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە.

٤٥ کەواتە کێیە ئەو کۆیلە دەستپاک و دانایەی گەورەکەی لەسەر ڕاژەوانانی خۆی داینناوە، تاکو لە کاتی خۆیدا خواردنیان بداتێ؟

٤٦ بەختەوەری بۆ ئەو کۆیلەیە کاتێ گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئاوا دەکات!

٤٧ ڕەواتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیدا دایدەنێت.

٤٨ بەڵام ئەگەر ئەو کۆیلە خراپە لە دڵی خۆیدا بڵێ: گەورەکەم دوادەکەوێت،

٤٩ ئینجا دەستبکات بە لێدانی کۆیلە هاوکارەکانی و لەگەڵ سەرخۆشان بخوات و بخواتەوە.

٥٠ ئەوسا گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا دێتەوە کە مەزەندەی ناکات و لە کاژێرێک کە نایزانێت.

٥١ ئینجا پارچە پارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ ڕووپاماکاندا دادەنێت، گریان و جێڕەی ددانیش لەوێدا دەبێت.

مەتتەی 25

١ لەو کاتەدا پاشایەتیی ئاسمانان وەک دە پاکیزە دەبێ، چرایان برتبێ و بەرەو پیری زاوا دەرچن.

٢ پێنج لەوان دانا بوون، پێنجیش گێل.

٣ گێلەکان چراکانیان برد و زەیتیان لەگەڵ خۆیان نەبرد.

٤ بەڵام داناکان لەگەڵ چراکانیان زەیتیان لەنێو گۆزەدا برد.

٥ کاتێ زاوا دواکەوت، هەموو خەویان هات و نووستن.

٦ لە نیوە شەودا هاوار کرا: ئەوەتا زاوا هات، بەرەوپیری دەرچن!

٧ هەموو ئەو پاکیزانەش هەستان و چراکانیان ئامادە کرد.

٨ گێلەکان بە داناکانیان وت: لە زەیتەکەی خۆتان بەشمان بدەن، چونکە چراکانمان دەکوژێتەوە!

٩ جا داناکان وەڵامیان دانەوە: لەوانەیە بەشی ئێمە و ئێوە نەکات. چاکترە بچنە لای فرۆشیاران و بۆ خۆتان بکڕن.

١٠ کە ئەوان بۆ کڕین چوون، زاوا هات، ئەوانەی بۆ زەماوەندەکە ئامادەبوون، لەگەڵی چوونە ژوورەوە و دەرگا داخرا.

١١ پاشان پاکیزەکانی دیکەش هاتن و وتیان: گەورەم، گەورەم! دەرگامان بۆ بکەوە!

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ وەڵامی دایەوە و وتی: ڕەواتان پێ دەڵێم، من ناتانناسم.

١٣ کەواتە بێدارین، چونکە نە ڕۆژ و نە کاتی هاتنی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن.

١٤ وە هەر وەک پیاوێک گەشت بکات، کۆیلەکانی بانگ دەکات و موڵکەکەی خۆی ڕادەستیان دەکات.

١٥ پێنج تالنتی دا یەکێکیان و ئەوی دیکە دوو تالنت و سێیەمیش یەک تالنت. هەریەکە بەگوێرەی توانای خۆی، یەکسەریش چووە گەشت.

١٦ ئەوەی پێنج تالنتەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و بازرگانیی پێ کرد، پێنج تالنتی دیکەشی قازانج کرد.

١٧ بە هەمان شێوە ئەوەی دوو تالنتەکەش، دوو تالنتی دیکەی قازانج کرد.

١٨ بەڵام ئەوەی یەک تالنتەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند و زیوی گەورەکەی شاردەوە.

١٩ دوای ماوەیەکی زۆر گەورەی ئەو کۆیلانە دێت و لێیان دەپرسێتەوە.

٢٠ ئەوەی پێنج تالنتەکەی وەرگرت، دێت و پێنج تالنتی دیکەش دەهێنێت و دەڵێت: گەورەم، پێنج تالنتت دامێ، ئەوەتا پێنج تالنتی دیکەم قازانج کردووە.

٢١گەورەکەی پێی وت: ئافەرم ئەی کۆیلەی چاک و دەستپاک! لە کەم دەستپاک بوویت، زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشیی گەورەکەت.

٢٢ ئینجا ئەوەی دوو تالنتەکە هات و وتی: گەورەم، دوو تالنتت دامێ، ئەوەتا دوو تالنتی دیکەم قازانج کردووە.

٢٣ گەورەکەی پێی وت: ئافەرم کۆیلەی چاک و دەستپاک! لە کەم دەستپاک بوویت، زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشیی گەورەکەت.

٢٤ ئینجا ئەوەی یەک تالنتەکەی وەرگرتبوو هات و وتی: گەورەم، زانیم تۆ پیاوێکی دڵڕەقی، شوێنێک دەدرویتەوە کە تۆوت نەکردووە، لە شوێنێک کۆدەکەیتەوە کە شەنەبات نەکردووە.

٢٥ جا ترسام و چووم تالنتەکەتم لەنێو زەویدا شاردەوە. ئا ئەوە ماڵەکەتە.٢٦ گەورەکەی وەڵامی دایەوە و وتی: ئەی کۆیلەی بەدکار و تەمبەڵ! کە زانیت من دروێنە لەو شوێنە دەکەم کە تۆوم نەکردووە، لەوە کۆدەکەمەوە کە شەنەبام نەکردووە،

٢٧ دەبووایە زیوەکەمت لەلای پارەگۆڕەوەکانت دابنایە، لە گەڕانەوەمدا ئەوەی هی منە لەگەڵ سوودەکەی وەرمدەگرتەوە.

٢٨ بۆیە ئەو تالنتەی لێ بسەننەوە و بیدەنە ئەوەی دە تالنتەکەی پێیە.

٢٩ چونکە ئەوەی هەیێت، پێی دەدرێت و زیاد دەکرێت، بەڵام ئەوەی نەیێت، ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە.

٣٠ کۆیلە بێ سوودەکەش فڕێبدەنە تاریکی دەرەوە، گریان و جیڕەی ددانیش لەوێ دەبێت.

٣١ کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ بە شکۆی خۆی دێتەوە و هەموو فریشتە پارساکانیش لەگەڵیدان، ئەوسا لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادەنیشێت.

٣٢ هەموو گەلان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەک شوان کاوڕ لە بزن جیا دەکاتەوە.

٣٣ جا کاوڕەکان لەلای ڕاستی خۆی ڕادەگرێت و بزنەکانیش لەلای چەپ.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەڵێ: وەرن ئەی ئەوانەی باوکم داڕشتی پێدان، ببنە میراتگری ئەو پاشایەتیە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە.

٣٥ چونکە برسی بووم و نانتان دامێ، تینوو بووم ئاوتان دامێ، نامۆ بووم شوێنتان کردمەوە.

٣٦ ڕووت بووم پۆشتەتان کردم، نەخۆش بووم سەرتان لێدام، زیندانی بووم هاتنە لام.

٣٧ ئەوسا خوداناسان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: پەروەردگار، کەی تۆمان بە برسیێتی بینیوە و نانمان داویتێ، یان تینوو و ئاومان داویتێ؟

٣٨ کەی تۆمان بە نامۆیی بینیوە و شوێنمان کردوویتەوە، یان بە ڕووتی و پۆشتەمان کردوویت؟

٣٩ کەی تۆمان بە نەخۆشی یان زیندانی بینیوە و هاتووین بۆ لات؟

٤٠ ئینجا پاشا وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: ڕەواتان پێ دەڵێم: هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم برا بچووکانەم کردووە، ئەوا بۆ منتان کردووە.

٤١ دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەڵێ: لێم دوور بکەونەوە! ئەی نەفرەتلێکراوان بەرەو ئاگری جاویدانی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە.

٤٢ چونکە برسی بووم نانتان نەدامێ، تینوو بووم ئاوتان نەدامێ،

٤٣ نامۆ بووم شوێنتان نەکردمەوە، ڕووت بووم بپۆشتەتان نەکردم، نەخۆش و زیندانی بووم سەرتان لێ نەدام.

٤٤ ئەوسا ئەوانیش وەڵامی دەدەنەوە و دەڵێن: پەروەردگار، کەی تۆمان بە برسیێتی یان تینووێتی یان نامۆ یان ڕووت یان نەخۆش یان زیندانی بینیوە و ڕاژەمان نەکردوویت؟

٤٥ ئەویش وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: ڕەواتان پێ دەڵێم: هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم بچووکانە نەکردووە، بۆ منیشتان نەکردووە.

٤٦ جا ئەوانە بۆ ئەشکەنجەیەکی جاویدانی دەچن، خوداناسانیش بۆ ژیانێکی جاویدانی".

مەتتەی 26

١ کاتێ ئیشۆع هەموو ئەم فەرموودانەی تەواو کرد، بە قوتابییەکانی خۆی فەرموو:

٢ "دەزانن پەسخە دوو ڕۆژی ماوە. ڕۆڵەی مرۆڤیش ڕادەست دەکرێت تاکو لەخاچ بدرێت".

٣ ئینجا کاهینانی باڵا و تەوراتزانان و پیرانی گەل لە کۆشکی کاهینی باڵا کە ناوی قەیاپا بوو کۆببوونەوە،

٤ ڕاوێژیان کرد، بۆئەوەی بە فێڵێک ئیشۆع بگرن و بیکوژن.

٥ بەڵام وتیان: "نەک لە جەژندا، نەوەک ئاژاوە بکەوێتە نێو گەل".

٦ کاتێ ئیشۆع لە بتعەنیا لە ماڵی شیمعونی گول بوو،

٧ ژنێک بە شووشەیەکی بۆنی گرانبەهاوە بۆ لای هات و بۆنەکەی بەسەریدا ڕژاند کە لەسەر خوان بوو.

٨ کاتێ قوتابییەکانی ئەمەیان بینی، تووڕە بوون و وتیان: "ئەم دەست بڵاوییەی بۆ چییە؟

٩ دەتوانرا بە نرخێکی گران بفرۆشرایە و بدرایەتە هەژاران".

١٠ ئیشۆع زانی و پێی فەرموون: "بۆچی ژنەکە هەراسان دەکەن؟ ئەم شتێکی چاکی بۆ من کرد.

١١ هەژاران هەمیشە لەلاتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ کاتێ ئەو ئەم بۆنەی بەسەر لەشمدا ڕژاند، بۆ کفنکردنم ئەمەی کرد.

١٣ ڕەواتان پێ دەڵێم: لە هەموو جیهاندا لە هەر کوێ ئەم ئینجیلە ڕابگەیندرێت، باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەم ژنە کردوویەتی، بۆ یادکردنەوەی".

١٤ ئینجا یەکێک لە دوازدەکە کە ناوی ئیهوودای ئەسخەریوتی بوو، بۆ لای کاهینانی باڵا ڕۆیشت،

١٥ وتی: "چیم دەدەنێ تاکو ڕادەستی ئێوەی بکەم؟" ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا.

١٦ ئیتر لەو کاتەوە بۆ هەڵێک دەگەڕا تاکو ڕادەستی بکات.

١٧ لە یەکەمی جەژنی فەتیرەدا، قوتابییەکان هاتنە لای ئیشۆع و پێیان وت: "دەتەوێ لەکوێ خواردنی پەسخەت بۆ ئامادەبکەین؟"

١٨ فەرمووی: "بڕۆنە نێو شار، بۆ لای فلانە کەس، پێی بڵێن: ڕابی دەفەرمووێ، کاتم نزیک بووەتەوە، لەگەڵ قوتابییەکانم لەلای تۆ پەسخە دەکەم".

١٩قوتابییەکانیش فەرمانی ئیشۆعیان جێبەجێ کرد و پەسخەیان ئامادە کرد.

٢٠ کە ئێوارە داهات، لەگەڵ دوازدەکە پاڵیدایەوە.

٢١ کاتێ نانیان دەخوارد، فەرمووی: "ڕەواتان پێ دەڵێم: یەکێکتان ڕادەستم دەکات".

٢٢ ئەوانیش زۆر خەمبار بوون، هەریەکە پێیان وت: "پەروەردگار، ئەو کەسە منم؟"

٢٣ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: "ئەوەی لەگەڵم دەست دەخاتە نێو قاپەکە، ئەو ڕادەستم دەکات!

٢٤ ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت وەکو لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام وەی بەحاڵ ئەو پیاوەی کە بەهۆیەوە ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەست دەکرێت! باشتر بوو بۆ ئەو پیاوە هەر لەدایک نەبووایە!".

٢٥ ئینجا ئیهوودا، ئەوەی ڕادەستی دەکات، وەڵامی دایەوە: "گەورەم، ئەو کەسە منم؟" پێی فەرموو: "خۆت وتت".

٢٦ کە نانیان دەخوارد، ئیشۆع نانێکی هەڵگرت، داڕشتیکرد و لەتیکرد، دایە قوتابییەکان و فەرمووی: "بگرن، بخۆن، ئەمە لەشی منە".

٢٧ ئینجا جامەکەی هەڵگرت و داڕشتیکرد، پێیدان و فەرمووی: "هەموو لێی بخۆنەوە،

٢٨ چونکە ئەمە خوێنی منە، کە بۆ پەیمانی نوێ لەپێناوی زۆر کەسدا بۆ گوناهبەخشین دەڕژێت.

٢٩ پێشتان دەڵێم: لەمەودوا من لەم بەرهەمەی مێو ناخۆمەوە، تا ئەو ڕۆژەی لە پاشایەتیی باوکم بە نوێتی لەگەڵتان دەیخۆمەوە".

٣٠ ئینجا ستایشیان کرد و بۆ کێوی زەیتوون دەرچوون.

٣١ ئینجا ئیشۆع پێی فەرموون: "ئەمشەو هەمووتان گومانم لێدەکەن، چونکە نووسراوە: *{لە شوانەکە دەدەم، مێگەلەکە پەرت دەبێت}*.

٣٢ بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ گلیلا".

٣٣ پەترۆس وەڵامی دایەوە و پێی وت: "ئەگەر هەموو گومانت لێ بکەن، من هەرگیز گومانت لێ ناکەم".

٣٤ ئیشۆع پێی فەرموو: "ڕەوات پێ دەڵێم: ئەمشەو پێش ئەوەی کەڵەشێر بقوولێنێت، تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ پەترۆس پێی وت: ‘‘ئەگەر ناچاریش بووم لەگەڵت بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم!’’ قوتابییەکانیش هەموو وایان وت.

٣٦ دوای ئەوە ئیشۆع لەگەڵیان بۆ گوندێک هات پێی دەووترا، گێتسیمەن، بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘لێرە دانیشن، تاکو دەچمە ئەوێ نوێژ دەکەم’’.

٣٧ پەترۆس و دوو کوڕەکەی زەبدی برد، پەژارە و خەم دایدەگرت.

٣٨ پێی فەرموون: ‘‘زۆر دڵتەنگم خەریکە بمرم، لێرە بمێننەوە و بێداربن لەگەڵم’’.

٣٩ کەمێک چووە پێش و بە ڕوودا چووە سەر زەوی، نوێژی دەکرد و دەیفەرموو: ‘‘باوکە، ئەگەر دەکرێت ئەم جامەم لەسەر تێپەڕێت. بەڵام نەک وەک من دەمەوێت، بەڵکو تۆ’’.

٤٠ ئینجا هاتەوە لای قوتابییەکان، بینی نووستوون، بە پەترۆسی فەرموو: ‘‘وەها نەتانتوانی کاژێرێ بێداربن لەگەڵم؟

٤١ بێداربن و نوێژ بکەن، نەوەک بچنە نێو تاقیکردنەوە. چونکە ڕووح چالاکە، بەڵام جەستە لاوازە’’.

٤٢ دیسان ڕۆیشتەوە نوێژی کرد و فەرمووی: ‘‘باوکە! ئەگەر ناکرێت ئەم جامە لەسەرم تێپەڕێت و هەر دەبێت بیخۆمەوە، با خواستی تۆ بێت.

٤٣ ئینجا هاتەوە دیسان بینی نووستوون، چونکە چاویان قورس ببوو.

٤٤ ئیتر وازی لێ هێنان و چوو بۆ جاری سێیەم نوێژی کرد و هەمان شتی وتەوە.

٤٥ دوایی هاتە لای قوتابییەکانی و پێی فەرموون: ‘‘ئێستا بنوون و پشوو بدەن! ئەوەتا کاتەکە نزیک بووەوە و ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی گوناهباران دەکرێت.

٤٦ هەستن با بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی ڕادەستم دەکات نزیک بووەوە!’’.

٤٧ هێشتا ئەو قسەی دەکرد، ئیهوودا هات کە یەکێکە لە دوازدەکە، کۆمەڵێکی زۆری لەگەڵ بوو، بە شمشێر و دارەوە لەلایەن کاهینانی باڵا و پیرانی گەلەوە نێردرابوون.

٤٨ ئەوەی ڕادەستی کرد نیشانەیەکی پێدان و وتبووی: ‘‘ئەوەی ماچی دەکەم ئەوە خۆیەتی، بیگرن’’.

٤٩یەکسەر هاتە لای ئیشۆع و وتی: ‘‘سڵاو گەورەم!’’. ئینجا ماچی کرد.

٥٠ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘هاوڕێ، بۆ چی هاتوویت؟’’ ئینجا هاتنە پێشەوە و ئیشۆعیان دەستبەسەر کرد و گرتییان.

٥١ یەکێک لەوانەی لەگەڵ ئیشۆعدان، دەستی درێژکرد و شمشێرەکەی هەڵکێشا، لە کۆیلەیی کاهینی باڵای دا و گوێی بڕی.

٥٢ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘شمشێرەکەت بگەڕێنەوە کێلانەکەی، چونکە هەموو ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن، بە شمشێر لەناودەچن!.

٥٣ وا دەزانیت ناتوانم ئێستا داوا لە باوکم بکەم، زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟

٥٤ ئیتر چۆن سیپارەکان دێنە دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟’’.

٥٥ لەو کاتەدا ئیشۆع بە کۆمەڵانەکەی فەرموو: ‘‘وەک بۆ گرتنی دزێک بە شمشێر و دارەوە هاتوون بمبەن! هەموو ڕۆژێک لە پەرستگا لەگەڵتان دانیشتبووم خەریکی فێرکردن بووم، نەتانگرتم.

٥٦ بەڵام ئەمانە هەمووی ڕوویدا بۆ هاتنەدیی سیپارەکانی پێغەمبەران’’. ئینجا هەموو قوتابییەکان بەجێیان هێشت و هەڵاتن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٧ ئەوانەی ئیشۆعیان گرت، بردییانە لای قەیاپا کاهینی باڵا، لەوێ تەوراتزانەکان و پیران کۆببوونەوە.

٥٨ پەترۆسیش دووربەدوور بۆ ماڵی کاهینی باڵا دوای کەوت، ئینجا چووە ژوورەوە و لەنێوان ڕاژەوانان دانیشت تاکو کۆتاییەکە ببینێت.

٥٩ کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدریم بەدوای گەواهییەکی درۆدا دەگەڕان دژ بە ئیشۆع، تاکو بە کوشتنی بدەن.

٦٠ بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، هەرچەندە زۆر گەواهیدەری درۆزن هاتن. بەڵام لە کۆتاییدا دووان هاتن،

٦١ وتیان: ''ئەمە وتی: دەتوانم پەرستگای خودا بڕوخێنم و بە سێ ڕۆژ بنیادی بنێمەوە''.

٦٢کاهینی باڵا هەستا و پێی وت: ''هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەم پیاوانە گەواهیی چی لەسەر تۆ دەدەن؟''

٦٣ بەڵام ئیشۆع بێدەنگ بوو. جا کاهینانی باڵا وەڵامی دایەوە وپێی وت: ''سوێندت دەدەم بە خودای زیندوو، پێمان بڵێ، تۆ مەسیحەکەی، ڕۆڵەی خودا؟''.

٦٤ ئیشۆع پێی فەرموو: ''خۆت وتت! منیش پێتان دەڵێم، لە ئێستاوە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن لە لای ڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەسەر هەوری ئاسماندا دێتەوە''.

٦٥ ئینجا کاهینانی باڵا جلەکانی خۆی دادڕی و وتی: ''کفری کرد! ئیتر چ پێویستیمان بە گەواهیدەر هەیە؟ ئەوەتا گوێتان لە کفرەکەی بوو!

٦٦چی دەبینن؟'' وەڵامیان دایەوە و وتیان: ''شایانی مەرگە''

٦٧ ئینجا تفیان لەڕووی کرد و مستیان لێدا، هەندێکیش زللـەیان لێدا و

٦٨ وتیان: ''ئەی مەسیح پێشبینی بکە، کێ بوو لێیدایت؟''.

٦٩ لەو کاتەدا پەترۆس لە حەوشەی دەرەوە دانیشتبوو. کەنیزەیەک هاتە لای و وتی: ''تۆش لەگەڵ ئیشۆعی گلیلایی بوویت!''.

٧٠ ئەویش لەبەردەم هەموویان نکۆڵی کرد و وتی: ''نازانم چی دەڵێی!''

٧١ ئینجا دەرچووە دالانەکە، یەکێکی دیکەش بینی و بەوانەی ئەوێی وت: ''ئەمەش لەگەڵ ئیشۆعی ناسرەتیی بوو!''

٧٢ دیسان بە سوێندەوە نکۆڵیی لێکرد: ''من ئەو پیاوە ناناسم!''

٧٣ دوای کەمێک ئەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون هاتن و بە پەترۆسیان وت: ''بە ڕاستی تۆش لەوانیت، بە زمانتەوە دیارە!''

٧٤ جا دەستیکرد بە نەفرەتکردن و سوێندخواردن: ''من ئەو پیاوە ناناسم!'' یەکسەر کەڵەشێر قوولاندی.

٧٥ ئەوسا پەترۆس فەرموودەکەی ئیشۆعی بیرکەوتەوە کە فەرمووی: ''پێش ئەوەی کەڵەشێر بقوولێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت''. ئیتر چووە دەرەوە و بە کوڵ گریا.

مەتتەی 27

١ کاتێ بووە بەیانی، هەموو کاهینانی باڵا و پیرانی گەل دژ بە ئیشۆع ڕاوێژیانکرد تاکو بیکوژن.

٢ جا بەستیانەوە و بردییان و دایانە دەست پیلاتۆسی پونتوسی فەرمانڕەوا.

٣ ئینجا ئیهوودا، ئەوەی ڕادەستی کرد کە بینی ئیشۆع بڕیاری بەسەردا درا، پەشیمان بووەوە، سی دراوە زیوەکەی بۆ کاهینانی باڵا و پیران گەڕاندەوە و

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ وتی: ‘‘گوناهم کرد کە خوێنێکی بێتاوانم ڕادەست کرد’’. وتیان: ‘‘بە ئێمە چی؟ خۆت دەزانیت!’’

٥ ئەویش زیوەکانی لە پەرستگادا فڕێدا و ڕۆیی، چوو خۆی خنکاند.

٦ جا کاهینانی باڵا دراوە زیوەکانیان هەڵگرتەوە و وتیان: ‘‘دروست نییە بیخەینە نێو گەنجینەی پەرستگاوە، چونکە نرخی خوێنە’’.

٧ ئینجا ڕاوێژیان کرد و کێڵگەی گۆزەچییەکەیان پێی کڕی، بۆ گۆڕستانی بێگانان.

٨ بۆیە ئەو کێڵگەیە تاکو ئەمڕۆش پێی دەووترێ ‘‘کێڵگەی خوێن’’.

٩ ئەوسا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر ئێرمیا وتراوە، هاتە دی: *{سی زیوەکەیان برد، نرخی بەها بۆ دانراو، ئەوەی ڕۆڵەکەکانی ئیسرائیل خەملاندییان.*

١٠ *ئینجا بە کێڵگەی گۆزەچییەکەیان دا، وەک پەروەردگار فەرمانی پێدام}* .

١١ ئیشۆعیش لەبەردەم فەرمانڕەوا ڕاوەستا، فەرمانڕەوا لێی پرسی، وتی: ‘‘ئایا تۆ پاشای جووی؟’’ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘خۆت دەڵێیت’’.

١٢ کاتێ کاهینانی باڵا و پیران سکاڵایان لێی دەکرد، هیچ وەڵامی نەدەدایەوە.

١٣ پیلاتوس پێی وت: ‘‘گوێت لێ نییە چەند گەواهیت لەسەر دەدەن؟’’

١٤ بەڵام ئیشۆع تەنانەت بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە، فەرمانڕەواش زۆر سەرسام بوو.

١٥ لە جەژندا فەرمانڕەوا کردبوویە نەریت، گیراوێک بۆ خەڵکەکە ئازاد بکات، ئەوەی بیانەوێت.

١٦ لەو کاتەدا گیراوێکی بەناوبانگیان هەبوو، ناوی بەرئەببا بوو.

١٧ جا کاتێ کۆببوونەوە، پیلاتوس پێی وتن: ‘‘کێتان دەوێ بۆتانی بەربدەم؟ بەرئەببا یان ئیشۆع، ئەوەی پێی دەووترێ مەسیح؟’’

١٨ چونکە زانی لە بەر ئیرەیی ئیشۆعیان ڕادەست کردبوو.

١٩ کاتێ لەسەر تەختی دادگایی دانیشتبوو، ژنەکەی هەواڵی بۆ نارد و وتی: ‘‘نەکەی شتێک لەو بێتاوانە بکەی، چونکە ئەمڕۆ لە خەوندا لەبەر ئەو زۆر ئازارم چێژتووە’’.

٢٠ بەڵام کاهینانی باڵا و پیران کۆمەڵانەکەیان جۆش دا کە داوای بەرئەببا بکەن و ئیشۆع لەناوببەن.

٢١ فەرمانڕەوا وەڵامی دانەوە و پێی وتن: ‘‘لەم دووانە کامەتان دەوێ بۆتان ئازاد بکەم؟’’ وتیان: ‘‘بەرئەببا!’’.

٢٢پیلاتوس پێی وتن: ‘‘ئەی چی لە ئیشۆع بکەم، ئەوەی پێی دەووترێ مەسیح؟’’ هەموو وتیان: ‘‘با لەخاچ بدرێت!’’

٢٣ ئەویش وتی: ‘‘بۆ؟ چ خراپەیەکی کردووە؟’’ بەڵام زیاتر هاواریان دەکرد و دەیانووت: ‘‘با لەخاچ بدرێت!’’

٢٤ پیلاتوس بینی سوودی نییە و خەریکە ئاژاوە ڕوودەدات، ئاوی هێنا و لەبەردەم کۆمەڵەکە دەستی شوشت و وتی: ‘‘من بێتاوانم لە خوێنی ئەم بێتاوانە! لە ئەستۆی ئێوەیە!’’

٢٥ گەل هەموو وەڵامیان دایەوە: ‘‘با خوێنی لە ئەستۆی ئێمە و منداڵمان بێت’’

٢٦ ئەوسا بەرئەببای بۆ ئازاد کردن، بەڵام ئیشۆعی دایە بەر قامچی و ڕادەستی کرد بۆ لەخاچدان.

٢٧ سەربازەکانی فەرمانڕەوا ئیشۆعیان بۆ کۆشکی فەرمانڕەوا برد و تەواوی تیپەکەیان لێ کۆکردەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٨ ڕووتیان کردەوە و عەبایەکی سووریان لەبەرکرد.

٢٩ هەروەها تاجێکی دڕکیان هۆنییەوە و لە سەریان کرد، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ کرد و دەیانووت: "سڵاو ئەی پاشای جوو!"

٣٠ تفیان لێکرد، قامیشەکەیان برد و بەسەریاندا کێشا.

٣١ دوای ئەوەی گاڵتەیان پێکرد، عەبایەکەیان لەبەر داکەند و کراسەکەی خۆیان لەبەرکردەوە، بۆ لەخاچدانیان برد.

٣٢ کاتێ دەرچوون پیاوێکی قەورینێیان بینی ناوی شیمعون بوو، ناچاریان کرد خاچەکەی هەڵبگرێت.

٣٣ کە گەیشتنە ئەو شوێنەی پێی دەووترا گاغولتا، ناونراوە "شوێنی کاسەسەر"

٣٤سرکەی تێکەڵ بە زراویان دایە ئیشۆع تاکو بیخواتەوە، کە تامی کرد نەیویست بیخواتەوە.

٣٥ کە لەخاچیان دا، بە تیروپشک کراسەکەیان دابەشکرد. تا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەرێک وتراوە بێتەدی: *{پۆشاکەکەم نێوان خۆیان دابەشکرد و لەسەر کراسەکەم تیروپشکیان کرد}*

٣٦ ئینجا لەوێ دانیشتن و ئێشکیان بۆ گرت.

٣٧ لە ژوور سەریەوە تاوانناممەکەیان دانا کە نووسرابوو: "ئەمە ئیشۆعە، پاشای جوو".

٣٨ ئەوسا دوو دز لەگەڵی لەخاچدران، یەکێک لەلای ڕاستی و یەکێک لەلای چەپی.

٣٩ ڕێبواران جنێویان پێدەدا و سەریان دەلەقاند و

٤٠ دەیانووت: "ئەی ڕووخێنەری پەرستگا و بنیادنەرەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار بکە! ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودای، لە خاچەکە دابەزە!"

٤١ بەهەمان شێوە کاهینانی باڵا لەگەڵ تەوراتزان و پیران گاڵتەیان پێدەکرد و دەیانووت:

٤٢"خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات! ئەگەر ئەو پاشای ئیسرائیلە! با ئێستا لە خاچەکە دابەزێت، باوەڕی پێدەهێنین.

٤٣ پشتی بە خودا بەست، با ئێستا ڕزگاری بکات، ئەگەر ئەمی دەوێت! چونکە وتی: من ڕۆڵەی خودام!".

٤٤ دزەکانیش کە لەگەڵی لەخاچدرابوون گاڵتەیان پێدەکرد.

٤٥ لە کاژێر دوازدەوە تاکو سێ، تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو.

٤٦ نزیکەی کاژێر سێ ئیشۆع بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و وتی: "ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتەنی؟" واتا: خودایە، خودایە، بۆ بەجێت هێشتم؟

٤٧ هەندێک لەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون و گوێیان لێیبوو، وتیان: "ئەوە بانگی ئیلییا دەکات".

٤٨ یەکسەر یەکێک لەوان ڕایکرد و هەوریەکی برد، لە سرکەی هەڵکێشا و بەسەری قامیشێکەوە پێیدا، تاکو بیخواتەوە،

٤٩ بەڵام ئەوانی دیکە وتیان: "لێگەڕێ، با بزانین ئیلییا دێت ڕزگاری بکات!".

٥٠ ئیشۆع دیسان بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و ڕووحی سپارد.

٥١ لەو کاتەدا پەردەی پەرستگا لە سەرەوە تاکو خوارەوە درا و بووە دوو لەت. زەوی لەرزی و بەرد درزیان برد و

٥٢ گۆڕەکان کرانەوە، زۆرێک لە جەستەی پارساکانی نووستوو هەستانەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٣ دوای هەستانەوەکەشی لە گۆڕەکان هاتنە دەرەوە و چوونە نێو شاری پارسا، بۆ زۆر کەسیش دەرکەوتن.

٥٤ بەڵام سەرپەلەکە و ئەوانەی لەگەڵ ئەو چاودێری ئیشۆعیان دەکرد، بوومەلەرزەکە و ئەو شتانەیان بینی کە ڕوویدا، زۆر ترسان و وتیان: "بە ڕاستی ئەمە ڕۆڵەی خودا بوو!"

٥٥ زۆر ژن لەوێ بوون، لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، ئەوانەی لە گلیلاوە دوای ئیشۆع کەوتبوون و ڕاژەیان دەکرد،

٥٦ مەریەمی مەگدانی و مەریەمی دایکی یاقوو و یۆسپ، لەگەڵ دایکی دوو کوڕەکەی زەبدی لەنێویان بوون.

٥٧ دەمەو ئێوارە پیاوێکی دەوڵەمەندی خەڵکی ڕەمتا هات، ناوی یۆسپ بوو، ئەویش قوتابیی ئیشۆع بوو.

٥٨ چووە لای پیلاتوس و داوای تەرمی ئیشۆعی لێکرد، پیلاتوسیش فەرمانی دا تەرمەکەی بدرێتێ.

٥٩ یۆسپیش تەرمەکەی برد و بە کەتانی پێگەرد پێچای و

٦٠ لەو گۆڕە نوێیەی خۆی ناشتی کە لە بەرد هەڵکەندرابوو، ئینجا بەردێکی گەورەی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە و ڕۆیشت.

٦١ مەریەمی مەگدانی و مەریەمەکەی دیکەش لەوێ بوون، بەرامبەر گۆڕەکە دانیشتبوون.

٦٢ بۆ سبەینێ کە دوای ئامادەکردنە، کاهینانی باڵا و پەریشییەکان لەلای پیلاتوس کۆبوونەوە،

٦٣ وتیان: "گەورەم، بیرمان کەوتەوە، ئەو گومڕاکارە کاتێ زیندوو بوو وتی: من دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستمەوە.

٦٤ جا فەرمان بدە تا ڕۆژی سێیەم گۆڕەکەی پاس بکرێت، نەوەک قوتابییەکانی بێن و بیدزن، ئەوسا بە گەل بڵێن: لەنێوان مردووان هەستاوەتەوە. جا گومڕایی دوایی لەوەی یەکەم خراپتر دەبێت!"

٦٥ پیلاتوسیش وتی: پاسەوانتان هەیە، بڕۆن چۆنتان پێ باشە وا پاسی بکەن".

٦٦ ئەوانیش چوون گۆڕەکەیان پاس کرد، مۆریان لە بەردەکە دا و پاسەوانیان دانا.

مەتتەی 28

١ دوای شەممە لە بەرەبەیانی یەکەمی هەفتەدا، مەریەمی مەگدانی و مەریەمەکەی دیکە هاتن تەماشای گۆڕەکە بکەن.

٢ لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، چونکە فریشتەی پەروەردگار لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە، هات و بەردەکەی گلۆر کردەوە و لەسەری دانیشت.

٣ دیمەنی وەک بروسکە بوو، جلەکانی وەک بەفر سپی بوون.

٤ پاسەوانەکان لە ترسی ئەو لەرزین و وەک مردوویان لێ هات.

٥ فریشتەکە بە دوو ژنەکەی وت: "ئێوە مەترسن، چونکە دەزانم بە شوێن ئیشۆعی لەخاچدراو دەگەڕێن.

٦ ئەو لێرە نییە، وەک خۆی فەرمووی، هەستایەوە!. وەرن سەیری ئەو شوێنە بکەن کە پەروەردگار لێی درێژکرابوو.

٧ خێرا بڕۆن و بە قوتابییەکانی بڵێن: ئەو لەنێو مردووواندا هەستایەوە، ئا ئەوەتا ئەو پێش ئێوە دەچێتە گلیلا، لەوێ دەیبینن. ئەوەتا من پێم وتن".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ ئەوانیش خێرا لە گۆڕەکە دەرچوون، بە ترس و خۆشییەکی مەزنەوە ڕایانکرد، تاوەکو هەواڵ بدەنە قوتابییەکانی.

٩ کە ڕایاندەکرد تا هەواڵ بە قوتابیەکانی بدەن، ئیشۆع تووشیان هات و فەرمووی: "سڵاو بۆ ئێوە!" ئەمانیش چوونە پێشەوە، پێیان گرت و کڕنۆشیان بۆ برد.

١٠ ئیشۆع پێی فەرموون: "مەترسن، بڕۆن بە برایانم بڵێن با بچنە گلیلا، لەوێ دەمبینن".

١١ کە دەڕۆیشتن، هەندێک لە پاسەوانەکان هاتنە نێو شار و ئەوەی ڕوویدابوو بۆ کاهینانی باڵایان گێڕایەوە.

١٢ ئەوانیش لەگەڵ پیران کۆبوونەوە و ڕاوێژیان کرد، زیوێکی زۆریان دایە سەربازەکان و

١٣ وتیان: "بڵێن، کاتێ ئێمە خەوتبووین، قوتابییەکانی لە شەودا هاتن و دزییان.

١٤ ئەگەر ئەمەش لەلای فەرمانڕەوا بیسترا، ئەوا ڕازیی دەکەین و دڵنیاتان دەکەینەوە".

١٥ئەوانیش زیوەکەیان وەرگرت و چۆن فێرکران، کردییان، جا ئەم قسەیە تاکو ئەمڕۆش لەنێو جوو بڵاو بووەتەوە.

١٦ یازدە قوتابییەکەش چوونە گلیلا، بۆ ئەو کێوەی ئیشۆع فەرمانی پێدابوون.

١٧ کاتێ بینییان کڕنۆشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان کرد.

١٨ ئیشۆع لێیان هاتە پێش و قسەی بۆ کردن و فەرمووی:

"هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەویم پێ دراوە.

١٩ جا بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی،

بە ناوی باوک و ڕۆڵە و ڕووحی پارسا عەمادیان بکەن،

٢٠ فێریان بکەن هەموو ئەوەی پێم ڕاسپاردوون بیپارێزن.

ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم،

تا بەسەرچوونی ڕۆژگار".

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

مەرقوس

مەرقوس 1

١ سەرەتای موژدەی ئیشۆعی مەسیحی ڕۆڵەی خودا.

٢ وەک لە پێغەمبەراندا نووسراوە: *{ئەوەتا فریشتەکەم لەپێشتەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات لەپێشت ئامادە دەکات،*

٣ *دەنگی هاوارگەرێک لە دەشتودەرەوە دێ: "ڕێگای پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێیازەکانی ڕاست بکەن}* .

٤ یوخەننەن لە دەشتودەر دەرکەوت، عەمادی تۆبەکردنی ڕادەگەیاند بۆ گوناه بەخشین.

٥ سەرجەم دەڤەری ئیهوود و خەڵکی یروشلایم دەردەچوونە لای و هەموو لەسەر دەستی ئەو لە ڕووباری یوردنەن عەماد دەکران و دانیان بە گوناهەکانیان دەنا.

٦ یوخەننەن مووی وشتری دەپۆشی و کەمەری بەپشتێنێکی چەرم دەبەست، خواردنیشی کوللـە و هەنگوینی کێوی بوو.

٧ بانگەوازی دەکرد، دەیووت: "لەدوای من، لەمن بەهێزتر دێت، من شایانی ئەوە نیم بچەمێمەوە و ئاوەزێنەی پێڵاوەکانی بکەمەوە.

٨ من بە ئاو عەمادم کردن، بەڵام ئەو بە ڕووحی پارسا عەمادتان دەکات".

٩ لەو ڕۆژانەدا ئیشۆع لە ناسرەتی گلیلاوە هات و لەسەر دەستی یوخەننەن لە یوردنەن عەمادکرا.

١٠ هەرکە لە ئاوەکە هەستایەوە، بینی ئاسمانان شەقبوو، ڕووحیش وەک کۆترێک دابەزییە سەری.

١١ دەنگێکیش لە ئاسمانانەوە هات: "تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستمی، بە تۆوە دڵشادم".

١٢ یەکسەر ڕووحەکە بەرەو دەشتودەر دەریکرد.

١٣ چل ڕۆژ لە دەشتودەردا بوو، لەلایەن شەیتان تاقی دەکرایەوە، لەگەڵ ئاژەڵانی کێوی بوو، فریشتەش ڕاژەیان دەکرد.

١٤ دوای ئەوەی یوخەننەن ڕادەست کرا، ئیشۆع هاتە گلیلا و بانگەوازی موژدەی پاشایەتیی خودا دەکرد.

١٥ دەیفەرموو: "کاتەکە هاتووە و پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە. تۆبە بکەن و باوەڕ بە ئینجیل بهێنن".

١٦ کاتێ ئیشۆع لەلای دەریای گلیلادا دەڕۆیشت، شیمعون و ئەندراوسی برای بینی، تۆڕیان فڕێدەدایە دەریاکە، چونکە ماسیگر بوون.

١٧ ئیشۆع پێی فەرموون: "وەرن دوام بکەون، دەتانکەمە ڕاوچیی خەڵک".

١٨ یەکسەر تۆڕەکانیان بەجێهێشت و دوای کەوتن.

١٩ ئینجا هەندێک ڕۆیشت، یاقووی کوڕی زەبدی و یوخەننەنی برای بینی، لەنێو کەشتیدا تۆڕیان چاکدەکردەوە.

٢٠ یەکسەر بانگیکردن، ئەوانیش زەبدیی باوکیان لەگەڵ کرێکاران لەنێو کەشتییەکە بەجێهێشت و دوای کەوتن.

٢١ ئینجا چوونە کەپەرناخوم. لە کاتێکدا شەممە بوو چووە کەنیشت و دەستیکرد بە ئامۆژگاری.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ لە ئامۆژگارییەکەی سەرسام بوون، چونکە وەک دەسەڵاتدارێک ئامۆژگاریی دەکردن، نەک وەک تەوراتزانەکان.

٢٣ لە کەنیشتەکەیان پیاوێکی لێبوو ڕووحی گڵاوی تێدابوو، هاواری کرد،

٢٤ وتی: ‘‘ئای! ئیشۆعی ناسرەتی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لە ناومان ببەیت! من دەتناسم تۆ کێیت، تۆ پارساکەی خودایت!’’

٢٥ ئیشۆع لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: ‘‘بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!’’

٢٦ ڕووحە گڵاوەکەش خووگرتی و هاوارێکی بەرزی لێ هەستا و لێی هاتە دەرەوە.

٢٧ هەموو سەرسام بوون، تەنانەت پرسیان لە یەکتر کرد و وتیان: ‘‘ئەمە چییە؟ ئەم ئامۆژگاریە نوێیە چیە؟ چونکە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕووحی گڵاویش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن!’’

٢٨یەکسەر ناوبانگی بە هەموو دەڤەری دەوروبەری گلیلا بڵاوبووەوە.

٢٩ کاتێ کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ یاقوو و یوخەننەن چوونە ماڵی شیمعون و ئەندراوس.

٣٠ خەسووی شیمعون لەنێو جێگا کەوتبوو، تای هەبوو، خێرا باسی ئەویان بۆ کرد.

٣١ ئەویش هاتە پێش، دەستی گرت و هەڵیساندەوە. دەستبەجێ تاکە بەریدا و دەستیکرد بە ڕاژەکردنیان.

٣٢ کاتێ ئێوارە داهات و خۆر ئاوابوو، هەموو نەخۆش و شێتەکانیان بۆ هێنا.

٣٣هەموو شارەکە لە بەردەرگا کۆبوونەوە.

٣٤ زۆر نەخۆشی بە جۆرەها دەردەوە چاککردەوە، زۆر شەیتانیشی دەرکرد و نەیهێشت شەیتانەکان بدوێن، چونکە ناسییان.

٣٥ بۆ بەیانی زوو، هەستا و دەرچو و چووە شوێنێکی چۆڵەوانی و لەوێ نوێژی کرد.

٣٦شیمعون و ئەوانەی لەگەڵی بوون بە دوای کەوتن

٣٧ کە دۆزییانەوە پێیان وت: ‘‘هەموو بە دواتدا دەگەڕێن’’.

٣٨ پێی فەرموون: ‘‘با بڕۆینە دێیەکانی دەوروپشت، تاکو لەوێش بانگەواز بکەم، چونکە بۆ ئەمە هاتووم’’.

٣٩ جا لە هەموو گلیلادا لە کەنیشتەکانیان بانگەوازی دەکرد و شەیتانانی دەردەکرد.

٤٠ ئینجا گوڵێک هاتە لای و لێی پاڕایەوە، چۆکی دادا و پێی وت: ‘‘ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پێگەردم بکەیتەوە’’.

٤١ ئیشۆع دڵی پێی سووتا و دەستی درێژ کرد، دەستی لێدا و پێی فەرموو: ‘‘دەمەوێت. پێگەردببەوە!’’

٤٢ هەرکە قسەی دەکرد یەکسەر گولییەکەی لێبووەوە و بێگەردبووەوە.

٤٣ سەرزەنشتی کرد و یەکسەر بەڕێی کرد،

٤٤ پێی فەرموو: ‘‘ئاگاداربە، هیچ شتێک بە کەس مەڵێ، بەڵکو بڕۆ خۆت پیشانی کاهینەکە بدە و بەرامبەر بە بێگەردبوونەوەکەت ئەوەی مووشێ فەرمانی کردووە بیدە، وەک گەواهییەک بۆیان’’.

٤٥ بەڵام ئەو دەرچوو، دەستیکرد بە بانگەوازکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، ئیتر ئیشۆع نەیدەتوانی بە ئاشکرا بچێتە هیچ شارێک، بەڵکو لە دەرەوە لە شوێنە چۆڵەکان بوو و خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

مەرقوس 2

١ پاش چەند ڕۆژێک هاتەوە نێو کێڕناخوم، جا بیسترا کە لە ماڵەوەیە.

٢ یەکسەر خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بە شێوەیەک لەبەر دەرگاش شوێن نەما. ئەویش بە وشەکە بۆیان دەدووا.

٣ئیفلیجێکیان هێنایە لای، بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو.

٤ بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیانتوانی بیبەنە لای. جا سەربانی ئەو شوێنەیان هەڵگرت کە ئەوی لێبوو، کونێکیان کردەوە و نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە ئیفلیجەکەی لەسەر بوو.

٥ کاتێ ئیشۆع باوەڕیانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: "ڕۆڵە، گوناهەکانت بەخشران".

٦ هەندێک تەوراتزانیش لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا بیریان دەکردەوە:

٧ "بۆچی ئەمە ئاوا بەکفر دەدوێت؟ بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟"

٨ یەکسەر ئیشۆع بە ڕووحی خۆی زانی لە دڵی خۆیاندا ئاوا بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون: "بۆچی لە دڵتاندا بیری وا دەکەنەوە؟

٩ کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: گوناهەکانت بەخشران، یان بڵێی: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و ڕێ بکە؟

١٠ بەڵام تاکو بزانن، ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی گوناه بەخشینی هەیە". بە ئیفلیجەکەی فەرموو:

١١ "پێت دەڵێم: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ ماڵەوە!".

١٢ ئەویش یەکسەر هەستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی هەموویان چووە دەرەوە. بە شێوەیەک هەموو سەرسام بوون و شکۆمەندیی خودایان کرد، وتیان: "هەرگیز وەکو ئەمەمان نەبینیوە!".

١٣ دیسان دەرچووە سەر کەناری دەریا، کۆمەڵانەکە هەموو لێی کۆبوونەوە و ئەویش فێری دەکردن.

١٤ کاتێ بەڕێوە بوو، لیوی کوڕی خەلپەیی بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو: "دوام کەوە". ئەویش هەستا و دوای کەوت.

١٥ کاتێ لە ماڵی ئەو دانیشتبوو، زۆر لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ ئیشۆع و قوتابییەکانی لەسەر خوان بوون، چونکە زۆر بوون و دوای کەوتبوون.

١٦ کاتێ تەوراتزان و پەڕیشییەکان بینییان وا لەگەڵ گوناهبار و باجگران نان دەخوات، بە قوتابییەکانیان وت: "ئەوە چیەتی لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟"

١٧ کە ئیشۆع گوێی لێبوو، پێی فەرموون: "لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم بێگوناهان بانگ بکەم بۆ تۆبەکردن، بەڵکو گوناهباران".

١٨ قوتابییەکانی یوحەننەن و پەڕیشییەکان بەڕۆژوو بوون، هاتنە لای و پێیان وت: "بۆچی قوتابییەکانی یوحەننەن و پەڕیشییەکان بەڕۆژوو دەبن، بەڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژوو نابن؟"

١٩ ئیشۆعیش پێی فەرموون: "ئایا شاییگێران دەتوانن بەڕۆژوو بن کاتێ زاوا لەگەڵیاندایە؟ تاکو زاوا لەگەڵیان بێت ناتوانن بەڕۆژوو بن.

٢٠ بەڵام ڕۆژانێک دێت کە زاوا لەنێوانیان بەرز دەکرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ کەس کراسی کۆن بە پەڕۆی نوێ پینە ناکات، چونکە پینە نوێیەکە لە کراسە کۆنەکە ڕادەکێشێت و دڕاوەکە خراپتر دەبێت.

٢٢ کەسیش مەیی نوێ ناکاتە نێو مەشکەی کۆنەوە، نەوەک مەیەکە مەشکەکەکە بدڕێنێت، مەیەکە دەڕژێت و مەشکەکەش بێ کەڵک دەبێت. بەڵکو مەیی نوێ دەکرێتە نێو مەشکەی نوێوە".

٢٣ لە شەممەدا بەنێو دەغڵاندا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی بەڕێوە دەستیانکرد بە گوڵەگەنم لێکردنەوە.

٢٤ پەڕیشییەکان پێیان وت: "بڕوانە، بۆچی شتێک دەکەن کە لە شەممەدا دروست نییە؟"

٢٥ ئەویش پێی فەرموون: "ئەی هەرگیز نەتانخوێندۆتەوە داوید چی کرد کاتێ خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون کەوتنە پێویستی و برسییان بوو؟

٢٦ لەسەردەمی ئەویئاتری کاهینی باڵا، چووە ماڵی خودا و نانی تەرخانکراوی خوارد، دایە ئەوانەش کە لەگەڵی بوون، ئەو نانەی کە دروست نییە لێی بخورێت بۆ کاهینان نەبێت".

٢٧ ئینجا پێی فەرموون: "شەممە بۆ مرۆڤ بەدیهێنراوە، نەوەک مرۆڤ بۆ شەممە.

٢٨ کەواتە ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری ڕۆژی شەممەشە".

مەرقوس 3

١ دیسان چۆوە نێو کەنیشتێک، لەوێ پیاوێکی لێبوو دەستی وشک ببوو،

٢ جا چاودێرییان دەکرد بزانن لە شەممەدا چاکی دەکاتەوە، تاکو سکاڵای لێ بکەن.

٣ جا بە پیاوە دەست وشکەکەی فەرموو: "لەناوەڕاستدا ڕاوەستە!".

٤ ئینجا پێی فەرموون: "ئایا لە شەممەدا کاری چاکە دروستە یان کاری خراپە؟ گیان ڕزگارکردن یان کوشتن؟" کەچی بێدەنگ بوون.

٥ بە تووڕەییەوە ئاوڕی لێیان دایەوە، لەبەر دڵڕەقییان خەمبار بوو، بە پیاوەکەی فەرموو: "دەستت درێژ بکە". ئەویش درێژی کرد و دەستی چاکبووەوە وەک دەستەکەی دیکەی لێ هات.

٦پەڕیشییەکان دەرچوون و یەکسەر لەگەڵ هیڕوودسییەکان ڕاوێژیان کرد بۆئەوەی بیکوژن.

٧ ئیشۆع و قوتابییەکانی بەرەو دەریاکە هەڵکشان، کۆمەڵانێکی زۆر لە گلیلا و ئیهوودەوە دوای کەوتن،

٨ هەروەها لە یروشلایم و لە ئادومیا و ئەوبەری یوردنەن و دەوروبەری سوور و سەیدەنەوە هاتنە لای، کۆمەڵانێکی زۆر هەموو ئەو شتانەیان بیستبوو کە دەیکرد.

٩ ئەویش بە قوتابییەکانی فەرموو، تا کەشتیەکی بچووکی بۆ ئامادە بکەن، لەبەر کۆمەڵانەکە، نەوەک پاڵەپەستۆی لێ بکەن.

١٠ چونکە زۆر کەسی چاککردەوە، وایلێهات هەموو دەردارەکان کەوتنە سەری تاکو دەستی لێ بدەن.

١١ ڕووحە گڵاوەکانیش هەرکە دەیانبینی کڕنۆشیان بۆ دەبرد و هاواریان دەکرد و دەیانووت: "تۆ ڕۆڵەی خودای!"

١٢ ئەویش زۆر ڕایسپاردن کە ئاشکرای نەکەن.

١٣ ئینجا چووە سەر شاخێک و ئەوانەی بانگکرد کە دەیویستن، ئەوانیش چوونە لای.

١٤دوازدەی دیاری کرد تاکو لەگەڵی بن و بیانێرێت بۆ موژدەدان،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ دەسەڵاتیان هەبێت بۆ چارەکردنی نەخۆش و دەرکردنی شەیتانەکان.

١٦ شیمعونی ناونا پەترۆس،

١٧ یاقووی کوڕی زەبدی و یوخەننەی برای کە ناوی لێنان بوانرجس، واتا ڕۆڵەکانی هەورەتریشقە،

١٨ ئەندراوس و پیلیپوس و بەرتولمەی و مەتتەی و تۆما و یاقووی کوڕی حەلفی و تەددەی و شیمعونی قنانایا و

١٩ ئیهوودای ئەسخەریوتی کە ڕادەستی کرد.

٢٠ ئینجا چووە ماڵێک و دیسان خەڵکێکی زۆریان لێ کۆبووەوە، بە شێوەیەک نەیانتوانی نان بخۆن.

٢١ کاتێ کەسوکاری بیستیان، هاتن بیگرن، چونکە دەیانووت: "مێشکی تێکچووە".

٢٢ تەوراتزانەکانیش کە لە یروشلایمەوە دابەزیبوون، وتیان: "بەعلەزبول دەستی بەسەردا گرتووە! بە سەرۆکی شەیتانەکان، شەیتانان دەردەکات".

٢٣ ئیشۆع بانگی کردن و بە پەند قسەی بۆ کردن: چۆن دەبێت شەیتان شەیتان دەربکات؟

٢٤ ئەگەر پاشایەتیێک دووبەرەکی تێدا بێت، ئەو پاشایەتییە خۆی ڕاناگرێت.

٢٥ئەگەر ماڵێکیش دووبەرەکی تێدا بێت، ئەو ماڵە خۆی ڕاناگرێت.

٢٦ ئەگەر شەیتان لە خۆی هەڵگەڕایەوە و دووبەرەکی تێکەوت، خۆی ڕاناگرێت، بەڵکو کۆتایی پێ دێت.

٢٧ کەسیش ناتوانێت بچێتە ماڵی بەهێزێک و شتەکانی تاڵان بکات، مەگەر یەکەمجار نەیبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات.

٢٨ ڕەواتان پێ دەڵێم: هەموو گوناه و کفرکردنێکی ئادەمیزاد دەبەخشرێن،

٢٩ بەڵام ئەوەی کفر بە ڕووحی پارسا بکات، تاهەتایە نابەخشرێت، بەڵکو بە گوناهێکی جاویدانیەوە تاوانبارە".

٣٠ چونکە دەیانووت: "ڕووحی گڵاوی هەیە".

٣١ ئینجا دایک و براکانی هاتن، لە دەرەوە ڕاوەستان و بە دوایاندا نارد.

٣٢ کۆمەڵانیش لە دەوروبەری دانیشتبوون، پێیان وت: "ئەوەتا دایکت و براکانت لە دەرەوە بە دواتدا دەگەڕێن".٣٣ وەڵامی دانەوە و فەرمووی: "دایک و برایانم کێن؟"

٣٤ چاوی گێڕا بەسەر ئەوانەی لە دەوروپشتی دانیشتبوون و فەرمووی: "دایک و برای من ئەمانەن.

٣٥ چونکە ئەوەی بە خواستی خودا بکات، خوشک و برا و دایکمە".

مەرقوس 4

١ دیسان ئیشۆع لە کەناری دەریا دەستیکرد بە ئامۆژگاری، کۆمەڵانێک لێی کۆبووەوە، وایلێهات بچێتە نێو کەشتیەکی نێو ئاوەکە دانیشێت، هەموو خەڵکەکەش لە نزیک ئاوەکە لەسەر وشکایی بوون.

٢ بە پەند زۆر شتی فێرکردن، لە ئامۆژگاریەکەیدا پێی دەفەرموون:

٣ "گوێبگرن! تۆودەر چوو تۆو بکات.

٤ کە تۆوی دەکرد، هەندێکی کەوتە سەر ڕێگا، باڵندە هاتن و خواردیانن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ هەندێکیش کەوتە سەر زەوییەکی بەردەڵان کە گڵی زۆر نەبوو، خێرا ڕوان، لەبەرئەوەی قووڵی گڵی نەبوو.

٦ کە ڕۆژ هەڵهات سووتا و وشک بوو، چونکە ڕەگی نەبوو.

٧ هەندێکیشیان کەوتە نێو دڕکان، دڕکەکان گەورە بوون و خنکاندیانن و بەرهەمیان نەدا.

٨ هەندێکیش کەوتە نێو زەوییەکی باش، سەوز بوو، گەشەی کرد و بەرهەمیان دا، یەک بە سی و یەک بە شەست و یەک بە سەد".

٩ ئینجا فەرمووی: "ئەوەی دوو گوێ هەیە بۆ بیستن با ببیستێت!"

١٠ کاتێ بە تەنها بوو، ئەوانەی لە دەوروپشتی بوون لەگەڵ دوازدەکە، دەربارەی پەندکە لێیان پرسی.

١١ ئەویش پێی فەرموون: "نهێنیی پاشایەتیی خودا بە ئێوە دراوە، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەن هەموو شتێک بە پەند بۆیان دێتەوە.

١٢ بۆ ئەوەی بە سەیرکردن سەیر بکەن، بەڵام نەبینن، بە بیستن ببیستن، بەڵام تێنەگەن، نەوەک بگەڕێنەوە و ببەخشرێن!"

١٣ ئینجا پێی فەرموون: "ئایا ئەم پەندە تێنەگەیشتن؟ ئەی چۆن هەموو پەندکان تێدەگەن؟

١٤ تۆودەر وشەکە تۆو دەکات.

١٥ ئەمانە ئەوانەن کە لەسەر ڕێگان، کە وشەکەیان لێ تۆو دەکرێت، کاتێ دەیبیستن یەکسەر شەیتان دێت و ئەو وشەیە دەبات کە تیایاندا تۆوکراوە.

١٦ ئەمانەش ئەوەن کە لەسەر بەردەڵانەکە تۆوکران، ئەمانە کە وشەکە دەبیستن یەکسەر بە خۆشییەوە وەریدەگرن.

١٧ بەڵام ڕەگیان نییە، بۆ ماوەیەکن، دواتر ئەگەر لەپێناوی وشەکە بکەونە تەنگانە و چەوسانەوە، یەکسەر ساتمەدەکەن.

١٨ ئەمانی دیکە ئەوەن کە لەنێو دڕکان تۆوکران، ئەمانە ئەوەن کە وشەکە دەبیستن،

١٩ بەڵام خەمەکانی جیهان و فریوی سامان و ئارەزووی شتەکانی دیکە دێنە ناوەوە و وشەکە دەخنکێنن، ئیتر بێ بەرهەم دەبن.

٢٠ ئەمانەش ئەوەن کە لەسەر زەوییەکی چاک تۆوکران، ئەوانەی وشەکە دەبیستن و وەریدەگرن و بەرهەم دەدەن، یەک بە سی و یەک بە شەست و یەک بە سەد".

٢١ ئینجا پێی فەرموون: "ئایا چرا هەڵدەکرێت تاکو بخرێتە ژێر تەشت یاخود نوێنەوە؟ ئایا لەسەر چرادان دانانرێت؟

٢٢ چونکە شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت.

٢٣ئەگەر یەکێک دوو گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت".

٢٤ هەروەها پێی فەرموون: "وردبنەوە لەوەی دەیبیستن! بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە و بۆشتان زیاد دەکرێت ئەی گوێگران.

٢٥ چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت، ئەوەش کە نییەتی، تەنانەت ئەوەی کە هەشیەتی لێی دەسەندرێتەوە".

٢٦ هەروەها فەرمووی: "پاشایەتیی خودا لە مرۆڤێک دەچێت تۆو بوەشێنێتە سەر زەوی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٧شەو دەخەوێت و ڕۆژ هەڵدەستێت، تۆوەکە سەر دەردەکات و گەشە دەکات، ئەویش نازانێت چۆن دەبێت.

٢٨ چونکە زەوی لە خۆیەوە بەرهەم دەدات، یەکەمجار گیا، ئینجا گوڵەگەنم، پاشان لە گوڵەگەنمەکەدا گەنمی تەواو.

٢٩ بەڵام کاتێ بەرەکە پێدەگات، یەکسەر داسی لێ گیر دەکات، چونکە درووێنەی هاتووە".

٣٠ هەروەها فەرمووی: "پاشایەتیی خودا لە چی دەچێت؟ بە چ پەندیەک ڕوونی بکەینەوە؟

٣١بە دەنکە خەرتەلەیەک، کاتێ لەسەر زەوی تۆو دەکرێت، لە هەموو تۆوەکانی سەر زەوی بچووکترە.

٣٢ بەڵام کاتێ تۆو دەکرێت، گەشە دەکات و لە هەموو ڕووەکەکان گەورەتر دەبێت و لقی گەورە دەردەکات، تەنانەت باڵندەی ئاسمان دەتوانن لە ژێر سێبەریدا هێلانە بکەن".

٣٣ بە زۆر پەندی ئاوا فەرموودەی بۆ دەکردن، ئەوەندەی توانای گوێگرتنیان هەبوو.

٣٤ بەبێ پەند فەرموودەی بۆ نەدەکردن، بەڵام کاتێ بە تەنها دەبوو لەگەڵ قوتابییەکانی هەموو شتێکی بۆ ڕاڤە دەکردن.

٣٥ لەو ڕۆژەدا، کاتێ ئێوارە داهات، پێی فەرموون: "با بپەڕینەوە ئەوبەر".

٣٦ ئەوانیش خەڵکەکەیان بەڕێکرد و وەکو خۆی لە نێو کەشتیەکە بردییان، کەشتیی بچووکی دیکەشی لەگەڵ بوو.

٣٧ ئینجا ڕەشەبایەکی مەزن هەڵیکرد، شەپۆلەکان لە کەشتیەکەیان دەدا، تاکو خەریک بوو پڕبێت.

٣٨ ئەویش لە دواوە لەسەر سەرینێک خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان وت: "ڕابی، باکت نیە وا لەناو دەچین؟"

٣٩ ئەویش هەستا و لە باکەی ڕاخوڕی و بە دەریاکەی فەرموو: "بێدەنگ بە! کپ بە!" باکە وەستا و بووە هێمنییەکی تەواو.

٤٠ ئینجا پێی فەرموون: "بۆچی ئاوا ترسنۆکن؟ چۆن باوەڕتان نییە؟"

٤١ ئەوانیش تۆقین و بە یەکتریان وت: "ئەمە کێیە؟ تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن!".

مەرقوس 5

١ ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاکە، بۆ هەرێمی گەدەرین.

٢ کاتێ لە کەشتیەکە دابەزی، یەکسەر لەنێو گۆڕستان پیاوێکی تووشبوو ڕووحی گڵاوی تێدابوو،

٣ لەنێو گۆڕەکان دەژیا، تەنانەت بە زنجیریش کەس نەیدەتوانی بیبەستێتەوە.

٤ چونکە زۆر جار بە کۆت و زنجیر بەسترابووەوە، بەڵام زنجیرەکانی پچڕاند و کۆتەکانیشی شکاند، کەسیش نەیتوانی ملکەچی بکات.٥ شەو و ڕۆژ بەردەوام لە چیاکان و لە نێو گۆڕستاندا بوو، هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد.

٦ کاتێ لە دوورەوە ئیشۆعی بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد.

٧ بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "چیت لە من دەوێت، ئەی ئیشۆعی ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا، ئەشکەنجەم مەدە!"

٨ چونکە پێی فەرمووبوو: "ئەی ڕووحی گڵاو، لەم مرۆڤە وەرە دەرەوە!"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ ئینجا لێی پرسی: ‘‘ناوت چییە؟’’ پێی وت: ‘‘ناوم لیجیۆنە، چونکە ئێمە زۆرین’’.

١٠ زۆریش لێی پاڕایەوە نەیاننێرێتە دەرەوەی ناوچەکە.

١١ لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە قەد شاخەکە دەلەوەڕان،

١٢ هەموو شەیتانەکان لێی پاڕانەوە و وتیان: ‘‘بماننێرە نێو بەرازەکان، با بچینە نێویان’’.

١٣ ئیشۆعیش یەکسەر ڕێی پێدان. ڕووحە گڵاوەکان هاتنە دەرەوە و چوونە نێو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە لە قەدپاڵەکەوە بەرەو دەریاکە تەووژمیان برد، نزیکەی دوو هەزار دەبوون، لەنێو دەریاکە خنکان.

١٤ بەرازەوانەکان هەڵاتن، هەواڵیان دایە شار و گوندەکان. ئەوانیش هاتن تاکو ببینن چی ڕوویداوە.

١٥ هاتنە لای ئیشۆع، بینییان ئەوەی لیجۆنەکەی تێدابوو، دانیشتووە و پۆشتەیە و ئاقڵە، جا ترسان.

١٦ ئەوانەش کە بینیبوویان چی بەسەر شێتەکە و بەرازەکان هات، بۆیان گێڕانەوە.

١٧ ئیتر دەستیانکرد بە پاڕانەوە لێی تاکو لە ناوچەکەیان بڕوات.

١٨ کاتێ سواری کەشتیەکە بوو، ئەوەی کە شێت بوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت.

١٩ ڕێگای نەدا، بەڵکو پێی فەرموو: ‘‘بڕۆ نێو ماڵ و کەسوکارت، بۆیان بگێڕەوە پەروەردگار چی بۆت کردووە و چۆن بەزەیی پێت هاتەوە’’.

٢٠ جا ڕۆیشت و لە دە شارەکەدا دەستیکرد بە بانگەوازی هەموو ئەوەی ئیشۆع بۆی کردبوو. هەمووان سەرسام بوون.

٢١ دیسان ئیشۆع بە کەشتیەکە پەڕییەوە ئەوبەر، هەر لەدەم ئاوەکە بوو کۆمەڵێکی زۆر لێی کۆبوونەوە.

٢٢ یەکێک لە پێشەوایانی کەنیشت هات، ناوی یایرۆس بوو، کاتێ ئیشۆعی بینی، لەبەرپێی کەوت و

٢٣ زۆر لێی پاڕایەوە و وتی: ‘‘کچە بچووکەکەم لە دواهەناسەدایە، بریایە بێیت و دەستی لەسەر دابنێ تاکو چاکبێتەوە و بژیێت!’’.

٢٤ ئیشۆع لەگەڵی چوو، کۆمەڵانێکیش دوای کەوت و پاڵەپەستۆی لێ دەکرد.

٢٥ ژنێک دوازدە ساڵ بوو خوێنبەربوونی هەبوو.

٢٦ بە دەستی زۆر پزیشک ئازاری زۆری چێژتبوو، ئەوەی هەیبوو خەرجی کردبوو، هیچ سوودیشی نەبوو، بەڵکو خراپتر ببوو.

٢٧ کاتێ باسی ئیشۆعی بیستبوو، هاتە نێو کۆمەڵەکە و لە دواوە دەستی لە کراسەکەی دا،

٢٨٢٨ چونکە وتبوو: ‘‘ئەگەر تەنها دەست لە کراسەکەی بدەم، چاک دەبمەوە’’.

٢٩ یەکسەر خوێنبەربوونەکەی ڕاوەستا و لە لەشیدا هەستی بە چاکبوونەوە کرد لە نەخۆشییەکەی.

٣٠ یەکسەر ئیشۆعیش زانی هێزێک لێی دەرچوو، ئاوڕی لە خەڵکەکە دایەوە و فەرمووی: ‘‘کێ دەستی لە کراسەکەم دا؟’’

٣١ قوتابییەکانی پێیان وت: ‘‘دەبینیت خەڵکەکە پاڵەپەستۆت لێدەکەن، کەچی دەفەرمووی کێ دەستی لێدام؟’’

٣٢ چاوی دەگێڕا، تاکو بزانێت کێ بوو وایکرد.

٣٣ ژنەکەش بە ڕووداوەکەی خۆی دەزانی، بە ترس و لەرزەوە هات، لەبەردەمی کەوت و هەمووی بە ڕاستی پێ وت.

٣٤ئەویش پێی فەرموو: ‘‘کچم، باوەڕت چاکیکردیتەوە، بە دڵنیایی بڕۆ و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ کاتێ ئیشۆع قسەی دەکرد، کەسانێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هاتن، وتیان: ‘‘کچەکەت مرد، ئیتر بۆ ڕابی ماندوو دەکەیت؟’’.

٣٦ ئیشۆع گوێی بە قسەکەیان نەدا، بە پێشەواکەی کەنیشتی فەرموو: ‘‘مەترسە! تەنها باوەڕت هەبێت’’.

٣٧ نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێت، پەترۆس و یاقوو و یوحەننەی برای یاقوو نەبێت.

٣٨ هاتنە ماڵی پێشەواکەی کەنیشت، بینی هەرایە، گریان و شیوەنێکی زۆر.

٣٩ چووە ژوورەوە، پێی فەرموون: ‘‘بۆچی هەراتانە و دەگرێن؟ کچەکە نەمردووە، بەڵکو نووستووە’’.

٤٠ پێی پێکەنین. بەڵام ئەو هەموویانی دەرکردە دەرەوە، دایک و باوکی کچەکەی برد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون و چووە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنەی کچەکەی لێبوو.

٤١ دەستی کچەکەی گرت و پێی فەرموو: ‘‘تالیتا قووم!’’ واتا: کیژۆڵە، پێت دەڵێم: هەستە!

٤٢ کچەکە یەکسەر هەستا و ڕێیکرد، چونکە دوازدە ساڵان بوو، جا زۆر سەرسام بوون.

٤٣ زۆریش ڕایسپاردن کەس بەمە نەزانێت و فەرمووی شتێکی بدەنێ با بیخوات.

مەرقوس 6

١ ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی دوای کەوتن.

٢ کە بووە شەممە، لە کەنیشتدا دەستیکرد بە ئامۆژگاری، زۆر لەوانەی گوێیان لێی گرتبوو سەرسام بوون. وتیان: ‘‘ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن چین؟

٣ ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی مەریەم و براکەی یاقوو و یوسی و ئیهوودا و شیمعون نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟’’ بەم شێوەیە ساتمەیان لێی کرد.

٤ جا ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، تەنها لە نیشتمان و لەنێوان خزم و لە ماڵی خۆی نەبێت’’.

٥ئیتر لەوێدا نەیتوانی یەک پەرجوش بکات، بەڵام چەند نەخۆشێک هەبوون کە دەستی لەسەر دانان و چاکیکردنەوە.

٦ لە بێباوەڕی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا گەڕا و ئامۆژگاری دەکرد.

٧ ئینجا دوازدەکەی بانگکرد، دوو دوو دەستیکرد بە ناردنیان و دەسەڵاتی پێدان بەسەر ڕووحەگڵاوەکان.

٨ ڕایسپاردن کە بۆ ڕێگا هیچ نەبەن، جگە لە گۆچانێک، نە تورەگە و نە نان نە پارە بۆ بەر پشتێن.

٩ بەڵکو سۆل لە پێیان بێت و دوو کراس لەبەر نەکەن.

١٠ پێی فەرموون: ‘‘لە هەر شوێنێک چوونە ماڵێک، لەوێ بمێننەوە تاکو ئەوێ بەجێدەهێڵن.

١١ ئەگەر شوێنێکیش پەسەندی نەکردن و گوێیان لێ نەگرتن ئەوا لەوێ دەرچن و تۆزی پێتان بتەکێنن، بۆ گەواهی لەسەریان، ڕەواتان پێ دەڵێم: دۆخی زەویی سەدوم و عامۆرا لە ڕۆژی سزادان ئاسانتر دەبێت لەو شارە’’.

١٢ ئەوانیش دەرچوون و تۆبەکردنیان ڕادەگەیاند.

١٣ شەیتانی زۆریان دەرکرد و زۆر نەخۆشیان بە ڕۆن چەورکرد و چاکیان کردنەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ شا هیڕوودس ئەمەی بیست، چونکە ناوی دەنگیدایەوە و دەیانووت: ‘‘یوخەننەنی عەمادکار لەنێو مردووواندا هەستاوەتەوە، بۆیە پەرجو لەسەر دەستی دەکرێت’’.

١٥ خەڵکی دیکە دەیانووت: ‘‘ئیلیایە’’. هەندێکیش دەیانووت: ‘‘پێغەمبەرێکە، وەک پێغەمبەران’’.

١٦ بەڵام هیڕوودس کە بیستی، وتی: ‘‘یوخەننەنە، ئەوەی من سەرم بڕی، لەنێو مردواندا هەستاوەتەوە!’’

١٧ چونکە هیڕوودس بە خۆی ناردبوو، یوخەننەنی گرت و لە زیندان بەستییەوە، لەسەر هیرۆدیای ژنی پیلیپوسی برای خۆی، ئەوەی کە خواستبووی.

١٨ چونکە یوخەننەن بە هیڕوودسی دەووت: ‘‘دروست نییە براژنەکەت بخوازیت’’.

١٩ جا هیرۆدیا ڕقی لێیبوو و دەیەویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی،

٢٠ چونکە هیڕوودس لە یوخەننەن دەترسا، دەیزانی پیاوێکی خوداناس و پارسایە، دەیپاراست. کاتێ گوێی لێدەگرت زۆر دەشێوا، حەزیشی دەکرد گوێی لێبگرێت.

٢١ دەرفەتێک ڕێککەوت، کاتێ هیڕوودس لە جەژنی لەدایکبوونی بۆ گەورە فەرماندەکانی و پیاو ماقوڵانی گلیلا خوانی سازکرد.

٢٢ کچی هیرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد. جا هیڕوودس و ئەوانەی لەگەڵی پاڵیاندابووەوە دڵخۆشیکردن. پاشا بە کچەکەی وت: ‘‘هەرچیەکت دەوێ لە منی داوا بکە، دەتدەمێ’’.

٢٣ سوێندیشی بۆ خوارد: ‘‘هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی پاشایەتیەکەشم بێت’’.

٢٤ ئەویش دەرچوو و بە دایکی وت: ‘‘داوای چی بکەم؟’’ وتی: ‘‘سەری یوخەننەنی عەمادکار’’.

٢٥ یەکسەر و بە پەلە هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، داوای کرد و وتی: ‘‘دەمەوێت هەرئێستا سەری یوخەننەنی عەمادکارم لەسەر سینییەک بدەیتێ’’.

٢٦ پاشا زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکان و ئەوانەی لەگەڵی لەسەر خوان بوون، نەیویست ڕەتی بکاتەوە.

٢٧ پاشا یەکسەر پیاوکوژی نارد و فەرمانی دا سەری بهێنن. ئەویش چوو و لە زیندان سەری بڕی،

٢٨ لەسەر سینییەک سەری هێنا و دایە کچەکە، کچەش دایە دایکی.

٢٩ کاتێ قوتابییەکانی بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕێکدا ناشتیان.

٣٠ پەیامبەران لە ئیشۆع کۆبوونەوە، هەموو ئەوەی کردبوویان و فێریان کردبوو بۆیان گێڕایەوە.

٣١ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘هەر خۆتان بەتەنێ وەرنە شوێنێکی چۆڵ کەمێک پشوو بدەن’’. چونکە ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون، دەرفەتی نان خواردنیان نەبوو.

٣٢ ئیتر هەر خۆیان بە کەشتی چوونە شوێنێکی چۆڵ.

٣٣ بەڵام زۆر خەڵک بینیانن و ناسیانن، لە هەموو شارەکانەوە پێکەوە بە پێیان بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد و پێشیان کەوتن.

٣٤ کاتێ ئیشۆع دابەزی، کۆمەڵێکی زۆری بینی و دڵی پێیان سووتا، چونکە وەک کاوڕی بێ شوان بوون. دەستی پێکرد زۆر شتی فێرکردن.

٣٥ دوای چەند کاژێرێکی زۆر، قوتابییەکانی لێی هاتنە پێش، وتیان: ‘‘ئەم شوێنە چۆڵە و کاتیش درەنگە.

٣٦ بەڕێیان بکە، تاکو بچنە ئەم لادێ و گوندانەی دەوروبەر نان بۆ خۆیان بکڕن، چونکە هیچیان نیە بیخۆن’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ئێوە شتێکیان بدەنێ با بیخۆن’’. پێیان وت: ‘‘ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ، تاکو بیخۆن؟’’

٣٨ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘چەند نانتان پێیە؟ بڕۆن ببینن’’. کە زانییان وتیان: ‘‘پێنج لەگەڵ دوو ماسی’’.

٣٩ ئینجا فەرمانی پێدان خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر سەوزە گیا دابنیشێنن.

٤٠ ئەوانیش ڕیز ڕیز دانیشتن، سەد سەد و پەنجا پەنجا.

٤١ ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و چاوی هەڵبڕیە ئاسمان، داڕشتی کرد و نانەکانی لەتکرد و دایە قوتابییەکانی تاکو لەبەردەمیان دایبنێن، دوو ماسیەکەشی بەسەر هەموویان دابەشکرد.

٤٢ جا هەموو خواردیان و تێربوون.

٤٣ پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ لە لەتەنان و ماسییان هەڵگرتەوە.

٤٤] ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد نزیکەی پێنج هەزار پیاو بوون.

٤٥ یەکسەر ئیشۆع قوتابییەکانی ناچارکرد سواری کەشتیەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، بۆ بتسەیادا، تاکو خۆی خەڵکەکە بەڕێ دەکات.

٤٦ کە خواحافیزی لێکردن، بۆ نوێژکردن چووە سەر شاخ.

٤٧ کە ئێوارە داهات، کەشتیەکە لەناوەڕاستی دەریاکە بوو، ئیشۆعیش بە تەنها لەسەر وشکایی بوو.

٤٨ کە بینی بەهۆی سەوڵ لێدان ماندوون، چونکە بایەک پێچەوانەیان بوو، لە چوارەم بەتڵی شەودا هاتە لایان، بەسەر دەریاکەدا دەڕۆیشت و ویستی لێیان تێپەڕێت.

٤٩ کاتێ بینییان بەسەر دەریاکەدا دەڕوات، وایانزانی دێوەزمەیە، جا هاواریان کرد.

٥٠ چونکە هەموو بینییان و شڵەژان، یەکسەر قسەی لەگەڵ کردن و فەرمووی: ‘‘دڵنیابن! ئەوە منم. مەترسن’’.

٥١ئینجا بۆ لایان سەرکەوتە نێو کەشتیەکە و باکە وەستا. جا بە تەواوی سەرسام بوون،

٥٢ چونکە دەربارەی نانەکان تێنەگەیشتن، دڵیان هەر ڕەق بوو.

٥٣ کاتێ پەڕینەوە، هاتنە زەویی گینیسەڕ و لەنگەریان گرت.

٥٤ کاتێ لە کەشتیەکە دابەزین، خەڵک ئیشۆعیان ناسییەوە.

٥٥ بە هەموو دەڤەرەکانی دەوروبەردا سووڕان و نەخۆشەکان بەسەر نوێنەکانیانەوە هەڵگرت، بۆ هەر شوێنێک گوێیان لێبووایە کە لەوێیە.

٥٦ بۆ هەر کوێ بڕۆیشتایە، گوند، شار، لادێ. خەڵک نەخۆشەکانیان لە بازاڕ دادەنا و لێی دەپاڕانەوە کە تەنها دەست لە چمکی کراسەکەی بدەن. جا هەر کەسێک دەستی لێیدا چاکبووەوە.

مەرقوس 7

١ پەڕیشی و هەندێک تەوراتزان کە لە یروشلایمەوە هاتبوون لەلای کۆبوونەوە.

٢ بینییان هەندێک لە قوتابییەکانی بە دەستی پیس نان دەخۆن، واتا بێ دەست شوشتن.

٣ چونکە پەڕیشی و هەموو جوو، نان ناخۆن ئەگەر بە باشی دەستیان نەشۆن، پەیوەست بوون بە نەریتی پیران.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ هەروەها ئەگەر لە بازاڕ بهاتبوونایەوە نانیان نەدەخوارد تاکو خۆیان نەشۆردبایە، زۆر شتی دیکەش هەبوو وەریانگرتبوو و پێی پابەند بوون، شوشتنی کاسە و چاپەست و دەفری مس و نوێن.

٥ جا پەریشی و تەوراتزانەکان لێیان پرسی: "بۆچی قوتابییەکانت لەسەر نەریتی پیران ناڕۆن و بە دەستی پیس نان دەخۆن؟"

٦ ئەویش وەڵامی دانەوە و فەرمووی: "ئەی ڕووپاماکان! ئێشەعیا دەربارەی ئێوە پێشبینی باشی کردووە، وەک نووسراوە: *{ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەنێت، بەڵام دڵی لێم دوورە.*

٧ *بەفیڕۆ دەمپەرستن، ئامۆژگارییەک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە}* .

٨ چونکە ئێوە ڕاسپاردەی خوداتان پشتگوێ خستووە و پابەندن بە نەریتی خەڵک".

٩ ئینجا پێی فەرموون: "باش ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەریتی خۆتان بکەن!.

١٠ چونکە مووشێ وتوویەتی: *{ڕێز لە باوک و دایکت بگرە، ئەوەی جنێو بە باوکی یان دایکی بدات، دەبێ بکوژرێت}*

١١ بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەوەی بە باوکی یان دایکی بڵێت، ئەوەی لە منی وەردەگرن، قوربانییە بە واتای دیاری بۆ خودا

١٢ ئیتر نایەڵن شتێکی بۆ باوک یان دایکی بکات.

١٣ بەو نەریتەتان کە لە یەکتری وەردەگرن، وشەی خودا لەکاردەخەن. زۆر شتی دیکەی وەک ئەمە دەکەن".

١٤ ئینجا کۆمەڵەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: "هەموو گوێم لێ بگرن و تێبگەن.

١٥ شت نییە لە دەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گڵاوی بکات. بەڵام ئەوەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت، ئەوە مرۆڤ گڵاو دەکات.

١٦ ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ بیستن با ببیستێت".

١٧ کاتێ خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتە ماڵێک، قوتابییەکانی دەربارەی پەندکە پرسیان لێکرد.

١٨ پێی فەرموون: "ئێوەش ئاوا تێناگەیشتوون؟ تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە نێویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات؟

١٩ چونکە ناچێتە دڵیەوە، بەڵکو سکی، پاشان دەچێتە دەرەوەش بۆ ئاودەست. هەموو خۆراکێک پێگەردە".

٢٠ ئینجا فەرمووی: "ئەوەی لە مرۆڤ دەردەچێت، ئەوەیە مرۆڤ گڵاو دەکات.

٢١ چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دەردەچێت: داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، کوشتن،

٢٢ دزی، چڵێسی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی، نەزانی.

٢٣ هەموو ئەم خراپانە لە ناوەوە دەردەچن و مرۆڤ گڵاو دەکەن".

٢٤ ئیشۆع بەڕێکەوت و ئەوێی بەجێهێشت، چووە دەڤەری سووڕ و سەیدەن. چووە ماڵێک و نەیویست کەس بزانێت، بەڵام نەیتوانی خۆی بشارێتەوە.

٢٥ چونکە ژنێک کچەکەی ڕووحی گڵاوی تێدابوو، هەواڵی ئەوی بیست و هات لەبەرپێی کەوت.

٢٦ ژنەکەش نا جوو بوو، لە ڕەگەزی پۆنیقێی سوریا بوو، داوای لێکرد شەیتانەکە لە کچەکەی دەربکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٧ بەڵام ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘جارێ با ڕۆڵەکان تێر بن، چونکە ناشێت نانی ڕۆڵەکان ببڕدرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ’’.

٢٨ وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘بەڵێ گەورەم! سەگیش لە ژێر خواندا لە لەتەنانی بەر ڕۆڵەکان دەخوات’’.

٢٩ پێی فەرموو: ‘‘لەبەر ئەم وشەیە، بڕۆ، شەیتانەکە لە کچەکەت دەرچوو’’.

٣٠ گەڕایەوە ماڵەکەی، بینی کچەکە لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە و شەیتانەکە دەرچووە.

٣١ ئینجا ئیشۆع لە دەڤەری سوور و سەیدەن دەرچوو و بەرەو دەریای گلیلا هات، لە ناوەڕاستی سنووری دە شارەکەدا.

٣٢ کەڕێکی لاڵوپتەیان بۆ هێنا، لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێت.

٣٣ ئیشۆع بردییە لایەکەوە، دوور لە کۆمەڵەکە، پەنجەکانی خستە نێو گوێی کابراوە و تفی کرد و دەستی لە زمانی دا.

٣٤ چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و پێی فەرموو: ‘‘ئێففەتا!’’ واتا بکرێوە.

٣٥ یەکسەر گوێیەکانی کرانەوە و گرێی زمانی کرایەوە و بە ڕەوانی قسەی کرد.

٣٦ ئینجا ڕایسپاردن بە کەس نەڵێن، بەڵام چەند ڕایدەسپاردن ئەوان زیاتر بڵاویان دەکردەوە.

٣٧ زۆر سەرسام بوون و دەیانووت: ‘‘هەموو شتێکی بە باشی کردووە! وایکرد کەڕ ببیستێت و لاڵ قسە بکات’’.

مەرقوس 8

١ لەو ڕۆژانەدا دیسان کۆمەڵانێکی زۆر هەبوو، هیچیان نەبوو بیخۆن، ئیشۆع قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون:

٢ ‘‘دڵم بەو کۆمەڵە دەسووتێت، چونکە ئەوە سێ ڕۆژە لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن.

٣ ئەگەر بە برسێتی بیانێرمەوە ماڵ، لە ڕێگادا بڕ ناکەن، هەندێکیشیان لە دوورەوە هاتوون’’.

٤ قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: ‘‘کێ دەتوانێت لەم چۆڵەوانییە تێرنانی ئەمانە بکات؟’’

٥ لێی پرسین: ‘‘چەند نانتان پێیە؟’’ وتیان: ‘‘حەوت’’.

٦ جا فەرمانی دا خەڵکەکە لەسەر زەوی دانیشن. حەوت نانەکەی برد و سوپاسی کرد و لەتیکردن و دایە قوتابییەکانی تاکو دابەشی بکەن، ئەوانیش بەسەر کۆمەڵەکەدا دابەشیان کرد.

٧ چەند ماسییەکی بچووکیشیان پێ بوو، دارشتی کرد و فەرمووی با ئەمەش دابەش بکرێت.

٨ ئیتر خواردیان و تێربوون. ئینجا حەوت سەبەتە لەتەنانیان هەڵگرتەوە.

٩ نزیکەی چوار هەزار دەبوون، ئینجا بەڕێیکردن.

١٠پاشان یەکسەر لەگەڵ قوتابییەکانی سواری کەشتی بوو و هاتە ناوچەی دەلمانووتە.

١١ پەرِیشییەکان هاتن و دەستیان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ ئیشۆع، داوای پەرجوێکیان لێی دەکرد لە ئاسمانەوە، بۆ تاقیکردنەوەی.

١٢ لە قووڵایی ڕووحیدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و فەرمووی: ‘‘بۆچی ئەم نەوەیە داوای پەرجو دەکات؟ ڕەواتان پێ دەڵێم: پەرجو نادرێتە ئەم نەوەیە!’’

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ ئینجا بەجێیهێشتن. دووبارە سواری کەشتیەکە بوو و پەڕییەوە ئەوبەر.

١٤ لەبیریان چووبوو نان ببەن، لە کەشتیەکەدا لە یەک نان زیاتریان پێ نەبوو.

١٥ ڕایسپاردن و فەرمووی: ‘‘وریابن! ئاگاداربن لە هەوێنی پەڕیشییەکان و هەوێنی هێرۆودس’’.

١٦ لەنێو خۆیاندا بیریان کردەوە و بە یەکتریان وت: ‘‘لەبەر ئەوەی نانمان پێ نییە’’.

١٧ ئیشۆع زانی و پێی فەرموون: ‘‘بۆچی باسی دەکەن کە نانتان پێ نییە؟ هێشتا جیا ناکەنەوە و تێناگەن؟ تا ئێستاش دڵڕەقن؟

١٨خۆ چاوتان هەیە، نابینن، گوێتان هەیە، نابیستن؟ وەبیرتان نایەتەوە؟

١٩ کاتێ پێنج نانەکەم بۆ پێنج هەزارەکە لەتکرد، چەند سەبەتەی پڕ لە لەتەنانتان هەڵگرتەوە؟’’ پێیان وت: ‘‘دوازدە’’.

٢٠‘‘کاتێ حەوتەکەش بۆ چوار هەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕ لە لەتەنانتان هەڵگرتەوە؟’’ پێیان وت: ‘‘حەوت’’.

٢١ ئینجا پێی فەرموون: ‘‘چۆن تێناگەن؟’’

٢٢ هاتنە بتسەیادا، نابینایەکیان هێنایە لای و لێی پاڕانەوە دەستی لێ بدات.

٢٣ ئەویش دەستی نابیناکەی گرت، بردییە دەرەوەی گوندەکە و تفی لە چاوی کرد، دەستی لەسەر دانا و لێی پرسی: ‘‘هیچ دەبینیت؟’’

٢٤ سەیری کرد و وتی: ‘‘خەڵک دەبینم وەک درەخت ڕێ دەکەن’’.

٢٥ دیسان ئیشۆع دەستی خستەوە سەر چاوی، چاوی تێبڕی و چاکبووەوە، هەموو مرۆڤێکی بە ڕوونی بینی.

٢٦ ئینجا بۆ ماڵی خۆی ڕەوانەی کردەوە و فەرمووی: ‘‘مەچۆ نێو گوندەکە و بەکەسیشیان مەڵێ’’.

٢٧ ئیشۆع و قوتابییەکانی بۆ گوندەکانی قەیسەرییەی پیلیپوس دەرچوون، لە ڕێگادا لە قوتابییەکانی پرسی: ‘‘خەڵکی دەڵێن من کێم؟’’

٢٨ وەڵامیان دایەوە: ‘‘یوخەننەنی عەمادکار، هەندێکیش دەڵێن ئیلییا و هەندێکیش یەکێک لە پێغەمبەران’’.

٢٩ پێی فەرموون: ‘‘ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟’’ پەترۆس وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘تۆ مەسیحەکەیت!’’.

٣٠ جا ئاگاداری کردنەوە لەلای کەس باسی نەکەن.

٣١ ئینجا دەستیکرد بە ئامۆژگارییان کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێ زۆر ئازار بچێژێت، پیران و کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان ڕەتی بکەنەوە، بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەمدا هەستێتەوە.

٣٢ بە ئاشکرا قسەکەی کرد، پەترۆسیش بردییە لاوە و لێی ڕاخوڕی.

٣٣ بەڵام ئیشۆع ئاوڕی دایەوە و سەیری قوتابییەکانی کرد، سەرزەنشتی پەترۆسی کرد و فەرمووی: ‘‘لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! چونکە تۆ بیر لە شتە خودایییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە’’.

٣٤ ئینجا کۆمەڵەکە و قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر یەکێک ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت.

٣٥ چونکە ئەوەی بیەوێت خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت، ئەوەش کە لە پێناوی من و لەپێناوی ئینجیل خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٦ چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟

٣٧ یان مرۆڤ بۆ قورابنیدانی خۆی چی دەدات؟

٣٨ چونکە ئەوەی لەلای ئەم نەوە داوێنپیس و گوناهبارە شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش کاتێ بە شکۆی باوکی لەگەڵ فریشتە پارساکاندا دێتەوە شەرمی پێی دەبێت".

مەرقوس 9

١ ئینجا پێی فەرموون: "ڕەواتان پێ دەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مەرگ ناچێژن تاکو پاشایەتیی خودا دەبینن بە هێزەوە هاتوتەوە".

٢ دوای شەش ڕۆژ، ئیشۆع پەترۆس و یاقوو و یوحەننەی لەگەڵ خۆی برد، بە تەنها بردنییە سەر چیایەکی بەرز، لەبەرچاویان شێوەی گۆڕا.

٣ جلەکانی زۆر سپی و بریسکەدار بووەوە وەک بەفر، هیچ سپیکارێک لەسەر زەوی ناتوانێت ئاوا سپی بکات.

٤ ئینجا ئیلییا لەگەڵ مووشێ بۆیان دەرکەوتن، لەگەڵ ئیشۆعدا قسەیان دەکرد.

٥ پەترۆسیش بە ئیشۆعی وت: "گەورەم، پێمان باشە لێرە بین، با سێ کەپر هەڵبدەین، یەکێک بۆ تۆ، یەکێک بۆ مووشێ، یەکێکیش بۆ ئیلییا".

٦نەیدەزانی چی دەڵێت، چونکە تۆقیبوون.

٧ هەورێکیش سێبەری بەسەریاندا دەکرد، دەنگێک لە هەورەکەوە هات و فەرمووی: "ئەمەیە ڕۆڵەی خۆشەویستم، گوێی لێ بگرن"

٨ کاتێ لەناکاو سەیری دەوروپشتیان کرد، لە ئیشۆع زیاتر کەسیان لەگەڵ خۆیان نەبینی.

٩ کاتێ لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، ئیشۆع پێی ڕاسپاردن کە ئەمەی بینییان بە کەسی مەڵێن، تاکو ڕۆڵەی مرۆڤ لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە.

١٠ ئەوانیش ڕاسپاردەکەیان پاراست و پرسیان دەکرد: "هەستانەوە لەنێو مردووان چییە؟"

١١ پرسیان لێکرد و وتیان: "بۆچی تەوراتزانەکان دەڵێن: دەبێت یەکەمجار ئیلییا بێت؟"

١٢ وەڵامی دانەوە و پێی فەرمون: "یەکەمجار ئیلییا دێت و هەموو شتێک ڕێک دەخاتەوە. ئەی چۆن دەربارەی ڕۆڵەی مرۆڤ نووسراوە کە دەبێت زۆر ئازار بچێژێت و سووکایەتی پێ بکرێت؟

١٣ بەڵام پێتان دەڵێم، ئیلییا هات و چییان ویست پێیان کرد، وەک لەبارەی نووسراوە".

١٤ کاتێ هاتە لای قوتابییەکان، کۆمەڵێکی زۆری لە دەوروپشتی بینی و تەوراتزانەکانیش گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن.

١٥ کە هەموو کۆمەڵەکە ئیشۆعیان بینی یەکسەر سەرسام بوون، ڕایانکرد و سڵاویان لێکرد.

١٦ ئیشۆع لە تەوراتزانەکانی پرسی: "لە بارەی چی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن؟"

١٧ یەکێک لە کۆمەڵەکە وەڵامی دایەوە و وتی: "ڕابی، کوڕەکەم هێناوەتە لات، ڕووحێکی لاڵی تێدایە.

١٨ لەکوێ بیگرێت، بە زەویی دادەدات، دەمی کەف دەکات و ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و ڕەق دەبێت. داوام لە قوتابییەکانت کرد دەری بکەن، بەڵام نەیانتوانی".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ‘‘ئەی نەوەی بێباوەڕ، تا کەی لەگەڵتان بم؟ تا کەی بەرگەتان بگرم؟ بیهێننە لام!’’.

٢٠ ئەوانیش هێنایانە لای. کە ڕووحەکە ئیشۆعی بینی، یەکسەر کوڕەکە خووی گرت و کەوتە سەر زەوی، دەگەوزی و کەف لە دەمیەوە دەهات.

٢١ لە باوکی پرسی: ‘‘لە کەیەوە وای لێهاتووە؟’’ وتی: ‘‘لە منداڵییەوە.

٢٢ زۆر جاریش خستوویەتییە نێو ئاگر و نێو ئاوەوە تاکو لەناوی ببات. بەڵام ئەگەر دەتوانیت شتێک بکەیت، دڵت پێمان بسووتێ و یارمەتیمان بدە’’.

٢٣ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ئەگەر پێت دەکرێت باوەڕ بهێنێت، ئەوا هەموو شتێک بۆ باوەڕدار دەبێت’’.

٢٤ یەکسەر باوکی کوڕەکە هاواری کرد: ‘‘باوەڕم هەیە گەورەم، یارمەتی بێباوەڕیم بدە’’

٢٥ ئیشۆع کە بینی کۆمەڵەکە ڕادەکەن، لە ڕووحە گڵاوەکەی ڕاخوڕی و فەرمووی: ‘‘ئەی ڕووحی کەڕوڵاڵ، فەرمانت پێ دەکەم: لێی وەرە دەرەوە و جارێکی دیکە نەچیتەوە ناوی!’’

٢٦ جا هاواری کرد و بە توندی خووگرتی کرد و دەرچوو. وەک مردووی لێ هات، تەنانەت زۆر کەس وتیان: ‘‘مرد!’’.

٢٧ ئیشۆع دەستی گرت و هەستاندیەوە، ئەویش هەستا.

٢٨ کاتێ چووە ماڵێک، قوتابییەکانی بە تەنها لێیان پرسی: ‘‘بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەری بکەین؟’’

٢٩ پێی فەرموون: ‘‘ئەم جۆرە بە نوێژ و ڕۆژوو نەبێت دەرناکرێت’’.

٣٠ لەوێ ڕۆیشتن و بە گلیلادا تێپەڕین، ئیشۆعیش نەیویست کەس بزانێت،

٣١ چونکە قوتابییەکانی فێردەکرد و پێی دەفەرموون: ‘‘ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵک و دەیکوژن، دوای کوشتنی بە سێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە’’.

٣٢ بەڵام ئەوان لە فەرموودەکە تێنەگەیشتن و ترسان لێی بپرسن.

٣٣ ئینجا هاتە کپەڕناخوم. کە گەیشتە ماڵەوە، لێی پرسین: ‘‘لە ڕێگا گفتوگۆی چیتان دەکرد؟’’

٣٤ بەڵام ئەوان بێدەنگ بوون، چونکە لە ڕێگادا مشتومڕیان لەگەڵ یەکتر کرد کە کامیان مەزنترە.

٣٥ جا دانیشت و دوازدەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر یەکێک ویستی یەکەم بێت، با لەدوای هەمووان و ڕاژەوانی هەمووان بێت’’.

٣٦ ئینجا منداڵێکی هێنا و لەناوەڕاستیاندا ڕایگرت، گرتییە باوەشی و پێی فەرموون:

٣٧ ‘‘ئەوەی بە ناوی منەوە یەکێک لەم منداڵانە پەسەند بکات، ئەوا من پەسەند دەکات، ئەوەی پەسەندم بکات، پەسەندی من ناکات، بەڵکو ئەوەی ناردوومی’’.

٣٨ یوحەننەن پێی وت: ‘‘ڕابی، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە شەیتانی دەردەکرد، ئێمەش قەدەغەمان لێ کرد، چونکە دوامان ناکەوێت’’.

٣٩ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘قەدەغەی لێ مەکەن. کەس نییە بە ناوی منەوە پەرجو بکات و بتوانێت خێرا بە خراپە باسم بکات.

٤٠ چونکە ئەوەی دژمان نییە لەگەڵماندایە.

٤١ چونکە ئەوەی بە ناوی منەوە جامێک ئاوی پێدان، لەبەر ئەوەی هی مەسیحن، ڕەواتان پێ دەڵێم: پاداشتی ون نابێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٢ ئەوەی ساتمە بە یەکێک لەم بچووکانە بکات کە باوەڕیان بە من هەیە، بۆی باشترە بەرداشێک بە ملیەوە هەڵبواسرێت و فڕێبدرێتە دەریاوە.

٤٣ ئەگەر دەستت بووە کۆسپ بۆت، بیبڕەوە. باشترە بۆت بە یەک دەستەوە بچیتە نێو ژیانەوە لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە دۆزەخ، نێو ئاگرێک کە ناکوژێتەوە.

٤٤ لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.

٤٥ ئەگەر پێت بووە کۆسپ بۆت، بیبڕەوە. باشترە بۆت بە یەک پێیەوە بچیتە نێو ژیانەوە لەوەی دوو پێت هەبێت و فڕێبدرێیتە نێو دۆزەخ.

٤٦ لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.

٤٧ ئەگەر چاوت بووە کۆسپ بۆت، دەریبهێنە. باشترە بۆت بە یەک چاو بچیتە نێو پاشایەتیی خوداوە لەوەی دوو چاوت هەبێت و فڕێبدرێیتە نێو دۆزەخ.

٤٨لەوێ کرمەکانیان نامرێت وئاگرەکە ناکوژێتەوە.

٤٩ چونکە هەموو بە ئاگر سوێر دەکرێن و هەموو سەربڕاوێک بە خوێ سوێر دەکرێتەوە.

٥٠ خوێ باشە، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێری دەکەنەوە؟ با خوێتان تێدابێت و لەگەڵ یەکتری لە ئاشتیدا بن".

مەرقوس 10

١ ئینجا ئیشۆع لەوێ هەستا و هاتە دەڤەری ئیهوود لەوبەری یوردنەن. دیسان کۆمەڵێک لێی کۆبوونەوە، وەک نەریتی خۆی ئامۆژگاریی دەکردن.

٢ هەندێک پەرِیشی هاتن و پرسیان لێی کرد: "ئایا دروستە مێرد ژنەکەی تەڵاق بدات؟"

٣وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "مووشێ چی پێ ڕاسپاردوون؟"

٤ وتیان: "مووشێ ڕێی داوە تەڵاقنامە بنووسرێت و تەڵاق بکەوێت".

٥ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "لەبەر دڵڕەقیتان ئەم ڕاسپاردەیەی بۆ نووسین.

٦ بەڵام لە سەرەتای ئافراندنەوە، خودا بە نێر و مێ ئافراندنی.

٧ لەبەرئەمە پیاو باوک و دایکی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەلکێت،

٨ ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە. کەواتە ئیتر دوو نین، بەڵکو یەک جەستەن.

٩ ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە".

١٠ لە ماڵەوەش، قوتابییەکان دیسان لەم بارەیەوە لێیان پرسی.

١١ پێی فەرموون: "ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی بەرامبەری دەکات.

١٢ ئەگەر ژن مێردەکەی تەڵاق بدات و مێرد بە یەکێکی دیکە بکات، ئەوا داوێنپیسی دەکات".

١٣ منداڵیان بۆ لای هێنا تاکو دەستیان لێ بدات. بەڵام قوتابییەکان لێیان ڕاخوڕین.

١٤ کە ئیشۆع ئەمەی بینی، پێی ناخۆش بوو، پێی فەرموون: "لێگەڕێن منداڵان بێنە لام و قەدەغەیان لێ مەکەن، چونکە پاشایەتیی خودا هی وەک ئەمانەیە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێک پاشایەتیی خودا پەسەند نەکات، ناچێتە ناویەوە”.

١٦ منداڵەکانیشی لە باوەش کرد، دەستی لەسەر دانان و داڕشتی کردن.

١٧ کاتێ ئیشۆع دەردەچوو بەڕێوە بوو، کابرایەک ڕایکردە لای، کڕنۆشی بۆ برد و لێی پرسی: “ڕابیی باش، چی بکەم تاکو ژیانی جاویدانی بە میرات بگرم؟”

١٨ ئیشۆع پێی فەرموو: “بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟ بێجگە لە خودا کەس باش نییە.

١٩ ڕاسپاردەکان دەزانیت: داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، مەدزە، گەواهیی درۆ مەدە، تاڵانی مەکە، ڕێز لە باوک و دایکت بگرە”.

٢٠ ئەویش وەڵامی دایەوە و پێی وت: “ڕابی، لە مێردمنداڵییەوە هەموو ئەمانەم پاراستووە”.

٢١ ئیشۆع سەیری کرد و خۆشی ویست، پێی فەرموو: “شتێکت کەمە: بڕۆ هەموو شتێکت بفرۆشە و بیدە هەژاران، گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە دوام بکەوە و خاچەکەت هەڵبگرە”.

٢٢ بەم قسەیە دڵی خورپەی کرد، بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو.

٢٣ ئیشۆع سەیری دەوروپشتی کرد و بە قوتابییەکانی فەرموو: “چوونە نێوەوەی پاشایەتیی خودا بۆ دەوڵەمەند چەند سەختە!”

٢٤ قوتابییەکان لە فەرموودەکانی سەرسام بوون، ئیشۆع دیسان پێی فەرموون: “ڕۆڵەکانم، چوونە نێو پاشایەتیی خودا چەند سەختە بۆ ئەوانەی پشت بە سامان دەبەستن!

٢٥ ڕۆیشتنی گوریسێک بە کونی دەرزییەک ئاسانترە لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە نێو پاشایەتیی خودا”.

٢٦ جا زیاتر سەرسام بوون و بە یەکتریان وت: “کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟”

٢٧ ئیشۆعیش سەیری کردن، فەرمووی: “لەلای مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا نا، چونکە لەلای خودا هەموو شتێک دەبێت”.

٢٨ پەترۆس پێی وت: “ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێک هێناوە و دوات کەوتووین”.

٢٩ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: “ڕەواتان پێ دەڵێم: کەس نییە ماڵ یان برا یان خوشک یان باوک یان دایک یان منداڵ یان کێڵگەی لە پێناوی من و لە پێناوی ئینجیل بەجێهێشتبێت،

٣٠ ئێستا لەم زەمانەدا سەد ئەوەندە وەرنەگرێتەوە لە ماڵ و برا و خوشک و دایک و منداڵ و کێڵگە لەگەڵ چەوسانەوە، لە زەمانی داهاتووشدا ژیانی جاویدانی.

٣١ بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، دواهەمینیش یەکەمین”.

٣٢ بە ڕێگاوە بۆ یروشلایم سەردەکەوتن، ئیشۆع پێشیان کەوتبوو، قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، کاتێ دوای دەکەوتن دەترسان. دیسان دوازدەکەی دابڕی و پێیان فەرموو کەوا چی بەسەردێت:

٣٣ “ئەوا بۆ یروشلایم سەردەکەوین، ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان دەکرێت، حوکمی مەرگی دەدەن، دەیدەنە دەست نەتەوەکان،

٣٤ گاڵتەی پێ دەکەن و بە قامچی لێی دەدەن و تفی لێدەکەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە”.

٣٥ یاقوو و یوخەننەنی کوڕەکانی زەبدی هاتنە لای و پێیان وت: “ڕابی، دەمانەوێت هەرچی داوای دەکەین بۆمان بکەیت”.

٣٦ ئەویش پێی فەرموون: “چیتان دەوێت بۆتان بکەم؟”

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧ پێیان وت: ‘‘لە شکۆمەندییەکەت بماندەرێ یەکێکمان لەلای ڕاستت و یەکێکمان لەلای چەپت دانیشین’’.

٣٨ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئێوە نازانن داوای چی دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە، عەمادی ئازار بکرێن کە من پێیدا تێپەڕ دەبم؟’’

٣٩ پێیان وت: ‘‘دەتوانین’’. ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘ئەو جامەی من دەیخۆمەوە، ئێوەش دەیخۆنەوە، بەو شێوەیەی من عەمادی ئازار دەکرێم، ئێوەش عەماد دەکرێن.

٤٠ بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە بۆم نییە بیدەم، تەنها بۆ ئەوانەیە کە بۆیان دانراوە’’.

٤١ کاتێ دە قوتابییەکە بیستیان، دڵگران بوون لە یاقوو و یوحەننەن.

٤٢ ئیشۆعیش بانگیکردن و پێی فەرموون: ‘‘خۆتان دەزانن ئەوانەی بە سەرۆک نەتەوە دادەنرێن سەروەری دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان هەیە بەسەریان.

٤٣ بەڵام لەنێو ئێوە ئاوا نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا مەزن بێت، با ببێتە ڕاژەوانتان.

٤٤ ئەوەش کە دەیەوێت لەنێوتاندا یەکەمین بێت، با ببێتە بەندەی هەمووتان.

٤٥ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو ڕاژە بکرێت، بەڵکو ڕاژە بکات و لە پێناوی زۆر کەس ژیانی خۆی بەخت بکات’’.

٤٦ گەیشتنە ئەریخو. کاتێ لە ئەریخو دەردەچوو، لەگەڵ قوتابییەکانی و کۆمەڵانێکی زۆر، سواڵکەرێکی نابینا، بارتیمەی کوڕی تیمە، لەسەر ڕێگا دانیشتبوو.

٤٧ بیستی ئەوە ئیشۆعی ناسرەتییە، هاواری کرد: ‘‘ئیشۆع، ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!’’

٤٨ زۆر کەس لێیان ڕاخوڕی تاکو بێدەنگ بێت. بەڵام زۆر بەرزتر هاواری دەکرد: ‘‘ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!’’

٤٩ ئیشۆع ڕاوەستا، فەرمانی دا بانگی بکەن. ئەوانیش نابیناکەیان بانگکرد و پێیان وت: ‘‘دڵنیابە! هەستە! ئەوەتا بانگت دەکات’’.

٥٠ ئیتر کراسەکەی فڕێدا و هەستا، هاتە لای ئیشۆع.

٥١ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘چیت دەوێ بۆت بکەم؟’’ نابیناکە پێی وت: ‘‘گەورەم، با ببینم’’.

٥٢ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘بڕۆ! باوەڕت چاکیکردیتەوە’’. یەکسەر بینییەوە و بە ڕێگادا دوای ئیشۆع کەوت.

مەرقوس 11

١ کاتێ لە یروشلایم نزیک بوونەوە، لە بتپاگی و بتعەنیا لەلای کێوی زەیتوون، دووان لە قوتابییەکانی نارد،

٢ پێی فەرموون: ‘‘بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، هەرکە دەچنە نێوی، دەبینن جاشێک بەستراوەتەوە تا ئێستا کەس سواری نەبووە، بیکەنەوە و بیهێنن.

٣ ئەگەر یەکێک پێی وتن: بۆ ئەمە دەکەن؟ بڵێن: پەروەردگار پێویستی پێیەتی، ئینجا یەکسەر بۆ ئێرەی دەنێرێت’’.

٤ چوون و لە شەقامەکە بینییان جاشێک لە دەرگای دەرەوە بەستراوەتەوە، ئەوانیش کردیانەوە.

٥ هەندێ کەس لەوێ ڕاوەستابوون، پێیان وتن: ‘‘چی دەکەن، جاشەکە دەکەنەوە؟’’

٦ وەک ئیشۆع پێی ڕایسپاردبوون وەڵامیان دایەوە، ئیتر ڕێگایان دان.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ جاشەکەیان بۆ ئیشۆع هێنا و کراسەکانیان خستە سەری، ئەویش سواری بوو.

٨ زۆر کەسیش کراسەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست، هەندێکیش لە درەختەکان لقەداریان بڕیەوە و لەسەر ڕێگاکە ڕایانخست.

٩ ئەوانەی پێشیەوە و ئەوانەش کە لەدوایەوە دەڕۆیشتن، هاواریان دەکرد: "هۆسانا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە هاتووە!

١٠ پیرۆزە پاشایەتیی داویدی باوکمان کە بەناوی پەروەردگارەوە هاتووە! هۆسانا لە بەرزایی!"

١١ ئیشۆع چووە نێو یروشلایم و پەرستگاکە، کاتێ تەماشای هەموو شتێکی دەوروبەری کرد، کاتەکە درەنگ داهات و لەگەڵ دوازدەکە بۆ بتعەنیا دەرچوون.

١٢ بۆ بەیانی کە لە بتعەنیا دەرچوون، برسیی بوو.

١٣ لە دوورەوە دارهەنجیرێکی بینی گەڵای کردبوو، هاتە لای تاکو شتێکی پێوە ببینێت. کاتێ هاتە لای، لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، چونکە وەرزی هەنجیر نەبوو.

١٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "ئیتر تاهەتایە کەس لە بەرت ناخوات!". قوتابییەکانیشی گوێیان لێبوو.

١٥ هاتنەوە یروشلایم، کاتێ ئیشۆع چووە نێو پەرستگاکە، هەموو ئەوانەی دەرکرد کە فرۆشتن و کڕینیان لە پەرستگادا دەکرد، مێزی پارەگۆڕەوان و تەختی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا.

١٦نەیهێشت کەس بە شتومەکەوە بە نێو پەرستگادا تێپەڕێت.

١٧ ئامۆژگاریی دەکردن و دەیفەرموو: "ئایا نەنووسراوە: *{ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت بۆ هەموو گەلان؟}* بەڵام ئێوە کردووتانە بە *{ئەشکەوتی دزان}* !"

١٨ تەوراتزان و کاهینانی باڵا گوێیان لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن، چونکە لێی دەترسان لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە ئامۆژگاریەکانی سەرسام ببوون.

١٩ کاتێ ئێوارە داهات، چووە دەرەوەی شار.

٢٠ بەیانی بەوێدا تێدەپەڕین، دارهەنجیرەکەیان بینی لە ڕەگەوە وشک بووە.

٢١ پەترۆس بیری کەوتەوە و وتی: "گەورەم، سەیر بکە! دارهەنجیرەکەی نەفرەتت لێکرد، وشک بووە!"

٢٢ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "با باوەڕتان بە خودا هەبێت.

٢٣ چونکە ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی بەم کێوە بڵێت هەڵکەندرێ و بکەوە نێو دەریاوە! لە دڵدا گومان نەکات، بەڵکو باوەڕ بکات ئەوەی دەیڵێت دەبێت، ئەوا هەرچیەک بڵێت بۆی دەبێت.

٢٤ بۆیە پێتان دەڵێم: هەموو ئەوەی داوای دەکەن کاتێ نوێژ دەکەن، باوەڕ بکەن کە وەرتانگرتووە، بۆتان دەبێت.

٢٥ کاتێ دەوەستن نوێژ بکەن، ئەگەر شتێکتان بەسەر یەکێکەوە هەبێت لێی خۆشبن، تاکو باوکیشتان ئەوەی کە لە ئاسمانانەدایە لە گوناهەکانتان خۆشبێت.

٢٦ ئەگەریش ئێوە لێ خۆش نەبن، باوکتان ئەوەی لە ئاسمانانەدایە لە گوناهەکانتان خۆش نابێت".

٢٧ دیسان هاتنەوە یروشلایم، کاتێ ئیشۆع لە پەرستگادا ڕێی دەکرد، کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان و پیران هاتنە لای،

٢٨ پێیان وت: "بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە ئەم شتانە بکەیت؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘منیش یەک پرستان لێ دەکەم، وەڵامم بدەنەوە، پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم:

٣٠ عەمادکردنی یوخەننەن لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟ وەڵامم بدەنەوە!’’

٣١ لەنێو خۆیاندا بیریان کردەوە، وتیان: ‘‘ئەگەر بڵێین: لە ئاسمانەوە بوو، دەڵێت: بۆچی باوەڕتان پێی نەهێنا؟

٣٢ئەگەریش بڵێین: لە مرۆڤەوە بوو’’. لە خەڵک دەترسان، چونکە یوخەننەن لەلای هەمووان پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە بوو.

٣٣ ئینجا وەڵامی ئیشۆعیان دایەوە و وتیان: ‘‘نازانین’’. ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم’’.

مەرقوس 12

١ دەستی پێکرد بە پەند قسەیان بۆ بفەرمووێت: ‘‘کابرایەک ڕەزێکی چاند، دەوروپشتەکەی پەرژین کرد، گوشینەرێکی ترێی تێدا هەڵکۆڵی و قوللـەیەکی بنیاد نا. بە ڕەزەوانانی سپارد و گەشتی کرد.

٢ لە وەرزی خۆیدا کۆیلەیەکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو بەرهەمی ڕەزەکە لە ڕەزەوانەکان وەربگرێت.

٣ ئەوانیش بردیان و بەقامچیان لێ دا و بە دەستی بەتاڵ ناردییانەوە.

٤ دیسان کۆیلەیەکی دیکەی بۆ ناردن، ئەمیشیان بەردباران کرد و سەریان شکاند و سووکایەتییان پێ کرد.

٥ یەکێکی دیکەشی نارد، کوشتییان. زۆری دیکەش، لە هەندێکیان بەقامچی دا و هەندێکیان کوشت.

٦ یەکێکی مابوو، کوڕە خۆشەویستەکەی، لە کۆتاییدا ئەویشی بۆ لایان نارد، وتی: ڕێزی کوڕەکەم دەگرن!.

٧ بەڵام ئەو ڕەزەوانانە بە یەکتریان وت: ئەوەتا میراتگر!، با بیکوژین، تاکو ببینە میراتگر!.

٨ جا بردیان و کوشتییان و فڕێیاندایە دەرەوەی ڕەزەکە.

٩ خاوەنی ڕەزەکە چی دەکات؟ دێت و ڕەزەوانەکان لەناودەبات و ڕەزەکە دەداتە خەڵکی دیکە.

١٠ ئەم نووسراوەتان نەخوێندۆتەوە: *{ئەو بەردەی بنیادنەران ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک.*

١١ *ئەمە لەلایەن پەروەردگارەوە بوو، لەبەرچاومان سەیرە!}* ’’.؟

١٢ دەیانویست بیگرن، چونکە زانییان پەندکەی لەسەر ئەوان فەرموو، بەڵام لە کۆمەڵەکە ترسان، ئیتر وازیان لێ هێنا و ڕۆیشتن.

١٣ ئینجا هەندێک لە پەریشییەکان و هیرۆودسییەکانیان نارده لای ئیشۆع، تاکو بە وشەیەکی تووشی بکەن.

١٤ کاتێ هاتن، پێیان وت: ‘‘ڕابی، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت، گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەماشای ڕووی خەڵک ناکەیت، بەڵکو بە ڕەوا ڕێگای خودا فێردەکەیت. دروستە سەرانە بدرێتە قەیسەر یان نا؟ بیدەین یان نەیدەین؟’’

١٥ بەڵام ئیشۆع بە ڕووپامایی ئەوانی زانی و پێی فەرموون: ‘‘بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ دینارێکم بۆ بهێنن با ببینم’’.

١٦ هێنایان، جا پێی فەرموون: ‘‘ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟’’ پێیان وت: ‘‘قەیسەر’’.

١٧ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا’’. جا لێی سەرسام بوون.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ زادوقییەکان کە دەڵێن هەستانەوە نییە هاتنە لای و پرسیان لێکرد و وتیان:

١٩ "ڕابی، مووشێ بۆی نووسیوین، ئەگەر یەکێک براکەی بە وجاخکوێری مرد و ژنەکەی لە پاش خۆی بەجێهێشت، ئەوا براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە.

٢٠ حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وجاخکوێری مرد.

٢١ دووەم خواستییەوە و بە وجاخکوێری مرد، سێیەمیش ئاوا.

٢٢ هەر حەوتەکە وجاخکوێر بوون، لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد.

٢٣ کاتێ لە هەستانەوەدا هەڵدەستنەوە، ژنەکە بۆ کامیان دەبێت؟ چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە".

٢٤ئیشۆع وەڵامیان دایەوە و پێی فەرموون: "ئایا ئێوە گومڕا نین، چونکە نە لە سیپارەکان دەزانن و نە هێزی خودا؟

٢٥ چونکە کاتێ لە مردن هەڵدەستێنەوە، نە ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو لە ئاسمانداندا وەک فریشتە دەبن.

٢٦ بەڵام دەربارەی مردووان کە هەڵدەستێنەوە، ئایا لە سیپارەی مووشێدا نەتانخوێندۆتەوە، چۆن لە دەوەنەکەدا خودا پێی فەرموو: *{منم خودای ئەوڕاهەم و خودای ئسخەق و خودای یاقوو؟}*

٢٧ ئەو خودای مردووان نییە، بەڵکو خودای زیندووانە. ئێوە زۆر گومڕان!"

٢٨ یەکێک لە تەوراتزانەکان هات، گوێی لێیان بوو گفتوگۆیان دەکرد، بینی ئیشۆع وەڵامێکی باشی دانەوە، لێی پرسی: "چ ڕاسپاردەیەک یەکەمی هەمووانە؟"

٢٩ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: "یەکەمی هەموو ڕاسپاردەکان ئەمەیە: ئەی ئیسڕائیل گوێ بگرن، پەروەردگار خوداوەندمان یەک پەروەردگارە،

٣٠ جا پەروەردگار خوداوەندت بە هەموو دڵ و هەموو دەروون و هەموو بیر و هەموو تواناتانەوە خۆشبووێ. ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە.

٣١ دووەمیش وەک یەکەمینە و ئەمەیە: نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ، هیچ ڕاسپاردەیەک لەم دووانە مەزنتر نییە".

٣٢تەوراتزانەکەش پێی فەرموو: "ڕاستە ڕابی، ڕەوات فەرموو کە یەک خودا هەیە و بێجگە لەو خودای دیکە نییە.

٣٣ خۆشویستنی ئەویش بە هەموو دڵ و بە هەموو تێگەیشتن و بە هەموو دەروون و بە هەموو تواناوەیە، هەروەها خۆشویستنی نزیک وەک خۆت، لە هەموو قوربانیی سووتاندن و قوربانییەکان باشترە".

٣٤ ئیشۆع بینی بە داناییەوە وەڵامی دایەوە، پێی فەرموو: "لە پاشایەتی خوداوە دوور نیت". ئیتر کەس نەوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسێت!

٣٥ کاتێ ئیشۆع لە پەرستگاد ئامۆژگاریی دەکرد فەرمووی: "تەوراتزان چۆن دەڵێن: مەسیح ڕۆڵەی داویدە؟

٣٦ چونکە داوید خۆی بە ڕووحی پارساوە وتی: *{پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لە لای ڕاستم دانیشە تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێت}*.

٣٧ ئەگەر داوید پێی دەڵێ پەروەردگار، ئیتر چۆن دەبێتە ڕۆڵەی؟" کۆمەڵە زۆرەکەش بە خۆشییەوە گوێیان لێی دەگرت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٨ لە ئامۆژگاریەکەیدا فەرمووی: ‘‘ئاگاداری تەوراتزانەکان بن، حەزدەکەن بە جلی شۆڕ بگەڕێن و لە بازاڕدا سڵاویان لێ بکرێت،

٣٩ لە کەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە بگرن و لە ڕیزی سەرەوەی میوانداری بن.

٤٠ ماڵی بێوەژن دەخۆن و بەئەنقەست درێژە بە نوێژەکانیان دەدەن. ئەوانە سەختترین سزا وەردەگرن’’.

٤١ ئیشۆع بەرامبەر گەنجینەکە دانیشت و سەیری کرد چۆن خەڵکی مس دەخەنە نێو گەنجینەکەوە، زۆر دەوڵەمەند زۆریان دادەنا.

٤٢ بێوەژنێکی هەژار هات و دوو فلسی دانا کە نیو عانەیە.

٤٣ قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: ‘‘ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەم بێوەژنە هەژارە، لە هەموو ئەوانەی دەخەنە نێو گەنجینەکە زیاتری دانا.

٤٤ چونکە هەموو لە زیادەی خۆیان دایان نا، بەڵام ئەمە لە پێویستی خۆی، هەرچی هەیبوو، هەرچی پێی دەگوزەرا داینا’’.

مەرقوس 13

١ کاتێ لە پەرستگاکە دەردەچوو، یەکێک لە قوتابییەکانی پێی وت: ‘‘ڕابی تەماشا بکە! چ جۆرە بەرد و چ جۆرە تەلارێکن!’’

٢ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘ئەم تەلارە مەزنانە دەبینیت؟ بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕوخێت’’.

٣ کاتێ ئیشۆع لەسەر کێوی زەیتوون بەرامبەر پەرستگاکە دانیشتبوو، پەترۆس و یاقوو و یوحەننەن و ئەندراوس بە تەنها لێیان پرسی:

٤ ‘‘پێمان بفەرموو کەی ئەمانە دەبێت؟ و نیشانە چییە کە هەموو ئەمانە تەواو بن؟’’

٥ئیشۆع وڵامی دانەوە و فەرمووی: ‘‘ئاگاداربن! کەس چەواشەتان نەکات.

٦ زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن: من ئەوم! زۆر کەسیش چەواشە دەکەن.

٧ کاتێ جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن مەتۆقن. چونکە دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا پایان نییە.

٨ چونکە نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و پاشایەتی لە پاشایەتی، لە زۆر شوێن بوومەلەرزە ڕوودەدات، هەروەها برسێتی و شڵەژاندن، ئەمەش دەستپێکی ژانەکانە.

٩ ئاگاداری خۆتان بن، چونکە ڕادەستی کەنیشتەکان دەکرێن، جا لێتان دەدرێت و لەبەردەم دادوەران و پاشاکان لە پێناوی من ڕادەوەستێنرێن، وەک گەواهیەک بۆیان.

١٠ هەروەها دەبێ یەکەمجار ئینجیل بە هەموو نەتەوەکان ڕابگەیەندرێت.

١١ کاتێکیش دەتانبەن بۆ ئەوەی ڕادەستتان بکەن، پێش وەخت گرنگی بەوەی نەدەن چی بڵێن، گوێی مەدەنێ، بەڵکو لەو کاتەدا چیتان دەدرێتێ بەوە بدوێن، چونکە ئێوە نین دەدووێن، بەڵکو ڕووحی پارسایە.

١٢ برا برای خۆی بۆ مەرگ ڕادەست دەکات، باوکیش کوڕی خۆی، کوڕان لە دایبابیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن.

١٣ لەپێناوی ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو پایان دانبەخۆ بگرێت، ڕزگاری دەبێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ کاتێ{*گڵاویی وێرانکار*} دەبینن کە دانیئێلی پێغەمبەر دەربارەی وتوە لەو جێگایە ڕاوەستاوە کە نابێ لێی بێت. ـ با خوێنەر تێبگات ـ ئینجا با ئەوانەی لە ئیهوودان هەڵبێن بۆ چیاکان،

١٥ ئەوەی لە سەربانە، با نەیەتە ماڵەوە و نەچێتە ژوورەوە تاکو شتێک لە ماڵەکەی ببات،

١٦ هەروەها ئەوەی لە کێڵگەیە با نەگەڕێتەوە تاکو جلەکەی ببات.

١٧ لەو ڕۆژانەدا وەی بەحاڵی دووگیان و شیردەران!

١٨ نوێژ بکەن تاکو ئەوە لە زستاندا نەبێت.

١٩ چونکە لەو ڕۆژانەدا تەنگانەیەک ڕوودەدات، لە سەرەتای ئافریدەکانەوە کە خودا ئافراندیانن تا ئێستا ئاوا نەبووە و نابێت.

٢٠ئەگەر پەروەردگار ئەو ڕۆژانەی کورت نەکردبایەوە، هیچ جەستەدارێک ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی بژاردەکان کە هەڵیبژاردوون، ئەو ڕۆژانەی کورت کردۆتەوە.

٢١ لەوکاتەدا گەر یەکێک پێی وتن: ئەوەتا مەسیح لێرەیە! یان: ئەوەتا لەوێیە! بڕوا مەکەن.

٢٢ چونکە چەند مەسیحێکی درۆزن و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانە و پەرجو دەکەن، تاکو ئەگەر بکرێ تەنانەت بژاردەکانیش هەڵبخەڵەتێنن.

٢٣ بەڵام ئێوە ئاگاداربن، ئەوا پێشوەخت هەموو شتێکم پێ وتن.

٢٤ بەڵام لەو ڕۆژانەدا، دوای ئەو تەنگانەیە، خۆر تاریک دەبێت و مانگیش ڕووناکی خۆی نادات،

٢٥ ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون، هێزەکانی ئاسمانان دەهەژێن.

٢٦ ئەوسا ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن بە هێزێکی گەورە و شکۆوە لەنێو هەورەوە دێت.

٢٧ ئینجا فریشتەکانی دەنێرێت و بژاردەکانی لە چوار باکە کۆدەکاتەوە، لەمپەڕی زەوییەوە تاکو ئەوپەڕی ئاسمان.

٢٨ لە دارهەنجیرەوە پەند وەرگرن، کاتێ لقەکانی نەرم بوون و گەڵایان کرد، دەزانن هاوین نزیکە.

٢٩ئێوەش، کاتێ دەبینن ئەمانە ڕوودەدات، بزانن کە نزیکە و لەبەردەرگایە.

٣٠ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەر ناچێت تاکو ئەمانە هەمووی دەبێت.

٣١ ئاسمان و زەوی لەناودەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز لەناوناچن.

٣٢ سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، نە فریشتەکان کە لە ئاسماندان و نە ڕۆڵە، باوک نەبێت.

٣٣ ئاگاداربن! بێداربن و نوێژبکەن چونکە نازانن کەی ئەو کاتە دادێت.

٣٤ وەک پیاوێکی گەشتکردوو، ماڵەکەی بەجێهێشتووە و دەسەڵاتی داوەتە کۆیلەکانی، هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردووە بێدار بێت.

٣٥ بۆیە بێداربن، چونکە نازانن کەی خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە، ئێوارە، یان نیوەی شەو، یان لەگەڵ قوولاندنی کەڵەشێر، یان بەیانی.

٣٦ نەوەک لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت خەوتوون.

٣٧ جا ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: بێداربن!”

مەرقوس 14

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ جەژنی پەسخە و ڕۆژانی فەتیرە دوو ڕۆژی مابوو، کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان دەگەڕان بە فێڵێک چۆن بیگرن و بیکوژن،

٢ بەڵام وتیان: نەک لە جەژندا، نەوەک ئاژاوە بکەوێتە نێو گەل.

٣ لە بتعەنیا، لە ماڵی شیمعونی گول لەسەر خوان بوو، ژنێک هات بوتڵێکی بۆنی ناردینی سادەی گرانبەهای پێبوو، بوتڵەکەی شکاند و بەسەریدا ڕژاند.

٤ هەندێک زویر بوون و بە یەکتریان وت: ''بۆچی بۆنەکە ئاوا بە فیڕۆ درا؟

٥ دەتوانرا ئەم بۆنە بە زیاتر لە سێ سەد دینار بفرۆشرایە و بدرایە هەژاران''. جا سەرزەنشتی ژنەکەیان کرد.

٦ بەڵام ئیشۆع فەرمووی: ''لێیگەڕێن. بۆ بێزاری دەکەن؟ کارێکی چاکی بۆ من کرد!.

٧ چونکە هەژاران هەمیشە لەلاتانن، کەی ویستتان دەتوانن چاکەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.

٨ ئەوەی لە دەستی هات کردی، پێشوەخت لەشمی بۆ کفنکردن چەورکرد.

٩ ڕەواتان پێ دەڵێم: لە هەموو جیهاندا لە هەر کوێ ئەم ئینجیلە ڕابگەیێندرێت، باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەم ژنە کردوویەتی، بۆ یادکردنەوەی''.

١٠ ئینجا ئیهوودای ئەسخەریوتی یەکێک بوو لە دوازدەکە، چووە لای کاهینانی باڵا تاکو ئیشۆعیان ڕادەست بکات.

١١ کاتێ گوێیان لێبوو، دڵخۆش بوون و بەڵێنیان پێیدا زیوی بدەنێ. جا لە هەلێک دەگەڕا تاکو ڕادەستی بکات.

١٢ لە یەکەم ڕۆژی جەژنی فەتیرەدا، کە قوربانیی پەسخەیان دەکرد، قوتابییەکانی پێیان وت: ''دەتەوێ بچینە کوێ ئامادەکاری بکەین، تاکو پەسخە بخۆیت؟''

١٣ ئەویش دووان لە قوتابییەکانی نارد، پێی فەرموون: ''بڕۆنە نێو شار، کابرایەک تووشتان دەبێت گۆزەیەک ئاوی هەڵگرتووە، دوای بکەون.

١٤ لەکوێ چووە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەکە بڵێن: ڕابی دەڵێ: کوا ژوورەکە تاکو لەگەڵ قوتابییەکانم پەسخەی تێدا بخۆم؟

١٥ ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی گەورەتان پیشان دەدات، ڕاخراوە و ئامادە کراوە، لەوێ بۆمانی ئامادە بکەن''.

١٦ قوتابییەکان دەرچوون و هاتنە شار، وەک پێی فەرمووبوون بینییان و پەسخەیان ئامادە کرد.

١٧ کە ئێوارە داهات، لەگەڵ دوازدەکە هات.

١٨ پاڵیاندابووەوە نانیان دەخوارد، ئیشۆع فەرمووی: ''ڕەواتان پێ دەڵێم، یەکێکتان وا لەگەڵم دەخوات، ڕادەستم دەکات!''

١٩ خەم دایگرتن و یەک یەک وتیان: ''خۆ من نیم؟''، ''خۆ من نیم؟''

٢٠ پێی فەرموون: ''یەکێکە لە دوازدەکە، ئەوەی لەگەڵم دەستی لەنێو قاپەکەدایە.

٢١ ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت وەکو نووسراوە بڕوات، بەڵام وەی بەحاڵی ئەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەست دەکات! باشتر بوو بۆ ئەو پیاوە هەر لەدایک نەبووایە!''.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ کاتێ نانیان دەخوارد، ئیشۆع نانێکی هەڵگرت و داڕشتیکرد و لەتیکرد، پێیدان و فەرمووی: ‘‘بگرن بخۆن، ئەمە لەشی منە’’.

٢٣ ئینجا جامێکی هەڵگرت و سوپاسی کرد و پێیدان، هەموو لێیان خواردەوە.

٢٤ پێی فەرموون: ‘‘ئەمە خوێنی منە کە بۆ پەیمانی نوێی، لەپێناوی زۆر کەس دەڕژێت.

٢٥ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە تاکو ئەو ڕۆژەی لە پاشایەتیی خودا بە نوێی دەیخۆمەوە’’.

٢٦ ئینجا ستایشیان کرد و بۆ کێوی زەیتوون دەرچوون.

٢٧ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئەمشەو هەمووتان گومانم لێ دەکەن، چونکە نووسراوە: *{لە شوانەکە دەدەم، کاوڕەکان پەرت دەبن}* .

٢٨ بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ گلیلا’’.

٢٩ پەترۆس پێی وت: ‘‘ئەگەر هەموو گومان بکەن، من گومان ناکەم!’’.

٣٠ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘ڕەوات پێ دەڵێم: تۆ ئەمڕۆ، هەر ئەمشەو، پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بقووڵێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت’’.

٣١ بەڵام زیاتر پێی داگرت و وتی: ‘‘ئەگەر ناچار بم لەگەڵیشت بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم!’’. هەمووشیان وایان وت.

٣٢ هاتنە شوێنێک پێی دەووترا گێتسیمەن، بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘لێرە دانیشن تاکو نوێژ دەکەم’’.

٣٣ ئینجا پەترۆس و یاقوو و یوحەننەنی لەگەڵ خۆی برد، دەستی بە دڵگرانی و دڵتەنگی کرد.

٣٤ پێی فەرموون: ‘‘زۆر دڵتەنگم، خەریکە بمرم! لێرە بمێننەوە و بێدارین’’.

٣٥ کەمێک دوورکەوتەوە و خۆی خستە سەر زەوی، نوێژی کرد تاکو ئەگەر ببێت کاتەکەی بەسەردا تێپەڕێت.

٣٦ فەرمووی: ‘‘بابە! باوکە، هەموو شتێک بۆ تۆ دەبێت، ئەم جامەم لەسەر لابە. بەڵام نەک ئەوەی من دەمەوێت، بەڵکو ئەوەی تۆ دەتەوێت’’.

٣٧ ئینجا گەڕایەوە بینی نووستوون، بە پەترۆسی فەرموو: ‘‘شیمعون نووستوویت؟ نەتتوانی کاژێرێک بێداربیت؟

٣٨ بێدارین و نوێژ بکەن، نەوەک تاقی بکرێنەوە. ڕووح چاڵاکە بەڵام جەستە لاوازە’’.

٣٩ دیسان ڕۆیشت و نوێژی کرد، هەمان وتەی دووبارە کردەوە.

٤٠ دیسان گەڕایەوە بینی نووستوون، چونکە چاویان قورس ببوو، نەیانزانی چۆن وەڵامی بدەنەوە.

٤١ سێیەم جار گەڕایەوە، پێی فەرموون: ‘‘ئێستا بنوون و پشوو بدەن! بەسە! کاتەکە هاتووە! ئەوەتا ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی گوناهباران دەکرێت.

٤٢ هەستن با بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی ڕادەستم دەکات نزیکبووەوە!’’.

٤٣ یەکسەر، کاتێ هێشتا قسەی دەکرد، ئیهوودا یەکێک بوو لە دوازدەکە، گەیشت. کۆمەڵێکی زۆری لەگەڵ بوو لەلایەن کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان و پیرانەوە نێردرابوون، شمشێر و داریان پێبوو.

٤٤ ئەوەی ڕادەستی دەکات، نیشانەیەکی پێدابوون، وتبووی: ‘‘ئەوەی ماچی دەکەم، خۆیەتی، بیگرن و بە پاسەوانییەوە ببەن’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٥ کاتەکە هات و ئیهوودا هاتە لای وتی: ‘‘گەورەم، گەورەم!’’ و ماچی کرد.

٤٦ ئیتر قۆڵبەستیان کرد و گرتییان.

٤٧ یەکێک لە ئامادەبووان، شمشێرەکەی هەڵکێشا، لە کۆیلەی کاهینی باڵا دا و گوێی بڕی.

٤٨ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘وەک بۆ گرتنی دزێک بە شمشێر و کوتەکەوە هاتوون بمگرن؟

٤٩ هەموو ڕۆژێک لە پەرستگادا لەگەڵتان بووم ئامۆژگاریم دەکرد، نەتانگرتم! بەڵام بۆ هاتنەدیی سیپارەکانە’’.

٥٠ ئینجا هەموو بەجێیان هێشت و هەڵاتن.

٥١ گەنجێک دوای ئیشۆع کەوت پارچە کەتانێکی لەبەر بوو ڕووتییەکەی داپۆشیبوو، جا گەنجان گرتییان.

٥٢ئەویش کەتانەکەی بەجێهێشت و بە ڕووتی هەڵات.

٥٣ ئیشۆعیان بردە لای کاهینی باڵا، هەموو کاهینی باڵا و پیران و تەوراتزانەکان کۆبوونەوە.٥٤ پەترۆسیش دووربەدوور تا نێو حەوشەی کاهینی باڵا دوای کەوت، لەگەڵ ڕاژەوانان لەبەردەم ئاگر دانیشتبوو خۆی گەرم دەکردەوە.

٥٥ کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدریم بەدوای گەواهییەک دەگەڕان لەسەر ئیشۆع تاکو بیکوژن، بەڵام دەستیان نەکەوت.

٥٦ چونکە کەسانێکی زۆر بە درۆ گەواهییان لەسەری دا و گەواهییەکانیان کۆک نەبوو.

٥٧ هەندێک هەستان و بە درۆ گەواهییان لەسەری دا و وتیان:

٥٨ ‘‘ئێمە گوێمان لێیبوو دەیووت: من ئەم پەرستگایەی دەستکردە دەیڕوخێنم، بە سێ ڕۆژ یەکێکی دیکە بنیاد دەنێم کە دەستکرد نەبێت’’.

٥٩ لەمەشدا گەواهییەکەیان کۆک نەبوو.

٦٠ کاهینی باڵاش لەناوەڕاست ڕاوەستا و لە ئیشۆعی پرسی: ‘‘هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە گەواهیی چی لە دژت دەدەن؟’’

٦١ بەڵام ئیشۆع بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان کاهینی باڵا لێی پرسی و پێی وت: ‘‘ئایا تۆ مەسیحەکەی، ڕۆڵەی داڕشتکراوەکەی؟’’

٦٢ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘من ئەوم. وا ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن لە دەستەڕاستی هێزدار دادەنیشێت ولەگەڵ هەوری ئاسماندا دێتەوە’’.

٦٣ کاهینی باڵا جلەکانی خۆی دادڕی و وتی: ‘‘ئیتر چ پێویستیەکمان بە گەواهیدەران هەیە؟

٦٤ خۆ گوێتان لە کفرەکانی بوو! ڕاتان چییە؟’’ هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مەرگە.

٦٥ هەندێک تفیان لێ کرد و ڕوویان داپۆشی و مستیان لێ دا و پێیان دەووت: ‘‘پێشبینی بکە’’. ڕاژەوانانیش زیللـەیان لێ دەدا.

٦٦ پەترۆس لە خوارەوە لە حەوشە بوو، یەکێک لە کەنیزەکانی کاهینی باڵا هات.

٦٧ کاتێ پەترۆسی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، تێیڕووانی و وتی: ‘‘تۆش لەگەڵ ئیشۆعی ناسرەتیی بوویت!’’.

٦٨ نکۆڵی کرد و وتی: ‘‘نازانم، تێناگەم چی دەڵێی!’’ دەرچووە داڵانەکە. ئینجا کەڵەشێر قوولاندی.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦٩ کەنیزەکە بینییەوە، بە ئامادەبووانی وت: ‘‘ئەمەش لەوانە!’’

٧٠ دیسان نکۆڵی کرد. پاش کەمێک ئامادەبووان، بە پەترۆسیان وت: ‘‘بە ڕاستی تۆ لەوانیت، چونکە تۆش گلیلاییت و زاراوەکەت وەک زاراوەی ئەوانە!’’.

٧١ دەستیکرد بە نەفرەتکردن و سوێندخواردن: ‘‘ئەم پیاوەی باسی دەکەن ناینناسم!’’.

٧٢ کەڵەشێر بۆ دووەم جار قوولاندی، پەترۆس فەرموودەی ئیشۆعی بیرکەوتەوە کە پێی فەرموبوو: ‘‘پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بقوولێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت’’. کاتێ بیری لێ کردەوە گریا.

مەرقوس 15

١ هەر بەیانی زوو، کاهینانی باڵا و پیران و تەوراتزانەکان و هەموو سەنهەدریم ڕاوێژیان کرد. ئیشۆعیان پەلبەست کرد و بردییان، ڕادەستی پیلاتوسیان کرد.

٢ پیلاتوس لێی پرسی: ‘‘تۆ پاشای جووی؟’’ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘تۆ دەڵێیت’’.

٣ کاهینانی باڵا سکاڵای زۆریان لێ دەکرد.

٤ پیلاتوس لێی پرسییەوە: ‘‘ئایا هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ بزانە چەند گەواهی دژت دەدەن’’.

٥ بەڵام ئیشۆع هیچ وەڵامی نەدایەوە، تەناتەت پیلاتوس سەرسام بوو.

٦ لە هەموو جەژنێک بەندکراوێکی بۆ ئازاد دەکردن، ئەوەی داوایان بکردایە.

٧ بەرئەببا ناوێک لەگەڵ ئاژاوەگێڕان گیرابوو، لە ئاژاوەدا کوشتاریان کردبوو.

٨ئینجا کۆمەڵەکە هاواریان کرد و داوایان کرد ئەوەی هەمیشە دەیکرد بۆیان بکات.

٩ پیلاتوسیش وەڵامی دانەوە: ‘‘دەتانەوێ پاشای جووتان بۆ ئازاد بکەم؟’’

١٠ چونکە زانی کاهینانی باڵا لە ئیرەییان ڕادەستیان کردووە.

١١ جا کاهینانی باڵا کۆمەڵەکەیان جۆش دا کە بەرئەببایان بۆ ئازاد بکات.

١٢ دیسان پیلاتوس وەڵامی دایەوە و پێی وتن: ‘‘ئەی باشە دەتانەوێ چی لەوە بکەم کە پێی دەڵێن، پاشای جوو؟’’

١٣ دیسان هاواریان کرد: ‘‘لەخاچی بدە!’’

١٤ پیلاتوس پێی وتن: ‘‘باشە چ خراپەیەکی کردووە؟’’ زیاتر هاواریان کرد: ‘‘لەخاچی بدە!’’

١٥ پیلاتوسیش دەیویست کۆمەڵەکە ڕازی بکات، بەرئەببای بۆ ئازادکردن. لەدوای بەقامچی لێدانی، ئیشۆعی بۆ لەخاچدان ڕادەستکرد.

١٦ سەربازەکان بردییانە کۆشکەکە، کۆشکی فەرمانڕەوا و هەموو تیپەکەیان کۆکردەوە.

١٧کراسێکی مۆریان لەبەرکرد، تاجێکیان لە دڕک چنی و لەسەریان نا.

١٨ سڵاویان لێ دەکرد و دەیانووت: ‘‘سڵاو، ئەی پاشای جوو!’’

١٩ بە قامیش لەسەریان دەدا و تفیان لێی دەکرد، چۆکیان دادەدا و لەبەردەمی کڕنۆشیان دەبرد.

٢٠ دوای ئەوەی گاڵتەیان پێکرد، کراسە مۆرەکەیان لەبەردا داکەند و جلی خۆیان لەبەر کردەوە و بۆ لەخاچدان بردییانە دەرەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ ڕێبوارێک لە کێڵگە دەهاتەوە، ناوی شیمعونی قەورینێیی بوو، باوکی ئسکەندەر و ڕۆڤۆس، ناچاریان کرد خاچەکەی هەڵبگرێت.

٢٢ ئینجا بردیانە شوێنی گاغولتا، واتا "کاسەسەر".

٢٣ مەیی تێکەڵکراو بە موڕیان پێ دا بیخواتەوە، بەڵام نەیخواردەوە.

٢٤ کاتێ لەخاچیاندا، کراسەکەیان دابەشکرد، تیروپشکیان لەسەرکرد، هەریەکەیان چی بەردەکەوێت.

٢٥ کاژێر سێ بوو لەخاچیاندا،

٢٦ ناونیشانی تاوانەکەشی نووسرابوو: "پاشای جوو".

٢٧ دوو دزیشیان لەگەڵی لەخاچدا، یەکێک لەلای ڕاستی و یەکێک لەلای چەپی.

٢٨ سیپارەکە هاتە دی کە دەڵێت: *{لە ڕیزی تاوانباران دانرا}*.

٢٩ ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین، جنێویان پێی دەدا و سەریان بادەدا، دەیانووت: "ها! ئەی ڕوخێنەری پەرستگا و بنیادنەرەوەی بە سێ ڕۆژ،

٣٠ خۆت ڕزگار بکە و لە خاچەکە دابەزە!".

٣١ بە هەمان شێوە کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان گاڵتەیان دەکرد و بە یەکتریان دەووت: "خەڵکی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات!

٣٢ با ئێستا مەسیحی پاشای ئیسرائیل لە خاچەکە دابەزێت، تاکو ببینین و باوەڕ بهێنین!". ئەوانەش کە لەگەڵی لەخاچدران تانەیان لێ دەدا.

٣٣ کاتێ بووە کاژێری شەش، تاکو کاژێری نۆ تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو.

٣٤ لە کاژێری نۆ، ئیشۆع بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: "ئیلۆی، ئیلۆی، لەما شەبەقتەنی؟" واتا، خودایە، خودایە، بۆ بەجێت هێشتم؟

٣٥ هەندێک لە ئامادەبووان کە گوێیان لێبوو، وتیان: "ئەوەتا بانگی ئیلییا دەکات".

٣٦ یەکێک ڕایکرد و هەوریەکی لە سرکە هەڵکێشا و بەسەر قامیشێکەوە پێی دا، وتی: "لێگەڕێن با ببینین ئیلییا دێت دایبگرێت!"

٣٧ ئیشۆعیش بە دەنگێکی مەزن هاواریکرد و ڕووحی سپارد.

٣٨ پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە تاکو خوارەوە شەقبوو و بووە دوولەت.

٣٩ ئەو سەرپەلەی بەرامبەر ئیشۆع ڕاوەستابوو، گوێی لە هاواری بوو و بینی چۆن ڕووحی سپارد، وتی: "بە ڕاستی ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خودا بوو!"

٤٠ چەند ژنێکیش لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، لەنێوانیاندا مەریەمی مەگدانی و مەریەمی دایکی یاقووی بچووک و یوسی و سالومەیان لەگەڵ بوو،

٤١ ئەمانە لە گلیلاوە دوای ئیشۆع کەوتبوون و ڕاژەیان دەکرد، زۆری دیکەش کە لەگەڵی سەرکەوتبوونە یروشلایم.

٤٢ کاتێ ئێوارە داهات، ڕۆژی خۆ ئامادەکردن بوو، واتا ڕۆژی پێش شەممە،

٤٣ یۆسیپی خەڵکی ڕەمتا ڕاوێژکارێکی بەرزی ئەنجومەن بوو، ئەویش چاوەڕێی پاشایەتیی خودای دەکرد، وێرا و هاتە لای پیلاتوس و داوای تەرمەکەی ئیشۆعی کرد.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٤ پیلاتوس سەرسام بوو ئاوا بە زوویی مردووە، سەرپەلەکەی بانگکرد و لێی پرسی: "ئاخۆ دەمێکە مردووە؟".

٤٥ کاتێ لە سەرپەلەکەوە زانی، تەرمەکەی دایە یۆسپ.

٤٦ ئەویش کەتانی کڕی، دایگرت و بە کەتان کفنی کرد، لە گۆڕێکدا ناشتی کە لە بەرد هەڵکەندرابوو. ئینجا بەردێکی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە.

٤٧ مەریەمی مەگدانی و مەریەمی دایکی یوسی، بینییان لەکوێ نێژرا.

مەرقوس 16

١ کە شەممە بەسەرچوو، مەریەمی مەگدانی و مەریەمی دایکی یاقوو و سالومە، بۆنوبەرامیان کڕی تاکو بچن و چەوری بکەن.

٢ لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، بەیانی زوو لەگەڵ خۆر هەڵاتن، هاتنە سەر گۆڕەکە.

٣ بە یەکتریان دەووت: "کێ بەردی سەر دەرگای گۆڕەکەمان بۆ گلۆر دەکاتەوە؟"

٤ کە سەیریان کرد، بینییان بەردەکە گلۆر کراوەتەوە! هەرچەندە زۆر گەورە بوو.

٥ کاتێ چوونە نێو گۆڕەکە، گەنجێکیان بینی لەلای ڕاست دانیشتبوو، پۆشاکێکی سپی لەبەر بوو، ئەوانیش تاسان.

٦ پێی وتن: "مەتاسێن! ئێوە بە شوێن ئیشۆعی ناسرەتیی لەخاچدراو دەگەڕێن. ئەو هەستایەوە! لێرە نییە. ئەوەتا ئەو شوێنەی لێیان دانا.

٧ بەڵام بڕۆن بە قوتابییەکانی و بە پەترۆس بڵێن: ئەو پێشتان دەکەوێت بۆ گلیلا، وەک پێی فەرموون لەوێ دەیبینن".

٨ خێرا دەرچوون و لە گۆڕەکە هەڵاتن. چونکە لەرز و سەرسامی دایگرتبوون، هیچیان بە کەس نەووت، چونکە دەترسان.

٩ دوای ئەوەی بەیانی زوو لە یەکەمی هەفتەدا ئیشۆع هەستایەوە، یەکەمجار بۆ مەریەمی مەگدانی دەرکەوت، ئەوەی حەوت شەیتانی لێی دەرکردبوو.

١٠ ئەویش چوو و بەوانەی وت کە لەگەڵ ئەودا بوون، شیوەنیان دەگێڕا و دەگریان.

١١ کاتێ بیستیان ئیشۆع زیندووە و ئەم بینیویەتی، بڕوایان نەکرد.

١٢ دوای ئەوە بە شێوەیەکی دیکە بۆ دووان لەوان دەرکەوت، کاتێ بۆ دەشتودەر بەڕێوە بوون.١٣ جا چوون و بەوانی دیکەیان ڕاگەیاند، بەڵام بڕوایان پێ نەکردن.

١٤ پاشان بۆ یازدەکە دەرکەوت، کاتێ لەسەر خوان بوون، لەبەر بێباوەڕی و دڵڕەقییان سەرزەنشتی کردن. چونکە بڕوایان بەوانە نەکرد کە دوای هەستانەوەکەی بینیبوویان.

١٥ پێی فەرموون: "بڕۆنە هەموو جیهان و ئینجیل بۆ هەموو ئافریدەکان ڕابگەیێنن.

١٦ئەوەی باوەڕ دەهێنێ و عەماد دەکرێ ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ، تاوانبار دەکرێت.

١٧ ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ئەم نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت، بە ناوی من شەیتان دەردەکەن و بە زمانی نوێ دەدووێن،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ بە دەستیان مار دەگرن، ئەگەر ژەهرێکی کوشندەش بخۆنەوە زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاک دەبنەوە".

١٩ دوای ئـــەوەی پـــەروەردگـــار ئـــەمـــانـــەی پـــێ فـــەرمـــوون،
بـەرزبووەوە بۆ ئـاسـمـان و لە لای ڕاسـتی خـودا دانـیـشـت.

٢٠ ئەوانیش چوون و لە هەموو لایەک بانگەوازیان کرد،
پەروەردگاریش لەگەڵیان کاری دەکرد و
بە پەرجوەکانی پشتگیری
وشەکەی دەکرد.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

لۆقا

لۆقا 1

١ ئەی تیئۆپیلای پایە بەرز، زۆر کەس هەستان بە دارشتنی چیرۆکی ئەو ڕووداوانەی لەلای ئێمە ڕوویدابوو،

٢ وەک لەلایەن ئەوانەوە پێمان ڕادەست کراوە کە لە سەرەتاوە گەواهیدەر و ڕاژەوانی وشەکە بوون.

٣ منیش لە سەرەتاوە بە وردی سۆراخی هەموو شتێکم کردووە، بۆیە بە باشم زانی بە ڕیزبەندی بۆتی بنووسم،

٤ تاکو ڕاستیی ئەو قسانە بزانیت کە فێرکراوی.

٥ لە سەردەمی هیرۆودسی شای ئیهوود، کاهینێک لە کۆمەڵەی ئەوییا هەبوو ناوی زخەریا بوو، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون بوو.

٦ هەردووکیان لەبەردەم خودا بێتاوان بوون، بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە و حوکمەکانی پەروەردگار.

٧ منداڵیان نەدەبوو، چونکە ئەلیسابات نەزۆک بوو، هەردووکیشیان بە ساڵدا چووبوون.

٨ کاتێ لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا لەبەردەم خودا کاهینیەتی دەکرد،

٩ بەگوێرەی نەریتی کاهینیەتی، تیروپشکی کەوتە سەر تاکو بچێتە نێو پەرستگای پەروەردگار و بخوور بسووتێنێت. ١٠ هەموو کۆمەڵی خەڵکەکەش لە کاتی سووتانی بخوورەکە لە دەرەوە نوێژیان دەکرد.

١١ فریشتەی پەروەردگاری بۆ دەرکەوت، لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور ڕاوەستابوو.

١٢ کاتێ زخەریا فریشتەکەی بینی، شڵەژا و ترسی لێ نیشت.

١٣ فریشتەکە پێی فەرموو: "زخەریا مەترسە، چونکە داواکاریەت بیسترا، ئەلیساباتی ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێت و ناوی دەنێیت یوخەننەن.

١٤ بۆ تۆ دەبێتە خۆشی و شادی، زۆر کەس بە لەدایکبوونی دڵخۆش دەبن،

١٥ چونکە لەبەردەم پەروەردگار مەزن دەبێت. مەی و سەرخۆشکەر ناخواتەوە، لە سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕووحی پارسا و

١٦ زۆر لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای پەروەردگار خوداوەندیان دەگەڕێنێتەوە.

١٧ بە ڕووح و هێزی ئیلییاوە بە پێشی دەکەوێت، تاکو دڵی باوکان بۆ ڕۆڵەکان و یاخیبووانیش بۆ هزری خوداناسان بگەڕێنێتەوە، تاکو گەلێکی ئامادە بۆ پەروەردگار ڕێک بخات".

١٨ زخەریاش بە فریشتەکەی وت: "بە چی ئەمە بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بە ساڵدا چووە؟"

١٩ فریشتەکە وەڵامی دایەوە و فەرمووی: "من جبرائیلم کە لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت بدوێم و ئەم موژدەیەت بدەمێ.

٢٠ ئەوەتا تۆ بێدەنگ دەبیت و ناتوانیت قسەبکەیت تاکو ئەو ڕۆژەی ئەمە دێتە دی، چونکە بڕوات بە قسەکەم نەکرد، ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا دێتە دی".

٢١ گەل چاوەڕوانی زخەریایان دەکرد و سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەنێو پەرستگادا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ کاتێ هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێت، جا تێگەیشتن کە لە پەرستگادا بینینێکی دیوە، ئەویش ئاماژەی بۆ دەکردن و بە بێدەنگی مایەوە.

٢٣ کاتێ ڕۆژانی ڕاژەکردنەکەی تەواوبوو، گەڕایەوە ماڵ.

٢٤ دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیساباتی ژنی سکی کرد، پێنج مانگ خۆی شاردەوە و دەیووت:

٢٥ ‘‘پەروەردگار ئاوای لەگەڵ کردم لەم ڕۆژانەدا ئاوڕی لێم دایەوە، تاکو لەنێو خەڵکی شورەییم لابەرێت’’.

٢٦ لە شەشەم مانگی بوو، جبرائیلی فریشتە لەلایەن خوداوە بۆ شارێک نێردرا لە گلیلا، ناوی ناسرەت بوو،

٢٧ بۆ پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێک بەناوی یۆسپ لە بنەماڵەی داوید، ناوی پاکیزەکەش مەریەم بوو.

٢٨ فریشتەکە هاتە لای و فەرمووی: ‘‘ئاشتی بۆ تۆ، ئەی بەخششدار! پەروەردگارت لەگەڵە، تۆ پیرۆزیت لەنێو ژناندا’’.

٢٩ کاتێ بینیی لە قسەکردنەکەیدا شڵەژا و بیری کردەوە: ‘‘دەبێ ئەم سڵاوە چی بێت!’’.

٣٠ فریشتەکە پێی فەرموو: ‘‘مەترسە مەریەم، چونکە خودا بەخششی پێت داوە.

٣١ ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی دەنێیت ئیشۆع.

٣٢ مەزن دەبێت و بە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، پەروەردگار خوداوەندیش تەختی داویدی باوکی پێ دەدات.

٣٣ تا جاویدان حوکمڕانی ماڵی یاقوو دەکات، پاشایەتیەکەشی بێ پایانە’’.

٣٤ مەریەم بە فریشتەکەی فەرموو: ‘‘ئەمە چۆن دەبێت، کە پیاوم نەناسیوە؟’’

٣٥ فریشتەکە وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘ڕووحی پارسا دێتە سەرت و هێزی هەرەبەرز سایەت دەبێت. بۆیە ئەو پارسایەی لێت دەبێت بە ڕۆڵەی خودا ناودەبردرێت.

٣٦ ئەوەتا ئەلیساباتی خزمیشت بەو پیریەی سکی بە کوڕێک هەیە. ئەوەی بە نەزۆک ناودەبرا لە شەشەم مانگیەتی.

٣٧ چونکە هیچ شتێک لەلای خودا مەحاڵ نییە’’.

٣٨ مەریەم فەرموی: ‘‘ئەوەتا من بەندەی پەروەردگارم. با بەگوێرەی قسەکانت بۆم ببێت’’. فریشتەکەش بەجێیهێشت.

٣٩ لەو ڕۆژانەدا، مەریەم هەستا و خێرا بەرەو چیاکان بۆ شاری ئیهوود چوو.

٤٠ چووە ماڵی زخەریا و سڵاوی لە ئەلیسابات کرد.

٤١ کاتێ ئەلیسابات گوێی لە سڵاوەکەی مەریەم بوو، کۆرپەلەکە لە سکیدا هەڵبەزی و ئەلیسابات پڕبوو لە ڕووحی پارسا.

٤٢ بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد و وتی: ‘‘لەنێو ژناندا دارشتکراویت، بەرهەمی سکت پیرۆزە!

٤٣ ئەمەم لەکوێ بوو، دایکی پەروەردگارم بێتە لام؟

٤٤ ئەوەتا هەرکە دەنگی سڵاوەکەت بەر گوێم کەوت، کۆرپەلەکە لە خۆشیدا لە سکم هەڵبەزییەوە.

٤٥ بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی باوەڕی هێناوە کە لە پەروەردگارەوە چی پێ وتراوە دێتە دی’’.

٤٦ مەریەمیش فەرمووی: ‘‘دەروونم پەروەردگار شکۆدار دەکات،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٧ ڕووحم بە خودای ڕزگاریدەرم دڵشادە،
٤٨ چونکە سەیری خاکساریی بەندەکەی کرد. ئەوەتا لە ئێستاوە هەموو نەوەکان پارسام دەکەن،
٤٩ چونکە توانادار شتی مەزنی بۆ کردم، پارسایە ناوی.
٥٠بەزەییەکەی بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن، نەوە دوای نەوە.
٥١ بە بازووی کاری بەهێزی ئەنجام دا، لووتبەرزانی بە بۆچوونەکانی دڵیان پەرتوبڵاو کردەوە.
٥٢ توانادارەکانی لە تەختەکان هێنایە خوارەوە، خاکسارەکانی بەرز کردەوە.
٥٣ برسییەکانی لە خێر تێر کرد، دەوڵەمەندانی بە دەستی بەتاڵی ڕەوانە کردەوە.
٥٤ پاڵپشتی ئیسرائیلی ڕۆڵەی خۆی کرد، بۆ یادکردنەوەی بەزەیی،
٥٥وەک قسەی بۆ باوکانمان کرد، بۆ ئەوڕاهەم و نەوەکەی تاهەتایە".
٥٦ مەریەم نزیکەی سێ مانگ لەلای مایەوە و پاشان گەڕایەوە ماڵەکەی.
٥٧ ئەلیسابات کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو.
٥٨ دراوسێ و خزمانی بیستیان پەروەردگار بەزەیی فراوانی خۆی بۆ دەرخستووە، لەگەڵی شادمان بوون.
٥٩ لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خروسە بڕینی منداڵەکە هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زخەریا.
٦٠ بەڵام دایکی وتی: "نەخێر، ناوی دەنرێت یوخەننەن".
٦١ پێیان وت: "کەس لە هۆزەکەت بەم ناوە نەنراوە".
٦٢ ئینجا ئاماژەیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێت.
٦٣ تەختەیەکی داواکرد و لەسەری نووسی: "ناوی یوخەننەنە". جا هەموو سەرسام بوون.
٦٤ دەستبەجێ دەم و زمانی کرایەوە و قسەی کرد و داڕشتی خودای دەکرد.
٦٥ هەموو دراوسێیەکانیان ترسیان لێ نیشت. لە هەموو چیاکانی ئیهوود باسی ئەم شتانە دەکرا.
٦٦ هەموو ئەوانەی بیستیان لە دڵی خۆیاندا هەڵیانگرت، وتیان: "دەبێ ئەم منداڵە ببێتە چی؟" دەستی پەروەردگاریشی لەگەڵ بوو.
٦٧ زخەریای باوکی پڕبوو لە ڕووحی پارسا و پێشبینی کرد، وتی:
٦٨ "پیرۆزە پەروەردگار، خوداوەندی ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و قوربانییدا.
٦٩ شاخی ڕزگاریمانی هەستاندەوە، لە ماڵی داویدی ڕۆڵەی،
٧٠ وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە پارساکانی دوواوە،
٧١ ڕزگاربوون لە دوژمنانمان و لە دەست هەموو ناحەزانمان،
٧٢ بۆئەوەی بەزەیی بە باوکانمان بێتەوە و بۆ یادکردنەوەی پەیمانە پارساکەی.
٧٣ ئەو سوێندەی بۆ ئەوڕاهەمی باوکمانی خوارد:
٧٤ لە دەست دوژمنانمان دەربازمان بێت، کە بمانداتێ بێ ترس بیپەرستین،
٧٥هەموو ڕۆژانی ژیانمان بە پارسایی و خوداناسی لەبەردەمی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧٦ تۆش ڕۆڵە، بە پێغەمبەری خودای هەرەبەرز ناودەبردرێیت، چونکە پێش پەروەردگار دەکەویت، تاکو ڕێگای بۆ ئامادە بکەیت،

٧٧ تاکو زانینی ڕزگاری بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان بدەیتە گەلەکەی،

٧٨ بەهۆی هەناوی میهرەبانیی خودامانەوە، کە ڕووناکی لە بەرزاییەوە ئێمەی بەسەرکرد،

٧٩ تاکو ڕۆشنای ئەوانە بکاتەوە کە لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ئاشنا بکات".

٨٠ کوڕەکەش لە ڕووحدا گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو، تاکو ڕۆژی دەرکەوتنی بۆ ئیسرائیل لە دەشتودەر بوو.

لۆقا 2

١ لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە هەموو جیهان ناونووس بکرێت.

٢ ئەمە یەکەم ناونووسین بوو، کاتێ کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو.

٣ ئیتر هەریەکە بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی.

٤ یۆسیپیش لە گلیلا لە شاری ناسرەتەوە بەرەو ئیهوود سەرکەوت، بۆ شارەکەی داوید کە پێی دەووترێ بێتلخم، چونکە لە بنەماڵە و هۆزی داوید بوو،

٥ تاکو لەگەڵ مەریەم ناونووس بکرێن کە مارەی بڕیبوو و سکی هەبوو.

٦ کاتێک لەوێ بوون، کاتی منداڵبوونی هات.

٧ جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قۆنداغی کرد و لە ئاخوڕێکدا داینا، چونکە لە خانەکەدا شوێنیان نەبوو.

٨ لەو دەڤەرە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت.

٩فریشتەی پەروەردگار لەبەردەمیان ڕاوەستا و شکۆی پەروەردگار لە دەوریان درەوشایەوە، جا ترسێکی زۆریان لێ نیشت.

١٠ فریشتەکە پێی فەرموون: "مەترسن! ئەوا موژدەی خۆشییەکی مەزنتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە:

١١ ئەمڕۆ لە شاری داوید ڕزگاریدەرێکتان بۆ لەدایکبوو، مەسیحی پەروەردگارە.

١٢ ئەمەش نیشانەیە بۆتان: منداڵێکی قۆنداغکراو دەبینن لەنێو ئاخوڕێک دانراوە".

١٣ لە پڕێکدا لەگەڵ فریشتەکە کۆمەڵێک لەشکری ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانفەرموو:

١٤ "شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی، لەسەر زەویش ئاشتی، بۆ خەڵکیش شادی".

١٥ کاتێ فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان وت: "با ئێستا بڕۆینە بێتلخم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە پەروەردگار پێی ڕاگەیاندین".

١٦ خێرا هاتن و مەریەم و یۆسپ و ئەو منداڵەی لە ئاخوڕەکەدا دانرابوو دۆزییانەوە.

١٧ کاتێ بینییان، ئەو قسەیەیان وتەوە کە دەربارەی ئەم منداڵە پێیان وترابوو.

١٨ هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو، سەریان سوڕمابوو لەوەی شوانەکان پێیان دەووتن.

١٩ بەڵام مەریەم هەموو ئەم شتانەی هەڵدەگرت و لە دڵی خۆیدا لێکی دەدایەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ شوانەکان گەڕانەوە و شکۆی خودایان دەکرد و ستایشیان دەکرد بۆ هەموو ئەوەی بیستیان و بینییان، وەک پێیان وترابوو.

٢١کاتێ هەشت ڕۆژ تەواو بوو بۆ ئەوەی کوڕەکە خروسەی ببڕدرێت، ناوی نرا ئیشۆع، وەک لەلایەن فریشتەکە ناونرا، پێش ئەوەی بە سک بکەوێت.

٢٢ کاتێک ڕۆژانی پاکژبوونەوەی بەگوێرەی تەوراتی مووشێ تەواوبوو، بردییانە یروشلایم، تاکو پێشکەشی پەروەردگاری بکەن

٢٣ وەک لە تەوراتی پەروەردگار نووسراوە: *{هەموو نێرینەیەکی نۆبەرە دەبێتە پارسای پەروەردگار}* .

٢٤ بۆ پێشکەشکردنی قوربانییەکیش، بەگوێرەی ئەوەی لە تەوراتی پەروەردگار وتراوە: *{جووتێک کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر}* .

٢٥ لە یروشلایم پیاوێک هەبوو ناوی شیمعون بوو، ئەم پیاوە خوداناس و لەخواترس بوو، چاوەڕێی دڵنەواییکردنی ئیسرائیل بوو، ڕووحی پارسای لەسەر بوو.

٢٦ بە ڕووحی پارسا بۆی سرووش هاتبوو کە بەر لە بینینی مەسیحی پەروەردگار مەرگ نابینێت.

٢٧ بەهۆی ڕووحەکەوە هاتە پەرستگا. کاتێ دایک و باوکەکە ئیشۆعی کوڕیان هێنا ژوورەوە، تاکو بەگوێرەی نەریتی تەورات بۆی بکەن،

٢٨ لە باوەشی کرد و پیرۆزی خودای کرد و وتی:

٢٩ "ئەی پەروەردگار، ئێستا بەگوێرەی فەرموودەکەت بەندەی خۆت بە ئاشتی بەڕێبکە.

٣٠ ئەوا چاوم ڕزگاریی تۆی بینی،

٣١ ئەوەی لەبەردەم هەموو گەلان ئامادەت کردووە،

٣٢ تا ئاشکراکردنی ڕووناکی بۆ نەتەوەکان و شکۆمەندی بێت بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆت".

٣٣ یۆسپ و دایکی کوڕەکە سەرسام بوون لەوەی دەربارەی وترا.

٣٤ شیمعون داوای داڕشتی بۆ کردن و بە مەریەمی دایکی وت: "ئا ئەمە دانراوە بۆ کەوتن و هەستانەوەی زۆر کەس لە ئیسرائیلدا، دەبێتە پەرجوێک دژایەتی دەکرێت،

٣٥ توش شمشێرێک دەروونت دەبڕێت. تاکو نیازی زۆر دڵان ئاشکرا بێت".

٣٦ ژنە پێغەمبەرێک هەبوو، یوخەن کچی فەنۆئیل لە هۆزی ئەشیر. زۆر بە ساڵدا چووبوو، لە کچێنیەوە حەوت ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیابوو،

٣٧ ئینجا بێوەژن بوو تاکو هەشتا و چوار ساڵی. پەرستگای بەجێنەدەهێشت، بە ڕۆژوو و نزاوە شەو و ڕۆژ لە پەرستندا بوو.

٣٨ لەو کاتەدا ڕاوەستا و ستایشی خوداوەندی کرد، باسی ئەوەی بۆ هەموو ئەوانەی کرد کە چاوەڕوانی قوربانیدانی یروشلایم بوون.

٣٩ کە هەموو شتێکیان بەگوێرەی تەوراتی پەروەردگار تەواو کرد، گەڕانەوە بۆ گلیلا، بۆ ناسرەتی شارەکەی خۆیان.

٤٠ کوڕەکەش بەڕووح گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو، پڕبوو لە دانایی، بەخششی خوداشی لەسەر بوو.

٤١ دایک و باوکی هەموو ساڵێک لە جەژنی پەسخەدا دەچوونە یروشلایم.

٤٢ کاتێ بووە دوازدە ساڵ، وەک نەریتی جەژن بەرەو یروشلایم سەرکەوتن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٣ دوای تەواوبوونی ڕۆژەکان لە گەڕانەوەیاندا ئیشۆع لە یروشلایم مایەوە، یۆسپ و دایکیشی نەیانزانی.

٤٤ وایاندەزانی لەنێو کاروانەکەدایە، ڕۆژە ڕێیەک ڕۆیشتن، دوای ئەوە لەنێو خزم و ناسیاوەکان بۆی گەڕان.

٤٥ کە نەیاندۆزییەوە گەڕانەوە یروشلایم، بە دوایدا دەگەڕان.

٤٦ دوای سێ ڕۆژ لە پەرستگادا دۆزیانەوە، لەناوەڕاستی ڕابیان دانیشتووە، گوێیان لێ دەگرێت و پرسیان لێدەکات.

٤٧ هەموو ئەوانەی گوێیان لێی ڕاگرتبوو، لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون.

٤٨ کاتێ بینییان واقیان وڕما، ئینجا دایکی پێی فەرموو: "ڕۆڵە بۆ وات لێکردین؟ من و باوکت بەسەرگەردانیەوە بە دواتدا دەگەڕاین!"

٤٩ پێی فەرموون: "بۆچی بەدوامدا دەگەڕان؟ نەتاندەزانی پێویستە لە کاروباری باوکم بم؟"

٥٠ بەڵام لەو قسەی پێی فەرموون تێنەگەیشتن.

٥١ ئینجا لەگەڵیان دابەزی و هاتەوە ناسرەت و گوێڕایەڵیان بوو، دایکیشی هەموو شتەکانی لە دڵیدا هەڵدەگرت.

٥٢ئیشۆعیش لە دانایی و تەمەن و بەخشش، لەلای خودا و خەڵکی، گەشەی دەکرد.

لۆقا 3

١ لە ساڵی پازدەمینی حوکمڕانی تیبەرییۆس قەیسەر، کاتێ پونتوس پیلاتوسی فەرمانڕەوای ئیهوود بوو، هیڕوودسیش تیترارکی گلیلا بوو و پیلیپوسی براشی تیترارکی ئیتۆریا و تەراخۆنا بوو، لیسانیۆس تیترارکی ئەویلینێ بوو،

٢ لە سەردەمی کاهینیەتی باڵای خەننەن و قەیاپا، لە دەشتودەر وشەی خودا بۆ یوخەننەنی کوڕی زخەریا هات.

٣ جا بۆ هەموو ناوچەکانی دەوروبەری یوردنەن دەرچوو، بانگەوازی عەمادکردنی تۆبەی دەدا بۆ گوناه بەخشین.

٤ وەک لە سیپارەی وشەکانی ئیشەعیا پێغەمبەردا نووسراوە کە دەڵێ: *{دەنگی هاوارگەرێک لە دەشتودەرەوە دێ: "ڕێگای پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێیازەکانی ڕاست بکەن.*

٥ *هەموو دۆڵێک پڕ دەبێتەوە و هەموو چیا و گردێکیش نزم دەبێتەوە، ڕێگا خواروخێچەکان ڕاست دەبنەوە و سەختەکانیش ئاسان دەبن،*

٦ *هەموو ئادەمیزادێکیش ڕزگاریی خودا دەبینێت!}"*

٧ بەو کۆمەڵانەی دەووت کە دەردەچوون تاکو عەمادیان بکات: "ئەی بێچوی ماران، کێ ڕێگای پیشانداون لەدەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟

٨ بەرهەمێک بدەن لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. بیرمەکەنەوە بەخۆتان بڵێن: ئەوڕاهەم باوکمانە. چونکە پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە ڕۆڵە بۆ ئەوڕاهەم پەیدا بکات.

٩ ئێستاش تەور خراوەتە سەر ڕەگی درەختەکان، هەر درەختێک بەرهەمی باش دروست نەکات، دەبڕدرێتەوە و فڕێ دەدرێتە نێو ئاگر".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ کۆمەڵەکە پرسیان لێکرد: ‘‘کەواتە چی بکەین؟’’

١١ وەڵامی دانەوە و پێی وتن: ‘‘ئەوەی دوو کراسی هەیە، با یەکێکیان بداتە ئەوەی کە نییەتی، ئەوەش کە نانی هەیە، با هەمان شت بکات’’.

١٢ باجگرانیش بۆ عەمادبوون هاتن، پێیان وت: ‘‘ڕابی، ئێمە چی بکەین؟’’

١٣ پێی وتن: ‘‘لەوەی بۆتان دانراوە زیاتر وەرمەگرن’’.

١٤ سەربازیش پرسیان لێکرد: ‘‘ئەی ئێمە چی بکەین؟’’ پێی وتن: ‘‘ستەم لە کەس مەکەن و کەس بەدەستەوە مەدەن، بە موچەکانتان ڕازی بن’’.

١٥ گەل لە چاوەڕوانیدا بوون، هەموو لە دڵیاندا دەربارەی یوحەننەن دەیانپرسی: ڕەنگە مەسیح بێت؟

١٦ یوحەننەن وەڵامی هەمووانی دایەوە و وتی: ‘‘من بە ئاوتان عەمادتان دەکەم، بەڵام یەکێک دێت لە من بەهێزترە، ئەوەی من شایستە نیم ئاوەزێنەی سۆلەکانی بکەمەوە، ئەو بە ڕووحی پارسا و بە ئاگر عەمادتان دەکات.

١٧ ئەوەی کە شەنەکەی بەدەستەوەیە، خەرمانەکەی شەنەبا دەکات، گەنمەکەی لە عەمباردا کۆدەکاتەوە، بەڵام کایەکە بە ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێ’’

١٨ زۆر شتی دیکەش فێری گەلی دەکرد و موژدەی دەدانێ.

١٩ بەڵام کاتێ یوحەننەن هیرۆودسی تیترارکی سەرزەنشت کردبوو لەسەر هیرۆودییای براژنی و لەبەر هەموو ئەو خراپانەی کردبووی،

٢٠ ئەم خراپەیەشی خستە پاڵ هەموو ئەوانە، یوحەننەنی لە زیندان بەندکرد.

٢١ کاتێ گەل هەموو عەمادکران، ئیشۆعیش عەمادکرا، کە نوێژی دەکرد ئاسمان کرایەوە،

٢٢ ڕووحی پارسا لە شێوەی جەستە وەک کۆترێک لەسەری نیشتەوە، دەنگێک لە ئاسمانەوە هات و فەرمووی: ‘‘تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستمی، بە تۆوە دڵشادم’’.

٢٣ کاتێ ئیشۆع دەستی بە ڕاژەکەی کرد نزیکەی سی ساڵان بوو. وا دەزانرا کە کوڕی یۆسپی کوڕی هیلی،

٢٤ کوڕی مەتتەت، کوڕی لیوی، کوڕی مەلکەی، کوڕی یانی، کوڕی یۆسپ،

٢٥کوڕی مەتتەی، کوڕی عامۆس، کوڕی ناخۆم، کوڕی خەسلی، کوڕی نەگگەی،

٢٦ کوڕی مەئات، کوڕی مەتتەت، کوڕی شەمعی، کوڕی یۆسپ، کوڕی ئیهوودا،

٢٧ کوڕی یوحەننەن، کوڕی ڕاسا، کوڕی زوڕباول، کوڕی شەللەتئیل، کوڕی نیری،

٢٨ کوڕی مەلکەی، کوڕی ئەددەی، کوڕی قووسەم، کوڕی ئەڵموودەم، کوڕی عیر،

٢٩ کوڕی یۆسێ، کوڕی ئیلیعازەر، کوڕی یۆرەم، کوڕی مەتیتا، کوڕی لیوی،

٣٠ کوڕی شیمعۆن، کوڕی ئیهوودا، کوڕی یۆسپ، کوڕی یۆنەم، کوڕی ئیلیاقیم،

٣١ کوڕی مەلیا، کوڕی مانی، کوڕی مەتتەت، کوڕی ناتەن، کوڕی داوید،

٣٢ کوڕی ئیشەی، کوڕی عوەید، کوڕی باعەز، کوڕی سەلمون، کوڕی نخشون،

٣٣ کوڕی عەمینادەو، کوڕی ئەدومین، کوڕی ئارەم، کوڕی خسرون، کوڕی پەرەس، کوڕی ئیهوودا،

٣٤ کوڕی یاقوو، کوڕی ئسخەق، کوڕی ئەوراهەم، کوڕی تارەح، کوڕی ناحور،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥کوڕی سەروج، کوڕی ئەرعۆ، کوڕی پالەغ، کوڕی عاوەر، کوڕی شالەخ،
٣٦ کوڕی قەینەن، کوڕی ئەرپەخشەد، کوڕی شیم، کوڕی نووخ، کوڕی لەمخ،
٣٧ کوڕی مەتوشلەخ، کوڕی ئخنوخ، کوڕی یەرد، کوڕی مەهلەلائیل، کوڕی قەینەن،
٣٨ کوڕی ئانوش، کوڕی شیت، کوڕی ئادەم، ڕۆڵەی خودایە.

لۆقا 4

١ ئیشۆع بە پڕی ڕووحی پارسا لە یوردنەن گەڕایەوە، بە ڕووحیش بردرایە دەشتودەر.
٢چل ڕۆژ ئیبلیس تاقی دەکردەوە. لەو ڕۆژانەدا هیچی نەخوارد، کاتێ ماوەکە تەواو بوو برسی بوو.
٣ ئیبلیس پێی وت: ‘‘ئەگەر ڕۆڵەی خودایت، بەم بەردە بڵێ با ببێتە نان’’.
٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘نووسراوە: {*مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک لە زاری خودا بێتەدەر*} ’’.
٥ ئینجا ئیبلیس بردیە سەر چیایەکی بەرز و لە ساتێکدا هەموو پاشایەتیەکانی جیهانی پیشان دا و
٦ پێی وت: ‘‘هەموو ئەم دەسەڵات و شکۆیەت پێ دەدەم، چونکە دراوەتە من و منیش ئەوەی بمەوێت دەیدەمێ.
٧ ئەگەر لەبەردەمم کڕنۆش ببەیت، هەمووی بۆ تۆ دەبێت’’.
٨ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘بڕۆ ئەی شەیتان! چونکە نووسراوە: {*کڕنۆش بۆ پەروەردگار خوداوەندت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت*} ’’.
٩ ئینجا هێنای بۆ یروشلایم و لەسەر سواندەی پەرستگا ڕایگرت و پێی وت: ‘‘ئەگەر ڕۆڵەی خودایت لێرەوە خۆت هەڵبدە خوارەوە’’.
١٠ چونکە نووسراوە:{*فریشتەکانی پێت ڕادەسپێرێت بۆئەوەی بتپارێزن،*
١١ *لەسەر دەستیان هەڵت دەگرن نەوەک پێت بەر بەردێک بکەوێت*} .
١٢ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘وتراوە: {*پەروەردگاری خوداوەندت تاقی مەکەوە*} ’’.
١٣ کاتێ ئیبلیس هەموو تاقیکردنەوەیەکی تەواو کرد، بەجێیهێشت تا دەرفەتێکی دیکە.
١٤ ئیشۆع بە هێزی ڕووحی پارساوە گەڕایەوە گلیلا، ناوبانگی لە هەموو دەڤەرەکانی دەوروپشت بڵاو بووەوە.
١٥ لە کەنیشتەکانیان ئامۆژگاریی دەکردن و هەموو ستایشیان دەکرد.
١٦ هاتە ناسرەت کە لێی گەورە بووە، وەک نەریتی خۆی ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت، بۆ خوێندنەوە ڕاوەستا.
١٧ سیپارەی ئێشەعیا پێغەمبەریان پێ دا، کاتێ کردیەوە ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە تیایدا نووسراوە:
١٨ ‘‘ڕووحی پەروەردگارم لەسەرە، چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ موژدەدان بە هەژاران، ناردوومی تاکو دڵشکاوان چاکبکەمەوە و بانگەوازی ئازادی بۆ دیلکراوان و بینایی بۆ نابینایان بدەم، پێشێلکراوان بەرەو ئازادی بنێرم و
١٩ ساڵی ڕەزامەندی پەروەردگار ڕابگەیێنم’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ ئینجا سیپارەکەی پێچایەوە، ڕادەستی ڕاژەوانەکەی کرد و دانیشت. هەموو ئەوانەی لە کەنیشت بوون چاویان تێبڕی بوو.

٢١ جا پێی وتن: ‘‘ئەمڕۆ ئەم نووسراوەی گوێتان لێبوو هاتە دی’’.

٢٢ هەموو گەواهییان بۆ دەدا و سەرسام بوون لەو وشە بەخششدارانەی لە دەمی دەهاتنە دەرەوە، دەیانووت: ‘‘ئەمە کوڕەکەی یۆسڤ نییە؟’’

٢٣ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘بەهەرحاڵ ئەم پەندەشم پێ دەڵێن: *{ئەی پزیشک چارەسەری خۆت بکە!}* ئەوەی بیستمان و لە کێڕناخوم کردت، لێرەش لە شارەکەتدا بیکە’’.

٢٤ هەروەها فەرمووی: ‘‘ڕەواتان پێ دەڵێم: هیچ پێغەمبەرێک لە نیشتمانی خۆی پەسەند ناکرێت.

٢٥ لە ڕەوادا پێتان دەڵێم: لە سەردەمی ئیلییا زۆر بێوەژن لە ئیسرائیلدا هەبوون، کاتێ سێ ساڵ و شەش مانگ ئاسمان بەسترا، کاتێ لە هەموو زەویەکەدا بووە برسێتییەکی مەزن،

٢٦ بەڵام ئیلییا بۆ ئەوان نەنێردرا، بەڵکو بۆ بێوەژنێک لە سرپەتی سەیدەن.

٢٧ لە سەردەمی ئەلیشەع پێغەمبەریش زۆر گول لە ئیسرائیلدا هەبوون، هیچیان پێگەرد نەبوونەوە، نوعمانی سیریانی نەبێت’’.

٢٨ جا کە ئەمەیان بیست هەموو لە کەنیشتەکە لێی تووڕەبوون.

٢٩ هەستان و دەریانکردە دەرەوەی شار، هێنایانە لێواری ئەو چیایەی شارەکەیانی لەسەر بنیاد نرابوو، تاکو فڕێیبدەنە خوارەوە.

٣٠ بەڵام ئەو بە نێویاندا تێپەڕی و ڕۆیشت.

٣١ بەرەو کێڕناخوم دابەزی، کە شارێکی گەلیلاییە و لە شەممااندا ئامۆژگاریی دەکردن.

٣٢ لە ئامۆژگاریەکەی سەرسام بوون، چونکە فەرموودەکانی بە دەسەڵاتەوە بوو.

٣٣ لە کەنیشتەکەدا پیاوێک هەبوو ڕووحی شەیتانێکی گڵاوی تێدابوو. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

٣٤ ‘‘ئای! ئیشۆعی ناسرەتی چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لەناومان ببەیت؟ من دەتناسم تۆ کێیت، پارساکەی خودایت!’’.

٣٥ ئیشۆع لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: ‘‘بێدەنگ بە! لێی بڕۆ دەرەوە!’’ شەیتانەکە لەناوەندیان بە زەویدا دا و لێی دەرچوو، هیچ زیانیشی پێ نەگەیاند.

٣٦هەمووش سامگرتوو بوون و بە یەکتریان دەووت: ‘‘ئەمە چ وشەیەکە؟ چونکە بە دەسەڵات و هێزەوە فەرمان بە ڕووحە گڵاوەکان دەدات و دەردەچن!’’.

٣٧ ئیتر ناوبانگی لە هەموو دەڤەرەکانی دەوروبەر بڵاو بووەوە.

٣٨ لە کەنیشت هەستا و چووە ماڵی شیمعون. خەسووی شیمعون تایەکی توندی لێبوو، لەبەر ئەو تکایان لێکرد.

٣٩ ئەویش لەسەری ڕاوەستا، لە تاکەی ڕاخوڕی و بەریدا! یەکسەر هەستایەوە و ڕاژەی کردن.

٤٠ خۆر ئاوابوو، هەموو نەخۆشەکانیان هێنایە لای ئیشۆع، بە نەخۆشی جۆراوجۆرەوە، ئەویش دەستی لەسەر هەریەکەیان دانا و چاکیکردنەوە.

٤١شەیتانەکانیش لە زۆر کەس دەردەچوون و هاواریان دەکرد: ‘‘تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودای!’’ ئەویش لێیانی ڕادەخوڕی و نەیدەهێشت بدوێن، چونکە زانییان مەسیحەکەیە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٢ کاتێ خۆر هەڵات، هەستا و چووە جێگایەکی چۆڵ، کۆمەڵەکەش بە دوایدا دەگەڕان و هاتنە لای، ڕایانگرت تاکو لەلایان نەڕوات.

٤٣ پێی فەرموون: "لەسەرمە موژدەی پاشایەتی خودا بدەمە شارەکانی دیکەش، چونکە بۆ ئەمە نێردراوم".

٤٤ جا لە کەنیشتەکانی ئیهوود بانگەوازی دەکرد.

لۆقا 5

١ لەو کاتەی کۆمەڵەکە پاڵەپەستۆیان دەکرد تاکو گوێ لە وشەی خودا بگرن، ئەو لەلای دەریای گینیسەڕ ڕاوەستابوو،

٢ دوو کەشتیی لە کەناری دەریاکە بینی، ماسیگران لێیان دەرچووبوون و تۆڕەکانیان دەشوشت.

٣ چووە نێو یەکێک لە کەشتیەکان، کە هی شیمعون بوو، داوای لێکرد کەمێک لە وشکایی دووری بخاتەوە، ئینجا دانیشت و لەنێو کەشتیەکەوە خەڵکەکەی ئامۆژگاری دەکرد.

٤ کاتێ فەرموودەکانی تەواو کرد بە شیمعونی فەرموو: "دووریبخەرەوە بۆ قووڵایی و تۆڕەکانتان بۆ ڕاوکردن فڕێبدەن".

٥ شیمعون وەڵامی دایەوە و پێی وت: "ڕابی، بە درێژایی شەو ماندووبووین و هیچمان نەگرت. بەڵام لەبەر فەرموودەی تۆ، تۆڕەکان فڕێدەدەم".٦ کاتێ ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆر زۆریان گرت، تۆڕەکانیان خەریک بوو دەدڕا.

٧ جا ئاماژەیان بۆ هاوکارانی نێو کەشتیەکەی دیکە کرد، تاکو بێن و یارمەتییان بدەن، جا هاتن و هەردوو کەشتیەکەیان پڕکرد، تا وایلێهات خەریک بوو نوقوم ببن.

٨ شیمعون پەترۆس کە ئەمەی بینی و لەبەردەم چۆکی ئیشۆعدا کەوت و وتی: "پەروەردگار لە کەشتیەکەم دەرچۆ، چونکە من مرۆڤێکی گوناهبارم!"

٩ چونکە خۆی و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون سەرسام بوون لەم ماسی گرتنەی هەڵیانگرتەوە،

١٠ یاقوو و یوحەننەی کوڕەکانی زەبدیش، هاوبەشی شیمعون بوون. ئیشۆع بە شیمعونی فەرموو: "مەترسە! لەمەوپاش خەڵک ڕاو دەکەیت!"

١١ دوای ئەوەی کەشتیەکانیان هێنا وشکایی، هەموو شتێکیان بەجێهێشت و دوای کەوتن.

١٢ جا لە یەکێک لە شارەکان بوو، پیاوێکی پڕ لە گولی هەبوو، کە ئیشۆعی بینی بە ڕوودا کەوت و لێی پاڕایەوە و وتی: "گەورەم، ئەگەر بتەوێت، دەتوانی پێگەردم بکەیتەوە".

١٣ جا دەستی درێژکرد و دەستی لێدا، فەرمووی: "دەمەوێت، بێگەردببەوە!". یەکسەر گولییەکەی لێبووەوە.

١٤ ڕایسپارد بە کەس نەڵێت، بەڵکو "بڕۆ خۆت پیشانی کاهین بدە، بۆ بێگەربوونەوەکەت ئەو قوربانییەی مووشێ فەرمانی کردووە بیکە، وەک گەواهییەک بۆیان".

١٥بەڵام هەواڵی زیاتر بڵاو دەبووەوە، جا کۆمەڵانێک کۆبوونەوە تاکو گوێبگرن و نەخۆشییەکانیان چاکبێتەوە.

١٦ بەڵام ئەو دووردەکەوتەوە بۆ دەشتودەر و نوێژی دەکرد.

١٧ ڕۆژێکیان ئامۆژگاریی دەکرد، پەرِیشی و تەوراتزانەکانیش کە لە هەموو گوندەکانی گلیلا و ئیهوود و یروشلایمەوە هاتبوون دانیشتبوون، هێزی پەروەردگاریش چاکیدەکردنەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ چەند پیاوێک هاتن ئیفلیجێکیان بە جێگەکەیەوە هەڵگرتبوو و دەیانویست بیهێننە ژوورەوە و لەبەردەمی دایبنێن.

١٩ کاتێ لەبەر کۆمەڵەکە ڕێیان نەبوو بیبەنە ژوورەوە، سەرکەوتنە سەربان و بە جێگەکەیەوە بە نێوان خشتەکاندا بۆ بەردەم ئیشۆع شۆڕیان کردەوە ناوەڕاست.

٢٠ کاتێ باوەڕی ئەوانی بینی، فەرمووی: "کابرا، گوناهەکانت بەخشران".

٢١ تەوراتزان و پەڕیشییەکان بیریان دەکردەوە و دەیانووت: "ئەمە کێیە کفر دەکات؟ بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟"

٢٢ ئیشۆعیش هەستی بە هزریانی کرد، وەڵامی دانەوە و فەرمووی: "لە دڵتاندا بیری چی دەکەنەوە؟

٢٣ کامیان ئاسانترە؟ بووترێت: گوناهەکانت بەخشران، یان بووترێت: هەستە و ڕێ بکە؟

٢٤ بەڵام تاکو بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی گوناه بەخشینی هەیە"، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: "پێت دەڵێم: هەستە، جێگەکەت هەڵگرە و بڕۆ ماڵەوە!".

٢٥ یەکسەر لەبەردەمیان هەستا، ئەوەی لەسەری ڕاکشابوو هەڵیگرت و چۆوە ماڵی خۆی، خوداشی شکۆدار دەکرد.

٢٦ هەموویان سامگرتوو بوون و خودایان شکۆدار دەکرد، پڕبوون لە ترس و وتیان: "ئەمڕۆ شتی سەیرمان بینی!".

٢٧ دوای ئەمە دەرچوو، باجگرێکی بینی ناوی لیوی بوو، لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو: "دوام بکەوە".

٢٨ ئەویش هەموو شتێکی بەجێهێشت، هەستا و دوای کەوت.

٢٩ لیوی لە ماڵی خۆیدا میوانداریەکی گەورەی بۆ کرد، زۆر لە باجگران و خەڵکی دیکە لەگەڵیان لەسەر خوان بوون.

٣٠ جا پەڕیشی و تەوراتزانەکانیان بۆڵەبۆڵیان لەسەر قوتابییەکانی کرد و دەیانووت: "بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران دەخۆن و دەخۆنەوە؟"

٣١ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش.

٣٢ نەهاتووم بێتاوانان بانگ بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن".

٣٣ ئینجا پێیان وت: "بۆچی قوتابییەکانی یوحەننەن زۆر ڕۆژوو دەگرن و نزا دەکەن، هەروەها قوتابیەکانی پەڕیشییەکان، بەڵام قوتابیەکانی تۆ دەخۆن و دەخۆنەوە؟".

٣٤ پێی فەرموون: "ئایا دەتوانن وا بکەن شاییگێران بەڕۆژوو بن، کاتێ زاوا لەگەڵیانە؟

٣٥ بەڵام ڕۆژانێک دێت کە زاوایان لەنێوانیان بەرز دەکرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبن".

٣٦ هەروەها پەندێکی بۆ هێنانەوە: "کەس پەڕۆیەکی نوێ ناکاتە پینە بۆ کونی جلێکی کۆن، چونکە نوێیەکە دەدڕێت و کۆنەکەش ناگونجێت لەگەڵ پینە نوێیەکە.

٣٧ کەسیش مەیی نوێ ناکاتە نێو مەشکەی کۆنەوە، نەوەک مەیە نوێیەکە مەشکەکە بدڕێنێت و بڕژێت، مەشکەکەش لەناوبچێت.

٣٨ بەڵکو مەیی نوێ دەکرێتە مەشکەی نوێوە، جا هەمووی پارێزراو دەبێت.

٣٩ کەسیش نییە مەیی کۆن بخواتەوە و ئارەزووی نوێ بکات، چونکە دەڵێت: کۆنەکە خۆشترە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

لۆقا 6

١ لە شەممەدا ئیشۆع بە نێو دەغڵاندا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی گوڵەگەنمیان لێدەکردەوە، لەنێو دەستیان دەیانپڕواند و دەیانخوارد.

٢ هەندێک پەریشی پێیان وتن: ‘‘بۆچی ئەوەی لە شەممەدا دروست نییە دەیکەن؟’’

٣ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘نەتانخوێندۆتەوە داوید کاتێ برسی بوو چی کرد، خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون؟

٤ چۆن چووە ماڵی خودا و نانی تەرخانکراوی برد و خواردی، دایە ئەوانەش کە لەگەڵی بوون، ئەوەی دروست نییە بخورێت تەنها بۆ کاهینان نەبێت؟’’

٥ ئینجا پێی فەرموون: ‘‘ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری شەممەشە’’.

٦ لە شەممەیەکی دیکە، چووە نێو کەنیشت و ئامۆژگاریی دەکرد. پیاوێک لەوێ بوو دەستی ڕاستی وشک بوو.

٧ تەوراتزان و پەریشییەکان سەیری ئیشۆعیان دەکرد، ئاخۆ لە شەممەدا چاکدەکاتەوە، تاکو سکاڵایەکی لەسەر بدۆزنەوە.

٨ بەڵام بە بیرکردنەوەیانی زانی، بە پیاوە دەست وشکەکەی فەرموو: ‘‘هەستە و لەناوەڕاست ڕاوەستە’’. ئەویش هەستا و ڕاوەستا.

٩ ئینجا ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘پرسێکتان لێ دەکەم، ئایا لە شەممەدا کردنی چاکە دروستە یان خراپە؟ ڕزگارکردنی کەسێک یان لەناوبردنی؟’’

١٠ چاوی بە هەموویاندا گێڕا، بە پیاوەکەی فەرموو: ‘‘دەستت درێژ بکە’’. ئەویش کردی و دەستی چاکبووەوە وەک ئەو دەستەکەی دیکەی.

١١ بەڵام ئەوان پڕبوون لە گێلی و لەگەڵ یەکتری گفتوگۆیان دەکرد چی لە ئیشۆع بکەن.

١٢ لەو ڕۆژانەدا ئیشۆع چووە چیا تاکو نوێژ بکات، شەوەکەی هەموو بە نوێژکردن بۆ خودا بەسەربرد.

١٣ کە ڕۆژبووەوە، قوتابییەکانی بانگکرد، دوازدەی لێ هەڵبژاردن و ناوی نان ‘‘پەیامبەران’’:

١٤ شیمعون کە ناوی لێنا پەترۆس، لەگەڵ ئەندراوسی برای، یاقوو و یوحەننەن، پیلیپوس و بەرتولمەی،

١٥ مەتتەی و تۆما، یاقووی کوڕی خەلپەی و شیمعون کە ناسراوبوو بە دڵگەرم،

١٦ ئیهوودای برای یاقوو و ئیهوودای ئەسخەریوتی کە ڕادەستی کرد.

١٧ ئینجا لەگەڵیان هاتە خوارەوە و لە شوێنێکی تەختایی ڕاوەستا، لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابییەکانی و کۆمەڵانێکی گەل، کە لە هەموو ئیهوود و یروشلایم و کەناری سوور و سەیدەن، ئەوانەی هاتن گوێی لێ بگرن و لە نەخۆشییەکانیان چاکببنەوە،

١٨ ئەوانەش کە بە دەست ڕووحەگڵاوەکان دەیانناڵاند چاکبوونەوە.

١٩ هەموو کۆمەڵەکەش هەوڵیان دەدا دەستی لێ بدەن، چونکە هێزێکی لێ دەردەچوو و هەمووانی چاکدەکردەوە.

٢٠ ئینجا چاوی بۆ قوتابییەکانی هەڵبڕی و فەرمووی: ‘‘بەختەوەری بۆ ئێوە، ئەی هەژاران، چونکە پاشایەتیی خودا هی ئێوەیە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ بەختەوەری بۆ ئێوە کە ئێستا برسین، چونکە تێر دەبن. بەختەوەری بۆ ئێوە کە ئێستا دەگرێین، چونکە پێدەکەنن.

٢٢ بەختەوەری بۆ ئێوە ئەگەر خەڵک ڕقی لێتان ببێتەوە و جیاتان بکەنەوە و جنێوتان پێ بدەن و بە بەدکار ناوتان ببەن، لەپێناوی ڕۆڵەی مرۆڤ.

٢٣ لەو ڕۆژەدا دڵخۆش بن و شاد بن، چونکە لە ئاسماندا پاداشتتان مەزنە، چونکە باوکانیان ئاوایان بە پێغەمبەران دەکرد.

٢٤ بەڵام وەی بەحاڵتان ئەی دەوڵەمەندان، چونکە دڵنەوایی خۆتان وەرگرتووە.

٢٥ وەی بەحاڵتان ئەی تێرەکان، چونکە برسی دەبن. وەی بەحاڵتان ئەی ئەوانەی ئێستا پێدەکەنن، چونکە خەم دەخۆن و دەگرێین.

٢٦ وەی بەحاڵتان کاتێ هەموو خەڵک ستایشتان دەکات، چونکە باوکانیان ئاوایان بە پێغەمبەرە درۆزنەکان کردووە.

٢٧ بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: "دوژمنەکانتان خۆشبووێ، چاکە بکەن بۆ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە،

٢٨ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن داوای داڕشتیان بۆ بکەن، نوێژ بکەن لەپێناوی ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن.

٢٩ ئەوەی لە ڕوومەتت دەدات، لایەکەی دیکەشی بۆ ڕابگرە. ئەوەی چاکەتەکەت دەبات، لاریت نەبێت بۆ کراسەکەشت.

٣٠ کێ داوای لێکردیت بیدەرێ. ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە.

٣١ وەکو دەتانەوێ خەڵکی چیتان بۆ بکەن، ئێوەش ئاوایان بۆ بکەن.

٣٢ ئەگەر ئەوانەتان خۆشبووێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ چاکەیەکتان کردووە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن.

٣٣ ئەگەر چاکە بکەن بۆ ئەوانەی چاکەتان لەگەڵ دەکەن، چ چاکەیەکتان کردووە؟ گوناهبارانیش ئاوا دەکەن.

٣٤ ئەگەر قەرز بدەنە ئەوانەی هیوادارن لێیان وەربگرنەوە، چ چاکەیەکتان کردووە؟ گوناهباران قەرز دەدەنە گوناهباران تاکو ئەوەندە وەربگرنەوە.

٣٥ بەڵام دوژمنەکانتان خۆشبووێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان مەزن دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز، چونکە ئەو لەگەڵ سوپاسگوزار و بەدکاران بەخششکارە.

٣٦ بە بەزەیی بن، وەک باوکتان بە بەزەییە.

٣٧ حوکم مەدەن، حوکم نادرێن. کەس تاوانبار مەکەن تاوانبار ناکرێن. ببەخشن دەبەخشرێن.

٣٨ بدەن، پێتان دەدرێت، پێوانەیەکی چاکی پەستێنراوی هەژێندراوی لێڕژاوتان دەخرێتە باوەش، چونکە بەو پێوانەیەی دەپێون بۆتان دەپێورێتەوە".

٣٩ پەندێکی بۆ هێنانەوە: "ئایا کوێر دەتوانێت ڕابەرایەتی کوێر بکات؟ هەردووکیان ناکەونە چاڵەوە؟

٤٠ قوتابی لە ڕابیەکەی بەرزتر نییە، بەڵکو هەر کەسێک تەواو فێربێت، وەک ڕابیەکەی لێدێت.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤١ بۆچی پووشی نێو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی کاریتەکەی نێو چاوی خۆت ناکەیت؟

٤٢ یان چۆن دەتوانی بە براکەت بڵێی: برام با پووشەکەی نێو چاوت دەربهێنم کە کاریتەکەی نێو چاوی خۆت نابینیت؟ ئەی ڕووپاما! یەکەمجار کاریتەکەی نێو چاوت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی نێو چاوی براکەت.

٤٣ چونکە هیچ دارێکی باش بەرهەمی خراپ نادات و داری خراپیش بەرهەمی باش نادات.٤٤ هەر دارێک بە بەرهەمەکەی دەناسرێتەوە. نە هەنجیر لە دڕک دەڕنرێت و نە ترێش لە دەوەن.

٤٥ مرۆڤی چاک لە گەنجینەی دڵی چاکی، چاکە دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش لە گەنجینەی دڵی خراپی، خراپە دەردەهێنێت. چونکە ئەوەی لە دڵ هەڵدەقوڵێت دەم پێی دەدوێت.

٤٦ بۆ بانگم دەکەن پەروەردگار، پەروەردگار، کەچی ئەوەی دەیڵێم نایکەن؟

٤٧ ئەوەی بۆ لام دێت و گوێ لە وتەکانم دەگرێت و کاری پێ دەکات، پیشانتان دەدەم لە کێ دەچێت.

٤٨ لە مرۆڤێک دەچێت خانوویەک دروست دەکات، جا هەڵیکەند و قووڵی کرد و بناغەکەی لەسەر بەرد دانا، کاتێ لافاو هەستا و ڕووبار لە خانووەکەی دا، نەیتوانی بیهەژێنێت، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو.

٤٩ بەڵام ئەوەی گوێی دەگرێت و پەیڕەوی ناکات، لە مرۆڤێک دەچێت بێ بناغە خانووی لەسەر زەوی دروستکرد. ڕووبار لێیدا و یەکسەر کەوت، وێرانی خانووەکەش مەزن بوو".

لۆقا 7

١ کە ئیشۆع هەموو فەرموودەکانی لە گوێی گەلەکەدا تەواو کرد، چووە نێو کپەرناخوم.

٢سەرپەلێک کۆیلەیەکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، نەخۆش بوو و لەسەرەمەرگدا بوو.

٣ کاتێ بە ئیشۆعی بیست، پیرانی جووی نارد لای و داوای لێکرد بێت تا کۆیلەکەی چاکبکاتەوە.

٤کاتێ هاتنە لای ئیشۆع، زۆر لێی پاڕانەوە و وتیان: "شایانی ئەوەیە کە ئەمەی بۆ بکەیت،

٥چونکە نەتەوەی ئێمەی خۆشدەوێت و کەنیشتی بۆمان بنیاد نا".

٦ ئیشۆعیش لەگەڵیان چوو. کاتێ لە ماڵەکە دوور نەبوو، سەرپەلەکە برادەرانی نارد پێی بڵێن: "گەورەم، خۆت ماندوو مەکە، چونکە من شایانی ئەوە نیم بێیتە ژێر بنمیچەکەم،

٧ لەبەر ئەوە خۆم دانەنا کە شایانی ئەوە بم بێمە لات. بەڵام وشەیەک بفەرموو، ڕاژەوانەکەم چاکدەبێتەوە.

٨ چونکە منیش مرۆڤێکی لە ژێر دەسەڵاتم، سەربازیش لە ژێر دەستم هەیە، بەمە دەڵێم بڕۆ! دەڕوات، بەوی دیکەش وەرە! دێت، بە کۆیلەکەشم ئەمە بکە! دەیکات".

٩ کاتێ ئیشۆع گوێی لەمە بوو، لێی سەرسام بوو، ئینجا ئاوڕی لەو کۆمەڵە دایەوە کە دوای کەوتبوون و فەرمووی: "پێتان دەڵێم: لە ئیسرائیلیشدا باوەڕێکی ئەوەندەی ئەمەم نەدیوە!".

١٠ ئەوانەی نێردرابوون گەڕانەوە ماڵەکە، بینییان کۆیلەکە لەشساغە.

١١ بۆ ڕۆژی پاشتر، ئیشۆع بۆ شارێک چوو ناوی نایین بوو، زۆر لە قوتابییەکانی و کۆمەڵانێکی زۆر لەگەڵی چوون.

١٢ کاتێ لە دەروازەی شارەکە نزیک بووەوە، تەرمێک بەسەر شانەوە بوو، تاقانەی دایکی بوو کە بێوەژنە، کۆمەڵێکی زۆری شارەکەی لەگەڵ بوو.

١٣ کاتێ پەروەردگار بینی، دڵی پێی سووتا و پێی فەرموو: "مەگرێ".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی لە دارەبازەکە دا، هەڵگرانی ڕاوەستان. فەرمووی: ‘‘گەنجەکە، پێت دەڵێم: هەستە!’’

١٥مردووەکە دانیشت و دەستیکرد بە قسەکردن، ئیشۆعیش دایەوە دەست دایکی.

١٦ هەموو ترسیان لێ نیشت، خودایان شکۆدار کرد، وتیان: ‘‘لە نێوماندا پێغەمبەرێکی مەزن هەستاوە، خوداش گەلەکەی خۆی بەسەرکردەوە’’.

١٧ ئەم هەواڵەی ئەو لە هەموو ئیهوود و هەموو دەڤەرەکانی دەوروپشت بڵاو بووەوە.

١٨ قوتابییەکانی یوخەننەن هەموو ئەمانەیان بە یوخەننەن ڕاگەیاند. ئەویش دووان لە قوتابییەکانی بانگکرد و

١٩ بۆ ئیشۆعی نارد، دەیووت: ‘‘تۆی ئەوەی دێیت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟’’

٢٠ کاتێ پیاوەکان هاتنە لای ئیشۆع، وتیان: ‘‘یوخەننەنی عەمادکار ئێمەی بۆ لات ناردووە، دەڵێت: تۆی ئەوەی دێیت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟’’

٢١ لەو کاتەدا زۆر کەسی لە نەخۆشی و دەرد و ڕووحی گڵاو چاککردەوە، بۆ زۆر کوێریش بینینی بەخشی.

٢٢ ئینجا ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘بڕۆن چیتان بینی و بیستتان بە یوخەننەنی ڕابگەیەنن: کوێرەکان دەبینن و شەلەکان ڕێ دەکەن و گوڵەکان بێگەرد دەبنەوە و کەڕەکان دەبیستن و مردووەکان هەڵدەستن و هەژارەکان موژدەیان دەدرێتێ.

٢٣ بەختەوەریش بۆ ئەو کەسەی کە ساتمەم لێ ناکات’’.

٢٤ کە پەیامنێرانی یوخەننەن ڕۆیشتن، ئیشۆع دەربارەی یوخەننەن بۆ کۆمەڵەکەی فەرموو: ‘‘بۆ بینینی چی دەرچوونە دەشتودەر؟ قامیشێک کە با دەیهەژێنێ؟

٢٥ ئەی بۆ بینینی چی دەرچوون؟ مرۆڤێک کە بەرگی نەرمی پۆشیوە؟ ئەوەتا ئەوانەی بەرگیان نایابە و سەڵتەنەت لێدەدەن وا لە کۆشکی پاشاکانن.

٢٦ کەواتە دەرچوون چی ببینن؟ پێغەمبەرێک؟ بەڵێ پێتان دەڵێم لە پێغەمبەریش باشتر!

٢٧ ئەمە ئەوەیە کە دەربارەی نووسراوە: *{ئەوەتا فریشتەی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات!}*

٢٨ چونکە پێتان دەڵێم: لەنێو لە ژنبووواندا هیچ پێغەمبەرێک لە یوخەننەن مەزنتر نییە، بەڵام بچووکترینی پاشایەتیی خودا لەو مەزنترە’’.

٢٩ هەموو گەل کە گوێیان لێبوو، تەنانەت باجگرانیش دانیان نا بە دادپەروەریی خودا، چونکە بە عەمادکردنی یوخەننەن عەمادکرابوون.

٣٠ بەڵام پەرِیشی و تەوراتزانەکان خواستی خودایان دەرهەق بە خۆیان ڕەتکردەوە، چونکە لەسەر دەستی ئەو عەماد نەکرابوون.

٣١ ئینجا پەروەردگار فەرمووی: ‘‘خەڵکی ئەم نەوەیە لە چی بچووێنم؟ لە چی دەچن؟

٣٢ لەو کوڕانە دەچن کە لە بازاڕدا دانیشتوون یەکتری بانگ دەکەن و دەڵێن: زوڕنامان بۆ لێدان و هەڵنەپەڕین، شیوەنمان بۆ کردن و نەگریان.

٣٣ چونکە یوخەننەنی عەمادکار هات، نە نان دەخوات و نە مەی دەخواتەوە، وتتان: ڕووحی شەیتانی تیادایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ ڕۆڵەی مرۆڤ هات، دەخوات و دەخواتەوە، وتتان: کابرایەکی بخۆر و سەرخۆشە، خۆشەویستی باجگران و گوناهبارانە.

٣٥ بەڵام دانایی بە کردەوەی هەموو ڕۆڵەکانی سەلمێندرا".

٣٦ یەکێک لە پەڕیشییەکان داوای لێکرد نانی لەگەڵ بخوات، ئەویش چووە ماڵی پەڕیشییەکە و لەسەر خوان پاڵیدایەوە.

٣٧ لە شارەکە ژنێکی گوناهبار هەبوو، زانی لە ماڵی پەڕیشییەکە دانیشتووە، بوتڵێکی بۆنی خۆشی هێنا،

٣٨ لە دواوە بە گریانەوە لەلای پێی ڕاوەستا، پێیەکانی بە فرمێسک تەڕ کرد و بە قژی سەری دەیسڕییەوە، پێی ماچ دەکرد و بە بۆنەکە چەوری دەکرد.

٣٩ کاتێ پەڕیشییەکەی داوەتی کردبوو ئەمەی بینی، لە دڵیدا وتی: "ئەگەر ئەمە پێغەمبەر بووایە، دەیزانی ئەم ژنەی دەستی لێ دەدات کێیە و چییە! چونکە گوناهبارە".

٤٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "شیمعون، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم". وتی: "بفەرموو ڕابی".

٤١"قەرزدەرێک دوو قەرزاری هەبوو، لای یەکێک پێنج سەد دینار، ئەوەی دیکە پەنجا.

٤٢نەیانبوو بیدەنەوە، کابرا لە هەردووکیان خۆشبوو. پێم بڵێ: کامیان زیاتر خۆشیدەوێت؟"

٤٣شیمعون وەڵامی دایەوە و وتی: "پێم وایە ئەوەی لە زۆرەکە لێی خۆشبوو". پێی فەرموو: "حوکمەکەت ڕاستە".

٤٤ ڕووی کردە ژنەکە و بە شیمعونی فەرموو: "ئەم ژنە دەبینیت؟ هاتمە ماڵەکەت و ئاوت نەدامێ بۆ پێم، بەڵام ئەم بە فرمێسک پێی تەڕ کردم و بە قژی سڕییەوە.

٤٥خۆ ماچێکت نەکردم، بەڵام ئەم لەوەتەی هاتوومەتە ژوورەوە لە ماچکردنی پێم نەوەستاوە.

٤٦ تۆ بە زەیت سەرت چەور نەکردم، بەڵام ئەم بە بۆن پێمی چەورکرد.

٤٧ لەبەر ئەم هۆیە پێت دەڵێم: گوناهە زۆرەکانی بەخشران چونکە خۆشەویستییەکەی زۆرە. بەڵام ئەوەی کەم بەخشراوە، خۆشەویستیەکەی کەم دەبێت".

٤٨ ئینجا بە ژنەکەی فەرموو: "گوناهەکانت بەخشران".

٤٩ئەوانەی لەگەڵی دانیشتبوون لە دڵی خۆیان وتیان: "ئەمە کێیە تەنانەت گوناهیش دەبەخشێت؟"

٥٠ ئیشۆع بە ژنەکەی فەرموو: "باوەڕت ڕزگاری کردیت. بە ئاشتی بڕۆ".

لۆقا 8

١ دوای ئەمە بە هەموو شار و گوندێکدا دەگەڕا، و بانگەواز و موژدەی پاشایەتی خودای دەدا، دوازدەکەشی لەگەڵ بوو.

٢ چەند ژنێکیش کە لە ڕووحی گڵاو و نەخۆشییان چاکببوونەوە: مەریەم کە بە مەگدانی ناودەبرا و حەوت شەیتانی لێ دەرچووبوو،

٣ یۆنای ژنی کوزا سەرکاری هیرۆودس و شووشون و زۆری دیکەش، بە ماڵی خۆیان یارمەتییان دەدان.

٤ کاتێ کۆمەڵانێکی زۆر لە هەموو شارێکەوە بۆ لای ئیشۆع هاتن و کۆبوونەوە، بە پەند قسەی بۆ فەرموون:

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ‘‘تۆودەر دەرچوو تۆو بکات، کە تۆوی دەکرد، هەندێکی کەوتە سەر ڕێگا و پێشێل بوون و باڵندەی ئاسمان خواردیانن.

٦ هەندێکیش کەوتە سەر بەرد، کاتێ ڕوان و وشک بوون، چونکە شێی نەبوو.

٧ هەندێکیش کەوتنە نێو دڕکەوە، دڕک لەگەڵیان گەشەیان کرد و خنکاندیانن.

٨ هەندێکیش کەوتنە زەوییەکی باش، کاتێ ڕوا، سەد ئەوەندە بەرهەمی دا’’. ئەمانەی فەرموو و هاواری کرد: ‘‘ئەوەی دوو گوێ بۆ بیستنی هەیە، با ببیستێت!’’.

٩ قوتابییەکانی پرسیان لێ کرد: ‘‘واتای ئەو پەندە چیە؟’’

١٠ ئەویش فەرمووی: ‘‘بە ئێوە دراوە نهێنیی پاشایەتیی خودا بزانن، بەڵام بۆ ئەوانی دیکە بە پەندە، تەنانەت ئەوان سەیر دەکەن، بەڵام نابینن و گوێ دەگرن، بەڵام تێناگەن.

١١ ئەمە پەندکەیە: تۆوەکە وشەی خودایە.

١٢ئەوانەی کەوتنە سەر ڕێگاکە ئەوانەن کە گوێیان لێبوو، ئینجا ئیبلیس دێت و وشەکە لە دڵیان دەردەهێنێت، نەوەک باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت.

١٣ ئەوانەش کە کەوتنە سەر بەردەکە، ئەوانەن کە وشەکە بە خۆشییەوە وەردەگرن کاتێ دەیبیستن، بەڵام ڕەگیان نییە و تاکو ماوەیەک باوەڕ دەهێنن، بەڵام لە کاتی تاقیکردنەوە دەکەون.

١٤ ئەوانەی کەوتنە نێو دڕکان، ئەوانەن کە دەیبیستن، بە خەم و سامان و خۆشییەکانی ژیان دەخنکێن، بەرهەمی پێگەیشتوو نادەن.

١٥ئەوەش کە لە زەوییە چاکەکەیە، ئەوانەن کە بە دڵێکی چاک و باشەوە وشەکە دەبیستن و بە خۆڕاگرییەوە ڕایدەگرن وبەرهەم دەدەن.

١٦ کەس چرا هەڵناکات و بە تەشت داپێوشێت، یان لە ژێر نوێنی دابنێت، بەڵکو لەسەر چرادانی دادەنێت، تاکو ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن.

١٧ چونکە شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و دەرنەکەوێت.

١٨ کەواتە ئاگاداربن چۆن گوێ دەگرن. چونکە ئەوەی هەیەتی پێی دەدرێت، ئەوەش کە نییەتی، تەنانەت چی وادەزانێت هەیەتی لێی دەسەنرێتەوە’’.

١٩ ئینجا دایک و برایانی ئیشۆع هاتنە لای، بەڵام لەبەر کۆمەڵەکە نەیانتوانی بگەنە لای.

٢٠پێی وترا: ‘‘دایک و برایانت لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ بتبینن’’.

٢١ وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘دایک و برایانم ئەوانەن کە گوێ لە وشەی خودا دەگرن و کاری پێ دەکەن’’.

٢٢ ڕۆژێکیان ئیشۆع لەگەڵ قوتابییەکانی سواری کەشتێک بوو، پێی فەرموون: ‘‘با بپەڕینەوە ئەوبەری دەریاکە’’. جا بەڕێ کەوتن.

٢٣ کاتێ ڕێیان دەکرد ئەو نووست. ڕەشەبایەکیش هەڵیکردە سەر دەریاکە، کەشتیەکە پڕدەبوو لە ئاو و کەوتنە مەترسییەوە.

٢٤ جا هاتنە لای، خەبەریان کردەوە و وتیان: ‘‘ڕابی، ڕابی، وا لەناودەچین!’’. ئەویش هەستا، لە ڕەشەبا و شەپۆلەکانی ڕاخوڕی، کۆتاییان هات و هێمن بوونەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ ئینجا پێی فەرموون: "کوا باوەڕتان؟" سەرسام بوون و ترسان، بە یەکتریان دەووت: "ئەمە کێیە؟ فەرمان بە با و ئاویش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن!".

٢٦ ئینجا بەرەو دەڤەری گەدەرین ڕۆیشتن، کە بەرامبەر گلیلایە.

٢٧ کاتێ ئیشۆع دابەزیە سەر وشکایی، پیاوێکی ئەو شارەی تووش هات کە لە مێژەوە شەیتانی تێدابوو، جلی لەبەر نەدەکرد و لە ماڵ نەدەژیا، بەڵکو لە گۆڕستان.

٢٨ کە ئیشۆعی بینی، هاواری کرد و لەبەردەمی کەوت، بە دەنگی مەزن وتی: "چیت لە من دەوێ ئیشۆعی ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز؟ لێت دەپاڕێمەوە ئازارم نەدەی!".

٢٩ چونکە فەرمانی بە ڕووحە گڵاوەکەی دابوو لە پیاوەکە بێتە دەرەوە. چونکە زۆر جار دەیگرت، هەرچەندە بە کۆت و زنجیر دەبەسترایەوە و چاودێری دەکرا، بەڵام کۆتەکانی دەشکاند و شەیتان بەرەو چۆڵەوانیی دەبرد.

٣٠ ئیشۆع لێی پرسی و فەرمووی: "ناوت چییە؟" وتی: "لیجیۆن". چونکە زۆر شەیتانی تێچووبوو.

٣١ لێی دەپاڕانەوە نەوەک فەرمانیان پێ بکات بەرەو بیری بێبن بڕۆن.

٣٢ لەوێ ڕانە بەرازێکی زۆر لە شاخ دەلەوەڕان، لێی پاڕانەوە کە ڕێیان بدات بچنە نێویانەوە، ئەویش ڕێی پێدان.

٣٣ شەیتانەکان لە پیاوەکە هاتنە دەرەوە و چوونە نێو بەرازەکانەوە، ڕانەکەش لە قەراغی شاخەکەوە بۆ نێو دەریاکە هەڵدێران و خنکان.

٣٤ کاتێ شوانەکان ئەم ڕووداوەیان بینی، ڕایانکرد و هەواڵیان دا شار و گوندەکان.

٣٥ جا دەچوون تاکو ئەوەی ڕوویداوە ببینن، هاتنە لای ئیشۆع و بینییان ئەو پیاوەی شەیتانەکانی لێ دەرچووبوو پۆشتەیە و ئاقڵە، لەبەرپێی ئیشۆع دانیشتووە، ئیتر ترسان.

٣٦ئەوانەی بینیبوویان بۆ خەڵکەکەیان گێڕایەوە، شێتەکە ڕزگاری بوو.

٣٧ هەموو کۆمەڵانی هەرێمی گەدەرین داوایان لە ئیشۆع کرد لەلایان بڕوات، چونکە ترسێکی گەورەیان لێ نیشتبوو، ئەویش سواری کەشتیەکە بوو و گەڕایەوە.

٣٨ بەڵام ئەو پیاوەی شەیتانەکانی لێ دەرچووبوو، لێی دەپاڕایەوە کە لەگەڵی بێت، بەڵام ئیشۆع ڕەوانەی کرد و فەرمووی:

٣٩ "بۆ ماڵی خۆت بگەڕێوە و ئەوەی خودا بۆتی کرد، بیگێڕەوە". ئەویش بە نێو هەموو شارەکەدا ڕۆیشت و ئەوەی ڕادەگەیاند کە ئیشۆع بۆی کردبوو.

٤٠ کاتێ ئیشۆع گەڕایەوە کۆمەڵەکە پێشوازییان لێکرد، چونکە هەموو چاوەڕێیان دەکرد.

٤١پیاوێک ناوی یایرۆس بوو پێشەوای کەنیشت بوو، هات و لەبەرپێی ئیشۆعدا کەوت، لەبەری پاڕایەوە تاکو بچێتە ماڵەکەی،

٤٢ چونکە تاقە کچەکەی کە نزیکەی دوازدە ساڵان بوو لە سەرەمەرگدابوو. کاتێ ئیشۆع دەڕۆیشت خەڵکەکە پاڵەپەستۆیان دەکرد.

٤٣ ژنێک دوازدە ساڵ خوێنبەربوونی هەبوو، هەموو ماڵەکەی لە پزیشک دابوو، کەسیش نەیتوانی چاکی بکاتەوە.

٤٤ جا لە دواوە هات و دەستی لە چمکی کراسەکەی دا، یەکسەر خوێنبەربوونەکەی وەستا.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٥ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘کێ بوو دەستی لێدام؟’’ کە هەموو نکۆڵییان کرد، پەترۆس و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون وتیان: ‘‘ڕابی کۆمەڵانەکە لە دەوروپشتتن و پاڵەپەستۆ دەکەن، تۆ دەپرسیت کێ بوو دەستی لێدام؟’’.

٤٦ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘یەکێک دەستی لێدام، چونکە دەزانم هێزێک لێم دەرچوو’’.

٤٧ ژنەکە بینی ناشاردرێتەوە، بە لەرزەوە هات و کەوتە بەرپێی، لەبەرچاوی گەلەکەدا ڕایگەیاند کە بۆچی دەستی لێداوە و چۆن یەکسەر چاکبووەتەوە.

٤٨ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘متمانەت هەبێ کچم، باوەڕت چاکیکردیتەوە، بە ئاشتی بڕۆ’’.

٤٩ هێشتا ئیشۆع قسەی دەکرد، یەکێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هات و وتی: ‘‘کچەکەت مرد، ئیتر ڕابی ماندوو مەکە’’.

٥٠ ئیشۆعیش ئەمەی بیست و وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘مەترسە! تەنها باوەڕت هەبێت، چاکدەبێتەوە’’.

٥١ کاتێ گەیشتە ماڵەکە، نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێتە ژوورەوە، پەترۆس و یوحەننەن و یاقوو و دایک و باوکی کچەکە نەبێت.

٥٢ هەموو دەگریان و شیوەنیان بۆ دەگێڕا، ئەویش فەرمووی: ‘‘مەگرێن. نەمردووە، بەڵکو نووستووە’’.

٥٣جا پێی پێکەنین، چونکە دەیانزانی مردووە.

٥٤ هەمووانی کردە دەرەوە و دەستی کچەکەی گرت، بانگی کرد و فەرمووی: ‘‘کیژۆڵە، هەستە!’’

٥٥ ئیتر ڕووحی هاتەوە بەر و یەکسەر هەستا، ئەوسا فەرمانی دا نانی بدەنێ.

٥٦ دایک و باوکی سەریان سوڕما، بەڵام ڕایسپاردن ئەوەی ڕوویداوە بە کەسی نەڵێن.

لۆقا 9

١ دوازدەکەی بانگکرد، هێز و دەسەڵاتی پێدان بەسەر هەموو شەیتانەکان و نەخۆشییەکان، بۆ چاکبوونەوە،

٢ ناردنی تاکو موژدەی پاشایەتی خودا بدەن و نەخۆش چاکبکەنەوە.

٣ پێی فەرموون: ‘‘بۆ ڕێگا هیچ هەڵمەگرن، نە گۆچان و نە تورەگە، نە نان و نە زیو، کەسیش دوو کراسی نەبێت.

٤ چوونە هەر ماڵێک لەوێ بمێننەوە و لەوێوە دەرچن.

٥ هەر کەسێک پەسەندتان نەکات، لەو شارە دەرچن و تۆزی پێشتان بتەکێنن، بۆ گەواهی لەسەریان’’.

٦ کاتێ دەرچوون و بە گوندەکاندا دەگەڕان، موژدەیان دەدا و لە هەموو لایەک خەڵکیان چاکدەکردەوە.

٧ هیڕوودسی تیترارک هەموو ئەو شتانەی بیستەوە کە ڕوویدەدا و سەری سوڕما، چونکە هەندێک دەیانووت: ‘‘یوحەننەن لەنێو مردووان هەستاوەتەوە’’.

٨ هەندێکیش دەیانووت: ‘‘ئیلیا دەرکەوتووە’’. کەسانی دیکەش: ‘‘یەکێک لە پێغەمبەرانی کۆنە هەستاوەتەوە’’.

٩ هیڕوودسیش وتی: ‘‘خۆم سەری یوحەننەنم لێکردەوە، ئەی ئەمە کێیە شتی وا دەرباەری دەبیستم؟’’ بۆیە هەوڵی دەدا بیبینێت.

١٠ کاتێ پەیامبەران گەڕانەوە، ئەوەی کردبوویان بۆ ئیشۆعیان گێڕایەوە، ئەویش ئەوانی برد و بە تەنیا بۆ شارێک چوو ناوی بەیتسەیدەن بوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ کاتێ کۆمەڵانەکە زانییان، دوای کەوتن، ئەویش پێشوازی لێکردن و باسی پاشایەتی خودای بۆ فەرموون، ئەوانەی پێویستییان بە چاکبوونەوە بوو چاکیکردنەوە.

١٢ کاتێ ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، دوازدەکە هاتن و پێیان وت: "کۆمەڵەکە بەڕێبکە با بڕۆنە گوند و دێیەکانی دەوروبەرمان، تاکو لەوێ بمێننەوە و خواردنیش پەیدا بکەن، چونکە لێرە لە شوێنێکی چۆڵداین".

١٣ پێی فەرموون: "ئێوە شتێکیان بدەنێ با بیخۆن". وەڵامیان دایەوە: "لە پێنج نان و دوو ماسی زیاترمان نییە، مەگەر بڕۆین بۆ هەموو گەلەکە نان بکڕین".

١٤ چونکە نزیکەی پێنج هەزار پیاو دەبوون. ئینجا بە قوتابییەکانی فەرموو: "بە کۆمەڵ دایاننیشێنن، هەریەکە پەنجا پەنجا".

١٥ جا وایان کرد و هەموویان دانیشاندن.

١٦ ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و چاوی هەڵبریە ئاسمان و داڕشتی کردن و لەتیکردن، دایە قوتابییەکان تاکو لەبەردەمی خەڵکەکەی دابنێن.

١٧ هەموو خواردیان و تێربوون. لەو لەتەنانەی لێیان مایەوە دوازدە سەبەتە هەڵگیرایەوە.

١٨ کاتێ ئیشۆع بە تەنیا نوێژی دەکرد، قوتابییەکان لەگەڵی بوون، لێی پرسین و فەرمووی: "خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟"

١٩ وەڵامیان دایەوە و وتیان: "یوحەننەی عەمادکار، هەندێکیش ئیلییا، خەڵکی دیکەش پێغەمبەرێکی کۆنەکانە هەستاوەتەوە".

٢٠ پێی فەرموون: "ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟" پەترۆس وەڵامی دایەوە و وتی: "مەسیحی خودا!".

٢١ ئەویش ئاگاداری کردنەوە و ڕایسپاردن ئەمە بە کەس نەڵێن.

٢٢ هەروەها فەرمووی: "ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت زۆر ئازار بچێژێت و پیران و کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان ڕەتی بکەنەوە، بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێتەوە".

٢٣ ئینجا بە هەمووانی فەرموو: "ئەگەر یەکێک ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت.

٢٤ چونکە ئەوەی بیەوێت خۆی ڕزگار بکات دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات.

٢٥ چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت یان لە دەستی بدات؟

٢٦چونکە ئەوەی شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش شەرمی پێی دەبێت، کاتێ بە شکۆی خۆی و باوک و فریشتە پارساکانەوە دێتەوە.

٢٧ ڕەواتان پێ دەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە ڕاوەستاون مەرگ ناچێژن تاکو پاشایەتیی خودا دەبینن".

٢٨ نزیکەی هەشت ڕۆژ دوای ئەم فەرموودانە، پەترۆس و یوحەننەن و یاقووی برد و سەرکەوتە سەر چیایەک تاکو نوێژ بکات.

٢٩ کاتێ نوێژی دەکرد، شێوەی ڕووخساری گۆڕا و جلەکانی سپی بریسکەدار هەڵگەڕان.

٣٠ دوو پیاویش لەگەڵی دەدووان، مووشێ و ئیلییا بوون.

٣١ بە شکۆوە دەرکەوتن و لەبارەی دەرچوونەکەی کە خەریکبوو لە یروشلایم تەواوی بکات قسەیان کرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٢ بەڵام پەترۆس و هاوڕێیانی خەو چاوی قورس کردبوون، کاتێ خەبەریان بووەوە شکۆی ئەو و دوو پیاوەکەیان بینی کە لەگەڵی ڕاوەستابوون.

٣٣ کاتێ لێی جیا دەبوونەوە، پەترۆس بە ئیشۆعی وت: ‘‘ڕابی، پێمان باشە لێرە بین. با سێ کەپر هەڵبدەین، یەکێک بۆ تۆ، یەکێک بۆ مووشێ، یەکێکیش بۆ ئیلییا’’. نەیدەزانی چی دەڵێت.

٣٤ کاتێ ئەم قسانەی دەکرد، هەورێک هات و سێبەری خستە سەریان، کە کەوتنە نێو هەورەکە، ترسان.

٣٥ دەنگێک لە نێو هەورەکەوە هات و فەرمووی: ‘‘ئەمەیە ڕۆڵە خۆشەویستەکەم، گوێی لێ بگرن’’.

٣٦ کە دەنگەکە دووا، ئیشۆع بە تەنیا بینرا. ئەوانیش بێدەنگ بوون و لەو ڕۆژانەدا لەلای کەس باسی ئەو شتانەیان نەکرد کە بینییان.

٣٧ بۆ بەیانی، کە لە چیاکە هاتنە خوارەوە، کۆمەڵێکی زۆر تووشی بوون.

٣٨ لەنێوان کۆمەڵەکەدا پیاوێک هاواری کرد: ‘‘ڕابی، لێت دەپاڕێمەوە تەماشای کوڕەکەم بکە، چونکە تاقە کوڕمە.

٣٩ ڕووحێک دەیبات و لەناکاو هاوار دەکات، خووگرتی دەکات و کەف دەکات، بە زەحمەت وازی لێ دەهێنێت و بریندارى دەکات.

٤٠ لە قوتابییەکانت پاڕامەوە تاکو دەریبکەن، بەڵام نەیانتوانی’’.

٤١ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ئەی نەوەی بێباوەڕ و چەوت، تا کەی لەگەڵتان بم و بەرگەتان بگرم؟ کوڕەکەت بهێنە ئێرە!’’.

٤٢ کاتێ کوڕەکە دەهات، شەیتانەکە ڕایتەکاند و خووگرتی کرد، ئیشۆعیش لە ڕووحە گڵاوەکەی ڕاخوڕی و کوڕەکەی چاککردەوە، ڕادەستی باوکی کرد.

٤٣ هەموو لە مەزنایەتیی خودا سەرسام بوون. کاتێ هەموو سەرسام مابوون لە هەموو ئەوەی ئیشۆع کردی، بە قوتابییەکانی فەرموو:

٤٤ ‘‘با ئەم وتەیە بچێتە گوێتانەوە: وا ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی خەڵک دەکرێت’’.

٤٥ بەڵام ئەوان ئەم فەرموودەیە تێنەگەیشتن، لێیان شاردرابووەوە تاکو حاڵی نەبن، ترسان دەربارەی ئەم فەرموودەیە پرسیشی لێ بکەن.

٤٦ بیرکردنەوەیەک لەنێوانیان پەیدا بوو، کامیان مەزنترە؟

٤٧ ئیشۆع بە ئەندێشەیانی زانی، منداڵێکی هێنا و لەلای خۆی ڕایگرت،

٤٨ پێی فەرموون: ‘‘ئەوەی بە ناوی منەوە ئەم منداڵە پەسەند بکات، ئەوا منی پەسەند کردووە، ئەوەش من پەسەند بکات، ئاوا ئەوەی پەسەند کردووە کە ناردوومی. چونکە بچووکترینی هەمووتان مەزنترە’’.

٤٩ یوحەننەن وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘ڕابی، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە شەیتانی دەردەکرد، نەمانهێشت چونکە لەگەڵمان دوات ناکەوێت’’.

٥٠ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘قەدەغەی لێ مەکەن، چونکە ئەوەی دژمان نەبێت، لەگەڵمانە’’.

٥١ کە ڕۆژانی بەرزکردنەوەی نزیکبووەوە، ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو یروشلایم بڕوات.

٥٢ پەیامبەری لەپێش خۆی نارد، ئەوانیش ڕۆیشتن و چوونە گوندێکی شمرنیەکان تاکو شوێنی بۆ ئامادە بکەن،

٥٣ بەڵام پێشوازییان لێ نەکرد، چونکە بەرەو یروشلایم دەچوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٤ کاتێ یاقوو و یوخەننەنی قوتابییانی ئەوەیان بینی، وتیان: ‘‘پەروەردگار، دەتەوێ داوا بکەین لە ئاسمانەوە ئاگر بێتە خوارەوە و لەناویان ببات، وەکو ئیلییا وای کرد؟’’

٥٥ ئاوڕی دایەوە و سەرزەنشتی کردن و فەرمووی: ‘‘ئێوە نازانن لە چ ڕووحێکن!’’.

٥٦ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە تاکو گیانی خەڵکی لەناوببات، بەڵکو بۆئەوەی ڕزگاری بکات’’ ئینجا چوونە گوندێکی دیکە.

٥٧ کاتێ بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، یەکێک پێی وت: ‘‘گەورەم، بۆ کوێ بڕۆیت دوات دەکەوم’’.

٥٨ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘ڕێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام ڕۆڵەی مرۆڤ جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت’’.

٥٩ بە یەکێکی دیکەی فەرموو: ‘‘دوام بکەوە’’. ئەمەیان وتی: ‘‘گەورەم، ڕێگام بدە یەکەمجار بچم باوکم بنێژم’’.

٦٠ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘با مردووان مردووەکانیان بنێژن، بەڵام تۆ بڕۆ بانگەوازی پاشایەتی خودا بکە’’.

٦١ یەکێکی دیکەش وتی: ‘‘گەورەم، دوات دەکەوم، بەڵام جارێ لێم گەڕێ با ماڵئاوایی لە خانەوادەکەم بکەم’’.

٦٢ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘کەسێک دەست لەسەر گاسن دابنێت و ئاوڕ لە دواوە بداتەوە، بەکەڵکی پاشایەتیی خودا نایەت’’.

لۆقا 10

١ پاش ئەمە پەروەردگار حەفتای دیکەی دەستنیشان کرد، لەپێش خۆی دوو دوو ناردنی بۆ هەر شار و جێگایەک کە بەتەمابوو بۆی بچێت.

٢ جا پێی فەرموون: ‘‘دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. جا داوا لە خاوەن دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.

٣ بڕۆن! ئەوا من وەک کاوڕ بۆ نێو گورگان دەتانێرم.

٤ نە کیسەی پارە و نە تورەگە و نە سۆل هەڵمەگرن، لە ڕێگاش سڵاو لە کەس مەکەن.

٥ چوونە هەر ماڵێکیش، یەکەمجار بڵێن: ئاشتی بۆ ئەم ماڵە،

٦ئەگەر ڕۆڵەی ئاشتی لەوێ بێت، ئەوا ئاشتیتان دەچێتە سەری، ئەگینا بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە.

٧لەو ماڵە بمێننەوە و لەوەی هەیانە بخۆن و بخۆنەوە، چونکە کارگەر شایانی کرێی خۆیەتی. ماڵە و ماڵیش مەکەن.

٨ چوونە هەر شارێک و پێشوازییان لێکردن، ئەوەی لەبەردەمتانی دادەنێن بیخۆن،

٩ ئەو نەخۆشانەی تیایەتی چاکی بکەنەوە و پێیان بڵێن: پاشایەتی خودا لێتان نزیکبۆتەوە.١٠ بەڵام چوونە هەر شارێک و پێشوازییان لێ نەکردن، بڕۆنە سەر شەقامەکانی و بڵێن:

١١تەنانەت تۆزی شارەکەتان کە بە پێمانەوە لکاوە بۆتانی دەتەکێنین، بەڵام ئەمە بزانن: پاشایەتی خودا لێتان نزیکبۆتەوە.

١٢ پێتان دەڵێم: لەو ڕۆژەدا دۆخی سەدوم سوکتر دەبێت لەو شارە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ وەی بەحاڵت کورەزین! وەی بەحاڵت بەیتسەیدەن! چونکە ئەو پەرجوانەی لەنێو ئێوەدا کران، ئەگەر لە سووڕ و سەیدەن بکرابوونایە، هەر زوو بە بەرگی ماتەم و لە نێو خۆڵەمێش دادەنیشتن و تۆبەیان دەکرد.

١٤ بەڵام لە لێپرسینەوەدا، دۆخی سووڕ و سەیدەن سوکتر دەبێت لەوەی ئێوەیە.

١٥ تۆش ئەی کپەرناخوم، کە بۆ ئاسمان بەرز بوویتە! تۆ دەکەویتە دۆڵی بێبن.

١٦ ئەوەی گوێتان لێ بگرێت، گوێ لە من دەگرێت، ئەوەی ڕەتتان دەکاتەوە من ڕەت دەکاتەوە. ئەوەش من ڕەت دەکاتەوە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە منی ناردووە".

١٧ حەفتاکە بە شادییەوە گەڕانەوە و وتیان: "پەروەردگار، تەنانەت شەیتانەکانیش بە ناوی تۆوە ملکەچمانن!".

١٨ ئەویش پێی فەرموون: "شەیتانم بینی وەک بروسکە لە ئاسمانەوە دەکەوت.

١٩ ئەوەتا دەسەڵاتم پێتانداوە پێ بە مار و دووپشک و هەموو هێزی دوژمندا بنێن، هیچ زیانیشتان پێناگەیەنێت.

٢٠ بەڵام بەمە دڵخۆش مەبن کە ڕووحەکان ملکەچتانن، بەڵکو دڵخۆشبن کە ناوتان لە ئاسمانداندا نووسراوە".

٢١ لەو کاتەدا ئیشۆع بە ڕووحی پارسا شادمان بوو و فەرمووی: "سوپاست دەکەم ئەی باوک، پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، چونکە ئەمانەت لە دانا و تێگەیشتووان شاردۆتەوە و بۆ منداڵان ئاشکرات کردووە. بەڵێ ئەی باوک، چونکە بەلای تۆوە ئاوا خۆش بوو!"

٢٢ ئینجا ئاوڕی لە قوتابیەکانی دایەوە و فەرمووی: "لە باوکمەوە هەموو شتێکم پێ دراوە. کەس نازانێت ڕۆڵە کێیە باوک نەبێت، یان باوک کێیە ڕۆڵە و ئەوە نەبێت کە ڕۆڵە دەیەوێ بۆی ئاشکرا بکات".

٢٣ بە تەنیا ئاوڕی لە قوتابییەکان دایەوە و فەرمووی: "بەختەوەری بۆ ئەو چاوانەی ئەوە دەبینێت کە ئێوە دەیبینن!

٢٤ چونکە پێتان دەڵێم: زۆر پێغەمبەر و پاشا ویستیان ئەوە ببینن کە ئێوە دەیبینن، بەڵام نەیانبینی، ئەوەش ببیستن کە ئێوە دەیبیستن، بەڵام نەیانبیست".

٢٥ تەوراتزانێک هەستا تاکو تاقی بکاتەوە، وتی: "ڕابی، چی بکەم تاکو ژیانی جاویدانی بە میرات بگرم؟"

٢٦ ئەویش پێی فەرموو: "لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟"

٢٧وەڵامی دایەوە و وتی: "پەروەردگار خوداوەندت بە هەموو دڵ و هەموو دەروون و هەموو توانا و هەموو بیرتەوە خۆشبووێ، هەروەها نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ".

٢٨ پێی فەرموو: "وەڵامەکەت ڕاستە، ئەمە بکە دەژیت".

٢٩ بەڵام ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات، بە ئیشۆعی وت: "نزیکەکەم کێیە؟"

٣٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: "مرۆڤێک لە یروشلایمەوە بۆ ئەریخو دەچوو، کەوتە دەست جەردە، ڕووتیان کردەوە و بریندارییان کرد، ئینجا بە نیوەمری بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن.

٣١ وا ڕێککەوت کاهینێک بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت، کاتێ بینی، لەوبەرەوە تێپەڕی.

٣٢ لیوییەکیش ئاوا گەیشتە شوێنەکە، هات و سەیری کرد و لەوبەرەوە تێپەڕی.

٣٣بەڵام شمرنیەکی ڕێبوار هاتە سەری، بینی و دڵی پێی سووتا،

٣٤ چووە پێش و برینەکانی پێچایەوە، ڕۆن و مەیی بەسەردا کرد، سواری وڵاغەکەی خۆی کرد و بردییە خانێک و چاودێری کرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ ڕۆژی پاشتر دوو دیناری دەرهێنا و دایە خانچییەکە و وتی: چاودێری بکە و هەرچی زیاترت خەرج کرد، کە گەڕامەوە دەتدەمەوە.

٣٦ کام لەم سێیانە بە نزیک دەزانیت بۆ ئەوەی کەوتە دەست جەردەکان؟”

٣٧ وتی: “ئەوەی بەزەیی پێیدا هاتەوە”. ئیشۆعیش پێی فەرموو: “تۆش بڕۆ ئاوا بکە”.

٣٨ کاتێ ڕێیان دەکرد چووە گوندێک، ژنێک لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکرد ناوی مەرتا بوو.

٣٩ خوشکێکی هەبوو ناوی مەریەم بوو، لەبەرپێی ئیشۆع دانیشت و گوێی لە فەرموودەکانی دەگرت.

٤٠ بەڵام مەرتا لەبەر زۆری ڕاژەکردن شپرزەبوو، ڕاوەستا و وتی: “پەروەردگار، باکت نییە خوشکم بە تەنیا بەجێیهێشتووم و ڕاژە دەکەم؟ پێی بفەرموو با یارمەتیم بدات!”

٤١ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: “مەرتا، مەرتا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و پەشۆکاویت،

٤٢ بەڵام یەک شت پێویستە، مەریەم بەشە چاکەکەی هەڵبژارد کە لێی ناسەندرێتەوە”.

لۆقا 11

١ کە ئیشۆع لە شوێنێکدا نوێژی دەکرد، کاتێ تەواوی کرد، یەکێک لە قوتابییەکانی پێی وت: “پەروەردگار، فێری نوێژمان بکە، هەروەک یوخەننەنیش قوتابییەکانی خۆی فێرکرد”.

٢ پێی فەرموون: “کاتێ نوێژ دەکەن، بڵێن: *(بابمان وا لە ئاسمانانی، ناوت پارسا بێت، پاشایەتییەکەت بێ، خواستت لەسەر زەوی بێت وەک لە ئاسمان.*

٢ *نانی بەسکردنی ڕۆژانەمان بدەرێ.*

٤ *گوناهەکانمان ببەخشە، ئێمەش لەقەرزارەکانمان خۆشدەبین. مەمانخەرە نێو تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمان بکە لە بەدکار)*”.

٥ ئینجا پێی فەرموون: “کێ لە ئێوە هاوڕێیەکی هەبێت و لە نیوە شەودا بچێتە لای و پێی بڵێت: هاوڕێم، سێ کولێرەم بە قەرز بدەرێ،

٦ چونکە هاوڕێیەکم لە دوورەوە بۆ لام هاتووە، هیچم نییە لەبەردەمی دابنێم.

٧ ئەویش لە ژوورەوە وەڵام دەداتەوە: هەراسانم مەکە! ئێستا دەرگا داخراوە، خۆم و منداڵم لەنێو جێگاداین، ناتوانم هەستم و بتدەمێ.

٨ پێتان دەڵێم: ئەگەر لەبەر هاوڕێیەتی هەڵنەستێ و بیداتێ، لەبەر پێداگرتنی چەندی پێویست بێت هەڵدەستێ و دەیداتێ.

٩منیش پێتان دەڵێم: داوا بکەن، پێتان دەدرێت، بگەڕێن دەدۆزنەوە، لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە.

١٠ چونکە هەر کەسێک داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا بدات لێی دەکرێتەوە.

١١ چ باوکێک لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات، ئایا بەردی دەداتێ؟ یان داوای ماسی بکات، ماری دەداتێ؟

١٢ یان داوای هێلکە بکات دووپشکی دەداتێ؟

١٣ جا ئێوە کە بەدکارن، بزانن دیاریی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوک کە لە ئاسمانە، چەند زیاتر ڕووحی پارسا دەداتە ئەوانەی لێی داوا دەکەن”.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ ئیشۆع شەیتانێکی دەردەکرد کە لاڵ بوو، کاتێ شەیتانەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد و خەڵکەکە سەرسام بوون.

١٥ بەڵام هەندێکیان وتیان: ‘‘بە بەعلەزبولی سەرۆکی شەیتانەکان، شەیتانان دەردەکات’’.

١٦ هەندێکی دیکەش تاقییان دەکردەوە، داوای پەرجوێکیان لێی کرد لە ئاسمانەوە.

١٧ ئەویش بە بیرکردنەوەیانی زانی، پێی فەرموون: ‘‘هەر پاشایەتییێک دووبەرەکی تێبکەوێت وێران دەبێت، ماڵیش دوو بەش بێت تێکدەچێت.

١٨ ئەگەر شەیتانیش دوو بەش بێت چۆن پاشایەتیەکەی خۆی ڕادەگرێت؟ چونکە ئێوە دەڵێن: من بە بەعلەزبول شەیتانەکان دەردەکەم.

١٩ ئەگەر من بە بەعلەزبول شەیتانان دەربکەم، ئەی ڕۆڵەکانتان بە کێ دەریان دەکەن؟ بۆیە ئەوان حوکمتان دەدەن!

٢٠ بەڵام ئەگەر من بە پەنجەی خودا شەیتانەکان دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتۆتە سەرتان.

٢١ کاتێ مرۆڤی بە هێز و چەکدار پارێزگاری لە ماڵەکەی دەکات، ماڵەکەی پارێزراوە.

٢٢ بەڵام کاتێک یەکێکی لە خۆی بەهێزتر بێتە سەری دەیبەزێنێت، چەکەکانی لێ دەستێنێ کە پشتی پێی بەستبوو، دەسکەوتەکانیش دابەش دەکات.

٢٣ ئەوەی لەگەڵم نییە دژی منە، ئەوەش لەگەڵم کۆناکاتەوە بڵاو دەکاتەوە.

٢٤ کاتێ ڕووحی گڵاو لە مرۆڤ دەردەچێت، لە ناوچە وشکانییەکان بەدوای حەوانەوە دەگەڕێت و دەستی ناکەوێت. ئینجا دەڵێت: دەگەڕێمەوە ماڵەکەی خۆم کە لێی دەرچووم.

٢٥ کاتێ دەگەڕێتەوە، دەبینێت گسک دراوە و ڕێکخراوە.

٢٦ ئەوسا دەچێت و حەوت ڕووحی لە خۆی بەدکارتر دەهێنێت، دەچنە ژوورەوە، لەوێ نیشتەجێ دەبن، ئینجا کۆتاییەکانی ئەو مرۆڤە لە سەرەتاییەکانی خراپتر دەبێت!’’.

٢٧ کاتێ ئیشۆع ئەمانەی دەووت، ژنێک لەنێو کۆمەڵەکەوە دەنگی بەرز کردەوە و پێی وت: ‘‘بەختەوەری بۆ ئەو سکەی هەڵیگرتووی و بەو مەمکەی شیری پێداوی’’.

٢٨ ئەویش فەرمووی: ‘‘بەڵکو بەختەوەری بۆ ئەوانەی کە گوێ لە وشەی خودا دەگرن و دەیپارێزن’’.

٢٩ کاتێ کۆمەڵانەکە جەنجاڵ ببون، فەرمووی: ‘‘ئەم نەوەیە بەدکارە. داوای پەرجو دەکات، بەڵام هیچ پەرجوێکی نادرێتێ، جگە لە پەرجوی یۆنەنی پێغەمبەر.

٣٠ چۆن یۆنەن بۆ خەڵکی نەینەوا بووە پەرجو، ڕۆڵەی مرۆڤیش بۆ ئەم نەوەیە ئاوا دەبێت.

٣١ لە لێپرسینەوەدا شاژنی باشوور لەگەڵ پیاوانی ئەم نەوەیە هەڵدەستێتەوە و تاوانباریان دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی شلیمون. ئەوەتا مەزنتر لە شلیمون لێرەیە!

٣٢ پیاوانی نەینەواش لە لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم نەوەیە هەڵدەستن و تاوانباری دەکەن، چونکە بە بانگەوازەکەی یۆنەن تۆبەیان کرد، ئەوەتا مەزنتر لە یۆنەن لێرەیە!’’

٣٣ ‘‘کەس چرا هەڵناکات و لە جێیەکی شاراوە یان لە ژێر تەشت دایبنێت، بەڵکو لەسەر چرادان، تاکو ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن.

٣٤ چاو چرای لەشە. کاتێ چاوت ساغ بێت ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکییە، کە نەساغ بێت ئەوا لەشت هەمووی تاریکییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ کەواتە ئاگاداربە ئەو ڕووناکییەی لە تۆ دایە تاریکی نەبێت.

٣٦ بۆیە ئەگەر هەموو لەشت ڕووناک بێت و هیچ بەشێکی تاریکی نەبێت، ئەوا هەمووی ڕووناک دەبێت، وەک چرایەک کە بە تیشکی ڕووناکیت بۆ بدات".

٣٧ کاتێ ئیشۆع قسەی دەفەرموو، پەرِیشییەک بۆ چێشتخواردن داوەتی کرد. ئەویش چووە ژوورەوە و دانیشت.

٣٨ بەڵام پەرِیشییەکە کە بینی ئیشۆع پێش نانخواردن دەستی نەشوشت، سەری سوڕما.

٣٩ پەروەردگاریش پێی فەرموو: "ئێوەی پەرِیشی دەرەوەی جام و قاپ پاکدەکەنەوە، بەڵام ناختان پڕە لە چڵێسی و بەدکاری.

٤٠ گێلینە، ئایا ئەوەی دەرەوەی دروستکردووە ناوەوەشی دروست نەکردووە؟

٤١ جا ئەوەی هەتانە بیدەنە هەژاران، ئەوەتا هەموو شتێک بۆتان پاکدەبێت.

٤٢ بەڵام وەی بەحاڵتان ئەی پەرِیشییەکان! ئێوە دەیەکی پونگ و ڕازیانە و هەموو سەوزەوات دەدەن، بەڵام ڕەوا و خۆشویستنی خودا پشتگوێ دەخەن. دەبوایە ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن.

٤٣ وەی بەحاڵتان ئەی پەرِیشییەکان! چونکە ڕیزی پێشەوەی کەنیشت و سڵاوکردنی بازاڕتان خۆشدەوێ.

٤٤ وەی بەحاڵتان، ئەی تەوراتزان و پەرِیشیە ڕووپاماکان! چونکە ئێوە لەو گۆڕە نادیارانە دەچن کە خەڵکی بێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن!".

٤٥ یەکێکی تەوراتزان وەڵامی دایەوە و پێی وت: "ڕابی، بە وتنی ئەمانە، ئێمەش سووک دەکەیت!".

٤٦ فەرمووی: "وەی بەحاڵی ئێوەی تەوراتزانیش! بارێک لە خەڵکی دەدەن کە هەڵگرتنی زەحمەتە، بەڵام خۆتان پەنجەیەکیش لە بارەکە نادەن.

٤٧ وەی بەحاڵتان، چونکە گۆڕی پێغەمبەران هەڵدەبەستن، کە باوباپیرانتان کوشتوویانن.

٤٨ کەواتە ئێوە گەواهیدەرن و کردەوەی باوباپیرانتان لا پەسەندە، چونکە ئەوان کوشتیانن و ئێوەش گۆڕەکانیان بۆ هەڵدەبەستن.٤٩ بۆیە دانایی خودا فەرمووی: من پێغەمبەر و پەیامبەریان بۆ دەنێرم، بەڵام لێیان دەکوژن و قاویان دەدەن،

٥٠ تاکو خوێنی هەموو پێغەمبەران کە لە دامەزراندنی جیهانەوە ڕژاوە لەم نەوەیە داوا بکرێت،

٥١ لە خوێنی هاویلەوە تاکو خوێنی زخەریا کە لەنێوان قوربانگا و پەرستگادا لەناوبردرا. بەڵێ، پێتان دەڵێم: لەم نەوەیە داوا دەکرێت!

٥٢ وەی بەحاڵتان ئەی تەوراتزانان! چونکە کلیلی زانیاریتان برد، خۆتان نەچوونە ژوورەوە و ڕێتان لەوانەش گرت کە دەچوونە ژوورە".

٥٣ کاتێ ئیشۆع ئەمەی دەفەرموو، تەوراتزان و پەرِیشییەکان دەستیان پێکرد تەنگی پێ هەڵچنن و لە زۆر بابەت پرسی لێ بکەن،

٥٤ خۆیان لێ مات کردبوو تاکو بە وشەیەکی دەمی خۆی تووشی بکەن.

لۆقا 12

١ لەو کاتەدا کە گەل بە هەزاران کۆببوونەوە، بە جۆرێک یەکتریان پێشێل دەکرد، بە قوتابییەکانی فەرموو: "ئاگاداری هەوێنی پەرِیشییەکان بن، کە ڕووپامایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت.

٣ بۆیە هەرچی لە تاریکی وتوتانە، لە ڕووناکی دەبیسترێت، ئەوەش کە لە ماڵ بە چرپە وتوتانە، لە سەربانان بانگەواز دەکرێت.

٤ بەڵام خۆشەویستانم پێتان دەڵێم: لەوانە مەترسن کە لەش دەکوژن و پاش ئەوە هیچی دیکەیان نییە بیکەن.

٥ بەڵام ئەوەتان پیشان دەدەم کە دەبێ لێی بترسن: لەوە بترسن کە دەسەڵاتی هەیە پاش کوشتن فڕێبداتە نێو دۆزەخ. بەڵێ، پێتان دەڵێم: لەمە بترسن!

٦ ئایا پێنج چۆلەکە بە دوو فلس نافرۆشرێت؟ خوداش یەکێک لەوانی لە بیر ناچێت.

٧ تەنانەت هەموو مووی سەریشتان ژمێردراوە. کەواتە مەترسن! ئێوە زۆر لە چۆلەکە باشترن!.

٨ پێشتان دەڵێم: ئەوەی لەبەردەم خەڵکی دانم پیابنێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش لەبەردەم فریشتەکانی خودا دانی پیادەنێت.

٩ ئەوەش کە لەلای خەڵک نکۆڵیم لێ بکات، لەبەردەم فریشتەکانی خودا نکۆڵی لێ دەکرێت.

١٠ ئەوەی وشەیەک بە ڕۆڵەی مرۆڤ بڵێت، دەبەخشرێت. بەڵام ئەوەی کفر بە ڕووحی پارسا بکات، نابەخشرێت.

١١ کاتێ دەتانهێننە بەردەم کەنیشت و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران، بێباک بن لەوەی چی بدوێن یان چی بڵێن.

١٢ چونکە ڕووحی پارسا هەر لەو کاتەدا فێرتان دەکات پێویستە چی بڵێن".

١٣ یەکێکی نێو کۆمەڵەکە پێی وت: "ڕابی، بە براکەم بفەرموو میراتم لەگەڵ بەش بکات".

١٤ئەویش پێی فەرموو: "کابرا، کێ منی کردووە بە دادوەر یان بەشکار بەسەرتانەوە؟"

١٥ بە خەڵکەکەی فەرموو: "ئاگاداربن و خۆتان لە چڵێسی بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە".

١٦ ئینجا پەندێکی بۆ هێنانەوە و فەرمووی: "مرۆڤێکی دەوڵەمەند، زەوییەکەی بەرهەمێکی زۆری دا.

١٧ لە دڵی خۆیدا وتی: چی بکەم کە شوێنم نەبێ بەرهەمەکەمی لێ کۆبکەمەوە؟

١٨ جا وتی: وا دەکەم، عەمبارەکانم تێکدەدەم و گەورەتری دەکەم، لەوێدا هەموو دانەوێڵە و ماڵەکەم کۆدەکەمەوە.

١٩ بە خۆشم دەڵێم: ئەی گیانم، ئەوەتا ماڵێکی زۆرت هەڵگرتووە، بۆ چەندین ساڵ. بحەسێوە و بخۆ و بخۆوە و دڵشادبە!

٢٠ بەڵام خودا پێی فەرموو: ئەی گەمژە! هەر ئەم شەو گیانت دەردەچێت. باشە ئەوەی ئامادەت کردووە، بۆ کێ دەبێت؟

٢١بە هەمان شێوە دەبێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند نییە".

٢٢ بە قوتابییەکانی فەرموو: "بۆیە پێتان دەڵێم: بۆ ژیان خەم مەخۆن چی دەخۆن، بۆ لەش چی دەپۆشن.

٢٣ ژیان لە خواردن باشترە و لەشیش لە پۆشاک.

٢٤ بڕواننە قەلەڕەش: نە تۆو دەکات و نە دروێنە دەکات، نە خانووی هەیە و نە کۆگا، بەڵام خودا بەخێوی دەکات. دەبێ ئێوە چەند لە باڵندە باشتربن!

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ کێ لە ئێوە ئەگەر خەمی خوارد، دەتوانێت یەک کاژێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٢٦ جا کە ئێوە بۆ شتێکی بچووک تواناتان نییە، بۆچی خەمی شتەکانی دەخۆن؟

٢٧بڕواننە گوڵاڵە چۆن گەشە دەکات: نە ماندوو دەبێت و نە دەڕێسێت. بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت شلیمونیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە.

٢٨ ئەگەر خودا گیا ئاوا بپۆشێت، کە ئەمڕۆ لە کێڵگەدایە و سبەینێ دەخرێتە تەنوورەوە. دەبێ ئێوە چەند باشتربن، ئەی کەم باوەڕینە؟

٢٩ جا داوا مەکەن چی بخۆن و چی بخۆنەوە، نیگەرانیش مەبن.

٣٠ هەموو ئەمانە نەتەوەکانی جیهان داوای دەکەن، بەڵام ئێوە باوکتان دەزانێت پێویستتان بەمانە هەیە.

٣١بەڵکو داوای پاشایەتی خودا بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.

٣٢ مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە پاشایەتیەکەتان بداتێ.

٣٣ ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بیبەخشن. بۆ خۆتان تووڕەگەیەک کە لەناونەچێت و گەنجینەیەک لە ئاسماندا کە لەبن نایەت دروست بکەن، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە و نە مۆرانە لێی دەدات.

٣٤چونکە گەنجینەتان لەکوێ بێت، دڵیشتان لەوێ دەبێت.

٣٥ با پشتێنتان بەستراو و چراتان هەڵکراو بێت،

٣٦ وەک ئەوانە بن کە چاوەڕێی گەورەکەیان دەکەن تاکو لە شایی بگەڕێتەوە، کە هاتەوە و لە دەرگای دا، یەکسەر لێی بکەنەوە.

٣٧ بەختەوەری بۆ ئەو کۆیلانەی کە گەورە دێتەوە دەبینێت بێدارن. ڕەواتان پێ دەڵێم: ناوقەدی خۆی دەبەستێت و دایاندەنیشێنێت، دێت و ڕاژەیان دەکات.

٣٨ جا ئەگەر لە بەتڵی دووەم یان سێیەمی شەودا بێتەوە و ئاوا ببینێت، بەختەوەری بۆ ئەو کۆیلانە.

٣٩ بەڵام ئەوەش بزانن: ئەگەر خاوەن ماڵ بزانێت لە چ کاژێرێک دز دێتە سەری ئەوا بێدار دەبێت و نایەڵێت ماڵەکەی ببڕدرێت.

٤٠ ئێوەش ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە".

٤١ پەترۆس پێی وت: "پەروەردگار، ئەم پەندە بە ئێمە دەڵێی یان بە هەمووانیش؟"

٤٢پەروەردگار فەرمووی: "ئەو سەرکارە دڵسۆز و دانایە کێیە کە گەورەکەی لەسەر ڕاژەوانەکانی دایدەنێت، تاکو لە کاتی خۆیدا بەشە خۆراکیان بداتێ؟

٤٣ بەختەوەری بۆ ئەو کۆیلەیە، ئەوەی کاتێ گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئاوا دەکات!

٤٤ ڕەواتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیدا دایدەنێت.

٤٥ بەڵام ئەگەر ئەو کۆیلە لە دڵی خۆیدا وتی: گەورەکەم درەنگ دێتەوە، ئیتر دەست بکات بە لێدانی کۆیلەکان و کارەکەران، هەروەها بخوات و بخواتەوە و سەرخۆش بێت،

٤٦ئەوسا گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا دێتەوە کە مەزەندەی ناکات و لە کاژێرێک کە نایزانێت، ئینجا پارچە پارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ ناپاکان دەبێت.

٤٧ ئەو کۆیلەش کە خواستی گەورەکەی دەزانێت، ئامادەش نابێت و بە خواستی ئەو ناکات، زۆری لێ دەدرێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٨ بەڵام ئەوەی نازانێت و کردەوەکەی شایانی لێدانە، ئەوا کەمی لێ دەدرێ. ئەوەی زۆری دراوەتێ داوای زۆری لێ دەکرێت، ئەوەش زۆری لەلا دانراوە داوای زیاتری لێ دەکرێت.

٤٩ هاتووم تاکو ئاگر هەڵدەمە سەر زەوی، چەندە دەخوازم گڕی گرتبێت!

٥٠ عەمادی ئازارم هەیە دەبێ پێیدا تێپەڕم، چەند ناڕەحەتم تاکو تەواو دەبێت.

٥١ وادەزانن من هاتووم ئاشتی بهێنمە سەر زەوی؟ نەخێر، پێتان دەڵێم: بەڵکو دووبەرەکی.

٥٢ چونکە لەمەوپاش لە ماڵێکدا پێنجی تێدا دەبێت جیا دەبنەوە، سێ لە دوو و دوو لە سێ.

٥٣ باوک لە کوڕ و کوڕ لە باوک، دایک لە کچ و کچ لە دایک، خەسوو لە بووک و بووک لە خەسوو جیا دەبنەوە".

٥٤ ئینجا بە کۆمەڵەکەی فەرموو: "کاتێ هەورێک دەبینن لە خۆرئاواوە بەدەردەکەوێت، خێرا دەڵێن: بارانی بەدەمەوەیە، ئاواش دەبێت.

٥٥ کاتێکیش دەبینن بای باشوور هەڵدەکات، دەڵێن: گەرم دەبێت، ئاواش دەبێت.

٥٦ ئەی ڕووپاماکان! دەزانن ڕووی زەوی و ئاسمان بناسنەوە، چۆن نازانن ئەم سەردەمە بناسنەوە؟

٥٧ هەروەها بۆچی بۆ خۆتان بە ڕەوا حوکم نادەن؟

٥٨کاتێ لەگەڵ ناحەزەکەت بە ڕێگاوەی بۆ لای دادوەر، لە ڕێگا هەوڵبدە لەگەڵی ببڕێنیتەوە، ئەگینا ڕاتدەکێشێتە لای فەرمانڕەوا و فەرمانڕەواش ڕادەستی دادوەرت دەکات و دادوەریش فڕێت دەداتە زیندان.

٥٩ پێت دەڵێم: لەوێ دەرناچیت تاکو دواین پوول نەدەیتەوە".

لۆقا 13

١ لەو کاتەدا هەندێک لەوێ بوون، باسی ئەو گلیلاییانەیان بۆ ئیشۆع کرد کە پیلاتوس خوێنی لەگەڵ قوربانییەکانیان تێکەڵاو کرد.

٢ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "وادەزانن ئەو گلیلاییانە لە هەموو گلیلاییەکان گوناهبارتر بوون، چونکە ئەو شتانەیان چێژت؟

٣ نەخێر! پێتان دەڵێم: بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن.

٤ یان ئەو هەژدە کەسەی لە سیلوام قوللەکەیان بەسەردا کەوت و کوشتنی، لە هەموو دانیشتووانی یروشلایم گوناهبارتر بوون؟

٥نەخێر! پێتان دەڵێم: بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن".

٦ ئینجا ئەم پەندەی گێڕایەوە: "کابرایەک دارهەنجیرێکی چاندراوی لە ڕەزەکەی دا هەبوو، بۆ بەرهەم هات و پێوەی نەبینی.

٧ بە ڕەزەوانەکەی وت: ئەوە سێ ساڵە بۆ بەرهەمی ئەم دارهەنجیرە دێم و پێوەی نابینم. بیبڕەوە! بۆچی زەویش داگیر بکات؟

٨ وەڵامی دایەوە و پێی وت: گەورەم، ئەم ساڵەش لێیگەڕێ، تاکو دەوروبەری هەڵدەگێڕمەوە و پەیینی پێدا دەکەم.

٩بەڵکو دواتر بەر بگرێت، ئەگینا بیبڕەوە".

١٠ ئیشۆع لە شەممەدا لە یەکێک لە کەنیشتەکان خەریکی ئامۆژگاری بوو،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ ژنێک هەژدە ساڵ لاوازیەکی هەبوو، قەمبوور بوو و هەرگیز نەیدەتوانی ڕاستبێتەوە.

١٢ کاتێ ئیشۆع ژنەکەی بینی، بانگی کرد و پێی فەرموو: ‘‘خانم، لە لاوازییەکەت ئازاد کرایت!’’.

١٣ ئینجا هەردوو دەستی خستە سەری و یەکسەر ڕاستبووەوە و خودای شکۆدار کرد.

١٤ پێشەوای کەنیشتیش تووڕە بوو کەوا ئیشۆع لە شەممەدا خەڵکی چاککردەوە، بە کۆمەڵەکەی وت: ‘‘شەش ڕۆژ هەیە کە پێویستە کاریان تێدا بکرێت، لەواندا وەرن و چاکبنەوە، نەک لە ڕۆژی شەممە!’’

١٥ پەروەردگاریش وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ئەی ڕووپاما! ئایا هەر یەک لە ئێوە لە شەممەدا گا یان کەرەکەی لە ئاخوڕ ناکاتەوە و بیبات ئاوی بدات؟

١٦ ئەمەش کە ڕۆڵەی ئەوڕاهەمە و هەژدە ساڵە شەیتان بەستویەتییەوە، نەدەبوو لە ڕۆژی شەممەدا لەم بەندە ئازاد بێت؟’’

١٧ کە ئەمەی فەرموو، هەموو بەرهەڵستکارانی شەرمەزار بوون، هەموو کۆمەڵەکەش بە گشت ئەو کارە شکۆدارانەی بەو ئەنجام دەدران دڵشاد بوون.

١٨ ئینجا فەرمووی: ‘‘پاشایەتیی خودا لە چی دەچێت؟ بە چی بیچوێنم؟

١٩ لە دەنکە خەرتەلەیەک دەچێت، کابرایەک بردی و فڕێیدا نێو باخەکەی، جا گەشەی کرد و بووە دارێکی گەورە، باڵندەی ئاسمان لەنێو لقەکانی هەڵنیشتن’’.

٢٠ دیسان فەرمووی: ‘‘پاشایەتیی خودا بە چی بچوێنم؟

٢١ لە هەوێنێک دەچێت، ژنێک هێنای و کردییە نێو سێ پێوانە ئاردەوە، تاکو هەمووی هەڵهات’’.

٢٢ کاتێ دەچووە یروشلایم، بە شار و گوندەکاندا تێدەپەڕی و خەڵکی ئامۆژگاری دەکرد.

٢٣یەکێک پێی وت: ‘‘گەورەم، ئایا ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت کەمن؟’’ ئەویش پێی فەرموون:

٢٤‘‘کۆشش بکەن تاکو لە دەرگای تەسک بچنە ژوورەوە، چونکە، پێتان دەڵێم: زۆر کەس هەوڵدەدەن بچنە ژوورەوە و ناتوانن.

٢٥ لەو دەمەی خاوەن ماڵ هەڵدەستێت و دەرگا دادەخات، ئێوە لە دەرەوە دەوەستن، لە دەرگا دەدەن و دەڵێن: پەروەردگار، پەروەردگار، لێمان بکەوە! وەڵام دەداتەوە و پێتان دەڵێ: ناتانناسم ئێوە خەڵکی کوێن!

٢٦ ئەوسا دەڵێن: لەگەڵت خواردمان و خواردمانەوە و لە شەقامەکانمان ئامۆژگاریت کردین!

٢٧ ئینجا دەڵێت: ناتانناسم ئێوە خەڵکی کوێن. ئەی هەموو ستەمکاران، لێم دوور بکەونەوە!

٢٨ گریان و جیڕەی ددانیش لەوێ دەبێت، کاتێ دەبینن ئەوڕاهەم و ئسخەق و یاقوو و هەموو پێغەمبەران لە پاشایەتیی خودان، ئێوەش دەرکراونەتە دەرەوە.

٢٩ لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە باکوور و باشوورەوە دێن و لە پاشایەتیی خودا پاڵدەدەنەوە.

٣٠ ئەوەتا دواهەمینەکان دەبنە یەکەمین و یەکەمەکانیش دەبنە دواهەمین’’.

٣١ لەو ڕۆژەدا هەندێک پەریشی هاتن و پێیان وت: ‘‘ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ، چونکە هیڕوودس دەیەوێت بتکوژێت’’.

٣٢ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘بڕۆن بەو ڕێویە بڵێن: ئەوەتا ئەمڕۆ و سبەینێ شەیتانەکان دەردەکەم و چاکدەکەمەوە، لە ڕۆژی سێیەمیش تەواو دەبم.

٣٣ بەڵکو بۆ من پێویستە ئەمڕۆ و سبەینێ و دووسبەی بڕۆم، چونکە نابێ پێغەمبەرێک لە دەرەوەی یروشلایم لەناوبچێت!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ یروشلایم، یروشلایم، ئەی بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکاری پەیامبەرانت، چەند جار ویستم ڕۆڵەکانت کۆبکەمەوە، وەک مریشک جوجەڵەکانی لە ژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست!

٣٥ ئەوەتا ماڵەکەتان بە وێرانی بۆتان دەمێنێت! ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەتا نامبیننەوە، تا ئەو کاتە دێت کە دەڵێن: *{پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت}* !".

لۆقا 14

١ ئەوەبوو لە شەممەدا کاتێ ئیشۆع بۆ نانخواردن چووە ماڵی یەکێک لە سەرکردە پەریشییەکان، چاودێرییان دەکرد.

٢ پیاوێکیش نەخۆشی ئاوبەندی هەبوو لە بەرامبەری بوو.

٣ئیشۆع لە تەوراتزان و پەریشییەکانی پرسی و فەرمووی: "ئایا لە شەممەدا چاککردنەوە دروستە؟"

٤ ئەوان بێدەنگ بوون. ئەویش کابرای گرت و چاکیکردەوە و بەڕێی کرد.

٥ ئینجا پێی فەرموون: "کامەتان کەرەکەی یان گاکەی لە ڕۆژی شەممەدا بکەوێتە بیرەوە یەکسەر دەریناهێنێت؟"

٦ نەیانتوانی وەڵامی ئەو شتە بدەنەوە.

٧ پەندێکی بۆ بانگهێشتکراوان هێنایەوە کە سەرنجی دا چۆن ڕیزی پێشەوە دەگرن، پێی فەرمون:

٨ "کاتێ یەکێک بۆ شایی بانگهێشتت دەکات، لە ڕیزی پێشەوە دامەنیشە، نەوەک لە تۆ ڕێزدارتریشی بانگهێشت کردبێت.

٩ ئینجا ئەوەی تۆ و ئەوی بانگهێشت کردووە، دێت و پێت دەڵێ: شوێنەکەت بۆ ئەمە چۆڵ بکە، تۆش تەریق دەبیتەوە و ڕیزی دواوە دەگریت.

١٠ بەڵکو کاتێ بانگهێشت دەکرێیت بڕۆ لە دواوە دانیشە، تاکو کاتێ ئەوەی بانگهێشتی کردوویت، بێت و پێت بڵێت: برادەر، هەستە وەرە پێشەوە. ئەوسا لەبەرچاوی دانیشتووان شکۆدار دەبیت.

١١چونکە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە".

١٢ ئینجا بەوەی وت کەوا بانگهێشتی کردووە: "کاتێ چێشت یان شێو دەکەیت، هاوڕێ و برا و خزم و دراوسێ دەوڵەمەندەکانت بانگ مەکە، نەوەک ئەوانیش بانگت بکەنەوە، بۆت دەبێتە پاداشت.

١٣ بەڵکو ئەگەر میوانداریەکت کرد، هەژار و پەککەوتە و شەل و کوێر بانگ بکە.

١٤بەختەوەری بۆ تۆ، چونکە نییانە پاداشتت بدەنەوە، تۆش لە هەستانەوەی خوداناسان پاداشت دەدرێیتەوە".

١٥ کاتێ یەکێک لە دانیشتووان ئەمەی بیست، وتی: "بەختەوەری بۆ ئەوەی لە پاشایەتیی خودا نان دەخوات".

١٦ ئەویش پێی فەرموو: "کابرایەک شێوێکی گەورەی کرد و خەڵکێکی زۆری بانگکرد.

١٧ کاتی نانخواردن کۆیلەیەکی خۆی نارد تاکو بە بانگکراوان بڵێت: فەرموون، هەموو شتێک ئامادەیە.

١٨ بەڵام هەموو وەک یەک داوای لێبوردنیان کرد. یەکەمیان پێی وت: من کێڵگەیەکم کڕیوە و پێویستە بڕۆم بیبینم، تکایە لێم ببورە.

١٩ یەکێکی دیکە وتی: پێنج جووت مانگام کڕیوە و دەچم تاقییان دەکەمەوە، تکایە لێم ببورە.

٢٠ یەکێکی دیکەشیان وتی: ژنم هێناوە، بۆیە ناتوانم بێم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ کۆیلەکەش هاتەوە و ئەمانەی بە گەورەکەی ڕاگەیاند. خاوەن ماڵ تووڕە بوو و بە کۆیلەکەی وت: خێرا بڕۆ بۆ شەقام و کۆڵانەکانی شار، هەژار و پەککەوتە و کوێر و شەلەکان بهێنە ئێرە.

٢٢ کۆیلەکە وتی: گەورەم ئەوەی فەرمانت دا کرا، هێشتا شوێن ماوە.

٢٣گەورەکە بە کۆیلەکەی وت: بڕۆ دەرەوە بۆ ڕێگا و ڕێچکۆڵەکان بە زۆر خەڵک بهێنە ژوورەوە، تاکو ماڵەکەم پڕبێت.

٢٤ چونکە پێتان دەڵێم، لەوانەی بانگهێشت کرابوون کەس تامی شێوەکەم ناکات".

٢٥ کۆمەڵانێکی زۆری لەگەڵ بوو، ئاوڕی دایەوە و پێی فەرموون:

٢٦ "ئەگەر یەکێک بێتە لام و ڕقی لە دایک و باوکی، ژن و منداڵی، برا و خوشکەکانی نەبێتەوە، تەنانەت لە خۆشی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

٢٧ ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

٢٨ کێ لە ئێوە ئەگەر بیەوێت قوللـەیەک دروست بکات، یەکەمجار دانانیشێت و خەرجییەکەی ناخەمڵێنێت، ئاخۆ ئەوەندەی هەیە بۆ تەواوکردنی؟

٢٩ نەوەک بناغەکە دابنێت و نەتوانێت تەواوی بکات، ئەوسا هەموو تەماشاکاران گاڵتەی پێ دەکەن،

٣٠ دەڵێن: ئەم کابرایە دەستی پێکرد بینا بکات و نەیتوانی تەواوی بکات.

٣١ یان چ پاشایەک دەچێتە جەنگی پاشایەکی دیکە و یەکەمجار دانانیشێت و ڕاوێژ ناکات، ئایا بە دە هەزار دەتوانێت بەرەنگاری ئەوە ببێتەوە کە بە بیست هەزارەوە دێتە سەری؟

٣٢ ئەگینا خۆ تاکو دوورە، پەیامنێری بۆ دەنێرێت و داوای ئاشتی دەکات.

٣٣ بەم شێوەیە، هەر یەکێکتان ئەگەر واز لە هەموو شتێک نەهێنێ کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

٣٤ خوێ باشە، بەڵام ئەگەر سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟

٣٥ ئەوسا نە بەکەڵکی زەوی و نە پەیین دێت، بەڵکو فڕێدەدرێتە دەرەوە. ئەوەی دوو گوێی بۆ بیستن هەیە، با ببیستێت".

لۆقا 15

١ هەموو باجگر و گوناهباران لێی نزیک دەبوونەوە تاکو گوێی لێ بگرن.

٢ جا پەڕیشی و تەوراتزانەکان بۆڵەبۆڵیان کرد و وتیان: "ئەمە گوناهباران پەسەند دەکات و نانیان لەگەڵ دەخوات!".

٣ ئەویش ئەم پەندەی بۆ هێنانەوە:

٤ "کامەتان ئەگەر سەد کاوڕی هەبێت و دانەیەکی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و نۆکە لە دەشت بەجێ ناهێڵێت و بەدوای ونبووەکەدا ناچێت تاکو دەیدۆزێتەوە؟

٥ کاتێ دۆزییەوەش، بە خۆشییەوە دەیخاتە سەر شانی و

٦ دێتەوە ماڵ، هاوڕێ و دراوسێیەکان بانگ دەکات و پێیان دەڵێت: لەگەڵم دڵشادبن! کاوڕە ونبووەکەم دۆزییەوە!.

٧ پێتان دەڵێم: لە ئاسمانیش شادیی ئاوا دەبێت بۆ گوناهبارێک تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ بێتاوان کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ یان چ ژنێک دە درهەمی هەبێت و یەک درهەمی ون بکات، چرا هەڵناکات و ماڵەکە گسک بدات و بە وردی بگەڕێت، تاکو دەیدۆزێتەوە؟

٩ کە دۆزییەوە، هاوڕێ و دراوسێیەکانی بانگ دەکات و دەڵێت: لەگەڵم دڵشادبن، ئەو درهەمەی ونم کردبوو، دۆزیمەوە.

١٠ پێتان دەڵێم: بە تۆبەکردنی گوناهبارێک، ئاوا لای فریشتەکانی خودا دەبێتە شادی".

١١ ئینجا فەرمووی: "کابرایەک دوو کوڕی هەبوو.

١٢ بچووکەکەیان بە باوکی وت: باوکە، بەشی خۆمم لە میراتەکە بدەرێ. ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن.

١٣ دوای چەند ڕۆژێکی کەم، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا.

١٤ لەدوای ئەوەی هەمووی خەرج کرد، برسێتیەکی توند کەوتە ناوچەکە، جا دەستی بە نەبوونی کرد.

١٥ ئیتر چووە پاڵ هاوڵاتییەکی ناوچەکە، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز.

١٦ حەزی دەکرد بەو خڕنووکە برسێتی بشکێنێت کە بەرازەکان دەیانخوارد و کەسیش پێی نەدەدا.

١٧ ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و وتی: ئاخۆ چەند کرێکاری باوکم نانیان لەبەر دەمێنێتەوە، منیش لێرە وا لە برسان دەمرم!

١٨ هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد.

١٩ ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە کرێکارێکی خۆت.

٢٠ جا هەستا و گەڕایەوە لای باوکی، هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و لە باوەشی کرد و ماچیکرد.

٢١ کوڕەش پێی وت: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.

٢٢ بەڵام باوکەکە بە کۆیلەکانی خۆی وت: باشترین بەرگ بهێنن و بیپۆشن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاویش بۆ پێی.

٢٣ گوێرەکە دابەستییەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین.

٢٤ چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندووبووەوە، ونببوو و دۆزرایەوە. جا دەستیان پێکرد دڵخۆش دەبوون.

٢٥ کوڕە گەورەکە لە کێڵگە بوو، کە دەهاتەوە و لە ماڵ نزیکبووەوە، گوێی لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بوو.

٢٦ یەکێک لە ڕاژەوانانی بانگکرد و پرسی کرد، ئەمە چییە؟

٢٧ پێی وت: براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە دابەستییەکەی سەربڕی، چونکە بە ساغی وەریگرتەوە.

٢٨ تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێکرد.

٢٩ ئەویش وەڵامی باوکی دایەوە: ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە ڕاژەت دەکەم و هەرگیز لە ڕاسپاردەت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم.

٣٠ بەڵام کاتێ ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ داوێنپیسان خوارد، گوێرەکە دابەستییەکەت بۆی سەربڕی!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣١ ئەویش پێی وت: ڕۆڵە، تۆ هەمیشە لەگەڵ منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە.

٣٢ بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیندووبووەوە، ونببوو و دۆزرایەوە".

لۆقا 16

١ هەروەها بە قوتابییەکانی فەرموو: "کابرایەکی دەوڵەمەند سەرکارێکی هەبوو، سکاڵای بەفیڕۆدانی ماڵەکەی لەسەری پێ گەیشت.

٢ بانگیکرد و پێی وت: ئەمە چییە لەسەر تۆ دەیبیستم؟ هەژماردی سەرکارییەکەت بدەوە، چونکە ئیتر ناتوانیت سەرکار بیت.

٣ سەرکارەکە بە خۆی وت: چی بکەم، چونکە گەورەکەم سەرکارییەکەم لێ دەسێنێتەوە؟ ناتوانم هەڵبکەنم و شەرمیش دەکەم سواڵ بکەم.

٤ بەڵام دەزانم چی دەکەم، تاکو کاتێ لە سەرکارییەکە لابردرام لە ماڵەکانیان پەسەندم بکەن.

٥ جا هەریەکە لە قەرزارەکانی گەورەکەی بانگکرد. بە یەکەمیانی وت: چەند قەرزاری گەورەکەمیت؟

٦ وتی: سەد هێزە ڕۆن. ئەویش پێی وت: پسوولەکەت وەربگرە و دانیشە، خێرا بنووسە پەنجا.

٧ بەوی دیکەی وت: تۆ چەندت لەسەرە؟ وتی: سەد ڕبە گەنم. پێی وت: پسوولەکەت وەربگرە و بنووسە هەشتا.

٨ جا گەورەکە ستایشی سەرکارە ناپاکەکەی کرد، چونکە ژیرانە ڕەفتاری کرد. چونکە کوڕانی ئەم ڕۆژگارە لە نەوەی خۆیان لە کوڕانی ڕووناکی داناترن.

٩ منیش پێتان دەڵێم: بە سامانی جیهانی دۆستی خۆتان دروست بکەن، تاکو ئەگەر نەما، لە کەپری جاویدانی پەسەندتان بکەن.

١٠ ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە.

١١ ئەگەر لە سامانی جیهانی دەستپاک نەبن، کێ سامانی ڕەوای بە ئێوە دەسپێرێت؟

١٢ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاک نەبن، کێ شتی خۆتان دەداتێ؟

١٣ ڕاژەوان ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە یان ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ناتوانن ڕاژەوانی خودا و پارە بن".

١٤ پەرِیشییەکانیش کە پارەیان خۆشدەویست، گوێیان لە هەموو ئەمانە بوو، گاڵتەیان پێکرد.١٥ پێی فەرموون: "ئێوە لەلای خەڵکی خۆتان بێتاوان دەکەن، بەڵام خودا دڵتان دەناسێت. ئەوەی خەڵک بە پایەداری دادەنێت، لەبەردەم خودا قێزەونە.

١٦ تەورات و پێغەمبەران تاکو یوحەننەن ڕاگەیەنرا، دواتر موژدەی پاشایەتی خودا دەدرێت و هەموو کەسێک تێدەکۆشێت بچێتە ناوی.

١٧ بەڵام نەمانی زەوی و ئاسمان ئاسانترە لە کەوتنی خاڵێکی تەورات.

١٨ ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، داوێنپیسی دەکات. ئەوەش کە تەڵاقدراوی پیاوێک دەهێنێت داوێنپیسی دەکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ پیاوێک دەوڵەمەند بوو، جلی ئەرخەوانی و کەتانی لەبەر دەکرد و هەموو ڕۆژێکی بە خۆشی ڕادەبوارد.

٢٠ هەژارێکیش ناوی لەعازر بوو، لەبەردەرگاکەی کەوتبوو، برین لێیدابوو،٢١ پەرۆش بوو لەو بەرماوەیە تێربێت کە لە خوانی دەوڵەمەندەکە دەکەوتە خوارەوە. تەنانەت سەگیش دەهاتن برینەکانیان دەلێستەوە.

٢٢ ئیتر هەژارەکە مرد و فریشتە بۆ باوەشی ئەوڕاهەم هەڵیانگرت. دەوڵەمەندەکەش مرد و نێژرا.

٢٣ لە دۆزەخدا سەری هەڵبڕی و ئازاری دەچێژێت، لە دوورەوە ئەوڕاهەمی بینی و لەعازری لە باوەش بوو.

٢٤ هاواری کرد و وتی: باوکە، ئەوڕاهەم، بەزەییت پێمدا بێتەوە، لەعازر بنێرە تاکو سەری پەنجەی بە ئاو تەر بکات و زمانم فێنک بکاتەوە، وا لەنێو ئەم گڕەدا ئازار دەچێژم.

٢٥ ئەوڕاهەم وتی: کوڕم، لەبیرت بێت لە ژیانتدا شتە باشەکانی خۆت وەرگرت و لەعازریش نەهامەتیەکان. ئێستا وا لێرە دڵنەوایی دەکرێت و تۆش ئازار دەچێژیت.

٢٦ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا قایم کراوە، تاکو ئەوانەی بیانەوێ لێرەوە بۆ لاتان بپەڕنەوە نەتوانن و کەسیش لەوێوە بۆ لای ئێمە نەپەڕێتەوە.

٢٧ ئەویش وتی: کەواتە باوکە، لێت دەپاڕێمەوە بینێرە ماڵی باوکم،

٢٨چونکە پێنج برام هەیە، تاکو گەواهییان بۆ بدات، نەوەک ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن.

٢٩ بەڵام ئەوڕاهەم پێی وت: مووشێ و پێغەمبەرانیان هەیە، با گوێ لەوان بگرن.

٣٠ ئەویش وتی: نەخێر باوکە ئەوڕاهەم، بەڵکو ئەگەر یەکێک لەنێو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەکەن.

٣١ پێی وت: ئەگەر گوێ لە مووشێ و پێغەمبەران نەگرن، تەنانەت یەکێک لەنێو مردووانیش هەستێتەوە، بڕوا ناکەن".

لۆقا 17

١ ئینجا بە قوتابییەکانی فەرموو: "مەحاڵە کۆسپەکان نەیەن، بەڵام وەی بەحاڵ ئەوەی بەهۆیەوە دێت!

٢ بۆی باشترە ئەگەر بەرداشێک بە ملیەوە هەڵبواسرێت و فڕێبدرێتە دەریاوە، لەوەی ساتمە بە یەکێک لەم بچووکانە بکات.

٣ ئاگاداری خۆتان بن. ئەگەر براکەت هەڵەی بەرابمبەرت کرد، سەرزەنشتی بکە، ئەگەر تۆبەی کرد ببیەخشە.

٤ ئەگەر لە ڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی بەرامبەرت کرد و حەوت جار گەڕایەوە لات و وتی: تۆبە دەکەم، تۆ ببیەخشە".

٥ئینجا پەیامبەرەکان بە پەروەردگاریان وت: "باوەڕمان زیاد بکە!"

٦ پەروەردگاریش فەرمووی: "ئەگەر ئەوەندەی دەنکە خەرتەلەیەکیش باوەڕتان هەبێت، بەم دارتووە دەڵێن: هەڵبکەندرێ و لەنێو دەریا بچێندرێ، گوێڕایەڵتان دەبێت.

٧ کامەتان، ئەگەر کۆیلەیەکی هەبێت و جووت یان شوانکارەیی بکات، کە لە کێڵگە هاتەوە، پێی دەڵێت: یەکسەر وەرە و دانیشە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ ئایا پێی ناڵێت: شتێکم بۆ ئامادە بکە بیخۆم، پشتت ببەستە و ڕاژەم بکە تاکو دەخۆم و دەخۆمەوە، پاشان تۆ بخۆ و بخۆوە؟

٩ ئایا سوپاسی ئەو کۆیلەیە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کرد کە فەرمانی پێ کرابوو؟ بڕوا ناکەم

١٠ ئێوەش ئاوا، کاتێ هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت دەیکەن، بڵێن: کۆیلەی شایستە نین، ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە".

١١ کاتێ دەچووە یروشلایم، بە نێوانی شمرن و گلیلادا دەڕۆیشت.

١٢ کە چووە گوندێک، تووشی دە پیاوی گول بوو، لە دوورەوە ڕاوەستابوون،

١٣ دەنگیان بەرز کردەوە و وتیان: "ئیشۆع، ڕابی، بەزەییت پێماندا بێتەوە!"

١٤ جا تەماشای کردن و پێی فەرموون: "بڕۆن خۆتان پیشانی کاهینان بدەن". کاتێ دەڕۆیشتن بێگەرد بوونەوە.

١٥ یەکێکیان سەیری کرد چاکبۆتەوە، گەڕایەوە و بە دەنگێکی بەرز شکۆمەندی خودای کرد،

١٦ لەبەرپێی بەسەر ڕوویدا کەوت و سوپاسی کرد. کابرا شمرنیش بوو.

١٧ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "ئایا دە کەس بێگەرد نەبوونەوە؟ کوا نۆکە؟

١٨ نەدەبوو بگەڕێنەوە و خودا شکۆدار بکەن، ئەم بێگانە نەبێت؟"

١٩ ئینجا پێی فەرموو: "هەستە و بڕۆ، باوەڕت ڕزگاری کردیت".

٢٠ کە پەریشییەکان پرسیان لێکرد: "کەی پاشایەتی خودا دێت؟" وەڵامی دانەوە و فەرمووی: "پاشایەتی خودا بە چاودێریکردن نایەت،

٢١ خەڵکیش ناڵێن: ئەمەتا، یان ئەوەتا! چونکە پاشایەتی خودا لە ناوەڕۆکتاندایە".

٢٢ جا بە قوتابییەکانی فەرموو: "ڕۆژانێک دێت کە تامەزرۆن ڕۆژێک لە ڕۆژانی ڕۆڵەی مرۆڤ ببینن و نایبینن.

٢٣ ئینجا پێتان دەڵێن: ئەمەتا لێرەیە، یان ئەوەتا لەوێیە، مەڕۆن و خۆتان ماندوو نەکەن.

٢٤ چونکە وەک ئەو بروسکەیەی لە لایەکەوە لە ژێر ئاسماندا بروسکە دەدات لایەکی دیکە لە ژێر ئاسماندا ڕووناک دەکاتەوە، ڕۆڵەی مرۆڤیش لە ڕۆژی خۆیدا وا دەبێت.

٢٥بەڵام دەبێت یەکەمجار زۆر ئازار بچێژێت و ئەم نەوەیەش ڕەتی بکەنەوە.

٢٦ وەک ئەوەی لە سەردەمی نووخ بوو، لە سەردەمی ڕۆڵەی مرۆڤیش وا دەبێت.

٢٧ دەیانخواردە، دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا و مێردیان دەکرد، تاکو ئەو ڕۆژەی نووخ چووە نێو کەشتییەکە، لافاوەکە هات و هەموویانی لەناوبرد.

٢٨ دیسان وەک ئەوەی لە سەردەمی لۆوت بوو، دەیانخواردە و دەیانخواردەوە، دەیانکڕی و دەیانفرۆشت، دەیانچاند و بنیادیان دەنا.

٢٩ بەڵام لەو ڕۆژەی لۆوت لە سەدووم دەرچوو، لە ئاسمانەوە ئاگر و گۆگردی باراند و هەموویانی لەناوبرد.

٣٠ لە ڕۆژی ئاشکراکردنی ڕۆڵەی مرۆڤیشدا ئاوا دەبێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣١ ئەوەی لەو ڕۆژەدا لە سەربانە و شتەکانی لە ماڵەوەیە، با نەیەتە خوارەوە بۆ بردنی. ئەوەی لە کێڵگەشە با نەگەڕێتەوە.

٣٢ ژنەکەی لووتتان بە بیر بێتەوە!

٣٣ ئەوەی بیەوێ خۆی بباتەوە دەیدۆڕێنێت، ئەوەش کە دەیدۆڕێنێت دەیباتەوە.

٣٤پێتان دەڵێم: لەو شەوەدا دووان لەنێو یەک جێگادان، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێ دەهێڵدرێ.

٣٥ دوو ژن دەستاڕ دەگێڕن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێ دەهێڵدرێ.

٣٦دووان لە کێڵگە دەبن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێ دەهێڵدرێ".

٣٧ وەڵامیان دایەوە و وتیان: "لەکوێ گەورەم؟" پێی فەرموون: "لاک لەکوێ بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە".

لۆقا 18

١ پەندێکی دیکەی بۆ هێنانەوە کە پێویستە هەمیشە نوێژ بکرێت بەبێ بێزاری.

٢ فەرمووی: "لە شارێک دادوەرێک هەبوو لە خودا نەدەترسا و ڕێزی مرۆڤیشی نەدەگرت.

٣ لەو شارەدا بێوەژنێک هەبوو، دەهاتە لای و دەیووت: مافم بۆ وەربگرە لە دژەکەم!

٤ ئەویش ماوەیەک نەیدەویست. بەڵام دواتر لە دڵی خۆیدا وتی: هەرچەند لە خودا ناترسم و ڕێزیش لە مرۆڤ ناگرم،

٥ بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بێوەژنە بێزارم دەکات، مافی بۆ وەردەگرم، نەوەک هەمیشە بێت و بێزارم بکات!"

٦ جا پەروەردگار فەرمووی: "گوێبگرن لەوەی دادوەرە ستەمکارەکە دەیڵێت.

٧ ئایا خودا مافی بژاردەکانی خۆی کە شەو و ڕۆژ هاواری بۆ دەبەن وەرناگرێت؟ ئایا درەنگ وەڵامیان دەداتەوە؟

٨ پێتان دەڵێم: خێرا مافیان بۆ وەردەگرێت! بەڵام کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ دێتەوە، ئایا باوەڕ لەسەر زەوی دەدۆزێتەوە؟"

٩ بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە خۆیان بێتاوانن و خەڵکی سووک دەکەن، ئەم پەندەی هێنایەوە:

١٠ "دوو کەس بۆ نوێژکردن چوونە پەرستگا، یەکێکیان پەریشی و ئەوەی دیکە باجگر.

١١پەریشییەکە وەستا، لە دڵی خۆیدا ئەم نوێژەی کرد: خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم قۆڵبڕ و ستەمکار و داوێنپیس وەک ئەم باجگرەش نیم.

١٢ هەفتەی دوو جار بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەیکڕم دەیەکی دەبەخشم.

١٣ بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، بەڵکو سنگی خۆی دەکوتا و دەیووت: خودایە بەزەییت پێمدا بێتەوە من گوناهبارم.

١٤ پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە. چونکە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە".

١٥ منداڵیان هێنایە لای تاکو دەستیان لێ بدات. کاتێ قوتابییەکان ئەمەیان بینی لێیان ڕاخوڕین.١٦ بەڵام ئیشۆع بانگی منداڵەکانی کرد و فەرمووی: "لێگەڕێن با منداڵان بێنە لام، قەدەغەیان لێ مەکەن، چونکە پاشایەتیی خودا هی وەک ئەمانەیە.

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێک پاشایەتیی خودا پەسەند نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە".

١٨ سەرۆکێک پرسی لێکرد: "ڕابیی باش، چی بکەم تاکو ژیانی جاویدانی بە میرات بگرم؟"

١٩ ئیشۆع پێی فەرموو: "بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟ بێجگە لە خودا کەس باش نییە.

٢٠ تۆ ڕاسپاردەکان دەزانیت: داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، مەدزە، گەواهیی درۆ مەدە، ڕێزی باوک و دایکت بگرە".

٢١ ئەویش وتی: "هەموو ئەمانەم لە منداڵییەوە پاراستووە".

٢٢ کاتێ ئیشۆعیش ئەمەی بیست، پێی فەرموو: "هێشتا شتێکت کەمە. چیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بەسەر هەژاران دابەشی بکە، لە ئاسماندا گەنجینەیەکت دەبێت. ئینجا وەرە دوام بکەوە".

٢٣ کاتێ ئەمەی بیست، زۆر خەمناک بوو، چونکە زۆر دەوڵەمەند بوو.

٢٤ ئیشۆع بینی زۆر خەمناک بوو، فەرمووی: "چەند گرانە بۆ دەوڵەمەندان بچنە نێو پاشایەتیی خوداوە!

٢٥ چونکە ئاسانترە گوریسێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە نێو پاشایەتیی خوداوە".

٢٦ئەوانەی گوێیان لێبوو وتیان: "کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟"

٢٧ فەرمووی: "ئەوەی لای خەڵکی مەحاڵە، لای خودا دەبێت".

٢٨ پەترۆس وتی: "ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشتووە و دوات کەوتووین".

٢٩ ئەویش پێی فەرموون: "ڕەواتان پێ دەڵێم: کەس نییە ماڵ یان باوک و دایک یان برا یان ژن یان منداڵی لەپێناوی پاشایەتیی خودا بەجێهێشتبێت،

٣٠ چەند ئەوەندەی زۆرتر وەرنەگرێتەوە، لەم ڕۆژگارەدا و لە ڕۆژگاری داهاتووش ژیانی جاویدانی".

٣١ ئینجا دوازدەکەی برد و پێی فەرموون: "ئەوا سەردەکەوینە یروشلایم، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی ڕۆڵەی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی.

٣٢ چونکە ڕادەستی نەتەوەکان دەکرێت و گاڵتەی پێ دەکرێت و جنێوی پێ دەدرێت و تفی لێ دەکرێت،

٣٣ بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیشدا هەڵدەستێتەوە".

٣٤ بەڵام ئەوان هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسەیان لێ شاراوە بوو، ئەوەی وترا درکیان پێی نەکرد.

٣٥ کاتێ ئیشۆع لە ئەریخو نزیکبووەوە، نابینایەک لەسەر ڕێگا دانیشتبوو سواڵی دەکرد.

٣٦کە گوێی لە کۆمەڵەکە بوو تێدەپەڕین، پرسی کرد "دەبێ ئەمە چی بێت؟".

٣٧ پێیان وت کە ئیشۆعی ناسرەتی لێرەوە تێدەپەڕێت.

٣٨ جا هاواری کرد و وتی: "ئیشۆعی ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!"

٣٩ پێشڕەوان لێیان ڕاخوڕی تاکو بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو زۆر زیاتر هاواری کرد: "ڕۆڵەی داوید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!"

٤٠ ئیشۆع ڕاوەستا و فەرمانی دا بیهێننە لای. کاتێ نزیکبووەوە، لێی پرسی:

٤١ فەرمووی "چیت دەوێ بۆت بکەم؟" وتی: "گەورەم، ببینم!".

٤٢ ئیشۆعیش پێی فەرموو: "ببینە، باوەڕت چاکیکردیتەوە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٣ یەکسەر بینی، دوای کەوت و خودای شکۆدار دەکرد. هەموو گەلیش کە بینییان ستایشی خودایان کرد.

لۆقا 19

١ ئینجا چووە نێو ئەریخو و پێیدا تێدەپەڕی.

٢ لەوێ پیاوێک ناوی زەکا بوو. گەورەی باجگران بوو، دەوڵەمەند بوو.

٣ دەیویست ببینێت ئیشۆع کێیە، بەڵام لەبەر کۆمەڵەکە نەیدەتوانی، چونکە کورتەباڵا بوو.

٤ ڕایکردە پێش و سەرکەوتە سەر دارهەنجیرێک تاکو ببیبینێت، چونکە ئیشۆع بەوێ تێدەپەڕی.

٥ کاتێ ئیشۆع گەیشتە شوێنەکە، سەیری سەرەوەی کرد و پێی فەرموو: "زەکا، خێراکە وەرە خوارەوە، چونکە دەبێت ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ بمێنمەوە".

٦ جا خێرا هاتە خوارەوە و بە خۆشییەوە پێشوازی لێکرد.

٧ کاتێ هەموو بینییان بۆڵەبۆڵیان کرد و وتیان: "چووە بووەتە میوانی گوناهبارێک".

٨ زەکا ڕاوەستا و بە پەروەردگاری وت: "پەروەردگار، ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە هەژاران، ئەگەر شتێکم لە یەکێک خواردووە ئەوا چوار ئەوەندەی دەدەمەوە".

٩ ئیشۆعیش پێی فەرموو: "ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات، لەبەرئەوەی ئەمیش ڕۆڵەی ئەوڕاهەمە.

١٠ چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات".

١١ کە ئەمانەیان دەبیست، پەندێکی دیکەی هێنایەوە، چونکە لە یروشلایم نزیک بوو، وایاندەزانی کە پاشایەتی خودا خەریکە ئێستا دەردەکەوێت.

١٢ ئینجا فەرمووی: "پیاوماقوڵێک بۆ وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، تاکو پاشایەتییەک بۆ خۆی وەربگرێت و بێتەوە.

١٣ دە لە کۆیلەکانی خۆی بانگکرد و دە مینای پێدان و پێی وتن، تاکو دێمەوە بازرگانی بکەن.

١٤ بەڵام هاوڵاتییانی ڕقیان لێیبوو، شاندێکیان بە دوایدا نارد و وتیان: نامانەوێت ئەمە پاشایەتیمان بکات.

١٥ کاتێ گەڕایەوە پاشایەتییەکەی وەرگرتبوو، فەرمانی دا ئەو کۆیلانەی زیوەکەی پێدابوون بانگ بکرێنە لای، تاکو بزانێت لە بازرگانی چییان قازانج کردووە.

١٦ یەکەمیان هات و وتی: گەورەم میناکەت دە مینای قازانج کردووە.

١٧ ئەویش پێی وت: ئافەرین کۆیلەی چاک! چونکە لە کەم دەستپاک بوویت، دەسەڵاتدار بە لەسەر دە شار.

١٨ دووەمیان هات و وتی: گەورەم میناکەت پێنج مینای کردووە.

١٩ بەمەشیانی وت: تۆش بەسەر پێنج شار بە.

٢٠ ئەوی دیکە هات و وتی: گەورەم ئەوەتا میناکەت، لە دەستەسڕێک پێچابوومەوە و هەڵمگرتبوو.

٢١ چونکە لێت ترسام، لەبەرئەوەی مرۆڤێکی توندیت، ئەوەی داتنەناوە دەیبەیت و ئەوەی نەتچاندووە دروێنەی دەکەیت.

٢٢ ئەویش پێی وت: ئەی کۆیلەی بەدکار، بە زارت تاوانبارت دەکەم، کە دەتزانی کابرایەکی توندم، ئەوەی دامنەناوە دەیبەم و ئەوەی نەمچاندووە دروێنەی دەکەم.

٢٣ بۆچی زیوەکەمت لای پارەگۆڕەوەکانت دانەنا، کاتێ دەهاتمەوە لەگەڵ قازانجەکەی وەرمدەگرتەوە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ بە ئامادەبووانی وت: میناکەی لێ بستێننەوە و بیدەنە ئەوەی دە میناکەی پێیە.

٢٥ ئەوانیش پێیان وت: گەورەم، دە مینای هەیە!

٢٦ پێتان دەڵێم: ئەوەی هەیەتی پێی دەدرێت، بەڵام ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە.

٢٧ دوژمنانیشم، ئەوانەی نەیاندەویست پاشایەتییان بکەم، بیانهێننە ئێرە و لەبەرچاوم سەریان ببڕن".

٢٨ کاتێ ئەمەی فەرموو، بەڕێکەوت و بەرەو یروشلایم سەرکەوت.

٢٩ کاتێ لە بتپاگی و بتعەنیا نزیکبووەوە، بۆ ئەو کێوەی کە کێوی زەیتوونی پێ دەووترێت، دووان لە قوتابییەکانی نارد،

٣٠ فەرمووی: "بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، کە دەچنە نێوی، دەبینن جاشێک بەستراوەتەوە تا ئێستا کەس سواری نەبووە، بیکەنەوە و بیهێنن.

٣١ ئەگەر یەکێک پرسی لێکردن: بۆچی دەیکەنەوە؟ بڵێن: پەروەردگار پێویستی پێیەتی".

٣٢ جا پەیامبەرەکان چوون و چۆنی پێ وتبوون ئاوایان بینییەوە.

٣٣ کاتێ جاشەکەیان دەکردەوە، خاوەنەکانی پێیان وتن: "بۆچی جاشەکە دەکەنەوە؟"

٣٤ وتیان: "پەروەردگار پێویستی پێیەتی".

٣٥ ئینجا بۆ ئیشۆعیان هێنا و کراسەکانیان خستە سەر جاشەکە و ئیشۆعیان سواری کرد.

٣٦ کاتێ بەڕێوە بوو، خەڵک کراسەکانیان لەسەر ڕێگا ڕادەخست.

٣٧ کاتێ لە لێژاییەکەی کێوی زەیتوون نزیکبووەوە، هەموو جەماوەری قوتابییەکان دەستیان بە شادی کرد و بە دەنگی مەزن ستایشی خودایان کرد، بۆ هەموو ئەو پەرجوانەی بینییان، دەیانووت:

٣٨ "پیرۆزە ئەو پاشایەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت! ئاشتی لە ئاسمان و شکۆ لە بەرزایی!"

٣٩ هەندێک پەریشی نێو کۆمەڵەکە، پێیان وت: "ڕابی، لە قوتابییەکانت ڕاخوڕە!".

٤٠ وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: "پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەوانە بێدەنگ بن، بەردەکان هاوار دەکەن!".

٤١ کاتێ نزیک دەبووەوە و شارەکەی بینی، بۆی گریا،

٤٢ فەرمووی: "خۆزگە بتزانیبایە، تەنانەت تۆش، لەم ڕۆژەشتدا چ شتێک بۆ ئاشتییە! بەڵام ئێستا لەبەرچاوت شاراوە بووە.

٤٣ چونکە ڕۆژانێکت بەسەر دێت، دوژمنانت سەنگەرت لێ دەگرن، ئابڵوقەت دەدەن و لە هەموو لایەکەوە دەورت دەگرن.

٤٤ خۆت و ڕۆڵەکانت لە تۆدا زەوی تەخت دەکەن. بەردت بەسەر بەردەوە ناهێڵن، چونکە کاتی بەسەرکردنەوەت نەزانی".

٤٥ کاتێ چووە پەرستگا، دەستی بە دەرکردنی فرۆشیاران کرد.

٤٦ پێی فەرموون: "نووسراوە: *{ماڵەکەم ماڵی نوێژە}* ، کەچی ئێوە کردووتانە بە *{ئەشکەوتی دزان!}* ".

٤٧ ڕۆژانە لە پەرستگا ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد، کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان و ڕابەرانی گەل هەوڵیان دەدا لەناوی بدەن.

٤٨ بەڵام هیچیان بۆ ئەنجامدانی نەدەدۆزییەوە، چونکە هەموو گەل پەیوەستی بیستنی بوون.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

لۆقا 20

١ ڕۆژێکیان لە پەرستگا ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد و موژدەی دەدا، کاهینانی باڵا و تەوراتزان لەگەڵ پیران لەوێدا وەستان،

٢ پێیان وت: ‘‘پێمان بڵێ: بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟’’

٣ وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: ‘‘منیش پرسێکتان لێ دەکەم. پێم بڵێن:

٤ عەمادکردنی یوخەننەن، لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟’’

٥ لەنێو خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و وتیان: ‘‘ئەگەر بڵێین: لە ئاسمانەوە بوو، دەڵێت بۆ باوەڕتان پێی نەهێنا؟٦ ئەگەریش بڵێن لە مرۆڤەوە بوو، ئەوا هەموو خەڵکەکە بەردبارانمان دەکەن، چونکە دڵنیان کە یوخەننەن پێغەمبەرە’’.

٧ وەڵامیان دایەوە کە نازانن لەکوێوە بووە.

٨ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم’’.

٩ ئینجا ئەم پەندەی بۆ گەلەکە گێڕایەوە: ‘‘کابرایەک ڕەزێکی چاند و بە ڕەزەوانانی سپارد، ماوەیەکی زۆر گەشتی کرد.

١٠ لە وەرزی خۆی کۆیلەیەکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو لە بەرهەمی ڕەزەکەی بدەنێ، بەڵام ڕەزەوانەکان لێیان دا و بە دەستی بەتاڵ ناردییانەوە.

١١کۆیلەیەکی دیکەشی نارد، بەڵام لەمەشیان دا و سووکایەتییان پێکرد و بە دەستی بەتاڵ ناردییانەوە.

١٢ سێیەمیشی نارد، ئەمەشیان بریندار کرد و دەریانکرد.

١٣ خاوەن ڕەزەکە وتی: چی بکەم؟ کوڕە خۆشەویستەکەم دەنێرم، لەوانەیە کاتێ بیبینن ڕێزی لێ بگرن!

١٤ بەڵام کە ڕەزەوانەکان بینییان، نێوان خۆیان پیلانیان گێڕا و وتیان: ئەوەتا میراتگر! با بیکوژین، تاکو میراتەکە بۆ ئێمە بێت!

١٥ جا بردییانە دەرەوەی ڕەزەکە و کوشتیان. ئێتر دەبێت خاوەن ڕەزەکە چییان لێ بکات؟

١٦ دێت و ئەو ڕەزەوانانە دەکوژێت و ڕەزەکە دەداتە خەڵکی دیکە’’. کاتێ گوێیان لێبوو وتیان: ‘‘حاشا!’’

١٧ ئەویش سەیری کردن و فەرمووی: ‘‘کەواتە ئەمەی نووسراوە چییە: *{ئەو بەردەی بنیادنەران ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچك}* ؟

١٨ ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەریدا بکەوێت وردوخاشی دەکات!’’

١٩تەوراتزانەکان و کاهینانی باڵا هەوڵیان دا لەو کاتە دەستگیری بکەن، بەڵام لە گەلەکە ترسان، چونکە زانییان لەو پەندەیە مەبەستی ئەوان بوو.

٢٠ ئینجا چاودێرییان کرد و سیخوڕیان نارد کە خۆیان بە خوداناس دەردەخست، تاکو بە قسەی خۆی تووشی بکەن و ڕادەستی حوکم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای بکەن.

٢١ پرسیان لێکرد و وتیان: ‘‘ڕابی، دەزانین لە قسەکردن و ئامۆژگاریتدا ڕەوایت، جوداخوازی کەسیش ناکەیت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕەوا فێر دەکەیت.

٢٢ ئایا دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟’’

٢٣ بە فێڵەکەیانی زانی و پێی فەرموون: ‘‘بۆچی تاقیم دەکنەوە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ دینارێکم پیشان بدەن. ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟" وەڵامیان دایەوە و وتیان: "هی قەیسەڕە".

٢٥ ئەویش پێی فەرموون: "کەواتە هی قەیسەڕ بدەنە قەیسەڕ، هی خوداش بدەنە خودا".

٢٦ نەیانتوانی لەبەردەم گەل بە قسەکەی تووشی بکەن، سەرسامیش بوون لە وەڵامەکەی و بێدەنگ بوون.

٢٧ هەندێک زادوقی هاتن، ئەوانەی باوەڕییان بە هەستانەوە نییە، لێیان پرسی:

٢٨ وتیان: "ڕابی، مووشێ بۆی نووسیوین: ئەگەر یەکێک برای بمرێت کە ژنی هەبێت و منداڵی نەبێت، با براژنەکەی بهێنێت و وەچە بۆ براکەی بخاتەوە.

٢٩ ئینجا حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وجاخکوێری مرد.

٣٠ دووەمیش هێنای و بە وجاخکوێری مرد،

٣١ سێیەمیش خواستی، هەر حەوتیان بە هەمان شێوە بە وجاخکوێری مردن.

٣٢ لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد.

٣٣ ئایا لە هەستانەوەدا ژنەکە بۆ کامیان دەبێت؟ چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە!"

٣٤ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: "خەڵکی ئەم ڕۆژگارە ژن دەهێنن و شوو دەکەن،

٣٥بەڵام ئەوانەی دادەنرێن شایانی گەیشتنن بەو ڕۆژگار و بە هەستانەوەی نێو مردووان، ژن ناهێنن و شوو ناکەن.

٣٦ ئیتر ناتوانن بمرن، چونکە وەک فریشتەن و ڕۆڵەی خودان کە ڕۆڵەی هەستانەوەن.

٣٧ بەڵام مردووان هەڵدەستنەوە، مووشێش لە دەوەنەکەدا ڕایگەیاند، هەروەک دەڵێ: *{پەروەردگار خوداوەندی ئەوڕاهەم و خوداوەندی ئسخەق و خوداوەندی یاقووە}* .

٣٨ خوداوەندی مردووان نییە، بەڵکو خوداوەندی زیندووانە، چونکە لای ئەو هەموو زیندوون".

٣٩ هەندێک تەوراتزان وەڵامیان دایەوە و وتیان: "ڕابی، باشت وت!".

٤٠ ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن.

٤١ ئینجا پێی فەرموون: "چۆن دەڵێن مەسیح ڕۆڵەی داویدە؟

٤٢ خودی داوید لە سیپارەی پەسنیەکاندا دەڵێت: *{پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لەلای ڕاستم دانیشە ٤٣ تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێت}* .

٤٤ ئەگەر داوید پێی بڵێ پەروەردگار، ئیتر چۆن ڕۆڵەی ئەوە؟".

٤٥ کاتێ هەموو گەل گوێیان دەگرت، بە قوتابییەکانی فەرموو:

٤٦ "ئاگاداری تەوراتزانەکان بن، کە حەزدەکەن بە جلی شۆڕ بگەڕێن و پێیان خۆشە لە بازاڕدا سڵاویان لێ بکرێت، لە کەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە بگرن و لە ڕیزی سەرەوەی میوانداریدا بن.

٤٧ ماڵی بێوەژن دەخۆن، بۆ دەرخستن نوێژ درێژ دەکەنەوە. ئەوانە سزای مەزنتر وەردەگرن!".

لۆقا 21

١ ئینجا ئیشۆع تەماشای کرد و بینی دەوڵەمەندەکان بەخشینیان دەخەنە نێو گەنجینەکە.

٢بێوەژنێکی هەژاریشی بینی دوو فلسی خستە نێوی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ ئینجا فەرمووی: ‘‘ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەمووان زیاتری دانا.

٤ چونکە ئەوان لە زیادەی خۆیان لە بەخشینەکانی خودایان دانا، بەڵام ئەمە لە پێویستی خۆی، هەموو بژێوییەکەی دانا’’.

٥ هەندێک باسی پەرستگایان دەکرد کە بە بەردی جوان و ئەنتیکە ڕازاندراوەتەوە. فەرمووی:

٦ ‘‘ئەمە کە دەیبینن، ڕۆژانێک دێت بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕوخێت’’.

٧ ئینجا لێیان پرسی و وتیان: ‘‘ڕابی، کەی ئەمانە دەبێت و نیشانە چییە کاتێ ئەمانە ڕوودەدەن؟’’

٨فەرمووی: ‘‘وریابن! هەڵنەخەڵەتێن. چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن: ‘‘من ئەوم! و کاتەکە نزیکبووەتەوە! دوایان مەکەون.

٩ کاتێ جەنگ و ئاژاوە دەبیستن مەتۆقن، چونکە دەبێ یەکەمجار ئەم شتانە ببێت، بەڵام پایان خێرا نایەت’’.

١٠ ئینجا پێی فەرموون: ‘‘نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و پاشایەتی لە پاشایەتی.

١١ لە زۆر شوێن بوومەلەرزەی مەزن و برسێتی و دەرد دەبێت، ترس و نیشانەی مەزنیش لە ئاسماندا دەبێت.

١٢ پێش هەموو ئەمانەش دەست بەسەرتاندا دەگرن و قاوتان دەدەن، ڕادەستی کەنیشت و زیندانیەکان دەکرێن، لە پێناوی ناوی من دەبردرێنە بەردەم پاشا و فەرمانڕەواکان.

١٣ ئەمەش دەبێتە گەواهیەک بۆتان.

١٤ بۆیە لە دڵی خۆتان دایبنێن کە پێشوەخت خۆتان ئامادە نەکەن بۆ بەرگریکردن،

١٥ چونکە من دەم و داناییەکتان دەدەمێ کە هەموو بەرهەڵسکارانتان نەتوانن بەرگری بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە.

١٦دایک و باوک و برا، خزم و هاوڕێیانیش بە گرتنتان دەدەن و لێتان دەکوژن.

١٧ لەپێناوی ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە.

١٨ بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت.

١٩ بە خۆڕاگرتنتان خۆتان دەبەنەوە.

٢٠ کاتێ دەبینن بە سوپا دەوری یروشلایم دراوە، ئەوسا بزانن ڕووخانی نزیک بۆتەوە.

٢١ ئەو کاتە با ئەوانەی لە ئیهوود دان هەڵبێن بۆ چیاکان و ئەوانەی لەنێویدان دەربچن، ئەوانەی لە دێیەکاندان نەیەنە نێوی،

٢٢ چونکە ئەمانە ڕۆژانی تۆڵەسەندنەوەن، تاکو هەرچی نووسراوە بێتە دی.

٢٣ لەو ڕۆژانەدا وەی بەحاڵ دووگیان و شیردەران! چونکە ناخۆشییەکی گەورە بەسەر زەویدا دێت و تووڕەییش بەسەر ئەم گەلە.

٢٤ بە زەبری شمشێر دەکەون و بۆ هەموو نەتەوەکان ڕاپێچ دەکرێن، یروشلایم لەلایەن نەتەوەکانەوە پێشێل دەکرێت، تاکو کاتەکانی نەتەوەکان تەواو دەبێت.

٢٥ لە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان پەرجو دەبێت، لەسەر زەویش کۆستێکی سەرگەردانی گەلان، دەریا و شەپۆلەکان هاژەیان دێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٦ لە ترس و چاوەڕوانی ئەو شتانەی بەسەر جیهاندا دێن، خەڵکی بێ هۆش دەبن، چونکە هێزەکانی ئاسمان دەهەژێن.

٢٧ ئەوسا ڕۆڵەی مرۆڤ بە هێز و شکۆیەکی گەورەوە بەسەر هەورەوە دەبینن دێت.

٢٨ کە ئەم شتانە دەستپێدەکات، هەستن و سەر بەرز بکەنەوە، چونکە ڕزگاربوونتان نزیک دەبێتەوە".

٢٩ پەندێکی بۆ هێنانەوە: "بڕواننە دارهەنجیر و هەموو دارەکان.

٣٠ کاتێ دەبینن وا گەڵای کردووە، لە خۆتانەوە دەزانن کە هاوین نزیکە.

٣١ ئێوەش کە دەبینن ئەمانە ڕوودەدات، بزانن پاشایەتی خودا نزیکە.

٣٢ ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەر ناچێت، تاکو هەمووی دەبێت.

٣٣ئاسمان و زەوی لەناودەچن، بەڵام وشەکانم لەناوناچن.

٣٤ ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک دڵتان لەسەر ڕابواردن و سەرخۆشی و خەفەتی ژیان بێت و ئەو ڕۆژە لەناکاو بەسەرتاندا بدات.

٣٥چونکە وەک تەڵە دێتە سەر هەموو ئەوانەی لەسەر تەواوی ڕووی زەوی دانیشتوون.

٣٦ کەواتە هەموو کاتێ بێدارین و نزا بکەن، تاکو بتوانن لە هەموو ئەو شتانەی خەریکە ڕوودەدات ڕزگارتان بێت و لەبەردەم ڕۆڵەی مرۆڤ ڕاوەستن".

٣٧ بە ڕۆژ لە پەرستگادا ئامۆژگاریی دەکرد، شەوانیش دەردەچوو لەو دەشتودەرە دەمایەوە کە پێی دەووترا کێوی زەیتوون.

٣٨ هەموو خەڵک زوو لە پەرستگا دەهاتنە لای، تاکو گوێی لێ بگرن.

لۆقا 22

١ جەژنی فەتیرە کە پێی دەووترا پەسخە نزیکبووەوە.

٢ کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان دەگەڕان چۆن بیکوژن، چونکە لە گەل ترسان.

٣ شەیتان چووە نێو ئیهوداوە، کە پێی دەووترێ ئەسخەریوتی، لە دوازدەکە بوو.

٤ چوو و قسەی لەگەڵ کاهینانی باڵا و فەرماندەکانی پەرستگا کرد، چۆن ڕادەستیان بکات.

٥ دڵخۆش بوون و پەیمانیان پێ دا کە زیوی بدەنێ.

٦ ئەویش بەڵێنی دا، دەگەڕا بۆ هەلێک تاکو ڕادەستیان بکات و خەڵکیان لەگەڵ نەبێت.

٧ ڕۆژی فەتیرە هات، کە پێویست بوو پەسخەی تێدا سەرببڕدرێت.

٨ جا پەترۆس و یوخەننەنی نارد و فەرمووی: "بڕۆن پەسخەمان بۆ ئامادە بکەن تا بیخۆین".

٩ پێیان وت: "دەتەوێ لەکوێ ئامادەی بکەین؟"

١٠ پێی فەرموون: "کاتێ دەچنە نێو شار، تووشی پیاوێک دەبن گۆزەیەک ئاوی هەڵگرتووە، دوای بکەون بۆ ئەو ماڵەی دەچێتە ژوورەوەی.

١١ ئینجا بە خاوەن ماڵەکە بڵێن: ڕابی پێت دەڵێت: کوا ماڵەکە تاکو لەگەڵ قوتابییەکانم پەسخەی تێدا بخۆم؟١٢ ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی گەورە و ڕاخراوتان پیشان دەدات، لەوێ ئامادەی بکەن".

١٣ جا ڕۆیشتن، هەروەک پێی فەرمووبوون بینییان و پەسخەیان ئامادە کرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ كە كاتەكە هات پاڵیدایەوە، دوانزە پەیامبەرەكانیش لەگەڵی بوون.

١٥ پێی فەرموون: ‘‘زۆر ئارەزووم كرد پێش ئازار چێژتنم ئەم پەسخەتان لەگەڵ بخۆم.

١٦ چونكە پێتان دەڵێم: ئیتر لێی ناخۆم تاكو لە پاشایەتیی خودا دێتە دی’’.

١٧ جامێكی هەڵگرت و سوپاسی كرد، فەرمووی: ‘‘ئەمە بگرن و لەنێو خۆتان بەشی بكەن.

١٨ چونكە پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە تاكو پاشایەتیی خودا دێت’’.

١٩ نانێكی هەڵگرت، سوپاسی كرد و لەتیكرد، پێیدان و فەرمووی: ‘‘ئەمە لەشی منە، كە لە پێناوی ئێوە بەخت دەكرێت. ئەمە بۆ یادەوەریم بكەن’’.

٢٠ جامەكەش ئاوا دوای شێو، فەرمووی: ‘‘ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، كە لە پێناوی ئێوە دەڕژێت.

٢١ بەڵام ئەوەتا دەستی ئەوەی ڕادەستم دەكات لەگەڵ من لەسەر خوانە.

٢٢ ڕۆڵەی مرۆڤیش بەگوێرەی ئەوەی بۆی دانراوە دەڕوات، بەڵام وەی بەحاڵ ئەو كەسەی ڕادەستی دەكات!’’.

٢٣ ئیتر لەنێو خۆیان پرسیان كرد: ‘‘ئاخۆ كامیان خەریكە ئەمە بكات؟’’.

٢٤ هەروەها دەمەقاڵەیەك لەنێویان بوو، كامیان بە گەورە دابنرێت.

٢٥ پێی فەرموون: ‘‘پاشایانی نەتەوەكان گەورایەتییان دەكەن و دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە چاكەكار ناودەبرێن.

٢٦ بەڵام بۆ ئێوە ئاوا نییە. بەڵكو با گەورەتان وەك بچووك و ڕابەر وەك ڕاژەوان بێت.

٢٧چونكە كێ گەورەیە، ئەوەی پاڵی داوە یان ئەوەی ڕاژە دەكات؟ ئەوە نییە كە پاڵی داوە؟ بەڵام من لەنێوانتان وەك ئەوەم كە ڕاژە دەكات.

٢٨ ئێوە كە لە تاقیكردنەوەكانمدا لەگەڵم جێگیر بوون.

٢٩منیش پاشایەتیەكتان بۆ دادەنێم، وەك باوكم بۆی داناوم،

٣٠ تاكو لە پاشایەتیەكەمدا لەسەر خوانەكەم بخۆن و بخۆنەوە، لەسەر تەختەكان دادەنیشن و دوازدە هۆزەكەی ئیسرائیل حوكم دەدەن’’.

٣١ جا پەروەردگار فەرمووی: ‘‘شیمعون، شیمعون، ئەوەتا شەیتان داوای كردوون، تاكو وەك گەنم لە بێژنگتان بدات!

٣٢ بەڵام لەپێناوی تۆ نوێژم كرد تاكو باوەڕت لەناونەچێت. تۆش كە دەگەڕێیتەوە برایانت جێگیر بكە’’.

٣٣ ئەویش پێی وت: ‘‘پەروەردگار، من ئامادەم لەگەڵتدا بۆ زیندان و بۆ مەرگیش بچم!’’.

٣٤ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘پەترۆس پێت دەڵێم، ئەمڕۆ كەڵەشێر ناقوولێنێت، تاكو تۆ سێ جار نكۆڵی نەكەیت كە من دەناسیت’’.

٣٥ ئینجا پێی فەرموون: ‘‘كاتێ ئێوەم بەبێ جزدان و تورەگە و سۆل نارد، ئایا پێویستتان بە هیچ بوو؟’’ وتیان: ‘‘نەخێر’’.

٣٦ پێی فەرموون: ‘‘بەڵام ئێستا، ئەوەی جزدانی هەیە با بیبات، تورەگەش. ئەوەش كە نییەتی با جلەكانی بفرۆشێت و شمشێرێك بكڕێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧ چونکە پێتان دەڵێم: ئەمەی نووسراوە: *{لە ڕیزی تاوانباران دانرا}*. پێویستە لە مندا بێتە دی، چونکە شتەکانی دەربارەی من کاتیان هات".

٣٨ وتیان: "پەروەردگار، ئەوەتا دوو شمشێر لێرەیە". پێی فەرموون: "ئیتر بەسە!".

٣٩ ئینجا دەرچوو و وەک هەموو جارێک چووە کێوی زەیتوون، قوتابییەکانیش دوای کەوتن.

٤٠ کاتێ گەیشتە شوێنەکە، پێی فەرموون: "نوێژ بکەن نەوەک بکەونە تاقیکردنەوە".

٤١ ئینجا نزیکەی بەردهاوێژێک لێیان دوورکەوتەوە، چۆکی دادا و نوێژی دەکرد.

٤٢ فەرمووی: "باوکە، ئەگەر دەتەوێت ئەم جامەم لەسەر لابە، بەڵام نەک بە خواستی من، بەڵکو بە خواستی خۆت بێت".

٤٣ فریشتەیەکیش لە ئاسمانەوە بۆی دەرکەوت بەهێزی دەکرد.

٤٤ کە لە ململانێدا بوو، بە پێداگرتنێکی توند نوێژی دەکرد، ئارەقەکەی وەک دڵۆپی خوێن دەکەوتە سەر زەوی.

٤٥ ئینجا لە نوێژەکە هەستا و هاتە لای قوتابییەکانی، بینی لە خەمان خەویان لێ کەوتووە.

٤٦ پێی فەرموون: "بۆچی خەوتوون؟ هەستن، نوێژ بکەن نەوەک بکەونە تاقیکردنەوە".

٤٧ کاتێ قسەی دەفەرموو کۆمەڵێک پەیدابوون، ئەوەی پێی دەووترا ئیهوودا و یەکێکە لە دوازدەکە پێشیان کەوتووە، لە ئیشۆع نزیکبووەوە تاکو ماچی بکات.

٤٨ ئیشۆعیش پێی فەرموو: "ئیهوودا، بە ماچێک ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەست دەکەیت؟"

٤٩ ئەوانەی دەوروپشتی کە ئەوەیان بینی خەریکە ڕووبدات، وتیان: "پەروەردگار، شمشێر بوەشێنین؟"

٥٠ جا یەکێکیان لە کۆیلەی کاهینی باڵا دا و گوێی ڕاستی بڕی.

٥١ بەڵام ئیشۆع فەرمووی: "واز لەمە بهێنن!" ئینجا دەستی لە گوێی دا و چاکیکردەوە.

٥٢ ئینجا ئیشۆع بە کاهینانی باڵا و فەرماندەی پەرستگا و پیرانی فەرموو: "هەروەک بۆ گرتنی دزێک بە شمشێر و کوتەکەوە هاتوون!

٥٣ هەموو ڕۆژێک لە پەرستگا لەگەڵتان بووم دەستتان درێژ نەکردە سەرم. بەڵام ئەمە کاتی ئێوەیە و دەسەڵاتی تاریکییە".

٥٤ ئیتر گرتییان، بردییان و هێنایانە ماڵی کاهینی باڵا. بەڵام پەترۆس دووربەدوور دوای کەوت.

٥٥ کاتێ لە ناوەڕاستی حەوشەدا ئاگریان کردەوە و پێکەوە دانیشتن، پەترۆسیش لەنێویاندا دانیشت.

٥٦ کەنیزەیەک ئەوی بینی لەبەر ئاگرەکە دانیشتووە، تێیڕووانی و وتی: "ئەمەش لەگەڵی بوو!".

٥٧ ئەوەیش نکۆڵی کرد و وتی: "نەخێر خانم، ناینناسم!".

٥٨ دوای کەمێک، یەکێکی دیکە بینی، وتی: "تۆش لەوانیت!" پەترۆس وتی: "کاکە، من نیم!"

٥٩ دوای نزیکەی کاژێرێک، یەکێکی دیکە مکوڕ بوو، وتی: "بە ڕاستی ئەمەش لەگەڵی بوو، چونکە ئەمەش گلیلاییە!".

٦٠ پەترۆس وتی: "کاکە، نازانم چی دەڵێی!". هەر لەو کاتەدا کە قسەی دەکرد، کەڵەشێر قولاندی.

٦١ پەروەردگاریش ئاوڕی دایەوە و سەیری پەترۆسی کرد، ئینجا پەترۆس فەرموودەکەی پەروەردگاری بیرکەوتەوە کە پێی فەرموو: "پێش ئەوەی کەڵەشێر بقوولێنێت، تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦٢ ئیتر پەترۆس چووە دەرەوە و بەکوڵ گریا.

٦٣ ئەو پیاوانەی کە ئیشۆعیان گرتبوو، گاڵتەیان پێ دەکرد و لێی دەدان.

٦٤ چاویان بەستبوو و زیللـەیان لێدا و لێیان دەپرسی: ‘‘پێشبینی بکە! کێیە ئەوەی لێیدایت؟’’

٦٥ زۆر کفری دیکەشیان دژی دەکرد.

٦٦ کە ڕۆژبووەوە، پیرانی گەل کۆبوونەوە: کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان. جا بردیانە سەنهەدریمەکەیان.

٦٧ وتیان: ‘‘ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت پێمان بڵێ!’’. ئەویش پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر پێتان بڵێم بڕوا ناکەن.

٦٨ ئەگەر پرسیش بکەم وەڵامم نادەنەوە و بەرم نادەن.

٦٩ لە ئێستاوە ڕۆڵەی مرۆڤ لەلای ڕاستی هێزی خودا دادەنیشێت’’.

٧٠ هەموو وتیان: ‘‘کەواتە تۆی ڕۆڵەی خودا؟’’ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘ئێوە وتتانەوە کە من ئەوم’’.

٧١ ئینجا وتیان: ‘‘ئیتر چ پێویستیمان بە گەواهیدان هەیە؟ چونکە ئەوەتا لە دەمی خۆیەوە گوێمان لێبوو’’.

لۆقا 23

١ ئینجا هەموو کۆمەڵەکەیان هەستان و بردییانە لای پیلاتوس.

٢ دەستیانکرد بە سکاڵاکردن لێی، وتیان: ‘‘بینیمان ئەمە نەتەوەکەمان چەواشە دەکات و قەدەغە لە سەرانەدان دەکات بۆ قەیسەر و خۆی بە مەسیحێکی پاشا ناودەبات’’.

٣ پیلاتوس لێی پرسی وتی: ‘‘تۆ پاشای جووی؟’’ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘تۆ وتتەوە’’.

٤ پیلاتوسیش بە کاهینانی باڵا و کۆمەڵانەکەی وت: ‘‘هیچ تاوانێک لەم پیاوە نابینم’’.

٥ بەڵام مکوڕ بوون و وتیان: ‘‘گەل دەوروژێنێت، لە هەموو ئیهوود خەڵک فێردەکات، دەستپێک لە گلیلاوە تاکو ئێرە’’.

٦ کاتێ پیلاتوس ناوی گلیلای بیست، پرسی کرد ‘‘ئاخۆ پیاوەکە گلیلاییە؟’’.

٧ کە زانی لە دەسەڵاتی هیرۆودسە، بۆ هیرۆودسی نارد، کە لەو ڕۆژانەدا ئەویش لە یروشلایم بوو.

٨ کاتێ هیرۆودس ئیشۆعی بینی، زۆر دڵخۆش بوو، چونکە دەمێک بوو دەیەویست ببینێت، چونکە زۆر شتی دەربارەی بیستبوو و بە ئومێد بوو ببینێت پەرجوێک بەهۆی ئەو ببێت.

٩جۆرەها پرسی لێکرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە.

١٠ کاهینانی باڵا و تەوراتزانەکان ڕاوەستان و بە توندی سکاڵایان لێی دەکرد.

١١ هیرۆودس و سەربازانی سووکایەتی و گاڵتەیان پێیکرد. جلێکی بریسکەدارای لەبەری کرد و ناردیەوە بۆ پیلاتوس.

١٢ پیلاتوس و هیرۆودس لەو ڕۆژەدا لەگەڵ یەکتری بوونە دۆست، چونکە پێشتر دوژمنی یەکتر بوون.

١٣ پیلاتوس کاهینانی باڵا و پێشەوایان و گەلی بانگکرد و

١٤ پێی وتن: ‘‘ئەم پیاوەتان هێنایە لام وەک یەکێک خەڵک تێکبدات، ئەوەتا منیش لەبەردەمتان لێم کۆڵییەوە و هیچ تاوانێکم لەم پیاوەدا نەبینی لەوەی سکاڵای لێدەکەن.

١٥ نە هیرۆودسیش، چونکە بۆ لای ئێمەی ناردۆتەوە. ئەوەتا هیچ شتێکی نەکردووە شایانی مەرگ بێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بۆیە تەمبێی دەکەم و ئازادی دەکەم”.

١٧ناچار بوو لە هەموو جەژنێکدا یەکێکیان بۆ ئازاد بکات.

١٨ بەڵام تێکڕا هاواریان کرد، “ئەمە ببە! بەرئەبباماں بۆ ئازاد بکە!”

١٩ ئەوەی لەبەر ئاژاوەیەک کە لە شاردا ڕوویدابوو و لەبەر کوشتن فڕێدرابووە زیندانەوە.

٢٠ پیلاتوس دیسان بانگیکردن، دەیویست ئیشۆع ئازاد بکات.

٢١بەڵام هاواریان کرد و وتیان: “لەخاچی بدە! لەخاچی بدە!”

٢٢ سێیەمجار پێی وتن: “ئەمە چ خراپەیەکی کردووە؟ تاوانێکی تێدا نابینم کە سزاکەی مەرگ بێت. بۆیە تەمبێی دەکەم و ئازادی دەکەم”.

٢٣ بەڵام پێیانداگرت و بە دەنگی بەرز داوایان کرد لەخاچ بدرێت، جا دەنگییان و دەنگی کاهینانی باڵا بەهێز بوو.

٢٤ پیلاتوسیش بڕیاری دا داواکارییەکەیان جێبەجێ بکرێت.

٢٥ئەوەی لەبەر ئاژاوە و کوشتن فڕێدرابووە زیندانەوە ئازادی کرد، ئەوەی داوایان کرد، ئیشۆعیشی ڕادەستی خواستی ئەوانی کرد.

٢٦ کاتێ بردییان، شیمعونی قەورینێیان گرت کە لە کێڵگە دەهاتەوە، خاچەکەیان خستە کۆڵی تاکو بەدوای ئیشۆعەوە هەڵیبگرێت.

٢٧ جەماوەرێکی زۆری گەل و ئەو ژنانەی شیوەنیان دەکرد و بۆی دەگریان دوای کەوتن.

٢٨ ئیشۆع ئاوڕی لێ دانەوە، فەرمووی: “کچانی یروشلایم، بۆ من مەگرێین، بەڵکو بۆ خۆتان و منداڵەکانتان بگرێین.

٢٩ ئەوەتا ڕۆژانێک دێت، تیایدا دەڵێن: خۆزگە بە نەزۆک و بەو سکانەی منداڵیان نەبووە و بەو مەمکانەی شیریان نەداوە!

٣٠ ئەوسا بە شاخەکان دەڵێن: بەسەرماندا بکەون! بە گردەکانیش: دامانپۆشن!

٣١ چونکە ئەگەر وا بە داری سەوز بکەن، بۆ وشک چی دەبێت؟”.

٣٢ دوو تاوانباری دیکەشیان هێنا تاکو لەگەڵ ئەودا بکوژرێن.

٣٣ کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی بە *{کاسەسەر}* ناودەبرا، لەوێ لەگەڵ دوو تاوانبارەکە لەخاچیان دا، یەکێک لەلای ڕاستی و ئەوی دیکە لەلای چەپ.

٣٤ ئیشۆعیش فەرمووی: “باوکە، لێیان خۆش بە، چونکە نازانن چی دەکەن”. ئینجا بە تیروپشک کراسەکەیان دابەش کرد.

٣٥ گەل ڕاوەستابوون سەیریان دەکرد، سەرۆکەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانووت: “خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی دەستنیشانکراوی خودایە، با خۆی ڕزگار بکات!”

٣٦سەربازانیش گاڵتەیان پێ دەکرد و دەهاتنە لای و سرکەیان پێ دەدا،

٣٧ دەیانووت: “ئەگەر تۆ پاشای جوویت، خۆت ڕزگار بکە!”

٣٨ نووسراوێکیش لە ژوور سەریەوە هەبوو بە پیتی یۆنانی و ڕۆمانی و عیبڕانی نووسرابوو: “ئەمە پاشای جووە”.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٩ یەکێک لە تاوانبارە هەڵواسراوەکان، کفری دژی دەکرد و دەیووت: ‘‘ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، خۆت و ئێمەش ڕزگار بکە!’’

٤٠ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی کرد، وتی: ‘‘لە خودا ناترسی، کە تۆش هەمان سزات بەسەر دراوە؟

٤١ سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە جیاتی کردارمانە وەریدەگرین، بەڵام ئەمە هیچ شتێکی ناشیاوی نەکردووە’’.

٤٢ ئینجا بە ئیشۆعی وت: ‘‘پەروەردگار منت لەیاد بێت کاتێ لە پاشایەتیەکەی خۆت دێی’’.

٤٣ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ڕەوات پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت’’.

٤٤ نزیکی کاژێر شەش، تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو، تاکو کاژێر نۆ،

٤٥ خۆر تاریک بوو. پەردەی پەرستگاش شەقبوو و بووە دوو پارچە.

٤٦ ئیشۆع بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد و فەرمووی: ‘‘باوکە، ڕووحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم’’. ئەمەی فەرموو و ڕووحی سپارد.

٤٧ کاتێ سەرپەلەکە ئەم شتانەی بینی کە ڕوویدا، خودای شکۆدار کرد، وتی: ‘‘بە ڕاستی ئەم پیاوە بێتاوان بوو!’’.

٤٨ هەموو ئەو خەڵکەی بۆ ئەم دیمەنە کۆببوونەوە، کاتێ ئەوەیان بینی کە ڕوویدا، بە سنگکوتانەوە گەڕانەوە.

٤٩ هەموو ناسیاو و ئەو ژنانەی لە گلیلاوە دوای کەوتبوون، لە دوورەوە ڕاوەستابوون و تەماشای ئەم شتانەیان دەکرد.

٥٠ پیاوێک ناوی یۆسپ بوو، کابرایەکی چاک و خوداناس بوو.

٥١ بە ڕا و کردەوەیان ڕازی نەبوو. خەڵکی ڕەمتا بوو کە شارێکی ئیهوودە، ئەویش چاوەڕوانی پاشایەتیی خودای دەکرد.

٥٢ چووە لای پیلاتوس و داوای تەرمی ئیشۆعی کرد.

٥٣دایگرت و بە کەتان پێچایەوە، لە گۆڕێکی لە بەرد هەڵکەندراو داینا کە هەرگیز کەسی تێدا دانەنرابوو.

٥٤ ئەو ڕۆژە خۆ ئامادەکردن بوو، شەممەش بەدەردەکەوت.

٥٥ ئەو ژنانەی لە گلیلاوە لەگەڵی هاتبوون، دوای یۆسپ کەوتن، گۆڕەکە و جەستەکەیان بینی چۆن دانرا.

٥٦ ئینجا گەڕانەوە و بۆنوبەرامیان ئامادە کرد، بە پێی ڕاسپاردەکە لە شەممە پشوویان دا.

لۆقا 24

١ لە سەرەتای هەفتە، لە بەرەبەیاندا، ئەو بۆنوبەرامەی ئامادەیان کردبوو هێنایان و لەگەڵ خەڵکی دیکەوە هاتنە سەر گۆڕەکە.

٢ بینییان بەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە.

٣ چوونە ژوورەوە و جەستەی ئیشۆعی پەروەردگاریان نەدۆزییەوە.

٤ کاتێ لەمە سەرسام بوون، دوو پیاو بە جلی بریسکەدارەوە لە تەنیشتیان ڕاوەستان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ كە ترسان و سەریان داگرتبووە سەر زەوی، پێیان وتن: ‘‘بۆچی لەنێو مردووان بەدوای زیندووەکەدا دەگەڕێن!؟

٦ لێرە نییە، بەڵکو هەستایەوە! بە بیرتان بێتەوە کە هێشتا لە گلیلا بوو چۆن قسەی بۆ فەرموون:’’

٧ ‘‘ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت بدرێتە دەست خەڵکی گوناهبار، لەخاچ بدرێت و لە ڕۆژی سێیەمدا هەستێتەوە’’.

٨ئینجا فەرموودەکەیان هاتەوە یاد.

٩ لە گۆڕەکە هاتنەوە و هەواڵی هەموو ئەم شتانەیان بە یازدەکە و هەموو ئەوانی دیکە دا.

١٠ مەریەمی مەگدانی و یۆوەنا و مەریەمی دایکی یاقوو و ئەوانی دیکەی لەگەڵیان بوون، ئەم شتانەیان بە پەیامبەران وت.

١١ قسەکەیان لەلای ئەوان وەک وڕێنە بوو، باوەڕیان پێ نەکردن.

١٢ پەترۆس هەستا و بەرەو گۆڕەکە ڕایکرد، دانەویەوە بینی کفنەکە بە تەنها دانراوە، ڕۆیشت و سەرسام بوو لەوەی ڕوویداوە.

١٣ هەر لەو ڕۆژەدا، دووان لەوان دەچوونە گوندێکی دوور کە شەست تیرهاوێژ لە یروشلایم دوور بوو، ناوی عەمائوس بوو.

١٤ لەگەڵ یەکتری باسی هەموو ئەو ڕووداوانەیان دەکرد.

١٥کاتێ قسە و گفتوگۆیان دەکرد، خودی ئیشۆع لێیان نزیکبووەوە و لەگەڵیان ڕێی دەکرد،

١٦ بەڵام چاویان لە ناسینی بەسترا.

١٧ پێی فەرموون: ‘‘ئەوە بەڕێوە بە ڕووگرژیەوە باسی چی دەکەن؟’’.

١٨ یەکێکیان ناوی قەلیوپا بوو وەڵامی دایەوە و پێی وت: ‘‘ئایا تەنیا تۆ لە یروشلایم بیانی و ئاگات لەو شتانە نییە کە لەم ڕۆژانەدا تیایدا ڕوویداوە؟’’

١٩ پێی فەرموون: ‘‘چییە؟’’ پێیان وت: ‘‘دەربارەی ئیشۆعی ناسرەتی، کە پێغەمبەرێکی توانادار بوو لە فەرموودە و کرداردا، لەبەردەم خودا و هەموو گەل.

٢٠ چۆن کاهینانی باڵا و فەرمانڕەواکانمان ڕادەستی سزای مەرگیان کرد و لەخاچیان دا.

٢١ ئێمەش هیوادار بووین ئەو ئیسرائیل بکڕێتەوە. بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژە ئەمە ڕوویداوە.

٢٢ کەچی هەندێک لە ژنانمان سەرسامیان کردین، بەرەبەیان لەسەر گۆڕەکە بوونە،

٢٣ کە جەستەکەیان نەبینیووە، هاتنەوە وتیان: دیمەنی فریشتەمان بینیوە دەڵێن ئەو زیندووە.

٢٤ هەندێکی ئێمەش چوونە سەر گۆڕەکە و بینییان وایە، وەک ژنەکان وتیان، بەڵام ئەویان نەبینیبوو’’.

٢٥ ئەویش پێی فەرموون: ‘‘ئەی گێل و دڵخاوەکان لە باوەڕهێنان بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان کردووە!

٢٦ نەدەبووایە مەسیح ئازار بچێژێت و بچێتە نێو شکۆمەندییەکەی خۆی؟’’

٢٧ ئەوسا دەستی پێکرد لە مووشێ و لە هەموو پێغەمبەرانەوە ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوو لە هەموو سیپارەکاندا بۆیان ڕاڤە کرد.

٢٨ کاتێ نزیکی ئەو گوندە بوون کە بۆی دەچوون، ئیشۆع وای پیشان دا کە بۆ شوێنێکی دوورتر دەچێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ زۆر لێی پاڕانەوە، وتیان: ‘‘لەلامان بمێنەوە، چونکە وا ئێوارەیە و ڕۆژ لە ئاوابووندایە’’. جا چووە ژوورەوە تاکو لەگەڵیان بمێنێتەوە.

٣٠ کاتێ لەگەڵیان دانیشتبوو، نانێکی هەڵگرت، سوپاسی کرد و لەتیکرد، پێیدان.

٣١ ئینجا چاویان کرایەوە و ناسیانەوە، ئیتر لەبەرچاویان نەما.

٣٢ بە یەکتریان وت: ‘‘ئەرێ کاتێ لە ڕێگا قسەی بۆ دەکردین و سیپارەکانی بۆمان ڕوون دەکردەوە، دڵمان لە نێوماندا گڕی نەگرتبوو؟’’

٣٣ ئینجا یەکسەر هەستان و هاتنەوە یروشلایم، بینییان یازدەکە و ئەوانەی لەگەڵیاندان کۆبوونەتەوە و

٣٤ دەڵێن: ‘‘بە ڕاستی پەروەردگار هەستاوەتەوە و بۆ شیمعون دەرکەوتووە!’’.

٣٥ ئەمانیش باسی ڕووداوی ڕێگایان کرد، چۆن لە نان لەتکردنەکەدا ئەویان ناسیوە.

٣٦ کە باسی ئەمەیان دەکرد، خودی ئیشۆع لەناوەڕاستیان ڕاوەستا و پێی فەرموون: ‘‘ئاشتی بۆ ئێوە’’.

٣٧ سام دایگرتن و ترسان، وایانزانی ڕووحێک دەبینن.

٣٨ پێی فەرموون: ‘‘بۆچی شڵەژاون؟ بۆچی گومان دەکەوێتە دڵتان؟’’

٣٩ سەیری دەست و پێم بکەن: ئەوە خۆمم! دەستم لێ بدەن و ببینن، چونکە ڕووح گۆشت و ئێسقانی نییە وەک دەمبینن’’.

٤٠ کە ئەمەی فەرموو، دەست و پێی پیشاندان.

٤١ لە خۆشی و سەرسوڕماندا باوەڕیان نەدەکرد، پێی فەرموون: ‘‘لێرە خواردنتان هەیە؟’’

٤٢ ئەوانیش پارچەیەک ماسی برژاویان پێ دا.

٤٣ وەریگرت و لەبەرچاویان خواردی.

٤٤ ئینجا پێی فەرموون: ‘‘ئەم قسانەم بۆ کردن کاتێ لەگەڵتان بووم: کە پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی مووشێ و پێغەمبەران و پەسنیەکاندا دەربارەی من نووسراون بێتە دی’’.

٤٥ ئینجا هزری کردنەوە، تاکو سیپارەکان تێبگەن.

٤٦ پێی فەرموون: ‘‘ئاوا نووسراوە، کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێیەمدا لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە،

٤٧ بە ناوی ئەویش تۆبەکردن بۆ لێخۆشبوونی گوناه بۆ هەموو نەتەوەکان ڕابگەیێندرێت، دەستپێک لە یروشلایمەوە.٤٨ ئێوەش گەواهیدەری ئەم شتانەن.

٤٩ ئەوەتا من بەڵێنەکەی باوکمتان بۆ دەنێرم. جا لە شاری یروشلایم بمێننەوە، تاکو لە بەرزاییەوە هێزتان لەبەر دەکرێت’’.

٥٠ ئینجا ئەوانی بۆ بتعەنیا بردە دەرەوە، دەستی بەرز کردەوە و داڕشتی کردن.

٥١ کاتێ داڕشتی دەکردن، لێیان جیابووەوە و بەرزکرایەوە ئاسمان.

٥٢ ئەوانیش کڕنۆشیان بۆ برد و بە شادییەکی مەزنەوە گەڕانەوە یروشلایم.

٥٣ بەردەوام لە پەرستگا بوون و ستایش و داڕشتی خودایان دەکرد.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یوخەننەن

یوخەننەن 1

١ لە دەستپێکدا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو.

٢ ئەمە لە دەستپێکدا لەلای خودا بوو.

٣ هەموو شتێک بەو بەدیهات، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون.

٤ ژیان لە ئەودا بوو، ژیانەکەش ڕووناکیی مرۆڤ بوو،

٥ڕووناکیەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی نەگەیشت.

٦ مرۆڤێک هات کە خودا ناردبووی، ناوی یوخەننەن بوو.

٧ ئەو بۆ گەواهیدان هات، تاکو گەواهی بۆ ڕووناکییەکە بدات، تاکو هەموو بەهۆی ئەوەوە باوەڕ بهێنن.

٨ ئەو ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو بۆ گەواهیدان بۆ ڕووناکییەکە هات.

٩ ئەو ڕووناکییە ڕاستەقینەیەی کە هەموو مرۆڤێک ڕووناک دەکاتەوە، دەهاتە جیهان.

١٠ ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی.

١١ بۆ لای ئەوانەی خۆی هات، ئەوانەی خۆی پەسەندیان نەکرد.

١٢بەڵام هەموو ئەوانەی پەسەندیان کرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، دەسەڵاتی پێدان ببنە ڕۆڵەکانی خودا،

١٣ ئەوانەی نە بە خوێن، نە بە خواستی جەستە، نە بە خواستی پیاو لەدایکبوون، بەڵکو لە خوداوە.

١٤ وشەکەش بووە جەستە و لە نێوماندا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەوە، پڕ لە بەخشش و ڕەوا.

١٥ یوخەننەن گەواهیی بۆ دا، هاواری کرد و وتی: "ئەمە ئەوەیە کە وتم: ئەوەی دوای من دێت پێشم کەوت، چونکە لەپێش من بووە".

١٦هەموومان لە پڕی ئەو، بەخشش لەسەر بەخششمان وەرگرت.

١٧ چونکە تەورات بە مووشێ درا، بەڵام بەخشش و ڕەوا بە ئیشۆعی مەسیحەوە بوون.

١٨ هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، ڕۆڵەی تاقانە، ئەوەی لە باوەشی باوکدایە، ئەو دەریخست.

١٩ ئەمەش گەواهییەکەی یوخەننەنە، کاتێ جووی یروشلایم، کاهین و لیوییان نارده لای پرسی لێ بکەن: "تۆ کێیت؟"

٢٠ دانی پیا نا و نکۆڵی نەکرد، وتی: "من مەسیحەکە نیم".

٢١ ئینجا لێیان پرسی: "ئەی کێیت؟ ئیلیای؟" وتی: "نا، ئەو نیم". "ئەی تۆ پێغەمبەرەکەی؟" وتی: "نەخێر".

٢٢ ئینجا پێیان وت: "باشە تۆ کێیت؟ تا وەڵامێک بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ وتی: ‘‘*{من دەنگی هاوارگەرێکم لە دەشتودەرەوە دێ: ‘‘ڕێگای پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێبازەکانی ڕاست بکەن}*. وەک ئێشەعیای پێغەمبەر وتوویەتی’’.

٢٤ نێردراوانیش لە پەریشییەکان بوون،

٢٥ پرسیان لێکرد و پێیان وت: ‘‘ئەگەر تۆ مەسیحەکە نیت و ئیلیا نیت و پێغەمبەرەکەش نیت، ئیتر بۆچی عەماد دەکەیت؟’’

٢٦ یوحەننەنیش وەڵامی دانەوە و وتی: ‘‘من بە ئاو عەمادتان دەکەم، بەڵام یەکێک لەنێوانتان ڕاوەستاوە کە ناناسن،

٢٧ ئەو دوای من دێت، من شایستە نیم ئاوەزێنەی سۆلەکانی بکەمەوە’’.

٢٨ ئەمانە لە بتعەبڕا ڕوویدا، لەوبەری یوردنەنەوە، کە یوحەننەن عەمادی دەکرد.

٢٩ بۆ بەیانی یوحەننەن بینی ئیشۆع بەرەو لای دێت، وتی: ‘‘ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان هەڵدەگرێت!

٣٠ ئەمە ئەوەیە کە باسم کرد، پیاوێک دوای من دێت پێشم کەوت، چونکە پێش من بووە.

٣١ منیش نەمدەناسی، بەڵام تاکو بۆ ئیسرائیل دەربکەوێت، بۆیە هاتووم بە ئاو عەماد بکەم’’.

٣٢ یوحەننەن گەواهیی دا و وتی: ‘‘بینیم ڕووح وەک کۆترێک لە ئاسمانەوە دابەزی و لەسەری نیشتەوە.

٣٣ من نەمدەناسی، بەڵام ئەوەی منی ناردووە بە ئاو عەمادبکەم، ئەو پێی فەرمووم: ئەوەی دەیبینیت ڕووحەکە دادەبەزێت و لەسەری دەنیشێتەوە، ئەو بە ڕووحی پارسا عەمادتان دەکات.

٣٤ خۆم بینیم و گەواهیم دا کە ئەمە ڕۆڵەی خودایە’’.

٣٥ بۆ بەیانی دیسان یوحەننەن لەگەڵ دوو قوتابی خۆی ڕاوەستابوو،

٣٦ ئیشۆعی بینی ڕێی دەکرد، وتی: ‘‘ئەوەتا بەرخی خودا!’’

٣٧ دوو قوتابییەکە بیستیان قسەی دەکرد، دوای ئیشۆع کەوتن.

٣٨ ئیشۆع ئاوڕی دایەوە و بینی بە دوایدا دێن، فەرمووی: ‘‘چیتان دەوێت؟’’ وتیان: ‘‘ڕابی’’ واتا مامۆستا، لەکوێ دەمێنیتەوە؟’’

٣٩ پێی فەرموون: ‘‘وەرن، ببینن’’. ئەوانیش هاتن و بینییان لەکوێ دەمایەوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵی مانەوە، نزیکەی کاژێری دە بوو.

٤٠ ئەندراوسی برای شیمعون پەترۆس، یەکێک بوو لەو دووانەی کە گوێیان لە یوحەننەن بوو و دوای ئیشۆع کەوتن.

٤١ یەکەمجار شیمعونی برای بینی، پێی وت: ‘‘مەسیامان دۆزییەوە’’ واتا مەسیح.

٤٢ هێنایە لای ئیشۆع. ئیشۆعیش تەماشای کرد و فەرمووی: ‘‘تۆ شیمعونی کوڕی یۆنای، بەڵام بانگ دەکرێیت کیپە’’. واتا پەترۆس.

٤٣ بۆ سبەینێ ئیشۆع ویستی بۆ گالیلا دەربچێت، پیلیپوسی بینی، پێی فەرموو: ‘‘دوام بکەوە’’.

٤٤ پیلیپوس خەڵکی بتسەیادا بوو، شارەکەی ئەندراوس و پەترۆس.

٤٥ پیلیپوسیش نەتنیئێلی بینی، پێی وت: ‘‘ئەوەی کە مووشێ لە تەورات و پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە دۆزیمانەوە، ئیشۆعی کوڕی یۆسیپی خەڵکی ناسرەت’’.

© (2017 Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٦ نەتنیئێل پێی وت: ''لە ناسرەت شتی چاک هەڵدەکەوێ؟'' پیلیپوس پێی وت: ''وەرە و ببینە''.

٤٧ ئیشۆع نەتنیئێلی بینی بۆ لای دێت، دەربارەی فەرمووی: ''ئەوەتا ئیسرائیلەکی ڕەوایە کە فێڵی تێدا نییە''

٤٨ نەتنیئێل پێی وت: ''چۆن دەمناسیت؟'' ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ''پێش ئەوەی پیلیپوس بانگت بکات، لە ژێر دارهەنجیرەکە بوویت، تۆم بینی''.

٤٩ نەتنیئێل وەڵامی دایەوە و پێی وت: ''ڕابی، تۆ ڕۆڵەی خودایت! تۆ پاشای ئیسرائیلیت!''

٥٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ''باوەڕت هێنا، چونکە پێم وتیت لە ژێر دارهەنجیرەکە تۆم بینی؟ وا شتی لەمە مەزنتر دەبینیت!''

٥١ ئینجا پێی فەرموو: ''ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: لە ئێستاوە دەبینن ئاسمان کراوەتەوە و فریشتەی خوداش لەسەر ڕۆڵەی مرۆڤ سەردەکەون و دادەبەزن''.

یوحەننەن 2

١ لە ڕۆژی سێیەم لە قەتنێی گلیلا شاییەک هەبوو، دایکی ئیشۆعیش لەوێ بوو.

٢ ئیشۆع و قوتابییەکانیشی بۆ شاییەکە بانگهێشت کرابوون.

٣ کاتێ مەی تەواو بوو، دایکی بە ئیشۆعی وت: ''مەییان نییە!''

٤ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ''خانم، چیت لێم دەوێ؟ هێشتا کاتم نەهاتووە!''

٥دایکی بە ڕاژەوانەکانی وت: ''هەرچییەکتان پێ دەڵێ، بیکەن''.

٦ شەش کوپەی بەردین بەگوێرەی بێگەرد کردنەوەی جوو لەوێ دانرابوون، هەریەکەی یەک تا سێ قولەتێنی دەگرت.

٧ئیشۆع پێی فەرموون: ''کوپەکان پڕ بکەن لە ئاو''. ئەوانیش تا سەر پڕیانکرد.

٨ ئینجا پێی فەرموون: ''ئێستا لێی دەربهێنن و بۆ گەورەی شاییەکەی ببەن!'' ئەوانیش بردییان.

٩ کاتێ گەورەی شاییەکە تامی ئەو ئاوەی کرد کە ببووە مەی، سەرچاوەکەشی نەدەزانی، بەڵام ڕاژەوانەکان دەیانزانی، ئەوانەی ئاوەکەیان دەرهێنابوو، ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای بانگکرد و

١٠ پێی وت: ''هەموو کەس یەکەمجار مەیە چاکەکە دادەنێت، کاتێ مەست بوون، ئینجا خراپەکە. بەڵام تۆ تا ئێستا مەیە چاکەکەت هێشتووەتەوە!''

١١ ئەمە سەرەتای پەرجوەکان بوو کە ئیشۆع لە قەتنێی گلیلا کردی و شکۆی خۆی دەرخست، قوتابییەکانیشی باوەڕیان پێی هێنا.

١٢ دواتر لەگەڵ دایکی و برایانی و قوتابییەکانی بەرەو کپەرناخوم دابەزین، چەند ڕۆژێکی کەم لەوێ مانەوە.

١٣ جەژنی پەسخەی جوو نزیکبووەوە، ئیشۆع سەرکەوت بۆ یروشلایم.

١٤ لە پەرستگا فرۆشیارانی مانگا و کاوڕ و کۆتری بینی، پارەگۆڕەوانیش دانیشتبوون.

١٥ قامچییەکی لە گوریس دروستکرد و هەمووانی لە پەرستگا قاو دا، کاوڕ و مانگاکان. پارەی پارەگۆڕەوانی هەڵڕژاند و مێزەکانیان وەرگێڕا،

١٦ بە کۆترفرۆشانی فەرموو: ''ئەمانە لێرە لادەن! ماڵی باوکم مەکەنە ماڵی بازرگانی!''

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ جا قوتابییەکانی بیریان کەوتەوە کە نووسراوە: *{دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمخوات}* .

١٨ جووەکان وەڵامیان دایەوە و پێیان وت: ‘‘چ پەرجوێکمان پیشان دەدەیت تاکو ئەم شتانە بکەیت؟’’

١٩ ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە و پێیان فەرموو: ‘‘ئەم پەرستگایە بڕوخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە’’.

٢٠ جووەکان وتیان: ‘‘ئەم پەرستگایە بە چل و شەش ساڵ بنیادنراوە، تۆ بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنیتەوە؟’’

٢١ بەڵام ئەو باسی پەرستگای جەستەی خۆی دەکرد.

٢٢ بۆیە کاتێ لەنێو مردووان هەستایەوە، قوتابییەکانی بیریان کەوتەوە کە ئەمەی وتبوو، ئینجا باوەڕیان هێنا بە سیپارەکە و بەو فەرموودەیەی ئیشۆع فەرمووی.

٢٣ کە لە جەژنی پەسخە لە یروشلایم بوو، زۆر کەس باوەڕیان بە ناوی هێنا، چونکە پەرجوەکانیان دەبینی کە دەیکرد.

٢٤ بەڵام ئیشۆع لەلای خۆیەوە متمانەی پێ نەکردن، چونکە هەمووی دەناسی.

٢٥ چونکە پێویستی بە کەس نەبوو دەربارەی مرۆڤ گەواهیی بۆ بدات، لەبەرئەوەی دەیزانی مرۆڤ چی تێدایە.

یوحەننەن 3

١ پیاوێک لە پەڕیشییەکان هەبوو بە ناوی نیقادیمۆس، ڕابەرێکی جووەکان بوو.

٢ بە شەو هاتە لای ئیشۆع و پێی وت: ‘‘ڕابی، دەزانین تۆ ئامۆژگارێکی لەلای خوداوە هاتوویت، چونکە کەس ناتوانێت ئەو نیشانانە بکات کە تۆ دەیکەیت، ئەگەر خودای لەگەڵ نەبێت’’.

٣ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘ڕەوا ڕەوات پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێک لە ئاسمانەوە لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت پاشایەتیی خودا ببینێت’’.

٤ نیقادیمۆس پێی وت: ‘‘مرۆڤ کە پیر بێت چۆن دەتوانێت لەدایکبێت؟ خۆ دیسان ناتوانێت بچێتەوە سکی دایکی و لەدایکبێتەوە؟’’

٥ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘ڕەوا ڕەوات پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێک لە ئاو و لە ڕووح لەدایک نەبێت، ناتوانێت بچێتە نێو پاشایەتیی خودا.

٦ لەدایکبووی جەستە جەستەیە، لەدایکبووی ڕووحیش ڕووحە.

٧ سەرسام مەبە کە پێم وتی: دەبێ لە ئاسمانەوە لەدایک ببنەوە.

٨ با بۆ کوێی بووێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەر کەسێکیش لە ڕووحەکە لەدایکبووە ئاوایە’’.

٩ نیقادیمۆس وتی: ‘‘چۆن شتی وا دەبێت؟’’

١٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: ‘‘تۆ ڕابێکی ئیسرائیلیت و ئەمانەش نازانیت!

١١ ڕەوا ڕەوات پێ دەڵێم: ئەوەی دەیزانین دەیڵێین و ئەوەی دەیبینین گەواهیی بۆ دەدەین، ئێوەش گەواهیمان پەسەند ناکەن.

١٢ باسی شتە زەمینییەکانم بۆتان کرد و باوەڕ ناهێنن، ئیتر چۆن باوەڕ دەهێنن ئەگەر باسی شتە ئاسمانییەکانتان بۆ بکەم؟

١٣ کەس سەرنەکەوتووە بۆ ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان دابەزیوە، ڕۆڵەی مرۆڤ کە لە ئاسماندایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ وەک مووشێ لە بیاباندا مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ ڕۆڵەی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە،

١٥ تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناونەچێت بەڵکو ژیانی جاویدانیی هەبێت.

١٦ چونکە خودا وەها جیهانی خۆشویست، تەنانەت ڕۆڵە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناونەچێت، بەڵکو ژیانی جاویدانیی هەبێت.

١٧ چونکە خودا ڕۆڵەی نەنارد جیهان تاکو جیهان حوکم بدات، بەڵکو تاکو بەهۆیەوە جیهان ڕزگار بکات.

١٨ ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت حوکم نادرێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ ئەوا حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی ڕۆڵە تاقانەکەی خودا نەهێناوە.

١٩ ئەمەش حوکمەکەیە: ڕووناکییەکە هاتە جیهان و خەڵک تاریکییان لە ڕووناکییەکە زیاتر خۆشویست، چونکە کردەوەکانیان خراپ بوو.

٢٠ چونکە هەر کەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرا بن.

٢١ بەڵام ئەوەی بەگوێرەی ڕەوا دەڕوات، دێتە لای ڕووناکییەکە، تاکو دەربکەوێت کە کردەوەکانی لە خوداوە کراون".

٢٢ دوای ئەمانە ئیشۆع و قوتابییەکانی هاتنە زەویی ئیهوود، لەوێ لەگەڵیان مایەوە و عەمادی دەکرد.

٢٣ یوحەننەیش لە عینیۆن نزیک شالم عەمادی دەکرد، چونکە لەوێ ئاوی زۆر هەبوو، ئیتر دەهاتن و عەماد دەکران.

٢٤ چونکە هێشتا یوحەننەن نەخرابووە زیندانەوە.

٢٥ دەربارەی بێگەردی، گفتوگۆیەک کەوتە نێوان قوتابییەکانی یوحەننەن و جووەکان.

٢٦ هاتنە لای یوحەننەن و پێیان وت: "ڕابی، ئەوەی لەوبەری یوردنەن لەگەڵت بوو، ئەوەی گەواهیت بۆی دا، ئەوەتا عەماد دەکات و هەمووان دێنە لای".

٢٧ یوحەننەن وەڵامی دایەوە و وتی: "کەس ناتوانێت شتێک وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت.

٢٨ ئێوە خۆتان گەواهیم بۆ دەدەن کە وتم: من مەسیح نیم، بەڵکو پێش ئەو نێردراوم.

٢٩ بووک بۆ زاوایە، بەڵام هاوڕێی زاوا کە ڕاوەستاوە و دەیبیستێت لەبەر دەنگی زاوا زۆر دڵخۆش دەبێت. کەواتە ئەم خۆشییەم هاتە دی.

٣٠ پێویستە ئەو زیاد بکات و منیش کەم.

٣١ ئەوەی لە سەرەوە دێت لە سەرووی هەمووانە. ئەوەش لە زەوییە ئەوە زەمینییە و وەکو کەسێکی زەمینی دەدوێت. ئەوەی لە ئاسمانەوە دێت لە سەرووی هەمووانە و

٣٢ گەواهیی ئەوە دەدات کە بینیویەتی و بیستوویەتی، کەسیش گەواهییەکەی پەسەند ناکات.

٣٣ ئەوەی گەواهییەکەی پەسەند دەکات، مۆری دەکات کە خودا ڕاستە.

٣٤ چونکە ئەوەی خودا ناردوویەتی بە فەرموودەی خودا دەدوێت، چونکە خودا بێ ئەندازە ڕووح دەدات.

٣٥ باوک ڕۆڵەی خۆشدەوێت و هەموو شتێکی داوەتە دەستی.

٣٦ ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵە بهێنێت ژیانی جاویدانیی هەیە. ئەوەش باوەڕ بە ڕۆڵە نەهێنێت ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یوخەننەن 4

١ کاتێ پەروەردگار زانی کە پەریشییان بیستیان کەوا ئیشۆع لە یوخەننەن زیاتر قوتابی دروست دەکات و عەمادیان دەکات

٢ هەرچەندە ئیشۆع خۆی عەمادی نەدەکرد، بەڵکو قوتابییەکانی.

٣ بۆیە ئیهوودی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ گلیلا.

٤ جا دەبووایە بە شمرندا تێپەڕێت،

٥ گەیشتە شارێکی شمرنی پێی دەووترا سوخار، نزیک ئەو پارچە زەوییەی یاقوو دابوویە یۆسپی کوڕی.

٦ بیری یاقووش لەوێ بوو. جا ئیشۆع لە گەشتەکە ماندوو بوو، لەلای بیرەکە دانیشت، نزیکەی کاژێر شەش بوو.

٧ ژنێکی شمرنی هات ئاو ببات، ئیشۆع پێی فەرموو: "ئاوم بدەرێ با بخۆمەوە".

٨ چونکە قوتابییەکانی چووبوونە شار تاکو خواردن بکڕن.٩ جا ژنە شمرنیەکە پێی وت: "تۆ جوویت و منیش ژنێکی شمرنیم، چۆن داوای ئاوم لێ دەکەیت تا بخۆیتەوە؟" چونکە جوو تێکەڵی شمرنیەکان نابن.

١٠ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "ئەگەر بەخششی خودات دەزانی و دەتزانی کێیە ئەوەی پێت دەڵێت ئاوم بدەرێ تا بخۆمەوە، ئەوسا تۆ داوات لێ دەکرد و ئەویش ئاوی زیندووی پێ دەدایت".

١١ ژنەکە پێی وت: "گەورەم، دۆلکەت پێ نییە و بیرەکەش قووڵە. ئیتر ئاوی زیندووت لەکوێ بوو؟

١٢ خۆ لە یاقووی باوکمان مەزنتر نیت کە بیرەکەی پێ داوین، خۆی و کوڕەکانی و ماڵاتیشی لێیان خواردەوە؟"

١٣ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "هەر کەسێک لەم ئاوە بخواتەوە تینووی دەبێتەوە.

١٤ بەڵام ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، تاهەتایە تینووی نابێ، بەڵکو ئەو ئاوەی دەیدەمێ تیایدا دەبێتە کانیاوێک و هەڵدەقوڵێت و ژیانی جاویدانی دەبەخشێ".

١٥ ژنەکەش پێی وت: "گەورەم، ئەو ئاوەم بدەرێ تاکو تینوو نەبم و نەیەمەوە ئێرە بۆ ئاوکێشان".

١٦ ئیشۆع پێی فەرموو: "بڕۆ، مێردەکەت بانگ بکە و وەرەوە ئێرە".

١٧ ژنەکە وەڵامی دایەوە و وتی: "مێردم نییە". ئیشۆعیش پێی فەرموو: "ڕاست دەکەیت کە دەڵێی مێردم نییە.

١٨ چونکە پێنج مێردت هەبوو، ئێستاش ئەوەی هەتە مێردت نییە. ڕاست دەکەیت".

١٩ ژنەکە پێی وت: "گەورەم، دەبینم تۆ پێغەمبەریت!

٢٠ باوکانمان لەسەر ئەم شاخە کڕنۆشیان برد، بەڵام ئێوە دەڵێن یروشلایم ئەو شوێنەیە کە پێویستە کڕنۆشی تیادا ببرێت".

٢١ ئیشۆع پێی فەرموو: "خانم، بڕوام پێ بکە، کاتێ دێت نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە یروشلایم کڕنۆش بۆ باوک دەبەن.

٢٢ ئەوەی ئێوە کڕنۆشی بۆ دەبەن نایناسن، بەڵام ئەوەی ئێمە کڕنۆشی بۆ دەبەین دەیناسین، چونکە ڕزگاری لە جووەوەیە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ بەڵام کاتێ دێت وا ئێستایە کە کڕنۆشبەرە ڕاستەقینەکان بە ڕووح و ڕەوا کڕنۆش بۆ باوک دەبەن، چونکە باوک داوای ئەم جۆرە کڕنۆشبەرانە دەکات.

٢٤ خودا ڕووحە، پێویستە ئەوانەی کڕنۆشی بۆ دەبەن بە ڕووح و ڕەوا کڕنۆشی بۆ ببەن".

٢٥ ژنەکە پێی وت: "دەزانم مەسیا دێت، کە پێی دەووترێ مەسیح، کە ئەو هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت".

٢٦ ئیشۆعیش پێی فەرموو: "من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات".

٢٧ لێرەدا قوتابییەکانی گەیشتن، سەرسام بوون کە لەگەڵ ژنێک قسەدەکات. بەڵام کەس نەیووت: "چیت دەوێت؟" یان "بۆچی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟"

٢٨ ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت، چووە نێو شار و بە خەڵکی وت:

٢٩ "وەرن کەسێک ببینن هەرچییەکم کردووە پێی فەرمووم! دەبێ ئەوە مەسیح نەبێت؟"

٣٠ ئیتر لە شار دەرچون و هاتنە لای.

٣١ لەو کاتەدا قوتابییەکان تکایان لێی دەکرد و وتیان: "ڕابی، بخۆ!"

٣٢ پێی فەرموون: "خواردنێکم هەیە بیخۆم، کە ئێوە نایزانن".

٣٣ قوتابییەکانیش بە یەکتریان دەووت: "کەس هیچی بۆ هێناوە بیخوات؟"

٣٤ ئیشۆع پێی فەرموون: "خواردنی من ئەوەیە بە خواستی ئەوە بکەم کە ناردوومی و کارەکەی تەواو بکەم.

٣٥ ئەی ناڵێن: پاش چوار مانگ دروێنە دێت؟ ئەوەتا من پێتان دەڵێم: چاوتان هەڵبڕن و سەیری کێڵگەکان بکەن وا زەرد هەڵگەڕاون بۆ دروێنە.

٣٦سەپانیش کرێ وەردەگرێ و بۆ ژیانی جاویدانی بەرهەم کۆدەکاتەوە، تاکو تۆودەر و سەپان پێکەوە دڵشاد بن.

٣٧ چونکە ئەو پەندە ڕاستە کە دەڵێت: یەکێک تۆو دەکات و یەکێکی دیکە دروێنە دەکات.

٣٨ من ئێوەم بۆ دروێنەیەک ناردووە کە پێوەی ماندوو نەبوون. کەسانی دیکە ماندوو بوون و ئێوە هاتنە سەر ماندووبوونیان".

٣٩ زۆر لە شمرنیەکانی ئەو شارە باوەڕیان بە ئیشۆع هێنا، لەبەر قسەی ئەو ژنەی کە گەواهیی دەدا و وتی: "هەرچییەکم کردووە پێی فەرمووم".

٤٠ کاتێ شمرنیەکان هاتنە لای، تکایان لێکرد لەلایان بمێنێتەوە، ئەویش دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە.

٤١ زۆر زیاتریش بەهۆی فەرموودەکانییەوە باوەڕیان هێنا و

٤٢ بە ژنەکەیان دەووت: "ئیتر بە قسەی تۆ نییە کە باوەڕ دەهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و دەزانین کە ئەمە بە ڕاستی مەسیحی ڕزگاریدەری جیهانە".

٤٣ پاش ئەو دوو ڕۆژە لەوێوە چووە گلیلا،

٤٤ چونکە ئیشۆع خۆی گەواهیی دا کە "پێغەمبەر لە نیشتمانی خۆی ڕێزی لێ نانرێت".

٤٥ کاتێ هاتە گلیلا، گلیلاییەکان پەسەندیان کرد، چونکە ئەوانیش هاتبوونە جەژن و هەموو ئەو شتانەیان بینیبوو کە لە جەژندا لە یروشلایم کردبووی.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٦ دیسان ئیشۆع هاتەوە قەتنێی گلیلا، کە لەوێ ئاوی کردە مەی، ڕاژوانێکی پاشا کوڕەکەی لە کپەرناخوم نەخۆش بوو.

٤٧ کاتێ ئەمە بیستی ئیشۆع لە ئیهوودەوە هاتووەتە گلیلا، چووە لای و لێی پاڕایەوە کە دابەزێت و کوڕەکەی چاکبکاتەوە، چونکە نزیکی مەرگ ببوو.

٤٨ ئینجا ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ئەگەر پەرجو و کاری سەیر نەبینن باوەڕ ناهێنن’’.

٤٩ ڕاژەوانەکەی پاشاش پێی وت: ‘‘گەورەم، دابەزە پێش ئەوەی کوڕەکەم بمرێت’’.

٥٠ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘بڕۆ! کوڕەکەت زیندووە’’. پیاوەکە باوەڕی بەو وشەیە هێنا کە ئیشۆع پێی فەرموو و ڕۆیشت.

٥١ کە دادەبزی کۆیلەکانی چوونە پێشوازی و وتیان ‘‘کوڕەکەت زیندووە’’.

٥٢ جا سەبارەت بەو کاژێرەی تیایدا چاک ببووەوە پرسی لێکردن، پێیان وت: ‘‘دوێنێ کاژێر حەوت تاکە بەریدا’’.

٥٣ باوکەکە زانی لەو کاژێرە بوو کە ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘کوڕەکەت زیندووە’’. جا خۆی و هەموو بنەماڵەکەی باوەڕیان هێنا.

٥٤ ئەمەش پەرجوی دووەم بوو ئیشۆع کردی، کە لە ئیهوودوە هاتە گلیلا.

یوحەننەن 5

١ دوای ئەوە جەژنێکی جووەکان هەبوو و ئیشۆع سەرکەوتە یروشلایم.

٢ لە یروشلایم لەلای دەروازەی کاوڕ گۆماوێک هەبوو بە عیبری پێیان دەووت بتحەسدا، پێنج هەیوانی هەبوو.

٣لەوێ جەماوەرێکی زۆر ڕاکشابوون، نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج، چاوەڕێی جوڵانی ئاوەکە بوون،

٤ چونکە هەندێک جار فریشتەیەک بۆ گۆمەکە دادەبەزی و ئاوەکەی دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەم کەس بچووبووایە نێو گۆمەکە، لە هەر نەخۆشییەک هەیبووایە چاک دەبووەوە.

٥کابرایەک لەوێ بوو سی و هەشت ساڵ نەخۆش بوو.

٦ ئیشۆع ئەم کابرایەی بینی پاڵکەوتووە و زانی ماوەیەکی درێژە وایە، پێی فەرموو: ‘‘دەتەوێ چاکبیتەوە؟’’

٧ نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: ‘‘گەورەم، کاتێ ئاوەکە دەجوڵێت کەسم نییە بمخاتە نێو گۆمەکە. کاتێکیش دێم، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە نێوی’’.

٨ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘هەستە! نوێنەکەت هەڵگرە و ڕێ بکە’’

٩یەکسەر کابرا چاکبووەوە، نوێنەکەی هەڵگرت و ڕێی کرد. ئەو ڕۆژەش شەممە بوو.

١٠ جووەکان بە چاکبووەویان وت: ‘‘شەممەیە! دروست نییە نوێنەکەت هەڵگریت’’.

١١وەڵامی دانەوە: ‘‘ئەوەی چاکیکردمەوە ئەو پێی فەرمووم: نوێنەکەت هەڵگرە و ڕێ بکە’’.

١٢لێیان پرسی: ‘‘ئەو پیاوە کێیە کەپێی وتی: نوێنەکەت هەڵگرە و ڕێ بکە؟’’

١٣ بەڵام چاکبووەوەکە نەیدەزانی کێیە، چونکە ئیشۆع لەنێو کۆمەڵەکە خۆی کێشایەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ دوای ئەوە ئیشۆع ئەوی لە پەرستگا بینییەوە و پێی فەرموو: ‘‘ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناه مەکە، نەوەک خراپترت بەسەر بێت’’.

١٥ کابراش چوو و بە جووەکانی وت کە ئیشۆع بووە چاکیکردۆتەوە.

١٦ بۆیە جووەکان ئیشۆعیان قاودەدا و هەوڵیان دەدا بیکوژن، چونکە ئەم شتەی لە شەممەدا کرد.

١٧ جا ئیشۆع وەڵامی دانەوە: ‘‘تا ئێستا باوکم کاردەکات، منیش کار دەکەم’’.

١٨ لەبەر ئەم هۆیە جووەکان زیاتر هەوڵیان دەدا بیکوژن، چونکە تەنها شەممەی نەدەشکاند، بەڵکو دەیووت کە خودا باوکییەتی، خۆی لەگەڵ خودا یەکسان دەکرد.

١٩ ئیشۆع وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ڕۆڵە ناتوانێت لە خۆیەوە شتێک بکات تەنها ئەوەی کە دەبینێت باوک دەیکات، چونکە هەرچی ئەو دەیکات، ڕۆڵەش هەمان شت دەکات.

٢٠ چونکە باوک ڕۆڵەی خۆشدەوێت و هەموو کارەکانی خۆی پیشان دەدات، کاری لەمانەش مەزنتری پیشان دەدات، تاکو ئێوە سەرسام بن.

٢١ چونکە وەک باوک مردووان هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە، ڕۆڵەش ئەوەی بیەوێت زیندووی دەکاتەوە.

٢٢ چونکە باوک کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە ڕۆڵە،

٢٣ تاکو هەمووان ڕێزی ڕۆڵە بگرن هەروەک ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی ڕۆڵە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی.

٢٤ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە قسەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی جاویدانی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مەرگەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.

٢٥ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: کاتێک دێت کە ئێستایە، کاتێک مردووان دەنگی ڕۆڵەی خودا دەبیستن، گوێگرانیش دەژین.

٢٦ چونکە وەک باوک ژیانی لە خۆیدا هەیە، بە ڕۆڵەشی داوە ژیانی لە خۆیدا هەبێت.

٢٧ دەسەڵاتی حوکمدانیشی پێی داوە، چونکە ئەو ڕۆڵەی مرۆڤە.

٢٨ لەمە سەرسام مەبن، چونکە کاتێک دێت هەموو ئەوانەی لەنێو گۆڕدان دەنگی دەبیستن و

٢٩ ئەوانەی کرداری چاکیان کردووە بۆ هەستانەوەی ژیان دەردەچن، ئەوانەش کە کرداری خراپیان کردووە بۆ هەستانەوەی حوکمدان.

٣٠ من لەخۆمەوە ناتوانم هیچ بکەم. وەک دەبیستم حوکم دەدەم، حوکمدانەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە داوای خواستی خۆم ناکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی.

٣١ ئەگەر گەواهی بۆ خۆم بدەم گەواهییەکەم ڕەوا نییە.

٣٢ یەکێکی دیکە گەواهیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو گەواهییەی بۆ منی دەدات ڕەوایە.

٣٣ لەدوای یوحەننەنتان نارد، ئەویش گەواهیی بۆ ڕەوا دا.

٣٤ من گەواهیی لە مرۆڤ پەسەند ناکەم، بەڵام ئەمانە دەڵێم تاکو ئێوە ڕزگاربن.

٣٥ ئەو چرایەکی هەڵگیرساو و بریسکەدار بوو، ئێوەش دەتانویست ماوەیەک بە ڕووناکییەکەی دڵخۆش بن.

٣٦ بەڵام من گەواهییەکم هەیە لەوەی یوحەننەن مەزنترە، چونکە ئەو کارانەی باوکم پێی داوم تەواوی بکەم، ئەم کارانە خۆیان گەواهیم بۆ دەدەن کە باوکم ناردوومی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧ باوکیش کە ناردوومی، خۆی گەواهیم بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە و ڕواڵەتیتان نەبینیوە،

٣٨ وشەکەشی لە ئێوەدا جێگیر نییە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناهێنن.

٣٩ سیپارەکان بپشکنن، چونکە دەزانن ژیانی جاویدانی بۆ ئێوە تێدایە. ئەوانەش گەواهیم بۆ دەدەن،

٤٠ بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت.

٤١ من شکۆ لە خەڵک پەسەند ناکەم.

٤٢ بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشویستنی خوداتان لە دڵدا نییە.

٤٣ بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پەسەندیشم ناکەن، ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پەسەندی دەکەن.

٤٤ چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن ئەگەر شکۆ لە یەکتری وەردەگرن، بەڵام ئەو شکۆیەی لە تاکە خوداوەیە داوا ناکەن؟

٤٥ وا مەزانن من لەلای باوک سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێک هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە مووشێیە، ئەوەی هیواتان پێیەتی.

٤٦ چونکە ئەگەر بڕواتان بە مووشێ بکردایە، بڕواتان بە منیش دەکرد، چونکە لە بارەی منەوە نووسیویەتی.

٤٧ ئەگەر باوەڕیش بە پەرتووکەکانی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟”

یوحەننەن 6

١ دوای ئەمە ئیشۆع چووە ئەوبەری دەریای گلیلا، کە دەریای تەبەریەیە،

٢ کۆمەڵانێکی زۆر دوای کەوتن، چونکە ئەو نیشانانەیان بینیبوو کە لە نەخۆشەکاندا دەیکرد.

٣ ئینجا ئیشۆع چووە سەر شاخێک و لەوێ لەگەڵ قوتابییەکانی دانیشت.

٤ جەژنی پەسخەی جوو نزیک بوو.

٥ئیشۆعیش چاوی هەڵبڕی و کۆمەڵانێکی زۆری بینی دەهاتنە لای، بە پیلیپوسی فەرموو: “لەکوێ نان بکڕین بۆئەوەی ئەمانە بخۆن؟”

٦ ئەمەی فەرموو تاکو تاقیی بکاتەوە، چونکە خۆی زانی بە نیازە چی بکات.

٧ پیلیپوس وەڵامی دایەوە: “بایی دوو سەد دیناریش نان بەشیان ناکات، ئەگەر هەریەکەیان کەمێکی بەرکەوێت”.

٨ یەکێک لە قوتابییەکانی کە ئەندراوسی برای شیمعون پەترۆس بوو پێی وت:

٩ “کوڕێک لێرەیە پێنج نانی جۆ و دوو ماسی پێیە. بەڵام ئەوندە چییە بۆ ئەم هەمووە؟”

١٠ ئیشۆع فەرمووی: “خەڵکەکە دابنیشێنن”. ئەو شوێنە گیایەکی زۆری لێبوو، جا پیاوەکان کە پێنج هەزار دەبوون دانیشتن.

١١ ئیشۆعیش نانەکانی برد و سوپاسی کرد، بەسەر قوتابیەکان دابەشیکرد، قوتابیەکانیش بەسەر دانیشتووان دابەشیان کرد، ماسیەکانیش هەر ئاوا، ئەوەندەی ویستیان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ کاتێ تێربوون، بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘ئەو لەتەنانەی ماوەتەوە کۆی بکەنەوە تاکو هیچ بە فیڕۆ نەڕوات’’.

١٣ ئەوانیش کۆیان کردەوە و دوازدە سەبەتەیان پڕ کرد لەو لەتەنانەی ئەو پێنج نانە جۆیەی لە نانخۆران مابووەوە.

١٤ کاتێ خەڵکەکە بینییان ئیشۆع چ پەرجوێکی کرد، وتیان: ‘‘بە ڕاستی ئەمە پێغەمبەرەکەیەکە وا بۆ جیهان دێت!’’.

١٥ بەڵام ئیشۆع زانی ئەوان بە نیازن بێن و بیگرن تاکو بیکەنە پاشا، دیسان بە تەنیا چووە سەر شاخ.

١٦ کاتێ ئێوارە داهات قوتابییەکانی بۆ لای دەریاکە چوونە خوارەوە،

١٧ سواری کەشتێک بوون و بە دەریادا بۆ کپەرناخوم کەوتنەڕێ. تاریک داهات و ئیشۆع هەر نەهاتە لایان.

١٨ڕەشەبایەکی مەزن هەڵیکرد و دەریا هەڵچوو.

١٩ کە نزیکەی بیست و پێنج تاکو سی تیرهاوێژ سەوڵیان لێدابوو، ئیشۆعیان بینی بەسەر ئاوەکەدا ڕێدەکات و لە کەشتیەکە نزیک دەبێتەوە، جا ترسان.

٢٠ پێی فەرموون: ‘‘منم، مەترسن!’’

٢١ کە ڕازی بوون سواری کەشتیەکەی بکەن، یەکسەر کەشتیەکە گەیشتە ئەو کەنارەی بۆی دەچوون.

٢٢ بۆ بەیانی، ئەو کۆمەڵەی لەوبەری دەریاکە ڕاوەستابوون بینییان لەو کەشتیە زیاتر لەوێ نەبوو، کە قوتابیان سواری ببون، ئیشۆعیش لەگەڵ قوتابییەکانی سواری کەشتی نەبوو، بەڵکو قوتابییەکانی بە تەنها بەڕێکەوتن.

٢٣ بەڵام کەشتیی دیکەش لە تەبەریەوە هاتنە نزیک ئەو شوێنەی نانەکەیان لێی خوارد کە پەروەردگار سوپاسی کرد.

٢٤ کاتێ کۆمەڵەکە بینییان نە ئیشۆع لەوێیە و نە قوتابییەکانی، سواری کەشتیەکان بوون و هاتنە کپەرناخوم، لە ئیشۆع دەگەڕان.

٢٥ کە لەوبەری دەریاکە دۆزییانەوە، پێیان وت: ‘‘ڕابی، کەی گەیشتیتە ئێرە؟’’

٢٦ئیشۆع وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئێوە داوام دەکەن نەک لەبەرئەوەی پەرجوتان بینی، بەڵکو لەبەرئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون.

٢٧ بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی جاویدانی دەمێنێتەوە، ئەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوک مۆری لێداوە’’.

٢٨ پێیان وت: ‘‘چی بکەین تاکو کارەکانی خودا بکەین؟’’

٢٩ ئیشۆع وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی’’.

٣٠ ئەوانیش پێیان وت: ‘‘چ پەرجوێک دەکەیت تاکو ببینین و باوەڕت پێ بهێنین؟ چی دەکەیت؟

٣١ باوباپیرانمان لە بیاباندا مەنیان خوارد، وەک نووسراوە:*{لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو بیخۆن}* ’’.

٣٢ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: مووشێ نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ، بەڵکو باوکمە لە ئاسمانەوە نانی ڕاستەقینەتان دەداتێ.

٣٣ چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ پێیان وت: ‘‘گەورەم، هەموو کاتێ ئەو نانەمان بدەرێ’’.

٣٥ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسیی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.

٣٦ بەڵام پێم وتن: منتان بینی و باوەڕیش ناهێنن.

٣٧ هەر کەسێک باوک دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، دەری ناکەم.

٣٨چونکە لە ئاسمانەوە دابەزیوم، نەک تاکو بە خواستی خۆم بکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی.

٣٩ ئەمەش خواستی ئەوەیە کە ناردوومی: هەر کەسێکی پێداوم نەیدۆڕێنم، بەڵکو لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە.

٤٠ چونکە خواستی باوکم ئەمەیە: هەر کەسێک ڕۆڵە ببینێت و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی جاویدانیی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە’’.

٤١ جووەکان بۆڵەبۆڵیان لەسەر دەکرد، چونکە فەرمووی: ‘‘منم ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە’’.

٤٢ وتیان: ‘‘ئەمە ئیشۆعی کوڕی یۆسپ نییە، کە باوک و دایکی دەناسین؟ چۆن دەڵێت لە ئاسمانەوە دابەزیوم؟’’

٤٣ ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘لە نێو خۆتان بۆڵەبۆڵ مەکەن.

٤٤ کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوک ڕاینەکێشێت، ئەوەی ناردوومی، منیش لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە.

٤٥ لە پێغەمبەراندا نووسراوە: *{هەموو لە خوداوە فێردەبن}*. جا ئەوەی لە باوکەوە بیستبێتی و فێربووبێت دێتە لام.

٤٦ کەس باوکی نەبینیوە جگە لەوەی لە خوداوەیە، ئەوە باوکی بینیوە.

٤٧ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت ژیانی جاویدانیی هەیە.

٤٨ منم نانی ژیان.

٤٩ باوباپیرانتان لە بیاباندا مەنیان خوارد و مردن.

٥٠ ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت.

٥١ منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێک لەم نانە بخوات تاهەتایە دەژیێت. ئەو نانەش کە بۆ ژیانی جیهان دەیبەخشم، جەستەمە’’.

٥٢ جوو لەنێو خۆیان دەمەقاڵەیان بوو و دەیانووت: ‘‘ئەمە چۆن دەتوانێ جەستەی خۆیمان بداتێ بیخۆین؟’’

٥٣ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەگەر جەستەی ڕۆڵەی مرۆڤ نەخۆن و خوێنی نەخۆنەوە، ژیان لە ناختاندا نابێت.

٥٤ ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی جاویدانی هەیە، منیش لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە.

٥٥ چونکە جەستەم خۆراکی ڕەوایە و خوێنیشم خواردنەوەی ڕەوایە.

٥٦ ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە لە مندا جێگیر دەبێت و منیش لە ئەودا.

٥٧ وەک باوکی زیندوو ناردوومی، منیش بە باوک زیندووم، ئاواش ئەوەی من بخوات بەهۆی من دەژیێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٨ ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نەک وەک ئەوەی باوباپیران خواردیان و مردن. ئەوەی لەم نانە بخوات تاهەتایە دەژیێت".

٥٩ ئەمانەی لە کەنیشتێکدا فەرموو، کە لە کپەرناخوم ئامۆژگاریی دەکرد.

٦٠ زۆر لە قوتابییەکانی کە گوێیان لێبوو، وتیان: "ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟"

٦١ ئیشۆع لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پێی فەرموون: "ئەمە ساتمەتان پێ دەکات؟

٦٢ ئەی ئەگەر ببینن ڕۆڵەی مرۆڤ بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی یەکەمجار لێیبوو!

٦٣ ڕووح ژیان دەدات، بەڵام جەستە هیچ کەڵکی نیە. ئەو قسانەی پێتان دەڵێم ڕووح و ژیانن.

٦٤ بەڵام هەندێکتان باوەڕ ناهێنن". چونکە ئیشۆع لە سەرەتاوە ئەوانەی دەناسی کە باوەڕ ناهێنن، هەروەها کێیە ئەوەی ڕادەستی دەکات.

٦٥ ئینجا فەرمووی: "بۆیە پێم وتن: کەس ناتوانێ بێتە لام، ئەگەر لە باوکەوە پێی نەدرابێت".

٦٦ لەو کاتەوە زۆر لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵی نەدەگەڕان.

٦٧ بۆیە ئیشۆع بە دوازدەکەی فەرموو: "ئەی ئێوەش ناتانەوێ بڕۆن؟"

٦٨ شیمعون پەترۆس وەڵامی دایەوە: "پەروەردگار، بچینە لای کێ؟ قسەی ژیانی جاویدانی لەلای تۆیە.

٦٩ ئێمەش باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودای زیندوو".

٧٠ ئیشۆع وەڵامی دانەوە: "ئایا من ئێوەی دوازدەم هەڵنەبژاردووە؟ بەڵام یەکێک لە ئێوە شەیتانە!"

٧١ ئەو باسی ئیهوودای شیمعونی ئەسخەریوتی دەکرد، چونکە بەتەمابوو ڕادەستی بکات کە یەکێکە لە دوازدەکە.

یوحەننەن 7

١ دوای ئەمە ئیشۆع بە گلیلادا دەگەڕا و نەیدەویست لە ئیهوود بگەڕێ، چونکە جووی ئەوێ هەوڵیان دەدا بیکوژن.

٢ جەژنی کەپرەشینەی جوو نزیک بوو،

٣ براکانی پێیان وت: "ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ ئیهوود، تاکو قوتابییەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت.

٤ چونکە کەس بە شاراوە شتێک ناکات ئەگەر بیەوێ ئاشکرا بێت. ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت، خۆت پیشانی جیهان بدە".

٥چونکە براکانیشی باوەڕیان پێی نەبوو.

٦ ئیشۆعیش پێی فەرموون: "جارێ کاتم نەهاتووە، بەڵام هەردەم کاتی ئێوە گونجاوە.

٧ جیهان ناتوانێت ڕقی لێتان بێتەوە، بەڵام ڕقی لە من دەبێتەوە، چونکە گەواهیی لەسەر دەدەم کە کردەوەکانی خراپە.

٨ ئێوە بڕۆنە ئەم جەژنە، من هێشتا نایەمە ئەم جەژنە. چونکە هێشتا کاتم تەواو نەبووە".

٩ ئەمانەی فەرموو و لە گلیلا مایەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ بەڵام کە براکانی بۆ جەژنەکە چوون، ئەویش ڕۆیشت بۆ جەژنەکە، بەڵام نەک بە ئاشکرا، بەڵکو وەک
بە نهێنی.

١١ جوو لە جەژنەکەدا بە دوایدا دەگەڕان و دەیانووت: ‘‘ئەو لەکوێیە؟’’١٢ لەنێو کۆمەڵانەکەدا
چرپەچرپێکی زۆری لەسەر بوو، هەندێکیان دەیانووت: ‘‘ئەو چاکە’’. هەندێکی دیکەش دەیانووت: ‘‘نەخێر،
بەڵکو گەل گومڕا دەکات’’.

١٣ بەڵام کەس لە ترسی جووەکان بە ئاشکرا باسی نەدەکرد.

١٤ کاتێ نیوەی جەژن بوو، ئیشۆع چووە پەرستگا و ئامۆژگاریی دەکرد.

١٥ جووەکان سەرسام بوون و پرسییان: ‘‘ئەمە کە فێرنەکراوە چۆن لە سیپارەکان دەزانێت؟’’

١٦ئیشۆع وەڵامی دانەوە: ‘‘فێرکردنم هی خۆم نییە، بەڵکو هی ئەوەیە کە ناردوومی.

١٧ ئەگەر کەسێک بیەوێت بە خواستی ئەو بکات، لە فێرکردن دەزانێت، ئاخۆ هی خودایە یان لە خۆمەوە
دەدوێم.١٨ ئەوەی لە خۆیەوە بدوێت، داوای شکۆی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی داوای شکۆی ئەوە بکات کە
ناردوویەتی، ئەوە ڕاستگۆیە و فێڵی تێدا نییە.

١٩ ئایا مووشێ تەوراتی نەداونەتێ؟ کەسیش لە ئێوە کار بە تەورات ناکات. بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟’’

٢٠ کۆمەڵەکە وەڵامیان دایەوە: ‘‘شەیتانت تێدایە! کێ هەوڵی کوشتنت دەدات؟’’

٢١ ئیشۆع وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘کارێکم کرد و هەموو سەرسام بوون.

٢٢ بۆیە مووشێ خروسە بڕانی دایە ئێوە، ئەمە لە مووشێوە نەبوو بەڵکو لە باوکانەوە بوو لە شەممەش
مرۆڤ خروسە بڕان دەکەن.

٢٣ ئەگەر مرۆڤ لە شەممەدا خروسەی ببڕدرێت تاکو تەوراتی مووشێ نەشکێت، باشە لە من تووڕە دەبن
کە لە شەممە سەراپای مرۆڤێکم چاککردەوە؟

٢٤ بە ڕواڵەت حوکم مەدەن، بەڵکو حوکمێکی دادپەروەرانە بدەن’’.

٢٥ بۆیە هەندێک لە خەڵکی یروشلایم وتیان: ‘‘ئەمە نییە ئەوەی دەیانەوێت بیکوژن؟

٢٦ ئەوەتا بە ئاشکرا قسەدەکات و هیچی پێ ناڵێن! ڕەنگە سەرۆکەکان زانیوویانە کە ئەمە بە ڕاستی
مەسیحەکەیە؟

٢٧ بەڵام ئێمە دەزانین ئەمە خەڵکی کوێیە. بەڵام کاتێ مەسیح دێت کەس نازانێت خەڵکی کوێیە’’.

٢٨ ئیشۆعیش کە لە پەرستگا ئامۆژگاریی دەکرد، هاواری کرد و فەرمووی: ‘‘دەمناسن و دەزانن خەڵکی
کوێم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵام ئەوەی ناردوومی ڕەوایە، ئەوەی نایناسن.

٢٩من دەیناسم چونکە لەوم و ئەویش ناردوومی’’.

٣٠ جا هەوڵیان دەدا بیگرن، بەڵام کەس دەستگیری نەکرد، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو.

٣١ زۆر لە کۆمەڵەکەش باوەڕیان پێی هێنا و وتیان: ‘‘ئایا کاتێ مەسیح دێت، پەرجوی زیاتر دەکات لەوەی
ئەمە کردوویەتی؟’’.

٣٢ پەریشییەکان گوێیان لە کۆمەڵەکە بوو کە لەسەر ئەو چرپەچرپی ئەمانەیانە، جا کاهینانی باڵا و
پەریشییەکان ڕاژەوانیان نارد تاکو بیگرن.

٣٣ ئیشۆع پێیان فەرموو: ‘‘ماوەیەکی کەمم لەگەڵتان ماوە، ئینجا دەچمە لای ئەوەی ناردوومی.

٣٤ داوام دەکەن و نامدۆزنەوە، ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی منی لێیە’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ ئیتر جووەکان لەنێو خۆیاندا وتیان: ‘‘ئەمە بە نیازە بۆ کوێ بڕوات کە نایدۆزینەوە؟ ئایا بۆ پەراگەندەکانی نێو یۆنانییەکان دەڕوات، تاکو یۆنانییەکان فێر بکات؟

٣٦ئەم قسەیە چییە دەیکات: داوام دەکەن و نامدۆزنەوە و ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی منی لێیە؟’’.

٣٧ لەدواییین ڕۆژی گەورەی جەژن، ئیشۆع ڕاوەستا و هاواری کرد، فەرمووی: ‘‘ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە.

٣٨ ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، وەک سیپارەکە فەرموویەتی، لە ناخییەوە ڕووبارەکانی ئاوی زیندوو ڕێدەکات’’.

٣٩ لێرەدا مەبەستی لە ڕووحەکە بوو، کە خەریک بوو باوەڕداران وەریبگرن، چونکە هێشتا ڕووحی پارسا نەدرابوو، لەبەرئەوەی ئیشۆع شکۆدار نەببوو.

٤٠ زۆر لە کۆمەڵەکە کە ئەم قسەیان بیست، وتیان: ‘‘ئەمە بە ڕاستی پێغەمبەرەکەیە’’.

٤١ هەندێکی دیکە، وتیان: ‘‘ئەمە مەسیحەکەیە!’’. هەندێکی دیکەش وتیان: ‘‘دەبێ مەسیح لە گلیلاوە بێت؟

٤٢ ئایا سیپارەکە نافەرموویت، مەسیح لە ڕەچەڵەکی داوید و لە بێتلخمەوە دێت، گوندەکەی داویدی لێبوو؟’’

٤٣ جا بەهۆی ئەو دووبەرەکی کەوتە نێوان کۆمەڵەکە.

٤٤ هەندێک لەوان ویستیان بیگرن، بەڵام کەس دەستگیری نەکرد.

٤٥ ئەوسا ڕاژەوانەکان گەڕانەوە لای کاهینانی باڵا و پەڕیشییەکان، ئەوانیش پێیان وتن: ‘‘بۆچی نەتانهێنا؟’’

٤٦ ڕاژەوانەکان وەڵامیان دایەوە: ‘‘هەرگیز کەس وەک ئەم کابرایە قسەی نەکردووە!’’

٤٧ پەڕیشییەکان وەڵامیان دایەوە: ‘‘ئایا ئێوەش گومڕا بوون؟

٤٨ ئایا کەس لە سەرۆکەکان یان پەڕیشییەکان باوەڕی پێ هێناوە؟

٤٩ بەڵام ئەم خەڵکە نەفرەت لێکراوە کە لە تەورات نازانێت’’.

٥٠ نیقادیمۆس کە پێشتر هاتبووە لای و یەکێک بوو لەوان، پێی وتن:

٥١‘‘ئایا تەوراتمان یەکێک حوکم دەدات ئەگەر یەکەمجار گوێی لێ نەگیردرێ و بزانرێت چی کردووە؟’’

٥٢ وەڵامیان دایەوە و پێیان وت: ‘‘تۆش گلیلاییت؟ بگەڕێ و ببینە! لە گلیلادا پێغەمبەر هەڵنەکەوتووە’’.

٥٣ ئیتر هەریەکە چۆوە ماڵی خۆی.

یوحەننەن 8

١ بەڵام ئیشۆع چووە کێوی زەیتوون.

٢ لە بەرەبەیاندا لە پەرستگادا ئامادەبوو، هەموو گەل هاتنە لای و ئەویش دانیشت و ئامۆژگاریی کردن.

٣ تەوراتزانەکان و پەڕیشییەکان ژنێکیان هێنایە لای کە لە کاتی داوێنپیسیدا گیرابوو، کاتێ لە ناوەڕاستدا ڕایانگرت،

٤ پێیان وت: ‘‘ڕابی، ئەم ژنە لە داوێنپیسیکردندا گیراوە.

٥ مووشێش لە تەوراتدا ڕایسپاردووین ژنی ئاوا بەردباران بکرێت. تۆ چی دەڵێی؟’’

٦ئەمەیان بۆ تاقیکردنەوەی وت، تاکو شتێکیان هەبێت سکاڵای لێ بکەن. بەڵام ئیشۆع خۆی چەماندەوە و بە پەنجە لەسەر زەوی دەینووسی.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ کاتێ بەردەوام بوون لە پرسکردن، هەستاوە و پێی فەرموون: ‘‘کامەتان بێ گوناهە با یەکەم بێت بەردێکی تێبگرێ!’’.

٨ دیسان خۆی چەماندەوە و لەسەر زەوی دەینووسی.

٩ ئەوانەی گوێیان لێبوو، ویژدانیان سەرکۆنەی کردن و یەک لەدوای یەک ڕۆیشتن، دەستپێک لە پیرانەوە. ئەوسا ئیشۆع بە تەنها مایەوە، ژنەکەش لەناوەڕاست.

١٠ کاتێ ئیشۆع ڕاست بووەوە لە ژنەکە زیاتر کەسی نەبینی، پێی فەرموو: ‘‘خانم، کوا ئەوانەی سکاڵایان لێت دەکرد؟ کەس تاوانباری نەکردوویت؟

١١ وتی: ‘‘کەس، گەورەم’’. ئیشۆع فەرمووی: ‘‘منیش حوکمت نادەم. بڕۆ ئیتر گوناه مەکە’’.

١٢ دیسان ئیشۆع قسەی بۆ کردن و فەرمووی: ‘‘منم ڕووناکیی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت ئیتر بە تاریکیدا ڕێ ناکات، بەڵکو ڕووناکیی ژیانی دەبێت’’.

١٣ جا پەڕیشییەکان پێیان وت: ‘‘تۆ گەواهیی بۆ خۆت دەدەیت. گەواهییەکەت ڕەوا نییە’’.

١٤ ئیشۆع وەڵامی دانەوە و پێی فەرموون: ‘‘تەنانەت ئەگەر من گەواهیش بۆ خۆم بدەم، گەواهییەکەم ڕەوایە، چونکە دەزانم لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم. بەڵام ئێوە نازانن لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم’’.

١٥ ئێوە بەگوێرەی جەستە حوکم دەدەن، بەڵام من کەس حوکم نادەم.

١٦ ئەگەر حوکمیش بدەم حوکمدانەکەم ڕەوایە، چونکە بە تەنها نیم، بەڵکو من و باوکین، ئەوەی ناردوومی.

١٧ هەروەها لە تەوراتی ئێوەشدا نووسراوە کە گەواهیی دوو کەس ڕەوایە.

١٨ منم گەواهیی بۆ خۆم دەدەم، باوکیش کە ناردوومی گەواهیم بۆ دەدات.

١٩ پێیان وت: ‘‘باوکت لەکوێیە؟’’ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘نە من دەناسن و نە باوکیشم. ئەگەر منتان بناسیبایە باوکی منیشتان دەناسی’’.

٢٠ ئەم فەرموودانەی لە گەنجینەدا فەرموو، کاتێ لە پەرستگا ئامۆژگاریی دەکرد، کەسیش نەیگرت، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو.

٢١ دیسان ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘من دەڕۆم و داوام دەکەن، لەنێو گوناهەکانتان دەمرن. ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من بۆی دەڕۆم’’.

٢٢ جووەکان وتیان: ‘‘ئایا خۆی دەکوژێت؟ چونکە دەڵێ: ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من بۆی دەڕۆم؟’’.

٢٣ پێی فەرموون: ‘‘ئێوە هی خوارەوەن، بەڵام من هی سەرەوەم. ئێوە هی ئەم جیهانەن، بەڵام من هی ئەم جیهانە نیم.

٢٤ بۆیە پێم وتن: لەنێو گوناهەکانتان دەمرن، چونکە ئەگەر ئێوە باوەڕ نەهێنن کە من ئەوم، لەنێو گوناهەکانتان دەمرن’’.

٢٥ پێیان وت: ‘‘تۆ کێیت؟’’ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئەوەیە کە لە سەرەتاوە پێم وتوون.

٢٦ زۆر شتم لەسەرتان هەیە بیڵێم و حوکمی پێ بدەم. بەڵام ئەوەی ناردوومی ڕەوایە، هەرچیم لەو بیستووە بە جیهانی دەڵێم’’.

٢٧ ئەوان تێنەگەیشتن کە باسی باوکیان بۆ دەکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٨ جا ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤتان بەرزکردەوە، ئەوسا تێدەگەن کە من ئەوم، لە خۆمەوە هیچ ناکەم، بەڵکو وەک باوک فێری کردووم قسە دەکەم.

٢٩ ئەوەی ناردوومی لەگەڵمدایە، باوکیش بە تەنها بەجێی نەهێشتووم، چونکە من هەمیشە بەگوێرەی ڕەزامەندی ئەو دەکەم’’.

٣٠ کاتێ ئەم قسانەی دەفەرموو، زۆر کەس باوەڕیان پێی هێنا.

٣١ ئەوسا ئیشۆع بە جووەکانی فەرموو کە باوەڕیان پێی هێنابوو: ‘‘ئەگەر ئێوە لە قسەکەمدا جێگیربن، ئەوا بە ڕاستی قوتابی منن و

٣٢ ڕەوا دەناسن، ڕەواش ئازادتان دەکات’’.

٣٣ وەڵامیان دایەوە: ‘‘ئێمە نەوەی ئەوڕاهەمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووینە! ئیتر چۆن دەفەرمووی: ئازاد دەبن؟’’

٣٤ ئیشۆع وەڵامی دانەوە: ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: هەر کەسێک گوناه بکات کۆیلەی گوناهە.

٣٥ کۆیلە تاهەتایە لە ماڵ نامێنێتەوە، بەڵام ڕۆڵە تاهەتایە دەمێنێتەوە.

٣٦ بۆیە ئەگەر ڕۆڵە ئازادی کردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن.

٣٧ من دەزانم ئێوە نەوەی ئەوڕاهەمن. بەڵام هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە قسەکەم لە ئێوەدا جێگەی نییە.

٣٨ چیم لەلای باوکم بینیوە دەیڵێم، ئێوەش چیتان لە باوکتانەوە بینیوە دەیکەن.

٣٩ وەڵامیان دایەوە و پێیان وت: ‘‘باوکمان ئەوڕاهەمە’’. ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر ڕۆڵەی ئەوڕاهەم بوونایە، کردارەکانی ئەوڕاهەمتان دەکرد!

٤٠ بەڵام ئێستا هەوڵی کوشتنم دەدەن، منیش ئەو کەسەم ئەو ڕەوایەی لە خوداوە بیستم پێم وتن. ئەمەش ئەوڕاهەم نەیکردووە.

٤١ ئێوە کردارەکانی باوکتان دەکەن’’. جا پێیان وت: ‘‘بە داوێنپیسی لەدایک نەبووین. یەک باوکمان هەیە کە خودایە’’.

٤٢ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست، چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. چونکە لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی.

٤٣ بۆچی لە قسەکانم تێناگەن؟ چونکە ناتوانن گوێ لە قسەکەم بگرن.

٤٤ ئێوە لە باوکێکن کە ئیبلیسە، دەتانەوێت بە ئارەزووەکانی باوکتان بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژ بووە، لە ڕەوادا جێگیر نەبووە، چونکە ڕەوا لەودا نییە. کاتێکیش درۆ دەکات، باسی شتی خۆی دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە.

٤٥بەڵام من چونکە ڕەوا دەڵێم باوەڕم پێ ناهێنن.

٤٦ کامەتان دەتوانێت گوناهێکم لەسەر بسەلمێنێ؟ جا ئەگەر ڕەوا دەڵێم، بۆچی باوەڕم پێ ناهێنن؟

٤٧ ئەوەی لە خوداوەیە، گوێ لە وتەی خودا دەگرێت. بۆیە ئێوە گوێ ناگرن، چونکە لە خوداوە نین’’.

٤٨ جووەکان وەڵامیان دایەوە و پێیان وت: ‘‘ئایا ئێمە ڕاست ناڵێین کە تۆ شمرنیت و شەیتانت تێدایە؟’’

٤٩ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘من شەیتانم تێدا نییە، بەڵام ڕێزی باوکم دەگرم و ئێوەش سووکایەتیم پێ دەکەن.

٥٠ داوای شکۆ بۆ خۆم ناکەم، بەڵام هەیە بۆم داوا بکات و حوکم بدات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥١ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێک قسەکانم بپارێزێت تاهەتایە مەرگ نابینێت”.

٥٢جووەکان پێیان وت: “ئێستا زانیمان شەیتانت تێدایە. ئەوڕاهەم و پێغەمبەران مردن، کەچی تۆ دەڵێی: ئەگەر یەکێک وشەکانم بپارێزێت هەرگیز مەرگ ناچێژێت.

٥٣ ئایا تۆ لە ئەوڕاهەمی باوکمان مەزنتری کە مرد؟ پێغەمبەرانیش مردن. خۆت بە چی دادەنێیت؟”

٥٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: “ئەگەر خۆم شکۆدار بکەم، ئەوا شکۆکەم هیچ نییە. باوکمە کەوا شکۆدارم دەکات، ئەوەی ئێوە دەڵێن خودامانە،

٥٥ کە ناناسن. بەڵام من دەیناسم. ئەگەر بڵێم ناناسم، وەک ئێوە دەبمە درۆزن. بەڵام دەیناسم و قسەکەی دەپارێزم.

٥٦ ئەوڕاهەمی باوکتان دڵشاد بوو کە ڕۆژی من ببینێت، جا بینی و دڵخۆش بوو”.

٥٧ جووەکانیش پێیان وت: “تۆ جارێ پەنجا ساڵ نیت، ئەوڕاهەمت بینیوە؟”

٥٨ ئیشۆع پێی فەرموون: “ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئەوڕاهەم ببێت، من هەم”.

٥٩ ئەوسا بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن، بەڵام ئیشۆع لەبەرچاو نەما و لە پەرستگاکە دەرچوو.

یوحەننەن 9

١ کاتێ تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی کە بە زگماک نابینا بوو،

٢ قوتابییەکانی لێیان پرسی، وتیان: “ڕابی، کێ گوناهی کردووە، ئەم پیاوە یان دایک و باوکی، وا بە زگماک نابینایە؟”

٣ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: “نە ئەمە گوناهی کردووە نە دایک و باوکیشی، بەڵکو تاکو کارەکانی خودای تێدا دەربکەوێت.

٤ تاکو ڕۆژە، دەبێ کاری ئەوە بکەم کە ناردوومی. ئەگینا شەو دادێت و کەس ناتوانێت کاری تێدا بکات.

٥ ئەوەندەی لە جیهاندام، منم ڕووناکیی جیهان”.

٦ ئەمەی فەرموو و تفی لەسەر زەوی کرد، بە تفەکە قوڕی گرتەوە، بە قوڕەکەش چاوی سواخ دا.

٧ پێی فەرموو: “بڕۆ لە گۆمی شیلۆیا ـ واتا: پەپامبەر ـ خۆت بشۆ”. جا ڕۆیشت، شۆردی و بە چاوکراوەیی هاتەوە.

٨ دراوسێ و ئەوانەی پێشتر بینیبوویان سواڵ دەکات وتیان: “ئەمە ئەوە نییە دادەنیشت و سواڵی دەکرد؟”

٩ هەندێک وتیان: “خۆیەتی”. هەندێکی دیکە وتیان: “لەو دەچێت”. بەڵام ئەو وتی: “من ئەوم”.

١٠ ئینجا پێیان وت: “ئەی چۆن چاوت کرایەوە؟”

١١ وەڵامی دایەوە و وتی: “کابرایەک پێی دەووترێ ئیشۆع، قوڕی گرتەوە و چاومی سواخ دا، پێی فەرمووم: بڕۆ لە گۆمی شیلۆیا خۆت بشۆ. منیش ڕۆیشتم، شۆردم و بینیم”.

١٢ پێیان وت: “ئەو لەکوێیە؟” وتی: “نازانم”.

١٣ جا ئەوەی پێشتر نابینا بوو هێنایانە لای پەرِیشییەکان.

١٤ ئەو ڕۆژەی ئیشۆع قوڕەکەی گرتەوە و چاوی کردەوە شەممە بوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ پەڕیشییەکانیش لێیان پرسی چۆن بینیت. پێی وتن: ‘‘قوڕی خستە سەر چاوم، منیش شوشتم و وا دەبینم’’.

١٦ هەندێک لە پەڕیشییەکان وتیان: ‘‘ئەم پیاوە لە خوداوە نییە، چونکە شەممە ناپارێزێت’’. هەندێکی دیکە وتیان: ‘‘چۆن پیاوێکی گوناهبار دەتوانێت پەرجوی ئاوا بکات؟’’ ئیتر دووبەرەکییان تێدابوو.

١٧ دیسان بە نابیناکەیان وت: ‘‘تۆ دەربارەی ئەو چی دەڵێی، کە چاوی تۆی کردەوە؟’’ وتی: ‘‘پێغەمبەرە!’’.

١٨ جووەکان بڕوایان نەکرد کە ئەمە نابینا بووە و وا دەبینێت، تاکو دایبابی ئەوەیان بانگکرد کە دەبینێت.

١٩ لێیان پرسین و وتیان: ‘‘ئایا ئەمە کوڕتانە کە دەڵێن بە زگماک نابینا بووە؟ ئەی ئێستا چۆن دەبینێت؟’’ ٢٠ دایبابی وەڵامیان دایەوە: ‘‘دەزانین ئەمە کوڕمانە و بە زگماک نابینا بوو.

٢١ بەڵام نازانین ئێستا چۆن دەبینێت، یان نازانین کێ چاوی کردووەتەوە. خۆی بەتەمەنە، پرسی لێ بکەن، با باسی خۆی بکات’’.

٢٢ دایبابی لە ترسی جووەکان ئەمەیان وت، چونکە جوو تەگبیریان کردبوو هەر کەسێک دان بنێت کە ئیشۆع مەسیحەکەیە، لە کەنیشت دەریدەکەن.

٢٣ بۆیە دایبابی وتیان: ‘‘خۆی بەتەمەنە، پرسی لێ بکەن’’.

٢٤ دیسان ئەو پیاوەی پێشتر نابینا بوو بانگکرد و پێیان وت: ‘‘خودا شکۆدار بکە! ئێمە دەزانین ئەم پیاوە گوناهبارە’’.

٢٥ کابرا وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘ئەگەر گوناهبارە، نازانم، بەڵام یەک شت دەزانم، نابینا بووم و ئێستا دەبینم’’.

٢٦ پێیان وت: ‘‘چی لێ کردیت؟ چۆن چاوی تۆی کردەوە؟’’

٢٧ وەڵامی دانەوە: ‘‘پێم وتن گوێتان لێ نەگرتم. بۆچی دیسان دەتانەوێ ببیستن؟ ئێوەش دەتانەوێ ببنە قوتابیی ئەو؟’’

٢٨ جنێویان پێیدا و وتیان: ‘‘تۆ قوتابیی ئەویت، بەڵام ئێمە قوتابیی مووشێین.

٢٩ ئێمە دەزانین مووشێ خودا لەگەڵی دوواوە، بەڵام نازانین ئەمە لەکوێوە هاتووە’’.

٣٠ پیاوەکە وەڵامی دانەوە و پێی وتن: ‘‘ئەمە شتێکی سەیرە! ئەو چاوی کردوومەتەوە، ئێوەش نازانن لەکوێوە هاتووە.

٣١ دەشزانین خودا گوێ لە گوناهباران ناگرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لەخواترس بێت و بە خواستی بکات، ئەوا گوێی لێ دەگرێت.

٣٢ هەرگیز نەبیستراوە یەکێک چاوی مرۆڤێکی بە زگماک نابینای کردبێتەوە.

٣٣ ئەگەر ئەم کەسە لە خوداوە نەبێت، نەیدەتوانی هیچ بکات’’.

٣٤ پێیان وت: ‘‘تۆ بە تەواوی لە گوناه لەدایکبوویت. تۆ فێرمان دەکەیت؟’’ جا دەریانکرد.

٣٥ ئیشۆع بیستی دەریانکردووە، ئەوی بینی و پێی فەرموو: ‘‘باوەڕت بە ڕۆڵەی مرۆڤ هەیە؟’’

٣٦ کابرا وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘گەورەم، ئەو کێیە تاکو باوەڕی پێ بهێنم؟’’

٣٧ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ئەوەی بینیت و ئەوەی لەگەڵت دەدوێت، ئەوە خۆیەتی!’’.

٣٨ ئەویش وتی: ‘‘گەورەم باوەڕ دەهێنم’’. ئینجا کڕنۆشی بۆ برد.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٩ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘بۆ حوکمدان هاتوومەتە ئەم جیهانە، تاکو ئەوانەی نابینن ببینن و ئەوانەی دەبینن کوێر بن’’.

٤٠ ئەوانەی لە پەڕیشییەکان بوون و لەگەڵی بوون کە گوێیان لەمە بوو، پێیان وت: ‘‘ئایا ئێمەش کوێرین؟’’

٤١ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئەگەر کوێر بوونایە گوناهتان نەدەبوو. بەڵام ئێستا دەڵێن: دەبینین، بۆیە گوناهەکەتان دەمێنێتەوە’’.

یوخەننەن 10

١ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی لە دەرگاوە ناچێتە نێو پشتیری کاوڕەکان، بەڵکو بە شوێنێکی دیکەدا بۆی سەردەکەوێت، ئەوە دز و جەردەیە.

٢ بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی کاوڕەکانە.

٣ دەرگاوانیش لێی دەکاتەوە، کاوڕیش گوێ لە دەنگی دەگرن، بە ناو بانگی کاوڕەکانی خۆی دەکات و دەیانباتە دەرەوە.

٤ کاتێ هەموو ئەوانەی خۆی هێنایە دەرەوە، لەپێشیانەوە دەڕوات و کاوڕەکانیش دوای دەکەون، چونکە دەنگی دەناسن.

٥ بەڵام دوای بێگانە ناکەون، بەڵکو لێی هەڵدێن، چونکە دەنگی بێگانە ناناسن’’.

٦ ئیشۆع ئەم پەندەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن باسی چییان بۆ دەکات.

٧ دیسان ئیشۆع فەرمووی: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: منم دەرگای کاوڕەکان.

٨ هەموو ئەوانەی پێش من هاتوون دز و جەردە بوون، بەڵام کاوڕەکان گوێیان لێ نەگرتن.

٩ منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، دێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە.

١٠ دز بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت نایەت، بەڵام من هاتووم تاکو ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ.

١١ منم شوانی دڵسۆز. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ کاوڕەکانی بەخت دەکات.

١٢ بەکرێگیراویش شوان نییە و کاوڕەکان هی ئەو نین. دەبینێت گورگ دێت، کاوڕەکان بەجێدەهێڵێت و هەڵدێت، گورگیش کاوڕەکان دەبات و پەرتەوازەیان دەکات.

١٣بەکرێگیراویش هەڵدێت چونکە بە کرێ گیراوە و خەمی کاوڕەکانی نییە.

١٤ بەڵام من شوانێکی دڵسۆزم. هی خۆم دەناسم و هی خۆشم دەمناسن،

١٥ وەک باوک دەمناسێت، منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ کاوڕەکان دادەنێم.

١٦ هەروەها کاوڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەک مێگەل و یەک شوان.

١٧ بۆیە باوک منی خۆشدەوێت، چونکە ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەریبگرمەوە.

١٨ کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە’’.

١٩ بەهۆی ئەم قسانە دیسان دووبەرەکی لەنێو جووەکان پەیدابوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ زۆربەیان وتیان: ‘‘شەیتانی تێدایە و وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی لێ دەگرن؟’’

٢١ هەندێکی دیکە وتیان: ‘‘ئەمە قسەی یەکێک نییە شەیتانی تێدا بێت. ئایا شەیتان دەتوانێت چاوی نابینا بکاتەوە؟’’.

٢٢ زستان بوو و لە یروشلایم جەژنی تەرخانکردن بوو،

٢٣ ئیشۆعیش لە پەرستگادا لە هەیوانی شلیمون پیاسەی دەکرد.

٢٤ جووەکان لێی کۆبوونەوە و پێیان وت: ‘‘تا کەی بە هەڵواسراوی دەمانهێڵێتەوە؟ ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ئاشکرا پێمان بڵێ’’.

٢٥ ئیشۆع وەڵامی دانەوە: ‘‘من پێم وتن بەڵام باوەڕ ناهێنن. ئەو کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم، گەواهیم بۆ دەدەن.

٢٦ بەڵام باوەڕ ناهێنن، چونکە لە کاوڕەکانم نین وەکو پێم وتن.

٢٧ کاوڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و دوامدەکەون،

٢٨ ژیانی جاویدانیان دەدەمێ و تاهەتایە لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت.

٢٩ باوکم کە بە منی داون لە هەمووان مەزنترە، کەسیش ناتوانێت لە دەستی باوکم بیانڕفێنێت.

٣٠ من و باوک یەکین’’.

٣١ دیسان جووەکان بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن.

٣٢ ئیشۆع وەڵامی دانەوە: ‘‘زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟’’

٣٣ جووەکان وەڵامیان دایەوە: ‘‘لەبەر کردارێکی چاک بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بەهۆی کفرەوە، چونکە تۆ مرۆڤێت و خۆت دەکەیت بە خودا’’.

٣٤ ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە: ‘‘ئایا لە تەوراتەکەتان نەنووسراوە: *{من وتم ئێوە خوداوەندەکانن}* ؟

٣٥ ئەگەر ئەوانە بە خوداوەندەکان بانگ بکات کە وشەی خودا بۆ ئەوان هاتووە و ناتوانرێت پەرتووکەکە بشکێندرێت

٣٦ چۆن ئەوەی کە باوک پارسای کردووە و بۆ جیهانی ناردووە دەڵێن: کفر دەکات، چونکە وتم: ڕۆڵەی خودام؟

٣٧ئەگەر کارەکانی باوکم ناکەم، باوەڕم پێ مەهێنن.

٣٨ بەڵام ئەگەر دەیکەم، ئێوە باوەڕیشم پێ ناهێنن، باوەڕ بەو کارانە بهێنن، تاکو بزانن و باوەڕ بهێنن کە باوک لە مندایە و منیش لە باوکدام’’.

٣٩ دیسان ویستیان بیگرن، بەڵام لە دەستیان دەرچوو.

٤٠ ئینجا چووەوە ئەوبەری یوردنەن و لەوێ مایەوە، لەو شوێنەی کە یوخەننەن یەکەمجار عەمادی دەکرد.

٤١ زۆر کەس هاتنە لای و وتیان: ‘‘یوخەننەن هیچ پەرجوێکی نەکرد، بەڵام هەرچی یوخەننەن دەربارەی ئەمە وتی ڕاست بوو’’.

٤٢ لەوێدا زۆر کەس باوەڕیان پێ هێنا.

یوخەننەن 11

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ پیاوێک بە ناوی لەعازڕ لە بتعەنیا نەخۆش بوو، خەڵکی گوندەکەی مەریەم و مەرتای خوشکی بوو.
٢ مەریەم ئەوەبوو کە پەروەردگاری بە بۆن چەورکرد و بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، لەعازەڕی براشی نەخۆش بوو.
٣ خوشکەکان هەواڵیان بۆ نارد و وتیان: ‘‘گەورەم، ئەوەتا ئەوەی خۆشتدەوێت نەخۆشە’’.
٤ کاتێ ئیشۆع ئەمەی بیست فەرمووی: ‘‘ئەم نەخۆشییە بۆ مەرگ نییە، بەڵکو بۆ شکۆداری خودایە، تاکو بەهۆیەوە ڕۆڵەی خودا شکۆدار بێت’’.
٥ ئیشۆعیش مەرتا و خوشکەکەی و لەعازەڕی خۆشدەویست،
٦ بۆیە کاتێ بیستی نەخۆشە، لەو شوێنەی لێیبوو دوو ڕۆژ مایەوە.
٧دوای ئەمە بە قوتابییەکانی فەرموو: ‘‘با بچینەوە ئیهوود’’.
٨ قوتابییەکان پێیان وت: ‘‘ڕابی، ئێستا جوو بەتەمابوون بەردبارانت بکەن، دیسان دەچیتەوە ئەوێ؟’’
٩ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە: ‘‘ئایا ڕۆژ دوازدە کاژێر نییە؟ ئەوەی بە ڕۆژ ڕێ بکات ساتمە ناکات، چونکە ڕووناکی ئەم جیهانە دەبینێت.
١٠ بەڵام ئەوەی بە شەو ڕێ بکات ساتمە دەکات، چونکە ڕووناکیی تێدا نییە’’.
١١ ئەمانەی فەرموو، پاشان پێی فەرموون: ‘‘لەعازەڕی خۆشەویستمان نووست، بەڵام دەچم تاکو بەخەبەری بهێنمەوە’’.
١٢ قوتابییەکان وتیان: ‘‘گەورەم، ئەگەر نووستووە، ئەوا چاکدەبێتەوە’’.
١٣ ئیشۆع باسی مەرگی ئەوی کرد، بەڵام ئەوان وایانزانی باسی نووستنی خەوتن دەکات.
١٤ئیتر ئیشۆع بە ئاشکرا پێی فەرموون: ‘‘لەعازەڕ مرد.
١٥ لەبەر ئێوە دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تاکو باوەڕ بهێنن. بەڵام با بڕۆینە لای!’’
١٦ تۆما کە بە دووانە بانگ دەکرا، بە قوتابییە هاوەڵەکانی وت: ‘‘با ئێمەش بڕۆین تاکو لەگەڵ ئەودا بمرین!’’.
١٧ کاتێ ئیشۆع هات، زانی وا چوار ڕۆژە لە گۆڕدایە.
١٨ بتعەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ لە یروشلایمەوە دوور بوو.
١٩ زۆر جوو هاتنە لای مەرتا و مەریەم تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن.
٢٠ کاتێ مەرتا بیستی ئیشۆع هاتووە، بەرەوپیری چوو، مەریەمیش لە ماڵ مایەوە.
٢١ئینجا مەرتا بە ئیشۆعی وت: ‘‘گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد!
٢٢ بەڵام من ئێستاش دەزانم هەرچی لە خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ’’.
٢٣ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘براکەت هەڵدەستێتەوە’’.
٢٤ مەرتاش پێی وت: ‘‘دەزانم لە هەستانەوەی ڕۆژی دوایی هەڵدەستێتەوە’’.
٢٥ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘منم هەستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە.
٢٦ هەر کەسێکیش کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت تاهەتایە نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟’’
٢٧ پێی وت: ‘‘بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، ڕۆڵەی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٨ کە ئەمەی وت، چوو مەریەمی خوشکی بانگکرد و بە نهێنی وتی: ‘‘ڕابی هاتووە، بانگت دەکات’’.

٢٩ ئەویش کە ئەمەی بیست خێرا هەستا و هاتە لای.

٣٠ ئیشۆع هێشتا نەهاتبووە نێو گوندەکە، بەڵکو لەو شوێنە بوو کە مەرتای لێ بینی.

٣١ ئەو جوولەی لە ماڵەوە لەگەڵی بوون و دڵنەواییان دەکرد، بینییان مەریەم خێرا هەستا و چووە دەرەوە، دوای کەوتن و وتیان: ‘‘دیارە دەچێتە سەر گۆڕەکە تاکو لەوێ بگرێت’’.

٣٢ کاتێ مەریەم گەیشتە ئەو شوێنەی ئیشۆعی لێبوو و ئەوی بینی، بەسەر پێیدا کەوت و پێی وت: ‘‘گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد’’.

٣٣ ئیشۆعیش کە بینی دەگرێت و ئەو جوولەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرێن، کاری لە ڕووحی کرد و پەشۆکا،

٣٤ فەرمووی: ‘‘لەکوێتان داناوە؟’’ پێیان وت: ‘‘گەورەم، وەرە و ببینە’’.

٣٥ئیشۆع گریا.

٣٦ جووەکانیش وتیان: ‘‘سەیرکەن چەند خۆشیدەویست!’’

٣٧ هەندێکیان وتیان: ‘‘ئەمە کە چاوی نابیناکەی کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردایە ئەمیش نەمردایە؟’’.

٣٨ دیسان ئیشۆع لە ناخەوە کاری تێکرد و هاتە لای گۆڕەکە، کە ئەشکەوتێک بوو بەردێکی پێوە نرابوو.

٣٩ ئیشۆع فەرمووی: ‘‘بەردەکە لادەن’’. مەرتای خوشکی مردووەکە پێی وت: ‘‘گەورەم، بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە’’.

٤٠ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘ئەی پێم نەووتی: ئەگەر باوەڕ بهێنیت شکۆی خودا دەبینیت؟’’

٤١ ئەوسا بەردەکەیان لابرد، ئیشۆعیش چاوی هەڵبڕیە سەرەوە و فەرمووی: ‘‘باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم.

٤٢ زانیم کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو کۆمەڵەی لەم ناوە ڕاوەستاون ئەمەم وت، تاکو باوەڕ بهێنن کە تۆ منت ناردووە’’.

٤٣ کە ئەمەی فەرموو بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: ‘‘لەعازەڕ، وەرە دەرەوە!’’

٤٤ ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێک پێچرابوو. ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘بیکەنەوە، با بڕوات’’.

٤٥ زۆر لە جووەکان، کە بۆ لای مەریەم هاتبوون، کاتێ ئەوەیان بینی کە ئیشۆع کردی، باوەڕیان پێی هێنا.

٤٦ بەڵام هەندێکیان چوونە لای پەڕیشییەکان و ئەوەی ئیشۆع کردبووی پێیان وتن.

٤٧ بۆیە کاهینانی باڵا و پەڕیشییەکان سەنهەدریمیان کۆکردەوە. وتیان: ‘‘چی بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە پەرجوی زۆر دەکات.

٤٨ ئەگەر ئاوا لێیگەڕێین هەمووان باوەڕی پێ دەهێنن، جا ڕۆمانییەکان دێن، شوێن و نەتەوەمان دەبەن’’.

٤٩ یەکێک لەوان، کە قەیاپایە، ئەو ساڵە کاهینی باڵا بوو، پێی وتن: ‘‘ئێوە هیچ نازانن،

٥٠ تێناگەن، باشتر وایە بۆتان پیاوێک لە جیاتی گەل بمرێت، لەوەی گەلەکە هەمووی لەناوبچێت!’’.

٥١ ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەووت، بەڵکو لەو ساڵەدا کاهینی باڵا بوو، پێشبینیی کردبوو کە ئیشۆع خەریکە لە جیاتی نەتەوە دەمرێت،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٢ نەک تەنها لە جیاتی ئەو نەتەوەیە، بەڵکو تاکو ڕۆڵەکانی خوداش کە پەرتەوازە بوونە بۆ یەک کۆبکاتەوە.

٥٣ ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕاوێژیان کرد بیکوژن.

٥٤ بۆیە چیتر ئیشۆع بە ئاشکرا بە نێو جووەکاندا نەدەگەڕا، بەڵکو لەوێوە چووە ناوچەکانی نزیک چۆڵەوانی، بۆ شارێک ناوی ئەفرایم بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ مایەوە.

٥٥ جەژنی پەسخەی جوو نزیک بوو، زۆر کەس لە گوندەکانەوە پێش پەسخە بۆ یروشلایم سەرکەوتن تاکو خۆیان بێگەرد بکەنەوە.

٥٦ جا داوای ئیشۆعیان دەکرد، لە پەرستگا ڕاوەستابوون بە یەکتریان دەووت: "ڕاتان چییە؟ نایەتە جەژن؟"

٥٧ کاهینانی باڵا و پەڕیشییەکانیش فەرمانیان دەرکردبوو ئەگەر یەکێک بزانێت ئەو لەکوێیە، دەبێت ئاشکرای بکات، تاکو بیگرن.

یوخەننەن 12

١ شەش ڕۆژ پێش جەژنی پەسخە ئیشۆع هاتە بتعەنیا کە لەعازەڕی لێبوو، ئەوەی مردبوو و لەنێو مردووان هەستاندیەوە.

٢ لەوێ شێوێکیان بۆی کرد، مەرتا ڕاژەی دەکرد، لەعازەڕیش یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵی پاڵیدابووەوە.

٣ مەریەمیش مەنناێک بۆنی ناردینی سادەی گرانبەهای هێنا و پێی ئیشۆعی چەورکرد، ئینجا بە قژی پێی سڕییەوە، ماڵەکەش پڕبوو لە بۆنە خۆشەکە.

٤ ئیهوودای ئەسخەریوتی کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی و بەتەمابوو ڕادەستی بکات، وتی:

٥ "بۆچی ئەم بۆنە بە سێ سەد دینار نەفرۆشرا و نەدرا هەژاران؟"

٦ ئەمەی وت نەک لەبەر ئەوەی خەمی هەژاران دەخوات، بەڵکو لەبەر ئەوەی دز بوو و چەمەدانی پارەشی لەلا بوو، هەرچی تێدا دابنرابایە دەیبرد.

٧ ئیشۆعیش فەرمووی: "لێیگەڕێن، بۆ ڕۆژی کفن کردنم هەڵیگرتبوو،

٨ چونکە هەژاران هەمیشە لەلاتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم".

٩ کاتێ کۆمەڵانێک جوو زانییان ئەو لەوێیە، هاتن، نەک تەنها لەبەر ئیشۆع، بەڵکو بۆ بینینی لەعازەڕیش کە لەنێو مردووان هەستاندیەوە.

١٠ ئەوسا کاهینانی باڵا ڕاوێژیان کرد لەعازەڕیش بکوژن،

١١ چونکە زۆر جوو لەبەر ئەو دەڕۆیشتن و باوەڕیان بە ئیشۆع دەهێنا.

١٢ بۆ بەیانی، ئەو کۆمەڵانە زۆرەی هاتبوونە جەژن، بیستیان ئیشۆع دێتە یروشلایم.

١٣ لقە دارخورمایان برد و بەرەوپێری چوون، هاواریان دەکرد: "هۆسانا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت! پاشای ئیسرائیل!"

١٤ ئیشۆع جاشێکی بینی، سواری بوو، وەک نووسراوە:

١٥ *{مەترسە ئەی کچی سهیۆن، ئەوەتا پاشاکەت دێت بە سواری جاش ماکەرێك}* .

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ سەرەتا قوتابییەکانی لەمانە تێنەگەیشتن. بەڵام کە ئیشۆع شکۆدار بوو، ئەوسا بیریان کەوتەوە کە ئەمانە دەربارەی ئەو نووسراون، ئەوانیش ئەمانەیان بۆ ئەو کرد.

١٧کۆمەڵەکەش کە لەگەڵی بوون کاتێ لەعازەری لە گۆڕەکەوە بانگکرد و لەنێو مردووواندا هەستاندیەوە، گەواهییان بۆی دەدا.

١٨ بۆیە کۆمەڵەکە پێشوازییان کرد، چونکە بیستیان ئەو پەرجوەی کردووە.

١٩ پەریشییەکانیش بە یەکتریان وت: ‘‘دەبینن! ئێوە هیچتان لە دەست نایەت! ئەوەتا هەموو جیهان دوای کەوت!’’.

٢٠ هەندێک یۆنانی لەنێو ئەوانە بوون کە هاتبوون لە جەژندا کڕنۆش ببەن،

٢١ ئەمان هاتنە لای پیلیپوسی خەڵکی بتسەیدەنی گلیلا، پێیان وت: ‘‘گەورەم، دەمانەوێت ئیشۆع ببینین’’.

٢٢پیلیپوسیش هات و بە ئەندراوسی وت، ئینجا ئەندراوس و فلیپۆس هاتن و بە ئیشۆعیان وت.

٢٣بەڵام ئیشۆع وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ‘‘کاتی شکۆدارکردنی ڕۆڵەی مرۆڤ هاتووە.

٢٤ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە نێو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات.

٢٥ ئەوەی خۆی خۆشدەوێت، دەیدۆڕێنێت. ئەوەش کە لەم جیهانەدا ڕقی لە خۆی دەبێتەوە، بۆ ژیانی جاویدانی هەڵیدەگرێت.

٢٦ ئەوەی ڕاژەم دەکات با بەدوام بکەوێت. جا لە هەر شوێنێک بم، ڕاژەوانیشم لەوێیە. ئەگەر یەکێک ڕاژەم بکات باوک ڕێزی لێ دەگرێت.

٢٧ ئێستا دڵم شڵەژاوە، چی بڵێم؟ باوکە لەم کاتە ڕزگارم بکە؟ بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم.

٢٨ باوکە، ناوت شکۆدار بکە!’’ جا دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: ‘‘شکۆدارم کردووە و شکۆداریشی دەکەمەوە!’’.

٢٩ کۆمەڵەکە کە ڕاوەستابوون و گوێیان لێبوو، وتیان: ‘‘هەورەتریشقە بوو!’’ هەندێکی دیکە وتیان: ‘‘فریشتەیەک قسەی لەگەڵ کرد!’’.

٣٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‘‘ئەم دەنگەی هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو.

٣١ ئێستا حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەکرێتە دەرەوە.

٣٢ کاتێ منیش لە زەوییەوە بەرز کرامەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم’’.

٣٣ ئەمەی فەرموو ئاماژەی دەکرد بەو مردنەی کە خەریکە دەمرێت.

٣٤ کۆمەڵەکە وەڵامیان دایەوە: ‘‘ئێمە لە تەوراتدا بیستوومانە کە مەسیح تاهەتایە دەمێنێتەوە، ئیتر چۆن دەڵێی ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت بەرز بکرێتەوە؟ ئەم ڕۆڵەی مرۆڤە کێیە؟’’

٣٥ ئیشۆعیش پێی فەرموون: ‘‘ڕووناکییەکە کاتێکی کەم لەگەڵتانە. ئینجا تا ئەوەی ڕووناکییەکەتان هەیە ڕێ بکەن نەوەک تاریکیتان بەسەردا بێت. ئەوەی بە تاریکیدا ڕێ دەکات نازانێ بۆ کوێ دەڕوات.

٣٦ تاوەکو ڕووناکییەکەتان هەیە باوەڕ بە ڕووناکییەکە بهێنن، تاکو ببنە ڕۆڵەی ڕووناکییەکە’’. ئیشۆع ئەمانەی فەرموو، ڕۆیشت و لێیان شاردرایەوە.

٣٧ هەرچەندە زۆر پەرجوی لەبەردەمیان کرد، باوەڕیان پێ نەهێنا،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٨ تاکو فەرموودەی ئێشەعیا پێغەمبەر بێتە دی کە فەرمووی: *{ئەی پەروەردگار، کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟ بازووی پەروەردگار بۆ کێ دەرکەوت؟}*

٣٩ بۆیە نەیانتوانی باوەڕ بهێنن، چونکە ئێشەعیا فەرموویەتی:

٤٠ *{چاویانی کوێر و دڵیانی ڕەق کردبوو، نەوەک بە چاویان ببینن و بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە و منیش چاکیان بکەمەوە}* .

٤١ئێشەعیا ئەمانەی فەرموو، کاتێ شکۆی ئەوی بینی و باسی کرد.

٤٢ هەرچەندە زۆر لە سەرۆکەکانیش باوەڕیان پێی هێنا، بەڵام لەبەر پەڕیشییەکان ڕایاننەدەگەیاند نەوەک لە کەنیشت دەربکرێن،

٤٣ چونکە زیاتر حەزیان لە شکۆی خەڵکی بوو نەک شکۆی خودا.

٤٤ ئیشۆعیش هاواری کرد و فەرمووی: "ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، باوەڕ بە من ناهێنێ، بەڵکو بەوەی ناردوومی،

٤٥ ئەوەش کە دەمبینێت، ئەوە دەبینێت کە ناردوومی.

٤٦ من وەک ڕووناکی هاتوومەتە جیهان، تاکو هەر کەسێک باوەڕم پێ بهێنێت لە تاریکیدا نەمێنێتەوە.

٤٧ئەگەر یەکێک گوێی لە وتەکانم بوو و باوەڕی نەهێنا، من حوکمی نادەم، چونکە نەهاتووم تاکو جیهان حوکم بدەم، بەڵکو جیهان ڕزگار بکەم.

٤٨ ئەوەی ڕەتم بکاتەوە و وتەکانم پەسەند نەکات، یەکێکی هەیە حوکمی بدات، ئەو قسەیەی کردم لە ڕۆژی دوایی حوکمی دەدات.

٤٩ چونکە لە خۆمەوە قسەم نەکردووە، بەڵکو باوک کە ناردوومی، ئەو ڕایسپاردووم کە چی بڵێم و قسەی چی بکەم.

٥٠ دەزانم ڕاسپاردەی ئەو ژیانی جاویدانیە، جا هەرچی دەیڵێم، چۆن باوک پێی فەرمووم ئاوا دەڵێم".

یوحەننەن 13

١ پێش جەژنی پەسخە، ئیشۆع دەیزانی کاتی هاتووە و ئەم جیهانە بەجێبهێڵێت بۆ لای باوک، جا ئەوانەی هی خۆی بوون لە جیهاندا خۆشیویستن، تاکو ئەوپەڕی خۆشویستن.

٢ ژەمی ئێوارە بوو، شەیتان خستبوویە دڵی ئیهوودای ئەسخەریوتی کوڕی شیمعون، کەوا ڕادەستی بکات.

٣ئیشۆعیش دەیزانی باوک هەموو شتێکی بە دەستی داوە و لە خوداوە هاتووە و بۆ خوداش دەگەڕێتەوە.

٤ لەسەر خوان هەستا، کراسەکەی داکەند و خاوڵییەکی هەڵگرت و لە ناوقەدی بەستا،

٥ ئینجا ئاوی لە دەستشۆرێکی کرد و دەستی بە شوشتنی پێی قوتابییەکان کرد و بەو خاوڵییەی بە ناوقەدیەوە بەستبووی دەیسڕییەوە.

٦ کاتێ گەیشتە لای شیمعون پەترۆس، شیمعون پێی وت: "گەورەم، تۆ پێی من دەشۆیت!"

٧ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: "ئێستا ئەمەی دەیکەم تێناگەیت، بەڵام دواتر تێدەگەیت".

٨ پەترۆس پێی وت: "هەرگیز پێم ناشۆیت!". ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە: "ئەگەر نەتشۆم، لەگەڵ من بەشت نابێت".

٩ جا شیمعون پەترۆس پێی وت: "گەورەم، تەنها پێم نا، بەڵکو دەست و سەریشم!"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘ئەوەی خۆی شوشتبێت تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، هەمووی بێگەردە. ئێوەش بێگەردن بەڵام هەمووتان نا’’.

١١ چونکە دەیزانی کێ ڕادەستی دەکات، بۆیە فەرمووی: ‘‘هەمووتان بێگەرد نین’’.

١٢ کە پێیانی شوشت، کراسەکەی هەڵگرت و دانیشتەوە، پێی فەرموون: ‘‘ئایا لەوەی بۆم کردن تێگەیشتن؟

١٣ ئێوە بە ڕابی و گەورە بانگم دەکەن و ڕاست دەکەن، چونکە وام.

١٤ جا کە من گەورە و ڕابیم و پێم شوشتن، ئێوەش لەسەرتانە پێی یەکتری بشۆن.

١٥ چونکە نموونەیەکم پێدان تاکو ئەوەی من بۆم کردن ئێوەش بیکەن.

١٦ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: کۆیلە لە گەورەکەی مەزنتر نییە، پەیامبەریش لەوەی ناردوویەتی مەزنتر نییە.

١٧ ئەگەر ئەمانەتان زانی، بەختەوەری بۆ ئێوە ئەگەر پەیڕەوتان کرد.

١٨ باسی هەمووتان ناکەم. ئەوانەی هەڵمبژاردوون دەیانناسم، بەڵام تاکو نووسراوەکە بێتە دی: *{ئەوەی نانم لەگەڵ دەخوات، لێم هەڵگەڕا}*.

١٩ لە ئێستاوە پێتان دەڵێم پێش ڕوودانی، تاکو کاتێ ڕوویدا، باوەڕ بهێنن کە من ئەوم.

٢٠ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی پەسەندی ئەوە بکات کە من دەینێرم، ئەوا پەسەندی من دەکات، ئەوەی پەسەندی من بکات، پەسەندی ئەوە دەکات کە ناردوومی’’.

٢١ کاتێ ئیشۆع ئەمانەی فەرموو، لە ڕووحدا شڵەژا و گەواهیی دا و فەرمووی: ‘‘ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: یەکێکتان ڕادەستم دەکات!’’.

٢٢ قوتابییەکان سەیری یەکتریان دەکرد و دڵنیا نەبوون مەبەستی کێیە.

٢٣ یەکێک لە قوتابییەکان کە ئیشۆع خۆشیدەویست لە باوەشیدا پاڵیدابووەوە،

٢٤ شیمعون پەترۆس ئاماژەی بۆ کرد تاکو پرس بکات مەبەستی لە کێیە.

٢٥ئەویش شانی بەسەر سینگی ئیشۆعدا دا و پێی وت: ‘‘گەورەم، کێیە؟’’

٢٦ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘ئەوەیە کە پاروو دەژەنم و دەیدەمێ!’’. ئینجا پاروەکەی ژەنی و دایە ئیهوودای شیمعونی ئەسخەریوتی.

٢٧ پاش پاروەکە، شەیتان چووە نێویەوە. ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘ئەوەی دەیکەیت خێرا بیکە’’.

٢٨ لەوانەی دانیشتبوون کەسیان تێنەگەیشت بۆچی ئەمەی پێ فەرموو،

٢٩چونکە چەمەدانی پارەش لەلای ئیهوودا بوو، هەندێکیان وایانزانی پێی دەفەرموێ: چیمان پێویستە بۆ جەژن بیکڕە، یان شتێک بداتە هەژاران.

٣٠ ئەویش کە پاروەکەی وەرگرت یەکسەر دەرچوو. شەویش بوو.

٣١ کاتێ دەرچوو، ئیشۆع فەرمووی: ‘‘ئێستا ڕۆڵەی مرۆڤ شکۆدار کرا و خوداش تیایدا شکۆدار کرا.

٣٢ جا ئەگەر خودا تیایدا شکۆدار کرا، خوداش لە خۆیدا شکۆداری دەکات، خێراش شکۆداری دەکات.

٣٣ ڕۆڵەکانم، ماوەیەکی کورتە لەگەڵتانم. جا بەدوامدا دەگەڕێن، وەک بە جووەکانم وت، ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من بۆی دەڕۆم.

٣٤ ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبووێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش یەکتریتان خۆشبووێ.

٣٥ بەمە هەمووان دەزانن کە قوتابیی منن، ئەگەر یەکترتان خۆشبووێ.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٦ شیمعون پەترۆسیش پێی وت: ‘‘گەورەم، بۆ کوێ دەڕۆیت؟’’ ئیشۆعیش وەڵامی دایەوە: ‘‘ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆم، ئێستا ناتوانیت دوام بکەویت، بەڵام دواتر دوام دەکەویت’’.

٣٧پەترۆس پێی وت: ‘‘گەورەم، بۆچی ئێستا ناتوانم دوات بکەوم؟ ژیانم بۆ تۆ دادەنێم’’.

٣٨ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘ژیانت بۆ من دادەنێیت؟ ڕەوا ڕەوات پێ دەڵێم: تا کەڵەشێر بقوولێنێت تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت!

یوخەننەن 14

١ دڵتان نەشڵەژێت. ئێوە باوەڕتان بە خودا هەیە، باوەڕتان بە منیش هەبێت.

٢ ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، ئەگینا پێم دەووتن. من دەڕۆم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم.

٣ جا کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، ئەوسا ئێوەش لەو شوێنە دەبن کە من لێی دەبم.

٤ شەوێنەکەش دەناسن کە بۆی دەڕۆم و ڕێگاکەش دەناسن’’.

٥ تۆما پێی وت: ‘‘گەورەم، نازانین بۆ کوێ دەڕۆیت، چۆن ڕێگاکە بزانین؟’’

٦ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘منم ڕێگا و ڕەوا و ژیان. کەس نایەتە لای باوک بەهۆی منەوە نەبێت.

٧ ئەگەر منتان بناسیایە، باوکیشمتان دەناسی. لە ئێستاوە دەیناسن و بینیووتانە’’.

٨ پیلیپوس پێی وت: ‘‘گەورەم، باوکمان پیشان بدە و بەسمانە’’.

٩ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘پیلیپوس، ماوەیەکی درێژە لەگەڵتانم و نەتناسیوم! ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە. ئیتر چۆن دەڵێی: باوکمان پیشان بدە؟

١٠ باوەڕ ناهێنی من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە؟ ئەم قسانەی پێتانی دەڵێم لە خۆمەوە نایڵێم، بەڵکو باوک کە لە مندا نیشتەجێیە، ئەو کارەکانی خۆی دەکات.

١١ بڕوام پێ بکەن کە من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە، ئەگەر نا بەهۆی کارەکان خۆیانەوە باوەڕ بکەن.

١٢ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەو کارانە دەکات کە من دەیکەم، لەمانەش مەزنتر دەکات، چونکە من بۆ لای باوک دەڕۆم.

١٣ هەرچییەک بە ناوی منەوە داوا بکەن دەیکەم، تاکو باوک لە ڕۆڵەدا شکۆدار بێت.

١٤ ئەگەر شتێکتان بە ناوی من داواکرد، دەیکەم.

١٥ ئەگەر منتان خۆشدەوێ ڕاسپاردەکانم بپارێزن.

١٦ منیش داوا لە باوک دەکەم دڵنەواییدەرێکی دیکەتان بداتێ تاکو تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە،

١٧ ڕووحی ڕەوا، کەوا جیهان ناتوانێت پەسەندی بکات، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ئێوەدا دەبێت.

١٨ بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵیم، دێمەوە لاتان.

١٩ پاش کەمێک ئیتر جیهان نامبینێت، بەڵام ئێوە دەمبینن. من زیندووم و ئێوەش دەژین.

٢٠ لەو ڕۆژەدا دەزانن من لە باوکمدام، ئێوەش لە مندان، منیش لە ئێوەدام.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی لەلایە و دەیپارێزێت، ئەوا منی خۆشدەوێت. ئەوەی منی خۆشبووێ، باوکم خۆشیدەوێت، منیش خۆشمدەوێت و خۆمی بۆ دەردەخەم”.

٢٢ ئیهوداش، ئەسخەریوتییەکە نا، پێی وت: “گەورەم، چی بووە تاکو بە نیازیت خۆت بۆ ئێمە دەربخەیت، بەڵام بۆ جیهان نا؟”

٢٣ ئیشۆع وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: “ئەوەی منی خۆشبووێ وتەکەم دەپارێزێت، باوکیشم خۆشیدەوێت و دێینە لای، لەلای ئەویش ماڵێک سازدەکەین.

٢٤ ئەوەی منیشی خۆشناوێت، وتەکەم ناپارێزێت. ئەم وتەی دەیبیستن هی من نییە، بەڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی.

٢٥ ئەمانەم پێ وتن کە هێشتا لەلاتانم.

٢٦ بەڵام دڵنەواییدەرەکە، ڕووحی پارسا، ئەوەی باوک بە ناوی من دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو وتەکانم بیرتان دەخاتەوە.

٢٧ ئاشتیتان بۆ بەجێ دەهێڵم، ئاشتیی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەک ئەوە نییە کە جیهان دەیدات. دڵتان نەشڵەژێت و مەترسن.

٢٨ بیستتان پێم وتن: دەڕۆم و پاشان دێمەوە لاتان. ئەگەر منتان خۆشبووێ، دڵشاد دەبن کە دەڕۆمە لای باوک، چونکە باوک لە من مەزنترە.

٢٩ئەوەتا پێش ڕوودانی ئێستا پێم وتن، تاکو کاتێ ڕوویدا باوەڕ بهێنن.

٣٠ درێژە بە قسە نادەم، چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە وا دێت و هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر من نییە.

٣١ بەڵام تاکو جیهان تێبگات من باوکم خۆشدەوێت و وەک باوک ڕایسپاردم ئاوا دەکەم. هەستن با لێرە بڕۆین.

یوحەننەن 15

١ منم مێوی ڕاستەقینە، باوکیشم ڕەزەوانەکەیە.

٢ هەر لقێک لە مندا بەر نەگرێت لێی دەکاتەوە. هەر لقێکیش بەر بگرێت پاکی دەکاتەوە تاکو بەرهەمی زیاتر بدات.

٣ ئێوە ئێستا بەهۆی ئەو قسەیەی بۆم کردن پاکن.

٤ لە مندا جێگیر بن و منیش لە ئێوەدا. چۆن لق لە خۆیەوە ناتوانێت بەرهەم بگرێت ئەگەر لە مێوەکەدا جێگیر نەبێت، ئێوەش ئاوان، ئەگەر لە مندا جێگیر نەبن.

٥ منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی لە مندا جێگیر بێت و منیش لەو، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت. چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن.

٦ ئەگەر کەسێک لە مندا جێگیر نەبێت، وەک لق فڕێدەدرێتە دەرەوە، جا وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێدەدرێتە نێو ئاگر و دەسووتێت.

٧ ئەگەر لە مندا جێگیر بن و وتەکانم لەنێوتاندا جێگیر بێت، چیتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت.

٨ بەمەش باوکم شکۆدار دەبێت، ئەگەر بەرهەمی زۆر بهێنن، ئەوا دەبنە قوتابیی من.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ وەک باوک خۆشیویستم، منیش خۆشمویستن، جا لە خۆشویستنەکەمدا جێگیر بن.١٠ ئەگەر ڕاسپاردەکانم بپارێزن، لە خۆشویستنەکەمدا جێگیر دەبن، وەک من ڕاسپاردەکانی باوکم پاراستووە و لە خۆشویستنەکەیدا جێگیر دەبم.

١١ ئەم شتانەم پێ وتن تاکو شادیی منتان تێدابێت و شادیتان بە بتەواوی بێت.

١٢ ڕاسپاردەی من ئەمەیە: یەکتریتان خۆشبووێ وەک خۆشمویستن.

١٣ کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە کە یەکێک ژیانی خۆی بۆ خۆشەویستەکانی دابنێت.

١٤ ئێوە خۆشەیستانی منن، ئەگەر کار بەوە بکەن کە ڕاتاندەسپێرم.

١٥ ئیتر بە کۆیلە ناوتان نابەم، چونکە کۆیلە نازانێت گەورەکەی چی دەکات. بەڵام ناوی خۆشەویستم لێنان چونکە هەرچییەکم لە باوکم بیستبوو پێم ڕاگەیاندن.

١٦ ئێوە منتان هەڵنەبژارد، بەڵکو من ئێوەم هەڵبژارد، نیشانم کردن تاکو بڕۆن بەرهەم بهێنن و بەرهەمەکەتان بمێنێت، تاکو هەرچییەک بە ناوی من داوا بکەن باوک بتانداتێ.

١٧ بەمانە ڕاتاندەسپێرم تاکو یەکتریتان خۆشبووێ.

١٨ ئەگەر جیهان ڕقی لێتان دەبێتەوە، ئەوە بزانن پێش ئێوە ڕقی لە من بووەوە.

١٩ ئەگەر هی جیهان بوونایە، جیهان ئەوانەی هی خۆیەتی خۆشیدەوێن. بەڵام چونکە هی جیهان نین و من لە جیهان هەڵمبژاردوون، بۆیە جیهان ڕقی لێتانە.

٢٠ بە بیرتان بێتەوە چیم پێ وتن: کۆیلە لە گەورەکەی مەزنتر نییە. ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە. ئەگەر وتەی منیان پاراستووە، وتەی ئێوەش دەپارێزن.

٢١ بەڵام هەموو ئەمانەتان لە پێناوی ناوی من پێ دەکەن، چونکە ئەوەی ناردوومی ئەوان نایناسن.

٢٢ ئەگەر نەهاتمایە و قسەیانم بۆ نەکردایە، گوناهیان نەدەبوو، بەڵام ئێستا بیانوویان نییە بۆ گوناهەکەیان.

٢٣ ئەوەی ڕقی لە من بێتەوە، ڕقی لە باوکیشمە.

٢٤ ئەگەر لەنێوانیاندا ئەو کارانەم نەکردایە کە کەسی دیکە نەیکردووە، گوناهیان نەدەبوو. بەڵام ئێستا بینییان و ڕقیان لە من و لە باوکم بووەوە.

٢٥ بەڵام ئەمە بوو تاکو ئەو وشەیە بێتە دی کە لە تەوراتەکەیاندا نووسراوە: *{بەبێ هۆ ڕقیان لێمبووەوە}* .

٢٦ جا کاتێ دڵنەواییدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، ڕووحی ڕەوا، کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو گەواهیم بۆ دەدات.

٢٧ ئێوەش گەواهیی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن.

یوحەننەن 16

١ ئەم شتانەم پێ وتن، تاکو ساتمە نەکەن.

٢ لە کەنیشتەکان دەردەکرێن، بەڵکو کاتێ دێت ئەوەی دەتانکوژێت وادەزانێت ڕاژەی خودا دەکات.

٣ ئەمانەش دەکەن چونکە نە باوکیان ناسیوە و نە من.

٤ بەڵام ئەمانەم پێ وتن، تاکو ئەگەر کاتیان هات بیرتان بکەوێتەوە کە من پێم وتوون. لە سەرەتادا ئەمانەم پێ نەووتن، چونکە لەگەڵتان بووم.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئێستاش دەڕۆمە لای ئەوەی ناردوومی و کەستان ناپرسێت: بۆ کوێ دەڕۆیت؟

٦ بەڵام ئەمەم پێ وتن، دڵتان پڕ لە خەم بوو.

٧ بەڵام ڕەواتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم، دڵنەواییدەرەکە بۆتان نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم.

٨ کاتێ ئەو دێت، جیهان سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناه و لەسەر بێتاوانی و لەسەر حوکمدان:

٩ لەسەر گوناه، چونکە باوەڕم پێ ناهێنن.

١٠ لەسەر بێتاوانی، چونکە دەڕۆمە لای باوک و ئیتر نامبینن.

١١لەسەر حوکمدانیش، چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە حوکم دراوە.

١٢ هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم، بەڵام ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن.

١٣ بەڵام کاتێ ئەو هات، ڕووحی ڕەوا، ئەو بۆ ڕەوای تەواو ڕێبەرایەتیتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە نادوێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕادەگەیەنێت چی ڕوودەدات.

١٤ ئەو شکۆدارم دەکات، چونکە لە هی من وەردەگرێت و پێتانی ڕادەگەیەنێت.

١٥ هەرچی باوک هەیەتی هی منە. بۆیە وتم: ڕووحەکە لە هی من وەردەگرێت و پێتانی ڕادەگەیەنێت.

١٦ پاش کەمێک ئیتر نامبینن، پاش کەمێکیش دەمبینن، چونکە بۆ لای باوک دەڕۆم".

١٧ هەندێک لە قوتابییەکانی بە یەکتریان وت: "ئەمە چییە کە پێمان دەفەرمووێ: پاش کەمێک ئیتر نامبینن، پاش کەمێکیش دەمبینن، چونکە بۆ لای باوک دەڕۆم؟"

١٨ وتیان: "ئەم کەمەیە چییە کە باسی دەکات؟ نازانین چی دەفەرمووێ!"

١٩ ئیشۆع زانی کە دەیانەوێ پرسی لێ بکەن، ئینجا پێی فەرموون: "ئایا لەبەر ئەمە پرس لە یەکتری دەکەن کە وتم: پاش کەمێک ئیتر نامبینن، پاش کەمێکیش دەمبینن؟

٢٠ ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: ئێوە دەگرییێن و شیوەن دەکەن، بەڵام جیهان دڵشاد دەبێ. ئێوە خەمبار دەبن، بەڵام خەمباریتان دەبێتە شادی.

٢١ کاتێ ژن منداڵی دەبێت خەمی هەیە، چونکە کاتی هاتووە. بەڵام کە منداڵەکەی بوو، لە خۆشی ئەوەی مرۆڤێک لە جیهان لەدایکبوو توندیی ژانەکانی لەبیر دەکات.

٢٢ ئێوەش ئێستا خەمتان هەیە، بەڵام دەتانبینمەوە و دڵشاد دەبن، کەسیش ئەو خۆشییەتان لێ ناستێنێت.

٢٣ لەو ڕۆژەدا پرسی هیچم لێ ناکەن. ڕەوا ڕەواتان پێ دەڵێم: بە ناوی منەوە هەرچییەک لە باوک داوا بکەن دەتانداتێ.

٢٤ تا ئێستا بە ناوی منەوە هیچتان داوا نەکردووە. داوا بکەن وەردەگرن، تاکو خۆشییەکەتان تەواو بێت.

٢٥ بە پەند قسەم بۆ کردن، بەڵام کاتێ دێت ئیتر بە پەند بۆتان نادوێم، بەڵکو بە ئاشکرا باسی باوکتان بۆ دەکەم.

٢٦ لەو ڕۆژەدا بە ناوی منەوە داوا دەکەن. ئیتر پێتان ناڵێم لەلای باوک بۆتان داوا دەکەم.

٢٧ چونکە باوک خۆی خۆشیدەوێن، چونکە منتان خۆشویستووە و باوەڕتان هێنا کە لە خوداوە دەرچووم.

٢٨ لە باوکەوە دەرچووم و بۆ جیهان هاتووم، جیهانیش بەجێ دەهێڵم و بۆ لای باوک دەڕۆم".

٢٩ قوتابییەکانی وتیان: "ئەوەتا ئێستا بە ئاشکرا قسە دەفەرموویت و بە هیچ پەندێک قسە نافەرموویت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٠ ئێستا دەزانین تۆ هەموو شتێک دەزانیت و پێویست ناکات کەس پرست لێ بکات. بۆیە باوەڕمان هەیە کە لە خوداوە دەرچووی".

٣١ ئیشۆعیش وەڵامی دانەوە: "ئێستا باوەڕ دەهێنن؟

٣٢ ئەوەتا کاتێ دێت و ئێستا هاتووە، کە پەرتەوازە دەبن، هەریەکە بۆ ماڵی خۆی و بە تەنها بەجێم دەهێڵن. بەڵام تەنیا نیم، چونکە باوک لەگەڵمدایە.

٣٣ ئەمانەم پێ وتن تاکو ئاشتیتان لە مندا هەبێت. لە جیهاندا تەنگانەتان دەبێت. بەڵام دڵنیابن، من جیهانم بەزاند".

یوخەننەن 17

١ ئیشۆع ئەمانەی فەرموو، چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و فەرمووی: "باوکە، کاتەکە هات. ڕۆڵەت شکۆدار بکە، تاکو ڕۆڵەشت شکۆدارت بکات.

٢ وەک دەسەڵاتت پێداوە بەسەر هەموو جەستەیەکدا، تاکو ژیانی جاویدانی بە هەموو ئەوانە بدات کە پێت داوە.

٣ ژیانی جاویدانیش ئەمەیە: کە تۆ بناسن، تەنها خودای ڕاستەقینە و ئیشۆعی مەسیح، ئەوەی ناردووتە.

٤ من لەسەر زەوی شکۆدارم کردیت، ئەو کارەی پێت دابووم بیکەم تەواوم کرد.

٥ ئێستاش باوکە لەلای خۆت شکۆدارم بکە، بەو شکۆیەی پێش بوونی جیهان لەلای تۆ هەمبوو.

٦ ناوی تۆم دەرخست بۆ ئەو خەڵکەی کە لە جیهاندا بە منت دان، هی تۆ بوون، خۆت بە منت دان و فەرموودەکەی تۆیان پاراست.

٧ ئێستاش دەزانن هەرچییەکت پێم داوە لە خۆتەوەیە.

٨چونکە ئەو فەرموودانەم پێدان کە تۆ پێت دابووم، ئەوانیش پەسەندیان کرد و بە ڕەوا زانییان لە تۆوە دەرچووم، باوەڕیان هێنا کە تۆ منت ناردووە.

٩ لەپێناوی ئەوان من داوا دەکەم. لەپێناوی جیهان داوا ناکەم، بەڵکو لەپێناوی ئەوانەی بە منت داون، چونکە هی تۆن.

١٠ هەرچییەک هی منە، هی تۆیە، هەرچییەکیش هی تۆیە، هی منە، منیش لە ئەواندا شکۆدار بووم.

١١ ئیتر لە جیهاندا نیم، بەڵام ئەمان لە جیهاندان، منیش دێمەوە لای تۆ. ئەی باوکی پارسا، بە ناوی خۆت بیانپارێزە کە بەمنت داوە، تاکو وەک ئێمە ببنە یەک.

١٢ کاتێ لە جیهاندا لەگەڵیان بووم بە ناوی تۆ دەمپاراستن، کەسیان لەناونەچوو ڕۆڵی لەناوچوو نەبێت، تاکو سیپارەکە بێتە دی.

١٣ ئێستاش دێمە لای تۆ، لە جیهاندا باسی ئەمە دەکەم، تاکو شادیی من تیایاندا تەواو بێت.

١٤ من فەرموودەی تۆم دایە ئەوان و جیهان ڕقی لێیان بووەوە، چونکە هی جیهان نین، وەک منیش هی جیهان نیم.

١٥ داوا ناکەم لە جیهاندا بیانبەیتەوە، بەڵکو لە بەدکار بیانپارێزی.

١٦ ئەوان هی جیهان نین، وەک منیش هی جیهان نیم.

١٧ لە ڕەوای خۆتدا پارسایان بکە، فەرمودەکەت ڕەوایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ وەک بۆ جیهانت ناردم، منیش بۆ جیهانم ناردن.

١٩ لەپێناوی ئەوان خۆم پارسا دەکەم، تاکو ئەوانیش لە ڕەوادا پارسا بن.

٢٠ تەنها لەپێناوی ئەمان داوا ناکەم، بەڵکو لەپێناوی ئەوانەش کە بە قسەی ئەمانەوە باوەڕم پێ دەهێنن،

٢١ تاکو هەمووان یەک بن، وەک تۆ باوکە لە منداى و منیش لە تۆدام، ئەوانیش یەک بن لە ئێمەدا بن، تاکو جیهان باوەڕ بهێنێت کە تۆ منت ناردووە.

٢٢ منیش ئەو شکۆیەم داونەتێ کە تۆ بە منت داوە، تاکو ببنە یەک وەک ئێمە یەکین.

٢٣ من لەواندام و تۆ لە منداى، تاکو بە تەواوی یەک بن، تاکو جیهانیش بزانێت تۆ منت ناردووە و ئەوانت خۆشویست، وەک منت خۆشویست.

٢٤ باوکە، دەمەوێت ئەوانەی کە بە منت داون لەکوێ بم لەگەڵم بن، تاکو شکۆمەندییەکەم ببینن کە بە منت داوە، چونکە پێش دامەزراندنی جیهان منت خۆشویست.

٢٥باوکی چاک، جیهان تۆ ناناسێت، بەڵام من تۆ دەناسم، ئەمانیش دەزانن تۆ منت ناردووە.

٢٦ناوی تۆم پێ ناساندن و پێیان دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستیەی منت پێی خۆشویست لەواندا بێت و منیش لەواندا بم".

یوحەننەن 18

١ ئیشۆع ئەمانەی فەرموو و لەگەڵ قوتابییەکانی دەرچوون بۆ ئەوبەری دۆڵی قەدرون کە باخچەیەکی لێبوو، خۆی و قوتابییەکانی چوونە نێوی.

٢ ئیهوورداش ئەوەی ڕادەستی کرد، شوێنەکەی دەناسی، چونکە ئیشۆع زۆر جار لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ کۆدەبووەوە.

٣ ئینجا ئیهوودا سەرباز و ڕاژەوانەکانی کاهینانی باڵا و پەریشییەکانی برد، بە مەشخەڵ و چرا و چەکەوە هاتە ئەوێ.

٤ ئیشۆعیش هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەری دەهات، دەرچوو و پێی فەرموون: "کێتان دەوێ؟"

٥ وەڵامیان دایەوە: "ئیشۆعی ناسرەتی". پێی فەرموون: "من ئەوم". ئیهوورداش کە ڕادەستی دەکات لەگەڵیان ڕاوەستابوو.

٦ کاتێ پێی فەرموون: "من ئەوم"، گەڕانەوە دواوە و کەوتنە سەر زەوی.

٧ دیسان لێی پرسینەوە: "کێتان دەوێ؟" وتیان: "ئیشۆعی ناسرەتی".

٨ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: "پێم وتن: من ئەوم". ئەگەر منتان دەوێ، با ئەمانە بڕۆن".٩ بۆ هاتنەدیی ئەو قسەیەی کە فەرمووی: "ئەوانەی پێت دابووم کەسیانم لەناونەبرد".

١٠ شیمعون پەترۆس شمشێرێکی پێبوو، دەریهێنا و لە کۆیلەی کاهینی باڵای دا و گوێی ڕاستی بڕی. ناوی کوێلەکەش مەلخۆس بوو.

١١ ئیشۆع بە پەترۆسی فەرموو: "شمشێرەکەت بگەڕێنەوە کێلانەکەی! ئەو جامەی باوک پێی داوم نەیخۆمەوە؟".

١٢ ئیتر سەربازەکان و فەرماندەکەیان و ڕاژەوانانی جووەکان ئیشۆعیان گرت و بەستیانەوە.

١٣ یەکەمجار بردییانە لای خەننەن، چونکە خەزووری قەیاپا بوو کە ئەوساڵە کاهینی باڵا بوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ قەیاپاش ئەو پیاوە بوو ڕاوێژی بۆ جووەکان کردبوو کە باشتر وایە پیاوێک لەجیاتی هەموو گەل بمرێت.

١٥ شیمعون پەترۆس لەگەڵ قوتابیەکی دیکە شوێنی ئیشۆع کەوت. چونکە ئەو قوتابییە لەلای کاهینی باڵا ناسراو بوو، لەگەڵ ئیشۆع چووە خانووی کاهینی باڵا،

١٦ بەڵام پەترۆس لە دەرەوە لەلای دەرگاکە ڕاوەستابوو. بەڵام قوتابییەکەی دیکە کە کاهینی باڵا دەیناسی هاتە دەرەوە و قسەی لەگەڵ کچە دەرگاوانەکە کرد و پەترۆسی هێنایە ژوورەوە.

١٧ کەنیزە دەرگاوانەکە بە پەترۆسی وت: "تۆش لە قوتابییەکانی ئەم کابرایە نیت؟" ئەویش وتی: "من نیم!".

١٨ کۆیلە و ڕاژەوانەکان ڕاوەستابوون، ئاگریان کردبووەوە و خۆیان گەرم دەکردەوە، چونکە سەرما بوو، پەترۆسیش لەگەڵیان وەستابوو، خۆی گەرم دەکردەوە.

١٩ کاهینی باڵا دەربارەی قوتابییەکانی و فێرکردنەکەی لە ئیشۆعی پرسی.

٢٠ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: "بە ئاشکرا بۆ جیهان دوام، من هەردەم لە کەنیشت و پەرستگادا خەڵکم فێردەکرد، کە هەمیشە هەموو جوو لێی کۆدەبنەوە. هیچم بە نهێنی نەووتووە.

٢١ بۆچی پرس لە من دەکەیت؟ لەوانە بپرسە کە گوێیان لێبووە چیم پێیان وتووە. ئەوانە دەزانن من چیم وتووە".

٢٢ کاتێ ئەمەی فەرموو یەکێک لە ڕاژەوانان کە لەلای ڕاوەستابوو زللـەیەکی لە ئیشۆع دا و وتی: "ئاوا وەڵامی کاهینی باڵا دەدەیتەوە؟"

٢٣ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: "ئەگەر قسەی خراپم کردووە، گەواهیی لەسەر خراپەکە بدە. ئەگەر باشیشە، بۆچی لێم دەدەیت؟"

٢٤ ئینجا خەننەن بە بەستراوەیی بۆ قەیاپا کاهینی باڵای نارد.

٢٥ شیمعون پەترۆسیش ڕاوەستابوو، خۆی گەرم دەکردەوە، پێیان وت: "تۆش لە قوتابییەکانی ئەو نیت؟" ئەویش نکۆڵیی کرد و وتی: "من نیم!".

٢٦ یەکێک لە کۆیلەکانی کاهینی باڵا خزمی ئەوەبوو کە پەترۆس گوێی لێکردەوە، وتی: "ئەی لە باخچەکەدا تۆم لەگەڵ ئەو نەبینی؟"

٢٧دیسان پەترۆس نکۆڵیی کرد. یەکسەر کەڵەشێر قوولاندی.

٢٨ بەیانییەکەی ئیشۆعیان لەلای قەیاپاوە بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی برد. خۆیان نەچوونە ژوورەوەی کۆشک، نەوەک گڵاو ببن، بەڵکو بتوانن پەسخە بخۆن.

٢٩ پیلاتوسیش هاتە دەرەوە و وتی: "چ سکاڵایەکتان لەسەر ئەم پیاوە هەیە؟"

٣٠ وەڵامیان دایەوە و پێیان وت: "ئەگەر خراپەکار نەبووایە، نەماندەدایە دەستتەوە!"

٣١ پیلاتوسیش پێی وتن: "خۆتان ببەن، بەگوێرەی تەوراتی خۆتان حوکمی بدەن". جووەکان پێیان وت: "دروست نییە ئێمە کەس بکوژین".

٣٢تاکو فەرموودەی ئیشۆع بێتە دی کە ئاماژەی کرد بۆ ئەو مردنەی کە دەمرێت.

٣٣ ئینجا پیلاتوس چووە نێو کۆشکەکە، بانگی ئیشۆعی کرد و پێی وت: "تۆ پاشای جووی؟"

٣٤ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: "لە خۆتەوە ئەمە دەڵێی، یان خەڵکی دیکە باسی منیان بۆ کردووی؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ پیلاتوس وەڵامی دایەوە: ‘‘خۆ من جووم نیم؟ نەتەوەکەت و کاهینانی باڵا تۆیان ڕادەستی منیان کردووە. چیت کردووە؟’’

٣٦ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘شانشینیەکەم لەم جیهانەدا نییە. ئەگەر شانشینیەکەم لەم جیهانە بووایە، ڕاژەوانانم دەجەنگان تاکو ڕادەستی جووەکان نەکرێم. بەڵام شانشینیەکەم لێرە نییە’’.

٣٧ ئینجا پیلاتوس پێی وت: ‘‘کەواتە تۆ پاشای؟’’ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘تۆ دەڵێی کە من پاشام. بۆیە لەدایکبووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو گەواهیی بۆ ڕەوا بدەم. هەر کەسێک لە ڕەواوە بێت دەنگم دەبیستێت’’.

٣٨ پیلاتوس پێی وت: ‘‘ڕەوا چییە؟’’ کە ئەمەی وت دیسان بۆ لای جووەکان دەرچوو و پێی وتن: ‘‘یەک خراپەی تێدا نابینم.

٣٩ بەڵام نەریتێکتان هەیە کە لە پەسخەدا یەکێکتان بۆ ئازاد بکەم. ئایا دەتانەوێت پاشای جووتان بۆ ئازاد بکەم؟’’

٤٠ هەموویان هاواریان کرد و وتیان: ‘‘ئەمە نا بەڵکو بەڕئەببا!’’. بەڕئەببا‌ش دز بوو.

یوحەننەن 19

١ ئیتر پیلاتوس ئیشۆعی برد و دایە بەر قامچی.

٢ سەربازەکان تاجێکیان لە دڕک چنی و خستیانە سەر سەری و جلێکی ئەرخەوانییان لەبەر کرد و

٣ دەیانووت: ‘‘سڵاو، ئەی پاشای جوو!’’، زللـەیان لێی دەدا.

٤ دیسان پیلاتوس چووە دەرەوە و پێی وتن: ‘‘بۆتانی دەهێنمە دەرەوە تاکو بزانن من یەک خراپەی تێدا نابینم!’’

٥ ئیشۆع بە تاجی دڕکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە چووە دەرەوە، پیلاتوس پێی وتن: ‘‘ئەمە کابراکەیە!’’

٦ کاتێ کاهینانی باڵا و ڕاژەوانان بینییان، هاواریان کرد و وتیان: ‘‘لەخاچی بدە! لەخاچی بدە!’’ پیلاتوس پێی وتن: ‘‘ئێوە ببەن و لەخاچی بدەن، چونکە خراپەی تێدا نابینم’’.

٧ جووەکان وەڵامیان دایەوە: ‘‘تەوراتمان هەیە. بەگوێرەی تەوراتمان دەبێت بمرێت، چونکە خۆی کردووەتە ڕۆڵەی خودا’’.

٨ کاتێ پیلاتوس ئەم قسەیەی بیست زیاتر ترسا.

٩ گەڕایەوە نێو کۆشکەکە و بە ئیشۆعی وت: ‘‘خەڵکی کوێی؟’’ بەڵام ئیشۆع هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

١٠ پیلاتوس پێی وت: ‘‘قسەم بۆ ناکەیت؟ نازانیت دەسەڵاتم هەیە لەخاچت بدەم یان ئازادت بکەم؟’’

١١ ئیشۆع وەڵامی دایەوە: ‘‘هەرگیز هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، ئەگەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت. بۆیە ئەوەی منی ڕادەستی تۆی کردووە گوناهەکەی مەزنترە’’.

١٢ لەم کاتەوە ئیتر پیلاتوس هەوڵی دەدا ئازادی بکات، بەڵام جووەکان هاواریان دەکرد و دەیانووت: ‘‘ئەگەر ئەمە ئازاد بکەیت، دۆستی قەیسەر نیت. هەر کەسێک خۆی بکاتە پاشا، بەرەنگاریی قەیسەر دەکات’’.

١٣ کاتێ پیلاتوس ئەم قسەیەی بیست، ئیشۆعی بردە دەرەوە و لەسەر تەختی دادوەری دانیشت، لە شوێنێک پێی دەووترێ بەردڕێژکراو، بە عیبریش گۆپیتا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ ڕۆژی ئامادەکاری پەسخە بوو، نزیکەی کاژێر شەش بوو، بە جووەکانی وت: ‘‘ئەوەتا پاشاکەتان’’.

١٥ ئەوانیش هاواریان کرد: ‘‘بیبە! بیبە! لەخاچی بدە!’’ پیلاتوس پێی وتن: ‘‘پاشاکەتان لەخاچ بدەم؟’’ کاهینانی باڵا وەڵامیان دایەوە: ‘‘جگە لە قەیسەر پاشامان نییە’’.

١٦ ئیتر دایە دەستیان تاکو لەخاچ بدرێت. ئەوانیش ئیشۆعیان برد.

١٧ بە خۆی خاچەکەی هەڵگرتبوو، دەرچوو بۆ ئەو شوێنەی پێی دەووترێ ‘‘شوێنی کاسەسەر’’، بە عیبریش پێی دەووترێ ‘‘گاغولتا’’.

١٨ لەوێ لەگەڵ دوو کەسی دیکە لەخاچیان دا، هەریەکە لە لایەکییەوە، ئیشۆعیش لەناوەڕاست.

١٩ پیلاتوسیش ناونیشانێکی نووسی و لەسەر خاچەکەی دانا، نووسرابوو: ‘‘ئیشۆعی ناسرەتی، پاشای جوو’’.

٢٠ جووێکی زۆر ناونیشانەکەیان خوێندەوە، چونکە ئەو شوێنەی تێدا لەخاچدرابوو لە شار نزیک بوو. بە عیبری و بە یۆنانی و بە لاتینی نووسرابوو.

٢١ کاهینانی باڵای جووەکان بە پیلاتوسیان وت: ‘‘مەنووسە: پاشای جوو، بەڵکو ئەو خۆی وتی: من پاشای جووم!’’.

٢٢ پیلاتوس وەڵامی دایەوە: ‘‘ئەوەی نووسیومە، نووسیومە’’.

٢٣ کاتێک سەربازەکان ئیشۆعیان لەخاچدا، پۆشاکەکانیان برد و کردیانە چوار پارچە، بۆ هەر سەربازێک پارچەیەک. کراسەکەشیان برد، کراسەکە بێ دروومان بوو، لەسەرەوە یەک پارچە چنرابوو.

٢٤ جا بە یەکتریان وت: ‘‘با نەیدڕێنین، تیروپشکی لەسەر دەکەین بۆ کێ دەبێت’’. تاکو سیپارەکە بێتە دی کە فەرموویەتی: *{پۆشاکەکەم نێوان خۆیان دابەشکرد و لەسەر کراسەکەم تیروپشکیان کرد}*. جا سەربازەکان ئەمەیان کرد.

٢٥ لەلای خاچەکەی ئیشۆع، دایکی و پووری و مەریەمی ژنی کلۆپا و مەریەمی مەگدانی ڕاوەستابوون.

٢٦ کاتێ ئیشۆع دایکی بینی و ئەو قوتابییەش کە خۆشیدەویست لەلای ڕاوەستاوە، بە دایکی فەرموو: ‘‘خانم، ئەوەتا کوڕی تۆ’’.

٢٧ ئینجا بە قوتابییەکەشی فەرموو: ‘‘ئەوەتا دایکی تۆ’’. ئیتر لەو کاتەوە قوتابییەکە بردییەوە ماڵی خۆی.

٢٨ دوای ئەمە، ئیشۆع بینی کەوا هەموو شتێک تەواو بوو و تاکو سیپارەکە بێتە دی، فەرمووی: ‘‘تینوومە’’.

٢٩ گۆزەیەکی پڕ لە سرکە دانرابوو، هەوریەکی پڕ لە سرکەیان خستە سەر قامیشێک و بەرزیان کردەوە بۆ دەمی.

٣٠ کاتێ ئیشۆع تامی سرکەکەی کرد، فەرمووی: ‘‘تەواو بوو’’. ئینجا سەری دانەواند و ڕووحی سپارد.

٣١ ئینجا جووەکان داوایان لە پیلاتوس کرد قاچی لەخاچدراوان بشکێندرێت و هەڵبگیردرێن، چونکە ڕۆژی ئامادەکاری بوو، ئەو شەممەیە ڕۆژێکی مەزن بوو، تاکو تەرمەکان لە شەممەدا لەسەر خاچ نەمێنن.

٣٢ ئینجا سەربازەکان هاتن و هەردوو قاچی ئەوەی یەکەم و ئەوی دیکەیان شکاند کە لەگەڵیدا لەخاچدرابوون.

٣٣ بەڵام کاتێ هاتنە لای ئیشۆع بینییان وا مردووە، قاچییان نەشکاند.

٣٤ بەڵام یەکێک لە سەربازەکان ڕمێکی لە کەلەکەی دا، یەکسەر خوێن و ئاو دەرچوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٥ ئەوەی بینی گەواهیی دا، گەواهییەکەشی ڕەوایە، خۆشی دەزانێت کە ڕەوا دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن.

٣٦ چونکە ئەمە ڕوویدا تاکو سیپارەکە بێتە دی کە دەفەرمووێ: *{ئێسقانێکی ئەو ناشکێندرێت}* .

٣٧ هەروەها سیپارەیەکی دیکەش دەفەمرووێ: *{تەماشای ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێداوە}* .

٣٨ ئینجا یۆسیپی خەڵکی ڕەمتا کە لە ترسی جوو بە نهێنی قوتابی ئیشۆع بوو، داوای لە پیلاتوس کرد تاکو جەستەی ئیشۆع ببات، پیلاتوسیش ڕێی دا. جا هات و جەستەی ئیشۆعی برد.

٣٩ نیقادیمۆسیش هات، ئەوەی یەکەمجار بە شەو هاتە لای ئیشۆع. لەگەڵ خۆی نزیکەی سەد مەننا موڕی تێکەڵاو بە عودی هێنا.

٤٠ جا جەستەی ئیشۆعیان برد و بە کەتان لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەک نەریتی جوو لە کفنکردن.

٤١ لەو شوێنەی ئیشۆعی تێدا لەخاچدرا باخێک هەبوو، لە باخەکەشدا گۆڕێکی نوێی هەبوو کەسی تێدا نەنێژرابوو.

٤٢ لەبەر ڕۆژی ئامادەکاری جووەکان ئیشۆعیان لەوێ دانا، چونکە گۆڕەکە نزیک بوو.

یوخەننەن 20

١ لە سەرەتای هەفتەدا، هێشتا تاریک بوو، مەریەمی مەگدانی هاتە سەر گۆڕەکە و بینی بەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە.

٢ ئەویش ڕایکرد و هاتە لای شیمعون پەترۆس و ئەو قوتابییەکەی دیکە کە ئیشۆع خۆشیدەویست، پێی وتن: "گەورەیان لە گۆڕەکەدا بردووە و نازانین لەکوێ دایانناوە!"

٣ ئینجا پەترۆس و قوتابییەکەی دیکە دەرچوون و هاتنە سەر گۆڕەکە.

٤ هەردووکیان بەیەکەوە ڕایان دەکرد، قوتابییەکەی دیکە پێش پەترۆس کەوت و یەکەم گەیشتە سەر گۆڕەکە.

٥ دانەویەوە و بینی کفنەکە دانراوە، بەڵام نەچووە ژوورەوە.

٦ ئینجا شیمعون پەترۆس کە دوایکەوتبوو هات و چووە نێو گۆڕەکە، بینی کفنەکە دانراوە.

٧ دەستەسڕەکەش کە بەسەری ئیشۆعەوە بوو لەگەڵ کەتانەکە دانەنرابوو، بەڵکو بە جیا لە جێیەک پێچراوەتەوە.

٨ئەوسا قوتابییەکەی دیکەش کە یەکەمجار هاتبووە سەر گۆڕەکە چووە ژوورەوە. بینی و باوەڕی هێنا.

٩ چونکە هێشتا لە پەرتووکەکان تێنەگەیشتبوون کە دەبێ لەنێوان مردووواندا هەستێتەوە.

١٠ئینجا دوو قوتابییەکە گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

١١ بەڵام مەریەم لەلای گۆڕەکە لە دەرەوە ڕاوەستابوو دەگریا. کاتێ دەگریا بۆ گۆڕەکە دانەویەوە،

١٢ بینی دوو فریشتە بە جلی سپییەوە لەو شوێنەی جەستەی ئیشۆعی لێ دانرابوو دانیشتوون، یەکێک لەلای سەریەوە ئەوی دیکە لەلای پێی.

١٣ پێیان فەرموو: "خانم، بۆ دەگریت؟" پێی وتن: "گەورەمیان بردووە، نازانم لەکوێ دایانناوە!".

١٤ کە ئەمەی وت ئاوڕی دایەوە دوای خۆی، بینی ئیشۆع ڕاوەستاوە، بەڵام نەیزانی ئیشۆعە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘خانم! بۆ دەگریت؟ بەدوای کێدا دەگەڕێیت؟’’ وایزانی باخەوانەکەیە، پێی وت: ‘‘گەورەم، ئەگەر تۆ بردووتە پێم بڵێ لەکوێ داتناوە تاکو بیبەمەوە’’.

١٦ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘مەریەم!’’ ئەویش ئاوڕی دایەوە و وتی: ‘‘ڕابۆنی!’’، واتا: ‘‘مامۆستا’’.

١٧ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘دەستم لێ مەدە، چونکە هێشتا بۆ لای باوکم بەرز نەبوومەتەوە. بەڵام بڕۆ لای برایانم و پێیان بڵێ: من بەرز دەبمەوە بۆ لای باوکم و باوکتان، خوداوەندم و خوداوەندتان’’.

١٨ مەریەمی مەگدانی هات و بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە پەروەردگاری بینیوە! ئەوەشی پێ ووتن کە پێی فەرمووبوو.

١٩ ئێوارەی ئەو ڕۆژەی سەرەتای هەفتە، لە ترسی جووەکان ئەو شوێنەی قوتابییەکانی لێبوو دەرگاکانی داخرابوو، ئیشۆع هات و لەناوەڕاستدا ڕاوەستا و پێی فەرموون: ‘‘ئاشتیتان لێ بێ!’’٢٠ کە ئەمەی وت، دەستی و کەلەکەی پیشاندان، جا قوتابییەکان کە پەروەردگاریان بینی دڵشادبوون.

٢١ ئینجا دیسان ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘ئاشتیتان لێ بێ! وەک باوک ناردوومی، منیش دەتانێرم’’.

٢٢ کە ئەمەی وت، فووی لێکردن و پێی فەرموون: ‘‘ڕووحی پارسا وەربگرن.

٢٣ ئەوەی گوناهی ببەخشن، بەخشراوە. ئەوەی گوناهی ڕابگرن، ڕاگیراوە’’.

٢٤ بەڵام تۆما کە یەکێکە لە دوازدەکە بە جمک ناسراوبوو، کاتێ ئیشۆع هات لەگەڵیان نەبوو.٢٥ قوتابییەکانی دیکە پێیان وت: ‘‘پەروەردگارمان بینی!’’ ئەویش پێی وتن: ‘‘ئەگەر نیشانەی مێخەکان بە دەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی مێخەکانەوە، دەست لە کەلەکەی نەدەم باوەڕ ناهێنم’’.

٢٦ دوای هەشت ڕۆژ، قوتابییەکانی دیسان لە ژوورەوە بوون و تۆماش لەگەڵیان بوو، دەرگاکانیش داخرابوون، ئیشۆع هات و لەناوەڕاست ڕاوەستا، فەرمووی: ‘‘ئاشتیتان لێ بێ!’’

٢٧ئینجا بە تۆمای فەرموو: ‘‘پەنجەت بێنە ئێرە و دەستم ببینە، دەستت بێنە و لە کەلەکەمی بدە. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕدار بە’’.

٢٨ تۆما وەڵامی دایەوە و پێی وت: ‘‘ئەی پەروەردگار و خوداوەندم!’’

٢٩ ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘تۆما، چونکە منت بینی باوەڕت هێنا؟ بەختەوەری بۆ ئەوانەی نەیانبینی و باوەڕ دەهێنن’’.

٣٠ ئیشۆع لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر پەرجوی دیکەی کرد کە لەم پەرتووکەدا نەنووسراوە.

٣١ بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە ئیشۆع مەسیحە، ڕۆڵەی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.

یوخەننەن 21

١ دوای ئەمە دیسان ئیشۆع لە دەریای تەبەریە خۆی بۆ قوتابییەکان دەرخست، ئاوا خۆی دەرخست:

٢ شیمعون پەترۆس و تۆما کە بە جمک ناسراوە، لەگەڵ نەتنیئێل کە خەڵکی قەنتێی گلیلا بوو، هەروەها دوو کوڕەکەی زەبدی و دوو قوتابی دیکە پێکەوە بوون.

٣ شیمعون پەترۆس پێی وتن: ‘‘من بۆ ڕاو دەڕۆم’’. پێیان وت: ‘‘ئێمەش لەگەڵت دێین’’. ئینجا دەرچوون و یەکسەر سواری کەشتی بوون، لەو شەوەدا هیچیان نەگرت.

٤ کاتی بەرەبەیان، ئیشۆع لەسەر کەنارەکە وەستا، بەڵام قوتابییەکان نەیانزانی ئەوە ئیشۆعە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘کوڕینە، هیچ ماسیتان پێ نییە؟’’ وەڵامیان دایەوە: ‘‘نەخێر!’’.

٦ پێی فەرموون: ‘‘تۆڕەکە هەڵبدەنە لای ڕاستی کەشتیەکە، دەبیننەوە’’. جا هەڵیاندا و ئیتر لەبەر زۆری ئەو ماسییانەی تیایدا بوو نەیانتوانی ڕایکێشنەوە.

٧ ئەو قوتابییەی ئیشۆع خۆشیدەویست بە پەترۆسی وت: ‘‘ئەوە پەروەردگارە!’’ کاتێ شیمعون پەترۆس بیستی ئەوە پەروەردگارە، خۆی بە جلەکانی داپۆشی چونکە ڕووت بوو، خۆی هەڵدایە نێو دەریاکە.

٨ قوتابییەکانی دیکە بە کەشتیەکە هاتن و تۆڕی ماسییەکەیان ڕادەکێشا، چونکە لە وشکایی دوور نەبوون، تەنها دوو سەد گەز.

٩ کاتێ دابەزینە وشکایی، بینییان وا پشکۆ دانراوە و ماسی خراوەتە سەری لەگەڵ نان.

١٠ ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘لەو ماسییانە بهێنن کە ئێستا گرتتان’’.

١١ شیمعون پەترۆسیش سەرکەوت و تۆڕەکەی ڕاکێشایە سەر وشکانی، سەد و پەنجا و سێ ماسی گەورەی تێدابوو، لەگەڵ زۆریەکەشی تۆڕەکە نەدڕا.

١٢ئیشۆع پێی فەرموون: ‘‘وەرن بخۆن!’’. کەس لە قوتابییەکان نەیوێرا لێ بپرسێت: تۆ کێیت؟ چونکە زانییان پەروەردگارە.

١٣ ئینجا ئیشۆع هات و نانەکەی هەڵگرت و پێیدان، ماسیەکەش ئاوا.

١٤ ئەمە سێیەم جار بوو ئیشۆع بۆ قوتابییەکان دەرکەوێت پاش هەستانەوەی لەنێو مردووواندا.

١٥ دوای ئەوەی نانیان خوارد ئیشۆع بە شیمعون پەترۆسی فەرموو: ‘‘شیمعونی یۆنا، منت لەمانە زیاتر خۆشدەوێت؟’’ پێی وت: ‘‘بەڵێ پەروەردگار، خۆت دەزانیت من خۆشمدەوێیت’’. پێی فەرموو: ‘‘شوانایەتی کاوڕەکانم بکە’’.

١٦ دیسان پێی فەرمووەوە: ‘‘شیمعونی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟’’ پێی وت: ‘‘بەڵێ پەروەردگار، خۆت دەزانیت من خۆشمدەوێیت’’. پێی فەرموو: ‘‘شوانایەتی مەڕەکانم بکە’’.

١٧ سێیەم جار پێی فەرموو: ‘‘شیمعونی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟’’ پەترۆس دڵگران بوو، چونکە سێیەم جار پێی فەرموو: منت خۆشدەوێت؟ پێی وت: ‘‘ئەی پەروەردگار، خۆت هەموو شتێک دەزانیت. دەزانیت من خۆشمدەوێیت’’. ئیشۆع پێی فەرموو: ‘‘شوانایەتی مەڕەکانم بکە.

١٨ ڕەوا ڕەوات پێ دەڵێم، کاتێ گەنج بوویت پشتێنەکەت دەبەست و بۆ هەر شوێنێک بتویستایە دەڕۆیشتی. بەڵام کاتێ پیر دەبیت دەستت درێژ دەکەیت و یەکێکی دیکە پشتێنەکەت دەبەستێت و دەتباتە شوێنێک کە ناتەوێت’’.

١٩

ئەمەی وت وەک ئاماژەکردنێک بۆ مردنی پەترۆس کە خودا شکۆدار دەکات. کە ئەمەی فەرموو، پێی فەرموو: ‘‘دوام بکەوە!’’

٢٠ پەترۆس ئاوڕی دایەوە و ئەو قوتابییەی بینی کە ئیشۆع خۆشیدەویست دوایان کەوتووە ئەوەی لە کاتی شێوەکە شانی بە سینگی ئیشۆع دابوو، وتی: ‘‘گەورەم، کێیە ئەوەی ڕادەستت دەکات؟’’

٢١ کاتێ پەترۆس ئەمەی بینی بە ئیشۆعی وت: ‘‘پەروەردگار ئەی ئەمە چی لێدێت؟’’

٢٢ ئیشۆعیش پێی فەرموو: ‘‘ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە تاکو دێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ دوام بکەوە!’’.

٢٣ ئیتر ئەم قسەیە لەنێو برایان وا بڵاو بووەوە کە ئەو قوتابییە نامرێت. بەڵام ئیشۆع پێی نەفەرموو کە نامرێت، بەڵکو: ‘‘ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە تاکو دێمەوە، بە تۆ چی؟’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ ئـەمـەش ئـەو قـوتـابـیـیـەیـە کـە دەربـارەی ئـەم شـتـانـە
گـــەواهـیـی دەدات و ئـەم شـتـانـەی نـووسـیـوە.
ئـێـمـەش دەزانـیـن گـــەواهـیـیـەکـەی ڕەوایـــە.
٢٥ زۆر شتی دیکە هەیە ئیشۆع کردوویەتی
ئەگەر یەک لەدوای یەک بنووسرایە،
وابزانم خودی جیهان جێگای ئەو
پەرتـووکـە نـووسـراوانـەی
تێدا نەدەبووەوە.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

کردار

کردار 1

١ بەڕێز تیئۆپیلا، لە سیپارەی یەکەممدا دەربارەی هەموو ئەوەی ئیشۆع دەستی پێکرد بیکات و فێری بکات نووسیومە،

٢ تاکو ئەو ڕۆژەی تیایدا بەرزبووەوە، دوای ئەوەی بە ڕووحی پارسا ئەو پەیامبەرانەی ڕاسپارد کە هەڵبژاردن.

٣ دوای ئازار چێژتنی بە بەڵگەی زۆر بە زیندوویی خۆی پیشاندان، لە ماوەی چل ڕۆژدا بۆیان دەرکەوت و سەبارەت بە پاشایەتیی خودا بۆیان دوا.

٤ کاتێ لەگەڵیان کۆبووەوە، ڕایسپاردن کە "یروشلایم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان.

٥ چونکە یوخەننەن بە ئاو عەمادی کرد، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕووحی پارسا عەماد دەکرێن".

٦ ئەوانەی پێکەوە کۆببوونەوە لێیان پرسی و وتیان: "پەروەردگار، ئایا لەم کاتەدا پاشایەتی بۆ ئیسرائیل دەگەڕێنیتەوە؟"

٧ پێی فەرموون: "بۆتان نییە ئەو کات و سەردەمانە بزانن کە باوک بە دەسەڵاتی خۆی داینناون.

٨ بەڵام کاتێ ڕووحی پارساتان دێتە سەر هێزێک وەردەگرن، بۆ من دەبنە گەواهیدەر، لە یروشلایم و هەموو ئیهوود و شمرن، تاکو ئەوپەڕی زەوی".

٩ کە ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزبووەوە. هەورێک لەبەرچاویان شاردییەوە.

١٠ کاتێ ئەو دەڕۆیی، ئەوان سەرنجیان لە ئاسماندا بوو، دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون.

١١ وتیان: "گلیلاییەکان، چیتانە ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم ئیشۆعە، کە لەنێوانتاندا بۆ ئاسمان بەرزبووەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە".

١٢ ئینجا لەو کێوەی پێی دەووترا کێوی زەیتوون گەڕانەوە یروشلایم کە بەقەد ڕێکردنێکی شەممە لە یروشلایم نزیک بوو.

١٣ کاتێ چوونە ژوورەوە، چوونە ژوورەکەی سەرەوە کە تیایدا دەمانەوە، پەترۆس و یاقوو و یوخەننەن و ئەندراوس و پیلیپوس و تۆما، بەرتولمەی و مەتتەی و یاقووی کوڕی خەلپەی، شیمعونی دڵگەرم و ئیهوودای برای یاقوو.

١٤ هەموو بە یەک دڵ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن و نزا، لەگەڵ ژنەکان و مەریەمی دایکی ئیشۆع و برایانی.

١٥ ڕۆژێکیان پەترۆس لەنێوان قوتابیاندا ڕاوەستا کە نزیکەی سەد و بیست برا دەبوون، وتی:

١٦ "برایان، دەبووایە سیپارەکە بێتە دی، کە پێشتر دەرباەری ئیهوودا، ڕووحی پارسا بە زمانی داوید فەرموویەتی، کە بووە ڕێبەر بۆ ئەوانەی ئیشۆعیان دەستگیر کرد.

١٧ لە ئێمە دەژمێردرا و لەم ڕاژەیەدا بەشی هەبوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ بە پاداشتی ستەم کێڵگەیەکی کڕی، بەڵام بەدەمدا کەوت و لەناوەڕاستەوە شەقبوو، هەموو هەناوی هاتە دەرەوە.

١٩ هەموو دانیشتووانی یروشلایم بەمەیان زانی، تەنانەت لە زمانی خۆیان ئەو کێڵگەیان ناونا، "حەقلد دمما"، واتا: "کێڵگەی خوێن".

٢٠چونکە لە سیپارەی پەسنیەکاندا نووسراوە: *{ماڵی کاول بێت و کەس تیایدا نیشتەجێ نەبێت}*. هەروەها: {با یەکێکی دیکە ئەرکەکەی ئەو وەربگرێت}.

٢١ کەواتە پێویستە ئەو پیاوانەی یاوەرمان بوون، بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئیشۆعی پەروەردگار هاتە نێومان و دەرچوو،

٢٢ لە عەمادکردنەکەی یوخەننەوە تاکو ئەو ڕۆژەی لێمان بەرزبووەوە، یەکێک لەوان لەگەڵمان ببێتە گەواهیدەری هەستانەوەکەی".

٢٣ جا دووانیان هێنایە پێشەوە: یۆسپ کە بە بەڕشەبا ناودەبرا و نازناوی یوستوس بوو، لەگەڵ مەتیاس.

٢٤ نوێژیان کرد و وتیان: "ئەی پەروەردگار، تۆ دڵی هەمووان دەزانیت، بۆمان دەربخە لەم دووانە کامەیانت هەڵبژاردووە،

٢٥تاکو شوێنی ئەو ڕاژە و پەیامبەرێتییە بگرێتەوە، کە ئیهوودا لێی لادا، تاکو بچێتە شوێنی خۆی".

٢٦ ئینجا تیروپشکیان بۆ کردن و تیروپشکەکە مەتیاسی گرتەوە، لەگەڵ یازدە پەیامبەرەکە ژمێردرا.

کردار 2

١ کە ڕۆژی پەنجایەمین داهات، هەموو پێکەوە لە یەک شوێندا بوون،

٢ لەناکاو دەنگێک لە ئاسمانەوە وەک ڕەشەبا هات، ئەو ماڵەی پڕکرد کە تیایدا دانیشتبوون.

٣ ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەک ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر هەریەکەیان نیشتەوە.

٤ هەموویان پڕبوون لە ڕووحی پارسا و بە زمانەکانی دیکە قسەیان کرد، وەک ڕووح پێی بەخشین.

٥ جووی لەخواترسی هەموو نەتەوەکانی ژێر ئاسمان لە یروشلایم نیشتەجێ ببوون.

٦ کاتێ دەنگەکە هات، جەماوەر کۆبوونەوە و پەشێو بوون، چونکە هەریەکەیان گوێی لە زمانی خۆی دەبوو پێی دەدووان.

٧ هەمووان حەپەسابوون و بە سەرسامییەوە بەیەکتریان وت: "ئەرێ هەموو ئەوانەی قسە دەکەن گەلیلایی نین؟

٨ ئەی چۆن هەریەکەمان گوێی لە زمانی خۆی دەبێت کە لێی لەدایکبووە؟

٩ ئێمەی خەڵکی پەرتیا و میدیا و ئیلامی، دانیشتووانی میسۆپۆتامیا، ئیهوود و قاپودقیا، پونتوس و ئاسیا،

١٠ پرۆگیا و پەمپۆلیا، میسڕ و دەڤەرەکانی لیبیا ڕووەو قەورینێین، هەروەها لایدەکانی ڕۆما

١١ جوو و بەجووبوو قرێتێی و عەرەب، ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان باسی کرداره مەزنەکانی خودا دەکەن!".

١٢ هەموو سەرسام و حەپەسا بوون، بە یەکتریان دەووت: "دەبێ ئەمە چی بێت؟"

١٣ هەندێکی دیکە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانووت: "مەیی نوێیان زۆر خواردۆتەوە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ پەترۆس لەگەڵ یازدەکە ڕاوەستا، دەنگی بەرزکردەوە و پێی وتن: "ئەی پیاوانی جوو و هەموو ئەوانەی لە یروشلایم دانیشتوون، با ئەمە لەلاتان زانراو بێت و گوێ لە قسەکانم بگرن،

١٥ چونکە وەک بیردەکەنەوە ئەمانە سەرخۆش نین، چونکە کاژێر سێی ڕۆژە!

١٦ بەڵکو بەهۆی یۆئیل پێغەمبەر وتراوە:

١٧ *{خودا دەفەرمووێ: لە ڕۆژانی پایاندا ڕووحم بەسەر هەموو ئادەمیزاداندا دەڕێژم. کوڕان و کچانتان پێشبینی دەکەن، گەنجەکانتان بینین دەبینن، پیرەکانتان خەون دەبینن.*

١٨ *تەنانەت بە سەر کۆیلە و کەنیزەکانیشم، لەو ڕۆژانەدا ڕووحم دەڕێژم وئەوانیش پێشبینی دەکەن.*

١٩ *لە سەرەوە لە ئاسمان کاری سەیر ولە خوارەوە لەسەر زەوی پەرجو دەکەم: خوێن و ئاگر و ستوونی دووکەڵ.*

٢٠ *خۆر دەبێتە تاریکی ومانگیش دەبێتە خوێن، پێش ئەوەی ڕۆژی مەزن و بەناوبانگی پەروەردگار بێت.*

٢١ *جا هەر کەسێک بە ناوی پەروەردگارەوە بپاڕێتەوە، ڕزگاری دەبێت}.*

٢٢ پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: ئیشۆعی ناسرەتی پیاوێکە بۆتان سەلمێندرا، بە نیشانە و کاری سەیر و پەرجو کە خودا لە نێو ئێوەدا لەسەر دەستی ئەنجامی دا، وەک خۆشتان دەزانن.

٢٣ ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا ڕادەستتان کرد، بە دەستی گوناهباران لەخاچتان دا و کوشتتان.

٢٤ ئەوەی خودا هەستاندیەوە و لە ژانی مەرگ ئازادی کرد، چونکە نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە.

٢٥ چونکە داوید دەربارەی دەڵێ: *{هەمیشە پەروەردگار لەبەردەمم دەبینی، ئەو لەلای ڕاستمەوەیە، تاکو نەهەژێم.*

٢٦*بۆیە دڵشاد بووم و زمانم لە هەڵهەڵەدایە، تەنانەت جەستەم لە هیوادا نیشتەجێیە،*

٢٧ *چونکە تۆ گیانم لە دۆڵی بێبندا بەجێ ناهێڵیت، هەروەها ناهێڵیت تاقانەی پارسای خۆت بۆگەنی ببینێت.*

٢٨ *ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم، لەگەڵ ڕووی خۆت دڵم پڕی شادی دەکەیت}.*

٢٩ برایان، ڕێگا دراوە بە ئاشکرا پێتان بڵێم کە داویدی باوکمان مرد و نێژرا، گۆڕەکەشی تاکو ئەمڕۆ لەلامانە.

٣٠ ئەویش کە پێغەمبەر بوو، دەیزانی خودا بە سوێند، سوێندی بۆ خواردووە کە لە بەرهەمی پشتی ئەو بەپێی جەستە مەسیح لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت.

٣١ پێشبینیی کرد و باسی هەستانەوەی مەسیحەکەی کرد، کە نە لە دۆڵی بێبندا بەجێ هێڵدرا و نە جەستەشی بۆگەنی بینی.

٣٢ ئەم ئیشۆعە خودا هەستاندیەوە، ئێمەش هەموومان گەواهیدەرین بۆی.

٣٣ ئینجا بۆ لای ڕاستی خودا بەرزکرایەوە و بەڵێنی ڕووحی پارسای لە باوکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کەوا ئێوە دەیبینن و دەیبیستن.

٣٤ داوید بۆ ئاسمان بەرز نەبووەوە، بەڵکو خۆی دەڵێت: *{پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لەلای ڕاستم دانیشە*

٣٥ *تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێیەکانت}.*

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٦ جا با هەموو ماڵی ئیسرائیل بە دڵنیایی بزانن، ئەم ئیشۆعەی ئێوە لەخاچتان دا، خودا کردییە پەروەردگار و مەسیح".

٣٧ کاتێ گوێیان لێبوو، دڵیان کون بوو، بە پەترۆس و هەموو پەیامبەرانیان وت: "برایان، چی بکەین؟"

٣٨ پەترۆس پێی وتن: "تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی ئیشۆعی مەسیحەوە عەماد بکرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و دیاریی ڕووحی پارسا وەربگرن.

٣٩ چونکە بەڵێنەکە بۆ خۆتان و منداڵەکانتان و بۆ هەموو ئەوانەی دوورن، بۆ هەموو ئەوانەی کە پەروەردگار خوداوەندمان بانگییان دەکات".

٤٠ بە زۆر قسەی دیکەش گەواهیی بۆ دان و ئامۆژگاریی دەکردن و دەیووت: "خۆتان لەم نەوە چەوتە ڕزگار بکەن".

٤١ جا بە خۆشییەوە قسەکەیان وەرگرت و عەمادکران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە پاڵ.

٤٢ ئیتر ئەوان پەیوەست بوون لەسەر فێرکردنی پەیامبەران و هاوبەشییەتی، لەتکردنی نان و نوێژکردن.

٤٣ هەموو لە ناخدا سامگرتوو بوون، چونکە زۆر پەرجو و نیشانە لەسەر دەستی پەیامبەران کران.

٤٤ باوەڕداران هەموو پێکەوە بوون و لە هەموو شتێکیان هاوبەش بوون.

٤٥ماڵ و موڵکی خۆیان دەفرۆشت و بەگوێرەی پێویستی هەریەکەیان دابەشیان دەکرد.

٤٦ ڕۆژانە بە یەک دڵ بەردەوام لە پەرستگا دەبوون، لە ماڵەکاندا نانیان لەت دەکرد، بە خۆشی و ساکاری پێکەوە نانیان دەخوارد،

٤٧ ستایشی خودایان دەکرد و لەلای هەموو خەڵک پەسەند بوون. پەروەردگاریش ڕۆژانە ئەوانەی دەهێنایە پاڵ وارگە کە ڕزگاریان دەبوو.

کردار 3

١ لە کاتی نوێژی کاژێر نۆ، پەترۆس و یوحەننەن سەرکەوتن بۆ پەرستگا.

٢ پیاوێک بە زگماک ئیفلیج بوو، هەڵدەگیرا، ڕۆژانە بۆ سواڵکردن لەوانەی دەهاتنە پەرستگا، لەبەردەم ئەو دەرگایەی پەرستگا دادەنرا کە پێی دەووترا "جوان".

٣ پەترۆس و یوحەننەنی بینی بە نیازن بێنە نێو پەرستگا، داوای خێری لێکردن.

٤ پەترۆس لەگەڵ یوحەننەن تێیڕووانی، وتی: "سەیرمان بکە!"

٥ ئەویش چاوی تێبڕین و چاوەڕێی دەکرد شتێکیان لێ وەرگرێت.

٦ پەترۆس وتی: "نە زێڕ و نە زیوم هەیە، بەڵام ئەوەی هەمە دەتدەمێ: بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی ناسرەتییەوە، هەستە و ڕێ بکە!".

٧ ئینجا دەستی ڕاستی گرت و هەڵیستاند، یەکسەر هێز کەوتە پێ و پاژنەکانی.

٨ هەڵبەزییەوە و ڕاوەستا و ڕێی کرد، لەگەڵیان چووە نێو پەرستگا، ڕێی دەکرد و هەڵدەبەزییەوە و ستایشی خودای دەکرد.

٩ هەموو گەل بینییان ڕێ دەکات و ستایشی خودا دەکات.

١٠ جا ناسییانەوە کە ئەوەیە بۆ سواڵکردن لەلای دەرگای جوانی پەرستگا دادەنیشت، سەرسامی و حەپەساوییش دایگرتن لەوەی بەسەری هات.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ کاتێ پیاوە ئیفلیجەکە وا چاکبووەوە بە پەترۆس و یوخەننەنەوە لکابوو، هەموو گەل بە سەرسامییەوە ڕایانکردە لایان بۆ ئەو هەیوانەی کە پێی دەووترا "هەیوانی شلیمون".

١٢ کاتێ پەترۆس ئەمەی بینی، وەڵامی گەلەکەی دایەوە: "پیاوانی ئیسرائیل، چیتانە لەمە سەرسام بوونە؟ بۆچی چاوتان تێبڕیوین وەک ئەوەی بە توانا یان بە خواترسیمان وامان کردووە ڕێ بکات؟

١٣خوداوەندی ئەوڕاهەم و ئسخەق و یاقوو، خوداوەندی باوکانمان، ئیشۆعی ڕۆڵەی خۆی شکۆدار کرد، ئەوەی ئێوە ڕادەستتان کرد و لەبەردەم پیلاتوس نکۆڵیتان لێکرد، کە بڕیاری دابوو بەرییدات.

١٤ بەڵام ئێوە نکۆڵیتان لە پارسا و بێتاوانەکە کرد و داوای وەرگرتنەوەی بکوژێکتان کرد.

١٥ سەرۆکی ژیانیشتان کوشت، ئەوەی خودا لەنێو مردووواندا هەستاندیەوە و ئێمە گەواهیدەرین بۆ ئەوە.

١٦ بە باوەڕ بە ناوی ئەو، ئەم پیاوەی بەهێز کرد کەوا دەیبینن و دەیناسن. ناوی ئەو و باوەڕیش بەهۆی ئەو لەبەرچاوی هەمووتان ئەم تەندروستییەی پێی دا.

١٧ ئێستاش برایان، من دەزانم بە نەزانی ئەوەتان کرد، هەروەک سەرۆکەکانیشتان.

١٨ بەڵام خودا ئەوەی پێشتر لەسەر زاری هەموو پێغەمبەرانیەوە ڕایگەیاند، کەوا مەسیح ئازار دەچێژێت، ئاوا هێنایە دی.

١٩ کەواتە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە تاکو گوناهەکانتان بسڕێنەوە، تاکو لەلای پەروەردگارەوە کاتی حەسانەوەتان بێت و

٢٠ ئیشۆعی مەسیحتان بۆ بنێرێتەوە کە پێشتر بۆتانی دیاری کردبوو،

٢١ ئەوەی دەبێت لە ئاسمان بیهێڵێتەوە، تاکو کاتی چاککردنەوەی هەموو شتێک، ئەوەی لە کۆنەوە خودا لەسەر زاری هەموو پێغەمبەرە پارساکانی باسی کردووە.

٢٢ مووشێش بە باوکانی وت: *{پەروەردگار خوداوەندتان لەنێو برایانتاندا پێغەمبەرێکی وەک منتان بۆ پەیدا دەکات، لە هەموو ئەوەی پێتانی دەڵێت گوێی لێ بگرن.*

٢٣ *جا هەر کەسێک گوێ لەو پێغەمبەرە نەگرێت لەناو گەل دەبڕدرێتەوە}* .

٢٤ هەموو پێغەمبەرانیش، لە شموویئێل بەدواوە، هەموو ئەوانەی قسەیان کردووە، پێشوەخت باسی ئەم ڕۆژانەیان کردووە.

٢٥ ئێوەش ڕۆڵەی پێغەمبەران و ئەو پەیمانەن کە خودا لەگەڵ باوکانتاندا بەستی، بە ئەوڕاهەمی فەرموو: *{بە نەوەی تۆ هەموو نەتەوەکانی زەوی دارشت دەکرێن}* .

٢٦ یەکەمجار خودا ئیشۆعی ڕۆڵەکەی بۆ ئێوە بەدیهێناوە، ناردوویەتی تاکو دارشتتان بداتێ بە گەڕانەوەی هەریەکەتان لە خراپەکانی".

کردار 4

١ کاتێ پەترۆس و یوخەننەن قسەیان بۆ گەل دەکرد، کاهینان و سەرۆکی سەربازانی پەرستگا و زادوقییەکان هاتنە لایان،

٢ بێزار بوون، چونکە گەلیان فێردەکرد و لە ئیشۆعدا هەستانەوەی لەنێو مردووانیان ڕادەگەیاند.

٣ بۆیە گرتیانن و تا بەیانی لە زیندانیان کردن، چونکە دەمەو ئێوارە بوو.

٤ زۆر لەوانەی قسەکانیان بیست باوەڕیان هێنا و ژمارەی پیاوان گەیشتە نزیکەی پێنج هەزار.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ بۆ بەیانی پێشەوایان و پیران و تەوراتزانەکان لە یروشلایم کۆبوونەوە،

٦ لەگەڵ خەننەن کاهینی باڵا و قەیاپا و یوخەننەن و ئەسکەندەر و هەموو ئەوانەی لە تیرەی کاهینی باڵا بوون.

٧کاتێ پەترۆس و یوخەننەنیان لەناوەڕاست ڕاگرت، پرسیان لێکردن: "بە چ هێزێک و بە چ ناوێک ئەمەتان کرد؟"

٨ جا پەترۆس پڕبوو لە ڕووحی پارسا، پێی وتن: "ئەی پێشەوایانی گەل و ئەی پیران،

٩ ئەگەر ئەمڕۆ لەسەر چاکەیەک بۆ پەککەوتەیەک کراوە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دەکرێت، بە چی چاکبووەتەوە،

١٠ با لەلای هەمووتان و هەموو گەلی ئیسرائیل زانراو بێت، بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی ناسرەتی، ئەوەی ئێوە لەخاچتان دا و خوداش لەنێو مردووواندا هەستاندیەوە، ئەم کابرایە بەو تەندروستییە لەبەردەمتان ڕاوەستاوە.

١١ ئەمە ئەو *{بەردەیە کە ئێوەی وەستا سووکایەتیان پێ کرد، ئەوەی بووە بەردی قولینچك}* .

١٢ بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسماندا نییە لەنێو خەڵکدا درابێت، بەوەوە ڕزگار بین".

١٣ کاتێ ئازایەتی پەترۆس و یوخەننەنیان بینی و زانییان کەسێکی بێ ڕۆشنبیری و سادەن، سەرسام بوون، زانییان کە لەگەڵ ئیشۆعدا بوونە.

١٤ بەڵام کە ئەو پیاوەیان بینی لەگەڵیان ڕاوەستابوو، ئەوەی چاکبووەوە، هیچیان نەبوو وەڵامی پێ بدەنەوە.

١٥ ئەوسا فەرمانیان پێدان لە سەنهەدریم بڕۆنە دەرەوە و لەنێو خۆیاندا پیلانیان گێڕا و وتیان:

١٦ "چی لەم دوو پیاوە بکەین؟ چونکە ئاشکرایە بۆ هەموو دانیشتووانی یروشلایم کە پەرجوێکی بەرچاو بەهۆی ئەمانەوە کراوە، ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین.

١٧ بەڵام نەوەک زیاتر لەنێو گەل بڵاو بێتەوە، هەڕەشەیان لێ دەکەین ئیتر لەلای خەڵک باسی ئەم ناوە نەکەن".

١٨ ئینجا بانگیان کردن و ڕایانسپاردن کە هەرگیز بە ناوی ئیشۆع دەم نەکەنەوە و کەسیش فێرنەکەن.

١٩ پەترۆس و یوخەننەنیش وەڵامیان دایەوە و وتیان: "ئێوە حوکم بدەن، ئەگەر ڕاستە لەبەردەم خودا گوێ لە ئێوە بگرین زیاتر لە خودا.

٢٠ چونکە ئەوەی ئێمە بینیوومانە و بیستوومانە ناتوانین باسی نەکەین".

٢١ دوای هەڕەشەی زیاتر، بەریاندان، لەبەر خەڵکەکە نەیانزانی چۆن سزایان بدەن، لەبەر ئەوەی ڕوویدابوو، چونکە هەموو خودایان شکۆدار دەکرد.٢٢ چونکە ئەو پیاوەی ئەم پەرجوەی چاکبوونەوەی بەسەرهاتبوو لە چل ساڵ زیاتر بوو.

٢٣ کە بەربوون، هاتنە لای هاوڕێیەکانیان و هەموو ئەو شتانەی کاهینانی باڵا و پیران پێیان وتبوون بۆیان گێڕانەوە.

٢٤ کە ئەمەیان بیست، بە یەک دڵ هاواریان بۆ خودا کرد و وتیان: "ئەی گەورە، تۆی خوداوەندی دروستکاری ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەوانەی تیایاندایە.

٢٥ لەسەر زاری داویدی ڕاژەوانت فەرمووت: *{بۆچی نەتەوەکان وروژاون وگەلان بیری نارەوا دەکەن؟*

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٦ *پاشایانی زەوی هەستان، سەرۆکەکان پێکەوە کۆبوونەوە دژی پەروەردگار و مەسیحەکەی}* .

٢٧ چونکە بە ڕاستی، هیڕوودس و پیلاتوسی پونتی لەگەڵ نەتەوە و گەلانی ئیسرائیل دژی ئیشۆع یەکیان گرت، ڕاژەوانە پارساکەت، ئەوەی کە دەستنیشانت کرد،

٢٨ تاکو هەرچی لەپێشا دەستت و خواستت نەخشەی بۆ کێشابوو بیکەن.

٢٩ ئێستاش پەروەردگار، سەیری هەڕەشەکانیان بکە، بە کۆیلەکانی خۆت ببەخشە کە بەوپەڕی ئاشکرایی بە فەرموودەکانت بدوێن،

٣٠ کاتێ دەستت دەبەیت تاکو چاکبوونەوە و نیشانە و پەرجو بە ناوی ئیشۆعی ڕاژەوانی پارساتەوە بکرێت".

٣١ کاتێ نوێژیان دەکرد، ئەو شوێنەی تیایدا کۆببوونەوە لەرزی و هەموو لە ڕووحی پارسا پڕبوون، ئاشکرا بە وشەی خودا دەدووان.

٣٢ کۆمەڵی باوەڕداران یەک دڵ و گیان بوون، کەس نەیدەووت ئەوەی هەیەتی هی خۆیەتی، بەڵکو هەموو شتێکیان هاوبەش بوو.

٣٣ پەیامبەران بە هێزێکی مەزن گەواهیی هەستانەوەی ئیشۆعی پەروەردگاریان دەدا، بەخششێکی گەورەش بەسەر هەموویانەوە بوو.

٣٤ کەسی نەبوونیان تێدا نەبوو، چونکە هەموو ئەوانەی خاوەن کێڵگە و ماڵ بوون دەیانفرۆشت، پارەکەیان دەهێنا و

٣٥ لەبەرپێی پەیامبەران دایاندەنا، ئەوانیش دابەشیان دەکرد، هەر یەکێک بەگوێرەی پێویستی.

٣٦ یۆسپ، لیوییەکی ڕەگەز قوبڕسییە، کە پەیامبەران ناویان لێنا بەرنڤا، واتا ڕۆڵەی هاندەر،

٣٧ کێڵگەیەکی هەبوو، فرۆشتی و پارەکەی هێنا، خستییە بەرپێی پەیامبەران.

کردار 5

١ پیاوێک ناوی خەنەنیا بوو، لەگەڵ سەفیرەی ژنی مولکێکی فرۆشت.

٢ بە ئاگاداریی ژنەکەی بەشێک لە نرخەکەی شاردەوە و بەشێکی هێنا و خستییە بەرپێی پەیامبەران.

٣ پەترۆس وتی: "خەنەنیا، بۆچی شەیتان دڵی پڕکردوویت، تاکو درۆ لەگەڵ ڕووحی پارسا بکەیت و لە نرخی زەوییەکە بەشێکی بشاریتەوە؟

٤ ئەگەر بمایە بۆ خۆت نەدەمایەوە؟ کە فرۆشراش هەر لە دەسەڵاتی خۆت نەبوو؟ ئیتر بۆچی ئەم کارەت خستە دڵت؟ تۆ درۆت لەگەڵ خەڵک نەکرد، بەڵکو لەگەڵ خودا".

٥ کاتێ خەنەنیا ئەم قسەیەی بیست کەوت و مرد. هەموو ئەوانەی ئەمەیان بیست ترسێکی گەورەیان لێ نیشت.

٦ گەنجەکانیش هەستان و کفنیان کرد، هەڵیانگرت بۆ دەرەوە و ناشتیان.

٧ پاش نزیکەی سێ کاژێر، ژنەکەی هاتە ژوورە و نەیدەزانی چی ڕوویداوە.

٨ پەترۆس لێی پرسی: "پێم بڵێ: زەوییەکەتان بەم بڕە فرۆشت؟" وتی: "بەڵێ، بەم بڕە".

٩ پەترۆس پێی وت: "بۆچی ڕێککەوتن ڕووحی پەروەردگار تاقی بکەنەوە؟ ئەوەتا ئەوانەی مێردەکەتیان ناشت پێیان لەبەردەرگایە، تۆش هەڵدەگرنە دەرەوە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ یەکسەر لەبەرپێی کەوت و مرد. کاتێ گەنجەکان هاتنە ژوورەوە و بینییان مردووە، هەڵیانگرتە دەرەوە و لە تەنیشت مێردەکەی ناشتیان.

١١ ئیتر ترسێکی گەورە هاتە سەر هەموو وارگە و هەموو ئەوانەی ئەمانەیان بیست.

١٢ لەسەر دەستی پەیامبەران زۆر نیشانە و پەرجو لەنێو گەلدا کرا. هەمووان یەک دڵ بوون لە هەیوانی شلیموندا.

١٣ کەس نەیدەوێرا بچێتە پاڵیان، چونکە گەل زۆر ڕێزیان دەگرتن.

١٤خەڵکی زیاتر باوەڕیان دەهێنا و دەهاتنە پاڵ پەروەردگار، ژن و پیاو بە کۆمەڵ،

١٥ تەنانەت نەخۆشیان دەهێنایە سەر شەقام و لەسەر جێگا و نوێن دایاندەنان، بەڵکو ئەگەر پەترۆس هات، سێبەرەکەی بکەوێتە سەر هەندێکیان.

١٦ جەماوەری شارەکانی دەوروپشتی یروشلایمیش کۆببوونەوە، نەخۆش و ئەوانەیان هەڵگرتبوو کە بە دەست ڕووحی گڵاو دەیانناڵاند، جا هەموویان چاکدەبوونەوە.

١٧ بەڵام کاهینی باڵا و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون لە ڕێبازی زادوقی هەستان و پڕبوون لە ئیرەیی.

١٨ پەیامبەرانیان گرت و فڕێیاندانە زیندانی گشتییەوە.

١٩ بەڵام فریشتەی پەروەردگار لە شەودا دەرگاکانی زیندانەکەی کردەوە و بردنییە دەرەوە، فەرمووی:

٢٠ "بڕۆن بۆ پەرستگا و ڕاوەستن، تەواوی پەیامی ئەم ژیانە بە خەڵکی بڵێن".

٢١ کە بیستیان، بەیانی زوو چوونە پەرستگا و دەستیان کرد بە فێرکردن. ئینجا کاهینی باڵا و ئەوانەی لەگەڵی بوون هاتن، سەنهەدریم و هەموو پیرانی نەوەی ئیسرائیلیان بانگکرد و ناردیان لە زیندان بیانهێنن.

٢٢ بەڵام کە پاسەوانەکان هاتن، لە زیندان نەیاندۆزینەوە، گەڕانەوە و هەواڵیان دا و وتیان:

٢٣"زیندانەکەمان بینی بە باشی داخرابوو، پاسەوانیش لەبەردەرگاکان ڕاوەستابوون، بەڵام کاتێ کردمانەوە کەسمان تیایدا نەبینی".

٢٤ کاتێ کاهین و سەرۆکی پاسەوان و کاهینانی باڵا ئەمەیان بیست، لێیان سەرسام بوون: دەبێت ئەمە بگاتە چی؟.

٢٥ ئینجا یەکێک هات هەواڵی پێ دان و وتی: "ئەوەتا ئەو پیاوانەی فڕێتاندانە زیندان، وا لە پەرستگادا ڕاوەستاون و گەل فێر دەکەن!".

٢٦ ئەوسا سەرۆک و پاسەوانان و ڕاژەوانان ڕۆیشتن و بێ توندوتیژی پەیامبەرانیان هێنا، چونکە دەترسان گەل بەردبارانیان بکەن.

٢٧ کاتێ ئەوانیان هێنا لەبەردەم سەنهەدریمدا ڕایانگرتن، کاهینی باڵا لێی پرسین:

٢٨ "بە توندی فەرمانمان پێ نەکردن کە خەڵکی بەم ناوە فێر نەکەن؟ ئەوەتا یروشلایمتان لە فێرکردنەکانتان پڕ کردووە و دەتانەوێ خوێنی ئەو پیاوە بخەنە ئەستۆمان".

٢٩ پەترۆس و پەیامبەران وەڵامیان دایەوە و وتیان: "دەبێت خودا لە خەڵک زیاتر گوێڕایەڵی بکرێت.

٣٠ خوداوەندی باوکانمان ئیشۆعی هەستاندەوە، ئەوەی بە هەڵواسینی لەسەر تەختەدار کوشتتان.

٣١ خودا ئەمی وەک سەرۆک و ڕزگاریدەر بە دەستەڕاستی خۆی بەرزی کردەوە، تاکو تۆبەکردن و لێخۆشبوونی گوناه بە ئیسرائیل ببەخشێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٢ ئێمە گەواهیدەری ئەم شتانەین، هەروەها ڕووحی پارساش، ئەوەی خودا بەخشیویەتییە ئەوانەی گوێڕایەڵن بۆی”.

٣٣ کاتێ گوێیان لێبوو زۆر تووڕە بوون، ویستیان بیانکوژن.

٣٤ بەڵام پەڕیشییەک ناوی گەملیئێل بوو، ڕابیی تەورات و ڕێزدار بوو لەلای هەموو گەل، لە سەنهەدریم هەستا و فەرمانی دا بۆ ماوەیەکی کەم پەیامبەران ببردرێنە دەرەوە.

٣٥ ئینجا پێی وتن: “پیاوانی ئیسرائیل، ئاگاداری خۆتان بن لەوەی دەتانەوێ بەم پیاوانەی بکەن.

٣٦ چونکە پێش ئەم ڕۆژانە توداس هەستا و خۆی بە شتێک دادەنا، نزیکەی چوار سەد پیاو لێی کۆبوونەوە، بەڵام کوژرا و هەموو ئەوانەی دوای کەوتبوون بڵاو بوونەوە، بوونە هیچ.

٣٧ دوای ئەمەش لە ڕۆژانی ناونووسینەکەدا ئیهوودای گلیلای هەستا و خەڵکانێکی بەدوای خۆیدا لەخشتە برد، ئەویش لەناوچوو و ئەوانەی دوای کەوتبوون پەرتەوازە بوون.

٣٨ ئێستاش پێتان دەڵێم: لەم پیاوانە دوور بکەونەوە و لێیانگەڕێن! چونکە ئەگەر ئەم بیروباوەڕە یاخود ئەم کارە لە خەڵکەوە بێت، ئەوا تێکدەچێت.

٣٩ئەگەریش لە خوداوە بێت، ناتوانن تێکی بدەن، ئەگینا خۆتان دەبیننەوە دژی خودا دەجەنگن”.

٤٠جا بە قسەیان کرد، ئیتر پەیامبەرانیان بانگکرد و قامچییان لێدان، ڕایانسپاردن ناوی ئیشۆع نەهێنن، ئینجا ئازادیان کردن.

٤١ بەڵام ئەوان بە دڵشادییەوە لەبەردەم سەنهەدریم دەرچوون، چونکە وا دانران شایانی ئەوە بن بۆ ناوی ئەو سووکایەتییان پێ بکرێت.

٤٢ ئیتر هەموو ڕۆژێک لە پەرستگا و لە ماڵاندا، خەڵکیان فێردەکرد و موژدەی ئیشۆعی مەسیحیان دەدا.

کردار 6

١ لەو ڕۆژانەدا کە قوتابییەکان زیادیان دەکرد، جوو یۆنانییەکان بۆڵەبۆڵیان لەسەر عیبڕانییەکان کرد کە لە یارمەتی ڕۆژانەی بێوەژنەکانیان پشتگوێ دەخرێن.

٢ بۆیە دوازدەکە کۆمەڵی قوتابییەکانیان بانگکرد و وتیان: “باش نییە واز لە وشەی خودا بهێنین و ڕاژەی خوانەکان بکەین.

٣ برایان، لەنێو خۆتاندا حەوت پیاو هەڵبژێرن کە ناوبانگیان باش بێت و پڕبن لە ڕووحی پارسا و داناییەکەی، تاکو لەسەر ئەم ئەرکە دایانبنێین.

٤ ئێمەش خۆمان تەرخان دەکەین بۆ نوێژکردن و ڕاژەی وشەی خودا”.

٥ هەموو کۆمەڵەکە ئەم پێشنیارەیان بەدڵ بوو، جا ئستیفانۆسیان هەڵبژارد، کە پیاوێکی پڕ لە باوەڕ و ڕووحی پارسا بوو، لەگەڵ پیلیپوس و پروخۆرس و نیکانۆر و تیمۆن و پەرمیناس و نیقالیئۆسی ئەنتاکی کە ببووە جوو.

٦ لەپێش پەیامبەرانیان ڕاگرتن، ئەوانیش نوێژیان کرد و دەستیان لەسەر دانان.

٧ ئیتر وشەی خودا گەشەی دەکرد، ژمارەی قوتابییەکانیش لە یروشلایم زۆر زیاتر بوو، ژمارەیەکی زۆر لە کاهینانیش گوێڕایەڵی باوەڕەکە بوون.

٨ ئستیفانۆس پڕ لە باوەڕ و هێز بوو، نیشانە و پەرجوی مەزنی لەنێو گەلدا دەکرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ جا هەندێک لەوانەی لەو کەنیشتەن کە پێی دەووترا کەنیشتی ئازادکراوان، لەگەڵ قەورینێکان و ئەسکەندەرییەکان و ئەوانەی لە قیلیقیا و ئاسیادان، هەستان و گفتوگۆیان لەگەڵ ئستیفانۆس کرد.

١٠ بەڵام نەیانتوانی بەربەرەکانێی ئەو داناییە و ڕووحە بکەن کە پێی دەدووا.

١١ بۆیە بەدزییەوە پیاویان هاندا تاکو بڵێن: ''ئێمە بیستمان سەبارەت بە مووشێ و خودا کفری دەکرد''.

١٢ ئینجا گەل و پیران و تەوراتزانەکانیان جۆش دا، هاتنە سەری و ڕفاندیان، بۆ سەنهەدریمیان هێنا.

١٣ گەواهیدەری درۆزنیان دانا، دەیانووت: ''ئەم پیاوە وەستانی نییە لە کفرکردن دژی ئەم شوێنە پارسایەو تەورات.

١٤ چونکە بیستمان دەیووت کە ئیشۆعی ناسرەتیی ئەم شوێنە تێکدەدات و ئەو نەریتانە دەگۆڕێت کە لە مووشێوە وەرمانگرتووە''.

١٥ جا هەموو ئەوانەی لە سەنهەدریم دانیشتبوون چاویان تێبڕی و بینییان ڕووی وەک ڕووی فریشتە وایە.

کردار 7

١ کاهینی باڵا لێی پرسی: ''ئەم شتانە وان؟''

٢ ئەویش وتی: ''برایان و باوکان گوێبگرن! خوداوەندی شکۆ بۆ ئەوڕاهەمی باوکمان دەرکەوت کاتێ لە میسۆپۆتامیا بوو، پێش ئەوەی لە حاران نیشتەجێ بێت،

٣ پێی فەرموو: *{لە زەوی و هۆزی خۆت دەرچۆ و وەرە بۆ ئەو زەوییەی پیشانت دەدەم}* .

٤ زەویی کلدانییەکانی بەجێهێشت و لە حاران نیشتەجێ بوو. دوای مردنی باوکی، خودا لەوێوە گواستییەوە بۆ ئەم زەویەی ئێوە ئێستا تیایدا نیشتەجێن.

٥لێرەدا هیچ میراتێکی پێی نەدا، تەنانەت شوێن پێیەکیش. بەڵام بەڵێنی پێدا کە *{بە موڵک بیداتە خۆی و نەوەکەی لەدوای خۆی}* ، هێشتا منداڵی نەبوو.

٦ خوداش ئاوای فەرموو:*{وەچەکانت لە زەویەکی نامۆ دەبن کە هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێننەوە.*

٧*لەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە وەک کۆیلە ڕاژەی دەکەن}* ، خودا فەرموویەتی، *{دوای ئەوە دردەچن و لەم شوێنە دەمپەرستن}* .

٨ هەروەها پەیمانی خروسەبڕانی لەگەڵ بەست. جا ئسخەقی بوو، لە هەشت ڕۆژیدا خروسەبڕانی کرد. ئسخەقیش یاقووی بوو، یاقووش دوازدە باوکەکە.

٩ باوکانیش ئیرەییان بە یۆسپ برد، فرۆشتیانە میسڕ. بەڵام خودای لەگەڵ بوو،

١٠ لە هەموو ناخۆشییەکانی ڕزگاری کرد، لەبەردەم پڕعونی پاشای میسڕدا بەخشش و دانایی پێ دا. ئەویش بەرپرسێتیی میسڕ و هەموو ماڵەکەی خۆی پێ دا.

١١ ئینجا برسێتی و تەنگانەیەکی مەزن بەسەر هەموو میسڕ و کەنعاندا هات، باوکانمان خواردنیان دەست نەدەکەوت.

١٢ کاتێ یاقوو بیستی لە میسڕدا دانەوێڵە هەیە، جاری یەکەم باوکانمانی نارد.

١٣ بۆ جاری دووەم یۆسپ بە برایانی ناسرا، بنەماڵەی یۆسپیش بۆ پڕعون دەرکەوت.

١٤ ئیتر یۆسپ ناردی یاقووی باوکی هەموو هۆزەکەی بۆ میسڕ بانگکرد، حەفتا و پێنج کەس بوون.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ جا یاقوو بۆ میسڕ دابەزی و مرد، خۆی و باوکانمان.

١٦ ئینجا بۆ شەکیم گەڕاندیانەوە و لەو گۆڕە ناشتییان کە ئەوڕاهەم لە شەکیم بە بڕێک زیو لە کوڕەکانی حەمۆری کڕی.

١٧ بەڵام ئەو کاتەی بەڵێنەکە نزیک دەبووەوە کە خودا بۆ ئەوڕاهەم سوێندی خواردبوو، گەل لە میسڕ پەرەیان دەسەند و زۆردەبوون،

١٨ تاکو *{پاشایەکی دیکە لە میسڕ هاتە سەر تەخت یۆسپی نەدەناسی}* .

١٩ لەگەڵ نەژادەکەمان بە فێڵ دەجوڵایەوە و خراپەی لەگەڵ باوباپیرانمان کرد، ناچاری دەکردن منداڵە ساواکانیان دووربخەنەوە تاکو بمرن.

٢٠ لەو کاتەدا مووشێ لەدایکبوو. زۆر جوان بوو، سێ مانگ لە ماڵی باوکی بەخێوکرا،

٢١کاتێ دوور خرایەوە، کچی پڕعون هەڵیگرتەوە و کردییە کوڕی خۆی و بەخێوی کرد.

٢٢مووشێش لەنێو هەموو دانایی میسڕییەکان پەروەردە کرا، بە توانا لە قسە و کرداردا.

٢٣ کاتێ تەمەنی بووە چل ساڵ، هاتە سەر دڵی سەردانی براکانی بکات، نەوەی ئیسڕائیل.

٢٤ یەکێکی بینی ستەمی لێ دەکرێت، بەرگری لێکرد و دادوەری بۆ ستەم لێکراو کرد، میسڕییەکەی کوشت.

٢٥ وایزانی برایانی تێدەگەن کە خودا لەسەر دەستی ئەو قورتاریان دەکات. بەڵام تێنەگەیشتن.

٢٦ ڕۆژی دووەم دوو لە برایانی بۆی دەرکەوتن و بەشەڕدەهاتن، هەوڵی دەدا ئاشتیان بکاتەوە، وتی: ئێوە بران، بۆچی دەست بۆ یەکتری درێژ دەکەن؟

٢٧ بەڵام ئەوەی ستەمی لە نزیکەکەی دەکرد، پاڵێکی پێوە نا و وتی: *{کێ تۆی کردووە بە سەرۆک و دادوەر بەسەرمان؟*

٢٨ *دەتەوێ بمکوژیت وەک دوێنێ میسڕییەکەت کوشت؟}*

٢٩ مووشێش بەهۆی ئەم قسەیەوە هەڵات، لە زەویی میدیان بووە بێگانە و لەوێ دوو کوڕی بوو.

٣٠ دوای ئەوەی چل ساڵ تەواوبوو، فریشتەی خوداوەند لە بیابانی شاخی سینەی لەنێو دەوەنێکی داگیرساودا بۆی دەرکەوت.

٣١ مووشێش ئەمەی بینی و لە دیمەنەکە سەرسام بوو، دەچووە پێش تاکو لە نزیکەوە سەیر بکات، دەنگی پەروەردگار هات:

٣٢ *{منم خودای باوکانت، خودای ئەوڕاهەم و ئسخەق و یاقوو}* . بەڵام مووشێ لەرز گرتی و نەیوێرا سەیر بکات.

٣٣ *{جا پەروەردگار پێی فەرموو: سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاوی زەویەکی پارسایە.*

٣٤ *من نەهامەتیی گەلی خۆم لە میسڕ بینی و ناڵەیانم بیست، دابەزیم تاکو قورتاریان بکەم. ئێستاش وەرە، دەتنێرمە میسڕ}* .

٣٥ ئەوە مووشێیە کە ڕەتیان کردەوە و وتیان: *{کێ تۆی کردووە بە سەرۆک و دادوەر بەسەرمان؟}* هەر ئەو بوو خودا وەک سەرۆک و قوربانیدەر بە دەستی ئەو فریشتەیە ناردی کە لە دەوەنەکەدا بۆی دەرکەوت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٦ ئەم دەریهێنان، لە ماوەی چل ساڵدا پەرجو و نیشانەی لە خاکی میسڕ و دەریای سوور و چۆڵەوانیش کرد.

٣٧ ئەمە ئەو مووشێیە کە بە نەوەی ئیسرائیلی وت: *{خودا لەنێو برایانتان پێغەمبەرێکی وەکو منتان بۆ پەیدادەکات، گوێی لێ بگرن}* .

٣٨ هەر ئەویش بوو لە چۆڵەوانی لەنێو وارگەکەدا بوو، لەگەڵ ئەو فریشتەیەی لە شاخی سینەی قسەی لەگەڵی دەکرد، لەگەڵ باوکانیشمان، ئەوەی وتە زیندووەکانی وەرگرت تاکو بماندانێ.

٣٩ بەڵام باوکانمان نەیانویست گوێرایەڵی بن. بەڵکو ڕەتیانکردەوە و دڵیان بۆ میسڕ دەگەڕایەوە.

٤٠ بە هاڕونیان وت:*{خوداوەندێکمان بۆ دروست بکە لەپێشمانەوە بێت، چونکە ئەم مووشێیەی لە زەویی میسڕەوە دەریهێناین نازانین چی لێهات!}* .

٤١ لەو ڕۆژانەدا بتێکیان لە شێوەی گۆلک دروستکرد و قوربانییان بۆ کرد، بە دەستکردی خۆیان دڵشاد بوون.

٤٢ خوداش ڕووی لێ وەرگێڕان و وازی لێ هێنان ئەستێرەکانی ئاسمان بپەرستن، وەک لە سیپارەی پێغەمبەراندا نووسراوە: *{ئەی ماڵی ئیسرائیل، ئایا بە درێژایی چل ساڵ لە چۆڵەوانی قوربانیی سەربڕاو و پێشکەشکراوتان بۆ من کرد؟*

٤٣ نەخێر، بەڵکو ڕەشماڵی بتی مۆلۆختان لەگەڵ ئەستێرەی خداوەندی خۆتان هەڵگرت، ڕەمفان، ئەو پەیکەرانەی دروستتان کرد تاکو کڕنۆشی بۆ ببەن. بۆیە بۆ دوورتر لە باڵ دوورتان دەخەمەوە} .

٤٤ نشینگەی گەواهیدانیش لە چۆڵەوانیدا لەگەڵ باوباپیرانمان بوو، هەروەک ئەوەی خودا فەرمانی بە مووشێ کرد لەسەر ئەو نموونەیە دروستی بکات کە بینیویەتی.

٤٥ جا باوکانمان نشینگەکەیان وەرگرت و لەگەڵ یەشوع بردییانە نێو موڵکی ئەو گەلانەی خودا لەبەردەمی باوکانمان دەریکردن تا ڕۆژانی داوید،

٤٦ ئەوەی لەلای خودا ڕەزامەندیی بەدەستهێنا، ئەویش هەوڵی دا نشینگەیەک بۆ خداوەندی یاقوو دروست بکات.

٤٧ بەڵام شلیمون بوو کە خانوویەکی بۆ دروستکرد.

٤٨ بەڵام خودای هەرەبەرز لە ماڵی دەستکرد نیشتەجێ نابێت، وەک پێغەمبەر وتوویەتی:

٤٩ *{ئاسمان تەختی منە و زەویش تەختەپێمە، چ ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێن؟ پەروەردگار دەفەرموێ، لەکوێیە شوێنی حەوانەوەم؟*

٥٠ *ئایا دەستی من هەموو ئەم شتانەی دروست نەکردووە؟}*

٥١ ئەی کە للـەڕەقان، ئەی دڵ و گوێ خروسەبڕان نەکراوان! ئێوە وەک باوکانتان هەمیشە بەربەرەکانێی ڕووحی پارسا دەکەن! باوکانتان چۆن بوون ئێوەش وان.

٥٢ باوکانتان چ پێغەمبەرێکیان نەچەوساندۆتەوە؟ ئەوانەشیان کوشت کە زوو باسی هاتنی بێتاوانەکەیان دەکرد، ئەوەی ئێستا ئێوە ڕادەستتان کرد و کوشتتان

٥٣ ئێوە تەوراتتان بە ڕێنمایی فریشتەکان وەرگرت و پەیڕەوتان نەکرد".

٥٤ کاتێ گوێیان لەمانە بوو، دڵیان پڕبوو لە کینە و ددانیان لێی جیڕکردەوە.

٥٥ بەڵام ئەو پڕ ببوو لە ڕووحی پارسا، چاوی بڕییە ئاسمان، شکۆی خودای بینی و ئیشۆعیش لەلای ڕاستی خودا وەستابوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥٦ وتی: ‘‘دەبینم ئاسمان کراوەتەوە و ڕۆڵەی مرۆڤیش لەلای ڕاستی خودا ڕاوەستاوە’’.

٥٧ بە دەنگێکی بەرز هاواریان کرد و گوێی خۆیان داخست، پێکڕا پەلاماریان دا،

٥٨ بردییانە دەرەوەی شار و بەردبارانیان کرد. گەواهیدەرەکانیش جلەکانیان لەبەرپێی گەنجێک داکەند ناوی شاوول بوو.

٥٩ کاتێ ئستیفانۆسیان بەردباران دەکرد، نوێژی دەکرد و دەیووت: ‘‘ئیشۆعی پەروەردگار، ڕووحم وەربگرە!’’

٦٠ ئینجا چۆکی دادا و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ‘‘پەروەردگار، ئەم گوناهەیان لەسەر مەنووسە’’. ئەمەی وت و نووست.

کردار 8

١ شاوول بە کوشتنی ئستیفانۆس ڕازی بوو. لەو ڕۆژەدا وارگە لە یروشلایم تووشی چەوسانەوەیەکی توند هات. هەموو بە ناوچەکانی ئیهوود و شمرندا پەرشوبڵاو بوونەوە، جگە لە پەیامبەران.

٢ هەندێک پیاوی لەخواترس ئستیفانۆسیان ناشت و پرسەیەکی گەورەیان بۆ دانا.

٣بەڵام شاوول هەڵدەکوتایە نێو وارگە، ماڵ بە ماڵ ژن و پیاوی ڕادەکێشا و فڕێیدەدانە زیندان.

٤ ئەوانەی پەرشوبڵاو ببوونەوە دەگەڕان و موژدەی وشەکەیان دەدا.

٥ پیلیپوس شۆڕبووەوە شارێکی شمرنی و مەسیحەکەی بۆ ڕادەگەیاندن.

٦ کۆمەڵەکە بە یەک دڵ گوێیان لەوە دەگرت کە پیلیپوس دەیووت، کاتێ ئەو نیشانانەیان دەبیست و دەبینی کە دەیکرد.

٧ ڕووحی گڵاویش لە زۆر کەس لەوانەی تیایاندا بوو بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەردەچوون، زۆر گۆج و شەلیش چاکبوونەوە.

٨ جا شادییەکی گەورە ئەو شارەی گرتەوە.

٩ پێشتر لە شارەکە پیاوێک هەبوو ناوی سیمۆن بوو، جادووی دەکرد و خەڵکی شمرنی سەرسام کردبوو، دەیووت: من شتێکی مەزنم!.

١٠ گەورە و بچووک هەموو دوای دەکەوتن و دەیانووت: ‘‘ئەمەیە هێزی مەزنی خودا’’.

١١ ئەوان دوای دەکەوتن، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو بە جادووەکەی سەرسامی کردبوون.

١٢ بەڵام کاتێ پیلیپوس موژدەی دەرباەری پاشایەتی خودا و ناوی ئیشۆعی مەسیحی پێدان، بڕوایان کرد، ژن و پیاویش عەمادکران.

١٣ سیمۆنیش بەخۆی باوەڕی هێنا، کاتێ عەمادکرا دوای پیلیپوس کەوت، نیشانە و پەرجوی گەورەی دەبینی دەکرا، سەرسام بوو.

١٤ کاتێ پەیامبەران لە یروشلایم بیستیان شمرن وشەی خودای پەسەند کردووە، پەترۆس و یوخەننەیان بۆ ناردن.

١٥ کاتێ هاتن، نوێژیان بۆ کردن تاکو ڕووحی پارسا وەربگرن،

١٦چونکە هێشتا نەهاتبووە سەر کەسیان، تەنها بە ناوی ئیشۆعی پەروەردگار عەمادکرابوون.

١٧جا دەستیان لەسەر دانان و ڕووحی پارسایان وەرگرت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ کاتێ سیمۆن بینی بە دەست دانانی پەیامبەران ڕووحەکە دەدرێت، پارەی بۆ هێنان و
١٩ وتی: ‘‘ئەو دەسەڵاتە بە منیش بدەن، تاکو دەست لەسەر هەر کەسێک دابنێم ڕووحی پارسا وەربگرێت’’.
٢٠ پەترۆس پێی وت: ‘‘با زیوەکەت لەگەڵ خۆت لەناوبچێت! چونکە واتزانی بەهرەی خودا بە پارە دسێنرێت!
٢١ لەم شتەدا نە بەشت هەیە و نە پشک، چونکە دڵت بەرامبەر خودا ڕاست نییە.
٢٢ لەم خراپەیەت تۆبە بکە و لە پەروەردگار بپاڕێوە بەڵکو لە هزری دڵت خۆش بێت،
٢٣ چونکە دەتبینم لە تاڵی تاڵاو و بەندی گوناهیت’’.
٢٤ سیمۆن وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘ئێوە لە پێناوی من داوا لە پەروەردگار بکەن، تاکو هیچ شتێک لەوەی باستان کرد بە سەرمدا نەیەت’’.
٢٥ ئینجا دوای ئەوەی گەواهییان دا و بە وشەی پەروەردگار قسەیان کرد، گەڕانەوە یروشلایم و موژدەیان دایە زۆر گوندی شمرنی.
٢٦ ئینجا فریشتەی پەروەردگار لەگەڵ پیلیپوس دووا و وتی: ‘‘هەستە و بەرەو باشوور بڕۆ، لەسەر ئەو ڕێگایەی لە یروشلایمەوە بۆ غەزە شۆڕ دەبێتەوە، کە چۆڵەوانییە’’.
٢٧ ئەویش هەستا و ڕۆیشت، پیاوێکی خەساوی حەبەشی، شالیاری دارایی کنداکەی شاژنی حەبەشە بوو، بۆ کڕنۆشبردن هاتبووە یروشلایم.
٢٨ لە گەڕانەوەدابوو، لەنێو گالیسکەکەی دانیشتبوو، سیپارەی ئێشەعیا پێغەمبەری دەخوێندەوە.
٢٩ ڕووحی پارسا بە پیلیپوسی فەرموو: ‘‘بڕۆ پێش و بەگەڵ ئەو گالیسکەیە بکەوە’’.
٣٠ ئیتر پیلیپوس پەلەی کرد و گوێی لێبوو سیپارەی ئێشەعیا پێغەمبەر دەخوێنێتەوە. وتی: ‘‘ئایا ئەوەی دەیخوێنیتەوە تێیدەگەیت؟’’
٣١ وتی: ‘‘چۆن بتوانم ئەگەر یەکێک ڕێبەرایەتیم نەکات؟’’. جا پیلیپوسی بانگکرد سەربکەوێت و لەگەڵی دابنیشێت.
٣٢ ئەو بڕگەیەی سیپارەکە کە دەیخوێندەوە ئەمە بوو: *{وەک کاوڕ بۆ سەربڕین بردرا، وەک بەرخێکی بێدەنگ لەبەردەست ئەوەی خوری لێدەبڕێتەوە، ئاوا دەمی نەکردەوە.*
٣٣*لە خاکساریی خۆی بوو و مافی لێ زەوت کرا. نەوەکانی کێ باسیان بکات؟ چونکە ژیانی لە زەوی هەڵگیرا}*.
٣٤ خەساوەکە پرسی لە پیلیپوس کرد و وتی: ‘‘پرسێکم هەیە: ئەم پێغەمبەرە باسی کێ دەکات؟ باسی خۆی یان یەکێکی دیکە؟’’
٣٥ پیلیپوس دەمی کردەوە و لەم سیپارەیەوە دەستی پێکرد موژدەی ئیشۆعی پێ دا.
٣٦ کاتێ بە ڕێگاوە بوون، گەیشتنە سەر ئاوێک، خەساوەکە وتی: ‘‘ئەوە ئاوە، چی ڕێم لێ دەگرێت عەماد بکرێم؟’’
٣٧ پیلیپوس وتی: ‘‘دەبێت، ئەگەر بە هەموو دڵتەوە باوەڕ بهێنیت’’. وەڵامی دایەوە و وتی: ‘‘باوەڕ دەهێنم کە ئیشۆعی مەسیح ڕۆڵەی خودایە’’.
٣٨ ئینجا فەرمانی دا گالیسکەکە ڕاوەستێ، پێکەوە چوونە نێو ئاوەکە، پیلیپوس خەساوەکەی عەمادکرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٩ کاتێ لە ئاوەکە دەرچوون، ڕووحی پەروەردگار پیلیپوسی ڕفاند و ئیتر خەساوەکە نەیبینییەوە، بە شادییەوە بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

٤٠ پیلیپوسیش لە ئەشدود بینرایەوە، دواتر بە هەموو شارەکاندا دەگەڕا و موژدەی دەدا تاکو گەیشتە قەیسەرییە.

کردار 9

١ شاوول هێشتا هەڕەشە و کوشتنی بەرامبەر قوتابییەکانی پەروەردگار دەردەبڕی. چووە لای کاهینی باڵا،

٢ داوای نامەی لێکرد بۆ کەنیشتەکانی درەمسوق، تاکو ئەگەر یەکێک لە ڕێگا ببینێت، چ ژن و چ پیاو، بە بەندکراوی بۆ یروشلایمیان ببات.

٣ کە دەڕۆیشت و لە درەمسوق نزیکبووەوە، لەپڕ ڕووناکییەک لە ئاسمانەوە لە دەوروبەری بریسکەی دایەوە،

٤ کەوتە سەر زەوی و دەنگێکی بیست، پێی فەرموو: "شاوول، شاوول! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟"

٥ وتی: "گەورەم، تۆ کێیت؟" بەروەردگار فەرمووی: "من ئیشۆعم، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە. بۆت زەحمەتە لوشکە لە نەقیزە بدەیت".

٦ بە ترس و سەرسامیەوە وتی: "پەروەردگار، دەتەوێ چی بکەم؟" پەروەردگرایش پێی فەرموو: "هەستە، بڕۆ نێو شار، لەوێ پێت دەووترێ دەبێ چی بکەیت".

٧ پیاوانی گەشتیار کە لەگەڵی بوون بە بێدەنگی وەستان، دەنگەکەیان بیست بەڵام کەسیان نەبینی.

٨ شاوول لەسەر زەوییەکە هەستایەوە، چاوی کرابووەوە و کەسی نەدەبینی، دەستیان گرت و هێنایانە نێو درەمسوق.

٩ سێ ڕۆژ نەیدەبینی، نەخوارد و نەخواردەوە.

١٠ لە درەمسوق قوتابییەک هەبوو ناوی خەنەنیا بوو، پەروەردگار لە بینیندا پێی فەرموو: "خەنەنیا!" وتی: "ئەوەتام پەروەردگار!"

١١ پەروەردگار پێی فەرموو: "هەستە و بڕۆ ئەو شەقامەی پێی دەووترێ ڕاست، لە ماڵی ئیهوودا پرس لە پیاوێکی تەرسوسی بکە ناوی شاوولە، وا نوێژ دەکات.

١٢ لە بینیندا پیاوێکی بینی ناوی خەنەنیایە، دێتە لای و دەستی لە سەری دادەنێت تاکو ببینێتەوە".

١٣ خەنەنیا وەڵامی دایەوە: "پەروەردگار، لە زۆر کەس ئەو خراپانەم بیستۆتەوە کە ئەم پیاوە لە یروشلایم بە پارساکانی تۆی کردووە.

١٤ ئەوەتا لێرە لەلای کاهینانی باڵا دەسەڵاتی هەیە، هەموو ئەوانە بگرێت کە بە ناوی تۆ بانگەواز دەکەن".

١٥ جا پەروەردگار پێی فەرموو: "بڕۆ! چونکە ئەمە بۆ من دەفرێکی هەڵبژێردراوە بۆ هەڵگرتنی ناوی من لەبەردەم نەتەوەکان و پاشایان و نەوەی ئیسرائیل.

١٦ چونکە پیشانی دەدەم دەبێت لەپێناوی ناوی من چەند ئازار بچێژێت".

١٧ خەنەنیاش ڕۆیشت و چووە ماڵەکە، دەستی لەسەری دانا و وتی: "کاک شاوول، ئیشۆعی پەروەردگار ناردوومی، ئەوەی لەو ڕێگایەی پێیدا هاتی بۆت دەرکەوت تاکو ببینیت و پڕبیت لە ڕووحی پارسا".

١٨ دەستبەجێ شتێکی وەک توێکڵ لە چاوەکانی کەوتە خوارەوە و یەکسەر بینی، هەستا و عەمادکرا.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ چێشتی خوارد و هێزی هاتەوە، شاوول چەند ڕۆژێک لە درەمسوق لەگەڵ قوتابییەکان بوو.

٢٠ یەکسەر لە کەنیشتەکاندا بانگەوازی مەسیحی کرد، کە "ئەمە ڕۆڵەی خودایە".

٢١ هەموو ئەوانەی بیستیان سەرسام ببوون و وتیان: "ئەمە ئەوە نییە کە ئەوانەی لە ناوبرد کە لە یروشلایم باسی ئەم ناوەیان دەکرد؟ بۆ ئەمەش نەهاتە ئێرە، تاکو بە بەندکراوی بۆ کاهینانی باڵا بیانبات!"

٢٢ بەڵام شاوول بەهێزتر دەبوو، جووی دانیشتووی درەمسوقی سەرگەردان دەکرد و دەریدەخست کە "ئەمە مەسیحە".

٢٣ کاتێ ڕۆژانێکی زۆر بەسەرچوو، جووەکان ڕاوێژیان کرد تا بیکوژن،

٢٤ شاوولیش بە پیلانەکەیانی زانی. شەو و ڕۆژ چاودێری دەروازەکانیان دەکرد تاکو بیکوژن.

٢٥ جا قوتابییەکان بە شەو بردییان و لەنێو سەبەتەیەک لە شوورەکەوە شۆڕیان کردەوە.

٢٦ کاتێ شاوول هاتە یروشلایم، هەوڵی دا بچێتە پاڵ قوتابییەکان، هەمووان لێی دەترسان و باوەڕیان نەدەکرد کە قوتابییە.

٢٧ جا بەرنڤا بردی و هێنایە لای پەیامبەران، بۆی گێڕانەوە چۆن لە ڕێگادا پەروەردگاری بینیوە و قسەی لەگەڵ کردووە، هەروەها چۆن لە درەمسوق بەئاشکرا باسی ناوی ئیشۆعی کردووە.

٢٨ ئیتر لەگەڵیان لە یروشلایم دەهات و دەچوو، بەئاشکرا باسی ناوی ئیشۆعی پەروەردگاری دەکرد.

٢٩ هەروەها قسە و گفتوگۆی لەگەڵ جووە یۆنانییەکان دەکرد، ئەوانیش هەوڵیان دا بیکوژن.

٣٠ کاتێ برایان بەمەیان زانی بردییانە قەیسەرییە و بۆ تەرسوسیان نارد.

٣١ وارگەکانی هەموو ئیهوود و گلیلا و شمرن ئاشتییان هەبوو، بنیاد دەنرا و بە ترسی پەروەردگار دەڕۆیشت، بە دڵنەوایی ڕووحی پارساش لە زیادبووندا بوو.

٣٢ ئەوەبوو کە پەترۆس بە هەموو ناوچەکاندا تێدەپەڕی، بۆ لای پارساکانی لۆد دابەزی.

٣٣لەوێ کابرایەکی بینی ناوی ئینیاس بوو، هەشت ساڵ لەنێو جێگا کەوتبوو، ئیفلیج بوو.

٣٤پەترۆس پێی وت: "ئینیاس، ئیشۆعی مەسیح چاکت دەکاتەوە. هەستە جێگا بۆ خۆت ڕابخە!" یەکسەر هەستا.

٣٥ هەموو دانیشتوانی لۆد و شارون دادەنیشتن بینییان، ئیتر بەرەو پەروەردگار گەڕانەوە.

٣٦ قوتابییەکی کچ لە یۆپێ هەبوو ناوی تابیتا بوو، واتا ئاسک، پڕبوو لە چاکەکاری و خێرکردن.

٣٧ ئەوەبوو لەو ڕۆژانەدا نەخۆش کەوت و مرد، جا شۆردیان و لە ژوورێکی سەرەوە دایاننا.

٣٨ لۆدیش لە یۆپێ نزیک بوو، قوتابییەکانیش بیستیان پەترۆس لەوێیە، دوو پیاویان بۆ نارد و تکایان لێکرد کە لە هاتن بۆ لایان دوانەکەوێت.

٣٩ پەترۆسیش هەستا و لەگەڵیان هات، کاتێ گەیشت، بردییانە ژووری سەرەوە، هەموو بێوەژنەکان لەلای وەستان، دەگریان و ئەو کراس و جلانەیان پیشانی دەدا کە ئاسکە کاتێ لەگەڵیان بوو کردبووی.

٤٠پەترۆس هەمووانی نارده دەرەوە چۆکی دادا و نوێژی کرد، ئینجا ئاوڕی دایە تەرمەکە و وتی: "تابیتا، هەستە!" ئەویش چاوی کردەوە، کاتێ پەترۆسی بینی دانیشت.

٤١ ئیتر دەستی بۆ ڕاکێشا و هەڵیساند، ئینجا پارساکان و بێوەژنانی بانگکرد و بە زیندوویی ڕادەستی کردنەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٢ ئەمە لە هەموو یۆپێ زانرا و زۆریش باوەڕیان بە پەروەردگار هێنا.

٤٣ ڕۆژانێکی زۆریش پەترۆس لە یۆپێ لەلای شیمعونی پێستەخۆشکەرێک مایەوە.

کردار 10

١ لە قەیسەرییە پیاوێک بە ناوی قورنیلیوس هەبوو، سەرپەل بوو لەو لیوایەی پێی دەووترا ئیتالی.

٢ خۆی و هەموو ماڵەکەی خواپەرست و لەخواترس بوون، زۆر چاکەی بۆ گەلی دەکرد و هەمیشە نوێژی بۆ خودا دەکرد.

٣ نزیکەی کاژێری نۆی ڕۆژ، لە بینینێکدا بە ڕوونی بینی فریشتەیەکی خودا هاتە لای و پێی فەرموو: ‘‘قورنیلیوس!’’

٤ بە ترسەوە سەیری کرد و وتی: ‘‘ها گەورەم؟’’ پێی فەرموو: ‘‘نوێژەکانت و چاکەکانت وەک یادەوەری بەرز بوونەتەوە بەردەم خودا.

٥ ئێستا چەند پیاوێک بۆ یۆپێ بنێرە، ئەو شیمعونەی پێی دەووترێ پەترۆس بهێنن.

٦ لە ماڵی شیمعونی پێستەخۆشکەرە، کە ماڵەکەی لەسەر دەریایە، ئەو پێت دەڵێت چی بکەیت’’.

٧کاتێ فریشتەکە وا قسەی لەگەڵ قورنیلیوسی کرد ڕۆیشت، دووان لە ڕاژەوانەکانی لەگەڵ سەربازێکی خواپەرستی بانگکرد کە لە دارودەستە بوون،

٨ هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە و ناردیانی بۆ یۆپێ.

٩ بۆ سبەینێ، کاتێ بە ڕێگاوە بوون و لە شارەکە نزیک دەبوونەوە، نزیکەی کاژێر شەش، پەترۆس بۆ نوێژکردن چووە سەربان.

١٠ ئەوەبوو زۆر برسی بوو، ئارەزووی نانخواردنی دەکرد، کاتێک ئامادەیان دەکرد، لەهۆش خۆی چوو.

١١ ئاسمانی بە کراوەیی بینی، شتێک وەک چەرچەفێکی مەزن هاتە خوارەوە، بە هەر چوار لاوە بەسترابووەوە و شۆڕکرایەوە سەر زەوی.

١٢ هەموو جۆرە ئاژەڵی چوارپێ و خشۆکی سەر زەوی و باڵندەی ئاسمانی تێدابوو.

١٣ دەنگێک هات: ‘‘پەترۆس هەستە، سەربڕە و بخۆ!’’

١٤ پەترۆس وتی: ‘‘نەخێر پەروەردگار، چونکە هەرگیز شتی پیس یان گڵاوم نەخواردووە’’.

١٥ دیسان دەنگەکەی بۆ هاتەوە: ‘‘ئەوەی خودا بێگەردی کردۆتەوە تۆ بە گڵاوی دامەنێ!’’

١٦ ئەمەش سێبارە بووەوە و یەکسەر چەرچەفەکە بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە.

١٧ کە پەترۆس سەرسام بوو: ئاخۆ دەبێت ئەم بینینە چی بێت؟ ئەوەبوو ئەو پیاوانەی قورنیلیوس ناردبوونی، بە پرس ماڵی شیمعونیان دۆزییەوە و لە بەردەرگا وەستان.

١٨ بانگیان کرد و پرسییان: ‘‘ئەرێ شیمعون کە نازناوی پەترۆسە لێرە دابەزیوە؟’’.

١٩ لە کاتێکدا پەترۆس هەر بیری لە بینینەکە دەکردەوە، ڕووح پێی فەرموو: ‘‘سێ پیاو لەبەردەرگا لێت دەپرسن.

٢٠هەستە بڕۆ خوارەوە و بێ دوودڵی لەگەڵیان بڕۆ، چونکە من ئەوانم ناردووە’’.

٢١ پەترۆسیش بۆ لای پیاوەکان دابەزی و وتی: ‘‘ئەوەی دەتانەوێ منم. بۆچی هاتوون؟’’

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ وتیان: ‘‘قورنیلیوسی سەرپەل، پیاوێکی خوداناس و لەخواترسە، هەموو گەلی جوو گەواهیی بۆ دەدەن. بەهۆی فریشتەیەکی پارسا سروشی بۆ هات کە بۆ ماڵەکەی خۆی بانگت بکات و گوێ لە قسەکانت بگرێت’’.

٢٣ جا بۆ ژوورەوە بانگی کردن و میوانداری کردن. بۆ سبەینێ پەترۆس لەگەڵیان دەرچوو، هەندێک برایانی خەڵکی یۆپێش هاوەڵی بوون.

٢٤ بۆ بەیانی چووە قەیسەرییە. قورنیلیوسیش چاوەڕێی دەکردن، خزم و دۆستانی نزیکی خۆی بانگهێشت کردبوو.

٢٥ کاتێ پەترۆس هاتە ژوورەوە، قورنیلیوس پێشوازی لێکرد و لەبەرپێی کەوت و کڕنۆشی برد.

٢٦ پەترۆس هەڵیستاند و وتی: ‘‘هەستە! منیش مرۆڤێکم!’’

٢٧ کاتێ قسەی لەگەڵ دەکرد چووە ژوورەوە و خەڵکێکی زۆری بینی کۆبوونەتەوە،

٢٨ پێی وتن: ‘‘خۆتان دەزانن بۆ جوو ڕێ پێنەدراوە تێکەڵاوی بێگانە بێت یان بچێتە لای. بەڵام من خودا پیشانی دام بە هیچ مرۆڤێک نەڵێم پیس یان گڵاو.

٢٩ بۆیە کە بانگهێشتتان کردم بێ ناڕەزایی دەربڕین هاتم. پرسیش دەکەم، بۆچی منتان بانگهێشت کرد؟’’

٣٠ قورنیلیوس وتی: ‘‘چوار ڕۆژ لەمەوبەر بەڕۆژووم تاکو ئێستاش، لە کاژێر نۆ لە ماڵی خۆم نوێژم دەکرد. لەپڕ پیاوێک بە جلی بریسکەدارەوە لەبەردەمم ڕاوەستا،

٣١ فەرمووی: قورنیلیوس نوێژەکانت بیستران و خێرەکانت لەبەردەم خودا یادکرانەوە.

٣٢ بۆیە بۆ یۆپێ بەدوای شیمعوندا بنێرە کە نازناوی پەترۆسە. لە ماڵی شیمعونی پێستەخۆشکەرە، لەسەر دەریا. ئەو هەر کە هات قسەت لەگەڵ دەکات

٣٣ منیش یەکسەر بەدوامدا ناردی، تۆش چاکت کرد کە هاتی. ئێستاش هەموومان لەبەردەم خودا ئامادەین، تاکو گوێبگرین لە هەموو ئەوەی پەروەردگار فەرمانی پێکردووی’’.

٣٤ پەترۆس زاری کردەوە و وتی: ‘‘لەڕاستیدا من وا دەبینم کە خودا جوداخوازی کەس ناکات،

٣٥ بەڵکو لە هەر نەتەوەیەک ئەوەی ترسی ئەوی لە دڵدا بێت و کاری خوداناسی بکات، لەلای پەسەندە.

٣٦ ئەو وشەیەی بۆ نەوەی ئیسرائیلی نارد، موژدەی ئاشتییە بە ئیشۆعی مەسیح، ئەوەی پەروەردگاری هەمووانە.

٣٧ ئێوە ئەو شتانە دەزانن کە لە هەموو ئیهوود ڕوویدا، بە دەستپێکردن لە گلیلاوە، دوای ئەوەی یوخەننەن بانگەوازی عەمادکردنەکەی کرد،

٣٨ چۆن خودا بە ڕووحی پارسا و هێز ئیشۆعی ناسرەتیی دەستنیشان کرد، ئەوەی دەگەڕا و چاکەی دەکرد و هەموو ئەوانەی ئیبلیس بەسەریاندا زاڵ ببوو چاکی دەکردنەوە، چونکە خودا لەگەڵی بوو.

٣٩ئێمە گەواهیدەری هەموو ئەو شتانەین کە لە ناوچەی ئیهوود و یروشلایم کردی. ئەوەی بە هەڵواسینی بە دارەوە کوشتیان،

٤٠ بەڵام خودا لە ڕۆژی سێیەم هەستاندیەوە و ڕێگای دا دەرکەوێت،

٤١ نەک بۆ هەموو گەل، بەڵکو بۆ ئەو گەواهیدەرانەی کە خودا پێشتر هەڵیبژاردن، بۆ ئێمە کە پاش هەستانەوەی لەنێو مردووان، لەگەڵیدا خواردمان و خواردمانەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٢ ئینجا ڕایسپاردین بۆ گەل ڕابگەیێنین و گەواهی بدەین کە خودا ئەمی بە دادوەری زیندووان و مردووان داناوە.

٤٣ هەموو پێغەمبەران گەواهیی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت".

٤٤ کاتێ پەترۆس باسی ئەم شتانەی دەکرد، ڕووحی پارسا ڕژایە سەر هەموو ئەوانەی وشەکەیان دەبیست.

٤٥ ئەو باوەڕدارانەی لە خروسەبڕاوان بوون سەریان سوڕما، هەموو ئەوانەی لەگەڵ پەترۆس بوون، چونکە بەهرەی ڕووحی پارسا بەسەر نەتەوەکانیشدا ڕژا،

٤٦چونکە گوێیان لێیان بوو بە زمانەکان دەدووێن و ستایشی خودا دەکەن. ئینجا پەترۆس وتی:

٤٧"کەس هەیە ڕێگا بگرێت لە ئەمانەی وەک ئێمە ڕووحی پارسایان وەرگرتووە لە ئاو عەماد نەکرێن؟

٤٨ جا فەرمانی دا بە ناوی پەروەردگار عەماد بکرێن. ئینجا داوایان لە پەترۆس کرد چەند ڕۆژێک بمێنێتەوە.

کردار 11

١ پەیامبەران و برایان کە لە ئیهوود بوون بیستیان نەتەوەکانیش وشەی خودایان پەسەند کردووە.

٢ کاتێ پەترۆس سەرکەوت بۆ یروشلایم باوەڕدارانی خروسەبڕاو ڕەخنەیان لێ گرت و

٣ دەیانووت: "تۆ چوویتە ماڵی پیاوانێکی خروسەبڕاو و نانت لەگەڵیان خواردووە!"

٤پەترۆسیش ئەوەی ڕوویدابوو یەک لەدوای یەک بۆیانی ڕوون کردەوە و وتی:

٥ "من لە شاری یۆپێ بووم نوێژم دەکرد، لەهۆش خۆم چووم و بینینێکم بینی: شتێک لە ئاسمانەوە وەک چەرچەفێکی مەزن بە هەر چوار لایەوە بۆ لای من شۆڕکرایەوە.

٦ بە وردی سەیرم کرد و تێمڕووانی، چوارپێی زەوی و ئاژەڵی کێوی، خشۆک و باڵندەی ئاسمانم بینی.

٧ ئینجا دەنگێکم بیست پێی فەرمووم: پەترۆس هەستە، سەربڕە و بخۆ!

٨ منیش وتم: نەخێر پەروەردگار! چونکە هەرگیز شتی پیس و گڵاو نەچۆتە دەمم.

٩ دەنگەکە دووبارە لە ئاسمانەوە فەرمووی: ئەوەی خودا پێگەردی کردۆتەوە تۆ بە گڵاوی دامەنێ.

١٠ ئەمە سێبارە بووەوە و هەموو شتەکان بۆ ئاسمان ڕاکێشرانەوە.

١١ ئەوەبوو یەکسەر سێ پیاو لەپێش ئەو ماڵە ڕاوەستان کە تیایدا بووم، لە قەیسەرییەوە بۆ لام نێردرابوون،

١٢ ڕووح پێی فەرمووم کە بێ دوودڵی لەگەڵیان بڕۆم، ئەم شەش برایەش لەگەڵم ڕۆیشتن و چووینە ماڵی پیاوەکە.

١٣ ئەویش بۆی گێڕاینەوە چۆن فریشتەی لە ماڵەکەیدا بینیوە ڕاوەستاوە و وتوویەتی: بنێرە بۆ یۆپێ بەدوای شیمعوندا کە نازناوی پەترۆسە،

١٤ ئەو قسەیەکتان بۆ دەکات بەهۆیەوە خۆت و هەموو ماڵەکەت ڕزگارتان دەبێت.

١٥کاتێ دەستم کرد بە قسەکردن، ڕووحی پارسایان بەسەردا ڕژا، وەک لە سەرەتادا هاتە سەر ئێمەش.

١٦ فەردموودەکەی پەروەردگارم بیرهاتەوە کە فەرمووی: یوخەننەن بە ئاو عەمادی دەکرد، بەڵام ئێوە بە ڕووحی پارسا عەماد دەکرێن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ جا ئەگەر خودا هەمان بەهرەی بەوان دابێت هەروەک بە ئێمەی داوە کە باوەڕمان بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار هێنا، ئیتر من کێم؟ ئایا دەتوانم ڕێگا لە خودا بگرم؟"

١٨ کاتێ ئەمەیان بیست، بێدەنگ بوون و خودایان شکۆدار کرد، وتیان: "کەواتە خودا تۆبەکردنی بۆ ژیان بە نەتەوەکانیش بەخشیوە!".

١٩ ئینجا ئەوانەی بەهۆی ئەو چەوسانەوەی بەسەر ئستیفانۆسدا هات پەرشوبڵاو بوونەوە، پەڕینەوە بۆ پۆنیقێ و قوبڕس و ئینتیاکیا، باسی وشەکەیان بۆ کەس نەدەکرد، بۆ جوو نەبێت.

٢٠بەڵام هەندێکیان خەڵکی قوبڕس و قەورینێ بوون، کاتێ هاتنە ئینتیاکیا، قسەیان بۆ یۆنانییەکان دەکرد و موژدەی ئیشۆعی پەروەردگاریان دەدا.

٢١ دەستی پەروەردگاریان لەگەڵ بوو، ژمارەیەکی زۆر باوەڕیان هێنا و بۆ پەروەردگار گەڕانەوە.

٢٢ ئەم هەواڵە گەیشتە گوێی وارگەی یروشلایم، ئەوانیش بەرنڤایان بۆ ئینتیاکیا نارد.

٢٣ کاتێ گەیشت و بەخششی خودای بینی، دڵشاد بوو، هەمووانی هاندا کە بە دڵ لە پەروەردگاردا جێگیر بن،

٢٤ چونکە پیاوچاک بوو، پڕبوو لە ڕووحی پارسا و باوەڕ. کۆمەڵێکی زۆریش هاتنە پاڵ پەروەردگارەوە.

٢٥ ئەوسا بەرنڤا چووە تەرسوس تاکو بەدوای شاوولدا بگەڕێت،

٢٦ کاتێ دۆزییەوە بۆ ئینتیاکیای هێنا. ئیتر ساڵێکی تەواو لە وارگە کۆبوونەوە و کۆمەڵێکی زۆریان فێرکرد. یەکەمجاریش لە ئینتیاکیا قوتابییەکان ناویان لێنرا مەسیحی.

٢٧ لەو ڕۆژانەدا هەندێک پێغەمبەر لە یروشلایمەوە هاتنە ئینتیاکیا،

٢٨ یەکێک لەوان ناوی ئاگابۆس بوو، بەهۆی ڕووحەوە پێشبینی کرد کە برسێتییەکی مەزن هەموو جیهان دەگرێتەوە ئەوەی لە سەردەمی قلەودییوس قەیسەریش ڕوویدا.

٢٩ بۆیە قوتابییەکان بڕیاریان دا هەریەکە بەگوێرەی توانای شتێک بنێرێت بۆ ئەو برایانەی لە ئیهوود دەژین.

٣٠ جا وایان کرد و بە دەستی بەرنڤا و شاوول بۆ پیرانییان نارد.

کردار 12

١ لەو کاتەدا شا هیرۆودس دەستی درێژکرد بۆ ئەزیەت دانی چەند کەسێکی وارگە.

٢ یاقووی برای یوحەننەی بە شمشێر کوشت.

٣ کە بینی ئەمە جێی ڕەزامەندی جووەکانە، پەترۆسیشی گرت، ئەمەش لە ڕۆژانی فەتیرەدا بوو.

٤ کاتێ گرتی، خستییە زیندان، بۆ پاسەوانیکردنی ڕادەستی چوار کۆمەڵی چوار سەربازیی کرد، بەتەمابوو دوای پەسخە بیهێنێتە بەردەم گەل.

٥بۆیە کە پەترۆس زیندان کرابوو، وارگە بە گوڕ لە پێناوی ئەو نوێژیان بۆ خودا دەکرد.

٦ بەڵام کاتێ هیرۆودس بەتەمابوو بیهێنێتە دەرەوە، لەو شەوەدا پەترۆس لەنێوان دوو سەربازدا نووستبوو، بە دوو زنجیر بەسترابووەوە، لەبەردەرگاش پاسەوان هەبوو، پاسەوانیی زیندانەکەیان دەکرد.

٧ لەپڕ فریشتەیەکی پەروەردگار هات و ڕووناکی لەنێو خانووەکەدا درەوشایەوە، جا کەلەکەی پەترۆسی جوڵاند و خەبەری کردەوەو فەرمووی: "خێرا هەستە!". ئیتر زنجیرەکان لە دەستەکانی کەوتن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ فریشتەکە پێی فەرموو: ‘‘پشتێنەکەت ببەستە و سۆلەکانت لە پێ بکە!’’ ئەویش کردی. ئینجا پێی فەرموو: ‘‘کراسەکەت لەبەربکە و دوام بکەوە’’.

٩ ئەویش دەرچوو و دوای کەوت، نەیدەزانی ئەوەی بەهۆی فریشتەکەوە ڕوودەدات ڕاستە، بەڵکو وایدەزانی بینینێک دەبینێت.

١٠ پاسەوانگەی یەکەم و دووەمیان بڕی و گەیشتنە دەروازە ئاسنینەکەی بەرەو شار، لە خۆیەوە بۆیان کرایەوە، دەرچوون و شەقامێکیان بڕی، یەکسەر فریشتەکە بەجێیهێشت.

١١ ئینجا پەترۆس بەخۆیدا هاتەوە و وتی: ‘‘ئێستا بە ڕاستی زانیم کە پەروەردگار فریشتەکەی نارد و لە دەستی هیرۆودس و هەموو ئەوەی گەلی جوو چاوەڕێی بوو دەربازی کردم’’.

١٢ کە ئەمە تێگەیشت، هاتە ماڵی مەریەمی دایکی یوخەننەن کە پێی دەووترا مەرقوس، زۆر کەس لەوێدا کۆببوونەوە نوێژیان دەکرد.

١٣ کە پەترۆس لە دەرگای داڵانەکەی دا، کەنیزەیەک هات ناوی ڕەودا بوو تاکو بزانێت.

١٤ کاتێ دەنگی پەترۆسی ناسییەوە لە خۆشیان دەرگاکەی نەکردەوە، بەڵکو ڕایکردە ژوورەوە و خەبەری دا کە پەترۆس لەبەردەرگا ڕاوەستاوە.

١٥ پێیان وت: ‘‘وڕێنە دەکەیت!’’. بەڵام ئەو سووربوو کە وایە، جا وتیان: ‘‘ئەوە فریشتەکەیەتی!’’.

١٦پەترۆسیش لە لێدانەکە بەردەوام بوو، کاتێ لێیان کردەوە و بینییان، سەرسامبوون.

١٧ بە دەست ئاماژەی بۆ کردن بێدەنگ بن، ئینجا بۆی گێڕانەوە چۆن پەروەردگار لە زیندان دەریهێنا و وتی: ‘‘ئەمە بە یاقووی برایان بڵێن’’. ئینجا دەرچوو و بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشت.

١٨ کە ڕۆژبووەوە ئاژاوەیەکی گەورە لەنێو سەربازەکاندا دروست بوو: ئاخۆ پەترۆس چی لێهات؟

١٩ کاتێ هیرۆودس داوایکرد و نەیدۆزییەوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سەربازان کرد و فەرمانی دا بکوژرێن. ئینجا لە ئیهوودوە چووە قەیسەرییە و لەوێ مایەوە.

٢٠ هیرۆودس لە خەڵکی سوور و سەیدەن زۆر تووڕە بوو، ئەوانیش بە یەک دڵ بۆ لای هاتن و بلاستۆسی سەرپەرشتیاری ماڵی پاشایان ڕازی کرد و داوای ئاشتبوونەوەیان کرد، چونکە ناوچەکەیان لە ناوچەی پاشاوە ئازووقە دەدرا.

٢١ لە ڕۆژی دیاریکراودا هیرۆودس جلی پاشایەتی لەبەرکرد، لەسەر تەختی حوکمدان دانیشت و وتاری بۆیان دا.

٢٢ گەلەکەش هاواریان کرد: ‘‘ئەمە دەنگی خوداوەندێکە هی مرۆڤ نییە!’’

٢٣ یەکسەر فریشتەی پەروەردگار لێیدا، چونکە شکۆی نەدایە خودا، کرمیش لێیدا و مرد.

٢٤ بەڵام وشەی خودا گەشەی دەکرد و زیاتر دەبوو.

٢٥ بەرنڤا و شاوولیش دوای تەواوکردنی ڕاژەکە لە یروشلایم گەڕانەوە، یوخەننەنیشیان لەگەڵ خۆیان برد، کە بە مەرقوس ناسراوە.

کردار 13

١ لە ئینتیاکیا لەنێو وارگەدا پێغەمبەر و ڕابی هەبوون: بەرنڤا و شیمعونی ناسراو بە نیجەر، لوقیئیوسی قەورینێیی، مەنایینی شیربرای هیرۆودسی تیترارک، لەگەڵ شاوول.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ کاتێ پەروەردگاریان دەپەرست و بەڕۆژووبوون، ڕووحی پارسا فەرمووی: "بەرنڤا و شاوولم بۆ تەرخان بکەن، بۆ ئەو کارەی بانگم کردوون بۆی".

٣ ئینجا بەڕۆژوو بوون و نوێژیان کرد، دەستیان لەسەر دانان و بەڕێیانکردن.

٤ ئەوانیش کە بە ڕووحی پارسا نێردران، بەرەو سولوکیە دابەزین و لەوێشەوە بە دەریادا بۆ قوبرس.

٥ کاتێ گەیشتنە سەلامینا، وشەی خودایان لە کەنیشتەکانی جوو ڕاگەیاند، یوخەننەنیش وەک ڕاژەوان لەگەڵیان بوو.

٦ بە دوورگەکەدا گەڕان تاکو گەیشتنە پاپۆس. لەوێ تووشی جادووگەرێکی جوو بوون پێغەمبەرێکی درۆزن بوو، ناوی بەڕشووما بوو،

٧ لەگەڵ فەرمانڕەوا سرجیۆس پۆڵۆس، کە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو. بەرنڤا و شاوولی بانگکرد، داوای کرد گوێی لە وشەی خودا بێت.

٨ بەڵام عەلیمی جادووگەر ئەمە ناوەکەی بوو بەربەرەکانێی کردن و هەوڵی دا فەرمانڕەوا لە باوەڕ لابدات.

٩ کەچی شاوول کە پۆڵۆسی پێ دەووترا، پڕبوو لە ڕووحی پارسا و تێیڕووانی،

١٠ وتی: "ئەی پڕ لە هەموو فریو و فێڵ! ڕۆڵەی ئیبلیس! دوژمنی هەموو خوداناسییەک! لە چەوتکردنی ڕێگای ڕاستی خودا ناوەستی؟

١١ ئەوەتا دەستی پەروەردگارت لەسەرە و کوێر دەبیت، بۆ ماوەیەک خۆر نابینی". یەکسەر تەم و تاریکی داپۆشی و گەڕا بەدوای یەکێک تاکو دەستی بگرێت.

١٢ کاتێ فەرمانڕەواکە بینی چی ڕوویدا، باوەڕی هێنا، لە فێرکردنەکەی پەروەردگار سەرسام بوو.

١٣ پۆڵۆس و هاوڕێیانی بە دەریادا لە پاپۆسەوە چوونە پەرجە لە پەمپۆلیا. بەڵام یوخەننەن لێیان جیابووەوە و گەڕایەوە یروشلایم.

١٤ ئەوانیش بە پەرجەدا هاتنە ئینتیاکیای پیسیدیە، شەممەش چوونە کەنیشت و دانیشتن.

١٥ پاش خوێندنەوەی تەورات و پێغەمبەران، پێشەوایانی کەنیشتەکە بۆیان ناردن و پێیان وتن: "برایان، ئەگەر شتێکتان هەیە گەلی پێ ئامۆژگاری بکەن، بیڵێن".

١٦ پۆڵۆس هەستا و بە دەست ئاماژەی کرد، وتی: "پیاوانی ئیسرائیل و ئەوانەی لە خودا دەترسن، گوێبگرن!

١٧ خودای ئەم گەلەی ئیسرائیل باوکانمانی هەڵبژارد و لە کاتی ئاوارەبوونیان لە خاکی میسرِدا گەلی پایە بەرز کرد، بە بازووێکی بەرزیشەوە لەوێ دەریهێنان.

١٨ نزیکەی چل ساڵیش لە چۆڵەوانی بەرگەی گرتن.

١٩ ئینجا حەوت نەتەوەی لە زەویی کەنعان لەناوبرد و زەوییەکەیانی بە تیروپشک دابەش کردن.

٢٠ ئەمە هەمووی نزیکەی چوار سەد و پەنجا ساڵی خایاند. دوای ئەمە خودا دادوەری بۆ دانان تاکو شموویئێل پێغەمبەر.

٢١ ئینجا داوای پاشایان کرد، خوداش شاوولی کوڕی قیشی پێدان، پیاوێکە لە تیرەی بنیامین، بۆ ماوەی چل ساڵ فەرمانڕەوایی کردن.

٢٢ پاشان لایبرد و داویدی کردە پاشایان، ئەوەی گەواهیی بۆ دا و فەرمووی: *{دەبینم داویدی کوڕی ئیشەی، پیاوێکە بە دڵی خۆمە، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات}*.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ لە نەوەی ئەمەوە، خودا بەگوێرەی بەڵێنەکەی ئیشۆعی ڕزگاریدەری بۆ ئیسرائیل هێنا.

٢٤ پێش هاتنی ئیشۆع، یوخەننەن بانگەوازی عەمادکردنی تۆبەی بۆ هەموو گەلی ئیسرائیلی کرد.

٢٥ کاتێ یوخەننەن کۆششەکەی تەواو دەکرد، وتی: وادەزانن من کێم؟ من ئەو نیم. ئەوەتا ئەوەی دوای من دێت، ئەوەی من شایانی ئەوە نیم سۆلەکانی پێی بکەمەوە.

٢٦ خەڵکینە، برایان، کوڕانی پشتی ئەوڕاهەم و ئەوانەی لەنێوتاندا لە خودا دەترسن، پەیامی ئەم ڕزگارییە بۆ ئێوە هاتووە.

٢٧ چونکە دانیشتوانی یروشلایم و سەرۆکەکانیان ئەمەیان نەناسی، کاتێ تاوانباریان کرد، وتەی پێغەمبەرانیان هێنایە دی کە هەموو شەممەیەک دەخوێندرێتەوە.

٢٨جا لەگەڵ ئەوەی هیچ هۆیەکیان بۆ مردن نەدۆزییەوە، داوایان لە پیلاتوس کرد بیکوژێت.

٢٩دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەیان تەواو کرد کە لەسەری نووسراوە، لە تەختەدارەکە هێنایانە خوارەوە و خستیانە گۆڕ.

٣٠ بەڵام خودا لەنێو مردووان هەستاندیەوە،

٣١ ڕۆژانێکی زۆریش بۆ ئەوانە دەرکەوت کە لە گلیلاوە تاکو یروشلایم لەگەڵیدا هاتبوون. ئێستا ئەوان گەواهیدەری ئەون بۆ گەلەکە.

٣٢ ئێمەش موژدەی ئەو بەڵێنەتان پێ دەدەین کە بۆ باوکانمان هات،

٣٣ ئەوەی خودا بۆ ئێمەی وەچەی ئەوان هێنایە دی، بە هەستانەوەی ئیشۆع، وەک لە پەسنیی دووەمدا نووسراوە:*{تۆ ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت}* .

٣٤ سەبارەت بەوەی خودا لەنێو مردووان هەستاندیەوە و ئیتر بۆ بۆگەنی ناگەڕێتەوە، ئاوای فەرمووە: *{ئەو بەڵێنە پارسا و مسۆگەرەتان دەدەمێ کە بە داویدم دابوو}* .

٣٥ بۆیە لە پەسنیێکی دیکە دەفەرمووێ:*{ڕێ نادەیت تاقانە پارساکەت بۆگەنی ببینێت}* .

٣٦ چونکە داوید دوای ئەوەی بەگوێرەی مەبەستی خودا ڕاژەی نەوەی خۆی کرد، نووست و چووە پاڵ باوکانی، بۆگەنیشی بینی.

٣٧ بەڵام ئەوەی خودا هەستاندیەوە بۆگەنی نەبینی.

٣٨ بۆیە برایان، با لەلاتان زانراو بێت، بەهۆیەوە بانگەوازی بەخشینی گوناه بە ئێوە درا و

٣٩ بە باوەڕهێنان بەم، بێتاوان دەکرێن لە هەموو ئەو شتانەی نەتانتوانی بە تەوراتی مووشێ لێی بێتاوان بکرێن.

٤٠ جا ئاگاداربن، ئەوەی پێغەمبەران وتوویانە بەسەرتاندا نەیەت:

٤١ *{ئەی گاڵتەجارەکان سەیر بکەن، سەرسام بن و لەناوبچن، چونکە لە ڕۆژانی ئێوەدا کارێک دەکەم، کە هەرگیز باوەڕ ناکەن ئەگەر بۆتان باس بکرێت}* ".

٤٢ کاتێ جوو لە کەنیشت دەردەچوون، داوایان لێ کرا شەممەی داهاتووش ئەم قسانەیان بۆ بکەن.

٤٣ دوای کۆبوونەوەکە، زۆر لە جوو و خواپەرستەکان کە ببوونە جوو، بەدوای پۆڵۆس و بەرنڤا کەوتن، ئەمانیش قسەیان بۆ دەکردن و هانیان دەدان لە بەخششی خودادا جێگیر بن.

٤٤ لە شەممەی داهاتوو نزیکەی هەموو دانیشتووانی شارەکە کۆبوونەوە، تاکو وشەی پەروەردگار ببیستن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٥ کاتێ جوو کۆمەڵەکەیان بینی، ئیرەیی دایگرتن و بەربەرەکانێی قسەکانی پۆڵۆسیان دەکرد و کفریان دەکرد.

٤٦ پۆڵۆس و بەرنڤاش بە ئاشکرا دووان و وتیان: "دەبووایە یەکەمجار وشەی خودامان بۆ ئێوە باس بکردایە. چونکە ئێوە ڕەتتان کردەوە و بڕیارتان دا کە شایانی ژیانی جاویدانی نین، ئەوەتا ڕوو لە نەتەوەکان دەکەین!

٤٧ چونکە پەروەردگار ئاوای ڕاسپاردین:*{من تۆم کردۆتە ڕووناکی بۆ نەتەوەکان، تاکو ببێتە ڕزگاری بۆ ئەوپەڕی زەوی}* ".

٤٨ کاتێ نەتەوەکان گوێیان لەمە بوو، زۆر دڵشادبوون و شکۆیان دایە وشەی پەروەردگار، هەموو ئەوانەش کە بۆ ژیانی جاویدانی دەستنیشان کرابوون، باوەڕیان هێنا.

٤٩وشەی پەروەردگار لە هەموو دەڤەرەکەدا بڵاو بووەوە.

٥٠ بەڵام جووەکان خانمە ڕێزدارە لەخواترسەکان و پیاوماقوڵانی شاریان جۆش دا، چەوساندنەوەیان دژ بە پۆڵۆس و بەرنڤا بەرپاکرد و لە سنوورەکانی خۆیان دەریان کردن.

٥١ ئەوانیش تۆزی پێیان دژ بەوان تەکاند و بۆ شاری ئیقانۆن هاتن.

٥٢ قوتابییەکانیش پڕدەبوون لە خۆشی و لە ڕووحی پارسا.

کردار 14

١ ئەوەبوو لە ئیقانون پێکەوە چوونە نێو کەنیشتی جووەکان و ئاوا قسەیان کرد تاکو جەماوەرێکی زۆر لە جوو و یۆنانییەکان باوەڕیان هێنا.

٢ بەڵام ئەو جووانەی باوەڕیان نەهێنا، نەتەوەکانیان جۆش دا و دژ بە برایان مێشکیان پڕ کردن.

٣ جا پۆڵۆس و بەرنڤا ماوەیەکی دووروودرێژ لەوێ مانەوە و بەئاشکرا باسی پەروەردگاریان دەکرد، ئەویش گەواهیی بۆ وشەی بەخششی خۆی دەدا و ڕێی دابوو پەرجوو و نیشانە لەسەر دەستیان بکرێت.

٤ ئیتر دانیشتووانی ئیقانون بوونە دوو بەش، هەندێکیان لەگەڵ جوو بوون و هەندێکیان لەگەڵ پەیامبەران.

٥ جا کاتێ نەتەوەکان و جوو و سەرۆکەکانیان هێرشیان کردە سەر پەیامبەران تاکو بەردبارانیان بکەن،

٦ پەیامبەران هەستیان کرد و بۆ شاری لیسترە و دەربێی لیکاونیە و بۆ دەڤەرەکانی دەوروپشتیان هەڵاتن و

٧ لەوێش موژدەیان دەدا.

٨ لە لیسترە کابرایەک دانیشتبوو، هێز لە پێیەکانی نەبوو، بە زگماک ئیفلیج بوو، هەرگیز ڕێی نەکردبوو.

٩ پۆڵۆسی بیست کە قسەی دەکرد، پۆڵۆسیش چاوی تێبڕی، کاتێک بینی باوەڕی هەیە چاکبێتەوە،

١٠ بە دەنگێکی مەزن وتی: "هەستە بە پێوە ڕاوەستە!" کابرا یەکسەر هەڵبەزییەوە و ڕێی کرد.

١١ کاتێ کۆمەڵانەکە بینییان پۆڵۆس چی کرد، بە زمانی لیکاونیە هاواریان کرد و وتیان: "خوداوەندەکان شێوەی مرۆڤیان وەرگرتووە و هاتوونەتە خوارەوە بۆ نێومان!"

١٢ جا بەرنڤایان ناونا زییۆس، پۆڵۆسیش هرمس، چونکە قسەکەری سەرەکی بوو.

١٣ئینجا کاهینی زییۆس، کە پەرستگاکەی لە دەرەوەی شار بوو، لەگەڵ کۆمەڵەکە گا و تاجەگوڵینەی هێنابوو و دەیویست قوربانی پێشکەش بکات.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ کاتێ پەیامبەرەکان، بەرنڤا و پۆڵۆس، ئەمەیان بیست، جلەکانیان دڕاند، خێرا چوونە لای خەڵکەکە، هاواریان کرد و وتیان:

١٥ "خەڵکینە، بۆچی ئەمە دەکەن؟ ئێمەش مرۆڤین، لە ژێر هەمان ئازارداین وەک ئێوە، موژدەتان دەدەینێ واز لەم شتە ناڕەوایانە بهێنن و بۆ لای خودای زیندوو بگەڕێنەوە، ئافرێنەری ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی.

١٦ ئەوەی لە نەوەکانی ڕابردوودا، هێشتی هەموو نەتەوەکان بە ڕێگای خۆیان بڕۆن.

١٧ لەگەڵ ئەوەی خۆی بە بێ گەواهیی نەهێشتەوە، چاکە دەکات، لە ئاسمانەوە باران و وەرزی بەروبوومان دەداتێ و دڵمان لە خواردن و لە شادی تێر دەکات".

١٨ بە وتنی ئەم قسانە و هەوڵدانێکی زۆر توانییان وا لە کۆمەڵەکە بکەن کە قوربانییان بۆ نەکەن.

١٩ هەندێک جوو لە ئینتیاکیا و ئیقانونەوە هاتن، قەناعەتیان بە کۆمەڵەکە هێنا، ئەوانیش پۆڵۆسیان بەردباران کرد و ڕایانکێشایە دەرەوەی شار، وایانزانی مردووە.

٢٠ بەڵام کاتێ قوتابییەکان دەوریان دا، هەستا و گەڕایەوە نێو شار. بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ بەرنڤا بۆ دەربێ ڕۆیشت.

٢١ موژدەیان بەو شارە دا زۆر کەسیان کردە قوتابی. ئینجا گەڕانەوە لیسترە و ئیقانون و ئینتیاکیا.

٢٢ وەرەی قوتابییەکانیان بەرز دەکردەوە هانیان دەدان لە باوەڕ جیگیر بن: پێویستە بە تەنگانەی زۆردا بچینە نێو پاشایەتیی خودا.

٢٣ قەشەیان بۆ هەر وارگەیەک هەڵبژاردن، ئینجا بە ڕۆژوگرتنەوە نوێژیان کرد و خەڵکەکەیان دایە دەست پەروەردگار کە باوەڕیان پێی هێناوە.

٢٤ئینجا بە پیسیدیەدا تێپەڕین و گەیشتنە پەمپۆلیا.

٢٥ لە پەرجە دا وشەکەیان ڕاگەیاند و بۆ ئیتالیا دابەزین.

٢٦ لەوێشەوە بە ڕێگای دەریا بۆ ئینتیاکیا گەڕانەوە، ئەو شوێنەی لێوەی درانە دەست بەخششی خودا بۆ ئەو کارەی جێبەجێیان کرد.

٢٧ کاتێ ئامادەبوون و وارگەیان کۆکردەوە، باسی هەموو ئەو شتانەیان کرد کە خودا لەگەڵیان کردبووی، هەروەها کە دەرگای باوەڕی بۆ نەتەوەکانیش کردۆتەوە.

٢٨ جا لەوێ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ قوتابییەکان مانەوە.

کردار 15

١ هەندێ کەس لە ئیهوودەوە بۆ ئینتیاکیا هاتن و برایانیان فێردەکرد: "ئەگەر بەگوێرەی تەوراتی مووشێ خروسەبڕان نەکرێن، ناتوانن ڕزگاربن".

٢ کاتێ دەمەقاڵە و مشتومڕێکی زۆر لەلایەن پۆڵۆس و بەرنڤا لەگەڵ ئەوان ڕوویدا، پۆڵۆس و بەرنڤا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دیاری کران، تاکو سەبارەت بەم بابەتە بۆ لای پەیامبەران و پیران بەرەو یروشلایم سەربکەون.

٣ پاش ئەوەی وارگە ماڵئاواییان لێکردن، بە نێو پۆنیقێ و شمرندا تێپەڕین، باسیان دەکرد کە نەتەوەکانیش گەڕاونەتەوە، جا شادییەکی زۆریان لەنێو هەموو برایاندا بڵاو دەکردەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ کاتێ لە یروشلایمدا ئامادەبوون، وارگە و پەیامبەران و پیران پێشوازییان لێکردن، ئەوانیش هەواڵی هەموو ئەو شتانەیان پێدان کە خودا بەهۆیانەوە کردبووی.

٥ بەڵام هەندێک لەوانەی سەر بە ڕێبازی پەرِیشییەکان بوون و باوەڕیان هێنابوو، هەستان و وتیان: "دەبێت ئەوانە خروسەبڕان بکرێن و فەرمانیان پێ بکرێت کە کار بە تەوراتی مووشێ بکەن".

٦ جا پەیامبەران و پیران بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە کۆبوونەوە.

٧ پاش گفتوگۆیەکی زۆر، پەترۆس هەستا و پێی وتن: "برایان، ئێوە دەزانن پێش ماوەیەک، خودا لەنێو ئێمەدا هەڵیبژارد کە لە دەمی منەوە نەتەوەکان پەیامی ئینجیل ببیستن و باوەڕ بهێنن.

٨ خودای دڵناس، گەواهیی بۆیان دا بە بەخشینی ڕووحی پارسا بەوانیش هەروەک بە ئێمە.

٩ بە هیچ شتێک جیاوازی لەنێوان ئێمە و ئەواندا نەکردووە، بە باوەڕ دڵی ئەوانیشی بێگەرد کردووەتەوە.

١٠ ئێستر بۆچی ئێوە خودا تاقی دەکەنەوە کە نیرێک دەخەنە ئەستۆی قوتابییەکان، ئەوەی نە باوکانمان و نە خۆمان توانیمان هەڵیبگرین؟

١١ بەڵام باوەڕمان هەیە کە بە بەخششی ئیشۆعی پەروەردگار ڕزگار دەبین، هەروەها ئەوانیش".

١٢ ئێستر هەموو جەماوەرەکە بێدەنگ بوون و گوێیان لە بەرنڤا و پۆڵۆس گرت، باسی ئەو پەرجوو و نیشانانەیان دەکرد کە خودا لەسەر دەستی ئەوان لەنێو نەتەوەکان ئەنجامی داوە.

١٣ دوای ئەوەی تەواوبوون، یاقوو وتی: "برایان گوێم لێ بگرن:

١٤ شیمعون ڕوونی کردەوە چۆن خودا یەکەمجار بایەخی خۆی بە نەتەوەکان نیشانداوە، تا لەنێو ئەواندا گەلێک بۆ ناوی خۆی ببات.

١٥ وتەی پێغەمبەرانیش لەگەڵ ئەمە ڕێک دەکەوێت، هەروەک نووسراوە:

١٦{دوای ئەمە دەگەڕێمەوە ڕەشماڵە کەوتووەکەی داوید بنیاد دەنێمەوە، ڕووخاوییەکانی بنیاد دەنێمەوە وسەرلەنوێ هەڵیدەدەمەوە،

١٧تاکو ئەو خەڵکانەی کە ماونەتەوە داوای پەروەردگار بکەن، هەموو ئەو نەتەوانەی ناوی منیان هەڵگرتووە. پەروەردگار ئاوا دەفەرموێ، ئەوەی دروستکاری ئەم شتانەیە

١٨کەوا هەر لە سەرەتاوەش زانراون}.

١٩ بۆیە وای بە باش دەزانم قورسایی نەخەینە ئەستۆی ئەوانەی لە نەتەوەکانن کە بۆ لای خودا گەڕاونەتەوە،

٢٠ بەڵکو بۆیان بنووسین، خۆیان بگرن لە گڵاوی بتەکان و لە داوێنپیسی و خنکێندراو و خوێن.

٢١ چونکە هەر لە کۆنەوە بانگەوازی مووشێ لە هەموو شارێک کرابوو و هەموو شەممەیەک لە کەنیشتەکان دەخوێندرایەوە".

٢٢ ئینجا پەیامبەران و پیران و هەموو وارگە بەباشیان زانی دوو پیاو لەنێو خۆیان هەڵبژێرن و لەگەڵ پۆڵۆس و بەرنڤا بۆ ئینتیاکیا بیاننێرن: ئیهوودا کە نازناوی بەڕشەببایە لەگەڵ شیلا، دوو پیاوی پێشکەوتوو بوون لەنێو برایان.

٢٣ بە دەستی خۆیان ئاوایان نووسی: "لە پەیامبەران و پیران و برایانەوە، بۆ ئەو برایانەی لە نەتەوەکانن لە ئینتیاکیا و سوریا و قیلیقیا: ئاشتی بۆ ئێوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ بیستمان هەندێ کەس لەلای ئێمەوە دەرچوون و بێ ئەوەی ئێمە فەرمانیان پێ بدەین، بە قسەکانیان بێزار و دڵگرانیان کردوون کە وتوویانە دەبێ خروسەبڕان بکەن و بەگوێرەی تەورات بکەن.

٢٥ بۆیە بە باشمان زانی بە یەک بیروڕاوە چەند پیاوێک هەڵبژێرین و لەگەڵ خۆشەویستانمان بەرنڤا و پۆڵۆس بۆ لاتان بنێرین

٢٦ پیاوانێک کە خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی ناوی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح.

٢٧ جا ئیهوودا و شیلامان بۆ ناردن تاکو هەمان شتتان بە زار پێ ڕابگەیەنن.

٢٨ چونکە ڕووحی پارسا و ئێمەش وامان بە باش زانی هیچ قورساییەک نەخەینە سەر شانتان، جگە لەمانە کە پێویستن:

٢٩ خۆتان بگرن لەو قوربانییانەی بۆ بت پێشکەش کراون، هەروەها لە خوێن و خنکێندراو و داوێنپیسی، ئەگەر خۆتان لەمانە پاراست، شتی چاک دەکەن. سەلامەت بن".

٣٠ ئەمانیش کە بەڕێکران، بۆ ئینتیاکیا هاتن، جەماوەرەکەیان کۆکردەوە و پەیامەکەیان پێشکەش کرد.

٣١ کاتێ خوێندیانەوە بەو دڵنەواییانەی تیایدا بوو دڵشاد بوون.

٣٢ ئیهوودا و شیلاش کە خۆیان پێغەمبەر بوون، بە زۆر وتە ئامۆژگاریی برایانیان کرد و ورەیان بەرزکردنەوە.

٣٣ پاش ئەوەی ماوەیەکیان بەسەربرد، لەلایەن برایانەوە، بە ئاشتییەوە ڕەوانە کرانەوە بۆ لای پەیامبەران،

٣٤ بەڵام شیلا بەلایەوە باشتر بوو لەوێ بمێنێتەوە.

٣٥ پۆڵۆس و بەرنڤاش هەر لە ئینتیاکیا مانەوە، موژدە بە خەڵکێکی زۆریان دەدا وشەی پەروەردگاریان فێردەکردن.

٣٦ پاش چەند ڕۆژێک پۆڵۆس بە بەرنڤای وت: "با بگەڕێینەوە سەر لە برایان بدەین، لە هەموو شارێک کە وشەی پەروەردگارمان تیایدا ڕاگەیاندووە و هەواڵیان بزانین".

٣٧ بەرنڤاش پێشنیاری کرد یوخەننەن کە نازناوی مەرقوسە لەگەڵ خۆیان بیبەن.

٣٨ بەڵام پۆڵۆس پێی باش بوو ئەوەی لە پەمپۆلیا لێیان جیابووەوە و لەگەڵیان بۆ کارەکە نەڕۆیشت، ئەو لەگەڵ خۆیان نەبەن.

٣٩ لەبەر ئەوە دەمەقاڵە کەوتە نێوانیان و لەیەکتری جیا بوونەوە. ئەوسا بەرنڤا مەرقوسی لەگەڵ خۆی برد و بە دەریادا بۆ قوبڕس چوو.

٤٠ بەڵام پۆڵۆس شیلای هەڵبژارد و دەرچوو، لەلایەن برایانەوە بە بەخششی خودای سپارد.

٤١ ئینجا چوونە سوریا و قیلیقیا و وارگەکانیان بەهێز دەکرد.

کردار 16

١ پۆڵۆس گەیشتە دەربێ و پاشان لیسترە، لەوێ قوتابییەک بە ناوی تیماتیئوس هەبوو، دایکی جووێکی باوەڕدار بوو، بەڵام باوکی یۆنانی بوو.

٢ برایان لە لیسترە و ئیقانون گەواهییان بۆ دەدا.

٣ پۆڵۆس دەیوسیت تیماتیئوس لەگەڵی دەربچێت، جا بردی و خروسەبڕانی کرد، لەبەر ئەو جووانەی لەو ناوچانە بوون، چونکە هەموو دەیانزانی باوکی یۆنانییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ ئیتر بە شارەکاندا تێدەپەڕین و ئەو پرسانەی لەلایەن پەیامبەران و پیرانەوە لە یروشلایم بڕیاریان لەسەر درابوو، پێیان ڕادەگەیاندن تاکو پەیڕەوی بکەن.

٥ جا وارگەکان لە باوەڕدا بەهێز دەبوون و ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زیادی دەکرد.

٦ ئینجا بە ناوچەکانی پرۆگیا و گەڵاتیە تێپەڕین، چونکە ڕووحی پارسا ڕێی نەدان لە ئاسیا وشەکە ڕابگەیەنن.

٧ کاتێ گەیشتنە میسیا هەوڵیان دا بەرەو بیسینیا بڕۆن، بەڵام ڕووح ڕێگای نەدان.٨ ئەوسا بە میسیادا تێپەڕین و هاتنە ترۆئۆس.

٩ لە شەودا پۆڵۆس بینینێکی بینی، پیاوێکی ماقیدۆنیایی ڕاوەستابوو، لێی دەپاڕایەوە: "بپەڕەوە بۆ ماقیدۆنیا و یارمەتیمان بدە!".

١٠ کاتێ بینینەکەی بینی، یەکسەر هەوڵماندا بۆ ماقیدۆنیا بڕۆین، دڵنیا بووین کە خودا بانگی کردووین تاکو موژدەیان بدەینێ.

١١ جا بە دەریادا لە ترۆئۆسەوە ڕێک بۆ سامۆتراقێ ڕۆیشتین و بۆ ڕۆژی دوایی بۆ نیاپۆلیس.

١٢ لەوێشەوە بۆ پیلیۆس کە یەکەم شاری ناوچەی ماقیدۆنیایە و جێنشینی ڕۆمانییەکانە، لەوێ چەند ڕۆژێک ماینەوە.

١٣ لە شەممەدا چووینە دەرەوەی شار بۆ سەر ڕووبار و وەکو نەریتی هەمیشەیی نوێژمان کرد. ئینجا دانیشتین و لەگەڵ ئەو ژنانەی کۆبووینەوە و قسەمان کرد.

١٤ لە شاری تیئۆتیرا ژنێکی خواپەرست بە ناوی لوودییا گوێی دەگرت، ئەرخەوان فرۆش بوو. پەروەردگار دڵی کردەوە تاکو سەرنج بداتە قسەکانی پۆڵۆس.

١٥ کاتێ خۆی و خانەوادەکەی عەمادکران، پاڕایەوە و وتی: "ئەگەر بڕیارتان داوە من باوەڕدارم بە پەروەردگار، وەرنە ماڵەکەم و بمێننەوە". ئیتر ناچاری کردین.

١٦ ئەوەبوو بۆ شوێنی نوێژکردن دەچووین، تووشی کارەکەرێک بووین ڕووحی فاڵچیێتی تێدابوو، بە فاڵچیێتییەکەی قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنەکانی بەدەست دەهێنا.

١٧ بەدوای پۆڵۆس و ئێمە کەوت و هاواری دەکرد و دەیوت: "ئەم مرۆڤانە بەندەی خودای هەرەبەرزن، ڕێگای ڕزگاریتان بۆ ڕادەگەیەنن".

١٨ ڕۆژانێکی زۆر ئەمەی دەکرد، تاکو پۆڵۆس بێزار بوو، ئاوڕی دایەوە و بە ڕووحەکەی وت: "بە ناوی ئیشۆعی مەسیح فەرمانت پێ دەکەم، لێی دەرچوو!". هەر لەو کاتەدا دەرچوو.

١٩ کاتێ خاوەنەکانی بینییان هیوای داهاتیان بڕا، پۆڵۆس و شیلایان گرت، ڕایانکێشانە بازاڕ بۆ بەردەم دەسەڵاتداران.

٢٠ بردییاننە پێش دادوەران و وتیان: "ئەم پیاوانە شارەکەمان دەشێوێنن، جوون و

٢١ نەریتێک بڵاو دەکەنەوە کە ئێمەی ڕۆمانی نابێ پەسەندی بکەین یان کاری پێ بکەین".

٢٢ ئیتر کۆمەڵەکە پێکڕا لێیان هەستان و فەرمانڕەواکان جلەکانیان دڕاند و فەرمانیان دا دارکاری بکرێن.

٢٣ جا زۆر دارکارییان کردن و خستیاننە زیندانەوە، چاودێری زیندانەکەیان ڕاسپارد کە بە توندی پاسەوانیان بکات.

٢٤ ئەویش کە ئەم ڕاسپاردەیەی وەرگرت، فڕێیدانە نێو قووڵایی زیندانەکە و پێیانی خستە نێو کۆتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ لە نیوەی شەودا پۆڵۆس و شیلا نوێژیان دەکرد و ستایشی خودایان دەکرد، بەندکراوانیش گوێیان لێبو.

٢٦ لەناکاو بوومەلەرزەیەکی مەزن ڕوویدا، گۆشەکانی زیندانەکەی هەژاند، یەکسەر هەموو دەرگاکان کرانەوە و کۆتی هەمووان کرایەوە.

٢٧ کە چاودێری زیندانەکە بە ئاگا هات و بینی دەرگاکانی زیندانەکە کراونەتەوە، شمشێری هەڵکێشا بەتەمابوو خۆی بکوژێت، وایزانی بەندکراوان ڕایانکردووە.

٢٨ پۆڵۆس بەدەنگێکی مەزن هاواری کرد: ''هیچ لە خۆت مەکە! هەموومان لێرەین!''،

٢٩ ئەویش داوای ڕووناکی کرد، چووە ژوورەوە و دەلەرزی، لەبەردەم پۆڵۆس و شیلا چۆکی دادا.

٣٠ ئەوسا بردنییە دەرەوە و وتی: ''گەورەکانم، پێویستە چی بکەم تاکو ڕزگارم بێت؟''

٣١ وتیان: ''باوەڕ بە پەروەردگار ئیشۆعی مەسیح بهێنە، خۆت و خانەوادەکەت ڕزگارتان دەبێت''.

٣٢ جا بە وشەی پەروەردگار بۆ خۆی و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەیدا بوون دووان.

٣٣ ئیتر لەو کاتەی شەو بردنی و برینەکانی تیمارکردن، یەکسەر خۆی و هەموو خێزانەکەی عەمادکران.

٣٤ ئینجا بردنییە ماڵ و خواردنی بۆ دانان، خۆی و هەموو خێزانەکەی زۆر دڵشادبوون، کە باوەڕیان بە خودا هێنا.

٣٥ کە ڕۆژبووەوە فەرمانڕەواکان پۆلیسیان نارد و وتیان: ''ئەو دوو پیاوە ئازاد بکە''.

٣٦چاودێری زیندان ئەم هەواڵەی دایە پۆڵۆس کە فەرمانڕەوایان ناردوویانە کە ئازاد بکرێن، بۆیە ئێستا وەرنە دەرەوە و بەئاشتی بڕۆن.

٣٧ جا پۆڵۆس پێی وتن: ''بێ حوکمدان بە ئاشکرا دارکارییان کردین و فڕێیاندانینە زیندان، ئێمەش هاوڵاتیی ڕۆمانین، ئایا ئێستاش بە نهێنی قاومان دەدەن؟ نەخێر! بەڵکو با خۆیان بێن دەرمان بهێنن''.

٣٨ پۆلیسەکان ئەم قسانەیان بە فەرمانڕەوایان ڕاگەیاند، جا کاتێ زانییان ئەوان ڕۆمانین ترسان.

٣٩ ئیتر هاتن و لێیان پاڕانەوە، بردییاننە دەرەوە و داوایان لێکردن شارەکە بەجێبهێڵن.

٤٠ جا لە زیندانەکە دەرچوون و چوونە لای لوودییا، لەوێ خوشک و برایانیان بینی و دڵنەواییان کردن و دەرچوون.

کردار 17

١ ئینجا بە ئەمفیپۆلیس و ئەپۆلۆنیادا تێپەڕین و گەیشتنە تسلۆنیقێ کە کەنیشتی جووی لێبوو.

٢پۆڵۆس وەکو دابی خۆی چووە لایان، سێ شەممە لەسەر یەک بە سیپارەکان گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن،

٣ ڕوونی دەکردەوە و دەریدەخست کە دەبووایە مەسیح ئازار بچێژێت و لەنێو مردووان هەستێتەوە. پێی وتن: ئەم ئیشۆعەی من پێتانی ڕادەگەیەنم، مەسیحەکەیە.

٤ هەندێکیان قەناعەتیان هێنا و چوونە پاڵ پۆڵۆس و شیلا، هەروەها جەماوەرێکی زۆر لە یۆنانیی خواپەرست و لە ژنە خانەدانەکانیش کە ژمارەیان کەم نەبوو.

٥ جووەکانیش ئیرەییان پێ هات، هەندێک پیاوخراپی بازاڕیان هێنا، خەڵکیان کۆکردەوە و ئاژاوەیان لە شار نایەوە. چوونە سەر ماڵی ئیاسون و داوایان کرد پۆڵۆس و شیلا بهێنرێنە لای خەڵک.

٦ کاتێ نەیاندۆزینەوە، ئیاسون و هەندێک برایانیان بۆ لای فەرمانڕەوایانی شار ڕاکێشا، هاواریان دەکرد: ''ئەمانە کە جیهانیان هەڵگێڕاوەتەوە، بۆ ئێرەش هاتوون،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ ئیاسون میوانداریی کردوون. هەموویان دژی فەرمانەکانی قەیسەڕ کار دەکەن، دەڵێن پاشایەکی دیکە هەیە، ناوی ئیشۆعە!”.

٨ بەم قسانە کۆمەڵەکە و فەرمانڕەوایانی شاریان وروژاند.

٩ ئەوانیش دەستەبەر پەیامیان بۆ ئیاسون و ئەوانەی دیکە کرد و ئازادیان کردن.

١٠ کە شەو داهات برایان پۆڵۆس و شیلایان نارده بیرووئا، کە گەیشتن چوونە کەنیشتی جووەکان.

١١ بەڵام خەڵکی بیرووئا لە تسلۆنیقیەکان ڕێزدارتر بوون، بەوپەڕی پەرۆشییەوە وشەکەیان وەرگرت، هەموو ڕۆژێک لە سیپارەکان ورد دەبوونەوە ئاخۆ شتەکان ئاوان؟

١٢ جا زۆریان باوەڕیان هێنا، هەروەها زۆر لە ژنە ڕێزدارە یۆنانییەکان و پیاویش کە ژمارەیان کەم نەبوو.

١٣ کاتێ جووی تسلۆنیقێ زانییان پۆڵۆس لە بیرووئاش وشەی خودای ڕاگەیاندووە، هاتن لەوێش کۆمەڵانەکە جۆش بدەن.

١٤ جا یەکسەر برایان پۆڵۆسیان بۆ دەریا نارد، بەڵام شیلا و تیماتیئوس لەوێ مانەوە.

١٥ ئەوانەی یاوەری پۆڵۆس بوون ئەویان هێنایە ئەتینۆس، کاتێ ڕاسپاردەیان بۆ شیلا و تیماتیئوس برد کە بە زووترین کات بێنە لای، ڕۆیشتن.

١٦ کاتێ پۆڵۆس لە ئەتینۆس چاوەڕێی دەکردن، لە ڕووحیدا هەڵچوو کە بینی شارەکە پڕە لە بت.

١٧ بۆیە لە کەنیشت گفتوگۆی لەگەڵ جوو و خواپەرستان دەکرد، لە بازاڕیش لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژانە تووشیان دەهات.

١٨ هەندێک فەیلەسوفی ئەپیقۆری و ستۆیکی گفتوگۆیان لەگەڵی دەکرد، هەندێک دەیانووت: ‘‘ئەم چەنەبازە دەیەوێت چی بڵێت؟’’ هەندێکی دیکە وتیان: ‘‘دیارە بانگەواز بۆ خوداوەندێکی نامۆ دەکات’’. چونکە موژدەی ئیشۆع و هەستانەوەی دەدا.

١٩ئینجا بردییانە ئاریۆپاگۆس و وتیان: ‘‘دەتوانین بزانین ئەم فێرکردنە نوێیە چییە باسی دەکەیت؟٢٠ چونکە شتی نامۆت لێ دەبیستین و دەمانەوێت واتاکەی بزانین’’.

٢١ چونکە هەموو ئەتینۆسییەکان و بێگانەکانی تێدا دەژیان، دەرفەتیان بۆ هیچ شتێک نەدەدا جگە لە باس یان بیستنی شتی نوێ.

٢٢ پۆڵۆس لەناوەڕاستی ئاریۆپاگۆسدا وەستا و وتی: ‘‘پیاوانی ئەتینۆس! دەبینم لە هەموو لایەکەوە زۆر دیندارن’’.

٢٣ چونکە کاتێ دەگەڕام و سەیری پەرستراوەکانتانم دەکرد، قوربانگایەکم بینی لەسەری نووسرا بوو: ‘‘بۆ خودای نەناسراو’’. جا ئەوەتان بۆ ڕادەگەیەنم کە دەیپەرستن و نایناسن.

٢٤ ئەو خوداوەندەی جیهان و هەموو شتەکانی نێوی ئافراندووە، کە پەروەردگاری ئاسمان و زەوییە و لە پەرستگای دەستکرد نیشتەجێ نابێت.

٢٥ بە دەستی مرۆڤ ڕاژە ناکرێت وەک پێویستی بە شتێک بێت، چونکە ئەو بە خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێک دەداتە هەمووان.

٢٦ هەموو نەتەوەکانی لە یەکێک دروستکردووە، تاکو لەسەر هەموو ڕووی زەوی نیشتەجێ بن، کات و سنوورەکانی نیشتەجێبوونی ئەوانی داناوە و دیاری کردووە،

٢٧تاکو بەدوای خودا بگەڕێن، بەڵکو بیگەنێ و بیدۆزنەوە، هەرچەندە لە هەر یەکێکمان دوور نییە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٨ چونکە لەودا دەژین و دەجووڵێین و هەین. وەک هەندێک شاعیرانتان وتیان: ‘‘ئێمەش نەوەی ئەوین’’.

٢٩ بۆیە جا کە نەوەی خوداین، پێویستە بیرنەکەینەوە کە خودایەتی لە پەیکەری زێڕ یان زیو یان بەردینە، کە داهێنان و کاردەستی مرۆڤ نیگاری کێشاوە.

٣٠ ئێستا خودا فەرمان دەدات بۆ هەموو خەڵک و لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن، بۆیە چاوپۆشی لە سەردەمانی نەزانی دەدکات.

٣١ چونکە ڕۆژێکی داناوە تیایدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەستاندیەوە’’.

٣٢ کاتێ گوێیان لە هەستانەوەی مردووان بوو، هەندێکیان گاڵتەیان پێکرد و هەندێکیان وتیان: ‘‘جارێکی دیکە لەم بارەیەوە گوێت لێ دەگرین!’’.

٣٣ ئیتر پۆڵۆس لەنێویان دەرچوو.

٣٤ بەڵام هەندێ کەس باوەڕیان هێنا و جوداخوازیان کرد، لەوانە: دیانیۆنیسیوسی ئاریۆپاگۆس و ژنێک ناوی داماریس بو و کەسانی دیکەش لەگەڵیان.

کردار 18

١ لەدوای ئەمە پۆڵۆس ئەتینۆسی بەجێهێشت و هاتە قۆرنتێ.

٢ جووێکی بینی بە ناوی ئەکیلا، خەڵکی پونتوس بوو، تازە لەگەڵ پریسقیلای ژنی لە ئیتالیاوە هاتبوون، چونکە قلەودییوس فەرمانی دابوو هەموو جوو ڕۆما بەجێبهێڵن، ئیتر هاتە لایان.

٣ جا بەهۆی هاوپیشەییان لەلایان مایەوە و ئیشی دەکرد، چونکە بە پیشە ڕەشماڵچی بوون.

٤ هەموو شەممەیەک لە کەنیشت گفتوگۆی دەکرد، قەناعەتی بە جوو و یۆنانییەکان دەهێنا.

٥ کاتێ شیلا و تیماتیئوس لە ماقیدۆنیاوە دابەزین، پۆڵۆس بە ڕووح تەرخان کرابوو، گەواهیی بۆ جوو دەدا کە ئیشۆع مەسیحەکەیە.

٦ بەڵام کاتێ بەرەنگارییان کرد و کفریان کرد، کراسەکەی تەکاند و پێی وتن: ‘‘خوێنی خۆتان لەسەر خۆتان! من بێتاوانم. لە ئێستاوە دەچمە لای نەتەوەکان’’.

٧ ئیتر ئەوێی بەجێهێشت و چووە ماڵی پیاوێک ناوی تتوس یوستس بوو، خواپەرست بوو، ماڵەکەی لە تەنیشت کەنیشتەوە بوو.

٨ لێرەدا قیریسپوسی پێشەوای کەنیشت خۆی و هەموو ماڵەکەی باوەڕیان بە پەروەردگار هێنا. زۆر لە قۆرنتییەکان کە بیستیان باوەڕیان هێنا و عەمادکران.

٩ لە شەودا پەروەردگار لە بینیندا بە پۆڵۆسی فەرموو: ‘‘مەترسە، بەڵکو قسە بکە و بێدەنگ مەبە،

١٠ چونکە من لەگەڵتدام، کەس هێرش ناکاتە سەرت و ئازارت بدات، چونکە گەلێکی زۆرم هەیە لەم شارە’’.

١١ ئیتر ساڵێک و شەش مانگ لەگەڵیان مایەوە و وشەی خودای فێر دەکردن.

١٢ لەو سەردەمەی گالیۆن فەرمانڕەوای ئەخائیە بوو، جووەکان یەک دەست دژی پۆڵۆس هەستان و بۆ تەختی دادگایان هێنا،

١٣ وتیان: ‘‘ئەم پیاوە قەناعەت بە خەڵک دەهێنێت کە بە پێچەوانەی تەورات خودا بپەرستن’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ کە پۆڵۆس خەریک بوو دەمی بکاتەوە، گالیۆن بە جووەکانی وت: "جووەکان، ئەگەر پرسەکە ناڕەوایی یان تاوانێکی خراپ بووایە، وەک هۆیەک گوێم لە سکاڵاتان دەگرت.

١٥ بەڵام ئەگەر بابەتەکە لەسەر وشە و ناو و تەوراتتانە، بە خۆتان تەماشای بکەن. چونکە من نامەوێت لەم بابەتانەدا ببمە دادوەر".

١٦ ئیتر لە تەختی دادگا قاویدان.

١٧ ئەوسا هەمووان سوستینسی پێشەوای کەنیشتیان گرت و لەبەردەم دادگا لێیان دا، گالیۆنیش گوێی بەمە نەدا.

١٨ پۆڵۆس ڕۆژانێکی زۆر مایەوە، ئینجا ماڵئاوایی لە برایان کرد و لەگەڵ پریسقیلا و ئەکیلا بە دەریادا بەرەو سوریا ڕۆیشت. دوای ئەوەی لە کەنخریا سەری تاشی، چونکە نەزری لەسەر بوو.

١٩ گەیشتنە ئەپیسۆس و ئەوانی لەوێ بەجێهێشت، بەڵام خۆی چووە کەنیشت و لەگەڵ جووەکان گفتوگۆی دەکرد.

٢٠ ئەوانیش داوایان لێکرد ماوەیەکی زیاتر لەلایان بمێنێتەوە، بەڵام قایيل نەبوو.

٢١ بەڵکو ماڵئاوایی لێکردن و وتی: "بەهەرحاڵ دەبێ جەژنی داهاتوو لە یروشلایم بکەم، بەڵام بەخواستی خودا دەگەڕێمەوە لاتان". ئینجا لە ئەپیسۆسەوە بە دەریادا ڕۆیشت.

٢٢کاتێ لە قەیسەرییە دابەزی، سەرکەوت و سڵاوی لە وارگە کرد، ئینجا بۆ ئینتیاکیا شۆڕبووەوە.٢٣ ماوەیەک لەوێ مایەوە و دەرچوو، بە ڕیز بە دەڤەری گەڵاتیە و پرۆگیادا تێپەڕی و ورەی هەموو قوتابییەکانی بەرز دەکردەوە.

٢٤ جووێکی خەڵکی ئەسکەندەریە بە ناوی ئەپۆلۆس هاتە ئەپیسۆس، زمان پاراو و لە سیپارەکان بەتوانا بوو.

٢٥ شارەزای ڕێگای پەروەردگار بوو، لە ڕووحدا گەرم بوو، بە دروستی سەبارەت بە پەروەردگار دەدوا، تەنها عەمادکردنەکەی یوخەننەنی دەزانی.

٢٦ ئەم دەستی پێکرد بەئاشکرا لە کەنیشت قسە بکات. کە ئەکیلا و پریسقیلا گوێیان لێیبوو، بردییان و دروستتر ڕێگای خودایان بۆ ڕوونکردەوە.

٢٧ کاتێ ئەپۆلۆس حەزیکرد بچێتە ئەخائیە، برایان هانیان دا و بۆ قوتابییەکانیان نووسی پێشوازی لێ بکەن. کاتێ هات یارمەتییەکی زۆری ئەوانەی دا کە بەهۆی بەخشش باوەڕیان هێنابوو.

٢٨ چونکە بە هێزەوە و بە ئاشکرا جووی بێدەنگ دەکرد، بەهۆی سیپارەکان دەیسەلماند ئیشۆع مەسیحەکەیە.

کردار 19

١ ئەوەبوو کە ئەپۆلۆس لە قۆرنتێ بوو، پۆڵۆس بە ڕێگا بەرزەکانەوە تێپەڕی و هاتە ئەپیسۆس. لەوێ هەندێک قوتابیی بینی،

٢ پێی وتن: "کاتێ باوەڕتان هێنا، ڕووحی پارساتان وەرگرت؟" پێیان وت: "تەنانەت نەشمانبیستووە کە ڕووحی پارسا هەیە!"

٣ پێی وتن: "کەواتە بە چی عەمادکران؟" وتیان: "بە عەمادکردنەکەی یوخەننەن".

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ پۆڵۆس وتی: ‘‘عەمادکردنەکەی یوخەننەن عەمادکردنی تۆبەکردن بوو، بە گەلی دەووت باوەڕ بهێنن بەوەی لەدوای دێت، واتا بە ئیشۆعی مەسیح’’.

٥ کاتێ ئەمەیان بیست بە ناوی ئیشۆعی پەروەردگار عەمادکران.

٦ جا کاتێ پۆڵۆس دەستی لەسەر دانان، ڕووحی پارسا هاتە سەریان، بە زمانان دووان و پێشبینییان کرد.

٧ بە هەموویان نزیکەی دوازدە پیاو دەبوون.

٨ ئینجا پۆڵۆس چووە کەنیشت، بۆ زیاتر لە سێ مانگ بەئاشکرا دەدووا، گفتوگۆی دەکرد و دەربارەی پاشایەتیی خودا قەناعەتی بە خەڵک دەهێنا.

٩ بەڵام هەندێ کەس کەللەڕەقییان کرد و قەناعەتیان نەهێنا، لەبەردەم خەڵکەکە جنێویان بە ڕێگاکە دا. لێیان جیابووەوە و قوتابییەکانی دوورخستەوە، ڕۆژانە لە قوتابخانەی تیرانۆس گفتوگۆی دەکرد.

١٠ دوو ساڵ وابوو، تاکو هەموو ئەوانەی لە ئاسیادا دانیشتبوون، جوو و یۆنانی، وشەکەی پەروەردگاریان بیست.

١١خوداش پەرجوی سەرسوڕهێنەری بە دەستی پۆڵۆس ئەنجام دەدا،

١٢ تەنانەت دەستەسڕ و بەروانکەی سەر پێستیان دەهێنا، دەیانخستە سەر نەخۆش و نەخۆشی نەدەما، ڕووحە بەدەکانیش دەردەچوون.

١٣ هەندێک لەو جوو گەڕۆکانەی ڕووحی گڵاو دەردەکەن، هەوڵیان دا ناوی ئیشۆعی پەروەردگار بۆ ئەوانە بەکاربهێنن کە ڕووحی گڵاویان تێدایە، دەیانووت: ‘‘سوێندت دەدەم بە ئیشۆع، ئەوەی پۆڵۆس ڕایدەگەیێنێت!’’.

١٤ سکاوا کە کاهینێکی باڵای جوو بوو، حەوت کوڕی ئەمەیان دەکرد.

١٥ ڕووحە بەدەکەش وەڵامی دانەوە: ‘‘ئیشۆع دەناسم و دەربارەی پۆڵۆسیش دەزانم، بەڵام ئێوە کێن؟’’

١٦ ئینجا پیاوەکە وا ڕووحە گڵاوەکەی تێدابوو پەلاماری دان و بەسەر هەموویاندا زاڵبوو، دەرەقەتیان هات، تەنانەت بە ڕووتی و بریندارییەوە لەو ماڵە هەڵاتن.

١٧ئەمەش زانرا لەلایەن هەموو ئەو جوو و یۆنانییانەی لە ئەپیسۆس دەژیان، هەموو ترس دایگرتن و ناوی ئیشۆعی پەروەردگار بەرز دەبووەوە.

١٨ هەروەها زۆر لەوانەی باوەڕیان هێنا، دەهاتن و دانیان بە کردەوەکانیان دەنا.

١٩ زۆر لەوانەی جادوویان بەکاردەهێنا، پەرتووکەکانیان کۆدەکردەوە و لەبەردەم هەمووان دەیانسووتاندن. نرخەکانیان ژمارد، بینییان پەنجا هەزار زیوە.

٢٠ بەم شێوەیە وشەکەی پەروەردگار بە تواناوە گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو.

٢١ کاتێ ئەمانە تەواو بوون، پۆڵۆس بڕیاری دا بە ماقیدۆنیا و ئەخائیەدا تێپەڕێت و بڕواتە یروشلایم، وتی: ‘‘پاش ئەوەی لەوێ دەبم، دەبێت ڕۆماش ببینم’’.

٢٢ ئینجا دووان لەوانەی ڕاژەی ئەویان دەکرد ناردنی بۆ ماقیدۆنیا: تیماتیئوس و ئەڕاستۆس، بەخۆی ماوەیەک لە ئاسیا مایەوە.

٢٣ لەو کاتەدا لەبەر ئەم ڕێگایە ئاژاوەیەکی گەورە ڕوویدا.

٢٤ چونکە زیوگەرێک بە ناوی دیمەتریوس کە پەرستگای بچووکی زیوینی ئەرتامیسی دروست دەکرد. ئەمە قازانجێکی کەمی نەبوو بۆ پیشەداران.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ ئیتر لەگەڵ پیشەدارانی ئەو هاوپیشە، کۆی کردنەوە و وتی: ‘‘کوڕینە، ئێوە دەزانن خۆشگوزەرانیمان لەم پیشەیەیە،

٢٦ دەبینن و دەبیستن کە نەک تەنها لە ئەپیسۆس، بگرە لە هەموو ئاسیا، ئەم پۆڵۆسە قەناعەتی بە کۆمەڵێکی زۆری هێناوە و لە ڕێ لایداون، دەڵێت: ئەوانەی دەستکردن خودا نین.

٢٧ نەک تەنها ئەم بەشەمان لە مەترسیدایە ڕێزی لێ نەگیرێت، بەڵکو پەرستگاکەی ئەرتامیسی خواژنی گەورەش هیچ بەهایەکی نامێنێت، ئەوەی هەموو ئاسیا و جیهان دەیپەرستن، پایە بەرزییەکەی لەدەست دەدات’’.

٢٨ کاتێ گوێیان لێبوو تووڕە بوون و هاواریان کرد: ‘‘مەزنە ئەرتامیسی ئەپیسۆسییەکان!’’

٢٩ شڵەژان هەموو شاری گرتەوە، یەکدەست گائیوس و ئەرستارخۆسی ماقیدۆنیاییان ڕاکێشایە شانۆ، کە هاوڕێی پۆڵۆس بوون لە گەشتدا.

٣٠ پۆڵۆس ویستی بچێتە نێو گەلەکە، بەڵام قوتابییەکان نەیانهێشت.

٣١ هەروەها هەندێک گەورە پیاوی ئاسیا کە دۆستی بوون، ناردیانە لای و لێی پاڕانەوە کە نەچێتە شانۆکە.

٣٢ ئیتر هەندێک هاواری شتێکیان دەکرد و هەندێک شتێکی دیکە، چونکە کۆڕەکە شێوابوو، زۆربەشیان نەیاندەزانی بۆچی کۆبوونەتەوە!

٣٣ ئینجا ئەسکەندەریان لەنێو کۆمەڵەکە ڕاکێشا، جووەکانیش پاڵیان پێوە دەنا، ئەسکەندەریش دەستی بەرزکردەوە دەیویست لەبەردەم گەلەکە بەرگری لە خۆی بکات.

٣٤ بەڵام کە زانییان جووە، نزیکەی دوو کاژێر هەموویان بەیەکەوە هاواریان دەکرد: ‘‘مەزنە ئەرتامیسی ئەپیسۆسییەکان!’’.

٣٥ ئینجا فەرمانڕەوای شار خەڵکەکەی هێمن کردەوە و وتی: ‘‘پیاوانی ئەپیسۆس، کێ هەیە نەزانێت کە شاری ئەپیسۆسییەکان پاسەوانی پەرستگای ئەرتامیسی مەزن و ئەو پەیکەرەیە کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە؟

٣٦ بۆیە کە ئەمانە نکۆڵییان لێ ناکرێت، پێویستە هێمن ببنەوە و شتێک بە سەرەڕۆیی نەکەن.

٣٧ چونکە ئەم دوو پیاوەتان هێناوە، کە نە پەرستگا دزن، نە کفریان بە خواژنەکەتان کردووە.

٣٨ بەڵام ئەگەر دیمەتریوس و پیشەدارەکانی لەگەڵ ئەون سکاڵایان دژی کەسێک هەیە، ئەوا دادگاکان کراونەتەوە و دادوەر هەیە، با سکاڵا لە یەکتری بکەن.

٣٩ ئەگەر داوای شتێکی دیکەش دەکەن، ئەوا لە کۆڕی یاساییدا سەیر دەکرێت.

٤٠ چونکە لە مەترسی داین تاوانبار بکرێن بە ئاژاوەنانەوەی ئەمڕۆ، هیچ پاساوێکیشمان نییە بۆ پاکانەی ئەم گردبوونەوەیە’’.

٤١ کە ئەمەی وت، کۆمەڵەکەی بەڕێکرد.

کردار 20

١ دوای نەمانی ئاژاوەکە، پۆڵۆس قوتابییەکانی بانگکرد و ماڵئاوایی لێکردن و دەرچوو تاکو بڕواتە ماقیدۆنیا.

٢ کاتێ بەو ناوچانەدا تێپەڕی، بە زۆر وتە ئامۆژگاریی کردن، هاتە یۆنان،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣لەوێ سێ مانگی بەسەربرد. کە بەتەمابوو بە بڕواتە سوریا، جووەکان پیلانیان بۆی گێڕا، بڕیاری دا بە ماقیدۆنیادا بگەڕێتەوە.

٤ ئەمانەی لەگەڵ بوو: لە بیرووئا سوپاتڕۆسی کوڕی پیرۆ، لە تسلۆنیقیان ئەرستارخۆس و سەکوندۆس، گائیوس لە دەربێ و تیماتیئوس، لە ئاسیاش تۆخیقۆس و ترۆپیمۆس.

٥ ئەمانە پێشمان کەوتن و لە ترۆئۆسدا چاوەڕێیان دەکردین.

٦ ئێمەش دوای ڕۆژانی فەتیرە، بە دەریاوە لە پیلیۆس دەرچووین، بۆ ترۆئۆس و بە پێنج ڕۆژ گەیشتینە لایان و حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

٧ لە یەکەمی هەفتەدا بۆ نان لەتکردن کۆبووینەوە، پۆڵۆس گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، چونکە بەتەمابوو بۆ بەیانی بڕوات، تاکو نیوە شەو درێژە بە قسەکانی دا.

٨ ئەو ژوورەی سەرەوە کە لێی کۆببووینەوە چرای زۆری لێبوو.

٩ گەنجێک ناوی یوتیخۆس بوو لە نێو پەنجەرەدا دانیشتبوو، خەوێکی قورس دەیبردەوە، پۆڵۆس وتارێکی درێژی دەدا، جا خەوی لێ کەوت و لە نهۆمی سێیەمڕا کەوتە خوارەوە، بە مردوویەتی هەڵگیرایەوە.

١٠ جا پۆڵۆس هاتە خوارەوە خۆی بەسەریدا دا و لە باوەشی گرت، وتی: "مەپەشۆکێن، ژیانی تێدایە!"

١١ ئینجا پۆڵۆس چووە سەرەوە، نانی لەت کرد و خواردی، تاکو بەرەبەیان قسەی کرد، پاشان ڕۆیشت.

١٢گەنجەکەشیان بە زیندوویەتی برد و زۆر دڵنەوایی کران.

١٣ ئێمەش بەرەو کەشتییەکە پێشکەوتین و پێی چووینە ئاسۆس، بە نیازی ئەوەی لەوێ پۆڵۆس هەڵگرین، چونکە ئاوای ڕێکخستبوو، بە نیاز بوو بە پێیان بێت.

١٤ کاتێ لە ئاسۆس تووشمان بوو، هەڵمانگرت و هاتینە میتیلینی.

١٥ لەوێش بە دەریادا ڕۆیشتین و بۆ سبەینێ گەیشتینە بەرامبەر خییۆس، بۆ ڕۆژی پاشتر گەیشتینە سامۆس. دوایی لە لەترۆگیلیۆن ماینەوە، ڕۆژی دواتر هاتینە میلیتۆس.

١٦ جا پۆڵۆس بڕیاری دابوو بەدەریاوە لە ئەپیسۆسدا تێپەڕێت، نەوەک ماوەیەک لە ئاسیادا بمێنێتەوە، چونکە پەلەی دەکرد، بەڵکو بتوانێت لە ڕۆژی پەنجایەمین بگاتە یروشلایم.

١٧ لە میلیتۆسەوە ناردی بۆ ئەپیسۆس، بانگی قەشەکانی وارگەی کرد.

١٨ کاتێ هاتنە لای پێی وتن: "ئێوە دەزانن لە یەکەم ڕۆژەوە کە هاتمە نێو ئاسیا، بە درێژایی کاتەکە چۆن بووم لەگەڵتان،

١٩ بەو پەڕی خاکساری و فرمێسکەوە ڕاژەی پەروەردگارم دەکرد، بە پیلانی جووەکان تووشی ئەزموون بوومە،

٢٠ چۆن هیچم لەو شتانە دوانەخستووە کە سوودبەخشن و بۆم ڕاگەیاندوون، بە ئاشکرا و ماڵەوماڵ فێرم کردوون.

٢١ گەواهیم بۆ جوو و یۆنانییەکان داوە بۆ تۆبەکردن بەرەو خودا و باوەڕ بە ئیشۆعی پەروەردگارمان.

٢٢ ئەوەتا من وا بە ڕووحی پارسا بەستراوم، دەڕۆمە یروشلایم و نازانم چیم بەسەر دێت.

٢٣ بەڵام ڕووحی پارسا لە هەموو شارێک گەواهیم بۆ دەدات کە کۆتکردن و تەنگانە چاوەڕێم دەکات.

٢٤ بەڵام باکم بە هیچ شتێک نیە و گیانم بە گرنگ نازانم، تاکو کۆششی خۆم و ئەو ڕاژەی لە ئیشۆعی پەروەردگار وەرمگرتووە بە دڵشادیەوە تەواوی بکەم، ڕاژەی گەواهیدان بۆ موژدەی بەخششی خودا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ئەوەتا من دەزانم ئیتر ڕووم نابیننەوە، هەمووتان کە بە نێوتاندا دەگەڕام بانگەوازی پاشایەتی خودام دەدا.

٢٦ بۆیە ئەمڕۆ گەواهیتان بۆ دەدەم، کە لە خوێنی هەمووان بێتاوانم،

٢٧ چونکە لە ڕاگەیاندنی تەواوی خواستی خودا بۆتان دوانەکەوتم.

٢٨ کەواتە ئاگاتان لە خۆتان و لە هەموو مێگەلەکە بێت، ئەوەی ڕووحی پارسا بە چاودێری داناون بۆی، تاکو شوانایەتی وارگەی خودا بکەن، ئەوەی بە خوێنی خۆی کڕیویەتی.

٢٩ چونکە دەزانم پاش ڕۆیشتنم گورگی ڕفێنەر دێنە نێوتان، بەزەییان بە مێگەلەکە نایەتەوە.

٣٠ هەروەها لەنێو خۆتاندا پیاوانێک پەیدا دەبن، باسی شتی چەوت دەکەن، تاکو قوتابییەکان بەدوای خۆیاندا ڕابکێشن.

٣١ بۆیە بێدار بن، لە یادتان بێت ماوەی سێ ساڵ شەو و ڕۆژ بە فرمێسکەوە سارد نەبوومەتەوە لە ئاگادارکردنەوەی هەر یەکێکتان.

٣٢ ئێستاش بە خودا و وشەی بەخششەکەیتان دەسپێرم، کە توانای هەیە بنیادتان بنێت و لەگەڵ هەموو پارساکان میراتتان پێ ببەخشێت.

٣٣ ئارەزووی زیو و زێڕ و جلی کەسم نەکردووە.

٣٤ خۆتان دەزانن پێویستی خۆم و یاوەرانم، ئەم دەستانە ڕاژەیان کردووە.

٣٥ هەموو شتێکم پیشانتان دا کە پێویستە ئاوا ڕەنج بدەن بۆ یارمەتیدانی لاوازان، وشەکانی ئیشۆعی پەروەردگارتان لەیاد بێت کە فەرمووی: بەخشین لە وەرگرتن بەختەوەریترە".

٣٦ کە ئەمانەی وت، لەگەڵ هەموویان چۆکی دادا و نوێژی کرد.

٣٧ هەموو زۆر گریان، باوەشیان بە پۆڵۆسەوە کردبوو و ماچیان دەکرد،

٣٨ بەو قسەی کردی خەمبار بوون کە وتی جارێکی دیکە ڕووی نابیننەوە. ئینجا تاکو لای کەشتییەکە ڕەوانەیان کرد.

کردار 21

١ کاتێ لێیان جیابووینەوە، بە دەریادا ڕێک بەرەو کووس ڕۆیشتین. ڕۆژی پاشتر بۆ ڕۆدس لەوێشەوە بۆ پاترا.

٢ لەوێ کەشتییەکمان بینی دەچووە پۆنیقێ، سواربووین و ڕۆیشتین.

٣ ئینجا سەردانی قوبڕسمان کرد و بەلای چەپدا بەجێمان هێشت، بەرەو سوریا دەچووین و گەیشتینە سووڕ، چونکە کەشتییەکە بارەکەی لەوێ دادەگرت.

٤ لەوێ قوتابییەکانمان بینی و حەوت ڕۆژ ماینەوە، بە ڕووح تکایان لە پۆڵۆس دەکرد سەرنەکەوێتە یروشلایم.

٥ بەڵام کاتێ ماوەمان تەواو بوو، دەرچووین و بەڕێکەوتین، هەموویان تاکو دەرەوەی شار بە ژن و منداڵیانەوە ڕەوانەیان کردین. لە کەنارەکە چۆکمان دادا و نوێژمان کرد.

٦ پاشان ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد و سواری کەشتییەکە بووین، ئەوانیش گەڕانەوە ماڵەکانیان.

٧ کە لە سووڕەوە گەشتی نێو دەریاکەمان کۆتایی پێ هات، گەیشتینە تەلمیئوس، سڵاومان لە برایان کرد و ڕۆژێک لەلایان ماینەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ بۆ بەیانی هاتینە قەیسەرییە و چووینە ماڵی پیلیپوسی موژدەدەر، کە یەکێکە لە حەوتەکە، لەلای ماینەوە.

٩ ئەم چوار کچی پاکیزەی هەبوو پێشبینییان دەکرد.

١٠ کە چەندین ڕۆژ ماینەوە، پێغەمبەرێک بە ناوی ئاگابۆس لە ئیهوودوە هات.

١١ هاتە لامان و پشتێنەکەی پۆڵۆسی برد، دەست و پێی خۆی بەستەوە و وتی: "ڕووحی پارسا ئەمە دەفەرمووێ: خاوەنی ئەم پشتێنە، جووەکان ئاوا لە یروشلایم دەیبەستنەوە و دەیدەنە دەست نەتەوەکان".

١٢ کاتێ ئەمەمان بیست، ئێمە و دانیشتووانی ئەوێ، لێی پاڕاینەوە نەچێتە یروشلایم.

١٣ پۆڵۆس وەڵامی دایەوە: "چیتانە، دەگرییێن و دڵم دەشکێنن؟ ئامادەم نەک تەنها بەند بکرێم، بەڵکو لەپێناوی ناوی ئیشۆعی پەروەردگار لە یروشلایم بشمرم".

١٤ کە قەناعەتی نەهات، بێدەنگ بووین و وتمان: "با بە خواستی پەروەردگار بێت".

١٥ دوای ئەو ڕۆژانە ئامادەکاریمان کرد و سەرکەوتینە یروشلایم.

١٦ هەندێک قوتابی قەیسەرییەش لەگەڵمان هاتن و ئێمەیان بردە لای مەناسۆن، کە قوبڕسییە و قوتابییەکی کۆنە، تاکو لەلای بمێنینەوە.

١٧ کاتێ گەیشتینە یروشلایم، برایان بە خۆشییەوە پێشوازییان لێکردین.

١٨ ڕۆژێک دواتر پۆڵۆس لەگەڵمان هاتە لای یاقوو، هەموو پیرانیش ئامادەبوون.

١٩ پۆڵۆس سڵاوی لێکردن و یەک بە یەکی ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە خودا لەنێو نەتەوەکاندا بەهۆی ڕاژەکەی کردی.

٢٠ کە گوێیان لێبوو، خودایان شکۆدار کرد و پێیان وت: "برا تۆ دەبینیت بە هەزاران هەن لەنێو جووەکاندا باوەڕیان هێناوە و هەموو دڵگەرمی تەوراتن.

٢١ وایان بیستووە کە تۆ هەموو ئەو جوولەی لەنێو نەتەوەکاندان فێری هەڵگەڕانەوەیان دەکەیت لە مووشێ و پێیان دەڵێی کوڕانیان خروسەبڕان نەکەن و بەگوێرەی نەریت نەژین.

٢٢ کەواتە چی بکرێت؟ هەر دەبێ جەماوەر کۆ ببنەوە، بێگومان دەبیستن کە تۆ هاتوویت،

٢٣ جا ئەوە بکە کە پێت دەڵێین: چوار پیاومان لەلایە نەزریان لەسەرە.

٢٤ بیانبە و لەگەڵیان خۆت بێگەرد بکەوە و نرخی سەرتاشینەکەیان بۆ بدە، ئەوسا هەمووان دەزانن ئەوەی دەربارەی تۆ پێیان ووتراوە ڕاست نییە، تۆش بە پاراستنی تەورات ڕەفتار دەکەیت.

٢٥ دەربارەی نەتەوەکانیش کە باوەڕیان هێناوە، پەیامێکمان ناردووە و فەرمانمان کرد خۆیان لە قوربانی بت و لە خوێن، لە خنکاو و لە داوێنپیسی بپارێزن".

٢٦ بۆ بەیانی پۆڵۆس پیاوەکانی برد و لەگەڵیان خۆی بێگەرد کردەوە، چووە نێو پەرستگا تاکو تێبینی بدات بۆ کۆتایی هاتنی ڕۆژانی بێگەردبوونەوە، تاکو لە جیاتی هەر یەکێکیان قوربانییەکەی بکات.

٢٧ کاتێ خەریک بوو حەوت ڕۆژەکە تەواو بێت، جووەکانی ئاسیا لەنێو پەرستگا بینییان، هەموو کۆمەڵەکەیان جۆش دا و گرتییان،

٢٨ هاواریان دەکرد: "پیاوانی ئیسرائیل فریابکەون! ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە هەموو شوێنێک دژ بە گەل و تەورات و ئەم شوێنە هەموو خەڵک فێردەکات، تەنانەت یۆنانیشی هێناوتە پەرستگا و ئەم شوێنە پارسایەی گڵاو کرد!"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ چونکە ترۆپیمۆسی خەڵکی ئەپیسۆسییان لە شارەکەدا لەگەڵی بینیبوو، وایانزانی پۆڵۆس لەگەڵ خۆی هێناویەتییە پەرستگا.

٣٠ ئینجا هەموو شارەکە وروژا، خەڵکەکە بەیەکەوە ڕژان و پۆڵۆسیان گرت، ڕایانکێشایە دەرەوەی پەرستگا و یەکسەر دەرگاکان داخران.

٣١ کاتێ هەوڵی کوشتنیان دەدا، هەواڵ بە فەرماندەی هێز درا کە هەموو یروشلایم شڵەژاوە.

٣٢ یەکسەر سەرباز و سەرپەڵی برد و ڕایکردە لایان. کە فەرماندە و سەربازەکانیان بینی لە لێدانی پۆڵۆس وەستان.

٣٣ ئیتر فەرماندەکە نزیکبووەوە و گرتی، فەرمانی دا بە دوو زنجیر بیبەستنەوە، ئینجا پرسی کرد ئاخۆ کێیە؟ و چی کردووە؟

٣٤ بەڵام لەنێو کۆمەڵەکە هەندێک هاواری شتێکیان دەکرد و هەندێک شتێکی دیکە. جا بەهۆی ئاژاوە نەیتوانی ڕاستییەکە بزانێت، فەرمانی دا ببردرێتە سەربازگە.

٣٥ کاتێ لەسەر قاڵدرمەکان بوو، لەبەر توندوتیژی کۆمەڵەکە سەرباز هەڵیانگرت.

٣٦ چونکە جەماوەری گەل دوای کەوتبوون و هاواریان دەکرد: "لە ناوی ببە!".

٣٧ خەریک بوو پۆڵۆس بچێتە سەربازگاکە، بە فەرماندەکەی وت: "دەتوانم شتێکت پێ بڵێم؟" وتی: "یۆنانی دەزانیت؟

٣٨ تۆ پیاوە میسرییەکە نیت ماوەیەک لەمەوبەر ئاژاوەیەکت نایەوە و بە چوار هەزار بکوژەوە بەرەو بیابان دەرچوو؟"

٣٩ پۆڵۆس وتی: "من پیاوێکی جووی تەرسوسی قیلیقیام. داوات لێ دەکەم ڕێگام بدەی قسە بۆ گەلەکە بکەم".

٤٠ کە ڕێگای دا، پۆڵۆس لەسەر قاڵدرمەکان ڕاوەستا، بە دەست ئاماژەی بۆ خەڵکەکە کرد. کاتێ بێدەنگ بوون، بە زمانی عیبری قسەی بۆ کردن و وتی:

کردار 22

١ "برایان و باوکان، ئێستا گوێ لەو بەرگرییە بگرن کە لە خۆمی دەکەم".

٢ کاتێ گوێیان لێبوو بە زمانی عیبری قسەیان بۆ دەکات زیاتر بێدەنگ بوون. ئەویش وتی:

٣ "من جووم، لە تەرسوسی قیلیقیا لەدایکبووم، بەڵام لەم شارەدا گەورە بووم، لەبەردەستی گەملیئێل بە توندی بەگوێرەی تەوراتی باوکانمان فێرکراوم. زۆر دڵگەرم بووم بۆ خودا، وەک هەمووتان ئەمڕۆ.

٤تاکو مردن ئەم ڕێگایەم چەوساندەوە، ژن و پیاوم دەگرت و ڕادەستی زیندانم دەکردن،

٥ وەکو کاهینی باڵا و هەموو پیران گەواهیم بۆ دەدەن. پەیامم بۆ برایانی درەمسوق لەوان وەرگرت، چووم تاکو ئەوانەی ئەوێش بە بەندکراوی بهێنمە یروشلایم تاکو سزا بدرێن.

٦ ئەوەبوو کاتێ دەڕۆیشتم و لە نیوەڕۆدا لە درەمسوق نزیک دەبوومەوە، لەناکاو لە ئاسمانەوە ڕووناکییەکی مەزن لە دەوروبەرم درەوشایەوە.

٧ کەوتمە سەر زەوی و گوێم لە دەنگێک بوو پێی فەرمووم: شاوول! شاوول! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟

٨ وەڵامم دایەوە: گەورەم، تۆ کێی؟ پێی فەرمووم: من ئیشۆعی ناسرەتیم، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ هاوڵانم ڕووناکییەکەیان بینی و ترسیان لێ نیشت، بەڵام لەو دەنگە تێنەگەیشتن کە قسەی لەگەڵم دەکرد.

١٠ وتم: ئەی پەروەردگار، چی بکەم؟ پەروەردگار پێی فەرمووم: هەستە بڕۆ درەمسوق، لەوێ هەموو ئەوەی بۆت دانراوە بیکەیت، پێت دەووترێ.

١١ جا لەبەر هێزی ڕووناکییەکە نەمدەبینی، ئەوانەی لەگەڵم بوون دەستیان گرتم و هێنامیانە درەمسوق.

١٢ پیاوێک بە ناوی خنەنیا، بەگوێرەی تەورات لەخواترس بوو، هەموو جووی ئەوێ گەواهییان بۆ دەدا.

١٣ هاتە لام، وەستا و پێی وتم: شاوولی برام، ببینە! یەکسەر ئەوم بینی.

١٤ئینجا وتی: خودای باوکانمان هەڵبژاردووی تاکو خواستی بزانیت، هەروەها بێتاوانەکە ببینیت و گوێت لە وشەی زاری ئەو بێت.

١٥ چونکە تۆ بۆ هەموو خەڵک دەبیتە گەواهیدەری ئەو، بەوەی بینیت و بیستت.

١٦ ئێستا بۆ خۆت دوادەخەیت؟ هەستە عەماد بکە و بە ناوی پەروەردگارەوە بانگەواز بکە و گوناهەکانت بشۆرەوە.

١٧ ئەوەبوو کە بۆ یروشلایم گەڕابوومەوە و لە پەرستگا نوێژم دەکرد، لەهۆشی خۆم چووم،١٨ پەروەردگارم بینی و پێی فەرمووم: خێراکە! بە پەلە لە یروشلایم بڕۆ دەرەوە، چونکە گەواهییەکەت کە سەبارەت بە منە وەریناگرن.

١٩ منیش وتم: پەروەردگار، خۆیان دەزانن لە هەموو کەنیشتەکان ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ هەبوو، دەمگرتن و لێم دەدان.

٢٠ کاتێ خوێنی ئستیفانۆسی گەواهیدەری تۆ ڕژا، من ڕاوەستابووم، ڕازی بووم و پارێزگاریم لە جلوبەرگی بکوژانی دەکرد.

٢١ پێی فەرمووم: بڕۆ! بۆ دوور دەتنێرم، بۆ نەتەوەکان”.

٢٢ تاکو ئەم وشەیە گوێیان لێی دەگرت، ئینجا دەنگیان بەرز کردەوە و وتیان: “لەسەر ڕووی زەوی مەیهێڵە! چونکە ئەمە شایانی ژیان نییە!”

٢٣ ئینجا هاواریان کرد و جلەکانی خۆیان فڕێدەدا و خۆڵیان بە هەوادا دەکرد.

٢٤ فەرماندەکە فەرمانی دا بۆ سەربازگە ببردرێت و لە ژێر قامچی لێی بکۆڵنەوە، تاکو بزانێت بۆچی ئاوا هاواریان لێی دەکرد.

٢٥ کاتێ بەستایانەوە تاکو بە قامچی لێی بدەن، پۆڵۆس بە سەرپەلەکەی وت کە لەوێ وەستا بوو: “یاساییە بۆتان پێش دادگاییکردنی کەسێکی ڕۆمانی بەر قامچی بدەن؟”

٢٦ کاتێ سەرپەلەکە گوێی لێبوو، چووە لای فەرماندەکە، هەواڵی پێدا و وتی: “ئەوە بەتەمای چیت! ئەم پیاوە ڕۆمانییە!”

٢٧ فەرماندەکەش هات و پێی وت: “پێم بڵێ، تۆ ڕۆمانیت؟” وتی: “بەڵێ”.

٢٨فەرماندەکە وەڵامی دایەوە: “بە پارەیەکی زۆر ئەم هاوڵاتیبوونەم وەرگرت”. پۆڵۆس وتی: “بەڵام من بە زگماک هاوڵاتیم”.

٢٩ ئەوانەی بەتەمابوون لێی بکۆڵنەوە یەکسەر لێی دوورکەوتنەوە، فەرماندەکەش کە زانی ڕۆمانییە و وا کۆتی کردووە، ترسا.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٠ بۆ بەیانی ویستی بە تەواوی بزانێت بۆچی جووەکان سکاڵای لێدەکەن، ئازادی کرد و فەرمانی دا کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدریم کۆ ببنەوە، پۆڵۆسی بانگکرد و لەبەردەمیاندا ڕایگرت.

کردار 23

١ پۆڵۆس ڕووانییە سەنهەدریم و وتی: "برایان، تاکو ئەمڕۆ بە تەواوی ویژدانێکی پاک بۆ خودا ژیاوم".

٢ خنەنیای کاهینی باڵا فەرمانی بەوانە دا کە لەلای ڕاوەستابوون تاکو بە دەمیدا بکێشن.

٣ پۆڵۆس پێی وت: "خودا لێت بدات، ئەی دیواری سپیکراو! چۆن دانیشتووی بەگوێرەی تەورات حوکمم دەدەیت، کەچی پێچەوانەی تەورات فەرمانی لێدانم دەدەیت؟"

٤ئەوانەی لەلای ڕاوەستابوون وتیان: "ئایا جنێو بە کاهینی باڵای خودا دەدەیت؟"

٥ پۆڵۆس وتی: "برایان نەمدەزانی کاهینی باڵایە، چونکە نووسراوە: *{بە خراپە باسی سەرکردەیەکی گەلەکەت مەکە}*".

٦ پۆڵۆس دەیزانی بەشێک زادوقین و بەشێک پەریشی، لە سەنهەدریمدا هاواری کرد: "برایان، من پەریشی کوڕی پەریشیم. لەبەر هیوام بە هەستانەوەی مردووان وا حوکم دەدرێم".٧ کە ئەمەی وت، ناکۆکی کەوتە نێوان پەریشی و زادوقییەکان و کۆمەڵەکەش دابەش بوو.

٨چونکە زادوقییەکان دەڵێن هەستانەوە و فریشتە و ڕووح نین، بەڵام پەریشییەکان دان بە هەموو ئەمانەدا دەنێن.

٩ ئینجا هاوار بەرزبووەوە، هەندێک تەوراتزانەکانی کۆمەڵەی پەریشییەکان هەستان و بە توندی دەمەقاڵەیان دەکرد و دەیانووت: "تاوان لەم پیاوەدا نابینین! مەگەر ڕووحێک یان فریشتە لەگەڵیدا دووابێت، ئێمە دژ بە خودا ناجەنگین".

١٠ کاتێ ناکۆکییەکە پەرەی سەند، فەرماندەکە ترسا پۆڵۆس پارچە بکەن، جا فەرمانی بە سەربازەکان دا دابەزن، لەنێوانیاندا بیڕفێنن و بیبەنەوە سەربازگە.

١١ بۆ شەوی پاشتر، پەروەردگار لەلای ڕاوەستا و فەرمووی: "متمانەت هەبێت پۆڵۆس! چونکە وەک لە یروشلایم گەواهیت بۆ دام، دەبێ لە ڕۆماش ئاوا گەواهیی بدەیت".

١٢ کاتێ خۆرهەڵات جووەکان پیلانیان کێشا، سوێندیان خوارد و وتیان کە نە بخۆن و نە بخۆنەوە تاکو پۆڵۆس دەکوژن.

١٣ ئەوانەی ئەم پیلانەیان کێشا لە چل زیاتر بوون.

١٤ چوونە لای کاهینانی باڵا و پیران، وتیان: "سوێندمان خواردووە تامی هیچ نەکەین تاکو پۆڵۆس دەکوژین.

١٥ ئێستاش ئێوە و سەنهەدریم بە فەرماندەکە ڕابگەیەنن، بەڵکو بۆ لاتان بینێرێت، وەک بتانەوێت وردتر لە بابەتەکەی بکۆڵنەوە. ئێمەش، پێش نزیک کەوتنەوەی، ئامادەین بۆ کوشتنی".

١٦ بەڵام خوشکەزاکەی پۆڵۆس بە بۆسەکەی بیست، هاتە سەربازگە و هەواڵی دایە پۆڵۆس.

١٧ جا پۆڵۆس سەرپەلێکی بانگکرد و وتی: "ئەم گەنجە ببە لای فەرماندەکە، چونکە هەواڵێکی پێیە بیداتێ".

١٨ ئەویش بردییە لای فەرماندەکە. وتی: "پۆڵۆسی بەندکراو بانگی کردم و داوای لێکردم ئەم گەنجە بهێنمە لات، شتێکی هەیە پێتی بڵێت".

١٩ فەرماندەکەش دەستی گرت و بە تەنها بردییە ئەو لاوە، لێی پرسی: "چیت هەیە پێمی بڵێی؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ وتی: ‘‘جووەکان ڕێککەوتوون داوات لێ بکەن کە سبەینێ پۆڵۆس بنێریتە سەنهەدریم، وەک بیانەوێت وردتر لێی بکۆڵنەوە.

٢١ بۆیە مەچووە سەر ڕای ئەوان، چونکە زیاتر لە چل پیاویان لە بۆسە دان بۆی، سوێندیان خواردووە نەخۆن و نەخۆنەوە تاکو دەیکوژن. ئێستا ئامادەن و چاوەڕێی بەڵێنی تۆن’’.

٢٢ فەرماندەکە گەنجەکەی بەڕێکرد و ڕایسپارد: ‘‘بە کەس نەڵێیت کە ئەمەت بە من وتووە’’.

٢٣ ئینجا دووان لە سەرپەلەکانی بانگکرد و وتی: ‘‘دووسەد سەرباز لەگەڵ حەفتا سوار و دووسەد ڕم هەڵگر ئامادە بکەن، تاکو لە کاژێر سێی شەو بچنە قەیسەرییە.

٢٤ هەروەها وڵاخ ئامادە بکرێ تاکو پۆڵۆس سواری بێت و بە سەلامەتی بیگەیێننە لای پیلیکسی فەرمانڕەوا’’.

٢٥پەیامێکی نووسی ئەمەی تێدابوو:

٢٦ ‘‘لە قلەودییوس لیسیاس بۆ بەڕێز فیلیکسی فەرمانڕەوا، سڵاو.

٢٧ ئەم پیاوە، جوو گرتییان و خەریک بوو بیکوژن، بەڵام لەگەڵ سەربازان چووم و ڕزگارم کرد، چونکە بیستم کە ڕۆمانییە.

٢٨ دەمویست بزانم بە چی تاوانباری دەکەن، بردمە سەنهەدریمەکەیان.

٢٩ بینیم لەبەر کاروباری تەوراتەکەیان تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانێکی لەسەر نەبوو کە شایانی مەرگ یان بەندکردن بێت.

٣٠ دواتر زانیمەوە پیلانێک لەلایەن جووەکانەوە لەم پیاوە دەکرێت، یەکسەر بۆ لای تۆم نارد، فەرمانم بە سکاڵاکاران کرد چییان لەسەری هەیە لەلای تۆ باسی بکەن. هەر سەلامەت بیت’’.

٣١ جا سەربازان وەک فەرمانیان پێ کرابوو، پۆڵۆسیان برد و بە شەو بۆ ئەنتیپاتریسیان هێنا.

٣٢ بۆ بەیانی سوارەکانیان لەگەڵ نارد و خۆیان بۆ سەربازگە گەڕانەوە.

٣٣ سوارەکانیش چوونە قەیسەرییە و پەیامەکەیان دایە فەرمانڕەوا و پۆڵۆسیان بردە بەردەمی.

٣٤ کاتێ فەرمانڕەوا پەیامەکەی خوێندییەوە و پرسی خەڵکی چ ناوچەیەکە. زانی خەڵکی قیلیقیایە،

٣٥ وتی: ‘‘کەی سکاڵاکاران گەیشتن، گوێت لێ دەگرم’’. ئینجا فەرمانی دا لە کۆشکی هیرۆودس پاسەوانی بکرێت.

کردار 24

١ پاش پێنج ڕۆژ خنەنیای کاهینی باڵا و هەندێ پیر و پارێزەرێک بە ناوی تەرتولۆس هاتن، لەلای فەرمانڕەوا سکاڵایان لە پۆڵۆس کرد.

٢ کاتێ بانگیان کرد، تەرتولۆس دەستی بە سکاڵاکە کرد و وتی: ‘‘فیلیکسی پایە بەرز، بەهۆی دووربینیت وا لە ئاشتییەکی زۆرداین و ئەم گەلە چاکسازیی بۆ دەکرێت،

٣ لە هەموو کات و هەموو شوێنێک بە سوپاسەوە بەمە دەزانین.

٤بەڵام تاکو زیاتر ماندووت نەکەم، داواکارم بە نیانیی خۆت، بە کورتی گوێمان لێ بگریت.

٥ئێمە بینیمان ئەم پیاوە گێرەشێوێنە و لەنێو هەموو جووی سەراپای جیهاندا ئاژاوە دەنێتەوە، پێشەوای ڕێبازی ناسرەتییەکانە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ هەوڵی دا پەرستگا گڵاو بکات و ئێمەش گرتمان. ویستمان بەگوێرەی تەوراتی خۆمان حوکمی بدەین.

٧ بەڵام لیسیاسی فەرمانده هات و بە زەبری هێز لە دەستی سەندین و

٨ فەرمانی بە سکاڵاکارانی کرد بێنە لات. جا ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە، هەر لە خۆی هەموو ئەو شتانە دەزانیت کە سکاڵای لەو لێ دەکەین".

٩ جووش لایەنگرییان کرد و وتیان: "شتەکان وایە".

١٠ کە فەرمانڕەوا ئاماژەی بۆ کرد قسە بکات، پۆڵۆس وەڵامی دایەوە: "دەزانم ساڵانێکی زۆرە تۆ دادوەری ئەم گەلەیت، بۆیە بە خۆشییەوە بەرگری لە خۆم دەکەم.

١١ دەتوانیت دڵنیابیت، دوازدە ڕۆژ تێپەڕی نەکردووە، کە بۆ کڕنۆشبردن سەرکەوتوومەتە یروشلایم.

١٢ نە لە پەرستگا منیان بینیوە مشتومڕ لەگەڵ یەکێک بکەم و نە گەلم وروژاندووە، نە لە کەنیشتەکان و نە لە هیچ شوێنێکی ئەم شارە.

١٣ ناشتوانن ئەو شتانە بسەلمێنن کە ئێستا پێی سکاڵام لێ دەکەن.

١٤بەڵام ئەمە بۆ تۆ دەدرکێنم: بەگوێرەی ئەو ڕێگایەی پێی دەڵێن ڕێباز، ئاوا خودای باوکانم دەپەرستم، باوەڕم هەیە بە هەموو ئەوەی بەگوێرەی تەوراتە و لە پێغەمبەراندا نووسراوە.

١٥هیوام بە خودایە لەوەی خۆیان چاوەڕێی دەکەن، کە هەستانەوە دەبێت، بۆ خوداناسان و خراپەکارانیش.

١٦ بۆیە خۆم ڕادەهێنم تاکو هەمیشە ویژدانێکی پاکم بەرامبەر خودا و خەڵک هەبێت.

١٧ دوای ساڵانێکی زۆر گەڕامەوە تاکو پیتاک بۆ گەلەکەم بهێنم و قوربانی بکەم.

١٨لەمە منیان بینی لە پەرستگادا خۆم بێگەرد کردبووەوە، بەڵام نە لەنێو کۆمەڵێک و نە لەنێو ئاژاوە.

١٩ بەڵام هەندێک جووی ئاسیا، دەبووایە بهاتبوونایە لات و سکاڵا بکەن، ئەگەر شتێکیان لەسەرم هەبووایە.

٢٠ یان با خۆیان بڵێن چ تاوانێکیان لە من دۆزییەوە، کاتێ لەبەردەم سەنهەدریمدا ڕاوەستام،

٢١ جگە لەم ڕاگەیاندنە کاتێ لەنێویان ڕاوەستابووم هاوارم کرد: سەبارەت بە هەستانەوەی مردووانە ئەمڕۆ ئێوە حوکمم دەدەن!".

٢٢ پیلیکسیش دوایخستن، کە وردتری دەربارەی ڕێگاکە دەزانی، وتی: "کە لیسیاسی فەرمانده هات، ئەوا بڕیار لە بابەتەکانی ئێوە دەدەم".

٢٣ ئینجا فەرمانی بە سەرپەلەکە دا کە چاودێریی پۆڵۆس بکرێت و هەندێک سەربەستیی هەبێت، کەسیش ڕێگا لە هاوڕێیەکانی نەگرێت بێن بۆ ڕاژەکردنی.

٢٤ پاش چەند ڕۆژێک پیلیکس و دروشیلای ژنی هاتن، کە جوو بوو، پۆڵۆسی بانگکرد و لەبارەی باوەڕ بە مەسیح گوێی لێ گرت.

٢٥ دەربارەی خوداناسی و خۆڕاگرتن و حوکمدانی داهاتوو دەدووا، پیلیکس ترسا و وتی: "ئێستا بڕۆ. کەی کاتم هەبوو بانگت دەکەم".

٢٦ بە هیواش بوو کە پۆڵۆس پارەی بداتێ بۆ ئەوەی ئازادی بکات، بۆیە بەردەوام بانگی دەکرد و قسەی لەگەڵ دەکرد.

٢٧ دوو ساڵ تێپەڕی و پورکیۆس پستۆس شوێنی پیلیکسی گرتەوە. بەڵام دەیویست ڕەزامەندی جوو بەدەستبهێنێت، پیلیکس پۆڵۆسی لە زیندان هێشتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

کردار 25

١ کاتێ پستۆس گەیشتە هەرێمەکە، دوای سێ ڕۆژ لە قەیسەرییەوە سەرکەوتە یروشلایم.

٢کاهینانی باڵا و ڕابەرانی جوو سکاڵایان دژ بە پۆڵۆس کرد و لێی پاڕانەوە،

٣ تکایان لێکرد چاکەیەکیان لەگەڵ بکات بەوەی بینێرێتە یروشلایم. چونکە لەسەر ڕێگا بۆسەیان بۆ نابووەوە تاکو بیکوژن.

٤ پستۆس وەڵامی دایەوە کە پۆڵۆس لە قەیسەرییە پاسەوانیی لێ بکرێت، بە خۆی بەتەمایە زوو بەڕێبکەوێت.

٥ ئینجا وتی: "با گەورە پیاوانتان لەگەڵم بێن، ئەگەر پیاوەکە خراپەیەکی هەیە، با سکاڵای لێ بکەن".

٦ دوای هەشت تاکو دە ڕۆژ لەگەڵیان مایەوە، چووە قەیسەرییە. بۆ بەیانی لەسەر تەختی دادوەری دانیشت، فەرمانی دا پۆڵۆس بهێنن.

٧ کاتێ ئامادەبوو، ئەو جووانەی لە یروشلایم هاتبوون لێی کۆبوونەوە، تاوانی زۆر و ترسناکیان خستە پاڵی، بەڵام نەیانتوانی بیسەلمێنن.

٨ئەوسا پۆڵۆس بەرگری لە خۆی کرد: "نە دژی تەوراتی جوو و نە دژی پەرستگا و نە دژی قەیسەر گوناهم نەکردووە".

٩ بەڵام پستۆس دەیویست چاکە لەگەڵ جووەکاندا بکات، لە پۆڵۆسی پرسی: "دەتەوێ سەربکەویتە یروشلایم و لەوێ سەبارەت بەم شتانە دادگاییت بکەم؟"

١٠ پۆڵۆس وتی: "لەبەردەم تەختی دادوەری قەیسەر وەستاوم، دەبێت لێرەش دادگایی بکرێم. من ستەمم لە جوو نەکردووە، خۆشت باش دەزانیت.

١١ چونکە ئەگەر تاوانبار بم یان شتێکم کردبێت شایانی سزای مەرگ بێت، ئەوا لە مەرگ ڕامنەدەکرد. بەڵام ئەگەر ئەو شتانەی کە ئەمانە سکاڵام لێ دەکەن ڕاست نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت بمداتە دەستیان. من داواکەم دەدەمە قەیسەر!"

١٢ ئینجا پستۆس لەگەڵ ڕاوێژکاران قسەی کرد و وەڵامی دایەوە: "داواکەت درایە قەیسەر، دەچیتە لای قەیسەر!".

١٣ دوای چەند ڕۆژێک شا ئەگریپاس و بەرنیکی هاتنە قەیسەرییە تاکو سڵاو لە پستۆس بکەن.

١٤ کاتێ چەند ڕۆژێکیان لەوێ بەسەربرد، پستۆس بابەتی پۆڵۆسی خستە بەردەم پاشا، وتی: "پیاوێک لێرەیە پیلیکس بە گیراوی بەجێیهێشت.

١٥ کاتێ چوومە یروشلایم، کاهینانی باڵا و پیرانی جوو داوایان خستە پێشم تاکو تاوانبار بکرێت.

١٦ جا پێم وتن نەریتی ڕۆمانییەکان نییە پێش ڕووبەڕووکردنەوەی سکاڵا لێکراو و سکاڵاکاران کەسێک بەدەستەوە بدەن، تاکو دەرفەتی بەرگری لە دژی سکاڵاکە هەبێت.

١٧ کاتێ لێرە کۆبوونەوە، خێرا بۆ بەیانییەکەی لەسەر تەختی دادوەری دانیشتم، فەرمانم دا پیاوەکە بهێنن.

١٨ کاتێ سکاڵاکاران لەدەوروبەری وەستان، تاوانێکی وایان نەهێنا لەوەی بیرم بۆی دەچوو،

١٩ بەڵکو مشتومڕیان لەسەر هەندێک بابەت هەبوو تایبەت بە ئایینیان و دەربارەی پیاوێکی مردوو بە ناوی ئیشۆعە کە پۆڵۆس دەڵێت زیندووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ کاتێ بەگومان بووم چۆن لێکۆڵینەوە لەم شتانە بکەم، وتم: لەوانەیە حەز بکات بچێتە یروشلایم و لەوێ دەربارەی ئەم شتانە دادگایی بکرێت.

٢١ بەڵام کاتێ پۆڵۆس داواکارییەکەی بەرزکردەوە کە بۆ بڕیاری قەیسەر بهێڵدرێتەوە، فەرمانم دا بیهێڵنەوە تاکو بۆ قەیسەری دەنێرم".

٢٢ ئەگرییاس بە پستۆسی وت: "حەزم دەکرد خۆم گوێم لەم پیاوە بگرتایە". وتی: "سبەینێ گوێت لێی دەبێت".

٢٣ بۆ سبەینێ ئەگرییاس و بەرنیکی بە ئاهەنگێکی گەورەوە هاتن، لەگەڵ فەرماندە و پیاوماقوڵانی شار هاتنە هۆڵی گوێگرتن، پستۆس فەرمانی دا و پۆڵۆس هێنرا.

٢٤ پستۆس وتی: "شا ئەگرییاس و هەموو ئامادەبووانی لەگەڵمان دان: ئێوە ئەم پیاوەی دەیبینن، هەموو گەلی جوو لە یروشلایم و لێرە لێم پاڕانەوە، هاواریان دەکرد کە نابێت چیتر بژیێت.

٢٥ بەڵام من بۆم دەرکەوت هیچی نەکردووە شایانی مەرگ بێت، بەڵام خۆی داواکارییەکەی دایە قەیسەر، بڕیارم دا بینێرم.

٢٦ دەربارەی ئەمە شتێکم نییە بە دڵنیایی بۆ گەورەمان بینووسم، بۆیە هێنامە بەردەمتان، بە تایبەتی بەردەمی تۆ، شا ئەگرییاس، تاکو کە لێکۆڵینەوە کرا، شتێکم هەبێت بینووسم.

٢٧ چونکە بەلای منەوە شیاو نییە گیراوێک بنێرم بێ دیاریکردنی ئەو تاوانەی لە ئەستۆیەتی".

کردار 26

١ ئەگرییاس بە پۆڵۆسی وت: "ڕێگات دراوەتێ باسی خۆت بکەیت". ئینجا پۆڵۆس دەستی درێژکرد و بەرگری کرد:

٢ "شا ئەگرییاس، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەبەردەم تۆ بەرگری لە خۆم بکەم، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی جوو منیان پێ تۆمەتبار کردووە،

٣ بە تایبەتی تۆ لە هەموو نەریت و کێشەی جوو شارەزایت، بۆیە لێت دەپاڕێمەوە بە بشوودرێژی گوێم لێ بگریت.

٤شێوازی ژیانم لە لاویەتیم و لە سەرەتاوە لەنێو نەتەوەکەم و لە یروشلایم بووە، هەموو جووەکانیش دەیزانن.

٥ لەسەرەتاوە منیان ناسیوە، ئەگەر بیانەوێت گەواهیی بدەن کەوا وەک پەرِیشی ژیاوم، کە توندترین ڕێبازی ئایینەکەمانە.

٦ ئێستاش لەسەر ئەو هیوایە ڕاوەستاوم و دادگایی دەکرێم کە بەو بەڵێنانەیە خودا بە باوکانمانی داوە،

٧ ئەوەی دوازدە هۆزەکەمان شەو و ڕۆژ بە پەرۆشەوە خواپەرستی دەکەن، بە هیوای دەستکەوتنی. ئەی پاشا، لەبەر ئەم هیوایە جوو دادگاییم دەکەن.

٨ بۆچی ئێوە بڕوا ناکەن کە خودا مردووان هەڵدەستێنیتەوە؟

٩ من خۆم پێم وابوو کە پێویستە زۆر شت دژی ناوی ئیشۆعی ناسرەتی بکەم.

١٠ لە یروشلایمیش ئەوەم کرد، دەسەڵاتم لە کاهینانی باڵا وەرگرت و زۆر لە پارساکانم خستە زیندان، بۆ کوشتنیان دەنگم دەدا.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ لە هەموو کەنیشتەکاندا زۆر جار سزام دەدان تاکو ناچاریان بکەم کفر بکەن. ئەوەندە لێیان بە کینە بووم تەنانەت لە شارەکانی دەرەوەش دەمچەوساندنەوە.

١٢ لەوەدا بە دەسەڵات و ڕاسپاردەی کاهینانی باڵا چوومە درەمسوق.

١٣ جا ئەی پاشا، لە نیوەڕۆدا بە ڕێگاوە ڕووناکییەکم لە ئاسمانەوە بینی، درەوشاوەتر لە تیشکدانەوەی خۆر، دەوروبەری من و هاوڵانمی ڕووناک کردەوە.

١٤ کاتێ هەموومان کەوتینە سەر زەوی. گوێم لە دەنگێک بوو بە زمانی عیبری پێی فەرمووم: شاوول، شاوول، بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟ بۆت زەحمەتە لوشکە لە نەقیزە من بدەیت.

١٥ منیش وتم: تۆ کێیت گەورەم؟ فەرمووی: من ئیشۆعم، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە.

١٦ بەڵام هەستە و لەسەر پێیەکانت ڕاوەستە. چونکە لەبەر ئەمە بۆت دەرکەوتم، تاکو وەک ڕاژەوان و گەواهیدەر هەڵتبژێرم بۆ ئەوەی بینیت و ئەوەی تیایدا بۆت دەردەکەوم.

١٧ ڕزگارت دەکەم لەو گەل و لەو نەتەوانەی تۆیان بۆ دەنێرم

١٨ بۆئەوەی چاویان بکەیتەوە، تاکو لە تاریکی بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، لە دەسەڵاتی شەیتان بۆ خودا، ئەوسا بە باوەڕیان بە من لێخۆشبوونی گوناه وەردەگرن و لەگەڵ پارساکان بەشیان دەبێت.

١٩ لەوساوە سەرپێچی بینینی ئاسمانیم نەکردووە، ئەی شا ئەگرییاس،

٢٠ بەڵکو یەکەمجار بۆ دانیشتووانی درەمسوق و یروشلایم ڕامگەیاند، تاکو هەموو دەڤەرەکانی ئیهوود، ئینجا نەتەوەکانیش تۆبە بکەن و بۆ خودا بگەڕێنەوە، کردارێک بکەن لە تۆبەکردن بوەشێتەوە.

٢١لەبەر ئەمە جووەکان لە پەرستگادا منیان گرت و هەوڵیان دا بمکوژن.

٢٢ بەڵام لە خوداوە یارمەتیم دەستکەوت و تاکو ئەمڕۆ وەستاوم، گەواهیی بۆ گەورە و بچووک دەدەم. تەنها ئەمە دەڵێم کە پێغەمبەران و مووشێ دەربارەی ئەوەی خەریکە ڕوودەدات وتوویانە،

٢٣ کە مەسیحەکە ئازار بچێژێت، یەکەمی هەستانەوەی مردووان بێت، خەریکە ڕووناکی بۆ گەلەکە و نەتەوەکان ڕابگەیەنێت".

٢٤ کاتێ پۆڵۆس بەم قسانە بەرگریی دەکرد، پستۆس بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: "پۆڵۆس تۆ وڕینە دەکەیت! زۆری پەرتووکەکان وادەکات وڕینە بکەیت!"

٢٥ پۆڵۆس وتی: "پستۆسی پایە بەرز، وڕینە ناکەم، بەڵکو قسەی ڕاست و شیاو دەکەم.

٢٦ چونکە ئەم پاشایەی ئازادانە قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەم شتانە دەزانێت، بڕوا ناکەم هیچ لەمانە لەلای شاراوە بێت، چونکە لە سووچێک نەکراوە.

٢٧ ئەگرییاسی پاشا، باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ من دەزانم باوەڕت هەیە".

٢٨ ئەگرییاس بە پۆڵۆسی وت: "دەتەوێت بەم کاتە کەمە قەناعەتم پێ بهێنی ببمە مەسیحی؟"

٢٩ پۆڵۆس وتی: "کاتی کەم یان زۆر، لە خودا دەپاڕامەوە نەک تەنها تۆ، بەڵکو هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ گوێم لێ دەگرن وەک منتان لێ بێت، بەڵام بێ ئەم زنجیرانە".

٣٠ کاتی ئەمەی وت، پاشا و فەرمانڕەوا و بەرنیکی و ئامادەبووان هەستان،

٣١ ڕۆیشتن و بە یەکتریان وت: "ئەم کابرایە شتێکی نەکردووە شایانی مەرگ یان کۆتکردن بێت".

٣٢ ئەگرییاس بە پستۆسی وت: "ئەگەر ئەم کابرایە داواکارییەکەی نەدابووایە قەیسەر، دەکرا ئازاد بکرایە".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

کردار 27

١ کاتێک بڕیار درا بە دەریادا بۆ ئیتالیا بڕۆین، پۆڵۆس و هەندێک بەندکراوی دیکە درانە دەست سەرپەڵێک
لە سوپای قەیسەر ناوی یولیۆس بوو.

٢ سواری کەشتییەکی ئەدرەمنتۆسی بووین، کە بەتەمابوو بە چەند شوێنێکی ئاسیادا بڕوات، جا بەڕێکەوتین.
ئەریستەرخۆسی ماقیدۆنیمان لەگەڵبوو، خەڵکی تسلۆنیقێ.

٣ بۆ بەیانی گەیشتینە سەیدەن. یولیۆس لەگەڵ پۆڵۆس باش بوو، ڕێگای دا بچێتە لای برادەرانی تاکو
پێویستییەکانی دابین بکەن.

٤ ئینجا لەوێوە بەڕێکەوتین و بە پەنای قوبڕسدا ڕۆیشتین، چونکە با پێچەوانە بوو.

٥ کە ئەو دەریایەمان بڕی، ئەوەی لە تەنیشت قیلیقیا و پەمپۆلیایە، لە میرای لوقیا دابەزین.

٦ لەوێ سەرپەلەکە کەشتییەکی بینی کە ئەسکەندەری بوو دەچووە ئیتالیا، سواری کردین.

٧ کەشتییەکە ڕۆژانێکی زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت و بە زەحمەت لە قنیدۆس نزیک کەوتینەوە، باکە
نەیهێشت زیاتر بڕۆین، بە پەنای قرێتێدا و لە بەرامبەر سەلەمۆنا ڕۆیشتین.

٨ بە ڕەنجکێشان تێپەڕمان کرد و گەیشتینە شوێنێک پێی دەووترێ بەندەرە باشەکان، کە شاری لەسائیە
نزیکییەتی.

٩ کاتێ ماوەیەکی درێژ بەسەر چوو و گەشتکردنی دەریا ترسناک بوو، چونکە ڕۆژووگرتنیش بەسەرچوو
بوو. پۆڵۆس ئاگاداری کردنەوە و

١٠ وتی: "کوڕینە، من دەبینم گەشتەکە بە تێکشکان و زیانێکی گەورەوە دەبێت، نەک تەنها بۆ کەشتی و
بارەکەی، بەڵکو بۆ ژیانیشمان".

١١ بەڵام سەرپەلەکە لایەنگری کەشتیوان و خاوەنەکەی دەکرد، زیاتر لە قسەی پۆڵۆس.

١٢ چونکە بەندەرەکە بۆ بەسەربردنی زستان باش نەبوو، زۆربەیان بڕیاریان دا ئەوێش بەجێبهێڵن، بە
هیوای ئەوەی بگەنە فینکس تاکو زستانی تێدا بەسەرببەن، کە بەندەرێکی قرێتێ بوو ڕووەو باشووری
خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوا.

١٣ کە شنەبای باشوور هەڵیکرد، وایانزانی بە مرازیان گەیشتن، لەنگەریان بەرزکردەوە و بە نزیک
کەناری قرێتێدا تێدەپەڕین.

١٤ بەڵام دوای کەمێک گەردەلوولێک هەڵیکرد، پێی دەووترا ئەورۆکلیدۆن.

١٥ کە کەشتییەکەی گرتەوە و نەیتوانی ڕووبەڕووی بێتەوە، خۆمان بەدەستەوە دا و هاژووراین.

١٦بەرەو پەنای دوورگەیەک چووین ناوی کلەودی بوو، بە زەحمەت توانیمان کەشتیی ڕزگاربوون بخەینە
ژێر ڕکێفمانەوە.

١٧ کاتێ بەرزیان کردەوە، گوریسیان بۆ بەستنەوەی کەشتییەکە بەکارهێنا. دەترسان بکەونە نێو تەنکاوی
سیرتیس، ئیتر چارۆگەکانیان دابەزاند و ئاوا هاژووراین.

١٨ بۆ سبەینێ ڕەشەباکە توند بوو، دەستیان بە سووککردنی بارەکە کرد.

١٩ لە ڕۆژی سێیەمدا بە دەستی خۆمان کەلوپەلی کەشتییەکەمان فڕێدا.

٢٠ ڕۆژانێکی زۆر نە خۆرمان بینی و نە ئەستێرە، ڕەشەباکە بەهێزتر دەبوو، لە کۆتاییدا هەموو هیوایەکی
ڕزگاربوونمان بڕا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ کاتێ ماوەیەکی زۆر بوو نانیان نەخواردبوو، پۆڵۆس لەناوەڕاستیان ڕاوەستا و وتی: ‘‘کوڕینە، دەبووایە گوێتان لە من بگرتایە و قرێتێتان بەجێ نەهێشتایە، ئەوسا لەم تێکشکان و زیانە دوور دەبوون.

٢٢ ئێستاش ئاگادارتان دەکەمەوە کە دڵخۆش بن، چونکە کەستان ژیانی لەدەست نادات، کەشتییەکە نەبێت.

٢٣ چونکە ئەمشەو فریشتەی ئەو خوداوەندەی کە من هی ئەوم و دەیپەرستم هاتە لام،

٢٤ فەرمووی: پۆڵۆس مەترسە! دەبێت تۆ لەبەردەم قەیسەڕ ڕاوەستیت و ئەوەتا خودا ژیانی هەموو ئەوانەت دەداتێ کە لەگەڵت گەشت دەکەن.

٢٥ کەواتە کوڕینە، دڵخۆش بن. چونکە باوەڕم بە خودا هەیە کە ئاوا دەبێت، وەک ئەوەی پێم وتراوە.

٢٦ بەڵام دەبێت بکەوینە سەر دوورگەیەک’’.

٢٧ لە شەوی چواردەیەمیندا کە هێشتا لە دەریای هدرییوس وێڵ بووین و دەهاژووراین، لە نیوە شەودا کەشتیوانان وایانزانی لە وشکایی نزیک دەبنەوە.

٢٨ کە پێوایان بینییان بیست باڵایە. کەمێک ڕۆیشتن و پێوایانەوە بینییان پازدە باڵایە.

٢٩ دەترسان نەوەک بکەونە سەر بەرد، لە پشتەوە چوار لەنگەریان شۆڕکردەوە و دەپاڕانەوە تاکو ڕۆژ هەڵبێت.

٣٠ کەشتیوانان هەوڵیان دا لە کەشتییەکە هەڵبێن، کەشتیی ڕزگاربوونیان بۆ دەریا شۆڕکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەیانەوێ چەند لەنگەرێک بهاوێنە پێشەوە.

٣١ پۆڵۆس بە سەرپەل و سەربازەکانی وت: ‘‘ئەگەر ئەمانە لە کەشتییەکەدا نەمێننەوە، ئەوا ئێوە ڕزگارتان نابێت’’.

٣٢ ئەوسا سەربازەکان گوریسی کەشتیەکەیان بڕی و هێشتیان بکەوێت.

٣٣ کاتێ خەریک بوو ڕۆژ هەڵدەهات، پۆڵۆس تکای لە هەمووان کرد نان بخۆن، وتی: ‘‘ئەمە ڕۆژی چواردەیەمینە و ئێوە چاوەڕوان و بەردەوامن بێ ئەوەی هیچ بخۆن و هیچ وەربگرن.

٣٤ بۆیە تکاتان لێ دەکەم نان بخۆن، چونکە ئەمە بۆ ڕزگاربوونتانە. کەستان تاڵێکی سەری ناکەوێت’’.

٣٥ کە ئەمەی وت، نانێکی هەڵگرت و لەبەردەم هەمووان سوپاسی خودای کرد، ئینجا لەتیکرد و دەستی بە خواردن کرد.

٣٦ ئیتر هەموو دڵیان خۆش بوو و ئەوانیش نانیان برد.

٣٧ ئەوانەی نێو کەشتییەکە هەموومان دوو سەد و حەفتا و شەش کەس بووین.

٣٨ کە تێر نانیان خوارد، بە فڕێدانی گەنمەکان بۆ نێو دەریا کەشتییەکەیان سووککرد.

٣٩ کاتێ ڕۆژبووەوە، وشکاییەکەیان نەدەناسی، بەڵام کەنداوێکیان بینی کەناری هەبوو، دەیانویست ئەگەر بتوانن کەشتییەکە بەرەو ئەوێ ببەن.

٤٠ ئینجا لەنگەرەکانیان پساند و لە دەریادا بەجێیان هێشتن، لە هەمان کات گوریسی سەوڵەکانی ئاراستەکردنیان شل کرد و چارۆگەیان بۆ با هەڵکردووەکە هەڵدا، بەرەو کەنارەکە ڕۆیشتن.

٤١ بەڵام کەوتە تەنکاو و کەشتییەکەیان بەرەو وشکایی برد، کە پێشەکەی گیربوو و نەجووڵا، لەبەر توندی شەپۆڵ پشتەوەی تێکدەشکا.

٤٢ پلانی سەربازەکان ئەوەبوو کە بەندکراوان بکوژن نەوەک کەسیان مەلە بکات و هەڵبێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤٣ بەڵام سەرپەلەکە دەیویست پۆڵۆس ڕزگار بکات، پلانەکەی ڕاگرتن، فەرمانی دا ئەوانەی دەتوانن مەلە بکەن با یەکەمجار ئەوان خۆیان فڕێدەن و بگەنە وشکایی.

٤٤ ئەوانی دیکەش هەندێکیان بە تەختە و هەندێکیان بە پارچەکانی کەشتییەکە. ئیتر هەموو بە سەلامەتی گەیشتنە وشکایی.

کردار 28

١ کە ڕزگاریان بوو زانییان کە ئەو دوورگەیە پێی دەووترێ میلیتایە.

٢ دانیشتووانەکەی کە بەربەری بوون چاکەیەکی لە ڕاددەبەدەریان لەگەڵ کردین، چونکە ئاگریان بۆ کردینەوە و پێشوازییان لە هەموومان کرد، لەبەر ئەو باران و سەرمایەی لێیدابووین.

٣ پۆڵۆس چیلکەی زۆری کۆکردەوە و خستییە ئاگرەکە، مارێک لەبەر گەرماییەکە دەرپەڕی و خۆی بە دەستیەوە هەڵواسی.

٤ کاتێ بەربەریەکان مارەکەیان بینی خۆی بە دەستیەوە هەڵواسی بوو، بە یەکتریان وت: "دیارە ئەم کابرایە بکوژە، هەرچەندە لە دەریا ڕزگاری بوو، دادپەروەری نەیهێشت بژێت".

٥ مارەکەی ڕاوەشاندە نێو ئاگرەکە و تووشی هیچ زیانێک نەبوو.

٦ ئەوانیش چاوەڕێیان دەکرد بئاوسێت یان لەناکاو بە مردوویی بکەوێت. بەڵام زۆر چاوەڕێیان کرد و بینییان هیچ زیانێکی لێ نەکەوت، ئەوسا بیروڕایان گۆڕی و وتیان: "ئەمە خوداوەندێکە!".

٧ دەوروبەری ئەو شوێنە زەوی وزاری پیاوگەورەی دوورگەکە بوو کە ناوی پۆپلیۆسە، ئەو پێشوازی لێکردین و سێ ڕۆژ بە خۆشییەوە میوانداری کردین.

٨ وا ڕێککەوت باوکی پۆپلیۆس کەوتبوو، تا و سکچوونی لێبوو. پۆڵۆس چووە لای و نوێژی کرد، دەستی لەسەر دانا و چاکیکردەوە.

٩ کاتێ ئەمە ڕوویدا، نەخۆشەکانی دیکەی دوورگەکە دەهاتن و چاک دەبوونەوە،

١٠ ئیتر بە زۆر شێوە ڕێزیان گرتین، لە بەڕێکەوتن هەرچی پێویستی بوو دابینیان کرد.

١١ دوای سێ مانگ بە کەشتییەکی ئەسکەندەری بەڕێکەوتین، کە زستانی لە دوورگەکە بەسەربردبوو، نیشانەی دووانەی لەسەر بوو.

١٢ کاتێ لە سەرەقۆسە دابەزین سێ ڕۆژ ماینەوە.

١٣ ئینجا لەوێ ڕۆیشتین و گەیشتینە ڕیگییۆن. دوای یەک ڕۆژ بای باشوور هەڵیکرد، لە ڕۆژی دووەمدا هاتینە پوتیئلوس.

١٤ لەوێ برایانمان بینی، داوایان لێکردین حەفت ڕۆژ بمێنینەوە. ئاوا هاتینە ڕۆما.

١٥ لەوێوە کە برایان هەواڵی ئێمەیان بیست، تاکو گۆڕەپانی ئاپیۆس سێ خانەکە هاتنە پێشوازیمان. کاتێ پۆڵۆس بینییانی سوپاسی خودای کرد و ورەی بەرزبووەوە.

١٦ کاتێ گەیشتینە ڕۆما، سەرپەلەکە بەندکراوانی سپاردە سەرۆکی سەربازگەکە، بەڵام ڕێگا بە پۆڵۆس درا بە تەنها لەگەڵ ئەو سەربازەی پاسەوانی دەکرد نیشتەجێ بێت.

١٧ دوای سێ ڕۆژ پۆڵۆس پێشەوایانی جووی بانگکرد، کاتێ کۆبوونەوە پێی وتن: "برایان، هەرچەندە هیچم لە دژی گەلەکەمان و نەریتی باوکان نەکردووە، لە یروشلایم گیرام و درامە دەستی ڕۆمانییەکان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵم کرد ویستیان ئازادم بکەن، چونکە هۆیەکیان بۆ کوشتنم نەدۆزییەوە.

١٩ بەڵام کاتێ جوو ناڕازی بوون، منیش ناچار بووم داواکارییەکەم بدەمە قەیسەڕ نەک وەک شتێکم هەبێت سکاڵا لە نەتەوەکەم بکەم.

٢٠ لەبەر ئەوە داوام کرد بتانبینم و قسەتان لەگەڵ بکەم، چونکە لە پێناوی هیوای ئیسرائیل ئەم زنجیرەم پێوەیە".

٢١ پێیان وت: "دەربارەی تۆ پەیاممان لە ئیهوودوە وەرنەگرتووە، کەسیش لە برایان نەهاتووە تاکو دەربارەی تۆ هەواڵمان بداتێ یان بە خراپە باست بکات.

٢٢ بەڵام پێمان خۆشە گوێمان لێت بێت تۆ چۆنی دەبینیت، چونکە سەبارەت بەم ڕێبازە دەزانین لە هەموو شوێنێک بەربەرەکانێی دەکرێت".

٢٣ ڕۆژێکیان بۆ دیاریکرد و زۆر کەس هاتنە خانەکەی. ئەویش لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە بۆیانی ڕوون دەکردەوە و گەواهیی بۆ پاشایەتی خودا دەدا، هەوڵی دەدا بە تەوراتی مووشێ و سیپارەی پێغەمبەران دەربارەی ئیشۆع قەناعەتیان پێ بهێنێت.

٢٤ جا هەندێکیان بەو قسانەی قەناعەتیان پێ هات، هەندێکیش باوەڕیان نەکرد.

٢٥ ئینجا بە جیاوازی بیروڕاوە ئەوێیان بەجێهێشت کە پۆڵۆس قسەیەکی بۆ کردن: "ڕووحی پارسا بەهۆی ئێشەعیا پێغەمبەرەوە ڕاستی بە باوباپیرانتان فەرمووە:

٢٦ *{بڕۆ لای ئەم گەلە و پێی بڵێ: بیستن دەبیستن، بەڵام تێناگەن، سەیرکردن سەیر دەکەن، بەڵام نابینن،*

٢٧ *چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە، گوێیان گران بووە، چاویان نوقاندووە، نەوەک بە چاویان ببینن وبە گوێیان ببیستن، بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە، منیش چاکیان بکەمەوە}* .

٢٨ با لەلاتان زانراو بێت، ڕزگاریی خودا بۆ نەتەوەکان نێردرا، ئەوانیش گوێ دەگرن!".

٢٩ کاتێ ئەمەی وت، جوو ڕۆیشتن و دەمەقاڵێیەکی زۆریان هەبوو.

٣٠ پۆڵۆس دوو ساڵی تەواو لەو ماڵەی بە کرێی گرتبوو مایەوە،

پێشوازی لە هەموو ئەوانە دەکرد کە دەهاتنە لای،

٣١ بەوپەڕی ئاشکرایی و بێ لاریبوون

پاشایەتیی خودای ڕادەگەیاند و

دەرباەری ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار

خەڵکی فێردەکرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

ڕۆما

ڕۆما 1

١ پۆڵۆس، بەندەی ئیشۆعی مەسیح، پەیامبەری بانگکراو و تەرخانکراو بۆ ئینجیلی خودا،

٢کە پێشتر لە سیپارە پارساکاندا بەهۆی پێغەمبەرەکان بەڵێنی دابوو،

٣ سەبارەت بە ڕۆڵەکەی کە بەگوێرەی جەستە لە نەوەی داوید پەیدابوو،

٤ هەروەها بەگوێرەی ڕووحی پارسایێتی بە هێزەوە ڕۆڵەی خودا دیاری کرا، بە هەستانەوەی لەنێو مردووان، ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٥بەخشش و پەیاممان بەهۆی ئەو و لەپێناوی ناویەوە وەرگرت، بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ لەنێوان هەموو نەتەوەکان،

٦ ئەوانەی ئێوەش لەنێویاندا بانگکراوانی ئیشۆعی مەسیحن.

٧ بۆ هەموو ئەوانەی خۆشەویستی خودان و لە ڕۆمادان، بانگکراون تا پارسا بن: بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.

٨ سەرەتا، لە پێناوی هەمووتان بە ئیشۆعی مەسیح سوپاسی خودام دەکەم، چونکە باوەڕتان لە هەموو جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە.

٩ چونکە خودا، ئەوەی بە ڕووحم دەیپەرستم لە موژدەی ڕۆڵەکەیدا، گەواهیدەری منە چۆن بێ بڕانەوە یادتان دەکەم و

١٠ هەمیشە لە نوێژەکانمدا دەپاڕێمەوە، کە ئێستا بە خواستی خودا بۆم ڕێک بکەوێت بێمە لاتان.

١١ چونکە تامەزرۆی بینینی ئێوەم تاکو بۆ جێگیربوونتان بەخشینی ڕووحیتان بدەمێ،

١٢ واتا لەنێوانتاندا بە باوەڕمان دڵنەوایی یەکتر بکەین، باوەڕی من و باوەڕی ئێوە.

١٣ برایان، نامەوێ لەلاتان شاراوە بێت کە زۆر جار بەتەمابووم بێمە لاتان، تاکو لەنێو ئێوەشدا بەرهەمم هەبێت، وەک لەنێو نەتەوەکانی دیکە، بەڵام تا ئێستا ڕێم لێ گیرابوو.

١٤ من قەرزاری یۆنانی و بەربەریم، دانا و نەزان.

١٥ بەم شێوەیە بە پەرۆشم موژدەتان بدەمێ، ئێوە کە لە ڕۆمادان.

١٦ چونکە شەرمم بە ئینجیلی مەسیح نییە، چونکە هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن، یەکەمجار بۆ جوو ئینجا بۆ یۆنانی.

١٧ چونکە تیایدا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا کراوە، هەر لە دەستپێکردنەوە تا پایان بە باوەڕە، وەک نووسراوە:*{خوداناس بە باوەڕ دەژیێت}* .

١٨ چونکە تووڕەیی خودا لە ئاسمانەوە ئاشکرایە، دژی هەموو خودانەناسی و تاوانی خەڵک، ئەوانەی بە تاوان ڕەوا دادەپۆشن.

١٩ چونکە ناسینی خودا تێیاندا دیارە، لەبەر ئەوەی خودا بۆی دەرخستوون.

٢٠ چونکە شتە نەبینراوەکان، توانا جاویدانی و خودایەتییەکەی، لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی دروستکراوان درکی پێ کراوە و بە ڕوونی بینراوە، بۆیە بێ بیانوون.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١چونکە کە خودایان ناسی، وەک خوداوەندێک شکۆداریان نەکرد و سوپاسیان نەکرد، بەڵکو لە بیرکردنەوەیان پووچەڵ بوون و دڵە گێلەکانیان تاریک بوو.

٢٢ هەرچەندە خۆیان بە دانا دەزانن، بوونە گێل،

٢٣ شکۆی خودای نەمریان گۆڕیەوە، بە شێوەی پەیکەری مرۆڤی لەناوچوو و باڵندە و چوارپێ و خشۆک.

٢٤ بۆیە خودا بە هەوەسی دڵیان دایانیە دەست گڵاوییەوە، تاکو لەنێو خۆیاندا سووکایەتی بە لەشی خۆیان بکەن.

٢٥ ئەوانەی کە ڕەوای خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و ئافریدەیان پەرست و ڕاژەیان کرد لە جیاتی ئافرێنەر، ئەوەی تاهەتایە پیرۆزە. ئامین.

٢٦ لەبەر ئەوە خودا دایانیە دەست هەوەسە سووکەکان. چونکە ژنەکانیان جووتبوونی سروشتییان بە ناسروشتی گۆڕییەوە.

٢٧ پیاوانیش وازیان لە جووتبوونی سروشتی ژنیان هێنا و گڕیان گرت لە هەوەس بۆ یەکتری. پیاو لەگەڵ پیاو بەدڕەوشتی دەکەن، جا سزای تەواوی گومڕابوونیان لە خۆیاندا وەرگرت.

٢٨ کە ناسینی خودایان لەلا پەسەند نەبوو، ئیتر خودا دایانیە دەست هزرێکی ڕەتکراو، تاکو ئەوە بکەن کە ناشێت.

٢٩ پڕبوون لە هەموو تاوان و داوێنپیسی و بەدکاری و چڵێسی و بەدڕەوشتی، پڕن لە ئیرەیی و کوشتن و دژایەتی و فێڵبازی و خراپەکاری،

٣٠غەیبەتکارن، بوختانکەرن، ڕقیان لە خودایە، شەڕفرۆشن، لووتبەرزن، خۆهەڵکێشن، داهێنەری بەدکارین، گوێڕایەڵی دایک و باوک نین،

٣١ بێ مێشکن، بێ بەڵێن، بێ سۆز و بێ بەزەیین.

٣٢دەشزانن حوکمی خودا بۆ ئەوانەی ئەم شتانە دەکەن شایستەی مەرگە، نەک تەنها دەیکەن، بەڵکو دڵخۆشن بەوانەی کە دەیکەن.

ڕۆما 2

١ بۆیە تۆ بێ بیانوویت ئەی مرۆڤ، ئەی ئەو کەسەی حوکم دەدەیت، چونکە بەوەی خەڵکی پێ حوکم دەدەیت، خۆت تاوانبار دەکەیت، چونکە تۆ کە حوکم دەدەیت، خۆشت هەمان شت دەکەیت!

٢ ئێمە دەزانین کە حوکمی خودا ڕەوایە بەسەر ئەوانەی ئەم شتانە دەکەن.

٣ ئایا ئەی مرۆڤ، کە حوکم دەدەیتە سەر ئەو کەسانەی وا ئەم شتانە دەکەن و خۆشت هەمان شت دەکەیت، وا دەزانیت لە حوکمی خودا دەرباز دەبیت؟

٤ یان گاڵتەت بە دەوڵەمەندیی نیانی و نەرمی و پشوودرێژییەکەی دێت؟ نازانیت نیانیی خودا بەرەو تۆبەکردنت دەبات؟

٥ بەڵام لەبەر توندی و دڵی تۆبە نەکردووت، لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی بۆ خۆت کۆدەکەیتەوە،

٦ ئەوەی پاداشتی هەر یەکێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە.

٧ ژیانی جاویدانیش بۆ ئەوانەیە کە بە دانبەخۆداگرتنەوە لە کاری چاکەدا داوای شکۆ و ڕێز و نەمری دەکەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ بەڵام ڕق و تووڕەیی بۆ ئەوانەیە کە داوای خۆپەرستی دەکەن و ملکەچی ڕەوا نابن، بەڵکو بۆ ناڕەوایی ملکەچ دەبن.

٩ ناخۆشی و تەنگانە بۆ هەر مرۆڤێکە کە خراپە دەکات: یەکەمجار بۆ جوو ئینجا یۆنانی.

١٠ شکۆ و ڕێز و ئاشتی بۆ هەموو چاکەکارێکە: یەکەمجار بۆ جوو ئینجا یۆنانی.

١١ چونکە خودا جوداخوازی ناکات.

١٢ هەموو ئەوانەی تەوراتیان نییە و گوناهیان کرد، بێ تەورات لەناودەچن، هەموو ئەوانەش تەوراتیان هەیە و گوناهیان کرد، بە تەورات حوکم دەدرێن.

١٣ چونکە نەک ئەوانەی تەورات دەبیستن لەلای خودا بێتاوانن، بەڵکو ئەوانەی کار بە تەورات دەکەن، بێتاوان دەکرێن.

١٤ چونکە ئەو نەتەوانەی تەوراتیان نییە، کاتێ بە سروشت تەوراتیان پەیڕەو کرد، ئەوانە بۆ خۆیان تەوراتن، لەگەڵ ئەوەی تەوراتیان نییە.

١٥ ئەوانە کاری تەورات دەردەخەن کە لە دڵیاندا نووسراوە، ویژدان و بیریان لەنێویاندا گەواهیی دەدەن، یان سکاڵایان لێ دەکات یان بەرگرییان لێدەکات،

١٦ لەو ڕۆژەدا کاتێ خودا نهێنییەکانی خەڵک بەهۆی ئینجیلەکەم لە ئیشۆعی مەسیحدا حوکم دەدات.

١٧ ئەوەتا تۆ بە جوو ناو دەبردرێیت و پشت بە تەورات دەبەستیت و شانازی بە خودا دەکەیت،

١٨ خواستی ئەو دەزانیت، چی باشترینە جیای دەکەیتەوە، چونکە لە تەورات فێربوویت،

١٩ دڵنیایت کە ڕێبەری کوێرەکانی و ڕووناکیت بۆ ئەوانەی لە تاریکیدان،

٢٠تەمبێکاری نەزانان و ڕابیی منداڵانیت و لە تەوراتدا وێنەی زانین و ڕەوات هەیە

٢١ جا تۆ کە خەڵکی دیکە فێر دەکەیت، بۆچی خۆت فێر ناکەیت؟ کە بانگەواز دەکەیت دزی نەکرێت، بۆچی خۆت دزی دەکەیت؟

٢٢ کە دەڵێی داوێنپیسی نەکرێت، بۆچی خۆت داوێنپیسی دەکەیت؟ کە ڕقت لە بت دەبێتەوە، بۆچی پەرستگاکان تاڵان دەکەیت؟

٢٣ کە شانازی بە تەورات دەکەیت، بۆچی بە سەرپێچیکردنی تەورات سووکایەتی بە خودا دەکەیت؟

٢٤ وەک نووسراوە: *{بەهۆی ئێوەوە لە نێو نەتەوەکاندا کفر بە ناوی خودا دەکرێت}* .

٢٥ چونکە خروسەبڕان سوودی دەبێت ئەگەر تەورات پەیڕەو بکەیت، بەڵام ئەگەر سەرپێچیکاری تەورات بیت، ئەوا خروسەبڕانەکەت دەبێتە خروسە نەبڕان.

٢٦ کەواتە ئەگەر خروسەنەبڕاو کار بە حوکمەکانی تەورات بکات، ئایا خروسەنەبڕانەکەی بە خروسەبڕان دانانرێت؟

٢٧ ئیتر ئەوەی بە سروشت خروسەی نەبڕاوە، بەڵام تەورات تەواو دەکات، حوکم بەسەر تۆ دەدات کە پەرتووک و خروسەبڕانت هەیە، بەڵام سەرپێچی تەورات دەکەیت.

٢٨ چونکە ئەوەی بە ڕواڵەت جووە، ئەوا جوو نیە، ئەو خروسەبڕانەش لە گۆشت و بە ڕواڵەتە، خروسەبڕان نیە،

٢٩ بەڵکو ئەوەی لە ناخەوە جووە، ئەوە جووە، خروسەبڕانی دڵیش بە ڕووح نەک بە پەرتووک، ئەوە خروسەبڕانە. ئەوەی ستایشی لەلای خەڵک نییە، بەڵکو لەلای خودایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

ڕۆما 3

١ کەواتە جوو چی زیاترە؟ یان سوودی خروسەبڕان چییە؟

٢ لە هەموو لایەکەوە زیاترە! یەکەمیان چونکە وشەکانی خودایان پێ سپێردرا.

٣ کەواتە چییە ئەگەر هەندێکیان باوەڕیان نەهێنا؟ ئایا ناپاکییان سەرڕاستیی خودا پووچەڵ دەکاتەوە؟

٤ حاشا! بەڵکو با خودا ڕاستگۆ بێت و هەموو مرۆڤ درۆزن. وەک نووسراوە: *{تا لە قسەکانت ڕاست بیت و کاتێ حوکم دەدەیت سەرکەوتوو بیت}* .

٥ بەڵام ئەگەر ناڕەواییمان ڕەوایی خودا دەردەخات، چی بڵێین؟ ئایا خودا ناڕەوایە کە تووڕەیی دەهێنێ؟ وەک مرۆڤ قسە دەکەم.

٦ حاشا! ئەگینا چۆن خودا جیهان حوکم دەدات؟

٧ئەگەر درۆی من ڕەوای خودا زیاتر بکات، بۆ شکۆی ئەو، ئیتر بۆچی هێشتا وەک گوناهبار تاوانبار بکرێم؟

٨ وەک هەندێک بوختان بە دەممانەوە هەڵدەبەستن، دەڵێن: "با خراپە بکەین تاکو چاکەی بەدواوە بێت"؟ ئەوانە تاوانبارکردنیان دادپەروەرانەیە.

٩ کەواتە چی؟ ئێمە باشترین؟ نەخێر هەرگیز! چونکە ئێمە جوو و یۆنانیمان تۆمەتبار کرد کە هەردوو لایەن لە ژێر گوناهدان،

١٠ وەک نووسراوە: *{کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش،*

١١ *کەس تێناگات، کەس بەدوای خودا ناگەڕێت.*

١٢ *هەمووان گومڕابوون وپێکڕا بەدکاربوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.*

١٣ *قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە، بە زمانیان فێڵبازییان کرد. ژەهری ماری کوشندە لە ژێر لێویانە.*

١٤ *زاریان پڕە لە نەفرەت و تاڵاو.*

١٥ پێیان خێرایە بۆ خوێن ڕشتن،

١٦*وێرانی و دەردەسەری لە ڕێڕەویانە،*

١٧ *ڕێگای ئاشتی ناناسن.*

١٨ *ترسی خودایان لەبەر چاو نییە}* .

١٩ ئێستا دەزانین هەرچی تەورات دەیڵێت، بەوانەی دەڵێت کە لە ژێر سایەی تەوراتدان، تاکو هەموو دەمێک دابخرێت و هەموو جیهان بکەوێتە ژێر سزادانی خودا.

٢٠ چونکە بە کرداری تەورات هیچ جەستەدارێک لەلای بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناه بەهۆی تەورات دەناسرێت.

٢١ بەڵام ئێستا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا کرا بەبێ تەورات، تەورات و پێغەمبەرانیش گەواهیی بۆ دەدەن.

٢٢ ئەم بێتاوانکردنەی لە خوداوە بەهۆی باوەڕ بە ئیشۆعی مەسیح بۆ هەموو ئەوانەیە کە باوەڕ دەهێنن، بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە.

٢٣ چونکە هەمووان گوناهیان کرد و پێویستیان بە شکۆی خودایە،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ بەخۆڕایی بە بەخششی ئەو، بێتاوان کراون، بەو قوربانیدانەی لە ئیشۆعی مەسیحدایە،

٢٥ ئەوەی خودا وەک گوناه پۆشین پێشکەشی کرد، بە باوەڕهێنان بە خوێنی ئەو. بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی، لەبەر چاوپۆشی لە گوناهەکانی ڕابوردوو، بە پشوودرێژیی خودا

٢٦ بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی لە کاتی ئێستا، تاکو دادپەروەر بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە ئیشۆعە.

٢٧ ئیتر کوا شانازی؟ نەما. بە چ یاسایەک؟ بە یاسای کردار؟ نەخێر، بەڵکو بە یاسای باوەڕ.

٢٨ کەواتە داندەنێین مرۆڤ بە باوەڕ بێتاوان دەکرێت، بەبێ کرداری تەورات.

٢٩ ئایا خودا تەنها هی جووە؟ ئایا هی نەتەوەکانیش نییە؟ بەڵێ، هی نەتەوەکانیشە،

٣٠ چونکە خودا یەکە، کە خروسەبڕاو بە باوەڕ بێتاوان دەکات، خروسەنەبڕاویش بەهۆی باوەڕ.

٣١ ئایا تەورات بە باوەڕ پووچەڵ دەکەینەوە؟ حاشا، بەڵکو تەورات جێگیر دەکەین.

ڕۆما 4

١ ئیتر چی بڵێین، ئەوڕاهەمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟

٢ چونکە ئەگەر ئەوڕاهەم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا.

٣ چونکە پەرتووکەکە چی دەفەرمووێ؟ *{ئەوڕاهەم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە بێتاوانیی بۆ دانرا}* .

٤ ئەوەی ئاوا کاردەکات، کرێیەکەی بە بەخشش بۆ دانانرێت، بەڵکو بە قەرز دادەنرێت.

٥ بەڵام ئەوەی کار ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە خودا خوانەناس بێتاوان دەکات، ئەوا باوەڕەکەی بۆی بە بێتاوانی دادەنرێت.

٦ وەک داوید دەڵێت، لە بەختەوەری بۆ ئەو مرۆڤەی کە خودا بێ کردار بێتاوانی دەکات:

٧ *{بەختەوەری بۆ ئەوانەی تاوانەکانیان بەخشراوە و گوناهەکانیان داپۆشراوە.*

٨ *بەختەوەری بۆ ئەو مرۆڤەی کە پەروەردگار گوناهی لەسەر ناژمێرێت}* .

٩ ئایا ئەم بەختەوەریە تەنها بۆ خروسەبڕاوانە یان بۆ خروسەنەبڕاوانیشە؟ چونکە دەڵێین، باوەڕ بۆ ئەوڕاهەم بە بێتاوانی دانرا.

١٠ کەواتە چۆن دانرا؟ بە خروسەبڕان یان بێ خروسەبڕان؟ نەک خروسەبڕان بەڵکو بێ خروسەبڕان!

١١ ئیتر نیشانەی خروسەبڕانی وەرگرت، مۆری بێتاوانیی باوەڕ بێ خروسەبڕان، تاکو ببێتە باوکی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن و خروسەیان نەبڕاوە، تاکو بۆیان بە بێتاوانی دابنرێت.

١٢هەروەها باوکی ئەو خروسەبڕاوانەی نەک تەنها خروسەبڕاوان، بەڵکو هەنگاوەکانی باوەڕی ئەوڕاهەمی باوکیشمان دەپارێزن، کە هێشتا خروسەی نەبڕابوو.

١٣ جا ئەو بەڵێنەی بۆ ئەوڕاهەم یان بۆ نەوەکەی بوو تاکو ببێتە میراتگری جیهان، بەهۆی تەورات نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو بێتاوانیی باوەڕە.

١٤ چونکە ئەگەر تەوراتداران میراتگر بن، ئەوا باوەڕ بێ سوود دەبێت و بەڵێنیش پووچەڵ دەبێت،

١٥ چونکە تەورات تووڕەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر تەورات نەبێت، سەرپێچیش نییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بۆیە بەڵێن لە باوەڕەوەیە، تاکو بەگوێرەی بەخشش بێت و بۆ هەموو نەوەکە مسۆگەر بێت، نەک تەنها بۆ تەوراتداران، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕی ئەوڕاهەمیان هەیە. ئەوەی باوکی هەموومانە،

١٧ وەکو نووسراوە: *{من تۆم کردە باوکی چەندان نەتەوە}* . لەبەرچاوی خودا کە باوەڕی پێ هێنا، ئەوەی مردوو زیندوو دەکاتەوە، ئەو شتانەی بوونیان نییە وەک ئەوەی هەبێت بانگیان دەکات.

١٨ هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی هێنا کەوا دەبێتە باوکی چەندان نەتەوە، هەروەکو وتراوە: *{نەوەکەت وەها دەبێت}* .

١٩ باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها مردوویەتی منداڵدانی سارا.

٢٠ بە بێباوەڕی گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو لە باوەڕ بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد،

٢١ دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر.

٢٢ بۆیە *{بە بێتاوانیی بۆی دانرا}* .

٢٣ ئەوەی نووسراوە: *{بۆی دانرا}* تەنها لە پێناوی ئەو نەبوو،

٢٤بەڵکو لە پێناوی ئێمەشە، جا بۆمان بە بێتاوانی دادەنرێت، کە باوەڕمان هەیە بەوەی ئیشۆعی پەروەردگارمانی لەنێو مردووواندا هەستاندەوە.

٢٥ ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە ڕادەست کرا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەستێنرایەوە.

ڕۆما 5

١ کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، بەهۆی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە،

٢ بەهۆی ئەویش ڕێپێدراویێتیمان وەرگرت بەهۆی باوەڕ بێینە نێو ئەم بەخششەی کە ئێستا تیایدا نیشتەجێین. شانازیش بە هیوای شکۆی خودا دەکەین.

٣ تەنها ئەمە نا، بەڵکو لە تەنگانەشدا شانازی دەکەین، دەزانین تەنگانە دانبەخۆداگرتن دروست دەکات،

٤دانبەخۆداگرتنیش ئەزموون، ئەزموونیش هیوا،

٥ هیواش شەرمەزار ناکات، چونکە خۆشویستنی خودا ڕژاوەتە نێو دڵمان، بە ڕووحی پارسا کە پێمان دراوە.

٦ چونکە کاتێ هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو خوانەناسان مرد.

٧ چونکە بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مرۆڤێکی خوداناس دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێک بوێرێت بمرێت.

٨ بەڵام خودا خۆشویستنی خۆی بۆ دەرخستین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد.

٩ئێستاش کە بە خوێنی ئەو بێتاوان کراوین، بەهۆی ئەو چەندە زیاتر لە تووڕەیی خودا ڕزگار دەبین!

١٠ چونکە ئەگەر کاتێ دوژمن بووین لەگەڵ خودا، بە مردنی ڕۆڵەکەی ئاشتبووینەوە، ئەی کاتێ ئاشتبووینەوە چەند زیاتر بە ژیانی ئەو ڕزگار دەبین!

١١ نەک تەنها ئەمە، بەڵکو بەهۆی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح شانازی بە خودا دەکەین، ئەوەی ئێستا بەهۆیەوە ئاشتبوونەوەمان وەرگرتووە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ لەبەر ئەوە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مەرگ، بەم شێوەیە مەرگ هەموو خەڵکی گرتەوە، چونکە هەموو گوناهیان کرد

١٣ چونکە تەنانەت تا پێش هاتنی تەورات، گوناه لە جیهاندا بوو. بەڵام کە تەورات نەبێت گوناه ناژمێردرێت.

١٤ کەچی مەرگ لە ئادەمەوە تاکو مووشێ حوکمڕانیی دەکرد، تەنانەت بەسەر ئەوانەش کە لە شێوەی یاخیبوونەکەی ئادەم گوناهیان نەکردبوو، کە نموونەی کەسە هاتووەکەیە.

١٥ بەڵام دیاری وەکو گوناه نییە. چونکە ئەگەر زۆر کەس بە گوناهی کەسێک مردن، جا چەند زیاتر بەخششی خودا و دیارییەکە بەهۆی بەخششی مرۆڤێک کە ئیشۆعی مەسیحە، بۆ زۆر کەس زیادبووەوە!

١٦ هەروەها ئەو دیارییە وەک ئەنجامی گوناهی مرۆڤێک نییە. چونکە حوکمدان لە یەک گوناهەوە تاوانبار کردنی هێنا کایەوە، بەڵام دیاری لە گوناهی زۆرەوە بێتاوانی هێنا کایەوە.

١٧ چونکە ئەگەر بە هۆی گوناهی کەسێک مەرگ حوکمڕانیی کرد، ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕی بەخشش و دیاری بێتوانی وەردەگرن، لە ژیاندا حوکمڕانی دەکەن بە کەسێک کە ئیشۆعی مەسیحە.

١٨ کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناه تاوانبارکردن بۆ هەموو خەڵک هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی خوداناسی بێتاوانکردن بۆ هەموو خەڵک هاتە کایەوە بۆ بێتاوانیی ژیان.

١٩ چونکە چۆن بە یاخیبوونی کەسێک زۆر کەس گوناهبار کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵیی کەسێک زۆر کەس بێتاوان دەکرێن.

٢٠ بەڵام تەورات هات تاکو گوناه زۆر بێت. بەڵام لەکوێ گوناه زۆر بوو، بەخشش زۆر زیاتر بوو،

٢١ تاکو چۆن گوناه بە مەرگ حوکمڕانیی کرد، ئاواش بە بێتاوانی بەخشش حوکمڕانی دەکات بۆ ژیانی جاویدانی بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

ڕۆما 6

١ ئیتر چی بڵێین؟ ئایا لە گوناەدا بمێنینەوە تاکو بەخشش زیاد بێت؟

٢ حاشا! ئێمە کە سەبارەت بە گوناه مردین، ئیتر چۆن تیایدا بژین؟

٣ ئایا نازانن هەموومان کە لە ئیشۆعی مەسیحدا عەمادکراین، لە مردنەکەیدا عەمادکراین؟

٤ بۆیە بە عەمادبوونمان لەگەڵ ئەو بۆ مەرگ نێژراین، تاکو چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەوە هەستایەوە، ئێمەش لە نوێیەتی ژیاندا بژین.

٥ چونکە ئەگەر لە شێوەی مەرگەکەی لەگەڵیدا یەکمان گرتبێت، لە هەستانەوەکەشی ئاوا دەبین.

٦ ئەمە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ ئەو لەخاچدرا، تاکو لەشی گوناهبار پەکی بکەوێت، چیتر کۆیلەی گوناه نەبین

٧ چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد کراوە.

٨ بەڵام ئەگەر لەگەڵ مەسیح مردووین، باوەڕمان هەیە کە لەگەڵ ئەویش دەژین،

٩ دەزانین مەسیح کە لەنێو مردووواندا هەستێنرایەوە، نامرێتەوە. ئیتر مەرگ بەسەریدا سالار نییە.

١٠ چونکە ئەو مردنەی مرد، بە جارێک بۆ گوناه مرد. بەڵام ئەو ژیانەی دەژیێت بۆ خودا دەژیێت.

١١ ئێوەش سەبارەت بە گوناه خۆتان بە مردوو دابنێن، بەڵام بۆ خودا زیندوو بن لە ئیشۆعی مەسیحدا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ کەواتە مەهێڵن گوناه حوکمڕانیی لەشی لەناوچووتان بکات، تاکو گوێڕایەڵی ئارەزووەکانی بن.

١٣ئەندامانتان وەک ئامێری نارەوایی بۆ گوناه پێشکەش مەکەن، بەڵکو خۆتان پێشکەشی خودا بکەن، وەک زیندووی نێو مردووان و ئەندامانتان وەک ئامێری خوداناسی بۆ خودا.

١٤ جا گوناه بەسەرتانەوە سالار نابێت، چونکە لە ژێر سایەی تەوراتدا نین، بەڵکو لە ژێر سایەی بەخشش.

١٥ کەواتە چی؟ ئایا گوناه بکەین چونکە لە ژێر تەوراتدا نین بەڵکو لە ژێر بەخشش؟ حاشا!١٦ نازانن ئەوەی وەک کۆیلەی ملکەچ خۆتانی پێشکەش دەکەن، دەبنە کۆیلەی ئەوەی ملکەچن بۆی: یان بۆ گوناه کە بەرەو مەرگە یان بۆ گوێڕایەڵی کە بەرەو بێتاوانییە؟

١٧ بەڵام سوپاس بۆ خودا لەگەڵ ئەوەی کۆیلەی گوناه بوون، لە دڵەوە ملکەچی ئەو شێوە فێرکردنە بوون کە پێتان سپێردرا.

١٨ ئێوە لە گوناه ئازاد کران و بوونە کۆیلەی بێتاوانی.

١٩ لەبەر لاوازی جەستەتان مرۆڤانە دەدوێم. چونکە چۆن لەپێشا ئەندامانی لەشتان وەک کۆیلەی گڵاوی و خراپە بۆ خراپە پێشکەش کرد، ئێستاش ئەندامانتان وەک کۆیلەی بێتاوانی بۆ پارسایی پێشکەش بکەن.

٢٠ چونکە کاتێ کۆیلەی گوناه بوون، سەبارەت بە خوداناسی ئازاد بوون.

٢١ ئەو کات چ بەرهەمێکتان هەبوو لەو شتانەی ئێستا شەرمتان پێیەتی؟ چونکە دەرئەنجامی ئەو شتانە مەرگە.

٢٢ بەڵام ئێستا کە لە گوناه ئازاد کراون و بوونە کۆیلەی خودا، بەرهەمتان بۆ پارسایی هەیە و دەرئەنجامەکەی ژیانی جاویدانیە.

٢٣ چونکە کرێی گوناه مەرگە، بەڵام دیاریی خودا ژیانی جاویدانیە لە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

ڕۆما 7

١ برایان، ئایا ئێوە نازانن چونکە بۆ ئەوانە دەدوێم کە لە تەورات دەزانن، تەورات بەسەر مرۆڤدا سالارە تاکو ئەو کاتەی زیندووە؟

٢ چونکە ژن بەپێی تەورات بە مێردە زیندووەکەی بەستراوەتەوە، بەڵام کە مێردەکە مرد، ئەوا لە یاسای مێرد ئازاد بووە.

٣ کەواتە تاکو مێردەکە زیندوو بێت، ژنەکە بە داوێنپیس ناودەبردرێت ئەگەر بووە هی پیاوێکی دیکە. بەڵام ئەگەر مێردەکە بمرێت، ئەوسا لە یاساکە ئازادە و داوێنپیس نییە ئەگەر بووە هی پیاوێکی دیکە.

٤کەواتە براکانم، ئێوەش بە لەشی مەسیح سەبارەت بە تەورات مردن، تاکو ببنە هی یەکێکی دیکە، بۆ ئەوی کە لەنێو مردووواندا هەستێنرایەوە، تاکو بۆ خودا بەرهەم بدەین.

٥ چونکە کاتێ لە جەستەدا بووین، ئارەزووەکانی گوناه کە بەهۆی تەوراتە لە ئەندامەکانماندا کاری دەکرد، تاکو بۆ مەرگ بەرهەم بدەین.

٦ بەڵام ئێستا بە مەرگ بۆ ئەوەی پێی بەسترابووینەوە لە تەورات ئازاد کراوین، تاکو بە نوێیەتی ڕووح ڕاژە بکەین، نەک بە کۆنییەتی پیت.

٧ کەواتە چی بڵێین؟ ئایا تەورات گوناهە؟ حاشا! بەڵکو بەهۆی تەوراتەوە نەبێت گوناهم نەدەناسی. چونکە هەوەسم نەدەزانی ئەگەر تەورات نەیووتایە *{هەوەسبازی مەکە!}*

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨بەڵام گوناه ئەم ڕاسپاردەیەی قۆستەوە و هەموو هەوەسێکی لە مندا وروژاند، چونکە گوناه بەبێ تەورات مردووە.

٩ منیش لەپێشا بەبێ تەورات دەژیام. بەڵام کاتێ ڕاسپاردە هات، گوناه هاتە ژیان و منیش مردم.

١٠ بینیم هەمان ئەو ڕاسپاردەیەی بۆ ژیانە بۆ من بۆ مەرگە.

١١ چونکە گوناه ڕاسپاردەکەی قۆستەوە و منی خەڵەتاند و بەو منی کوشت.

١٢ کەواتە تەورات پارسایە، ڕاسپاردەش پارسا و دادپەروەر و چاکە.

١٣ باشە، ئایا چاکە بۆ من بووەتە مەرگ؟ حاشا! بەڵکو گوناه، تاکو دەرکەوێت کە بە ڕاستی گوناهە، بەهۆی چاکەوە مەرگ لە مندا هێنایە کایەوە، تاکو بەهۆی ڕاسپاردەکە ئاشکرا بێت کە گوناه بە تەواوەتی خراپە.

١٤ ئێمە دەزانین تەورات ڕووحییە، بەڵام من جەستەییم و لە گوناهەدا فرۆشراوم.

١٥ ئیتر نازانم چی دەکەم. چونکە ئەوەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەوەی ڕقم لێیەتی ئەوە دەکەم.

١٦ئەگەر ئەوە بکەم کە نامەوێت، ئەوسا تەورات پەسەند دەکەم کە باشە.

١٧ ئیتر من نیم کە وادەکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی کە لە مندا نیشتەجێیە.

١٨ چونکە دەزانم هیچ چاکەیەک لە مندا نیشتەجێ نییە، واتا لە جەستەمدا. چونکە خواست لەلام ئامادەیە، بەڵام توانای چاکەکردنم نییە.١٩ چونکە ئەو چاکەیەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەو خراپەی کە نامەوێت ئەوە دەکەم.

٢٠ ئەگەر ئەوەم کرد کە نامەوێت، ئیتر ئەوە من نیم کە دەیکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی لە مندا نیشتەجێیە.

٢١کەواتە یاسایەک دەبینم کاتێ دەمەوێت چاکە بکەم، خراپە لەلام ئامادەیە.

٢٢ چونکە لە ناخمدا بە تەوراتی خودا دڵشادم،

٢٣ بەڵام یاسایەکی دیکە لە ئەندامانم دەبینم، بەربەرەکانێی یاسای هزرم دەکات و دەمکاتە دیلی یاسای گوناه کە لە ئەندامانمدایە.

٢٤ ئای لە منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ لە لەشی ئەم مەرگە ڕزگارم دەکات؟

٢٥ سوپاسی خودا دەکەم، بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان! کەواتە بە هزری خۆم ڕاژەی تەوراتی خودا دەکەم، بەڵام بە جەستە، یاسای گوناه.

ڕۆما 8

١ کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لە ئیشۆعی مەسیحدان، ئەوانەی بەپێی جەستە ڕەفتار ناکەن، بەڵکو بەپێی ڕووح

٢ چونکە یاسای ڕووحی ژیان لە ئیشۆعی مەسیحدا، لە یاسای گوناه و مەرگ ئازادی کردم.

٣ چونکە ئەوەی لە توانای تەوراتدا نەبوو، لەوەی بە جەستە لاواز بوو، خودا بە ناردنی ڕۆڵەکەی خۆی لە شێوەی جەستەی گوناهبار و لەپێناوی گوناه. لە جەستەدا گوناهی تاوانبار کرد،

٤ تاکو حوکمی تەورات لە ئێمەدا بێتە دی، کە بەگوێرەی جەستە ڕەفتار ناکەین، بەڵکو بەگوێرەی ڕووح.

٥ چونکە ئەوانەی بەگوێرەی جەستەن بایەخ بە کاروباری جەستە دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەگوێرەی ڕووحن، بایەخ بە کاروباری ڕووح دەدەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ چونکە بایەخی جەستە مەرگە، بەڵام بایەخی ڕووح ژیان و ئاشتییە.

٧ بایەخی جەستە دوژمنایەتیی خودایە، چونکە ملکەچی تەوراتی خودا نابێت، چونکە ناتوانێت.

٨ جا ئەوانەی لە جەستەدان ناتوانن خودا ڕازی بکەن.

٩ بەڵام ئێوە، ئەگەر ڕووحی خودا لەنێوتاندا نیشتەجێ بێت، ئەوا لە جەستەدا نین، بەڵکو لە ڕووحدان. بەڵام ئەگەر یەکێکیش ڕووحی مەسیحی نەبێت، ئەوا هی مەسیح نییە.

١٠ ئەگەر مەسیح لە ئێوەدا بێت، ئەوا لەش بەهۆی گوناه مردووە، بەڵام ڕووح بەهۆی بێتاوانی زیندووە.

١١ ئەگەر ڕووحی ئەوەی ئیشۆعی لەنێو مردووان هەستاندەوە لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، ئەوا ئەوەی مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە بە ڕووحی خۆی کە لە ئێوەدا نیشتەجێیە لەشی مردووشتان زیندوو دەکاتەوە.

١٢ کەواتە برایان، ئێمە قەرزارین بەڵام هی جەستە نا، تاکو بەگوێرەی جەستە بژین.

١٣ چونکە ئەگەر ئێوە بەگوێرەی جەستە بژین دەمرن، بەڵام ئەگەر بە ڕووح کردارەکانی لەشتان مراند ئەوا دەژین.

١٤ چونکە هەموو ئەوانەی بە ڕووحی خودا دەهاژوورێن، ئەوانە ڕۆڵەی خودان.

١٥ چونکە ڕووحی کۆیلەییتان وەرنەگرتووە بۆ ترس، بەڵکو ڕووحی ڕۆڵەیێتیتان وەرگرتووە، کە بەهۆیەوە هاوار دەکەین: "بابە! باوکە!"

١٦ ڕووح خۆی گەواهیی بۆ ڕووحمان دەدات کە ئێمە ڕۆڵەی خوداین.

١٧ئەگەر ڕۆڵە بین، میراتگریشین، میراتگری خودا و هاومیراتی مەسیح، ئەگەر لەگەڵ ئەو ئازار بچێژین، بۆ ئەوەی تاکو لەگەڵ ئەو شکۆدار بین.

١٨ پێم وایە ئازارەکانی ئێستا لەگەڵ شکۆی داهاتوو کە تیاماندا ئاشکرا دەکرێت بەراورد ناکرێت.

١٩ چونکە ئافریدە چاوەڕێ دەکات ڕۆڵەکانی خودا ئاشکرا بکرێن.

٢٠ چونکە ئافریدە بۆ وەرسبوون ملکەچ کرا، نەک بە ئارەزوو، بەڵکو لەپێناوی ئەوەی ملکەچی کرد، بە هیوای ئەوەی

٢١ ئافریدە لە کۆیلایەتی گەندەڵی ئازاد بکرێت بەرەو سەربەستیی شکۆمەندی ڕۆڵەکانی خودا.

٢٢ دەزانین هەموو ئافریدە تا ئێستا بەیەکەوە دەناڵێنێت و ژانیگرتووە.

٢٣ نەک تەنها ئەمە، بەڵکو ئێمەش کە نۆبەرەی ڕووحمان هەیە، خۆشمان لە ناخماندا دەناڵێنین کە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ڕۆڵەیێتین، بە قوربانیدانی جەستەمان.

٢٤ چونکە بە هیواوە ڕزگارمان بوو. بەڵام هیوای بینراو هیوا نییە. چونکە ئەوەی دەیبینی هیوای چی پێ دەخوازیت؟

٢٥ بەڵام ئەگەر هیوای شتێک بخوازین کە بینراو نییە، ئەوا بە دانبەخۆداگرتنەوە چاوەڕێی دەکەین.

٢٦ بە هەمان شێوە ڕووح لە لاوازییەکانماندا یارمەتیمان دەدات. چونکە نازانین پێویستە لەپێناوی چی نوێژ بکەین، بەڵام ڕووح خۆی بە ناڵەوە داکۆکیمان لێدەکات بە شێوەیەک کە باس ناکرێت.

٢٧ بەڵام ئەوەی دڵ دەپشکنێت، دەزانێت بایەخی ڕووح چییە، چونکە بەگوێرەی خواستی خودا داکۆکی لە پارساکان دەکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٨ ئێمە دەزانین کە هەموو شتەکان بێگەوە کاردەکەن بۆ چاکەی ئەوانەی خودایان خۆشدەوێت، ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون.

٢٩ چونکە ئەوانەی پێشتر ناسیبوونی، پێشتر دیاری کردن بۆ ئەوەی وەک وێنەی ڕۆڵەکەی ئەویان لێ بێت، تاکو لەنێو برایانی زۆردا ئەو ببێتە نۆبەرە.

٣٠ ئەوانەی پێشتر دیاری کردن بانگیشی کردن، ئەوانەی بانگی کردن بێتاوانیشی کردن، ئەوانەی بێتاوانی کردن شکۆداریشی کردن.

٣١ ئیتر چی بەمە بڵێین؟ ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت کێ دژمانە؟

٣٢ ئەوەی بەزەیی بە ڕۆڵەکەی خۆی نەهاتەوە، بەڵکو لە پێناوی هەموومان بەختی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان پێ نابەخشێت؟

٣٣ کێ سکاڵا لە بژاردەکانی خودا دەکات؟ خودایە ئەوەی بێتاوان دەکات.

٣٤ کێیە تاوانبار دەکات؟ مەسیحە کەوا مرد، بەڵکو هەستاشەوە، هەر ئەویش لەلای ڕاستی خودایە و داکۆکیمان لێدەکات.

٣٥ کێ لە خۆشویستنی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ توندی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان برسێتی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟

٣٦ وەک نووسراوە: *{لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مەرگ دەبینەوە، وەک کاوڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین}* .

٣٧ بەڵام لە هەموو ئەمانەدا سەرکەوتنمان مەزن دەبێت بەوەی خۆشیویستووین.

٣٨ چونکە دڵنیام نە مەرگ و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە سەرۆکەکان و نە هێزەکان، نە شتەکانی ئێستا و نە شتەکانی داهاتوو

٣٩ نە بەرزی و نە قووڵی، نە ئافریدەی دیکە، ناتوانێت لە خۆشویستنی خودا جیامان بکاتەوە ئەوەی لە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمانە.

ڕۆما 9

١ لە مەسیحدا ڕەوا دەڵێم و درۆ ناکەم، ویژدانیشم بە ڕووحی پارسا گەواهیدەرمە،

٢ کە خەمێکی مەزنم هەیە و ئازارێکی بێ بڕانەوە لە دڵمدا هەیە.

٣ خۆزگە خۆم نەفرەتم لێ بکرابایە و لە مەسیح بێبەش بوومایە، لە پێناوی برایانم، خزمانم بەگوێرەی جەستە،

٤ ئیسرائیلییەکان، ڕۆڵەیێتی و شکۆ و پەیمانەکان و تەورات و پەرستن و بەڵێنەکان هی ئەوانە.

٥ باوکانیش هی ئەوانن و مەسیحیش بەگوێرەی جەستە لەوانەوە هاتووە، ئەوەی لە سەرووی هەمووانە، تاهەتایە خوداوەندێکی پیرۆزە! ئامین.

٦ بەڵام مەبەست ئەوە نییە وشەی خودا کەوت. چونکە هەموو ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیلن، ئیسرائیلی نین.

٧ هەروەها هەموو ئەوانەی نەوەی ئەوراهەمن، ڕۆڵەکانی ئەو نین، بەڵکو: *{لە ئسحەقەوە وەچەت ناودەبردرێت}* .

٨ واتا: ڕۆڵەکانی جەستە ڕۆڵەکانی خودا نین، بەڵکو ڕۆڵەکانی بەڵێن بە نەوە دادەنرێن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ چونکە وشەی بەڵێنەکە ئەمەیە: *{کاتێکی وەها دێمەوە و ساراش کوڕێکی بووە}* .

١٠ نەک تەنها ئەمە، بەڵکو ڕقەش لە یەکێک سکی کرد کە ئسخەقی باوکمانە.

١١ چونکە هێشتا لەدایک نەببوون و چاکە و خراپەیان نەکردبوو، ئەمەش تاکو لە هەڵبژاردندا مەبەستی خودا جێگیر بێت، نەک بە کردار، بەڵکو لەوەی بانگ دەکات،

١٢پێیان فەرموو: *{گەورەکە ڕاژەی بچووکەکە دەکات}* .

١٣ وەک نووسراوە: *{یاقووم خۆشویست و ڕقم لە عیسۆ بووەوە}* .

١٤ کەواتە چی بڵێین؟ ئایا لەلای خودا ستەم هەیە؟ حاشا!

١٥ چونکە بە مووشێ دەفەرمووێ:*{میهرەبان دەبم لەگەڵ ئەوەی میهرەبان دەبم و بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بەزەییم پێیدا دێتەوە}* .

١٦ کەواتە، بە ئارەزووی کەسێک و هەوڵدانی کەسێک نییە، بەڵکو لە خوداوەیە کە میهەربانە.

١٧ چونکە سیپارەکە بە پڕعون دەفەرمووێ: *{تۆم بۆ ئەم مەبەستە پەیداکرد، تاکو توانای خۆم لە تۆدا دەربخەم و تاکو لە هەموو زەویدا ناوم ڕابگەیەندرێت}* .

١٨ کەواتە خودا بەزەیی بەوە دێتەوە کە دەیەوێت و ئەوەش دڵڕەق دەکات کە دەیەوێت.

١٩ ئینجا پێم دەڵێی: "ئیتر بۆچی هێشتا گلەیی دەکات؟ چونکە کێ دژی خواستی ئەو ڕادەوەستێت؟"

٢٠ بەڵکو ئەی مرۆڤ تۆ کێیت وەڵامی خودا دەدەیتەوە؟ ئایا دروستکراو بە دروستکاری دەڵێ: "بۆچی وا دروستت کردم؟"

٢١ ئایا گۆزەوان دەسەڵاتی بەسەر قوڕدا نییە؟ لە هەمان قوڕ دەفرێک بۆ ڕێزلێنان و یەکێکی دیکەش ئاسایی دروست بکات؟

٢٢ بەڵام چییە ئەگەر خودا کە دەیەوێت تووڕەیی دەربخات و توانای خۆی ئاشکرا بکات، بە پشوودرێژی زۆرەوە بەرگەی ئەو دەفرانەی تووڕەیی گرت کە بۆ لەناوبردن ئامادە کراون؟

٢٣تاکو دەوڵەمەندی شکۆی خۆی لەسەر ئەو دەفرانەی بەزەیی ئاشکرا بکات کە پێشتر بۆ شکۆمەندی ئامادەی کردوون؟

٢٤ لەنێو ئەواندا ئێمەشی بانگکردووە، نەک تەنها لە جوو، بەڵکو لە نەتەوەکانیش.

٢٥ وەک لە هۆشەعدا دەفەرمووێ: *{ئەوەی گەلی من نییە ناوی دەنێم گەلی خۆم وئەوەی خۆشەویست نییە بە خۆشەویست. وە*

٢٦*لەو شوێنەی بەوانیان فەرموو ئێوە گەلی من نین، لەوێدا بە ڕۆڵەکانی خودای زیندوو ناودەبرێن}* .

٢٧ ئێشەعیاش دەربارەی ئیسرائیل هاوار دەکات: *{ئەگەر ژمارەی نەوەی ئیسرائیل بەقەد لمی دەریا بێت، تەنها پاشماوەیان ڕزگاری دەبێت.*

٢٨ *چونکە پەروەردگار بە خێرایی و کۆتاییپێ خۆی بەسەر زەویدا دەهێنێت}* .

٢٩ وەک ئێشەعیا پێشتر وتوویەتی: *{ئەگەر پەروەردگاری سوپاسالار نەوەی بۆ نەهێشتباینەوە، وەک سەدوممان لێ دەهات و لە عامووڕە دەچووین}* .

٣٠ کەواتە چی بڵێین؟ ئەو نەتەوانەی بۆ بێتاوانبوون کۆششیان نەکرد، بێتاوانبوونیان بەدەستهێنا، ئەو بێتاوانبوونەی کە بە باوەڕە.

٣١ بەڵام ئیسرائیل بە تەورات کۆششیان کرد بۆ بێتاوانبوون، بەو تەوراتە پێی نەگەیشتن!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٢ بۆچی؟ چونکە ئەو کردەوە بە باوەڕ نەبوو، بەڵکو وەک بە کردار بێت. ئیتر بە بەردی کۆسپ ساتمەیان کرد،

٣٣ وەک نووسراوە: *{ئەوەتا لە سهیۆن بەردی ساتمەکردن و تاشەبەردی پێ هەڵکەوتن دادەنێم، بەڵام ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت شەرمەزار نابێت}* .

ڕۆما 10

١ برایان، دڵخۆشیم و پاڕانەوەم لە خودا لە پێناوی ڕزگاری نەوەی ئیسرائیلە.

٢ چونکە گەواهییان بۆ دەدەم دڵگەرمیان بۆ خودا هەیە، بەڵام بە زانیارییەوە نییە.

٣ چونکە بێتاوانکردنیان لە خوداوە نەزانی، هەوڵیان دا بێتاوانکردنی خۆیان جێگیر بن، ملکەچی بێتاوانکردنی خودا نەبوون.

٤ چونکە مەسیح دەرئەنجامی تەوراتە، تاکو بێتاوانی بۆ هەموو ئەوانە بێت کە باوەڕ دەهێنن.

٥ چونکە مووشێ دەربارەی ئەو خوداناسییەی بە تەوراتە دەنووسێت: *{ئەگەر مرۆڤ بیانکات، پێیان دەژیێت}* .

٦ بەڵام دەربارەی ئەو بێتاوانیەی کە بە باوەڕە ئاوا دەفەرمووێ:*{لە دڵتدا مەڵێ: کێ سەردەکەوێتە ئاسمان؟}* واتا مەسیح بهێنێتە خوارەوە،

٧*{یان کێ دادەبەزێتە نێو دۆڵی بێبن؟}* واتا مەسیح لەنێو مردووان سەربخات.

٨ بەڵام چی دەفەرمووێ؟ *{وشەکە لێت نزیکە، لەسەر زارتە و لە دڵتدایە}* واتە وشەی باوەڕە کە ڕایدەگەیەنین.

٩ چونکە ئەگەر بە زارت دانت بە ئیشۆعی پەروەردگار نا و بە دڵ باوەڕت هێنا کە خودا لەنێو مردووواندا هەستاندیەوە، ڕزگار دەبیت.

١٠ چونکە دڵ باوەڕی پێ دەهێنت بۆ بێتاوانبوون، زاریش دانی پێ دەنێت بۆ ڕزگاری.

١١ چونکە سیپارەکە دەفەرمووێ: *{هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، شەرمەزار نابێت}* .

١٢ چونکە جیاوازی لەنێوان جوو و یۆنانی نییە، چونکە هەمان پەروەردگارە بۆ هەمووان، دەوڵەمەندە بۆ هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە.

١٣ چونکە *{هەر کەسێک بە ناوی پەروەردگارەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت}* .

١٤ ئیتر چۆن لە یەکێک دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێک دەهێنن ئەگەر نەیانبیستبێت؟ چۆنیش بێ بانگەوازدەر دەبیستن؟

١٥ هەروەها چۆن بانگەواز دەکەن ئەگەر نەنێردرابن؟ وەک نووسراوە: *{چەند جوانە پێیەکانی موژدەدەرانی ئاشتی، موژدەدەرانی چاکە!}*

١٦ بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل گوێڕایەڵی ئینجیل نەبوون، چونکە ئێشەعیا دەڵێت: *{ئەی پەروەردگار، کێ بڕوای بە پەیامەکەمان کرد؟}*

١٧ کەواتە باوەڕ بە بیستنە، بیستنیش بە وشەی مەسیحە.

١٨ بەڵام دەڵێم: ئایا گوێیان لێ نەبوو؟ بەڵێ! *{دەنگیان بە هەموو زەوی گەیشت و وتەکانیان بەوپەڕی جیهان}* .

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ بەڵام دەڵێم: ئایا ئیسرائیل نەیزانی؟ یەکەمجار مووشێ دەڵێت: *{من ئیرەییتان هەڵدەستێنم بەوانەی نەتەوە نین، بە نەتەوەیەکی گێل تورەتان دەکەم}* .

٢٠ ئینجا ئێشەعیا بوێرانە دەڵێت: *{دۆزرامەوە لەلایەن ئەوانەی بەدوامدا نەگەڕان، دەرکەوتم بۆ ئەوانەی پرسی منیان نەکرد}* .

٢١ بەڵام دەربارەی ئیسرائیل دەڵێت: *{بە درێژایی ڕۆژ دەستم بۆ گەلێکی یاخی و بەرهەڵستکار ڕاگرت}* .

ڕۆما 11

١ جا دەڵێم: ئایا خودا گەلەکەی خۆی ڕەتکردەوە؟ حاشا! چونکە منیش ئیسرائیلیم، لە نەوەی ئەوراهەم لە هۆزی بنیامین.

٢ خودا گەلەکەی خۆی کە پێشتر ناسیویەتی ڕەتی نەکردەوە. ئایا نازانن نووسراوەکە دەربارەی ئیلیا چی دەفەرمووێ؟ چۆن لەلای خودا دژی ئیسرائیل دەپاڕێتەوە:

٣ *{ئەی پەروەردگار، پێغەمبەرەکانی تۆیان کوشتووە، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە. من بە تەنها ماومەتەوە، ئەوانیش بەدوامدا دەگەڕێن تا بمکوژن!}* .

٤ بەڵام سرووش چی وەڵامی داداتەوە؟ *{حەوت هەزار پیاوم بۆ خۆم هێشتۆتەوە، ئەوانەی چۆکیان بۆ بەعل نەچەماندۆتەوە}* .

٥ لەم سەردەمەی ئێستاش، پاشماوەیەک هەیە بە بەخشش هەڵبژێردراون.

٦ بەڵام ئەگەر بە بەخشش بێت، ئیتر بە کردار نییە. ئەگینا ئیتر بەخشش بەخشش نییە، ئەگەریش بە کرادار بێت ئەوا ئیتر بە کردار نیە، ئەگینا ئیتر کردار کردار نیە.

٧ کەواتە چی؟ ئەوەی ئیسرائیل هەوڵی بۆ دەدا دەستی نەکەوت، بەڵکو هەڵبژێردراوان دەستیان کەوت، ئەوانی دیکەش دڵڕەق بوون،

٨ وەک نووسراوە: *{خودا ڕووحی خەوتاندنی داونەتێ، چاوی داونەتێ پێی نەبینن وگوێی داونەتێ پێی نەبیستن، تاکو ئەمڕۆش}* .

٩ داویدیش دەڵێت: *{خوانەکەیان ببێتە داو و تەڵە، کۆسپ و سزا بۆیان.*

١٠ *چاویان تاریک بێت تاکو نەبینن، هەمیشە پشتیان چەماوە بێت}* .

١١ جا دەڵێم: ئایا ساتمەیان کرد تاکو بکەون؟ حاشا! بەڵکو بە گوناهی ئەوان ڕزگاری بۆ نەتەوەکان هاتە کایەوە، بۆ وروژاندنی ئیرەییان.

١٢ جا ئەگەر گوناهی ئەوان دەوڵەمەندی بێت بۆ جیهان و دۆڕاندنیان دەوڵەمەندی بێت بۆ نەتەوەکان، ئاخۆ تەواوەتییان دەبێت چەند بێت؟

١٣ئەی نەتەوەکان وا پێتان دەڵێم: کە پەیامبەرم بۆ نەتەوەکان، شکۆداری ڕاژەکەم دەکەم،

١٤ تاکو ئیرەیی هاوڕەچەڵەکەکانم هەڵبستێنم و هەندێکیان ڕزگار بکەم.

١٥ چونکە ئەگەر ڕەتکردنەوەیان ئاشتبوونەوەی جیهان بێت، ئەی پەسەندکردنیان چی دەبێت، ئەگەر ژیانەوەی مردووان نەبێت؟

١٦ ئەگەر یەکەم نان پارسا بێت، ئەوا هەویرەکەش! ئەگەر ڕەگەکە پارسا بێت، ئەوا لقەکانیش!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ بەڵام ئەگەر هەندێک لق بڕانەوە، تۆش لە دارەکە موتوربە کرایت کە زەیتوونێکی کێویت و بەمە لە ڕەگ و شیری زەیتوونەکە بەشدار بوویت،

١٨ شانازی بەسەر لقەکانەوە مەکە. ئەگەر شانازی دەکەیت، بزانە کە تۆ ڕەگەکە هەڵناگریت، بەڵکو ئەوە هەڵت دەگرێت!

١٩ ئیتر دەڵێی: "لقەکان بڕانەوە تاکو من موتوربە بکرێم".

٢٠ باشە! ئەوان لەبەر بێباوەڕی بڕانەوە، تۆش بە باوەڕ جێگیر بوویت. لەخۆبایی مەبە، بەڵکو بترسە!

٢١ چونکە ئەگەر خودا بەزەیی بە لقە سروشتییەکان نەیەتەوە، ئەوا بەزەیی بە تۆش نایەتەوە!

٢٢ ئەمەیە نیانی و توندی خودا: توندی بۆ ئەوانەیە کە کەوتن، بەڵام نیانی بۆ تۆیە ئەگەر لە نیانییەکەی جێگیر بیت، ئەگینا تۆش دەبڕدرێیتەوە.

٢٣ ئەوانیش ئەگەر لە بێباوەڕی جێگیر نەبن موتوربە دەکرێنەوە، چونکە خودا دەتوانێت موتوربەیان بکاتەوە.

٢٤ چونکە ئەگەر تۆ بەگوێرەی سروشت لە دارزەیتوونێکی کێوی بڕابیتەوە و بە پێچەوانەی سروشت لە دارزەیتوونێکی چاک موتوربە کرای، ئاخۆ چەند زیاتر ئەوانەی بەگوێرەی سروشت لە دارزەیتوونەکەی خۆیان موتوربە دەکرێن؟

٢٥ برایان، من نامەوێت ئەم نهێنییە نەزانن، نەوەک خۆتان بە دانا بزانن: کەللەڕەقی بەشێک لە ئیسرائیلی گرتەوە تاکو تەواوی نەتەوەکان بێنە ناوەوە.

٢٦ بەم شێوەیە هەموو ئیسرائیل ڕزگاری دەبێت، وەک نووسراوە: *{ڕزگاریدەر لە سهێونەوە دێت، خوانەناسی لە یاقوو دەگێڕێتەوە.*

٢٧ *ئەمەش پەیمانەکەمە بۆ ئەوان، کاتێ گوناهەکانیان دادەماڵم}* .

٢٨ بەگوێرەی ئینجیل لە پێناوی ئێوەدا دوژمنن، بەڵام بەگوێرەی هەڵبژاردن لە پێناوی باوکاندا خۆشەویستن،

٢٩ چونکە بەخشینەکانی خودا و بانگکردنەکەی بێ پەشیمانییە.

٣٠چونکە وەک ئێوە جارێک گوێڕایەڵی خودا نەبوون، بەڵام ئێستا بە هۆی یاخیبوونی ئەوان بەر بەزەیی کەوتن،

٣١ ئەوانیش ئێستا گوێڕایەڵ نین، تاکو بەو بەزەییەی بۆ ئێوە بوو ئەوانیش بەر بەزەیی بکەون.

٣٢ چونکە خودا هەمووانی بە یاخیبووندا بەندکرد، تاکو بەزەیی بە هەمووانداا بێتەوە.

٣٣ ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانستی خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانی، چەند دوورە ڕێگاکانی لە گەڕان!

٣٤ *{چونکە کێ بیری پەروەردگاری زانی؟ یان کێ بووە ڕاوێژکاری؟*

٣٥ *یان کێ شتێکی پێ بەخشیوە تاکو خەڵات بکرێت؟}*

٣٦ چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین.

ڕۆما 12

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ جا برایان، لەبەر میهرەبانیی خودا لێتان دەپاڕێمەوە، لەشتان وەک قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن، پارسا و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی هۆشمەندانەتانە.

٢ شێوەی ئەم ڕۆژگارە وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی هزرتان بگۆڕێن، تاکو ئەزموونتان هەبێت خواستی خودا چییە کە باش و پەسەندکراو و تەواوە.

٣ چونکە بەو بەخششەی پێم دراوە بە هەر یەکێک دەڵێم کە لەنێوتاندایە: با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات، بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە باوەڕەی خودا بۆ هەر یەکێکی بەش کردووە.

٤ چونکە وەک لە یەک لەشدا ئەندامی زۆرمان هەیە، بەڵام هەموو ئەندامانیش یەک کاریان نییە،

٥ ئێتر ئێمەی زۆر لە مەسیحدا یەک لەشین، هەمووشمان ئەندامی یەکترین.

٦ بەڵام بەهرەی جیاوازمان هەیە، بەگوێرەی ئەو بەخششەی پێمان دراوە: ئەگەر پێشبینییە، بە ڕێژەی باوەڕ،

٧ یان ڕاژەکردنە لە ڕاژە، یان فێرکار لە فێرکردن،

٨ یان ئامۆژگار لە ئامۆژگاری، یان بەخشەر بە دڵفراوانی، یان ڕابەرایەتی بە تێکۆشان، یان بەزەییداریش بە دڵخۆشی.

٩ با خۆشویستن بێ ڕووپامایی بێت. ڕقتان لە بەدکاری بێت و بە چاکەوە بلکێن.

١٠ بە خۆشویستنی برایانە بە دڵ یەکتریتان خۆشبووێ، لە خۆتان زیاتر ڕێز لە یەکتری بگرن.

١١ سست مەبن لە تێکۆشان، لە ڕووح گەرم بن، پەروەردگار بپەرستن.

١٢ لە هیوا دڵشادبن، لە تەنگانە ئارام بگرن، لە نوێژکردن پەیوەست بن،

١٣ بۆ پێویستیی پارساکان بەشداری بکەن، میوان ڕاگربن.

١٤ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە داڕشتیان بکەن. داڕشت بکەن و نەفرەت مەکەن.

١٥ لەگەڵ دڵشادان دڵشادبن، بگرییێن لەگەڵ ئەوانەی دەگرییێن.

١٦ سەبارەت بە یەکتری هاوبیر بن، بیر لە بڵندی مەکەنەوە، بەڵکو تێکەڵاوی خاکسارەکان بن. خۆتان بە دانا دامەنێن.

١٧ خراپەی کەس بە خراپە مەدەنەوە. لەبەردەمی هەموو خەڵک گرنگی بەوە بدەن کە بە چاکە دەزانرێ.

١٨ ئەگەر بکرێت، بەپێی تواناتان، لەگەڵ هەموو خەڵک بە ئاشتی بژین.

١٩ خۆشەویستان خۆتان تۆڵە مەستێنن، بەڵکو ڕێ بە تووڕەیی خودا بدەن، چونکە نووسراوە: *{پەروەردگار دەفەرموێ: تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم.*

٢٠ *ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو خۆراکی بدەرێ، ئەگەر تینووی بوو ئاوی بدەرێ. بەمە پشکۆی داگیرساو لەسەر سەری کەڵەکە دەکەیت}* .

٢١ خراپە نەتبەزێنێت، بەڵکو بە چاکە خراپە ببەزێنە.

ڕۆما 13

١ با هەموو کەسێک ملکەچی دەسەڵاتدارە فەرمانڕەواکان بێت، چونکە دەسەڵات نییە لە خوداوە نەبێت، جا ئەوەی هەیە لەلایەن خوداوە دانراوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ ئیتر ئەوەی بەرهەڵستی دەسەڵات دەکات، بەرهەڵستی دانراوی خودا دەکات، بەرهەڵستکارانیش حوکمدان بەسەر خۆیان دەهێنن.

٣چونکە فەرمانڕەوایان جێی ترس نین بۆ چاکەکاری، بەڵکو بۆ خراپەکاری. ئایا دەتەوێت لە دەسەڵات نەترسیت؟ چاکە بکە، ستایشی ئەو بەدەست دەهێنیت،

٤ چونکە ئەو ڕاژەوانی خودایە بۆ چاکەکردن! بەڵام ئەگەر خراپەت کرد بترسە، چونکە لەخۆڕا شمشێر هەڵناگرێت. چونکە ئەو ڕاژەوانی خودایە، تۆڵەکاری تووڕەییە بۆ خراپەکاران.

٥ بۆیە پێویستە ملکەچی بن، نەک تەنها لەبەر تووڕەیی، بەڵکو لەبەر ویژدانیش.

٦ هەر لەبەر ئەمەشە باج دەدەن، چونکە ئەوان ڕاژەوانی خودان و بەردەوام لەسەر ئەم کارەن.

٧ مافی هەمووان بدەن: باج بە خاوەن باج، سەرانە بە خاوەن سەرانە، ترس لە خاوەن ترس، ڕێز بە خاوەن ڕێز.

٨ بە هیچ شتێک قەرزاری کەس مەبن، جگە لەوەی یەکتریتان خۆشبووێ، چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی خۆشبووێ، تەوراتی هێناوەتە دی.

٩ چونکە *{داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، مەدزە، گەواهیی درۆ مەدە، هەوەسبازی مەکە}* و ڕاسپاردەی دیکەش لەم وشەیەدا کۆدەبنەوە: *{نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ}*.

١٠ خۆشویستن خراپە لەگەڵ نزیک ناکات، چونکە خۆشویستن هێنانەدیی تەوراتە.

١١ جگە لەوەش کاتەکە دەزانن، وا کاتی ئەوەیە لە خەو هەستین، چونکە ئێستا ڕزگاریمان نزیکترە لەو کاتەی باوەڕمان هێنا.

١٢ شەو لە تەواوبوونە، وا ڕۆژ هەڵدێت. با کرداری تاریکی دابکەنین و چەکەکانی ڕووناکی بپۆشین.

١٣ با وەک لە ڕۆژدا بەڕێزەوە ڕەفتار بکەین، نەک لە گەلەگان و سەرخۆشی، ڕابواردن و بەرەڵایی، ناکۆکی و ئیرەیی.

١٤ بەڵکو ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار بپۆشن، لە پێناوی هەوەسەکان تەگبیر بۆ جەستە مەکەن.

ڕۆما 14

١ ئەوەی لە باوەڕ لاوازە پەسەندی بکەن، بەبێ حوکمدانی بیروڕاکان.

٢ هەیە باوەڕی بەوەیە هەموو شتێک بخوات، بەڵام ئەوەی باوەڕی لاوازە تەنها سەوزە دەخوات.

٣ با بخۆر سووکایەتی بە نەخۆر نەکات، نەخۆریش بخۆر تاوانبار نەکات، چونکە خودا پەسەندی کردووە.

٤ تۆ کێی تاکو بەندەی یەکێکی دیکە تاوانبار بکەیت؟ ئەو بۆ گەورەی خۆیەتی جێگیر دەبێت یان دەکەوێت. بەڵام جێگیر دەبێت، چونکە خودا دەتوانێ جێگیری بکات.

٥ یەکێک ڕۆژێک لە ڕۆژێکی دیکە بە پارساتر دادەنێت، یەکێکی دیکە هەموو ڕۆژێک لەبەر چاو دەگرێت. با هەریەکە لە بیروڕای خۆی دڵنیابێت.

٦ ئەوەی بایەخ بە ڕۆژ دەدات بۆ پەروەردگار بایەخ دەدات. ئەوەی دەخوات بۆ پەروەردگار دەخوات، چونکە سوپاسی خودا دەکات. ئەوەش کە ناخوات بۆ پەروەردگار ناخوات و سوپاسی خودا دەکات.

٧ چونکە کەسمان بۆ خۆی ناژیێت، کەسیش بۆ خۆی نامرێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ چونکە ئەگەر بژین بۆ پەروەردگار دەژین، ئەگەر بشمرین بۆ پەروەردگار دەمرین. کەواتە بژین یان بمرین، ئێمە هی پەروەردگارین.

٩ چونکە مەسیح بۆ ئەمە مرد و زیندووبووەوە و ژیا، تاکو ببێتە سەروەری زیندووان و مردووان.

١٠ بەڵام تۆی بۆچی براکەت تاوانبار دەکەیت؟ یان بۆچی سووکایەتی بە براکەت دەکەیت؟ چونکە هەموومان لەبەردەم تەختی مەسیح ڕادەوەستین،

١١ چونکە نووسراوە: *{پەروەردگار دەفەرمووێ: بە گیانی خۆم، هەموو ئەژنۆیەک بۆ من چۆک دادەدات، هەموو زمانێک دان بە خودا دەنێت}* .

١٢ کەواتە، هەریەک لە ئێمە سەبارەت بە خۆی هەژماردێک دەداتە خودا.

١٣ ئیتر با یەکتری تاوانبار نەکەین، بەڵکو باشترە ئەم بڕیارە بدەن: کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم برا دانەنرێت.

١٤ لە ئیشۆعی پەروەردگاردا دەزانم و دڵنیام کە شتێک لە خۆیدا گڵاو نییە، مەگەر یەکێک بە گڵاوی بزانێت، بۆ ئەو گڵاوە.

١٥ ئەگەر بەهۆی خۆراکت براکەت دڵتەنگ بێت، ئیتر بەگوێرەی خۆشویستن ڕەفتار ناکەیت. جا بە خۆراکت ئەو کەسە لەناومەبە کە مەسیح لە پێناوی مردووە.

١٦ مەهێڵن شتێک کە بۆ ئێوە چاکە، خەڵکی بە خراپە باسی بکات.

١٧ چونکە پاشایەتی خودا خواردن و خواردنەوە نییە، بەڵکو خوداناسی و ئاشتی و شادییە لە ڕووحی پارسادا.

١٨ چونکە ئەوەی لەمە ڕاژەی مەسیح بکات، بە ڕەزامەندی خودا دەبێت و لەلای خەڵکیش پەسەندکراوە.

١٩ کەواتە با بەم شتانەوە کۆشش بکەین کە بۆ ئاشتی و بۆ بنیادنانی یەکترییە.

٢٠ لە پێناوی خۆراک کاری خودا وێران مەکە. هەموو شتەکان پێگەردن، بەڵام بۆ مرۆڤ ئەگەر ببێتە کۆسپ خراپە بیخوات.

٢١ باشە گۆشت نەخۆیت و مەی نەخۆیتەوە و شتێک نەکەیت براکەت ساتمەی لێ بکات یان لاواز بێت.

٢٢ باوەڕت هەیە؟ با لەبەردەم خودا بۆ خۆت بێت! بەختەوەری بۆ ئەوەی خۆی تاوانبار ناکات لەو شتەی پەسەندی دەکات.

٢٣ بەڵام ئەوەی گومان بکات، ئەگەر بخوات تاوانبار دەکرێت، چونکە لە باوەڕەوە نییە. هەر شتێک لە باوەڕدا نەبێت گوناهە.

ڕۆما 15

١ بەڵام ئێمەی بەهێز لەسەرمانە بەرگەی کەموکوڕی لاوازان بگرین و خۆمان ڕازی نەکەین.٢ با هەر یەک لە ئێمە نزیکەکەی بۆ چاکە ڕازی بکات لە پێناوی بنیادنان.

٣ چونکە مەسیحیش خۆی ڕازی نەکرد، بەڵکو وەک نووسراوە: *{جنێوی جنێودەرانت کەوتە سەر من}* .

٤چونکە هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و دڵنەواییکردنی نووسراوەکان هیوامان هەبێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ خوداوەندی دانبەخۆداگرتن و دڵنەوایی لەنێو خۆتان ڕێککەوتنی بیروڕاتان بداتێ بەگوێرەی بیری ئیشۆعی مەسیح،

٦ تاکو بە یەک دڵ و بە یەک دەنگ شکۆی خودا و باوکی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان بکەن.

٧ بۆیە یەکتر پەسەند بکەن، وەک مەسیح پەسەندی کردین، بۆ شکۆمەندیی خودا.

٨ چونکە دەڵێم، مەسیح لەبەر ڕەوای خودا بووە ڕاژەوانی خروسەبڕاوان، تاکو بەڵێنەکانی باوکان جێگیر بکات،

٩ نەتەوەکانیش لەپێناوی بەزەیی، خودا شکۆدار دەکەن، وەک نووسراوە: *{بۆیە لەنێو نەتەوەکان ستایشت دەکەم پەسنی بۆ ناوت دەڵێم}* .

١٠ هەروەها دەفەرمووێ: *{ئەی نەتەوەکان، شادمان بن لەگەڵ گەلەکەی}* .

١١ هەروەها: *{ئەی هەموو نەتەوەکان، ستایشی پەروەردگار بکەن، بەرزی ڕابگرن، ئەی هەموو گەلان}* .

١٢ دیسان ئێشەعیا دەڵێت: *{ڕەگی ئیشەی دەبێت، ئەوەی بۆ فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەردەکەوێت، هیوای نەتەوەکان بەو دەبێت}* .

١٣ با خوداوەندی هیوا بە هەموو شادی و ئاشتییەک لە باوەڕدا پڕتان بکات، تاکو بە هێزی ڕووحی پارسا هیواتان زیاد بێتەوە.

١٤ براکانم، خۆم دڵنیام کە ئێوە پڕن لە چاکە، پڕن لە هەموو زانستێک، تواناتان هەیە یەکتری ئاگادار بکەنەوە.

١٥ بەڵام دەربارەی هەندێک خاڵ بوێرانەتر بۆم نووسیون، وەک بەیادهێنانەوەتان، بەهۆی ئەو بەخششەی خودا پێیداوم،

١٦ تاکو ببمە ڕاژەوانی ئیشۆعی مەسیح لەپێناوی نەتەوەکان، وەک کاهین لە ڕاژەی ئینجیلی خودا، تاکو قوربانیی نەتەوەکان پەسەندکراو بێت، بە ڕووحی پارسا پارساکراو بێت.

١٧ بۆیە لە ئیشۆعی مەسیحدا شانازیم هەیە بەو شتانەی بۆ خودایە.

١٨ چونکە ناوێرم باسی شتێک بکەم جگە لەوەی مەسیح بۆ گوێڕایەڵبوونی نەتەوەکان بۆ خودا بەهۆی منەوە ئەنجامی داوە، بە وتە و کردار،

١٩ بە هێزی پەرجوو و نیشانە، بە هێزی ڕووحی خودا. تەنانەت لە یروشلایم و دەوروپشتی تاکو ئیلۆریقون، بە تەواوی ئینجیلی مەسیحم ڕاگەیاند.

٢٠ بۆیە ئامانجی بەرزم بوو کە موژدە بدەم، نەک لەو شوێنەی ناوی مەسیحی تێدا هێنرابوو، نەوەک لەسەر بناغەی یەکێکی دیکە بنیاد بنێم.

٢١ بەڵکو وەک نووسراوە: *{ئەوانەی باسی ئەویان بۆ نەکرابوو دەبینن، ئەوانەی نەیانبیستبوو تێدەگەن}* .

٢٢ بۆیە چەندین جار ڕێم لێ دەگیرا بێمە لاتان.

٢٣ بەڵام ئێستا لەم ناوچانەدا شوێنم نەماوە، ساڵانێکی زۆریشە پەرۆشم بێمە لاتان،

٢٤ کاتێ دەچمە ئیسپانیا. هیوادارم بەلاتاندا تێپەڕم، تاکو بتانبینم و بە کۆمەک ڕەوانەم بکەن بۆ ئەوێ، دوای ئەوەی یەکەمجار کەمێک لە بینینتان تێربم.

٢٥ بەڵام وا دەچمە یروشلایم تاکو ڕاژەی پارساکان بکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٦ چونکە خەڵکی مەکدۆنیە و ئەخائیە پێیان خۆش بوو هەندێک بەخشین بۆ پارساکانی هەژاری یروشلایم کۆبکەنەوە.

٢٧ ئەمەیان بە باش زانی و قەرزاری ئەوانیشن! چونکە ئەگەر نەتەوەکان لە شتە ڕووحییەکانی ئەوان بەشدار بوونە، لەسەریانە لە شتە جەستەییەکان ڕاژەیان بکەن.

٢٨ بۆیە، کاتێ ئەمەم تەواو کرد و ئەم بەرهەمەم بۆ مۆرکردن، بەرەو ئیسپانیا بەلاتاندا تێدەپەڕم.

٢٩ دەزانم کە بێمە لاتان، بە پڕی داڕشتی ئینجیلی مەسیحەوە دێم.

٣٠ ئێستاش برایان لێتان دەپاڕێمەوە، بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار و بە خۆشویستنی ڕووح، لەگەڵم تێبکۆشن لە نوێژەکان بۆ خودا لە پێناوی من،

٣١ تاکو ڕزگاربم لەوانەی لە ئیهوود بێباوەڕن، هەروەها تاکو ڕاژەکەم لەپێناوی یروشلایم لەلای پارساکان پەسەندکراو بێت،

٣٢ تاکو بە خواستی خودا بە دڵشادییەوە بێمە لاتان و لەگەڵتان پشوو بدەم.

٣٣خوداوەندی ئاشتی لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

ڕۆما 16

١ سەبارەت بە فیبێی خوشکمان ڕاتان دەسپێرم، کە ڕاژەوانە لە وارگەی کەنخریا،

٢ تاکو لە پەروەردگاردا پەسەندی بکەن وەک شایانی پارساکان بێت، لە هەر شتێک پێویستی پێتان بوو یارمەتی بدەن، چونکە بووە یارمەتیدەری زۆر کەس و هی منیش.

٣ سڵاو لە پریسقیلا و ئەکیلا بکەن، هاوکارەکانم لە ئیشۆعی مەسیحدا،

٤ ئەوانەی لە پێناو ژیانی من ملی خۆیان دانا، کە تەنها من سوپاسی ئەوانە ناکەم، بەڵکو هەموو وارگەکانی نەتەوەکانیش.

٥ سڵاو لە ئەو وارگەیە بکەن لە ماڵەکەیاندایە. سڵاو لە ئەپینتوسی خۆشەویستم بکەن کە نۆبەرەی ئاسیایە بۆ مەسیح.

٦ سڵاو لە مەریەم بکەن کە زۆر پێمانەوە ماندوو بوو.

٧سڵاو لە ئەندرونیکۆس و یونیاسی خزمانم بکەن، کە لەگەڵم بەند کرابوون، ئەوانەی لەنێو پەیامبەراندا ناودارن، پێش من لە مەسیحدا بوون.

٨ سڵاو لە ئەمپلیاتۆس بکەن کە خۆشەویستمە لە پەروەردگاردا.

٩ سڵاو لە ئوربانۆس بکەن هاوکارمان لە مەسیح، هەروەها ستاخیسی خۆشەویستم.

١٠ سڵاو لە ئەپیلەسی پەسەندکراو بکەن لە مەسیحدا. سڵاو لە خانەوادەی ئەرستۆپۆلۆس بکەن.

١١ سڵاو لە هیرودیۆنی خزمم بکەن. سڵاو لەوانەی لە خانەوادەی نەرکیسیۆس لە پەروەردگارن.

١٢ سڵاو لە خوشکان تەریفینا و تەریفۆسا بکەن، کە لە پەروەردگاردا ماندوو دەبن. سڵاو لە پەرسیسی خوشکی خۆشەویست بکەن، کە لە پەروەردگاردا زۆر ماندوو بوو.

١٣ سڵاو لە ڕۆپۆس بکەن هەڵبژێردراوە لە پەروەردگار، هەروەها لە دایکی کە دایکمە.

١٤ سڵاو بکەن لە ئەسینکریتۆس، فەلیگۆن، هەرمس، پەتروباس، هرماس و ئەو برایانەی لەگەڵیاندان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ سڵاو بکەن لە فیلولوگۆس و جولیا، نیریۆس و خوشکەکەی و ئولومپاس و هەموو ئەو پارسایانەی لەگەڵیاندان.

١٦ بە ماچێکی پارسا سڵاو لە یەکتری بکەن. وارگەکانی مەسیح سڵاوتان لێدەکەن.

١٧ برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، ئاگاتان لەوانە بێت کە ناکۆکی و کۆسپ دەنێنەوە، بە پێچەوانەی ئەو فێرکردنەی فێری بوون. لێیان دوور بکەونەوە.

١٨ چونکە کەسانی ئاوا، ڕاژەی مەسیحی پەروەردگارمان ناکەن، بەڵکو سکی خۆیان، بە قسەی خۆش و زمانلوسی دڵی ساکارەکان هەڵدەخەڵەتێنن.

١٩ چونکە هەواڵی گوێڕایەڵیتان بە هەمووان گەیشتووە، بۆیە پێتان دڵخۆشم، بەڵام دەمەوێت لە چاکەدا دانا بن و لە خراپە ساکار بن.

٢٠ خوداوەندی ئاشتی خێرا شەیتان لە ژێر پێتان پان دەکاتەوە. بەخششی ئیشۆعی پەروەردگارمان لەگەڵتان بێت. ئامین.

٢١ تیماتیئوسی هاوکارم سڵاوتان لێدەکات، هەروەها لوقیئوس و ئیاسون و سوسیپاتەری خزمانم.

٢٢ منیش تەرتیۆسم کە ئەم پەیامەم نووسیوەتەوە، لە پەروەردگاردا سڵاوتان لێ دەکەم.

٢٣ گائیوس کە میوانداری من و هەموو وارگەیە سڵاوتان لێدەکات. ئەراستۆسی خەزنەداری شار و کوارتۆسی برا سڵاوتان لێدەکەن.

٢٤ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

٢٥ بۆ ئەوەی توانای هەیە جێگیریتان بکات بەگوێرەی ئینجیلەکەم و ڕاگەیاندنی ئیشۆعی مەسیح، بەگوێرەی ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەی کە لە کاتە ئەزەلییەکانەوە بە شاراوەیی مابووەوە،

٢٦بەڵام ئێستا بەهۆی سپارەی پێغەمبەران، بەگوێرەی ڕاسپاردەی خودای هەمیشەیی، ئاشکرا و زانراو بووە بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ لەنێو هەموو نەتەوەکان

٢٧ تا جاویدان شکۆمەندی بۆ تاقە خودای دانا،

بە ئیشۆعی مەسیح!

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم قۆرنتێ

یەکەم قۆرنتێ 1

١ پۆڵۆس، بانگکراو بە پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بە خواستی خودا، هەروەها سوستینسی برا،

٢ بۆ وارگەی خودا لە قۆرنتێ، پارساکان لە ئیشۆعی مەسیحدا، بانگکراون بە پارساکان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە هەموو شوێنێکدا بە ناوی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح دەپاڕێنەوە، پەروەردگاری ئەوان و ئێمەش:

٣ بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.

٤ سەبارەت بە ئێوە هەمیشە سوپاسی خودام دەکەم، بۆ ئەو بەخششەی خودا کە لە ئیشۆعی مەسیحدا پێتان دراوە،

٥ لەودا لە هەموو شتێك دەوڵەمەند بوون، لە هەموو قسە و زانینێک،

٦وەك گەواهیی مەسیح لە ئێوەدا جێگیر بوو،

٧ تەنانەت لە هیچ بەهرەیەك کەموکوڕیتان نییە، چاوەڕوانی ئاشکراکردنی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیحن.

٨ ئەوەی تا پایان جێگیریتان دەکات، تاکو لە ڕۆژی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیحدا بێ گلەیی بن.

٩ خودا سەرڕاستە، ئەوەی بەهۆیەوە بۆ هاوبەشی کردنی ڕۆڵەکەی بانگکراون، ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

١٠ برایان، بە ناوی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح لێتان دەپاڕێمەوە کە هەمووتان یەك قسە بن، دووبەرەکی لەنێوانتاندا نەبێت، بەڵکو لە یەك هزر و یەك ڕا یەکگرتوو بن.

١١ برایانم، چونکە ماڵی خلۆیی هەواڵیان دامێ ناکۆکی لەنێوانتاندا هەیە.

١٢ مەبەستم ئەمەیە: یەکێکتان دەڵێت: "من هی پۆڵۆسم"، یەکێکی دیکە: "من هی ئەپۆلۆسم"، یان "من هی کیپەم"، یان "من هی مەسیحم".

١٣ ئایا مەسیح بەش کراوە؟ یان پۆڵۆس لە پێناوتاندا لەخاچدراوە؟ یان بە ناوی پۆڵۆس عەمادکران؟

١٤ سوپاس بۆ خودا کەستانم عەماد نەکردووە، قیریسپۆس و گائیوس نەبێت،

١٥ نەوەك یەکێك بڵێت بە ناوی منەوە عەمادکراوە.

١٦ هەروەها خێزانی ئیستیفانۆسم عەمادکردووە، جگە لەمانە نازانم کەسی دیکەم عەمادکردبێت.

١٧ چونکە مەسیح نەیناردووم بۆ عەمادکردن، بەڵکو بۆ موژدەدان، ئەمەش نەك بە قسەی دانایی، نەوەك هێزی خاچی مەسیح پووچەڵ بێتەوە.

١٨ چونکە وشەی خاچ لای لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام لای ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە.

١٩ چونکە نووسراوە: *{دانایی داناکان لەناودەبەم، تێگەیشتنی تێگەیشتووان ڕەت دەکەمەوە}* .

٢٠ کوا دانا؟ کوا تەوراتزان؟ کوا کەسی بە دەم وزاری ئەم ڕۆژگارە؟ ئایا خودا دانایی ئەم جیهانەی نەکردۆتە گێلایەتی؟

٢١ چونکە کە جیهان لە دانایی خودادا خودایان بە دانایی نەناسی، خودا پێی خۆشبوو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە گێلایەتی پەیامی ڕاگەیێندراو ڕزگاریان بکات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ چونکە جوو داوای پەرجو دەکەن و یۆنانی هەوڵی دانایی دەدەن،

٢٣ بەڵام ئێمە مەسیحی لەخاچدراو ڕادەگەیەنین، بۆ جوو کۆسپە و بۆ یۆنانیەکان گێلایەتییە!

٢٤ بەڵام بۆ بانگکراوان، جوو و یۆنانی، مەسیح هێزی خودا و دانایی خودایە.

٢٥ چونکە گێلایەتی خودا لە مرۆڤ داناترە! لاوازی خودا لە مرۆڤ بەهێزترە!

٢٦ جا برایان، بڕواننە بانگکردنەکەتان، بەگوێرەی جەستە زۆرتان دانا نەبوون، زۆرتان توانادار نەبوون، زۆرتان ماقوڵ نەبوون.

٢٧ بەڵکو خودا گێلەکانی جیهانی هەڵبژارد تاکو داناکان شەرمەزار بکات، خودا لاوازەکانی جیهانی هەڵبژارد تاکو بەهێزەکان شەرمەزار بکات.

٢٨خودا پایەنزمەکانی جیهان و ڕق لێبوە و نەبووەکانی هەڵبژارد، بۆ پووچەڵکردنەوە هەبووەکان،

٢٩ تاکو هیچ جەستەدارێك لەبەردەمی شانازی نەکات.

٣٠ بەڵام ئێوە بەهۆی ئەو لە ئیشۆعی مەسیحدان، ئەوەی لە خوداوە بۆمان بووە دانایی و بێتاوانی و پارساکردن و قوربانی.

٣١ تاکو وەك نووسراوە: *{ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە پەروەردگار بکات}* .

یەکەم قۆرنتێ 2

١ برایان، منیش کاتێ هاتمە لاتان، بە قسەی گەورە یان دانایی نەهاتم گەواهیی خودا ڕابگەیەنم،

٢ چونکە بڕیارم دا لەنێوتاندا هیچ نەزانم، بێجگە لە ئیشۆعی مەسیح، بە لەخاچدراوی.

٣ منیش بە لاوازی و ترس و لەرزێکی زۆرەوە لەلاتان بووم.

٤ وتە و موژدەدانم بە قسەی دانایی مرۆڤ و ڕازیکردن نەبوو، بەڵکو بە بەڵگەی ڕووح و هێز،

٥ تاکو باوەڕتان بە دانایی مرۆڤ نەبێت، بەڵکو بە هێزی خودا بێت.

٦ ئێمە لەنێو پێگەیشتووان بە دانایی دەدوێین، بەڵام داناییەك نە لەم ڕۆژگارەیە و نە لە سەرۆکەکانی ئەم ڕۆژگارەیە، کە لەناودەچن.

٧ بەڵکو باسی دانایی خودا دەکەین کە نهێنییە: دانایی شاراوە، ئەوەی خودا لەپێش ڕۆژگارەوە بۆ شکۆی ئێمەی داناوە.

٨ هیچ سەرۆکێکی ئەم ڕۆژگارە نەیاندەزانی، چونکە ئەگەر بیانزانایە، پەروەردگاری شکۆمەندیان لەخاچ نەدەدا.

٩بەڵکو وەك نووسراوە: *{ئەوەی هیچ چاوێك نەیبینیوە، هیچ گوێیەك نەیبیستووە و بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیاندەوێت}* .

١٠ بەڵام خودا بەهۆی ڕووحی خۆی بۆی ئاشکرا کردین. چونکە ڕووح هەموو شتێك دەپشکنێت، تەنانەت قووڵی ناخی خوداش.

١١ چونکە چ مرۆڤێك دەزانێت مرۆڤ چی تێدایە، ڕووحی مرۆڤ نەبێت کە لەناویدایە؟ بەم شێوەیە کەس نازانێت خودا چی تێدایە ڕووحی خودا نەبێت.

١٢ ئێمەش ڕووحی جیهانمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو ڕووحەی لە خوداوەیە، تاکو لەو شتانە بزانین کە خودا پێی بەخشیوین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ ئەوانەی باسیان دەکەین، نەك بەو قسانەی لە فێركردنی دانایی مرۆڤەوەیە، بەڵكو لە فێركردنی ڕووحوە، بیری ڕووحییانە بۆ كەسە ڕووحییەكان لێك دەدەینەوە.

١٤ بەڵام مرۆڤی سروشتی ئەوەی هی ڕووحی خودایە وەری ناگرێت، چونكە لای ئەو گێلایەتییە، ناشتوانێت بیانزانێت، چونكە بە ڕووح جیا دەكرێنەوە.

١٥مرۆڤی ڕووحیش هەموو شتێك هەڵدەسەنگێنێت، كەچی خۆی كەس هەڵیناسەنگێنێت.

١٦*{چونكە كێ بیری پەروەردگاری زانی، كێ فێری دەكات؟}* بەڵام ئێمە بیری مەسیحمان هەیە.

یەكەم قۆرنتێ 3

١ برایان، من نەمتوانی وەك بۆ ڕووحییانی قسەتان بۆ بكەم، بەڵكو وەك بۆ جەستەییەكان، وەك بۆ ساوایان لە مەسیحدا.

٢ شیرم دەرخوارد دان نەك خواردن، چونكە هێشتا تواناتان نەبوو، بەڵكو ئێستاش تواناتان نییە.

٣ چونكە هێشتا جەستەیین. چونكە كە ئیرەیی و ناكۆكی و دووبەرەكی لەنێوانتاندا هەبێت، ئایا جەستەیی نین و تەنها وەك ئادەمیزاد ناژین؟

٤ چونكە كاتێ یەكێك دەڵێت: ‘‘من هی پۆڵۆسم’’ ئەوی دیكە: ‘‘من هی ئەپۆلۆسم’’ ئایا هێشتا جەستەیی نین؟

٥ پۆلۆس كێیە؟ ئەپۆڵۆس كێیە؟ تەنها ڕاژەوانن، بەهۆی ئەوانەوە باوەڕتان هێناوە وەك پەروەردگار بە هەر یەكێكی داوە.

٦ من چاندم و ئەپۆلۆس ئاوی دا، بەڵام خودا بوو گەشەی پێكرد.

٧ ئیتر نە چێنەر شتێكە و نە ئاودێر، بەڵكو خودا كە گەشەی پێ دەكات.

٨ چێنەر و ئاودێر یەكن، بەڵام هەریەكە بەگوێرەی ماندووبوونی خۆی كرێی خۆی وەردەگرێت.

٩ جا ئێمە لەگەڵ خودا كار دەكەین، ئێوەش كێڵگەی خودا و خانووی خودان.

١٠ بەگوێرەی ئەو بەخششەی خودا پێیداوم، وەك ئەندازیارێكی دانا بناغەم دانا و یەكێكی دیكە لەسەری بنیاد دەنێت. بەڵام با هەریەكە ئاگادار بێت چۆن لەسەری بنیاد دەنێت.

١١ چونكە كەس ناتوانێت بناغەیەكی دیكە دابنێت لە پاڵ ئەوەی دانراوە، كە ئیشۆعی مەسیحە.

١٢ بەڵام ئەگەر یەكێك لەسەر ئەو بناغەیە زێڕ، زیو، بەردی گرانبەها، دار، پووش یان كا، بنیاد بنێت،

١٣ ئەوا كاری هەر یەكێك دەردەكەوێت، چونكە ڕۆژ ئاشكرای دەكات، چونكە بە ئاگر ئاشكرا دەكرێت و ئاگر تاقی دەكاتەوە كە كاری هەر یەكێك چۆنە.

١٤ ئەگەر كاری یەكێك بمێنێتەوە كە لەسەری بنیادی ناوە، ئەوا پاداشت وەردەگرێت.

١٥ ئەگەر كاری یەكێك سووتا ئەوا زیانی پێدەگات، بەڵام خۆی ڕزگاری دەبێت، وەك یەكێك لە نێو ئاگر هەڵات.

١٦ ئایا نازانن ئێوە پەرستگای خودان و ڕووحی خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟

١٧ ئەگەر یەكێك پەرستگای خودا وێران بكات، خودا وێرانی دەكات. چونكە پەرستگای خودا پارسایە، ئەویش ئێوەن.

١٨ با كەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت. ئەگەر یەكێك لەنێوانتان خۆی بە دانای ئەم ڕۆژگارە دەزانێت، با ببێتە گێل تاكو ببێتە دانا!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩چونکە دانایی ئەم جیهانە لەلای خودا گێلایەتییە، چونکە نووسراوە: *{ئەوەی داناکان بە فێڵبازی خۆیانەوە دەگرێت}* .

٢٠ هەروەها: *{پەروەردگار بیرکردنەوەی داناکان دەزانێت کە پووچەڵە}* .

٢١ کەواتە، با کەس شانازی بە مرۆڤ نەکات! چونکە هەموو شتێك هی ئێوەیە،

٢٢ پۆڵوس یان ئەپۆلۆس یاخود کیپە، جیهان یان ژیان یان مەرگ، شتەکانی ئێستا یاخود داهاتوو هەموو شتێك هی ئێوەیە،

٢٣ بەڵام ئێوە هی مەسیحن، مەسیحیش هی خودایە.

یەکەم قۆرنتێ 4

١ بەم شێوەیە با خەڵك بە ڕاژەوانی مەسیح و سەرکاری نهێنییەکانی خودامان دابنێن.

٢ جا ئەوەی لە سەرکاران داوا دەکرێت ئەوەیە کە متمانەیی بسەلمێنن.

٣ بەڵام من بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر ئێوە یان هەر دادگایەکی مرۆڤانە حوکمم بدات، بەڵام من حوکم بەسەر خۆم نادەم.

٤چونکە هیچ گلەییەك لە خۆمدا نابینم، بەڵام بەمە بێتاوان نەبوومە، بەڵکو پەروەردگارە لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکات.

٥ کەواتە پێش کات حوکم لە شتێك مەدەن، تاکو پەروەردگار دێتەوە، ئەوەی شاردراوەکانی تاریکی ڕووناك دەکاتەوە و نیازی دڵان دەردەخات. ئەوسا هەر یەکێك لەلایەن خوداوە ستایش دەکرێت.

٦ برایان، ئێستا لە پێناوی ئێوەدا خۆم و ئەپۆلۆسم لەم شتانە کردە نموونە، تاکو لە ئێمەوە فێربن: *{زێدە ڕۆیی مەکەن لەوانەی نووسراون}* ، ئینجا کەس خۆی بە یەکێك هەڵنەکێشێت لەسەر ئەوی دیکە.

٧ چونکە کێ تۆ جیا دەکاتەوە؟ چیت هەیە وەرت نەگرتبێت؟ ئەگەر وەرتگرتووە، بۆ شانازی دەکەیت وەك وەرت نەگرتبێت؟

٨ وا تێربوون! وا دەوڵەمەند بوون! بەبێ ئێمە بوونە پاشا! خۆزگە بە ڕاستی ببوونایەتە پاشا، تاکو ئێمەش لەگەڵتان ببووینایە پاشا!

٩ چونکە وا دەبینم خودا ئێمەی پەیامبەری لە دواوەی کەژاوە دەرخست، وەك ئەوەی حوکمی مەرگمان بۆ درابێت، چونکە بووینە نماییشی جیهان و فریشتە و خەڵک.

١٠ ئێمە لە پێناوی مەسیحدا گێلین، بەڵام ئێوە لە مەسیحدا دانان! ئێمە لاوازین و ئێوە بەهێزن! ئێوە ڕێزدارن و ئێمە بێ ڕێزین!

١١ تا ئێستا برسی و تینوو و ڕووتین، لێدان و بێ لانەیی دەچێژین.

١٢ بە دەستی خۆمان ئیش دەکەین و ماندوو دەبین. جنێومان پێ دەدرێت و داڕشت دەکەین، دەچەوسێینەوە و بەرگە دەگرین.

١٣ بوختانمان پێ دەکەن و نەرمی دەنوێنین. تا ئێستا وەك زبڵی جیهان و پاشماوەی هەموو شتێکمان لێ هاتووە.

١٤ ئەمانە نانووسم تاکو شەرمەزارتان بکەم، بەڵکو وەك ڕۆڵە خۆشەویستەکانم ئاگادارتان دەکەمەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٥ چونكە هەرچەندە دەیان هەزار ڕابەرتان لە مەسیحدا هەبێ، بەڵام باوكان زۆر نین. چونكە بەهۆی ئینجیل لە ئیشۆعی مەسیحدا بوومە باوكتان.

١٦ جا تكاتان لێ دەكەم، لاسایی من بكەنەوە.

١٧ بۆیە تیماتیئوسم بۆ ناردن، كەوا ڕۆڵەی خۆشەویست و دڵسۆزمە لە پەروەردگار، ئەو ڕێگاكانی منتان لە ئیشۆعی مەسیحدا بیر دەخاتەوە، وەك لە هەر شوێنێك و لە هەموو وارگەیەك فێردەكەم.

١٨ هەندێك لووتبەرز بوونە وەك بڵێی نایێمە لاتان.

١٩ بەڵام بە خواستی پەروەردگار بە پەلە دێمە لاتان، ئەوسا نەك قسەكانی ئەو لووتبەرزانە دەزانم بەڵكو هێزیان.

٢٠ چونكە پاشایەتی خودا بە قسە نییە، بەڵكو بە هێزە.

٢١ چیتان دەوێ؟ بە دار بێمە لاتان یاخود بە خۆشویستن و ڕووحی دڵنەرمی؟

یەكەم قۆرنتێ 5

١ لەنێوانتاندا داوێنپیسی دەبیسترێت! داوێنپیسییەك كە لەنێو نەتەوەكانیشدا نییە: پیاو لەگەڵ باوەژنی دەژیێت!

٢ ئێوەش لووتبەرز بوونە! باشتر نەبوو ماتەمدار بن، تاكو ئەوەی ئەم كارەی كردووە لەنێوانتاندا لابدرێت؟

٣ هەرچەندە بە لەش لەلاتان نیم، بەڵام بە ڕووح ئامادەم، وا ئەو كەسەم حوكم داوە كە ئەمەی كردووە، وەك ئامادەبم،

٤ بە ناوی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح، ئێوە و ڕووحی من لەگەڵ هێزی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح كۆدەبنەوە،

٥ كەسی ئاوا بۆ لەناوچوونی جەستە بدرێتە دەستی شەیتان، تاكو لە ڕۆژی ئیشۆعی پەروەردگار ڕووح ڕزگاری بێت.

٦ لەخۆباییتان باش نییە. ئایا نازانن هەویرترشێكی بچووك هەموو هەویرەكە هەڵدێنێت؟

٧ كەواتە خۆتان لە هەویرترشی كۆن پاكبكەنەوە، تاكو ببنە هەویرێكی نوێ وەك ئێوە فەتیرەن. چونكە مەسیحی قوربانیی پەسخەمان لەپێناوی ئێمە سەربڕا.

٨ كەواتە با جەژن بگێڕین، نەك بە هەویرترشی كۆن، هەویرترشی بەدكاری و خراپە، بەڵكو بە فەتیرەی دڵسۆزی و ڕەوا.

٩ لە پەیامەكەمدا بۆم نووسین تێكەڵی داوێنپیسان مەبن،

١٠ مەبەستم لە داوێنپیس و چڵێس و تاڵانكەر و بتپەرستانی ئەم جیهانە نییە، ئەگینا ناچار دەبوون لەم جیهانە بچنە دەرەوە!

١١ بەڵام ئێستا بۆتان دەنووسم: تێكەڵی یەكێك مەبن بە برا ناودەبردرێت و داوێنپیسە یان چڵێسە یاخود بتپەرستە و جنێودەرە یان سەرخۆشە و تاڵانكەرە. نانیش لەگەڵ كەسی ئاوا مەخۆن.

١٢ چونكە بە من چی كە ئەوانەی دەرەوە حوكم بدەم؟ ئێوە نین ئەوانەی ناوەوە حوكم دەدەن؟

١٣ ئەوانەی دەرەوە خودا حوكمیان دەدات. *{خراپەكار لە ناوتان لابدەن}* .

یەكەم قۆرنتێ 6

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ كە یەكێكتان سكاڵایەكی لە یەكێكی دیكە هەبوو، چۆن دەوێرێ لەلای ستەمكاران حوكمی بۆ بدرێت و لای پارسایان نەبێت؟

٢ ئایا نازانن پارساكان جیهان حوكم دەدەن؟ ئەگەر ئێوە جیهان حوكم بدەن، ئایا شایستە نین لە بچووكترینی شتەكان حوكم بدەن؟

٣ ئایا نازانن ئێمە فریشتەش حوكم دەدەین؟ چەندە زیاتر شتەكانی ئەم ژیانە نا!

٤ جا ئەگەر كێشەتان دەربارەی ئەم ژیانە هەبێت، ئایا دەیبەنە لای ئەوانەی لە وارگەدا گرنگ نین!

٥ تاكو شەرم بكەن ئاوا دەڵێم. ئایا یەكێكی داناتان تێدا نییە بتوانێت دادوەری لەنێو برایانی بكات؟

٦ بەڵام برا برای خۆی بۆ دادگا دەبات، ئەمەش لەلای بێباوەڕان!

٧ ئێستا شورەییە بۆتان لەنێوانتاندا سكاڵاكاری هەبێت. باشتر نەبوو ستەملێكراو بن؟ باشتر نەبوو فێڵلێكراو بن؟

٨ بەڵام ئێوە ستەمكاری دەكەن و فێڵ دەكەن، ئەمەش لە برایان!

٩ ئایا نازانن كە ستەمكاران نابنە میراتگری پاشایەتیی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن: نە داوێنپیس و نە بتپەرست و نە مێباز و نە بەدڕەوشت و نە نێرباز،

١٠ نە دز و نە چڵێس و نە سەرخۆش و نە جنێودەر و نە تاڵانكەر نابنە میراتگری پاشایەتیی خودا.

١١ جا هەندێكتان ئاوا بوون. بەڵام شۆرانەوە، بەڵكو پارساكران، بەڵكو بێتاوان كران بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار و ڕووحی خوداوەندمان.

١٢ "هەموو شتێك بۆ من دروستە"، بەڵام هەموو شتێك بە سوود نییە. "هەموو شتێك بۆ من دروستە"، بەڵام هیچ شتێك بەسەرمدا زاڵ نابێت.

١٣ خواردن بۆ ورگە و ورگیش بۆ خواردن، خوداش ئەم و ئەو لەناودەبات. بەڵام لەش بۆ داوێنپیسی نییە، بەڵكو بۆ پەروەردگارە، پەروەردگاریش بۆ لەشە.

١٤ خوداش پەروەردگاری هەستاندەوە و بە هێزی خۆی ئێمەش هەڵدەستێنێتەوە.

١٥ ئایا نازانن لەشتان ئەندامی مەسیحە؟ ئایا ئەندامی مەسیح بكەمە ئەندامی داوێنپیسێك؟ حاشا!

١٦ یاخود نازانن ئەوەی خۆی بە داوێنپیسێك لكاندووە، لەگەڵی بووەتە یەك لەش؟ چونكە دەفەرمووێ: *{هەردووكیان دەبنە یەك جەستە}*.

١٧ بەڵام ئەوەی خۆی بە پەروەردگارەوە دەلكێنێت، ئەوا بوونە بە یەك ڕووح.

١٨ لە داوێنپیسی هەڵبێن. هەر گوناهێك مرۆڤ بیكات، لە دەرەوەی لەشە، بەڵام ئەوەی داوێنپیسی دەكات ئەوا دژی لەشی خۆی گوناه دەكات.

١٩ یاخود نازانن كە لەشتان پەرستگای ڕووحی پارسایە كە لە ئێوەدایە و لەلایەن خوداوەیە هەتانە؟ ئێوەش هی خۆتان نین،

٢٠ چونكە ئێوە بە نرخێك كڕاون. جا بە لەشتان و بە ڕووحتان خودا شكۆدار بكەن كە هی خودایە.

یەكەم قۆرنتێ 7

١ سەبارەت بەو شتانەی كە دەربارەی بۆمتان نووسی: باشە بۆ پیاو ژن نەهێنێت.

٢ بەڵام لەبەر داوێنپیسی، با هەر پیاوێك ژنی خۆی هەبێت و هەر ژنێك مێردی خۆی هەبێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ مێرد لەسەریەتی ئەرکی مافی ژنەکەی بەجێ بگەیەنێت، هەروەها ژنیش بۆ مێرد.

٤ ژن دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ مێردە، مێردیش دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ ژنە.

٥ خۆتان لە یەکتری بێبەش مەکەن، مەگەر بە ڕێککەوتن بۆ ماوەیەك تاکو بۆ ڕۆژوو و نوێژ دەستبەتاڵ بن، دواتر لەگەڵ یەکتری جووت بنەوە، نەوەك بەهۆی خۆڕانەگرتنتانەوە شەیتان تاقیتان بکاتەوە.

٦ بەڵام ئەمەی دەیڵێم، وەك ڕێگادانە نەك فەرمان.

٧ هیوادارم هەموو خەڵك وەك من بن، بەڵام هەریەکە لەلایەن خوداوە بەهرەی خۆی هەیە، هی یەکێك ئاوایە و ئەوەی دیکەش ئاوا.

٨ بەڵام ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە و بێوەژنانیش، پێیان دەڵێم: بۆیان باشە ئەگەر وەك من بمێننەوە.

٩ بەڵام ئەگەر خۆیان ڕانەگرت، با هاوسەرگیری بکەن، چونکە هاوسەرگیری لە گڕگرتن باشترە.

١٠ بەڵام بۆ هاوسەران، ڕایاندەسپێرم، من نیم بەڵکو پەروەردگارە: با ژن لە مێردەکەی جیا نەبێتەوە،

١١ ئەگەریش لێی جیابووەوە، با بێ مێرد بمێنێتەوە یان مێردەکەی ئاشت بکاتەوە. مێردیش با لە ژنەکەی جیا نەبێتەوە.

١٢ ئەوانی دیکە، من پێیان دەڵێم نەك پەروەردگار: ئەگەر برایەك ژنێکی بێباوەڕی هەبوو، ژنەکەش ڕازی بوو لەگەڵیدا بژیێت، با لێی جیا نەبێتەوە.١٣ ئەگەر ژنیش مێردێکی بێباوەڕی هەبوو، مێردەکە ڕازی بوو لەگەڵیدا بژیێت، با لێی جیا نەبێتەوە.

١٤ چونکە مێردە بێباوەڕەکە لە ژندا پارسایە و ژنی بێباوەڕ لە پیاودا پارسایە، ئەگینا منداڵتان گڵاون، بەڵام ئێستا پارسان.

١٥ بەڵام ئەگەر بێباوەڕەکە خۆی جیا کردەوە، با جیا بێتەوە. لە باری ئاوادا براکە یان خوشکەکە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو خودا بۆ ئاشتی بانگی کردووین.

١٦چونکە ئەی ژن، چۆن دەزانی ئاخۆ مێردەکەت ڕزگاری دەبێت؟ یان ئەی مێرد، چۆن دەزانی ئاخۆ ژنەکەت ڕزگاری دەبێت؟

١٧ لەگەڵ ئەوەشدا، با هەر یەکێك بە پێی بەشکردنی پەروەردگار، وەك خودا بانگی کردووە، ئاوا بگوزەرێنێت. منیش لە هەموو وارگەکان ئاوا فەرمان دەدەم.

١٨ ئەوەی بە خروسەبڕاوی بانگکراوە، با نەبێتەوە خروسەنەبڕاو. ئەوەش بە خروسەنەبڕاوی بانگکراوە، با خروسەبڕان نەکات.

١٩ خروسەبڕان هیچ نییە، خروسە نەبڕینیش هیچ نییە، بەڵکو پاراستنی ڕاسپاردەکانی خودا.

٢٠ با هەر یەکێك لەو بانگەوازییەدا بمێنێتەوە کە تیایدابووە کاتێ خودا بانگی کردووە.

٢١ ئەگەر بە کۆیلەیی بانگکرایت؟ گوێی مەدەرێ. بەڵام ئەگەر توانیت ئازاد بیت، بیکە.

٢٢ چونکە ئەوەی کۆیلە بووە و لە پەروەردگار بانگکراوە، دەبێتە ئازادی پەروەردگار. هەروەها ئەوەی ئازاد بووە و بانگکراوە دەبێتە کۆیلەی مەسیح.

٢٣ چونکە ئێوە بە نرخێك کڕاون، مەبنە کۆیلەی خەڵک.

٢٤ برایان، هەر یەکێك لە چیدا بانگکراوە، با لەگەڵ خودا لەمەدا بمێنێتەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ دەربارەی کچان و کوڕان، فەرمانێکی پەروەردگارم نییە، بەڵام بۆچوونێك دەدەم وەك یەکێك پەروەردگار بەزەیی پێدا هاتبێتەوە کەوا جێی متمانە بێت.

٢٦ وابزانم، لەبەر ئەم تەنگانەیەی ئێستا، باشە بۆ مرۆڤ ئاوا بمێنێتەوە.

٢٧ ئایا تۆ بە ژنەوە بەستراویتەوە؟ داوای جیا بوونەوە مەکە. ئایا تۆ بە ژن نەبەستراویتەوە؟ داوای ژن مەکە.

٢٨ بەڵام ئەگەر ژن بهێنیت هەڵەت نەکردووە، ئەگەر پاکیزەش مێرد بکات هەڵەی نەکردووە. بەڵام ئەوانە لەم ژیانە تووشی ماندوێتی دەبن، جا من دەمەوێ تووشتان نەکەم.

٢٩ خوشکان، برایان، ئەمە دەڵێم: لەئێستاوە کاتەکە کورت کراوەتەوە، تاکو ئەوەی ژنی هەیە وەك نەیبێت،

٣٠ ئەوانەی دەگرییێن وەك نەگرییێن، ئەوانەی شادن وەك شاد نەبن، ئەوانەی دەکڕن وەك موڵکیان نەبێت،

٣١ ئەوانەی جیهان بەکاردەهێنن وەك هەر بەکاری نەهێنن، چونکە وێنەی ئەم جیهانە ڕووەو نەمانە.

٣٢ جا دەمەوێ ئێوە بێ خەم بن. ئەوەی ژنی نەهێناوە بایەخ بە کاروباری پەروەردگار دەدات، چۆن پەروەردگار ڕازی بکات.

٣٣ بەڵام هاوسەردار بایەخ بە کاروباری جیهان دەدات، چۆن ژنەکەی ڕازی بکات،

٣٤ جیاوازی هەیە نێوان ژنی بێ مێرد و پاکیزە: چونکە پاکیزە گرنگی بە کاروباری پەروەردگار دەدات، تاکو لەش و ڕووحی پارسا بێت. بەڵام شووکردوو بایەخ بە کاروباری جیهان دەدات، چۆن مێردەکەی ڕازی بکات.

٣٥ ئەمە بۆ چاکەتان دەڵێم، نەك تووشی کۆتێکتان بکەم، بەڵکو بۆ ڕێز و تەرخانکراوییە بۆ پەروەردگار، بێ پەشێوی.

٣٦ بەڵام ئەگەر یەکێك بیر دەکاتەوە کە نەشیاوی دەکات لەگەڵ پاکیزەکەی و ئەگەر کاتی بەسەرچوو بێت، پێویست بوو ئاواش بێت، چۆنی حەز لێیە با بیکات و گوناه ناکات، با ببنە هاوسەر.

٣٧ بەڵام ئەوەی لە دڵەوە بڕیاری دابێت و ناچار نەبێت، بەڵکو دەسەڵاتی لەسەر خواستی خۆی هەبێت، ئەو بڕیارەش کە لە دڵەوە داویەتی بۆ هێشتنەوەی پاکیزەکەی خۆی، ئەوا چاك دەکات.

٣٨ کەواتە، ئەوەی پاکیزەکەی بە مێرد دەدات، چاك دەکات، ئەوەش کە بە مێرد نادات، چاکتر دەکات.

٣٩ ژن بەستراوەیە تاکو مێردەکەی زیندووە. بەڵام ئەگەر مێردەکەی مرد، ئەوا ئازادە ئەوەی بیەوێ شووی پێ بکاتەوە، تەنها لە پەروەردگار.

٤٠بەڵام بە بۆچوونی من، بەختەوەرترە ئەگەر ئاوا بمێنێتەوە وا بزانم منیش ڕووحی خودام هەیە.

یەکەم قۆرنتێ 8

١ سەبارەت بە قوربانیی بتەکان: دەزانین کە هەموومان زانیاریمان هەیە. زانین لووتبەرز دەکات، بەڵام خۆشویستن بنیاد دەنێت.

٢ ئەگەر یەکێك وایزانی شتێك دەزانێت، ئەوا هێشتا نازانێ وەك پێویستە بزانێت!

٣ بەڵام ئەگەر یەکێك خودای خۆشبووێ، ئەوا لەلای ناسراوە.

٤جا سەبارەت بە خواردنی قوربانیی بتەکان: دەزانین بت لە جیهاندا نییە و هیچ خوداوەندیەك نییە جگە لە یەکێک.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ چونکە ئەگەر هەندێك هەبن پێیان بووترێت خوداوەند، ئەگەر لە ئاسمان بێت یان لەسەر زەوی، وەك زۆر خوداوەند و زۆر پەروەردگار هەیە

٦ بەڵام ئێمە تەنها یەك خوداوەندمان هەیە: باوک، کە هەموو شتێك لەوەوەیە و ئێمەش بۆ ئەوین. تەنها یەك پەروەردگاریش هەیە: ئیشۆعی مەسیح، کە هەموو شتێك بە ئەوە و ئێمەش بە ئەوین.

٧ بەڵام هەموو خەڵك ئەمە نازانن. چونکە هەندێکیان تا ئێستا خوویان بە بت گرتووە و ئەوەی دەیخۆن وەك بڵێی قوربانیی بتە، جا ویژدانیان کە لاوازە گڵاو دەبێت.

٨ بەڵام خواردن لە خودا نزیکمان ناکاتەوە، چونکە ئەگەر نەیخۆین کەم ناکەین و ئەگەر خواردیشمان زیاد ناکەین.

٩ بەڵام وریابن سەربەستیتان نەبێتە کۆسپ بۆ لاوازەکان.

١٠ چونکە ئەی خاوەن زانیاری، ئەگەر یەکێك تۆی بینی لە پەرستگای بت دەخۆیت، ئایا ویژدانەکەی کە لاوازە هانادرێت تاکو لە قوربانی بتەکان بخوات؟

١١ جا بەهۆی زانینت ئەو برایەی لاوازە، کە مەسیح لە پێناوی مرد، لەناودەچێت.

١٢ئاواش گوناه لە دژی برایان دەکەن و ویژدانی لاوازیان بریندار دەکەن، گوناه لە دژی مەسیح دەکەن.

١٣ بۆیە، ئەگەر خۆراك ساتمە بە براکەم بکات، ئەوا تاهەتایە گۆشت ناخۆم، نەوەك ساتمە بە براکەم بکەم.

یەکەم قۆرنتێ 9

١ ئایا پەیامبەر نیم؟ ئایا سەربەست نیم؟ ئایا ئیشۆعی پەروەردگارمانم نەبینیوە؟ ئایا ئێوە ئەنجامی کاری من نین لە پەروەردگاردا؟

٢ ئەگەر بۆ خەڵك پەیامبەر نەبم، بۆ ئێوە پەیامبەرم! چونکە ئێوە لە پەروەردگاردا مۆری پەیامبەریەتیی منن.

٣ بۆ ئەوانەی لێم دەکۆڵنەوە ئەمەیە بەرگریم:

٤ ئایا دەسەڵاتی خواردن و خواردنەوەمان نییە؟

٥ ئایا مافمان نییە خوشکێك بکەینە هاوسەرمان، وەك پەیامبەرانی دیکە و برایانی پەروەردگار و کیپە؟

٦ یاخود تەنها من و بەرنڤا ئەو مافەمان نییە، دەبێت هەر ئیش بکەین؟

٧ کێ هەبووە بە خەرجی خۆی سەربازی کردبێت؟ کێ ڕەزێك دەچێنێت و لە بەروبوومەکەی ناخوات؟ یان کێ شوانایەتی مێگەلێك دەکات و لە شیرەکەی ناخوات؟

٨ ئەم قسانە وەك مرۆڤ دەکەم؟ ئایا تەوراتیش ئەمانە ناڵێت؟

٩ چونکە لە تەوراتی مووشێ نووسراوە: *{لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە}*. ئایا خودا بایەخ بە گا دەدات؟

١٠ ئایا بە تەواوی لە پێناوماندا نەیووتووە؟ بەڵێ، لە پێناوی ئێمەدا نووسراوە، چونکە ئەوەی دەکێڵێت پێویستە بە هیواوە بکێڵێت، ئەوەی گێرە دەکات بە هیوای بەشداربوونە.

١١ ئەگەر ئێمە شتی ڕووحیمان بۆتان چاندووە، ئایا زۆرە ئەگەر شتی ماددی لە ئێوە بدروینەوە؟

١٢ ئەگەر خەڵکی دیکە مافی پشتگیرییان لەسەرتانە، ئایا ئێمە لەپێشتر نین؟ بەڵام ئێمە ئەم مافەمان بەکارنەهێنا، بەڵکو بەرگەی هەموو شتێك دەگرین، نەوەك کۆسپ دابنێین بۆ ئینجیلی مەسیح.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ئایا نازانن ئەوانەی ڕاژەی پەرستگا دەکەن لە شتەکانی پەرستگا دەخۆن، ئەوانەی ڕاژەی قوربانگاش دەکەن لە قوربانگادا بەشدارن؟

١٤ ئاواش پەروەردگار فەرمانی داوە: ئەوانەی ئینجیل ڕادەگەیێنن گوزەرانیان لە ئینجیلە.

١٥ بەڵام من شتێکم لەمە بەکارنەهێناوە. ئەمانەش نانووسم، تاکو بۆ من ئاوا بێت، چونکە مەرگم باشترە لەوەی یەکێك شانازیم پووچەڵ بکاتەوە.

١٦چونکە ئەگەر موژدە بدەم شانازیم نییە، چونکە پێویستە و خراوەتە ئەستۆم. وەی بەحاڵم ئەگەر موژدە نەدەم!

١٧ چونکە ئەگەر خۆبەخش ئەوە بکەم، ئەوا پاداشت دەکرێم. بەڵام ئەگەر بە ناچاری بێت، ئەوا متمانەی بریکاریەتیم دراوەتێ.

١٨ ئیتر پاداشتم چییە؟ ئەوەیە کاتێ موژدە دەدەم، بەخۆڕایی موژدەی ئینجیلتان پێ دەبەخشم، تەنانەت لە ئینجیلدا مافی خۆم بەکارنەهێنا.

١٩کە سەبارەت بە هەمووان سەربەستم، خۆم کردە کۆیلەی هەمووان تاکو زیاتریان ببەمەوە.

٢٠ بۆ جوو خۆم وەك جوو لێکرد، تاکو جوو ببەمەوە. بۆ ئەوانەی لە ژێر تەوراتن وەك لە ژێر تەورات، تاکو ئەوانەی لە ژێر تەوراتن بیانبەمەوە.

٢١ بۆ ئەوانەی بێ تەوراتن، وەك بێ تەروات بم هەرچەندە بێ تەوراتی خودا نیم، بەڵکو لە ژێر یاسای مەسیحدام تاکو ئەوانەی بێ تەوراتن بیانبەمەوە.

٢٢ بۆ لاوازان بوومە لاواز، تاکو لاوازەکان ببەمەوە. بۆ هەمووان بوومە هەموو شتێک، تاکو بە هەر شێوەیەك هەندێك ڕزگار بکەم.

٢٣ هەموو ئەمانە لە پێناوی ئینجیلدا دەکەم، تاکو تیایدا بەشداربم.

٢٤ ئایا نازانن هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپان ڕادەکەن، هەموو ڕادەکەن، بەڵام تەنها یەکێك خەڵات دەکرێت؟ کەواتە ڕابکەن تاکو بە دەستی بهێنن.

٢٥ هەر یەکێك ململانێ بکات لە هەموو شتێك خۆ ڕادەگرێت. ئەوانە تاکو تاجێکی لەناوچوو بەدەست بهێنن، بەڵام هی ئێمە لەناو نەچووە.

٢٦ کەواتە ڕادەکەم نەك وەك یەکێك ئامانجی نەبێت، بۆکسێن دەکەم نەك وەك لە هەوا بدەم.

٢٧ بەڵکو لەگەڵ لەشم توند دەبم و دەیکەمە کۆیلە، نەوەك دوای ئەوەی بۆ خەڵکی دیکە موژدەم داوە، خۆم ڕەت بکرێمەوە.

یەکەم قۆرنتێ 10

١ برایان، نامەوێ نەزانن کەوا باوباپیرانمان هەموو لە ژێر هەوردا بوون و هەمووشیان دەریایان بڕی.

٢ جا هەموویان لە هەور و لە دەریادا بۆ مووشێ عەمادکران،

٣ هەمووشیان هەمان خواردنی ڕووحییانەیان خوارد.

٤ هەموویان هەمان خواردنەوەی ڕووحییانەیان خواردەوە، چونکە لەو تاشەبەردە ڕووحییەیان دەخواردەوە کە دوایان کەوتبوو، ئەو تاشەبەردەش مەسیح بوو.

٥ بەڵام خودا لە زۆربەیان ڕازی نەبوو، ئەوەبوو تەرمەکانیان لە بیابان پەرشوبڵاو بووەوە.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ئەم شتانەی ڕوویدا پەندن بۆمان، تاکو ئارەزووی خراپە نەکەین، وەك ئەوان ئارەزوویان کرد.

٧ بتپەرست مەبن وەك هەندێکیان، وەکو نووسراوە: *{گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان بۆ ڕابواردن هەستانەوە}*.

٨ با داوێنپیسی نەکەین وەك هەندێکیان داوێنپیسییان کرد و لە ڕۆژێکدا بیست و سێ هەزاریان کەوت.

٩ با مەسیح تاقی نەکەینەوە، وەك هەندێکیان تاقییان کردەوە و مار لەناوی بردن.

١٠ بۆڵەبۆڵ مەکەن وەك هەندێکیان بۆڵەبۆڵیان کرد و لەناوبەر لەناوییبردن.

١١ جا ئەم شتانەیان وەك پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە پایانی ڕۆژگار بۆمان هاتووە.

١٢ کەواتە ئەوەی وادەزانێت ڕاوەستاوە، با وریابێت نەکەوێت.

١٣ تاقیکردنەوەتان تووش نەبووە مرۆڤانە نەبێت، بەڵام خودا سەڕراستە، کە نایەڵێت زیاتر لە توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوە دەربازبوونتان بۆ دادەنێت، تاکو بتوانن بەرگە بگرن.

١٤ بۆیە خۆشەویستانم، لە بتپەرستی هەڵبێن.

١٥ وەك بۆ دانایان بێت دەدوێم: ئێوە حوکم بدەن لەوەی دەیڵێم:

١٦ ئایا ئەو جامەی دارشتەی لە پێناوی دارشتی خودا دەکەین، بەشداری نییە لە خوێنی مەسیح؟ ئەو نانەی لەتیدەکەین، بەشداری نییە لە لەشی مەسیح؟

١٧ لەبەر ئەوەی یەك نان هەیە، ئێمە کە زۆرین، یەك لەشین، چونکە هەموومان بەشداری لە یەك ناندا دەکەین.

١٨ بڕوانە ئیسرائیل کە بەگوێرەی جەستەیە: ئایا ئەوانەی قوربانی دەخۆن لە قوربانگادا هاوبەش نین؟

١٩ جا چی دەڵێم؟ ئایا ئەوەی بۆ بت سەربڕاوە شتێکە، یان بتەکە شتێکە؟

٢٠ نەخێر بەڵکو ئەوەی نەوەکان سەری دەبڕن، بۆ شەیتانەکان سەری دەبڕن، نەك بۆ خودا. جا نامەوێت لەگەڵ شەیتانەکان هاوبەش بن.

٢١ ناتوانن جامی پەروەردگار و جامی شەیتانەکان بخۆنەوە. ناتوانن بەشداری خوانی پەروەردگار و خوانی شەیتانەکان بکەن.

٢٢ یاخود ئێرەیی پەروەردگار هەڵدەستێنین؟ ئایا ئێمە لەو بەهێزترین؟

٢٣ ئێوە دەڵێن: "هەموو شتێك دروستە"، بەڵام هەموو شتێك سوودبەخش نییە. "هەموو شتێك دروستە"، بەڵام هەموو شتێك بنیادنەر نییە.

٢٤ کەس داوای بەرژەوەندی خۆی نەکات، بەڵکو شتی خەڵک.

٢٥ ئەو گۆشتەی لە بازاڕ دەفرۆشرێت بیخۆن، ئەوەندە لێی مەکۆڵنەوە، بەبێ لێپرسینەوەی ویژدان.

٢٦ چونکە *{زەوی و هەرچی تێدایە هی پەروەردگارە}*.

٢٧ئەگەر بێباوەڕێك داوەتتان بکات و ئێوەش ویستتان بڕۆن، جا هەرچییەکتان لەپێش دانرا بیخۆن، بێ لێکۆڵینەوە، لەبەر ویژدان.

٢٨ بەڵام ئەگەر یەکێك پێی وتن: "ئەمە کراوەتە قوربانیی بت" مەیخۆن، لەبەر ئەوەی پێی وتن و لەبەر ویژدان، چونکە *{زەوی و هەرچی تێدایە هی پەروەردگارە}*.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ دەڵێم ‘‘ویژدان’’، هی تۆ نا، بەڵکو هی ئەوی دیکە. جا بۆچی سەربەستیم لەلایەن ویژدانێکی دیکەوە حوکم بدرێت؟

٣٠ ئەگەر بە سوپاسکردنەوە بخۆم، ئیتر بۆچی تاوانبار دەکرێم لەسەر ئەوەی سوپاسی خودای لەسەر دەکەم؟

٣١ بۆیە ئەگەر خواردتان یان خواردتانەوە یان هەر شتێکتان کرد، هەموو شتێك بۆ شکۆی خودا بکەن.

٣٢ بۆ جوو و یۆنانی و وارگەی خودا مەبنە کۆسپ

٣٣ وەك منیش لە هەموو شتێك هەمووان ڕازی دەکەم، بەدوای بەرژەوەندی خۆمدا ناگەڕێم، بەڵکو هی زۆر کەس، تاکو ڕزگاریان ببێت.

یەکەم قۆرنتێ 11

١ لاسایی من بکەنەوە وەك منیش هی مەسیح.

٢ جا ستایشتان دەکەم کە لە هەموو شتێکدا یادم دەکەن و ئەو ئامۆژگارییەکان دەپارێزن وەك ڕادەستم کردوون.

٣ بەڵام دەمەوێت بزانن کە سەری هەموو پیاوێك مەسیحە و سەری ژن پیاوە و سەری مەسیحیش خودایە.

٤ هەر پیاوێك بەسەری داپۆشراو نوێژ یان پێشبینی بکات، ئەوا سەری خۆی شۆڕ دەکات.

٥ هەر ژنێکیش بەسەر دانەپۆشراوی نوێژ یان پێشبینی بکات، ئەوا سەری خۆی شۆڕ دەکات، چونکە ئەو و سەرتاشراو هەمان شتن و یەکن.

٦ چونکە ئەگەر ژن سەری دانەپۆشێت، با قژی ببڕێت، بەڵام ئەگەر بۆ ژن شورەیی بوو قژی ببڕێت یاخود بتاشێت، با داپۆشراو بێت.

٧ کەواتە پیاو نابێت سەری داپۆشێت، کە وێنە و شکۆی خودایە. بەڵام ژن شکۆی پیاوە.

٨ چونکە پیاو لە ژن نەهاتووە، بەڵکو ژن لە پیاوە.

٩ پیاویش لە پێناوی ژن ئافریدە نەبووە، بەڵکو ژن لە پێناوی پیاو.

١٠ لەبەرئەمە و لەبەر فریشتەکان، پێویستە ژن نیشانەی دەسەڵاتی بەسەر سەریەوە هەبێت.

١١ لەگەڵ ئەوەشدا لە پەروەردگاردا ژن سەبارەت بە پیاو سەربەخۆ نییە و پیاویش سەبارەت بە ژن سەربەخۆ نییە.

١٢ چونکە وەك ژن لە پیاوە، ئاواش پیاو بەهۆی ژن لەدایك دەبێت، بەڵام هەموو شتێك لە خوداوەیە.

١٣ بە خۆتان حوکم بدەن: ئایا شیاوە ژن بەسەر دانەپۆشراوی نوێژ بۆ خودا بکات؟

١٤ یان سروشت خۆی فێرتان ناکات کەوا شەرمەزارییە بۆ پیاو قژی درێژ بکات،

١٥ بەڵام بۆ ژن شکۆمەندییە ئەگەر قژی درێژ بکات؟ چونکە لە جیاتی پۆشەر قژی دراوەتێ.

١٦ بەڵام ئەگەر یەکێك حەزی لە ناکۆکییە، ئێمە نەریتی دیکەمان نییە و وارگەکانی خوداش نییانە.

١٧ بەم ڕاسپاردەیە ستایشتان ناکەم، چونکە کۆبوونەوەکانتان زیانی لە سوود زیاترە.

١٨چونکە یەکەمجار، کاتێ لە وارگەدا کۆدەبنەوە، دەبیستم دووبەرەکی لەنێوانتاندا هەیە و تا ڕادەیەکیش باوەڕ دەکەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ چونکە دەبێت دووبەرەکیتان لەنێواندا هەبێت، تاکو لەنێوانتاندا سەلمێندراوانی خودا دەربکەون.

٢٠ بۆیە کاتێ کۆدەبنەوە، بۆ خواردنی شێوی پەروەردگار نییە.٢١ چونکە هەریەکە زوو شێوی خۆی لە خواردندا دەبات، جا یەکێك برسی دەبێت، ئەوی دیکە سەرخۆش دەبێت.

٢٢ ماڵتان نییە تیایدا بخۆن و بخۆنەوە؟ یاخود وارگەی خودا سووك دەکەن و ئەوانە شەرمەزار دەکەن کە نییانە؟ چیتان پێ بڵێم؟ ئایا لەسەر ئەمە ستایشتان بکەم؟ بێگومان نەخێر!

٢٣ چونکە ئەوەی بە ئێوەم دا لە پەروەردگارم وەرگرتووە: ئیشۆعی پەروەردگار لەو شەوەی تیایدا ڕادەست کرا، نانێکی هەڵگرت،

٢٤ سوپاسی کرد و لەتیکرد، فەرمووی: "بگرن بخۆن ئەمە لەشی منە کە لە پێناوی ئێوە شکاوە. ئەمە بکەن بۆ یادەوەریم".

٢٥ هەروەها جامەکەش دوای نانخواردن، فەرمووی: "ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من. هەر جارێك دەیخۆنەوە، ئەمە بکەن بۆ یادەوەریم".

٢٦ جا هەر کاتێ لەم نانەتان خواردەوە، ئەوا مردنی پەروەردگار ڕادەگەیێنن، تاکو دێتەوە.

٢٧ کەواتە ئەوەی بە شێوازێکی ناشایستە نانەکە بخوات یان جامی پەروەردگار بخواتەوە، ئەوا لە لەش و خوێنی پەروەردگار تاوانبارە.

٢٨ بەڵام با مرۆڤ خۆی بکۆڵێتەوە، ئینجا لە نانەکە بخوات و لە جامەکە بخواتەوە.

٢٩چونکە ئەوەی بخوات و بخواتەوە، بێ ئەوەی ڕێز لە لەشی مەسیح بگرێت، ئەوا بۆ خۆی حوکم دەخوات و دەخواتەوە.

٣٠ لەبەر ئەمەیە زۆر نەخۆش و لاوازتان تێدایە، زۆریش نووستوون.

٣١ چونکە ئەگەر خۆمان حوکم بدایە، ئەوا حوکم نەدەدراین.

٣٢ بەڵام کە پەروەردگار حوکممان بدات، ئەوا تەمبێ دەکرێین، تاکو لەگەڵ جیهاندا تاوانبار نەکرێین.

٣٣ کەواتە برایانم، کاتێ بۆ خواردن کۆدەبنەوە، چاوەڕێی یەکتری بکەن.

٣٤ ئەگەر یەکێك برسی بوو با لە ماڵەوە بخوات، نەوەك بۆ حوکمدان کۆببنەوە. کاتێ هاتم، شتەکانی دیکەش ڕێك دەخەمەوە.

یەکەم قۆرنتێ 12

١ برایان، سەبارەت بە بەهرە ڕووحییەکان، نامەوێت نەزانن.

٢ ئێوە دەزانن کاتێ بتپەرست بوون، بەرەو بتە لاڵەکان ڕابەرایەتی کران و دەهاژووران.

٣ بۆیە بزانن کە کەس نییە بە ڕووحی خودا بدوێت و بڵێت: "ئیشۆع ئەناتیما"، کەسیش ناتوانێت بڵێت: "ئیشۆع پەروەردگارە"، بە ڕووحی پارسا نەبێت.

٤ جۆرەها بەهرە هەیە، بەڵام ڕووح یەکە،

٥ جۆرەها ڕاژە هەیە، بەڵام پەروەردگار یەکە،

٦ جۆرەها کار هەیە، بەڵام خودا یەکە، ئەوەی هەموو کارێك لە هەموواندا دەکات.

٧ بەڵام دەرکەوتنی بەهرەی ڕووح بۆ هەر یەکێك لە پێناوی سوودمەندی دەدرێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ جا یەکێك بەهۆی ڕووح قسەی دانایی پێ دەدرێت، بۆ یەکێکی دیکەش قسەی زانین بەگوێرەی هەمان ڕووح.

٩ بۆ یەکێکی دیکەش باوەڕ بە هەمان ڕووح، بۆ یەکێکی دیکە بەهرەی چاککردنەوە بە هەمان ڕووح،

١٠ یەکێکی دیکەش کاری پەرجو، بۆ ئەوی دیکە پێشبینی، بۆ ئەوی دیکە جیاکردنەوەی ڕووحەکان، بۆ ئەوی دیکە جۆرەها زمان، بۆ یەکێکی دیکەش وەرگێڕانی زمانەکان.

١١ بەڵام ئەمانە هەمووی کاری یەك ڕووح و هەمان ڕووحە، بۆ هەر یەکێك بە تایبەت دابەشی دەکات، چۆن بیەوێت.

١٢ چونکە وەك لەش یەکە و ئەندامی زۆری هەیە، هەموو ئەندامانی لەش لەگەڵ زۆرییان یەك لەشن، مەسیحیش ئاوا.

١٣ چونکە هەموومان بە یەك ڕووح بۆ یەك لەش عەمادکراین، جوو یان یۆنانی، کۆیلە یان ئازاد، هەموومان یەك ڕووحمان پێدرا بیخۆینەوە.

١٤ چونکە لەشەکە یەك ئەندام نییە بەڵکو زۆرە.

١٥ئەگەر پێ بڵێت: "چونکە دەست نیم، هی لەش نیم". ئایا ئیتر هی لەش نامێنێت؟

١٦ ئەگەر گوێ بڵێت: "چونکە چاو نیم، هی لەش نیم". ئایا ئیتر هی لەش نامێنێت؟

١٧ ئەگەر هەموو لەش چاو بووایە، ئەی کوا بیستن؟ ئەگەر هەمووی بیستن بووایە، ئەی کوا بۆنکردن؟

١٨ بەڵام ئێستا خودا ئەندامانی دانا، هەر یەکێك لە لەشدا، وەك ویستی.

١٩ بەڵام ئەگەر هەموو یەك ئەندام بووایە، کوا لەش؟

٢٠ جا ئێستا ئەندام زۆرن، بەڵام لەش یەکە.

٢١ چاو ناتوانێت بە دەست بڵێت: "پێویستیم پێت نییە!". یان سەر بە پێیەکان بڵێت: "پێویستیم پێتان نییە!".

٢٢ بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو ئەندامەی لەش کە لاوازتر دیارە ئەوا پێویستە،

٢٣ ئەو ئەندامەی لەش کە وادەزانین ڕێزی کەمترە، زیاتر ڕێزی بۆ دادەنێین. ئەو ئەندامەی مایەی ناشرینەکەش جوانیەکی باشتری هەیە،

٢٤ بەڵام ئەو جوانەکە پێویستییان بەوە نییە. بەڵام خوداش لەشی ڕێکخستووە، ڕێزی زیاتری داوەتە ئەندامی بێ ڕێز،

٢٥ تاکو دووبەرەکی لە لەشدا نەبێت، بەڵکو ئەندامەکان یەك بایەخ بە یەکتری بدەن.

٢٦ ئەگەر ئەندامێك ئازاری هەبوو، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا ئازار دەچێژن، ئەگەر ئەندامێك ڕێزی لێنرا، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا خۆشحاڵ دەبن.

٢٧ ئێوە لەشی مەسیحن، هەریەکەتان ئەندامی ئەون.

٢٨ خودا لە وارگەدا خەڵکێکی دانا: یەکەم پەیامبەران، دووەم پێغەمبەران، سێیەم فێرکاران، ئینجا پەرجوکاری، دوای ئەوە بەهرەکانی چاککردنەوە و توانای یارمەتیدان و بەڕێوەبردن و جۆرەها زمان.

٢٩ ئایا هەموو پەیامبەرن؟ هەموو پێغەمبەرن؟ هەموو فێرکارن؟ هەموو پەرجوکارن؟

٣٠ هەموو بەهرەی چاککردنەوەیان هەیە؟ هەموو بە زمانەکان دەدووێن؟ هەموو وەردەگێڕن؟

٣١ بەڵام تامەزرۆی بەهرەی باشتر بن. ئێستاش ڕێگایەکی باشترینتان پیشان دەدەم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم قۆرنتێ 13

١ ئەگەر بە زمانەکانی خەڵك و فریشتە بدوێم، بەڵام خۆشویستنم نەبێت، ئەوا بوومەتە مسێکی بە زرینگە و زنجارێکی بە زیرەزیر.

٢ ئەگەر پێشبینی بکەم و هەموو نهێنی و زانینێك بزانم و باوەڕێکی تەواویشم هەبێت بۆ گواستنەوەی چیا، بەڵام خۆشویستنم نەبێت، ئەوا هیچ نیم.

٣ ئەگەر هەموو سامانم دەرخوارد بدەم و تا سووتان لەشم دابنێم، بەڵام خۆشویستنم نەبێت، ئەوا هیچ کەڵکێکم نابێت.

٤ خۆشویستن پشوودرێژییە و نیانییە. خۆشویستن ئیرەیی نییە، خۆشویستن شانازی نییە و لووتبەرزی نییە.

٥ بەدڕەوشتیی نییە، بۆ خۆی داوا ناکات، تووڕە نابێت و بیری خراپ ناکات.

٦ بە بەدکاری دڵشاد نابێت، بەڵکو بە ڕەوا دڵشاد دەبێت.

٧ بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت، بڕوا بە هەموو شتێك دەکات، هیوا بە هەموو شتێك دەخوازێت، بۆ هەموو شتێك ئارام دەگرێت.

٨ خۆشویستن هەرگیز ناکەوێت. بەڵام پێشبینی پووچەڵ دەبنەوە و زمانەکان پایانیان دێت، زانستیش پووچەڵ دەبێتەوە.

٩ چونکە هەندێك زانست دەزانین و هەندێك پێشبینیش،

١٠بەڵام کاتێ تەواوەکە دێت، ئەو هەندە ناتەواوە نامێنێت.

١١ کە منداڵ بووم، وەك منداڵێك قسەم دەکرد، وەك منداڵێك بیرم دەکردەوە، وەك منداڵێك لێکم دەدایەوە. بەڵام کە بوومە پیاو، ئەوەی هی منداڵ بوو وازم لێ هێنا.

١٢ جا ئێستا لە تەمدا تەماشای ئاوێنە دەکەین، بەڵام دوایی ڕووبەڕووە. ئێستا هەندێك زانین دەزانم، بەڵام دوایی تەواو دەزانم، هەروەك تەواو ناسراوم.

١٣ بەڵام ئێستا ئەم سێیانە دەمێنێن، باوەڕ و هیوا و خۆشویستن، بەڵام مەزنترینیان خۆشویستنە.

یەکەم قۆرنتێ 14

١ بەدوای خۆشویستن بکەون، بەڵام تامەزرۆی بەهرە ڕووحییەکان بن، بە تایبەتی پێشبینی.

٢چونکە ئەوەی بە زمان دەدوێت، قسە بۆ خەڵك ناکات، بەڵکو بۆ خودا، کەس لێی تێناگات، چونکە بە ڕووح باسی نهێنی دەکات.

٣ بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکات، ئەوە بۆ بنیادنان و ئامۆژگاری و دڵنەوایی خەڵك دەدوێت.

٤ ئەوەی بە زمان دەدوێت، خۆی بنیاد دەنێت، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکات، ئەوا وارگە بنیاد دەنێت.

٥ دەمەوێ هەمووتان بە زمانەکان بدوێن، بەڵام باشترە پێشبینی بکەن. چونکە ئەوەی پێشبینی دەکات مەزنترە لەوەی بە زمانەکان دەدوێت، مەگەر وەریبگێڕێت، تاکو وارگە بنیادنانی دەست بکەوێت.

٦ ئێستاش برایان، ئەگەر هاتمە لاتان و بە زمانەکان دووام، چ کەڵکێکم بۆتان دەبێت، مەگەر بە ئاشکراکردن نەبێت بە زانینێك یان بە پێشبینییەك یان بە فێرکردنێك بۆتان بدوێم؟

٧ تەنانەت ئەو شتە بێ ڕووحانەی دەنگ دەردەکەن: شمشاڵ یان تەمیرە، ئەگەر ئاوازی جیاواز نەدات، چۆن بزانرێت ئەوەی دەژەنرێت شمشاڵە یان تەمیرەیە؟

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ئەگەر کەڕەنا دەنگێکی ڕوون نەدات، کێ بۆ جەنگ خۆی ئامادە دەکات؟

٩ ئێوەش ئاوا، ئەگەر بە زمان قسەیەکی ڕوون نەدەن، ئەوەی وتراوە چۆن بزانرێت؟ چونکە هەر لە بادا دەدووێن!

١٠ هەڵبەت لە جیهاندا جۆرەها زمان هەیە و هیچیان بێ واتا نییە.

١١ بۆیە ئەگەر لە واتای زمانێك نەزانم، لای قسەکەر دەبمە بیانی، قسەکەریش بیانیە لای من،

١٢ ئێوەش ئاوا. جا لەبەر ئەوەی بۆ بەهرەی ڕووحی پەرۆشن، داوا بکەن بۆ بنیادنانی وارگە لێی زیاد بکەن.

١٣ بۆیە ئەوەی بە زمان دەدوێت، با نوێژ بکات تاکو وەریبگێڕێت.

١٤ چونکە ئەگەر بە زمانێك نوێژ بکەم، ئەوا ڕووحم نوێژ دەکات، بەڵام هزرم بێ بەروبوومە.

١٥ کەواتە چییە؟ بە ڕووح نوێژ دەکەم، هەروەها بە هزریشم نوێژ دەکەم. بە ڕووح پەسنی دەڵێم، هەروەها بە هزریشم پەسنی دەڵێم.

١٦ئەگینا، ئەگەر بە ڕووح داڕشت بکەیت، چۆن یەکێکی دەرەوە بە سوپاسکردنەکەت بڵێت "ئامین" چونکە نازانێت تۆ چی دەڵێی!

١٧ سوپاسکردنەکەت باشە، بەڵام ئەوەی دیکە بنیاد نانرێت.

١٨سوپاسی خودا دەکەم، لە هەمووتان زیاتر بە زمانەکان دەدوێم،

١٩ بەڵام لە وارگەدا، پێنج وشەم لە هزردایە بیڵێم، تاکو خەڵکیش فێر بکەم، باشترە لە دە هەزار وشەی بە زمانێک.

٢٠ برایان، لە بیرکردنەوەدا منداڵ مەبن. لە خراپەدا وەك منداڵ بن، بەڵام لە بیرکردنەوەدا پێگەیشتوو بن.

٢١لە تەوراتدا نووسراوە: *{پەروەردگار دەفەرمووێ، بە زمانی بێگانەکان و بە لێوی نامۆکان قسە لەگەڵ ئەم گەلە دەکەم، لەگەڵ ئەوەش گوێم لێ ناگرن}* .

٢٢کەواتە زمانەکان پەرجوون، نەك بۆ باوەڕداران، بەڵکو بۆ بێباوەڕان، بەڵام پێشبینی بۆ بێباوەڕان نییە، بەڵکو بۆ باوەڕدارانە.

٢٣ بۆیە ئەگەر هەموو وارگە لە یەك شوێن کۆبوونەوە و هەموو بە زمانەکان بدوێن، هەر نەزانێك یان بێباوەڕێك بێتە ژوورەوە، ئایا ناڵێت کە ئێوە وڕێنە دەکەن؟

٢٤ بەڵام ئەگەر هەموو پێشبینی بکەن و یەکێکی بێباوەڕ یاخود نەزان بێتە ژوورەوە، لە ئامادەگی هەمووانەوە ویژدانی سەرزەنشتی دەکات، لەلایەن هەمووانەوە حوکم دەدرێت،

٢٥ بەمشێوە نهێنییەکانی دڵی ئاشکرا دەبێت، بەسەر ڕوویدا دەکەوێت و کڕنۆش بۆخودا دەبات، ڕادەگەیەنی: بە ڕەوا خودا لەنێوتاندایە!

٢٦ جا چییە برایان؟ کاتێ کۆدەبنەوە هەر یەکێك پەسنێکی هەیە، یان فێرکردنێك یان ئاشکراکردنێکی زمانێك یان وەرگێڕانێک. با هەموو شتێك بۆ بنیادنان بێت.

٢٧ ئەگەر کەسێك بە زمانێك بدوێت، با دووان یان ئەوپەڕی سێ کەس بێت و لەدوای یەك بدوێن، یەکێکیش وەریبگێڕێت.

٢٨ بەڵام ئەگەر وەرگێڕ نەبوو، با لە وارگە بێدەنگ بێت، بۆ خۆی و بۆ خودا بدوێت.

٢٩ بەڵام ئەوانەی پێشبینی دەگەن با دوو یان سێ کەس بدوێن، ئەوانی دیکەش هەڵدەسەنگێنن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٠ بەڵام ئەگەر پەیامێك بۆ یەكێك لە دانیشتووان ڕاگەیەنرا، با یەكەمیان بێدەنگ بێت.

٣١ چونكە هەمووتان دەتوانن یەك بە یەك پێشبینی بكەن، تاكو هەمووان فێربن و هەمووان دڵنەوایی بكرێن.

٣٢ ڕووحی پێغەمبەران بۆ پێغەمبەران ملكەچە،

٣٣ چونكە خودا خودای شێواندن نییە، بەڵكو خودای ئاشتییە. وەك لە هەموو وارگەكانی پارساكانە،

٣٤ با ژنەكانتان لە وارگەكاندا بێدەنگ بن، چونكە ڕێیان پێ نەدراوە بدوێن، بەڵكو وەك تەوراتیش دەفەرمووێ با ملكەچ بن.

٣٥ بەڵام ئەگەر ویستیان شتێك فێربن، با لە ماڵەوە لە مێردەكانیان بپرسن. چونكە شورەییە بۆ ژن لە وارگەدا بدوێت.

٣٦ ئایا وشەی خودا لە ئێوەوە هاتووە؟ یان تەنها گەیشتۆتە ئێوە؟

٣٧ ئەگەر یەكێك خۆی بە پێشبین یان كەسێكی ڕووحی بزانێت، با بزانێت ئەوەی بۆتانی دەنووسم ڕاسپاردەی پەروەردگارە.

٣٨ بەڵام ئەگەر یەكێك نەزان بێت، با هەر نەزانێت!

٣٩كەواتە برایان، تێبكۆشن بۆ پێشبینی و ڕێگری مەكەن لە دووان بە زمانەكان.

٤٠ با هەموو شتێك بە دروستی و ڕێك بێت.

یەكەم قۆرنتێ 15

١ برایان، ئینجیلتان بیر دەخەمەوە كە موژدەكەم پێ بەخشین، ئەوەی پەسەندتان كرد و تا ئێستا پەیڕەوی دەكەن و،

٢ پێی ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر ئەو پەیامەتان لەیاد بوو كە پێم ڕاگەیاندن. ئەگینا بەخۆڕایی باوەڕتان هێناوە!

٣ چونكە ئەوەم ڕادەست كردن كە منیش وەرمگرتبوو: كەوا مەسیح لە پێناوی گوناهەكانمان مرد بەگوێرەی سیپارەكان و

٤ نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەستایەوە بەگوێرەی سیپارەكان،

٥ ئینجا بۆ كیپە و دوایی بۆ دوازدەكە دەركەوت.

٦ پاش ئەوە بە یەك جار بۆ زیاتر لە پێنج سەد برا دەركەوت، زۆربەیان تا ئێستا ماون، بەڵام هەندێكیان نووستن،

٧ دوای ئەوە بۆ یاقوو دەركەوت، ئینجا بۆ هەموو پەیامبەران،

٨ پاش هەمووان بۆ منیش دەركەوت، من وەك منداڵێكی لە كاتی نائاسایی لەدایكبوو بووم.

٩ چونكە من بچووكترینی پەیامبەرانم، كەوا شایانی ئەوە نیم بە پەیامبەر ناوببردرێم، چونكە من وارگەی خودام چەوساندەوە.

١٠ بەڵام بە بەخششی خودا من ئێستا وام، هەروەها بەخششی ئەو بۆ من بێ سوود نەبوو، بەڵكو من لە هەموویان ماندووتر بووم، بەڵام من نا، بەڵكو بەخششی خودا بوو كە لەگەڵمدایە.

١١ ئیتر من بم یاخود ئەوان، ئاوا بانگەواز دەكەین و ئاواش باوەڕتان هێنا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ بەڵام ئەگەر بانگەواز دەکرێت کە مەسیح لەنێو مردووان هەستاوەتەوە، ئیتر چۆن هەندێکتان دەڵێن کە هەستانەوەی مردووان نییە؟

١٣ ئەگەر هەستانەوەی مردووان نەبێت، تەنانەت مەسیحیش نەهەستاوەتەوە!

١٤ ئەگەر مەسیح نەهەستابێتەوە، ئەوسا موژدەدانمان ناڕەوایە، باوەڕی ئێوەش ناڕەوایە.

١٥ ئێمەش دەبینە گەواهیدەری درۆزن بۆ خودا، چونکە ئێمە سەبارەت بە خودا گەواهیمان دا، کە مەسیحی هەستاندۆتەوە، بەڵام ئەگەر مردووان هەڵنەستنەوە، ئەوا نەیهەستاندۆتەوە.

١٦ چونکە ئەگەر مردووان هەڵنەستنەوە، کەواتە مەسیحیش نەهەستاوەتەوە.

١٧ ئەگەر مەسیح نەهەستابێتەوە، ئەوسا باوەڕتان ناڕەوایە و ئێوە هێشتا لە گوناهەکانتان دان!

١٨ کەواتە ئەوانەش کە لە مەسیحدا نووستن لەناوچوونە!

١٩ ئەگەر بێتو تەنها لەم ژیانە هیوامان بە مەسیح بێت، ئەوا ئێمە نەگبەتترین خەڵك دەبین.

٢٠ بەڵام مەسیح لەنێو مردووان هەستایەوە و بووە نۆبەرەی نووستووان.

٢١ جا چۆن مەرگ بە مرۆڤێك بوو، هەستانەوەی مردووانیش بە مرۆڤێکە.

٢٢ هەروەها چۆن هەموو لە ئادەمدا دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو لە مەسیحدا زیندوو دەکرێنەوە.

٢٣ بەڵام هەر یەکە بە نۆرەی خۆی: یەکەمجار مەسیح وەك نۆبەرە، ئینجا لە کاتی هاتنی، ئەوانەی سەر بە مەسیحن،

٢٤ دوای ئەمە پایان دێت، کاتێ پاشایەتییەکە دەداتە خودای باوک، پاش ئەوەی هەموو سەرۆکایەتی و هەموو دەسەڵات و هەموو هێزێك پۆچەڵ دەکاتەوە.

٢٥ چونکە دەبێ پاشایەتی بکات، تاکو هەموو دوژمنانی دەخاتە ژێر پێیەوە.

٢٦ دوا دوژمن کە پووچەڵ دەکرێت، مەرگە.

٢٧ چونکە هەموو شتێکی خستۆتە ژێر پێی. بەڵام کاتێ دەفەرمووێ: *{هەموو شتێك ملکەچ بووە}*، ڕوونە کەوا جگە لە خودایە کە ئەوەی هەمووی ملکەچی مەسیح کردووە.

٢٨ کاتێ هەمووی ملکەچی دەبێت، ئەوسا ڕۆڵەش خۆی ملکەچی ئەوە دەبێت کە هەمووی ملکەچی کردووە، تاکو خودا ببێتە هەموو شتێك لە هەموو شتێکدا.

٢٩ ئەگینا ئەوانەی لە پێناو مردووان عەماد دەکرێن چی دەکەن؟ ئەگەر مردووان هەرگیز هەڵناستێنەوە، جا بۆچی لە پێناو مردووان عەماد دەکرێن؟

٣٠ بۆچی ئێمە هەموو کاتێ خۆمان دەخەینە مەترسییەوە؟

٣١ من ڕۆژانە دەمرم، وەك شانازیتان پێوە دەکەم، بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٣٢ ئەگەر بێتو وەك مرۆڤێك لە ئەپیسۆسدا بەرەنگاری درندان بوومایەوە، ئەوسا چ سوودێکم دەبوو؟ ئەگەر بێت و مردووان هەڵنەستنەوە: "با بخۆین و بخۆینەوە، چونکە سبەی دەمرین".

٣٣ هەڵمەخەڵەتێن: "پەیوەندی خراپ، ڕەوشتی جوان تێکدەدات"

٣٤ هۆشمەند بن بۆ خوداناسی و گوناه مەکەن، چونکە هەندێکتان زانینتان سەبارەت بە خودا نییە. ئەمە بۆ شەرمەزاربوونتان دەڵێم!

٣٥ لەوانەیە یەکێك بڵێت: "مردووان چۆن هەڵدەستێندرێنەوە؟ بە چ جۆرە لەشێك دێن؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٦ئەی گێل! ئەوەی دەیچێنیت زیندوو نابێتەوە ئەگەر نەمرێت.

٣٧ ئەوەی دەیچێنیت ئەو لەشە نییە کەوا دەردەکەوێت، بەڵکو تەنها دەنکێکە، لەوانەیە گەنمە یاخود هەر تۆوێکی دیکە.

٣٨ بەڵام خودا ئەو لەشەی دەداتێ کە خۆی دەیەوێ، هەر جۆرە تۆوێك لەشێکی تایبەتی داوەتێ.

٣٩ هەموو جەستەیەك یەك شێوەی نییە، بەڵکو مرۆڤ جەستەیەکی هەیە، ئاژەڵ جەستەیەکی دیکە، ماسی جەستەیەك و باڵندە جەستەیەکی دیکە.

٤٠ جەستەی ئاسمانی هەیە و جەستەی زەویش هەیە، بەڵام شکۆ ئاسمانییەکان شتێکە و شکۆی زەویش شتێکی دیکەیە.

٤١ شکۆی خۆر شتێکە و شکۆی مانگ شتێکە، شکۆی ئەستێرەش شتێکی دیکەیە، ئەستێرەش لەگەڵ ئەستێرە شکۆی جیاوازی خۆیان هەیە.

٤٢ بەم جۆرەش هەستانەوەی مردووانیش: لە لەناوچوون دەچێندرێت، لە لەناونەچوون هەڵدەستێندرێتەوە.

٤٣ لە سووکایەتی دەچێندرێت، لە شکۆمەندی هەڵدەستێندرێتەوە. لە لاوازی دەچێندرێت، لە هێز هەڵدەستێندرێتەوە.

٤٤ بە لەشی ئاژەڵی دەچێندرێت، بە لەشی ڕووحی هەڵدەستێندرێتەوە. لەشی ئاژەڵی هەیە و لەشی ڕووحیش هەیە.

٤٥ ئاواش نووسراوە: *{ئادەم مرۆڤی یەکەمین بووە گیانێکی زیندوو. بەڵام دوا ئادەم، ڕووحێکی ژیانبەخشە}*.

٤٦ بەڵام ڕووحییەکە ئەوەی یەکەم نییە، بەڵکو لەشی ئاژەڵیە و ئەوەی دواتر ڕووحییە.

٤٧ مرۆڤی یەکەم لە گڵ زەوی بوو، مرۆڤی دووەم لە ئاسمانەوەیە.

٤٨ وەك ئەوەی لە گڵ بوو، ئەوانەش لە گڵن. ئەوەش لە ئاسمانەوەیە، ئاسمانییەکان بەم جۆرە دەبن.

٤٩ وەك چۆن ئەو وێنەیەمان وەرگرتووە کە لە گڵ بوو، بە هەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگرین.

٥٠برایان، ئەمەتان پێ دەڵێم: گۆشت و خوێن ناتوانێت ببێتە میراتگری پاشایەتیی خودا، هەروەها لەناوچوو نابێتە میراتگری لەناونەچوو.

٥١ ئەوەتا نهێنییەکتان پێ دەڵێم: هەموومان ناخەوین، بەڵکو هەموومان دەگۆڕێین،

٥٢ لە ساتێکدا لە چاوتروکانێک، لە دوا کەڕەنادا. چونکە کەڕەنا دەنگ دەداتەوە، مردووانی لەناونەچووش هەڵدەستێنەوە، ئێمەش دەگۆڕدرێین.

٥٣ چونکە هەر دەبێ ئەم لەناوچووە لەناونەچوویی بپۆشێت وئەم مردووە نەمری بپۆشێت.

٥٤ کاتێ لەناوچوو لەناونەچوویی دەپۆشێت و مردوو نەمری دەپۆشێت، ئەوسا وشەی نووسراو دێتە دی: *{مەرگ بە سەرکەوتن قووت درا}*.

٥٥ *{ئەی مەرگ، کوا دەسەڵاتت؟ ئەی گۆڕ، کوا سەرکەوتنت؟}*

٥٦ جا دەسەڵاتی مەرگ گوناهە، هێزی گوناهیش تەوراتە.

٥٧ بەڵام سوپاس بۆ خودا! کە بەئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان سەرکەوتنمان پێ دەبەخشێت.

٥٨ کەواتە، برایانی خۆشەویستم، جێگیر بن، نەهەژێن. هەمیشە خۆتان بۆ کاری پەروەردگار تەرخان بکەن، بزانن ڕەنجتان بۆ پەروەردگار بێ سوود نییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم قۆرنتێ 16

١ بەڵام لە بارەی کۆمەك بۆ پارساکان، چۆن وارگەکانی گەڵاتیەم ڕاسپاردووە، ئێوەش ئاوا بکەن.

٢ لە سەرەتای هەر هەفتەیەك با هەریەکەتان چەندی لە توانادایە بیخاتە لایەک، تاکو کۆمەکەکە ئەو کاتە نەبێت کە دەگەمە لاتان.

٣ کاتێ گەیشتمە لاتان، جا ئەوانەی پەسەندکراون بە پەیامەوە دەیانێرم تاکو کۆمەکەکانتان بگەیەننە یروشلایم.

٤ ئەگەر بە باشم زانی کەوا منیش بڕۆم، ئەوا لەگەڵ من دەڕۆن.

٥ کاتێ لە ماقیدۆنیا تێپەڕیم دێمە لاتان چونکە بە ماقیدۆنیادا تێدەپەڕم

٦ لەوانەیە ماوەیەك لەلاتان بم، یاخود هەموو زستان، تاکو ڕەوانەم بکەن بۆ هەرکوێ بڕۆم.

٧ چونکە ئەم جارە نامەوێت تەنها بە سەرپێیی بتانبینم، بەڵکو هیوادارم بە خواستی پەروەردگار ماوەیەك لەلاتان بمێنمەوە.

٨ بەڵام تاکو ڕۆژی پەنجایەمین لە ئەپیسۆس دەمێنمەوە،

٩ چونکە دەرگایەکی مەزن و کاریگەرم بۆ کراوەتەوە، زۆر بەرهەڵستاکاریشم هەیە.

١٠ ئەگەر تیماتیئوس هات، ئاگاداربن با لەلاتان بەبێ ترس بێت، چونکە کاری پەروەردگار دەکات، وەك منیش دەیکەم.

١١ جا کەس بە سووکی سەیری نەکات، بەڵکو بە ئاشتی ڕەوانەی بکەن تاکو بێتەوە لام، چونکە لەگەڵ برایان چاوەڕێی دەکەین.

١٢ هەروەها سەبارەت بە ئەپۆلۆسی برامان، زۆر پاڕامەوە کەوا لەگەڵ برایان بێتە لاتان، ئەو هەرگیز نەیویست ئێستا بێتە لاتان، بەڵام کە بۆی ڕێککەوت، دێت.

١٣ بێداربن، لە باوەڕ جێگیربن، پیاوبن، بەهێزبن.

١٤ با هەموو کاروبارەکێتان لە خۆشویستنەوە بێت.

١٥ برایان، داواتان لێ دەکەم: ئێوە دەزانن ماڵی ئیستیفانۆس لە ئەخائیە پێشەبەرە بوون، خۆیان بۆ ڕاژەکردنی پارساکان تەرخان کردبوو،

١٦ تاکو ئێوەش ملکەچی وەك ئەوانە بن و هەموو ئەوانەی لەگەڵیشان ئیش دەکەن و ماندوو دەبن.

١٧ بە هاتنی ئیستیفانۆس و فەرتوناتۆس و ئەخائیکۆس دڵشاد بووم، چونکە شوێنی ئێوەیان گرتەوە،

١٨ چونکە ئەوان ڕووحی من و ئێوەیان حەساندەوە، جا ئەو جۆرە کەسانە بناسن.

١٩ وارگەکانی ئاسیا سڵاوتان لێدەکەن. ئەکیلا و پریسقیلا، لەگەڵ ئەو وارگەیەی لە ماڵەکەیانن بە ناوی پەروەردگار بە گەرمی سڵاوتان لێدەکەن.

٢٠ هەموو برایان سڵاوتان لێدەکەن. بە ماچێکی پارسا سڵاو لە یەکتری بکەن.

٢١ من پۆڵۆسم، ئەم سڵاوە بە دەستی خۆم دەنووسم.

٢٢ ئەو کەسەی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگاری خۆش ناوێت با ئەناتیما بێت! مارەن ئاتا!

٢٣ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارتان لەگەڵ بێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ خۆشویستنی من لەگەڵ هەمووتانە
لە ئیشۆعی مەسیحدا.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم قۆرنتێ

دووەم قۆرنتێ 1

١ پۆڵۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بە خواستی خودا، تیماتیئوسی براش، بۆ وارگەی خودا لە قۆرنتێ، لەگەڵ هەموو پارساکان لە هەموو ئەخائیە.

٢ بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.

٣ پیرۆزە خودا، باوکی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان، باوکی میهرەبانی و خوداوەندی هەموو دڵنەواییەک،

٤ ئەوەی لە هەموو تەنگانەیەکماندا دڵنەواییمان دەکات، تاکو بتوانین بەو دڵنەواییەی لە خوداوە دڵنەوایی کراین، دڵنەوایی ئەوانە بکەین کە لە هەر تەنگانەیەکدان.

٥چونکە وەک ئازارەکانی مەسیح تیاماندا زیاد دەبێت، بەهۆی مەسیحەوە دڵنەواییشمان زیاد دەبێت.٦ ئەگەر تووشی تەنگانە دەبین ئەوا بۆ دڵنەوایی و ڕزگاریتانە، ئەگەر دڵنەوایی کرابین ئەوا بۆ دڵنەواییتانە، ئەوەی کاریگەرە لە ئێوەدا دانبەخۆداگرتنە بۆ هەمان ئەو ئازارانەی کە ئێمەش دەیچێژین.

٧ جا هیوامان بۆ ئێوە جێگیرە. دەزانین وەک لە ئازاردا بەشدارن، لە دڵنەواییش ئاوان.

٨ برایان، نامانەوێت ئەو تەنگانەی لە ئاسیا بەسەرمان هات لەلاتان شاراوە بێت، کە زۆر لە سەرووی توانا بارگران بووین، تا ئەوەی لە ژیان بێ هوودە بووین.

٩ بەڵام لە خۆماندا هەستمان کرد حوکمی مەرگمان بۆ دراوە، تاکو پشت بە خۆمان نەبەستین، بەڵکو بەو خودایەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە.

١٠ ئەوەی لە مەرگێکی ئاوا گەورە دەربازی کردین و دەربازمان دەکات. هیوامان پێی هەیە کە دواتریش دەربازمان دەکات،

١١ ئێوەش بە نوێژەکانتان یارمەتیدەرن بۆ ئێمە، تاکو کەسانێکی زۆر لە پێناوی ئێمە لەسەر ئەو بەخششەی پێمان دراوە سوپاسی خودا بکەن.

١٢ جا ئەمەیە شانازیمان. ویژدانمان گەواهی دەدات کە ڕەفتارمان لە جیهاندا، بە تایبەتی سەبارەت بە ئێوە، لە ساکاری و دڵسۆزی بوو کە لە خودایە، نەک بە دانایی جەستەیی بەڵکو بە بەخششی خودا.

١٣ چونکە شتێکی دیکەتان بۆ نانووسین جگە لەوەی بیخوێننەوە یان لێی تێبگەن. منیش هیوادارم تاکو بە تەواوی لە ئێمە تێبگەن،

١٤ وەک هەندێک لێمان تێگەیشتن، تاکو شانازی ئێوە بین، وەک ئێوەش شانازی ئێمەن، لە ڕۆژی ئیشۆعی پەروەردگار.

١٥ جا بەم دڵنیاییەوە بە نیاز بووم کەوا یەکەمجار بێمە لاتان، تاکو دووبارە بەخششتان بۆ بێت،

١٦ بەرەو ماقیدۆنیا بە لاتاندا تێپەڕم و لە ماقیدۆنیاوە دیسان بێمەوە لاتان، ئێوەش بۆ ئیهوود ڕەوانەم بکەن.

١٧ کە بە نیازی ئەمە بوومە، ئایا دوودڵ بووم؟ یاخود بەگوێرەی جەستە پلانەکانم داناوە، کە لە یەک کات دەڵێم. بەڵێ، بەڵێ و نەخێر، نەخێر؟

١٨ هەروەک خودا سەرڕاستە، وتەکانمان بۆ ئێوە بەڵێ و نەخێر نییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ چونکە ئیشۆعی مەسیحی ڕۆڵەی خودا، کە بەهۆی من و شیلاو تیماتیئوس لەنێوتاندا ڕاگەیێندرا، بەڵێ و نەخێر نەبوو، بەڵکو لەودا هەر بەڵێ بووە.

٢٠بەڵێنەکانی خودا هەرچییەک بوو، بەهۆی ئێمەوە ''بەڵێ'' و ''ئامین'' ن، بۆ شکۆمەندیی خودا.

٢١ بەڵام ئەوەی لە مەسیحدا ئێمە لەگەڵ ئێوەدا جێگیر دەکات، ئەوەی دەستنیشانی کردووین، خودایە،

٢٢ کە مۆری خۆی لێداوین و وەک پێشەکی ڕووحی خۆی خستە دڵمانەوە.

٢٣ بەڵام من خوداش دەکەمە گەواهیدەر لەسەر خۆم، بەزەییم پێتان هاتەوە کە نەهاتمەوە قۆرنتێ.

٢٤ نەک بەسەر باوەڕتان سالار بین، بەڵکو هاوکارین بۆ خۆشیتان، چونکە بە باوەڕ جێگیرن.

دووەم قۆرنتێ 2

١ لەبەر ئەمە لەلایەن خۆمەوە بڕیارم دا لە خەمباریدا نەیەمەوە لاتان.

٢ چونکە ئەگەر من خەمبارتان بکەم، کێ دڵشادم دەکات، جگە لە ئێوە کە خەمبارم کردوون؟

٣ بۆم نووسین، بۆ ئەوەی کاتێ هاتم خەمبار نەبم لەوانەی پێویستە پێیان شادبم. لە هەمووتان دڵنیام، کەوا شادی من هی هەمووتانە.

٤ چونکە لە خەمێکی زۆر و دڵتەنگییەوە بە فرمێسکی زۆرەوە بۆم نووسین، نەک خەمبار بن، بەڵکو تا بزانن خۆشویستنم بۆ ئێوە چەند قووڵە.

٥ بەڵام ئەگەر یەکێک بووە هۆی خەمباری، ئەوا تەنها منی خەمبار نەکردووە، بەڵکو تا ڕادەیەک هەمووتانی خەمبار کردووە، ئەگەر زۆرم نەووتبێت.

٦ ئیتر بەسە ئەو سزایەی کەوا لەلایەن زۆرینەیە،

٧ بە پێچەوانەوە، باشترە بیبەخشن و دڵنەوایی بکەن، نەوەک لە خەفەتی زۆرەوە قووت بدرێت.

٨ بۆیە تکاتان لێ دەکەم خۆشویستنی خۆتانی بۆ دووپات بکەنەوە.

٩چونکە بۆ ئەمە بۆم نووسین تاکو بە سەلماندنتان بزانم، ئاخۆ لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵن؟

١٠ جا ئەوەی لە شتێک لێی دەیبەخشن، منیش وا دەکەم. چونکە ئەوەی بەخشیم ئەگەر لە شتێک بەخشیم ئەوا لەبەردەم مەسیح لەپێناوی ئێوە دەیبەخشم،

١١ نەوەک شەیتان لەخشتەمان ببات. چونکە لە مەبەستەکانی بێ ئاگا نین.

١٢ کاتێ هاتمە تروئۆس لە پێناوی ئینجیلی مەسیح و پەروەردگار دەرگایەکی بۆم کردەوە.

١٣گیانم پشووی نەدا، چونکە تتوسی برام نەبینی. ئیتر ماڵئاواییم لێیان کرد و دەرچووم بۆ ماقیدۆنیا.

١٤ بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی هەموو کاتێ لە کەژاوەی سەرکەوتن لە مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەموو شوێنێک بەهۆی ئێمە بۆنی خۆشی ناسینەکەی دیاردەخات.

١٥چونکە بۆنی خۆشی مەسیحین بۆ خودا، لەنێوان ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت و لەنێوان ئەوانەی لەناودەچن.

١٦ بۆ ئەوانە بۆنی مەرگە بۆ مەرگ، بۆ ئەوانی دیکە بۆنی ژیانە بۆ ژیان. ئایا کێ شیاوە بۆ ئەم شتانە؟

١٧ ئێمە وەک زۆر کەس بازرگانی بە وشەی خودا ناکەین، بەڵکو بە دڵسۆزی لە خوداوە و لەبەردەم خودا لە مەسیحدا دەدوێین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم قۆرنتێ 3

١ ئایا دەست بە ستایشکردنی خۆمان بکەین؟ ئایا وەک هەندێک کەس، پێویستیمان بە ڕاسپاردەنامەیە بۆ ئێوە یان لە ئێوەوە؟

٢ ئێوە پەیامی ئێمەن، کە لە دڵماندا نووسراوە، کەوا هەموو خەڵک دەیزانن و دەیخوێننەوە.

٣ ئێوە دەرکەوتن پەیامی مەسیحن، کە ئێمە ڕاژەمان کردووە، بە مەرەکەب نەنووسراوە بەڵکو بە ڕووحی خودای زیندوو، نەک لەسەر تەختەی بەردین، بەڵکو لەسەر تەختە دڵی گۆشتین.

٤ بەڵام بەهۆی مەسیح متمانەی ئاوامان بە خودا هەیە.

٥ نەک بە خۆمان لێهاتوو بین تاکو بیر بکەینەوە هی خۆمان بێت، بەڵکو لێهاتوویيمان لە خوداوەیە.

٦ ئەوەی لێهاتووی کردین تاکو ببینە ڕاژەوانی پەیمانێکی نوێ ئەوەی پیت نییە بەڵکو ڕووحە. چونکە پیت دەکوژێت، بەڵام ڕووح ژیان دەدات.

٧ ئەگەر ڕاژەی مەرگ بە پیت لە بەرد هەڵکەندراوە بە شکۆوە هاتبێت، تەنانەت نەوەی ئیسرائیل نەیانتوانی تەماشای ڕوخساری مووشێ بکەن، لەبەر شکۆی ڕوخساری کە لەناوچووە،

٨ ئیتر چەند زیاتر ڕاژەی ڕووح شکۆدارتر دەبێت؟

٩ چونکە ئەگەر ڕاژەی تاوانبارکردن شکۆمەندی بێت، ئاخۆ دەبێ ڕاژەی بێتاوانکردن چەند زیاتر لە شکۆمەندیدا بێت؟

١٠ شکۆدارکراویش لە بەراورد بە شکۆی لە ڕادەبەدەر شکۆی نەماوە.

١١ چونکە ئەگەر لەناوچوو لە شکۆمەندیدا بێت، ئەی ئەوەی هەمیشەییە چەند زیاتر لە شکۆمەندیدا دەبێت!

١٢ چونکە هیوایەکی ئاوامان هەیە، زۆر بە ئاشکرا دەجوڵێینەوە،

١٣ نەک وەک مووشێ کە پێچەی لەسەر ڕوخساری دادەنا تاکو نەوەی ئیسرائیل تەماشای پایانی لەناوچوو نەکەن.

١٤بەڵکو هزریان ڕەق بووە، چونکە تاکو ئەمڕۆش، کاتێ پەیمانی کۆن دەخوێندرێتەوە هەمان پێچە ماوە و لانەدراوە، کە لە مەسیحدا پووچەڵ دەکرێتەوە.

١٥ بەڵام تاکو ئەمڕۆ کاتێ تەوراتی مووشێ دەخوێندرێتەوە پێچە لەسەر دڵیان دانراوە.

١٦ بەڵام کاتێ یەکێک بۆ پەروەردگار گەڕایەوە، ئەوا پێچەکە لادەچێت.

١٧ چونکە پەروەردگار ڕووحە، هەروەها ڕووحی پەروەردگار لەکوێ بێت، ئازادی لەوێیە.

١٨ هەموومان بە ڕوویەکی ئاشکرا وەک ئاوێنە وێنەدانەوەی شکۆی خودا دەدەینەوە، لە شکۆیەک بۆ شکۆیەک بۆ هەمان وێنە دەگۆڕدرێین، ئەوەش لە پەروەردگارەوەیە کە ڕووح.

دووەم قۆرنتێ 4

١ بۆیە کە ئەم ڕاژەمان هەیە، وەک بەر بەزەیی کەوتین، شکست ناهێنین،

٢ بەڵکو شاراوەکانی سەرشۆڕیمان ڕەت کردەوە، بە فێڵبازی ڕێناکەین و دەستکاری وشەی خودا ناکەین، بەڵکو بە دەرخستنی ڕەوا، بۆ ویژدانی هەر کەسێک لەبەردەم خودا ستایشی خۆمان دەکەین.

٣بەڵام ئەگەر موژدەکەمان شاراوە بێت، ئەوا لەنێو لەناوچووواندا شاراوەیە،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ كە خوداوەندی ئەم ڕۆژگارە هزری بێباوەڕانی كوێر كردووە، تاكو ڕووناكیی ئینجیلی شكۆی مەسیحیان بۆ نەدرەوشێتەوە، كە وێنەی خودایە.

٥ چونكە بانگەواز بۆ خۆمان ناكەین، بەڵكو ئیشۆعی مەسیح كە پەروەردگارە، خۆشمان لە پێناوی ئیشۆع بەندەی ئێوەین.

٦ چونكە خودا كە فەرمووی: "با لە تاریكیدا ڕووناكی بدرەوشێتەوە"، ئەو لە دڵماندا درەوشایەوە، بۆ ڕووناككردنەوەی ناسینی شكۆی خودا لەڕووی ئیشۆعی مەسیحدا.

٧ بەڵام ئەم گەنجینەی هەمانە لەنێو گۆزەی گڵینە، تاكو دەربكەوێت كە هێز لە خوداوەیە نەك لە ئێمە.

٨ لە هەموو لایەكەوە پەستین، بەڵام تەنگەتاو نین. سەرگەردانین، بەڵام بێ ئومێد نین.

٩ چەوسێنراوەین، بەڵام بەجێنەهێڵدراوین. بە زەویدا دەدرێین، بەڵام لەناو ناچین.

١٠ هەمیشە چۆنییەتی مردنی ئیشۆع لە لەشدا هەڵدەگرین، تاكو ژیانی ئیشۆع لە لەشماندا دەربكەوێت.

١١چونكە ئێمەی زیندوو هەمیشە لە پێناوی ئیشۆعدا ڕادەستی مەرگ دەكرێین، تاكو ژیانی ئیشۆع لە جەستەی مردوومان دەربكەوێت.

١٢ كەواتە مەرگ لە ئێمەدا كاردەكات، بەڵام ژیان لە ئێوەدا.

١٣ كە هەمان ڕووحی باوەڕمان هەیە، بەگوێرەی نووسراو: *{باوەڕم هێنا بۆیە قسەم كرد}*، ئێمەش باوەڕمان هەیە بۆیە قسە دەكەین.

١٤ دەزانین كە ئەوەی ئیشۆعی پەروەردگاری هەستاندەوە، ئێمەش بە ئیشۆع هەڵدەستێنێتەوە، لەگەڵ ئێوەش دەمانباتە بەردەمی خۆی.

١٥ چونكە هەموو شتەكان لە پێناوی ئێوەیە، تاكو بەخشش بۆ زۆر كەس زیاد بێت، سوپاسگوزاریش زیاد بێت بۆ شكۆمەندیی خودا.

١٦ بۆیە شكست ناهێنین، بەڵكو ئەگەر بە ڕواڵەتیش لەناوبچین، ئەوا ناوەڕۆكمان ڕۆژ بە ڕۆژ نوێتر دەبێتەوە.

١٧ چونكە تەنگانەی سووك و كاتیمان زیاتر و زیاتر شكۆمەندییەكی قورسی جاویدانی بۆ ئێمە لێ دێتە كایەوە.

١٨ ئێمە تەماشای شتە بینراوەكان ناكەین، بەڵكو شتە نەبینراوەكان، چونكە بینراوەكان كاتین، بەڵام نەبینراوەكان جاویدانین.

دووەم قۆرنتێ 5

١ چونكە دەزانین، ئەگەر ڕەشماڵە زەمینییەكەمان ڕووخا، ئەوا لە ئاسماندا بینایەكی جاویدانیمان هەیە كە لە خوداوەیە و بەدەست دروست نەكراوە.

٢ ئێمەش لەم ڕەشماڵەدا دەناڵێنین، تامەزرۆین ماڵی ئاسمانیمان لە سەری بپۆشین،

٣ چونكە ئەگەر پۆشیمان بە ڕووتی نابینرێین.

٤ چونكە لەم ڕەشماڵەداین لەبەر بارگرانی دەناڵێنین، كە نامانەوێت دایبكەنین بەڵكو بپۆشرێین، تاكو مەرگ لەلایەن ژیانەوە قووت بدرێت.

٥ بەڵام خودایە ئەوەی ئێمەی بە تایبەت بۆ ئەمە دروستكردووە، ئەویش وەك پێشەكی ڕووحی پێمان داوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
كۆمەڵگەی پەرتووكی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ کەواتە هەموو کات دڵنیاین و دەزانین کە لە لەشدا نیشتەجێین، لە پەروەردگار دوورین.

٧ چونکە بە باوەڕ ڕەفتار دەکەین نەک بە بینراو.

٨ ئێتر دڵنیاین و بە باشتری دەزانین، لە لەش دوور بکەوینەوە و لەلای پەروەردگار نیشتەجێ بین.

٩ بۆیە ئامانجی بەرزمان دادەنێین، ئەگەر لە لەشدا نیشتەجێ بین یان دوور بین، ئەو لێمان ڕازی بێت.

١٠ چونکە دەبێت هەموومان لەبەردەم تەختی مەسیح دەربکەوین، تاکو هەریەکە بۆ ئەو شتانەی بەهۆی لەش کردوویەتی شایستەیی خۆی وەربگرێت، ئەگەر باشە یاخود خراپ.

١١ بۆیە کە ترسی پەروەردگار دەناسین، قەناعەت بە خەڵکی دەهێنین. بۆ خوداش دەرکەوتین، هیوادارم بۆ ویژدانی ئێوەش دەرکەوتوو بین.

١٢ دیسان لای ئێوە ستایشی خۆمان ناکەین، بەڵکو دەرفەتێکتان دەدەینێ شانازیمان پێ بکەن، تاکو بتوانن وەڵامی ئەوانە بدەنەوە کە شانازی بە ڕواڵەت دەکەن نەک بە دڵ.

١٣ چونکە ئەگەر مێشکمان تێکچووبێت، بۆ خودایە، ئەگەر هۆشمەند بین، لەبەر ئێوەیە.

١٤ چونکە خۆشویستنی مەسیح دەوری داوین، لەبەر ئەوەی دڵنیاین یەکێک لە جیاتی هەمووان مرد، ئێتر هەموو مردن.

١٥ ئەو لەجیاتی هەمووان مرد تاکو زیندووان ئێتر بۆ خۆیان نەژین، بەڵکو بۆ ئەو کەسەی لە پێناویان مرد و هەستایەوە.

١٦ کەواتە لەمەولا کەس بەگوێرەی جەستە ناناسین. ئەگەر مەسیحمان بەگوێرەی جەستە ناسی، ئێتر لەمەولا نایناسین.

١٧کەواتە ئەگەر یەکێک لە مەسیحدا بێت، ئافریدەیەکی نوێیە: شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا هەمووی نوێ بووەوە.

١٨ ئەمەش هەمووی لە خوداوەیە، کە لەگەڵ خۆی بە مەسیح ئاشتی کردینەوە و ڕاژەی ئەم ئاشتبوونەوەی پێداین،

١٩ واتا خودا لە مەسیحدا جیهانی لەگەڵ خۆی ئاشت کردەوە، گوناهەکانیان لەسەر نانووسێت و پەیامی ئاشتبوونەوەی بە ئێمە سپاردووە.

٢٠کەواتە ئێمە وەکو باڵوێزی مەسیحین تێدەکۆشین، خوداش بەهۆی ئێمەوە بانگهێشت دەکات، لەجیاتی مەسیح داواتان لێ دەکەین: لەگەڵ خودا ئاشت بنەوە.

٢١ چونکە ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو لە ئەودا ببینە بێتاوانیی خودا.

دووەم قۆرنتێ 6

١ وەک هاوکاری خوداین، داواتان لێ دەکەین بەخششی خودا بێ سوود وەرمەگرن.

٢ چونکە دەفەرمووێ. "لە کاتی پەسەندیم گوێم لێ گرتیت، لە ڕۆژی ڕزگاری یارمەتیم دایت". ئەوەتا ئێستا کاتێکی پەسەندە، ئێستا ڕۆژی ڕزگاریە.

٣ لە هیچ شتێک نابینە کۆسپ، نەوەک گلەیی بێتە سەر ڕاژە،

٤ بەڵکو لە هەموو شتێکدا وەک ڕاژەوانی خودا خۆمان دەردەخەین. بە دانبەخۆداگرتنی زۆرمان، لە تەنگانە، ناخۆشی و لێقەومان،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ لە لێدان و زیندان و شڵەژان، ماندوویی و بێداری و برسێتی،

٦ بە بێگەردی و زانین و ئارامگرتن و نیانی، بە ڕووحی پارسا و خۆشویستنی بێ ڕووپامایی،

٧ لە قسەی ڕەوادا، لە هێزی خودا، بە چەکەکانی خوداناسی بۆ ڕاست و چەپ،

٨ بە شکۆ و سووکایەتی، ناوزڕاو و ناوبانگ، کە ڕاستگۆین و وەک چەواشەکار دەبینرێین،

٩ وەک نەناسراو بەڵام ناسراوین، وەک مردوو و ئەوەتا زیندووین، وەک سزادراو بەڵام نەکوژراوین،

١٠ وەک خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشادین، وەک هەژار بەڵام زۆر کەس دەوڵەمەند دەکەین، وەک هیچمان نەبێت و هەرچەندە هەموو شتێکمان هەیە.

١١ ئەی قۆرنتییەکان، زارمان بۆتان کراوەیە و دڵمان فراوانە.

١٢ تەنگاوبوونتان بەهۆی ئێمەوە نییە، بەڵکو لە هەناوی خۆتانەوەیە.

١٣ بەرامبەر ئەوە دەڵێم، وەک بۆ ڕۆڵەکانم دەدوێم، ئێوەش دڵتان بکەنەوە!

١٤ لەگەڵ بێباوەڕان لە ژێر یەک نیردا مەبن، چونکە چ تێکەڵاویەک لەنێوان بێتاوانی و تاواندا هەیە؟ یاخود چ هاوبەشییەک لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا هەیە؟

١٥ چ ڕێککەوتنێک لەنێوان مەسیح و بلیاعلدا هەیە؟ یان باوەڕدار چ پشکێکی لەگەڵ بێباوەڕدا هەیە؟

١٦ پەرستگای خوداش چ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بتدا هەیە؟ چونکە ئێوە پەرستگای خودای زیندوون، وەک خودا فەرموویەتی: *{تیایاندا نیشتەجێ دەبم و لەگەڵیان ڕێدەکەم، دەبمە خوداوەندیان و ئەوانیش دەبنە گەلی من}* .

١٧ *{بۆیە لەناوەڕاستیان دەرچن و لێیان جیا ببنەوە، پەروەردگار دەفەرموێ. دەست مەدەنە هیچ گڵاوێک، ئینجا پەسەندتان دەکەم}* .

١٨ *{من دەبمە باوکتان، ئێوەش دەبنە کوڕ و کچم، ئەمە پەروەردگاری هەرە بە توانا دەڵێت}* .

دووەم قۆرنتێ 7

١ خۆشەویستان، لەبەر ئەوەی ئەم بەڵێنانەمان هەیە، با خۆمان لە هەموو گڵاوییەکی جەستە و ڕووح بێگەرد بکەینەوە، لە ترسی خودادا پارسایی تەواو بکەین.

٢ دڵتان بۆمان بکەنەوە. ستەممان لە کەس نەکردووە، کەسمان گەندەڵ نەکردووە، چڵێسیمان بەکەس نەبردووە.

٣ ئەمە ناڵێم تا تاوانبارتان بکەم، چونکە پێشتر وتوومە کە ئێوە لە دڵماندان، تا لەگەڵتان بمرین و لەگەڵتان بژین.

٤ زۆر متمانەم پێتان هەیە، زۆر شانازیشتان پێوە دەکەم، لە هەموو تەنگانەکانماندا پڕبووم لە دڵنەوایی و شادییەکی زۆر.

٥ چونکە لەوەتەی هاتووینەتە ماقیدۆنیا، جەستەمان حەسانەوەی نەبووە، بەڵکو لە هەموو لایەک هەراسان بووین. لە دەرەوە ناکۆکی و لە ناوەوە ترس.

٦ بەڵام خودا کە دڵنەوایی خاکسارەکان دەکات، بە هاتنی تتوس دڵنەوایی کردین،

٧ نەک تەنها بە هاتنی، بەڵکو بەو دڵنەواییەی لەلایەن ئێوە کراوە. بۆی گێڕاینەوە دەربارەی پەرۆشی و پەژارە و دڵگەرمیتان بۆ من، زیاتر دڵشاد بووم.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ جا ئەگەر بە پەیامەکە خەمبارم کردبن، پەشیمان نیم، هەرچەندە پەشیمان بوومەوە، چونکە دەبینم پەیامەکە بۆ ماوەیەک خەمباری کردن.

٩ بەڵام ئێستا دڵشادم، نەک کە لەبەرئەوەی ئێوە خەمبار بوون، بەڵکو چونکە خەمباریتان ئێوەی بۆ تۆبەکردن برد. چونکە بەگوێرەی ویستی خودا خەمبار بوون، تاکو بەهۆی ئێمەوە هیچ زیانێک نەکەن.

١٠ چونکە خەمباری بەگوێرەی ویستی خودا، تۆبەکردنی بەرەو ڕزگاری تێدایە و بێ پەشیمانییە، بەڵام خەمباریی جیهان مەرگی تێدایە.

١١ کەواتە سەیر بکەن خەمباری بەگوێرەی ویستی خودا چەندی لە ئێوەدا بەرهەم هێناوە: چ تێکۆشانێک، چ ناڕەزاییەک، چ تووڕەییەک، چ ترسێک، چ تامەزرۆییەک، چ دڵگەرمییەک، چ تۆڵەیەک. لە هەموو شتێکدا خۆتان سەلماند کە بێتاوانن لەو باسەدا.

١٢ کەواتە ئەگەر بۆم نووسیون، لە پێناوی تاوانبار یاخود تاوان لێکراو نییە، بەڵکو تاکو تێکۆشانمان بۆ ئێوە لەبەردەم خودا بۆتان دەربکەوێت،

١٣ بۆیە دڵنەوایی کراین. بەڵام لەسەر دڵنەواییەکە، بەهۆی دڵخۆشی تتوس زۆر زیاتر دڵخۆش بووین، چونکە ڕووحی بە هەمووتان حەسایەوە.

١٤ ئەگەر بەرامبەر ئەو شانازیم بە ئێوە کردبێت، شەرمم نەکردووە، بەڵکو وەک هەموو شتێکمان بە ڕاستگۆیی پێ وتن، شانازیمان لای تتوس بووە ڕاستی.

١٥ دڵیشی زیاتر بۆتان دەچێت کە یادی گوێڕایەڵی هەمووتان دەکاتەوە، چۆن بە ترس و لەرزەوە پێشوازیتان لێکرد.

١٦ دڵشادم کە لە هەموو شتێکدا لێتان دڵنیام.

دووەم قۆرنتێ 8

١ برایان، حەزدەکەین بەخششی خودا بزانن کە دراوەتە وارگەکانی ماقیدۆنیا.

٢ لە ئەزموونی توندی تەنگانە خۆشییان لێ ڕژا و هەژاری سەختیان لێ ڕژایەوە بۆ دڵفراونی دەوڵەمەندییان.

٣گەواهیی دەدەم کە لە خۆیانەوە بەگوێرەی توانا و لە سەرووی توانا بەخشییان.

٤ لێمان پاڕانەوە و زۆر تکایان کرد تاکو بەخشش و بەشداربوون لە ڕاژەی پارساکان وەربگرین.

٥ نەک وەک ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد، بەڵکو یەکەمجار خۆیان دایە پەروەردگار ئینجا ئێمە، بە خواستی خودا،

٦ تاکو تکامان لە تتوس کرد کە ئەم بەخششەی لەلاتان دەستی پێکردووە تەواوی بکات.

٧بەڵام وەک لە هەموو شتێک زیاد دەکەن: لە باوەڕ، لە قسەکردن، لە زانین، لە هەموو کۆششێک، لە خۆشویستنتان بۆ ئێمە، ئاوا لەم بەخششەش زیاد بکەن.

٨ وەک فەرمان نادوێم، بەڵکو سەرڕاستیی خۆشویستنتان بە بەراورد لەگەڵ کۆششی کەسانی دیکە تاقی دەکەمەوە.

٩چونکە بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەندە، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، تا ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ لەمەشدا بۆچوونێک دەدەم، چونکە ئەمە سوودمەندە بۆتان. ئێوە پار دەستتان پێکرد ببەخشن، نەک تەنها ئەمەتان کردووە، بەڵکو خواستوشتانە.

١١ بەڵام ئێستا کارەکەش تەواو بکەن، هەروەک چالاکی بۆ خواست بوو، ئاوا تەواوکردنیش بە خواستی خۆتانە.

١٢ چونکە ئەگەر چالاکی هەبێت، بەگوێرەی ئەوەی یەکێک هەیەتی پەسەندە، نەک بەگوێرەی ئەوەی نییەتی.

١٣ مەبەستم ئەوە نییە خەڵکی دیکە بحەسێنەوە و فشارم لەسەر ئێوە بێت،

١٤ بەڵکو بە یەکسانی. لە کاتی ئێستادا با لێڕژانتان بۆ نەبوونییان بێت، بۆ ئەوەی لێڕژانیان بۆ نەبوونیتان بێت، ئینجا ببێتە یەکسانی.

١٥ وەک نووسراوە: "ئەوەی زۆری کۆ کردەوە لێی نەماوە، ئەوەش کەمی کۆ کردەوە کەمتر نەبوو".

١٦ بەڵام سوپاس بۆ خودا کە هەمان کۆششی خستە دڵی تتوس بۆ ئێوە.

١٧ چونکە داواکارییەکەی پەسەند کرد، بە کۆششی زیاتر، لەلای خۆیەوە بۆ لاتان گەڕایەوە.

١٨ برایەکمان لەگەڵیدا نارد کە لە ڕاژەکرنیدا بۆ ئینجیل هەموو وارگەکان ستایشی دەکەن.

١٩ نەک تەنها ئەوە، بەڵکو لەلایەن وارگەکانەوە بۆ هاوڕێیەتیمان هەڵبژێردراوە، لەگەڵ ئەو بەخششەی لەلایەن ئێمەوە ڕاژە دەکرێت بۆ شکۆی خودی پەروەردگار و بۆ چالاکیتان.

٢٠ خۆمان لەمە دەپارێزین، نەوەک کەسێک لە گەورەیی ئەم ڕاژەی کە لەلایەن ئێمەوەیە گلەییمان لێ بکات.

٢١ چونکە بە نیازی چاکەین، نەک تەنها لەبەردەم پەروەردگار، بەڵکو لەبەردەم خەڵکیش.

٢٢ لەگەڵ ئەواندا برایەکمان نارد، کە زۆر جار لە زۆر شت تاقیمان کردەوە چالاک بوو، ئێستاش بەو دڵنیاییە زۆرەی لە ئێوەی هەیە زۆر چالاکترە.

٢٣ دەربارەی تتوس، ئەو هاوبەش و هاوکارمە لەپێناوی ئێوە، بەڵام ئەم برایانە پەیامبەری وارگەکان و شکۆمەندی مەسیحن.

٢٤ بۆیە بەڵگەی خۆشویستنی خۆتان و هۆی شانازیمان بە ئێوە، لەبەردەم وارگەکان بۆیان دەربخەن.

دووەم قۆرنتێ 9

١ سەبارەت بە ڕاژە بۆ پارساکان، پێویست نییە بۆتان بنووسم،

٢ چونکە چالاکیتان دەزانم و لەلای ماقیدۆنییەکان شانازیم پێکردووە، کەوا لە پارەوە ئەخائیە ئامادەیە و دڵگەرمیتان زۆر کەسی جۆش دا.

٣ بەڵام برایانم نارد، نەوەک لەم بارەیەوە شانازیمان پێتان پووچەڵ بێتەوە، تاکو وەک وتم ئامادەبن،

٤ بۆ ئەوەی ئەگەر هەندێک لە ماقیدۆنییەکان لەگەڵم هاتن و ئێوەیان بە نائامادەییەوە بینی، ئێمە شەرمەزار نەبین چونکە شانازیمان پێتان هەبوو.

٥ بۆیە بە پێویستم زانی لە برایان بپاڕێمەوە، تاکو پێشڕەوی بکەن بۆ لاتان و زوو ئەو بەخشینەتان ڕێک بخەن کە پێشتر بەڵێنتان داوە، تاکو وەک بەخشینی داڕشت بێت، نەک ڕەزیلی.

٦ ئەمەش بزانن. ئەوەی کەم بچێنێت کەم دەدروێتەوە، ئەوەی بە داڕشت بچێنێ بە داڕشت دەدروێتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ با هەریەکە ئەوەندەی لەسەر دڵیەتی بیدات، نەک بە دڵتەنگی و ناچاری، چونکە بەخشەری دڵخۆش خودا خۆشیدەوێت.

٨ خوداش دەتوانێت هەموو بەخششێکتان بۆ زیاد بکات، تاکو هەموو کاتێ لە هەموو شتێک بەستان بێت، لە هەموو کردارێکی باش زیادبن.

٩ وەک نووسراوە: *{بە دڵفراوانییەوە بە هەژاران دەبەخشێتەوە، بێتاوانییەکەی تا جاویدانی دەمێنێتەوە}* .

١٠ جا ئەوەی تۆو بۆ تۆودەر و نان بۆ خۆراک دابین دەکات، تۆوتان دابین دەکات و چەندبارەی دەکات و بەرهەمی خوداناسیتان زیاد دەکات.

١١ لە هەموو شتێک دەوڵەمەند دەبن، بە هەموو دەستفراوانییەک کە بەهۆی ئێمە سوپاسی خودای لێ دەکەوێتەوە.

١٢چونکە کردنی ئەم ڕاژەیە تەنها پێویستی پارساکان پڕ ناکاتەوە، بەڵکو سوپاسکردنی زۆر بۆ خودا زیاد دەکات.

١٣ بە ئەزموونی ئەم ڕاژەیە، خودا شکۆدار دەکەن لەسەر گوێڕایەڵی دانپیانانتان بە ئینجیلی مەسیح و دەستفراوانی دابەشکردنتان بۆیان و بۆ هەمووان.

١٤ هەروەها لە پاڕانەوەیان بۆ ئێوە، تامەزرۆی ئێوەن لەبەر ئەو بەخششە لە ڕادەبەدەرەی خودا کە پێتان دراوە.

١٥ سوپاس بۆ خودا لە پێناوی ئەم بەخشینەی کە بە دەم باس ناکرێت.

دووەم قۆرنتێ 10

١ خۆم وەک پۆڵۆس، بە نیانیی مەسیح داواتان لێ دەکەم کەوا دەڵێن شەرمنم کاتێ ڕووبەڕووم لەگەڵ ئێوە، بەڵام بەسەرتانەوە بوێرم کە لێتان دوورم.

٢ داواکارم کە ئامادەبم بوێر نەبم بەو متمانەیەی کە دەبینم، لەگەڵ هەندێک دەوێرم کە وادەزانن ئێمە بەگوێرەی جەستە دەژین.

٣هەرچەندە لە جەستەدا دەژین، بەگوێرەی جەستە ناجەنگین.

٤ چونکە چەکی جەنگکردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە خوداوە توانای ڕوخاندنی قەڵای هەیە،

٥ هەموو گومانێک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانینی خودا بەرز بێتەوە دەیڕوخێنین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین.

٦ ئامادەین کاتێ گوێڕایەڵیتان تەواو بێت سزای هەموو یاخیبوونێک بدەین.

٧ ئێوە سەیری ڕواڵەت دەکەن. ئەگەر یەکێک دڵنیابێت کە خۆی هی مەسیحە، با بۆ خۆی بزانێت: وەک ئەو هی مەسیحە، ئێمەش هی مەسیحین!

٨ چونکە ئەگەر تۆزێک زیاتر شانازیم بە دەسەڵاتمان کردبێت ئەوەی پەروەردگار داویەتی بۆ بنیادنانتان نەک بۆ ڕوخاندن، شەرمی پێوە ناکەم.

٩ نامەوێ وا دەرکەوم کەوا بە پەیامەکان دەتانترسێنم.

١٠ چونکە هەندێک دەڵێن: "پەیامەکان قورس و بەهێزن، بەڵام ئامادەبوونی خۆی لاوازە و قسە بەتاڵە".

١١ با ئەم کەسە بزانێت، وەک ئەوەی لە قسەی پەیامەکانە کە دوورین، بە کارکردنیش ئاوا ئامادەین.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ چونکە ناوێرین خۆمان لەگەڵ ئەوانە پۆلین یان بەراورد بکەین کە ستایشی خۆیان دەکەن. بەڵکو کە خۆیان بە خۆیان دەپێون و خۆیان بە خۆیان بەراورد دەکەن، تێناگەن!

١٣ بەڵام ئێمە زیاد لە پێوانە شانازی ناکەین، بەڵکو بەگوێرەی پێوانەی ئەو سنوورەی خودا بۆی داناوین، تا ئاستێک کە بگەینە ئێوەش.

١٤ چونکە سنووری خۆمان نابڕین وەک پێتان نەگەین، چونکە لە ئینجیلی مەسیحدا گەیشتینە ئێوەش.

١٥ زیاد لە پێوانە شانازی بە ڕەنجی خەڵکی ناکەین، بەڵکو وەک هیوادارین، وا باوەڕتان گەشە دەکات، لەنێوانتاندا سنوورمان زۆر زیاد دەبێت،

١٦ تاکو موژدە بدەینە هەرێمەکانی دوورتر لە ئێوەش، نابێت شانازی بکەین بەو کارەی لە سنووری یەکێکی دیکە کراوە.

١٧ "ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە پەروەردگارەوە بکات".

١٨ چونکە ئەوەی ستایشی خۆی دەکات پەسەند نییە، بەڵکو ئەوەی ستایشی پەروەردگار دەکات.

دووەم قۆرنتێ 11

١ هیوادارم بەرگەی هەندێک گێلایەتی من بگرن! هەرچەندە بەرگەشم دەگرن.

٢دڵگەرمییەکی خوداییانە دڵگەرمیم بۆتان هەیە، چونکە لە یەک پیاو نیشانم کردن، تاکو وەک پاکیزەیەکی بێگەرد پێشکەشی مەسیحتان بکەم.

٣ بەڵام دەترسم، وەک مارەکە حەوای بە فێڵەکەی خەڵەتاند، هزری ئێوەش لەو ساکاریە بۆ مەسیح چەواشە بکرێت.

٤ چونکە ئەگەر یەکێک بێ و ئیشۆعێکی دیکە ڕابگەیەنێت جیاواز لەوەی ڕامانگەیاند، یان ڕووحێکی دیکە وەرگرن جیاواز لەوەی وەرتانگرت، یان ئینجیلێکی دیکە جیاواز لەوەی وەرتانگرت، ئەوا باش بەرگە دەگرن.

٥وا دەزانم هیچم لەو پەیامبەرە بەرزانە کەمتر نییە.

٦ ئەگەر لە قسەکردن زمان پاراو نیم، خۆ زانینم هەیە، بەڵکو ئێمە لە هەر لایەک و لە هەموو شتێک بۆ ئێوەمان دەرخست.

٧ یاخود گوناهم کردووە کە خۆم نزم کردەوە تاکو ئێوە بەرز ببنەوە، چونکە بەخۆڕایی موژدەی ئینجیلی خودام بۆ ڕاگەیاندن؟

٨ وارگەکانی دیکەم تاڵان کرد کە خەرجیم لێیان وەرگرت لەپێناوی ڕاژەکەتان.

٩ کە لەگەڵتان بووم و پێویستیم هەبوو، قورساییم نەخستە سەر کەس، چونکە برایان لە ماقیدۆنیاوە هاتن پێویستییەکانی منیان پڕکردەوە. لە هەموو شتێکدا خۆم پاراست تا قورسایی نەخەمە سەرتان، خۆشمی لێ دەپارێزم.

١٠ وەک ڕەوای مەسیح لە مندایە، لە ناوچەکانی ئەخائیە ئەم شانازیەم لێ ناسەندرێتەوە.

١١ بۆچی؟ ئایا چونکە ئێوەم خۆشناوێت؟ خودا دەزانێت.

١٢بەڵام ئەوەی دەیکەم، وا دەیکەم، تاکو هەلی هەڵپەرستان ببڕم کە دەیانەوێت دەرییخەن لەوەی شانازی پێوە دەکەن گوایە ئەوان وەک ئێمەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ چونکە ئەمانە پەیامبەری درۆزنن، کارگەری فێڵبازن، خۆیان بۆ شێوەی پەیامبەری مەسیح دەگۆڕن.

١٤ سەیر نییە، چونکە شەیتان خۆی بۆ شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەگۆڕێت!

١٥ کەواتە شتێکی گەورە نییە ئەگەر ڕاژەوانانی خۆیان بۆ شێوەی ڕاژەوانی خوداناسی بگۆڕن. دواڕۆژیان بەگوێرەی کرداریان دەبێت.

١٦ دیسان دەیڵێمەوە. کەس بە گێلم نەزانێت. ئەگینا وەک گێلێک پەسەندم بکەن، تاکو منیش تۆزێک شانازی بکەم.

١٧ لەم بوێریەدا بۆ شانازیکردن، ئەوەی دەیڵێم بەگوێرەی پەروەردگار نییە، بەڵکو وەک لە گێلایەتی بێت.

١٨ کە زۆر کەس بەگوێرەی جەستە شانازی دەکەن، منیش شانازی دەکەم.

١٩ کە بە شادییەوە بەرگەی گێلەکان دەگرن، چونکە خۆتان ئەوەندە دانان!

٢٠چونکە ئەگەر یەکێک ئێوە بکاتە کۆیلە بەرگە دەگرن! ئەگەر یەکێک بتانخوات! ئەگەر یەکێک بۆ خۆی بتانقۆزێتەوە! ئەگەر یەکێک خۆی بەرز بکاتەوە! یاخود ئەگەر یەکێک لە ڕووتان بدات! بەرگە دەگرن!

٢١ بۆ شەرمەزاریم، پێویستە بڵێم سەبارەت بەمە چەند لاواز بووین! لە چی ئەوان ئازان بە گێلایەتی دەڵێم منیش تیایدا ئازام.

٢٢ ئایا ئەوان عیبرانین؟ منیش. ئایا ئیسرائیلین؟ منیش. ئایا نەوەی ئەوڕاهەمن؟ منیش.

٢٣ ئایا ڕاژەوانی مەسیحن؟ وەک مێشک تێکچووێک دەڵێم من باشترم. من زیاتر ڕەنجم داوە، لە لێدان زیاتر، لە زیندان زیاتر، ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ زۆر جار.

٢٤ جوو پێنج جار چل قامچی کەم یەکیان لێداوم،

٢٥ سێ جار دارکاری کراوم، جارێک بەردباران کراوم، سێ جار لە کەشتیدا بووم و شکاوە، شەو و ڕۆژێکم لە قووڵایی دەریادا بەسەربرد.

٢٦ لە گەشتی زۆردا، کەوتوومەتە مەترسی لافاو و مەترسی چەتە، مەترسی گەلەکەم و مەترسی نەتەوەکان، مەترسی لە شار و مەترسی لە دەشت، مەترسی لە دەریا و مەترسی برایانی درۆزن،

٢٧ بە ڕەنجدان و ماندووبوون، بە بێداریی زۆر، بە برسێتی و تینوێتی، بە ڕۆژووگرتنی زۆر، بە سەرما و ڕووتی.

٢٨ ئەمانە هەموو لەلایەك: ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگیدان بە هەموو وارگەکان لەسەرم کەڵەکە دەبێت.

٢٩ کێ لاواز دەبێ و من لاواز نابم؟ کێ کەوتۆتە گوناه و من ناسووتێم؟

٣٠ ئەگەر شانازی پێویست بێت، ئەوا بە شتەکانی لاوازیم شانازی دەکەم.

٣١ خودا، باوکی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار ئەوەی تاهەتایە پیرۆز دەکرێت دەزانێت درۆ ناکەم.

٣٢ لە درەمسوق، فەرمانڕەواکەی ئاریتاسی پاشا پاسەوانی شاری درەمسوقییەکانیان دەکرد، بۆ گرتنم.

٣٣ بەڵام لەنێو سەبەتەدا و لە پەنجەرەی شووراکە منیان شۆڕکردەوە و لە دەستی ڕزگار بووم.

دووەم قۆرنتێ 12

١ باش نیە شانازی بکەم، جا بۆ بینینی پەروەردگار و ئاشکراکراوی ئەو دێم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ مرۆڤێک دەناسم لە مەسیحدا، پێش چوارده ساڵ بۆ ئاسمانی سێیەم ڕفێندرا، ئایا بە لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت.

٣ دەزانم ئەم مرۆڤە بە لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت

٤بۆ بەهەشت ڕفێندرا، قسەیەکی بیست کە دەرنابڕدرێت و مرۆڤ نابێت باسی بکات.

٥ بەمە شانازی دەکەم، بەڵام شانازی بەخۆم ناکەم، مەگەر بە لاوازییەکانم.

٦ چونکە ئەگەر بمەوێت شانازی بکەم، گێل نابم، چونکە ڕەوا دەڵێم، بەڵام خۆم دەپارێزم نەوەک یەکێک وا لە من بگات زیاتر لەوەی دەمبینن و لێم دەبیستن.

٧ نەوەک بە گەورەیی ئاشکرا کراوان لووتبەرز بم، لە جەستەدا دڕکێکم بێ درا، فریشتەی شەیتان ئازارم دەدات، تاکو لووتبەرز نەبم.

٨ بۆ ئەمە سێ جار لە پەروەردگار پاڕامەوە لە کۆڵم بکاتەوە،

٩ پێی فەرمووم: "بەخششی منت بەسە، چونکە هێزی من لە لاوازی تەواو دەبێت". بۆیە بەوپەڕی شادییەوە شانازی بە لاوازیم دەکەم، تاکو هێزی مەسیح بێتە سەرم.

١٠ بۆیە لە پێناوی مەسیحدا، بە لاوازی و جنێودان و ناخۆشی و چەوسانەوە و تەنگانە دڵخۆش دەبم، چونکە هەر کاتێ لاوازبم ئەوا بەهێزم.

١١ بوومە گێل و شانازیم کرد، ئێوە ناچارتان کردم! چونکە دەبووایە لەلایەن ئێوەوە ستایش بکرێم، چونکە هیچم لە پەیامبەرە بەرزەکان کەمتر نییە، هەرچەندە هیچ نیم.

١٢ بەوپەڕی دانبەخۆداگرتنەوە پەرجوەکانی پەیامبەر لەنێوانتاندا ئەنجام دراوە، بە نیشانە و کاری سەیر و پەرجو.

١٣ چونکە چیتان لە وارگەکانی دیکە کەمترە، جگە لەوەی خۆشم بارم گران نەکردوون؟ لەم هەڵەیە بمبەخشن!

١٤ ئەوا سێیەم جارە ئامادەم بێمە لاتان، نابمە بارگرانیش. چونکە داوای شتەکانتان ناکەم، بەڵکو خۆتان. چونکە منداڵ بۆ دایباب کۆناکاتەوە، بەڵکو دایباب بۆ منداڵ.

١٥منیش بەوپەڕی شادییەوە بۆ ئێوە خەرج دەکەم و خۆم خەرجی دەکەم. ئەگەر ئێوەم زۆرتر خۆشدەوێت، ئایا کەمتر منتان خۆشدەوێت!

١٦ با وابێت، بارم گران نەکردوون. بەڵام کە فێڵبازم، بە فێڵ لێم سەندوون!

١٧ ئایا بەوانەی بۆم ناردوون چڵێسیم هەبووە؟

١٨ لە تتوس پاڕامەوە و براکەم لەگەڵیدا نارد. ئایا تتوس چڵێسیی هەبوو؟ ئایا بە هەمان ڕووح ڕەفتار ناکەین، بە هەمان هەنگاو ناڕۆین؟

١٩ ئایا لەو باوەڕەدان ئەم هەمووە بۆ بەرگریکردن لە خۆمان دەیڵێین؟ لەبەردەم خودا لە مەسیحدا دەدووێن، هەموو شتێک بۆ بنیادنانتانە، ئەی خۆشەویستان.

٢٠ چونکە دەترسم کاتێ بێم و وەک دەمەوێت نەتانبینم، ئێوەش وا بمبینن کە نەتانەوێت. نەوەک ناکۆکی، ئیرەیی، تووڕەیی، تاقمکاری، بوختان، غەیبەت، لەخۆباییبوون، شێوان هەبێت.

٢١ نەوەک بێمەوە، خودام لەلاتان نزمم بکاتەوە و زۆر خەفەت بخۆم لەوانەی پێشتر گوناهیان کردووە، کەچی تۆبەیان نەکردووە لەو گڵاوی و داوێنپیسی و بەدڕەوشتییەی کردوویانە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم قۆرنتێ 13

١ ئەمە سێیەم جارە دێمە لاتان. ‘‘هەر بابەتێک لەسەر زاری دوو یان سێ گەواهیدەر دەسەلمێنرێت’’.

٢ پێشتر وتوومە وەک دووەم جار لەلاتان بووم و ئێستا دوورم دەیڵێمەوە، بۆ ئەوانەی پێشتر گوناهیان کرد و بۆ هەموو ئەوانی دیکەش. کە دێمەوە بەزەییم نابێت،

٣ چونکە ئێوە داوای بەڵگە دەکەن کەوا مەسیح لە مندا دەدوێت. کە بۆتان لاواز نییە، بەڵکو لەنێوتاندا بەهێزە.

٤ چونکە هەرچەندە لە لاوازیدا لەخاچدرا، بەڵام بە هێزی خودا زیندووە. ئێمەش لەودا لاوازین، کەچی بە هێزی خودا لەگەڵ ئەودا بۆ ئێوە دەژین.

٥ خۆتان ئەزموون بکەن ئاخۆ لە باوەڕدان. لە خۆتان بکۆڵنەوە. ئایا نازانن کە ئیشۆعی مەسیح لە ئێوە دایە؟ تەنها ئەگەر لە ئەزموون کەوتووبن.

٦ بەڵام هیوادارم بزانن کە ئێمە نەکەوتووین.

٧ ئینجا نوێژ بۆ خودا دەکەم هیچ خراپەیەک نەکەن، ئەمەش نەک دەربخەین ئێمە سەلمێندراوین، بەڵکو تاکو چاکە بکەن، هەرچەندە ئێمە وەک کەوتوو بین.

٨ چونکە ناتوانین هیچ شتێک لە دژی ڕەوا بکەین، بەڵکو لە پێناوی ڕەوا.

٩ چونکە ئێمە شادین کە لاوازین و ئێوە بەهێزن، نوێژی ئێمەش بۆ تەواویی ئێوەیە.

١٠ بۆیە ئەمانە دەنووسم و دوورم، تاکو کە لەلاتان ئامادەبم ڕەق نەجوڵێمەوە، بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پەروەردگار پێی داوم بۆ بنیادنان، نەک ڕوخاندن.

١١ لە کۆتاییدا، برایان، دڵشاد بن. بۆ تەواوی هەوڵ بدەن، یەکتری هانبدەن، هاوبیر بن، بە ئاشتی بژین. ئەوسا خوداوەندی خۆشویستن و ئاشتی لەگەڵتان دەبێت.

١٢ بە ماچێکی پارسا سڵاو لە یەکتری بکەن.

١٣ هەموو پارساکان سڵاوتان لێدەکەن.

١٤ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان و خۆشویستنی خودا و هاوبەشیی ڕووحی پارسا لەگەڵ هەمووتان بێت.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

گەڵاتیە

گەڵاتیە 1

١ پۆڵۆسی پەیامبەر ئەوەی نە لەلایەن خەڵک و نە بەهۆی مرۆڤێکە، بەڵکو لەلایەن ئیشۆعی مەسیح و
خودای باوکە، کەوا لەنێو مردووان هەستاندیەوە و
٢ هەموو ئەو برایانەی لەگەڵمدان، بۆ وارگەکانی گەڵاتیە:
٣ بەخشش و ئاشتیی خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار بۆئێوە،
٤ ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان خۆیی بەخشی، تاکو بەگوێرەی خواستی خودا و باوکمان، لەم ڕۆژگارە
خراپەی ئێستا ڕزگارمان بکات.
٥ تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە. ئامین.
٦ پێم سەیرە چۆن وا بە خێرایی، لەوەی بە بەخششی مەسیح بانگیکردوون، بۆ ئینجیلێکی دیکە وەردەگەڕێن!
٧ ئینجیلێکی دیکە نییە، بەڵکو هەندێ کەس دەیانەوێت سەرتان لێ بشێوێنن و ئینجیلی مەسیح بگۆڕن.
٨ بەڵام تەنانەت ئەگەر ئێمە یان فریشتەی ئاسمان ئینجیلێکمان پێدان، جگە لەو ئینجیلەی ئێمە پێمان دان، با
"ئەناتیما" بێت.
٩ وەک پێشتر پێمان وتوون ئێستاش پێتان دەڵێمەوە: ئەگەر یەکێک ئینجیلێکی پێدان جگە لەوەی پەسەندتان
کرد، با "ئەناتیما" بێت.
١٠ ئایا ئێستا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵک هەوڵ دەدەم، یاخود ڕەزامەندی خودا؟ یان ئایا داوای ئەوە
دەکەم خەڵک ڕازی بکەم؟ ئەگەر تا ئێستا خەریکی ڕازیکردنی خەڵک بوومایە، ئەوا نەدەبوومە بەندەی
مەسیح.
١١ پێتان دەڵێم، برایان، ئەو ئینجیلەی کە ڕامگەیاندووە، لە مرۆڤەوە نییە.
١٢ لە مرۆڤیشم وەرنەگرتووە و فێریش نەکراوم، بەڵکو بە ئاشکراکردنی ئیشۆعی مەسیحە.
١٣ چونکە سەربوردەی منتان بیستووە لە ئایینی جوو، دڕندانە وارگەی خودام دەچەوساندەوە و هەوڵم داوە
لەناوی ببەم.
١٤ لە ئایینی جوو پێش زۆربەی خەڵک کەوتم لە نەوەی خۆم، زۆر دڵگەرمتر بووم لەوان بۆ دابونەریتی
باوکان.
١٥ بەڵام کاتێ خودا کە لە سکی دایکمەوە تەرخانی کردم و بە بەخششی خۆی بانگیکردم خۆشحاڵ بوو
١٦ ڕۆڵەکەی لە مندا دەربکەوێت، تاکو لەنێو نەتەوەکاندا موژدە بدەم، یەکسەر ڕاوێژم بە گۆشت و خوێن
نەکرد،
١٧ سەرنەکەوتمە یروشلایم بۆ لای ئەوانەی پێش من پەیامبەر بوون، بەڵکو ڕۆیشتم بۆ عەرەبستان و دیسان
گەڕامەوە درەمسوق.١٨ ئینجا دوای سێ ساڵ سەرکەوتمە یروشلایم، بۆ ئەوەی پەترۆس بناسم، پازدە ڕۆژ
لای ئەو مامەوە.
١٩ بەڵام جگە لە یاقووی برای پەروەردگار هیچ پەیامبەرێکی دیکەم نەبینی.
٢٠ خودا دەزانێت ئەوەی بۆتانی دەنووسم درۆ نییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ دوایی چوومە هەرێمەکانی سوریا و قیلیقیا.

٢٢بەڵام هێشتا لەلای وارگەکانی ئیهوود کە لە مەسیحن بە ڕوخسار نەناسرابووم،

٢٣ بەڵام بیستبوویان: ‘‘ئەوەی جاران ئێمەی دەچەوساندەوە، ئێستا موژدەی ئەو باوەڕە دەدات، کە جاران لەناوی دەبرد’’.

٢٤ بەهۆی منەوە خودایان شکۆدار دەکرد.

گەڵاتیە 2

١ دوای چواردە ساڵ، لەگەڵ بەرنڤا سەرکەوتمەوە یروشلایم، تتوسم لەگەڵ خۆم برد.

٢سەرکەوتنەکەم بەگوێرەی ئاشکراکردنێک بوو، ئەو ئینجیلەی کە لەنێو نەتەوەکان ڕایدەگەیەنم، خستمە بەردەمیان، بەڵام بۆ گەورە پیاوان بە تەنها، تاکو ئەوەی بۆی کۆشش دەکەم و کۆششم کردووە بە فیڕۆ نەڕوات.

٣ بەڵام تەنانەت تتوس کە لەگەڵم بوو، یۆنانیش بوو، ناچارنەکرا خۆی خروسەبڕان بکات.

٤ بەڵام بەهۆی هەندێک برایانی درۆزن کە بە نهێنی هاتبوونە ناومان، بۆ سیخوڕی کردن لەسەر ئەم ئازادییەی لە ئیشۆعی مەسیحدا هەمانە خزابوونە نێومان، تاکو بمانکەنە کۆیلە.

٥ بۆ کاژێرێکیش ملکەچیان نەبووین، تاکو ڕەوای ئینجیل لەگەڵتان بمێنێتەوە.

٦بەڵام ئەوانەی بە گەورە پیاو دادەنران هەرچییەک بن، بەلای منەوە گرنگ نییە، چونکە خودا تەماشای ڕواڵەتی مرۆڤ ناکات ئەوان هیچیان بۆ پەیامەکەم زیاد نەکرد.

٧ بەڵکو بە پێچەوانەوە، بینییان کە ئینجیل بۆ خروسەنەبڕاوان بە من سپێردراوە، وەک ئینجیل بۆ خروسەبڕاوان بە پەترۆس.

٨ چونکە خودا بەهۆی پەترۆس وەک پەیامبەر بۆ خروسەبڕاوان کاری دەکرد، لە منیشدا بۆ نەتەوەکان کاری دەکرد.

٩ کاتێ یاقوو و کیپە و یوخەننەن کە بە کۆڵەگە دانرابوون، بەم بەخششەیان زانی کە بە من دراوە، ئەوسا ئەوان دەستی ڕاستی هاوبەشیان بۆ من و بەرنڤا درێژ کرد، تاکو ئێمە بۆ نەتەوەکان و ئەوانیش بۆ خروسەبڕاوان بڕۆن.

١٠ تەنها داوایان کرد هەژاران لەیاد نەکەین، ئەمەش شتێکە هەمیشە کۆششم بۆی کردووە.

١١ بەڵام کاتێ پەترۆس هاتە ئینتیاکیا، ڕووبەڕوو بەربەرەکانێم کرد، چونکە گلەیی لەسەر بوو.

١٢ چونکە پێشتر کەسانێک لەلای یاقووەوە هاتبوون، لەگەڵ نەتەوەکان نانی دەخوارد، بەڵام کاتێ ئەوان هاتن، لە ترسی ئەوانەی لە خروسەبڕاوانن، خۆی کێشایەوە.

١٣ جووەکانی دیکەش لەگەڵیدا دەستیان بە ڕووپامایی کرد، تەنانەت بەرنڤاش بە ڕووپامایيان چەواشە بوو.

١٤ کاتێ بینیم بەگوێرەی ڕێگای ڕاستی ئینجیل ناڕۆن، لەبەرچاوی هەمووان بە پەترۆسم وت: ‘‘ئەگەر تۆ جووی، وەک نەتەوەکان دەژیت نەک وەک جوو، ئیتر چۆن ئەو نەتەوانە ناچار دەکەیت وەک جوو بژین؟’’

١٥ ئێمە بە جوویی لەدایکبووین و لە نەتەوە گوناهبارەکان نین،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە تەورات بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە ئیشۆعی مەسیح. جا ئێمە باوەڕمان بە ئیشۆعی مەسیح هێنا تاکو بە باوەڕ بە مەسیح بێتاوان بکرێین، ئەمەش نەک بە کارکردن بە تەورات، چونکە لە ڕێی کارکردن بە تەورات کەس بێتاوان ناکرێت.

١٧ ئەگەر داواکارین بێتاوان بین لە مەسیحدا، خۆمان گوناهبارین، ئیتر ئایا مەسیح ڕاژەوانی گوناهە؟ حاشا!

١٨چونکە ئەگەر شتێک بنیاد بنێمەوە کە لەپێشا تێکمدابێت، ئەوا دەیسەلمێنم کە سەرپێچیکارم.

١٩چونکە بەهۆی تەورات بۆ تەورات مردم، تاکو بۆ خودا بژیم.

٢٠ من لەگەڵ مەسیح لەخاچدرام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژیێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژیێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە ڕۆڵەی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و لەپێناوی من خۆی بەدەستەوە دا.

٢١من بەخششی خودا پووچەڵ ناکەمەوە، چونکە ئەگەر بێتاوانی بە تەورات بووایە، ئەوا مردنی مەسیح بێ هۆ بوو!

گەڵاتیە 3

١ ئەی گەڵاتیەییە گێلەکان! کێ جادووی لێکردوون بۆئەوەی ملکەچی ڕەوا نەبن؟ لەپێش چاوتان وێنەی ئیشۆعی مەسیح بە لەخاچدراوی کێشرا!

٢ تەنها دەمەوێ ئەوەتان لێ فێربم: ئایا بە کارکردن بە تەورات ڕووحی پارساتان وەرگرت، یاخود بە باوەڕ بەوەی بیستتان؟

٣ ئایا تاکو ئەم ڕادەیە گێلن! کە بە ڕووحەکە دەستتان پێکرد، ئێستا بە جەستە تەواوی دەکەن؟

٤ ئایا لەخۆڕایی ئەوەندە ئازارتان چێژت؟ ئایا بە ڕاستی لەخۆڕایی بوو!

٥ ئەوەی ڕووحتان پێ دەبەخشێ و لەنێوانتاندا پەرجو دەکات، ئایا بە کارکردن بە تەوراتە، یاخود بە باوەڕ بەوەی بیستراا؟

٦ وەک چۆن ''ئەوڕاهەم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە بێتاوانی بۆ دانرا''.

٧ جا بزانن ئەوانەی لە باوەڕدان، نەوەی ئەوڕاهەمن.

٨ سیپارەکە پێشتر بینیویەتی کە خودا نەتەوەکان بەهۆی باوەڕ بێتاوان دەکات، پێشتر موژدەی بە ئەوڕاهەمی دا، پێی فەرموو: ''بە تۆوە هەموو نەتەوەکان دارشت دەکرێن''.

٩ کەواتە ئەوانەی باوەڕدارن، لەگەڵ ئەوڕاهەمی باوەڕدار دارشت دەبن.

١٠ چونکە هەموو ئەوانەی پشت بە کرداری تەورات دەبەستن، لە ژێر نەفرەتدان، چونکە نووسراوە: ''هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سیپارەکانی تەورات جێگیر نەبێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە''.

١١ ئاشکرایە لە بەرامبەر خودا کەس بە تەورات بێتاوان ناکرێت، چونکە: ''بێتاوان بە باوەڕ دەژیێت''.

١٢ بەڵام تەورات پشت بە باوەڕ نابەستێت، بەڵکو: ''ئەوەی بیانکات، پێیان دەژیێت''.

١٣ مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی تەورات کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت چونکە نووسراوە: ''هەر کەسێک لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت لێکراوە''.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ تاکو لە ئیشۆعی مەسیحدا دارِشتی ئەوِراهەم بۆ نەتەوەکان بێت، بۆ ئەوەی بە باوەڕ بەڵێنی ڕووحەکە بەدەست بهێنین.

١٥ برایان، با پەندیەکی مرۆڤانەتان بۆ بهێنمەوە: ئەگەر یەکێک پەیمانێکی مۆرکراوی پێ بێت، کەس ناتوانێت پووچەڵی بکاتەوە یاخود شتێکی بخاتە سەر.

١٦ هەروەک بەڵێنەکان بۆ ئەوِراهەم و نەوەکەی وتراوە. نافەرموێت: "بە نەوەکان" وەک ئەوەی زۆر بن، بەڵکو "بە نەوەی تۆ"، واتا یەک، ئەوەی مەسیحە.

١٧ مەبەستم ئەوەیە: ئەو تەوراتەی پاش چوار سەد و سی ساڵ هات، پەیمانی چەسپاوی پێشووی خودا بەتاڵ ناکاتەوە، تاکو بەڵێنەکە بشکێنێت.

١٨ چونکە ئەگەر میرات بە تەورات هەبێت، ئیتر بە بەڵێن نییە. بەڵام خودا بە بەخششی خۆی بەڵێنی بە ئەوِراهەم دا.

١٩ کەواتە تەورات بۆ چییە؟ بە سەرپێچیکردنەکان زیادکراوە، تاکو ئەو کاتەی نەوەی بەڵێنپێدراو دێت، بە ڕێگای فریشتەکان بە دەستی نێوانگرێک ڕێکخرا.

٢٠ نێوانگر تەنها نوێنەری یەک لایەن نییە، بەڵام خودا یەکە.

٢١ ئایا تەورات دژی بەڵێنەکانی خودایە؟ حاشا! چونکە ئەگەر تەوراتێک بدرابایە توانای ژیان بەخشینی هەبووایە، ئەوا بە ڕاستی بێتاوانبوون بە تەورات دەبوو.

٢٢ بەڵام پەرتووکەکە هەمووی کردۆتە بەندی گوناه، تاکو ئەو بەڵێنەی بە باوەڕ دراوە لە ئیشۆعی مەسیح، بدرێتە ئەوانەی باوەڕ دەهێنن.

٢٣ بەڵام پێش ئەوەی باوەڕ بێت، لەلایەن تەوراتەوە بەند کرابووین، لە ژوورەوە کرابووین تاکو ئاشکراکردنی باوەڕەکەی داهاتوو.

٢٤ کەواتە، تاکو هاتنی مەسیح تەورات تەمبێکارمان بوو، تاکو بە باوەڕ بێتاوان بکرێین.

٢٥ بەڵام دوای هاتنی باوەڕ، ئێمە ئیتر لە ژێر سایەی تەمبێکار نین.

٢٦ چونکە هەمووتان بە باوەڕ بە ئیشۆعی مەسیح ڕۆڵەی خودان،

٢٧ چونکە هەمووتان کە لە مەسیحدا عەمادکراون مەسیحتان پۆشیوە.

٢٨ جوو و یۆنانی نییە، کۆیلە و ئازاد نییە، نێر و مێ نییە، چونکە هەمووتان لە ئیشۆعی مەسیحدا یەکن.

٢٩ جا ئەگەر ئێوە بۆ مەسیح بن، ئەوا لە نەوەی ئەوِراهەمن و بەگوێرەی بەڵێنەکە میراتگرن.

گەڵاتیە 4

١ پێتان بڵێم: ئەگەر میراتگر ناکام بێت جیاوازی نابێت لەگەڵ کۆیلە، هەرچەندە خاوەنی هەموو میراتەکەیە،

٢ بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی سەرپەرشتیکار و سەرکار دەمێنێتەوە تاکو ئەو ماوەیەی کە باوکی دیاری کردووە.

٣ ئێمەش بە هەمان شێوە، کاتێ ناکام بووین کۆیلەی دەستی بنەماکانی جیهان بووین.

٤ بەڵام کە پڕی زەمانە داهات، خودا ڕۆڵەی خۆی نارد، لە کچێک لەدایکبوو، لە سایەی تەورات لەدایکبوو،

٥ تاکو ببێتە قوربانی بۆ ئەوانەی کە لە سایەی تەوراتدان، تاکو وەک ڕۆڵایەتی بەدەست بهێنین.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ چونکە ئێوە ڕۆڵەن، خودا ڕووحی ڕۆڵەکەی خۆی نارد دڵتانەوە، بە هاوارەوە دەیفەرموو: "بابە! باوکە!"

٧ کەواتە ئیتر کۆیلە نیت، بەڵکو ڕۆڵەیت، ئەگەر ڕۆڵەش بیت، ئەوا لەمەسیحدا میراتگریت.

٨ بەڵام لەو کاتەی خوداتان نەدەناسی، کۆیلەی ئەوانە بوون کە بە سروشت خوداوەند نین.

٩بەڵام ئێستا خودا دەناسن، ڕاستتریش لەلای خوداوە ناسران، ئایا چۆن دیسان دەگەڕێنەوە لای بنەما لاواز و هەژارەکان کە دەتانەوێ سەرلەنوێ ببنەوە کۆیلەی ئەوانە؟

١٠ ئایا بایەخ بە ڕۆژ و مانگ و وەرز و ساڵان دەدەن؟

١١ دەترسم بەخۆڕایی لە پێناوتان ماندووبووبم.

١٢ برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، وەک من بن، چونکە منیش وەکو ئێوەم لێهات. هەڵەتان لەگەڵم نەکردووە.

١٣ بەڵام دەزانن لە یەکەمجاردا بە لاوازیی جەستە موژدەم پێدان،

١٤ ئەزموونی جەستەییم بۆ ئێوە بوو، بە چاوێکی سووک سەیرتان نەکردم و ڕقتان لێم نەبووەوە، بەڵکو وەک فریشتەیەکی خودا پەسەندتان کردم، وەک ئیشۆعی مەسیح.

١٥ ئەو خۆشییەتان چی بەسەرهات؟ چونکە گەواهیتان بۆ دەدەم ئەگەر بتانتوانیبایە چاوی خۆتان دەردەهێنا و دەتاندامێ.

١٦ ئایا ئێستا بوومە دوژمنی ئێوە، چونکە ڕاستیتان پێ دەڵێم؟

١٧ ئەوانە دڵگەرمن بۆ ئێوە، نیازیان باش نییە، بەڵکو دەیانەوێت بتانترازێنن تاکو بۆ ئەوان دڵگەرم بن.

١٨ دڵگەرمی شتێکی باشە، ئەگەر هەموو کاتێ بە مەبەستێکی پاک بێت، نەک تەنها ئەو کاتەی من لەگەڵتان بم.

١٩ ڕۆڵەکانم، جارێکی دیکە لە پێناوتان ژانی منداڵبوون دەچێژم، تاکو وێنەی مەسیح لە ژیانتان بەرجەستە بێت،

٢٠بەڵام دەمویست ئێستا لەگەڵتان بم، تاکو بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵتان بدوێم، چونکە سەرم لە ئێوە سوڕماوە.

٢١ ئەی ئەوانەی حەزدەکەن لە ژێر سایەی تەورات بن، پێم بڵێن: ئایا تەورات نابیستن؟

٢٢چونکە نووسراوە کە ئەوڕاهەم دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان لە کەنیزەکە، ئەوی دیکەیان لە ئازادەکە.

٢٣ ئەوەی لە کەنیزەکە بوو بەگوێرەی جەستە لەدایکبوو، بەڵام ئەوەی لە ئازادەکە، بە بەڵێن بووە.

٢٤ هەموو ئەوانەش هێمان. چونکە ئەمانە دوو پەیمانەکەن، یەکێکیان لە شاخی سینەیە، بۆ کۆیلایەتی منداڵی دەبێت، ئەوەش هاجەرە.

٢٥ چونکە هاجەر شاخی سینەیە لە عەرەبستان، ئەو یروشلایمەی ئێستا دەنوێنێت، ئەویش لەگەڵ منداڵەکانی کۆیلەن.

٢٦ بەڵام یروشلایمی سەرەوە ئازادە، کە دایکی هەموومانە،

٢٧ چونکە نووسراوە: "دڵشادبە ئەی نەزۆک، ئەوەی منداڵت نەبووە، بە دەنگی بەرز هاوار بکە، ئەوەی ژانی منداڵبوون نازانیت، چونکە منداڵی ژنی بەجێهێڵدراو زیاترە لەوەی مێردی لەگەڵیەتی".

٢٨ بەڵام ئێمە، برایان، وەک ئسخەق منداڵی بەڵێنین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٩ جا چۆن لە کاتێکدا ئەوی بەگوێرەی جەستە لەدایکبوو، ئەوەی چەوساندەوە کە بەگوێرەی ڕووح لەدایکببوو، ئێستاش ئاوایە.

٣٠ بەڵام سیپارەکە چی دەفەرمووێ؟: "کەنیزەکە و کوڕەکەی قاوبدە، چونکە کوڕی کەنیزەکە لەگەڵ کوڕی ئازادەکە میراتگر نابێت".

٣١ کەواتە برایان، ئێمە ڕۆڵەی کەنیزەکە نین، بەڵکو ڕۆڵەی ئازادەکەین.

گەڵاتیە 5

١ بۆ ئازادیی مەسیح ئازادی کردین. بۆیە جێگیر بن و جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلایەتی مەبن.

٢ من پۆڵۆسم پێتان دەڵێم: ئەگەر خروسەبڕان بکرێن ئەوا مەسیح هیچ سوودێکی بۆتان نابێت!

٣ بەڵام گەواهیی دەدەم، هەر مرۆڤێک خروسەبڕان بکرێت، دەبێت کار بە هەموو تەوارت بکات.

٤ ئەی ئەوانەی دەتانەوێت بە تەورات بێتاوان بکرێن، ئەوا لە مەسیح جیا بوونەوە، لە بەخششی خودا کەوتن.

٥ چونکە ئێمە بە ڕووح، بە باوەڕ، چاوەڕێی هیوای بێتاوانکردنین.

٦ چونکە لە ئیشۆعی مەسیحدا خروسەبڕان و خروسەنەبڕان سوودیان نییە، بەڵکو ئەو باوەڕەی بە خۆشویستن کاردەکات.

٧ باش کۆششتان دەکرد. کێ ڕێی لێ گرتن تاکو گوێڕایەڵی ڕەوا نەبن؟

٨ ئەم بیروباوەڕە لەلایەن ئەوەوە نییە کە بانگتان دەکات.

٩"هەویرترشێکی بچووک، هەموو هەویرەکە هەڵدێنێت".

١٠ بەڵام من لە پەروەردگارەوە متمانەم پێتان هەیە کە بە شێوەیەکی دیکە بیرناکەنەوە. جا ئەوەی بتانشێوێنێ حوکمی خۆی وەردەگرێت، هەر چ کەسێک بێت.

١١ بەڵام برایان، ئەگەر تا ئێستا من خروسەبڕان ڕادەگەیێنم، ئیتر بۆچی تا ئێستا دەچەوسێمەوە؟ کەواتە کۆسپی خاچ لادراوە.

١٢ خۆزگە ئەو کەسانەی دەتانشێوێنن، بخەسێندرێن!

١٣ برایان، ئێوە بۆ ئازادی بانگکراون، بەڵام ئازادی مەقۆزنەوە بۆ جەستە، بەڵکو بە خۆشویستن ڕاژەی یەکتری بکەن.

١٤ چونکە تەورات هەمووی لە یەک ڕاسپاردەدا دێتە دی: "نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ".

١٥ ئەگەر پەلاماری یەکتری بدەن و یەکتری بخۆن، ئاگاداربن یەکتری لەناونەبەن.

١٦ پێتان دەڵێم: بە ڕووح بژین، ئارەزووی جەستە تێر مەکەن.

١٧ چونکە ئارەزووی جەستە دژی ڕووحە، ڕووحەیش دژی جەستەیە. هەریەکەیان بەربەرەکانێی ئەوی دیکە دەکات، تاکو ئەوە نەکەن کە دەتانەوێت.

١٨ بەڵام ئەگەر ئێوە بە ڕووح بهاژورێن، ئەوا لە ژێر سایەی تەوراتدا نین.

١٩ کردارەکانی جەستەش ڕوونن، ئەویش: داوێنپیسی، بەرەڵایی، گڵاوی،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠بتپەرستی، جادووگەری، دوژمنایەتی، ناکۆکی، دڵپیسی، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی،٢١ ئیرەیی، سەرخۆشی، ڕابواردن، شتی دیکەی وەک ئەمانە، ئاگادارتان دەکەمەوە، وەک پێشتر ئاگادارم کردوونەتەوە: ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن نابنە میراتگری پاشایەتیی خودا.

٢٢ بەڵام بەروبوومی ڕووح ئەمەیە: خۆشویستن، شادی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، باوەڕ،

٢٣دڵنەرمی و خۆڕاگرتن. تەورات نییە دژی ئەمانە بێت.

٢٤ بەڵام ئەوانەی هی ئیشۆعی مەسیحن جەستەیان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لەخاچداوە.

٢٥ ئەگەر بە ڕووح بژین، با بەپێی ڕووحیش ڕەفتار بکەین.

٢٦ با لەخۆبایی نەبین، یەکتری تووڕە نەکەین، ئیرەیی بەیەکتر نەبەین.

گەڵاتیە 6

١ برایان، ئەگەر یەکێک کەوتە گوناهێک، با ئێوەی ڕووحیی، کەسی ئاوا بە ڕووحنەرمی ڕاست بکەنەوە. سەیری خۆشت بکە نەوەک تۆش بکەویتە تاقیکردنەوە.

٢ باری یەکتری هەڵگرن و ئاوا یاسای مەسیح بهێننە دی.

٣ چونکە ئەگەر یەکێک خۆی بە شتێک زانی، هیچیش نەبوو، ئەوا خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت.

٤ بەڵام با هەریەکە کرداری خۆی ئەزموون بکات، ئەوسا با تەنها شانازی بەخۆیەوە بکات، نەک بە کەسێکی دیکە،

٥ چونکە هەر کەس باری خۆی هەڵدەگرێت.

٦ ئەو کەسەی وشەکەی فێردەکرێت، با فێرکارەکەی لە هەموو شتێکی باش بەشداری پێ بکات.

٧ هەڵمەخەڵەتێن! خودا گاڵتەی پێ ناکرێت. چونکە مرۆڤ چی بچێنێت، ئەوە دەدروێتەوە.٨ چونکە ئەوەی بۆ جەستەی خۆی بچێنێت، گەندەڵی لە جەستەی دەدروێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ڕووح بچێنێت لە ڕووحەوە ژیانی جاویدانی دەدروێتەوە.

٩ کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر ورە بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین.

١٠ کەواتە هەروەک دەرفەتمان هەیە، با چاکە لەگەڵ هەمووان بکەین، بە تایبەتی لەگەڵ باوەڕداران.

١١ سەیر بکەن، ئەو پیتانە کە بە دەستی خۆم نووسیومە چەندە درشتن!

١٢ ئەوانەی دەیانەوێت لە جەستەدا ڕواڵەتێکی چاک دروست بکەن، ئەوانە ناچارتان دەکەن خروسەبڕان بکرێن، تەنها تاکو لەپێناوی خاچی مەسیح نەچەوسێندرێنەوە.

١٣ چونکە ئەوانەی خروسەبڕاون، خۆیان تەورات پەیڕەو ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت ئێوە خروسەبڕان بکرێن، تاکو شانازی بە جەستەی ئێوە بکەن.

١٤ بەڵام حاشا بۆ من، شانازی بە هیچ ناکەم، خاچی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان نەبێت، کە بەهۆیەوە جیهان بۆ من لەخاچدراوە، منیش بۆ جیهان.

١٥ چونکە لە ئیشۆعی مەسیحدا نە خروسەبڕان سوودی هەیە و نە خروسەنەبڕان، بەڵکو ئافریدەی نوێ.

١٦ با ئاشتی و بەزەیی بۆ هەموو ئەوانە بێت کە ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەن، بۆ ئیسرائیلی خوداش.

١٧ ئیتر با کەس گرفتم بۆ دروست نەکات،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

چونکە پەرجوەکانی ئیشۆعی پەروەردگارم لە لەشدا هەڵگرتووە.
١٨ برایان، بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان
لەگەڵ ڕووحتان بێت.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

ئەپیسۆس

ئەپیسۆس 1

١ پۆڵۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بەخواستی خودا، بۆ ئەو پارسایانەی لە ئەپیسۆسدان و باوەڕداران بە ئیشۆعی مەسیح:

٢ بەخشش و ئاشتیی خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار بۆ ئێوە.

٣ ستایش بۆ خودا، باوکی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان، کە بە هەموو دارشتێکی ڕووحی لە شوێنەکانی ئاسماندا دارشتی کردووین لە مەسیحدا،

٤ کە پێش دامەزراندنی جیهان لەودا هەڵیبژاردین، تاکو لەبەردەمی بە خۆشویستن پارسا و بێ گلەیی بین.

٥ کە پێشتر بەئیشۆعی مەسیح بۆ ڕۆڵایەتی، بەگوێرەی خواستی خۆشحاڵانەی خۆی دیاری کردین،

٦ بۆ ستایشکردنی شکۆی بەخششەکەی کە لە خۆشەویستەکەیدا پێمانی بەخشیوە،

٧ لەودا بە خوێنی ئەو بۆ ئێمە قوربانیی دا، بۆ بەخشینی گوناهەکان، بەگوێرەی دەوڵەمەندی بەخششەکەی،

٨ئەوەی بەوپەڕی دانایی و تێگەیشتنەوە بەسەرمانی دا باراند.

٩ نهێنی خواستی خۆی پێ ناساندین، بەگوێرەی خۆشحاڵی خۆی کە مەبەستی بوو،

١٠ بۆ بەجێگەیاندنی لە پڕی زەمانەدا، تاکو هەموو شتێک بەیەکەوە کۆبکاتەوە، لەوانەی لە ئاسمانان و لەسەر زەوین، لە ژێر یەک سەر، کە مەسیحە.

١١ لەویشدا وەک میرات هەڵیبژاردین، پێشتر دیاری کراین بەگوێرەی مەبەستی ئەوەی کە هەموو شتێک دەکات، بەگوێرەی خواستی خۆی،

١٢ تاکو بۆ ستایشکردنی شکۆی ئەو بین، ئێمە کە یەکەمین بووین هیوامان لە مەسیحدا بوو.

١٣ ئێوەش کە تیایدان، کاتێ وشەی ڕەواتان بیست، ئینجیلی ڕزگاریتان، لە ئەویشدا مۆرکران کاتێ باوەڕتان هێنا بە ڕووحی پارسای بەڵێنپێدراو،

١٤ ئەوەی پێشەکیی دەستەبەری میراتەکەمانە، بۆ قوربانیدتانی گەلی تایبەتی خودا، بۆ ستایشکردنی شکۆکەی.

١٥ بۆیە کاتێ منیش باوەڕتانم بیست بە ئیشۆعی پەروەردگار و خۆشویستنتان بۆ هەموو پارساکان،

١٦ بێ وەستان لە سوپاسکردندام لە پێناوتان، لە نوێژەکانم یادتان دەکەم.

١٧ داوا دەکەم تاکو خوداوەندی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان، باوکی شکۆ، ڕووحی دانایی و ئاشکراکردنتان لە ناسینی خۆی بداتێ.

١٨ چاوی هزرتان ڕووناک بێتەوە، تاکو بزانن هیوای بانگەوازەکەی چییە، هەروەها بزانن دەوڵەمەندی شکۆی میراتەکەی لە پارساکاندا چییە،

١٩هەروەها مەزنیی بێ سنووری هێزەکەی چییە بۆ ئێمە کە باوەڕدارین. کە بەگوێرەی کاری توانا گەورەکەیەتی،

٢٠ ئەوەی لە مەسیحدا کردی، کاتێ لەنێو مردووان هەستاندیەوە و لەلای ڕاستی خۆیەوە لە شوێنە ئاسمانییەکان داینیشاند،

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ لە سەرووی هەموو فەرمانڕەوا و دەسەڵات و هێز و سەردارییەک و هەموو ئەوانەی ناویان هەیە، نەک تەنها لەم ڕۆژگارە، بەڵکو لە داهاتووش.

٢٢ هەموو شتێکی خستە ژێر پێیەکانی، لە سەرووی هەموو شتێکدا کردییە سەر بۆ وارگە،

٢٣کە لەشییەتی، پڕی ئەوەی هەموو شتێک لە هەموو شتێکدا پڕ دەکات.

ئەپیسۆس 2

١ ئێوەش بە تاوان و گوناهەکانتان مردوو بوون،

٢ پێشتر تیایدا بەگوێرەی ڕۆژگاری ئەم جیهانە ڕەفتارتان دەکرد، بەگوێرەی سەرۆکی دەسەڵاتی با، ئەو ڕووحەی ئێستا لە ڕۆڵەکانی یاخیبوون کاردەکات.

٣ ئێمەش هەموو لەوان بووین، لە هەوەسەکانی جەستەماندا دەژیاین، بە خواستەکانی جەستە و بیرەکانمان دەکرد، وەک ئەوانی دیکە بە سروشت ڕۆڵەی تووڕەیی بووین.

٤ خودا کە دەوڵەمەندە لە میهرەبانی، لەبەر ئەو خۆشویستنە مەزنەی کە خۆشیویستین،

٥ ئێمە کە بە گوناهەکان مردوو بووین، زیندووی کردینەوە لەگەڵ مەسیح بە بەخشش ڕزگارتان بووە

٦لەگەڵیدا هەڵیستاندینەوە و لە شوێنە ئاسمانیەکاندا لەگەڵیدا داینیشاندین، لە ئیشۆعی مەسیحدا،

٧تاکو لە ڕۆژگاری داهاتوو دەوڵەمەندی بەخششی بێ سنووری خۆیمان بە نیانی لە ئیشۆعی مەسیحدا بۆ دەربخات.

٨ چونکە بە بەخشش ڕزگارتان بوو بەباوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاریی خودایە،

٩ لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.

١٠ چونکە ئێمە دەستکردی ئەوین، لە ئیشۆعی مەسیحدا بۆ چاکەکاری ئافریدەین، ئەوەی خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین.

١١ بۆیە وەبیرتان بێتەوە، ئێوە لە جەستەدا لە نەتەوەکان بوون، پێتان دەووترا خروسەنەبڕاو لەلایەن ئەوانەی پێیان دەووترا خروسەبڕاو، ئەوەی لە جەستەدا بە دەست کراوە،

١٢ ئەو کاتە بێ مەسیح بوون، لە هاوڵاتییەتی ئیسڕائیل بێگانە بوون و لە پەیمانەکانی بەڵێن نامۆ بوون، لە جیهاندا بێ هیوا و بێ خوداوەند بوون.

١٣ بەڵام ئێوە ئێستا لە ئیشۆعی مەسیحدان، کە پێشتر دوور بوون، بە خوێنی مەسیح نزیک بوونەوە.

١٤ چونکە ئەو ئاشتیی ئێمەیە، ئەوەی دووانی کردە یەک، پەرژینی ناوبڕی ڕووخاند،

١٥ واتا دوژمنایەتی. بە لەشی خۆی تەوراتی ڕاسپاردەکانی لە ئەرکەکاندا پووچەڵ کردەوە، تاکو لە هەردووکیان لە خۆیدا مرۆڤێکی نوێ بهێنێتە دی، ئاشتی دروست بکات،

١٦ تاکو هەردووکیان لە یەک لەشدا لەگەڵ خودا ئاشت بکاتەوە بە خاچ، بەوەش دوژمنایەتیی لەناوبرد.

١٧ هات و موژدەی ئاشتیی پێدان، بۆ ئێوە کە دوورن و نزیکن.

١٨ چونکە بە ئەو هەردوو لامان لە یەک ڕووحدا ڕێپێدراویێتیمان هەیە بۆ چوونە لای باوک.

١٩ بۆیە ئیتر نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو هاوڵاتین لەگەڵ پارساکان و بنەماڵەی خودا،

٢٠ لەسەر بناغەی پەیامبەران و پێغەمبەران بنیاد نراون، ئیشۆعی مەسیحیش خۆی بەردی قولینچکە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ هەموو خانووەکە لەودا تێکهەڵکێشراوە و گەشە دەکات تا پەرستگایەکی پارسا بێت لە پەروەردگاردا.
٢٢ ئێوەش لەودا پێکەوە بنیادنراون، نیشینگەیەک بۆ خودا لە ڕووحدا.

ئەپیسۆس 3

١ بەم هۆیەوە منی پۆڵۆس، بۆ ئێوەی نەتەوەکان دیلی ئیشۆعی مەسیحم
٢ بێگومان گوێتان لە بەڕێوەبردنی بەخششی خودا بووە کە لە پێناوتان پێم دراوە،
٣ کە بە ئاشکراکردن نهێنییەکەی بۆ دەرخستم، وەک پێشتر بە کورتی نووسیم.
٤ بە خوێندنەوەی، دەتوانن لە تێگەیشتنی من لە نهێنیی مەسیح تێبگەن،
٥ ئەوەی لە نەوەکانی دیکە ئادەمیزادی پێ نەناسێنرا، وەک ئێستا بە ڕووح بۆ پەیامبەرە پارساکانی و پێغەمبەران ئاشکرا کرا:
٦ کە نەتەوەکان بە ئینجیل هاومیرات و هاوڵەش و هاوبەشی بەڵێنن لە مەسیحدا.
٧ منیش بۆی بوومە ڕاژەوان، بەگوێرەی بەخشینی بەخششی خودا پێم درا، بەگوێرەی کرداری هێزەکەی.
٨ هەرچەندە من بچووکترینی هەموو پارساکانم، ئەم بەخششە درایە من: موژدەی دەوڵەمەندیی مەسیح بدەمە نەتەوەکان کە ناپشکنرێت و
٩ پلانی نهێنی بۆ هەمووان ڕوون بکەمەوە، ئەوەی لە ڕۆژگارەکانەوە لە خودادا شاردراوەتەوە، ئەوەی هەموو شتێکی ئافراندووە،
١٠ بۆئەوەی ئێستا دانایی هەمەجۆرەی خودا بۆ فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران لە شوێنە ئاسمانییەکاندا زانراو بێت، بەهۆی وارگەوە،
١١ بەگوێرەی خواستی جاویدانی، ئەوەی لە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان هێنایە دی.
١٢ لە ئەودا و بە باوەڕی ئەو، بە متمانەوە بوێریمان هەیە لە چوونەلای خودا.
١٣ بۆیە داواتان لێ دەکەم لە ناخۆشییەکانم ورە بەرنەدەن کە لەپێناوی ئێوەیە، شکۆمەندی ئێوەیە.
١٤ لەبەر ئەمە چۆک بۆ باوکی پەروەردگارمان عیسای مەسیح دادەدەم،
١٥ ئەوەی لە ئەودا هەموو باوکایەتییەک لە ئاسمان و سەر زەویدا ناونراوە،
١٦ تاکو بەگوێرەی دەوڵەمەندی شکۆی خۆیتان بداتێ، بە ڕووحەکەی بە هێزەوە لە ناخی مرۆڤانەتان توانادارتان بکات،
١٧ تاکو بە باوەڕ مەسیح لە دڵتاندا نیشتەجێ بێت و
١٨ ڕەگ و بناغەتان لە خۆشویستندا دامەزرێت تا توانادار بن، لەگەڵ هەموو پارساکان تێبگەن کە پانی و درێژی و قووڵی و بەرزیی خۆشویستنی مەسیح چییە،
١٩ تاکو ئەم خۆشویستنە بناسن کە سەرووی زانینە، بۆ ئەوەی پڕبن لە هەموو پڕییەتی خودا.
٢٠ بۆ ئەوەی کە تواناداره هەموو شتێک بکات زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەین یان بیری لێ دەکەینەوە، بەگوێرەی ئەو هێزەی کە تیاماندا کاردەکات،
٢١ لە وارگە و لە ئیشۆعی مەسیحدا شکۆ بۆ ئەوە، تاهەتایە بۆ هەموو نەوەکان. ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

ئەپیسۆس 4

١ منی دیل لە پەروەردگار، داواتان لێ دەکەم بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە شایانی ئەم بانگەوازە بێت کەوا پێی بانگکراون.
٢ بەوپەڕی خاکساری و دڵنەرمی و پشوودرێژی، بە خۆشویستن بەرگەی یەکتری بگرن.
٣ تێکۆشەر بن بۆ پاراستنی یەکێتیی ڕووح بە پشتێنی ئاشتی.
٤ بەیەک لەش و یەک ڕووح، بۆ یەک هیوای بانگەوازەکەتان کە بانگکران،
٥ یەک پەروەردگار، یەک باوەڕ، یەک عەماد،
٦ یەک خوداوەند و یەک باوک هی هەمووانە، ئەوەی لە سەرووی هەمووانە، بە هەمووان و لە هەمووتانە.
٧ بەڵام بەگوێرەی پێوانەی بەخشینی مەسیح بەخشش بە هەر یەکێکمان دراوە،
٨ بۆیە دەفەرمووێ: "کاتێ ئەو سەرکەوت بۆ بەرزایی، ڕاپێچکراوانی ڕاپێچ کرد، دیاریی بە خەڵکی بەخشی".
٩ مەبەست لە سەرکەوتن چییە، جگە لەوەی کە دابەزیوەتە نزمترین شوێنی زەوی؟
١٠ ئەوەی دابەزی هەر خۆی سەرکەوت بۆ سەر هەموو ئاسمانان، تاکو هەمووی پڕ بکاتەوە.
١١ ئەویش بە هەندێکی دا ببنە پەیامبەر، هەندێک پێشبین، هەندێک موژدەدەر، هەندێک شوان و ڕابی،
١٢ بۆ تەواوکردنی پارساکان بۆ کاری ڕاژە، بۆ بنیادنانی لەشی مەسیح،
١٣ تاکو هەموومان بگەینە یەکێتیی باوەڕ و ناسینی ڕۆڵەی خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەینە ئاستی تەواوی باڵای مەسیح.
١٤ بۆ ئەوەی لەمەولا ساوا نەبین، شێواوو هەڵگیراو بە هەموو بایەکی فێرکردن، بە فێڵی خەڵکی، بە چەواشە بەرەو تەڵەکەبازیی گومڕایی.
١٥ بەڵکو لە خۆشویستندا ڕاستگۆ بین، با لە هەموو شتێک گەشە بکەین، لەنێو ئەوەی سەرە، کە مەسیحە.
١٦ لە ئەوەوە هەموو لەش بەیەکەوە تێکهەڵکێشراوە، بەهۆی یارمەتی هەر جومگەیەک یەکدەگرن، بەگوێرەی کارکردنەکەی بە پێوانەی هەر بەشێک، لەش گەشە دەکات بۆ بنیادنانی لە خۆشویستندا.
١٧ پێتان دەڵێم و گەواهیی دەدەم لە پەروەردگار: ئیتر وەک نەتەوەکان ڕەفتار نەکەن، ئەوانەی کە بیریان ناڕەوایە،
١٨ کە هزریان تاریکە، لەبەر ئەو نەزانینەی تیایاندایە و لەبەر دڵڕەقییان لە ژیانی خودا دابڕاون.
١٩ ئەوانەی هەستیان نەماوە خۆیان داوەتە دەست بەڕەڵایی، تاکو هەموو گڵاوییەک بە چڵێسی بکەن.
٢٠ بەڵام ئێوە ئاوا فێری مەسیح نەبوون.
٢١ چونکە بێگومان بیستووتانە و لە ئەودا بەگوێرەی ڕەوا کە لە ئیشۆعدا فێربوونە.
٢٢ سەربوردەی پێشووتان دابکەنن، مرۆڤە کۆنەکە، کە بە هەوەسە فێڵبازەکان گەندەڵ بووە،
٢٣ ڕووحی هزرتان نوێ بێتەوە،
٢٤ مرۆڤی نوێ بپۆشن، ئەوەی بەگوێرەی خودا ئافریدەیە، لە بێتاوانی و پارسایی ڕەوا.
٢٥ بۆیە واز لە درۆ بهێنن، با هەریەکە ڕاستگۆ بێ لەگەڵ نزیکەکەی، چونکە ئەندامی یەکترین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٦ کاتێ تووڕە دەبن، گوناه مەکەن. مەهێڵن خۆرئاوا بێتە سەر تووڕەییتان،

٢٧دەرفەت بۆ شەیتان مەڕەخسێنن.

٢٨ دز ئیتر با دزی نەکات، بەڵکو با ڕەنج بدات و بە دەستی خۆی ئیشێکی پاک بکات، تاکو هەیبێت بداتە ئەوەی پێویستی پێیەتی.

٢٩ وشەی خراپ لە زارتان دەرنەچێت، بەڵکو هەرچییەکی باشە بۆ بنیادنان، بەگوێرەی پێویستی، تاکو بەخشش بداتە گوێگران.

٣٠ ڕووحی پارسای خودا خەمبار مەکەن، ئەوەی بۆ ڕۆژی ڕزگاری پێی مۆرکران.

٣١ هەموو تاڵی و قین و تووڕەیی و هاوارکردن و کفرکردن و هەموو دڵڕەشیەک فڕێبدەن.

٣٢لەگەڵ یەکتری نیان بن، بە بەزەیی بن، یەکتر ببەخشن، وەک خوداش لە مەسیحدا لێتان خۆشبوو.

ئەپیسۆس 5

١ کەواتە لاسایی خودا بکەنەوە، وەک ڕۆڵەی خۆشەویست،

٢ لە خۆشویستندا ڕەفتار بکەن، وەک مەسیح خۆشیویستین و لە پێناوی ئێمەدا خۆی بەدەستەوە دا، قوربانییەک و سەربڕاوێک، بۆنخۆش بۆ خودا.

٣ بەڵام داوێنپیسی و هەموو گڵاوییەک یان چڵێسییەک با لەنێوتاندا ناوی نەبێت، وەک لە پارساکان دەوەشێتەوە،

٤ نەک بێ شەرمی و قسەی ناشیرین و سووک کەوا ناشێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە سوپاسکردن.

٥ چونکە ئەمە دەزانن کە هەموو داوێنپیسێک یان گڵاو یان چڵێس ئەوەی بتپەرستە لە پاشایەتیی مەسیح و خودا میراتی نییە.

٦ کەس بە قسەی ناڕەوا هەڵتان نەخەڵەتێنێ، چونکە بەهۆی ئەمانە تووڕەیی خودا دێتە سەر ڕۆڵەکانی یاخیبوون.

٧ بۆیە هاوبەشییان مەکەن.

٨ چونکە پێشتر ئێوە تاریکی بوون، بەڵام ئێستا ڕووناکین لە پەروەردگاردا. وەک ڕۆڵەکانی ڕووناکی ڕەفتار بکەن،

٩ چونکە بەروبوومی ڕووناکی لە هەموو چاکە و خوداناسی و ڕەوایەکدایە،

١٠ هەروەها ئەوەی ڕەزامەندی خودایە بیدۆزنەوە.

١١ بەشداری کرداری تاریکی بێبەرهەم مەکەن، بەڵکو سەرزەنشتی بکەن.

١٢ چونکە ئەو کارانەی بە دزی دەیکەن، تەنانەت ناوهێنانیشی شەرمەزارییە.

١٣ بەڵام هەموو شتێک ئاشکرا بکرێت لە ڕووناکی، دەبینرێت،

١٤ چونکە هەر شتێک ببینرێت ڕووناکییە. بۆیە دەفەرمووێ: "ئەی نووستوو هەستە، لەنێو مردووان هەستەوە، مەسیح بۆت دەدرەوشێتەوە".

١٥ بۆیە ئاگاداربن چۆن ڕەفتار دەکەن، نەک وەک نەزان، بەڵکو وەک دانا،

١٦ کات بکڕنەوە، چونکە ڕۆژگار بەدکارە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ بۆیە گێل مەبن، بەڵکو تێبگەن خواستی پەروەردگار چییە.

١٨ بە مەی سەرخۆش مەبن کە بەرەڵایی تێدایە، بەڵکو پڕبن لە ڕووح،

١٩ لەگەڵ یەکتری بە پەسنی و ستایش و گۆرانی ڕووحی بدوێن، لە دڵتانەوە پەسنی و ستران بۆ پەروەردگار بڵێن،

٢٠ هەموو کاتێ بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان بۆ هەموو شتێک سوپاسی خودای باوک بکەن، ٢١ بە ترسی مەسیح ملکەچی یەکتری بن.

٢٢ ئەی ژنان، ملکەچی مێردەکانتان بن هەروەک بۆ پەروەردگار،

٢٣ چونکە مێرد سەری ژنە، وەک مەسیح سەری وارگەیە و ڕزگاریدەری لەشە.

٢٤ بەڵام چۆن وارگە ملکەچی مەسیحە، ژنانیش لە هەموو شتێک بۆ مێردەکانیان.

٢٥ ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبووێ، هەروەک مەسیحیش وارگەی خۆشویست و لە پێناوی خۆی بەدەستەوە دا،

٢٦ تاکو پارسای بکات و بە شوشتنی بە ئاو بە وشە بێگەردی بکاتەوە،

٢٧ تا وارگەیەکی شکۆدار بۆ خۆی ئامادە بکات، گڵاوی و لەکە و هەر شتێکی ئاوای نەبێت، بەڵکو پارسا و بێ کەموکوڕی.

٢٨ بە هەمان شێوە پێویستە پیاوان ژنەکانیان وەک لەشی خۆیان خۆشبووێت، ئەوەی ژنی خۆی خۆشبووێت خۆی خۆشدەوێ.

٢٩ چونکە کەس ڕقی لە لەشی خۆی نابێتەوە، بەڵکو نانی دەدات و بەخێوی دەکات، وەک مەسیحیش بۆ وارگە.

٣٠ چونکە ئێمە ئەندامی لەشی ئەوین، لە گۆشت و ئێسقانی ئەوین.

٣١ "بۆیە پیاو باوک و دایکی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەلکێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە".

٣٢ ئەمە نهێنییەکی مەزنە، بەڵام من باسی مەسیح و وارگە دەکەم.

٣٣ ئێوەش با هەر یەکێکتان ژنەکەی وەک خۆی خۆشبووێ، ژنیش ڕێز لە مێردەکەی بگرێت.

ئەپیسۆس 6

١ ڕۆڵەکان، گوێڕایەڵی دایبابتان بن لە پەروەردگار، چونکە ئەمە ڕەوایە.

٢ "ڕێزی باوک و دایکت بگرە" ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە لەگەڵ بەڵێنەوە دێت

٣ "تاکو چاکە بێتە ڕێت و تەمەنت درێژ بێت لەسەر زەوی".

٤ ئێوەش ئەی باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، بەڵکو بەگوێرەی ڕاستەڕێکردن و تەمبێکردنی پەروەردگار پەروەردەیان بکەن.

٥ کۆیلەکان، گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن بەپێی جەستە، بە ترس و لەرزەوە بە ساکاری، وەک بۆ مەسیح بێت،

٦ نەک بە ڕاژەی بەرچاوان وەک ئەوەی خەڵک ڕازی بکات، بەڵکو وەک کۆیلەی مەسیح بەدڵەوە خواستی خودا بەجێبهێنن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ با ڕاژەتان لە دڵپاکیەوە بێت، وەک بۆ پەروەردگاری بکەن نەک بۆ خەڵکی،

٨ چونکە دەزانن هەر یەکێک چ چاکەکارییەک بکات ئەوە لە پەروەردگار وەریدەگرێتەوە، کۆیلە بێت یاخود ئازاد.

٩ ئێوەش گەورەکان، هەمان شتیان بۆ بکەن، واز لە هەڕەشەکردن بێنن، بزانن گەورەی ئێوەش لە ئاسمانانداية، ئەویش جوداخوازی ناکات.

١٠ لە کۆتاییدا برایان، بەهێز بن لە پەروەردگار و لە هێزە گەورەکەی.

١١ بە چەکی تەواوی خودا خۆتان پۆشتە بکەن، تاکو بتوانن بەرامبەر پیلانی ئیبلیس بوەستن.

١٢ چونکە زۆرانبازیی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو دژی سەرۆکەکان، دژی دەسەڵاتداران، دژی فەرمانڕەوایانی ئەم تاریکییەی جیهانە، هەروەها دژی سەربازە بەدکارە ڕووحییەکانە لە شوێنە ئاسمانیەکان.

١٣ بۆیە چەکی تەواوی خودا هەڵبگرن، تاکو بتوانن لە ڕۆژی بەدکاردا بەرنگاری بکەن و دوای تەواوبوونی هەموو شتێک، جێگیربن.

١٤ بە بەستنی پشتێنی ڕەوا بە ناوقەدتان و لەبەرکردنی سپەری خوداناسی جێگیربن،

١٥ ئامادەیی لە پێ بکەن بۆ ڕاگەیاندنی ئینجیلی ئاشتی،

١٦ لە سەرووی هەمووان قەڵغانی باوەڕ هەڵبگرن، تا بتوانن هەموو تیرە گڕدارەکانی بەدکار بکوژێننەوە.

١٧ هەروەها کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری و شمشێری ڕووح هەڵبگرن کە وشەی خودایە.

١٨ بە هەموو نوێژ و پاڕانەوەیەک، هەموو کاتێ لە ڕووحدا نوێژ بکەن، بۆ ئەمەش بێداربن بەوپەڕی بەردەوامی و پاڕانەوە لەپێناوی هەموو پارساکان.

١٩ نوێژ بۆ منیش بکەن تاکو هەر کاتێ زارم دەکەمەوە قسەم بدرێتێ، ئاشکرا نهێنیی ئینجیل ڕابگەیێنم،

٢٠ کە لەپێناویدا لە زنجیردا باڵوێزم، تاکو وەک پێویستە ئاشکرا قسەی پێویست بکەم.

٢١ بۆ ئەوەی ئێوەش هەواڵم بزانن وا خەریکی چیم، تۆخیقۆس، برای خۆشەویست و ڕاژەوانی سەرڕاست لە پەروەردگار، هەموو شتێکتان پێ دەڵێت.

٢٢ تایبەت بۆ ئەمە ئەوم بۆ ناردن تاکو هەواڵی ئێمە بزانن و دڵنەواییتان بکات.

٢٣ ئاشتی بۆ برایان و خۆشویستن بە باوەڕ لە خودای باوك

و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە.

٢٤ بەخشش لەگەڵ هەموو ئەوانە بێت،

کە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگاری ئێمەیان

بە میهرەبانیەوە خۆشدەوێت.

ئامین.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پیلیۆس

پیلیۆس 1

١ پۆڵۆس و تیماتیئوسی بەندەکانی ئیشۆعی مەسیح، بۆ هەموو پارساکان لە ئیشۆعی مەسیحدا لە پیلیۆس،
لەگەڵ چاودێران و ڕاژەوانان:
٢ بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.
٣ سوپاسی خوداوەندم دەکەم هەر کاتێ یادتان بکەم،
٤ هەمیشە لە هەموو نزاکانم بە خۆشییەوە بۆ هەمووتان داوا دەکەم،
٥ چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا بەشداریتان لە ئینجیل کردووە.
٦لەمەشدا دڵنیام، ئەوەی لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، تاکو ڕۆژی ئیشۆعی مەسیح تەواوی
دەکات.
٧ هەروەک ئەمە ڕاستە کەوا سەبارەت بە هەمووتان هەست بکەم، چونکە ئێوە لە دڵی منداڵن. ئەگەر بەم
کۆت و زنجیرەم بێ، یاخود کاتی بەرگریم لە ئینجیل و چەسپاندنی، هەمووتان لەگەڵم بەشداری لە بەخشش
دەکەن.
٨ خودا گەواهیدەرمە چەندە پەرۆشی هەمووتانم، بە سۆزی ئیشۆعی مەسیح.
٩ ئەم نوێژە دەکەم: کە خۆشویستنتان زیاتر و زیاتر بێت، لە زانین و هەموو تێگەیشتنێک،
١٠ تاکو باشترین شت جیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی مەسیح دڵسۆز و بێ کۆسپ بن،
١١ پڕبووبن لە بەرهەمی خوداناسی بە ئیشۆعی مەسیح بۆ شکۆ و ستایشی خودا.
١٢ برایان، دەمەوێ بزانن ئەوەی بەسەرم هات ئینجیلی زیاتر بەرەو پێش برد،
١٣ تەنانەت کۆتەکانم لە پێناوی مەسیح لەلای هەموو پاسەوانانی ئیمپراتۆر و هەموو شوێنێک دەرکەوت.
١٤زۆربەی برایانیش بە کۆتەکانم متمانەیان بە پەروەردگار کرد، زیاتر بوێرانە و بە چاونەترسی باسی
وشەکە دەکەن.
١٥ بێگومان هەندێک لەبەر ئیرەیی و ناکۆکی مەسیح ڕادەگەیەنن، بەڵام هەندێک بە دڵخۆشیەوە.
١٦ ئەوانەی لەبەر ململانێ مەسیح ڕادەگەیەنن، دڵسۆز نین، وادەزانن بە کۆتەکانم حاڵم ناخۆشتر دەکەن.
١٧ ئەوانەی دیکە لەبەر خۆشویستن دەیکەن، دەزانن لەبەر بەرگریم لە ئینجیل دانراوم.
١٨ ئیتر چی؟ بەهەرحاڵ، بە ڕواڵەت بێت یان بە ڕاستی بێت، مەسیح ڕادەگەیێندرێت، بەمەش من دڵشادم.،
بەڵکو زیاتریش دڵشاد دەبم،
١٩ چونکە دەزانم بە نزاکانتان و پشتگیری ڕووحی ئیشۆعی مەسیح ئەمە دەبێتە هۆی ئازادکردنم.
٢٠ بە پەرۆشییەوە چاوەڕوانم و ئومێدەوارم کە لە شتێک شەرمەزار نەبم، بەڵکو هەردەم بە ئاشکرا،
ئێستاش مەسیح لە لەشمدا پایەدار دەبێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مەرگ.
٢١ چونکە بۆ من ژیان مەسیحە، مەرگیش قازانجە.
٢٢ بەڵام ئەگەر ژیان لە جەستەدا بۆ من بەروبوومی کردارمە، چی هەڵبژێرم؟ نازانم!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ لە دوو لاوە فشارم لەسەرە: ئارەزوو دەکەم کۆچ بکەم و لەگەڵ مەسیح بم، ئەمەش زۆر باشترە،

٢٤ بەڵام مانەوەم لە جەستە لەپێناوی ئێوە پێویستترە.

٢٥ لەمە دڵنیام، دەزانم لە نێوتاندا دەمێنمەوە و لەگەڵ هەمووتان بەردەوام دەبم، بۆ پێشکەوتن و خۆشیتان لە باوەڕ،

٢٦ تاکو لە مندا شانازیتان بە ئیشۆعی مەسیح زیاتر بێت بەهۆی ئامادەبوونم لەلاتان.

٢٧ تەنها بە شێوەیەک بژین کە شایستەی ئینجیلی مەسیح بێت، تاکو کاتێ بێم و بتانبینم یاخود لەنێوتان نەبم و هەواڵتان ببیستم، کە لە یەک ڕووحدا جێگیرن و بە یەک دڵ تێدەکۆشن بۆ باوەڕی ئینجیل،

٢٨ لە هیچ شتێکی ڕکابەرەکانتان ناترسن. ئەمە بەڵگەی لەناوچوونیانە، بەڵام ڕزگارییە بۆ ئێوە، ئەوەش لە خوداوەیە.

٢٩ چونکە خودا لەپێناوی مەسیح تەنها باوەڕهێنان بە ئەوی پێ نەبەخشیون، بەڵکو ئازار چێژتنیش لە پێناوی ئەو.

٣٠ لەبەر ئەوەی هەمان تێکۆشانتان هەیە، ئەوەی لە منتان بینیوە و ئێستا لە منی دەبیستن.

پیلیۆس 2

١ ئەگەر هەر ئامۆژگارییەک لە مەسیحدا هەبێت، ئەگەر هەر دڵنەواییەکی خۆشویستن، ئەگەر هەر هاوبەشییەکی ڕووح، ئەگەر هەر سۆز و میهرەبانییەک،

٢ ئەوا خۆشییەکەم تەواو بکەن، تاکو یەک بیر و یەک خۆشویستنتان هەبێت، یەک دڵ و یەک مەبەستتان هەبێت.

٣ هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزی مەکەن، بەڵکو بە خاکساربیەوە یەکتری لە خۆتان بە باشتر بزانن.٤ هەریەکە تەماشای بەرژەوەندی خۆی نەکات، بەڵکو هەریەکە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش.٥ با ئەم هزرەتان تێدابێت کە لە ئیشۆعی مەسیحدا هەیە:

٦ ئەوەی لە شێوەی خودا بوو، نەیویست بەنهێنیشەوە خۆی لەگەڵ خودا یەکسان بکات،

٧ بەڵکو خۆی بەتاڵ کرد، شێوەی بەندەی وەرگرت، وەک شێوەی مرۆڤی لێهات،

٨ کە بە ڕواڵەت مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و تاکو مردن ملکەچ بوو، مردنی لەخاچدان.

٩ بۆیە خودا بەرزی کردەوە و ناوێکی پێ دا لە سەرووی هەموو ناوێک،

١٠ تاکو هەموو ئەژنۆیەک بۆ ناوی ئیشۆع چۆک دابدەن، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش،

١١ هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت کە ئیشۆعی مەسیح پەروەردگارە، بۆ شکۆی خودای باوک.

١٢ کەواتە خۆشەویستانم، وەک هەردەم گوێڕایەڵ بوون، نەک تەنها کە لەلاتانم، بەڵکو ئێستا زیاتریش کە لەلاتان نیم، بە ترس و لەرزەوە بۆ ڕزگاریتان بەردەوام بن لە کارکردن،

١٣ چونکە خودا خۆی لە ئێوەدا کاردەکات تاکو بتانەوێت و کار بکەن بۆ ڕەزامەندی ئەو.

١٤ هەموو شتێک بێ بۆڵەبۆڵ و دەمەقاڵێ بکەن،

١٥ تاکو بێ گلەیی و ساکار بن، ڕۆڵەکانی خودا بێ کەموکوڕین لەنێو نەوەیەکی چەوت و خواردا، لەنێو ئەواندا وەک ئەستێرە لە گەردوون دەدرەوشێنەوە،

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بە دەستگرتن بە وشەی ژیان، تاکو لە ڕۆژی مەسیحدا شانازی بکەم کە بێ هوودە کۆششم نەکردووە و ڕەنجم نەکێشاوە.

١٧ بەڵام ئەگەر وەک مەیی پێشکەشکراو بەسەر قوربانی و ڕاژەی باوەڕتاندا بڕژێم، ئەوا دڵشاد و دڵخۆشم لەگەڵ هەمووتان.

١٨ جا ئێوەش ئاوا دڵشاد بن و لەگەڵم دڵخۆش بن.

١٩ هیوادارم لە ئیشۆعی پەروەردگار زوو تیماتیئوس بنێرم بۆ لاتان، تاکو دڵنیا بم کە هەواڵتان بزانم.

٢٠ چونکە کەسم نییە وەک ئەو بە دڵسۆزی بایەخ بە کاروبارتان بدات.

٢١ چونکە هەمووان بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن، نەک هی ئیشۆعی مەسیح.

٢٢ بەڵام لە شارەزایی ئەو ئاگادارن، چونکە وەک ڕۆڵە لەگەڵ باوکی لەگەڵم لە ئینجیلدا ڕاژەی کرد.

٢٣ بۆیە هیوادارم یەکسەر ئەو بنێرم، هەر کاتێ بۆم ڕوون بێتەوە کاروبارم چۆن بەڕێوە دەچێ.

٢٤متمانەم بە پەروەردگار هەیە کە خۆشم بەمزووانە دێمە لاتان.

٢٥ بەڵام بە پێویستم زانی ئەپفرۆدیتۆسی برام بنێرمە لاتان، کە لەگەڵم هاوکار و هاوسەربازە، پەیامبەری ئێوەیە و ڕاژەوانی پێویستییەکانمە.

٢٦ شەیدای هەمووتانە و دڵتەنگ بوو، چونکە نەخۆشی ئەوتان بیستووە.

٢٧ چونکە نەخۆشیەکەی نزیکی مردن بوو، بەڵام خودا بەزەیی پێدا هاتەوە، نەک تەنها ئەو، بەڵکو منیش، نەوەک خەم لەسەر خەمم هەبێت.

٢٨ بۆیە خێراتر ناردم، تاکو بە بینینەوەی دڵشادبن و منیش خەمم کەم بێتەوە.

٢٩ کەواتە بەوپەڕی شادییەوە لە پەروەردگار پێشوازی لێ بکەن و ڕێز لەوانەی وەک ئەو بگرن،

٣٠ چونکە لە پێناوی کاری مەسیح هاتە سەر مردن و ژیانی خۆی خستە مەترسی تاکو کەموکوڕیی ئەو ڕاژەیەی بۆ منی دەکەن پڕی بکاتەوە.

پیلیۆس 3

١ لە کۆتاییدا، برایان، دڵشاد بن بە پەروەردگار! نووسینەوەی ئەم شتانە ماندووم ناکات، بەڵکو بۆ ئاساییشی ئێوەیە.

٢ چاوبڕنە سەگەکان، چاوبڕنە بەدکاران، چاوبڕنە جەستەبڕەکان.

٣چونکە ئێمە خروسەبڕانین، کە بە ڕووحی خودا دەپەرستین و شانازی بە ئیشۆعی مەسیح دەکەین و پشت بە جەستە نابەستین

٤ هەرچەندە منیش هۆم هەیە پشت بە جەستە ببەستم. ئەگەر یەکێک وابزانێت هۆی هەیە پشت بە جەستە ببەستێت، من لەپێشترم:

٥ هەشت ڕۆژ بوومە خروسەبڕان کراوم، لە ڕەگەزی ئیسرائیل، تیرەی بنیامین، عیبڕانی کوڕی عیبڕانی. بەگوێرەی تەورات پەریشی بووم،

٦ بەگوێرەی دڵگەرمی چەوسێنەری وارگە بووم، بەگوێرەی خوداناسی لە تەوراتەوە بێ گلەیی بووم.

٧ بەڵام ئەوەی بۆ من قازانج بوو، لە پێناوی مەسیح ئەمانە بە زیان دەزانم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ لەمەش زیاتر لەبەر بەرزیی ناسینی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارم هەموو شتێک بە زیان دەزانم، کە لە پێناوی هەموو شتێکم دۆڕاند و بە خاشاکی دەزانم، تاکو مەسیح ببەمەوە و

٩ لە ئەودا بدۆزرێمەوە، نەک بەو بێتاوانیەی کە لە تەوارتدایە، بەڵکو ئەوەی بە باوەڕی مەسیحە، بێتاوانیەکە لە خوداوەیە و بە باوەڕە،

١٠ تاکو بیناسم و هێزی هەستانەوەکەی بزانم و هاوبەشی ئازارەکانی بم، وەک ئەو بم لە مردنی،

١١ بەڵکو بگەمە هەستانەوەی مردووان.

١٢ من ناڵێم ئێستا هەموو ئەمانەم بەدەست هێناوە یان گەیشتوومەتە تەواوی، بەڵام تێدەکۆشم ئەوە بەدەست بهێنم کە ئیشۆعی مەسیح لە پێناویدا منی بەدەستهێنا.

١٣ برایان، من وا دانانێم کە بەدەستم هێناوە. بەڵام شتێک دەکەم: ئەوەی دواوە لە یاد دەکەم و بەرەو ئەوەی پێشەوە دەردەپەڕم.

١٤ بەرەو ئامانج تێدەکۆشم بۆ خەڵاتی بانگەوازی بەرزی خودا لە ئیشۆعی مەسیحدا.

١٥ با هەموو پێگەیشتووان کە نێوانماندان بیر لەمە بکەنەوە. ئەگەر بیرتان لە شتێکی جیاوازیش کردەوە، خودا ئەمەشتان بۆ ئاشکرا دەکات.

١٦ جا ئەوەی بردوومانەتەوە با دەستی پێوە بگرین.

١٧ برایان، بەیەکەوە لاسایی من بکەنەوە و بڕوانە ئەوانەی ئاوا دەژین، بەگوێرەی ئەم نموونەیەی ئێمە پێمان دان.

١٨ زۆرم پێ ووتن، ئێستاش بە گریانەوە دەڵێم، زۆر کەس بە شێوەیەک دەژین، دوژمنی خاچی مەسیحن،

١٩ ئەوانە پایانیان لەناوچوونە، خوداوەندیان سکیانە و شکۆیان شەرمەزارییانە، بیریان لەسەر شتی زەمینییە.

٢٠ چونکە وڵاتمان لە ئاسمانانداید، بە پەرۆشەوە چاوەڕێ دەکەین ڕزگاریدەر لەوێ بێتەوە، ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار،

٢١ ئەوەی لەشی خاکسارمان بۆ وێنەی لەشی شکۆداری خۆی دەگۆڕێت، بەگوێرەی کارکردنی هێزی خۆی بۆ ملکەچکردنی هەموو شتێک بۆ خۆی.

پیلیۆس 4

١ کەواتە برایانی خۆشەویستم، ئەوانەی پەرۆشتانم، خۆشی و تاجی منن، خۆشەویستانم ئاوا لە پەروەردگاردا جێگیر بن.

٢ لە ئەوۆدیا و سینتخی داوادەکەم، هاوبیر بن لە پەروەردگار.

٣ بەڵێ تۆش ئەی هاوڕێی دڵسۆزم، داوات لێ دەکەم یارمەتییان بدەیت، چونکە هەردووکیان لە ئینجیلدا تێکۆشانیان لەگەڵم کردووە، لەگەڵ ئەکلیمنتۆس و هاوکارانی دیکەم کە ناویان لە سیپارەی ژیاندایە.

٤ هەمیشە بە پەروەردگار دڵشاد بن، دیسان دەڵێمەوە، دڵشاد بن.

٥ با هەموو خەڵک بە ڕووخۆشیتان بزانێت. پەروەردگار نزیکە.

٦ نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و نزا لەگەڵ سوپاسدا لای خودا زانراو بێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ ئاشتیی خودا، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و هزرتان دەپارێزێت لە ئیشۆعی مەسیحدا.

٨ لە کۆتاییدا برایان، ئەوەی ڕەوایە و ڕێزداریيە، ئەوەی دادپەروەرییە و بێگەردییە، ئەوەی دڵخۆشگەر و ناوبانگ باشییە، ئەگەر ڕەوشت بەرزی و ئەگەر ستایشە، بیری لێ بکەنەوە.

٩چی لە مندا فێربوون و وەرتانگرت و بیستتان و بینیتان، ئەوە جێبەجێ بکەن. خودای ئاشتیش لەگەڵتان دەبێت.

١٠ زۆر دڵشاد بووم بە پەروەردگار، ئێستا وا بایەختان بۆ من نوێ دەکەنەوە. پێشتر بایەختان هەبوو، بەڵام دەرفەتتان نەبوو.

١١ لەبەر پێویستیم نییە ئەمە دەڵێم، چونکە فێربووم لە چ دۆخێکدا بم خۆبژێو بم.

١٢ دەزانم نەبوونی چییە و دەزانم هەبوونی چییە، لە هەر شتێک و لە هەموو شتێکدا فێری نهێنی ئەوەبووم لە تێربوون و برسێتیدا ئاسوودە بم.

١٣ دەتوانم هەموو شتێک بکەم بە مەسیح کە بەهێزم دەکات.

١٤ لەگەڵ ئەوەشدا چاکتان کرد کە بەشداریی تەنگانەتان کردم.

١٥ئەی پیلیۆسیەکان، ئێوەش دەزانن، لە سەرەتای ئینجیلدا، کاتێ لە ماقیدۆنیا دەرچووم، هیچ وارگەیەک بەشداری هەژماردی وەرگرتن و دانی بۆ نەکردووم، ئێوە نەبێت.

١٦ تەنانەت لە تسلۆنیقێ، بۆ پێویستی من جارێک و دووان بۆتان ناردم.

١٧ نەک داوای بەخشین بکەم، بەڵکو داواکردنی بەروبوومی زیاترە بۆ هەژماردتان.

١٨ بەڵام هەموو شتێکم هەیە و زیادی کردووە. ئەو شتانەی ئەپفرۆدیتۆس لەلای ئێوە هێنای وەرمگرت، شنەبای بۆنێکی خۆشە، قوربانییەکی پەسندکراوە، دڵی خودا خۆش دەکات.

١٩ خوداوەندی من بەگوێرەی سامانی خۆی لە شکۆمەندی لە ئیشۆعی مەسیحدا، هەموو پێویستییەکانتان دابین دەکات.

٢٠ شکۆمەندی بۆ خودا و باوکمان تاهەتایە. ئامین.

٢١ سڵاو لە هەر پارسایەک لە ئیشۆعی مەسیحدا بکەن.

ئەو برایانەی لەگەڵمدان سڵاوتان لێدەکەن.

٢٢ هەموو پارساکان سڵاوتان لێدەکەن،

بە تایبەتی ئەوانەی لە خانەوادەی قەیسەرن.

٢٣ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان

لەگەڵ هەمووتان بێت.

ئامین.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

قولسێ

قولسێ 1

١ پۆڵۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بە خواستی خودا، تیماتیئوسی براش،

٢ بۆ پارساکان لە قولسێ و برایانی باوەڕدار لە مەسیح: بەخشش و ئاشتیی لە خودای باوکمانەوە بۆ ئێوە.

٣ سوپاسی خودا دەکەین، باوکی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان، هەردەم لەپێناوتان نوێژ دەکەین،

٤ کە باوەڕی ئێوەمان بیست بە ئیشۆعی مەسیح و ئەو خۆشویستنە کە بۆ هەموو پارساکان هەتانە،

٥ لەپێناوی ئەو هیوایەی لە ئاسماناندا بۆتان دانراوە، ئەوەی پێشتر لە وشەی ڕەوای ئینجیل بیستتان،

٦ کە گەیشتە لاتان. وەک هەموو جیهان، کە بەرهەمدارە و زیاد دەکات لەنێواتاندا، لەو ڕۆژەوەی بەخششی ڕەوای خوداتان بیست و ناسیتان.

٧ وەک لە ئەپەفراسی هاوبەندەی خۆشەویستمان فێربوون، ئەوەی لە پێناوتان ڕاژەوانێکی دڵسۆزە بۆ مەسیح،

٨ ئەوەی باسی خۆشویستنی ئێوەی کرد لە ڕووح.

٩ بۆیە ئێمەش لەو ڕۆژەی بیستمان بێ وەستان لە پێناوی ئێوە نوێژ دەکەین و داواکارین، تاکو پڕبن لە زانینی خواستی ئەو، بە هەموو دانایی و تێگەیشتنی ڕووحی.

١٠ تاکو بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە شیاوی پەروەردگار بێت و تا ئەوپەڕی خۆشحاڵی بکات، بەرهەمدار بن لە هەموو چاکەکارییەک و لە ناسینی خودا گەشە بکەن،

١١ بە هەموو هێزێک بەگوێرەی توانای شکۆی خۆی بەهێزتان بکات، بۆ هەموو دانبەخۆداگرتن و پشوودرێژیەک، بە شادییەوە

١٢ سوپاسی باوک بکەن، ئەوەی شایستەی کردن بۆ هاوبەشی کردنی میراتی پارساکان لە ڕووناکیدا.

١٣ ئەوەی لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ پاشایەتیی ڕۆڵە خۆشەویستەکەی گواستەوە،

١٤ کەوا خوێنی قوربانیەکەی بۆ ئێمە بوو، واتا لێخۆشبوونی گوناه.

١٥ کە وێنەی خودای نەبینراوە، نۆبەرەی هەموو ئافریدەیەکە.

١٦ چونکە بەو هەموو شتێک ئافرێندرا: لە ئاسمانان و لەسەر زەوی، بینراو و نەبینراو، تەخت یان سەروەری، سەرۆکایەتی یان دەسەڵات، هەمووی بەو و بۆ ئەو ئافرێندران.

١٧ ئەو پێش هەموو شتێکە و هەمووش لەودا یەکی گرتووە.

١٨ ئەو سەری لەشە: وارگە. ئەو سەرەتایە و نۆبەرەی نێو مردووانە، تاکو لە سەرووی هەموو شتێک بێت.

١٩ چونکە خودا خۆشحاڵ بوو بە هەموو پڕی خۆی لەودا نیشتەجێ بێت،

٢٠ بە ئەو هەمووان لەگەڵ خۆیدا ئاشت بکاتەوە، ئاشتی بنێتەوە بە خوێنی خاچەکەی، ئەگەر لەسەر زەوی بێت یان لە ئاسمانان.

٢١ ئێوە کە پێشتر لە خودا دابڕابوون و دوژمن بوون لە بیرکردنەوە، بە خراپەکاری،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٢ئێستا بە لەشی ئادەمیزادیی مەسیح بە مردن ئاشتی کردنەوە، تاکو لەبەردەمی بە پارسایی و بێ کەموکوڕی و بێ گلەیی پێشکەشتان بکات

٢٣ ئەگەر بەردەوام بن باوەڕ، دامەزراو و جێگیر بن، لانەدەن لە هیوای ئەو ئینجیلەی بیستتان، ئەوەی لە هەموو ئافریدەکانی ژێر ئاسمان ڕاگەیەنراوە، منی پۆڵۆسیش بۆی بوومە ڕاژەوان.

٢٤ ئێستا دڵشادم بە ئازارەکانم لە پێناوی ئێوەدا و پاشماوەی تەنگانەی مەسیح لە جەستەی خۆمدا تەواودەکەم، لە پێناوی لەشی ئەو، کە وارگەیە.

٢٥ کە بوومە ڕاژەوانی، بەگوێرەی ئەو پلانەی خودا کە پێم درا لەپێناوی ئێوە، بۆ تەواوکردنی وشەی خودا،

٢٦ ئەم نهێنییەی لە ڕۆژگارەکانەوە و بە درێژایی نەوەکان شاراوە بوو، بەڵام ئێستا بۆ پارساکانی ئاشکرا کرا.

٢٧ بۆ ئەوانەی کە خودا ویستی لەنێو نەتەوەکاندا پێیان بناسێنی کە دەوڵەمەندیی شکۆی ئەم نهێنییە چییە، ئەویش مەسیحە کە لەنێوتاندایە، هیوای شکۆمەندییە.

٢٨ ئەوەی ڕادەگەیەنین، هەموو مرۆڤێکی پێ ئاگادار دەکەینەوە و بەوپەڕی داناییەوە هەموو مرۆڤێک فێردەکەین، تاکو هەر مرۆڤێک لە ئیشۆعی مەسیحدا بە تەواوی پێشکەش بکەین.

٢٩ بۆ ئەمەش ماندوو دەبم و تێدەکۆشم، بەگوێرەی کارەکەی کە بەهێزەوە لە مندا کاردەکات.

قولسێ 2

١ دەمەوێ بزانن چ خەباتێک دەکەم لەپێناوی ئێوە و ئەوانەی لە لاودیکییان و هەموو ئەوانەی ڕووبەڕوو منیان نەبینیوە،

٢ تاکو لە خۆشویستندا دڵنەوایی بکرێن بۆ ئەوپەڕی دەوڵەمەندی لە تێگەیشتنی تەواو، تاکو نهێنیی خودای باوک و مەسیح بناسن،

٣ لە ئەودا هەموو گەنجینەی دانایی و زانین شاردراوەتەوە.

٤ ئەمە دەڵێم تاکو کەس بە قسەی لووس چەواشەتان نەکات.

٥چونکە ئەگەر بە جەستە لەلاتان نیم، بەڵام بە ڕووح لەگەڵتانم، دڵشادم کاتێ ڕێکی و پتەویی باوەڕتان بە مەسیح دەبینم.

٦ بۆیە وەک ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارتان پەسەند کرد، لەویشدا ڕەفتار بکەن،

٧ لەودا داکوتراو بن و بنیاد بنرێن، جێگیر بن لە باوەڕدا وەک فێرکران، لە سوپاسگوزاریتان بڕژێتەوە.

٨ ئاگاداربن کەس بە فەلسەفە و لووتبەرزیی ناڕەوا دیلتان نەکات، کە بەگوێرەی نەریتی خەڵک و بەگوێرەی بنەماکانی جیهانە، نەک بەگوێرەی مەسیح.

٩ چونکە تەواوی پڕی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی،

١٠ ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە.

١١ لەویشدا خروسەبڕاوان کە بە دەست نییە، بە داکەندنی جەستەی گوناهە ئادەمیزادییەکان، بە خروسەبڕانی مەسیح.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ لە عەمادکردنیدا لەگەڵی نێژران، لەگەڵ ئەویش هەستانەوە بەهۆی باوەڕتان بە کاری خودا، کە لەنێو مردووان هەستاندیەوە.

١٣ ئێوەش بە گوناه و خروسەبڕانی جەستەتان مردووبوون، لەگەڵیدا زیندووی کردنەوە، لە هەموو گوناهەکانتان خۆشبوو.

١٤ ئەو تۆمارەی سڕییەوەکە لە ئەرکەکان لەسەرمان بوو، کە لە دژی ئێمە بوو، لەم ناوەندە هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد.

١٥ سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند، لەخاچدا بەسەریاندا زاڵبوو.

١٦ بۆیە با کەس لە خواردن و خواردنەوە یان لەبارەی جەژن یان سەری مانگ یان شەممە حوکمتان نەدات.

١٧ ئەمانە سێبەری داهاتوون، بەڵام جەستەکە بۆ مەسیحە.

١٨ با کەس شایستەیی خەڵاتەکەتان لەدەست نەدات، ئەوەی حەزی لە خاکساری و پەرستنی فریشتە بێت، ئەوەی دەیبینێت درێژدادڕی لێدەکات، کە بە مێشکە جەستەییە پووچەکەی لووتبەرز دەبێت.

١٩دەست بە سەرەوە ناگرێت، لەوەوە هەموو لەش بەهۆی جومگەکان و پارچەکان پشتگیری دەکرێت و دەبەسترێنەوە، تاکو وەک خودا دەیەوێت گەشە بکات.

٢٠ ئەگەر سەبارەت بە بنەماکانی جیهان لەگەڵ مەسیحدا مردن، بۆچی وەک ئەوەی لە جیهاندا دەژین؟ ملکەچی ئەم ئەرکانە دەبن:

٢١ "مەیگرە! تامی مەکە! دەستی لێ مەدە!"؟

٢٢ ئەم شتانە بە بەکارهێنان لەناودەچن، چونکە بەگوێرەی ڕاسپاردە و فێرکردنی خەڵکن.

٢٣ بە ڕواڵەت شێوەی دانایيان هەیە، لە پەرستنی هەڵبەستراوو و خاکساری و توندوتیژی لەگەڵ لەش، بەڵام هیچ بەهای نییە دژی هەوەسی جەستە.

قولسێ 3

١ بۆیە ئەگەر لەگەڵ مەسیحدا هەستاونەتەوە، بۆ ئەو شتانەی سەرەوە کۆشش بکەن، لەوێ مەسیح لەلای ڕاستی خودا دانیشتووە.

٢ بایەخ بەو شتانەی سەرەوە بدەن، نەک ئەوانەی لەسەر زەوین،

٣ چونکە ئێوە مردن، ژیانیشتان لەگەڵ مەسیح لە خوداوە شاردراوەتەوە.

٤ کاتێ مەسیح دەردەکەوێت کە ژیانمانە، ئەوسا ئێوەش لەگەڵیدا لە شکۆمەندیدا دەردەکەون.

٥ کەواتە ئارەزووە جەستەییەکانتان لەسەر زەوی بمرێنن: داوێنپیسی، گڵاوی، هەوەس، ئارەزووی بەد، چڵێسی کە بتپەرستییە،

٦ بەهۆیانەوە تووڕەیی خودا دێتە سەر ڕۆڵەکانی یاخیبوون.

٧ کە ئێوەش جاران ئاوا ڕەفتارتان دەکرد، کاتێ تیایاندا دەژیان.

٨ بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە فڕێبدەن: تووڕەیی، هەڵچوون، کینە، کفرکردن، قسەی ناشیرین لە زارتان.

٩ لەگەڵ یەکتری درۆ مەکەن، چونکە مرۆڤی کۆن و کردەوەکانیتان داکەندووە

١٠ و نوێتان پۆشیوە، ئەوەی بەگوێرەی وێنەی ئافرێنەرەکەی بە ناسینی نوێ بوەتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ لەوێدا جوو و یۆنانی نییە، خروسەبڕاو و خروسەنەبڕاو، بەربەری و سکیتی، کۆیلە و ئازاد نییە، بەڵکو مەسیح هەمووە و لە هەموودایە.

١٢ بۆیە وەکو بژاردەی خودا، پارسا و خۆشەویست، میهرەبانی و نیانی و خاکساری و دڵنەرمی و پشوودرێژی بپۆشن.

١٣ بەرگەی یەکتری بگرن، ئەگەر یەکێک سکاڵای لەسەر یەکێک هەبوو، لە یەکتر خۆشبن. وەک پەروەردگار لێتان خۆشبوو، ئێوەش ئەوا بکەن.

١٤ لە سەرووی هەموو ئەمانەش خۆشویستن بپۆشن، کە پشتێنی تەواویە.

١٥ با ئاشتیی خودا حوکمی دڵتان بکات، کە بۆ ئەمە بانگکران لە یەک لەشدا، هەروەها سوپاسکار بن.

١٦ با وشەی مەسیح بە دەوڵەمەندی لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، بەوپەڕی دانایی یەکتری فێر بکەن و ئاگادار بکەنەوە، بە پەسنی و ستایش و گۆرانیی ڕووحی بە بەخشش لە دڵتاندا پەسنی بۆ پەروەردگار بڵێن.

١٧ هەر شتێک دەڵێن و دەیکەن، هەمووی بە ناوی ئیشۆعی پەروەردگار بیکەن، بەو سوپاسی خودای باوک بکەن.

١٨ ئەی ژنان، ملکەچی مێردەکانتان بن، وەک لە پەروەردگار دەوەشێتەوە.

١٩ ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبووێ، لەگەڵیان ڕەق مەبن.

٢٠ ئەی منداڵان، لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی باوک و دایکتان بن، چونکە ئەمە ڕەزامەندی پەروەردگارە.

٢١ ئەی باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، نەوەک شکست بهێنن.

٢٢ ئەی کۆیلەکان، لە هەموو شتێکدا ملکەچی گەورەکانتان بن بەگوێرەی جەستە، نەک بە ڕاژەی چاو وەک ئەو کەسەی خەڵک ڕازی بکات، بەڵکو بە ساکاریی دڵ و بە ترسی پەروەردگار.

٢٣ هەر چییەک دەکەن، بە دڵ بیکەن، وەک بۆ پەروەردگار بێت، نەک بۆ خەڵکی،

٢٤ بزانن لە پەروەردگارەوە پاداشتی میرات وەردەگرن، چونکە ڕاژەی مەسیحی پەروەردگار دەکەن.

٢٥ ستەمکاریش سزای ستەمەکەی وەردەگرێ و جوداخوازی نییە.

قولسێ 4

١ ئەی گەورەکان، لەگەڵ کۆیلەکان دادپەروەر و یەکسان بن، بزانن ئێوەش گەورەتان هەیە لە ئاسمانان.

٢ پەیوەست بن بە نوێژکردنەوە، بە سوپاسەوە بێدار بن.

٣ لەپێناوی ئێمەش نوێژ بکەن تاکو خودا دەرگایەکمان بۆ بکاتەوە بۆ پەیامەکە، بۆ ئەوەی نهێنیی مەسیح ڕابگەێنین، لەبەر ئەمەش کۆت کراوم،

٤ تاکو ئاشکرای بکەم وەک پێویستە بدوێم.

٥ بە دانایی لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە ڕەفتار بکەن، کات بقۆزنەوە.

٦ قسەتان هەردەم پڕبێت لە بەخشش، بە خوێ سوێر کرابێت، تاکو بزانن چۆن پێویستە وەڵامی هەر کەسێک بدەنەوە.

٧ تۆخیقۆس هەموو هەواڵێکی منتان دەداتێ، برای خۆشەویست و ڕاژەوانی سەرڕاست و هاوبەندە لە پەروەردگار.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ بە تایبەتی بۆ ئەمە ناردمە لاتان، تاکو هەواڵتان بزانێت و دڵنەواییتان بکات،

٩ لەگەڵ ئەنسیموسی برای سەرڕاست و خۆشەویست، ئەوەی لە خۆتانە، ئەوان هەواڵی هەموو شتێکی ئێرەتان دەدەنێ.

١٠ ئەرستەرخۆسی هاوڕێی بەندیێتیم سڵاوتان لێدەکات، مەرقوسی ئامۆزای بەرنڤاش کە دەربارەی ئەو ڕاسپاردەتان وەرگرتووە.

ئەگەر هاتە لاتان پێشوازی لێ بکەن،

١١ هەروەها ئیشۆع کە بە یستۆس ناودەبردرێت. تەنها ئەمانە لەنێوان هاوکارانم بۆ پاشایەتیی خودا لە خروسەبڕاوانن، ئەوانەی بوونە هاندەرم.

١٢ ئەپەفراسی بەندەی ئیشۆعی مەسیح، ئەویش لە خۆتانە و سڵاوتان لێدەکات، هەردەم لە نوێژەکانی لە پێناوتان تێدەکۆشێت، تاکو لە تەواویدا جێگیر بن و تەواو پڕ بن لە هەموو خواستی خودا.

١٣ گەواهیی بۆ دەدەم کە زۆر ماندوو دەبێت بۆ ئێوە و ئەوانەی لە لاودیکییان و ئەوانەی لە هیراپۆلیسدان.

١٤ لۆقای پزیشکی خۆشەویست و دیما سڵاوتان لێدەکەن.

١٥ سڵاو لە برایانی لاودیکییا و نیمفاس و ئەو وارگەیەی لە ماڵەکەیدایە بکەن.

١٦ کاتێ ئەم پەیامەتان بۆ خوێندرایەوە،

وابکەن لە وارگەی لاودیکییەکانیش بخوێندرێتەوە،

ئەوەی هی لاودیکییاشە ئێوە بیخوێننەوە.

١٧ بە ئەرخیپۆس بڵێن:

"سەیری ئەو ڕاژەیە بکە کە لە پەروەردگار وەرتگرت،

تاکو تەواوی بکەیت".

١٨ من پۆڵۆسم، سڵاوەکە دەستخەتی خۆمە.

یادی کۆتەکانم بکەن.

بەخشش لەگەڵتان بێت.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم تسلۆنیقێ

یەکەم تسلۆنیقێ 1

١ پۆڵۆس و شیلاو تیماتیئوس، بۆ وارگەی تسلۆنیقییەکان لە خودای باوک و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار:
بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار بۆ ئێوە.

٢ هەردەم لە پێناوی هەمووتان سوپاسی خودا دەکەین، لە نوێژەکانمان یادتان دەکەین،

٣ بێ بڕان لەبەردەم خودا و باوکمان یادی کرداری باوەڕ و ڕەنجی خۆشویستن و دانبەخۆداگرتنی هیواتان
دەکەین لە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٤ برایان، خۆشەویستانی خودا، دەزانین کە هەڵبژاردوون،

٥ چونکە تەنها بە قسە ئینجیلمان بۆ نەهێنان، بەڵکو بە هێز و بە ڕووحی پارسا و بە دڵنیایی زۆر، وەک
دەزانن لە پێناوی ئێوە لەنێواناندا چ جۆرە کەسێک بووین.

٦ئێوەش لاسایی ئێمە و پەروەردگارتان کردەوە، لە تەنگانەیەکی گەورەدا بە شادیی ڕووحی پارسا
وشەکەتان پەسەند کرد،

٧ تاکو بوونە نموونە بۆ هەموو باوەڕداران لە ماقیدۆنیا و ئەخائیە.

٨چونکە وشەی پەروەردگار لەلای ئێوەوە بڵاو کرایەوە، نەک تەنها لە ماقیدۆنیا و ئەخائیە، بەڵکو باوەڕتان
بە خودا لە هەموو شوێنێک بڵاو بوەتەوە، تەنانەت پێویستمان بەوە نییە شتێک بڵێین.

٩چونکە خۆیان باسمان دەکەن کە پێشوازیتان بۆ ئێمە چۆن بووە و چۆن لە بتەوە بۆ خودا گەڕانەوە، تاکو
خودای زیندوو و ڕاست بپەرستن،

١٠ بۆ چاوەڕوانیی ڕۆڵەکەی لە ئاسمان، ئەوەی لەنێو مردووان هەستاندیەوە، ئیشۆع، ئەوەی لە تووڕەیی
داهاتوو دەربازمان دەکات.

یەکەم تسلۆنیقێ 2

١ چونکە برایان، خۆتان دەزانن سەردانمان بۆ لاتان ناڕەوا نەبوو،

٢ بەڵکو وەک دەزانن پێشتر لە پیلیۆس ئازارمان چێژت و سووکایەتیمان پێ کرا، بەتەمای خودامان
بەئاشکرا باسی ئینجیلی خودامان بۆ کردن، لە دژایەتییەکی زۆردا.

٣ چونکە ئامۆژگاریمان لە چەواشە و گڵاوی و خەڵەتاندن نییە،

٤ بەڵکو وەک لە خوداوە پەسەند کرابین تاکو متمانەی ئینجیلمان بدرێتێ، ئاوا دەدووێین، نەک وەک خەڵک
ڕازی بکەین، بەڵکو خودا، کە دڵمان تاقی دەکاتەوە.

٥ خودا گەواهیدەرە، نە زمانلوسیتان بۆ دەکەین و نە لەبەر چڵێسییە، وەک دەزانن،

٦ نە داوای شکۆمان لە خەڵک کردووە، نە لە ئێوە و نە لە خەڵکی دیکە. هەرچەند دەمانتوانی وەکو
پەیامبەرانی مەسیح شکۆدار بین،

٧ بەڵام نیان بووین لەنێواناندا، وەک دایەنێک منداڵەکانی شیر بدات.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ئاوا شەیداتان بووین کە حەزمان کرد نەک تەنها ئینجیلی خوداتان بدەینێ، بەڵکو خۆشمان، چونکە بوونە خۆشەویستمان.

٩ چونکە برایان، ڕەنج و ماندووبوونی ئێمەتان لە یادە، شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد، تاکو بەسەر کەستانەوە نەبینە بار، کاتێ ئینجیلی خودامان بۆ ڕاگەیاندن.

١٠ئێوە و خودا گەواهیدەرن، چۆن بە بێگەردی و خوداناسی و بێ گلەیی بووین لەنێوان ئێوەی باوەڕدار.

١١ وەک دەزانن، چۆن بۆ هەریەکەتان وەک باوک بووین بۆ منداڵەکانی، هانتان دەداین

١٢ بە شێوەیەک بژین شایانی خودا بێت، ئەوەی بۆ پاشایەتی و شکۆی خۆی بانگتان دەکات.

١٣ لەبەر ئەمە بێ بڕانەوە سوپاسی خودا دەکەین، چونکە کاتێ وشەی خوداتان لە ئێمە وەرگرت، نەک وەک وشەی مرۆڤ بێت، بەڵکو وەک بە ڕاستی وشەی خودایە، ئەوەی لەنێو ئێوەی باوەڕداریش کاردەکات.

١٤ ئەی برایان، چونکە ئێوە لاسایی وارگەکانی خودا دەکەنەوە کە لە ئیهوود لە ئیشۆعی مەسیحدایە، ئێوەش بە دەستی هاوڵاتیانتان ئازار دران، وەک ئەوان بە دەستی جوو،

١٥ ئەوانەی ئیشۆعی پەروەردگار و پێغەمبەرانیان کوشت و ئێمەیان چەوساندەوە. خودا ڕازی ناکەن و دژی هەموو خەڵکن،

١٦ ڕێگامان لێ دەگرن لەوەی بۆ نەتەوەکان بدوێین تاکو ڕزگاربن، بەمەش گوناهەکانیان هەردەم تەواو دەکەن. بەڵام لە پایاندا تووڕەیی هاتە سەریان.

١٧ بەڵام برایان، ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت لێتان دوور کەوتینەوە بە چاو نەک بە دڵ زۆر شەیدا و پەرۆشی بینینتان بووین.

١٨ بۆیە ویستمان جارێک و دووان بێینە لاتان خۆشم وەک پۆڵۆس بەڵام شەیتان ڕێی لێگرتین.

١٩ چونکە هیوا و خۆشی و تاجی شانازیمان لەبەردەم ئیشۆعی پەروەردگارمان چییە لە کاتی هاتنی؟ ئایا ئێوە نین؟

٢٠ ئێوە شکۆ و خۆشیمانن.

یەکەم تسلۆنیقێ 3

١ بۆیە کاتێ بەرگەمان نەگرت، بە باشمان زانی بە تەنها لە ئەتینۆس بمێنینەوە،

٢تیماتیئوسمان نارد کە برا و ڕاژەوانی خودای و هاوکاری ئێمەیە لە ئینجیلی مەسیحدا، تاکو جێگیرتان بکات و بۆ باوەڕتان ئامۆژگاریتان بکات،

٣ تاکو لەم تەنگانانەدا کەس نەهەژێت. خۆتان دەزانن کە بۆ ئەمە دیاری کراوین.

٤ چونکە کاتێ لەلاتان بووین، پێشتر پێمان دەووتن کە تووشی تەنگانە دەبین، وەک دەزانن ڕوویدا.

٥ بۆیە منیش کاتێ بەرگەم نەگرت، ناردم بەڵکو دۆخی باوەڕتان بزانم، نەوەک تاقیکەرەوە تاقی کردبنەوە و ڕەنجمان بەفیڕۆ بچێت.

٦ ئێستاش تیماتیئوس لەلای ئێوە هاتەوە لامان، موژدەی باوەڕ و خۆشویستنی ئێوەی پێداین، هەروەها چۆن هەردەم بە چاکە یادمان دەکەن و تامەزرۆی بینینمانن، وەک ئێمەش بۆ ئێوە.

٧بۆیە برایان، لە کاتی تەنگانە و ناخۆشیمان، بە ئێوە دڵنەوایی کراین، بەهۆی باوەڕتان،

٨ چونکە ئێستا دەژین، ئەگەر ئێوە لە پەروەردگاردا جێگیر بن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ چ سوپاسێک بتوانین لەبەر ئێوە بۆ خودا بگەڕێنینەوە، بۆ ئەم هەموو خۆشییەی لەبەردەم خودامان بە ئێوەمان هەیە؟

١٠ شەو و ڕۆژ گەرمتر دەپاڕێینەوە، تاکو ڕوخسارتان ببینین و کەموکوڕی باوەڕتان دابین بکەین.

١١ با خودا و باوکمان بەخۆی و ئیشۆعی پەروەردگارمان ڕێگاکەمان بۆ لاتان ئاراستە بکەن.

١٢ پەروەردگار خۆشویستنتان زیاد بکات بۆ یەکتری و بۆ هەمووان، وەک ئێمەش بۆ ئێوە،

١٣ تاکو دڵتان جێگیر بێت بۆ ئەوەی بێ گلەیی لە پارساییدا بن، لەبەردەم خودا و باوکمان لە هاتنەوەی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان لەگەڵ هەموو پارساکانی.

یەکەم تسلۆنیقێ 4

١ جا برایان، لە ئێمەتان وەرگرتووە چۆن دەبێت بژین تاکو خودا ڕازی بکەن، وەک ئاواش دەژین، داواتان لێ دەکەین و لێتان دەپاڕێینەوە لە ئیشۆعی پەروەردگار تاکو زیاتر بکەن.

٢چونکە دەزانن چ ڕاسپاردەیەکمان پێدان بە ئیشۆعی پەروەردگار.

٣ چونکە ئەمەیە خواستی خودا: پارساییتان، واز لە داوێنپیسی بهێنن،

٤ هەریەکەتان بزانێ جەستەکەی بە پارسایی و ڕێزەوە بپارێزێت،

٥ نەک بە ئارەزووی هەوەسبازی وەک ئەو نەتەوانەی خودا ناناسن.

٦ لەم بارەوە کەس دەستدرێژی یان چڵێسی لەگەڵ براکەی نەکات، چونکە پەروەردگار تۆڵەی هەموو ئەمانە دەکاتەوە، وەک پێشتر پێمان وتوون و ئاگادارمان کردوونەتەوە.

٧ چونکە خودا بانگی نەکردووین بۆ گڵاوی، بەڵکو بۆ پارسایی.

٨ کەواتە ئەوەی ڕەتی بکاتەوە، مرۆڤ ڕەت ناکاتەوە بەڵکو خودا، ئەوەی ڕووحی پارسای خۆی پێدان.

٩ دەربارەی خۆشویستنی برایانە، پێویست ناکات بۆتان بنووسم، چونکە خۆتان لە خوداوە فێربوون یەکتریتان خۆشبووێ.

١٠ چونکە ئەمە بۆ هەموو برایان لە هەموو ماقیدۆنیا دەکەن. بەڵام برایان تکاتان لێ دەکەین، زیاتر بکەن.

١١ پابەند بن بە هێمنی و کاروباری تایبەتی خۆتان بکەن و بە دەستی خۆتان کاربکەن، وەک ڕامانسپاردوون،

١٢ تاکو بە لێوەشاوەیی ڕەفتار بکەن لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە و پێویستیتان بە کەس نەبێت.

١٣ برایان، نامانەوێت سەبارەت بە نووستووان نەزان بن، تاکو وەک ئەوانەی دیکە خەمبار نەبن کە هیوایان نییە.

١٤ چونکە ئەگەر باوەڕمان هەبێت کە ئیشۆع مرد و هەستایەوە، ئەوانەی بە ئیشۆعیش نووستوون، خودا لەگەڵیدا دەیانهێنێت.

١٥ ئێمەش بە وشەی پەروەردگار ئەمەتان پێ دەڵێن: ئێمەی زیندوو کە ماوین تاکو هاتنەوەی پەروەردگار، پێش نووستووان ناکەوین.

١٦چونکە پەروەردگار خۆی بە هاوار فەرمان دەدات، بە دەنگی سەرۆکی فریشتەکان و بە کەڕەنای خودا، لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و یەکەمجار مردووان لە مەسیح هەڵدەستنەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئینجا ئێمەی زیندوو کە ماوین، هەموومان لەگەڵیان لە هەوردا دەڕفێندرێین بۆ پێشوازیی پەروەردگار لە ئاسماندا، ئیتر هەمیشە لەگەڵ پەروەردگار دەبین.

١٨ بۆیە بەم قسانە دڵنەوایی یەکتری بکەن.

یەکەم تسلۆنیقێ 5

١ برایان، سەبارەت بە کات و دەم پێویست ناکات بۆتان بنووسین،

٢ چونکە خۆتان باش دەزانن، کە ڕۆژی پەروەردگار وەک دزە لە شەودا، ئاوا دێت.

٣ چونکە کاتێ دەڵێن: "ئاشتی و ئاسوودەییە"، ئەوسا یەکسەر لەناوچوون دێتە سەریان، وەک ژانی سکپڕێک، دەربازیش نابن.

٤بەڵام ئێوە برایان، لە تاریکیدا نین تاکو ئەو ڕۆژە وەک دز لەناکاو بێتە سەرتان.

٥ چونکە هەمووتان ڕۆڵەی ڕووناکی و ڕۆڵەی ڕۆژن. هی شەو و هی تاریکی نین.

٦ کەواتە با وەک خەڵکی دیکە نەخەوین، بەڵکو با بێدار و وریا بین.

٧ چونکە ئەوانەی دەخەون بە شەو دەخەون و ئەوانەی سەرخۆش دەبن بە شەو سەرخۆش دەبن.

٨ بەڵامئێمەی هی ڕۆژ، با وریا بین و سپەری باوەڕ و خۆشویستن بپۆشین و هیوای ڕزگاری وەک کڵاوی ئاسنین لەسەر بکەین.

٩چونکە خودا ئێمەی بۆ تووڕەیی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان،

١٠ ئەوەی لە پێناوی ئێمەدا مرد، تاکو ئەگەر بەخەبەر بین یاخود خەوتوو، لەگەڵ ئەو بژین.

١١ بۆیە دڵنەوایی یەکتری بکەن و یەکتری بنیاد بنێن، وەک دەیکەن.

١٢ ئیتر برایان، داواتان لێ دەکەین ڕێزی ئەوانە بگرن کە لەنێوانتاندا ڕەنج دەدەن و لە پەروەردگار سەرپەرشتیتان دەکەن و ئاگادارتان دەکەنەوە،

١٣ لەبەر کارەکانیان ئەوپەڕی ڕێز و خۆشویستنیان بۆ دەربڕن. بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بژین.

١٤ برایان، داواشتان لێ دەکەین: سەرزەنشتی تەمبەڵەکان بکەن، ورەی ورەدابەزیوەکان بەرز بکەنەوە، یارمەتی لاوازەکان بدەن، لەگەڵ هەمووان پشوودرێژ بن.

١٥ ئاگاداربن پاداشتی خراپە بە خراپە مەدەنەوە، بەڵکو هەمیشە بۆ یەکتری و بۆ هەمووان کۆشش بکەن بۆ چاکە.

١٦ هەمیشە دڵشادبن،

١٧ بێ بڕانەوە نوێژ بکەن،

١٨ بۆ هەموو شتێک سوپاسی خودا بکەن، چونکە خواستی خودا ئەمەیە بۆ ئێوە لە ئیشۆعی مەسیحدا.

١٩ ڕووح مەکوژێننەوە،

٢٠ پێشبینییەکان بە سووک مەزانن،

٢١ هەموو شتێک تاقی بکەنەوە، چی باشە دەستی پێوە بگرن،

٢٢ لە هەموو شێوەیەکی خراپە دوور بکەونەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ خودای ئاشتی خۆی بە تەواوی پارساتان بکات. ڕووح و دەروون و لەشتان بە تەواوی بێ گلەیی بپارێزێت لە هاتنەوەی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٢٤ سەرڕاستە ئەوەی بانگتان دەکات، کە دەیکات.

٢٥ برایان، لەپێناومان نوێژ بکەن.

٢٦ بە ماچێکی پارسا سڵاو لە هەموو برایان بکەن.

٢٧ سوێندتان بە پەروەردگار دەدەم ئەم پەیامە

بۆ هەموو برا پارساکان بخوێننەوە.

٢٨ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان

لەگەڵتان بێت.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم تسلۆنیقێ

دووەم تسلۆنیقێ 1

١ پۆڵۆس و شیلاو تیماتیئوس، بۆ وارگەی تسلۆنیقییەکان، لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار:

٢ بەخشش و ئاشتیی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.

٣ برایان، دەبێت هەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، وەک شایستەیە، چونکە باوەڕتان زۆر گەشە دەکات و خۆشویستنی هەر یەکێکتان و هەموو بۆ یەکتری زیاد دەکات،

٤ تەنانەت ئێمە بە خۆمان لە وارگەکانی خودا شانازیتان پێوە دەکەین، بۆ دانبەخۆداگرتن و باوەڕتان لە هەموو چەوسانەوە و تەنگانەیەک کە بەرگەی دەگرن.

٥ ئەمە بەڵگەیە کە حوکمی خودا دادپەروەرانەیە، تاکو شیاوی پاشایەتیی خودا بن، ئەوەی لە پێناوی ئازار دەچێژن.

٦ لەلای خودا دادپەروەرانەیە ئەوانەی تەنگتان پێ هەڵدەچنن سزایان بە تەنگانە بداتەوە،

٧ ئێوە کە لە تەنگانەدان لەگەڵ ئێمە حەسانەوەتان دەبێت، لە کاتی ئاشکراکردنی ئیشۆعی پەروەردگار لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی تواناکەی.

٨ لە ئاگرێکی گڕداردا سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی ئیشۆعی پەروەردگارمان نابن،

٩ ئەوانە بە لەناوچوونی جاویدانی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەگی پەروەردگار و شکۆی تواناکەی،

١٠ کاتێ لەو ڕۆژەدا دێتەوە، تاکو لە پارساکانی شکۆدار بێت و ببێتە سەرسامی لەنێو هەموو باوەڕداران، چونکە لەلای ئێوە گەواهیدانمان باوەڕی پێ کرا.

١١ هەردەم نوێژتان بۆ دەکەین، تاکو خودامان واتان لێ بکات شایانی بانگەوازەکەی بن، هەموو ئارەزوویەک بۆ چاکە و ئەو کردارەی بە باوەڕە دەکرێت بە هێزەوە تەواو بکات،

١٢ تاکو ناوی ئیشۆعی پەروەردگارمان لە ئێوەدا شکۆدار بێت و ئێوەش لەودا، بە بەخششی خوداوەندمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار.

دووەم تسلۆنیقێ 2

١ ئیتر برایان، دەربارەی هاتنەوەی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان و کۆبوونەوەمان لەگەڵیدا، داواتان لێ دەکەین

٢ تاکو خێرا هزرتان نەهەژێت و نەترسن، نە بە ڕووحێک، نە بە وشەیەک، نە بە پەیامێک وەک لە ئێمەوە بێت، بڵێت ڕۆژی مەسیح هاتووە.

٣ بە هیچ شێوەیەک کەس هەڵتان نەخەڵەتێنێ چونکە ئەو ڕۆژە نایێت، ئەگەر پێشتر هەڵگەڕانەوە نەیێت و مرۆڤی سەرپێچی دەرنەکەوێت، ڕۆڵەی لەناوچون،

٤ ئەوەی بەرهەڵستی دەکات و بەسەر هەموو ئەوەی پێی دەووترێ خوداوەند یان پەرستراو خۆی بەرز دەکاتەوە، تەنانەت لە پەرستگای خودا دادەنیشێت و خۆی بە خوداوەند دەردەخات.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئایا لە یادتان نییە کە لەلاتان بووم ئەمانەم پێ دەووتن؟

٦ ئێستاش دەزانن چی بەربەستە، تاکو لە کاتی خۆی ئاشکرا بکرێت.

٧ چونکە نهێنیی سەرپێچی ئێستا کاردەکات، تەنها تاکو بەربەست لەنێواندا لادەچێت.

٨ ئەوسا سەرپێچیکار ئاشکرا دەکرێت، ئەوەی پەروەردگار بە فووی دەمی لەناوی دەبات و بە دەرکەوتنی هاتنەوەی کۆتاییی پێ دەهێنێت.

٩ هاتنەوەی سەرپێچیکار بە کاری شەیتانە، بە هەموو پەرجو و نیشانە و کارێکی سەیری درۆیە،

١٠ هەروەها هەموو بەدکارییەک بۆ چەواشەکردنی لەناوچووانە، چونکە خۆشویستنی ڕەوایان پەسەند نەکرد، ئەوەی ڕزگاریان دەکات.

١١ بۆیە خودا چەواشەی بەهێزیان بۆ دەنێرێت، تاکو بڕوا بە درۆ بکەن،

١٢ تاکو هەموو ئەوانەی بڕوا بە ڕەوا ناکەن و حەزیان لە ناڕەواییە، تاوانبار بکرێن.

١٣ بەڵام ئێمە دەبێت هەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، برایانی خۆشەویستی پەروەردگار، چونکە خودا لە سەرەتاوە ئێوەی بۆ ڕزگاری هەڵبژاردووە، بە پارساکردنی ڕووح و بڕواکردنی ڕەوا.

١٤ بۆ ئەمەش بە ئینجیلمان بانگیکردن، بۆ دەستکەوتنی شکۆی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

١٥ کەواتە برایان، جێگیر بن و دەست بگرن بەو ئامۆژگاریانەی کە لە ئێمەوە فێربوون، چ بە وشە بێت یان بە پەیام.

١٦ ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان خۆی لەگەڵ خودای باوکمان، ئەوەی خۆشیویستین و دڵنەواییەکی جاویدانی و هیوایەکی باشی بە بەخشش پێداین،

١٧ دڵنەواییتان بکات و لە هەموو قسە و کردارێگی چاک جێگیرتان بکات.

دووەم تسلۆنیقێ 3

١ لە کۆتاییدا برایان، لەپێناومان نوێژ بکەن، تاکو وەک لەلای ئێوە، وشەی پەروەردگار بڵاو و شکۆدار بێت،

٢ هەروەها تاکو لە کەسانی بەد و خراپ ڕزگارمان بکات، چونکە باوەڕ بۆ هەمووان نییە.

٣ پەروەردگار سەرڕاستە، ئەوەی جێگیرتان دەکات و لە بەدکار دەتانپارێزێت.

٤متمانەمان بە پەروەردگارە سەبارەت بە ئێوە، ئەوەی ڕامانسپاردوون دەیکەن و بەردەوام دەبن.

٥پەروەردگاریش بۆ خۆشویستنی خودا و دانبەخۆداگرتنی مەسیح ئاراستەی دڵتان دەکات.

٦ ئێستاش برایان، بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان ڕاتاندەسپێرین، لە هەر برایەک دوور بکەونەوە کە بە تەمبەڵی دەژێت و بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاریە نییە کە لە ئێمە وەریگرتووە.

٧ چونکە خۆتان دەزانن چۆن پێویستە لاسایی ئێمە بکەنەوە، چونکە لەنێوانتاندا تەمبەڵ نەبووین،

٨ بەخۆڕایی نانێکی کەسمان نەخواردووە، بەڵکو شەو و ڕۆژ بە ڕەنج و ماندووبوون کارمان کردووە، تاکو نەبینە بار بۆ کەستان.

٩ ئەمەش نەک بڵێی دەسەڵاتمان نییە، بەڵکو تاکو خۆمان پێشکەش بکەین وەک نموونە، تاکو لاساییمان بکەنەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ چونکە کاتێ لەلاتان بووین ئەم ڕاسپاردەیەمان پێدان: ‘‘ئەوەی نایەوێ کار بکات، ناخوات’’.

١١ چونکە دەبیستین هەندێک لەنێوتاندا بە تەمبەڵی دەژین و هیچ کار ناکەن، بەڵکو خۆهەڵقورتێنەرن.

١٢ئەمانە بە ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار ڕایاندەسپێرین و ئامۆژگارییان دەکەین، بە هێمنی کاربکەن و نانی خۆیان بخۆن.

١٣ برایان، ئێوەش لە چاکەکاری شکست مەهێنن.

١٤ ئەگەر کەسێک گوێڕایەڵی قسەمان نەبێت بەم پەیامە، نیشانی بکەن و تێکەڵی مەبن، تاکو شەرم بکات.١٥ بەڵام بە دوژمنی دامەنێن، بەڵکو وەک برایەک ئاگاداری بکەنەوە.

١٦ پەروەردگاری ئاشتی بە خۆی هەمیشە و لە هەموو دۆخێکدا ئاشتیتان بداتێ. پەروەردگار لەگەڵ هەمووتان بێت.

١٧ من پۆڵۆسم، سڵاوەکە بە دەستی خۆم دەنووسم،

کە هێمایەکە لە هەموو پەیامێک.

من ئاوا دەنووسم.

١٨ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان

لەگەڵ هەمووتان بێت.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم تیماتیئوس

یەکەم تیماتیئوس 1

١ پۆڵۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بە فەرمانی خودای ڕزگاریدەرمان و ئیشۆعی مەسیحی هیوامان،

٢ بۆ تیماتیئوس، ڕۆڵەی ڕاستەقینەم لە باوەڕ: بەخشش و میهرەربانی و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٣ کاتێ دەچوومە ماقیدۆنیا، ڕامسپاردی لە ئەپیسۆس بمێنیتەوە، تاکو خەڵکێک ڕاسپێری فێرکردنێکی جیاواز نەدەن و

٤ گوێ نەدەنە ئەفسانە و ڕەچەڵەکی بێ پایان، چونکە دەمەقاڵەی لێ دەکەوێتەوە، لەجیاتی بنیادنانی خودایی ئەوەی لە باوەڕە.

٥ ئامانجی ئەم ڕاسپاردەیە: خۆشویستنە لە دڵێکی بێگەرد و ویژدانێکی چاک و باوەڕێکی بێ ڕووپامایی.

٦ هەندێک لەمانە لایانداوە، بەلای قسەی ناڕەوادا ڕۆیشتوون،

٧ دەیانەوێ ببنە ڕابیی تەورات، ناشزانن چی دەڵێن و بڕیاری چی دەدەن.

٨ بەڵام ئێمە دەزانین تەورات چاکە، ئەگەر یەکێک بە دروستی بەکاری بهێنێت،

٩ هەروەها دەزانین تەورات بۆ مرۆڤی بێتاوان دانەنراوە، بەڵکو بۆ سەرپێچیکار و یاخیبووان، خوانەناس و گوناهباران، پیس و گڵاوەکان، دایک و باوک کوژان، خەڵک کوژان،

١٠ داوێنپیسان و نێربازان، بازرگانانی کۆیلە، درۆزن و سوێندخۆرانی بە درۆ، هەر شتێکیش دژی فێرکردنی دروست بێت،

١١ بەگوێرەی ئینجیلی شکۆی خودای پیرۆز، ئەوەی بە من سپێردراوە.

١٢ سوپاسی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان دەکەم، ئەوەی بەهێزی کردم و بە سەرڕاستی داناوم و بۆ ڕاژەکردن دەستنیشانی کردم.

١٣ کە جاران کفرکار و چەوسێنەر و توندڕەو بووم، بەڵام بەزەیی پێم هاتەوە، چونکە بە نەزانی و بێباوەڕی کردوومە.

١٤ بەخششی پەروەردگارمان زۆر زیاد بووەوە لەگەڵ باوەڕ و خۆشویستن لە ئیشۆعی مەسیحدا.

١٥ ئەم وشەیە ڕاستە و شایانی تەواوی پەسەندکردنە: ئیشۆعی مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتە جیهان منیش یەکەمیانم.

١٦ بەڵام بەزەیی پێمدا هاتەوە، تاکو یەکەمجار لە مندا ئیشۆعی مەسیح بەوپەڕی پشوودرێژیی دەربکەوێت، وەک پەندێک بۆ ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن بۆ ژیانی جاویدانی.

١٧ بۆ پاشای جاویدانی، نەمر و نەبینراو، تاقە خودای دانا، ڕێز و شکۆی تاهەتایە بۆ ئەوە! ئامین.

١٨ تیماتیئوس، ڕۆڵە، ئەم ڕاسپاردەیەت پێ دەسپێرم، بەگوێرەی ئەو پێشبینییانەی پێشتر دەربارەی تۆ وتراوە، تاکو بەهۆیانەوە جەنگێکی باش بجەنگی،

١٩ باوەڕ و ویژدانێکی چاکت هەیە. هەندێک ڕەتیان کردەوە، جا لەلایەنی باوەڕەوە کەشتییان تێکشکا،

٢٠ لەوانە هیمینایۆس و ئەسکەندەر، ئەوانم دایە دەستی شەیتان، بۆ ئەوەی فێربن کە کفر نەکەن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم تیماتیئوس 2

١ بۆیە پێش هەموو شتێک تکا دەکەم، نوێژ و نزا و پاڕانەوە و سوپاسگوزاریتان بۆ هەموو خەڵک بێت،
٢ بۆ پاشا و دەسەڵاتداران، تاکو ژیانێکی ئاسوودە و بە هێمن بژین، بەوپەڕی لەخوداترسی و ڕێزەوە.
٣ چونکە ئەمە چاک و پەسەندکراوە لەلای خودای ڕزگاریدەرمان،
٤ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕەوا ناسین بێن.
٥ چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، ئیشۆعی مەسیحی مرۆڤ،
٦ ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد، گەواهیدانیش لە کاتی گونجاو بوو.
٧ بۆ ئەمە من بە موژدەدەرو پەیامبەر دەستنیشان کراوم، لە مەسیحدا ڕەوا دەڵێم و درۆ ناکەم فێرکاری باوەڕ و ڕەوام بۆ نەتەوەکان.
٨ جا دەمەوێ پیاوان لە هەموو شوێنێکدا نوێژ بکەن، دەستی بێگەردیان بەرز بکەنەوە بێ تووڕەیی و مشتومڕ.
٩ ژنانیش بە پۆشاکی شەرمەوە خۆیان بڕازێننەوە، بە ڕێز و شیاوی، نەک بە ئەگریجە و بە زێڕ و مرواری و جلی گرانبەها،
١٠ بەڵکو بە کرداری چاک شیاوی ژنێک بێت بانگەشەی لەخوداترسی بکات.
١١ ژن با لە هێمنی و ئەوپەڕی ملکەچیدا فێر بێت.
١٢ بەڵام ڕێگا نادەم ژن فێرکردن بدات و دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت، بەڵکو لە هێمنیدا بێت.
١٣چونکە یەکەمجار ئادەم شێوەی کێشرا، ئینجا حەوا.
١٤ هەروەها ئادەم فریو نەدرا، بەڵکو ژن فریو درا و کەوتە گوناهەوە.
١٥ بەڵام بە منداڵبوون ڕزگاری دەبێت، ئەگەر لە باوەڕ و خۆشویستن و پارسایی و شیاویدا بمێننەوە.

یەکەم تیماتیئوس 3

١ ئەم وشەیە ڕاستە: ئەگەر یەکێک چاودێریی ویست، حەزی لە چاکەکارییە.
٢ چاودێر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت، مێردی یەک ژن بێت، وریا، ژیر و بە ڕێز، میواندار بێت، بتوانێت خەڵک فێربکات،
٣ سەرخۆش و شەڕفرۆش نەبێت، چڵێسیی قازانجی بەد نەبێت، بەڵکو دڵنەرم بێت، ناکۆکی نەکات، حەزی لە پارە نەبێت.
٤ خێزانەکەی باش بەڕێوە ببات، منداڵەکانی بەوپەڕی ڕێزەوە ملکەچ بن،
٥ ئەگەر کەسێک نەزانێت خێزانەکەی بەڕێوە ببات، چۆن چاودێری وارگەی خودا دەکات؟
٦ تازە نەبێت لە باوەڕ، نەوەک لووتبەرز بێت و بکەوێتە سزای ئیبلیسەوە.
٧ دەبێت ناوبانگی باش بێت لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن، نەوەک قسەی بێتە سەر و بکەوێتە نێو داوی ئیبلیس.
٨ ڕاژەوانانیش دەبێت ڕێزدار بن، دوو زمان نەبن، مەی زۆر نەخۆنەوە، چڵێسیی قازانجی بەد نەبن،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ بە ویژدانێکی بێگەرد نهێنیی باوەڕ بپارێزن.

١٠ با یەکەمجار تاقی بکرێنەوە، کە بێ گلەیی بوون، با وەک ڕاژەوان ڕاژە بکەن.

١١ ژنەکانیش دەبێت ڕێزدار بن، بوختانکەر نەبن، وریابن، لە هەموو شتێکدا دەستپاک بن.

١٢ با ڕاژەوان مێردی یەک ژن بێت، ماڵ و منداڵیان باش بەڕێوە ببەن،

١٣ چونکە ئەوانەی باش ڕاژەیان کردووە، پلەیەکی باش و متمانەیەکی زۆر لە باوەڕیان بە ئیشۆعی مەسیح بەدەست دەهێنن.

١٤ هەرچەندە هیوادارم زوو بێمە لات، ئەمانەت بۆ دەنووسم،

١٥ تاکو، ئەگەر دواکەوتم، بزانی لە ماڵی خودا خەڵک چۆن ڕەفتار بکەن، ئەوەی وارگەی خودای زیندووە، کۆڵەگە و بناغەی ڕەوا.

١٦ بە دانپیانانی گشتی، نهێنیی خوداناسی مەزنە: خودا لە لەشدا دەرکەوت، لە ڕووحدا پاکانەی کرا، لەلایەن فریشتەکانەوە بینرا، لەنێو نەتەوەکان ڕاگەیەندرا، لە جیهاندا باوەڕی پێ هێنرا، لە شکۆمەندی بەرزکرایەوە.

یەکەم تیماتیئوس 4

١ ڕووح بە ڕاشکاوی دەفەرمووێ: لە پایانی ڕۆژگار هەندێک لە باوەڕ هەڵدەگەڕێنەوە، شوێنی ڕووحی چەواشە و فێرکردنەکانی شەیتانەکان دەکەون،

٢ لە ڕووپامایی درۆزنان، ویژدانیان داخکراوە.

٣ هاوسەرگیری قەدەغەدەکەن، فەرمانی نەخواردن دەدەن لەو خۆراکەی کە خودا ئافراندوویەتی بۆ ئەوەی بە سوپاسی باوەڕداران و ڕەواناسان وەربگیردرێت.

٤ چونکە هەموو ئافریدەکانی خودا چاکن، ئەگەر شتێک بە سوپاسەوە وەرگیرا ڕەت ناکرێتەوە،

٥ چونکە بە وشەی خودا و نوێژەوە پارسا دەکرێت.

٦ ئەگەر تۆ بەمانە ڕێنمایی برایان بکەیت، ئەوا دەبیتە ڕاژەوانێکی باشی ئیشۆعی مەسیح، بە وشەکانی باوەڕ و فێرکردنی باش پەروەردە کرایت، ئەوەی شوێنی دەکەویت.

٧ ئەفسانەی گێلاوی پیرەژنانە ڕەتبکەوە. خۆت ڕابهێنە لەسەر خوداناسی.

٨ چونکە وەرزشی لەش بۆ هەندێک شت سوودبەخشە، بەڵام خوداناسی بۆ هەموو شتێک سوودبەخشە، چونکە بەڵێنی ژیانی ئێستا و داهاتووی تێدایە.

٩ ئەم قسەیە ڕاستە و شایانی تەواوی پەسەندکردنە

١٠ چونکە ئێمە بۆ ئەمە ڕەنج دەدەین و تێدەکۆشین کە هیوامان بە خودای زیندووە، ئەوەی ڕزگاریدەری هەموو خەڵکە، بە تایبەتیش باوەڕداران.

١١ بەم شتانە ڕاسپێرە و فێر بکە.

١٢ با کەس سووکایەتی بە گەنجییەتیت نەکات، بەڵکو ببە نموونەی باوەڕداران لە قسە و ڕەفتار، لە خۆشویستن و باوەڕ و بێگەردیت.

١٣ تاکو دێم بایەخ بدە بە خوێندنەوە و فێرکردن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ ئەو بەهرەیەی لە تۆدایە پشتگوێی مەخە، ئەوەی بە پێشبینی وەرتگرتووە کاتێ پیرانی وارگە دەستیان لەسەر دانای.

١٥ لە ئەمانە چرببەوە و هەموو توانای خۆتی تێدا بەکاربهێنە، تاکو پێشکەوتنت بۆ هەمووان دەربکەوێت.

١٦ ئاگاداری خۆت و فێرکردنت بە، لەسەری بەردەوام بە، چونکە ئەگەر ئەمەت کرد خۆت و گوێگرانیشت ڕزگار دەکەیت.

یەکەم تیماتیئوس 5

١ پیر سەرزەنشت مەکە، بەڵکو وەک باوکێک ئامۆژگاری بکە، گەنجانیش وەک برا،

٢پیرەژن وەک دایک، کچانیش وەک خوشک بەوپەڕی پێگەردی.

٣ ڕێز لەو بێوەژنانە بگرە کە بە ڕاستی بێوەژنن.

٤ بەڵام ئەگەر بێوەژنێک منداڵ و وەچەی هەبوو، با فێربن یەکەمجار وەک ئەرکی باوەڕە ڕێز لە خانەوادەیان بگرن و چاکەی دایبابیان بدەنەوە، چونکە ئەمە چاک پەسەندکراوە لای خودا.

٥ بێوەژنی ڕاستەقینە بە تەنیایە، هیوای بە خودایە، شەو و ڕۆژ بەردەوامە لە نوێژ و پاڕانەوە.

٦ بەڵام ئەوەی بە چێژ دەژیێت، بە زیندوویی مردووە.

٧ جا ئەمانەیان ڕاسپێرە تاکو بێ گلەیی بن.

٨ بەڵام ئەگەر یەکێک بایەخ بە نزیکەکەی نادات بە تایبەتی خانەوادەکەی، ئەوا نکۆڵی لە باوەڕ کردووە و خراپترە لە بێباوەڕ.

٩ئەگەر بێوەژن تەمەنی لە شەست ساڵ کەمتر نەبێت و یەک مێردی هەبووبێت لە لیست بنووسرێت،

١٠ بە چاکەکاری گەواهیی بۆ بدرێت، منداڵی بەخێو کردبێت، میوانداری کردبێت، پێی پارساکانی شۆردبێت، یارمەتی لێقەوماوانی دابێت، بە هەموو چاکەکارییەک هەستا بێت.

١١بەڵام بێوەژنانی گەنج لەم لیستەیە دامەنێن، چونکە کاتێ زەوقیان هەستێت پشت لە مەسیح دەکەن، حەز لە شووکردنەوە دەکەن.

١٢ ئینجا تاوانبار دەکرێن، چونکە پەیمانی یەکەمیان شکاندووە.

١٣هەروەها فێری بێکاری و ماڵەوماڵکردن دەبن، نەک تەنها بێکاری، بەڵکو غەیبەتکاری و خۆخستنە کاروباری خەڵک، باسی شتی ناشیاو دەکەن.

١٤ بۆیە دەمەوێ بێوەژنانی گەنج مێرد بکەنەوە، تاکو منداڵیان ببێت، ماڵ بەڕێوە ببەن، دەرفەتێک نەدەنە دوژمن بۆ بوختان پێکردن.

١٥چونکە هەندێکیان لایاندا بەدوای شەیتانەوە.

١٦ ئەگەر باوەڕدارێک بێوەژنێکی لە کەسوکاری هەبوو، با یارمەتیی بدات و نەبێتە بار بەسەر وارگەوە، تاکو وارگە یارمەتی ئەوانە بدات کە بە ڕاستی بێوەژنن.

١٧ ئەو پیرانەی باش بەڕێوەبەرایەتی دەکەن، شایانی ڕێزێکی دووقاتن، بە تایبەت ئەوانەی ڕەنج دەدەن لە وشە و فێرکردن.

١٨ چونکە سیپارەکە دەفەرمووێ: "لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە"، هەروەها: "کارگەر شایانی کرێی خۆیەتی".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ سکاڵا لەسەر هیچ پیرێک پەسەند مەکە، بە دوو یان سێ گەواهیدەر نەبێت.

٢٠ ئەوانەی گوناه دەکەن لەبەردەم هەمووان سەرزەنشتیان بکە، تا ئەوانی دیکەش بترسن.

٢١ لەبەردەم خودا و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار و فریشتە بژاردەکان تکات لێ دەکەم، ئەم ڕاسپاردانە بپارێزە بە بێ مەبەست، هیچ شتێک بە لایەنگیریەوە مەکە.

٢٢ بە پەلە دەست لەسەر کەس دامەنێ، بەشداری گوناهی خەڵکی دیکە مەکە. خۆت بە بێگەردی ڕابگرە.

٢٣ ئیتر تەنها ئاو مەخۆوە، بەڵکو کەمێک مەی بەکاربهێنە لەبەر گەدە و نەخۆشییە زۆرەکانت.

٢٤ هەندێک گوناهەکانیان ڕوونە، پێشیان دەکەوێت بۆ حوکمدان، هەروەها هەندێک دوایان دەکەوێت.

٢٥ بە هەمان شێوە کرداری چاکیش ڕوونە، تەنانەت ئەوانەی ئاشکراش نین ناتوانرێ بشاردرێتەوە.

یەکەم تیماتیئوس 6

١ هەموو ئەوانەی لە ژێر نیری کۆیلایەتین، با وا دابنێن گەورەکانیان شایانی ئەوپەڕی ڕێزن، نەوەک کفر بە ناوی خودا و ئامۆژگارییەکەی بکرێت.

٢ ئەوانەی گەورەکانیان باوەڕدارن با سووکایەتییان پێ نەکەن، چونکە بران، بەڵکو زیاتر ڕاژەیان بکەن، چونکە ئەوانەی سوود لە ڕاژەیان وەردەگرن باوەڕدار و خۆشەویستن. جا ئەمانەیان فێربکە و ئامۆژگارییان بکە.

٣ ئەگەر یەکێک بە فێرکردنێکی دیکە خەڵک فێردەکات کە ناگونجێت لەگەڵ وشەی دروستی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان و لەگەڵ ئەو فێرکردنەی لەسەر خوداناسی ڕاوەستاوە،

٤ ئەوا لووتبەرزە و هیچ تێناگات، بەڵکو حەز لە شەڕەقسە و دەم دەمانێ دەکات کە دەبێتە هۆی ئیرەیی و ناکۆکی و بوختان و گومانی خراپ و

٥ ململانێ. ئەمانەش خەڵکانێکن کە هزریان گەندەڵ بووە و ڕەوایان لێ ون بووە، خوداناسی بە بازرگانی دادەنێن، لەو کەسانە دوور بکەوە.

٦ ڕاستە خوداناسی ئەگەر بە قەناعەتەوە بێت بازرگانییەکی مەزنە.

٧ چونکە هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێ ببەینە دەرەوە.

٨ جا ئەگەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین.

٩ بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ دەوڵەمەند بن، دەکەونە تاقیکردنەوە و داو، زۆر ئارەزووی گەوج و زیانبەخش کە مرۆڤ تێبکەوێت و لەناوبچێت.

١٠ چونکە خۆشویستنی پارە سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە، کە ئەگەر هەندێ کەس بە دوایدا بگەڕێن ون دەبن لە باوەڕیان و خۆیان تووشی ئازارێکی زۆر دەکەن.

١١ بەڵام تۆ، ئەی پیاوی خودا لەم شتانە هەڵبێ. بەدوای خوداناسی و خواترسی و باوەڕ و خۆشویستن و دانبەخۆداگرتن و دڵنەرمیدا بگەڕێ.

١٢ لە تێکۆشانی باوەڕدا باش تێبکۆشە، دەست بە ژیانی جاویدانیەوە بگرە، ئەوەی خودا بانگی کردووی بۆی، کاتێ باش دانت پیاناوە لەبەردەم گەواهیدەری زۆردا.

١٣ ڕاتدەسپێرم لەبەردەم خودا، ئەوەی هەمووان زیندوو دەکاتەوە و لەبەردەم ئیشۆعی مەسیح، ئەوەی گەواهیی باشی دا لەلای پیلاتوسی پونتی،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ کەوا بە بێگەردی و بێ گلەیی ئەو ڕاسپاردانە بپارێزیت، تاکو ڕۆژی دەرکەوتنی ئیشۆعی مەسیحی
پەروەردگارمان،

١٥ ئەوەی خودا لە کاتی دیاریکراو دەریدەخات، خودای پیرۆز و تاقە سەرۆک، پاشای پاشایان،
پەروەردگاری پەروەردگاران،

١٦ تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکیەک نیشتەجێیە کە کەس لێی نزیک نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و
ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای جاویدانی. ئامین.

١٧ دەوڵەمەندەکانی ئەم ڕۆژگارە ڕاسپێرە لووتبەرز نەبن و هیوایان بە سامانی لەناوچوو نەبێت، بەڵکو بە
خودای زیندوو، کە هەموو شتێکمان بە تێروپڕی دەداتێ تاکو خۆشیی لێ ببینین.١٨ ڕایانبسپێرە چاکە بکەن
و لە کاری چاکە دەوڵەمەند بن، دەستواڵا بن لە بەخشین و لە یارمەتیدان،

١٩ بەم شێوەیە گەنجینە و بناغەیەکی چاک بۆ دواڕۆژ دادەنێن و ژیانێکی جاویدانی بەدەست دەهێنن.

٢٠ تیماتیئوس، سپاردەکە بپارێزە.

خۆت دوور بخەوە لە قسەی ناڕەوا و

لەو وتە بێ کەڵکانەی بە درۆ ناونراوە زانست،

٢١ کە هەندێ کردیانە پیشە و سەبارەت بە باوەڕ گومڕا بوون.

بەخششت لەگەڵ بێت.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم تیماتیئوس

دووەم تیماتیئوس 1

١ پۆڵۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح بە خواستی خودا لەپێناوی بەڵێنی ژیان لە ئیشۆعی مەسیحدا،

٢ بۆ ڕۆڵەی خۆشەویستم تیماتیئوس: بەخشش و بەزەیی و ئاشتی لە خودای باوک و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان.

٣ سوپاسی خودا دەکەم، ئەوەی هەروەک باوباپیرانم بە ویژدانێکی بێگەرد دەیپەرستم، کاتێ شەو و ڕۆژ بێ بڕانەوە لە نزاکانم یادت دەکەم،

٤ کاتێ یادی فرمێسکەکانت دەکەمەوە، تامەزرۆی بینینت دەبم تاکو پڕبم لە شادی.

٥ باوەڕی بێ ڕووپامایی تۆم وەبیر دێتەوە کە لە تۆدایە، ئەوەی یەکەمجار لە لوئیسی نەنکت و ئەفنیکی دایکت نیشتەجێ بوو، دڵنیام لە تۆشدایە.

٦لەبەر ئەمە وەبیرت دێنمەوە بەهرەی خودا هەڵبگیرسێنی، ئەوەی لە تۆ دایە بە دەستدانانی من.

٧چونکە خودا ڕووحی شکستهێنانی پێمان نەداوە، بەڵکو ڕووحی هێز و خۆشویستن و خۆڕاگری.

٨ بۆیە شەرمت بە گەواهیی پەروەردگارمان نەبێت، هەروەها بە منیش کە بەندکراوی ئەوم، بەڵکو بەشداریی ئازار بکە لەپێناوی ئینجیل، بەگوێرەی هێزی خودا،

٩ ئەوەی ڕزگاری کردین و بە بانگەوازێکی پارسا بانگی کردین، نەک بەگوێرەی کردارمان، بەڵکو بەگوێرەی مەبەست و بەخششی خۆی کە پێش دەستپێکی زەمانە ئەزەلیەکان بە ئیشۆعی مەسیح پێمان دراوە،

١٠ئێستاش ئاشکرا بوو بە دەرکەوتنی ئیشۆعی مەسیحی ڕزگاریدەرمان، ئەوەی مەرگی پووچەڵ کردەوە، ژیان و نەمری بەهۆی ئینجیل ڕووناک کردەوە،

١١ ئەوەی من بۆی دەستنیشان کرام بە بانگەوازدەر و پەیامبەر و فێرگەری نەتەوەکان.

١٢ لەبەر ئەم هۆیەش ئەم ئازارانە دەچێژم، بەڵام شەرم ناکەم، چونکە دەزانم باوەڕم بە کێ هێناوە، دڵنیام ئەو دەتوانێ پارێزگاری سپاردەکەم بکات تا ئەو ڕۆژە.

١٣ دوای پەندی ئەو وشە دروستانە بکەوە کە لە منت بیستووە، لە باوەڕ و خۆشویستن لە ئیشۆعی مەسیحدا.

١٤ سپاردە چاکەکە بە ڕووحی پارسا بپارێزە کە تیاماندا نیشتەجێیە.

١٥ تۆ ئەمە دەزانی، هەموو ئەوانەی لە ئاسیادان لێم هەڵگەڕانەوە، لەوانە فیجلۆس و هرمۆجینیس.

١٦ پەروەردگار بەزەیی بداتە خێزانی ئۆنیسیفۆرس، چونکە زۆر جار منی حەساندوەتەوە و شەرمی بە زنجیرم نەبووە.

١٧ بەڵکو کاتێ لە ڕۆما بوو، بە پەرۆشیەوە بەدوامدا گەڕا و منی دۆزییەوە.

١٨ لەو ڕۆژەدا پەروەردگار پێی بدات بەزەیی پەروەردگار بدۆزێتەوە. باش دەزانیت لە ئەپیسۆسدا لە چەند لایەک ڕاژەی کرد.

دووەم تیماتیئوس 2

١ بۆیە ڕۆڵە، تۆ بەهێزبە بەو بەخششەی لە ئیشۆعی مەسیحدایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ ئەوەی لە منت بیستووە لەبەردەم چەندەها گەواهیدەر، بە خەڵکی سەرڕاستی بسپێرە کە لێهاتوو بن، خەڵکی دیکەش فێربکەن.

٣ بەشداریی ئازار بکە وەک سەربازێکی چاک بۆ ئیشۆعی مەسیح.

٤ سەربازێک خۆی بە کاروباری ڕۆژگار خەریک ناکات تاکو فەرماندەکەی ڕازی بکات.

٥ ئەگەر یەکێک پێشبڕکێ بکات، خەڵات ناکرێت ئەگەر بەگوێرەی یاسای پێشبڕکێ نەکات.

٦ جوتیاری ڕەنجدەر دەبێ یەکەم بێت لە بەشی بەرهەم.

٧ تێبگە لەوەی دەیڵێم. پەروەردگار پێت بدات لە هەموو شتێک تێبگەیت.

٨ یادی ئیشۆعی مەسیح بکە، هەستاوەی نێو مردووان، لە نەوەی داویدە، بەگوێرەی ئینجیلەکەم،

٩ ئەوەی لە پێناوی ئازار دەچێژم تاکو کۆتکردن وەک خراپەکارێک، بەڵام وشەی خودا کۆت ناکرێت.

١٠ بۆیە بەرگەی هەموو شتێک دەگرم، لەپێناوی بژاردەکان، تاکو ئەوانیش لە ئیشۆعی مەسیحدا ڕزگاری بەدەست بهێنن لەگەڵ شکۆی جاویدانی.

١١ ئەم وشەیە ڕاستە: ئەگەر لەگەڵیدا مردبین، لەگەڵیشی دەژین،

١٢ ئەگەر دانبەخۆدا بگرین، لەگەڵیدا فەرمانڕەوایی دەکەین. ئەگەر نکۆڵی لێ بکەین، ئەویش نکۆڵیمان لێدەکات.

١٣ ئەگەر سەرڕاست نەبین، ئەو هەر بە سەرڕاستی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات.

١٤ ئەمانەیان بیربخەوە و لە شەڕەقسە ئاگاداریان بکەوە لەبەردەم خودا، چونکە سوودی نییە، بەڵکو بیسەران دەڕوخێنێت.

١٥ کۆشش بکە خۆت بسەلمێنی بۆ خودا، کارگەرێکی بێ شەرمەزاری، وشەی ڕەوا بە ڕێگای ڕاست لێک بدەیتەوە.

١٦ خۆت لە قسەی نارەوا و خراپ بپارێزە، چونکە زیاتر بەرەو خوانەناسی دەچن.

١٧ وشەکانیان وەک لاڕەشەیە تەشەنە دەکات. لەوانە هیمینایۆس و پیلێتۆس،

١٨ کە لە ڕەوا دەرچوون و دەڵێن: ''هەستانەوە ڕوویداوە'' ئیتر باوەڕی هەندێک هەڵدەگێڕنەوە.

١٩ بەڵام بناغە توندەکەی خودا چەسپاوە، ئەم مۆرەی لەسەرە: ''پەروەردگار ئەوانەی هی خۆیەتی دەیانناسێت'' و ''ئەوەی ناوی مەسیحی لەسەرە، با لە بەدکاری دووربکەوێتەوە''.

٢٠ بەڵام لە ماڵی گەورەدا هەر دەفری زێڕ و زیو نییە، بەڵکو تەختە و قوڕیش، هەندێکیان بۆ ڕێزلێنانن ئەوانی دیکە بۆ سووکین.

٢١ بۆیە ئەگەر یەکێک خۆی لەمانە بێگەرد بکاتەوە، ئەوا دەبێتە دەفرێک بۆ ڕێزلێنان، پارسا و سوودبەخش بۆ گەورەکەی، ئامادە بۆ هەموو کارێکی چاک.

٢٢ لە هەوەسەکانی گەنجییەتی هەڵبێ، کۆشش بکە بۆ خوداناسی و باوەڕ و خۆشویستن و ئاشتی لەگەڵ ئەوانەی بە دڵێکی پاک لە پەروەردگار دەپاڕێنەوە.

٢٣ لە گفتوگۆی نارەوا و نەزان دووربکەوە، بزانە ناکۆکیی لێ دەکەوێتەوە.

٢٤ بەندەی پەروەردگار نابێ ناکۆک بێت، بەڵکو نەرم بێت لەگەڵ هەمووان، گونجاو بێت بۆ فێرکردن، ئارامگرتوو بێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٥ ئەوانەی بەربەرەکانێی دەکەن بە دڵنەرمی ڕاستیان بکاتەوە، بە هیوای ئەوەی خودا تۆبەکردنی ڕەوا ناسینیان بداتێ و

٢٦ لە داوی شەیتان هۆشیان بەخۆیاندا بێتەوە، ئەوەی بۆ خواستی خۆی بەندی کردن.

دووەم تیماتیئوس 3

١ ئەمە بزانە، لە ڕۆژانی پایاندا کاتێکی تەنگانە دادێت.

٢ چونکە خەڵکی خۆیان خۆشدەوێ، پارەیان خۆشدەوێ، لووتبەرز، خۆهەڵکێش، زمان پیس، گوێڕایەڵی دایبابیان نابن، سوپاسگوزار نین، گڵاو،

٣ بێ سۆز، ناڕەزا، بوختانکەر، ناپاک، دڕندە، حەز لە چاکە ناکەن،

٤ ناپاک، سەرەڕۆ، لەخۆبایی، خۆویستن و خودایان خۆش ناوێت،

٥ ڕواڵەتی خواترسییان هەیە، بەڵام نکۆڵی لە هێزەکەی دەکەن. جا لەوانە دوور بکەوە.

٦ چونکە ئەوانە بە ماڵاندا دەگەڕێن، ژنە لاوازەکان دەستەمۆ دەکەن، کە بە بارگرانی گوناهەوە شوێنی هەوەسی جۆراوجۆر کەوتوون،

٧هەردەم فێر دەبن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕەوا بناسن.

٨ وەک یەنیس و یەمبریس بەربەرەکانێی مووشێیان کرد، ئەوانەش بەربەرەکانێی ڕەوا دەکەن، ئەو خەڵکە هزریان گەندەڵ بووە و لەلایەن باوەڕ ڕەتکراونەتەوە.

٩ بەڵام زیاتر پێش ناکەون، چونکە گێلایەتییان بۆ هەمووان دەردەکەوێت، وەک گێلایەتیی ئەوانی لێهات.

١٠ بەڵام تۆ، فێرکردنم و سەربوردەم و ئامانج و باوەڕ و ئارامگرتن و خۆشویستن و دانبەخۆداگرتن،

١١ چەوسانەوە و ئازاری منت زانی، ئەوەی لە ئینتیاکیا و ئیقانون و لیسترە بەسەرم هات، بەرگەی چ چەوسانەوەیەکم گرت! پەروەردگاریش لە هەموویان دەربازی کردم.

١٢ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لە ئیشۆعی مەسیحدا بە خواترسی بژین، دەچەوسێندرێنەوە.

١٣بەڵام خەڵکی بەدکار و فێڵبازان بەرەو خراپتر دەڕۆن، چەواشەکار و چەواشەکراو.

١٤ بەڵام تۆ، بمێنەوە لەسەر ئەوەی فێری بوویت و دڵنیابوویت، زانیت لە کێ فێربوویت،

١٥ هەروەها لە منداڵییەوە لە سیپارە پارساکان دەزانیت کە دەتوانن بتکەنە دانا بۆ ڕزگاری، بە باوەڕ بە ئیشۆعی مەسیح.

١٦ هەموو سیپارەکان بە سروشی خودایە، سوودبەخشە بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە خوداناسی،

١٧ تاکو مرۆڤی خودا تەواو بێت، ئامادە بێت بۆ هەموو کارێکی چاک.

دووەم تیماتیئوس 4

١ لەبەردەم خودا و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار، ئەوەی لە داهاتوو لە کاتی دەرکەوتنی و پاشایێتیەکەی، زیندووان و مردووان حوکم دەدات، ڕاتدەسپێرم:

٢ وشەکە ڕابگەیەنە، ئامادە بە لە کاتی گونجاو و نەگونجاو، سەرزەنشت بکە، ڕابخوڕە، ئامۆژگاری بکە بەوپەڕی پشوودرێژی و فێرکردنەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ چونکە کاتێ دێت بەرگەی فێرکردنی دروست ناگرن، بەڵکو بەگوێرەی هەوەسی تایبەتی خۆیان ڕابی
کۆدەکەنەوە قدیلکەی گوێیان بکاتەوە.

٤ بۆ ڕەوا گوێیان دادەخەن، بەرەو ئەفسانە لادەدەن.

٥ بەڵام تۆ، لە هەموو شتێکدا وریابە، لە ئازاردا دان بگرە، کاری موژدەدەری بکە، ڕاژەی خۆت تەواو
بکە.

٦ چونکە من وا وەک مەیی پێشکەشکراو دەڕژێم و کاتی کۆچکردنم هاتووە.

٧ تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم، پێشبڕکێیەکەم تەواو کرد، باوەڕم پاراست.

٨ ئێستا تاجی خوداناسیم بۆ دانراوە، ئەوەی پەروەردگاری دادوەرە لەو ڕۆژەدا دەمداتێ، تەنها بۆ من نییە،
بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشە کە تامەزرۆی دەرکەوتنین.

٩ هەوڵ بدە زوو بێیتە لام،

١٠ چونکە دیماس بەجێیهێشتم، ئەم ڕۆژگارەی خۆشویست و چووە تسلۆنیقێ، کریسکیش بۆ گەڵاتیە و تتوس
بۆ دەلماتیا.

١١ بە تەنیا لۆقام لەلایە. مەرقوس لەگەڵ خۆت بهێنە، چونکە بۆ من سوودبەخشە بۆ ڕاژەکردن.

١٢ تۆخیقۆسم ناردووە بۆ ئەپیسۆس.

١٣کاتێ هاتی، ئەو کراسەی لە ترۆئۆس لای کارپۆس بەجێم هێشت، لەگەڵ خۆتی بهێنە، پەرتووکەکانیش
بە تایبەت دەسنووسەکان.

١٤ ئەسکەندەری مسگەر زۆر خراپەی لەگەڵ کردم، پەروەردگار بەپێی کردارەکانی پاداشتی بدات.

١٥ خۆتی لێ بپارێزە، چونکە زۆر بەرهەڵستی قسەکانمانی کرد.

١٦ لە بەرگری یەکەمم کەس لەگەڵم نەهات، بەڵکو هەموو بەجێیان هێشتم. لەسەریان هەژمارد نەکرێت.

١٧ بەڵام پەروەردگار لەگەڵم وەستا و بەهێزی کردم، تاکو بە منەوە بە تەواوی موژدە بدرێت و هەموو
گەلان ببیستن. ئیتر لە دەمی شێر دەرباز بووم.

١٨پەروەردگار لە هەموو خراپەیەکی دادێت دەربازم دەکات و ڕزگارم دەکات بۆ پاشایەتیە ئاسمانییەکەی.
تاهەتایە شکۆ بۆ ئەوە! ئامین.

١٩ سڵاو لە پریسقیلا و ئەکیلا و خێزانی ئۆنیسیفورس بکە.

٢٠ ئەڕاستۆس لە قۆرنتێ مایەوە،

بەڵام تروپیمۆس بە نەخۆشی لە میلیتس بەجێم هێشت.

٢١ هەوڵ بدە پێش زستان بێی.

ئوبولۆس و پودیس و لینۆس و کلودیا و

هەموو برایان سڵاوت لێدەکەن.

٢٢ ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار

لەگەڵ ڕووحت بێت.

بەخششتان لەگەڵ بێت.

ئامین.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

تتوس

تتوس 1

١ پۆڵۆس، بەندەی خودا و پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح، لە پێناوی باوەڕی بژاردەکانی خودا و ناسینی ڕەوا
کە بەگوێرەی خواترسییە،
٢ بە هیوای ژیانی جاویدانی، ئەوەی خودا، کە درۆ ناکات، پێش دەستپێکی زەمانە ئەزەلیەکان بەڵێنی پێ
داوە،
٣ لە کاتی خۆیدا وشەکەی بە ڕاگەیاندن دەرخست، ئەوەی بەگوێرەی فەرمانی خودای ڕزگاریدەرمان بە من
سپێردرا.
٤ بۆ تتوسی ڕۆڵەی ڕاستەقینەم بەگوێرەی باوەڕی هاوبەش: بەخشش و میهرەبانی و ئاشتی لە خودای
باوک و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگاری ڕزگاریدەرمان.
٥ لەبەر ئەمە تۆم لە قرێتێ بەجێهێشت، تاکو ئەو شتانەی ماونەتەوە ڕێکیان بخەیت و لە هەموو شارێک
پیران دابنێیت، وەک ڕامسپاردوویت،
٦ ئەگەر یەکێک گلەیی لەسەر نەبێت، مێردی یەک ژن بێت، منداڵەکانی باوەڕداربن و کەس لەسەر
بەرەڵایی و یاخیبوون سکاڵایان لێ نەکات.
٧ چونکە پێویستە چاودێر گلەیی لەسەر نەبێت وەک سەرکاری خودا، خۆسەپێن و تووڕە و سەرخۆش و
شەڕفرۆش نەبێت، چڵێسیی قازانجکردنی بەد نەبێت،
٨ بەڵکو میواندار بێت، خێرخواز بێت، ژیر بێت، خوداناس و پارسا و خۆڕاگر بێت.
٩ دەست بە وشەی متمانە بگرێ کە بەگوێرەی ئامۆژگاریە، تاکو بتوانێت بە فێرکردنێکی دروست
ئامۆژگاری بکات، سەرزەنشتی بەرهەڵستکاران بکات.
١٠ چونکە یاخیبوو زۆرن، فێڵبازن و قسەی ناڕەوا دەکەن، بە تایبەتی بۆ خروسەبڕاوان.
١١ کە دەبێت دەمیان دابخرێت، چونکە تەواوی خێزانەکان بە فێرکردنێک تێکدەدەن کە ناشێت، لەپێناوی
قازانجکردنی بەد.
١٢ یەکێکیان کە پێغەمبەرێکی خۆیانە، وتی: "قرێتییەکان هەردەم درۆزنن، دڕەندەی بەدکارن، نەوسن و
تەمبەڵن".
١٣ ئەم گەواهییە ڕاستە. بۆیە بە توندی سەرزەنشتیان بکە، تاکو لە باوەڕدا دروست بن،
١٤ گوێ نەدەن بە ئەفسانەی جوو و ڕاسپاردەی ئەوانەی لە ڕەوا هەڵگەڕاونەتەوە.
١٥ بۆ بێگەردەکان هەموو شتێک بێگەردە، بەڵام بۆ گڵاو و بێباوەڕان هیچ شتێک بێگەرد نییە، بەڵکو هزر
و ویژدانیشیان گڵاو بووە.
١٦دەڵێن کەوا خودا دەناسن، بەڵام بە کردەوەیان نکۆڵیی لێدەکەن، ئەوانە قێزەونن، گوێڕایەڵ نین، بەکەڵکی
هیچ چاکەکارییەک نایەن.

تتوس 2

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ بەڵام تۆ، با قسەکانت لە فێرکردنی دروست بوەشێتەوە:

٢ با پیرەمێردەکان وریابن، بەڕێز و ژیر و دروست بن لە باوەڕ و خۆشویستن و دانبەخۆداگرتن.

٣ هەروەها پیرەژنەکان با ڕەفتاریان لەگەڵ پارسایی بگونجێت، بوختانکەر نەبن، خوویان بە مەی نەگرتبێت، فێرکاری چاکە بن،

٤ تاکو ئامۆژگاریی ژنە گەنجەکان بکەن مێرد و منداڵیان خۆشبووێ،

٥ ژیر و پاک و بە ماڵەوە سەرقاڵ بن، چاک بن، ملکەچی مێردەکانیان بن، نەوەک کفر بە وشەی خودا بکرێت.

٦ بە هەمان شێوە، ئامۆژگاریی گەنجەکان بکە ژیر بن.

٧ لە هەموو شتێکدا ببە نموونەیان بۆ چاکەکاری، لە فێرکردندا بێگەردی و ڕێز و دڵسۆزی پیشان بدە،

٨ قسەت دروست بێت و ڕەخنەی لێ نەگیرێت، تاکو ناحەز شەرمەزار بێت، چونکە هیچی خراپ نادۆزێتەوە لە دژتان بیڵێت.

٩ با کۆیلەکانیش لە هەموو شتێکدا ملکەچی گەورەکانیان بن، ڕازییان بکەن، بەرپەرچیان نەدەنەوە،

١٠ هیچیان لێ نەدزن، بەڵکو ئەوپەڕی دەستپاکی پیشان بدەن، تاکو لە هەموو شتێکدا ئامۆژگاریی خودای ڕزگاریدەرمان بڕازێننەوە.

١١ چونکە بەخششی خودا دەرکەوت کە ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵک دەکات.

١٢ ئەوەی فێرمان دەکات نکۆڵی لە خودانەناسی و هەوەسەکانی جیهان بکەین، بە ژیری و خوداناسی و خواترسی بژین لەم ڕۆژگارەی ئێستا،

١٣لە چاوەڕوانی هیوای داڕشتکراو و دەرکەوتنی شکۆی خودای مەزن و ڕزگاریدەرمان، ئیشۆعی مەسیح،

١٤ ئەوەی بۆ ئێمە خۆی بەختکرد، تاکو لە هەموو خراپەیەک قوربانیمان بۆ بدات و گەڵێکی تایبەت بۆ خۆی بێگەرد بکاتەوە، دڵگەرم بۆ چاکەکاری.

١٥ بەمانە بدوێ، ئامۆژگاری بکە و بە هەموو دەسەڵاتێک سەرزەنشت بکە. کەس بە کەمت نەزانێت.

تتوس 3

١ یادیان بخەرەوە ملکەچی فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتداران بن، گوێڕایەڵ بن، بۆ هەموو کارێکی چاک ئامادەبن، ٢ قسە بە کەس نەڵێن، ناکۆک نەبن، هەستیار بن، لەگەڵ هەموو خەڵک دڵنەرمی پیشان بدەن.
٣ چونکە پێشتر ئێمەش گێل و یاخی و گومڕا بووین، بەندەی هەوەس و چێژی جۆراوجۆر بووین، لە کینە و ئیرەیی دەژیاین، ئێسکگران، ڕقمان لە یەکتری بوو.
٤بەڵام، کاتێ نیانیی خودای ڕزگاریدەرمان و خۆشویستنەکەی دەرکەوت،
٥ نەک بەهۆی کاری خوداناسی کە ئێمە کردوومانە، بەڵکو بەگوێرەی میهرەبانیی خۆی ڕزگاری کردین، بە شوشتنی لەدایکبوونەوە و نوێکردنەوەی ڕووحی پارسا،
٦ ئەوەی بە ئیشۆعی مەسیحی ڕزگاریدەرمان بە دەستفراوانی بەسەرمانیدا ڕشت،
٧ تاکو، پاش ئەوەی بە بەخششی ئەو بێتاوان کراین، بەگوێرەی هیوای ژیانی جاویدانی دەبینە میراتگر.
٨ ئەم وشەیە ڕاستە. سەبارەت بەم شتانە دەمەوێ سووربیت، تاکو ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هێنا بایەخ بە کرداری چاک بدەن. ئەم شتانە باش و سوودبەخشە بۆ خەڵک.
٩ بەڵام لە گفتوگۆی گێلانە و ڕەچەڵەک و ناکۆکی و جەنگ لەسەر تەورات دووربکەوە، چونکە بێ کەڵک و ناڕەوایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ ناکۆکیکار ئاگادار بکەوە، لەدوای جارێک و دووان، لێی دووربکەوە.
١١ دەزانیت وەک ئەمە لادەرە و گوناه دەکات، خۆی حوکمی بەسەر خۆی داوە.
١٢ کاتێ ئەرتیماس یان تۆخیقۆس دەنێرمە لات، هەوڵ بدە لە نیکۆپۆلیس وەرە لام، چونکە بەتەمام لە زستاندا لەوێ بم.
١٣ هەوڵبدە زیناسی پارێزەر و ئەپۆلۆس بنێری، تاکو پێوستیان بە هیچ نەبێت.
١٤ پێویستە خەڵکەکەمان فێربن خۆیان تەرخان بکەن بۆ کرداری چاک بۆ پێداویستییە گرنگەکان، تاکو بێبەرهەم نەبن.
١٥ هەموو ئەوانەی لەگەڵمدان سڵاوت لێدەکەن.
سڵاو لەوانە بکە کە لە باوەڕدا ئێمەیان خۆشدەوێت. بەخشش لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

فلیمۆن

فلیمۆن 1

١ پۆڵۆس، بەندکراوی ئیشۆعی مەسیح و تیماتیئوسی برا، بۆ هاوکار و خۆشەویست فلیمۆن و
٢ خوشکی خۆشەویست ئەپفییە و ئەرخیپۆسی هاوسەربازمان، هەروەها بۆ ئەو وارگەیەی لە ماڵەکەتدایە:
٣ بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار بۆ ئێوە.
٤ سوپاسی خوداوەندم دەکەم کە لە نوێژەکانمدا یادت دەکەم،
٥ چونکە باوەڕت بە ئیشۆعی مەسیح و خۆشویستنت بۆ هەموو پارساکانم بیستووە.
٦ تاکو هاوبەشیکردنی باوەڕت کاریگەر بێت لە زانینی هەموو چاکەیەک کە لە مەسیحدا هەتانە.
٧ چونکە بەهۆی خۆشویستنت زۆر شادبووم و دڵنەوایی کرام، چونکە بە تۆوە ئەی برا، هەناوی پارساکان گەشایەوە.
٨ بۆیە هەرچەندە بە مەسیحەوە مافم هەیە بۆ ئەرکی بەجێ فەرمانت پێ بکەم،
٩ بەڵام لەپێناوی خۆشویستن داوات لێ دەکەم، منی پۆڵۆسی پیرەمێرد، ئێستاش گیراوی ئیشۆعی مەسیحم،
١٠ داوا دەکەم سەبارەت بە ئۆنسیمۆسی ڕۆڵەکەم، ئەوەی لە کۆتکراویمدا بووە کوڕم. ١١ پێشتر بۆ تۆ بێ کەڵک بوو، بەڵام ئێستا کەڵکی بۆ من و بۆ تۆ هەیە.
١٢ ئەو دەنێرمەوە لات، پەسەندی بکە، کە جگەرمە.
١٣ حەزم دەکرد لەلای خۆم بیهێڵمەوە، تاکو لە جیاتی تۆ لەو کۆتەی لە پێناوی ئینجیلە ڕاژەم بکات.
١٤ بەڵام نەمویست شتێک بێ ڕەزامەندی تۆ بکەم، تاکو چاکەکەت بە خواستەوە بێت نەک بە ناچاری.
١٥ لەوانەیە لەبەر ئەمە بۆ ماوەیەک لێت جیابووەوە، تاکو تاهەتایە بۆ تۆ بێت،
١٦ لەمەودوا نەک وەک کۆیلە، بەڵکو باشتر لە کۆیلە، وەک برایەکی خۆشەویست، بە تایبەت بۆ من، ئەی چەند زیاتر بۆ تۆ کە لە جەستە و لە پەروەردگارە!
١٧ بۆیە، ئەگەر من بە هاوبەش دادەنێیت، وەک من پەسەندی بکە.
١٨ ئەگەر لە شتێک خراپەی لەگەڵ کردووی یاخود قەرزێکت بەسەریەوە هەیە، لەسەر منی بنووسە.
١٩ من پۆڵۆسم، بە دەستی خۆم نووسیومە، من دەیدەمەوە نامەوێ پێت بڵێم تۆ خۆشت قەرزاری منی.
٢٠ بەڵێ براکەم، لە پەروەردگاردا چاکەیەکم لەگەڵ بکە، لە مەسیحدا دڵگەشم بکە.
٢١ لە گوێڕایەڵیت دڵنیام، بۆت دەنووسم، دەزانم کە لەوەی داوات لێ دەکەم زیاتریش دەکەیت.
٢٢ لەگەڵ ئەمەشدا، ژووری میوانداریم بۆ ئامادە بکە،
چونکە هیوادارم بەهۆی نوێژەکانتان دەدرێمەوە ئێوە.
٢٣ ئەپەفراسی هاوڕێی بەندیێتیم لە پێناوی ئیشۆعی مەسیح، سڵاوت لێدەکات،
٢٤ هەروەها مەرقوس و ئەرستەرخۆس و دیما و لۆقا، کە هاوکارمن.
٢٥ بەخششی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان
لەگەڵ ڕووحتان بێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

عیبڕانییەکان

عیبڕانییەکان 1

١ دوای ئەوەی لەکۆنەوە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر لەڕێگەی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دووابوو،

٢ لەم ڕۆژانەی دواییەش لەڕێگەی ڕۆڵەکەی لەگەڵمان دووا، ئەوەی کردیە میراتگری هەموو شتێک و بە ئەویش گەردوونی دروستکردووە.

٣ ئەو پرشنگی شکۆی خودایە و وێنەی کڕۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناه کرد لە لای ڕاستی مەزنایەتیی دانیشت لە بەرزاییدا،

٤ بووەتە مەزنتر لە فریشتەکان، بەو ئاستەی ناوێکی بە میرات بۆ مایەوە لەوان باشترە.

٥ چونکە خودا چ جارێک بە کام لە فریشتەکانی فەرمووە: "تۆ ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت"؟ هەروەها: "من دەبمە باوکی و ئەویش دەبێتە ڕۆڵەم"؟

٦ هەروەها کاتێ نۆبەرە دەهێنێتە جیهان، دەفەرمووێ: "با هەموو فریشتەکانی خودا کڕنۆشی بۆ ببەن".

٧ لە بارەی فریشتەکانیش دەفەرمووێ: "فریشتەکانی کردۆتە با وڕاژەوانانی بڵێسەی ئاگر".

٨ بەڵام لە بارەی ڕۆڵەکە: "ئەی خودا، تەختی تۆ بۆ جاویدانیە، داردەستی پاشایەتییت داردەستی ڕاستەڕێیە.٩ حەزت لە بێتاوانی بوو و ڕقت لە خراپەبووەوە، بۆیە خودا خوداوەندت لە سەرووی هاوەڵەکانتەوە داینای، بە ڕۆنی شادی نیشانیکردیت".

١٠ هەروەها: "تۆ ئەی پەروەردگار، لە سەرەتاوە زەویت دامەزراندووە، ئاسمانانییش دەستکردی تۆن.

١١ ئەوان لەناودەچن، بەڵام تۆ دەمێنیت، هەموو وەک کراس کۆن دەبن.

١٢ وەک کەوا دەپێچیتەوە و دەگۆڕێن، بەڵام خۆت خۆتی، ساڵانت بێ پایانن".

١٣ ئایا خودا چ جارێک بە کام لە فریشتەکانی فەرمووە: "لە لای ڕاستم دانیشە تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت؟"

١٤ ئایا هەموویان ڕووحی ڕاژەوان و پەیامبەر نین بۆ ڕاژەکردنی ئەوانەی لە داهاتوو ڕزگاری بە میرات دەگرن!.

عیبڕانییەکان 2

١ بۆیە دەبێ وریاتر بین لەوەی بیستمان، نەوەک لێی لابدەین.

٢ چونکە ئەگەر ئەو وشەیەی فریشتەکان فەرموویانە چەسپاون، هەموو دەستدرێژی و سەرپێچییەک سزای دادپەروەرانەی وەرگرتووە،

٣ جا ئێمە چۆن دەرباز بین ئەگەر ڕزگارییەکی گەورەی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟ ئەوەی یەکەمجار پەروەردگار باسی فەرمووە و لەلایەن ئەوانەی بیستیان بۆمان چەسپا،

٤ خوداش لەگەڵیان گەواهیی دا، بە نیشانە و کاری سەیر و پەرجوی جۆراوجۆر و بەهرەکانی ڕووحی پارسا بەگوێرەی خواستی خۆی.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئەو جیهانەی وا دادێت و باسی دەکەین، بۆ فریشتەکانی ملکەچ نەکردووە.

٦ بەڵام یەکێک لە شوێنێکدا گەواهیی دا و وتی: "مرۆڤ چییە تاکو لە بیرت بێت؟ یان ڕۆڵەی مرۆڤ تاکو بەسەری بکەیتەوە؟

٧ کەمێک لە فریشتەکان کەمترت دانا، تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری، کارەکانی دەستی خۆتت پێ سپارد.

٨ هەموو شتێکت خستە بەرپێی". چونکە خودا هەموو شتێکی بۆ ملکەچ کردووە، هیچ شتێکی نەهێشتەوە ملکەچ بۆ نەکات. هەرچەندە ئێستا نابینین هەموو شتێک ملکەچی کرابێت.

٩ بەڵام ئێشۆع دەبینین، ئەوەی کەمێک لە فریشتەکان کەمتر دانرا، لەبەر ئازاری مەرگ تاجی شکۆ و ڕێزی خراوەتە سەر، تاکو بە بەخششی خودا لە جیاتی هەر یەکێک مەرگ بچێژێ.

١٠ چونکە لە خودا دەوەشایەوە، ئەوەی هەموو شتێک بۆ ئەوە و هەموو شتێک بە ئەوە، ڕۆڵەی زۆر بهێنێت بۆ شکۆمەندی، بە تەواوکردنی پێشڕەوایەتی ڕزگارییان بە ئازار.

١١ چونکە پارساکار و پارساکان هەموو لە یەکێکەوەن. لەبەر ئەم هۆیەش شەرم ناکات بە برا ناویان ببات.

١٢ دەفەرمووێ: "ناوی تۆ بە براکانم ڕادەگەیەنم، لەناوەڕاستی وارگەدا ستایشت دەکەم".

١٣ هەروەها: "من بەوە پشتبەستوو دەبم". دیسان: "ئەوەتا خۆم و ئەو ڕۆڵانەی خودا پێیداوم".

١٤ بۆیە کە ڕۆڵەکان لە گۆشت و خوێن بەشدارن، ئەویش بە هەمان شێوە بەشداری لەم شتانەکرد، تاکو بە مەرگ ئەوە لەناوببات کە دەسەڵاتی مەرگی هەیە، واتا ئیبلیس،

١٥ ئەوانەش ئازاد بکات کە بە درێژایی ژیانیان لە ترسی مەرگ ملکەچی کۆیلایەتی بوون.

١٦چونکە بە ڕاستیش بۆ یارمەتیدانی فریشتە نییە، بەڵکو بۆ یارمەتیدانی نەوەی ئەوڕاهەمە.

١٧ جا دەبووایە لە هەموو ڕوویەکدا لە برایانی بچووبایە، تاکو میهرەبان بێت و کاهینی باڵایەکی دڵسۆز بێت لە شتەکانی خودا، تاکو ببێتە داپۆشەری گوناهەکانی گەل،

١٨ چونکە ئازاری چێژتووە و تاقی کراوەتەوە، دەتوانێت یارمەتی تاقیکراوان بدات.

عیبڕانییەکان 3

١ کەواتە برایانی پارسا، کە بەشداری بانگەوازی ئاسمانین، سەیری ئیشۆع بکەن کە پەیامبەر و کاهینی باڵای دانپیانانمانە.

٢ سەرڕاستە بۆ ئەوەی دیاری کرد، هەروەک مووشێ لە هەموو ماڵی خودا بوو.

٣ چونکە ئیشۆع بۆی دانرا شایانی شکۆیەکی زیاتر بێت لە مووشێ، وەک بنیادنەری خانوویەک ڕێزی لە خانووەکە زیاترە.

٤ چونکە هەموو خانوویەک یەکێک بنیادی ناوە، بەڵام ئەوەی بنیادی هەموو شتێکی ناوە خودایە.

٥ مووشێ وەک ڕاژەوانێک لە هەموو ماڵی خودا سەرڕاست بوو، بۆ گەواهیی ئەوەی لە داهاتوو دەووترێت.

٦ بەڵام مەسیح وەک ڕۆڵە لەسەر ماڵی خودا سەرڕاستە، ئەو ماڵەش ئێمەین، ئەگەر بە جێگیری و تا کۆتایی دەست بگرین بە متمانە و شانازییەی هیوامان.

٧ بۆیە وەک ڕووحی پارسا دەفەرمووێ: "ئەمڕۆ، ئەگەر دەنگی ئەوتان بیست،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ دڵتان ڕەق مەکەن وەک لە یاخیبوونەکەدا، لە ڕۆژی تاقیکردنەوە لە بیاباندا.

٩ لەوێ باوکانتان بە ئەزموون منیان تاقی کردەوە و بۆ ماوەی چل ساڵ کردارەکانی منیان بینی.

١٠ بۆیە لەم نەوەیە تووڕە بووم، وتم: ئەوان دڵیان هەمیشە بەرەو گومڕایی دەڕوات و هەرگیز ڕێبازەکانی منیان نەناسی.

١١ بۆیە لە تووڕەییمدا سوێندم خوارد: نایەنە نێو حەسانەوەی من".

١٢ برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێکتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە.

١٣بەڵکو هەموو ڕۆژێک ئامۆژگاریی یەکتری بکەن، ئەوەندەی پێی دەووترێ ئەمڕۆ، تاکو کەستان بە فێڵی گوناه ڕەق نەبێت.

١٤ چونکە بووینە هاوبەشی مەسیح، ئەگەر تا پایان دەست بگرین بەو متمانەیەی لە سەرەتاوە هەمانە.

١٥ وەک وتراوە: "ئەمڕۆ، ئەگەر دەنگی ئەوتان بیست، دڵتان ڕەق مەکەن وەک لە یاخیبوونەکەدا".

١٦ جا کێن ئەوانەی بیستیان و یاخیبوون؟ ئایا هەموو ئەوانە نەبوون کە لە میسڕ بە ڕابەرایەتی مووشێ دەرچوون؟

١٧ خودا بۆ ماوەی چل ساڵ لە کێ تووڕە بوو؟ ئەوانە نەبوون کە گوناهیان کرد و لە بیاباندا تەرمەکانیان کەوت؟

١٨ سوێندی لە کێ خوارد کە "ناچێتە حەسانەوەکەی"، ئایا لەوانە نەبوو کە گوێڕایەڵ نەبوون؟

١٩ ئێمەش دەبینین لەبەر بێباوەڕی نەیانتوانی بچنە ژوورەوە.

عیبرانییەکان 4

١ بۆیە کە بەڵێنی چوونە حەسانەوەکەی هەر ماوە، دەبێ بترسین نەوەک یەکێکتان وابزانێت ناکەوێت.

٢ چونکە ئێمەش وەک ئەوان موژدەمان پێدرا، بەڵام ئەو وشەیەی بیستراوە سوودی بۆیان نەبوو، چونکە ئەوانەی کە بیستیان لەگەڵ باوەڕ یەکیان نەگرتەوە.

٣ چونکە ئێمەی باوەڕدار دەچینە نێو حەسانەوەکەی، وەک فەرموویەتی: "لە تووڕەبوونمدا سوێندم خوارد: نایەنە نێو حەسانەوەی من". هەرچەندە کارەکان لە دامەزراندنی جیهانەوە تەواو بوون.

٤ چونکە دەربارەی حەوتەمەکە لە شوێنێکدا فەرموویەتی: "ئینجا خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا".

٥ دیسان لەمەشدا: "نایەنە نێو حەسانەوەی من".

٦ بۆیە کە بۆ هەندێک ماوە بچنە ژوورەوە، ئەوانەی پێشتر موژدەیان پێدرا، لەبەر یاخیبوون نەچوونە ژوورەوە.

٧دیسان خودا ڕۆژێکی دیاری کرد، بەهۆی داوید دەفەرمووێ: "ئەمڕۆ" دوای ماوەیەکی زۆر، وەک فەرموویووی: "ئەمڕۆ، ئەگەر دەنگی ئەوتان بیست، دڵتان ڕەق مەکەن".

٨ چونکە ئەگەر یەشوع ئەوانی بهێنایە حەسانەوە، ئەوا پاش ئەوە خودا باسی ڕۆژێکی دیکەی نەدەکرد.

٩ کەواتە حەسانەوە بۆ گەلی خودا ماوە!

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ چونکە ئەوەی بچێتە نێو حەسانەوەی خودا لە کارەکانیشی پشوو دەدات، وەک خوداش لە کارەکانی پشووی دا.

١١ بۆیە با کۆشش بکەین تاکو بچینە نێو حەسانەوەکە، نەوەک یەکێک بە هەمان پەندی یاخیبوون بکەوێت.

١٢ چونکە وشەی خودا زیندوو و کاریگەرە و لە هەموو شمشێرێکی دوودەم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕووح و جومگە و مۆخی ئێسک دەبڕێت، بیر و نیازی دڵ جیا دەکاتەوە.

١٣ ئافریدە نییە لەبەرچاوی شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە بۆ چاوی ئەوەی هەژماردی دەدەینێ.

١٤ چونکە ئەو کاهینی باڵای مەزنەمان هەیە کە بە ئاسمانانداتێپەڕی، ئیشۆعی ڕۆڵەی خودا، با دەست بگرین بە دانپیانان.

١٥ چونکە کاهینی باڵایەکمان نییە کە نەتوانێ سکی بە لاوازییەکانمان بسووتێ، بەڵکو وەکو ئێمە لە هەموو شتێک تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناه.

١٦بۆیە با بە متمانەوە لە تەختی بەخشش بچینە پێش، تاکو بەزەیی وەربگرین و لە کاتی خۆیدا بەخشش بۆ یارمەتیدان بدۆزینەوە.

عیبرانییەکان 5

١ چونکە هەر کاهینێکی باڵا لەنێو خەڵک هەڵبژێردراوە، وەک نوێنەری خەڵک لە کاروباری خودا دەستنیشان کراوە، تاکو قوربانی و سەربڕاوی گوناه پێشکەش بکات.

٢ دەتوانێ لەگەڵ نەزان و گومڕاکان دڵنەرم بێت، چونکە خۆشی بە لاوازی دەوردراوە.

٣ لەبەر ئەوەیە وەک پێویستە لە پێناوی گوناهەکانی گەل قوربانی گوناه بکات، ئاواش لە پێناوی گوناهەکانی خۆی.

٤کەسیش ئەم ڕێزە بۆ خۆی وەرناگرێت، بەڵکو لە خوداوە بانگکراوە، هەروەک هارونیش.

٥ بە هەمان شێوە، مەسیح خۆی شکۆدار نەکرد تاکو ببێتە کاهینی باڵا، بەڵکو خودا پێی فەرموو: "تۆ ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت".

٦ وەک لە شوێنێکی دیکەش دەفەرمووێ: "تاهەتایە تۆ کاهینیت، لە پلەی مەلکزدەق".

٧ ئیشۆع لە ڕۆژانی جەستەی خۆیدا، نوێژ و پاڕانەوەی بە هاواری توند و فرمێسکەوە پێشکەش کرد، بۆ توانادار تا لە مەرگ ڕزگاری بکات، ئیتر لەبەر خواترسییەکەی گوێی لێ گیرا.

٨ هەرچەندە ڕۆڵەیەتی، لەو ئازارانەی چێژتی فێری گوێڕایەڵی بوو،

٩ کە تەواو کرا، بووە سەرچاوەی ڕزگاریی جاویدانی بۆ هەموو ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن.

١٠ لەلای خوداشەوە بە کاهینی باڵا ناونرا، لە پلەی مەلکزدەق.

١١ لە بارەی ئەمەوە قسەمان زۆرە، بەڵام ڕوونکردنەوەی گرانە، چونکە گوێتان گران بووە.

١٢ چونکە دەبووایە لەبەر کاتەکە ببوونایەتە ڕابی، بەڵکو پێویستتانە یەکێک بنەماکانی سەرەتای وشەی خوداتان فێر بکاتەوە. پێویستتان بە شیرە، نەک خۆراکی پتەو.

١٣ چونکە هەر یەکێک شیرەخۆر بێت ئەوا کەمزانە لە وشەی خوداناسی، چونکە ساوایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ بەڵام خۆراکی پتەو بۆ پێگەیشتووانە، ئەوانەی بەهۆی مەشق هەستەکانیان لەسەر جیاکردنەوەی چاکە و خراپە ڕاهاتووە.

عیبرانییەکان 6

١ بۆیە کە وازمان لە فێرکردنی سەرەتایی دەربارەی مەسیح هێنا، تا بەرەو پێگەیشتن بڕۆین، دیسان بناغەڕێژی ناکەین بۆ تۆبەکردن لە کردارە مردووەکان و باوەڕهێنان بە خودا،

٢فێرکردنی عەمادکردن و دەست لەسەر دانان، هەستانەوەی مردووان و سزادانی جاویدانی.

٣ئەگەر خودا ڕێگا بدات ئەمەش دەکەین.

٤ چونکە ئەوانەی جارێک ڕووناک کراونەتەوە و تامی بەهرە ئاسمانیەکانیان کردووە و بەشدار بوونە لە ڕووحی پارسا،

٥ هەروەها تامی وشەی باشی خودا و هێزەکانی ڕۆژگاری داهاتوویان کردووە،

٦ ئەگەر هەڵگەڕانەوە، ئەوا ناکرێ بۆ تۆبەکردن نوێ بکرێنەوە، چونکە بۆ خۆیان ڕۆڵەی خودا لەخاچدەدەنەوە و ڕیسوای دەکەن.

٧چونکە زەوی لەو بارانەی خواردەوە کە چەندین جار دێتە سەری، ڕووەکێک دەدات کە گونجاوە بۆ ئەوانەی بۆیان کێڵدراوە، لە خوداشەوە داڕشتی دەبێت.

٨ بەڵام ئەگەر دڕک و داڵی بەرهەم هێنا، ئەوا ناڕەوا و نزیکی نەفرەتە، کۆتاییەکەی سووتانە.

٩ خۆشەویستان، هەرچەندە ئاوا قسە دەکەین، دڵنیا بووین دەربارەی ئێوە ڕەوشێکی باشتر هەیە کە تایبەتە بە ڕزگاری.

١٠ چونکە خودا ستەمکار نییە تاکو لەیاد بکات، کاری ئێوە و ئەو خۆشویستنەی بۆ ناوی ئەو دەرتانبڕی لە ڕاژەکردنی پارساکان و هەروا ڕاژەش دەکەن.

١١ئێمەش دەخوازین هەر یەکێکتان هەمان دڵگەرمی دەربخات بۆ دڵنیایی تەواوی هیوا تا کۆتایی،

١٢ تاکو تەمبەڵ نەبن، بەڵکو لاسایی ئەوانە بکەنەوە کە بە باوەڕ و ئارامگرتن میراتگری بەڵێنەکانن.

١٣ کاتێ خودا بەڵێنی بە ئەوڕاهەم دا، سوێندی بەخۆی خوارد، چونکە کەسی مەزنتری نەبوو سوێندی پێ بخوات،

١٤ فەرمووی: "داڕشتت دەکەم، نەوەکەت چەندبارە دەکەم".

١٥ ئا بەم شێوەیە ئارامی گرت و ئینجا بەڵێنەکەی بەدەستهێنا.

١٦ چونکە خەڵک سوێند بە مەزنتر دەخۆن، کۆتایی هەموو دەمەقاڵەیەک بۆ چەسپاندن سوێندە.

١٧ ئاواش خودا ویستی ئەو خواستە نەگۆڕەی خۆی زیاتر بە میراتگرانی بەڵێن پیشان بدات، ئەمەشی بە سوێند چەسپاند.

١٨ بە دوو شتی نەگۆڕ کە خودا تیایاندا درۆ ناکات، بۆ ئەوەی دڵنەوایی بەهێزمان هەبێت، ئێمە کە پەنامان بردە بەر دەستگرتن بەو هیوایەی کە لەپێشمانە.

١٩ ئەم هیوایە وەک لەنگەر بۆ دەروونمانە، جێگیر و ڕاگرە. دەچێتە نێو پەردەش،

٢٠ لەوێدا ئیشۆع پێشتر و لەپێناوی ئێمە چووە نێویەوە، تاهەتایە بووە کاهینی باڵا، لە پلەی مەلکزەدەق.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

عیبڕانییەکان 7

١ چونکە ئەم مەلکزەدەقە پاشای شالمە و کاهینی خودای هەرەبەرزە کاتێ ئەوڕاهەم لە بەزاندنی پاشاکان گەڕایەوە، پێشوازیی لێ کرد و داڕشتی کرد،

٢ ئەوەی ئەوڕاهەم دەیەکی هەموو شتێکی بۆ جیا کردەوە. یەکەمجار ناوی بە واتای "پاشای خوداناسی" دێت، دواتر "پاشای شالم" واتا "پاشای ئاشتی".

٣ بێ باوک و دایک، بێ ڕەچەڵەکە، بێ سەرەتای ڕۆژان و پایانی ژیان، بەڵکو وەک ڕۆڵەی خودا وایە، تاهەتایە بە کاهین دەمێنێتەوە.

٤ سەیر بکەن ئەمە چەند مەزن بووە، تەنانەت ئەوڕاهەمی بابەگەورە دەیەکی دەستکەوتی داوەتێ!

٥ بەڵام ئەوانەی لە نەوەی لیوین و کاهینیەتییان وەرگرتووە، ڕاسپاردەیان هەیە کە بەگوێرەی تەورات دەیەک لە گەل وەربگرن، کە برایانن، هەرچەندە لە پشتی ئەوڕاهەمن.

٦ بەڵام ئەوەی لە ڕەچەڵەکی ئەوانیش نییە، دەیەکی لە ئەوڕاهەم وەرگرت و داڕشتی ئەوەی کرد کە بەڵێنەکانی هەیە!

٧ بێ هیچ دەمەقاڵێیەك: بچووکترین لەلایەن گەورەترین داڕشت دەکرێت.

٨ لێرەش خەڵکی کە دەمرن دەیەک وەردەگرن، بەڵام لەوێ گەواهیی بۆ دەدرێت کەوا زیندووە.

٩ ئاوا قسەیەک دەکەم: تەنانەت لیویش دەیەک وەردەگرێ، خۆی دەیەکی بە ئەوڕاهەم داوە،

١٠ چونکە کاتێ مەلکزەدەق پێشوازیی لە ئەوڕاهەم کرد، هێشتا لیوی لە پشتی باوکی بوو.

١١ ئەگەر تەواوەتی بە کاهینیەتیی لیوی بووە، کە گەلیش لەسەر ئەمە تەوراتی وەرگرت، پێویستی چی بوو کە کاهینێکی دیکە لە پلەی مەلکزەدەق، نەک لە پلەی هارون پەیدا بێت؟

١٢چونکە ئەگەر کاهینیەتی بگۆڕێت، ئەوا پێویستە تەوراتیش بگۆڕێت.

١٣ چونکە ئەوەی ئەم باسەی لەسەر دەکرێ، سەر بە هۆزێکی جیاوازە، لەمە کەس ڕاژەی قوربانگای نەکردووە.

١٤کە ئاشکرایە پەروەردگارمان بۆ هۆزی ئیهوودا دەگەڕێتەوە، کە مووشێ هیچ باسێک دەربارەی کاهینیەتی ئەم هۆزەی نەکردووە.

١٥ زۆر ڕوونتریشە، ئەگەر لە شێوەی مەلکزەدەق کاهینێکی دیکە پەیدا بێت،

١٦ کە بەگوێرەی تەورات ڕاسپاردەی جەستەیی دانەنرا، بەڵکو بەگوێرەی هێزی ژیانی نەفەوتاو.

١٧ چونکە گەواهیی دەدات: "تاهەتایە تۆ کاهینیت، لە پلەی مەلکزەدەق".

١٨ ئیتر ڕاسپاردەی پێشوو لابردرا، لەبەر ئەوەی لاواز و بێ سوود بوو

١٩ چونکە تەورات هیچ شتێکی تەواو نەکرد بەڵکو هیوایەکی چاکتر هاتەکایەوە کە بەهۆیەوە لە خودا نزیک دەبینەوە.

٢٠ ئەمەش بێ سوێند نەبوو.

٢١ چونکە ئەوان بێ سوێند بوونە کاهین، بەڵام ئەمە بە سوێندەوە بوو، لەوەی پێی فەرموو: "پەروەردگار سوێندی خواردووە وپاشگەز نابێتەوە: تاهەتایە تۆ کاهینیت، لە پلەی مەلکزەدەق"

٢٢ بەگوێرەی ئەم سوێندەش ئیشۆع بووە دەستەبەری پەیمانێکی باشتر.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٣ کاهینەکان زۆربوون، چونکە مەرگ بووە کۆسپ لەوەی بەردەوام بن.

٢٤ بەڵام ئەم لەبەرئەوەی تاهەتایە دەمێنێتەوە، کاهینیەتییەکی لەناونەچووی هەیە.

٢٥ لەمەوەش دەتوانێ ئەوانە بە تەواوی ڕزگار بکات کە بەهۆی ئەو دەچنە لای خودا، ئەو هەمیشە زیندووە تاکو داکۆکیان بۆ بکات.

٢٦ چونکە کاهێنێکی باڵای ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە، پارسا و بێ خراپە و بێ گڵاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە و لە ئاسمان بەرزتر کرا.

٢٧ ئەو ناچار نییە وەک کاهینانی باڵای دیکە ڕۆژانە قوربانی بکات، یەکەم بۆ گوناهەکانی خۆی و دوایی بۆ گوناهەکانی گەل، چونکە ئەمەی بە جارێک کرد کە خۆی پێشکەش کرد.

٢٨ چونکە تەورات کەسانێک لە پێگەی کاهینی باڵا دادەنێت کە لاوازییان هەیە، بەڵام وشەی سوێند کە دوای تەوراتە، ڕۆڵەکە دادەنێت کە تا جاویدان تەواوکراوە.

عیبرانییەکان 8

١ سەرووی لێدوانەکە ئەمەیە: ئێمە کاهێنێکی باڵای ئاوامان هەیە کە لە ئاسماناندا لە لای ڕاستی تەختی مەزنایەتی دانیشت،

٢ ڕاژەوانی پارساگا و نشینگەی ڕاستەقینەیە، ئەوەی پەروەردگار داینناوە نەک مرۆڤ.

٣ چونکە هەر کاهێنێکی باڵای بۆ پێشکەشکردنی قوربانی و سەربڕاو دانراوە. کەواتە ئەمە پێویستە شتێکی هەبێت کە پێشکەشی بکات.

٤ ئەگەر لەسەر زەوی بووایە، نەدەبووە کاهین، چونکە کەسانێکی هەن بەگوێرەی تەورات قوربانی بکەن.

٥ئەوانەی ڕاژەی وێنە و سێبەری شتە ئاسمانییەکان دەکەن، کە مووشێش بەتەمابوو نشینگەکە دروستبکات، ئاگادار کرایەوە: "بڕوانە کە هەموو شتێک لەسەر ئەو نموونەیە دروست بکەی کە لەسەر کێوەکە پیشانت دراوە".

٦ بەڵام ئیشوع ئێستا ڕاژەیێکی زۆر نایابتری لەوەی ئەوان دەستکەوت، کە نێوانگری پەیمانێکی مەزنترە، چونکە لەسەر بەڵێنی باشتر بنیادنراوە.

٧ لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیمانی یەکەم بێ کەموکوڕی بووایە، ئیتر شوێن بۆ دووەم داوا نەدەکرا.

٨ چونکە بەگلەییەوە پێیان دەفەرمووێ: "ئەوەتا ڕۆژانێک دێت، پەروەردگار دەفەرمووێ، پەیمانێکی نوێ لەگەڵ ماڵی ئیسرائیل و ماڵی ئیهوودا دەبەستم.

٩ نەک وەک ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانیان بەستم، ئەو ڕۆژەی دەستیانم گرت تا لە خاکی میسڕ دەریان بکەم، چونکە لەسەر پەیمانەکەم نەڕۆیشتن، منیش پشتگوێم خستن، پەروەردگار دەفەرمووێ.

١٠ وەک ئەم پەیمانە لەگەڵ ماڵی ئیسرائیلدا دەبەستم دوای ئەو ڕۆژانە، پەروەردگار دەفەرمووێ، فێرکردنەکانم دەخەمە نێو هزریان ولەسەر دڵیان دەینووسم، من دەبمە خوداوەندیان وئەوانیش دەبنە گەلی من.

١١ کەسیش هاوڕێیەکەی خۆی یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت، پەروەردگار بناسە. چونکە هەموویان دەمناسن، لە بچووکیانەوە تا گەورەیان.

١٢ چونکە لە تاوانەکەیان خۆش دەبم و چیتر ناوی گوناهەکانیان ناهێنم".

١٣ کاتێ دەفەرمووێ: "نوێ" یەکەم کۆن دەکات. شتێکیش کە کۆن بوو و پیر بوو، ئەوا لە فەوتان نزیکە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

عیبڕانییەکان 9

١ ئیتر پەیمانە یەکەمەکە ڕێوڕەسمی ڕاژە و پارساگای زەمینیی هەبوو.

٢ چونکە نشینگەی یەکەم ڕاخرا، چرادان و مێز و نانی تەرخانکراوی تێدابوو، کە پێی دەووترێ "پارساگا".

٣پشتی پەردەی دووەم، ژوورێک هەبوو پێی دەووترێ "هەرەپارساگا"،

٤ بخوورداندێکی زێڕین و چەمەدانی پەیمانی تێدایە کە لە هەموو لایەک بە زێڕ ڕووپۆش کراوە، لەنێو ئەمەش گۆزەیەکی زێڕین هەبوو مەنی تێدابوو، لەگەڵ گۆچانەکەی هارون، کە گەڵای سەوزی کردبوو، هەروەها تەختە بەردینەکانی پەیمان.

٥ لەسەریشی کەڕوبەکانی شکۆ سێبەریان کردبووە سەر قەپاغەکەوە. لێرەدا بە وردی ناتوانین باسی ئەمانە بکەین.

٦ کاتێ شتەکان ئاوا ڕێکخرابوون، کاهینان هەموو کاتێ دەچنە ژووری یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ڕاژە.

٧ بەڵام بۆ ژووری دووەم تەنها کاهینی باڵا ساڵی جارێک دەچێت، ئەویش بێ خوێن نابێت، کە پێشکەش دەکات بۆ خۆی و بۆ گوناهەکانی گەل کە بە نەزانی کردوویانە.

٨ بەمەش ڕووحی پارسا ئاماژە دەکات، کە ڕێگای هەرەپارساگا جارێ ئاشکرا نەبووە، کە هێشتا نشینگەی یەکەم هەیە.

٩ ئەمەش هێمایە بۆ ئەم سەردەمە، کە تیایدا قوربانی و سەربڕاو پێشکەش دەکرێت، ناتوانێت ویژدانی ئەوەی دەیپەرستێت پاک بکات.

١٠ ئەمانە تەنها ڕێوڕەسمی ڕواڵەتیانەن کە چڕدەبێتەوە لەسەر خواردن و خواردنەوە و شوشتنی جۆراوجۆر، تا کاتی دارشتنی نوێ دانرابوو.

١١ بەڵام کاتێ مەسیح هات وەک کاهینی باڵا بۆ شتە باشەکانی داهاتوو، چووە نێو نشینگەی مەزنتر و تەواوتر کە دەستکرد نییە، واتا هی ئافریدە نییە.

١٢ بە خوێنی بزن و گوێرەکە نەچوو، بەڵکو بە خوێنی خۆی، بە جارێک چووە نێو هەرەپارساگا و قوربانیدانی جاویدانی بینی.

١٣چونکە ئەگەر خوێنی گا و بزن و خۆڵەمێشی گوێرەکە کە بەسەر گڵاوەکاندا دەپرژێندرێت، پارسا بکات بۆ بێگەردکردنی جەستە،

١٤ ئیتر خوێنی مەسیح چەند زیاترە، ئەوەی بە ڕووحێکی ئەزەلی بێ کەموکوڕی خۆی پێشکەشی خودا کرد، ئەوەی ویژدانتان لە کرداره مردووەکان پێگەرد دەکاتەوە، تاکو ڕاژەی خودای زیندوو بکەن!

١٥ لەبەر ئەمە نێوانگری پەیمانی نوێیە، تاکو بانگکراوان بەڵێنی میراتی جاویدانی وەربگرن، چونکە مردنی قوربانیدانی گوناهەکانە کە لە پەیمانی یەکەم دا کردوویانە.

١٦ ئەگەر وەسیەتنامە هەبێ، پێویستە مردنی وەسیەتکار بسەلمێندرێ،

١٧ چونکە وەسیەتنامە لەگەڵ مردن دەکەوێتە کار، هیچ هێزیشی نییە کە وەسیەتکار زیندوو بێ.

١٨ بۆیە پەیمانەکەی یەکەمیش بێ خوێن جێبەجێ نەکرا.

١٩ چونکە مووشێ، دوای ئەوەی هەموو ڕاسپاردەکانی بەگوێرەی تەورات بە هەموو گەلی ڕاگەیاند، خوێنی گوێرەکە و بزنی هێنا لەگەڵ ئاو و خوریی سوور و زوفا، بەسەر تەورات و هەموو گەلدا پرژاندی.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ وتی: ‘‘ئەمە خوێنی ئەو پەیمانەیە کە خودا فەرمانی پێ کردن’’.

٢١ هەروەها خوێنەکەی پرژاندە سەر نشینگەکە و هەموو هێربارەکانی ڕاژە کردن.

٢٢بەگوێرەی تەورات نزیکەی هەموو شتێک بە خوێن پێگەرد دەبێتەوە، لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێنڕشتن نابێت!

٢٣ بێگەردکردنەوەی وێنەی شتە ئاسمانییەکان دەبووایە ئاوا بکرێت، بەڵام خودی شتە ئاسمانییەکان بە قوربانیی باشتر لەمانە بێگەرد دەبنەوە.

٢٤ چونکە مەسیح نەچووە پارساگای دەستکرد کە لەبەرگیراوەی شتە ڕاستەقینەکەیە، بەڵکو بۆ خودی ئاسمان، ئێستاش لەبەر ڕووی خودا لەپێناوی ئێمە دەردەکەوێت.

٢٥ نەک تاکو چەند جارێک خۆی پێشکەش بکات، وەک کاهینی باڵا ساڵی جارێک بە خوێنێکی دیکە دەچێتە نێو هەرەپارساگا.

٢٦ دەبووایە مەسیح لە دامەزراندنی جیهانەوە چەندین جار ئازاری بچێژتایە. بەڵام ئێستا لە پایانی ڕۆژگار تەنها جارێک دەرکەوت تاکو گوناه پووچەڵ بکات، بەوەی خۆی کردە قوربانی.

٢٧ وەک بۆ مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە،

٢٨ مەسیحیش جارێک پێشکەش کرا، تاکو گوناهی زۆر کەس هەڵبگرێت. بێ گوناهیش دەردەکەوێتەوە بۆ ڕزگاریی ئەوانەی چاوەڕێی دەکەن.

عیبڕانییەکان 10

١ تەورات تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان. لەبەر ئەوەی بەردەوام بە هەمان قوربانییەکانی ساڵانە پێشکەش دەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەوانە تەواو بکات کە بۆ پەرستن نزیک دەبنەوە.

٢ ئەگینا، ئایا لە پێشکەشکردن نەدەوەستان؟ چونکە ئەگەر ڕاژەوانەکان تەنها جارێک بێگەرد بوونەوە، ئیتر ویژدانی گوناهیان نامێنێتەوە.

٣ بەڵام لەو قوربانییانەدا ساڵانە یادەوەری گوناه دەکرێتەوە.

٤ چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناه لابەرێت.

٥ بۆیە کاتێ مەسیح هاتە نێو جیهانەوە فەرمووی: ‘‘سەربڕاو و قوربانیت نەویست، بەڵکو لەشێکت بۆ ئامادە کردم.

٦ بە قوربانیی سووتاندن و قوربانیی گوناه دڵخۆش نەبووی.

٧ئینجا وتم: ئەوەتا هاتم. وەک لە سیپارەی پێچراو دەرباەرم نووسراوە تاکو کار بە بەخواستی تۆ بکەم، ئەی خودا’’.

٨ لە سەرەوە فەرمووی: ‘‘تۆ سەربڕاو و قوربانیی سووتاندن و قوربانیی گوناهت نەویست و پێی دڵخۆش’’ نەبووی ‘‘ئەوەی بەگوێرەی تەورات دەکرێت’’

٩ ئینجا فەرمووی: ‘‘ئەوەتا هاتم تاکو کار بە خواستی تۆ بکەم ئەی خودا’’. یەکەم هەڵدەکەنێت، تاکو دووەم جێگیر بکات.

١٠ بەم خواستە بە جارێک بە پێشکەشکردنی لەشی ئیشۆعی مەسیح پارسا بووین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١١ هەر کاهینێک هەموو ڕۆژێک ڕادەوەستێت و ڕاژە دەکات، چەندین جار هەمان قوربانی دەکاتەوە، کە هەرگیز ناتوانێت گوناه لابەرێت.

١٢ بەڵام ئەم کاهینە کاتێ قوربانییەکی کرد لە جیاتی گوناه بۆ هەموو کاتێک، ئینجا لە لای ڕاستی خوداش دانیشت،

١٣ لەو کاتەوە چاوەڕوانە، تاکو دوژمنانی بخرێنە تەختەپێی.

١٤ چونکە بە یەک قوربانی، پارساکانی تا جاویدانیی تەواو کرد.

١٥ ڕووحی پارساش گەواهیمان بۆ دەدات، چونکە دوای ئەوەی فەرمووی:

١٦ ‘‘ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵیان دەیبەستم، دوای ئەو ڕۆژانە پەروەردگار دەفەرمووێ: فێرکردنەکانم دەخەمە نێو دڵیان و لەنێو هزریان دەینووسم.

١٧ هەرگیز باسی گوناهەکان و سەرپێچیەکەیان ناکەم’’.

١٨ لەکوێ لێخۆشبوونی ئەمانە هەبێت، ئیتر قوربانی بۆ گوناه نابێت.

١٩ بۆیە برایان، لەبەر ئەوەی متمانەمان هەیە بۆ چوونە نێو هەرەپارساگا بە خوێنی ئیشۆع،

٢٠ بە ڕێگایەکی نوێ و زیندوو لە نێو پەردەدا بۆمانی کردەوە، واتا جەستەی خۆی،

٢١هەروەها لەبەر ئەوەی کاهینێکی بەرزمان هەیە بەسەر ماڵی خوداوە،

٢٢ با بە دڵێکی ڕاست بە متمانەی باوەڕ بچینە پێش خودا کە دڵمان پرژێندراو بێت تاکو لە ویژادانی خراپ پاک بێتەوە و لەشمان بە ئاوێکی پاک شۆردرا بێت.

٢٣ با بێ دوودڵی دەست بگرین بە دانپیانانی هیوامان، چونکە ئەوەی بەڵێنی داوە سەرڕاستە.

٢٤ با ئامۆژگاریی یەکتری بکەین بۆ هاندان لەسەر خۆشویستن و کاری چاک.

٢٥ با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەک هەندێک لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو ئامۆژگاریی یەکتری بکەین، زیاتریش کە دەبینن ڕۆژەکە نزیک دەبێتەوە.

٢٦چونکە دوای ئەوەی ڕەوامان ناسی، ئەگەر بەردەوام بووین لەوەی بە ئەنقەست گوناه بکەین، ئەوا قوربانی بۆ گوناه نامێنێت،

٢٧ بەڵکو چاوەڕێکردنی حوکمدانی ترسناک و ئاگری بڵێسەدار کە خەریکە دژەکانی خودا دەخوات.

٢٨ ئەوەی سەرپێچی تەوراتی مووشێی کردووە، بێبەزەییانە بە گەواهیی دوو یان سێیان دەمرێت.

٢٩ دەبێ شایانی سزای چەند خراپترە ئەوەی پێشێلی ڕۆڵەی خودای کردووە و خوێنی پەیمان بە گڵاو دادەنێت کە پارسای کردووە، سووکایەتیش بە ڕووحی بەخشش دەکات؟

٣٠ چونکە ئەمە دەناسین کە ئەمەی فەرمووە: ‘‘تۆڵەسەندن هی منە، منم سزا دەدەم، پەروەردگار دەفەرموێ’’. هەروەها: ‘‘پەروەردگار حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات’’.

٣١کەوتنە نێو دەستی خودای زیندوو ترسناکە!

٣٢ بەڵام ڕۆژانی پێشترتان بە یاد بێتەوە کە ڕووناک بوونەوە و ئارامتان گرت لە تێکۆشانی ئازاری زۆر.

٣٣ لە لایەک تووشی جنێو و تەنگانەی ئاشکرا هاتوون، لە لایەکی دیکە بەشداری ئەوانەن کە وایان پێ دەکرێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٤ هاوسۆزیی منی بەندکراوانتان کرد، کاتێ سامانتان تاڵان کرا بە خۆشییەوە پەسەندتان کرد، دەزانن لە ئاسمانانداە سامانی باشترتان هەیە و دەمێنێتەوە.

٣٥کەواتە متمانەتان فڕێ مەدەن کە پاداشتی مەزنە.

٣٦ چونکە پێویستیتان بە دانبەخۆداگرتن هەیە، تاکو کە بە خواستی خوداتان کرد، بەڵێنەکە بەدەست بهێنن.

٣٧ چونکە دوای ماوەیەکی زۆر کەم، ''ئەوەی دێت، دێت و دواناکەوێت.

٣٨ خوداناس بە باوەڕ دەژییێت، هەروەها ئەگەر هەڵگەڕایەوە، ئەوە جێی ڕەزامەندی من نابێت''.

٣٩ جا ئێمە سەر بەو هەڵگەڕاوانە نین کە بۆ لەناوچوونن، بەڵکو سەر بە باوەڕین بۆ ڕزگاریی خۆمان.

عیبڕانییەکان 11

١ باوەڕ دڵنیاییە بەوەی هیوامان پێیەتی، بێگومانییە لەوەی نایبینین.

٢ چونکە بەمە پێشینان پەسەند کراون.

٣ بە باوەڕ تێدەگەین کە گەردوون بە وشەی خودا ئافریدە کراوە، تەنانەت ئەوەی دەیبینین نەهاتۆتەکایەوە.

٤ بە باوەڕ هاویل قوربانییەکی باشتری لەوەی قائین پێشکەشی خودا کرد. بە باوەڕ گەواهیی بۆ درا کە خوداناسە کاتێ خودا گەواهیی بۆ خۆی و قوربانییەکەی دا. هەرچەندە مرد، هەروا بە باوەڕ دەدوێت!

٥ بە باوەڕ ئەخنوخ بردرا تاکو مەرگ نەبینێ، ئیتر نەدۆزرایەوە، چونکە خودا بردییەوە. پێش بردنیشی گەواهیی وەرگرت کە خودای ڕازی کردووە.

٦ بێ باوەڕ مەحاڵە ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن.

٧ بە باوەڕ نووخ، سەبارەت بەوەی هێشتا نابینرێت ئاگادار کرایەوە، ترسا، کەشتییەکی بنیاد نا بۆ ڕزگاریی ماڵەکەی. بە باوەڕ جیهانی حوکم دا و بوو بە میراتگری بێتاوانی کە بەگوێرەی باوەڕە.

٨ بە باوەڕ کاتێ ئەوڕاهەم بانگکرا بچێتە ئەو شوێنەی خەریک بوو بە میرات وەریبگرێت، دەرچوو بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت.

٩ بە باوەڕ وەک بێگانە لە خاکی بەڵێنپێدراو نامۆ بوو، لە ڕەشماڵدا ژیا، وەک ئسخەق و یاقوو کە لەگەڵیدا لە میراتی هەمان بەڵێن هاوبەشن.

١٠ چونکە چاوەڕێی شارەکەی دەکرد کە بناغەکانی هەیە، کە دروستگەر و پەیداگەری خودایە.

١١ بە باوەڕ، خودی سارا هەرچەندە نەزۆک بوو توانای سک کردنی وەرگرت، کە دوای تەمەنی ئاسایی منداڵی بوو، چونکە دڵنیابوو ئەوەی بەڵێنی داوە ڕاستگۆیە.

١٢ بۆیە لە پیاوێک لەدایکبوو، هەروەک مردووە، نەوەکان ژمارەیان وەک ئەستێرەی ئاسمان، وەک لمی سەر کەناری دەریا لە ژمارە نەدەهات.

١٣ هەموو ئەوانە لە باوەڕدا مردن و بەڵێنەکانیان وەرنەگرت، بەڵکو لە دوورەوە بینییان و بڕوایان پێ کرد و دانیان پیانا کە ئەوان لەسەر زەویدا نامۆ و بێگانەن.

١٤ ئەوانەی ئەم شتانە دەڵێن، دەریدەخەن کە داوای نیشتیمان دەکەن.

١٥ ئەگەر ئەوان بیری نیشتیمانیان بکردایەوە کە لێی دەرچووبوون، ئەوا هەلی گەڕانەوەیان بۆی دەبوو.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بەڵام ئێستا ئارەزووی نیشتیمانێکی باشتر دەکەن، کە ئاسمانییەکەیە. بۆیە خودا شەرمی پێیان نییە بە خودای ئەوان ناوببردرێت، چونکە شارێکی بۆ ئامادەکردن.

١٧ بە باوەڕ ئەوڕاهەم، کاتێ خودا خستییە ئەزموونەوە، ئسخەقی تاقانەکەی وەک قوربانی پێشکەش کرد. ئەوەی بە بەڵێنەکان وەریگرت،

١٨ کە پێی وترا: ''لە ئسخەقەوە وەچەت ناودەبردرێت''.

١٩ ئەوڕاهەم داینابوو کە خودا دەتوانێت مردوو هەستێنێتەوە، لەوەشەوە بە مەجازییانە ئسخەقی وەرگرتەوە.

٢٠ بە باوەڕ ئسخەق یاقوو و عیسۆی داڕشت کرد، بۆ داهاتووەکان.

٢١ بە باوەڕ یاقوو لە سەرەمەرگیدا هەریەکە لە کوڕەکانی یۆسپی داڕشت کرد و خۆی لەسەر دەسکی گۆچانەکەیدا دا و کڕنۆشی برد.

٢٢ بە باوەڕ یۆسپ لە سەرەمەرگیدا باسی دەرچوونی نەوەی ئیسڕائیلی کرد و دەربارەی ئێسقانەکانی ڕایسپاردن.

٢٣ بە باوەڕ کاتێ مووشێ لەدایکبوو، سێ مانگ دایبابی شاردییانەوە، چونکە بینییان کوڕەکە جوانە، لە فەرمانی پاشا نەترسان.

٢٤ بە باوەڕ کاتێ مووشێ گەورە بوو، نەیویست بە کوڕی کچی پڕعون ناوببردرێت.

٢٥ بەلایەوە باشتر بوو لەگەڵ گەلی خودا سووکایەتی پێ بکرێت، لەوەی لەزەتێکی کاتیی لە گوناهدا هەبێت.

٢٦ ئەو شوورەیی مەسیح بە سامانێکی مەزنتری دانا لە گەنجینەکانی میسڕ، چونکە دەڕوانیە پاداشت.

٢٧ بە باوەڕ میسڕی بەجێهێشت و لە تووڕەیی پاشا نەترسا. دانی بەخۆیدا گرت وەک ئەوە ببینێ کە نەبینراوە.

٢٨ بە باوەڕ پەسخەی کرد و خوێنەکەی پرژاند، نەوەک لەناوبەری نۆبەرە دەستیان لێ بدات.

٢٩ بە باوەڕ بە دەریای سووردا پەڕینەوە وەک بە وشکانیدا، بەڵام میسڕییەکان کاتێ ویستیان بیکەن نوقوم بوون.

٣٠ بە باوەڕ شووراکانی ئەریخو ڕووخان، دوای ئەوەی حەوت ڕۆژ بە دەوریدا سووڕانەوە.

٣١ بە باوەڕ ڕاخەوی داوێنپیس لەگەڵ یاخیبووان لەناونەچوو، چونکە پێشوازییەکی ئاشتییانەی لە سیخوڕەکان کرد.

٣٢ چی دیکەش بڵێم؟ چونکە کاتم نییە باسی جیدعون و باڕەق و شیمشون و نەپتەخ و داوید و شمووئێل و پێغەمبەران بکەم،

٣٣ کەوا بە باوەڕ پاشایەتییەکانیان بەزاند، دادپەروەرییان هێنایە کایەوە، بەڵێنەکانیان بەدەستهێنا، دەمی شێریان داخست،

٣٤ هێزی ئاگریان کوژاندەوە، لە تیخی شمشێر دەرباز بوون، لە لاوازیدا بەهێزبوون، لە جەنگدا توند بوون، لەشکری بێگانەیان گەڕاندەوە.

٣٥ هەندێک ژن مردووەکانیان بە هەستانەوە وەرگرتەوە. بەڵام خەڵکی دیکە ئەشکەنجە دران و ڕزگارییان نەویست، تاکو هەستانەوەیەکی باشتریان دەست بکەوێت.

٣٦ هەندێکی دیکە کەوتنە ئەزموونی سووکایەتی و بەر قامچیدان، هەروەها کۆت و زیندان.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣٧بەردباران کران، کەرت کران، بە زەبری شمشێر کوژران. بە پێستی کاوڕ و بزن گەڕێندراون، نەبوون
و چەوسێنراوە و زەلیل کران
٣٨ جیهان شایانی ئەوان نەبوو. دەربەدەری بیابان و شاخ و ئەشکەوت و کون و کەلەبەری زەوی بوون.
٣٩ هەموو ئەوانەش گەواهیی بۆ باوەڕیان دەدرێت، بەڵام بەڵێنیان دەست نەکەوت.
٤٠ چونکە خودا پێشتر شتێکی باشتری بۆمان بینی، تاکو بێ ئێمە تەواو نەبن.

عیبرانییەکان 12

١ بۆیە، ئێمە بە هەورێکی گەواهیدەرانی ئاوا گەورە دەورە دراوین، با هەموو بارگرانییەک و ئەو
گوناهانەی وا دەوری داوین بە ئاسانی بخەینە لایەک و بە دانبەخۆداگرتنەوە لەو پێشبڕکێیە ڕابکەین کە
لەپێشمان دانراوە.
٢ بڕوانینە ئیشۆع، پێشڕەو و تەواوکاری باوەڕمان، ئەوەی لە پێناوی ئەو شادییەی لەپێشی دانرابوو،
بەرگەی خاچی گرت و شەرمەزاری بە سووک وەرگرت، جا لە لای ڕاستی تەختی خودا دانیشت.
٣ بیربکەنەوە لەوەی لە گوناهبارانەوە بەرگەی دژایەتی خۆی گرت، تاکو شەکەت نەبن و ورە بەرنەدەن.
٤ لە خەباتی دژی گوناه هێشتا تاکو خوێن ڕشتن بەرگریتان نەکردووە.
٥ ئێوەش ئەو ئامۆژگاریەتان لەبیر چووە، کە وەک ڕۆڵە لەگەڵتان دەدوێت: "ڕۆڵەکەم، بە سووکی تەماشای
تەمبێکردنی پەروەردگار مەکە. کاتێ سەرزەنشتت دەکات ورە بەرمەدە،
٦ چونکە ئەوەی پەروەردگار خۆشیبووێ تەمبێی دەکات، هەروەها هەر یەکێک وەک ڕۆڵەی خۆی
وەریگرێت، بە قامچی لێی دەدات".
٧ کەواتە ئەگەر بەرگەی تەمبێکردن بگرن، خوداش وەک ڕۆڵەی خۆی ڕەفتارتان لەگەڵ دەکات. چ
ڕۆڵەیەک هەیە باوکی تەمبێی نەکات؟
٨ بەڵام ئەگەر تەمبێکردنتان نەبێت، لەوەی هەموویان بوونە هاوبەش، ئەوا زۆڵن و ڕۆڵەی نین.
٩ باوکی مرۆڤانەمان هەیە کە تەمبێی کردووین و ڕێزی ئەومان گرتووە. ئەی چەند زیاتر ملکەچی باوکی
ڕووحەکانمان بین، جا دەژین؟
١٠ چونکە باوکانمان ڕۆژانێکی کەم ئەوەندەی بە باشیان زانیوە تەمبێیان کردووین، بەڵام خودا بۆ سوودی
ئێمەیە تەمبێمان دەکات، تاکو بەشداری پارساییەکەی بکەین.
١١ هەر تەمبێکردنێک ئێستا نابینرێت بۆ خۆشی بێت بەڵکو بۆ خەم، کەچی دواتر بەروبوومی ئاشتییانەی
خوداناسی دەگرێت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهێنراون.
١٢ بۆیە دەستە لاوازبووەکان و ئەژنۆ لەرزۆکەکان بەهێز بکەن،
١٣ ڕێڕەوی بەرپێتان ڕاست بکەنەوە، تاکو شەل پێی لەجێ نەچێت، بەڵکو چاکبێتەوە.
١٤ لەگەڵ هەمووان دوای ئاشتی بکەون، هەروەها پارسا بن. بێ پارسایی کەس پەروەردگار نابینێت.
١٥ ئاگادار بن، کەس خۆی لە بەخششی خودا بێبەش نەکات، نەوەک ڕەگی تاڵی گەشە بکات و پەشێوی
دروست بکات، بەهۆی ئەمەش زۆر کەس گڵاو بێت.
١٦ نەوەک یەکێک داوێنپیس یان وەک عیسۆ بەڕەڵا بێت، ئەوەی مافی نۆبەرایەتی خۆی بە ژەمێکی
خواردن فرۆشت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ چونکە دەزانن دواتر کاتێ ویستی ببێتەوە میراتگری داڕشت، ڕەتکرایەوە، لەبەر ئەوەی دەرفەتی نەدۆزییەوە بۆ تۆبەکردن، هەرچەندە بە فرمێسکەوەش داوای کرد.

١٨ چونکە ئێوە نەهاتوونەتە لای شاخێک دەستی لێ بدرێت و ئاگرێکی گڕدار و تاریکی و تەم و گەردەلوول،

١٩ لای دەنگی کەڕەنا و دەنگی دووانێک وا لە گوێگران بکات بپاڕێنەوە ئیتر ئەم قسانەیان بۆ نەکرێت،

٢٠ چونکە ئەو شتەی فەرمانی پێ کرا بەرگەیان نەگرت: ''ئەگەر ئاژەڵێک دەستی بەر ئەو شاخە بکەوێ، دەبێ بەردباران یان تیرباران بکرێ''.

٢١ دیمەنەکە ئەوەندە ترسناک بوو، مووشێ وتی: ''من لە ترسان دەلەرزم''.

٢٢ بەڵکو ئێوە هاتوونەتە کێوی سهیۆن، بۆ شاری خودای زیندوو، یروشلایمی ئاسمانی، بۆ ئاهەنگێک فریشتەیەکی لە ژمارە نەهاتووی کۆکردۆتەوە،

٢٣ بۆ وارگەی نۆبەرە تۆمارکراوەکان لە ئاسماناندا، بۆ لای خودا، دادوەری هەمووان، بۆ لای ڕووحی خوداناسان کە تەواوکراون،

٢٤ بۆ لای ئیشۆع، نێوانگری پەیمانی نوێ، بۆ خوێنێکی پرژێندراو کە لە خوێنی هاویل باشتر دەدوێت.

٢٥ ئاگاداربن قسەکەرەکە ڕەت مەکەنەوە. چونکە ئەگەر ئەوانەی قسەکەری سەر زەوییان ڕەتکردەوە دەرباز نەبووبن، ئایا چەند کەمتر ئێمە دەرباز دەبین کە لە قسەکەری ئاسمان هەڵگەڕاینەوە!

٢٦ کە دەنگەکەی زەویی هەژاند، بەڵام ئێستا بەڵێنی داوە و دەفەرمووێ: ''جارێکی دیکە تەنها زەوی ناخەمە لەرزە، بەڵکو ئاسمانیش''.

٢٧ وشەی ''جارێکی دیکە'' ئاماژەیە بۆ ئەو شتانەی لەرزۆکن وەک دروستکراو نامێنێت، تاکو شتە نالەرزۆکەکان بمێنن.

٢٨بۆیە، چونکە پاشایەتیێکی نالەرزۆکمان وەرگرتووە، با سوپاسگوزار بین، بەهۆیەوە بە شێوازێکی پەسەند بە ترس و ڕێزەوە خودا بپەرستین.

٢٩ چونکە ''خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە''.

عیبڕانییەکان 13

١ با خۆشویستنی برایانە جێگیر بێت.

٢ میوانداری نامۆکان لەیاد مەکەن، چونکە بەمە کەسانێک بێ ئەوەی بزانن میوانداری فریشتەکانیان کردووە.

٣ یادی بەندکراوان بکەن هەروەک لەگەڵیان بەند کراین، زۆرلێکراوانیش وەک خۆتان لەگەڵ ئەودا زۆرلێکراو بن.

٤ با لەلای هەمووان هاوسەرگیری ڕێزی هەبێت، نوێنی هاوسەرگیریسش ناگڵاو بێت، چونکە خودا بەڕەڵا و داوێنپیسان تاوانبار دەکات.

٥ با سەربوردەتان بێ خۆشویستنی پارە بێت، ڕازی بن بەوەی هەتانە، چونکە فەرموویەتی: ''پشتگوێت ناخەم، وازت لێ ناهێنم''.

٦ کەواتە بە متمانەوە دەڵێین: ''پەروەردگار یارمەتیدەری منە، ناترسم، مرۆڤ چی پێ دەکرێ لەگەڵ من؟''

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ ڕابەرەکانتان لەیاد بێت، ئەوانەی بە وشەی خودا لەگەڵتان دووان، تەماشای سەربوردەیان بکەن و لاسایی باوەڕیان بکەنەوە.

٨ ئیشۆعی مەسیح خۆی خۆیە، دوێنێ و ئەمڕۆ و تاجاویدانی.

٩ فێرکردنی جۆراوجۆر و نامۆ نەتانهاژوات. چونکە باشە دڵ بە بەخشش جێگیر بێت، نەک بە یاساکانی خۆراک کە سوودی نەبوو بۆ ئەوانەی پێی دەژین.

١٠ ئێمە "قوربانگا" یەکمان هەیە، ئەوانەی ڕاژەی نشینگەکە دەکەن مافیان نییە لێی بخۆن.

١١ چونکە ئەو ئاژەڵانەی بەدەستی کاهینی باڵا بەهۆی خوێنیان وەک قوربانی بۆ گوناه دەچێتە "پارساگا"، تەرمەکانیان لە دەرەوەی ئۆردوگاکە دەسووتێندرێ.

١٢ بۆیە ئیشۆعیش لە دەرەوەی دەرگای شار ئازاری چێژت، تاکو بە خوێنی خۆی گەل پارسا بکات.

١٣ کەواتە با بچینە دەرەوەی ئۆردوگا بۆ لای ئیشۆع، شوورەییەکەی هەڵبگرین.

١٤ چونکە لێرەدا شارێکمان نییە بمێنێتەوە، بەڵام داوای شارە داهاتووەکە دەکەین.

١٥ بۆیە، با بە ئەو هەردەم قوربانی ستایش پێشکەشی خودا بکەین، کە بەروبوومی لێوێکە دان بە ناوی ئەو دەنێت.

١٦ بەڵام چاکەکاری و دابەشکردن پشتگوێ مەخەن، چونکە ئەو جۆرە قوربانییانە خودا دڵشاد دەکات.

١٧ گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە لەپێناوی ئێوەدا بێداری دەکەن، وەک بڵێی هەژماردێک دەدەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن، نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت.

١٨ لەپێناومان نوێژ بکەن، چونکە دڵنیاین ویژدانێکی باشمان هەیە، خوازیارین لە هەموو شتێکدا ڕەفتارمان چاک بێت.

١٩ بەڵام زیاتر داواتان لێ دەکەم ئەمە بکەن، تاکو خێراتر بگەڕێمەوە لاتان.

٢٠ خودای ئاشتی کە بە خوێنی پەیمانی جاویدانی ئیشۆعی پەروەردگارمانی لەنێو مردووان هەستاندەوە، شوانە مەزنەکەی کاوڕەکان،

٢١ لە هەموو شتێکی باش ئامادەتان بکات بۆ ئەوەی بە خواستی ئەو بکەن، لە ئێمەشدا کار بکات کە بە دڵی خۆی بێت بەهۆی ئیشۆعی مەسیح، کە تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە. ئامین.

٢٢ برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، بە سنگ فراوانییەوە ئەم وشەی ئامۆژگاریە وەربگرن،

چونکە تەنها پەیامی کورتم بۆ نووسیون.

٢٣ بزانن کە تیماتیئوسی برامان ئازاد کرا.

ئـــەگـــەر زوو هـــات، بـــەیـــەکـــەوە دەتـــانـــبـــیـــنـــیـــن.

٢٤ سڵاو لە هەموو ڕابەرانتان و هەموو پارساکان بکەن.

ئەوانـەی لـە ئـیـتـالـیـان سـڵاوتـان لـێـدەکـەن.

٢٥ بەخشش لەگەڵ هەمووتان بێت.

ئامین.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یاقوو

یاقوو 1

١ یاقووی بەندەی خودا و ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگار، سڵاو پێشکەشی دوازدە هۆزە پەراگەندەکە
دەکات، سڵاو.

٢ برایانم، بەوپەڕی شادی دابنێن، کاتێ دەکەونە جۆرەها تاقیکردنەوە،

٣ دەزانن ئەزموونی باوەڕتان دانبەخۆداگرتن دروست دەکات.

٤ با دانبەخۆداگرتن تەواو کاری خۆی هەبێت، تاکو تەواو و پێگەیشتوو بن، کەموکوڕیتان لە شتێک نەبێت.

٥ ئەگەر یەکێکتان لە دانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لە خودا بکات، کە بە دڵفراوانی بە هەمووان
دەبەخشێت و گلەییش ناکات، پێشی دەبەخشرێت.

٦ بەڵام با بە باوەڕەوە داوا بکات و هەرگیز گومان نەکات، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەک شەپۆلی دەریا
وایە، با دەیهێنێت و دەیبات.

٧ ئەو مرۆڤە با بیرنەکاتەوە شتێک لە پەروەردگار وەردەگرێت،

٨ چونکە مرۆڤی ڕاڕا، لە هەموو ڕێگاکانی جێگیر نییە.

٩ با برای پایەنزم شانازی بە بەرزییەکەی بکات،

١٠ دەوڵەمەندیش بە نزمییەکەی، چونکە وەک گوڵی گژوگیا لەناودەچێت.

١١ چونکە خۆر بە گەرمییەکەی هەڵهات، گژوگیا وشک بوو و گوڵەکەی هەڵوەری و دیمەنی جوانی نەما.
بە هەمان شێوە، دەوڵەمەند لە ڕێگاکانی لەناودەچێت.

١٢بەختەوەری بۆ ئەو پیاوەی کە بەرگەی تاقیکردنەوە دەگرێت، چونکە کە سەلمێندرا "تاجی ژیان"
وەردەگرێت، ئەوەی خودا بەڵێنی پێ داوە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت.

١٣ با کەس کاتێ تاقی دەکرێتەوە نەڵێت: "لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە". چونکە خودا بە خراپە تاقی
ناکرێتەوە، کەسیش تاقی ناکاتەوە.

١٤ بەڵکو هەر کەسێک بەو هەوەسەی هەیەتی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر پێی ڕاکێشرا و هەڵخەڵەتا.

١٥ کە هەوەس سک بکات گوناهی لێ دەبێت، گوناهیش کە گەشەی کرد مەرگ بەرهەم دێنێت.

١٦ برایانی خۆشەویستم، هەڵمەخەڵەتێن.

١٧ هەموو بەخشینێکی چاک و هەموو بەهرەیەکی تەواو لەلایەن سەرەوەیە، لەلای باوکی ڕووناکییەکانەوە
دێتە خوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێت و سێبەری خولانەوەی نییە.

١٨ خواستی لەسەر بوو کەوا بە وشەی ڕەوا لەدایکببین، تاکو ببینە نۆبەرەی ئافریدەکانی.

١٩ کەواتە برایانی خۆشەویستم: با هەر مرۆڤێک لە گوێگرتن خێرا بێت، لە قسەکردن لەسەرەخۆ بێت، لە
تووڕەبوون خاو بێت.

٢٠ چونکە تووڕەیی مرۆڤ بێتاوانیی خودا ناهێنێتە کایەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ بۆیە هەموو گڵاوی و گەشەکردنێکی بەدکاری دابکەنن، ئەو وشەیەی کە لە ئێوەدا چاندراوە بە دڵنەرمییەوە وەرببگرن، ئەوەی دەتوانێت گیانتان ڕزگار بکات.

٢٢ بەڵام تەنها گوێگری وشەکە مەبن، بەڵکو کاری پێ بکەن، ئەگینا خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن.

٢٣ چونکە ئەگەر یەکێک گوێگری وشەکە بێت و کاری پێ نەکات، وەک یەکێک وایە لە ئاوێنەدا سەیری ڕوخساری خۆی بکات،

٢٤ ئینجا دوای ئەوەی سەیری خۆی دەکات و دەڕوات، یەکسەر لەبیری دەچێت چۆن بووە.

٢٥ بەڵام ئەوەی سەیری نێو یاسای تەواو بکات، یاسای ئازادی و تیایدا جێگیر بێت، ئەوەی گوێی لێبووە لەبیری نەکات، بەڵکو کاری پێ بکات، ئەوا ئەمە دارشتە لە کرداری.

٢٦ ئەوەی خۆی بە دیندار دابنێت و زمانی خۆی نەپارێزێت و خۆی هەڵبخەڵەتێنێت ئەوا دینداریەکەی ناڕەوایە.

٢٧ ئایینی بێگەرد و پاک لەلای خودای باوک ئەمەیە: بەسەرکردنەوەی هەتیوان و بێوەژنان لە تەنگانەیاندا، هەروەها مرۆڤ خۆی لە گڵاوی جیهان بپارێزێت.

یاقوو 2

١ برایانم، وەک باوەڕدار بە پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح، پەروەردگاری شکۆ، جوداخوازی مەکەن.

٢ ئەگەر پیاوێک هاتە نێو کۆڕەکەتان، ئەنگوستیلەی زێڕی لە پەنجە بوو و بەرگی نایاب بوو، هەروەها هەژارێکیش بە بەرگی پیس،

٣ تەماشای بەرگە نایابەکەتان کرد و وتتان: "لێرە دانیشە باشە"، بە هەژارەکەش بڵێن: "لەوێ ڕاوەستە" یان "لەبەرپێم دانیشە"

٤ ئایا لەنێو خۆتان جیاوازی ناکەن و بوونەتە دادوەری بیری خراپ؟

٥ برا خۆشەویستەکانم، گوێبگرن: ئایا خودا هەژارانی ئەم جیهانەی هەڵنەبژاردووە لە باوەڕ دەوڵەمەند بن و میراتگری پاشایەتی بن کە بەڵێنی پێ داوەتە ئەوانەی خۆشیاندەوێت؟

٦ بەڵام ئێوە سووکایەتیتان بە هەژارەکە کرد. ئایا دەوڵەمەندەکان نین خۆیان بەسەرتاندا دەسەپێنن و ڕاپێچی دادگاکانتان دەکەن؟٧ ئایا ئەوان نین کفر بەو ناوە چاکە دەکەن کە پێی بانگکراون؟

٨ ئەگەر ئێوە تەوراتی شاهانەتان هێناوەتە دی کە بەگوێرەی پەرتووکەکە دەفەرمووێ: "نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ". چاک دەکەن.

٩ بەڵام ئەگەر جوداخوازی بکەن، ئەوا گوناه دەکەن و وەک سەرپێچیکار لەلایەن تەوراتەوە سەرزەنشت دەکرێن.

١٠ چونکە ئەوەی هەموو تەورات بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە.

١١ چونکە ئەوەی فەرموویەتی: "داوێنپیسی مەکە"، هەروەها فەرمووشیەتی: "مەکوژە". ئەگەر داوێنپیسیت نەکرد بەڵام یەکێکت کوشت، ئەوا سەرپێچی تەوراتت کردووە.

١٢ ئاوا بدوێن و ئاوا کار بکەن، وەک بە تەوراتی ئازادی حوکم بدرێن.

١٣ چونکە حوکمدان بێ بەزەییانەیە بۆ ئەوەی بەزەیی نەبووە. بەزەییش لە حوکمدان دەباتەوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ برایانم، چ سوودێکی هەیە ئەگەر یەکێک بڵێت باوەڕم هەیە، بەڵام کرداری نەبێت؟ باوەڕ دەتوانێ ڕزگاری بکات؟

١٥ ئەگەر خوشک و برایەک ڕووت بوون و پێویستییان بە خۆراکی ڕۆژانە هەبوو،

١٦ یەکێکتان پێتان وتن: "بەخێرچن، خۆتان گەرم بکەنەوە و تێر بخۆن" بەڵام پێداویستییەکانی ژیانیان نەدەنێ، چ سوودێکی هەیە؟

١٧ بەم شێوەیەش، باوەڕ ئەگەر کرداری نەبێت، لە خۆیدا مردووە.

١٨ بەڵام یەکێک دەڵێت: "تۆ باوەڕت هەیە، منیش کردارم هەیە" باوەڕی خۆتم پیشان بدە بێ کردار، منیش بە کردارەکانم باوەڕی خۆمت پیشان دەدەم.

١٩ تۆ باوەڕت هەیە کە خودا یەکە، چاک دەکەیت. شەیتانەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن!

٢٠ ئەی مرۆڤی نارەوا، دەتەوێت بزانیت کە باوەڕ بێ کردار مردووە؟

٢١ ئایا ئەوڕاهەمی باوکمان بە کردار بێتاوان نەبوو، کاتێ لەسەر قوربانگا ئسخەقی کوڕی پێشکەش کرد؟

٢٢ دەبینیت باوەڕ بە کردارەکەی لە کاردا بوو، باوەڕەکەش بە کردار تەواو بوو.

٢٣ سیپارەکەش هاتە دی کە دەفەرمووێ: "ئەوڕاهەم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە بێتاوانیی بۆ دانرا" هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا.

٢٤ دەبینن کەوا مرۆڤ بە کردار بێتاوان دەبێت نەک تەنها بە باوەڕ.

٢٥ بەم شێوەیە ڕاخەوی داوێنپیس، ئایا بە کردار بێتاوان نەبوو، کە پێشوازی لە سیخوڕەکان کرد و بە ڕێگایەکی دیکەدا بەڕێی کردن؟

٢٦ چۆن لەش بێ ڕووح مردووە، باوەڕیش بێ کردار مردووە.

یاقوو 3

١ برایانم، زۆرتان مەبنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت!

٢ چونکە هەموومان لە زۆر شت ساتمە دەکەین. ئەگەر یەکێک هەیە لە قسەکردن ساتمە ناکات، ئەوە مرۆڤێکی تەواوە و دەتوانێت جڵەوی هەموو لەش بگرێتە دەست.

٣ لغاو دەکەینە دەمی ئەسپ تاکو گوێڕایەڵمان بێت، هەموو لەشی ئاراستە بکەین.

٤ سەیری کەشتی بکەن، هەرچەندە گەورەیە و ڕەشەبا دەیهاژوات، کەچی بە سەوڵێکی بچووک بۆ هەر لایەک کەشتیوان بیەوێت ڕابەرایەتی دەکرێت.

٥ بە هەمان شێوە زمانیش ئەندامێکی بچووکە، بەڵام شانازی بە گەورە دەکات. ئاگرێکی بچووک چ دارستانێکی گەورە دەسووتێنێ.

٦ زمان ئاگرە! جیهانێکە لە خراپە لەنێو ئەندامانمان. هەموو لەش گڵاو دەکات و ئاگر لە بازنەی ژیان بەردەدات و خۆی بە دۆزەخ دادەگیرسێت.

٧ چونکە هەموو جۆرێکی ئاژەڵ و باڵندە و خشۆک و بوونەوەرکانی دەریا دەستەمۆ دەکرێن، دەستەمۆش کراوە بە هۆی مرۆڤەوە.

٨ بەڵام کەس ناتوانێت زمان دەستەمۆ بکات. خراپەیەکە ناگیرێت، پڕە لە ژەهری کوشندە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ بەمە داڕشتی خودای باوک دەکەین، هەر بەمەش نەفرەت لەو خەڵکە دەکەین کە لە شێوەی خودا دروستکراون.

١٠ داڕشت و نەفرەت لە هەمان دەم دەردەچێت. برایانم، ئەمە پەسەند نییە!

١١ ئایا لە یەک کانیدا سازگار و سوێر هەڵدەقوڵێت؟

١٢ برایانم، ئایا دار هەنجیر زەیتوون دەگرێت، یان مێو هەنجیر؟ ئاواش کانی ئاوی سوێر و سازگار نادات!

١٣ کێ لەنێوتاندا دانا و زانایە؟ با بە ڕەوشتی باشی کردارەکانی پیشان بدات کە لە دڵنەرمی دانایی‌ەوەیە.

١٤ بەڵام ئەگەر ئیرەیی تاڵ و خۆپەرستیتان لە دڵدا بوو، شانازی مەکەن و نکۆڵی لە ڕەوا مەکەن.

١٥ ئەم دانایی‌ە لە سەرەوە دانەبەزیوە، بەڵکو زەمینی و مرۆڤانە و شەیتانییە.

١٦چونکە ئیرەیی و خۆپەرستی لەکوێ بێت، شێوان و هەموو خراپەکارییەک لەوێیە.

١٧ بەڵام ئەو دانایی‌ەی لە سەرەوەیە، یەکەمجار بێگەردە، ئینجا ئاشتیخوازە، نەرمە، گوێڕایەڵە، پڕ لە بەزەیی و بەروبوومی چاکە، بێ گومانە و ڕووپاما نییە.

١٨ ئاشتیسازان تۆوی ئاشتی دەچێنن و بەرهەمەکەی خوداناسی دەبێت.

یاقوو 4

١ ئەم جەنگ و ناکۆکیە کە لەنێوانتاندایە، لەکوێوەیە؟ ئایا لێرەوە نییە، لە هەوەسەکانتانەوەیە کە لە ئەندامانتاندا دەجەنگێت؟

٢ هەوەس دەکەن و دەستتان ناکەوێت، دەکوژن و ئیرەیی دەکەن و ناتوانن وەربگرن، دژایەتی دەکەن و دەجەنگن و نیتانە، چونکە لە خودا داوا ناکەن.

٣ داوا دەکەن و وەرناگرن، چونکە داوای خراپە دەکەن، تاکو لە هەوەسەکانتان خەرجی بکەن.

٤ ئەی داوێنپیسان، نازانن دۆستایەتیی جیهان دوژمنایەتی خودایە؟ بۆیە ئەوەی بیەوێت ببێتە دۆستی جیهان، ئەوا بووەتە دوژمنی خودا.

٥ یاخود وادەزانن سیپارەکە بە ناڕەوا دەفەرمووێ: ئەو ڕووحەی کە تیاماندا نیشتەجێ بوو تامەزرۆی ئیرەییە؟

٦ بەڵام بەخششی زیاتر دەدات، بۆیە دەفەرمووێ: "خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام بەخشش دەداتە خاکسارەکان".

٧بۆیە ملکەچی خودا بن. بەرهەڵستی شەیتان بکەن، لێتان هەڵدێت.

٨ لە خودا نزیک ببنەوە، لێتان نزیک دەبێتەوە. دەستتان خاوێن بکەنەوە ئەی گوناهباران، دڵتان بێگەرد بکەنەوە ئەی ڕاڕاکان.

٩ خەم بخۆن و شیوەن بکەن و بگرێن. پێکەنینتان بگۆڕن بۆ گریان و خۆشی بۆ خەم.

١٠لەبەردەم پەروەردگار خاکسار بن، بەرزتان دەکاتەوە.

١١ برایان، بە خراپە باسی یەکتری مەکەن. ئەوەی بە خراپە باسی براکەی بکات و براکەی حوکم بدات، ئەوا بە خراپە باسی تەورات دەکات و تەورات حوکم دەدات. ئەگەر تەورات حوکم بدەیت، ئەوا کار بە تەورات ناکەیت، بەڵکو حوکمی دەدەیت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ تەنها یەک تەورات دانەر و دادوەر هەیە، ئەو دەتوانێت ڕزگار بکات و لەناوببات. جا تۆ کێی تاکو نزیکەکەت حوکم بدەیت؟

١٣ وەرن ئەی ئەوانەی دەڵێن: ‘‘ئەمڕۆ یان سبەینێ دەڕۆین بۆ فلان شار، ساڵێک لەوێ دەبین و بازرگانی دەکەین و قازانج دەکەین’’.

١٤ ئێوە کە نازانن سبەینێ چی دەبێت! چونکە ژیانتان چییە؟ هەڵمێکە، ماوەیەک دەردەکەوێت، دواتر نامێنێت.

١٥ لە جیاتی ئەوەی بڵێن: ‘‘ئەگەر پەروەردگار ویستی و ژیاین، ئەمە و ئەوە دەکەین’’.

١٦ بەڵام ئێوە شانازی بە لووتبەرزیتان دەکەن، هەموو شانازییەکی ئاواش خراپە.

١٧ بۆیە ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناه دەکات.

یاقوو 5

١ وەرن ئەی دەوڵەمەندەکان، بگرین و شیوەن بکەن بۆ ئەو دەردەسەرییەی بەسەرتان دێت.

٢سامانتان ڕزیو بوو، بەرگتان مۆرانەی لێدا،

٣ زێڕ و زیوتان ژەنگی دا، ژەنگەکەشیان گەواهیتان لەسەر دەدات، وەک ئاگر جەستەتان دەخوات! لە ڕۆژانی پایان گەنجینەتان بۆ خۆتان کۆکردەوە.

٤ ئەوەتا کرێی ئەو کرێکارانەی لە کێڵگەکانتان درووێنەیان کردووە و نەتانداوە، دژی ئێوە هاوار دەکات. هاواری سەپانانیش گەیشتە گوێی پەروەردگاری سوپاسالار.

٥ لەسەر زەوی بە سەڵتەنەت و چێژ ژیاون، دڵی خۆتان وەک دابەستی بۆ ڕۆژی سەربڕین ڕاگرتووە.

٦بێتاوانتان حوکم دا و کوشتتان، کە بەرهەڵستیتان ناکات!

٧ بۆیە برایان، تاکو هاتنەوەی پەروەردگار ئارام بگرن. سەیر بکەن چۆن جوتیار چاوەڕێی بەرهەمە گرانبەهاکەی زەوی دەکات، بۆ بارانی پایز و بەهار ئارام دەگرێت.

٨ ئێوەش ئارام بگرن و دڵتان بچەسپێنن، چونکە هاتنەوەی پەروەردگار نزیکبووەتەوە.

٩ برایان، بۆڵەبۆڵ لەسەر یەکتری مەکەن، نەوەک حوکم بدرێن. ئەوەتا دادوەر لەبەردەرگا ڕاوەستاوە.

١٠ برایانم، پەند وەربگرن لە بەرگەی ئازار و ئارامگرتنی ئەو پێغەمبەرانەی کە بە ناوی پەروەردگارەوە قسەیان کرد.

١١ ئەوەتا ئێمە ستایشی دانبەخۆداگرتووەکان دەکەین. دانبەخۆداگرتنی ئەیوبتان بیستووە و لە پایاندا خودا چی کرد، چونکە پەروەردگار بەزەیی زۆرە و میهرەبانە.

١٢ بەڵام برایانم، پێش هەموو شتێک، سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان و نە بە زەوی و نە بە شتی دیکە. بەڵکو با بەڵێتان بەڵێ بێت و نەخێرتان نەخێر بێت، نەوەک بکەونە ژێر تاوانبارکردن.

١٣ کامەتان ناخۆشی هەیە؟ با نوێژ بکات. کەس دڵخۆشە؟ با بە پەسنی بڵێت.

١٤ کامەتان نەخۆشە؟ با پیرانی وارگە بانگ بکات و نوێژی لەسەر بکەن، بە ناوی پەروەردگاریش چەوری بکەن.

١٥ نوێژی باوەڕ نەخۆش چاکدەکاتەوە و پەروەردگار هەڵیدەستێنێتەوە. ئەگەر گوناهێکیشی کردبێت دەبەخشرێت.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ بۆ یەکتری دان بە گوناهەکانتان بنێن، لەپێناوی یەکتری نوێژ بکەن تاکو چاک ببنەوە. نوێژی خوداناس زۆر بەهێز و کاریگەرە.

١٧ ئیلییا مرۆڤێک بوو وەک ئێمە ئازاری دەچێژت، نوێژی کرد تاکو باران نەبارێت، ئیتر سێ ساڵ و شەش مانگ لەسەر زەوی نەباری.

١٨ جارێکی دیکە نوێژی کردەوە، ئاسمان بارانی دا و زەویش بەرهەمی دا.

١٩ برایان، ئەگەر یەکێکتان لە ڕەوا چەواشە کرا و یەکێک گەڕاندیەوە،

٢٠ با بزانێت ئەوەی گوناهبارێک لە ڕێگای گومڕایی بگەڕێنێتەوە،

دەروونێک لە مەرگ ڕزگار دەکات و

زۆر گوناهیش دادەپۆشێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم پەترۆس

یەکەم پەترۆس 1

١ پەترۆس، پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح، بۆ بژاردەکانی خودا، بێگانە پەراگەندەکان لە پۆنتس و گەڵاتیە و
قاپودقیا و ئاسیا و بتۆنیا،

٢ بەگوێرەی زانینی پێشووی خودای باوک بژارکراون، بە پارساکردنی ڕووح بۆ گوێڕایەڵی ئیشۆعی
مەسیح و پرژاندنی خوێنەکەی: بەخشش و ئاشتیتان زیاد بێت.

٣ پیرۆزە خودا باوکی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح، کە بەگوێرەی بەزەییە فراوانەکەی لەدایکبوونەوەی
پێ بەخشین بۆ هیوایەکی زیندوو، بە هەستانەوەی ئیشۆعی مەسیح لەنێو مردووان،

٤ بۆ میراتێک کە نافەوتێت و گڵاو نابێت و لەناوناچێت، بۆ ئێوە لە ئاسماناندا پارێزراوە،

٥ ئێوە کە بە هێزی خودا پاسەوانی کراون، بە باوەڕ، بۆ ئەو ڕزگارییەی کە ئامادەیە لە پایانی زەمانە
ڕابگەیەندرێ.

٦ بەوەی پێی دڵخۆش دەبن، هەرچەندە بۆ ماوەیەک ئێستا دەبێ بەدەست تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان خەم
بخۆن،

٧ تاکو سەلماندنی باوەڕتان کە لە زێڕی لەناوچوو نرخدارترە، کەوا بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە، بۆ ستایش و
ڕێز وشکۆ بێت لە ئاشکراکردنی ئیشۆعی مەسیحدا.

٨ هەرچەندە نەتانبینیوە خۆشتاندەوێ. ئێستاش نایبینن باوەڕی پێ دەهێنن و دڵخۆش دەبن بە شێوەیەک هەر
باسی ناکرێت و شکۆدارە،

٩ چونکە ئامانجی باوەڕتان بەدەست دەهێنن، واتا ڕزگاریی دەروونتان.

١٠ ئەو ڕزگارییەی پێغەمبەران بۆی گەڕان و پشکنییان، سەبارەت بەو بەخششەی بۆ ئێوەیە پێشبینییان
کرد،

١١ دەگەڕان چ دۆخێک یان چ کاتێکە ڕووحی مەسیح دیاری دەکات کە تیایاندایە، زوو گەواهییان داوە بۆ
ئازارەکانی مەسیح و ئەو شکۆمەندیانەی دوای دێت.

١٢ بۆیان ئاشکرا کرا کە بۆ خۆیان نین، بەڵکو ڕاژەی ئێوەیان دەکرد لەو شتانەی ئێستا پێتان ڕاگەیەنرا،
بەهۆی ئەوانەی موژدەیان پێ بەخشین بە ڕووحی پارسا، کە لە ئاسمانەوە نێردراوە، کە فریشتەکانیش
ئارەزووی بینینی دەکەن.

١٣ بۆیە پشتێنی هزرتان ببەستن و لە ئامادەباشیدا بن، هیواتان بە تەواوی لەسەر ئەو بەخششە بێت کە لە
ئاشکراکردنی ئیشۆعی مەسیحەوە دێت.

١٤ وەک ڕۆڵەکانی گوێڕایەڵی، وەک کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن،

١٥ بەڵکو وەک ئەو پارسایەی کە بانگی کردوون، ئێوەش لە هەموو ڕەفتارێک پارسا بن،

١٦ چونکە نووسراوە: ‘‘پارسا بن، چونکە من پارسام’’.

١٧ ئەگەر لە باوک دەپاڕێنەوە، ئەوەی بێ جوداخوازی هەر کەسێک بەگوێرەی کردەوەکەی حوکم دەدات،
کەواتە لە کاتی نامۆییتان بە ترسەوە بژین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٨ دەزانن بە شتی لەناوچووی وەک زیو یان زێڕ قوربانیتان بۆ نەرداروە، لەو ژیانە ناڕەوایەی لە باوباپیرانەوە بۆتان مابووەوە،

١٩ بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها، خوێنی مەسیح، وەک لە بەرخێکی بێ کەموکوڕی و بێ گڵاوی.

٢٠ لەپێش دامەزراندنی جیهان هەڵبژێردرابوو، لە پێناوی ئێوەدا لەم ڕۆژگارانەی دوایی دەرکەوت.

٢١ بەهۆیەوە باوەڕتان بە خودا هەیە، ئەوەی لەنێو مردووان هەستاندیەوە و شکۆی پێ دا، کەوا هیوا و باوەڕتان بە خودا بێت.

٢٢ بە گوێڕایەڵیتان بۆ ڕەوا خۆتان بێگەرد بکەنەوە بۆ خۆشویستنی برایانەی بێ ڕووپامایی، بە دڵێکی بێگەرد بە توندی یەکتریتان خۆشبووێ.

٢٣ ئێوەش لەدایک بوونەوە، نەک بە تۆوێکی فەوتاو بەڵکو نەفەوتاو، بە وشەی زیندووی خودا کە تا جاویدانی دەمێنێتەوە.

٢٤ چونکە: ‘‘هەموو جەستەیەک وەک گیا وایە و هەموو شکۆی مرۆڤ وەک گوڵی دەشت وایە. گیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ،

٢٥ بەڵام وشەی پەروەردگار تا جاویدانی دەمێنێت’’. ئەمەش ئەو وشەیە کە پێی موژدەتان پێدرا.

یەکەم پەترۆس 2

١ بۆیە هەموو ڕق و هەموو فێڵ و ڕووپامایی و ئیرەیی و هەموو زەمکردنێک دابکەنن.

٢وەک ساوای تازە لەدایکبوو، ئارەزووتان لە شیری ڕووحیی پاک بێت، تاکو بەمە بۆ ڕزگاری گەشە بکەن،

٣ ئەگەر پەروەردگاری چاکتان تام کردووە.

٤ ئەوەی دێنە لای، بەردێکی زیندووە لەلایەن خەڵکەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام لەلایەن خودا بژاردەیە و گرانبەهایە

٥ ئێوەش وەک بەردی زیندوو لە خانوویەکی ڕووحی بنیادنراو بن، بۆ کاهینیەتیی پارسا، بۆ پێشکەشکردنی قوربانیی ڕووحیی کە بە ئیشۆعی مەسیحەوە لای خودا پەسەندن.

٦ چونکە لە سیپارەکەدا هاتووە: ‘‘ئەوەتا من بەردێک لە سهیۆن دادەمەزرێنم، قولینچکی هەڵبژێردراو و گرانبەها، ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت شەرمەزار نابێت’’.

٧ بۆیە بۆ ئێوە کە باوەڕتان هێناوە ئەم بەردە گرانبەهایە، بەڵام بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵ نین، ‘‘ئەو بەردەی بنیادنەران ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک’’

٨ هەروەها: ‘‘بەردی ساتمەکردن وتاشەبەردی تەگەرەکردنە. ئەوانەی ساتمە دەکەن گوێڕایەڵی وشەکە نین، هەر ئەمەشە چارەنووسیان’’.

٩ بەڵام ئێوە ڕەگەزێکی بژاردەن، کاهینیەتیی شاهانە، نەتەوەیەکی پارسا، گەلی تایبەت، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەێنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی.

١٠ کە پێشتر گەل نەبوون، بەڵام ئێستا ئێوە گەلی خودان، پێشتر بەزەییتان وەرنەگرتبوو، بەڵام ئێستا بەزەییتان وەرگرت.

١١ خۆشەویستان، وەک نامۆ و بێگانە داواتان لێ دەکەم لە هەوەسەکانی لەش دوور بکەونەوە، کە دژی دەروون دەجەنگێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٢ با لەنێو نەتەوەکاندا ڕەوشتتان باش بێت، تاکو کاتێ بوختانتان پێ دەکەن گوایە ئێوە بەدکارن، کردەوە چاکەکانتان ببینن و لە ڕۆژی بەسەرکردنەوەی خوداش ئەوان شکۆداری بکەن.

١٣ لەبەر پەروەردگار ملکەچی هەموو دەزگایەکی مرۆڤانە بن: بۆ پاشا وەک دەسەڵاتدار،

١٤ یان بۆ پارێزگاران وەک پەیامبەری ئەو بۆ سزادانی بەدکاران و ستایشی چاکەکاران.

١٥ چونکە خواستی خودا ئاوایە بە چاکەکاری نەزانیی گێلەکان بێدەنگ بکەن.

١٦وەک ئازاد، بەڵام نەک ئازادیی پەردەی بەدکاری بێت، بەڵکو وەک بەندەی خودا بژین.

١٧ ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان خۆشبوێ، لە خودا بترسن، ڕێز لە پاشا بگرن.

١٨ ئەی کۆیلەکان، بە هەموو ترسەوە ملکەچی گەورەکانتان بن، نەک تەنها بۆ چاک و دڵنەرمەکان، بەڵکو بۆ توندەکانیش،

١٩ چونکە ئەگەر کەسێک لەبەر ویژدانی بەرامبەر خودا بەرگەی ژانی ئازاری ستەمکاری بگرێت، ئەوە جێی ستایشە.

٢٠ چونکە ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بەڵام ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەوە جێی ستایشە لەلای خودا.

٢١ چونکە بۆ ئەمە بانگکراون، چونکە مەسیحیش لە پێناومان ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتین، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆین.

٢٢ "ئەوەی هیچ گوناهێکی نەکردبوو، فێڵی لەسەر زاری نەبوو".

٢٣ ئەوەی جنێوی پێ دەدرا و جنێوی نەدەدایەوە، ئازار دەدرا و هەڕەشەی نەدەکرد، بەڵکو خۆی دەدایە دەست ئەوەی حوکمی دادپەروەرانەیە.

٢٤ ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر تەختەدار گوناهەکانی هەڵگرتین، تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و بۆ خوداناسی بژین. ئەوەی بە قامچی لێدانەکەی چاکبوونەوە.

٢٥چونکە ئێوە وەک کاوڕی ونبوو وابوون، بەڵام ئێستا گەڕانەوە لای شوان و چاودێری گیانتان.

یەکەم پەترۆس 3

١ ئەی ژنەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی مێردەکانتان بن، تەنانەت ئەگەر هەندێکیان گوێڕایەڵی وشەکەش نەبوون، ئەوا ژنەکان بێ وشە بە ڕەوشتیان دەیانبەنەوە،

٢ کاتێ خواترسی و ڕەوشتی پاکتان ببینن.

٣ با ڕازاوەییتان دەرەکی نەبێت، لە ئەگریجەی پرچ و زێڕ بەخۆوەکردن و جلی باش لەبەرکردن،

٤ بەڵکو لەنێو دڵتان شاراوە و لەناونەچوو بێ، ڕازاندنەوەی ڕووحێکی نەرم و هێمن، ئەوەی لەلای خودا گرانبەهایە.

٥ چونکە بەم شێوەیە ژنە پارساکان لە کۆندا، کە هیوایان بە خودا بوو، خۆیان دەڕازاندەوە، ملکەچی مێردەکانیان دەبوون،

٦ وەک سارا گوێڕایەڵی ئەوڕاهەم بوو، بە "گەورەم" بانگی دەکرد. ئێوەش بوونەتە کچی ئەو، ئەگەر چاکە بکەن و هەرگیز لە شتێک نەترسن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ بە هەمان شێوە، مێردەکان، بە هەستیاری لەگەڵ ژنەکانتان نیشتەجێ بن وەک لەگەڵ دەفرێکی مێیینەی لاوازتر، ڕێزیان بگرن کە هاوەمیراتی بەخششی ژیانن لەگەڵتان، تاکو نوێژەکانتان کۆسپی تێنەکەوێت.

٨ لە کۆتاییدا، هەمووتان بە یەک هەستەوە یەک ڕا بن، خۆشویستنی برایانەتان هەبێ، میهرەبان و نیان بن.

٩ خراپە بە خراپە مەدەنەوە، یان جنێو بە جنێو، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای داڕشت بکەن، بزانن کە بۆ ئەمە بانگکراون، تاکو ببنە میراتگری داڕشت.

١٠ چونکە: "ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆشبووێ وڕۆژانی باش ببینێت، با زمانی لە خراپە بپارێزێت و لێوەکانی لە فێڵبازی.

١١ با لە خراپە لابدات و چاکە بکات، با بەدوای ئاشتیدا بگەڕێت و کۆششی بۆ بکات.

١٢ چونکە چاوانی پەروەردگار لەسەر خوداناسانە وگوێی لە داواکاریەکانیان ڕاگرتووە. بەڵام ڕووی پەروەردگار دژی بەدکارانە".

١٣ کێ ئازارتان دەدات ئەگەر بۆ چاکە دڵگەرم بن؟

١٤ بەڵام ئەگەر لەبەر خوداناسی ئازارتان چێژت، ئەوا بەختەوەری بۆ ئێوە. لەوەش مەترسن کە ئەوان لێی دەترسن، مەشڵەژێن.

١٥ بەڵکو پەروەردگار خوداوەند لە دڵتاندا پارسا بکەن، هەردەم ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی هەر یەکێک سەبارەت بەم هیوایەی لە ئێوەدایە بپرسێ بە دڵنەرمی و ڕێزەوە.

١٦ هەروەها ویژدانێکی باشتان هەیە، ئەوانەی بوختان بە سەربوردە باشەکانتان دەکەن لە مەسیحدا شەرمەزار بن لە قسەکانیان.

١٧ چونکە باشترە، ئەگەر خواستی خودا بێت، لەبەر چاکەکاری ئازار بدرێن، نەک خراپەکاری.

١٨ چونکە مەسیحیش تەنها جارێک لەپێناوی گوناهەکان ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە. جەستەی مراندووە بەڵام بە ڕووح زیندووە،

١٩ بەمەش چوو و موژدەی بە بۆ ڕووحە زیندانییەکانی دا.

٢٠ ئەوانەی لە کۆندا یاخی بوون، کاتێ خودا لە ڕۆژانی نوخدا بە پشوودرێژییەوە چاوەڕوان بوو، کە کەشتییەکە بنیاد دەنرا، کەوا کەم کەسێکی تێدابوو، واتا هەشت کەس، بە ئاو ڕزگار بوون.

٢١ ئەمەش هێمای عەمادکردنە کە ئێستا ڕزگارتان دەکات نەک سڕینەوەی پیسیی جەستە، بەڵکو بەڵێنی ویژدانێکی باش بۆ خودا بە هەستانەوەی ئیشۆعی مەسیح،

٢٢ ئەوەی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و لە لای ڕاستی خودایە، فریشتە و دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی.

یەکەم پەترۆس 4

١ وەک مەسیح بە جەستە ئازاری چێژت، ئێوەش خۆتان بەم نیازە چەکدار بکەن، چونکە ئەوەی بە جەستە ئازار بچێژێ، لە گوناهکردن دەوەستێ،

٢ تاکو ئەو کاتەی بە جەستە لە ژیان ماوە بۆ هەوەسە ئادەمیزادییەکان نەژی، بەڵکو بۆ خواستی خودا.

٣ چونکە بەسمانە لەو کاتەی بەسەرمان برد بە کردنی خواستی نەتەوەکان، لە بەرەڵایی و هەوەسبازی و سەرخۆشی و گەلەگان و ئاهەنگی مەیخواردنەوە و بتپەرستیی قێزەوەن.

٤ لەمە سەرسام دەبن کە لەگەڵیان ڕاناکەن بۆ لافاوی هەمان بەدڕەوشتی و جنێوتان پێ دەدەن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئەوانە هەژمارد دەدەنە ئەوەی ئامادەیە مردووان و زیندووان حوکم بدات.

٦ چونکە بۆ ئەم هۆیە موژدە درایە مردووانیش، تاکو بەگوێرەی خەڵک لە جەستەدا حوکم بدرێن، بەڵام بەگوێرەی خودا لە ڕووحدا بژین.

٧ پایانی هەموو شتێک نزیک بووەتەوە. بۆیە ژیر و چاوکراوە بن تاکو نوێژ بکەن.

٨ بەڵام پێش هەموو شتێک، با خۆشویستنتان بۆ یەکتری بە هێز بێت، چونکە خۆشویستن گوناهی زۆر دادەپۆشێت.

٩ بێ بۆڵەبۆڵ خانەخوێی یەکتری بن.

١٠ هەریەکە بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، ڕاژەی یەکتری پێ بکەن، وەک سەرکارێکی باش لەسەر بەخششە جۆراوجۆرەکانی خودا.

١١ ئەگەر یەکێک قسە بکات با وەک فەرموودەکانی خودا بێت. ئەگەر یەکێک ڕاژە دەکات وەک بە هێزێک لە خوداوە درابێت، تاکو خودا لە هەموو شتێکدا شکۆدار بێت بە ئیشۆعی مەسیح کە تاجاویدانی شکۆ و دەسەڵات بۆ ئەوە. ئامین.

١٢ خۆشەویستان، لەلاتان سەیر نەبێ لە تاقیکردنەوەتان بەڵای سووتێنەر توشتان دێت، وەک بڵێی شتێکی نامۆتان بەسەر هاتووە،

١٣ بەڵکو دڵخۆش بن وەکو بەشداریتان لە ئازارەکانی مەسیح کرد، تاکو لە ئاشکراکردنی شکۆکەی دڵخۆش و شادمان بن.

١٤ ئەگەر بە ناوی مەسیح جنێوتان پێدرا، بەختەوەری بۆ ئێوە، چونکە ڕووحی شکۆ و خودا دێتە سەرتان. لای ئەوان جنێوی پێ دەدرێت، بەڵام لای ئێوە شکۆدار دەکرێت.

١٥ با کەستان وەک بکوژێک یان دزێک یان بەدکارێک یاخود یەکێک دەست لە کاروباری خەڵک وەربدات ئازار نەچێژێ،

١٦ بەڵام ئەگەر وەک مەسیحیەک، شەرم مەکەن، بەڵکو بەم ناوە ستایشی خودا بکەن.

١٧ چونکە کاتی دەستپێکردنی لێپرسینەوەیە لە ماڵی خودا. ئەگەر دەستپێک لە ئێمەوە بێت، پایانی ئەوانە چی دەبێت کە گوێڕایەڵی ئینجیلی خودا نابن؟

١٨ "ئەگەر مرۆڤی خوداناس بە زەحمەت ڕزگاری ببێت، بۆ بەدکار و گوناهبار چی دەبێت؟"

١٩ کەواتە، ئەوانەی بەگوێرەی خواستی خودا ئازار دەدرێن، با خۆیان بەدەست بدەن، وەک لە ئافرێنەرێکی سەرڕاست لە چاکەکاری.

یەکەم پەترۆس 5

١ داوا لەو پیرانە دەکەم کە لە نێوتانن، وەک پیرێکی هاوڕێ و گەواهیدەری ئازارەکانی مەسیح و هاوبەشی ئەو شکۆیەی وا ڕادەگەیەندرێ

٢ ئەو مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لەنێوانتاندایە، وەک چاودێر ڕاژە بکەن، نەک بە ناچاری، نەک بۆ قازانی بەد، بەڵکو بە چاڵاکییەوە،

٣ خۆتان مەسەپێنن بەسەر ئەوانەی دراونەتە دەستتان، بەڵکو ببنە نموونە بۆ مێگەل.٤ کاتێکیش سەرۆکی شوانان دەردەکەوێ، تاجی شکۆ وەردەگرن کە لەناوناچێت.

(Bible Society in Lebanon (2017 ©
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٥ ئەی لاوەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی پیران بن، هەمووتان بۆ یەکتری خاکساری بپۆشن، چونکە: "خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام بەخشش دەداتە خاکسارەکان".

٦ بۆیە لە ژێر دەستی بە توانای خودا خاکسار بن، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە.

٧ هەموو خەمێکتان بخەنە سەر ئەو، چونکە ئەو بایەختان پێ دەدات.

٨ چاوکراوە و بێدرا بن، چونکە شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی بە نەعرەتەیە، دەسووڕێتەوە و دەگەڕێ بەدوای یەکێک تا قووتی بداتەوە.

٩ بەربەرەکانێی بکەن، جێگیر بن لە باوەڕ، بزانن براکانیشتان لە جیهاندا هەمان ئازار دەچێژن.

١٠ خودای هەموو بەخششێک، ئەوەی بانگی کردوون بۆ شکۆ جاویدانیەکەی لە ئیشۆعی مەسیحدا، کە تۆزێک ئازارتان چێژت، خۆی تەواوکارتانە و جێگیرتان دەکات و بەهێزتان دەکات و بناغەتان دادەنێت.

١١ تاجاویدانی هێز بۆ ئەوە. ئامین.

١٢ بەدەستی سلفانۆس، کە بە برای سەرڕاستی دەزانم،

بە وشەی کەم بۆم نووسین، ئامۆژگاری دەکەم و گەواهیی دەدەم،

کە ئەمە بەخششە ڕاستەقینەکەی خودایە کە تیایدا هەڵدەستن.

١٣ ئەوەی لە باقڵ وەک ئێوە هەڵبژێردراوە،

سڵاوتان لێدەکات، هەروەها مەرقوسی ڕۆڵەکەم.

١٤ بە ماچی خۆشویستن سڵاو لە یەکتری بکەن.

ئاشتی بۆ هەمووتان بێت،

ئێوەی لە ئیشۆعی مەسیحدان.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم پەترۆس

دووەم پەترۆس 1

١ شیمعون پەترۆس، بەندە و پەیامبەری ئیشۆعی مەسیح، بۆ ئەوانەی بە بێتاوانیی خوداوەندمان و ئیشۆعی
مەسیحی ڕزگاریدەرەوە باوەڕێکی بەهاداری وەک ئێمەیان دەستکەوتووە:

٢ بەخشش و ئاشتی بۆتان زیاد بێت، بە ناسینی خودا و ئیشۆعی پەروەردگارمان.

٣ هێزە خوداییەکەی هەموو شتێکی بۆ ژیان و خواترسی بە ئێمەی بەخشیوە، بە ناسینی ئەوەی بانگی
کردین بۆ شکۆ و چاکییەکەی،

٤ ئاواش بە ئەمانەوە بەڵێنە بەهادار و مەزنەکانمان پێدرا، تاکو بە ئەمانە بەشدار بن لە سروشتی خودایی و
هەڵبێن لەو گەندەڵییەی جیهان کە لە هەوەسدایە.

٥ هەر لەبەر ئەمەش هەموو تێکۆشانێک بکەن تاکو چاکی بۆ باوەڕتان زیاد بکەن، بۆ چاکیێتی زانین،

٦ بۆ زانین خۆڕاگرتن، بۆ خۆڕاگرتن دانبەخۆداگرتن، بۆ دانبەخۆداگرتن خواترسی،

٧بۆ خواترسی سۆزی برایانە، بۆ سۆزی برایانە خۆشویستن.

٨ چونکە ئەگەر ئەمانەتان تێدابێت و زیاد بکات، واتان لێدەکات بۆ ناسینی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح
تەمبەڵ و بێبەرهەم نەبن.

٩ چونکە ئەوەی ئەمانەی نەبێت، ئەوا کوێر و کورتبینە، لە یادی چووە لە گوناهە کۆنەکانی بێگەرد ببێتەوە.

١٠ بۆیە برایان، زیاتریش تێبکۆشن بۆ جێگیرکردنی هەڵبژاردن و بانگەوازییەکەتان، چونکە ئەگەر
ئەمانەتان کرد ئەوا هەرگیز ناکەون،

١١ هەروەها پێشوازییەکی گەرمتان لێ دەکرێ بۆ چوونە ناوەوەی پاشایەتیی جاویدانیی پەروەردگار و
ڕزگاریدەرمان ئیشۆعی مەسیح.

١٢ بۆیە هەمیشە ئەم شتانەتان بە یاد دەهێنمەوە، هەرچەندە لەو ڕەوایەی ئێستادا دەزانن و جێگیرن.

١٣ بەڵام بە ڕەوای دەزانم، تاکو لەم خانووەدابم، بە وریاکردنەوە وەبیرتان بهێنمەوە،

١٤ چونکە دەزانم داکەندنی ئەم خانووە نزیکبۆتەوە، وەک پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح بۆی دەرخستم.

١٥ هەروەها تێدەکۆشم تاکو دوای دەرچوونم هەردەم ئەم شتانەتان وەبیربێتەوە.

١٦چونکە ئێمە دوای ئەفسانەیەکی دروستکراو نەکەوتووینە، هاتنی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح و
هێزەکەیمان پێ ناساندن، بەڵکو گەواهیدەری مەزنتایەتیی ئەوین.

١٧ چونکە کاتێ ڕێز و شکۆی لە خودای باوک وەرگرت، دەنگێکی ئاوا لە شکۆداری پایە بەرزەوە بۆی
هات: "ئەمەیە ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوەی پێی دڵشادم".

١٨ ئێمەش ئەم دەنگەمان بیست کە لە ئاسمانەوە هات، کاتێ لە شاخی پارسا لەگەڵی بووین.

١٩ وشەی پێغەمبەرانیشمان هەیە و جێگیرە، کە چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی
ڕووناک لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و هەسارەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت.

٢٠ لە سەرووی هەمووان ئەمە بزانن، کە هیچ پێشبینییەک لە پەرتووکەکەدا بە لێکدانەوەی تایبەت نابێت،

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ چونکە هەرگیز پێشبینیەک بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو مرۆڤە پارساکانی خودا دوواون کە بە ڕووحی پارسا هەڵگیراون.

دووەم پەترۆس 2

١ بەڵام لەنێو گەلەکە پێغەمبەری درۆزن هەبوون، وەک لەنێوان ئێوەشدا ڕابیی درۆزن دەبێت، ئەوانەی بە نهێنی فێرکردنی چەوتی لەناوبەر دەهێنن، تەنانەت نکۆڵی لە پەروەردگار دەکەن کە ئەوانی کڕییەوە، لەناوچوونێکی خێرا بەسەر خۆیاندا دەهێنن.

٢ زۆریش بەدوای لەناوچوونەکانیان دەکەون، لەبەر ئەوان کفر بە ڕێبازی ڕەوا دەکرێت.

٣ لە چڵێسییان بە قسەی هەڵپەسێردراو بازرگانیتان پێ دەکەن، ئەوانەی لە کۆنەوە حوکمدانیان بەتاڵ هەڵناوەشێتەوە و لەناوچوونیان نانوێت.

٤ چونکە خودا بەزەیی بە فریشتە نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو بە زنجیری تاریکی فڕێیدانە قووڵایی دۆزەخ و بە پاسکردنەوە ڕادەستی بۆ لێپرسینەوەی کردن.

٥هەروەها کە بەزەیی بە جیهانی کۆن نەهاتەوە کاتێ لافاوی هێنایە سەر جیهانی خوانەناسان، بەڵکو نوخی بانگەوازدەری خوداناسی لەگەڵ حەوت کەسی دیکەی پاراست.

٦ کاتێ شارەکانی سەدوم و عامووڕەی تاوانبار کرد بە تێکدانی تەواو و کردنیە خۆڵەمێش، کردنییە پەند بۆ خوانەناسان.

٧ کاتێ لۆتی خوداناسی دەرباز کرد کە لە بەرەڵایی بەدکاران بێزار بوو

٨ چونکە ئەو خوداناسە کە لەنێویاندا دەژیا، کردەوە خراپەکانیان دەبیست و دەیبینی، ڕۆژ بە ڕۆژ گیانی خوداناسی ئازار دەدرا

٩ پەروەردگار دەزانێت چۆن لەخواترسان لە تاقیکردنەوە دەرباز بکات و خوانەناسان تا ڕۆژی لێپرسینەوە لە ژێر سزادان بهێڵێتەوە،

١٠ بە تایبەتی ئەوانەی لە هەوەسی گڵاوی کەوتوونەتە دوای جەستە، سووکایەتی بە دەسەڵات دەکەن. چاونەترس و لەخۆباییین، ناترسن بوختان بە شکۆداران بکەن،

١١ لەوێدا فریشتەکان بەهێزتر و بەتواناترن، لە ئامادەگی پەروەردگارەوە حوکمی بوختانیان لەسەر پێشکەش ناکەن.

١٢ بەڵام ئەوانە وەک ئاژەڵی بەستەزمانن، بە زگماک بۆ ڕاوکردن و لەناوچوونن، بوختان بەوە دەکەن کە لێی نازانن، بە گەندەڵیی خۆیان لەناودەچن.

١٣ کرێی خراپەکانیان وەردەگرن. وا دادەنێن چێژ بە درێژایی ڕۆژ لە سەڵتەنەتدایە، گڵاوی و کەموکوڕی، چێژ لە فێڵەکانیان وەردەگرن، بەشداری خوانەکانتان دەکەن.

١٤ چاویان پڕە لە داوێنپیسی و لە گوناه ناوەستن، دەروونە ناجێگیرەکان هەڵدەخەڵەتێنن، دڵیان بە چڵێسی ڕاهێنراوە، ڕۆڵەکانی نەفرەتن.

١٥ لە ڕێگای ڕاست لایانداوە و وێڵ بوون، دوای ڕێبازی بلعەمی کوڕی بەعور کەوتن، ئەوەی حەزی لە کرێی خراپەکاری بوو،

١٦ بەڵام سەرزەنشتی سەرپێچییەکەی وەرگرت، گوێدرێژی بێزمان بە دەنگی مرۆڤانە هاتە دووان و سەرشێتی ئەو پێغەمبەرەی ڕاگرت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەوانە چاڵاوی بێ ئاون، هەورن بە ڕەشەبا دەهاژوورێن، تا هەتایە ڕەشایی تاریکییان بۆ هەڵگیراوە.

١٨ چونکە کە بە قسەی گەورە و بەتاڵ دەدوێن، بە هەوەسەکانی جەستە لە بەرەڵایی، ئەوانە هەڵدەخەڵەتێنن کە تازە هەڵاتوون لە دەست ئەوانەی لە گومڕاییدا دەژیان.

١٩ بەڵێنی ئازادییان پێ دەدەن، کەچی خۆیان کۆیلەی گەندەڵین. چونکە مرۆڤ کۆیلەی هەر شتێکە بەسەریدا زاڵ بێت!

٢٠ چونکە ئەگەر لە گڵاویی جیهاندا هەڵاتبوون بە ناسینی پەروەردگار و ڕزگاریدەرمان ئیشۆعی مەسیح، دیسان تێیدەکەونەوە دەدۆڕێن، ئاوا پایانیان لە سەرەتایان خراپتر دەبێت.

٢١ چونکە باشتر بوو ڕێگای خوداناسییان نەناسیبایە، لەوەی ناسییان و دوایی لەو ڕاسپاردە پارسایەی پێیان درا هەڵگەڕانەوە.

٢٢ ئەو پەندە ڕاستەیان لەسەر دەچەسپێت: "سەگێک گەڕایەوە سەر ڕشانەوەکەی و بەرازی شۆردراو گەڕایەوە نێو چڵپاو".

دووەم پەترۆس 3

١ خۆشەویستان، ئەمە دووەمین پەیامە بۆتان دەنووسم، تیایاندا بە یادتان دەهێنمەوە تاکو هزری پاکتان بوروژێنم،

٢ تاکو وتەکانی پێغەمبەرە پارساکان و ڕاسپاردەی پەروەردگار و ڕزگاریدەر و ئێمەی پەیامبەرانتان بێنەوە یادتان.

٣ یەکەمجار ئەمە بزانن: لە ڕۆژانی کۆتاییدا کەسانێکی گاڵتەجاڕ دێن، دوای هەوەسەکانیان دەکەون،

٤ دەڵێن: "کوانێ بەڵێنی هاتنەوەی؟ چونکە لەو کاتەی باوکانمان لە کۆنەوە مردوون، لە سەرەتای ئافراندنەوە هەموو شتێک وەک خۆیەتی".

٥چونکە بە خواستی خۆیان ئەمەیان لێ دیار نیە: کە لە کۆنەوە بە وشەی خودا ئاسمانان هەبووە، زەویش لە ئاو و بە ئاو پەیدا بووە،

٦ بەهۆی ئەم ئاوەش لەو کات جیهان ئاوی لێ هەستا و لەناوچوو.

٧ بەڵام ئاسمانان و زەویی ئێستا بە هەمان وشە بۆ ئاگر هەڵگیراون، بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە و لەناوچوونی خوانەناسان پارێزراون.

٨ بەڵام خۆشەویستان، تەنها ئەم شتەتان لەیاد نەچێت، ڕۆژێک لەلای پەروەردگار وەک هەزار ساڵە و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێکە.

٩ پەروەردگار سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوودرێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەمووان بۆ تۆبەکردن بێن.

١٠ بەڵام ڕۆژی پەروەردگار وەک دز دێت، تیایدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمانان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان هەڵدەوشێنەوە، زەوی و ئەو دروستکراوانەی تیایدایە دەسوتێت.

١١ کە هەموو ئەو شتانە هەڵدەوشێنەوە، ئیتر پێویستە ئێوە چ جۆرە مرۆڤێک بن؟ دەبێت بە پارسایی و لەخواترسیدا ڕەفتار بکەن،

١٢ چاوەڕوانی ڕۆژی خودا بکەن و داوای هاتنی خێرای بکەن، چونکە تیایدا ئاسمانان گڕدەگرن و هەڵدەوشێنەوە، توخمەکانیش بە سووتان دەتوێنەوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣بەڵام بەگوێرەی بەڵێنەکەی ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانانێکی نوێ و زەویەکی نوێین، کە بێتاوانی تیایدا نیشتەجێیە.

١٤ بۆیە خۆشەویستان، کە چاوەڕێی ئەمە دەکەن، تێبکۆشن بۆ ئەوەی بێ گڵاوی و بێ گلەیی لە ئاشتیدا لەلای ئەو ببینرێن.

١٥ بزانن کە پشوودرێژی پەروەردگارمان ڕزگارییە، وەک پۆڵۆسی برای خۆشەویستمان بەگوێرەی ئەو داناییەی پێی دراوە بۆی نووسین،

١٦ وەک لە هەموو پەیامەکانی دەربارەی ئەو شتانە دوواوە، ئەوەی هەندێک شتی تێدایە گرانە بۆ تێگەیشتن، نەزان و نەچەسپاوەکان وەک سیپارەکانی دیکە دەشێوێنن، بۆ لەناوچوونی خۆیان.

١٧ بۆیە خۆشەویستان، چونکە ئێوە لەپێشا دەزانن، ئاگاداری خۆتان بن،

نەوەک بە گومڕایی خراپەکاران چەواشە بن و لە چەسپاوی خۆتان بکەون.

١٨ بەڵکو لە بەخشش و ناسینی پەروەردگار و ڕزگاریدەرمان

ئیشۆعی مەسیح گەشە بکەن.

شکۆی ئێستا و تاهەتایە

بۆ ئەوە.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

یەکەم یوخەننەن

یەکەم یوخەننەن 1

١ ئەوەی لە دەستپێکدا بوو، ئەوەی گوێمان لێیبوو، ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان پێی کەوت، سەبارەت بە وشەی ژیان

٢ ژیانەکە دەرکەوت، ژیانی جاویدانیمان بینی و گەواهیی دەدەین و بۆتانی ڕادەگەیێنین، ئەوەی لەلای باوک بوو و بۆمان دەرکەوت

٣ ئەوەی بینیمان و بیستمان پێتانی ڕادەگەیێنین، تاکو ئێوەش لەگەڵمان هاوبەشیتان هەبێت. هاوبەشی ئێمەش لەگەڵ باوک و ڕۆڵەکەیەتی، ئیشۆعی مەسیح.

٤ ئەمانە دەنووسین تاکو شادیتان تەواو بێت.

٥ ئەمەش ئەو هەواڵەیە کە لەومان بیست و پێتانی ڕادەگەیێنین: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە.

٦ ئەگەر بڵێین: هاوبەشیمان لەگەڵیدا هەیە و بە تاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕەوا ناکەین،

٧ بەڵام ئەگەر بە ڕووناکیدا بڕۆین، وەک ئەو لە ڕووناکیدایە، ئەوا لەگەڵ یەکتری هاوبەشیمان هەیە و خوێنی ئیشۆعی مەسیحی ڕۆڵەکەی لە هەموو گوناهێک بێگەردمان دەکاتەوە.

٨ ئەگەر بڵێین: گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕەوا لە ئێمەدا نییە.

٩ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، ئەوا ئەو سەرڕاست و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو تاوانێک بێگەردمان دەکاتەوە.

١٠ ئەگەر بڵێین: گوناهمان نەکردووە، ئەوا بە درۆزنی دادەنێین و وشەکەی لە ئێمەدا نییە.

یەکەم یوخەننەن 2

١ ڕۆڵەکانم، ئەمانەتان بۆ دەنووسم تاکو گوناه نەکەن. ئەگەر یەکێک گوناهی کرد، ئەوا لەلای باوک داکۆکیکارمان هەیە ئیشۆعی مەسیحی بێتاوان.

٢ ئەو گوناه پۆشی گوناهەکانمانە، نەک تەنها گوناهەکانی ئێمە، بەڵکو گوناهەکانی هەموو جیهانیش.

٣ بەمە دەزانین ئەومان ناسیوە: ئەگەر ڕاسپاردەکانی بپارێزین.

٤ ئەوەی وتی: ‘‘ناسیومە’’ و ڕاسپاردەکانی ناپارێزێت، ئەوا درۆزنە و ڕەوای تێدا نییە.

٥ بەڵام ئەوەی وشەکەی بپارێزێت، ئەوا بە ڕاستی خۆشویستنی خودا لەمەدا تەواوە. بەمە دەزانین ئێمە لەو داین:

٦ ئەوەی وتی: لەودا جێگیرە، ئەوا دەبێ بە هەمان ئەو شێوەیەی ئەو ژیاوە ئاوا بژیێت.

٧ برایان، ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ نانووسم، بەڵکو ڕاسپاردەیەکی کۆنە، لە سەرەتاوە لەلاتان بوو. ڕاسپاردە کۆنەکە ئەو وشەیە کە لە سەرەتادا گوێتان لێیبوو.

٨ لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ دەنووسم، ئەو ڕەوایەی لە ئەو و ئێوەدا هەیە: چونکە تاریکی بەسەرچوو، وا ڕووناکییە ڕاستەقینەکە پرشنگ دەداتەوە.

٩ ئەوەی وتی: لە ڕووناکیدام و ڕقی لە براکەی ببێتەوە، ئەوە تا ئێستا لە تاریکیدایە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ ئەوەی براکەی خۆشبووێ لە ڕووناکیدا جێگیر دەبێت و کۆسپی تێدا نییە.

١١ بەڵام ئەوەی ڕقی لە براکەی بێتەوە، ئەوا لە تاریکیدایە و بە تاریکیدا دەڕوات، نازانێت بۆ کوێ دەڕوات، چونکە تاریکی چاوی کوێر کردووە.

١٢ بۆ ئێوە دەنووسم، ڕۆڵەکان، چونکە لەپێناوی ناوی ئەو گوناهەکانتان بەخشران.

١٣ بۆ ئێوە دەنووسم، باوکەکان، چونکە ئەوەتان ناسیوە کە لە سەرەتاوەیە. بۆ ئێوە دەنووسم، لاوەکان، چونکە بەدکارتان بەزاند. بۆ ئێوە دەنووسم، منداڵەکان، چونکە باوکتان ناسیوە.

١٤ بۆ ئێوەم نووسی، باوکەکان، چونکە ئەوەتان ناسیوە کە لە سەرەتاوەیە. بۆ ئێوەم نووسی، لاوەکان، چونکە بەهێزن، وشەی خوداتان تێدا جێگیرە و بەدکارتان بەزاندووە.

١٥ نە جیهانتان خۆشبووێت، نە ئەو شتانەی لە جیهاندایە. ئەگەر یەکێک جیهانی خۆشبووێ، ئەوا خۆشویستنی باوکی تێدا نییە.

١٦ چونکە هەموو ئەوەی لە جیهاندایە، هەوەسی جەستە و هەوەسی چاو و سەڵتەنەتی ژیانە، لە باوکەوە نییە، بەڵکو لە جیهانەوەیە.

١٧ جیهان و هەوەسەکانی بەسەردەچن، بەڵام ئەوەی بە خواستی خودا دەکات تاهەتایە جێگیر دەبێت.

١٨ ڕۆڵەکان، ئەوا دوا کاژێرە. وەک بیستووتانە دژە مەسیح دێت، ئێستاش زۆر دژە مەسیح هاتوون، بەمە دەزانین دوا کاژێرە.

١٩ ئەوان لێمان جیا بوونەوە، بەڵام لە ئێمە نەبوون، چونکە ئەگەر لە ئێمە بوونایە، لەگەڵمان دەمانەوە، بەڵام تاکو دەربخەن کە کەسیان لە ئێمە نین.

٢٠ بەڵام ئێوە، لەلایەن پارساکەوە دەستنیشان کردنتان هەیە و هەموو شتێک دەزانن.

٢١ بۆ ئێوە نانووسم چونکە ڕەوا نازانن، بەڵکو چونکە دەیزانن و هیچ درۆیەک لە ڕەواکەوە نییە.

٢٢ کێ درۆزنە؟ ئەوەی نکۆڵی بکات کە ئیشۆع مەسیحەکەیە. ئەمە دژە مەسیحە، ئەوەی نکۆڵی لە باوک و ڕۆڵە دەکات.

٢٣ هەر کەسێک نکۆڵی لە ڕۆڵە بکات باوکەکەی نابێت، ئەوەش دان بە ڕۆڵە بنێت باوکەکەشی دەبێت.

٢٤ ئەوەی لە سەرەتادا بیستتان با لە ئێوەدا جێگیر بێت. ئەگەر ئەوەی لە سەرەتادا بیستتان لە ئێوەدا جێگیر بێت، ئەوا لە ڕۆڵە و باوکدا جێگیر دەبن.

٢٥ ئەمەیە ئەو بەڵێنەی ئەو پێیداوین: ژیانی جاویدانی.

٢٦ ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی دەربارەی ئەوانەی چەواشەتان دەکەن،

٢٧ بەڵام ئێوە، ئەو دەستنیشان کردنەی لێیتان وەرگرتووە، لە ئێوەدا جێگیرە، پێویستتان بە کەس نییە فێرتان بکات. بەڵکو هەروەک دەستنیشان کردنەکەی هەموو شتێکتان فێردەکات، ڕەوایە و درۆ نییە، وەک فێری کردوون، تیایدا جێگیر بن.

٢٨ ئێستاش ڕۆڵەکان، تیایدا جێگیر بن، تاکو کاتێ دەرکەوت متمانەمان هەبێت، کە هاتەوە شەرمی لێ نەکەین.

٢٩ ئەگەر بزانن ئەو خوداناسە، بزانن کەوا هەر کەسێک خوداناسی بکات لە ئەوەوە لەدایکبووە.

یەکەم یوحەننەن 3

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١ بڕوانن باوک چ خۆشویستنێکی پێ داوین، تەنانەت پێمان دەووترێ ڕۆڵەکانی خودا! بۆیە جیهان نامانناسێت، چونکە ئەوی نەناسیوە.

٢ خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەکانی خوداین، هێشتا دەرنەکەوتووە دەبینە چی. بەڵام دەزانین کاتێ ئەو دەردەکەوێت ئێمە وەک ئەو دەبین، چونکە وەک خۆی دەیبینین.

٣ هەر کەسێک ئەم هیوایەی بەو هەبێت، هەروەک ئەو بێگەردە، خۆی بێگەرد دەکاتەوە.

٤ هەر کەسێک گوناه بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناه سەرپێچییە.

٥دەزانن ئەو دەرکەوتووە تاکو گوناه لابدات، خۆی گوناهی تێدا نییە.

٦ هەر کەسێک لەودا جێگیر بێت، گوناه ناکات. هەر کەسێک گوناه بکات نە بینیویەتی و نە ناسیویەتی.

٧ ڕۆڵەکان، با کەس چەواشەتان نەکات: ئەوەی خوداناسی بکات خوداناسە، وەک ئەویش خوداناسە.

٨ ئەوەی گوناه بکات لە ئیبلیسە، چونکە ئیبلیس لە سەرەتاوە گوناهی کردەوە. ڕۆڵەی خودا بۆ ئەمە دەرکەوت، تاکو کارەکانی ئیبلیس هەڵبوەشێنێەوە.

٩ هەر کەسێک لە خوداوە لەدایک بووبێت گوناه ناکات، چونکە تۆوی خودا تیایدا جێگیر دەبێت و ناتوانێت گوناه بکات، چونکە لە خوداوە لەدایکبووە.

١٠ ڕۆڵەکانی خودا و ڕۆڵەکانی ئیبلیس بەمە دەردەکەون: هەر کەسێک خوداناسی نەکات لە خوداوە نییە، هەروەک ئەوەی براکەی خۆی خۆشنەوێت.

١١ چونکە ئەمە ئەم هەواڵەیە کە لە سەرەتاوە بیستتان: کەوا یەکترمان خۆشبووێ.

١٢ وەک قائین مەبن، کە سەر بە خراپەکار بوو و برای خۆیی سەربڕی. بۆچی سەری بڕی؟ چونکە کارەکانی خۆی خراپ بوون و هی براکەی خوداناسانە بوو.

١٣ برایانم، لاتان سەیر نەبێت ئەگەر جیهان ڕقی لێتان بێتەوە.

١٤ دەزانین لە مەرگەوە بۆ ژیان گواستراینەوە، چونکە برایانمان خۆشدەوێت. ئەوەی خۆشویستنی بۆ براکەی نەبێت لە مەرگدا دەمێنێتەوە.

١٥ هەر کەسێک ڕقی لە براکەی ببێتەوە بکوژە، خۆتان دەزانن هیچ بکوژێک لە ژیانی جاویدانیدا نامێنێتەوە.

١٦ بەمە خۆشویستنمان زانی: ئەو ژیانی خۆیی بۆ ئێمە دانا. ئێمەش دەبێت ژیانی خۆمان بۆ برایان دابنێین.

١٧ بەڵام ئەوەی ماڵی دونیای هەبێت و براکەی خۆی بە نەداری بینی و دڵی لێی ڕەق کرد، چۆن خۆشویستنی خودای تێدا دەمێنێتەوە؟

١٨ ڕۆڵەکانم، با بە وشە و زمان خۆشویستن نەکەین، بەڵکو بە کردار و بە ڕەوا!

١٩ بەمە دەزانین سەر بە ڕەواداین و دڵمان ئۆقرە دەرگرێت لە ئامادەگی ئەو

٢٠ چونکە کاتێ دڵمان سەرکۆنەمان دەکات، خودا لە دڵمان مەزنترە و هەموو شتێک دەزانێت.

٢١ خۆشەویستان، ئەگەر دڵمان سەرکۆنەمان نەکات، ئەوا لەبەردەم خودا دڵنیا دەبین،

٢٢هەرچییەکی لێ داوا بکەین لێی وەردەگرین، چونکە ڕاسپاردەکانی دەپارێزین و ئەوە دەکەین کە بەدڵیەتی.

٢٣ ئەمەش ڕاسپاردەکەیەتی: باوەڕمان بە ناوی ئیشۆعی مەسیحی ڕۆڵەکەی هەبێت و یەکتریمان خۆشبووێ، وەک ڕایسپاردووین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٤ ئەوەی ڕاسپاردەکانی بپارێزێت، لەودا جێگری دەبێت و ئەویش لەم، بەمەش دەزانین ئەو لە ئێمەدا جێگیرە، بەو ڕووحەی کە پێیداوین.

یەکەم یوخەننەن 4

١ خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕووحێک مەکەن، بەڵکو ڕووحەکان تاقی بکەنەوە: ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان.

٢ ڕووحی خودا بەمە دەناسنەوە: هەر ڕووحێک دان بنێت کە ئیشۆعی مەسیح لە جەستەدا هاتووە، ئەوا لەلایەن خوداوەیە،

٣بەڵام هەر ڕووحێکیش دان بە ئیشۆع نەنێت کە لە جەستەدا هاتووە، ئەوا لە خوداوە نییە. ئەو ڕووحە دژە مەسیحە کە بیستووتانە دێت، ئێستا وا لە جیهاندایە.

٤ ڕۆڵەکان، ئێوە لە خوداوەن، ئەوانتان بەزاندووە، چونکە ئەوەی لە ئێوەدایە مەزنترە لەوەی لە جیهاندایە.

٥ ئەوانە لە جیهانەوەن، بۆیە ئەوەی لە جیهانەوەیە دەیڵێن و جیهان گوێیان لێ دەگرێت.

٦ ئێمە لە خوداوەین. ئەوەی خودا بناسێت گوێمان لێ دەگرێت، بەڵام ئەوەی لە خوداوە نەبێت گوێمان لێ ناگرێت. ڕووحی ڕەوا و ڕووحی چەواشە بەمە دەناسین.

٧ خۆشەویستان، با یەکتریمان خۆشبووێ، چونکە خۆشویستن لە خوداوەیە و هەر کەسێک خۆشویستنی هەبێت لە خوداوە لەدایکبووە و خودا دەناسێت.

٨ ئەوەی خۆشویستنی نەبێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشویستنە.

٩ بەمە خۆشویستنی خودا لەنێوانماندا دەرکەوت: خودا ڕۆڵە تاقانەکەی نارد بە جیهان تاکو بەهۆیەوە بژین.

١٠ خۆشویستن لەمەدایە: نەک ئێمە خودامان خۆشویست، بەڵکو ئەو خۆشیویستین و ڕۆڵەکەی بۆ پۆشینی گوناهەکانمان نارد.

١١ خۆشەویستان، ئەگەر خودا ئاوا خۆشیویستین، پێویستە ئێمەش یەکتریمان خۆشبووێ.

١٢هەرگیز کەس خودای نەبینیوە. ئەگەر یەکتریمان خۆشبووێ، خودا لە نێوماندا جێگیر دەبێت و خۆشویستنەکەی لە نێوماندا تەواوە.

١٣ بەمە دەزانین لە ئەودا جێگیر دەبین و ئەویش لە ئێمە: چونکە ئەو لە ڕووحی خۆی پێیداوین.

١٤ ئێمەش بینیمان و گەواهیی دەدەین، کەوا باوک ڕۆڵەی وەک ڕزگاریدەری جیهان ناردووە.

١٥ ئەوەی دان بنێت کەوا ئیشۆع ڕۆڵەی خودایە، خودا لەودا جێگیر دەبێت و ئەویش لە خودا.

١٦ ئێمەش ئەو خۆشویستنەی خودا کە بۆ ئێمەیە ناسیمان و بڕوامان پێکرد. خودا خۆشویستنە. ئەوەی لە خۆشویستندا جێگیر بێت لە خودا جێگیر دەبێت و خوداش لەودایە.

١٧ بەمە خۆشویستن لەگەڵمان تەواو دەکرێت: کە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا دڵنیا بین، چونکە ئێمەش لەم جیهانەدا وەکو ئەو دەبین.

١٨ خۆشویستن ترسی تێدا نییە، بەڵکو خۆشویستنی تەواو ترس دەردەکاتە دەرەوە، چونکە ترس لە سزاوە دێت. ئەوەی بترسێت لە خۆشویستندا تەواو نەبووە.

١٩ خۆشماندەوێت، چونکە یەکەمجار ئەو خۆشیویستووین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ ئەگەر یەکێک وتی: "خودام خۆشدەوێت" و ڕقی لە براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە. چونکە ئەوەی برای خۆی خۆشنەوێت کە بینیویەتی، چۆن دەتوانێت خودای خۆشبووێ کە نەیبینیوە؟

٢١ لە ئەوەوە ئەم ڕاسپاردەیەمان دراوەتێ: ئەوەی خودای خۆشبووێ، با براکەشی خۆشبووێ.

یەکەم یوحەننەن 5

١ هەر کەسێک باوەڕی هەبێت کە ئیشۆع مەسیحەکەیە، ئەوە لە خوداوە لەدایکبووە. هەر کەسێک باوکەکەی خۆشبووێ، ئەوەشی خۆشدەوێت کە لێی لەدایکبووە.

٢ بەمە دەزانین ڕۆڵەکانی خودامان خۆشدەوێت: کە خودامان خۆشبووێ و ڕاسپاردەکانی بپارێزین.

٣ چونکە ئەمە خۆشویستنە بۆ خودا: ڕاسپاردەکانی بپارێزین. ڕاسپاردەکانیشی قورس نین.

٤ چونکە هەر کەسێک لە خوداوە لەدایکبووبێت جیهان دەبەزێنێت. ئەمەش ئەو سەرکەوتنەیە کە جیهان دەبەزێنێت: باوەڕمانە.

٥ کێیە جیهان دەبەزێنێت؟ تەنها ئەو کەسەی باوەڕی هەیە کە ئیشۆع ڕۆڵەی خودایە.

٦ ئەمە ئەوەیە کە بە ئاو و خوێن هاتووە، ئیشۆعی مەسیح، نەک تەنها بە ئاو، بەڵکو بە ئاو و بە خوێن. ڕووحەکەش گەواهی دەدات، چونکە ڕووحەکە ڕەوایە.

٧ ئەوانەی لە ئاسماندا گەواهیی دەدەن سێیانن: باوک و وشەکە و ڕۆحی پارسا. ئەو سێیانەش یەکێکن.

٨ ئەوانەش کە لە زەویدا گەواهی دەدەن سێیانن: ڕووح و ئاو و خوێن، ئەو سێیانەش بۆ یەکێکن.

٩ ئەگەر گەواهیی خەڵک پەسەند بکەین، ئەوا گەواهیی خودا مەزنترە، چونکە ئەمە گەواهیی خودایە سەبارەت بە ڕۆڵەکەی داویەتی.

١٠ ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵەی خودا بهێنێت ئەم گەواهییە لە خۆیدا هەیە. ئەوەی بڕوا بە خودا نەکات، خودا بە درۆزن دادەنێت، چونکە باوەڕ بەو گەواهییە ناکات کە خودا سەبارەت بە ڕۆڵەکەی داویەتی.

١١ ئەمەش گەواهییەکەیە: خودا ژیانی جاویدانی پێ داوین، ئەم ژیانەش لە ڕۆڵەکەیدایە.

١٢ ئەوەی ڕۆڵەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی ڕۆڵەی خودای نەبێت، ژیانی نابێت.

١٣ ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی ڕۆڵەی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی جاویدانیتان هەیە و باوەڕ بە ناوی ڕۆڵەی خودا بهێنن.

١٤ ئەمەش ئەو متمانەیە کە بەومان هەیە: ئەگەر بەگوێرەی ویستی خۆی داوای شتێک بکەین، گوێمان لێ دەگرێت.

١٥ ئەگەر بزانین گوێمان لێ دەگرێت هەرچییەک داوا بکەین، دەزانین ئەوەی لێیمان داوا کردووە هەمانە.

١٦ئەگەر یەکێک براکەی خۆی ببینێت گوناهێک دەکات ئەنجامەکەی مەرگ نەبێت، پێویستە بۆی بپارێتەوە، خوداش ژیانی دەداتێ. بۆ ئەوانەی گوناه دەکەن بەرەو مەرگ نییە. گوناه هەیە بەرەو مەرگە، بۆ ئەمە ناڵێم داوا بکرێت.

١٧ هەموو تاوانێک گوناهە، بەڵام گوناهیش هەیە بەرەو مەرگ نییە.

١٨ دەزانین هەر کەسێک لە خوداوە لەدایکبووبێت گوناه ناکات، بەڵکو ئەوەی لە خوداوە لە دایکبووە خۆی دەپارێزێت، بەدکاریش دەستی لێ نادات.

١٩ دەزانین ئێمە لە خوداوەین، هەموو جیهان لە ژێر دەستی بەدکار دانراوە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢٠ دەشزانین کەوا ڕۆڵەی خودا هات و چاوی کردینەوە تاکو ڕەوا بناسین.
ئێمەش لە ڕەواداین، لە ڕۆڵەکەی، ئیشۆعی مەسیح.
ئەو خوداوەندی ڕاستەقینە و ژیانی جاویدانیە.
٢١ ڕۆڵەکان، خۆتان لە بت بپارێزن.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

دووەم یوحەننەن

دووەم یوحەننەن 1

١ پیرەکە، بۆ خانمە بژاردەکە و بۆ ڕۆڵەکانیشی کە لە ڕەوادا خۆشمدەوێن، نەک تەنها من، بەڵکو هەموو
ئەوانەی ڕەوا دەناسن،
٢ لەپێناوی ئەو ڕەوایەی تیاماندا جێگیر دەبێت و تاهەتایە لەگەڵمان دەبێت:
٣ بەخشش و میهرەبانی و ئاشتیتان لەگەڵ بێت لە خودای باوک و پەروەردگار ئیشۆعی مەسیحی ڕۆڵەی
باوک، بە ڕەوا و خۆشویستنەوە.
٤ زۆر دڵخۆش بووم کە بینیم هەندێک لە ڕۆڵەکانت بەگوێرەی ڕەوا دەڕۆن، وەک باوک ڕایسپاردین.
٥ ئێستاش خانم، نەک وەک ئەوەی ڕاسپاردەیەکی نوێت بۆ بنووسم، بەڵکو ئەوەی لە سەرەتاوە هەمانبووە: با
یەکتریمان خۆشبووێ.
٦ خۆشویستن ئەمەیە: بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی بڕۆین. هەروەک لە سەرەتا گوێتان لێی بووە، ڕاسپاردەکە
ئەمەیە.
٧ چەواشەکاری زۆر هاتوونەتە جیهان و دان نانێن ئیشۆعی مەسیح لە جەستەدا هاتووە. ئەمانە چەواشەکار
و دژە مەسیحن.
٨ ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک ئەوەی کردوومانە بیدۆڕێنین، بەڵکو پاداشتی تەواو وەربگرین.
٩ هەر کەسێک پێش بکەوێت و لە فێرکردنی مەسیح نیشتەجێ نەبێت، خودای نییە. ئەوەی لە فێرکردنەکە
جێگیر بێت، ئەوا باوک و ڕۆڵەی هەیە.
١٠ ئەگەر یەکێک هاتە لاتان و ئەم فێرکردنەی نەهێنا، لە ماڵەکەتان وەریمەگرنەوە و سڵاوی لێ
مەکەن. ١١ چونکە ئەوەی سڵاوی لێ بکات، لە بەدکارییەکانی بەشدار دەبێت.
١٢ زۆر شتم هەیە بۆتانی بنووسم، نامەوێت بە کاغەز و مەرەکەب بێت،
بەڵکو ئومێدەوارم لەگەڵتان بم و ڕووبەڕوو بدوێین،
تاکو خۆشییەکەمان تەواو بێت.
١٣ منداڵانی خوشکە بژاردەکەت
سڵاوت لێدەکەن.
ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

سێیەم یوخەننەن

سێیەم یوخەننەن 1

١ پیرەکە، بۆ گائیوسی خۆشەویست کە لە ڕەوادا خۆشمدەوێت.

٢ ئەی خۆشەویست، دەمەوێ لە هەموو شتێک سەرکەوتوو بیت و دروست بێت، هەروەک دەروونت سەرکەوتووە.

٣ چونکە زۆر دڵخۆش بووم بەوەی چەند برایەک هاتن و گەواهیی ئەو ڕەوایەیان دا کە لە تۆدا هەیە، هەروەک بەگوێرەی ڕەوا دەڕۆیت.

٤ خۆشی لەمە مەزنترم نییە: کە گوێم لێ بێت ڕۆڵەکانم بەگوێرەی ڕەوا دەڕۆن.

٥ خۆشەویست، تۆ بە سەرڕاستیەوە هەموو شتێک بۆ برایان و بۆ نامۆیان دەکەیت.

٦ئەوانەی لەبەردەم وارگەدا گەواهییان لەسەر خۆشویستنی تۆ داوە، ئەوانەی باش دەکەیت کە بە شایستەیی خودا بەڕێیان دەکەیت.

٧ چونکە ئەوانە لە پێناوی ناوەی ئەو دەرچوون، هیچ شتێک لە نەتەوەکان وەرناگرن.

٨ بۆیە پێویستە پێشوازی لە کەسانی وەک ئەوانە بکەین تاکو بەیەکەوە کار بۆ ڕەوا بکەین.

٩ بۆ وارگەم نووسیوە، بەڵام دیۆتریفس کە دەیەوێت لەنێوانیان ببێتە یەکەم، پەسەندمان ناکات.١٠ بۆیە ئەگەر هاتم، کردەوەکانی و ئەو غەیبەتانەی کە سەبارەت بە ئێمەی وتووە دەیخەمەوە یادی. هەروەها بەوەش نەوەستاوە، بەڵکو نایەوێت پێشوازی لە برایان بکات و هەر یەکێک بییەوێت پێشوازییان لێ بکات، ڕێی لێ دەگرێت و لە وارگە قاویان دەدات.

١١ خۆشەویستم، لاسایی خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە. چونکە ئەوەی چاکە بکات لە خوداوەیە، ئەوەش خراپە بکات، خودای نەبینیوە.

١٢ دیمەتریوس لەلایەن هەموو کەسێک و لەلایەن خودی ڕەواشەوە گەواهیی بۆ دراوە. ئێمەش گەواهیی دەدەین، ئێوەش دەزانن گەواهیی ئێمە ڕاستە.

١٣ زۆرم هەبوو بۆتی بنووسم، بەڵام نامەوێت بە مەرەکەب و خامە بێت.

١٤ بەڵکو ئومێدەوارم بەم زووانە بتبینم تاکو ڕووبەڕوو قسە بکەین.

١٥ ئاشتی بۆ تۆ. خۆشەویستان سڵاوت لێدەکەن. بە ناوەکانیان سڵاو لە خۆشەویستان بکە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

پەیامی پارسا ئیهوودا

پەیامی پارسا ئیهوودا 1

١ ئیهوودا، بەندەی ئیشۆعی مەسیح، برای یاقوو، بۆ بانگکراوەکان و پارساکان خودای باوک، پارێزراوان
بە ئیشۆعی مەسیح:

٢ میهرەبانی و ئاشتی و خۆشویستن بۆتان زیاد بێت.

٣ خۆشەویستان، ئەوپەڕی کۆششم کرد تاکو لەبارەی ڕزگاریی هاوبەشمان بۆتان بنووسم، بەڵام ناچار بووم
ئەمەتان بۆ بنووسم، ئامۆژگاریتان بکەم کە تێبکۆشن لەپێناوی ئەو باوەڕەی تەنها یەک جار ڕادەستی
پارساکان کراوە.

٤ چونکە کەسانێک بە دزییەوە هاتوونەتە ناوەوە، لەکۆنەوە بۆ ئەم حوکمە نووسراون، خوانەناسن،
بەخششی خوداوەندمان بۆ بەڕەڵایی دەگۆڕن و نکۆڵی لە ئیشۆعی مەسیح دەکەن، تاقە سەروەر و
پەروەردگارمان.

٥ جا دەمەوێت بە یادتان بهێنمەوە کە خۆتان دەیزانن، پەروەردگار کە گەلەکەی خۆی لە خاکی میسڕ
دەرباز کرد، دواتر ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا لەناوی بردن.

٦ هەروەها ئەو فریشتانەی پایەکانی خۆیان نەپاراست، بەڵکو شوێنی خۆیان بەجێهێشت، بە کۆتی جاویدانی
بۆ سزای ڕۆژی مەزن لە ژێر تاریکیدا هەڵگیران.

٧ هەروەها سەدوم و عامووڕە و شارەکانی دەوروبەریان بە هەمان ڕێگا داوێنپیسییان کرد و بە ناسروشتی
هەوەسبازییان کرد، جا بوونە پەندی چێژتنی سزای ئاگری جاویدانی.

٨ ئەوانیش بە هەمان شێوە، جەستە گڵاو دەکەن و گەورەیی ڕەت دەکەنەوە و بوختان بە شکۆداران دەکەن.

٩ بەڵام میخائێلی سەرۆکی فریشتەکان، کاتێ دژایەتی شەیتانی کرد و سەبارەت بە تەرمی مووشێ
بەرگریی کرد، نەیوێرا بە بوختان سکاڵای لێ بکات، بەڵکو وتی: "پەروەردگار سەرزەنشتت بکات!".

١٠ کەچی ئەمانە قسە بۆ شتێک هەڵدەبەستن کە نایزانن. ئەوەی بە سروشتیش دەیزانن، وەک ئاژەڵی
بەستەزمان، لەمانەدا تێکی دەدەن.

١١ وەی بەحاڵیان! چونکە ڕێگای قائینیان گرتووە، بۆ بڕێک دەستکەوت خۆیان داوەتە دەست چەواشەیی
بەلعەمەوە، لە یاخیبوونەکەی قۆرەح لەناوچوون.

١٢ ئەوانە لە داوەتەکانی خۆشویستنی ئێوە لەکەدارن، بێ ترس نانتان لەگەڵ دەخۆن، خۆیان دەلەوەڕێنن.
هەوری بێ ئاون و بە با دەهاژوورێن، داری بێبەری پاییزن، دوو جار مردوون و هەڵکەندراون،

١٣ شەپۆلی دەریای هەڵچوون بە کەفی شەرمەزاری، ئەستێرەی وێڵن کە تاهەتایە ڕەشایی تاریکییان بۆ
هەڵگیراوە.

١٤ ئەخنوخی حەوتەم لە ئادەمەوە، لەبارەی ئەوانەوە پێشبینی کرد و وتی: "ئەوەتا پەروەردگار لەنێو
هەزارانی پارسایاندا دێت،

١٥ تاکو هەمووان حوکم بکات و هەموو خوانەناسان سزا بدات، لەبەر هەموو کردارە خوانەناسییەکانیان
کەوا لە ڕێبازی خوانەناسی کردوویانە و ئەو قسە ڕەقانەی ئەو گوناهبارە خوانەناسانە لە دژی وتوویانە".

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٦ ئەوانە بۆڵەبۆڵکار و گلەییکارن، بەگوێرەی هەوەسەکانیان ڕەفتار دەکەن و قسەی گەورە دەکەن، بە ڕووپامایی ستایشی خەڵک دەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

١٧ بەڵام ئێوە ئەی خۆشەویستان، قسەکانی پەیامبەرانی پەروەردگارمان ئیشۆعی مەسیح بهێننەوە یاد کە پێشتر وتوویانە.

١٨ پێی وتن: "لە کۆتایی ڕۆژگار، هەندێک گاڵتەجاڕ پەیدا دەبن و دوای هەوەسە خوانەناسییەکانیان دەکەون".

١٩ ئەوانە خۆیان جیا دەکەنەوە، سروشتی مرۆڤانەن و ڕووحەکەیان نییە.

٢٠ بەڵام ئێوە خۆشەویستان، خۆتان لەسەر باوەڕی پارساتان بنیاد بنێن، بە ڕووحی پارسا نوێژ بکەن،

٢١ خۆتان لەنێو خۆشویستنی خودا بپارێزن، چاوەڕوانی بەزەیی ئیشۆعی مەسیحی پەروەردگارمان بن بۆ ژیانی جاویدانی.

٢٢ بەزەییتان بەوانە بێتەوە کە گومان دەکەن.

٢٣هەندێک لە ئاگر بڕفێنن و ڕزگاریان بکەن، لە ترسدا بەزەییتان بە هەندێک بێتەوە، تەنانەت ڕقتان لەو بەرگانە بێتەوە کە بە جەستە گڵاو بوونە.

٢٤ بۆ ئەوەی کە توانادارە بێ ساتمەکردن بتانپارێزێت، بە شادی بێ گلەیی لەبەردەم شکۆکەی ڕاتانبگرێت،

٢٥ بۆ تاکە خوداوەندی دانا و ڕزگاریدەرمان، شکۆ و مەزنی و توانا و دەسەڵات بۆ ئەوە، ئێستا و تا هەموو ڕۆژگار.

ئامین.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

بینین

بینین 1

١ ئاشکراکردنی ئیشۆعی مەسیح کە خودا پێیداوە، تاکو ئەو شتانەی دەبێت زوو ڕووبدەن بە بەندەکانی
پیشان بدات و دەریخست کە بە فریشتەکەی خۆی بۆ یوخەننەنی بەندەی خۆی نارد،

٢ئەوەی گەواهیی دا بۆ وشەی خودا و بۆ گەواهیی ئیشۆعی مەسیح هەرچییەکی بینی.

٣بەختەوەری بۆ ئەوەی وتەکانی ئەم پێشبینییە دەخوێنێتەوە و ئەوانەی دەیبیستن، ئەوەی تیایدا نووسراوە
دەیپارێزن، چونکە کاتەکە نزیکە.

٤ یوخەننەن، بۆ حەوت وارگەکەی ئاسیا: بەخشش و ئاشتی بۆ ئێوە، لەوەی هەیە و هەبووە و دێت، و لەو
حەوت ڕووحەی لەبەردەم تەختەکەیدان،

٥ هەروەها لە ئیشۆعی مەسیحیش کە گەواهیدەری سەرڕاستە، نۆبەرەی نێو مردووانە، و سەرۆکی
پاشاکانی سەر زەوییە: ئەوەی ئێمەی خۆشدەوێ و بە خوێنی خۆی ئێمەی شوشتەوە لە گوناهەکانمان و

٦ ئێمەی کردە پاشا و کاهین بۆ خودای باوکی، شکۆ و دەسەڵات تا جاویدانی بۆ ئەوە! ئامین.

٧ ئەوەتا لەگەڵ هەوردا دێت و هەموو چاوێک دەیبینێت، ئەوانەش کە ڕمیان لێیداوە، هەموو خێڵەکانی
زەویش شیوەنی بۆ دەگێڕن. بەڵێ، ئامین.

٨ پەروەردگار کە هەیە دەفەرمووێ: ‘‘منم ئەلف و یێ، یەکەمین و پایان’’ ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، کە
توانای بەسەر هەموو شتێکی هەیە.

٩ من یوخەننەنی براتانم، هاوبەشتانم لە تەنگانە و لە پاشایەتی و دانبەخۆداگرتنی ئیشۆعی مەسیح، لە
پێناوی وشەی خودا و گەواهیی بۆ ئیشۆعی مەسیح لە دوورگەیەک بووم بە پەتامون ناودەبرا.

١٠ لە ڕۆژی پەروەردگار لە ڕووحدا بووم، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێکی مەزن بوو، وەک دەنگی کەڕەنا،

١١ فەرمووی: ‘‘منم ئەلف و یێ. یەکەمین و پایان. ئەوەی دەیبینی، لە پەرتووکێک بینووسەوە و بۆ حەوت
وارگەکەی بنێرە، بۆ ئەپیسۆس و سمۆرنا و پرگاموس و تیئۆتیرا و سەردس و پیلادەلپیا و لادیقیا’’.

١٢ ئاوڕم دایەوە تاکو ئەو دەنگە ببینم کە لەگەڵم دەدووا، کاتێ ئاوڕم دایەوە حەوت چرادانی زێڕینم بینی،

١٣ لەناوەڕاستی چرادانەکاندا یەکێکی وەک ڕۆڵەی مرۆڤم بینی، جلێکی ئاودامانی لەبەردا بوو، پشتێنێکی
زێڕینی لەلای سنگی بەستبوو،

١٤ سەر و قژی سپی وەک خوری و وەک بەفر سپی بوون و چاوەکانی وەک گڕی ئاگر بوون.

١٥ پێیەکانی وەک مسێکی خاوێن کە لە کوورە پوختە کرابێت وابوون، دەنگیشی وەک هاژەی ئاوێکی زۆر
بوو،

١٦ حەوت هەسارەی لە دەستەڕاستی بوو، شمشێرێکی تیژی دوو دەمیش لە دەمیەوە دەردەچوو، ڕووی
وەک خۆر بوو کە بەوپەڕی تینی دەدرەوشێتەوە.

١٧ کاتێ بینیم وەک مردوو لەبەرپێی کەوتم، دەستی ڕاستی خستە سەرم و فەرمووی: ‘‘مەترسە، منم
یەکەمین و پایان،

١٨ زیندووەکەم، مردوو بووم، ئەوەتا تاهەتایە زیندووم! ئامین. کلیلەکانی دۆڵی بێین و مەرگم پێیە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٩ ئەمانەی دەیبینت بینووسەوە و ئەوەی هەیە و ئەوەی پاش ئەمەش دەبێت.

٢٠ نهێنی ئەو حەوت هەسارەیەی لە دەستی ڕاستم بینیت و حەوت چرادانە زێڕینەکە ئەمەیە: حەوت هەسارەکە فریشتەی حەوت وارگەکانن و حەوت چرادانەکەش حەوت وارگەکەن".

بینین 2

١ بۆ فریشتەی وارگەی ئەپیسۆس، بنووسە: "ئەوەی حەوت هەسارەکەی بە دەستی ڕاستی گرتووە و بە ناوەڕاستی حەوت چرادانە زێڕینەکەدا ڕێدەکات، دەفەرمووێ:

٢ ئاگادارم لە کردار و ماندووێتی و دانبەخۆداگرتنت، هەروەها کە ناتوانیت بەرگەی بەدکاران بگریت، ئەوانەشت تاقی کردەوە کە خۆیان بە پەیامبەر دەزانن و پەیامبەریش نین، بە درۆزن دەرچوون،

٣ دانت بەخۆت داگرت و لەپێناوی ناوی من بەرگەت گرت و کۆڵت نەدا.

٤ بەڵام ئەوەم لەسەرت هەیە: تۆ خۆشویستنەکەی یەکەمینت بەلاوە ناوە.

٥ جا بە بیرت بێتەوە لەکوێ کەوتیت! تۆبە بکە، کارەکانی یەکەمینت بکەوە. ئەگەر تۆبە نەکەیت، ئەوا بەمزووانە دێمە لات و چرادانەکەت لە شوێنی خۆی لادەدەم.

٦ بەڵام شتێکی باشت هەیە: ڕقت لە کردەوەی نیقۆلیوییەکان دەبێتەوە، کە منیش ڕقم لێی دەبێتەوە.

٧ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرمووێ. ئەوەی سەربکەوێت دەیدەمێ لە درەختی ژیان بخوات، ئەوەی لە ناوەڕاستی بەهەشتی خودادایە".

٨ بۆ فریشتەی وارگەی سمۆرنا، بنووسە: "ئەوەی یەکەمین و دواهەمینە، ئەوەی مردوو بوو و زیندووبووەوە، دەفەرمووێ:

٩ ئاگام لە کردار و تەنگانە و هەژاریتە، هەرچەندە تۆ دەوڵەمەندیت. هەروەها ئاگام لە هەڵبەستنی ئەوانەیە کە دەڵێن جووین و جووش نین، بەڵکو لە کەنیشتی شەیتاندان.

١٠ هەرگیز مەترسە لەو ئازارانەی وا بۆت دێت. وا ئیبلیس خەریکە هەندێکتان بخاتە زیندانەوە، تاکو تاقی بکرێنەوە و دە ڕۆژ تەنگانەتان دەبێت. تا مردن سەرڕاست بە، منیش تاجی ژیانت پێ دەبەخشم.

١١ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرمووێ. ئەوەی سەربکەوێت مەرگی دووەم ئازاری نادات".

١٢ بۆ فریشتەی وارگەی پرگاموس، بنووسە: "ئەوەی شمشێرە تیژە دوو دەمەکەی هەیە دەفەرمووێ:

١٣ ئاگام لە کردارەکانت هەیە و لەکوێ دەژیت، ئەو شوێنەی تەختی شەیتانی لێیە. دەست بە ناوی من دەگریت و نکۆڵیت لە باوەڕی من نەکرد، تەنانەت لەو ڕۆژانەش کە ئەنتیپۆسی گەواهیدەری سەرڕاستم لەلاتان شەهید کرا، لەو شوێنەی شەیتان نیشتەجێیە.

١٤ بەڵام هەندێک شتم لەسەرت هەیە: ئەویش هەندێ کەس لەلاتن پابەندن بە فێرکردنی بەلعەمەوە، ئەوەی بالەقی فێردەکرد کۆسپ لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دابنێت تاکو لەو قوربانییانە بخۆن کە بۆ بت سەربڕاوە و داوێنپیسی بکەن.

١٥ بە هەمان شێوە لەلای تۆش هەندێک هەن پابەندن بە فێرکردنی نیقۆلیوییەکان کە من ڕقم لێیە.

١٦ بۆیە تۆبە بکە! ئەگینا، بەم زووانە دێمە لات و بە شمشێرەکەی دەمم لەگەڵیان دەجەنگم.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٧ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرموێ. ئەوەی سەربکەوێت لە مەنی شاراوەی دەدەمێ، هەروەها بەردێکی سپی دەدەمێ، کە ناوێکی نوێی لەسەر نووسراوە، جگە لەوەی وەریدەگرێت کەس نایزانێت".

١٨ بۆ فریشتەی وارگەی تیئۆتیرا، بنووسە: "ڕۆڵەی خودا، ئەوەی چاوەکانی وەک گڕی ئاگرە و پێیەکانی وەک مسی خاوێنە، دەفەرموێ:

١٩ ئاگام لە کردار و خۆشویستن و ڕاژە و باوەڕ و دانبەخۆداگرتنتە. کارەکانی ئەم دواییەت لەوانەی یەکەمت زیاترن.

٢٠ بەڵام ئەمەم لەسەرت هەیە: تۆ ڕێت بەو ژنە داوە کە ئیزبلە کەوا دەڵێت: من پێغەمبەرم، بەندەکانم فێردەکات و چەواشەیان دەکات تاکو داوێنپیسی بکەن و لەو قوربانیە بخۆن کە بۆ بت سەربڕاوە.

٢١ کاتم پێیدابوو تاکو تۆبە لە داوێنپیسیەکەی بکات، بەڵام تۆبە بکات.

٢٢ ئەوەتا فڕێیدەدەمە سەر نوێن و ئەوانەی داوێنپیسییان لەگەڵیدا کردووە لە تەنگانەیەکی مەزن دەبن، ئەگەر لە کرداریان تۆبە نەکەن.

٢٣ هەروەها منداڵەکانی بە مەرگ دەکوژم، جا هەموو وارگەکانیش دەزانن من پشکێنەری مێشک و دڵەکانم، هەر یەکێکیشتان بەگوێرەی کارەکانی دەیدەمێ.

٢٤ بەڵام بە ئێوە دەڵێم، و بەوانەی لە تیئۆتیرا ماونەتەوە، ئەوانەی ئەم فێرکردنەیان نییە و بە قووڵایی شەیتانیان نەزانیوە، وەک دەڵێن: من بارێکی دیکەتان ناخەمە سەر

٢٥ بەڵکو ئەوەی هەتانە دەستی پێوە بگرن، تاکو دێم.

٢٦ ئەوەی سەربکەوێت و کارەکانی من تاکو پایان بپارێزێت، دەسەڵاتی بەسەر نەتەوەکاندا دەدەمێ

٢٧ بە گۆچانێکی ئاسنین بەڕێوەیان دەبات، وەک گۆزەی گڵین وردوخاشیان دەکات، وەک منیش لە باوکمەوە دەسەڵاتم وەرگرتووە.

٢٨ ئاواش هەسارەی بەیانیی دەدەمێ.

٢٩ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرموێ".

بینین 3

١ هەروەها بۆ فریشتەی وارگەی سەردس، بنووسە: "ئەوەی حەوت ڕووحی خودا و حەوت هەسارەکەی هەیە دەفەرموێ: ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ بە ناو زیندوویت، بەڵام مردوویت.

٢بێدار بە! ئەوەی ماوە بەهێزی بکە، ئەوەی خەریکە بمرێت، چونکە لەبەردەم خودا کارەکانتم بە ناتەواوی بینی.

٣ بەبیرت بێتەوە چۆن وەرتگرت و بیستت، بیپارێزە و تۆبە بکە. چونکە ئەگەر بێدار نەبیت، ئەوا وەک دزێک دێم و نازانی لە چ کاتێک بۆت دێم.

٤ خەڵکێکی کەمت لە سەردسدا هەیە پۆشاکەکانیان گڵاو نەکردووە، بە بەرگی سپییەوە لەگەڵ من ڕێدەکەن، چونکە شایانی ئەوەن.

٥ ئەوەی سەربکەوێت ئاوا بەرگی سپی دەپۆشێت و ناوی لە سیپارەی ژیان ناسڕمەوە و لەبەردەم باوکم و لەبەردەم فریشتەکانی دان بە ناوەکەیدا دەنێم.

٦ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرموێ".

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٧ هەروەها بۆ فریشتەی وارگەی پیلادەلپیا، بنووسە: ‘‘ئەوەی پارسا و ڕەوایە، کلیلەکەی داویدی لە دەستە، ئەوەی دەیکاتەوە و کەس داینا‌خات، دایدەخات و کەس نایکاتەوە، دەفەرمووێ:

٨ ئاگام لە کردارەکانتە. ئەوەتا دەرگایەکی کراوەم لەبەردەمت داناوە و کەس ناتوانێت دایبخات. چونکە هێزێکی کەمت هەیە، بەڵام وشەی من دەپارێزیت، نکۆڵیت لە ناوی من نەکرد.

٩ ئەوەتا ئاوا لەوانەی کەنیشتی شەیتان دەکەم، ئەوانەی دەڵێن جووین و جووش نین، بەڵکو درۆ دەکەن، وایان لێ دەکەم بێن و لەبەردەم پێیەکانت کڕنۆش ببەن و بزانن تۆم خۆشویستووە.

١٠ چونکە ڕاسپاردەی منت بۆ دانبەخۆداگرتن پاراستووە، منیش لە کاتی تاقیکردنەوە دەتپارێزم، کە خەریکە بەسەر هەموو جیهاندا دێت، تاکو ئەوانەی لەسەر زەوی نیشتەجێن تاقی بکرێنەوە.

١١ زوو دێم. دەست بگرە بەوەی هەتە، تاکو کەس تاجەکەت لێ نەستێنێت.

١٢ ئەوەی سەربکەوێت دەیکەمە کۆڵەگەیەک لە نێو پەرستگای خوداوەندم و هەرگیز لێی دەرناچێت. ناوی خوداوەندم و ناوی شاری خوداوەندم لەسەر دەنووسم، یروشلایمی نوێ، ئەوەی لەلایەن خوداوەندمەوە لە ئاسمان دێتە خوارەوە، هەروەها ناوی نوێی خۆمی لەسەر دەنووسم.

١٣ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرمووێ’’.

١٤ بۆ فریشتەی وارگەی لادیقیا، بنووسە: ‘‘ئامین و گەواهیدەری سەرڕاست و ڕاستگۆ کە دەستپێکی ئافریدەی خودایە، دەفەرمووێ:

١٥ ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ نە سارد و نە گەرمیت. خۆزگە سارد یان گەرم بووای.

١٦ چونکە شلەتێنیت، نە ساردیت و نە گەرمیت، بەتەمام لە دەممەوە بتتفێنمەوە.

١٧ چونکە دەڵێی: دەوڵەمەندم و زەنگین بوومە، پێویستیم بە هیچ نییە. بەڵام بێ ئاگای لەوەی بە دەردەسەری و نەگبەت و هەژار و کوێر و ڕووتیت.

١٨ ئامۆژگاریت دەکەم زێڕی بە ئاگر پوختەکراوم لێ بکڕیت تاکو دەوڵەمەند بیت، جلی سپیش تاکو بیپۆشیت، بۆئەوەی شەرمەزاری ڕووتیت دەرنەکەوێت، کلیش لە چاوت بدەیت تاکو ببینیت.

١٩ ئەوانەی خۆشمبووێت سەرزەنشتی دەکەم و تەمبێی دەکەم. بۆیە دڵگەرم بە و تۆبە بکە.

٢٠ ئەوەتا لەبەر دەرگا وەستاوم و لە دەرگا دەدەم. ئەگەر یەکێک گوێی لە دەنگم بوو و دەرگاکەی کردەوە، لێی دێمە ژوورەوە و شێوی لەگەڵ دەخۆم، ئەویش لەگەڵ من.

٢١ ئەوەی سەربکەوێت دەیدەمێ لەسەر تەختەکەمدا لەگەڵم دانیشێت، وەک منیش سەرکەوتم و لەگەڵ باوکم لە تەختەکەیدا دانیشتم.

٢٢ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕووح چی بۆ وارگەکان دەفەرمووێ’’.

بینین 4

١ پاش ئەمە تەماشام کرد دەرگایەکی کراوەم بینی لە ئاسماندا، ئەو دەنگەش کە یەکەمجار وەک کەڕەنا هاتە گوێم، پێی فەرمووم: ‘‘سەربکەوە بۆ ئێرە، ئەوەت پیشان دەدەم کە دوای ئەمە پێویستە ڕووبدات’’.

٢ یەکسەر کەوتمە ڕووحەوە، تەختێکم بینی لە ئاسمان دانرابوو، لەسەر تەختەکەش یەکێک دانیشتبوو.

٣ دانیشتووەکە لە ڕواڵەتدا لە بەردی یەشب و عەقیق دەچوو، پەلکەزێڕینەیەکیش لە شێوەی زمروود لە دەوری تەختەکەدا بوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٤ لە دەوری تەختەکەش بیست و چوار تەخت هەبوون، بیست و چوار پیریش کە جلی سپییان پۆشیبوو لەسەر تەختەکان دانیشتبوون، تاجی زێڕینیان لەسەر بوو.

٥ لە تەختەکەوە بروسک و هەورەتریشقە و دەنگەدەنگ دەهات، لەبەردەم تەختەکەش حەوت چرای ئاگرین دەسووتان، کە حەوت ڕووحەکەی خودان.

٦ لەبەردەم تەختەکەش شوێنێکی وەک دەریایەکی شووشەیی هەبوو. لەناوەڕاست و لە دەوروبەری تەختەکە چوار بوونەوەر هەبوون، لەپێش و پاش بە چاو داپۆشرابوون:

٧ بوونەوەری یەکەم وەک شێر بوو، دووەم بوونەوەر وەک گۆێرەکە، سێیەم بوونەوەر ڕوخسارێکی وەک مرۆڤی هەبوو، چوارەم بوونەوەر وەک هەڵۆیەکی فڕیو بوو.

٨چوار بوونەوەرەکە هەریەکەیان شەش باڵی هەبوو لە دەوروبەر، ناوەوەیان بە چاو داپۆشرابوو، شەو و ڕۆژ بێ وەستان دەڵێن: "پارسایە، پارسایە، پارسایە، پەروەردگار خوداوندی توانادار بەسەر هەموو شتێک، ئەوەی هەبووە و هەیە و دێت"

٩ هەر کاتێ بوونەوەرەکان شکۆ و ڕێز و سوپاس دەکەن بۆ دانیشتووی سەر تەختەکە، ئەوەی تاهەتایە زیندووە،

١٠ بیست و چوار پیرەکەی بەردەم دانیشتووی سەر تەختەکە دەکەون و کڕنۆش بۆ زیندووی جاویدانی دەبەن و تاجەکانیان لەبەردەم تەختەکە فڕێدەدەن و دەڵێن:

١١ "ئەی پەروەردگار، تۆ شایانی ئەوەی شکۆ و ڕێز و توانا وەربگری، چونکە تۆ هەموو شتێکت ئافراندووە، بە خواستی تۆش هەن و ئافرێندران".

بینین 5

١ لەلای ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەکەوە سیپارەیەکەم بینی لە بەر و لە پشتەوە نووسرا بوو، بە حەوت مۆریش مۆر کرابوو.

٢ فریشتەیەکی بەهێزم بینی بە دەنگێکی مەزن هاواری دەکرد: "کێ شایستەی ئەوەیە سیپارەکە بکاتەوە و مۆرەکانی بشکێنێت؟"

٣ کەس نەبوو، نە لە ئاسمان و نە لەسەر زەوی و نە لە ژێر زەوی بتوانێت سیپارەکە بکاتەوە یاخود تەماشای بکات.

٤ دەستم بە گریانێکی زۆر کرد، چونکە کەس شایستەی ئەوە نەبوو سیپارەکە بکاتەوە یان تەماشای بکات.

٥ یەکێک لە پیرەکان پێی وتم: "مەگری، ئەوەتا ئەو شێرەی لە هۆزی ئیهوودایە و لە ڕەگی داویدە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، سیپارەکە دەکاتەوە و حەوت مۆرەکەی دەشکێنێت".

٦ ئینجا لە ناوەڕاستی تەختەکە و چوار بوونەوەرەکەدا، لەناوەڕاستی پیرەکان، کاوڕێکم بینی ڕاوەستابوو وەک سەربڕابێت، حەوت قۆچ و حەوت چاوی هەبوو، کە حەوت ڕووحەکەی خودان بۆ هەموو زەوی نێردراون.

٧ هات و سیپارەکەی لە لای ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەکە وەرگرت.

٨ کاتێ سیپارەکەی وەرگرت، چوار بوونەوەرەکە و بیست و چوار پیرەکە کەوتنە بەردەم کاوڕەکە، هەریەکەیان تەمیرە و جامی زێڕینی پڕ بخووریان پێبوو، ئەوەش نوێژەکانی پارساکانە،

٩ پەسنیی نوێیان دەووت: "تۆ شایستەی ئەوەی سیپارەکە ببەیت و مۆرەکانی بکەیتەوە، چونکە تۆ سەربڕایت و بە خوێنی خۆت ئێمەت بۆ خودا کڕییەوە، لە هەموو خێڵ و زمان و گەل و نەتەوەیەک.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ ئێمەشت کردە پاشا و کاهین بۆ خوداوەندمان و حوکمڕانیی زەوی دەکەین”.

١١ ئینجا تەماشام کرد و گوێم لە دەنگی فریشتەیەکی زۆر بوو لە دەوری تەختەکە و بوونەوەرەکان و پیرەکان، ژمارەیان هەزار هەزار و دە هەزار دە هەزار دەبوو،

١٢ بە دەنگێکی مەزن دەیانووت: “کاوڕە سەربڕاوەکە شایستەی وەرگرتنی توانا و دەوڵەمەندی و دانایی و هێز و ڕێز و شکۆ و ستایشە!”

١٣ هەموو ئافریدەیەکی ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەوی و نێو دەریاش، هەر ئەوەی تیایاندایە، بیستم دەیانووت: “ستایش و ڕێز و شکۆ و دەسەڵات، بۆ دانیشتووی سەر تەخت و کاوڕەکە بێت، تاهەتایە!”

١٤ چوار بوونەوەرەکەش دەیانووت: “ئامین”. بیست و چوار پیرەکانیش کەوتن و کڕنۆشیان برد بۆ ئەوەی تا هەتایە زیندووە.

بینین 6

١ سەیرم کرد کە کاوڕەکە یەکێک لە حەوت مۆرەکەی کردەوە. ئینجا گوێم لێبوو یەکێک لە چوار بوونەوەرەکە بە دەنگێکی وەک هەورەتریشقە وتی: “وەرە تەماشا بکە”!

٢ سەیرم کرد ماینێکی سپیم بینی، سوارەکەی کەوانێکی بەدەستەوە بوو و تاجێکی پێدرابوو، بە سەرکەوتنەوە دەرچوو تاکو سەربکەوێت.

٣ کاتێ مۆری دووەمی کردەوە، گوێم لە بوونەوەری دووەم بوو وتی: “وەرە تەماشا بکە!”

٤ماینێکی دیکەی سوور دەرچوو، سوارەکەی دەسەڵاتی پێی درابوو ئاشتی لە زەویدا هەڵبگرێت، تاکو خەڵک یەکتری بکوژن. هەروەها شمشێرێکی مەزنی پێدرابوو.

٥ کاتێ مۆری سێیەمی کردەوە، گوێم لێبوو بوونەوەری سێیەم وتی: “وەرە تەماشا بکە!” سەیرم کرد، ماینێکی ڕەشم بینی، سوارەکەی تەرازوویەکی بەدەستەوە بوو.

٦ گوێم لێبوو دەنگێک لەناوەڕاستی چوار بوونەوەرەکەوە دەیووت: “یەک ڕبە گەنم بە دینارێک، سێ ڕبە جۆ بە دینارێک، بەڵام زیان بە ڕۆن و مەیەکە مەگەیەنە”.

٧ کاتێ مۆری چوارەمی کردەوە، گوێم لە دەنگی بوونەوەری چوارەم بوو وتی: “وەرە تەماش بکە!”

٨ سەیرم کرد، ماینێکی سەوزم بینی، سوارەکەی ناوی مەرگ بوو، دۆڵی بێبن دوای کەوتبوو. دەسەڵاتیان پێدرابوو چارەکی زەوی بە شمشێر و برسێتی و مەرگ بکوژن، هەروەها بە دڕندەکانی زەوی.

٩ کاتێ مۆری پێنجەمی کردەوە، لە ژێر قوربانگادا ڕووحی ئەوانەم بینی کە لەپێناوی وشەی خودا و لەپێناوی ئەو گەواهییەی لەلایان بوو کوژرابوون.

١٠ بە دەنگێکی مەزن هاواریان کرد و وتیان: “ئەی گەورە و پارسا و ڕەوا، هەتا کەی حوکمیان نادەیت و تۆڵەی خوێنی ئێمە لە دانیشتووانی زەوی ناستێنیت؟”

١١ جا هەریەکەیان جلێکی سپییان پێدرا و پێیان وترا ماوەیەک بسرەون، تاکو بەندە هاوکارەکان و براکانیان کە وەک ئەوان دەکوژرێن تەواو دەبن.

١٢ سەیرم کرد کە مۆری شەشەمی کردەوە، بوومەلەرزەیەکی مەزن ڕوویدا و خۆر وەک بەرگی ماتەم ڕەش هەڵگەڕا، مانگیش وەک خوێن سوور هەڵگەڕا،

١٣ ئەستێرەکانی ئاسمان کەوتنە زەوی، وەک دارهەنجیر کاتێ بایەکی توند دەیهەژێنێت، بەرەکەی دەکەوێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ ئاسمان وەک پێچراو کەرت بوو، هیچ چیا و دوورگەیەک لە شوێنی خۆی نەما.

١٥ پاشایانی زەوی و سوپاسالارەکان و دەوڵەمەندان و میرەکان و بەهێزەکان و هەموو کۆیلە و ئازادێک، خۆیان لە ئەشکەوت و تاشەبەردی چیا حەشار دا،

١٦ بە چیا و بەردەکانیان دەووت: "بکەونە سەرمان تاکو لەڕووی دانیشتووی سەر تەخت و تووڕەیی کاوڕەکە بمانشارنەوە!

١٧ چونکە ڕۆژی تووڕەبوونە مەزنەکەی هاتووە. کێ دەتوانێت ڕاوەستێت؟".

بینین 7

١ پاش ئەمە چوار فریشتەم بینی لەسەر هەر چوار گۆشەی زەوی ڕاوەستابوون، چوار باکەی زەوییان گرتبوو تاکو بۆ سەر زەوی و سەر دەریا و سەر هیچ درەختێک هەڵنەکەن.

٢فریشتەیەکی دیکەشم بینی لە خۆرهەڵاتەوە دەردەکەوت مۆری خودای زیندووی پێبوو، بە دەنگێکی مەزن بانگی چوار فریشتەکەی کرد، کە پێیان درابوو زیان بە زەوی و دەریا بگەیەنن.

٣ وتی: "زیان بە زەوی و دەریا و درەخت مەگەیەنن، تاکو نێوچەوانی بەندەکانی خوداوەندمان مۆر دەکەین".

٤ گوێم لە ژمارەی مۆرکراوان بوو کە سەد و چل و چوار هەزار بوون، لە هەموو هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل بوون.

٥ لە هۆزی ئیهوودا دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی ڕائوبین دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی گاد دوازدە هەزار مۆرکراو،

٦ لە هۆزی ئەشیر دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی نەپتالیم دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی مینەشێ دوازدە هەزار مۆرکراو،

٧ لە هۆزی شیمعون دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی لیوی دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی ئیساخەر دوازدە هەزار مۆرکراو،

٨ لە هۆزی زوۆولوون دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی یۆسپ دوازدە هەزار مۆرکراو، لە هۆزی بنیامین دوازدە هەزار مۆرکراو.

٩ پاش ئەمە سەیرم کرد کۆمەڵانێکی زۆرم بینی کەس ناتوانێت بیانژمێرێت، لە هەموو نەتەوە و هۆز و گەل و زمانێک، لەبەردەم تەختەکە و کاوڕەکە ڕاوەستابوون، جلی سپییان لەبەردابوو و لقە دارخورمایان بەدەستەوە گرتبوو،

١٠ بە دەنگێکی مەزن هاواریان دەکرد و دەیانووت: "ڕزگاری هی خوداوەندمانە، کە لەسەر تەخت دانیشتووە و بۆ کاوڕەکەیە".

١١ هەموو فریشتەکان لە دەوری تەختەکە ڕاوەستابوون، پیرەکان و چوار بوونەوەرەکە، لەبەردەم تەختەکە بە ڕوودا کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خودا برد،

١٢ وتیان: "ئامین! ستایش و شکۆ و دانایی و سوپاس و ڕێز و هێز و توانا بۆ خوداوەندمانە، تاهەتایە! ئامین!"

١٣ دوایی یەکێک لە پیرەکان لێی پرسیم: "ئەم سپی پۆشانە کێن؟ لەکوێوە هاتوون؟"

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ منیش پێم وت: ‘‘گەورەم، تۆ دەزانیت’’. پێی وتم: ‘‘ئەمانە ئەوانەن کە لە تەنگانە مەزنەکەوە هاتوون و جلەکانیان بە خوێنی کاوڕەکە شوشتووە و سپی کردووە.

١٥ بۆیە لەبەردەم تەختی خودادان و شەو و ڕۆژ لە پەرستگاکەی ڕاژەی دەکەن، دانیشتووی سەر تەختەکەش دایاندەپۆشێت.

١٦ ئیتر نە برسی دەبن و نە تینوو، نە هەتاو لێیان دەدات و نە گەرمی،

١٧ چونکە کاوڕەکەی ناوەڕاستی تەختەکە شوانێتییان دەکات و بەرەو کانییەکانی ئاوی زیندوویان دەبات، خوداش هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە’’.

بینین 8

١ کاتێ مۆری حەوتەمی کردەوە، نزیکەی نیو کاژێر بێدەنگیەک ئاسمانی گرتەوە.

٢ حەوت فریشتەکەم بینی کە لەبەردەم خودا ڕادەوەستن، حەوت کەڕەنایان پێدرابوو.

٣ فریشتەیەکی دیکەش هات و لەلای قوربانگا وەستا، بخوورداننێکی زێڕینی پێبوو. بخوورێکی زۆریشی پێدرا تاکو لەگەڵ نوێژەکانی پارساکان لەسەر قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم تەخت پێشکەشی بکات.

٤لەگەڵ نوێژەکانی پارساکان دووکەڵی بخوور لە دەستی فریشتەکە لەبەردەم خودا بەرزبووەوە.

٥فریشتەکەش بخووردانەکەی برد و لە قوربانگاکە پڕی کرد لە ئاگر و فڕێیدایە سەر زەوی، لەوێدا بووە دەنگەدەنگ و هەورەتریشقە و بروسکە و بوومەلەرزە.

٦ ئیتر حەوت فریشتەکەی حەوت کەڕەناکەیان پێبوو خۆیان بۆ لێدانی کەڕەنا سازکرد.

٧فریشتەی یەکەم کەڕەناکەی لێدا، تەرزە و ئاگری تێکەڵ بە خوێن پەیدابوو، فڕێدرانە زەوی. سێیەکی درەختەکانی زەوی سووتان و هەموو گیایەکی سەوز سووتا.

٨ فریشتەی دووەم کەڕەناکەی لێدا و شتێکی وەکو چیایەکی گەورەی گڕگرتوو فڕێدرایە دەریاوە. سێیەکی دەریاکەش بووە خوێن،

٩ سێیەکی بوونەوەرانی زیندووی دەریا مردن، سێیەکی کەشتییەکانیش تێکشکان.

١٠ فریشتەی سێیەم کەڕەناکەی لێدا، هەسارەیەکی گەورەی پرشنگداری وەک چرا لە ئاسمانەوە کەوتە سەر سێیەکی ڕووبار و کانیاوەکان.

١١ هەسارەکەش ناوی تاڵاو بوو. سێیەکی ئاو تاڵ بوو، خەڵکانێکی زۆریش لەبەر تاڵی ئاوەکە مردن.

١٢ فریشتەی چوارەمیش کەڕەناکەی لێدا، سێیەکی خۆر و سێیەکی مانگ و سێیەکی ئەستێرەکان لێدران، تاکو سێیەکیان تاریک بن و ڕۆژ سێیەکی ڕووناکی نەدات و شەویش ئاوا.

١٣ پاشان تەماشام کرد، بیستم فریشتەیەکی هەڵفڕیو لەناوەڕاستی ئاسماندا، بە دەنگێکی بەرز دەیووت: ‘‘واوەیلا! واوەیلا! واوەیلا بۆ دانیشتووانی سەر زەوی، لەبەر ئەو دەنگەی کەڕەنا کە ماوە و سێ فریشتەکەی دیکە کە خەریکن کەڕەناکانیان لێدەن!’’.

بینین 9

١ ئینجا فریشتەی پێنجەم کەڕەناکەی لێدا، تەماشام کرد هەسارەیەک لە ئاسمانەوە کەوتە سەر زەوی، کلیلی دۆڵی بێبنی پێدرا.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ کاتێ دۆڵی بێبنی کردەوە، دووکەڵێک وەک دووکەڵی کوورەیەکی مەزن لێی بەرزبووەوە، دووکەڵەکەی دۆڵی بێبن خۆر و هەوای تاریک کرد.

٣ لە دووکەڵەکەوە کوللـە دەرچوون بۆ سەر زەوی و دەسەڵاتێکی وەک دەسەڵاتی دووپشکی زەوییان پێدرا.

٤ فەرمانیان پێدرابوو زیان بە گیای زەوی و هیچ سەوزایی و هیچ درەختێک نەگەیێنن، تەنها بەو کەسانە کە مۆری خودایان بە نێوچەوانەوە نییە.

٥ ڕێیان پێ نەدرابوو بیانکوژن، بەڵکو پێنج مانگ ئازار بچێژن، ئازارەکەی وەک ئازاری دووپشکە کاتێ بە مرۆڤەوە دەدات.

٦ لەو ڕۆژانەدا خەڵک بەدوای مەرگدا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، حەز لە مەرگ دەکەن و مەرگ لێیان هەڵدێت.

٧ شێوەی کوللـەکان وەک ئەسپ بوو بۆ جەنگ ئامادە کرابێت، لەسەر سەریان شتێکی وەک تاجی زێڕین بوو، ڕوویان وەک ڕووی مرۆڤ.

٨ قژیان وەک قژی ژن بوو، ددانەکانیان وەک ددانی شێر.

٩ سپەریان هەبوو، وەک سپەری ئاسنین، دەنگی باڵەکانیان وەک دەنگی گالیسکەی ئەسپێکی زۆر بوو بۆ جەنگ ڕابکەن.

١٠ چەند کلکێکی چزووداری وەک دووپشکیان هەبوو، پێنج مانگ دەسەڵاتی کلکەکانیان بۆ ئازاردانی خەڵک بوو.

١١ فریشتەی دۆڵی بێبن پاشا بوو بەسەریانەوە، بە عیبری ناوی "ئەبەدون" ـە و بە یۆنانی ناوی "ئەپۆلیۆن" ـە.

١٢ ئەوەتا یەکەم واوەیلا بەسەرچوو. دوو واوەیلای دیکە ماوە کە دوای ئەمە دێن.

١٣ فریشتەی شەشەم کەڕەناکەی لێدا، دەنگێک لە چوار قۆچەکەی قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم خوداوە هاتە گوێم،

١٤ بە فریشتەی شەشەمی دەووت کە کەڕەناکەی پێبوو: "چوار فریشتە بەستراوەکەی لای ڕووباری فوڕاتی مەزن ئازاد بکە".

١٥ چوار فریشتەکەی ئامادە کرابوون بۆ ئەو کاژێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە، ئازاد کران، تاکو سێیەکی مرۆڤ بکوژن.

١٦ ژمارەی سەربازە سوارەکان دوو سەد ملیۆن بوون، گوێم لە ژمارەیان بوو.

١٧ ئاوا ئەسپەکان و سوارەکانیانم لە بینینەکەدا بینی: سپەری ئاگرین و مرواریدار و گۆگردیان هەبوو، سەری ئەسپەکان وەک سەری شێر بوون، لە دەمیانەوە ئاگر و دووکەڵ و گۆگرد دەردەچوو.

١٨ بەو سێ دەردە سێیەکی ئادەمیزادان کوژران، بە ئاگر و دووکەڵ و گۆگرد کە لە دەمیان دەردەچوو.

١٩ چونکە هێزی ئەسپەکان لە دەم و کلکیانە، چونکە کلکیان وەک مار سەری هەیە، خەڵکی پێ ئازار دەدات.

٢٠ پاشماوەی مرۆڤەکان کە بەو دەردانە نەکوژران، تۆبەیان لە کردەی دەستی خۆیان نەکرد. نەوەستان لە کڕنۆش بردن بۆ شەیتانەکان و بتە زێڕین و زیو و مس و بەرد و دارینەکان، کەوا ناتوانن ببیستن و ببینن و ڕێ بکەن.

٢١ هەروەها لە کوشتن و جادووگەری و داوێنپیسی و دزیکردنیان تۆبەیان نەکرد.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

بینین 10

١ پاشان فریشتەیەکی دیکەی بەهێزم بینی لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە، بە هەور خۆی پۆشیبوو، پەلکەزێڕینە لەسەر سەری بوو، ڕووی وەک خۆر بوو، پێیەکانی وەک ستوونی ئاگر بوون.

٢ سیپارەیەکی بچووکی کراوەی بەدەستەوە بوو. پێی ڕاستی لەسەر دەریا و چەپی لەسەر وشکایی دانا.

٣ بە دەنگێکی مەزن وەک نەعرەتەی شێر نەڕاندی. کاتێ نەڕاندی، حەوت هەورەتریشقە بە دەنگەکانیان هاتنە دوواندن.

٤ کاتێ حەوت هەورەتریشقەکە هاتنە دوواندن، بەتەمابووم بنووسم، بەڵام دەنگێکم لە ئاسمانەوە بیست دەیفەرموو: "ئەوەی حەوت هەورەتریشقەکە وتیان مۆری بکە و مەیاننووسە".

٥ ئەو فریشتەیەی بینیم لەسەر دەریا و وشکایی ڕاوەستابوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و

٦ سوێندی بە زیندووی جاویدانی خوارد، ئەوەی ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایاندایە ئافراندووە، وتی: "دواکەوتنی دیکە نابێت!"

٧ بەڵکو لەو ڕۆژانەی فریشتەی حەوتەم خەریکە کەڕەنا لێ دێت و دەنگی لێ دێت، نهێنیی خوداش دێتە دی، وەک موژدەی بە بەندە پێغەمبەرەکانی دا.

٨ ئەو دەنگەی کە لە ئاسمانەوە بیستم دیسان قسەی لەگەڵ کردم و فەرمووی: "بڕۆ سیپارە کراوەکە لە فریشتە ڕاوەستاوەکەی سەر دەریا و سەر وشکایی وەربگرە".

٩ چوومە لای فریشتەکە و پێم وت: "سیپارە بچووکەکەم پێ بدە". پێی وتم: "بیبە و بیخۆ. هەناوت تاڵ دەکات، بەڵام لە دەمتدا وەک هەنگوین شیرین دەبێت".

١٠ سیپارە بچووکەکەم لە دەستی فریشتەکە برد و خواردم، لە دەمم وەک هەنگوین شیرین بوو، بەڵام کە خواردم هەناوی تاڵ کردم.

١١ جا پێی وتم: "دەبێت دیسان پێشبینی لەسەر گەل و نەتەوە و زمان و پاشای زۆر بکەیت".

بینین 11

١ پاشان قامیشێکی وەک داری پێوانەم پێدرا، فریشتەکە وەستا و پێی وتم: "هەستە، پەرستگای خودا و قوربانگا و کڕنۆشبەران بپێوە.

٢ واز لە حەوشەی پەرستگا بهێنە و مەیپێوە، چونکە بە نەتەوەکان دراوە، چل و دوو مانگیش شاری پارسا پێشێل دەکەن.

٣ بە دوو گەواهیدەرەکانم دەدەم بۆ هەزار و دوو سەد و شەست ڕۆژ بە بەرگی ماتەمەوە پێشبینی بکەن".

٤ ئەمانە ئەو دوو دارزەیتوونە و ئەو دوو چرادانەن کە لەبەردەم پەروەردگاری زەوی ڕاوەستاون.

٥ ئەگەر یەکێک بیەوێت زیانیان پێ بگەیێنێت، ئاگر لە دەمیانەوە دەردەچێت و دوژمنانیان دەخۆن. ئەگەر یەکێک بیەوێت زیانیان پێ بگەیێنێت دەبێت ئاوا بکوژرێت.

٦ ئەمانە دەسەڵاتیان هەیە لە ڕۆژانی پێغەمبەرایەتییان ئاسمان دابخەن، تاکو باران نەبارێت. هەروەها دەسەڵاتیان بەسەر ئاودا هەیە بیکەنە خوێن، بە هەموو دەردێک لە زەوی بدەن، هەر کاتێ بیانەوێ.

٧ کاتێ گەواهییەکەیان تەواو کرد، ئەو دڕندەیەی لە دۆڵی بێبن دێتە دەرەوە، لەگەڵیان دەجەنگێت، دەیانبەزێنێت و دەیانکوژێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٨ تەرمەکانیان لەسەر شەقامی شارە گەورەکە دەبێت کە ناوی ڕووحییان سەدوم و میسرە، لەوێش پەروەردگارمان لەخاچدرا.

٩ خەڵکی لە گەل و هۆز و زمان و نەتەوەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و نیو تەماشای تەرمەکانیان دەکەن، ناهێڵن بنێژرێن.

١٠دانیشتووانی زەوی پێی شاد دەبن و شادمان دەبن، دیاری بۆ یەکتری دەنێرن، چونکە ئەم دوو پێغەمبەرە دانیشتووانی سەر زەوییان ئازار دەدا.

١١ پاش سێ ڕۆژ و نیوەکە، ڕووحی ژیان لە خوداوە چووە ناویان، ئەوانیش هەستانەوە سەرپێیانیان و ترسێکی گەورە کەوتە سەر ئەوانەی تەماشایان دەکرد.

١٢ دەنگێکی مەزنیشیان لە ئاسمانەوە بیست، پێی دەفەرموون: "سەربکەونە ئێرە". ئەوانیش لەبەرچاوی دوژمنانیان لە هەوردا بۆ ئاسمان سەرکەوتن.

١٣ هەر لەو کاتەدا بوومەلەرزەیەکی مەزن ڕوویدا و دەیەکی شارەکە کەوت. حەوت هەزار کەس بە بوومەلەرزەکە کوژران، ئەوانی دیکە ترسان، ستایشی خوداوەندی ئاسمانیان کرد.

١٤ دووەم واوەیلا بەسەرچوو، ئەوەتا واوەیلای سێیەم وا بە خێرایی دێت.

١٥ فریشتەی حەوتەمیش کەڕەناکەی لێدا و چەند دەنگێکی مەزن لە ئاسمانەوە هاتن و وتیان: "پاشایەتییەکانی جیهان بووە هی پەروەردگارمان و مەسیحەکەی، وا تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات".

١٦ بیست و چوار پیرەکەی لەبەردەم خودا لەسەر تەختەکان دانیشتبوون، بە ڕوودا کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خودا برد،

١٧ وتیان: "سوپاست دەکەین، ئەی پەروەردگار و خوداوەندی توانادار بەسەر هەموو شتێک، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، چونکە هێزە مەزنەکەی خۆت وەرگرت و فەرمانڕەواییت کرد.

١٨ نەتەوەکان تووڕە بوون، تووڕەیی تۆش هاتووە. کاتی لێپرسینەوەی مردووان هات، بۆ پاداشتکردنی بەندە پێغەمبەرەکانت و پارساکان و ئەوانەی لە ناوت دەترسن، گەورە و بچووک، هەروەها بۆ لەناوبردنی ئەوانەی زەویان لەناودەبرد".

١٩پەرستگای خوداش لە ئاسماندا کرایەوە و چەمەدانی پەیمانەکەی لە پەرستگاکەی دەرکەوت. لەوێدا بووە بروسکە و دەنگەدەنگ و هەورەتریشقە و بوومەلەرزە و تەرزەیەکی مەزن.

بینین 12

١ نیشانەیەکی مەزنیش لە ئاسماندا دەرکەوت: ژنێک خۆری پۆشیبوو، مانگ لە ژێر پێیدا و تاجێکی دوازدە هەسارەیی لەسەر سەری بوو،

٢ سکی هەبوو، ئازاری هەبوو و لە ژانی منداڵبوون هاواری دەکرد.

٣ نیشانەیەکی دیکەش لە ئاسماندا دەرکەوت: ئەژدیهایەکی مەزنی سوور، حەوت سەر و دە قۆچی هەبوو، حەوت تاج لەسەر سەرەکان بوو.

٤ کلکیشی سێیەکی ئەستێرەی ئاسمانی ڕاکێشا و فڕێیدانە سەر زەوی، ئەژدیهاکە لەبەردەم ژنەکە کە منداڵی دەبوو وەستابوو، تاکو کە منداڵەکە بوو بیخوات.

٥ ئیتر منداڵێکی نێرینەی بوو، ئەوەی لە داهاتوو بە گۆچانێکی ئاسنین شوانایەتیی نەتەوەکان دەکات. بەڵام کوڕەکەی بۆ لای خودا و تەختەکەی ڕفێندرا.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ژنەکەش بەرەو چۆڵەوانی هەڵات، لەوێدا شوێنێکی هەیە لەلایەن خوداوە ئامادە کراوە، تاکو لەوێ هەزار و دوو سەد و شەست ڕۆژ بەخێو بکرێت.

٧ لە ئاسماندا بووە جەنگ، میخائێل و فریشتەکانی دژی ئەژدیهاکە هێرشیان برد، ئەژدیهاکە و فریشتەکانیشی هێرشیان برد،

٨ بەڵام ئەژدیهاکە بەهێز نەبوو، شوێنیان لە ئاسماندا نەما.

٩ئەژدیها مەزنەکە فڕێدرایە خوارەوە، مارە دێرینەکە کە بە ئیبلیس و شەیتان ناودەبردرێت، ئەوەی هەموو جیهان گومڕا دەکات، فریشتەکانیشی لەگەڵیدا فڕێدرانە زەوی.

١٠ جا دەنگێکی مەزنم بیست لە ئاسماندا دەیفەرموو: "ئێستا ڕزگاریی و توانا و پاشایەتیی خوداوەندمان و دەسەڵاتی مەسیحەکەی هاتووە، چونکە ئەو سکاڵاکارەی لە براکانمان، کە شەو و ڕۆژ لەبەردەم خوداوەندمان سکاڵای لێیان دەکرد، فڕێدرایە خوارەوە.

١١ ئەوان بە خوێنی کاوڕەکە و بە وشەی گەواهییان بەزاندییان، تا ئەوەی لەڕووی مەرگیش ژیانی خۆیان خۆشنەویست.

١٢ بۆیە ئەی ئاسمانان و ئەوانەی تیایدا نیشتەجێن، دڵخۆش بن! بەڵام وەی بەحاڵ دانیشتوانی زەوی و دەریا، چونکە ئیبلیس بۆتان دابەزیوە! تووڕەییەکی گەورەی پێیە! چونکە دەزانێت کاتێکی کورتی هەیە".

١٣ کاتێ ئەژدیهاکە خۆی بینی فڕێدراوەتە زەوی، ژنەکەی ڕاونا کە کوڕەکەی لێبوو.

١٤ژنەکە دوو باڵی هەڵۆ گەورەکەی پێدرا تاکو بۆ چۆڵەوانی و شوێنی خۆی بفڕێت، لەوێدا کاتێک و دوو کات و نیو دوور لە مارەکە بەخێو کرا.

١٥ مارەکەش لە دەمیەوە ئاوێکی وەک ڕووباری فڕێدا بۆ دواوەی ژنەکە، تاکو بە ڕووبار هەڵبگیردرێت.

١٦ زەوی یارمەتی ژنەکەی دا، زەوی دەمی کردەوە و ئەو ڕووبارەی قووت دا کە ئەژدیهاکە لە دەمیەوە فڕێیدا.

١٧ ئەژدیهاکە لە ژنەکە تووڕە بوو، چوو لەگەڵ نەوەکانی دیکەی بجەنگێت، ئەوانەی ڕاسپاردەکانی خودا دەپارێزن و پابەندن بە گەواهییان بۆ ئیشۆعی مەسیح.

بینین 13

١ ئینجا لەسەر لمی دەریا ڕاوەستام. دڕندەیەکم بینی لە دەریاکە دەردەچوو، حەوت سەر و دە قۆچی هەبوو، دە تاجیش لەسەر قۆچەکانی بوو، لەسەر سەرەکانیشی ناوی کفرکردن هەبوو.

٢ئەو دڕندەیەی بینیم لە پڵنگ دەچوو، پێی وەک ورچ و دەمی وەک دەمی شێر بوو. ئەژدیهاکەش توانا و تەختی خۆی و دەسەڵاتێکی مەزنی دایە دڕندەکە.

٣ سەرێک لە سەرەکانی دڕندەکە وەک بۆ مەرگ سەربڕابێت، برینە کوشندەکەشی ساڕێژ ببوو. هەموو زەویش بە سەرسامییەوە بەدوای دڕندەکە کەوتن،

٤ کڕنۆشیان بۆ ئەژدیهاکە برد، چونکە دەسەڵاتی بە دڕندەکەی دا، کڕنۆشیان بۆ دڕندەکەش برد و وتیان: "کێ وەک دڕندەکەیە؟ کێ دەتوانێت دژی بجەنگێت؟"

٥ دڕندەکە دەمێکی پێدرابوو، قسەی گەورە و کفری دەکرد، هەروەها چل و دوو مانگی پێدرابوو کە دەسەڵات بەکاربهێنێت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ئیتر دەمی کردەوە و کفری بە خودا کرد و جنێوی بە ناوی خودا و نشینگەکەی و دانیشتووانی ئاسمان دەدا.

٧ ڕێگای پێدرابوو لە دژی پارساکان بجەنگێت و بیانبەزێنێت، دەسەڵاتیشی پێدرابوو بەسەر هەموو هۆز و زمان و نەتەوەیەکدا.

٨ هەموو دانیشتووانی سەر زەویش کڕنۆشی بۆ دەبەن ئەوانەی ناویان لە سیپارەی ژیانی کاوڕەکە نەنووسراوە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە سەربڕاوە.

٩ ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!

١٠ئەگەر یەکێک بۆ ڕاپێچکردن بچێت، ڕاپێچ دەکرێت. ئەگەر یەکێک بە شمشێر بکوژێت، بە شمشێر دەکوژرێت. ئەمە بۆ دانبەخۆداگرتنی پارساکانە.

١١ دڕندەیەکی دیکەم بینی لە زەوییەوە دەردەچوو، دوو قۆچی وەک کاوڕی هەبوو، وەک ئەژدیها دەدووا.

١٢ بە تەواوی دەسەڵاتی دڕندەی یەکەم بۆ ئەو پەیڕەو دەکات، وا لە زەوی و دانیشتووانی سەری دەکات کڕنۆش بۆ دڕندەی یەکەم ببەن، کە برینە کوشندەکەی ساڕێژ ببوو.

١٣ پەرجوی گەورە دەکات، تەنانەت وا دەکات لەبەرچاوی خەڵک ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە بۆ زەوی.

١٤ هەروەها بەو نیشانانەی کە پێی دراوە لە پێناوی دڕندەی یەکەم بیکات، دانیشتووانی زەویی گومڕا کرد. بە خەڵکی سەر زەوی دەڵێت پەیکەرێک بۆ ئەو دڕندەیە دابمەزرێنێت کە بە شمشێر بریندار کرا و ژیا.

١٥ هەروەها پێی درابوو هەناسە بداتە پەیکەری دڕندەی یەکەم، تاکو وێنەی دڕندەکە قسە بکات، وابکات هەموو ئەوانەی کڕنۆش بۆ وێنەی دڕندەکە نابەن بکوژرێن.

١٦ وای لە هەمووانیش دەکرد، گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار، ئازاد و کۆیلە، نیشانەیەک لەسەر دەستی ڕاستیان یان لەسەر نێوچەوانیان دروست بکرێت،

١٧تاکو کەس نەتوانێت بکڕێت یان بفرۆشێت، تەنها ئەوەی نیشانەکەی پێوەیە. نیشانەکەش ناوی دڕندەکەیە یان ژمارەی ناوەکەی.

١٨ ئەمە داناییەکەیە! ئەوەی تێگەیشتنی هەیە با ژمارەی دڕندەکە بژمێرێت، چونکە ژمارەی مرۆڤە، کە ژمارەکەی شەش سەد و شەست و شەشە.

بینین 14

١ پاشان بینیم کاوڕەێک لەسەر کێوی سهیۆن ڕاوەستابوو، سەد و چل و چوار هەزاری لەگەڵ بوو، ناوی باوکی ئەویان لەسەر نێوچەوانیان نووسرابوو.

٢ لە ئاسمانەوە دەنگێکم بیست، وەک هاژەی ئاوێکی زۆر و دەنگی هەورەتریشقەیەکی مەزن. دەنگێکی وەک تەمیرەشم بیست کە ژەنیاران لێیاندەدا.

٣ لەبەردەم تەخت و چوار بوونەوەرەکە و پیرەکان پەسنیەکی نوێیان دەووت. کەس نەیدەتوانی پەسنیەکە فێرببێت، جگە لەو سەد و چل و چوار هەزارەی لە زەوییەوە کڕابوونەوە.

٤ ئەوانە لەگەڵ ژن گڵاو نەبوونە، چونکە بێگەردن، ئەوانە بەدوای کاوڕەکە دەکەون بۆ هەر کوێ بڕوات، ئەوانە وەک نۆبەرە بۆ خودا و کاوڕەکە لەنێو خەڵک کڕدراون.

٥ درۆ لە دەمیاندا نادۆزرێتەوە، لە بەردەم تەختی خودا گلەییان لەسەر نییە.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٦ ئینجا فریشتەیەکی دیکەم بینی لەناوەڕاستی ئاسماندا دەفڕی، موژدەی جاویدانیی پێ بوو، تاکو موژدە ببەخشێتە دانیشتووانی زەوی هەموو نەتەوە و هۆز و زمان و گەلێک.

٧ بە دەنگێکی بەرز دەیووت: "لە خودا بترسن و شکۆداری بکەن، چونکە کاتی حوکمدان هاتووە. کڕنۆش بۆ دروستکاری ئاسمان و زەوی و دەریا و کانیاوەکان ببەن".

٨ فریشتەیەکی دیکە، دووەم، لەدوایەوە دەیووت: "کەوت! باڤل شارە مەزنەکە، ئەوەی مەیی تووڕەیی داوێنپیسییەکەی بە هەموو نەتەواکانی دا بیخۆنەوە!"

٩ فریشتەیەکی دیکە، سێیەم، لەدوایانەوە بە دەنگێکی مەزن دەیووت: "ئەوەی کڕنۆش بۆ دڕندەکە و وێنەکەی ببات، نیشانەی سەر دەستی یان نێوچەوانی وەربگرێت،

١٠ ئەویش مەیی تووڕەیی خودا دەخواتەوە، کە بە سادەیی لە جامی تووڕەییەکەی ڕژاوە. لەبەردەم فریشتە پارساکان و کاوڕەکەدا بە ئاگر و گۆگرد ئەشکەنجە دەدرێت.

١١ دووکەڵی ئازاریان بۆ تاهەتایە بەرز دەبێتەوە. ئەوانەی کڕنۆش بۆ دڕندەکە و وێنەکەی دەبەن، ئەوەی نیشانەی ناوەکەی وەربگرێت شەو و ڕۆژ پشوویان نابێت".

١٢ ئەمەیە دانبەخۆداگرتنی پارساکان. ئەوانەی ڕاسپاردەکانی خودا و باوەڕی ئیشۆع دەپارێزن.

١٣ گوێم لە دەنگێک بوو لە ئاسمانەوە دەیفەرموو: "بنووسە: بەختەوەری بۆ ئەو مردووانەی لە ئێستاوە لە پەروەردگاردا دەمرن!". ڕووح دەفەرمووێ: "بەڵێ، بۆ ئەوەی لە ماندووبوونیان بحەسێنەوە، چونکە کردەوەکانیان شوێنیان دەکەون".

١٤ پاشان تەماشام کرد، ئەوەتا هەورێکی سپیە، لەسەر هەورەکە یەکێکی وەک ڕۆڵەی مرۆڤ دانیشتووە، تاجێکی زێڕینی لەسەر بوو و داسێکی تیژی بەدەستەوە بوو.

١٥ فریشتەیەکی دیکە لە پەرستگا دەرچوو و بە دەنگێکی بەرز بانگی دانیشتووی سەر هەورەکەی کرد: "داسەکەت بنێرە و بدروەوە، چونکە کاتی دروێنە هاتووە و بەرهەم پێگەیشتووە".

١٦ جا دانیشتووی سەر هەورەکە داسەکەی بۆ سەر زەوی وەشاند و زەوی درووایەوە.

١٧ فریشتەیەکی دیکە لەو پەرستگایەی کە لە ئاسمانە دەرچوو، ئەویش داسێکی تیژی پێبوو.

١٨ فریشتەیەکی دیکە لە قوربانگاوە دەرچوو و دەسەڵاتی بەسەر ئاگردا هەبوو. بە دەنگێکی مەزن لەگەڵ ئەوەی داسە تیژەکەی پێبوو دووا و وتی: "داسە تیژەکەت بنێرە و هێشووەکانی ڕەزی زەوی کۆبکەوە، چونکە ترێکەی پێگەیشتووە".

١٩ فریشتەکە داسەکەی وەشاندە زەوی و ڕەزەکانی زەوی ڕنی، فڕێیدایە نێو گوشەرە مەزنەکەی تووڕەیی خودا.

٢٠ گوشەرەکە لە دەرەوەی شار گوشرا، تاکو بەرزی لغاوی ئەسپ، هەزار و شەش سەد ستادیا خوێن لە گوشەرەکە دەرچوو.

بینین 15

١ پاشان نیشانەیەکی دیکەم لە ئاسماندا بینی، مەزن و سەیر: حەوت فریشتە حەوت دەردی پایانیان پێ بوو، چونکە تووڕەیی خودا لەوانە تەواو دەبێت.

٢ پاشان شتێکی وەک دەریای شووشەیی تێکەڵ بە ئاگرم بینی و ئەوانەی دڕندەکە و وێنەکەی و ژمارەی ناوەکەیان بەزاندبوو، لەسەر دەریا شووشەییەکە ڕاوەستابوون و تەمیرەکانی خودایان پێبوو.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ پەسنیی مووشێی بەندەی خودا و پەسنیی کاوڕەکەیان دەچڕی، دەیانووت: ‘‘ئەی پەروەردگار، خوداوەندی توانادار بەسەر هەموو شتێک، کارەکانت مەزن و سەیرن! ئەی پاشای پارساکان، ڕێگاکانت دادپەوەر و ڕەوایە.

٤ ئەی پەروەردگار، کێ لە تۆ ناترسێت و ناوت شکۆدار ناکات؟ چونکە تۆ تاقە پارسایت. هەموو نەتەوەکان دێن و کڕنۆشت بۆ دەبەن، چونکە دادپەروەریەکانت دەرکەوتوون’’.

٥ پاش ئەمە سەیرم کرد، پەرستگاکە لە ئاسماندا کرایەوە کە نشینگەی گەواهییە.

٦ حەوت فریشتەکە لە پەرستگاکە دەرچوون و حەوت دەردەکەیان پێبوو، کەتانی پاک و پرشنگداریان پۆشیبوو، چەند پشتێنێکی زێڕینیان لە سنگ بەستبوو.

٧ یەکێک لە چوار بوونەوەرەکە حەوت جامی زێڕینی دایە حەوت فریشتەکە و پڕبوون لە تووڕەیی خودا، ئەوەی تاهەتایە زیندووە.

٨پەرستگاکەش پڕبوو لە دووکەڵ بە شکۆ و توانای خودا، کەس نەیتوانی بچێتە نێو پەرستگاکە، تاکو حەوت دەردەکەی حەوت فریشتەکە تەواو نەبوون.

بینین 16

١ ئینجا لە پەرستگاکەوە گوێم لە دەنگێکی مەزن بوو بە حەوت فریشتەکەی دەفەرموو: ‘‘بڕۆن حەوت جامەکەی تووڕەیی خودا بەسەر زەویدا بڕێژنن’’.

٢ فریشتەی یەکەم چوو و جامەکەی خۆی بەسەر زەویدا ڕژاند، جا دومەڵی پیس و ئازاربەخشی پەمەیی لەوانە دەرکەوت کە نیشانەی دڕندەکەیان هەڵگرتبوو و کڕنۆشیان بۆ وێنەکەی بردبوو.

٣ فریشتەی دووەمیش جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر دەریا، وەک خوێنی مردووی لێهات، هەموو زیندەوەرێکی نێو دەریا مرد.

٤ فریشتەی سێیەم جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر ڕووبار و کانیاوەکان، بووە خوێن.

٥ گوێم لە فریشتەی ئاوەکان بوو دەیووت: ‘‘تۆ دادپەروەریت، ئەی ئەوەی هەبووە و دەبێت، چونکە ئاوا حوکمت داوە،

٦ چونکە خوێنی پێغەمبەران و پارساکانیان ڕشت، تۆش خوێنت پێدان بیخۆنەوە، چونکە شایانی ئەوەن!’’

٧ گوێم لە یەکێکی دیکە بوو لە قوربانگاکەوە دەیووت: ‘‘بەڵێ ئەی پەروەردگار، خوداوەندی توانادار بەسەر هەموو شتێک! حوکمەکانت ڕەوا و دادپەروەرن’’.

٨ فریشتەی چوارەم جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر خۆر، پێی درابوو خەڵکی بە ئاگر بسووتێنێت.

٩ خەڵک بە گەرمایەکی مەزن سووتان، کفریان بە ناوی خودا کرد، ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ئەم دەردانەدا هەیە، بەڵکو تۆبەیان نەکرد تاکو شکۆداری بکەن.

١٠ فریشتەی پێنجەم جامەکەی ڕژاندە سەر تەختی دڕندەکە، پاشایەتیەکەی تاریک بوو، لەتاو ئازار زمانی خۆیان دەگەست.

١١ لەتاو ئازار و برینیان کفریان بە خودای ئاسمان کرد و تۆبەیان لە کردەوەکانیان نەکرد.

١٢ فریشتەی شەشەم جامەکەی ڕژاندە سەر ڕووباری گەورە، پڕات، لە ئەنجامدا ئاوەکەی وشکی کرد، تاکو ڕێگای پاشاکانی خۆرهەڵات خۆش بکات.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٣ ئینجا سێ ڕووحی گڵاوی وەک بۆقم بینی، لە دەمی ئەژدیهاکە و دەمی دڕندەکە و دەمی پێغەمبەرە درۆزنەکە دەهاتن.

١٤ چونکە ڕووحی شەیتانین پەرجو دەکەن، دەچنە لای پاشاکانی هەموو جیهان، تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکەنەوە لەو ڕۆژە مەزنەی خودای توانادار بەسەر هەموو شتێک.

١٥ "ئەوەتا وەک دزێک دێم! بەختەوەری بۆ ئەوەی بێدار دەبێت و پۆشاکەکانی دەپارێزێت، نەوەک ئابڕووی ببینرێت و بە ڕووتی ڕێ بکات".

١٦ ئیتر لە شوێنێکدا کۆی کردنەوە بە عیبری پێی دەووترێ "هەرمەگدون".

١٧ فریشتەی حەوتەم جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر هەوا، دەنگێکی مەزن لە پەرستگاکە و لە تەختەکەوە هات، وتی: "هاتە دی!"

١٨ پاشان دەنگەدەنگ و بروسک هەورەتریشقە پەیدابوو. بوومەلەرزەیەکی مەزن ڕوویدا، تەنانەت لەوەتەی خەڵک لەسەر زەوین شتی وا ڕووی نەداوە، بوومەلەرزەکە زۆر مەزن بوو.

١٩ شارە مەزنەکە بووە سێ بەش، شارەکانی نەتەوەکانیش کەوتن. خوداش باڤلی مەزن بەبیرهاتەوە تاکو جامی مەیی تووڕەیی خۆی پێی بدات.

٢٠ هەموو دوورگەکان هەڵاتن و چیاکان نەمان.

٢١ تەرزەیەکی مەزن کە قورساییەکەی یەک تالنت دەبوو لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکیدا باری. لەتاو لێدانی تەرزەکە کفریان بە خودا کرد، چونکە لێدانەکەی زۆر مەزن بوو.

بینین 17

١ ئینجا یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێبوو پێی وتم: "وەرە با سزای داوێنپیسە مەزنەکەت پیشان بدەم کە لەسەر ئاوە زۆرەکان دانیشتووە.

٢ ئەوەی پاشاکانی زەوی داوێنپیسییان لەگەڵ کردووە، دانیشتووانی زەوی بە مەیی داوێنپیسییەکەی سەرخۆش بوون".

٣ئەویش لە ڕووحدا بردمییە چۆڵەوانیەک، بینیم ژنێک لەسەر دڕندەیەکی قرمزی دانیشتووە کە بە ناوی کفر داپۆشرابوو، حەوت سەر و دە قۆچی هەبوو.

٤ ژنەکە بە ئەرخەوانی و قرمزی پۆشرا بوو، بە زێڕ و بەردی گرانبەها و مرواری ڕازابووەوە، جامێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو، پڕ لە قێز و گڵاویی داوێنپیسییەکەی.

٥ لەسەر نێوچەوانیشی ناوێک نووسرابوو: "نهێنیەک. باڤلی مەزن، دایکی داوێنپیسان و قێزەونانی زەوی".

٦ هەروەها بینیم کە ژنەکە بە خوێنی پارساکان و خوێنی شەهیدانی ئیشۆع سەرخۆش ببوو. بە بینینی زۆر سەرسام بووم!

٧ فریشتەکە پێی وتم: "بۆچی سەرسام بوویت؟ نهێنی ژنەکە و ئەو دڕندەیەی هەڵیگرتووە پێت دەڵێم، کە حەوت سەر و دە قۆچی هەیە:

٨ ئەو دڕندەیەی بینیت هەبووە و ئێستا نییە، خەریکە لە دۆڵی بێبن دەردەچێت و بۆ لەناوچوون دەڕوات. دانیشتووانی زەوی، ئەوانەی لە دامەزراندنی جیهانەوە ناویان لە سیپارەی ژیاندا نەنووسراوە، سەرسامیان دەکات کە دەبینن دڕندەکە هەبووە و ئێستا نییە کە دێتەوەش.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٩ ئەمەیە هزری دانا! حەوت سەرەکە: حەوت چیان کە ژنەکە لەسەریان دانیشتووە،

١٠ حەوت پاشاکەش: پێنجیان کەوتن و یەکێکیان هەیە و ئەوی دیکە هێشتا نەهاتووە. کاتێکیش دێت پێویستە کەمێک بمێنێتەوە.

١١ ئەو دڕندەیەی هەبووە و ئێستا نییە هەشتەمینە، بەڵام لە حەوتەکەیە و بۆ لەناوچوون دەڕوات.

١٢ ئەو دە قۆچەی بینیت دە پاشان، هێشتا پاشایەتییان وەرنەگرتووە، بەڵام بۆ ماوەی یەک کاژێر لەگەڵ دڕندەکە وەکو پاشا دەسەڵات وەردەگرن.

١٣ ئەوانە یەک مەبەستیان هەیە، هێز و دەسەڵاتی خۆیان دەدەنە دڕندەکە.

١٤ ئەوانە لەگەڵ کاوڕەکە دەجەنگێن، کاوڕەکە دەیانبەزێنێت، چونکە پەروەردگاری پەروەردگارانە و پاشای پاشایانە، ئەوانەی لەگەڵیدان بانگکراو و بژاردە و باوەڕدارن".

١٥ ئینجا پێی وتم: "ئەو ئاوانەی بینیت، کە داوێنپیسەکە لەوێ دانیشتووە، گەل و خەڵک و نەتەوە و زمانن.

١٦ دە قۆچەکە و دڕندەکەی کەوا بینیت، ئەوانە ڕق لە داوێنپیسەکە هەڵدەگرن، وێران و ڕووتی دەکەنەوە، گۆشتەکەی دەخۆن و بە ئاگر دەیسووتێنن.

١٧ چونکە خودا خستووەتە دڵیان بە مەبەستی بکەن و ڕێک بکەون، دەسەڵاتیان بدەنە دڕندەکە، تاکو وشەکانی خودا بێتە دی.

١٨ ئەو ژنەی بینیشت، ئەو شارە مەزنەیە کە دەسەڵاتی بەسەر پاشاکانی زەویدا هەیە".

بینین 18

١ پاش ئەمە فریشتەیەکی دیکەم بینی لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە، دەسەڵاتێکی مەزنی هەبوو، زەویش بە پرشنگیەکەی ڕووناکبووەوە.

٢ بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد و دەیووت: "کەوت! باڤلی مەزن کەوت! بووە ماڵی شەیتانەکان و پەناگای هەموو ڕووحە گڵاوەکان و پەناگای هەموو باڵندەیەکی گڵاو.

٣ چونکە هەموو نەتەوەکان لە مەیی تووڕەیی داوێنپیسی ئەویان خواردۆتەوە. پاشاکانی زەوی داوێنپیسییان لەگەڵدا کردووە، بازرگانانی زەویش بە توانای سەڵتەنەتی ئەو دەوڵەمەند بوون".

٤ گوێم لە دەنگێکی دیکە بوو لە ئاسمانەوە دەیفەرموو: "ئەی گەلی من لێی دەربچن، تاکو بەشداری لە گوناهەکانی نەکەن، تاکو دەردەکانی نەگرن.

٥ چونکە گوناهەکانی تاکو ئاسمان بەرزبوونەوە، خوداش خراپی ئەوی بە یاد هاتەوە.

٦ سزای بدەنەوە وەک ئەویش سزای دایەوە و بەگوێرەی کردارەکانی خۆی دووقاتی بدەنەوە. لەو جامەی تیایدا تێکەڵی کرد دووقاتی بۆ تێکەڵ بکەنەوە.

٧ هێندەی خۆی شکۆدار کردووە و بە سەڵتەنەت ژیاوە، ئازار و خەمی بدەنێ، چونکە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: وەک شاژن دانیشتووم و بێوەژن نیم، هەرگیز خەم نابینم.

٨ بۆیە دەردەکانی لە ڕۆژێکدا دێن، مەرگ و خەم و برسێتی. بە ئاگریش دەسووتێت، چونکە پەروەردگار، خودا ئەوەی حوکمی دەدات، بەهێزە.

٩ پاشاکانی زەوی، ئەوانەی لەگەڵیدا داوێنپیسییان کردووە و بە سەڵتەنەت ژیاون، بۆی دەگرێن و شیوەنی بۆ دەگێڕن، کاتێ دووکەڵی سووتانەکەی دەبینن.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٠ لە ترسی ئازارەکەی لە دوورەوە دەوەستن و دەڵێن: واوەیلا! واوەیلا! ئەی شارە مەزنەکە! ئەی باڤڵ! شارە بەهێزەکە! چونکە لە کاژێرێکدا سزادانت هات.

١١ بازرگانانی زەوی دەگرییێن و شیوەنی بۆ دەگێڕن، چونکە ئیتر کەس کاڵایان لێ ناکڕێت،

١٢ کاڵای زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها و مرواری، کەتان و ئەرخەوان و ئاورێشم و قرمز، هەموو دارێکی بۆندار و هەموو دەفرێکی عاج و هەموو قاپێک لە داری گرانبەها، مس و ئاسن و مەرمەر،

١٣ دارچین و بۆنوبەرام و بخوور و موڕ و لبان، مەی و ڕۆن و ئاردی تایبەت و گەنم، مەڕوماڵات، ئەسپ و گالیسکە، لەش و گیانی مرۆڤ.

١٤دەڵێن: بەرهەمی شەیدای دڵت لە دەست چوو، هەموو سامان و سەڵتەنەتت لێ بڕا و ئیتر هەرگیز نایاندۆزیتەوە.

١٥ بازرگانانی ئەم شتانە کە بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەند بوون، لە ترسی ئازارەکەی لە دوورەوە دەوەستن، دەگرییێن و شیوەنی بۆ دەگێڕن و

١٦ دەڵێن: واوەیلا! واوەیلا!، ئەی شارە مەزنەکە، کە بە کەتان و ئەرخەوان و قرمز پۆشرابوویت، بە زێڕ و بەردی گرانبەها و مرواری ڕازابوویتەوە!

١٧ چونکە لە یەک کاژێردا دەوڵەمەندییەکی ئاوا لەدەست چوو! هەموو کەشتییەوان و گەشتیاران و کارمەندانی کەشتی و هەموو دەریاوانان، لە دوورەوە وەستان.

١٨کاتێ چاویان بە دووکەڵی سووتانەکەی کەوت هاواریان کرد و وتیان: چ شارێک وەکو شارە مەزنەکەیە؟

١٩ خۆڵیان بەسەری خۆیاندا دەکرد، بە گریان و شیوەنەوە هاواریان کرد و وتیان: واوەیلا! واوەیلا! ئەی شارە مەزنەکە! ئەوەی هەموو خاوەن کەشتی دەریا لە سامانەکەی دەوڵەمەند بوون! چونکە لە کاژێرێکدا بە فیڕۆ چوو!

٢٠ ئەی ئاسمان و پەیامبەرە پارساکان و پێغەمبەران پێی دڵشاد بن! چونکە خودا لەبەر ئێوە حوکمی ئەوی دا”.

٢١ ئینجا فریشتەیەکی بەهێز بەردێکی هەڵگرت، وەک بەرداش مەزن بوو، فڕێیدایە دەریا و وتی: “ئاوا بە توندی شاری باڤڵی مەزن فڕێدەدرێت، هەرگیز نادۆزرێتەوە.

٢٢ ئیتر دەنگی ژەنیارانی تەمیرە و گۆرانیبێژان و شمشاڵ و کەرەنا تیایدا نابیسترێت. هەرگیز پیشەسازی هیچ پیشەیەکیش لە تۆدا نادۆزرێتەوە، دەنگی ئاش لە تۆدا نابیسترێت.

٢٣ هیچ چرایەک تیایدا هەڵناکرێت، ئیتر دەنگی بووک و زاوا تیایدا نابیسترێت. چونکە بازرگانەکانت گەورەی زەوی بوون. هەموو نەتەوەکان بە جادووگەریی تۆ گومڕابوون.

٢٤ تیایدا خوێنی پێغەمبەران و پارساکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەویدا کوژران دۆزراونەتەوە”.

بینین 19

١ پاش ئەمە گوێم لە دەنگێکی مەزن بوو وەک کۆمەڵانێکی زۆر لە ئاسمان دەیووت: “هەلیلویا! ڕزگاری و شکۆ و ڕێز و توانا بۆ پەروەردگار خوداوەندمانە،

٢ چونکە حوکمەکانی ڕەوا و دادپەروەرن. داوێنپیسە مەزنەکەی تاوانبار کرد کە بە داوێنپیسییەکەی زەویی گەندەڵ دەکرد. تۆڵەی خوێنی بەندەکانی خۆی لێکردەوە”.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٣ دووبارە وتیان: ‘‘هەلیلویا! دووکەڵەکەی تاهەتایە بەرز دەبێتەوە’’.

٤ بیست و چوار پیرەکە و چوار بوونەوەرەکە کەوتن و بۆ خودای دانیشتووی سەر تەخت کڕنۆشیان برد، وتیان: ‘‘ئامین! هەلیلویا!’’

٥ دەنگێک لە تەختەکەوە دەرچوو، دەیفەرموو: ‘‘ستایشی خوداوەندمان بکەن ئەی هەموو بەندەکانی، ئەوانەی لێی دەترسن، گەورە و بچووک!’’.

٦ پاشان گوێم لە دەنگێک بوو وەک دەنگی کۆمەڵانێکی زۆر، وەک هاژەی ئاوێکی زۆر، وەک دەنگی هەورەتریشقە بەهێز بوو، دەیووت: ‘‘هەلیلویا! پەروەردگار خوداوەندی توانادار بەسەر هەموو شتێک، حوکمڕانی کرد.

٧ با دڵخۆش و شاد بین، شکۆداری بکەین! چونکە زەماوەندی کاوڕەکە هاتووە، بووکەکەی خۆی ئامادە کردووە.

٨ کراسێکی کە پاک و پرشنگداری پێدرابوو بیپۆشێت. ئەو کراسەش خوداناسیەکانی پارساکانە’’.

٩ پێی وتم: ‘‘بنووسە، بەختەوەری بۆ ئەوانەی بۆ خوانی زەماوەندی کاوڕەکە بانگکراون!’’. هەروەها پێی وتم: ‘‘ئەمانە وشە ڕاستەکانی خودان’’.

١٠ کەوتمە بەرپێی تاکو کڕنۆشی بۆ ببەم. بەڵام پێی وتم: ‘‘وا مەکە! منیش لەگەڵ تۆ و برایانت بەندەی هاوکارم، ئەوانەی پابەندن بە گەواهییان بۆ ئیشۆع. کڕنۆش بۆ خودا ببە! چونکە گەواهیی ئیشۆع ڕووحی پێشبینییە’’.

١١ پاشان ئاسمانم بە کراوەیی بینی، ماینێکی سپیم بینی و سوارەکەی بە دەستپاک و ڕاستگۆ ناودەبرا. بە دادپەروەری حوکم دەدات و دەجەنگێت.

١٢ چاوەکانی وەک گڕی ئاگر بوون، ژمارەیەکی زۆر تاجی بە سەرەوەبوو، ناوێکی نووسراوی هەیە، خۆی نەبێت کەس نایزانێت.

١٣ کراسێکی لە خوێن هەڵکێشراوی لەبەربوو، ئەو ناوەی ‘‘وشەی خودا’’ یە.

١٤ سەربازیش لە ئاسماندا بە سواری ئەسپی سپی شوێنی دەکەوتن، کەتانی سپی پاکیان لەبەردا بوو.

١٥ لە دەمیەوە شمشێرێکی تیژ دەردەچوو، تاکو پێی لە نەتەوەکان بدات. بە گۆچانێکی ئاسنین شوانەتییان دەکات. گوشەری مەیی تووڕەیی خودای توانادار بەسەر هەموو شتێک دەگوشێت.

١٦ ناوێکی هەیە لەسەر پۆشاک و ڕانی نووسراوە: ‘‘پاشای پاشایان و پەروەردگاری پەروەردگاران’’.

١٧ فریشتەیەکی دیکەم بینی لەبەر خۆردا ڕاوەستابوو، بە دەنگێکی مەزن هاواری لە هەموو باڵندە فڕیوەکانی ناوەڕاستی ئاسمان کرد: ‘‘وەرن کۆببنەوە، بۆ شێوی خوداوەندی مەزن،

١٨تاکو گۆشتی پاشاکان و گۆشتی سوپاسالارەکان و گوشتی بەهێزان، گۆشتی ئەسپەکان و سوارەکانیان، گۆشتی هەمووان، ئازاد و کۆیلە، گەورە و بچووک بخۆن’’.

١٩ هەروەها دڕندەکە و پاشاکانی زەوی و سەربازەکانیانم بینی کۆببوونەوە، تاکو دژی سوارەکە و سەربازانی بجەنگن.

٢٠ دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکەی یاوەری دەستگیرکران، ئەوەی پەرجوی لە پێناوی کرد و بەهۆیەوە ئەوانەی چەواشە کرد کە پەرجوی دڕندەکەیان وەرگرت و ئەوانەی کڕنۆشیان بۆ وێنەکەی برد. هەردووکیان بە زیندوویی فڕێدرانە دەریاچەی ئاگر، کەوا بە گۆگرد داگیرساوە.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ پاشماوەکە بە شمشێری سوارەکە کوژران کە لە دەمیەوە دەردەچوو، هەموو باڵندەکان لە گۆشتەکانیان تێربوون.

بینین 20

١ فریشتەیەکم بینی لە ئاسمانەوە دادەبەزی و کلیلی دۆڵی بێبنی پێبوو، زنجیرێکی مەزنیشی بەدەستەوە بوو.

٢ ئەژدیهاکەی دەستگیر کرد، مارە دێرینەکە کە ئیبلیس و شەیتانە، هەزار ساڵ بەستییەوە.

٣ فڕێیدایە دۆڵی بێبن و دەرگای لەسەر داخست و مۆرێکی لێدا، تاکو ئیتر نەتەوەکان چەواشە نەکات، تاکو هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت. پاش ئەمە دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد بکرێت.

٤ چەند تەختێکم بینی و ئەوانەی لەسەری دانیشتن دەسەڵاتی حوکمدانیان پێدرا. هەروەها گیانی ئەوانەم بینی کە لەپێناوی گەواهیی ئیشۆع و لەپێناوی وشەی خودا کوژرابوون، ئەوانە کڕنۆشیان بۆ دڕندەکە و وێنەکەی نەبردبوو، نیشانەی نێوچەوان و سەر دەستیان وەرنەگرتبوو. جا زیندووبوونەوە و هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیحدا حوکمڕانییان کرد.

٥ بەڵام مردووەکانی دیکە تاکو هەزار ساڵەکە تەواو بوو بۆ ژیان نەگەڕانەوە. ئەمە هەستانەوەی یەکەمە.

٦ ئەوەی لە هەستانەوەی یەکەمدا بەشی هەبێت داڕشتکراو و پارسایە. ئەوانە مەرگی دووەم دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، بەڵکو دەبنە کاهینی خودا و مەسیح، هەزار ساڵ لەگەڵیدا حوکمڕانی دەکەن.

٧ کاتێ هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت، شەیتان لە زیندانەکەی ئازاد دەکرێت.

٨ دەردەچێت تاکو نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی چەواشە بکات: جووج و ماجووج، تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکاتەوە، ئەوانەی ژمارەیان وەک لمی دەریایە.

٩ سەرکەوتنە سەر پانتایی زەوی، ئۆردوگای پارساکان، شارە خۆشەویستەکەیان گەمارۆ دا، جا ئاگرێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خواردیانی.

١٠ ئەو ئیبلیسەی چەواشەی دەکردن، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکەی لێیە. شەو و ڕۆژ تاهەتایە ئەشکەنجە دەدرێن.

١١ پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو، زەوی و ئاسمان لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە!

١٢ مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم خودا ڕاوەستابوون، سیپارەکان کرانەوە. سیپارەیەکی دیکەش کە سیپارەی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە سیپارەکان نووسراوە حوکم دران.

١٣دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد، هەروەها مەرگ و دۆڵی بێبن مردووەکانی خۆیان ڕادەست کرد و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی حوکم درا.

١٤ مەرگ و دۆڵی بێبن فڕێدرانە دەریاچەی ئاگرەکەوە. ئەم دەریاچەی ئاگرە مەرگی دووەمە.

١٥ هەر کەسێک ناوی لە سیپارەی ژیاندا نەدۆزرایەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە.

بینین 21

١ پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەویی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢ من یوخەننەن، شارە پارساکەش، یروشلایمی نوێم بینی لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە، وەک بووکێکی ڕازاوە بۆ زاواکەی ئامادەکراو.

٣گوێم لە دەنگێکی مەزن بوو لە ئاسمانەوە فەرمووی: ‘‘ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک، ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبنە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیاندایە و دەبێتە خوداوەندیان.

٤ هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مەرگ نابێت، خەم و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون’’.

٥ دانیشتووی سەر تەختەکە فەرمووی: ‘‘ئەوەتا هەموو شتێک نوێ دروست دەکەم!’’. هەروەها فەرمووێ: ‘‘بنووسە: چونکە ئەم وتانە ڕەوا و سەرڕاستن’’.

٦ پاشان پێی فەرمووم: ‘‘ئەوا هاتە دی! منم ئەلف و یێ، سەرەتا و پایان. لە کانیی ئاوی ژیان بەخۆڕایی دەدەمە تینوو.

٧ ئەوەی سەربکەوێت، هەموو شتێک بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، دەبمە خوداوەندی و ئەویش دەبێتە ڕۆڵەم.

٨ بەڵام ترسنۆکەکان و بێباوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان و داوێنپیسان و جادووگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مەرگی دووەمە’’.

٩ پاشان یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێیە کە بە دواییەن حەوت دەردەکە پڕکراون، لەگەڵم دوا، وتی: ‘‘وەرە بووکەکەت پیشان دەدەم، ژنی کاوڕەکە’’.

١٠ بە ڕووح بردمی بۆ چیایەکی مەزن و بەرز، شارە مەزنەکە، یروشلایمی پارسای پیشاندام، لە ئاسمانەوە لەلایەن خودا دەهاتە خوارەوە.

١١ شکۆی خودای هەبوو، درەوشانەوەی وەک گرانبەهاترین بەرد، وەک یەشب، ڕوون وەک شووشە.

١٢ شوورایەکی مەزن و بەرز و دوازدە دەرگای هەبوو، لەسەر دەرگاکان دوازدە فریشتە هەبوون، ناوی دوازدە هۆزەکەی ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لەسەر دەرگاکان نووسرابوون.

١٣ لە خۆرهەڵاتەوە سێ دەرگا، لە باکوورەوە سێ دەرگا، لە باشوورەوە سێ دەرگا، لە خۆرئاواوە سێ دەرگا بوون.

١٤ شوورای شارەکە دوازدە بناغەی هەبوو، دوازدە ناو لە سەریان هەبوو، ناوی دوازدە پەیامبەرەکەی کاوڕەکە.

١٥ ئەو فریشتەیەی لەگەڵم دەدووا دارێکی پێوانەی زێڕینی پێبوو، تاکو شارەکە و دەرگاکانی و شووراکەی بپێوێت.

١٦ شارەکە بە چوار گۆشەیی دانرابوو، درێژییەکەی هێندەی پانییەکەی بوو. شارەکەی بە دارەکە پێوا، دوازدە هەزار ستادیا بوو، درێژی و پانی و بەرزییەکەی یەکسان بوون.

١٧شوورەکەشی پێوا، سەد و چل و چوار باڵ بوو بە باڵی مرۆڤ کە فریشتەکە بەکاری دەهێنا.

١٨بینای شووراکە لە یەشب بوو، شارەکەش لە زێڕی ساف بوو، وەک شووشەی ساف.

١٩بناغەکانی شوورای شارەکە بە هەموو بەردێکی گرانبەها ڕازابووەوە. بناغەی یەکەم یەشب، دووەم یاقووتی شین، سێیەم عەقیقی سپی، چوارەم زمروود،

٢٠ پێنجەم شیلانە، شەشەم عەقیقی سوور، حەوتەم زەبەرجەد، هەشتەم زمروودی سەوز، نۆیەم یاقووتی زەرد، دەیەم عەقیقی سەوز، یازدەیەم یاقووتی زەعفەرانی، دوازدەیەم جەمشت.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

٢١ دوازده دەرگاکەش دوازده مروارین، هەر دەرگایەک لە یەک دەنکە مروارى بوو. بازاڕى شارەکە لە زێڕى ساف بوو وەک شووشەى ڕوون.

٢٢ پەرستگام تیایدا نەبینى، چونکە پەروەردگار خودای توانادار بەسەر هەموو شتێک، لەگەڵ کاوڕەکە پەرستگای ئەون.

٢٣ شارەکەش پێویستى بە خۆر و مانگ نییە بەسەریدا بدرەوشێنەوە، چونکە شکۆى خودا ڕووناکى کردۆتەوە و کاوڕەکە چرایەتى.

٢٤ گەلى ڕزگاربووان بە ڕووناکییەکەى ڕێ دەکەن، پاشاکانى زەوى شکۆى خۆیانى بۆ دەهێنن.

٢٥دەرگاکانى بە ڕۆژ هەرگیز داناخرێن، چونکە لەوێ شەو دانایەت.

٢٦ شکۆ و ڕێزى نەتەوەکانیشى بۆ دەهێنن.

٢٧ هیچ شتێکى گڵاو ناچێتە ناوى، نەک ئەوانەى قێزەوەنن و درۆزنن، بەڵکو تەنها ئەوانەى کە ناویان لە سیپارەى ژیانى کاوڕەکەدا نووسراوە.

بینین 22

١ پاشان فریشتەکە ڕووبارى ئاوى ژیانى پیشاندام، پرشنگدار وەک شووشە، لە تەختى خودا و کاوڕەکە و

٢ بە ناوەڕاستى بازاڕى شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخى ڕووبارەکەدا درەختى ژیان ڕوابوو کە دوازده جۆر بەرهەم دەدات، هەر مانگێک بەرهەمى خۆى دەدات. گەڵاى درەختەکەش بۆ چاکبوونەوەى نەتەوەکانە.

٣ ئیتر هیچ نەفرەتێک نامێنێت. تەختى خودا و کاوڕەکەش لەنێو شارەکەدا دەبن، بەندەکانى ڕاژەى دەکەن و

٤ ڕووى دەبینن و ناوى لەسەر نێوچەوانیانە.

٥ لەوێ شەو دانایەت، پێویستییان بە چرا و ڕووناکى خۆر نابێت، چونکە پەروەردگار خوداوەند بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و تاهەتایە حوکمڕانى دەکەن.

٦ پاشان پێى وتم: ‘‘ئەم وتانە سەرڕاست و ڕەوان. پەروەردگار، خوداوەندى ڕووحى پێغەمبەرە پارساکان، فریشتەکەى خۆى نارد تاکو ئەو شتانە پیشانى بەندەکانى خۆى بدات کە دەبێت زوو ڕووبدەن’’.

٧ ‘‘ئەوەتا خێرا دێم! بەختەوەرى بۆ ئەوەى وتەکانى پێشبینیى ئەم سیپارەیە دەپارێزێت’’.

٨ من یوحەننەنم، ئەوەى کە ئەم شتانەم بینى و بیستم. کاتێ بینیم و بیستم، کەوتم بۆ ئەوەى لەبەرپێى ئەو فریشتەیە کڕنۆش ببەم، کە ئەم شتانەى پیشاندەدام.

٩ جا پێى وتم: ‘‘وا مەکە! منیش وەک تۆ بەندەى هاوکارتم، لەگەڵ برا پێغەمبەرەکانت و ئەوانەى وتەکانى ئەم سیپارەیە دەپارێزن. کڕنۆش بۆ خودا ببە!’’.

١٠ هەروەها پێى وتم: ‘‘مۆر لە وشەکانى پێشبینى ئەم سیپارەیە مەدە، چونکە کاتەکە نزیکە.

١١ ئەوەى ستەمکارە با هەر ستەمکارى بکات. ئەوەى گڵاوە با هەر گڵاو بێت، ئەوەى خوداناسە با هەر کارى خوداناسى بکات، ئەوەى پارساشە با هەر پارسا بێت’’.

١٢ ‘‘ئەوەتا خێرا دێم! پاداشتى خۆم پێیە، تاکو پاداشتى هەر کەسێک بەگوێرەى کارەکەى بدەمەوە.

١٣ منم ئەلف و یێ، سەرەتا و پایان، یەکەمین و دواهەمین’’.

© 2017 (Bible Society in Lebanon)
کۆمەڵگەى پەرتووکى پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

١٤ بەختەوەری بۆ ئەوانەی ڕاسپاردەکانی دەپارێزن، تاکو مافیان لە درەختی ژیان هەبێت، لە دەرگاکانەوە بچنە نێو شارەکە.

١٥ سەگەکان و جادووگەران و داوێنپیسان و بکوژان و بتپەرستان و هەموو درۆزن و ئەوانەی حەز لە درۆ دەکەن لە دەرەوە دەبن.

١٦ ‘‘من ئیشۆعم، فریشتەکەی خۆم نارد تاکو بەم شتانە گەواهیی بۆ وارگەکان بدەم. من لە ڕەگ و نەوەی داویدم، هەسارەی پرشنگداری بەیانی’’.

١٧ ڕووح و بووک دەفەرموون: ‘‘وەرە!’’. ئەوەی دەبیستێ با بڵێت: ‘‘وەرە!’’. ئەوەی تینوویەتی با بێت، ئەوەی دەیەوێت با بەخۆڕایی ئاوی ژیان ببات.

١٨ گەواهیی دەدەم بۆ هەموو ئەوانەی وتەکانی پێشبینیی ئەم سیپارەیە دەبیستن: ئەگەر کەسێک بۆ ئەمانە زیاد بکات، خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم سیپارەیەدا نووسراوە.

١٩ئەگەر کەسێکیش لە وتەکانی پێشبینیی ئەم سیپارەیە بسڕێتەوە، خودا لە سیپارەی ژیان و لە شارە پارساکە بێبەشی دەکات و لەوەی لەم سیپارەیەدا نووسراوە.

٢٠ گەواهیدەری ئەمانە دەفەرمووێ: ‘‘بەڵێ! خێرا دێم’’.

ئـامـیـن! وەرە، ئـیـشـۆعـی پـەروەردگـار.

٢١ بەخششی پەروەردگارمان ئیشۆع

لەگەڵ هەمووتان بێت.

ئـامـیـن.

© (Bible Society in Lebanon (2017
کۆمەڵگەی پەرتووکی پیرۆز لە لوبنان ٢٠١٧

Esclarecimento

Trata-se de iniciativa particular, com os seguintes objetivos: (i) colaborar para divulgação dos diversos textos bíblicos disponíveis, e, (ii) facilitar o acesso a esses textos, inclusive por meio de download.

Todo esforço em tornar a Palavra de Deus acessível a todos, em quaisquer localidades e falantes das mais diversas línguas, precisa ser um objetivo de todos os que são guiados pelo Espírito Santo. Ele inspirou o profeta Jeremias a dizer "não ensinará jamais cada um ao seu próximo, nem cada um ao seu irmão, dizendo: Conhece ao SENHOR, porque todos me conhecerão, desde o menor até ao maior deles, diz o SENHOR" (Jer. 31:34).

Jesus, também, falou assim: "e será pregado este evangelho do reino por todo o mundo, para testemunho a todas as nações" (Mat. 24:14).

Muitas organizações foram constituídas com o propósito de fazer a Bíblia disponível nas diversas línguas. Não é uma tarefa simples. Anos de trabalho, dedicação e entrega são necessários para esta tão extraordinária missão.

O texto deste trabalho está disponível na internet, em páginas eletrônicas de organizações que produzem ou divulgam bíblias, sem acréscimos de notas ou comentários. Assim, reconhecendo e respeitando os direitos que possuem sobre seus trabalhos, incumbe a todos os que amam a Palavra de Deus, o esforço em contribuir para amplificar sua divulgação.

Se possível, faça download do texto, para que sejamos, também, guardiões da Bíblia, e, com isso, preservando-a para as futuras gerações.

Divulga a Palavra de Deus, ela mostra o Caminho e permite a todos, que se conheça Sua vontade, em todos os lugares e épocas.

Marcel da Glória Pereira

2021, Vitória/ES - Brasil

Capa: Pôr do sol sobre o mar. Trata-se de imagem disponibilizada na internet, dentre as que não informam haver restrição ao uso.